کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دۆن کیشۆت

بەرگی یەکەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**
***

ناوونیشان:
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دۆن کیشۆت

بەرگی یەکەم

نووسینی:

سێرڤانتێس

وەرگێڕانی:

ئەحمەد قازی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوی کتێب: دۆن کیشۆت - بەرگی یەکەم
نووسینی: سێرڤانتێس
وەرگێڕانی: ئەحمەد قازی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٦٩٩
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ١٦٧ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێشەکی

ڕەنگە تا ئێستا هیچ کتێبێک بەبارستای «دۆن کیشۆت» لە لایەن گەلانی جۆراوجۆرەوە پێشوازی لێ نەکرابێ. زۆر کتێب هەن کە تەنیا تایبەتن بەگەل و نەتەوەیەک و ناگەنە ئەوبەری سنووری وڵاتێکی تایبەت؛ زۆری تریش هەن کە لە نێو گەلانی لاوەکیدا خوێنەریان هەیە، بەڵام تەنیا لە نێو ڕووناکبیران یا چین و توێژێکی بەرچاودا لایەنگرییان لێ دەکرێ. بەڵام «دۆن کیشۆت» هەموو دیوار و پەرژینێکی جوگرافیایی و ڕەگەزی و کۆمەڵایەتی و چینایەتیی تێک شکاندووە و ناوی خۆی تێکەڵاوی مرۆڤایەتی و دنیا کردووە. تۆ سەرنج بدە کە ئەم ڕۆمانە لە دەسپێکی سەدەی حەڤدەهەمەوە تا ئێستا زۆرتر لە هەزار جار بەزۆرتر لە سی زبانی جۆراوجۆر تەرجەمە کراوە و تەنیا لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا لە ١٩١٧ بەدواوە پەنجا جار و هەر جار لە ٩٠٠/٠٠٠ بەرگدا و بەچاردە زبان وەرگێڕدراوەتەوە و لە چاپ دراوەتەوە. تا ئێستا ئەو داستانە دەوڵەمەند و خەفەتڕەوێنە، چەنای چەن شانۆنامە، و کورتەنامەی لێ ئامادەکراوە و زۆر جاران دە قاڵبی ئۆپێرا و باڵێت و فیلمی سینەماییدا نیشان دراوە، و ئێستاش کە ئێستایە، لەسەر ئەوەشڕا کە لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا سەلیقەی ئەدەبی زۆر، ئاڵوگۆڕی بەخۆوە دیتووە؛ دۆن کیشۆت پڕ خوێنەرترین کتێبی ئەم جیهانەیە. ئەڵبەت پێویستە بزانین کە دۆن کیشۆت لە باری تێکنیکی داستاننووسییەوە هێندەش لەسەر نییە و نووسەرەکەشی وا نییە بێژین کە هیچ هەڵەیەکی نەکردووە. لەسەر ئەوەشڕا باوەکو دۆن کیشۆت کارێکی بێ عەیب و ئیرادی هونەری نییە، بەڵام بەو حاڵەش لە ڕیزی بەرزترین و بەنرخترینی داستانە گەورەکانی جیهاندا ڕاوەستاوە. ڕەخنەگرێک دەڵێ: «هێندێک ئاسەواری هونەری ئەوەندە بەپلەی کەماڵ گەیشتوون کە لە سنووری مرۆڤانی تێ دەکشێن بەڵام دۆن کیشۆت ئەوەندە مرۆڤانییە کە لە کەماڵ دوور دەکەوێتەوە. با بزانین کە ئافرێنەری «دۆن کیشۆت» ئەو کەسەی کە ماوەی سەدان ساڵە زەین و شعووری ئیسنانەکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، کێیە و چۆن ژیاوە.

مێگێل دۆ سێرڤانتێس سائاوێدرا Miyuel de cervantes savedra (١٦١٦ – ١٥٤٧) لە شاری ئالکالا Alkala لە وڵاتی ئیسپانیا چاوی بەسەر ڕووناکی جیهاندا کردەوە. باوکی پزیشکێکی گەڕۆک بوو کە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر دەچوو. میگێلیی ساوا لە زۆربەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ئەم سەفەرانەدا هاوڕێی باوکی بوو. هەرگیز ڕێی دەهیچ قوتابخانەیەک نەکەوت و وەک ماکسیم گۆرکی مەکتەب و زانکۆیەکی بێجگە لە گۆڕەپانی کۆمەڵگا نەدیت.

لاوێکی بەجەرگ و دەست بەشمشێر بوو، لە سەفەر و گەڕان ماندوو نەدەبوو. لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا ڕۆیشتە ئیتالیا و لە قشوونێکدا خزمەتی کرد. کاتێک بیست و پێنج ساڵانە بوو (١٥٧١) لە شەڕێکی دەریاییدا بەشداریی کرد و لە چەند جێ بریندار بوو و دوو ساڵ دواتر ڕەگەڵ دەستەیەک کەوت کە خەریکی کەشف و دۆزینەوەی دەریایی بوون. ماوەیەک لە ژێر دەستی دۆن ژوانی ئۆتریشیدا خزمەتی دەکرد، بەڵام ساڵی ١٥٧٥ کاتی گەڕانەوەی بۆ ئیسپانیا لە لایەن عەرەبانەوە بەدیل گیرا و لە ئەلجەزیرە کەوتە زیندان و بەغوڵامی بردیان. پاش ساڵێک بەردەیی ویستی بۆی دەرباز بێ، بەڵام سەرنەکەوت. دووبارە بەدیل گیرا و تووشی زەحمەت و زەجر و کوێرەوەرییەکی زۆر هات. دایک و باوکی چەند کیسەیان زێڕ ناردە ئەلجەزیرە کە بۆ ئازادکردنی بەشی نەکرد. پاش هەوڵدان بۆ دەربازبوونێکی بێ ئاکامی تر، بردیانە لای حەسەن پاشای والیی ئەلجەزیرە. پاشا سێرڤانتێسی لە خاوەنەکەی کڕییەوە. ماوەیەک دواتر سێرڤانتێسی دیل و بەردە نامەیەکی بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئیسپانیا نووسی و پلانێکی بۆ گرتنی ئەلجەزیرە پێشنیار کرد کە گوێی پێ نەدرا. سەرەنجام بەتێکۆشان و تەقالای دایک و باوک و یارمەتیی بازرگانانی مەسیحی دانیشتووی ئەلجەزیرە، تۆقی بەردەگی و دیلی لە ئەستۆی سێرڤانتێس هەڵگیرا و ڕۆیشتە پورتەقاڵ، ساڵی ١٥٨١ کارێکیان پێ ئەسپارد کە بچێتە «ئۆران». پاش جێبەجێکردنی ئەم کارە لە شەڕەکانی «ئازرووس»دا بەشداریی کرد. هێندێک دواتر دەگەڵ کچێک زەماوەندی کرد. بەڵام ئەم زەماوەندەش نەیتوانی ژیانی ئاڵۆز و تێکهاڵاوی ئەو مرۆڤە نەحەجمیوە جێگیر بکا.

لەو ڕۆژانەدا، سێرڤانتێس لێبڕا کە قەڵەمی خۆی تاقی کاتەوە و لە ڕێگەی نووسینەوە بژیوی خۆی دابین بکا. تا ساڵی ١٥٨٧ چەند شانۆنامەی نووسین کە خۆی زۆری پێ باش بوون. بەڵام لە ڕاستیدا کەلک و بایەخێکی ئەوتۆیان نەبوو. (سێرڤانتێس لە لای خۆی پێی وابوو کە بەهرەیەکی عەسکەری گەورەشی هەیە و تەنانەت بەهرەی عەسکەریی خۆی لە توانای نووسینەکەی بەزۆرتر دەزانی و پێی دەخوڕی، شێعریشی دادەنا، بەڵام بەواتەی «لۆپ دۆوێگا» شانۆنامەنووسی بەناوبانگی سەردەمی سێرڤانتێس «لە سەرانسەری ئیسپانیادا، خودا هیچ شاعیرێکی لە سێرڤانتێس ناشاعیرتر خەڵق نەکردووە». ساڵی ١٥٨٤ ڕۆمانێکی بەناوی «گالاتیا» نووسی کە نێوبانگی دەرکرد. لەمەڕ ئەو کتێبەگوتوویانە کە: «هەرچەند ڕەوانبێژیی پەخشانی سەدەکانی ناوینی بەخۆوە گرتووە، ساختەیی و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

گرێوگۆڵێکی تێدا هەیە کە ڕێئالیسمی دەوڵەمەند و درەوشاوەی سێرڤانتێس دەخنکێنێ (Eneycloрedia Britanica).» سێرڤانتێس کە خۆیشی ئاگای لەوە هەبوو، لەمەڕ کتێبەکەیەوە دەیگوت: «شتێک هەڵدەبەزێنێتەوە بەڵام بەئاکامی ناگەیەنێ.»

سێرڤانتێس کە بۆی ڕوون بووبوووە، ناتوانێ لە بەرەکەتی قەڵەمی خۆی نان بخوا، ڕۆیشتە شاری «سیویل» تا کارێک بدۆزێتەوە (١٥٨٧). شوغڵێکی کە بۆیان دیاری کرد، پێڕاگەیشتن بەکاروباری خۆراک و خوارباری یەکێک لە ناوچەکان بوو، بەڵام ئەو کارەی بەدڵ نەبوو. پاش ماوەیەک نامەیەکی بۆ پاشا نووسی و تکای لێ کرد کارێکی لە موستەعمەرەکانی ئیسپانیا لە ئەمریکا پێ بسپێرێ. لە جوابدا بۆیان نووسییەوە کە: «وا باشترە کارێک لە نزیکی خاکی وەتەن بۆ خۆی ڕەچاو بکا.» بێکاری و دەستکورتی بەجارێکی ژیانی ئەو هەژارە سەرگەردانەیان پەرێشان کردبوو. لە دەورووبەری ساڵی ١٥٩٠دا ئەوەندە نەدار و دەستەنگ بوو کە پووڵی کڕینی کراسێکی نەبوو و ناچار بۆ کڕینی ئەو کراسە پووڵی قەرز کرد.

پاش ئەم دەورانە، سێرڤانتێس لەبەر ناچاری ڕووری دە هەرێمی ئەدەبیات کردەوە و دەگەڵ بڵاوکەرەوەیەک پەیمانی بەست کە شەش شانۆنامەی بۆ بنووسێ و بۆ هەر کام ٥٠ دۆکا وەربگرێ، بەو مەرجە هەر کام لەوانە بەبڕوای بڵاوەکەرەوە» لە باشترین شانۆنامەکانی ئیسپانیا بن کە تا ئێستا نووسراون.» بەڵام سێرڤانتێس لەو کارەشدا سەرکەوتنێکی وەدەست نەهێنا. سێرڤانتێسی لە هەموو جێ ڕاونراو دووبارە هاتەوە «سیویل» و ئەمجار بوو بەکاربەدەستی کۆ کردنەوەی ماڵیات. بەڵام ساڵی ١٥٩٧ بەهۆی خافڵ بوون و ناشارەزایی لە کارەکەیدا، لە سندووقدا کەمی هێنا و پاش لێپرسینەوە لە سەرکاریان وەدەرنا و زۆرتر لە جاران دە زەلکاوی فەقیری و نەداریدا دەگیر کەوت. هێشتا بەباشی ڕوون نەکراوەتەوە کە سێرڤانتێس سێ ساڵی پاش لەسەر کار لاچوونی چۆن گوزەراندووە و چۆن ژیاوە. هێندێک دەڵێن دە زیندان کەوت و تا ساڵی ١٦٠٠ لەوێ ماوەتەوە. کەوابوو بەشێک لە شاکارەکەی خۆی دەبێ دە زینداندا نووسیبێ.

«بەشی یەکەمی دۆن کیشۆت یەکەم جار ساڵی ١٦٠٥ چاپ کرا. هەر لە سەرەتاوە لە ئیسپانیا و پورتەقاڵدا پێشوازیی بێ وێنەی لێ کرا. «ئەنسیکلۆپێدیای بریتانیا» نووسیویەتی: «خۆشەویستیی کوتوپڕی دۆن کیشۆت زۆرتر لە جۆرباجۆریی ڕووداوەکانی و دەوڵەمەندی و زۆری کۆمێدی و گاڵتەجاڕییەکانی و شایەد لەو تازیانە و زەبرانەوە بێ کە لەو کتێبەدا لە جەستەی هاوچاخ و هاوزەمەنە دەسەڵاتدار و بەرچاو و ماقووڵەکانی ڕاکێشاوە؛ غەمی شاراوە و بێدەنگ و هەرای ئەو، مرۆڤایەتیی گەورەی ئەو، و ڕەخنەیەکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کاریگەر کە لەودا لە ژیان کراوە، هەمووی کەوتە بەر سەرنجی حەشامەتی خەڵک و خوێنەران.»

بەشی دووەمی دۆن کیشۆت دە ساڵ دواتر یانی ساڵی ١٦١٥ بڵاو بووەوە. (پێش ئەو نووسەرێکی تر یا بەئەزمی سوود وەرگرتنی خۆی یا لەسەر ئەم بڕوایە کە سێرڤانتێس پیر بووە و ناتوانێ بەشی دووەم بنووسێ کتێبێکی کە دە ڕاستیدا داستانی دۆن کیشۆتی تەواو دەکرد، بڵاو کردبووەوە.) لە بەشی دووەمدا، تەنز و گاڵتەی سێرڤانتێس پوختەتر و ناسکترە، شێوەی نووسینەکەی گەشەی زۆرتری کردووە، کەسایەتییە پلە دووەکانی لە بەشی دووەمدا جوانتر لە بەشی یەکەم وێنا کراون. یەکەم بەشی «دۆن کیشۆت ساڵی ١٦١٢ بەئینگلیسی و ١٦١٤ بەفەرانسی وەرگەڕاوەتەوە. سێرڤانتێس گەیشتە تەشقی ئاسمانی نێوبەدەرەوەیی، بەڵام ئەم ناوبانگە بۆ ئەو نەبوو بەنان و ئاو و هەر وەک جاران «سەربازی فەقیر» بەپیری و نەداری ڕایدەبوارد.

«دۆن کیشۆت» ڕەخنەیەکی گاڵتەئامێز و تەنزاوییە لە بێهوودەیی و لەکارکەوتوویی دابی پاڵەوانی کە لە دەوری سێرڤانتێسدا بەرەو هەڵدێری نەمان دەچوو. لەو سەرەدەمەدا ئیسپانیا ئیمپراتوورییەکی گەورە و بەهێز و دەوڵەمەند بوو. چینی دەسەڵاتدار لە ئەشراف و نەجیب زادەکان پێک هاتبوو. بەڵام بازرگان و سەوداگەران کە لە بەرەکەتی بازرگانی دەگەڵ موستەعمەرەکاندا سەروەت و سامانێکی زۆریان وەسەریەک نابوو ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر کاروباری کۆمەڵگایان بەدەستەوە دەگرت و بازنەی دەسەڵات و لایەنگریی خۆیان لە ناو جەماوەوردا پەرە پێ دەدا. کۆمەڵگا لە سەر تەوەری سەروەت و سامانی بازرگانەکان هەڵدەسووڕا و دەسەڵات و هێزی نەجیب زادەکان و شێوالییەکان کە یەکیان بەپاڵپشتی عەسڵ و نەسەب و ڕەسەنایەتییەوە خۆی ڕاگرتبوو و ئەوی تریش بەزۆری شانوباهۆی خۆی دەخوری، ڕۆژبەرۆژ کزتر و لەرزۆکتر دەبوو و لە کۆمەڵگادا جێگەی تەنگتر و بەرتەسکتر دەبووەوە. سێرڤانتێس هونەرمەندی مەزن نەیدەتوانی ئەم ئاڵوگۆڕەی ناو کۆمەڵگا بخاتە پشتگوێ و ئاوڕی لێ نەداتەوە. ئەو کە عومرێکی دە نامرادی و دەستەنگی و پەرێشانیدا ڕابواردبوو، هەرگیز نەکەوتە دنیای ڕەشی ناهومێدی و ڕەشبینی و کتێبێکی نووسی کە چەند سەدەیە ئادەمییەکانی لێو بەخەندە و دڵ زیندوو ڕاگرتووە. ئەویش وەک بێتهۆڤێن، دەژێر باری قورسترین مەرارەت و مەینەتیدا سروودی شادمانیی چڕیوە و لە ناخی غەم و پەژارەدا شادیی پەروەردە کردووە. ئێستا کە سێرڤانتێسمان ناسی وا باشە دەگەڵ «دۆن کیشۆت»یش کە ئافەریدەی قەڵەمی ئەوە ئاشنا بین.

دۆن کیشۆتی نەجیب زادە لە دەورانێکدا کە شێوالیەگەری (عەییاری و پاڵەوانیی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەدەکانی ناوین) باوی نەماوە دەیەوێ بەزمی پاڵەوانی وەڕێ بخا. ئەو دەیەوێ خەیاڵات و غایلەی دەروونی خۆی، کە بەهۆی خوێندنەوەی شەو و ڕۆژی داستانە پاڵەوانییەکان لە زەین و شعووریدا هێلانەیان کردووە، جلوبەرگی ڕاستی و بوونیان دەبەر بکا و زیندوویان کاتەوە. باوەکو توانایی ئەوەی نییە، مێشێک لە خۆی دەر بکا، زرێ دەبەردەکا، کڵاوخوود لە سەر دەنێ، نێزە بەدەست و شمشێر لە کەمەر سواری ئەسپێکی لە خۆی بێ هێزتر دەبێ و بۆ ئەنجامی کاری پاڵەوانی بەدوای ڕووداو یا کارەساتی گەورەدا ڕوو دە چۆڵ و سەحرا دەکا. بەڵام واقیع و ڕاستەقینە لە کوێ و خەیاڵات و خەونووچکەکانی ئەو لە کوێ! دۆن کێشۆت کەسێکی بێ ئامانج نییە و ئارمان و فکری بەرزی هەیە، بەڵام چون ڕاستی و ڕاستەقینەکان دەگەڵی یار نین و ژیان دەگەڵ ئەندیشەکانی ئەو جۆر دەرنایە، ناچار دەگەڵ ڕاستەقینە بەرەنگار دەبێتەوە. شەڕی تەن بەتەنی ئەو دەگەڵ ئاشە بایییەکان زیندووترین نموونەی بەگژدا چوونی سەرەڕۆیانەی ئەوە دەگەڵ جیلوەی واقعیی و عەینیی ژیان.

خەیاڵپڵاو، خەیاڵ هەڵبەستن بووەتە خۆراکی ڕۆژانەی دۆن کیشۆت. کاروانسەرای کەلاوە و وێران بوو بەقەڵای تۆکمە و

ئاوەدان دادەنێ، ڕێبوارانی بێ تاوان دەکاتە کاروانی جادووگەران، ژنانی قەرەواش و ڕووسپی داوێن پیس بەشازادە خانم و شاژن دەزانێ و ئاشە بایییەکان وەک لۆزەندر و دێوی ئەفسانەیی دێنێتە بەر چاو، ماسیی قانگدراو بەقزل ئالا تێ دەگا و بارەبارِ و کارەکارِی بەرخ و مەڕ لە گوێی ئەودا وەک حیلە و کوڕژنی ئەسپان و دەنگی شەیپوور و تەپڵ و هەوهەوی سواران دەنگ دەداتەوە. سەرپێچی وە یا بێ توانایی لە تێگەیشتنی ڕاستەقینەکان دەبێتە هۆی ئەوە کە دۆن کیشۆت توانای بەراوردکاری و هەڵسەنگاندن و ناسینەوەی «واقیع»ەکان لە دەست بدا و دەگەڵ هێز و هۆکار و دیاردەی وا ڕووبەڕوو بێتەوە کە دەیان جار زۆرتر لەو بەهێزترن و سەرەنجام تووشی شکست و شەرمەزاری و تێهەڵدان و سووکایەتی بێتەوە، بەڵام هیچ کام لەوانە بەئاکامی بێ توانایی و بێهێزیی خۆی دانانێ و دەیانباتەوە سەر هۆکاری تری وەک تەلیسم و سیحر و جادوو.

دۆن کیشۆت لە دژایەتی کردنی سرتغانەی خۆیدا دەگەڵ ڕاستەقینەکان دەگاتە جێگایەک کە ئەزموونە تاڵەکانی ڕۆژانە لە جیاتی ئەوەی وەخۆی بێنێتەوە و لە خەوی بێهودەی خەیاڵ و پرِوپووچ ڕزگای بکا، زۆرتر دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی و لەخۆبایی بوون و خۆ بەزلتر زانین و لەم ڕووەوە، سات بەسات زۆرتر لە هەڵدێری دەردناکی تێداچوون و نەمان نزیک دەبێتەوە. هەر جارە کە زەبری کاریتری وێ دەکەوێ و شەویلکە و چەنەگەی تێک دەشکێن قسەی زەلامتر دەبن و خۆی با دەکا وەک نە بای پێداهاتبێ و نە باران. هەر ئەو بەخۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نازین و لە بار نەکەوتنەوەیە کە خوێنەر وەپێکەنین دەخا و جاری وایە لە وانەیە لەبەر پێکەنین ژان بکا. ئەگەر ئاوا نەبووایە حاڵەتی غەمهێنەر و بەزەبزێوی ئەم پاڵەوان پەمۆیە و موسیبەت و ڕووداوە گیان هەژێنەکانی کە بەسەری دەهات، هەرگیز ئیجازەی بەدڵڕەقترین خوێنەرانیش نەدەدا کە بزەیەکیان بێتێ.

بەڵام لایەنی ڕشقەن و پێکەنین هێنەری دۆن کیشۆت دەبێ بەچاوێکی تر ببینین:

دۆن کیشۆت مرۆڤێکی شەریف و مرۆڤدۆست و خۆش نیەتە و ئارمانی مرۆڤدۆستانەی هەیە: دەیەوێ ستەملێکراوان و مەزلوومان لە ژێر باری ستەم بێنێتە دەر و یار و یاوەری مەینەتکێشان بێ. ئەدی چۆنە کە مرۆڤێکی ئاوا هەمیشە دەبێتە هۆی پێکەنینی هەموو کەس و بێ وچان گاڵتە و جەفەنگ لە کارەکانیدا سەر هەڵدەدەن؟ ڕازی ئەم چمکە لەوەدایە کە دۆن کیشۆت بەجێگەی ئەوە بۆ لابردنی ستەم و زۆری ڕێگاچارەی کردەکی و ڕاستەقینە بدۆزێتەوە و لە هەلومەرجی لە باری کۆمەڵایەتی کەڵک وەربگرێ، تێ دەکۆشێ کە ئەم بارودۆخ و دەرفەتانە دەمێشکی ناساغی خۆیدا پێک بێنێ و دەعالەمی وەهم و خەیاڵدا پەروەردەیان بکا، بەجێی ئەوەی بۆ دەکارهێنانی ئارمانە بەرزەکانی خۆی سەرنج بداتە واقیعی دەوروبەر، سرتغانە و ملهوڕانە دژی ئەوان ڕادەوەستێ. وەکەسێک دەچێ کە دەیەوێ بەلێقەوماوێکی پشت دیوارێک یارمەتی بدا بەڵام ڕێگەی کارەکە نازانێ و خۆی بەدیوارەکەدا دەدا و سەر و گوێلاکی خۆی تێک دەشکێنێ. لەم ڕووەوە ئێمە باوەکو ئارمانی ئەو بۆ یارمەتیدانی لێقەوماوان ستایش دەکەین، دیسانیش ناتوانین پێش بەپێکەنین و ڕشقەنی خۆمان بگرین. بلینسکی ئەم سەرنجەی زۆر جوان باس کردووە: «لایەنی ڕشقەنی کەسایەتیی دۆن کیشۆت لە دژایەتی فکرە هەڵبژاردەکانی ئەو دەگەڵ پێداویستی و نیازەکانی زەمانەیە. لەوەدایە کە ئەم فکرانە ناتوانن ببنە کردە و بڕژێنە ناو قاوغی عەمەل.... هەر کەسێک خۆی کەمێک دۆن کیشۆتە، بەڵام لە هەمووان زۆرتر ئەوانە دۆن کیشۆتن کە هێزی خەیاڵخوڵقێنییان زۆرترە. ئەوانە بەگیان و دڵ خەڵکیان خۆش دەوێ، دڵیان نەجیب و شەریفە و تەنانەت ئیرادەشیان بەهێزە و عەقڵ و تێگەیشتنیان بەرزە، بەڵام لە زرنگی و کارایی بەکردەوە بێ بەشن.

بەڵام سانکۆ پانزا، چەک هەڵگر و مەیتەری دۆن کیشۆت، بەهەموو ساویلکەیی و گوێڕایەڵی خۆییەوە، چون گیرۆدەی خەیاڵپلاو و مالیخولیای ئەربابی خۆی نییە، ڕاستەقینە هەست پێ دەکا و هەرگیز حاشای لێ ناکا. ئەو بەپێچەوانەی دۆن کیشۆت، کە ئەگەر تا سنووری مەرگ کوتەککاری کرابێ وەڕووی خۆی ناهێنێ و بەخۆی حاڵی دەکا کە هیچ کوێی ناهێشێ و عەلەمی نەگەیوەتێ، هەموو شتێک هەر ئەو جۆرەی کە هەیە بەبێ خۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فریودان، قبووڵ دەکا و هەستی پێ دەکا. لە ڕاستیدا هاوڕێییەتی سانکۆ پانزا دەگەڵ دۆن کیشۆت ئامرازێکە بۆ ئەوەی کە خاڵە کزەکانی دۆن کیشۆت باشتر و ڕوونتر ببیندرێن.

ئەوەش با لەبیر نەکەین کە کەسایەتی دۆن کیشۆت و سانکۆ زۆر وێ دەچی لە لایەن زۆر کەسەوە نەناسرابێ و زۆر وێ دەچی تێکۆشابن بەپێی مەیل و نیەتی خۆیان کەسایەتیی ئەو دووکەسە بەپێچەوانە بناسێنن، بۆ نموونە وێژەناسێکی ڕۆژاوایی گوتوویە کە: «دۆن کیشۆت نومایشت و لاسا کردنەوەیەکی مەسخەرەیە لە کەریەتییەکانی مرۆڤانی... چون ئێمە کەریەتییەکانی خۆمان دە قاڵبی دۆن کیشۆتدا، دەدۆزینەوە و نەزانی و بێ خەبەری و بێ ناوشیاریی خۆمان دەقالبی سانکۆ پانزادا دەبینین و پێکەنین دەمانگرێ...»

دۆن کیشۆت نە تەنیا نوێنەری «بێ عەقڵییە ئینسانییەکان» نییە بەڵکو ئەو خۆشی مرۆڤێکی بێ عەقڵ و ئەحمەق نییە. کام مرۆڤی عەقڵ سووکە ئەم ئارمان و ئامانجە مرۆڤدۆستانە بەرز و بێ وێنانە دەخۆیدا کۆ بکاتەوە و گیان و سەر و ماڵی خۆی بۆ بەخت بکا؟ تۆرگینیەف دەنووسێ: «بۆ خۆ ژیان و لەغەمی خۆدا بوون، شتێکە کە دۆن کیشۆت بەشەرمی دەزانێ. ئەگەر بتوانین ئەوە بێژین، ئەو هەمیشە لە دەرەوەی خۆی و بۆ دیتران دەژیا. بۆ برایانی خۆی دەژی و بۆ بەرەنگاری دەگەڵ ئەو هێزانەی کە دوژمنی ئادەمیزادن دەژی.» وە لۆرد بایرۆن لەمەڕ ڕۆمانی سێرڤانتێس بەدروستی نووسیویەتی کە: «دۆن کیشۆت لە هەموو ڕۆمانێک غەم هەژێنترە. وە بەتایبەتی بۆیە غەم هەژێنە چونکو دەبێتە هۆی پێکەنینمان. پاڵەوانی ئەو داستانە پیاوێکی دروستکارە و هەموو کات لایەنگری حەق و عەداڵەتە. تەنیا ئامانجی ئەو، بەرەنگار بوونەوەی زاڵمانە....» هەروەها سانکۆش ئەوەندەی نیشان دەدا ئەحمەق و ساویلکە نییە و ئەو جۆرەی ئۆرونبۆرگ نووسیویەتی: «زرنگی و چەشنێک فەلسەفەی کردەیی تایبەت بەخۆی هەیە. وەفاداری ئەو بەرانبەر بەدۆن کیشۆت نیشان دەدا کە ئارمانەکانی ئەم یەکە بۆ ئەو پیاوە دێهاتییەش خۆشەویست و بایەخدارن.»

گرۆیەکی تری ڕەخنەگرانیش هەن کە «دۆن کیشۆت» بەئەفسانەیەکی خەیاڵی دەزانن کە هیچ لایەنێکی هاوبەشی دە لایەنە ڕاستینەکانی ژیاندا نییە و لە ڕێئالیسم دوور کەوتووەتەوە. ئایا بەڕاستی لایەنی ڕێئالیسم لەو کتێبەدا هیچ نایەنە بەرچاو؟ لە وانەیە بگوترێ کە دۆن کیشۆت کاریکارتۆری نەجیب زادەکان و پاڵەوانانی سەدەکانی ناوینی ئیسپانیایە و کەوابوو وێنەکانی خەیاڵی و باوەڕ پێ نەکراون و ناتوانن لایەنی ڕێئالیستییان هەبێ. بەڵام مەگەر «گراندە»ی بالزاک، بێجگە لە کاریکارتۆری پیاوێکی خەسیس شتێکی تر؟ بەو حاڵەشەوە، بالزاک بەیارمەتیی ئەم مبالەغە و پێوەنانە توانیویەتی هەموو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تایبەتمەندییەکانی چینێکی کۆمەڵایەتی دە وجوودی «گراندە»ی پیردا کۆ بکاتەوە و خەسیسی و دەستقووچاوی و قرنیسی و پەستی، زیندووتر و زەقتر لەوەی دە حوجرە و دووکان و دەککە و مەغازە و خەیابان و دە ڕوخساری تاکەتاکەی خەسیسساندا دەبیندرێ نیشان بدا و بینەخشێنێ. سێرڤانتێس ژی هەر ئەو کارەی کردووە. ئەو لە وجوودی دۆن کیشۆتدا دارووخانی نیزامی پاڵەوانی و تێداچوونی دامودەزگای نەجیب زادەیی بەهەموو لایەنە ڕشقەن وغەمهێنەرەکانییەوە زیندوو و جەستەدار، نیشان دەدا.

دۆن کیشۆت نوێنەری چینێکی داتەپاوە کە هێز و شەوکەتی خۆی دۆڕاندووە و بەرەو زەواڵ دەچێ، بەڵام ناتوانێ ئەم زەواڵە باوەڕ بکا یا وەرووی خۆی بێنێ. هەر ئەوەیە کە دۆن کیشۆت، نەجیب زادەی فەلەکزەدە و داماو، شمشیر دەبەستێ، زرێ دەبەر دەکا و سواری ئەسپی «ڕەسەن» دەبێ و لە جەنگەی دەستەنگی و نەداریدا مەیتەر و چەکهەڵگر ڕادەگرێ و بێروبەوێدا دەچێ و شەڕ دەفرۆشێ.

کورتی ببڕینەوە، سێرڤانتێس تراژیدیای زۆر غەم هەژێنی ئینسانێکی شێت و زەلیل و داماوی دەگەڵ کومێدیی زۆر ڕشقەنی کەسانێک کە لە کۆمەڵگادا جێگایەکیان بۆ نەماوەتەوە زۆر وەستایانە تێکەڵ دەکا و شاکارێکی خوڵقاندووە کە زەق کردنەوە و بەجەستە کردنی (تجسم) ژیانی دەردناک و بەزەبزێوی کەسانێکە کە شەرافەت و دروستییان هەیە و خاوەنی فکر و ئارمانی بەرزن، بەڵام سەریان لێ شێواوە و نازانن بۆ وەدیهێنانی ئارمانەکانیان بەچ ڕێگایەکدا برۆن. لێرەوەیە کە دۆن کیشۆت، لە هەموو خانە و کاشانەیەکدا جێی خۆی کردووەتەوە. دۆن کیشۆت دەگەڵ ئێمە بێگانە نییە و دەنێو ئێمەدایە.

وەرگێڕاوێکی کە ئەوەتا دەدەست خوێنەردایە بێگومان ڕەوانترین و جوانترین وەرگێڕاوێکە کە تا ئێستا بەدەست خوێنەری فارسی زبان گەیشتووە. بەڕێز محەمەدی قازی بەر لە هەموو شت شێواز و سەبکی نووسەری دەبەرچاو گرتووە. بەڕێز قازی بۆ وەرگێڕانی خۆی باشترین تەرجەمەی فەرانسەوی «دۆن کیشۆت»ی دەکار هێناوە کە بەئیقراری مۆریس باردۆن، دوکتۆر لە ئەدەبیاتی فەرەنسیدا و مامۆستای زبانی ئەسپانیایی و پورتەقالی، هەمان وەرگێڕاوی لوویی ویاردۆ، نووسەر و ئەدیبی گەورەی فەرانسەوییە و شیکردنەوە تێبینییەکانی مۆریس باردۆنیشی لە جێگای خۆیدا هێناون. لەبەر ئەوە، ئەم وەرگێڕاوەی ئێستا دەیبینن، بێجگە لە ڕەوانی و وەفاداری بەدەقی بنەڕەتی لە جوانترین و تەواوترین وەرگێڕانگەلێکە کە تا ئێستا بەزبانی فارسی کراوە.

دوکتۆر میترا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێشەکیی دوکتۆر مۆریس باردۆن

١

لە ژانویەی ساڵی ١٦٠٥ لە شاری مادرید، بڵاوکەرەوەیەک بەناوی ژوان دۆلاکۆستا Juan de la Questa کارێکی ڕەخنەیی گاڵتەجاری و ڕشقەنی لە چاپخانەی خۆیدا بەچاپ گەیاند کە لە ماوەیەکی کەمدا لە ئەسپانیا و پورتەقاڵ و یەنگی دنیا (ئامریکای لاتین)دا دەنگی دایەوە و هەزاران هەزار کەسی وەپێکەنین خست. ئەم کارە بەشی یەکەمی کتێب یا داستانی دۆن کیشۆت بوو کە لە ژێر عینوانی ژێرەوەدا بڵاو کرایەوە:

El INGENIOSO HIDALGO DON QUIXOTE DE LA MANCHA , COMPUESTO POR MIGUEL DE CERVANTES SAAVEORA , DIRIGIDO AL DOQUE DE BEJARì

دەلیل و بەڵگەی زۆر بۆ ئەو پێشوازییە گشتییە و بڵاوبوونەوەی لە ناکاوی ئەو کارە نایابەبەدەستەوەیە. نووسەری ڕۆمانی «پیکاراژۆستینا» کە ئەویش لە ساڵی ١٦٠٥دا بڵاو کرایەوە ئەم قسانە دەزاری خاتوونی قارەمانی کتێبی خۆی دەکوشێ کە شایەدییەکی ڕاستە لەسەر ناوبانگی دۆن کیشۆت:

«من مەلەکەی پیکاردیم کە لە گای نێوچاوان سپی بەرچاوترم، ئاوازەی ناوبانگی من لە «دۆنا ئۆلیوا»و «دۆن کیشۆت» و «لازاریل» و... تێی پەڕاندووە.» لە کاتی جێژنی ناو نانی شازادە فیلیپ، وەلیعەهدی ئەسپانیا دا تەنیا گۆچان بازی و گابازی نەبوون کە خەڵکیان سەرگەرم و خۆشحاڵ دەکرد. سەفیری پورتەقاڵ لە دەرباری ئەسپانیا بەناوی پین هەیرۆ دا وێگاPinheiro da vega کە لەو جەشنەدا بەشدار بووە لەم بارەوە دەنووسێ: «وەک نێوان پەردە دەنێو بەرنامەکانی جیژندا، دۆن کیشۆت دە لیباسی گۆنگەڵ سازێکی ڕووداوخوازدا، یانی پاڵەوانی مەیدان، دەهاتە بەرەوە و پێش مەیتەرەکەی سانکۆ پانزا بەرێدا دەڕۆیشت.»

لە ئەسپانیاوە تا وڵاتی پێروو دە ئەمریکای باشووریدا لە هەر شوێنێک باڵماسکەیەک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بەرپا کرابا، داوەڵێکی وێچووی ئەو دوو مرۆڤە جیاوازە، یانی »پاڵەوان و مەیتەرەکە»شی بۆ پێکەنین و سەرگەرمیی خەڵکەکە دروست دەکران.

بەو حاڵەشەوە ڕۆماننووسی نێوچاوان ڕەش زۆری نەکێشا دەگەڵ بەدئیقباڵییەکی تازە کە بۆ ئەو شتێکی ئاسایی بوو ڕووبەڕوو بووەوە و جارێکی تریش تامی تاڵی نامرادییەکی تری چێشت. مەسەلەکە ئەوە بوو لە کاتێکدا ئەو خەریکی نووسینی بەشی دووەمی ڕۆمانییەکەی بوو، دۆن کیشۆتێکی بەدەڵی و سانکۆیەکی بەدەڵی لە «تاراگۆن»ەوە کەوتنە ڕێ (لە چاپخانەی پیاوێک بەناوی فیلیپ ڕۆبیرتۆم)، تا بەلاسا کردنەوەی دۆن کیشۆت و سانکۆی سەرەکی، لە دەشتانەوە بۆ تەپە و ماهوورەکان لە دڕکەزێیەکانەوە بۆ مێشەلان بڕۆن. ئەم نوسخە بەدەڵە نانەجیب و حەرام زادانە لە باوکێکی زەین کوێر و بێ عەقڵ و بێ بەهرە کە هیچ ئافرێنەرێ و هەڵکەوتەییەکی تێدا بەدی نەدەکرا هاتبوونە سەر ئەم دنیایە. ئەم کابرایە کە خۆیشی لەو دزییەی کە لە سێرڤانتێسی کردبوو شەرمی دەکرد خۆی دەژێر ناوی بەدەڵی »خوێند کاری تەواو بوو، ئالۆنزۆ فێرناندز دۆ ئاولاندا، خەڵکی، تۆردەزیلاسدا شاردبووەوە و تا ئەمڕۆش کەس بۆی نەچووەتەوە سەر یەک کە ئەم کتێب دزە بێ شەرمە کێ بووە. هەنگی سێرڤانتێس بەهەرەمە بەشی دووەمی داستانی دۆن کیشۆتی گەیاندە کۆتایی و ساڵی ١٦١٥ بەو ناوەی ژێرەوە بلاوی کردەوە:

SEGUNDA PARTE DEL INGENIOSO CAVALLERO DON QUIXOTE DE LA MANCHA , POR MI-GUEL DE CERVANTES SAAVEDERA , AUTOUR DE LA PRIMERA PARTEì

سەرکەوتوویی ئەم نووسینە ئەمجاریش زۆر بەرچاو بوو. ئێمە بۆ سەلماندنی ئەم داوایە ئاریفێکی کە هاوڕێیانی نەجیب زادە «دووک دۆماین» باڵوێزی فەرانسە لە دەرباری ئەسپانیا لە نووسەری کاستیلی کردوویانە لە ژێرەوە دێنین. ئەم تاریفە لە هەمان کاتدا کە سەیرە، گەرم و سەمیمانەشە. زانکۆ تەواو کردوو، مارکێز Marquez لە ڕیسالەی خۆیدا لە پەسن  دان و تاریفی دۆن کیشۆتدا نووسیویەتی:

«ئەم نەجیب زادانەی فەرەنسی لەمەڕ تەمەن و شوغڵ و هەڵکەوتی شوێنی کۆمەلایەتیی نووسەری دۆن کیشۆت پرسیاریان لێ کردم. من ناچار بەوانم گوت کە ئەو پیرە سەربازێکی نەجیب زادەیە بەلاّم زۆر فەقیرە. یەکێک لەوان لێی پرسیم، بۆچی ئەسپانیا ئەو پیاوەی بەماڵ و سەروەت نەگەیاندووە؟ بۆچی خەرج و مەخاریجی ئەو لە ماڵی دەوڵەت نادەن؟ یەکێکی تر لە نەجیب زادەکان کە پیاوێکی زیرەک بوو زۆر جوان جوابی داوە:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«ئەگەر فەقیری و نەدارییە کە ئەم پیاوە دەباتە بواری نووسین، خودا بکا هیچ کات دەوڵەمەند نەبێ. تا بەفەقیریی خۆی ئاسەوار بخوڵقێنێ و بەئاسەواری خۆی دنیا دەوڵەمەند بکا.»

سێرڤانتێس لە ڕێکەوتی ١٩ی ئاوریلی ١٦١٦دا شاکاری نەمری خۆی پێشکەش بەپشتیوانی خۆی کۆنت دۆلمووس کرد و لە نامەیەکدا کە بۆ کۆنتی نارد ئاوای نووسی: «ساتەکانی تەمەن بەتوندی تێ دەپەڕن، هەر ساتێک نیگەرانی و پەشێویم لە زۆر بووندایە، و هومێد لە دڵم بار دەکا، بەو حاڵەشەوە تەنیا شتێکی منی لەسەر پێ ڕاگرتووە هەمان عەشقیی بەژیانە.»

سێرڤانتێس چەند ڕۆژ پاش نووسینی ئەم یادداشتە یانی ڕۆژی ٢٢ی ئاوریلی ١٦١٦ چاوی بەسەر دنیادا قووچاند، لە حاڵێک دا وەک هەمیشە ئاغا و زانا و جوامێر بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



٢

ماوەیەکی دوورودرێژ – لە ماوەی سێ سەدەدا – ڕەخنەگرانی ئەسپانیۆلی و بێگانە بەڕەزامەندی و بڕوای پتەو ئەم وتەیەی هەواڵنێری بەناوبانگ «تۆماس تامایۆ دۆ وارگاس»یان لێک دەداوە و دووپاتیان دەکردەوە کە: «میگڵ دو سێرڤانتێس سائادۆرا، شادی بزوێنترین مێشکی ئەسپانیایە، بەڵام لە مەعریفەت و عەقڵ بێ بەهرەیە!» ئەم قسەیە هەم دوور لە عەقڵە هەم بێ ئیسنافییە و نادروستە. چون ڕەخنەگرانی زیرەک و پڕ و زانای ئەوروپایی سەرەنجام بە»تۆماس تامایۆ»ی بێ چارەیان حاڵی کرد کە میگڵ دۆسێرڤانتێس بەهیچ بارێکدا هەڵکەوتەیەکی بێ شعوور و ئاوێنەیەکی ژەنگاوی و بێ هەست نەبووە کە تەنیا وێنەیەک دەخۆیدا بنوێنێ و بێجگە لەوە شتێکی تر نەبێ. لە زومرەی ئەو ڕەخنەگرانەدا دەتوانین ناوی »ئامریکۆ کاسترۆی» ئەسپانیایی، »تۆفانین»ی ئیتالی و «پۆل هازار»ی فەرەنسی ناوبەرین. هێندێ کەسی تر و لەوانە ئێمە خۆمان بەبڕوا و ئیمانی تەواو لەسەر تێگەیشتوویی و عەقڵ و هزر و زانایی و فەلسەفە و هەڵکەوتەیی سێرڤانتێس لێکۆڵینەوەمان کردووە و ئێمە هەمیشە لەسەر ئەم بڕوایە بووین و هەین و دەبین کە سێرڤانتێس نووسەرێکی بەفەرهەنگ و پەروەردەی فەرهەنگی ئیتالی بووە و ئەوەشی بەزەحمەت و مەرارەت کێشانی زۆر وەدەست هێناوە. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە سێرڤانتێس نە تەنیا توانیی لە گرینگترین گەڕیانە ئەدەبییەکانی زەمانی خۆی بەهرە وەربگرێ بەڵکو شانبەشانی ئەم گەڕیانانە لە پێشکەوتوانەترین بیروبڕوای زەمان، یانی ڕۆنیسانس پێشوازیی کرد. ئێمە لە ئیشارە کردن بەفکر و بڕوا «نئوئەفلاتوونی»یەکانیشیدا هیچ شک و گومانمان نییە و تێ دەکۆشین تا بیسەلمێنین کە ئیدئالیسمی ئەویش وەک ئیدئالیسمی بێرکیلی Berkeley فیلسووفی ئیرلەندی بەتەواوی بنەڕەتی و تێکدەرانەیە و سەرەنجام هێندێک لە بەشەکانی نووسراوە گەورەکەی ئەو زۆر وەئاسەواری »پیراندلۆ» نووسەری گەورەی ئیتالیایی دەچن.

ئەمڕۆ زۆرتر بایەخ بەوە دەدەین کە لە نووسەرێ دۆن کیشۆتدا زۆرتر بەدوای لایەنی گاڵتەبێژی و ڕوون ناسی و پەخشان نووسی و هونەری ئەودا بگەڕێین و ئەو خۆی دەڵێ:

«سەرتاسەری کتێبی من، جنێو و سووکایەتی کردنە بەکتێبەپاڵەوانییەکان» و ئێمە دەزانین کە ڕۆمانە پاڵەوانییەکان کە چاوەڕوان دەکرا لە سەدەی چاردە بەم لاوە لە ناو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabart.org

چووبایەن لە سەدەی پازدەدا دووبارە زیندوو بوونەوە و لە سەدەی شازدەهەمدا زۆر برەویان پەیدا کردووە. لەم بەستێنەدا سێرڤانتێس هەر لە سەرەتاوە و لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا دەست دەداتە کارێکی ئازایانە و لە پەخشانی حەللەمەللەق (مطنطن) و سەیروسەمەرەی کتێبی پاڵەوانی «فلۆریسل دۆنیکە» بەقەڵەمی فلیسیانۆ دۆسیلۆ (١٥٣٢) چەند نموونەیەکی لە کتێبی خۆیدا هێناوە:

«ئەی یاری غەداری جەفاکاری مەکرباز، من لە دەست سووکەسەری و بێ خەبەریی تۆ وەها بوومە هاوسەفەری دەربەدەری و خوێنین جگەری کە بوومەلەرزە کەوتووەتە کۆڵەکەکانی کۆشکی بیرگە و شعوورم و ژەهری هەلاهیل ڕژاوەتە کاوی هەراوی ژیانم...» و یا: «ئەی پاڵەوانی ناودار ئەی شێری جەنگەڵ و مێشە و لێڕەوار و ئەی ڕۆڵەی بێ وێنەی ڕۆژگار، ئەلحەق کە ئاسمانی بەرز و فەلەکی تەرز و خولانەوەی ساڵ و مانگ و وەرزەکان بەیارمەتی ئەستێرەی بەدرەوش و مانگەشەوی گەش بەزاتی ناسووتی تۆ جەلال و شکۆی مەلەکووتی دەبەخشن....»

پاشان بەبێ ڕەحمی تەواو، کتێبخانەی نەجیب زادەی مانش لە کتێبی وردودرشتی پاڵەوانی کە بەقارەمانانی ئەفسانەیی و پڕ لە سەرەڕۆیی و بەپەخشانی حەللەق مەللەق و نارێکوپێک بوونەتە هۆی ڕیسوایی و بێ قەدریی دۆن کیشۆت خاڵی دەکا، و بەزەحمەت ئیزن دەدا پاڵەوانانێکی وەک «ئامادیسی گۆل» یا «پاڵمێرنی ئینگلیسی» کە دەڵێن باوکی پاڵەوانانی سەرگەردان بوون لەم تووڕهەڵدان و وەدەرنانە مەعاف بکەن.

بەتایبەتی لە بەرانبەر پاڵەوانانێکی سەرگەردانی وەک: «پلاتێر» و «بێلیانیس» و «فلیکس مارت» و «بێرنادل کارپیۆ» و دەیان کەسی تری لەم چەشنە پاڵەوان پەمۆیەکی وەک دۆن کیشۆت زەق دەکاتەوە کە لە ڕاستیدا کاریکاتۆری ئەوانە و هەروەها دە بەرانبەر سوارەبەران و ئەسپانی خۆش بەز و کەحێلی ئەواندا، بارگینێکی کز و لاوازی مردەلۆخەی پەراسوو بەدەرەوەی بەکلکێ، دێنێتە مەیدان و بەم جۆرە ڕشقەنیان پێ دەکا و دەیانکاتە گاڵتەجاڕی ئەو دنیایە. دۆن کیشۆت دەباتە نێو ڕووداوی جۆراوجۆرەوە. لە ڕووداوێکەوە هەڵی دەدێرێتە نێو کارەساتێکی دڵهەژێن و لەوێڕا هەمیسان تووڕی هەڵدەداتە زەلکاوی بەسەرهاتێکی نالەبارتر، بەعەرزیدا دەدا، دم و ددانی تێک دەشکێنێ، پەراسووی دەباتە نێو زگی و لە بەر چاوی ئەو حەشیمەتە دەیکاتە پەند و سووکایەتیی پێ دەکا و ئەوی بەلایە بەسەری دەهێنێ و بەتایبەتی ئەو شۆر و حاڵەتی پاڵەوانییە کە کەوتووەتە کەللەی پاڵەوان بەمەسخەرە و ڕشقەن دەگرێ. نووسەر بەم جۆرە بۆ پێکەنین و سەرگەرمیی خەڵکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



سەردەمی خۆی گۆڕەپانی قارەمانەتی و پاڵەوانەتیی کتێبە پاڵەوانییەکانی زەمانی خۆی بەگاڵتە دەگرێ و تراژێدی دەکاتە کومێدی و بابەتی جیددی دەکاتە جەفەنگ و شۆخی.

بەو حاڵەشەوە، بەبڕوای ئێمە، ئەم ڕۆمانە گاڵتەجاڕییە کە «گڵکۆی» تەواوی ئەدەبیاتی پاڵەوانیی زەمانی خۆیەتی، خۆی لە خۆی دا بەو لەحنە پڕ لە ڕشقەن و سووکایەتی پێ کردنەشییەوە جۆرێک ڕۆمانی پاڵەوانی دێتە ئەژمار. سێرڤانتێس، ئەو نووسەرەی کە دەستێکی خۆی لە شەڕی دەریایی «لێچانت» دا لە دەست داوە و لە ئەلجەزیرە بەدیل گیراوە، لە هەمان کاتدا کە فیداکاری و لەخۆبووردوویی دۆن کیشۆتانەی مەسخەرە کردووە، خۆی ستایشی ئەم خەسڵەت و سیفەتانەی کردووە و ئەو دژایەتی و ناتەبایی یە سەیرەی نێوان دڵ و عەقڵی سێرڤانتێس بەجوانی و ئاشکرایی لە دوایین نووسینی ئەودا بەناوی «پێرسیل و شیریمۆنە»دا خۆی دەنوێنێ (١٦١٦). کاری عەجیب و ئەفسانەیی ئەم دوو قارەمانە، نیشان دەدا کە سەرەنجام دڵ و سۆز و هەستیاری بەسەر عەقڵ و مەنتیقدا زاڵ دەبن.

لە خودی داستانی دۆن کیشۆتیشدا لە ژێر پەردەی پاڵەوانی گاڵتەجاڕی نەجیب زادەی سەرگەرداندا، جاروبارە نموودێک لە پاڵەوانی سادە و ڕەسەن کە لە هەمان کاتدا زۆر شکۆمەند و بەرزە، خۆ دەنوێنێ و هەست پێ دەکرێ.

بێگومان سێرڤانتێس لە نێوان خەیالات و بڕوا وەهم ئامێزەکانی قارەمانی نەجیب زادەی خۆی، دۆن کیشۆت و واقیع و ڕاستەقینەکانی زەماندا تێک هەڵچوون و دژایەتی دایمی دروست دەکا و بەم جۆرە ڕووداوە پاڵەوانییەکان کە گوند بەگوند و کاروانسەرا بەکاروانسەرا دەگەڕێن و ڕوو دەدەن سەیر و پێکەنینی نیشان دراون. دەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی نووسەر بتوانێ نە یەک جار بەڵکو هەموو جارێک ئەم ڕووداوە پاڵەوانییە تێک بهاڕێ و نابووتی بکا، ناچار بووە هەر جارێک بیخولقێنێ و بیخولقێنێ و بیخولقێنێتەوە و بەم جۆرە ڕووداوی پاڵەوانی بووەتە بناغەی کاری ئەو. لەبەر ئەوەیە لە هەر لاپەڕەیەکدا تووشی ئەم ڕووداوانە دەبین و دۆن کیشۆت بەو هەموو تەقالایەی کە دەیدا تا خۆی وەک پاڵەوان پەمۆیەک نیشان بدا دیسانیش هەر پاڵەوانە. بۆ ئێمەی خوێنەرانی سەدەی بیستەم کە لە کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی پاڵەوانانێکی وەک «ئامادیسی گۆل» و «بیلیانیس» و »تیرانی سپی» و ئەوانی تر ناسیاوییەکمان نییە، ئازادین چۆنی دڵمان ویستی لەمەڕ ئەوان داوەری بکەین و بۆ ئەوەی بزانین ئەوانە چ جۆرە بنیادەم گەلێک بوون ئەوەندە بەسە بەپێچەوانەی ئەوەی سێرڤانتێس ئاوا وەستایانە وێنای کردووە، فکر بکەینەوە. ئەوەندە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

بەسە کە دۆن کیشۆت جحێڵ بکەینەوە (هەروەک وێنەگەرێکی سەدەی هەژدەهەم بەناوی «ناتوار» کردوویەتی) و هێزێکی جەستەیی زۆر گەورەی پێ ببەخشین و شۆر و هەستیاری ئەو بەچەند سەرکەوتنی بەرچاو لە مەیدانی شەڕەکاندا بەهێزتر بکەین و نەهێڵین ئەو هەموو لێدان و کوتانەی وێ بکەوێ و لە جیاتی ئەوە عێزەت و سەربڵندی و شانازی پێ بدەین. ئەو خۆی لە نیعمەتی گەورەیی ڕۆح بەهرەمەندە و تەنیا سەرکەوتن و شانازیی دەوێ کە ئەویش ئێمە پێی دەدەین. ئەودەم دەبینین کە باری ڕشقەن و مەسخەرەی داستانەکە لادەچێ و بێ ئەوەی هەست پێ بکەین، هەویە و شوناسی داستانەکە دەگۆڕێ و وای لێ دێ کە ناوی «حەماسەی دۆن کیشۆتی» بەسەردا برین. دۆن کیشۆت تەنیا ڕووبەندێکە لەسەر ڕوخساری ئامادیسەکان و پاڵمێرنەکان و بەهیچ شێوە ئەوانی لە ناو نەبردووە.

بەرهەمی کاری سێرڤانتێس لە هەمان کاتدا کە ڕەخنەیەکە لەسەر ڕۆمانە پاڵەوانییەکان و لە ڕوانگەیەکیشەوە خۆی بەرهەمێکی پاڵەوانییە بەجوانی نیشان دەدا کە دانەرەکەی نووسەرێکی زۆر بەتوانا و چیرۆک بێژێکی شیرین ڕاوێژە و ڕوانینێکی هەمەلایەنە و هەمەڕەنگی هەبووە. شاکارە ئەبەدییەکەی بەو ڕستە ئاهەنگین و جوان و ڕێکوپێکانە دەست پێ دەکا کە لە دەقی ڕۆمانەکەیدا وێنەیان سەد قات زۆرترە:

»لە یەکێک لە شارە دێیەکانی وڵاتی مانشدا کە نامەوێ ناوەکەی وەبیربێنمەوە، ماوەیەک بەر لە ئێستا، نەجیب زادەیەک، لەوانەی کە نێزە شکاوێک و کۆنە مەتاڵێکیان لە جبەخانەکەیان و بارگینێکی لەڕ و لاواز و تاژییەکی ڕاوێیان هەیە، ژیانی تێپەڕ دەکرد.»

En un luger de la Mancha, Cuyo nomber no quiero acordarme, no ba mucho tiempo que vivia flaco y galgo corredor. »un hidalgo de los de lanza en astillero, adarga antigua, rocin

ئێمە لە نێوان زۆرێک لە ڕووداوەکان، دوو ڕووداوی سەرنجڕاکێش لە هونەری بەرزی داستان بێژیی سێرڤانتێس دەخەینە بەرچاو کە یەکیان بەزەبزوێن و ئەوی تر ئاوێتەیەکە لە بێ بەزەیی و پێکەنین:

«کاروانسەرایەکە لە وڵاتی مانش. شەوە و هێندێکی ماوە بۆ سپێدەی بەیان. دوو کیژی لەبار بەناویی «دۆرۆتە» و «کلارا»، سەریان پێکەوە ناوە و خەویان لێ کەوتووە. لە ناکاو دەنگێکی پەژارەزێ هەڵدەستێ و بێدەنگیی شەو دەچرژێنێ. یەکێک بەئاواز دەڵێ:

من کەشتیوانی ئەوینم و سەفەریم

بەسەر دەریای بێ بندا بەرێوەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ناهومێدم لەوەی لە دونیادا بگەمە بەندەرێک
و هەرگیز بتوانم لە شوێنێک لەنگەر بگرم

دۆرۆتە، کلارا وەخەبەر دێنێ و کلارا کە هێندێک خەواڵووە، کاتێک باش گوێ ڕادەگرێ، دەنگی ئەوینداری خۆی «دۆن لوویی» دەناسێتەوە و دەشەمزێ. هەنگێ دۆرۆتە گوێی خۆی دەباتە بن زاری کلارا و پێی دەڵێ کە بەسەرهاتی خۆی بەوردی بۆ بگێڕێتەوە. دۆرۆتە گوێ ڕادەگرێ و کلارا داستانی شیرین و تەڕوتازەی دۆڕاندنی دڵی ساکار و مناڵانەی خۆی بۆ باس دەکا. هێشتا نەبووەتە شازدە ساڵ و دۆن لووییش هەروەها. کەوابوو هیچ وێ ناچێ ئەو دوو ئەویندارە بتوانن بەو زووانە زەماوەند بکەن. بێجگە لەوەش مەگەر دۆن لوویی کوڕە نەجیب زادەیەکی ئەشرافی نییە؟ لە حاڵێکدا کلارا کیژی مووچەخۆرێکی دیوانییە و هیچی تر. هەرچی بێ کلارای دڵپاک و مەعسووم هیچ شک و گومانێکی لە ئەوین و خۆشەویستیی زولالی خۆیدا نییە. بڕوانن بەچ گەرمی و شۆرێکەوە باسی خۆی دەکا: «من لە ماوەی تەمەنمدا چاوم بەو نەکەوتووە، لەسەر ئەوەشرا ئەوەندەم خۆش دەوێ کە چرکەساتێک ناتوانم بێ ئەو بژیم.» دۆرۆتە کە غەم و مەینەتیی ڕۆژگار پوختەی کردووە دڵداریی دەداتەوە و تێ دەکۆشێ ورەی بەرز کاتەوە و متمانەی پێ دەدا یا ئەو کارە جێبەجێ دەکا یا ئابڕووی خۆی لەسەر ئەم ئەرکە بەبا دەدا و ئەو دوو کچە ناسکۆڵە نازەنینانە دووبارە چەند سەعاتێک لە بێدەنگیدا دەخەونەوە.

بەیانە، ڕۆژ بووەتەوە، کاروانسەرا جمەی دێ و هەرایە. لە لایەک کلارا و دۆرۆتە، لە لایەک کاربەدەستی دیوانی و دۆن لوویی و دۆن فێرنان، ئەولاتر کاردینیۆ، سانکۆپانزا و دۆن کیشۆت، لە لایەک دەستەیەک لە کەوان دارانی «سێنت هێرمانداد». ئەوەش دیارە شتێکی ئاساییە، کاروانسەرایە و هەموو کەس ڕووی تێ دەکا. دەنێو ئەم خەڵکەدا، باس و دەمەقاڵەیەک هەلایساوە: ئایا کڵاوخوودی مامبێرن کڵاوخوودی ڕاستییە یا لەگەنی ڕیش تراشی؟ کەوان دارانی پاشا قسەی دۆن کیشۆت بەدرۆ دەخەنەوە و دۆن کیشۆت بەسەر یەکیاندا دەزیقێنێ: «تۆی دێهاتی پەست و ناڕەسەن وەک سەگ درۆ دەکەی!» دەسبەجێ شەڕ و هەرا دەست پێ دەکا. هەموو تێک بەردەبن و هەر هاوار و کوتە و شڵپەی شەق و زللەیە کە بەگوێ دەگا. ژنەکان هەراسان و زەندەق چوو، هێندێکیان دەگرین و چەندێکیان لەهۆش دەچن. جەنگی مەغلووبەیە! لە ناکاو بۆڵژنێکی هەترەشبەر دەگاتە گوێ: «دەست ڕابگرن! ڕاوەستن! هەموو خەنجەران دەکالانان ڕابکەنەوە و ئارام بگرن و ئەگەر دەتانەوێ نەکوژرێن گوێ بۆ قسەکانم ڕادێرن!»» ئەوە دەنگی دۆن کیشۆتە، لەحنی شەڕانی و تووڕە و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهەیبەتی پاڵەوان کوتایی بەشەڕ دێنێ. دێوانەیەک بەسەر سەد عاقڵدا زاڵ دەبێ و وەک زۆر شوێنی تری ئەم بەرهەمە پڕ لە دژوازییە، ڕشقەن و پێکەنین دەگاتە تخووبی حەماسە: ئێمە لەژێر دەمامکی نەجیب زادەیەکی بێ عەقڵی دێهاتی پاڵەوانێکدا، قارەمانێکی زانا و ئاوەزمەند دەبینین. ئەوانەن هێز و توانی ئافرێنەری نووسەر کە بەشێوەیەکی سادە و ڕەوان دەنووسێ و هەر کات بیەوێ نەرمی ونیانی یا توانا و تووڕەیی دەڕژێنێتە ناو بەرهەمەکەی خۆی. قەریحەی خوڵقێنەری، گیان دەبەخشێ، زیندوو دەکاتەوە و دەخوڵقێنێ. ئەو خاوەنی هونەری ئافراندنی بێ پسانەوەیە.

نەجیب زادەی سەوزەپۆش، پیاوی گەورەگەورە، نۆکەران، نەدیمە و قەرەواش، کەشیش، پێش نوێژ، شوانان، زیندانیی سزاکێش بەکاری زۆرەملی، وەرزێران، مەیتەران، ئاشەوانان و زۆر چەشنە بەنیادەمی تر لەو داستانەدا دێنە مەیدان و هەر کام کەم تاکورت دەگەڵ قارەمانێکی مالیخولیایی تێک هەڵدەنگوون. پاشان بێ ئەدا و ئەتوار لە مەیدان وەدەردەکەون و لەو ماوەیەدا بەقسە و کار و هەڵبەزدابەزی خۆیان، وێنەیەکی زیندوو لە ڕۆحی ئەسپانیای کۆن و ئەسپانیای ئەمڕۆ وێنا دەکەن. لە قەراغ ئەوانیش، پاڵەوان پەمۆی نەجیب زادە، لە کاتە جیاوازەکاندا ڕەوانبێژی و گوتەزانیی خۆی نیشان دەدا و جاروبارەش بەنسحەت و ڕێنوێنیی حەکیمانە و زانایانە دەبێتە هۆی سەرسامیی هەموو لایەک.

سادەیی و ساکاریی بیرەوەری بزوێنی دیمەنەکان، دەنگی زوڵال و ئاسمانیی ئاوازەکان و دوعا و نزای شەوانە، سێبەری داکشاوی کلیسە یا کۆشکێک، کووچەباغەکان، مێشە و لێڕەوارەکان، دۆڵ و دەرەکان هەموو وێکڕا سروشت و هونەر تێکەڵاو دەکەن. قسەی خۆش و پێکەنین، هەڵکەوتی شۆخی و بزەبزوێن، کۆمیدیی زووتێپەڕ و کورت یا درێژ و درێژخایەن، وێنەی سادە یا پڕ لە وردەکاری، بنەما و دژەبنەما، خەون و خەیاڵ، پەند و قسەی نەستەق، قسەوباسی عەوامانە، داوەری و بۆچوونی کەشیشانە لەم بەرهەمەدا، زۆر و زەوەندن، زبانی بەرهەم زبانێکی دەوڵەمەندە، ڕەنگاوڕەنگ و تەژی لە ئاهەنگ، لەودا لە بیندراو تا ئەزموون کراو، لە ڕەوتێکی سەبر و لەسەرخۆ تا بزووتنەوەیەکی توند و بەپەلە تا فڕینێکی لەپڕا و بەهەشتاویی لە ناکاو، لە شێعری ئەویندارانەوە تا پەخشانی ئاسایی، هەمووی تێدا هەیە. پەخشانی کتێبەکە پەخشانێکی زیندووی باڵدارە. لە هەموو سووچێکی ئەم داستانە ژیان هەڵدەڕژێ و لە هەر دێڕێکی دادەبارێ. ڕووبارێکی گەورە و هەراوە کە دێتە خوارێ، گا توندە و گا ئارام، هیچ کات شلوێ نابێ و هەمیشە بەهێز و هەشتاوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کەوابوو نابێ لەبەر هێندێک بێ سەرنجی و کاری سەیر و ناشیانە ڕەخنە لەو هێزە خوڵقێنەرە بگرین. دەپێشدا بۆ داڕشتنی ئەم بەرهەمە گەلاڵەیەکی ڕێکوپێک دەبەرچاو گیراوە. «پۆل هازار» دەڵێ: «ناتوانین بێژین داستان هاوسەنگییەکی جوانی هەیە.» لە وردەکارییەکانیشدا بێ سەرنجی و سەرشێواویی زۆر دەبیندرێ! خێزانی سانکۆپانزا لە جێیەک ناوی «ژان گووتێرز»ە، لە جێگایەکی تر «ماری گووتێرز» و هێندێک ئەولاتر «ژان پانزا» و لە شوێنێکی تر ناوی «ترێز کاسکۆژا»ی بەسەردا براوە. لەو جێگایە کە مەیتەری پاڵەوان بەدوای کارێکدا ڕەوانە کراوە نازانین سێ ڕۆژی پێ چووە یا یەک ڕۆژ؟ لە جێگایەک دەبینین کەری دۆزیوەتەوە بێ ئەوەی باسی ون بوونی کرابێ! نازانین چ ڕووداوێک بووەتە هۆی ون بوونی کەر یا دۆزرانەوەی. ئەگەر بمانەوێ ناوێک بۆ ئەم وردەعەیبانە بدۆزینەوە، دەبێ بڵێین ئەمانە وردەپەڵەن. بەڵام ئێمە، ئێمەی خوێنەری سادەدڵ کە شەیدای ئەو پەخشانە جوان و بێ وێنەیە بووین، بوونی چەند پەڵەیەک لەسەر ڕووی خۆر بەئیراد نازانین.

ڕەوان ناس لە نەزیلەبێژ لەسەرترە. دۆن کیشۆت ئەوەندەی کە قارەمانە، ئەوەندەش کاریکاتۆر و داوەڵی قارەمانە. مێشکی شلەقاوە، بەڵام ویژدانی بێدار و ئیرادەی بەهێز و خێرخوازە. دەورووژێ، وەخۆدەکەوێ و بەنێزەکەی خۆی بێوچان ستەم و خراپە دەکوتێ. ناکەوێ و نابەزێ مەگەر ئەوەی باشتر و لێبڕاوانەتر هەستێتەوە. مەغروور و پڕشۆر و گەورەیە. ئەوەی کە زۆرتری کات ڕشقەن و سەیر و سەمەرەیە لە بەر ئەوەیە کە ئەو یادگاری ڕابردوویە کە مۆری بەتاڵی و بێ کەڵکی وێ کەوتووە، هەڤاڵی دەخەوماوی پاڵەوانانە کە زۆر درەنگ هاتووەتە سەر ئەم دنیا پیر و پەڕپووتە. ناچار خۆی دەگەڵ دابونەریت و ویست و پێداویستییەکانی کە نە دەتوانێ تێی بگا و نە دەتوانێ وەریان بگرێ لە دژایەتییەکی ترسناکدا دەبینێ. بەو حاڵەشەوە، ئەم چلەکێشە، ئەم کەشیشە، ئەم سەوداسەری عەدڵ و دادە، لە هەموو حەز و خۆشییەکانی ژیان، چاوی پۆشیوە، دەستی لە ژیانی شارنشینی هەڵگرتووە تا بەسواری سوارەبەری شەڕی خۆی ڕوو لە دەشت و بیابان بکا، لەسەر دووڕییان و چوارڕییان و خوارەکە و پێچەکەی جادەکاندا بۆسە هەڵبگرێ و لە کەمینی جینایەتکار و خراپەکاراندا خۆی مات بکا و عەدڵ و داد و ئاشتی بگەڕێنێتەوە سەر دنیا. و ئەو ڕۆژەی کە تێ دەگا تەلاشەکانی بێ هوودە بوون و ساویلکانە فریوی خەیاڵ و خەون و وەهمی خۆی خواردووە؛ دەمرێ.

ئەم قارەمانە کۆنەساڵە – کە هەر چەند چاوی وەک بڵیسەی ئاگر دەدرەوشێ ئەسکلێتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


تەق ولەقی پاڵەوانییە بەهەرحاڵ شتێکی لە مرۆڤایەتی دەخۆیدا هەیە. ڕاستە کە ئەو، ئەو پاڵەوانە خێرخواز و نیەت پاکە لە ساتگەلێکی زۆر بەدەگمەندا تووشی تووڕەیی و دەرهەڵبوون دەبێ و وەک هەمووی ئێمە، کە ئەغڵەب تووڕە دەبین و خۆمان پێ ڕاناوەستێ، تا جێگایەک دەچێتە پێش کە مەیتەری بێ حەیای خۆی کوتەک کاری دەکا و تەنانەت لەو کاتەدا کە قبووڵی کردووە مەیتەرەکەی لە نۆکەرییەوە بگەیەنێتە پلە و پایەی سەروەری خولق وخووی ناخۆش دەبێ و نێوچاوانی گرژ دەکا. دەگەڵ ئەوەشدا دیسان مرۆڤە و نموونەیەکی تەواوی لە مرۆڤ هەیە و ئەگەر عەقڵی تەواو و کەماڵیشی نەبێ بەدروستی و باشی عەقڵی خۆی دەکار دەکا. زانستێکی پڕبایەخ و هەراوی هەیە و تێبینییەکانی وەک زانایەکی (علم الاخلاق) وایە. هەروەها زانیارییە سیاسییەکانیشی لە ڕادەی زانستی یاساکار و یاسادانەرێک دایە و هەر کاتێک لە زەینی شێواویدا جادووگەران و سیحربازان و سەرمەشقە پاڵەوانییەکانی وەک ئامادیس و پلاتێر و ئەوانی تر لە ئارادا نەبن ڕۆشنبینی و عەقڵی تۆکمەی خۆی دووبارە دەست دەکەوێتەوە.

لەو مرۆڤانی تر سانکۆ پانزا مەیتەرەکەیەتی. بەتایبەتی ئەم پیاوە لە لایەنە ناحەزەکانی مرۆڤانییەکەیەوە لە دۆن کیشۆت ئینسانترە؛ ترسەنۆکە، بەتەماعە، زۆرخۆر و نەوسنە، مردووی حەسانەوە و پشوودانە، دڵی دەیەوێ باش بخوا و باش بخواتەوە و باش بخەوێ و لە ڕاستیدا سێ لە چواری وجوودی سانکۆ لەو شتانە پێک هاتووە. بەڵام سانکۆ کاتێک لە پلەی دێهاتییەکی سادەوە دەبێتە مەیتەری پاڵەوانێکی سەرگەردان لانی کەم ئەگەر ئەدا و ئەتوار و هەستان و دانیشتنی ناگۆڕێ فکر و هەست و سەلیقەی لەتیفتر و هەستیارتر دەبن. ئەگەر ئەو خۆی بۆ ژیانی سیاسی بەلایق دەزانێ ئایا بەهەڵە ناچی؟ کاتێک لە عالەمی خەیاڵدا خۆی بەحاکم و دەسەڵاتداری ئەفریقا دەبینێ هەست دەکا کە هەزاران نۆکەری قولەزەنگیی هەیە و سەودا و موعامەلەیان پێ دەکا و وەک قوماشێکی بازرگانی دەیانفرۆشێ و قازانج دەکا. ئێستا لە هەمان خاکی ئەسپانیادا، هەر بەو پیاوە دوڕگەیەک، هەرچەند دوڕگەیەکی بەڕاستیش نەبێ، بدەن دەبینن کە چ موعجیزەیەک ڕوو دەدا! چۆن تێ دەکۆشێ بەدادی هەر ستەملێکراوێک بگا و دادی هەر کەس بدا کە ڕوو لە دیوانی ئەو دەکا. تەنانەت شەوانە لە کۆڵانەکانی پێتەختی خۆیدا دەخولێتەوە و گوێ دەداتە دەردە دڵی زوڵم لێکراوان و بەمجۆرە عەداڵەت و نەزم و ئاشتی لە وڵاتی خۆی دا جێگر دەکا. ئەم ئەزموونە لە بەرگی دووەمی داستاندا نیشان دراوە و کاتێک سانکۆ نە بەهۆی شۆڕشێکەوە بەڵکو بۆخۆی واز لە دەسەڵات دێنێ جەستەی خەستە و کوتراوە، بەڵام فکری ئاسوودەیە و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ویژدانی ئارامە. کاتێک گوێدرێژەکەی خۆی لە باوەش دەگرێ، حەیوانی بەستەزمان بۆ ئەو ئارام بەخشی خاترە و ئەو پێی عەیب و عار نییە کە بەنانە وشکەیەک کە لە نێو ئەو هەموو جەلال و شکۆیە دەگەڵ خۆی هێناویەتی، شامی شەو بخوا.

لەو داستانە گەورەیەدا زۆرتر لە شەش سەد کەس دێن و دەچن و تێک داوێن و زۆربلێیی دەکەن و پێکەوە شەرەدندووکەیانە، تەواوی ئەوانە وێنەیەکی چووک کراوەی یەک دنیا و یەک نەتەوەن: نەتەوەی بەرەو هەڵدێری تێداچوون لە زەمانی فیلیپ گەلی ئەسپانیادا.

ئەو داستانە تەژی لە دێوانەیە. لە جێگایەک دێوانەیەک وەک «ئانسلێم» کە بۆ ئەوەی لە نەجیبی و نامووس پارێزیی ژنەکەی خاترجەم بێ یەکێک لە نزیکترین دۆستانی خۆی مەجبوور دەکا حەزلێ کردوویی دەگەڵ بکا و لە ئاکامی ئەو کەریەتییەی خۆیدا دەمرێ. دێوانەیەکی تر لەولاوە بەناوی «کاردینیۆ» بەهۆی سەرنەکەوتن لە ئەوینی خۆیدا پەنای بردووەتە نێو درکەزێ و چیا سەختەکانی «سیرامۆرنا» و بەقسەی خۆی ڕووی دەکێوان کردووە. ئەو شێتە بێ بەندوبارە کاری شێتانە دەکا و بەو نێو درک و دالانەدا هەڵبەز هەڵبەزیەتی و بەزۆر نان و پێخۆر لە شوانە وێڵەکان دەستێنێ. دێوانەی تریش هەن وەک «مارسێلی شوان» و «رۆک گیناری» ڕێگر کە حازر نین هیچ یاسا و ڕێسایەک و هیچ نەزم و نیزامێک ئازادی کردەوەکانیان سنووردار بکا یا هێڵە دیارەکانی لایەنە ئەخلاقییەکانیان بگۆڕێ. ئەوانە برای دایک و بابی دۆن کیشۆتن و وەک ئەو شێتی لە کەللەی داون، بەڵام شێتی ئەوان تەنیا لە خۆپەسندی و خۆخوازییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەوان بزاڤێک بۆ چاکە و خزمەت بەخەڵک ناکەن و تەنیا دەفکری خۆیاندان و خۆخواز و خۆپەسندن و بەسمڕسمڕ دەیانەوێ تا پالاوتەیی و تایبەتمەندیی «تیپی» خۆیان بپارێزن.

مۆریس باردۆن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دیباچە

ئەی خوێنەری بێ خەم و خەیاڵ، ئەگەر پێت بڵێم دەمویست ئەم کتێبە کە لە جێگەی مناڵی قەریحەی منە ئەوەندە جوان و بەرچاو و تەژی لە فکر و مانا بێ بەجۆرێک کە لەو دنیا پان و بەرینەدا وێنەیەکی دەست نەکەوێ، بێ ئەوەی سوێندت بۆ بخۆم، باوەڕم پێ بکە، بەڵام مەخابن کە من نەمتوانی لە یاساکانی سروشت کە بەپێی ئەوان «گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە» سەرپێچی بکەم. لە بەر ئەوە، قەریحە و سروشتێکی لەو چەشنە کە من هەمە و هەتا بڵێی نەزۆک و وشکە، بێجگە لە داستانی کوڕێکی کز و لاواز و تەق و ڕەق و سەرلێشێواوی تەژی لە بیرۆکە و فکری سەیر و سەمەرە دەیتوانی چ شتێک بێنێتە سەر دنیا؟ کوڕێک کە تەنیا لە شوێنێکی وەک زیندان کە جێگەی هەموو ناڵەبارییەکە و گۆڕەپانی هەر چەشنە دەنگۆیەکی نامبارەکە، دەیتوانی بێتە سەر گۆڕەپانی هەبوون؟ ئاسوودەیی و بێ غەمی و ماڵێکی ئەمین و ڕازاوە بێ و جوانی دەشت و سەحرا و دیمەنی ئاسمانی ساف و زەمزەمەی ئاوی کانیاوی کوێستانی زەنوێر و ئارامیی فکر و ڕۆح هەموو دەست بەکارن تا نەزۆکترین خواوەندانی زەوق و شێعر و هونەر ئاوس بن و میوە و بەر و بەرهەمێکی وا بەو دنیا ئارەزوومەند و سەوداسەرە پێشکەش بکەن کە ببنە هۆی شادی و ڕەزامەندیی ئەو. زۆر وا هەیە کە باوکێک مناڵێکی دزێوی بێ بەری لە هەموو گەورەیی و هونەرێک دەبێ. خۆشەویستیی باوکانە کارێکی وا دەکا باوک چاوی لە ئاست ئەو ناحەزی و عەیب و عارانە بقووچێنێ، بەپێچەوانە، ئەو عەیب و عارانە بەهونەر و سیفەتی پەسند و نیشانەیەکی ئاشکرا لە هۆش و وشیاری لە لای دۆستان دابنێ. من هەر چەند بەڕواڵەت باوکی دۆن کیشۆتم(١)، بەڵام لە ڕاستیدا هەر بەنێو باوکی ئەوم، نامەوێ کە بەشێوەی عورف و عادەتی ڕۆمیان، یا وەک هێندێکی تر، لە تۆ ئەی خوێنەری عەزیز، بەچاوی بەگریانەوە داوا بکەم تا عەیب و عارەکانی ئەم زارۆکەی من دابپۆشی و لە کەموکوڕییەکانی ببووری. ئێستا کە تۆ

---

١- وەک لە دواییدا دەیبینن وەک مەولای ڕۆم کە دیوانی غەزەلەکانی بەناوی شەمسی تەورێزی هۆنیوەتەوە، سێروانتێس ژی کتێبی دۆن کیشۆت وەک ئاسەواری کەسێکی تر دەناسێنێ، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە نووسینی خۆیەتی. (محەمەد قازی).

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەگەڵ ئەو نە خزمایەتیت هەیە و نە هاورێ و هەڤاڵی یەکترن، ئێستا کە تۆش وەک مێرخاسان و گەورەپیاوان گیانێکی ئازاد و سەربەستت دەچوارچێوەی جەستەی خۆتدا هەیە، ئێستا کە لە چوار دیواریی ماڵی خوتدا دانیشتووی و پاشاش بەنۆکەر ناگری، دەتوانی بێ ئەوەی لە بەدگۆیی بترسی یا لە پێ هەلاگوتن ئومێدی پاداشێکت بێ، هەر چی دڵت دەیەوێ لەمەڕ ئەم داستانە بیڵێی.

ویستی من تەنیا ئەوەندە بوو کە داستانەکەم سەرتاپا ڕووت وقووت و بێ خشڵ و زێڕوزەنبەری دیباچە و سەرەتا و شێعر و پێهەلاگوتن کە ئەغڵەب لە سەرەتای کتێباندا بەچاپی دەگەیەنن[٢]، بەتۆی پێشکەش بکەم، چون ناچارم بەتۆ بڵێم کە هەر چەند دارِشتن و نووسینی ئەم داستانە بەکوێرەوەری و زەحمەت مەیسەر بوو، بەڵام هیچ زحمەت و ماندوو بوونێک بەقەدەر نووسینی ئەم دیباچەیە کە ئەوەتا تۆ دەیخوێنیتەوە، بۆ من ئەستەم نەبوو. زۆر جار بۆ نووسینی ئەم سەرەتایە قەڵەمم بەدەستەوە دەگرت، بەڵام چون نەمدەزانی دەبێ چ بنووسم قەڵەمەکەم دادەناوە سەر جێی خۆی. تا ئەوەی ڕۆژێک کە کاغەزم لە بەر دەمم پان کردبووەوە و قەڵەمم لە پشت گوێم نابوو، ئانیشکم لەسەر مێز داکوتابوو، دەم و چاوم دەلەپی دەستم گرتبوو، فکرم لەوە دەکردەوە کە چ بنووسم لە نەکاو یەکێک لە دۆستان کە پیاوێکی بەهۆش و ڕەزاشیرین و زانا بوو لە دەرگا وەژوور کەوت و کە منی بەو حاڵە پەرێشان و غەمناکەوە چاو پێ کەوت دەلیلەکەی لێ پرسیم. من کە نەمدەویست هۆی داماویی خۆمی لێ بشارمەوە، پێم گوت چت لێ بشارمەوە، دەمەوێ سەرەتایەک بۆ داستانی دۆن کیشۆتەکەم بنووسم، بەڵام ئەوەندە ناهومێد بووم کە لێ براوم وازی لێ بێنم و لەمەودوا باسی ئازایەتیی ئەو پاڵەوانە نەجیبە نەهێنمە سەر کاغەز. لە ئاخری دا گوتم:

«تو چۆن دەتەوێ کە من لە داوەری و بیروڕای ئەم داوەرە پیر و کۆن ساڵە کە پێی دەڵێن »جەماوەری گشتی (عامە)» نەترسم. داوەرێک کە چون ببینێ من پاش چەنای چەن ساڵ بێدەنگی و لەبیری خەڵک چوونەوە ئەمڕۆ بەباری پیری و زورهانییەوە[٣] بەئەفسانەیەکی وشکی وەک پووش وپەلاش هاتوومەتە ناو مەیدان کە داستانەکەم سەبک و داهێنانی تێدا نییە و پەند ومەتەڵ و قسەی خۆشی تێدا نابیندرێ. نە بابەت و شیکردنەوەیەک لە

---

٢- لە سەدەی شازدە و سەرەتای سەدەی حەڤدە لە ئیسپانیا و فەرانسەدا باو بوو کە ئاسەواری نووسەرانیان بەشیعر و پێ هەڵاگوتن بڵاو دەکردەوە. (مۆریس باردۆن)

٣- سێروانتێس کاتێک لە ساڵی ١٦٠٥دا بەشی یەکەمی دۆن کیشۆتی بڵاو کردەوە ٥٧ ساڵ لە تەمەنی ڕابردبوو. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabtt.org

سەرەتادا و نە لێکدانەوەیەک لە بنەتا و پەڕاوێزدا. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە نووسراوەکانی تر جا چ ئەفسانە بن و چ بابەتی کوفراوی و بێ دینی، دەبینم پڕن لە پەند و کورتەقسەی ئەفلاتوون و ئەرەستوو یا فیلسووفانی تر کە دەبنە هۆی ئافەرینی خوێنەرانی خۆیان تا ئەو جێگەی کە نووسەرانی ئەم کتێبانە بەپیاوی زانا و ئەهلی موتالا و لێکۆڵینەوە لە قەڵەم دەدەن و پەنا بۆ خودای گەورە و دلۆڤان! کاتێک کە لە کتێبی پیرۆز (ئینجیل) شتێک نەقڵ دەکەن خۆیان دێننە ڕیزی «سەن تۆماس» و باقیی زاناکانی ئاینی! و لەو بەستێنەدا وەها فێڵبازانە، ئاداب زانی لە خۆیان نیشان دەدەن کە هەر مەپرسە! بۆ نموونە پاش ئەوەی لە دێڕێکدا باسی عاشقێکی فاسق و داوێن پیس دەکەن، لە دێڕی دواییدا مەوعیزەیەکی کورتی مەسیحاییت بۆ دەکەن کە دەبێتە هۆی گەشانەوە و شادیی دەروون! کتێبی من هیچ کام لەو تایبەتمەندییانەی نییە. چون نە تێبینییەکم هەیە لە پەڕاوێزدا بینووسم و نە لێکدانەوەیەک کە لە کۆتاییدا بیهێنم. ئەوەش نازانم لە نووسینی ئەم داستانەمدا لاسای کام نووسەرم کردووەتەوە و سەبک و شێوازی چ کەسێکم ڕەچاو کردووە تا ناوەکانیان لە سەرەتای کتێبەکەمدا تۆمار بکەم. وەک خەڵکی تر کە بەپێی پیتەکانی ئەلف و بێ لە ئەرەستووەوە دەست پێ دەکەن تا دەگەنە «گزێنفۆن»(٤) یا بە«زۆئێل»(٥) و «زۆکسیس»(٦) کۆتایی پێ بێنن، هەرچەند ئەویان ڕەخنەگرێکی بەغیلە و ئەمیان وێنەگەرە و هەروەها کتێبی من لەو شێعرانەی کە وەک سەرەتا دەیهێنن، شێعرگەلێک کە لانی کەم شێعری دووکەکان و کۆنتەکان و مارکییەکان و ئۆسقۆفەکان و خاتوونە ناوبەدەرەوەکان یا شاعیرانی ناودار بن، بێبەش دەبێ، هەر چەند ئەگەر داوام لە چەند دۆستی ئەهلی شێعر و شاعیریی خۆم کردبا دەزانم کۆتاییان نەدەکرد و شێعری وایان بۆ دادەنام کە گەورەترین و ناوبەدەرەوەترین شاعیرانی ئەسپانیایی دەعومری خۆیاندا شتی وایان نەگوتبێ. پاشان

٤- گزێنفون Xénophon مێژوونووس و فەیلەسووف و سەرداری یۆنانی و شاگردی سوقرات کە دە شەڕی «پلۆپۆنێز» و کارەساتی گەڕانەوەی دە هەزار یۆنانیدا ناوی دەرکرد. «٤٢٧ – ٣٥٥ پێش زاین»

٥- زۆئێل Zoïle ڕەخنەگری حەسوود و بێ ئینسافی یۆنانی کە ڕەخنەی بێ مەعنای لە هۆمێر شاعیری گەورەی یۆنانی دەگرت و هەر بەو هۆیەوە بەدناو بووە. «سەدەی چوارەمی پێش زاین».

٦- زۆکسیس Zeuxis وێنەگەری بەناوبانگی یۆنانی و یەکێک لە هونەرمەندانی گەورەی دنیای قەدیمە. «٤٦٤ – ٣٩٨ پێش زاین» (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە درێژەی قسەکانمدا گوتم: بەڵێ جا ئەی دۆست و ئەی سەروەری من، ئێستا هاتوومە سەر ئەو بڕوایە کە پایەبەرز دۆن کیشۆتی پاڵەوان، لە بێدەنگی خۆیدا لە مانش کفن و دفن بکرێ تا بەڵکو خودا ڕەحمێک بکا و کەسێک بنێرێ و ئەو خشڵ و سملّ و زێڕ و زیوەر و خرینگە و پەرەنگەی پێوە هەڵباوەسێ چون من خۆم بەهۆی کەمی زانست و بێ دەسەڵاتی و نەداری، ناتوانم ئەو شتانەی بۆ دابین بکەم و هەروەها من چون خۆم پیاوێکی تەمبەڵ و تەن پەروەرم ناتوانم بێرو بەوێدا هەڵێم و بەشوێن نووسەر و قەڵەم بەدەستاندا بگەڕێم و هاوار بکەم وەرن بەقوربانتان بم، دەسەرتان گەڕێم، پێشەکیم بۆ بنووسن! ئەوەیە کە تۆ، من بەپەرێشانی و غەمناکی دەبینی.»

کاتێک دۆستەکەم گوێی لەم وتارە بوو لەپی دەستی لە نێوچاوانی خۆی ڕاکێشا و دای لە قاقای پێکەنین و گوتی: «برای خۆشەویست، قەسەم بەخودا کە تۆ منت لە هەڵەیەک ڕزگار کرد کە لەوەتا دەگەڵ تۆ ئاشنا بووم، دوچاری بووم. من تۆم وەک مرۆڤێکی تیژبین و وشیار و هۆشمەند دانابوو کە دە هەموو ڕەفتار و کردارێکدا فەرزانە و ئاگاداری. بەڵام ئێستا دەبینم جیاوازیی تۆ دەگەڵ ئەوەی من فکرم لێ دەکردەوە عەرز و عاسمانە. چۆن شتی وا دەبێ کە بابەتێکی ئاوا سەهل و سانا و کۆسپێکی ئەوها چکۆلە توانیبێتی فکرێکی پوختەی وەک فکری تۆ کە دەبەرانبەر گرفتاری و چەرمەسەرەی زۆر گەورەتر دا خۆڕاگر و چارەسازە، بوەستێنێ و بیخاتە حاڵەتی داماوی یەوە. لە ڕاستیدا ئەوە لە بێ قەریحەیی و بێ بەهرەیییەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکو بەرهەمی حاڵەتی بێ کاری و بێ فکری و تەمبەڵییە. ئێستا ئەگەر دەتەوێ ڕاستیی قسەکانی من تاقی بکەیتەوە سەرنج بدە بزانە چلۆن لە ترووکەیەکدا تەواوی ئەو گرفتارییانە لەسەر ڕێت هەڵدەگرم و بۆ لابردنی تەواوی ئەم ناتەواوییانە، کە بەواتەی خۆت دەست و پایان بەستووی و وەهایان ترساندووی کە بەناچار دەبێ لە داهێنان و نووسینی داستانی پاڵەوانی ناوداری خۆت، دۆن کیشۆت یانی ئاوێنە و درەوشانەوەی هەموو پاڵەوانانی سەرگەردان چاوپۆشی بکەی، چارەسازی دەکەم. من لە جوابیدا گوتم: باشە، تۆ بەچ شێوەیەک دەتەوێ ئەو بۆشایی یەی کە بووەتە هۆی پەشێویی من پڕ بکەیتەوە و کەلافی ئاڵۆزی گرفتارییەکانی من بکەیتەوە؟ ئەو لە جوابدا گوتی:

«بۆ بابەتی یەکەم کە بووەتە هۆی ناڕەحەتیی تۆ یانی نەبوونی شێعر و مەدح و پێهەلاگۆتن و چوارینە و قەسیدە و غەزەل و بابەتی لەو چەشنە کە دەبێ لە سەرەتای کتێبەکەتدا بیانهێنی ئێستا من ڕێگا چارەیەکت لەبەر دەم دادەنێم: باشتر ئەوەیە خۆت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabani.org

زەحمەت بدەی و، ئەو شتانە بنووسی و هەر نێوێکی دەتەوێ لە سەریان دابنێ و بەنێوی هەر کەس کە بۆخۆت پێت خۆشە لە سەرەتادا جێیان بۆ بکەوە. بۆ نموونە کەشیش «جان هێندی»[٧] یا «ئیمپراتوری تەرابووزان» کە من دەزانم ناوبانگی هەر دووکیان وەک شاعیرێکی گەورە لە هەموو جیهاندا بڵاو بووەتەوە، بکەیە باوکی تەعمیدی ئەم شێعر و نووسراوانە. ئەم دووانە، گریمان کە شاعیریش نەبووبن و خوێندکارانی خۆ بەزۆرزان ئیرادت لێ بگرن و تێت ڕۆبێن و لاقت بگرن، گوێ مەدەیە و بۆ قسەکانیان هیچ بایەخێک دامەنێ، چون ئەگەر درۆکەش ئاشکرا بێ، خۆ دەستی نووسەر ناپەڕێن.

بەڵام لەمەڕ ناو بردنی کتێب و نووسەران لە پەراوێزدا کە تۆ دەبێ ڕستە و ڕێکەوەندگەلێک لەوان دە داستانەکەی خۆتدا بێنیتەوە ئاسانترین ڕێگە ئەوەیە کە چەند پەند و مەتەڵی لاتین لەوانە کە خۆت لەبەر دەیانزانی یا دۆزینەوەیان زەحمەتێکی بۆ تۆ تێدا نییە، بەپێی باس و لە جێی خۆی دابنێی، بۆ نموونە لەو جێیەدا کە باسی ئازادی دێتە گۆڕێ ئەو شێعرە بکەیە دەست مایە:

Non bene pro toto libertas venditur auro [٨]

(ئازادی ئەوەندە پڕبەهایە کە ناتوانی بەهەموو سەروەت و سامانی دنیا بیگۆڕیتەوە.)

پاشان لە پەراوێزدا لە هۆراس[٩] یا کەسێکی کە شێعرەکەی گوتووە نێو بەری. ئەگەر قسە لەسەر قودرەت و هێزی مەرگە، دەتوانی بێ درەنگ ئەو شێعرە بێنی:

Pallida mors aequo pulsat pede pauperum tabernas regumque turres[١٠]

(مردن یەکسان دەچێتە ناو کۆخی گەدایان و کاخی پاشایان)

ئەگەر باسی ئەوین و خۆشەویستی هاتە گۆڕێ کە خودا فەرموویەتی بەرانبەر بەدوژمنان

٧- Le preste Jean des Indes کەسایەتییەکی ئەفسانەییە کە لە سەدەکانی ناویندا ناوی هاتووە و جاروبار بەناوی خانی تاتار و جاروبار ئیمپراتووری هیندوستان و سوڵتانی حەبەشە گوتراوە. (محەمەد قازی)

٨- ئەم شیعرە لە کۆمەڵە شیعرێک بەناوی ئەفسانەکانی ئوزۆپ وەرگیراوە نە لە هۆراس. (مۆریس باردۆن).

٩- Horace شاعیری گەورەی ڕۆمی و دانەری چەند کاری گەورە و هەڵبەستی ڕەخنەیی کە بوالۆ، شاعیر و ڕەخنەگری فەرەنسی لە سەبک و شێوازی ئەو پێڕەویی کردووە. «٦٥ یا ٦٨ساڵ پێش زاین»

١٠- ئەم شیعرە لە کتێبی کارمینای هۆراس وەرگیراوە.

رابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org


لە خۆمانی نیشان بدەین، دەستبەجێ لە کتێبی پیرۆزدا لێکۆڵینەوە بکە و ئەوەش زۆر کارێکی ئاسانە و لانی کەم ئەم قسانە لە خودا خۆی نەقڵ بکە:

Ego autem dico vobis: Diligite inimicos vestro

(من بەئێوە دەڵێم: کە دوژمنانی خۆتان خۆش بوێ.)

ئەگەر باسی فکری چەپەڵ دەکەی لە ئینجیل یارمەتی وەربگرە کە دەڵێ:

De corde exeunt cogitationes maloa [١١]

(فکری چەپەڵ و ناحەزی ئادەمی لە دڵی ئەو سەرچاوە دەگرێ.

ئەگەر باسی دۆستانی بێ وەفا و ناڕاست هاتە گۆڕێ، ئەوەتا کاتون[١٢] کە ئەم شێعرەی خۆی بەقەرز دەدا بەتۆ:

Donec eris felix, multos numerabis amicos; tempora si fuerin nubile, solus eris

(لە ڕۆژانی خۆشی و سەروەریدا دۆستت زۆرن و کاتێک بەخت ڕووی لێ وەرگێڕای، تاک و تەنیا دەمێنیتەوە.)

بەڵێ جا هەر بەو چەند ڕستە لاتینییە و چەند ڕستەی تری لەم قوماشە لانی کەم بەمامۆستای زبان و ڕێزمانت دەناسن و ئەوەش لەم چاخەدا هەم جێگەی شانازییە و هەم قازانجی تری تێدایە. بەڵام لەمەڕ ڕوون کردنەوە و لێکدانەوەی کۆتایی داستانەکەت، دەتوانی بەخاترجەمی ئاوا بکەی: ئەگەر لە کتێبی خۆتدا ناچاری ناوی دێوێک بێنی کارێکی وا بکە ئەم دێوە گولیات Goliath بێ. چون لە بارەی ئەودا بێ ئەوەی پێویستی بەزەحمەتی تۆ هەبێ، شەرحێک لە دەست دایە بەم چەشنە:

«گۆلیاس یا گۆلیات، دێو یا غوولێکی فەلەستینی بوو کە داودی شوان لە دەرەی »تربینت»دا بەزەبری قۆچەقانێ کوشتی! هەر وەک باسی ئەم ڕووداوە لە کتێبی پاشایان[١٣] لە بەشی خۆیدا هاتووە.» پاشان بۆ ئەوەی خۆت بەپیاوێکی زانا و پسپۆڕ لە زانستگەلی ئەدەبی و کۆمەلایەتی و ئەستێرەناسیدا نیشان بدەی کارێکی وا بکە لە

---

١١- لە ئینجیلی مەتا بەشی پێنجەم و پازدەم. (محەمەد قازی)

١٢- Caton فەیلەسووف، ڕەخنەگر و وێژاوەری بەناوبانگی ڕۆمی کە سەنای ڕۆمی بۆ لەناوبردنی کارتاژ وەخۆ خست و لە هەموو جێگەیەک دەگەڵ ڕۆحی زەرق و بەرق و جوانپەرستیی ڕۆمییەکان بەربەرەکانێی کرد. «٢٣٤ – ١٣٩ پێش زاین»

١٣- کتێبی پادشایان چوار کتێب لە کتێبی گەورەی دوو عەسری تەوڕاتە کە لەمەڕ مێژووی قەومی جوولەکە لە زەمانی دامەزرانی پادشایەتی لە نێو ئەو قەومەدا باس دەکا. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

کتێبەکەتدا ناوێک لە ڕووباری تاژ بێتە گۆڕێ و ئەوەتا لەسەر ئەم ڕووبارە باسێکی دووردرێژ هەیە کە دەتوانی وەک خۆی نەقڵی بکەی: ئەم ڕووبارە بەناوی یەکێک لە پاشایانی کەنارای ئەسپانیا ناوزەد کراوە. لە فلان شوێنەوە سەرچاوە دەگرێ و هەڵدەستێ و پاش ئەوەی قەڵا و بورج و بارووی لیسبۆنی تێراو کرد لە فلان شوێن دەڕژێتە نێو ئوقیانووس. دەڵێن ئەم ڕووبارە خیزی زێڕین دەگەڵ خۆی دێنێ و هتد....» ئەگەر ویستت باسی دزان بکەی من داستانی کاکووس(١٤) باش دەزانم و ئامادەم بۆ تۆی بنووسمەوە. ئەگەر باسی ژنانی بەدکارەیە، ئەوەتا کتێبی ئۆسقۆف مۆندۆندۆ(١٥) بخوێنەوە کە داستانی لامیا Lamya و لایدا Layda و فلۆرا Flora بەتۆ بەئەمانەت دەدا و ئەگەر باسی ستەمکارانی بێبەزەت کرد، شاعیری گەورەی ڕۆم ئۆوید(١٦) ستەمکارێکی وەک مێدە(١٧) ت

---

١٤- کاکووس Cacus بەپێی نەزیلە کۆنە یۆنانییەکان دز و ڕێگرێکی زۆر بەسام و هەیبەت بوو کە لە غارێکی تاریک لە چیای ئاونتێندا نیشتەجێ بووبوو. کاکووس هەیکەلێکی زەلام و ڕەشید و ترسناکی بوو و ئاوری لە زاری دەهاتە دەر. کاتێک هێرکوول پاڵەوانی بەناوبانگی یۆنان لە خەودا بوو، کاکووس چوار گای لێ دزی و بۆ ئەوەی هێرکوول پێ نەزانێ و لە شوێن پێی و گایەکانڕا نەزانێ بۆ کوێ ڕەپێچەک دراون، پاشەوپاش گایەکی بەرەو ئەشکەوت برد. هێرکوول لە بۆڕەی گایەکانڕا بەرەو غارەکە چوو و دەگەڵ کاکووس تێک بەربوون و سەرەنجام دزەکە بەدەستی هێرکوول خنکا و لەناوچوو. ئەم شەڕە یەکێک لە جوانترین بەشەکانی ئەنەئید Enéide کاری ویرژیل شاعیری بەناوبانگی ڕۆمییە. (محەمەد قازی)

١٥- ئۆسقۆف Mondonedo بەناوی ئانتۆنیۆ دۆ گەوارا Antonio de Guevara «١٥٤٥ - ١٤٨٠» لە یەکێک لە نامەکانی خۆیدا بەسەرهاتی سەرنجڕاکێشی ئەو سێ ژنە حیزە، یانی Lamia و -lay da و Floraی نووسیوە. (مۆریس باردۆن)

١٦- ئۆوید Ovide شاعیری ڕۆمی «٤٣ی پێش زاین - ١٧ی پاش زاین» وێژەوارێکی ناو بەدەرەوە و لە دۆستانی نزیکی هۆراس و ویرژیل و شاعیرانی گەورەی ڕۆم بووە. ئەم شاعیرە مەزنە لە پێشدا خۆشەویستی قەیسەری ڕۆم بوو، بەڵام ساڵی ٩ی زاینی بەهۆکارێکی نامەعلوومەوە ناردیانە مەنفا و لەوێ مرد. لە ئاسەوارەکانی ئەو «مەسخ» و «فەنی ئەوین» دەتوانین ناو بەرین.

١٧- مێدە Médée کچی پادشای کۆلشید و ژنێکی سیحرباز کە دەگەڵ ژازون Jason سەرۆکی قەبیلەی ئارگنۆت Argonautes هەڵات. ئەم ژنە بەپێی ڕیوایەتەکانی ئوستوورەی یۆنانی خەسووی خۆی بەزەبری سیحر و جادوو جحێڵ کردەوە، بەڵام چون پاش ماوەیەک مێردەکەی بەجێی هێشت، زۆر دەرهەڵبوو و بەتۆڵەی ئەم کارە، سەری منداڵەکانی بڕی. ئەو داستانە ناوەڕۆکی یەکێک لە شیعرەکانی ئۆویدی پێک هێناوە و «ئۆری پید»ی شاعیری گەورەی یۆنانیش تراژێدییەکی لەسەر خوڵقاندووە. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



پێ دەناسێنێ. ئەگەر قسەش لەسەر ژنانی جادووگەرە هۆمێر یەکی وەک کالیپسۆ[١٨] و ویرژیل کەسێکی وەک سیرسەی[١٩] هەی. ئەگەر داستانی سەردارانی ئازا و نێوبەدەرەوەت مەبەست بێ ژوول سێزار لە کتێبی «لێکدانەوەکان »دا[٢٠] نموونەی وەک خۆی، وەک پلۆتارک[٢١] و هەزارانی وەک ئەسکەندرەت پێ نیشان دەدا. ئەگەر بتهەوێ قسە لە دڵداری و ئەوین بکەی هەر ئەوەندە چوار وشەی ئیتالیایی بزانی لە کتێبی لێئۆنی عیبریدا[٢٢] ئەوەندەی دڵت بخوازێ بابەتی جۆرباجۆر هەیە و ئەگەر بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە پێت خۆش نییە بچیتە وڵاتی بیانی لە وڵاتی خۆت یەکی وەک فۆنسکا[٢٣] و کتێبی «خواپەرستی»ی ئەوت بەدەستەوەیە کە لەودا هەر چی بتەوێ لەمەڕ خۆشەویستی و ئەوین بۆ تۆ و بالاتر لە تۆش دەست دەکەوێ. کورتی ببڕمەوە، هیچ کارێک لەوە ئاسان تر نییە کە ئەو ناوانەی من باسم کردن تۆش باسیان بکەی یا ئەم نەقڵ ونەزیلانە دەکتێبی خۆتدا بێنی و بەڵام کاری دابین

---

١٨– کالیپسۆ Calypso ژنێکی جادووگەر و یەکێک لە قارەمانانی ئۆدیسەی هۆمێرە. ئەم ژنە ئۆلیسی پاڵەوان و پاشای یۆنانی لە جزیرەی خۆیدا وەرگرت و حەوت ساڵ بەخێوی کرد. (محەمەد قازی)

١٩– Circé ژنێکی جادووگەری خاوەن دەورێکی گەورەیە لە ئۆدیسە شاکاری هەرتمیی هۆمێردا. ئاشکرا نییە بۆچی سێروانتێس وەک پاڵەوانێکی ئاسەواری ویرژیل باسی دەکا. لەوانەیە ویرژیلیش باسی ئەو ژنەی کردبێ، بەڵام ئەوەی سەلمێنراوە ئەوەیە کە سیرسە لە ئۆدیسەی هۆمێردا هەیە و لەو کتێبەدا نەقڵ کراوە کە کاتێک ئۆلیس دەگەڵ هاوڕێیان گەیشتە دوڕگەی سیرسە ئەو ژنە سیحربازە شەربەتێکی سەیری دەرخوارد دان کە هەموو بوون بەبەراز. ئۆلیس ناچار کارێکی کرد کە ئەو ژنە دڵی پێ دۆڕاند و لە ئاکامدا هاوڕێتەکانی دیسان بوونەوە بەئینسان.

٢٠– لێکدانەوەکان les Commentaires کاری سێزاری قەیسەری ڕۆم کە لەمەڕ بیرەوەریی مێژووییەکانی خۆی لە شەڕەکانی «گۆل» و شەڕە ناوخۆییەکانی ڕۆم نووسیویە. «سەدەی یەکەمی پێش زاین»

٢١– پلۆتارک Plutarque مێژوونووسی یۆنانی. «لە دایکبووی ٤٥ تا ٥٠ی زاینی و وەفات ١٢٥ زاینی»

٢٢– Léon Hébreu خاخام و مالی پورتەقاڵی کە پاشان لە شاری وێنیز کاری پزیشکیی کردە پیشە. ئەم کەشیشە عیبرییە، دەوروبەری ساڵی ١٥٢٠ کتێبێکی بەناوی «وتووێژی دڵداری» بڵاو کردەوە. (مۆریس باردۆن)

٢٣– Fonseca «پێدرۆ» زانای عیسەوی و فیلسووفی پورتەقاڵی کە بەئەرەستووی پورتەقاڵی ناوبانگی ڕۆیشتووە. «١٥٢٨ – ١٥٩٩» (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کــردنی یادداشـت بۆ پەڕاوێز و کــۆتایی، بۆمن بەجێ بهـێـــڵــە. من بەڵێنی دەدەم کــە پەڕاوێزەکان پڕ کەمەوە و چوار لاپەڕەش بۆ کۆتایی بنووسم.

ئێستـا با بگەڕێینەوە سەر بردنی ناوی ئەو نووسـەر و دانەرانەی لە کـتێـبەکـانی تردا ناویان دەبەن، بەڵام کتێبی تۆ ئەوەی نییە. چارەی ئەم گرفتەش بەڕاستی زۆر ئاسانە. یانی تەنیا دەبێ یەکێک لەو کتێبانە کە ناوی هەموو ئەو نووسەر و دانەرانەی بەوتەی خوت تێدا هەیە و بەپێی ئەلف و بێ ناوی هەمووانی تێدا هەیە وەدەست بخەی، جا ئەگەر خەڵک تێ گەیشتن کە تۆ درۆت کردووە ئەم نووسەرانە هیچ فایدەیەکیان بۆ تو نەبووە غەمی پێ ناوێ. ڕەنگە هێندێ ساویلکەش پەیدا بن کە وا تێ بگەن تۆ بەڕاستی لە نووسینی داستانی جوان و بێ وێنەی خۆتدا کەڵکت لەوان وەرگرتووە. ئەگەر ئەو پێرستە درێژە هیچ سودێکی نەبێ لانی کەم ئەم فایدەیەی دەبێ کە سام و هەیبەتێک بدا بەکتێبەکەت. ئەوجار کێ هەیە لەوە بکۆڵێتەوە بزانێ تۆ لە ئاسەواری ئەوان کەڵکت وەرگرتووە یا نا؟ ئەوەش با بڵێم من پێم وایە کتێبی تۆ چکۆلەترین نیازێکی بەو شتانە نییە. چون کتێبەکەی تۆ سەرتاسەری جنێو و سووکایەتییە بەکتێبە پاڵەوانییەکان» کە هەرگیز ئەرەستوو و سیسرۆن کەمترین ئاگادارییان لێی نەبووە و سێن بازیل وشەیەکی لەو بوارانەدا بەسەر زارایدا نەهاتووە و هیچیان ئەم کتێبە پاڵەوانیانەیان نەدیتووە. لە لایەکی تروە، مەگەر داستانە سەرسوڕهێنەرەکانی کتێبی تۆ هیچ وێچوونێکیان دەگەڵ ڕاستییەکانی زانست و بینراوەکانی ئەستێرەناسیدا هەیە؟ پێوەر و پێوانە ئەندازەییەکان و دەبەرچاوگرتنی قاعیدە و بنەماکانی مەعانی و بەیان چ سوودێکیان بۆ کتێبی تۆ دەبێ؟ ئاخر مەگەر کتێبی تۆ دەیەوێ بەتێکەڵاو کردنی باسە ئینسانییەکان و حیکمەتی ئیلاهی کەسێک بکاتە مەسیحی؟ لە حاڵێکدا وەها پێکهاتەیەک بەپێی قاعیدە دەبێ هەر جۆرە مەیل وخوازێک بۆ مەسیحییەت ڕەد کاتەوە. لاسا کردنەوەی نووسەران تەنیا دەبێ لە ڕوانگەی شێوازی نووسەرانەوە ئەنجام بدرێ و هەر چەندی ئەم لاسایی کردنەوەیە تەواوتر بێ، کتێبی تۆ لە کەماڵ نزیکتر دەبێتەوە. کەوابوو ئێستا کە کارەکەی تۆ ئامانجی لەناوبردنی بایەخ و قورسایی و کارتێکردنی ئەو کتێبەپاڵەوانییانەیە چ پێویستە بەوەێ کە لە کورتەقسەکانی فیلسووفان و پەند و ڕێنوێنیی کتێبی ئاسمانی و خەیاڵ هۆندنەوەی شاعیران و وەعز و خیتابەی خەتیبان و باسی موعجیزە و کاری نەکردووی پاکان و خاسان سواڵ بکەی؟ تۆ تەنیا حەولی ئەوە بدە نووسراوەکەت ڕێکوپێک و یەکدەست و قسەکانت ڕوون و ڕاستگۆیانە و بەجێ و ڕستەکانت خۆش ئاهەنگ و داستانت شادی هێنەر بێ و هەر چی بەزەینت دا تێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەپەڕێ بە جوانترین شێوە بیخەیتە بەر هەست و فکرەکانی خۆت بێ پێچ وپەنا دە بەردەنگ بگەیەنی. هەروەها حەول بدە بەخوێندنەوەی داستانەکەت سەر بەقوڕ وەپێکەنین بکەوێ و ساویلکە هەست بەماندوویی نەکا و زیرەک و زانا بۆ داهێنەریی تۆ ئافەرین بنێرێ و پیاوی بەفیز و ئیفادە سووکایەتی پێ نەکا و مرۆڤی تێگەیشتوو ناچار بێ ستایشی بکا. بەتایبەتی لە ناو بردنی داوودەزگای لەرزۆک و بێ بناغەی کتێبەپاڵەوانییەکان کە هێندێک لێیان بێزارن و جەماوەرێکی زۆرتر پێیان هەڵادەڵێن هەموو دەم بکەیتە ئامانجی سەرەکی خۆت. چون ئەگەر بتوانی ئەوە بکەی کارێکیی زۆر گەورەت کردووە.»

من لە بێدەنگییەکی تەواودا، گوێم دابووە قسەکانی ئەو دۆستەم و ئەوەی گوتی وەها لەسەر لەوحی بیروبڕوام نەخش بوو کە بێ زیادوکەم هەموییم بەلاوە مەنتیقی و دروست بوو، تا ئەو جێگەی کە بڕیارم دا ئەم دیباچە و سەرەتایەی پێ برازێنمەوە. دیباچەیەک کە ئەی خوێنەری ئازیز، دەودا، تێبینی و کارزانیی دۆستی من و بەختەوەرییەک کە لە دیداری ڕاوێژکارێکی ئاوا بەنسیبی من بوو و سەرەنجام ئەو ڕەزامەندییەی کە تۆ خۆت لە سادەیی و یەکدەستی و بێ پێچ وپەنایی داستانی دۆن کیشۆتی پاڵەوانی ناوداری مانشدا دەستت دەکەوێ، دەبیندرێن. پاڵەوانێک کە تەواوی دانیشتووانی دەشتی مۆنتیل Montiel لەسەر ئەو بڕوایەن کە ساڵانێکی زۆر و دوورودرێژە عاشقێکی لەو دەروێش مەسلەکتر و پاڵەوانێکی لەو ئازاتر، لەو هەرێمەدا نەهاتووەتە سەر دنیا. من ناخوازم ئەو خزمەتەی دەناساندنی پاڵەوانێکی ئاوا بەڕێز و شەریف دا بەتۆم کردووە زۆرتر لەوە خۆمی پێوە هەڵکێشم و منەتبارت بکەم، دەگەڵ ئەوشدا لەوەی کە ئێوەم دەگەڵ سانکۆ پانزای بەناوبانگ، مەیتەری پاڵەوان، پێک ناساندووە دەمەوێ ئەمەگناس بی، چون من لەسەر ئەم بڕوایەم کە دەوجوودی ئەو مەیتەرە ئازیزەدا تەواوی ئەو هونەرە زەریفانەی دەکاری مەیتەریدا دەو کتێبەپاڵەوانییانەدا لێرەولەوێ و پچڕپچڕ باس کراوە، هەموییم بۆ تۆ کۆ کردووەتەوە. لە کۆتاییدا هیوادارم خودای مەزن لەشێکی ساغ بەتۆ بدا و منیش لەبیر نەباتەوە. ئامین!

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١

## باسی ئاکار و کردەوەکانی نەجیب زادەی ناودار دۆن کیشۆتی مانشی

لە یەکێک لە شارە دێیەکانی وڵاتی مانشدا کە نامەوێ ناوەکەی وەبیربێنمەوە، ماوەیەک بەر لە ئێستا نەجیب زادەیەک، لەوانەی کە نێزە شکاوێک و کۆنە مەتاڵێکیان لە جبەخانەکەیان و بارگینێکی لەڕولاواز و تاژییەکی ڕاوێیان هەیە،ژیانی تێپەڕ دەکرد.

هەموو شەوان دیزەیەک شۆرباو، ئەویش بەگۆشتی مەڕ نە گا[٢٤] و زەلاتەیەکی سرکە و ڕۆژانی شەممەش هێلکە و ڕۆنێک بەدووگەی بەراز و جومعانە نیسکێنە و یەکشەممەکانیش بێجگە لە خۆراکی ئاسایی، جووچکە کۆترێک سێ چوارەمی داهاتی ئەویان بۆ تەرخان دەکرا. باقیی داهاتەکەی بۆ کڕینی قوڵە باڵتۆیەکی پیاوانە لە پارچەیەکی زەریف و شاڵوارٍ و گۆرەوی لە پارچەیەکی وەک مەخمەر و کەوشی سەرپێیی بۆ ڕۆژانی جێژن و دەستێک جلوبەرگی باش لە پەشمینەی گران و بەقیمەت کە نەجیب زادە دە ڕۆژانی حەوتوودا دەیکەنە بەریان، خەرج دەکرا.

لە ماڵدا کەیبانوویەکی بوو کە تەمەنی لە چل ساڵ تێپەڕیبوو. خوشکەزایەکیشی بوو کە هێشتا پای نەنابووە تەمەنی بیست و بێجگە لەوانە نۆکەرێکی بۆ کاروباری ناوماڵ و دەشت و سەحرا هەبوو کە هەم ئەسپی بۆ زین دەکرد و هەم بەباشی دەیتوانی بەداسە گچکەکەی درۆینە بکا. تەمەنی ئەم نەجیب زادەی ئێمە نزیک بەپەنجا، بنیاتی پتەو. ئەندامی کز و ڕوخساری وشک و تێک قوپاو بوو. بەیانان زۆر زوو لە خەو هەڵدەستا و زۆر هۆگری ڕاو بوو. وەک دەگێڕنەوە بەکیکزادا Quixada یا کزادا Quesada بەناوبانگ بوو، چون لەم بارەوە لە نێوان نووسەرانێکدا کە لەمەڕ ئەو بابەتیان نووسیوە جیاوازیی بیروڕا هەیە. هەر چەند لە ڕووی مەزەندە کردن و گومانی نزیک بەیەقین دەتوانین بە تێڕادیوی بێژین کە ناوی کیژانا Quijana بووە. بەڵام ئەم خاڵانە لە ڕوانگەی داستانی ئێمەوە زۆرگرینگ نین بەو مەرجەی کە دەگێڕانەوەی ڕووداواندا بەقەدەر وردیلەیەک لە ڕاستی لانەدەین.

---

٢٤- لە ئەوروپا گۆشتی گا لە گۆشتی مەڕ بەباشتر دەزانن. چون مەڕی ئەوروپا دووگەیان نییە و گۆشتەکەشیان زۆر ناخۆشە. لەبەرئەوە گۆشتی مەڕ لەوێ زۆرتر خواردنی چینە هەژارەکانە. لێرەدا مەبەستی سێروانتێس دەستنیشانکردنی نەداری و فەقیریی دۆن کیشۆتە. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

با ئەوە بزانین کە ئەم نەجیب زادەیە هەموو کاتی بێکاریی خۆی، یا باشترە بڵێین هەموو ڕۆژەکانی ساڵ کاتی خۆی بەخوێندنەوەی کتێبی پاڵەوانان پڕ دەکردەوە و بەوەها شۆر و عەلاقەیەکەوە خووی بەوکارە گرتبوو کە کاری شکار و ڕاپەڕاندنی کاروباری ملّک و ماڵی خۆی بەتەواوی فەرامۆش کردبوو. کار و ئاکاری سەرسوڕهێنەری گەیشتە پلەیەک کە چەندین جەریبی لە مەزرای گەنم و جۆی خۆی بۆ کڕین و خوێندنەوەی کتێب و داستانگەلی پاڵەوانی فرۆشت و تا ئەو جێگایەی بۆی کرا لەم جۆرە کتێبانەی دە ماڵی خۆیدا کۆ کردەوە، بەڵام لە نێو تەواوی ئەو کتێبانەدا هیچکامیانی بەبارستای نووسراوەکانی فلیسیانۆ دۆ سیلوا(٢٥) ی بەناوبانگ بەلاوە پەسند و تەواو نەبوو. دەراستیدا ڕەوانی و شیوایی لەڕادەبەدەری پەخشانەکەی ئەو نووسەرە ئەوی سەرمەست دەکرد و ڕێکەوەند و ڕستە دژوارەکانی بەلایەوە وەک زێڕی هەژدە عەیار وابوون، بەتایبەتی کاتێک دەگەیشتە نامە ئەوینی و پڕ لە هەڕەشە و گوڕەشەکان و لە چەند شوێنی کتێبەکەدا دەیخوێندەوە کە «ئەی یاری غەداری بێ بەڵێن و ئەی دلبەری جەفاکار و مەکرباز، من لە دەست سووکە سەری و بێ خەبەریی تۆ وەها بوومەتە هاوڕێ و هاوسەفەری دەربەدەری و خوێنی جەرگم دەخۆمەوە کە بوومەلەرزە کەوتووەتە کاخی بیرگە و هۆش و هەستم و ژەهری هەلاهیل ڕژاوەتە گەرووی ژیانم. ڕەوایە کە بێ سەرکۆنەی ئەم و ئەو دەفتەری سکالا پەڕپەڕ هەڵدەمەوە و هاواری بێ ئۆقرەیی لە دەست تەنیایی و غەریبی و بێدادی و بێ وەفایی تۆ بگەیەنمە گوێی فەلەکی مینایی....» هەروەها کاتێک دەیخوێندەوە کە: «ئەی پاڵەوانی ناودار و ئەی شێری جەنگەڵی کارەسات و ئەی ڕۆڵەی بێ وێنەی ڕۆژگار، ئەلحەق کە ئاسمانی بڵیند و گەردوونی گەردان بەیارمەتی ئەستێرانی بەپرشنگ، زاتی خواوەندی و فریشتە ئاسای تۆ لە جەلال و شکۆ تەژی دەکەن، و دەتبەنە سەر دواین پلەی ناوبەدەرەوەیی و شەرابی فەتح و سەرکەوتنت پێ دەچێژن و دەتکەن بەزاتێکی خاوەن سیفەتی زۆر باش و جوان کە شایانی وجوودی مبارکی تۆیە.....» لە شادی و حەز بردن لێوڕێژ دەبوو.

نەجیب زادەی چارەڕەش، بەمجۆرە بابەتانە دێوانە دەبوو. شەوانە خۆی بێ خەو دەکرد و بۆ ئەوەی دە مانای ئەو ڕێکەوەند و دەستە واژە و ڕستانە بگا و دە ماناکانیاندا قووڵ بێتەوە و لەناخیانەوە شتێک دەربکێشێ، خۆی ئازاردەدا. وای لێ هاتبوو ئەگەر

٢٥- Feliciano de silva وەرگێڕی فەرەنسی، «ویاردۆ» کە دۆن کیشۆتی وەرگێڕاوە، ناوی کتێبە پاڵەوانییەکانی ئەو نووسەرەی ناو بردووە و دەنووسێ کە ئەو خۆیشی وێڕای نووسەری پاڵەوانەتیشی کردووە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوالێخۆشبوو ئەرەستووش زیندوو بباوە و ماناکانی بۆ لێک داباوە ڕازی نەدەبوو. لەو برینانەی «دون بلیانیس»[٢٦] دەیخستە لەشی دیتران یا خۆی وێی دەکەوت نارەحەت دەبوو، چون وای بیر دەکردەوە هەر چەند پزیشکێکی کارزان بڕینەکانی مەڵهەم دەکا، بەڵام لەوانە بوو دیسانیش جێگەی ئەو برینانە لەسەر لەش یا ڕوخساری مابێتەوە و لەسەر ئەوەشڕا ئافەرینی بۆ چێژو زەوقی نووسەر دەنارد کە کتێبەکەی بەبەڵێنی کۆتایی پێهێنانی ئەو داستانە دوورودرێژە کۆتایی پێ هێنابوو، تەنانەت جاروبارە هەوەسی ئەوەی دەکرد خۆی دەست بداتە قەڵەم و داستانەکە هەر بەو شێوە کە داڕێژرابوو تەواو بکا. بێگومان ئەگەر فکری گەورەتر و کونپشکنتر پێشی پێ نەگرتبایە، ئەو کارەی دەکرد و تەنانەت بەسەرکەوتووییش کارەکەی بەئەنجام دەگەیاند. زۆر جاران دەگەڵ کەشیشی ئەو هەرێمە کە پیاوێکی زانا و دەرس خوێندووی زانکۆی سیگوەنزا[٢٧] بوو لەسەر ئەوە دەمەتەقەی کردبوو تا ڕوونی بکەنەوە کە لە پالمێرنی ئینگلیسی[٢٨] و ئامادیسی گۆل[٢٩] کام یەک ئازاتر و پاڵەوانتر بوون. وەستا نیکۆلای سەرورِدێن تاشی گوند، لای وا بوو کە هیچ کەس ناگاتە پاڵەوان فێبووس[٣٠] و ئەگەر کەسێک هەبێ کە بتوانێ بەرامبەر ئەو ڕاوەستێ تەنیا دۆن گۆلار[٣١] ی برای ئامادیسی گۆلییە و بەس. چونکە ئەو بێ ئەوەی خۆی بەزل بزانێ و فیز و ئیفادە بفرۆشێ یا نێوچاوانی گرژ بکا، بۆ هەموو کارێک ئامادە بووە و هیچ کات وەک براکەی گرینۆک نەبووە و دە ئازایەتیشدا بەقەدەر وردیلەیەک لە وی کورتی نەهێناوە.

سەرەنجام نەجیب زادەی ئێمە وەها بەکتێب خوێندنەوە سەرگەرم بوو کە شەو و ڕۆژ لە بەیانیڕا تا شەو یا لە شەوڕا تا بەیانی خەریکی خوێندنەوە دەبوو تاوای لێ هات کەمێشکی وشک بوو و کار گەیشتە ئەو جێگایە کە عەقڵ و ئاوەزی خۆی لە دەست دا و فڕی بەسەر دنیاوە نەما. زەینی تەژی بوو لە بابەتگەلێکی جۆراجۆری وەک سیحر و جادوو، شەڕ و پێکدادان و بەگژداچوونی تەن بەتەن و هەراوهەنگامەی جەنگاوەران و کوژران و بریندار

---

٢٦- Don Belianis یەکێکە لە قارەمانانی داستانە پاڵەوانییەکان.

٢٧- Sigûenza لێرەدا سێروانتێس زانکۆ چکۆلەکانی زەمانی خۆی و خوێندکارەکانی ڕشقەن دەکا و هەروەک لە بەرگی دووەمی ئەم کتێبەشدا گاڵتەی زانکۆی ئۆسونا Osuna کردووە. (مۆریس باردۆن)

٢٨- ئەو کەسانە و زۆربەی ئەو پاڵەوانانەی ناویان لێرەدا لەو کتێبەدایە وەک ڕۆستەم و ئەمیر ئەرسەلان و ئەسکەندەر و ئەسفەندیاری نێو نەقڵ و نەزیلەکانی خۆمانن. (محەمەد قازی)

٢٩- بڕوانە پەڕاوێزی ژوورەوە.

٣٠- بڕوانە پەڕاوێزی ژوورەوە.

٣١- بڕوانە پەڕاوێزی ژوورەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوون و ناز و غەمزەی ژنان و ئەوین و دڵداری و شتی لەو چەشنە کە دەکتێبیاندا خوێندبوویەوە، وای بەخۆی تەڵقین کردبوو کە ئەوانە هەمووی ڕاستەقینەی حاشاهەڵنەگرن و بەلای ئەوەوە هیچ ڕووداوێک لەوانە واقیعی تر نەبوون. بەبڕوای ئەو سیدرووی دیاز[٣٢] پاڵەوانێکی زۆر هەڵکەوتە بووە بەڵام هیچ کات نەگەیوەتە پلەوپایەی پاڵەوانی ئاگرین تیغ[٣٣] کە بەیەک زەبری شمشیر دوو دێوی زەبەلاحی لەندەهۆری خوێنخۆری کردووەتە دوو لەت. بۆ بێرناردلکارپیو زۆرتر ڕێزی دادەنا، چونکە ئەم پاڵەوانە بەچاولێکەری هێرکوول کە ئانتە[٣٤]ی کوڕی زەوی دەنێو باسکەکانی خۆیدا خنکاندبوو و ڕۆلانی ڕوویین[*] تەنی لە کەلی ڕونسەوو[٣٥] کوشتبوو. بەچاکە باسی مۆرگانی دێوی دەکرد چونکە ئەم غووڵە، باوەکوو، لە نەسلی دێوان بوو، ئەو ڕەگەزەش زۆر بێ شەرم و بێ ئەدەبن، بەڵام زۆر بەحەیا و بەئەدەب بووە. تەنیا پاڵەوانێک کە ئەو لە سەرووی هەمووانی دادەنا ڕۆنۆدۆمۆنتۆبان[٣٦] بوو، بەتایبەتی کاتێک دەیخوێندەوە کە ئەو پاڵەوانە لە قەڵای خۆی وەدەرکەوتووە و ڕێگای لە تاقمێک کە تووشیان هاتووە گرتووە یا لەو بەری تەنگە[*] بوتی محەمەدی کە بەپێی هێندێک گێڕانەوە لە زێڕی خالیس بووە، دزیوە. و بەڵام دەگەڵ گانلۆنی[٣٧] غەیان، وەها بوو

---

٣٢- Cid Ruy Diaz پاڵەوانی نەتەوەیی ئەسپانیا کە لە سەدەی یازدەدا ژیاوە، دەگەڵ عەرەبان زۆری شەڕ کردووە و پاڵەوانەتی و ئازایەتییەکەی بووەتە ناوئاخنی زۆر ئاسەواری ئەدەبی.

٣٣- Le Chevalier de I Ardente - Epee مەبەست ئامادیس پاڵەوانی بەناوبانگی یۆنانە.

٣٤- Antee دێوێکە کە بەپێی ئەفسانە و مێتۆلۆژییی یۆنانی کوڕی نێپتۆن و زەوی بووە. هێرکوول قارەمانی ناوداری یۆنانی دەگەڵ ئەم دێوە بەرەنگار بوو. دەنێو باسکی ئاسنینی خۆیدا وەهای ڕێک گوشی کە گیانی لێ ستاند. دەڵێن دەو شەڕەدا هێرکوول دەبینێ کە دێوەکە هەتا وەعەرزی دەکەوێ و دەست لە دایکی خۆی «زەوی» دەدا بەهێزتر دەبێ. هێرکوول کە وای دیت لە زەویی جیا کردەوە و دەنێو باسکە بەهێزەکانی خۆیدا خەفەی کرد.

٣٥- La gorge de Roncevaux یەکێکە لە کەلە هەرە ئەستەمەکانی چیای پیرنە لە نێوان فەرانسە و ئیتالیادا.

٣٦- Renaud de Montauben پاڵەوانی مێژوویی و قارەمانی شیعری حیماسی بەناوی «چوار کوڕی ئایمۆن» کە بەیارمەتیی براکانی دەگەڵ شارلێمان بەشەڕ هات و سەرئەنجام هەر چوار کەسیان سەریان بۆ ئەم ئیمپراتوورە دانەواند.

٣٧- Ganelon کەسایەتیی ئەفسانەیی «حەماسەی ڕۆلان» کە لە کەلی ڕۆنسە و خەیانەتی بەڕۆلان کرد و بوو بەهۆی مەرگی ئەو. گانلۆن دە ئەدەبیاتی ئەورووپاییدا وەک ڕەمزی خەیانەت ناسراوە.

(*) تێبینی: لە لای هەر وشەیەک کە ئەستێرە لە نێوان دوو کەوانە هەبوو ئەوا ئەم وشەیە لە فەرهەنگی کۆتایی کتێبەکە ماناکەی بەرامبەری هەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarr.org



کە ئامادە بوو، بیداتە دەست کەیبانووی ماڵ و خوشکەزا مێرمنداڵەکەی تا ئەوەندی دڵیان دەخوازێ بەشەق تێی هەڵدەن و کەلەکەی کون بکەن.

سەرەنجام کاتێک عەقڵی خۆی بەتەواوی لە دەست دا و عیلاجی نەکرا، سەیر و سەمەرەترین فکرێک کە تا ئێستا بەمێشکی هیچ دێوانەک لە عالەمدا تێ نەپەڕیوە، هاتە مێشکی ئەو. هاتە سەر ئەم بڕوایە کە پێویستە بۆ پاراستن و پەرەپێدانی شەڕافەتی زاتی خۆی و بۆ خزمەت بەوڵاتی خۆی ببێتە «پاڵەوانی سەرگەردان» و بەئەسپ و چەکی خۆی هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە بخاتە ژێر ڕکێف و بەدوای ماجەڕایاندا بگەڕێ و ئەوەی دە کتێباندا خوێندبوویەوە بەکردەوە ئەنجامیان بدا و لە هەر جێگایەک تووش هات دەگەڵ زوڵم و بێدادی بەرەنگاری بکا و ئەوەند دەگەڵ حەریفانی ئازا وپێکراو ومەترسی و هەنگامەی جۆراجۆر ڕووبەڕوو بێتەوە کە بەتێکشکاندنیان و زاڵبوون بەسەریاندا ناوبانگی ئەبەدی وەدەست بێنێ. ئەو بێ نەوایە مالیخولیاییە هەر لە ئێستاوە لە دنیای خەیاڵدا دەیدیت کە زۆرێ باسک و باهۆی کەوتووەتە بەر سەرنج و ستایشی ئیمپراتوری تەرابووزان. لەو عالەمە شیرین و خەیاڵ پلاوە خۆشانەدا بەهەڕەمە دەست بەکاربوو تا بەزووترین کات هەوەسەکانی دەکار بێنی.

پێش هەموو کارێک دەستی کرد بەخاوێن کردنەوەی زرێ و کڵاوخوودە(*) ژەنگاوی و لە بەریەک هەڵوەشاوەکانی باوک و باپیران کە سەدان ساڵ بوو دێرو دەوێدا کەوتبوونەوە و ژەنگ و ژار و تۆز و خۆڵی دەورانیان لێ نیشتبوو و لەبیر چووبوونەوە. هەمووی شۆردن و خاوێنی کردنەوە و ژەنگی لێ سوونەوە و ساغی کردنەوە. بەڵام تێ گەیشت کە ئەو لیباسی شەڕە شتێکی گرینگی کەمە. ئەویش کڵاوخوودەکەی بوو کە تەپڵە سەرەکەی نەمابوو. ئەوجار بەسەلیقەی خۆی ئەو ناتەواوییەی وەلابرد یانی بەمقەببا بەشی تەپڵەسەری کڵاوەکەی ساغ کردەوە و بوو بەکڵاوخوودێک کە بەڕواڵەت هیچ جیاوازیی دەگەڵ کڵاوخوودی ڕاستی نەبوو. ئەوجار بۆ ئەوەی بزانێ کڵاوخوودەکەی مەحکەم و تۆکمەیە و دەبەرانبەر زەبری شمشیری دوژمناندا خۆ ڕادەگرێ یا نا شمشیری لە کالان دەرکێشا و دوو زەبری بەهێزی لە کڵاوەکەدا و هەر بەزەبری یەکەم زەحمەت و کوێرەوەری ئەو حەوتەیەی بەباداچوو. تێکشکانی کڵاوخوود بەو ئاسانییە پاڵەوانی تووشی پەژارە کرد و

٣٨- Pietro Gonela دەڵقەک و گاڵتەبازی دەرباری دووک بۆرسۆ دۆ فرار «سەدەی پازدەم» duc borso de ferrare کە بارگینێکی چەمووش و سەیر و سەمەرەی هەبووە و بووەتە هۆی گاڵتەجاڕ و ئەفسانەی پڕ لە گاڵتە و پێکەنین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


دیسان بۆ سازکردنەوەی کڵاوخوودێکی قایمتر دەست بەکار بووەوە و ئەوجار تەسمەی باریکی ئاسنی تێ هەڵکێشا و لە مەحکەم بوونەکەی دڵنیا بوو و بێ ئەوەی تاقی بکاتەوە، وەک کڵاوخوودێکی لێوەداری(*) پاڵەوانی دەگەڵ شتومەکانی خست.

پاش ڕاپەڕاندنی ئەم کارە، ئەوجار ڕۆیشتە لای بارگینەکەی، هەر چەند بارگینەکەی بەمەقەست گۆشتی لێ نەدەگیرا و لە ئێسک و پێستێکی ڕەق و وشک هەلاتوو بەدەر شتێکی تر نەبوو، لە ئەسپی گونلا[٣٨]ش کزو کەنەفتتر بوو بەڵام لە بەر چاوی پاڵەوان نە بۆسفال[٣٩] ئەسپی ئەسکەندەر و نە بابیەکا ئەسپی سید هیچکام نەدەگەیشتنە ئەسپی ئەوو تۆزیان نەدەشکاند. چوار ڕۆژی تەواو خەریک بوو تا نێوێکی شیاو بۆ ئەسپەکەی بدۆزێتەوە و لە بەرخۆیەوە دەیگوت «چۆن دەبی پاڵەوانێکی ناوداری وەک من ئەسپەکەی ناوێکی خۆشی نەبێ» هەر بەو هۆیەوە تێ کۆشا ناوێک بۆ بارگینەکەی بدۆزێتەوە کە نیشان بدا ئەو حەیوانە پێش ئەوەی بێتە نێو جیهانی پاڵەوانانی سەرگەردان چ بووە و ئێستا چییە. لە لایەکی تروە عەقڵ حوکمی دەکرد کە چونکا خاوەنەکەی بارودۆخی خۆی گۆڕیوە دەبێ ئەویش ناوی بگۆڕێ و ناوێکی شکۆمەند کە دەگەڵ باری ئێستای یەک بگرێتەوە بۆ خۆی دیاری بکا. ئەوە بوو کە پاڵەوان پاش ئەوەی دەیان ناوی دەزەینی خۆیدا هێنا و برد، تێکی هەڵشیلان و کورت و درێژی کردنەوە، سەرەنجام لەسەر ناوی ڕۆسینانت[٤٠] ساغ بووەوە. ئەو ناوەی زۆر بەلاوە جوان و شکۆدار و خۆشاهەنگ بوو. ئەم ناوە دەیگەیاند کە ئەسپەکەی دەپێشدا چ بووە و ئێستا چییە و چۆن بووەتە خۆشبەزترین ئەسپی جیهان.

کاتێک پاڵەوان لە دیتنەوەی ناوێکی باش بۆ ئەسپەکەی ڕزگاری هات و حەساوە ئەوجار وێکەوت((*)) کە ناوێکی شایستەش بۆ خۆی هەڵبژێرێ و هەشت ڕۆژی تەواویش بەمجۆرە تێپەڕ بوو و لە کۆتایی ئەو چەند ڕۆژەدا لێ برا((*)) ناوی خۆی بنێ دۆن کیشۆت. وەک دەڵێن هەر لێرەوەیە کە نووسەران ڕایان دەربڕیوە کە نازناوی پێشووی پاڵەوان کیکزادا بووە نە «کزادا» کە هێندێک کەس ویستوویانە بەدیترانی بقبووڵێنن[١٤].

---

٣٩- Bucephale ئەسپی بەناوبانگی ئەسکەندەری مەکدۆنی. زۆر ئەسپێکی سەرکێش و یاغی بووە و ئەسکەندەر لە چاخی لاوەتیدا ئەوەندی بەرەو ڕۆژ هێنا و برد تا ڕام بوو.

٤٠- Rossinante لە دوو واژەی ڕۆسین بەمانای بارگین و ئانت بەمانای «پێشوو» دروست کراوە.ماناکەشی ئەوەیە کە ئەو حەیوانە دەپێشدا بارگینێکی مردەلۆخە بووە و ئێستا لە هەموو ئەسپان چاپووک و خۆش بەزترە.

٤١- کیشۆت یا کیگزۆت لە زبانی ئەسپانیاییدا بەو زرێیە گوتراوە کە ڕانی پاڵەوانی =

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

ئەوجار کە وەبیری هاتەوە ئامادیسی نەبەز و دلاوەر تەنیا بەناوی ئامادیس ڕازی نەبووە و ناوی نیشتیمانەکەشی ڕەگەڵ خستووە تا وڵاتی خۆی نێوبەدەرەوە بکا و بەخۆی گوتووە ئامادیسی گۆلی(٤٢) ئەویش وەک پاڵەوانێکی خاوەن شکوێ ناودار ویستی ناوی وڵاتەکەی بەدوای ناوی خۆیدا بێنێ تا ببێتە هۆی ناوەدەرکردن و شکۆمەندیی زێد و نیشتیمانی خۆی و بەمجۆرە ناوی «دۆن کیشۆتی مانشی» بۆ خۆی هەڵبژارد.

ئەوجار پاش ئەوەی دۆن کیشۆت زرێکەی خۆی خاوێن کردەوە و لە کڵاوە تێکشکاوەکەی کڵاوخوودێکی ساغی دروست کردەوە و ناوێکی بۆ بارگینە مردەلۆخەکەی هەڵبژارد و بۆ خۆیشی وەک نوێ ئاینان ناوێکی تری لە خۆی نا، متمانەی پەیدا کرد کە تەنیا ئەوەندەی ماوە کە خاتوونێک لەولارا وەڕێ کەوێ و دڵداری دەگەڵ بکا و ئیتر لەهیچی کەم نابێ، چون، بەبڕوای ئەو پاڵەوانی سەرگەردان بەبێ خاتوونێک و ئەوین و دڵداری وەک داری بێ بەرگ وبەر یا لەشێکی بێ گیان وابوو. لەم ڕووەوە بەخۆی دەگوت: «ئەگەر بەکەفارەی گوناهەکانم یا بەڕێنوێنیی ئەستێرەی بەختم، ڕۆژێک لە ڕۆژان دەگەڵ دێوێک ڕووبەڕوو بم – هەر وەک زۆر جار بۆ پاڵەوانانی سەرگەردان دێتەپێش – و بەیەکەم زەبری شمشێر شەقەی بکێشم یا بەسەریدا زاڵ بم و بەچۆکی دابێنم و ناچاری کەم لە بەرم بپاڕێتەوە ئایا باشتر ئەوە نییە کە دڵبەرێکم هەبێ و دێوەکەی بەڕەسمی دیاری بنێرمە خزمەت ئەو تا بڕواتە ئەندەروون و بەسەر پێی خاتوونی دڵبەرمدا بکەوێ و بەلالانەوە و پاڕانەوە بڵێ: «من کاراکۆلیامبرۆی(٤٣) دێو فەرمانڕەوای دورگەی مالین درانیام کە پاڵەوانی دە تاریف نەهاتوو، دۆن کیشۆتی مانش، منی دە نەبەردێکی تەن بەتەندا بەزاندووە و ئەمری پێ کردووم بگەمە خزمەت بەڕێزتان تا ئەو خاتوونە زۆر جوانە هەرچی ئەمر بکا هەروابکەم»؟ وای کە پاڵەوانی خێرخوازی ئێمە، پاش ئەو گوتنە بەنرخە چەندە شادمان و کەیف خۆش

---

=داپۆشیوە. بەبۆچوونی کۆلانسۆن «١٨٢٧»، سێروانتێس لەبەرئەوە ئەم ناوەی داوە بەقارەمانی داستانی خۆی تا هەم دەگەڵ ئەرکی تازەی پاڵەوان ڕێک بێتەوە و هەمیش پاشگری «ote» دە زاراوەی کاستیلیدا بەدوای ناوی شتەکاندا دێ و مانای پێکەنینی و بەکەم زانینیان پێ دەدا و ویستوویە بەم جۆرە پاڵەوانەکە سووک بکا و بیکاتە گاڵتەجاڕ. کیگزادا بەشەویلاکە دەڵێن و کزادا ناوی مورەبایەکی تایبەتە کە پەنیریشی تێکەڵ دەکەن. (مۆریس باردۆن)

٤٢– گۆل بەوڵاتی فەرانسەی ئەوڕۆ گوتراوە. (وەرگێڕ)

٤٣– Caraculiambro ئەم واژەیە مانایەکی پیس و خراپیشی هەیە کە لە گوتنی چاوپۆشی دەکەم. تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە «کارا» بەمانای ڕووخسارە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووه. بەتایبەتی ئەوکاتەی کە یەکێکیشی دیتەوە کە ناوی دلبەری جانانەی خۆی بەسەردابڕێ. ئەو دلبەرە وەک دەرکەوتووە ژنە دێهاتییەکی جوان و سەحەت سووک بوو کە لە گوندێکی نزیکی گوندەکەی دۆن کیشۆت دەژیا و نەجیب زادەی مازمانیی خۆشی دەویست، بەڵام کیژەکە هیچ کات بۆنی ئەو ئەوینەی نەکرد و هیچ کات سەرنجی بەئەویندارەکەی نەدابوو. ناوی ئەو ژنە «ئاڵدۆنز لۆرینزۆ» بوو. Aldonza Lorenzo . هەر ئەویش بوو کە دۆن کیشۆت ناوی خاتوونی بێ هاوتای ئارەزووەکانی خۆی پێ بەخشی. ئەوجار کە خەریک بوو ناوێکی بۆ بدۆزێتەوە کە دەگەڵ ناوی خۆی یەک بگرێتەوە و لە هەمانکاتیشدا کەسایەتیی خاتوونێکی خاوەن شکۆی تێدا ڕەنگ بداتەوە، ناوی نا دۆلسینەدۆتۆبۆزۆ Dulcinee de toboso چونکە زێدی ئەو ژنە «تۆبۆزۆ» بوو. ئەو ناوە لە ڕوانگەی پاڵەوانەوە بەئاهەنگ و پڕ واتا بوو، بێ وێنە و سەرفیرازانە بوو. وێڕای ئەوەش وەک هەموو ناوانی کەسوکارەکانی کە خۆی بۆی دیاری کردبوون جوان و پڕمانا و گۆیا بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢

## لەمەڕ یەکەم دەرکەوتنی دۆن کیشۆتی فەرزانە لە وڵاتی خۆی

دۆن کیشۆت پاش حەسانەوە لە تەدارەک و دابین کردنی دەسپێکی کار، نەیویست لەوە زیاتر دە جێبەجێ کردنی پلانی خۆیدا درەنگ بکا. هۆکارێک کە ئەوی بۆ دەست بەکار بوون هان دەدا ئەوە بوو کە وای بیرلێ دەکردەوە هەرچەندی درەنگ تر بجوولێتەوە، دنیاش ئەوەندە تووشی دواکەوتوویی دەبێ. چونکە پاڵەوان بەو هیوایە بوو کە تۆڵەی زوڵم و زۆران بکاتەوە و پێش بەدەستدرێژییان بگرێ و تۆڵەی بزنی کۆلە لە بزنی شاخدار بکاتەوە. بەو دەلیلە، بێ ئەوەی باسی ئەو بەرنامەیە دەگەڵ هیچ گیان دەبەرێک بێنێتە گۆڕێ یا کەسێک پێ بزانێ، ڕۆژێکیان بەری بەیانی پێش تاو هەلات، بەیانەی یەکێک لە گەرمترین ڕۆژەکانی مانگی ژووئیە، خۆی دەچەکاندا ڕەش هەڵگێڕا، سواری، «ڕۆسی نانت» بوو، کڵاوخوودی لەسەری نا، مەتاڵی بەشانییەوە هەڵواسی، نێزەی بەدەستەوەگرت و لە دەرکی حەساری پشتەوە کە تەویلەی لێ بوو، ڕووی دە سەحرا کرد و لەوەی کە وا سووک و ئاسان مەیدانی دابوو بەهەوەسە گەورەکانی لەخۆشیان حەجمینی لێ بڕابوو. بەڵام هێشتا وەڕێ نەکەوتبوو کە فکرێکی ترسناک بەسەریدا زاڵ بوو. تا ئەو جێیە کەچی وای نەمابوو پەژیوان بێتەوە و لەو کارەی کە دەیویست بیکا، چاوپۆشی بکا. وەبیری هاتەوە کە بەئایینی پاڵەوانان چەکی هەڵنە گرتووە یانی بەشێوەیەکی ڕەسمی نەبووەتە پاڵەوان و هەر لە بەر ئەوەش بەپێی یاساکانی پاڵەوانی نەیدەتوانی و نەدەبووایە دەگەڵ هیچ پاڵەوانێک لە مەیداندا بەرەنگاری بکا و تەنانەت ئەگەر پێداویستییەکی ئەوتۆ بێتە پێش، دەبێ بەڕەسمی شاگرد پاڵەوانان جلوبەرگێک بپۆشێ کە نیشانی پاڵەوانەتیی پێوە نەبێ و هیچ عەلامەتێکی لەسەر مەتاڵەکەی نەبێ تا ڕۆژێک کە ئەم مافە بەهێزی باسک و باهۆی خۆی وەدەست بخا. ئەم فکرانە ئەوی دوو دڵ کرد، بەڵام چونکە شێتییەکەی بەسەر هەر عەقڵ و مەنتیقێکدا زاڵ بوو، لێ بڕا وەک زۆر پاڵەوانی تر کە باسی کار و ئەحواڵیانی دەکتێباندا خوێندبووەوە، لەدەست هەر کەسێک کە بۆ یەکەم جار دەگەڵی ڕووبەڕوو بێ، چەک بستێنێ. لەمەڕ بێ نیشان بوونی چەکیش لێ برا کە دە یەکەم دەرفەتدا چەکەکانی خۆی ئەوەندە بسوێتەوە کە وەک بەفری یەکشەوە سپی ببنەوە ببروقێنەوە. بەمجۆرە پاڵەوان خەیاڵی خۆی ئاسوودە کرد و درێژەی بەڕێگای خۆی دا. یانی بەڕێگایەکدا کە ئەسپەکەی دەڕۆیشت، چون ئەو پێی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وابوو کە بنەماو سەرەتای کارەساتخوازی دەو کارەدایە.

شەڕخوازی تازەکاری ئێمە هەروا کە بەڕێگا دا تێ دەپەڕی دەگەڵ خۆی قسەی دەکرد و دەیگوت: »شکم دەوەدا نییە کاتێک لە داهاتوودا مێژووی هونەر نوێنییەکانی بڵاو بێتەوە، ئەو زانایەی کە ئەو مێژووە دەنووسێ لەو جێگایەی کە باسی یەکەم دەرکەوتنی من دەو بەرە بەیانییەدا تۆمار دەکا ئاوا دەنووسێ: «هێشتا فیبووسی[٤٤] قژ زێڕین، بسکی زێرینی خۆی بەسەر پانتایی زەوی پان و بەریندا بڵاو نەکردبووەوە و باڵندە هەزار ڕەنگ و خۆش چریکەکان بەچەنگی خۆش ئاوازی زبانی گۆیای خۆیان و بەئاهەنگ و نەوایەکی دڵبزوێن، هەلاتنی سپێدەی گوڵڕەنگیان، کە لە نوێن و بانی مێردی حەسوودی خۆی دەرپەڕیوە و لە بەرزایی شانشینەکانی ئاسۆوە ڕووی بەرەو مانش بەئادەمزادە خاکییەکان نیشان دەدا دەر نەبڕیوە و مرۆڤە خاکییەکان دروود و سڵاوی خۆیان پێشکەش نەکردبوو کە پاڵەوانی ناودار دۆن کیشۆتی مانش لە خەوی ناز هەستا سواری ئەسپی خۆش بەزی خۆی، ڕۆسینانت، بوو و ڕێگەی خۆی بەدەشتی کۆن و ناسراوی »مۆنتیل«دا گرتە بەر...«و بەراستیش هەر دەو دەشتەدا بوو کە دۆن کیشۆت بەرەوپێش داژوا.

ئەو پاشان ئاوای درێژە بەورتەورتەکانی دا «ئەی چاخی مبارەک و ئەی سەدەی پیرۆز کە داستانی نەبەرد و ئازایەتییەکانی من دە تۆدا ئاشکرا دەبن، داستانێک کە شایانی ئەوەیە لەسەر لەوحی زەرد بنووسرێ، لەسەر بەردی مەڕمەڕ هەڵکەندرێ و لەسەر چێو ئاژن بکرێ تا دە بیرگەی بەرەکانی داهاتوودا بۆ هەتاهەتا بمێنێتەوە. ئەی زانای سیحرکار کە دەستی تەقدیر ئەرکی نووسینەوەی مێژووی سەرسوڕهێنەری ژیانی منی پێ ئەسپاردووی، هەر کەسێک هەی لەتۆ دەپاڕێمەوە و بەسەر پێتدا دەکەوم کە ئەسپی ڕەسەنی من »ڕۆسی نانت« یانی هاودەمی هەمیشەیی هەموو سەفەرەکان و هەموو ڕێگا دووروودرێژەکانم لەبیر نەکەی!....» پاشان وەخۆ هاتەوە وەک بڵێی بەراستی دڵی بەدڵبەرێک دۆڕاند بێ گوتی: «ئەی شابانوو دۆلسینە((*))، ئەی دڵبەری دڵە هەژارە پڕ لە پەژارەکەم، چ جەفایەکی گەورەت کرد کە منت لە بەر دەرگای خۆت وەدەرنا و فەرمانت دا کە هەرگیز لە خزمەت ڕوخساری وێنە مانگت ڕانەوەستم و مەحوی تەماشای جوانی و جەماڵت نەبم! ئاخ ئای دڵبەرە خۆشەویست و نازدارەکەم بەزەییت پێمدا بێ و جارێک لەو دڵە بەکەسەر کەوتووەم کە بەندەی دەرگاتە، یادێک بکە!» و سەتان قسەی تری لەو چەشنە کە لە

٤٤- Phebus فێبووس یا ئاپۆلۆن خواوەندی هونەر و ڕووناکی و سنعات.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبەپاڵەوانییەکان فێری بووبوو، بەسەر زبانیدا جاری بوو و تا دەیتوانی لاسای شێوەی وتاری ئەوانی دەکردەوە. وێڕای ئەوانە یەکجار زۆر ئارام و لەسەرخۆ بەڕێگادا دەڕۆیشت و ڕۆژیش وردەوردە بڵیند دەبوو، هەوا وەها گەرم بوو کە بۆ تواندنەوەی بڕووکەمێشکێک کە ئەگەر دەسەری پاڵەواندا مابووبێتەوە بەس بوو.

دۆن کیشۆت ئەوێ ڕۆژێ بێ ئەوەی دەگەڵ ڕووداوێک ڕووبەڕوو بێتەوە، نزیکەی تەواوی ئەو ڕۆژە بەڕێگادا ڕۆیی. بەڵام کەم کەم ناهومێد دەبوو، چون دەیهەویست زووتر تووشی حەریفێک بێ و زۆر و هێزی باسکی بەتوانای خۆی لەسەر تاقی بکاتەوە. نووسەران و مێژوو نووسان گوتوویانە یەکەم ڕووداوێک کە بەسەر دۆن کیشۆت هات ڕووداوی پۆرت لاپیسport lapice` بوو. تاقمێکی تر داستانی ئاشە باییەکان بەیەکەم ڕووداو دەزانن، بەڵام پاش لێکۆڵینەوەی زۆر دەمێژووی وڵاتی مانشدا بۆ من ڕوون بووەوە کە ئەو ڕۆژە پاڵەوان تا ڕۆژاوا بەخۆی و بارگینەکەیەوە درێژەیان بەڕێگادا و لە کۆتایی ئەو ڕۆژەدا خۆی و بارگین لەکارکەوتن و وەها شەکەت بوون کە نەیانتوانی چیتر بچنەپێش. ئەوجار پاڵەوان بەو هیوایە کە کاخێکی شاهانە یا کۆخێکی شوانانە بدۆزێتەوە و دەوێدا بۆ حەسانەوە و دەست بەئاو گەیاندن جێگیر بێ، چاوی بەدەوروبەردا گێڕا تا سەرەنجام لە قەراخ ڕێگا چاوی بەکاروانسەرایەک کەوت، ئەستێرەی بەختی خۆی چاو پێ کەوت کە بەرەو دەروازەکانی کاخ ڕێنوێنی دەکا، لە خۆشییان دە ئەسپەکەی ڕاخوڕی و لە سەرەتای داهاتنی شەودا گەیشتە ئەو شوێنە. ئەزقەزا لە بەر دەرکی کاروانسەرا دوو کیژی جحێل لەوانەی کە پێیان دەڵین «کچی بەزم و شادی[٤٥]» ڕاوەستابوون. ئەو دوو کیژە حیزە، دەگەڵ چەند کاروانچی دەچوونە سیویل (Seville) و هەموویان تەمایان وابوو شەوێ لەو کاروانسەرایە بمێننەوە. جا چونکە هەرچێ بەسەر پاڵەوانی ئێمە دەهات، یا دەیدیت بەپێی ئەو شتانەی خوێندبوویە دە بوونە شتی سەیر و سەمەرە، لێرەش کە چاوی بەکاروانسەرا کەوت، پێی وابوو ئەوە کاخێکە کە هەر چوار لای بورج وبارەیە(*) و سەرستوون(*) و کۆنگرەکانی(*) هەموو زێوین و سەیقەل کراون و کاخەکە خاوەن پردێکە کە کاتی خۆی لای دەبەن بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ بێتە ژوور و دەوراندەوری خەندەکی قووڵ لێ دراوە. بەمجۆرە لە کاروانسەرا کە لەبەر چاوی ئەو قەسرێک بوو، نزیک بووەوە. چاوەڕوان بوو

---

٤٥- مەبەست ئەو ژنە خۆفرۆش و حیزانەن کە دەبنە هۆی سەرگەرمی و ڕابواردنی میوان و موسافیران.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



پیاوێکی قوڵە بنە لەپشت کۆنگرەی قەسرەوە سەر دەربێنێ و بەنیشانەی هاتنی پاڵەوانێکی نەناسراو دەشەیپوور بتووڕێنێ. لە نزیکی دەروازە، جڵەوی ڕۆسینانتی کێشا، بەڵام کە دیتی ئەو تەشریفاتە وەدرەنگی کەوت و ئەنجام نەدرا و ڕۆسینانتیش بۆ گەیشتن بەتەویلە بەپەلە بوو، ناچار لە دەروازە نزیک بووەوە و چاوی بەو دوو کچە کەوت کە لەوێ ڕاوەستابوون کە بەبۆچوونی ئەو دوو شازادە خانمی جوان و نازەنین بوون کە لەبەر دەرگاکانی ئەو قەسرە بەشکۆیە خەریکی گاڵتە و کایە کردنن.

دەو عانەدا بەهەڵکەوت، بەراز لەوەڕێنێک کە خەریک بوو ڕەویەکی بەرازان کە بڵاو بووبوونە لە پەرێزێکی گەنمدا کۆ بکاتەوە، دە شەپیۆرێکی تووڕاند کە بۆ خڕکردنەوەی ئەم ئاژەڵانە دەکار دەکرێ. دۆن کیشۆت، وەک دەیەویست، لە جێوە پێی وابوو کە پیاوێکی قوڵە بنە هەواڵی هاتنی ئەوی داوە. بەمجۆرە شاد و دم بەپێکەنین لە کاروانسەرا و کیژەکان نزیک بووەوە و کچەکان هەر کە چاویان بەو پیاوە چەکدارە نێزە و مەتاڵ بەدەستەوە کەوت لە ترسان خۆیان دەژووری قەڵا کوتاوە و هەلاتن، بەڵام دۆن کیشۆت کە لەو هەلاتنەیان زانی کە کیژەکان ترساون، زوو نیقابە((*)) مقەوایینەکەی لادا و ڕوخساری وشک و تۆزاوی خۆی دەرخست و بەقیافەیەکی میهرەبان و دەنگێکی بەویقار پێی گوتن: «خاتوونە بەڕێزەکان هەڵمەیەن و ترسی هیچ چەشنە بێ حورمەتییەک بەدڵتاندا نەیە. چون دە ئاینی پاڵەوانیدا کە کاروپیشەی منە، تەوهین بەهیچکەس بەتایبەت کیژانێکی پایەبەرزی وەک ئێوە نەدابەو نەشایستەیە.» کیژە هەرزەکارەکان چاویان تێ بڕیبوو، بەوردی چاویان لەو ڕوخسارە ناشیرینە دەژێر ئەو نیقابەدا دەکرد، بەڵام کاتێک گوێیان لە واژەی «خاتوون» بوو کە دەگەڵ شوغڵ و کاری ئەوان یەکتری نەدەگرتەوە لە قاقای پێکەنینیان دا و دەنگی پێکەنین وەها بەرز بووەوە کە دۆن کیشۆت ڕەنجا و بەتوندی گوتی: «ئەدەب شایستەی جوانییە و پێکەنینێک کە هۆیەکی سووکەسەرانەی لەپشتەوەبێ، بێ ئەدەبییە، بەڵام من ئەم نوکتەیەم بۆ ڕەنجاندنی ئێوە نەگوت و نامەوێ خوڵقی خۆشتان بکەمە بەد خوڵقی، چون خەسڵەتی من بێجگە لە خزمەت بەئێوە شتێکی تر نییە.» ژنەکان لەم قسانە تێ نەدەگەیشتن و لە لایەکیشەوە قیافەی کرێت و نالەباری پاڵەوانی ئێمە، ئاگری پێکەنینی ئەوان و تووڕەیی ئەوی زۆرتر دەکرد، تا ئەو جێگایەی ئەگەر دەو ساتەدا کاروانسەرادری قەڵەو، کە لە بەر قەڵەویان پیاوێکی ئارام و لەسەرخۆ بوو، نەگەیشتبایە، لەوانە بوو کار بکێشیتە جێگەیەکی ناسک و نالەبار. کابرا هەر کە چاوی بەو ڕوخسارە سەیرە و ئەو لغاو و نیزە شکاو و مەتاڵەکۆن و زرێ هەڵوەریوە کەوت، چی وای نەمابوو ئەویش وەک کچەکان لە قاقای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێکەنین بدا. بەڵام لە ترسی ئەو ڕمووزنە چەکدارە خۆی خڕکردەوە و لێ بڕا کە بەڕێز و حورمەتەوە دەگەڵی بدوێ. بۆیە گوتی: «حەزرەتی پاڵەوان ئەگەر بەڕێزتان بۆ مەنزڵ گرتن تەشریفتان هاتووەتە ئێرە، بێجگە لە تەختی خەو کە تەنانەت یەک دانەشی لەم کاروانسەرایەدا وەگیر ناکەوێ، هەمووشت هەرچەندی دڵخوازی بەڕێزتان بێ دەست دەکەوێ.» دۆن کیشۆت کە چاوی بەخۆبەکەم زانین و ئەدەبی قەڵاپارێز، یانی فەرماندەی قەڵا کەوت – چون بەلای ئەوەوە کاروانسەرا کە قەڵاو کاروانسەرادارەکەش فەرماندەی قەڵابوو – دەجوابدا گوتی«ئەی جەنابی قەڵاپارێز. من هەرچی بمدەنێ پێی دڵخۆشم. ساز و بەرگی سپا زیوەری منە و نوێن و بانم خاک وخۆڵی مەیدانی پێکدادانە»، کاروانسەرادار وای بۆچوو کە ئەو غەریبەیە بۆیە ناوی قەڵاپارێزی پێ دەدا چونکە ئەوی دەگەڵ یەکێک لە هەلاتووانی قەڵای کاستیل لێ تێک چووە، لە حاڵێکدا ئەو خەڵکی ئەندلۆس و قەراخ دەریای سان لۆکارSan locar و کەسێک بوو کە دە دزی کردندا لە «کاکووس» و دەلاسایی کردنەوە و گاڵتەجاڕیدا لە خوێندکاران یا دەلقەکانی دەرباری لەسەرتر بوو. کەوا بوو دە وەڵامی ئەودا گوتی: «تۆ لەوان کەسانەی کە لەسەر بەردی ڕەق دەخەوی و شەو تا بەیان بێداری و دەتوانی نەخەوی. ئێستا کە وایە دەتوانی پێلاوت لەسەر چاوم دابنێی و خاتر جەم بی لەم کاولە کۆنەدا دەرفەت یا دەرفەتانێکی زۆرت گیرکەوێ کە نەک هەر ئەمشەو بەڵکوە دەتەواوی ساڵدا خەوت لێ نەکەوێ.»

پاش ئەو قسانە، ڕکێفی دۆن کیشۆتی گرت و ئەویش وەک کەسێک کە بەدرێژایی ئەو ڕۆژە زەوادی لەت نەکردووە و بەڕۆژوو بووە لە ئەسپ دابەزی و لە جێوە دەستووری بەکاروانسەرا دا کە بەئەسپەکەی ڕابگا و تیماری بکا. چون ئەسپەکەی باشترین ئەسپێکە کە تا ئێستا لە دنیا دا زینی لە سەرپشتی ڕۆندراوە. کاروانسەرادار چاوی لە ئەسپە کرد و دیتی ئەو تاریف و پێ هەڵگوتنەی خاوەنەکەی نیوەی وا نییە. لەسەر ئەمری پاڵەوان ئەسپی دە تەویلە کێشا و بەستییەوە و گەڕاوە دیتی کچەکان دەگەڵی ئاشت بوونەوە و خەریکن چەک و زرێی لە بەر دامالن. تا ئەوکاتە زرێی سەر سینگ و شانیان داکەندبوو، بەڵام هەرچی کردیان و کراندیان نەیانتوانی تۆقی ئاسنینی دەوری گەردنی و کڵاوخوودە لارو گێرەکەی کە بەنەواری سەوز لێک بەسترابوون، دەربێنن. چون نەیاندەتوانی گرێی نەوارەکان بکەنەوە، دەیانویست بیانبڕن، بەڵام دۆن کیشۆت بەهیچ شێوەیەک ڕازی بەوکارە نەبوو، بەباشتری زانی کە تەواوی ئەو شەوە بەکڵاوخوود دانیشێ، هەر لەبەر ئەوەش قیافەی وەها سەیر و خەندەدار بوو کە سەر بەقوڕ پێی پێ دەکەنی. لە کاتی ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەشریفاتەدا، دۆن کیشۆت بەمتمانەی ئەوە کچەکان کە لیباسیان لەبەر دادەکەند لە خاتوونە بەڕێزەکانی کاخەکەن ڕووی تێ کردن و بەنەرم و نیانییەکی زۆرەوە ئەو شێعرانەی بۆ خوێندنەوە کە بەشێک بوون لە ئاسەواری شێعری کۆن.[٤٦] «هەرگیز هیچ پاڵەوانێک وەک دۆن کیشۆت لەو کاتەدا کە لە گوندی خۆیرا هات نەکەوتە بەر لوتف و پێڕاگەیشتنی خاتوونان. کیژەکان بەخۆی ڕادەگەیشتن و شازادە خانمەکان ئاگادارییان لە ئەسپەکەی دەکرد. چون ئەی خاتوونە نازەنینەکان ناوی ئەسپەکەی من، ڕۆسینانتە، هەر وەک ناوی منی غولامی ئێوە، دۆن کیشۆتی مانش. هەر چەند من دەمویست لە ڕێگەی نیشاندانی ئازایەتی و خۆبەخت کردن لەڕێی ئێوەدا بناسرێم، بەڵام پێداویستیی هێنانەوەی شیعری لانسیلۆ بوو بەهۆی ئەوە کە زووتر لە کاتی دیاریکراو ئێوە لە ناوونیشانی من خەبەردار ببنەوە. بەڵام ئەو ڕۆژە دادێ کە ئێوە خاتوونانی خاوەن شەوکەت، فەرمان بدەن و من فەرمان جێبەجێ بکەم و هێزی شان و باهۆم شاهیدی ئارەزووی من بۆ خزمەت کردن بەئێوە بێ.» کچە هەرزەکارەکان کە بۆ بیستنی ئەم چەشنە فەرمایشاتە خەلق نەکرابوون جوابیان نەداوە و لێیان پرسی دەیەوێ شتێک مەیل بکا؟ دۆن کیشۆت گوتی «هەرچی بێ پێی ڕازیم و ئەگەر بەهەڵە نەچووبم، هەموو شتێک بەمیزاجی من سازگارە.»

بەختەوەرانە ئەو ڕۆژە هەینی بوو، لە تەواوی کاروانسەرادا بێجگە لە چەند کوت گۆشت ماسی ئەویش لە ماسیی وشک کراو کە دە هەرێمە جۆراوجۆرەکاندا سەگ ماسی، ماش، یا کەپووریان پێ دەڵێن هیچ شتێکی تر وەدەست نە دەکەوەت. لە جەنابی پاڵەوانیان پرسی کە سەگ ماسی دەخوا یا نا، و بۆ ڕوون کردنەوە گوتیان کە بێجگە لەو ماسییە هیچ نەوعێکی تریان نییە. دۆن کیشۆت گوتی: «دەخۆم بەومەرجەی چەند کوتێکم بدەنێ تا بەجێگەی قزل ئالایەکی تەواو حیساب بکرێ، چون ئەگەر قەرار بی هەشت ڕێئال پووڵم بدەنی، تەفاوەت ناکا ئەو هەشت ڕێئاڵە پووڵی ورد بێ یا سکەیەکی هەشت ڕێئالی. لە لایەکی تریشەوە ڕەنگە هەمان سەگ ماسی وەک گوشت گوێلک کە لە گۆشتی گا ناسکترە و یا گوشتی گیسک کە لە گۆشتی بزن نەرمترە، لە باقیی گوشت ماسییەکان باشتر بێ. بەهەر حاڵ هەرچی هەیە زوو بۆم بێنن چون زەحمەتی هەڵگرتنی چەکوچۆڵ تەنیا بەزگی تێر مەیسەر دەبێ.» مێزی خواردنی دۆن کیشۆتیان لە بەر دەرکی کاروانسەرا دانا تا جێگەی فێنکتر

---

٤٦- ئەم چەکامە کۆنە هەمان چەکامەی لانسیلۆ پاڵەوانی ئەفسانەییە کە دەڵێ: «هیچ کام لە پاڵەوانانی دنیا، نەکەوتنە ژێر لوتف و لاواندنەوەی خاتوونان، مەگەر لانسیلۆ...».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabart.org

بێ و کاروانسەرادار خۆراکێکی لەو سەگ ماسییە بۆ هێنا کە زۆر خراپ دروست کرابوو، چاشنییەکی زۆر خراپیشی لێ درابوو دەگەڵ هێندێک نانی برشاو((*)) کە بەقەدەر چەکوچۆڵی پاڵەوان ڕەش و برشاوی بوو. دیتنی خۆراک خواردنی دۆن کیشۆت سەر بەقۆڕی دەخستنە پێکەنین، چون کڵاوخوودەکەی هەر لەسەری بوو، نیقابەکەی لادابوو و بەدەستی خۆی نەیدەتوانی شتێک دەزاری خۆی بنێ و ناچار کەسێکی تر دەبووایە پارووی دەزاری ڕاکا و یەکێک لە ژنەکان ئەم ئەرکەی بەئەستۆ گرتبوو. خواردنەوەی ئاو یا شەراب ئەستەم و دژوار بوو، ڕەنگە ئەگەر فکرێک بەبیری کاروانسەدار نەگەیشتبایە، ئەو شەوە پاڵەوان لە توونییان خنکابا، بەمجۆرە کە کاروانسەرادار قامیشێکی هێنا و هەر دووک سەری کون کرد، سەرێکی دەزاری دۆن کیشۆت ڕاکرد و لەسەرەکەی تر ڕا شەرابی تێ کرد. پاڵەوانی بێ ئەنوا ئەو هەموو مەرارەتەی دەکێشا، بەڵام حازر نەبوو تەسمەی کڵاوەکەی هەڵبڕن. دەو ئانەدا پیاوێک کە کاری یەختەکردن و خەساندنی بەرازان بوو، بەهەڵکەوت هاتە کاروانسەرا و کاتی وەژوور کەوتن، پێنج شەش جاران دە بلوێری خۆی تووڕاند، هەر ئەوەش بوو بەهۆی ئەوە کە دۆن کیشۆت دەخەیاڵاتەکانی خۆیدا شێلگیرتر بێ و پێی وابێ کە دە قەسرێکی ناوبەدەرەوەدا بێ و وای دابنێ کە خۆراکیان دەگەڵ نەوای مۆسیقا بۆ هێناوە و پێی وابێ ئەو سەگ ماسییە قزل ئالایە و ئەو کچەتیوە حیزانەش، خاتوونی بەشان و شکۆی دەربارین و کاروانسەرادار‌یش قەڵاپارێزی کاخێکی بەشکۆیە. بەم هۆیە تەما گرتن و دەست بەکار بوون بۆ دەرکەوتنی بەپێویست زانی. بەو حاڵەشەوە، فکرێک ئازاری دەدا ئەویش ئەوە بوو کە بەئاینی تایبەتی پاڵەوانی دەست بەکار نەبووە، چون بەبڕوای ئەو تا کاتێک نەگاتە پلەی پاڵەوانی، بەپێی یاسا نەیدەتوانی دە هیچ کارەساتێکدا دەرگیر ببێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣

## لەمەڕ ئەوەی دۆن کیشۆت، بەشێوەیەکی شیرین و خۆش، ناوی پاڵەوان وەردەگرێ

دۆن کیشۆت کە ئەم فکرە ئازاری دەدا بەپەلە شامە فەقیرانەکەی کاروانسەرای خوارد، پاشان کە دەستی لە خواردن کێشاوە، بانگی کاروانسەراداری کرد، دەگەڵ خۆی بردییە تەویلە، دەرگای تەویلەی قەپات کرد و دە بەرانبەر کاروانسەراداردا کەوتە سەر چۆک و گوتی: «ئەی پاڵەوانی خاوەن ڕێز، من لە بەڕێزتان تکایەکم هەیە کە هەم دەبێتە هۆی شانازیی ئێوەی پایەبەرز و هەمیش خزمەتێکی گەورەیە بەبەرەی ئادەمیزاد و تا کاتێک لە ڕووی لوتف و مەرحەمەتەوە بەڵێنیم پێ نەدەی کە بەقسەم دەکەی، لێرە هەڵناستم» کاروانسەرادار کە میوانی خۆی لەبەر پێی خۆیدا دیت و ئەم قسانەی گوێ لێ بوو بێ ئەوەی بزانێ دەبێ چ بکا و چ بڵێ بەسەرسوڕماوییەوە چاوی دەوبڕی، تێ کۆشا میوان بەرزکاتەوە سەرپێ، بەڵام تا قەولی نەدا کە خواهیشتی پاڵەوان بەجێ بێنێ نەیتوانی ئەو کارە بکا. دۆن کیشۆت گوتی: «من لە پلە و پایەی حەزرەتی ئێوە بێجگە لەوە چاوەڕوانییەکم نەبوو، ئێستا مەبەستی خۆمتان بەعەرز ڕادەگەیەنم: خواهیشتی من کە ئێوە قبووڵتان فەرموو ئەوەیە کە سبەی بەیانی بەئایینی تایبەت شانازیی پلەی پاڵەوانیم پێ ببەخشی. من ئەمشەو سەرتا پا بەچەکەوە دەنویژخانەی ئێرەدا شەو بێدار دەبم و سبەی بەیانی وەک عەرزم کردی ئەو ڕێوڕەسمەی کە ئەو هەمووە بەئارەزووییە بووم، ئەنجام دەدرێ تا بتوانم، ئەو جۆرەی پێویستە، دە دنیای پان و بەریندا، بەشوێن ڕووداوی پاڵەوانیدا، بەمەبەستی یارمەتیدانی نیازمەندان و هەژاران و بەپێی ئایینی پاڵەوانی و ئەرکی پاڵەوانانی سەرگەردان کە شۆری ئەم چەشنە ئازایەتی و قارەمانەتییەیان دە سەر دایە، هەڕەمە بکەم.»

کاروانسەرادار کەوەگ گوتمان، کابرایەکی تا ڕادەیەک فێڵباز بوو، پێشەکیش گومانی ئەوەی کردبوو کە میوانەکەی عەقڵی سووکە کاتێک ئەو قسانەی بیست گومانی لێ بوو بەیەقین، بەڵام بۆ ئەوەی زەمینەی بەزمێکی خۆش دەو شەوەدا بۆ خۆی دابین بکا، وەسەر خۆی نەهێنا و دە جوابدا گوتی کە پاڵەوان مافی خۆیەتی وەها ئارەزوویەکی هەبێ و گرتنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

وەها تەمایەک((*)) لە لایەن نەجیب زادە پایەبەرزەکان کە دۆن کیشۆتیش بەدیمەن و ڕواڵەتی ڕازاوە و هەیکەل و سەرو پۆتەراکی وێچوویەوە، دە ڕیزی ئەواندایە، ویستێکی سروشتی و مەنتیقییە. پاشان درێژەی بەقسەکانی دا: «منیش دە سەردەمی لاوەتیمدا ئەو ئەرکە ئابڕوومەندەم هەبوو، بەهەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا و بەدوای ڕووداوی پڕکارەساتدا گەڕاوم، شارە دێی باڵا بەرزان لە مالاکا و دوڕگەکانی ڕیارۆن Riaron و قوتب نمای سیویل و کارێزی سەگۆوی Segovie و کارگەی ڕۆنکێشیی والانس و سەمای دارینی غەرناتە Gre-nade و قەراخەکانی سان لۆکار و ڕەوە ئەسپەکانی کوردوە Cordue و کەلاوەکانی شاری تولیدە Tolede و زۆر شوێنی ترم دیتووە و لە هەموو جێگایەک توانیومە هێزی باسک و زەبری دەستی خۆم، نیشان بدەم. لە هەموو شوێنێک بوومەتە هۆی زۆڵم و دەستدرێژی ودەگەڵ بیوەژنان کەیفم کردووە و پەردەی کچێنیی زور کیژانم دڕاندووە، زۆرم هەتیو مەتیو فریوداون و سەرەنجام دە هەموو مەحکەمە و دەربارەکانی ئەسپانیادا خۆم خستە سەر زبانان و ناوبانگم ڕۆیشت، ئێستاش پاش ئەو هەموو کارەساتانە لێرە دەکاخی خۆمدا دانیشتووم و بەسەروەت و سامانی خۆم و دیتران بەرێ دەچم. لە پاڵەوانانی سەرگەردان، تەنیا لە بەر ئەوەی زۆرم خۆش دەوێن، پەزیرایی دەکەم، بەو مەرجەی ئەوانیش لە پاداشتی ئەو نیازپاکییەی مندا نەغدینەی خۆیان دەگەڵ من بەش بکەن.» هەروەها کاروانسەرادار بەدۆن کیشۆتی گوت کە دەقەسری خۆیدا نوێژخانەی نییە تا پاڵەوان شەو بەچەکەوە کێشک بدا چون نوێژخانەکە تێک دراوە تایەکێ تازەتری لە شوێنەکەی دروست بکەنەوە. بەلام ئەگەر پێویستە دەتوانێ ئەو شەوبێدارییە لە هەر شوێنێک کە بەدڵی بێ ئەنجام بدا، و باشتر ئەوەیەکە شەوەکەی دە حەوشی کاخدا بەرێتە سەر تا سبەی بەیانی بەویستی خوداوەند، تەواوی ڕێوڕەسمەکان بەئەنجام بگەن و ئەو بەشێوەیەکی گونجاو پلەی پاڵەوانی وەدەست بێنێ و ببێتە پاڵەوانێکی بێ وێنەی ئەم جیهانە.

بێجگە لەوە، کاروانسەرادار لێی پرسی کە پووڵی نەغدی هەیە؟ دۆن کیشۆت جوابی داوە کە فلسێکی پێ نییە چونکە دە داستانە پاڵەوانییەکاندا لە هیچ کوێ نەیخوێندووەتەوە کە پاڵەوانی سەرگەردان پووڵ و پارەیەکی هەڵگرتبێ. کاروانسەرادار لە وەڵام دا گوتی کە پاڵەوان لێرەدا بەهەڵە چووە، چون هەر چەند دە داستانەکاندا ئیشارەیەک بەو باسە نەکراوە، چونکە نووسەرانی ئەم داستانگەلە بەپێوستیان نەزانیوە مەتڵەبێکی ئاوا ئاشکرا و بێ هەمیەت بنووسن و وەبیر بخەنەوە کە پاڵەوان دەبێ پارە و کراسی سپی دەگەڵ خۆی هەڵگرێ، بەلام نابێ لەسەر ئەو بنەمایە وا بزانین کە پێویست ناکا پاڵەوانانی سەرگەردان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پارە و پووڵ دەگەڵ خۆیان هەڵبگرن. بەمجۆرە کاروانسەردار بەمتمانەی تەواو جەختی لەسەر ئەوەکرد کە تەواوی پاڵەوانان کە ناو و ناوبانگیان هەزاران کتێبی پڕ کردووەتەوە دە هەموو سەفەر و کارە ساتێکدا کیسەی پڕ لە نەغدینە و چەند دەست جلوبەرگ و سندوقچەیەکی پڕ لە مەرهەم و دەرمان بۆ سارێژ کردنەوەی برینەکانیان دەگەڵ خۆیان بردووە. دیسان درێژەی پێ دا و گوتی: «دە ڕاستیدا لەو دەشت و بیابانانەدا کە پاڵەوانان شەڕیان کردووە و برینیان هەڵگرتووە، هەمیشە وا نەبووە کە کەسێک دەستەونەزەر لەوێ ڕاوەستابووبێ و برینەکانیانی دەرمان کردبێ. مەگەر ئەوەی پاڵەوانان دۆستێکی حەکیم و جادووگەریان هەبووبێ کە دەستبەجێ کەنیزەکێک یا غولامێکیان لەسەر پەڵە هەورێک بەئاسماندا هێنابێ و شووشە ئاوێکیان بەچەندین تایبەتمەندییەوە دەگەڵ خۆ هێنابێ کە بەخواردنەوەی چەند دڵۆپێک لە ئاوەکە هەموو برینەکانیان سارێژ بووبنەوە بەجۆریک کە پێت وابێ هەرگیز ئەلەمیان((*)) نەگەیبێتێ و نووکە دەرزییەکیان تێڕانەچووبێ. بەڵام پاڵەوانانی کەونارا کە دەستیان بەم شتە ڕانەگەیشتووە هەمووکات بەمەرجی عەقڵیان دەزانی کە مەیتەرەکانیان نەغدینە و پێداویستی برینپێچی و مەرهەمی جۆراجۆریان پێ هەبێ و ئەگەر بەهەڵکەوت پاڵەوانان مەیتەریان نەبووایە - کە زۆرکەم وا دەبوو - بەناچار خۆیان ئەو پێداویستییانەیان دە خورجێنێکی پەشمین و ڕەنگاورەنگ دەنا و لە پاش تەرکی ئەسپی خۆیان دەبەست. خەڵک لایان وابوو شتێکی بەنرختر لە داوودەرمان دەو خورجینەدایە، چون بێجگە لەم مەوریدە تایبەتییە دە ئاینی پاڵەوانانی سەرگەرداندا خورجێن لە پاش تەرکی ئەسپ بەستن باو نەبووە» لە ئاکامدا کاروانسەرادار زۆر شتی پێ ڕاگەیاند و تەنانەت وەک پاڵەوانێک کە بەپێی پێداویست و نیاز ئەوەی لازمە، بەشاگردی خۆی فێردەکا، بەدۆن کیشۆتی ئەمر کرد کە لەمەو دوا بێ پووڵ و بێ تۆشە و زەوادی ڕێگا و کەرەسەی پێویست وەڕێ نەکەوێ و دەبینێ کە ئەو تێبینییانە زۆرتر لەوەی خۆی فکری لێ کردووەتەوە، بەکاری دێ و دەبێتە مایەی خۆشحاڵی. دۆن کیشۆت بەڵێنی دا کە ڕێنوینییەکانی ئەو مووبەموو دەکار بێنێ.

دەستبەجێ هەموو پێداویستییەک دابین کرا تا دۆن کیشۆت ئەو شەوەی دە حەوشی تەویلەی تەنیشت کاروانسەرادا بەچەکوچۆڵەوە بەشەوبێداری و کێشک کێشان بەرێتە سەر. پاڵەوان هەموو پارچە چەکەکانی خۆی کۆ کردەوە و لەسەر ئاوخۆرگەیەکی بەردینی قەراغ چالاوێکی دانان. پاشان مەتاڵی بەشانییەوە هەڵواسی و نێزەی بەدەستەوە گرت و بەئارامی دەستی کرد بەپیاسە کردن بەدەوری ئاوخۆرگەکەدا. کاتێک دۆن کیشۆت ئەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabt.org

گەشتی شەوانەی دەست پێکرد شەو بەسەردا دەهات کاروانسەرادار داستانی دێوانەیی میوانی خۆی و شەوبێدارییەکەی بەچەک و ئەسلەحەوە و ڕێورەسمێک کە دەبێ دۆن کیشۆتی تێدا ببێتە پاڵەوان بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە کاروانسەرادا بوون حیکایەت کردبوو. میوانان کە لەو شێتییە سەیر و سەمەرەیە واقیان وڕما بوو ڕۆیشتن تا لە دوور، چاو لە دۆن کیشۆت بکەن. پاڵەوان جاروبار سەبرسەبر پیاسەی دەکرد و جاروباریش پاڵی وە نیزەکەی دەدا و زەق زەق چاوی دە چەکوچۆڵەکانی دەبڕی و تا سەعاتێکی تەواو چاوی لێ نەدەترووکاندن. شەو درەنگان بوو، بەڵام پڕشنگی مانگەشەو، ئەستێرەگەشەی بەزاندبوو، وەها ڕووناک بوو دەبووایە دەزووی لەبەر بەدەرزییەوە بکەی، بەجۆریک کە هەرچی شاگرد پاڵەوان دەیکرد هەموو دەیاندیت.

دەو چرکە ساتەدا یەکێک لە ئێستردارەکان کە لە کاروانسەرادا ئوتراغی کردبوو هەوەسی کرد بڕواو ولاغەکانی ئاو بدا و بۆ ئەنجامی ئەم کارە دەبوایە چەکەکانی دۆن کیشۆت لەسەر ئاوخورگەکە هەڵگیرێن. پاڵەوان هەر کە چاوی بەکابرا کەوت بەسەریدا گوڕاند و گوتی: «ئەی ڕەشایی، ئەی پاڵەوانی بەورە کە بەمەبەستی دەستدرێژی بەچەکوچۆڵی ئازاترین پاڵەوانی سەرگەردانی عالەم کە هێشتا کەس وەک ئەو شمشێری لە کەمەر نەبەستووە، هاتوویە پێش. ئامان، سەد ئامان ئەگەر ناتەوێ گیانت لەسەر ئەو جەسارەتەت بەخت بکەی، بکشێوە دواوە و دەست بۆ لای ئەو چەکانە درێژ نەکەی!» ئێستردار گوێی نەدا ئەو قسانە و لەو بێ مبالاتی و گوێ پێ نەدانەش زیانی پێ گەیشت و ئەگەر بێ پەروا نەبووایە ئەو بەلایەی بەسەر نەدەهات. بەڵام بەپێچەوانە دەستی درێژ کرد و چەکوچۆڵ و خرتوپرتی دۆن کیشۆتی تووڕ هەڵدا گۆشەیەک. دۆن کیشۆت کە وای دیت سەری بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە لە کاتێکدا دەتگوت ڕۆحی خۆی پێشکەش بەدۆلسینە دەکا، دەنگی هەڵێنا و گوتی: «ئەی دلبەری من، دەبینی کە بۆ یەکەمجار بێ حورمەتیم پێ کراوە و ئەتک کراوم. بەهاوارم بگە! و نەکا کە سایەی لوتف و مەرحەمەتت لەم یەکەمین کارەساتەدا لە سەرم کەم بکەیەوە!» و لە کاتێکدا هەژدەر(*) هەژدەر ئەو قسانەی دەکرد مەتاڵی هەڵداشتە کەنارێک و بەهەر دووک دەستان نێزەی بەرز کردەوە و زەبرێکی وەها گرچووبڕی لە تەپڵی سەری ئێسترەوان دا کە کردییە نەخشی زەوی و وەهای لێ کرد کە ئەگەر زەبرێکی تری لێ دابا ئیتر نیازی بەچوونی لای هیچ برینکارێک نەدەما. پاش تەواوکردنی ئەو کارە چەکەکانی خۆی کۆ کردەوە و دیسان هەر بەو ئارامییەی پێشوو دەستی کردەوە بەپیاسە لە درێژایی و پانایی حەوشە کەدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێندێک دواتر یەکێک لە هاوڕییانی ئێسترەوان بێ ئەوەی ئاگای لەو ڕووداوە بێ – چوون هاوڕێکەی ئێستا بەبێهۆشی لەسەر زەوی کەوتبوو – بەئەزمی ئاودانی ئێسترەکانی لە چاڵاوەکە نزیک بووەوە. بەڵام لەوکاتەدا کە چەکوچۆڵەکانی دۆن کیشۆتی لەسەر ئاوخۆرگەی بەردین وەلا دەبرد، لە نەکاو پاڵەوان بێ ئەوەی دەنگی لیۆە بێ یا لە بەر کەسێک بپاڕێتەوە، دیسان مەتاڵەکەی فڕێ دایە لایەک و نێزەکەی بەرز کردەوە و زەبرێکی وەهای لەسەری کابرا دا کە هەر چەند کەللەی پڕژ و بڵاو نەبوو، بەڵام لە چوار لاوە قەڵشی تێ کەوت. هەموو دانیشتووانی ئەو کاروانسەرایە و لەوانە کاروانسەرادار بەبیستنی شەقەی ئەو زەبرە، سەر ڵشێواوانە هەلاتن بزانن چ قەوماوە. دۆن کیشۆت هەرکە چاوی پێیان کەوت مەتاڵی هەڵگرت و شمشێری دەست دایە و دەنگی لێ هەڵێنا: «ئەی دلبەری مانگ ڕوخساری من، ئەی هێز و تینی دڵی هەژاری من، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە نەزەری لوتفی خۆت بخەیتە سەر ئەم پاڵەوانە کە بەندەی تۆیە و کەوتووەتە بەر مەترسیی ڕووداوی سامناک»: ئەو واژانە وەها هێزێکی دا بەدڵی پاڵەوان کە ئەگەر هەموو ئێستردارانی دنیای وەسەر گەڕابان، هەنگاوێک پاشەکشەی نەدەکرد. هاوڕێیانی ئەو دوو بریندارە کاتێک دۆستانی خۆیان بەو جۆرە دیت لە دوورەوە دۆن کیشۆتیان بەردەباران کرد و ئەویش تا دەیتوانی خۆی دە ژێر مەتاڵدا حاشار دەدا و بۆ ئەوەی چەکەکانی لە دەست نەچن لە ئاوخورگەی چاڵاو دوور نەدەکەوتەوە، کاروانسەرادار دەیزیقاند و دەیگوت کە ئەی جەماعەت لە کۆڵی ببنەوە. من پێم گوتبوون کە ئەو پیاوە عەقڵی دە سەریدا نییە و شێتە و چون دێوانەیە ئەگەر هەمووتان بکوژێ ئیرادی لێ ناگیرێ. لەولا شەوە دۆن کیشۆت هاواری دەکرد و ئەو عالەمەی بەبێ دین و غەیان ناو دەبرد و دەیگوت کە خاوەنی ئەو قەلایە پاڵەوانێکی نمەک بەحەرام و بێ ئەدەبە، چون ئیزنی داوە دەگەڵ پاڵەوانی سەرگەردان بەمجۆرە هەڵسوکەوت بکەن. دوایە درێژەی بەقسەکانی دەدا: «من ئەگەر گەیشتبامایە پلەی پاڵەوانی تێم دەگەیاند کە غەیانە، بەڵام ئێوە ئەی خوێڕییە پیاوەکان هیچتان بەبەنی ئادەم نازانم. ئێوە هەر چەندی دەتوانن بەردم پێدادەن و لێم وەرنە پێشتر و هێرشم بۆ بێنن! دەبینن کە ئەم جەسارەتە شیتانەیە تا چە ئەندازەیەک بۆتان بەگران تەواو دەبێ.» و ئەم قسانەی بەقیافەیەکی وەها لێبڕاوانە و بەدەنگێکی وەها مەغرووڕانە دەگوت کە هێرش بەران لە ترسان لە سەرجێی خۆیان وشک هەلاتبوون، تا ئەو جێگەی لە ترسان بەقسەی کاروانسەراداریان کرد و دەستیان لە بەرد هاویشتن هەڵگرت. ئەوجار دۆن کیشۆت ئیزنی پێ دان بریندارەکانیان بەرن و خۆی، هەر بەو ویقار و ئارامییەی پێشوو درێژەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بەشەوبێداری و کێشک کێشان دا.

کاروانسەرادار چی تر نەیدەتوانی جلفڕییەکانی(*) میوانی خۆی قبووڵ بکا و لێ بڕا پێش ئەوەی کارەساتێکی تر بقەومێ هەرچی زووتر دەرەجەی پاڵەوانی بدا بەدۆن کیشۆت. بەم هۆیەوە بەترس و لەرزێکی زۆرەوە لێی نزیک بۆوە و لە بێ شەرمیی ئەو جەماوەرەی کە هێرشیان بۆ هێنا بوو، ئەویش ڕۆحی خەبەردار نەبوو، عوزری خواست، بەتایبەت کە ئەوانیش بەباشی تەمێ کرابوون و بەسزای کاری ناشیرینی خۆیان گەیشتبوون. هەروەها دووپاتی کردەوە کە لەم قەسرەدا نوێژخانە نییە، بەڵام بۆ ئەنجامدانی باقیی کارەکان نوێژخانە پێویست نییە. چون بەپێی ئەو ئاگادارییانە کە ئەو لە ئاینی پاڵەوانی هەیەتی دەزانێ کە بۆ گەیشتن بەو پلەو پایەیە، ئەسڵ ئەوەیە کە دوو زەبر لە شانوپشتی شاگرد پاڵەوان بدرێ و ئەو کارە لە نێوەڕاستی بیابانیشدا ئەنجام دەدرێ. لەمەڕ شەو بێداری و کێشککێشان بەجلوبەرگی شەڕەوە ئەوەی پێویستە کراوە؛ چون بۆ ئەم کارە دوو سەعات وەخت بەس بوو لە کاتێکدا پاڵەوان چوار سەعات بێداری و بێ خەویی کێشاوە.

دۆن کیشۆت قسەکانی کاروانسەراداری باوەڕ پێ کرد و گوتی کە بۆ ئەنجانی فەرمانی ئەو ئامادەیە و تکای کرد کە ئاینی دیاریکراو هەرچی زووتر کۆتایی پێ بهێنرێ و گوتی: «ئەگەر من بگەمە پلە و پایەی پاڵەوانی و دیسان هێرشم بۆ بێنن، تاقە کەسێک لەم قەسرەدا بەزیندوویی ناهێڵمەوە مەگەر ئەوەی کە تۆ لایەنگری لێ بکەی، کە ئەڵبەتە لە بەرخاتری تۆ دەیبەخشم». قەڵاپارێز کە لەم قسەیە هێندێک ئارامیی خەیاڵی بۆ پێک هاتبوو بۆ لای دەفتەرێک چوو کە حیسابی کاو و جۆی ئێستردارەکانی تێدا دەنووسی. پاشان زۆر زوو دەگەڵ کوڕێکی مێرمنداڵ کە کوتە شەمێکی چکۆلەی بەدەستەوە بوو دەگەڵ دوو کیژە هەرزەکارەکان گەڕاوە ئەو شوێنەی کە دۆن کیشۆت چاوەڕوانی بوو. فەرمانی بەپاڵەواندا کە بکەوێتە سەرچۆک، پاشان لە ڕووی دەفتەرەکەی، وەک ئەوەی ویردودوعای پیرۆز دەخوێنێتەوە، دەستی کرد بەورتەورت. دە نێوەڕاستی دوعاکانیدا زەبرێکی توندی لە نێوشانی دۆن کیشۆت دا و بەڕواڵەت هەروا خەریکی دوعا کردن و ویرد خوێندن بوو. پاش ئەوکارە ئەمری بەیەکێک لە خانمەکان کرد کە شمشێر لە کەمەری پاڵەوان ببەستێ و خانم لەسەرخۆ بەنازوغەمزەیەکی زۆرەوە و بەخۆڕاگرییەوە ئەو کارەی ئەنجام دا؛ چون هەرکام لە پاژەکانی ئەنجامدانی ئەو تەشریفاتە ئەوەندە مەسخەرە و پێکەنینی بوون کە پیاو بەزەحمەت خۆی پێ ڕادەگیرا. بەڵام ئەو دلاوەرییانەی کە لە شاگرد پاڵەوانی دیترابوو، پێکەنینی پێ کردبوونە ڕێزدانان و خۆڕاگرتن. خاتوونی مێهرەبان کە شمشێری کەمەری

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

دۆن کیشۆتی دەبەست گوتی: «خوای مەزن بەڕێزتان ئاخر بەخێربکا و دەشەرەکیاندا سەرکەوتنت بەنسیب کا!»

دۆن کیشۆت ناوی کیژەکەی پرسی تا بزانی لەمەودوا قەرزداری لوتفی کێیە، چون لە دڵیدا بوو کە ئەوی دەوشانازییانەدا کە وەدەستیان دێنێ بەشدار بکا. خانم بەکڕنۆوشەوە وەڵام ی داوە کە ناوی تولۆزا Toloza یە و کچی پینەچییەکی خەڵکی شاری تۆلیدە و لە دەکە(*) یەکی چێوینی «سانکۆبیەنایادا»(٤٧) مزلێکی هەیە و لە هەر شوێنێک بێ بەدڵ و گیان خۆی بەخزمەتکاری پاڵەوان دەزانێ و بەوەلی نیعمەت و ئەربابی خۆی دادەنێ. دۆن کیشۆت خواهیشتی لێ کرد کە لەمەو دوا لە بەر دڵی ئەو ناوی «دۆنا»(٤٨) لەسەرخۆی دابنێ و بەخۆی بڵێ «دۆناتۆلۆزا» و خانم بەڵێنی دا کە هەروا دەکا. کیژە هەرزەکارەکەی تر مامزەی دۆن کیشۆتی بەست و پاڵەوان هەر ئەو قسانەی بەکچەکەی تری گوتبوو بەویشی گوت. کاتێک دۆن کیشۆت ناوی پرسی خانم جوابی داوە کە ناوی «مۆنییەرە»(٥٠) و کچی ئاشەوانێکی شەریفی خەڵکی «ئانتەکرایە» Antequera. دۆن کیشۆت تکای لەویش کرد کە لەقەبی دۆنا دەکار بێنی و ناوی خۆی بکاتە «دۆنامۆلینرا». dona Molinra ئەویشی خستە ژێر لوتف و مەرحەمەتی خۆی و ئامادەیی خۆی بۆ خزمەت و چاوەدێری ڕاگەیاند. پاش ئەوەی ئەو دابونەریت و ڕێورەسمە کە وێنەی هەرگیز نەبینداربوو بەپەلە کۆتایی پێ هات، دۆن کیشۆت ئۆقرەی لێ هەڵگیرا و دە ئاگری ئیشتیادا دە سووتا کە کەی دەبێ پێ دە ڕکێف بنێ و بەدوای ڕووداواندا بڕوا. لە بەر ئەوە بەهەڕەمە ڕۆسینانتی زین کرد و سوار بوو. کاروانسەراداری بەڕەسمی مالاوایی دە ئامێز گرت و بەشوکرانەی ئەو لوتفەی دە حەقی ئەودا کردبووی و بەپلە و پایەی پاڵەوانیی گەیاندبوو، قسەی وا سەیر و سەمەرەی

---

٤٧- Sanco Bienaya ناوی مەیدانێکی شاری تولێدە.

٤٨- don کە ڕیشەی لاتینییەکەی dominus نازناوێکە کە قەدیم دەیاندا بەنەجیب زادەکان پاشان بوو بەواژەیەکی ئاسایی و کەوتە سەر زاران. ئەمڕۆ ئەم واژەیە دەپێش ناوی هەر کەسێک کە سەری پێوە بێ، دەکار دەکرێ. دە فارسی و کوردیدا وەک خان یا «ئاغا» وایە. بۆ ژنان ئەم واژەیە دەبێتە dona کە بەرامبەری «خانم» یا «بەگم» یا «خات» و «خاتوون»ـە. (وەرگێڕ)

٤٩- La Meuniere بەمانای ئاشەوانی ژنە.

٥٠- saint Barthelemy مەبەست کوشتاری فەجیعی پرۆتستانەکان دە زەمانی پادشایەتیی شارلی نۆیەم، پادشای فەرانسەدایە کە بەدنەدانی «کاترین دۆ مێدیسی» مەلەکە و بنەماڵەی «گیز» شەوی ٢٤ی ئووتی ١٥٧٢ ڕووی دا و بوو بەهۆکاری شەڕی ناوخۆ. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

دەکرد کە گێڕانەوەیان لێرەدا ناگونجێ، کاروانسەراداریش بۆ ئەوەی هەرچی زووتر کاروانسەراکەی لە شەڕی ئەو ڕزگار بکا، بەچەند ڕستەی کورت وەڵام ی دایەوە و بێ ئەوەی داوای خەرج و حیسابی لێ بکا بەئەمانی خودا بەرێی کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤

## ئەو ڕووداوەی پاش بەجێ هێشتنی کاروانسەرا بەسەرپاڵەوانی ئێمە هات

بەیان بوو ڕووناکی تازە دادەهات کە دۆن کیشۆت لە کاروانسەرا هاتەدەر و لەوەی کە سەرەنجام بووەتە پاڵەوان ئەوەندە شاد و خۆشحاڵ بوو کە لە تەپڵی سەرەوە تا تەنگەی ئەسپەکەی لە خۆشیان ڕادەتلەکا. بەو حاڵەشەوە چون ڕێنوێنییەکانی مێزبانی(*) خۆی لەمەڕ ئەوەی کە دەبێ پێداویستییەکانی سەفەر وەک کراسی سپی و نەغدینە دەگەڵ خۆی هەڵگرێ وەبیر هاتەوە، لێ بڕا هەر لەوێوە بگەڕێتەوە ماڵ تا هەم ئەم شتانە هەڵبگرێ و هەم مەیتەرێکیش بۆ خۆی پەیدا بکا. و بۆ مەیتەر وەرزێری جیرانی خۆی کە کابرایەکی فەقیر و خێزاندار بوو، بەڵام خودا بۆ مەیتەری پاڵەوانانی سەرگەردانی خولقاندبوو، دەبەرچاو گرت. پاش ئەو ڕایە، هەوساری ڕۆسینانتی بەرەو گوندەکەی خۆی وەرسووڕاند و ئەسپ کە دەتگوت ڕێگای تەویلەی خۆی باش دەناسێ، وە های باڵ گرت(*) کە سمی وە عەرزی نەدەکەوت.

دۆن کیشۆت هێشتا ڕێگایەکی زۆری نەبڕیبوو کە پێی وابوو لە قووڵایی مێشەیەکەوە کە لە دەستی ڕاستی هەڵکەوتبوو، هاوار هاواری دڵسووتێنی کەسێکی بەگوێ دەگا. دەگەڵ ئەو دەنگەدەنگەی بیست، هاواری بەرز بووەوە کە: «سپاس بۆ یەزدانی مەزن کە کەرەمی فەرموو ئاوا زوو هەلی بۆ ڕەحساندم کە بەهاواری مەزلوومان بگەم و ئەرکی سەر شانی خۆم ئەنجام بدەم و لەو کارە باشەی کە دەیکەم بەهرەی پێویست وەرگرم. ئەم ناڵەناڵە بێگومان هی ژن یا پیاوێکی نیازمەندە کە پێویستییان بەیارمەتی و پشتگیریی من هەیە.» ئەوجار جڵەوی ڕۆسینانتی بۆ ئەو لایە کە پێی وا بوو دەنگەکە لەوێوە دێ بادا. هێشتا بیست هەنگاوێک دە مێشکەدا نەچووبووە بەرەوە ماینێکی چاو پێ کەوت کە لە داربەڕوویەک بەسترا بووەوە و بەدارێکی تریشەوە لاوێکیان شەتەک دابوو(*) کە تەمەنی لە پازدە ساڵ تێ نەدەپەڕی و لە سەریڕا تا کەمەری ڕووتوقووت بوو. ئەو هاوارە دڵ هەژێنانە هی ئەو لاوە بوون و بەراستیش لە خۆڕا نەبوو چون وەرزێرێکی مل ئەستوور بەقایشێکی چەرمی تێی بەر بووبوو! دەگەڵ هەر زەبرێک جنێوێکی پێ دەدا و قسەیەکی سووکیشی پێ دەکرد و پێی دەگوت: «زارت ببەستە و چاوت بکەوە!» لاوەکە دە جوابدا دەیگوت: «ئەربابی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarr.org



من، ئامان کە چی تر ئەو کارە ناکەم! بەخوا سوێند دەخۆم کە چی تر وا ناکەم و قەول دەدەم کە لەمەو پاش زۆرتر ئاگاداری مێگەل بم» دۆن کیشۆت بەچاو پێکەوتنی ئەو دیمەنە، نەعرەتەیەکی غەزەبناکی لێدا و گوتی: «ئەی پاڵەوانی نامەرد، هێرش بردنە سەر کەسێکی کە مەجالی بەرگری کردن لە خۆی نییە شایستەی تۆ نییە. ئەگەر پیاوی سواری ئەسپت بەو و نێزەت هەڵگرە (چون هەر لەو شوێنە کە ماینەکە بەسترا بووەوە نێزەیەکیش بەدارەکەوە هەڵپەسێرابوو) تا پێت نیشان بدەم کە ئەو ڕەفتارەی تۆ کاری پیاوی بێ غیرەتە.» وەرزێر کە ئەو تاپۆ سەرتاپا چەکدارەی لە ژوور سەری خۆی چاو پێ کەوت کە نێزەکەی بەرامبەر بەدەم و چاوی بەنیشانەی هەڕەشە ڕاگرتبوو، چی وای نەما بوو فەراقی ڕەش بکاو و بەزبان لووسی گوتی: «حەزرەتی پاڵەوان، ئەو لاوە کە دەیبینی من وا خەریکم تەمێی دەکەم، یەکێک لە خزمەتکارانی منە و لەم دەڤەرە مەڕم بۆ دەلەوەڕێنێ، بەڵام ئەوەندە بێ مبالات و سەرەرۆیە کە ڕۆژ نییە یەکێک لە مەڕەکانم ون نەکا. و من کە ئێستا جەزای تەمبەڵی یا دەغەڵیی ئەو دەدەمەوە ئەو دەڵێ کە ئەو تەمێ کردنە بۆ ئەوەیە کە حەقەکەی پێ نەدەم و لە ڕووی ناجسنییەوەیە کە لێی دەدەم. بەڵام من بەو خودایە سوێند دەخۆم کە درۆ دەکا. دۆن کیشۆت گوتی: «درۆ؟ ئەویش لە لای من؟ ئەی بەد زاتی نگریس؟ سوێند بەو ڕۆژە کە بەنووری خۆی ئێمە ڕووناک دەکا، نازانم چ دەستێکە کە ناهێڵێ بەو نێزەیە کونکونت کەم. هەر ئێستا بێ عوزر و بیانوو حەقدەستەکەی بدەیە. دەنا بەخودا سۆیند دەخوم هەر ئێستا لێرە دەتمرێنم. زوو لەو دارەی بکەوە!» وەرزێر سەری بەرداوە و بێ ئەوەی قسەیەکی تر بکا شوانەکەی لە دار کردەوە و پاڵەوان لە لاوەکەی پرسی کە چەندی قەرز لەسەر ئەربابەکەی هەیە. ئەویش گوتی: «نۆ مانگ، هەر مانگەی حەوت ڕیئال.» دۆن کیشۆت لێکی داوە دەکاتە شێست و سێ ڕیئال، بەوەرزێری ئەمر کرد، ئەگەر لە ژیانی خۆی تێر نەبووە ئەو پووڵەی هەر لەوێ بداتێ. کابرای دێهاتی کە لە ترسان دەلەرزی، جوابی داوە هەر چەند لە بارودۆخێکی دژواردایە، هەر بەو سۆیندەی کە دە پێشدا خواردوویەتی (لە حاڵێکدا ئەبەدەن سوێندی نەخواردبوو) یەقین دەزانێ کە قەرزی شوانە ئەوەندە نییە و دەبێ هێندێکی لێ کەم بکرێتەوە. چون تا ئێستا سێ جووتی کەوش بۆ نۆکەری خۆی کڕیوە و ڕیئالێکیشی بۆ خوێن لێگرتن لە کاتی نەخۆشیدا داوە کە دەبێ حیساب بکرێ. دۆن کیشۆت گوتی: «ئەوانەی دەیڵێی هەموو دروست بەڵام دەبێ قیمەتی کەوش و حەقی خوێن لێگرتن بخرێتە بەر ئەو کوتەککارییەی کە کردووتە. پاک لەپاک. ئەگەر تۆ کەوشت بۆ کڕیوە و ئەو دڕاندوویەتی ئەتۆش بەلێدان پێستی لەشی ئەو بەستە زمانەت دڕیوە و ئەگەر دەلاک(*) لە کاتی نەخۆشیدا خوێنی لێ گرتووە تۆ ئێستا لە کاتی سلامەتی و ساغیدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوێنت ڕشتووە. بەو حیسابەی ئیدی هیچت پێ قەرزدار نییە. وەرزێر گوتی: حەزرەتی پاڵەوان، منی چارەڕەش لێرە پووڵێکم پێ نییە. بفەرموو ئاندرە دەگەڵم بێتەوە ماڵ تا دیناری ئاخری بدەمێ. لاوەکە هاواری لێ بەرز بووەوە کە: ئەی ئامان، من و ڕەگەڵ ئەو کەوتن؛ ئاخ! ئەی حەزرەتی پاڵەوان خودا نەکا من ئەو کارە بکەم! ئەگەر بەتەنیا وەدەستی کەوم، پێستی بەدەنم بەزیندوویی وەک پرۆتێستانی بارتێلمی٥٠ دادەماڵێ. دۆن کیشۆت گوتی: نا، نا، خاترجەم بە کاری وا ناکا. ئەوەندە بەسە کە من ئەمری پێ بکەم و ئەویش ڕێز بۆ فەرمانی من دابنێ. بەو مەرجەی بەئایینی پاڵەوانی کە فەرمانی ئەو کارەی وەرگرتووە سوێندم بۆ بخوا من ئازادی دەکەم بڕوا و دەبمە زامن کە قەرزی تۆش بدا. کوڕیژگە گوتی: «حەزرەتی پاڵەوان ئاگادار دەکەمەوە کە ئەربابی من کە وا ئێستا لە خزمەتت ڕاوەستاوە، پاڵەوان نییە و هیچ کات نەگەیوەتە پلە و پایەی پاڵەوانی. ناوی ئەو «ژوان هاڵدۆدۆ» Juan Haldudo لە دەوڵەمەندانی «کوینتاناره»Guinta nar. دۆن کیشۆت گوتی: قەیدی چییە. ڕەنگە پاڵە وانانێکیش بەناوی هاڵدۆدۆ هەبن. لەوەش واوەتر هەر کەس کوڕی کردەوەی خۆیەتی. ئاندرە گوتی: فەرمایشی جەنابت ڕاستە، بەڵام ئاخر، ئەربابی من کە لە دانی حەقدەستی من کە بەرهەمی ئارەقی نێوچاوان و ڕەنج و مەینەتی ئەو دەستانەمە، خۆی دەدزێتەوە دەتوانێ کوڕی کامە کردار بێ؟ وەرزێر گوتی: ئاندرە، دۆستی من، من سەرکێشی ناکەم، تکایە دەگەڵم وەرەوە بۆ ماڵ و من بەهەرچی ئاینی پاڵەوانی کە دە دنیادا هەیە سوێندت بۆ دەخۆم، قەرزەکەت تا دیناری ئاخر بدەمەوە و تەنانەت بەهەرەکەشت بۆ حیساب دەکەم. دۆن کیشۆت گوتی: بەهەرەکەی پێشکێش، تۆ حەقدەستەکەی بدەیە، من شتێکی ترم لێت ناوێ. بەڵام وریا بە کە بەسوێندەکەت پابەند بی دەنا سوێندم بەو سوێندەی کە خواردت دیسان دێمەوە جەستەت و لە هەر جێگایەک بی چاوت دەردێنم. ئەگەر ببیە مارمێلکە و بچی دە قەڵشتی دیواریشەوە دەرتدەکێشم. و ئەگەر پێت خۆشە بزانی دەگەڵ کێ تەرەفی و کێیە ئەو فەرمانەت پێ دەدا تا ملت بشکێنی و زۆر بەوردی هەر چی دەڵێم بیکەی بزانە و ئاگادار بە کە من دۆن کیشۆت دلاوەری مانشم وکارم ئەوەیە زاڵمان تەمێ کەم و بەدادی ستەملێکراوان بگەم. ئێستا بەخێرچی، بەئامانی خودا، بەڵام سوێندەکەت لەبیر نەچێتەوە، دەنا بەو سزایە دەگەی کە پێم گوتووی. پاش ئەو قسانە ڕکێفی لە ڕۆسینانت دا و بەچاوترووکانێک لە بەر چاوان ون بوو.

وەرزێر چاوی بەدوویە بوو. هەر کە دیتی دۆن کیشۆت لە مێشە وەدەرکەوت و تازە ناگەڕێتەوە هاتە لای نۆکەرەکەی و گوتی: «باشە، ڕۆڵە، وەرە ئێرە بزانم. ئێستا دەمەوێ بەپێی فەرمانێک کە ئەو لابەری ستەم و ناحەقە بەمنی داوە، قەرزەکەت بدەمێ. ئاندرە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarr.org

گوتی: من یەقین دەزانم کە حەزرەتی ئەرباب ئەمری ئەو پاڵەوانە خێرخوازە کە هیوادارم خواوەندی مەزن بەپاسی ئەو دلاوەری و دادگەری و پیاوەتییەی هەزار ساڵ تەمەنی بداتێ، بەباشی بەڕێوە دەبا، دەنا ئەگەر حەقی خۆم نەدەیتێ، بەگیانی حەزرەتی «سێن ڕووک»[٥١] سوێند دەخۆم کە پاڵەوان دەگەڕێتەوە و بەڵێنی خۆی دەباتە سەر. وەرزێر گوتی: منیش سوێند دەخۆم کە هەر وایە. بەڵام چونکە تۆم لە چاوی خۆم خۆشتر دەوێ، دەمەوێ قەرزەکەت زۆرترکەم تا پووڵێکی زۆرترت بدەمێ.» ئەوەی گوت و باسکی ئاندرەی گرت و دووبارە لە دارەکەی بەستەوە و ئەوەندی لێ دا تا لە گیانی خست. ئەوجار گوتی: «فەرموو جەنابی ئاندرە ئەو سەگبابەی بانگ بکە، ئەو لابەری زوڵم و بیدادییە با بزانین چۆن زوڵم لەسەر تۆ لادەبا، هەر چەند من پێم وایە هێشتا زۆڵم لەسەر تۆ نەگەیوەتە بارستای خۆی، چون دەمەوێ بەزیندوویی، وەک دەترسای، کەوڵت کەم و پێستی سەرت هەڵکەنم.» دە ئاخریدا هەتیوی بەرهەڵدا کرد کە بڕوا فریارەسەکەی بدۆزێتەوە تا بێت و حوکم و سزاکەی کە دابووی ئەنجامی بدا. ئاندرە بەگریان و کرووزەکرووز وەڕێ کەوت و سوێندی خوارد کە بڕوا و دۆن کیشۆت دلاورەی مانش ببێنتەوە و مووبەموو ئەوەی بەسەری هاتووە، بۆی بگێڕێتەوە و چوار بەرابەری دەستحەقەکەی لە وەرزێر بستێنێ. بەمجۆرە ئەو بەستە زمانە وەڕێ کەوت و ئەربابەکەشی لەوێ بەجێ ما و قاقا پێ دەکەنی. بەڵێ بەمجۆرە بوو کە دۆن کیشۆت دلاوەری مانش بۆ یەکەمجار پێشی بەزوڵم و چەوسانەوە گرت.

بەڵام دۆن کیشۆت کە لەو ڕووداوە زۆر کەیفخۆش بوو و لای وا بوو ئەوە دەسپێکێکی پیرۆزە بۆ دلاوەری و پاڵەوانەتییەکانی، بەرەو گوندەکەی خۆی وەڕێ کەوت و سەبرێک دە ژێر لێواندا دەیگوت: «تۆ ئەی دۆلسینە دۆ تۆ بۆزۆی ڕەعنا، ئەی کە لە سەرووی هەموو جوانانی دنیای، ئێستا جێیەتی کە خۆت لە تەواوی ژنانی دنیا بەبەختەوەرتر بزانی چون دەستی تەقدیر تۆی لاواندووەتەوە و پاڵەوانێکی دلاوەری وەک دۆن کیشۆتی بۆ بەجێ هێنانی ئەمر و فەرمان و نۆکەریی تۆ دیاری کردووە، ئەو پاڵەوانەی کە دوێنێ وەک هەموو ئاگادارن بەئایینی پاڵەوانان بوو بەپاڵەوان و ئەورۆ گرینگترین زوڵمێک کە خودای بێدادگەری و بێ بەزەیی خەلقیان کردووە، لەسەر مەزلوومێکم وەلابرد. یانی تازیانەم لە

٥١- «سەن رۆک» Saint Roch یەکێک لە گەورە ئیماندارانی مەسیحی بوو کە هەموو تەمەنی خۆی بۆ چاودیری کردنی تووشبووان بە نەخۆشیی کولێرە تەرخان کرد. سەرەنجام خۆی تووشی تاعوون هات و خۆی دە قوژبنێک خزاند. بەڵام سەگێک شوێنەکەی دۆزییەوە و خاوەنی سەگ تا ئەو ئیمانداره چاک بووەوە پێی ڕاگەیشت. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


دەست جەللادێکی دڵرەق کە بەدەلیلێکی هیچ وپووچ لەشی منداڵێکی پێ هەڵدەدڕی دەرهێناوە.»

دۆن کیشۆت کە هەروا بەو قسانە ورتەی دەهات گەیشتە چوار ڕێیانێک و لە جێوە کەوتە یادی ئەو چوار ڕێیانانە کە پاڵەوانانی سەرگەردان دە سەفەری دووورودرێژیاندا تووشیان دێن و حەیران و سەرسوڕماو نازانن بەکامیاندا بڕۆن. بەلاسایی کردنەوەی ئەوان چەند ساتێک واق وڕماو دەبیرەوە چوو، پاش ئەوەی زۆر باش فکری لێ کردەوە، جڵەوی ڕۆسینانتی بەردا و ئیختیاری خۆی دا بەدەست ئەسپەکەی و ئەویش وەک فکری لێ کردبووەوە یەک ڕاست ڕێگەی بەرەو تەویلەی گرتە بەر. دۆن کیشۆت پاش بڕینی مەودایەکی دوو مایلی لە دوورەوە چەند کەسێکی چاو پێ کەوت کە پاشان ڕوون بووەوە لە بازرگانانی شاری تولێدۆن و بۆ کڕینی ئاوریشم دەچنە «مورسی» Murcie. ژماری ئەوان شەش کەس بوو کە هەموو چەتریان لەسەر سەری خۆیان هەڵدا بوو تا هورمی(*) گەرما نەیانسووتێنێ. دەگەڵ ئەو بازرگانانە چوار نۆکەری سوار و سێ حجێلی ئێسترداری پیادە هاوڕێ بوون. دۆن کیشۆت هێشتا چاوی بەو تاقمە نەکەوتبوو کە پێی وابوو دەگەڵ ڕووداوێکی تازە ڕووبەڕوو بووەتەوە و بۆ ئەوەی تا ئەو جێگەی بۆی دەکرێ ڕێوشوێنی ئەو پاڵەوانانەی لە داستاناندا خوێندبوویەوە ڕەچاو بکا، یانی بەشمشێر سەر ڕێ بەڕێبواران بگرێ. هەڵکەوتەکەی بۆ ئەمکارە بەباش زانی. ئەوجار بەهەیبەت و فیز و ئیفادەیەکی لەڕادەبەدەر و قیافەیەکی خاترجەمەوە لەسەر ڕکێف خۆی بەرز کردەوە، نێزەی بەدەستەوە گرت، مەتاڵی لە پێش سینگی ڕاگرت و نێوەڕاستی ڕێگای گرت و چاوەڕوانی ئەو پاڵەوانە سەرگەردانانە بوو کە بێنە پیش (پێی وابوو ئەوانەی دین پاڵەوانی سەرگەردانن)

هەر کە کاروانییەکان گەیشتنە شوێنێک کە بەباشی دەبیندران و دەنگیان دەبیسرا دۆن کیشۆت بەدەنگێکی دلێرانە بەسەریدا گوڕاندن کە: «ڕاوەستن! نەبزوون! تا هەمووتان ئیقرار نەکەن کە هیچ خاتوونێک بەجوانیی شاژنی مانش یانی «دۆلسینە دۆتۆبۆزو» لە سەرانسەری عالەمدا نییە، هەنگاوێک هەڵناهیننەوە!» بازرگانان بەبیستنی ئەو نەعرەتەیە ڕاوەستان تاقیافەی سەیر و سەمەرەی بوێژەکەی تەماشا کەن و هەموویان لەسەر و پۆتەڕاکیرا تێ گەیشتن کە ئاگا لە خۆ نەماوێکە لەو دەشتە و مێشکی دەسەریدا نییە. بەڵام ویستیان بزانن سەرەنجامی ئەو ئیقرارە کە لەوانی ویستبوو چی لێ دێتەوە. لەبەر ئەوە یەکێک لەوان کە ئەهلی شۆخی و گاڵتە بوو لە جوابدا گوتی: «حەزرەتی پاڵەوان ئێمە ئەو خاتوونەی کە تۆ باسی دەکەی ناناسین. ئەومان نیشان بدە تا ئەگەر جوانی و جەماڵی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarr.org

ئەوتۆیە کە تۆ تاریفی دەکەی، ئێمە لە ناخی دڵەوە بێ هیچ ترس و دڵەڕاوەکەیەک حازرین تەسدیقی فەرمایشەکەی بەڕێزتان بکەین. دۆن کیشۆت گوتی: «من ئەگەر ئەوتان پێ نیشان بدەم ئەودەم ئیقرار و دان پێداهێنان بەراستەقینەیەکی ئاشکرا چە بایەخێکی دەبێ؟ گرینگ ئەوەیە نەدیتە ئەم ڕاستییە قبووڵ بکەن و ددانی پێدا بێنن، جەختی لەسەر بکەن و سوێندی لەسەر بخۆن و بەزەبری شمشێر بەهەموو کەسی بقبووڵێنن، دەنا ئێوە ئەی تاقمی خۆ پەسند و ناجسن، چ بەرەسم و ئاینی پاڵەوانی تاک تاک بۆم بێنە مەیدان یا بەپێی ڕەسم و ئاینێکی کرێت کە دەنێو بۆرە پیاوی خوێڕی وەک ئێوەدا باوە هەمووتان پێکەوە هێرشم بۆ بێنن. من لێرە نابزووم و چاوەڕێتانم و بەپاڵپشتی ئەوەی کە حەق بەلای منەوەیە هەمووتان دەخاک دەگەوزێنم. بازرگان گوتی: حەزرەتی پاڵەوان، من لە لایەن خۆم و هەموو ئەوانەو کە شازادەین، لە بەڕێزتان تکا دەکەم بۆ ئەوەی بەئیقرار بەشتێکی نە دیتوومانە و نە بیستوومانە و بێجگە لەوەش بەزیانی شا ژنان و ئیمپراتریسەکانی «ئالکاریا»[٥٢] و «ئیسترامادۆر»[٥٣] دەشکێتەوە بارێکی قورس مەخە سەر ویژدانی ئێمە. تکایە وێنەیەک لەو خاتوونە هەر چەند بەقەدرایی دەنکە جۆیەکیش بێ بۆ نموونە نیشانی ئێمە بدە تا ئێمە لە مستەوە پەی بەخەروار ببەین. ئەودەم هەم خەیاڵی ئێمە ئاسوودە دەبێ و هەم بەڕێزتان خۆشحاڵ و شادمان دەبن. تەنانەت من پێموایە کە هەر لە ئێستاوە ئێمە هەموومان بەو خاتوونە بەڕێزە ئەوەندەمان ئیرادەت پەیدا کردووە کە ئەگەر لە ڕووی وێنەکەیەوە لێمان مەعلووم بێ کە چاوێکی خێلە و لە چاوەکەی تری ڕیپۆق(*) و چڵک و ڕیقنە(*) دێتە دەرێ دیسانیش بۆ ئەوەی خاتری شەریفی تۆ لێمان ڕازی بێ، هەرچی بفەرمووی دە تاریفی ئەودا دەیڵێین و هەر چەندی دڵت بخوازێ پێی هەڵدەڵێین. دۆن کیشۆت کە لە بەر تووڕەیی سوور هەڵگەڕا بوو گوتی «ئەی دزی بێ شەرم لە چاوی وی نە ڕیقنە و ڕیپۆق دێتە دەر بەڵکو بەپێچەوانەی وەڕە وەڕی تۆ میسک و عەنبەری لێهەڵدەوەرێ. ئەندامی خوار و خیچ و پشتی کۆم نییە بەلکوو بەژن و بالایەکی هەیە دەڵێی تەشیی دەزوو ڕستنی «گوادارامـا» Guadaramaیە، و ئێوە هەر ئێستا سزای ئەو کوفرە گەورەی کە دەرحەق بەنازەنینی وەک مانگی شەوی چاردەی من کردووتانە دەبینن.»

دۆن کیشۆت ویڕای ئەو قسانە لە جێگای خۆی دەردەپەڕێ، نێزەکەی ئامادە دەکا و بەوەها ڕق و قینێکەوە هێرش دەکا کە ئەگەر ئەستێرەی بەختی بازرگانی جەسوور،

---

٥٢- Alcarria ناوی ناحیەیەکی قەزای کاستیلی ئەسپانیایە.

٥٣- Estramadure یەکێک لە هەرێمەکانی ئەسپانیا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ڕۆسینانتی دە حاڵی تەرەختندا هەڵنەخلیسکاندبا و بەعەرزیدا نەدابا، ڕۆژگاری لێ دەبوو ژەهری مار. ڕۆسینانت وە عەرزی کەوت و خاوەنەکەی لە ماڵی زینی پەڕی و دە گەز لەو لاتره کەوتە زەوی و ویستی هەستێتەوە، بەلام نێزە و مامزە و کلاوخوود و زرێ کۆنەکەی ئەوەندە قورس و گران بوون کە نەیتوانی قەد ڕاست کاتەوە و هەروا کە خەریکبوو هەر چۆنێک هەیە، هەستێتەوە سەرپێ، پەیتاپەیتا دەیگوت: «ئەی ترسنۆکینە هەڵمەیەن! ئەی نۆکەرانی ڕەزیل، دەرباز مەبن! بزانن و ئاگادار بن کە خەتای من نییە کە کەوتووم بەڵکو گوناهی ئەسپەکەمە.» کوڕە حجێڵەیەکی ئێستردار کە دەگەڵ کاروان بوو، و بێگومان پیاوێکی تووڕە و تۆسن بوو، ئەو هەموو جنێوو سووکایەتییەی پاڵەوانی بێچارەی لە ئەسپ گلاوی(*) پێ قبوول نەکرا و بێ مەیل نەبوو کە بەداردەستەکەی هێندێک دە کەلەکە و دەندەی دۆن کیشۆت بسرەوێنێ. بەو ڕقەوە لە دۆن کیشۆت نزیک بووەوە نێزەکەی لە دەستی دەرهێنا و کردییە چوار لەت، پاشان بەیەکێک لەو لەتانە وەگەڕا(*) پاڵەوانی ئێمە و خوری شۆری کرد و پاڵەوان بەو هەموو چەک و چۆڵەیەوە نەیتوانی دەست بکاتەوە. هەر چەندی ئەربابەکانی کابرای ئێستردار هاواریان کرد کە دەست لەو بەستە زمانە هەڵبگرێ و چی تری دارکاریی نەکا، سوودی نەبوو و ئێسترەوان کە تازە دڕندەخوییەکەی گوڵێ کردبوو تا دیقدڵی و تووڕەیی خۆی بەسەردا خاڵی نەکرد دەستی هەڵنەگرت. ئێسترەوان باقیی لەتکە نێزەکانی هەڵگرتەوە و هەمووی دە دۆن کیشۆتدا ورد کردن و ئەو باوەکوو بارانی ئەو زەبرانەی بەسەر شان و پیلیدا دەباری، هەروا فلتەفلتی دەکرد و زەمین و زەمانی تێک دەدا و هەڕەشەی لەو ڕێگرانە دەکرد کە ئەو بەلایەیان بەسەر هێناوە. سەرەنجام ئێتسرەوان شەکەت بوو و بازرگانەکان بەرێی خۆیاندا کەوتنەوە ڕێ و یادی ڕووداوی ئەو شێتە کوتەک خواردووە بێ ئەنوایەیان دەگەڵ خۆیان برد تا لە هەموو شوێنێک بۆ خەلکێ بگێڕنەوە.

بەلام پاڵەوان هەر کە خوی بەتەنیا دیتەوە، ئەوجاریش تێ کۆشا تا لەزەوی هەستێتەوە. بەلام ئەو کە لە کاتی سلامەتی و ساغیشدا ئەو کارەی بۆ زەحمەت بوو، ئێستا بەو لەش و ئەندامە زامار و کوتراوە چۆنی دەتوانی؟ لەسەر ئەوەشڕا دۆن کیشۆت دڵی خۆی ناخۆش نەکرد و ئەو نامرادی تێکشکانەی بەبەشێکی پێویست لە ژیانی پاڵەوانانی سەرگەردان لە قەڵەم دا، بەتایبەتی کە خەتای هەموو ئەو ڕووداوە تاڵەی خستە سەر ئەستۆی ئەسپەکەی. هەر چۆنێک بێ هەستانەوە لە عەرزی بەو هۆیەوە کە لەشی بەلێدان تێک هارێندرابوو، دەستی نەدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٥

## داستانی نامرادیی پاڵەوانی ئێمە درێژەی هەیە

دۆن کیشۆت کە دیتی بەڕاستی ناتوانێ لە جێی خۆی بجووڵێ، لێ بڕا کە پەنا بەرێتە بەر دەرمانی هەمیشەیی خۆی، یانی چەند بەشێک لە کتێبەپاڵەوانییەکان بێنێتەوە بیر خۆی و دەمێشکی خۆیدا پێیاندابێتەوە و شێتییەکەی دەستبەجێ ئەوی خستەوە یادی «بوودۆوین» Budouin و «مارکی دۆمانتۆ» Marquis Mantou ئەو کاتەی کە شارلۆ، بۆودووینی بەبریندار و بەحاڵی ناڵین دە چیادا بەجێ هێشت: داستانێک کە منداڵان دەیزانن و لاوان دەیناسن و پیران ستایشی دەکەن و تەنانەت باوەڕیشیان پێیەتی و بەو هەموو حاڵەتەوە، وەک موعجیزەکانی محەمەد ڕاستن. بەڵێ دۆن کیشۆت پێی وابوو کە داستانی بوودۆوین بەئەنقەست و بۆرێک هاتنەوە دەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە تێیدایە وەبیری هاتووەتەوە. ئەوە بوو کە ئێش و ئازاری زۆری خۆی ئاشکرا کرد و بەسەرعەرزیدا خۆی دەگەوزاند و بەناڵەیەکی کپ وکز دەستی کرد بەگوتنەوەی واژەگەلێک کە دەڵێن ئەو پاڵەوانی بریندار دە چیادا گوتبوونی: «ئاه ئەی دلبەرەکەم، لە کوێی کەوا لە دەردەم بێ خەبەری؟ لە حاڵی زارم ناپرسی؟ نەکا دە گەڵم ناکۆکی و بەزەییت پێمدا نایە؟» بەمجۆرە خوێندنەوەی ئەم ئاوازەی درێژە پێ دا و کە گەیشتە ئەو شێعرەی کە دەڵێ: «ئەی «مارکی دۆمانتۆی» گەورە و مەزن، ئەی وەلی نیعمەت و مامی من!» ئەزقەزا لەو کاتەدا یەکێک لە وەرزێرەکانی گوندی دۆن کیشۆت کە جیرانیشی بوو، بەوێدا تێ دەپەڕی و گەنمی دەبردە ئاشی. هەر کە چاوی بەو پیاوە کەوت کە لەوێ لەسەر زەوی کەوتووە و ناڵەناڵی دڵهەژێنی دڵی مرۆڤ دەکاتە ئاو، لێی نزیک بۆوە و لێی پرسی دەردت چیە و ئەو ناڵەناڵەت لە چییە و چیت لێقەماوە؟ دۆن کیشۆت بێشک پێی وابوو ئەو پیاوە هەمان مارکی دۆمانتۆی مامیەتی، ئەوە بوو کە بەجێگەی جواب دانەوە باقی تەڕانەکەی خوێندەوە کە دەوێدا بوو دۆوین داستانی نامرادیی خۆی و عشق بازییەکانی کوڕی ئێمپراتوور دەگەڵ ژنی خۆی حیکایەت دەکا. بێ ئەوەی واژەیەکی لێ دابخا(٥٤) کابرای وەرزێر

---

٥٤- بەیت و باو یا باشترە بڵێم تەرانەی بوودۆوێن بریتین لە شێعرگەلێکی هەست بزوێن و پەژارەهێن لە مەڕ ئەویندارىی بوودۆوێن و نامرادییەکانی و لە سێ بەش پێک هاتووە و بوێژەکەی نەناسراوە و ساڵی ١٥٥٥ لە شاری ئانڤێرس Anversی بلژیک لە چاپ دراوە. (loویی ویاردۆ)

رابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوێی دا تەواوی ئەو هاتەران پاتەرانە و سەری سوڕما بوو کە ئەوە دەڵێ چی! ئەوجار کڵاوی پاڵەوانی کە بەزەبری دار لەتوپەت بووبوو لەسەری هەڵگرت و دەموچاوی کە زۆر تۆزاوی بووبوو ئەسترِیەوە، هەر کە دەموچاوی خاوێن بووەوە وەرزێرکە ناسییەوە و هاواری کرد: «وای خودایە، خۆ ئەوە سینیۆر کیژادای خۆمانە (وەک دەڵێن ناوی دۆن کیشۆت ئەو زەمانی کە هێشتا مرۆڤێکی عاقڵ بوو و لە نەجیب زادەیەکی سەلیم و ئارامەوە نەبووبووە پاڵەوانی سەرگەردان، ئەو بووە). ئاه سینیۆر کیژادا کێ ئەو بەلایەی بەسەر هێناوی؟» بەڵام دۆن کیشۆت لە جێی جواب دانەوە هەروا خەریکی خوێندنەوەی تەڕانەکەی خۆی بوو.

وەرزێری سادەدڵ کاتێک وای دیت زرێی سینەبەند و شان و پیلی دۆن کیشۆتی درەهێنا تا بزانی. کوێی بریندارە، بەڵام هیچ خوێنی چاو پێ نەکەوت. پاشان بەهەزار زەحمەت دۆن کیشۆتی هەستاندە سەر پێ و هەر چۆنێک بوو سواری کەرێکی کرد کە لەهەمووان ئارامتر بوو. پاشان چەکوچۆڵەکەی بۆ کۆ کردە و تەنانەت لەتکە نیزەکانیشی هەڵگرتەوە و هەمووی لێک بەستن و خستییە سەر پشتی ڕۆسینانت. ئەوجار بەدەستێک جڵەوی ئەسپ و بەدەستەکەی تری هەوساری گویدرێژی دەکێشا و کەوتەرێ و لە هەمان حاڵدا گوێی دابووە ئەو تڕەهاتەی(*) کە دۆن کیشۆت هەروا دەیخوێندەوە وبەرەو گوندی خۆیان وەڕێ کەوت. دۆن کیشۆتیش کە ئازای بەدەنی بەولێدان و کوتانە شپرزە بووبوو نەیدەتوانی بەباشی خۆی لەسەر پشتی گوێدرێژ ڕابگرێ دە فکرەو چووبوو. جارجار هەناسەیەکی هەڵدە کێشا کە دەگەیشتە ئاسمان، تا ئەو جێگەی کە وەرزێر دیسان لێی پرسی، کە دەردی چییە و کوێی دێشێ. بەڵام وەک ئەوەی شەیتان چووبێ دەکڵێشەی پاڵەوانەوە و ئەو داستانانەی کە وەک بارودۆخی ئێستاکەی بێ وەبیر دۆن کیشۆتی دەهێناوە. چونکە ئەو دەو حاڵەتە و دەوئانەدا داستانی بوودۆوینی لەبیر چووەوە وەبیر نەزیلەی عەرەبی مەراکیشی یانی ئیبنی سەراج(٥٥) کەوتەوە. دە زەمانێکدا حاکمی «ئانتێکرا» Antequerra بەناوی «ڕۆدریکۆ دۆ ناروائیز» Rodrigo de narvaeez ئەوی بەدیل گرت و بردییە قەڵای خۆی، ئەوجار کە وەرزێر دووبارە ئەحواڵی پاڵەوانی پرسییەوە، دۆن کیشۆت هەر بەو ڕستە و واژانە کە ئیبنی سەراج ڕۆدریکۆی دواندبوو و ئەو دە کتێبی «دیاندۆمندمایر»La dian de montemayor دا

---

٥٥- سێروانتێس دەپێشدا ئەم ناوەی بەئیبن دەرایز Aben Darraez هێناوە و چەند دێر دواتر نووسیویەتی ئیبن سیراج Aben cerrage کە هەردووکیان یەک کەسن (محەمەد قازی) و بۆ خوێندنەوەی داستانی ئیبنی سیراج بڕوانە کتێبیویاندۆمنیت جابر بەشی نۆیەمی تەرانە گشتییەکان Romancero general. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوێندبوویەوە، وەڵامی داوە و ئەو قسانەی وەها دەگەڵ بارودۆخی ئێستای خۆی رێک خست کە وەرزێری واق ورماو لەوانە بوو پەنا بۆ شەیتان بەرێ. ئەو هەر لەوێرا تێ گەیشت کە جیرانەکەی گومانی تێدا نییە، شێت بووە و ویستی هەرچی زووتر بیگەیەنێتەوە گوندەکەیان تا لە چەنگ ئەو هەموو توورەیی و بێزارییەی کە ئەو شێعر و هاتەران پاتەرانەی دۆن کیشۆت بۆی پێک هێنا بوو، رزگاری بێ. بەڵام دۆن کیشۆت هێشتا وتارەکەی کۆتایی پێ نەهێنابوو و درێژەی پێ دا و گوتی: «تۆ ئەی جەنابی دۆن رۆدریکۆئاروائیز، دەبێ بزانن و ئاگادار بن کە ئەم «گزاریفا» Xarifa یە کە ئێستا تاریفی ئەوم بۆ باس کردی، هەمان دۆلسینە دۆتۆبۆزۆی جوانە کە من بەخاتری ئەو گەورەترین و بەناوبانگترین ئازایەتی و دلاورەیی خۆم کە دەو دنیا پان وبەرینەدا تا ئێستا وێنەی نەبیندراوە و لەمەودواش نابیندرێ، نیشان داوە و لەمەودواش نیشانی دەدەم. وەرزێر گوتی: وای لە منی خەتابار، ئاخر ئەی سینیۆر خۆ من نە «دۆن رۆدیکو دۆناروائیز»م و نە«مارکی دۆمانتو» من «پیرئالونزو»pierre Alonzo جیرانی دیوار بەدیواری ئێوەم، بەرێزیشتان نە بوودۆوین و نە ئیبنی سیراج بەڵکو هەمان نەجیب زادە سینیۆر کیژادی و تەواو. دۆن کیشۆت گوتی: «من خۆم دەزانم کێم و دەزانم کە دەتوانم یەکێک لەوان کەسانە بم کە ئێستا ناوم بردن بەڵکو دەتوانم یەکێک لە دوازدەسوارەی(٥٦) فەرانسە و لەناودارانی نۆگانە(٥٧) بم، چون دلاوەری و ئازایەتییەکی ئەوان بەتەنیا یا بەگەلە کۆمەکی کردوویانە، هیچ ناگەنە پاڵەوانەتییەکانی من.» ئەم قسانە و زۆر بابەتی تری لەو چەشنە ئەوانی خافلان، تا سەرەنجام لای ئێوارێ گەیشتنەوە گوند، بەڵام وەرزێر بۆ ئەوەی خەڵک، ئەو نەجیب زادە خەستە و کوتراوە، بەو حاڵە نەبینن ڕاوەستا تا تاریکان بەسەردا هات.

کاتێک سەعاتی خۆی گەیشت، وەرزێر هاتە نێو دێ و لە ماڵی دۆن کیشۆت کە زۆر

---

٥٦- دوازدە سوارەی فەرەنسی Le douze parrs de France هەمان قارەمانان و شەرکەرانی نەتەوەیی بوون کە دەزەمانی شارلی دووەمدا یانی ساڵی ٨٥٦ زۆر ئازایەتیان نواند. دوایی هەر ئەوانە بوون کە دەیانتوانی گەورەکانی وڵات دادگایی بکەن. شەش لەوانە رۆحانیی دەرەجە یەک و ئەوانی تریش پاڵەوانی نێو بەدەرەوە بوون. (محەمەد قازی)

٥٧- ناودارانی نۆگانە Le neuf chevalier de la Renomeeé بریتین لە سێ جوولەکە بەناوی یەهووە، داود، یەهوودا و، سێ کەس نەجیب زادە بەناوی هیکتۆر، ئەسکەندەر، قەیسەر سەرداری رۆمی و سێ کەس لە مەسیحی بەئیمان بەناوی ئارتوور، شارلمانی و گوودفروا دو بۆی یۆن، پاڵەوانی بەناوبانگی فەرەنسی دە شەڕی سەلیبیدا. (لوویی و یاردۆ)

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org



شـێـواو و پڕ بوو لە هەرا و زەنـازەنا وەژوورکـەوت. کـەشـیش و دەلاک کـە هـەر دوو کـیـان دۆسـتی دۆن کـیـشـۆت بوون، لەوێ خـڕ بووبوونەوە و کـەیـبـانووی مـاڵ دەینالاند و بەسـەری خۆیدا دەدا و پێی دەگوتن: «ئەی بـەڕێز پێدرۆپێرێز pedro pereze (ناوی کەشیش ئەوە بوو) جـەنابتـان لەمـەڕ ئەو بەلایەی کـە بەسـەر ئەربابم هاتووە، بیـروڕاتان چییـە؟ ئەوە تا شـەش ڕۆژە کە دیار نییە و لە خۆی و ئەسپەکەی و نێزە و مەتاڵەکەشی خەبەرێک نییە. وەی خودا من چەندە چارەڕەشم! من سـوێندت بۆ دەخۆم کە چۆن مـردن حـەقـە ئەوەش بەیەقین دەزانم کە ئەم کتێبـەلەعنەتییە پاڵەوانییانە کە ئەربابم کۆی کردوونەوە و لـە بەیانیرا تـا شـەو کـلا دەبوو دەیخـوێندنەوە، مـێشکی ئەویان خـراپ کردووە. ئێسـتـا وەبیـرم دێتـەوە کـە زۆر جـار دەیفەرموو دەمەوێ ببمە پاڵەوانی سەرگەردان و بەشوێن ڕووداوی پاڵەواناندا هـەموو سووچ و قـوژبنی ئەو دنیـایە بچم. خـودا ئەو کـتـێبـانە بەزیاد نـەکـا کـە وایان لەو پیـاوە کـرد. خوشکەزای دۆن کیشۆتیش هەر لەو چەشنە قسانەی بەباڵ و بەرگێکی زۆرترەوە بۆ دەلاک دەگێڕاوە:» ئـەی وەسـتـا نیکۆلا (ناوی دەلاک ئەوە بوو) بـزانە و ئاگادار بـە کە زۆر جار وادە بوو، خاڵم دوو شـەو و دوو ڕۆژ کاتی خـۆی سـەرفی خوێندنەوەی ئەم کتێبەشوومانە دەکرد و لە کۆتاییدا کتێبی تووڕ هـەڵدەدا و دەستی دەدا شمشێرەکەی و دەگەڵ دار و دیوار شمشیر بازیی دەکـرد و کـاتێک ماندوو دەبوو، دەیگـوت چوار دیوی زەلامی کە بەقەدەر چوار مـونارە دەبوون کـوشـتـووە و بەو ئـارەقـەش کـە لە هەمـوو گـیـانی دەتکا دەیکوت ئەوە خـوێنی ئەو برینـانەیە کـە دەو شـەڕەدا. هـەڵی گـرتوون. پاشـان جـامـێکی گـەورەی ئاو دەخـواردەوە و هەسـتی دەکرد کە چاک بووەتەوە و مـاندوویی لە لەشی چووەتە دەر و پێی وا بوو ئەم ئاوە شـەربەتێکی زۆر گـرانبـاییـیـە کـە ئێـسـکێفEsquife(٥٨) جـادووگـەری حـەکـیم کە دۆسـتی خۆشەویستییەتی بۆی هێناوە. بەڵام بۆ هەموو ئەوشتانە من گوناهبارم، دەبووایە ئێوەم لەم قسـە هاتەران پاتەرانـانە ئاگادار کـردبایەوە تا بەوەخت چارەی دەردی بکەن و تەواوی ئەو کتێبەخراپانە بسـووتێنن؛ چونکە دەنێویاندا زۆر کتێب هـەن کە وەک کـتێبی کفر و زەندقـە هەر بۆ سـووتاندن باشن. کەشیش وەقسـە هات و گـوتی: منیش هەر لـەسـەر ئەم بڕوایەم، سبەینی ڕۆژ ئاوا نابێ کە ئەو جێژنی کتێب سووتاندنە بەڕێوە دەچێ و تەواوی ئەو کتێبانە دە ئاور داوێژرێن. تا ئیتر کەسانێک ئەو کتێبانە نەخوێننەوە و سەودای ئەم جۆرە کارانە کە دۆستی چارە ڕەشی ئێمە کردوویەتی لە کەللەیان نەدا.»

---

٥٨- خـوشکەزای دۆن کـیشـۆت ناوی جـادووگـەرەکـەی بەهەڵە وەرگـرتووە. دروسـتـەکەی ئیلکیف یا ئەلقینی حەکیمە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

تەواوی ئەو قسانەیان دۆن کیشۆت و وەرزێر لە دەرەوەی دەرگاوە زۆر بەباشی گوێ لێ دەبوو و وەرزێر بەتەواوی لە نەخۆشیی هاوساکەی خۆی خەبەردار بووەوە. ئەوە بوو کە بەهەموو هێزی خۆیەوە قیژاندی: «تکایە دەرگا بۆ سینیۆر بوودۆوین و سینیور مارکی دۆمانتۆ کە زور برینەکەی کارییە و هەروەها بوو سینیۆری عەرەب ئیبنی سیراج کە پاڵەوان ڕۆدرێکو دونارۆائیزی دلێر حاکمی ئانتەکرا بەدیلی گرتوویەتی، بکەنەوە!» هەموو بەبیستنی ئەو دەنگە دەرپەڕینە دەرەوە و هەرکە هێندێکیان دۆستی خۆیان و هێندێک خاڵ و ئەربابی خۆیان چاو پێ کەوت کە لە بەر بێهێزی هێشتا لە کەرەکە دانەبەزیبوو، ناسییەوە، بەتاسەی دە ئامێز گرتنییەوە بەپێشوازەوە چوون. دۆن کیشۆت دەنگی دان و گوتی: «هەموو لە جێی خۆتان ڕاوەستن! من بەهۆی خەتای ئەسپەکەمەوە سەخت بریندار بووم. من بەرنە سەر جێگاوبانەکەم و ئەگەر دەکرێ «ئۆرگاند» Urgandeی حەکیم خەبەر کەن، با بێ برینانم دەرمان کا و مەرهەمیان لەسەر دابنێ. کەیبانوو دەنگی بەرز کردەوە گوتی کە: »هان! هان! من چم بەئیوۆە گوت؟ مەگەر دڵم شایەدیی نەدەدا کە ئەربابەکەم چ دەردێکیەتی؟ وەرە ئەرباب، وەرەسەر، بەخێر هاتی و ئێمە نیازێکمان بەخەبەر کردنی ئورگاندا و بۆرگاندا و کەسی وا نییە و بۆ خۆمان باش دەزانین برینەکانت دەرمان کەین و مەرهەمیان لەسەر دابنیێن. من جارێک و سەد جاری تریش دەڵێمەوە: لەعنەت لەو کتێبەپاڵەوانییانە کە بەڕێزتیان گەیاندووەتە ئەو حاڵ و ڕۆژە!» بەڵێ دۆن کیشۆتیان دەستبەجێ بردە سەرجێوبانەکەی، سەرتاپای لەشیان بەوردی پشکنی بەڵام هیچ برینێکیان نەدیتەوە. ئەوجار دۆن کیشۆت پێی گوتن: «من بێجگە لەوەی بەکەوتن لە ئەسپەکەم بەدەنم کوتراوە، هیچ عەلەمێکی ترم لێ نییە. چون لە کاتێکدا دەگەڵ دەکەس لە ترسناکترین و لەندەهۆرترین دێوی ئەم جیهانە کە وێنەیان لە هیچ شوێنێک نە بیندراوە دەرگیر بووبووم، ئەسپەکەم ڕۆسینانت دەژێر مندا وەعەرزی کەوت. کەشیش لە جێی خۆی دەرپەڕی و گوتی: «وای! وای! دیسان کە دێوەکان دەستیان کردەوە بەبەزم و سەما! سوێندم بەچەلیپا کە سبەی پێش ڕۆژاوا بوون هەموو کتێبەکان دەسووتێنم، پاشان ئەوانەی لەوێ بوون هەزاران پرسیاران ئاراستەی دۆن کیشۆت کرد و بەڵام ئەو تەنیا پرسیارێکیشی جواب نەداوە، چون ئەوەند شەکەت و برسی بوو کە گوتی جاری پێش هەموو شتێک دەبێ، شتێک بخۆم و بحەسیمەوە. فەرمانی ئەویان بەجێ هێنا. کەشیش بەوردی لە وەرزێری پرسی کە دۆن کیشۆتی لە چ حاڵ و بارو دۆخێکدا تووش بووە. وەرزێر بێ کەم و زیاد هەموو شتێکی بۆ گێڕاوە و تەنانەت ئەو درۆ و دەلەسانەی کە لە کاتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دۆزینەوەی پاڵەوان لەوێ بیستبووی هەمووی بۆ کەشیش گێڕاوە. ئەم داستانە هەوەسی کەشیشی تیژتر کرد تا ئەوی دەیویست سبەی ئەنجامی بدا، حەتمەن ئەنجامی بدات. یانی بچێتە لای دۆستی خۆی، وەستا نیکۆلای دەلاک و هەردووک پێکەوە بۆ ماڵی دۆن کیشۆت...

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٦

## کەشیش و دەلاک کتێبخانەی نەجیب زادەی فەرزانە دەپشکنن

... کە هێشتا دە خەودا بوو، بچن. کەشیش هاچەری وەتاغی کتێبەکانی، یانی هۆکاری ئەو بەڵایەی کە بەسەر پاڵەوان هاتبوو، لە خوشکەزا داوا کرد، ئەویش بەئیشتیا کلیلەکەی دایە دەستی کەشیش. هەموو پێکەوە، کەیبانووش بەدوایانەوە چوون دە کتێبخانەوە، کە زۆرتر لە سەد کتێبی گەورەی بەرگ تێ گیراو و هێندێکیش کتێبی چکۆلەتریان تێدا دیتەوە. کەیبانوو هەر کە چاوی بەکتێبەکان کەوت، بەهەڕەمە لە وەتاغ ڕۆیشتە دەرەوە و زۆر زوو بەکاسەیەک ئاوی متفەرک و گولاوپاشیک گەڕاوەو بەکەشیشی گوت: «جەنابی کەشیش تکایە لەو ئاوە پیرۆزە هێندێکی بپژێنە تا ئەگەر جادووگەرێک لەوانەی خۆیان دە لاپەڕەکانی ئەو کتێبانەدا مەلاس داوە، لێرە بێ و بیەوێ پێش بەکارمان بگرێ و جادوومان بکا لە ناو بچێ و سیحرەکەی بەتاڵ بێتەوە.» کەشیش لە سادەیی کەیبانوو قاقا پێ کەنی و بەدەلاکی گوت، یەکیەکی کتێبەکانی پی بناسێنێ تا ڕوون بێتەوە کە ناوەرۆکیان چییە، چون لەوانەیە دەنێو ئەواندا تووشی کتێبگەلێک بن کە بۆ سووتاندن نەبن. خوشکەزا هاواری کرد کە: «خێر، خێر، نابێ هیچ کامیان مەعاف بکەن. چون هەموویان زیان دەگەیەنن. باشتر ئەوەیە هەموویان لە پەنجەرەوە فڕێ بدەنە نێو حەوشە و لەسەر یەکیان کەڵەکە بکەن و یەکجی ئاگریان تێ بەر بدەن. یا ئەوەی کە هەموویان بەرنە حەساری تەویلە و لە وێ ئاوریان تێ بەربدەن بۆ ئەوەی کە دووکەڵەکەیان کەس نارەحەت نەکا.» کەیبانووش هەر وای پێ باش بوو چون هەر دووکیان لە دڵەوە دەیانویست ئەو کتێبەبێ زبانانە هەرچی زووترە لە ناو ببرێن. بەڵام کەشیش نەیدەویست تا لانی کەم ناوی کتێبەکان نەزانێ مل بۆ ئەو کارە ڕاکێشێ و یەکەم کتێبی کە وەستا نیکۆلا دایە دەستی چوار بەرگ داستانی ئامادیسی گۆڵ[٥٩] بوو. کەشیش گوتی ڕەنگە ئەوە ڕەمزێکی تێدا بێ چون ئەو جۆرەی کە من بیستوومە ئەوە یەکەم کتێبی پاڵەوانییە کە لە ئەسپانیا لە چاپ دراوە و کتێبەکانی تر هەموو لەم کتێبەوە سەرچاوەیان گرتووە. کەوابوو بەڕای من ئەم کتێبەدەبێ وەک بنەمای

٥٩– Amadis de Gaule ڕۆمانێکە کە ئەسڵەکەی بەزبانی پورتەقاڵییە و ڕەنگە نووسەرەکەی کەسێک بێ بەناوی ژان دۆ لوبێرا Juan de Lobeira. یەکەم چاپی تەواوی ساڵی ١٥٢٥ بەزبانی ئەسپانی بڵاو کراوەتەوە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاینی نەفرەت لێکراوی پاڵەوانی بێ هیچ بەزەیی و ڕەحمێک بەسووتاندن سزا بدەین. وەستا نیکۆلا گوتی: خێر جەنابی کەشیش. چون من ئەوەشم بیستووە کە ئەوە باشترین ئاسەواری پاڵەوانییە کە تا ئێستا نووسراوە و چون لە نەوعی خۆیدا وێنەی دەست ناکەوێ بۆی هەیە کە ببەخشرێ.

کەشیش گوتی: «ئەوەش قسەیەکی دروستە کەوابوو با جارێ بیبەخشین. ئەی هۆ ئەو کتێبەی لە تەنیشت ئەوەوەیە چییە؟

. دەلاک گوتی ئەوە داستانی دلاوەرییەکانی «ئیسپلاندیان» ڕۆڵەی حەلال زادەی ئامادیسی گۆلە. کەشیش گوتی سوبحانەڵلا! نابێ فەزیلەت و خەسڵەتانی باشی باوک بەحیسابی کوڕ دابندرێ. وەرە کەیبانوو پەنجەرەی بکەوە و ئەو کتێبەباوێژە حەوشە. زبانەی ئاگرێک کە ئەو ڕۆ دەمانەوێ هەڵی بایسێنین بەو کتێبەدەست پێ دەکا.» کەیبانوو دەستبەجێ ئەمری کەشیشی بەجێ هێنا و کتێب بەباڵەفڕکە کەوتە نێو حەوشە و چاوەڕوانی ئاگرێک بوو کە هەڕەشەی لە مانی دەکرد. کەشیش گوتی کتێبکی تر هەڵگرە. دەلاک گوتی: کتێبی دوایی ئامادیسی یۆنانییە و بەبڕوای من کتێبەکانی تریش کە دەو ڕەدیفەدا چندراون، هەمووی لە قوماشی ئامادیسن. کەشیش گوتی دەیجا لەچی ڕاوەستاوی، تێکڕایان فڕێ بدە حەوشە، چون نە تەنیا داستانی «مەلەکەکینتی کێنترا» kintiquinestra و دارینەلی Darinel شوان و ئاوازە دێهاتییەکانی و قسە زەلامەکانی نووسەرەکانیان، دەبێ دەئاور باوێژرێن بەڵکو ئەگەر باوکیشم بەشکڵی پاڵەوانی سەرگەردان لە من وە دیارکەوێ ئەویشم ڕەگەڵ ئەو قۆریاتە دەخست و بەگڕەپێچەی ئاگرم دەسپاردن. دەلاک گوتی منیش لەسەر ئەم بڕوایەم. خوشکەزا گوتی منیش هەر دەگەڵتانم. کەیبانوو گوتی: «دە جا هەموویانم بدەنێ با بیانهاوێمە نێوەڕاستی حەوشە.» کتێبەکان زۆر بوون، هەموویان دەستە دەستە کردن و دایاننە دەست کەیبانوو، ئەویش بۆ ئەوە زەحمەتی چوونە خوار و هاتنەوە سەر بەپلەکاناندا نەدا بەخۆی، هەمووی بەپەنجەرەدا هەڵداشتنە خوارەوە.

کەشیش پرسی: «ئەو کتێبە ئەستوورە چییە؟» دەلاک گوتی: «ئەوە بەسەرهاتی «دۆن ئۆلیوانت لۆرایە»[٦٠]. کەشیش گوتی: نووسەری ئەم کتێبەهەر ئەوەیە کە کتێبی باغی

٦٠– Don Olivante de Laura و Jardin de Fleurs هەردووک ئاسەوارەی ئانتۆنیۆ دۆتۆرکماندان Antonio de Torquemanda کە یەکەمیان ساڵی ١٥٤٦ لە بارسێلۆن و دووەمی ساڵی ١٥٧٠ لە سالامانک لە چاپ دراوە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtm.org

گولانی نووسیوه و من بەڕاستی نازانم کام یەک لەم دوو کتێبەواقیعیترن یا بەواتایەکی دروستتر کامیان درۆو دەلەسەی زۆرتری تێدایە، بەڵام ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە ئەم یەکەیان وەک سەرچاوەیەکی درۆ و چاخان دەبێ فڕێ بدرێتە ناو حەوشە. دەلاک گوتی کتێبەکانی تر سەربهووردەی «فلۆرسیماردێرکانی»[٦١]یە. کەشیش گوتی: «بەه بەه! بەڕێز فلورسیماش تەشریفیان لێرەیە! زۆر باشە، جا ئەویش بەسزای تاریخچەی سەیر و سەمەرەی لە دایک بوون کە هەیەتی و بەسزای ڕووداوی ڕوئیایی خۆی با بەدوای ئەوانی تردا تەشریفی مبارەکیان بڕواتە حەوشە، چون وشکی و بێ سەلیقەیی تایبەت کە دەشێوە(*) و سەبکی نووسینی ئەو کتێبەدا دەکارکراوە، چارەنووسێکی بێجگە لە سووتان بۆ دیاری ناکا. یاڵلا کەیبانوو هەر دووکیان تووڕ هەڵدە با بڕۆن! کەیبانوو گوتی: ئەی بەچاوان عالیجەناب!(*) و بەخۆشحاڵییەوە ئەمرێ کە پێی درابوو، بەئەنجامی گەیاند. دەلاک گوتی ئەم یەکە داستانی شێوالیە(*) پلاتێرە[٦٢]. کەشیش گوتی ئەوە لەو ئاسەوارە کۆنانەیە، بەڵام من هۆیەک نا بینم کە لە گوناهی خۆش بم، کەوابوو ئەویش بێ پرس وڕا بەدوای ئەوانی تردا با بڕواتە حەوشە.

کتێبێکی تریان کردەوە و دیتیان کە عینوانە(*) کە ئەوەیە: پاڵەوانی چەلیپا[٦٣]. کەشیش گوتی: بەو ناوە پیرۆزەی کە ئەم کتێبەهەیەتی، حەق ئەوەیە لە کەریەتییەکەی بگوزەرێین، بەڵام نابێ لەو پەندە بەناوبانگەش غافڵ بین کە دەڵێ «لەپشت چەلیپا شەیتان خۆی مات داوە». کەوابوو ئەویش بۆ ئاگر باشە، دەلاک کتێبێکی تری بەدەستەوە گرت و گوتی: ئەمەیان ئاوێنەی ئەسپ سوارانە[٦٤].

کەشیش گوتی: بەه! بەه! من لە خزمەتیان ئیرادەتم هەیە. لەم کتێبەدا باسی «ڕێنۆدۆمۆنتۆبان» Renaud de Montauban و یاران و هاودەستانی کراوە کە هەموویان لە «کاکووس» دزترن. و لە دوازدە سوارەی فەرەنسی و لە نووسەری واقیعیی مێژووی ئەوان

---

٦١- Florismars de Hircanie نووسراوی میلشیۆر ئۆرتێگا Melchior Ortega کە ساڵی ١٥٥٦ لە شاری ولادۆوید چاپ کراوە.

٦٢- Le Chevalire Platir نووسەرەکەی نەناسراوە ئەم کتێبەش ساڵی ١٥٣٣ لە چاپ دراوە.

٦٣- Le Chevalier de La Croix بەشی یەکەمی ئەم کتێبە جارێک ساڵی ١٥٢١ لە والانس و پاشان ساڵی ١٥٥٨ لە سیویل و بەشی دووەمی ساڵی ١٥٦٣ لە تۆلێدۆ بڵاو کرایەوە. (مۆریس باردۆن)

٦٤- Miroir de Chevalerie مەبەست هەمان داستانی «حەماسەی ڕۆلان Chanson de Roland کە لە سێ بەشدا ساڵی ١٥٨٦ لە میدینا دیلکامپۆ لە چاپ درا. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یاد کراوە کە ناوی «تورپن»[٦٥]ە. من پێم وایە ئەوانە بۆ هەتا هەتا دەبێ بۆ مەنفا[*]دوور بخرینەوە. چونکە هەموویان دە خەیاڵپلاوەکانی نووسەری بەناوبانگی حەماسەی «ماتیئوبۆیاردو»[٦٦] دا دەستیان هەبووە و شاعیری مەسیحی «لۆدویک ئاریۆست» هەروەها قوماشی خۆی بەتانوپۆی ئاسەواری خەیاڵبزوێنی هەمان نووسەر هۆندووەتەوە. لەمەڕ کتێبی ئاریۆست خۆی ئەگەر دەنێو ئەم کتێبانەدا هەبێ و بەزبانی ئەسڵیی خودی شاعیر نەبێ بایەخێکی بۆ دانانێم، بەڵام ئەگەر بەزبانی ئەسڵی بێ، بەرێزەوە لەسەر سەرمی دادەنێم. دەلاک گوتی: من کتێبی ئاریۆستم بەزبانی ئیتالی هەیە، بەڵام هیچی لێ تێ ناگەم. کەشیش گوتی. چاکتر کە هیچی لی حاڵی نابی و ئەی کاش کابرای بەنێو کاپیتانیش[٦٧] هیچی لێ تێ نەگەیشتبایە و وەرینەگێڕابایەوە سەر ئیسپانیۆلی، یانی زاراوەی کاستیلی، تا بایەخ و نرخ و قیمەتی ئاوا نەهاتبایە خوارەوە. کاری ئەوانەی کە ئاسەواری هۆنراوە لە زبانی سەرەکی وەردەگێڕنە سەر زبانێکی تر هەمووی هەر وایە. ئەوانە هەر چەندی سەرنج بدەن و بەهرە و لێزانیی خۆیان دەکار بێنن هەرگیز ناتوانن ئەو ئاسەوارانە بگەیەننە ئاستی خۆیان. بەبڕوای من باشتر وایە ئەم کتێبەو باقی ئەو کتێبانەی لەسەر کاروباری فەرانسە نووسراون لێرە بەرنە دەرێ و دە قوولکەیەکدا بیانشارنەوە تا بەوەخت و بەحەوسەلەیەکی زۆرترەوە بزانین دەبێ چیان لێ بکەین. بەو حاڵەشەوە دەبێ لەو دەستەیە دوو کتێبان جوێ بکەینەوە. یەکیان «بێرنارد دۆ کارپیۆ»[٦٨] و ئەوەی دی «روون سێ وو»[٦٩] کە ئەگەر ئەوانە دەنێو ئەو کتێبانەدا بن لە جێوە دەیاندەمە دەست کەیبانوو کە دە ئاوریان باوێژێ.»

---

٦٥- تۆرپن Turpin قەشەی رۆنس کە دە ساڵی ٨٠٠ی زاینیدا دەژیا. ناوی ئەم قەشەیە دە حەماسەی رۆلاندا هاتووە. تەنانەت دەڵێن کە کتێبێک بەزبانی لاتین لەمەڕ ژیانی شارلمانی و ڕووداوە پاڵەوانییەکانی رۆلان نووسراوە.

٦٦- Mayteo Boyardo نووسەری داستانی حەماسیی رۆلانی عاشق و ئاریۆست وەک هەموو دەزانن نووسەری داستانی «رۆلانی تووڕە»یە. (مۆریس باردۆن)

٦٧- مەبەست لە کابرای بەنێو کاپیتان Don Géromino Xemenez de Urreaیە کە رۆلانی تووڕەی بەرهەمی ئاریۆستی بەناتەواوی کردووەتە ئەسپانیۆلی. (مۆریس باردۆن)

٦٨- بێرنارد دۆکارپیۆ Bernaed de Carpio بەرهەمی ئۆگۆستین ئالۆنزۆیە Augostin Alonzo کە ساڵی ١٥٨٥ لە شاری تۆلێدۆ بڵاو کرایەوە.

٦٩- Ronceveaux نووسینی Carrido de Villena ساڵی ١٥٨٣ لە تۆلێدۆ بڵاو کرایەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarri.org

دەلاک دەگەڵ تەواوی ئەو قسانە موافیق بوو و حوکمی دەرکراوی بەدادگەرانە دانا، چون ئەو کەشیشی خۆی ئەوەندە بەئیمان و ئۆگری ئاینی مەسیح و لایەنگری حەق و ڕاستی دەزانی کە یەقینی هەبوو ئەگەر هەموو سەروەت و سامانی دنیای بدەنێ لە ڕاستی لانادا و درۆی بەسەر زاریدا نایە. دەلاک کتێبێکی تری کردەوە کە ناوی «پاڵمێرن دۆلیۆ»[٧٠] بوو. لە تەنیشت ئەو کتێبێکی تر بەناوی پاڵمرنی ئینگلستان[٧١] داندرابوو. کەشیش هەر چاوی پێ کەوتن، هاواری لێ هەڵستا: کتێبی «ئالیۆ» دەبێ ونجڕونجڕ کەن و وەهای بسووتێنن کە خۆڵەمێشەکەشی نەمێنێ. بەڵام کتێبی پاڵمرنی ئینگلستان دەبێ وەک عەنتیکە ڕابگرن و بۆ پاراستنی سندووقچەیەک دروست بکەن کە لە سندووقەکەی ئەسکەندرکە بۆ تالانی کاخی دارا دروستی کرد و پاشان بۆ هەڵگرتنی ئاسەواری هۆمێرۆی شاعیری تەرخان کرد، بەقیمەتتر بێ. بەهەرحاڵ ئەی مامۆستا ئەم کتێبەلە دوو ڕوانگەوە دەبێ سەیر بکرێ. یەکەم ئەوەی کە دە ئەسڵدا کتێبێکی بەنرخە. بێجگە لەوەش دەڵێن یەکێک لە پاشایانی زانا و فەرزانەی پورتەقاڵ نووسیویەتی. هەموو ڕووداوەکانی قەڵای «میراگواردا» Miraguard دەو کتێبەدا زۆر سەرنجڕاکێش و بەرزن. وتووێژەکانی مەنتیقی و پەسندی زەوقی(*) سەلیمن و هەمووی دەگەڵ ئەخلاق و کەسایەتیی وێژەرەکەی یەک دەگرنەوە و بێجگە لەوانەش نیشانەی عەقڵ و زانین و هۆش و لێزانی بەهەمووییەوە دیارە. کەوا بوو ئەی جەنابی وەستانیکۆلا ئەگەر تۆ بۆچوونێکی پتەوترت نییە با ئەو کتێبەو ئامادیسی گۆل لە سووتانێ مەعاف بکرێن. بەڵام باقیی کتێبەکان هەرچی زووتر بکەنە خواردنی ئاگر. دەلاک گوتی نا، نا، جەنابی کەشیش وا مەفەرموو، چون ئەوەی بەدەست منەوەیە کتێبی «دۆن بلیانیسی»[٧٢] ناوبەدەرەویە.... کەشیش گوتی لەمەڕ ئەو کتێبەوە دەبێ عەرزت بکەم کە بەشی دووەم و سێیەم و چوارەمی مەفتەلای(*) سەفرایەکی(*) زۆر توندە و بۆ خاوێن کردنەوەی میزاجی(*) ئەو کەمێک ڕێوەندی(*) چینی لازمە. بێجگە لەوەش دەبێ تەواوی داستانی «قەڵایناوبانگ» و چەند داستانی بێ تام و بێ مانای تریشی لێ دەرباوێژی. بۆ

---

٧٠- Palmerin d, Olive دوو بەشە، کە بەشی یەکەمی ساڵی ١٥٢٦ لە وێنیز و پاشان ساڵی ١٥٨٠ لە تۆلێدۆ چاپ کرا و بەشی دووەمیشی لە میدینادیلکارپیۆ ساڵی ١٥٨٠ چاپ کرا.

٧١- Palmerin dAngleterre لە شەش بەش پێک هاتووە کە قەدیمترین چاپی تا ئەو جێگەیەی زانراوە ساڵی ١٥٤٨ لە شاری تۆلێدۆ چاپ کراوە.

٧٢- Don Belianis نووسینی ژریمینۆ فرناندێز Géremino Fernández کە ساڵی ١٥٤٧ لە شاری بۆرگۆس Borgos لە چاپ دراوە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم کارە دەبێ شەش مانگ[٧٣] مۆڵەت بەو کتێبەبدرێ تا ئەگەر لەو ماوەیەدا چاکترکرا ببەخشرێ دەنا دەبێ بەسزای خۆی بگا. جارێ هەڤاڵ. تۆ ئەوی لە ماڵی خۆت ڕابگرە و مەهێڵە کەس وەیخوێنێ. دەلاک گوتی ئیتاعەی ئەمرت دەکەم.»

ئەوجار کەشیش بێ ئەوەی خۆی بەهەڵدانەوەی لاپەڕەی کتێبە ئەستوورەکانەوە ماندوو بکا، بەکەیبانووی ئەمر کرد کە کتێبە گەورەکان فڕێ داتە حەوشە. بەردەنگی(*) کەشیش نە کەڕ بوو نە کەر، وەخۆی زۆر تاسەی سووتاندنی ئەو کتێبانەی دەکرد زۆرتر لەوەی کە قەوارەیەک قوماش بەپارچەباف(*) سفارش بدا، هەرچەند ئەو کارە زۆر گران بوو. جا بەهەر باوەشێک حەوت هەشت بەرگی لەو کتێبەقورسانە هەڵدەگرت و لە پەنجەرەوە هەڵی دەداشتنە ناو حەوشە. بەڵام چون ویستبووی ئەو هەموانە بەیەکجار هەڵبگرێ، یەکێک لەوان کەوتبووە بەرپێی دەلاک و ئەویش بۆ ئەوەی بزانێ عینوانی کتێبەکە چییە هەڵی گرتەوەو دیتی کە لەسەر بەرگەکەی نووسراوە: «داستانی پاڵەوانی ناودار تیرانی سپی»[٧٤] کەشیش هاواری لێ بەرز بووەوە: تەبارەکەڵلا! هەواڵ ئەو کتێبەی بەدەست تۆوەیە داستانی تیرانی سپییە؟ زوو بیدە بەمن. چون متمانەت پێ دەدەم کە دەو کتێبەدا دەریایەک بەزم و کەیف و خۆشی هەیە و من دەزانم چەندە سەرگەرمیی تێدایە. هەر لەو کتێبەدایە کە پاڵەوانی دلاوەر «دۆن کیری ئێلزۆن دۆمۆن تالبان» Don kyrie Eleison de Montalban و براکەی «تۆماس دۆمۆن تالبان» و پاڵەوانێکی تر بەناوی «فۆن سێکا» Fonséca دەگەنە یەکتر و باسی نەبەردی پاڵەوانی دلاوەر تیران دەگەڵ سەگێکی سەیر و عەجایب هاتووەتە گۆڕێ و ئەوجار دەچێتە سەر باسی زیرەکی و ڕندیی(*) کچێک بەناوی «عەیشی ژیان» و دڵداری و مەکربازیی بێوەژنێکی فێڵباز و حیلەت باز بەناوی ئارمیدە و دیسان باسی شاژنێک دەکا کە عاشقی مەیتەرەکەی خۆی بەناوی «هیپۆلیت» Hippolyte بووە و دەستی دەگەڵ تێکەڵ کردووە. هەڤاڵ، من بەڕاستی پێت دەڵێم کە ئەم کتێبە لە ڕوانگەی سەبک و شێوازەوە لە دنیادا وێنەی نییە. دەو کتێبەدا پاڵەوانان وەک بنیادەم دەخۆن و دەخەون و دە

---

٧٣- دە دەقی ئەسڵیدا نووسراوە مۆڵەتێک بەرانبەر بەزەمانی پێویست بۆ حازربوونی دانیشتووانی کۆلۆنییەکان لە دادگادا کە دەبێ لەولای دەریاکانەوە بێن و ئەوەش لانیکەم شەش مانگ دەخایەنێ. (لوویی ویاردۆ)

٧٤- Histoire de Fomeux chevalier Tiranl Le Blanc ڕۆمانی بەناوبانگی پاڵەوانێکە کە ئەسڵەکەی بەزاراوەی کاتالۆنیی ئەسپانیانی تەرجەمە کراوە «١٤٩٠» و ساڵی ١٥١١ وەرگێڕدراوەتە سەر زاراوەی کاستیلیی ئەسپانیایی. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جێگاوبانی خۆیاندا دەمرن و پێش مردن وەسیەت دەکەن و بێجگە لەوانەش دەو کتێبەدا هەزار نوکتەی تر هەیە کە کتێبەکانی لەم چەشنە نیانە. بەو حاڵەشەوە من بەمتمانەوە دەڵێم کە حەق ئەوە بوو دانەری ئەم کتێبەبەگوناهی هەڵبەستنی ئەو هەموو ترەهاتە (بێ ئەوەی مەجبوور بووبێ) بۆ ماوەی تەواوی تەمەنی دەکەشتیی دەوڵەتیدا بەسەوڵ لێدان مەحکووم بکرێ[٧٥]. تۆ ئەم کتێبەبەرەوە ماڵ و بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بزانی قسەکانم دروستە یا نا. دەلاک گوتی: ئیتاعەت. بەڵام چ لەو کتێبەچکۆڵانە بکەم کە لێرە ماون؟ کەشیش گوتی: ئەوانە نابێ کتێبی پاڵەوانی بن. بەڵکو دیوانە شیعرن.»

پاشان یەکێک لەوانی کردەوە و دیتی کە عینوانەکەی شەیپوور[٧٦] لە ئاسەواری «ژۆرژدۆمونت مایۆرە». و بەو بۆچوونە کە باقیی کتێبەکانیش هەر لەو قوماشەن، رووی دە دەلاک کرد و گوتی: «ئەم کتێبانە نابێ وەک ئەوانی تر دە ئاور باوێژی، چون هیچ کات وەک کتێبەپاڵەوانییەکان زەرەریان بۆ کەس نەبووە و ناشیانبێ. خوشکەزا هاواری لێ بەرز بووەوە و گوتی: ئەی جەنابی کەشیش تۆ بیوخودا ئەوانەش دەگەڵ باقیی کتێبەکان بسووتێنە، چون ئەگەر خاڵم لە نەخۆشیی پاڵەوانەتی چاک ببێتەوە، بەخوێندنەوەی ئەو کتێبانە ئەوجار خۆی بەشوان دادەنێ و بەگۆرانی گوتن و بلوێر لێدان، روو دەمێرگ و چیمەن و جەنگەڵ و لێرەواران دەکا. یا دەبێتە شاعیر، ئەوەش لە پاڵەوانەیەتییەکەی خراپتر، چون وەک دەڵێن شاعیری دەردێکی بێ دەرمانە و خەڵکی تریش دەیگرنەوە. کەشیش کوتی، حەق بەو کچە لاوەیە و چون دۆستی ئێمە زوو هەڵدەخلیسکێ وا باشە ئەم هۆیەی دووبارە خلیسکانەوەی بۆ نەهێڵینەوە. کەوابوو ئێستا کە دەمانەوێ لە کتێبی شەیپوور، نووسینی «مۆنت مایۆر» دەست پێ بکەین، من لەسەر ئەم بڕوایەم کە نەیسووتێنین، بەڵکو ئەو بەشەی کە لە «حەکیم مبارەک»Londe enehntée باس دەکا و هەروەها شێعرە درێژەکانی بقرتێنین. باقییەکەی کە دەگەڵ پەخشانەکانی لە هەموو کتێبەکانی نەوعی خۆی باشترە با بمێنێ. دەلاک گوتی: کتێبی دواییش دیسان عینوانی

---

٧٥- دوکتۆر باردۆن دەڵێ دەقی ئەسڵیی ئەم ڕستەیە بەزبانی ئەسپانیۆلی زۆر ڕوون نییە و هەر وەرگێڕ و نووسەر و ڕەخنەگرێک بەسەلیقەی خۆی نووسیویە، بەڵام من بێ کەموزیاد لە ڕووی دەقی فەرەنسیی لوویی ویاردۆ وەرم گێڕایەوە سەر فارسی. (محەمەد قازی)

٧٦- La Diane de Montemayor داستانێکە لە ژیانی شوانەوێڵەیەک لە ساڵی ١٥٥٨ - ١٥٥٩ لە دالاس بلاو کراوەتەوە. ئەدەبیاتی شوانیی سەدەکانی دوایی کە شاکارەکەی بەزبانی فەرانسە کتێبی ئاسترە l' Astrée لە کتێبی ناوبراو مایە و ئیلهامی وەرگرتووە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



شەیپووری هەیە و ناوی شەیپووری دووەمی «ساڵمانتێن»[٧٧]ی بەسەرەویە. کەشیش گوتی: شەیپووری ساڵمانتێن باشترە ڕەگەڵ سزادراوەکانی ناو حەوشە بکەوێ. بەڵام شەیپووری «ژیل پۆلۆ» دەبێ وەک شوێنەواری خودی «ئاپۆلۆن» ئاگاداریی لێ بکرێ بەهەرحاڵ جەنابی مامۆستا، بەکتێبێکی تر ڕابگەین، کاتمان کەمە. دەلاک کە کتێبێکی تری کردبووەوە گوتی: ئەمەیان کتێبی «دە فەسڵی خەزێنەی ئەوینە»[٧٨] کە «ئانتۆنیۆ دۆنۆفرازۆ» شاعیری خەڵکی ساردێنی هۆندوویەتەوە. کەشیش بەدەنگی بەرز گوتی: سوێند بەو پلە و پایە ئاینییە کە من پێیانگەیشتووم، لەزەمانێکەوە کە ئاپۆلۆن یانی خودای هونەر و شێعر ومۆسیقا خودایەتی دەکا هێشتا کێتبێک بەو جوانی و ناسک خەیاڵییە دانەندراوە، ئەم کتێبە لە تەواوی ئەوانەی کە تا ئێستا بڵاو کراونەوە، بەکەڵکتر و بێ وێنەترە و هەر کەس نەیخوێندبێتەوە، دەتوانێ بەتێڕادیوی بڵێ دە عومری خۆیدا کتێبێکی شادی هێنی نەخوێندووەتەوە. تۆ جەنابی مامۆستا، تکایە بۆ منی بێنە. چونکە ئەو کتێبەلای منەوە زۆر لە عەبایەکی درێژ لە پارچەی فلۆرانسی کە بەڕەسمی دیاری بۆم دێنن بەکەڵکترە و کەشیش پاش ئەو قسەیە کتێبەکەی بەکەیفخۆشییەکی زۆرەوە لە گۆشەیەک دانا. دەلاک درێژەی بەقسەکانی دا و گوتی: کتێبەکانی تر بریتین لە شوانی ئیبری[٧٩] و حۆرییەکانی هینارەس[٨٠] و چەند دەرمانێک بۆ نەخۆشی بەغیلی[٨١]. کەشیش گوتی باشترە ئەوانە بدەین بەکەیبانوو. تکایە دەلیلی ئەم فتوایەشم لێ مەپرسە. چون ئەو باسە زۆر دوورودرێژە. دەلاک گوتی: ئەو یەکەیان کتێبی «شوانی فیلیدایە»[٨٢]. کەشیش گوتی ئەو کابرایە شوان نییە بەڵکو زانایەکی حەکیم و هۆشمەندە و دەبێ کتێبەکەی وەک ئاسەواری پیرۆز بپارێزین. دەلاک گوتی کتێبی دوایی کە زۆر ئەستوورە ناوی «گەنجینەی هەڵبەستی جۆراوجۆرە»[٨٣].

---

٧٧– Le Seconde Diane de Salmantin بەرهەمی ئالۆنزۆ پرێز Alonzo Perez پزیشکی سالامانک «ئالکالا ١٥٦٤». (مۆریس باردۆن)

٧٨– Dix livrea de Fortune damour نووسینی ئانتۆنیۆ دولۆفرازۆ Antonio Delofraso چاپی بارسێلۆن. دەوروبەری ١٥٧٣. (مۆریس باردۆن)

٧٩– Le Pasteur d'lbérie نووسینی Bernardo de lavega چاپی سیویل ١٥٩١.

٨٠– Le Nymphes de Hénarés نووسینی Gonzales de Bobadilla چاپی ئالکالا ١٥٨٧.

٨١– Remédes ála Jalousie نووسینی Lopez de Enciso چاپی مادرید ١٥٨٦.

٨٢– Berger de philida نووسینی Golvez de Montalvo چاپی مادرید ١٥٨٢.

٨٣– Tésor de poesies Varieés نووسینی Pedro de Padilla ساڵی ١٥٨٠ لە مادرید بڵاو کراوەتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarr.org

کەشیش گوتی: ئەم نەوعە کتێبانە هەرچەندی کەمتر بن باشترە ئەو کتێبەش دەبێ خاوێن کرێتەوە دڕکوداڵی لێ فڕێ بدرێ و زۆر شێعری پەست و بێ کەڵکی تێدایە دەبێ لایانبەرین. بەو حاڵەش چونکە شاعیرەکەی دۆستی منە و بەشوکرانەی ئەوەی کە باقیی ئاسەوارەکانی باشتر و قارەمانیترن، ڕای گرن و بیپارێزن. دەلاک گوتی: کتێبەکەی تر تەسنیفساز(٨٤) کاری «ماڵدۆنادۆیە». کەشیش گوتی: ئەوەی ئەو شێعرەشی هۆندووەتەوە دۆستێکی خۆشەویستی منە. شێعرەکانی بەڕاویژی(*) خۆی بیسەر سەرمەست دەکا و لەحنی دەنگی شاعیر ئەوەندە دڵنشینە کە کاتی شێعر خوێندنەوە، پیاوی جادوو دەکا. لە پێهەلاگوتندا هێندێک زۆری لەسەر ڕۆیشتووە، بەڵام شتێک کە باش بێ، درێژیش بێ، ماندووت ناکا. ئەویش ڕەگەڵ ئەو کتێبانە بخە کە دەبێ بمێننەوە. باشە هۆو کتێبە کە لە هەموان نزیکترە چییە؟ دەلاک گوتی: ئەم کتێبە گالاتە(٨٥) کاری «میگڵدوسێرڤانتێس»ـە. کەشیش گوتی: ئەم سێرڤانتێسە چەند ساڵە دۆستی منە و دەزانم کە دەناسینی نامرادی و ڕۆژەڕەشییەکانی بەرەی مرۆڤدا زۆرتر شارەزایە تا دە هونەری شێعر و شاعیریدا. ئەڵبەتە کتێبەکەشی بابەتی باش و سەرنجڕاکێشی تێدا هەیە بەڵام ئەو کابرایە زۆرتر قسەدەکا و هیچ کات بەرهەمێک وەرناگرێ. وا باشە چاوەڕوانی بەشی دووەم بین کە نووسەر بەڵێنی دەرکردنی داوە. شایەد(*) ئەو بەلابردنی عەیبی خۆی لە دوارۆژدا وەبەر لێبووردنێک بکەوێ کە ئەمرۆ سزاواری نییە. بەهەرحاڵ، مامۆستا ئەو کتێبەش لە ماڵی خۆت ڕابگرە. وەستا نیکۆلا گوتی: ئەی بەچاوان! ئەوەش سێ کتێبی تر کە پێکەوە بەدەستمەوە هاتن و بریتین لە ئارۆکانا(٨٦) کاری «دۆن ئاڵۆنزودوارچیلا» و «ئۆستریادا» کاری «ژوان ڕوفۆ» قازی شاری «قەرتەبە» و «مۆنسێرات»(٨٧) کاری «کریستووال دۆوێرووس» شاعیری والانسی. کەشیش

---

٨٤- Le Chansonnier کاری Lopez de Maldodado کە ساڵی ١٥٨٦ لە مادرید لە چاپ دەرچووە.

٨٥- گالاتی Galateé کاری میگل دۆسێروانتێس نووسەری دۆن کیشۆتە کە بەشی یەکەمی ساڵی ١٥٨١ لە ئاڵکالا بڵاو کراوەتەوە، بەڵام ئەجەل مۆڵەتی نەدا کە بەشی دووەمی «بەڵێن دراو» تەواو بکا. (مۆریس باردۆن)

٨٦- Aroucana کاری Alonzo de Ercilla هۆنراوەیەکی حەماسی و داستانی فەتحی وڵاتی ئارۆکانی لە پارێزگاکانی شیلی بەدەست ئەسپانیاییەکان. ئەم کتێبە دووجار لە مادرید دە ساڵەکانی ١٥٦٩ و ١٥٩٠دا بڵاو کراوەتەوە.

٨٧- Monserrate لە نووسینی Gristovale de Virués هۆنراوەیەکە دەربارەی دروستکردنی کڵێسای بەناوبانگی کاتالان لە سەدەی نۆیەم کە ساڵی ١٥٨٨ لە مادرید بڵاو کراوەتەوە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



گوتی ئەوانە هەر سێکیان لە باشترین شێعرە حەماسییەکانی زبانی ئیسپانیۆلین و شان لە شانی بەرزترین حەماسەکانی ئیتالیا دەدەن. دەبێ ئەو کتێبانە وەک بەنرخترین گەنجینەی شیعری ئەسپانیایی چاو لێ بکەین و بیانپارێزین.

دە ئاخریدا کەشیش لە ژێر و ڕوو کردنی ئەو هەموو کتێبەماندوو بوو، ویستی بێ پرس وڕا هەمووان دە ئاورێ باوێ، بەڵام دەو دەمیدا وەستای دەلاک کتێبێکی کردبووەوە و ناوەکەی ئاوا ڕاگەیاند: فرمێسکەکانی ئانژلیک[٨٨]. کەشیش گوتی: ئاخ ئەگەر من فەرمانی سووتاندنی ئەم کتێبەم دابایە، ئێستا دەبوو هۆلهۆل بۆی بگریم و فرمێسکان هەڵڕێژم، چون وێژەری ئەم شێعرانە، یەکێک لە بەناوبانگترین شاعیرانی ئەسپانیا، بەڵکو دنیا بوو. خودا هەڵناگرێ دە وەرگێڕانی هێندێک لە ئەفسانەکانی ئۆویدیشدا قیامەتی کردەووە.»

٨٨- Les Larmes d. Angélique بەرهەمی Luis Barabona da soto شاعیری ئەسپانیایی. هۆنەنامەیەکە دە دوازدە نەغمەدا کە بەشی یەکەمی دە ساڵی ١٥٨٦دا لە غەرناتە بڵاو بووەوە. شاعیر دۆستێکی نزیکی سێروانتێس بوو. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٧

## لەمەڕ دووەمین وەدەرکەوتنی پاڵەوانی دلۆڤانی ئێمە دۆن کیشۆتی مانش

تەفتیش گەیشتبووە ئێرە کە لە نەکاو دۆن کیشۆت بەدەنگی بڵیند، نەعرەتە لێدانی دەست پێ کرد و دەیگوت: لێرەیە، ئەی پاڵەوانی دلاوەر، لێرەیە کە دەبێ هێزی شان و باهۆت نیشان بدەی. دەنا پاڵەوانانی پاشا هەموو خەڵاتەکانی کێبەرکێ دەبەنەوە.» کەشیش و دەلاک بۆ ئەوەی بزانن ئەو هەراوهوریایە چییە لە پێڕاگەیشتنی باقی کتێبەکان دەستیان هەڵگرت و بەو هۆیەوە کتێبگەلی کارۆلئا[٨٩] و لیئۆنی ئەسپانیایی[٩٠] و ئەتواری ئیمپراتوور[٩١] ئاسەواری «دۆن لوویی دۆئاویلا»، بێ تەفتیش و پشکنین و لایەنگری ڕەنگە سووتێنرابن. چون ئەم کتێبانە لە کتێبخانەدا هەبوون و ڕەنگە ئەگەر کەشیش چاوی پێ کەوتبان، چارەنووسیان سووتان نەبووایە.

کاتێک دۆستان گەیشتنە لای دۆن کیشۆت پاڵەوان لە تەختی خەوەکەی دابەزیبوو و هەروا خەریکی داد و بێداد و دێوانە بازییەکانی خۆی بوو، بەنووکی شمیشر و لێوارکەی زەبری لە دار و دیوارە دەوەشاند و وەها بێدار وزیت و سەرحاڵ بوو دەتگوت هەرگیز نەخەوتووە. فەورەن دە ئامێزیان گرت و بەزۆر لەسەر تەختەکەی تخێڵیان(*) کردەوە. دۆن کیشۆت پاش ئەوەی هێندێک هێور بووەوە ڕووی کردە کەشیش و پێی گوت: «بەراستی

---

٨٩- کتێبی کارۆلئا حەماسەیەکی هۆنراوەیە کە لەمەڕ سەرکەوتنەکانی شارلکەن پاشای ئەسپانیا و ئیمپراتووری ئەڵمان و ئوتریش هۆنراوەتەوە و لە ساڵی ١٥٦٠ لە شاری والانس لە لایەن جێرۆنیمۆ سەمپر Géronimo بڵاو کراوەتەوە. کارۆلئاکەی تر Juan Ochoa da la Salde ساڵی ١٥٨٦ لە شاری لیسبۆن ئامادەو بڵاوی کردووەتەوە. (مۆریس باردۆن)

٩٠- Léon de Espagne حەماسەیەکی کۆنە دەربارەی قارەمانان و شەهیدانی وڵاتی کۆنی لیئۆن کە ساڵی ١٥٨٦ لە لایەن P. dela Vecihha Castellanos لە شاری سالامانک بڵاو کراوەتەوە. (مۆریس باردۆن)

٩١- Les Gestes de Lampeeuer هۆنە شیعرێکی حەماسییە دە ٥٠ نەغمەدا کە بەپێچەوانەی نووسراوەی سێروانتێس هۆنراوەی don Luis de Avila نییە، بەڵکە دە ساڵی ١٥٦٦ لە شاری والانس بەناوی لوویی زاپاتا Luis Zapata بڵاو کراوەتەوە. (مۆریس باردۆن)

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org



جەنابی ئۆسقۆفی گەورەی تۆرین(*) چ نەنگێگ لەوە بالاترە، ئێمە کە خۆمان ناوناوە دوازدە سوارەی پاڵەوانانی سەرگەردان و دەو سێ ڕۆژی دواییدا(٩٢) خەلاتی کێبەرکێمان ڕفاندووە، بێڵێن پاڵەوانانی دەرباری بەو ئاسانییە بەسەرماندا سەرکەون؟

ـ. کەشیش گوتی: بێدەنگ هەواڵ! کە ئەگەر خودا بیەوێ بارەکە دەگۆڕێ و ئەوەی ئەمڕۆ دوڕاندووتانە سبەی دووبارە دیبەنەوە. جارێ بێجگە لە سلامەتیی خۆت بیر لە هیچ شتێک مەکەوە. چون بەرای من، تۆ زۆر ماندووی و ڕەنگە زۆر سەختیش بریندار بی. دۆن کیشۆت گوتی: بریندار نیم، بەڵام شک دەوەدا نییە کە ئازای لەشم کوتراوە و دارم لەسەر بەردی نەماوە؛ چونکە ئەو ڕۆلانە زۆلە، بەداری بەڕوو تێم بەربوو و خوری شۆری(*) کردم. ئەوەشی لە بەر بەغیلیان بوو، چونکە دەزانێ تەنیا کەسێک کە دەتوانێ دە بەرامبەریدا ڕاوەستێ منم. من ئەگەر لەو جێوبانە هەستمەوە، با هەزار تەلیسم و جادووش پارێزگاری لێ بکەن ئەگەر حەقی خۆی دەبەری دەستی نەنیم و حەشری سەگی پێ نەکەم، بزانە ناوم ڕینۆدومۆنتۆبان نییە! جارێ بفەرموو شتێکم بدەنێ، بیخۆم. جارێ خواردنە کە لە هەمووشت سازگارترە و کاری تۆڵە کردنەوە بۆ خۆم بەجێ بێڵین. دەستبەجێ دەرپەڕین فەرمانی پاڵەوان جێبەجێ بکەن و چوون خۆراکیان بۆ هێنا. پاش خواردن دۆن کیشۆت خەوی لێ کەوتەوە و ئەوانەی لەوێ بوون لە شێتییەکەی واق وڕماو مانەوە.

هەر ئەو شەوە کەیبانوو، هەرچی کتێبی دەحەساری تەویلە و ماڵێدا بوون ئاوریدان و کردنی بەخۆڵەمێش. دەو نێوەدا کتێبانێک سووتان کە حەق بوو هەتاهەتا دە کتێبخانانداندا بەیادگار بمێننەوە. بەڵام بەختی ئەوان و تەمبەڵیی پشکنەر نەیهێشت لەو چارە نووسە شوومە ڕزگار بن و بەمجۆرە پەندی «بێگوناه زۆر جار بەئاگری گوناهکار دەسووتێ» لەسەر ئەوان وەڕاست گەڕا. ڕێگا چارە یا دەرمانێک کە کەشیش و دەلاک دەو ساتەدا بۆ چارەسەری نەخۆشیی دۆستەکەیان بەبیریاندا هاتبوو، ئەوە بوو کە دەرکی کتێبخانەکەی تیغە بکێشن تا لەو کاتەدا کە دۆن کیشۆت لە جێوبانی نەخۆشی هەڵدەستێتەوە چاوی بەکتێبخانەکە نەکەوێ و پێی بڵێن کە جادووگەرێک قەفەسەی کتێبەکانی بەهەرچێکی تێیدا بووە بردوویەتی و ئەم کارە بەوەستایەتییەکی زۆرەوە ئەنجام درا. دوو ڕۆژ دواتر دۆن کیشۆت لە جێی خۆی هەستاو و یەکەم کاری کە کردی ئەو بوو کە سۆراغی کتێبەکانی گرت و بەڵام چون کتێبخانەی لە جێی جاران نەدیتەوە، بەچەپ و ڕاستدا دەستی کرد

٩٢- ئاماژەیە و بەجێژن و کێبەڕکێی پاڵەوانی پێرسپۆلیس کە بەوردی دە کتێبی «دۆن بیلیانیسی» یۆنانیدا باسی لێ کراوە. (لوویی ویاردۆ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەخولانەوە و بەپێی عادەتی ڕابردوو، هەموو جارێک دەهاتەوە ئەو شوێنە کە پێیدا دەڕۆیشتە ژووری کتێبخانەکەی و دەستی بەسەر جێگا دەرگاکەدا دەکێشا و بێ ئەوی هیچ بڵێ، چاوی بەهەموو لایەکدا دەگێڕا. پاشان کە ماوەیەک تێپەڕ بوو، سۆراغی کتێبخانەی لە کەیبانوو ویست. کەیبانوو کە دەپێشدا فێر کرابوو چ وەڵام ێک بداتەوە، گوتی: «کام کتێبخانە؟ چ شتێک؟! جەنابی ئەرباب لەچی دەپرسی؟ لەم ماڵەدا نە کتێب هەیە نە کتێبخانە. چون شەیتان هەمووی دەگەڵ خۆی بردووە! شەیتان نەبوو، جادووگەرێک بوو کە شەوێک دوای ڕۆیشتنی جەنابت بۆ سەفەر، بەسواری پەڵە هەورێک هات و هەرکە نیشتە سەرزەوی لە مارێک کە سواری بووبوو دابەزی و یەکڕاست ڕۆیشتە ناو کتێبخانەکە. نازانم لەوێ چی کرد، چی نەکرد. بەڵام پاش ساتێک هاتە دەرەوە لە سەربانەوە هەڵفڕی و ماڵی پڕ لە دووکەڵ بەجێ هێشت. کاتێک ویستمان بزانین چ کراوە و چ بووە، دیتمان شوێنەوارێک لە کتێب و کتێبخانە نەماوە. تەنیا من و خوشکەزا باشمان لەبیرە کاتێک ئەو پیرە پیاوە شەڕوورە لە عەرزی بڵیند بوو لەو سەرەوە بەسەرمانیدا قیژاند و گوتی چون دوژمنایەتییەکی نهێنی دەگەڵ خاوەنی ئەو کتێبخانە و ئەو کتێبانە هەیە، زیانێکی وای بەو ماڵە گەیاندووە کە پاشان لێتان مەعلووم دەبێ چییە. ئەوەشی گوت کە ناوی «موغناتوون» Mugnaton ی حەکیمە. دۆن کیشۆت گوتی: دەبێ «فریستۆن» Freston بووبێ. کەیبانوو گوتی: من ئیدی نازانم، فریستۆن بوو، فرێتون بوو، هەرچی بوو ناوە بەزیاد نەبووەکەی بە(تون) کۆتایی پێ دەهات. دۆن کیشۆت گوتی ڕاستییەکەی ئەو کابرایە جادووگەرێکی زانایە و بەخوێنی سەری من تینووە چون بەیارمەتیی زانستی خۆی و کتێبەجادووییەکەی دەزانێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان من دەبێ دەگەڵ پاڵەوانێک لە نەزەرکردەکانی(*) ئەو دە نەبەردێکی تەن بەتەندا بەرەنگارییەک بین و بێ ئەوە زانستی ئەو کارێکی لە دەست بێ بەسەر ئەو پاڵەوانەدا زاڵ بم. ئەوەیە کە تا لە دەستی بێ، دەیەوێ نارەحەتم کا. بەڵام با بزانێ و ئاگادار بێ کە ناتوانێ نە لە قەزای ئاسمانی خۆی ڕزگار بکا و نە پێش بەتێکشکان بگرێ. خوشکەزا گوتی: لەعنەت لەوەی گۆمان دەکا. بەڵام خاڵە گیان تۆ بۆ خوت دەخەیتە ناو ئەو قەڕەقەشە و کێشمەکێشە؟ ئایا باشتر نییە کە لەماڵی خۆت ئاسوودە پاڵی لێ بدەیتەوە و بەتەمای نانی گەنم بەدەوری دنیادا خول نەخۆی؟ دەشزانین کە لەو دنیایەدا زۆر کۆسە بەدوای ڕدێندا چوون و سمێڵیشیان لە دەست داوە؟ دۆن کیشۆت گوتی: «ئاخ ئەی خوشکەزای من، تۆ چەندە لە دنیا بێ خەبەری! پێش ئەوەی کەسێک بیەوێ موویەک لە من هەڵکەنی من ڕیش و پەشمی هەموو ئەوانە لە بنەوەڕا دەتاشم.»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


خوشکەزا و کەیبانوو هەر دووکیان وسکوت(*) بوون و ئیتر نەیانویست زۆرتر لەوە دمبەدمەی پاڵەوان بکەن، چون زانییان کە سەودای ڕق و کینە لەسەری دۆن کیشۆتی داوە.

لە ڕاستیدا دۆن کیشۆت پازدە ڕۆژی تەواو، زۆر بەهێمنی و بێ ئەوەی نیشانەیەک لە ئەزمی هەلاتنی دووبارەی خۆی نیشان بدا دەماڵێدا دانیشت. لەو ماوەیەدا لەمەڕ ئەوەکە دنیا پێداویستی بەبوونی پاڵەوانانی سەرگەردانە و دەبێ ئاینی پاڵەوانانی سەرگەردان ببوژێنرێتەوە وتووێژ و دەمەتەقەی زۆر شیرینی دەگەڵ کەشیش و دەلاک هێنا گۆڕێ. کەشیش جاروبار دژایەتیی دەکرد و جاروبار بۆی لەملی دەدا، چون بێجگە لەوە چارەیەکی نەبوو بۆ ئەوەی قسەکەی خۆی بباتە سەر.

دەماوەی ئەو چەند ڕۆژانەدا دۆن کیشۆت بەنهێنی دەگەڵ وەرزێرێکی جیران کە پیاوێکی باش بوو (ئەگەر بەهەر تەقدیر بکرێ ناوی «باش» بدرێ بەخەڵکی فەقیر) بەڵام هێندێک عەقڵی سووک بوو، دەستی کرد بەوتووێژ. سەرەنجام ئەوەندەی بەگوێیدا خوێند کە وا دەکەم و وا بچێ و هەزار جۆر قەول و بەڵێنی پێ دا تا سەرەنجام کابرای ساویلکە ئامادە بوو دە خزمەتیدا بڕوا و ببێتە مەیتەری پاڵەوان. لەوانە، دۆن کیشۆت پێی دەگوت کە پێویستە بەدڵ و بەگیان ببێتە هاوڕێ، چون لەوانەیە ڕووداوێکی وەها بێتەپێش کە بەچاوتروکانێک ببێتە خاوەنی دوڕگەیەک و حکوومەتی ئەو دووڕگەیە بۆ هەتاهەتا بداتە دەست ئەو. سانکۆ پانزا Sancho panza (ناوی وەرزێرەکە ئەوە بوو) کە بەم وەعد و بەڵێنییانە فریوی خواردبوو، ژن و منداڵی لە ماڵەوە بەجێ هێشت و بوو بەمەیتەری جیران. دۆن کیشۆت زوو حەولی دا هێندێک پارە پەیدا بکا و پاش ئەوەی هێندێکی لە مڵک و ماڵەکەی فرۆشت و بەشێکی دەگریو ناو ئاڵوگۆڕی بەهێندێکی تر کرد، پووڵێکی باشی وەدەست هێنا. مەتاڵێکی ئاسنینی لە دۆستێک بەئەمانەت وەرگرت و کڵاوخوودە شکاوەکەی تا بۆی دەکرا ساغ کردەوە. پاشان، ڕۆژ و سەعاتێکی کە پێی وابوو بو وەڕێکەوتن باشە بەئاگاداریی مەیتەرەکەی گەیاند تا ئەویش هەرچی پێی دەوێ دەگەڵ خۆی هەڵگرێ. بەتایبەتی پێی ڕاگەیاند کە خورجێنی لەبیر نەچێ. سانکۆ بەڵێنی دا کە هەروا بکاو گوتیشی کە گوێدرێژێکی زۆر دەستوپەل قایمی(*) هەیە و باشترە ئەویش دەگەڵ خۆی بێنێ چون خۆی دەکاری بەپێ ڕۆیشتندا زۆر ئازا نییە. بەبیستنی باسی گوێدرێز، دۆن کیشۆت هێندێک دەفکرەوە چوو و گوشاری بۆ خۆی هێنا کە وەبیر بێنێتەوە کە ئایا تا ئێستا وابووە پاڵەوانێکی سەرگەردان مەیتەرێکی کەرسوار –وەک ئەوانەی دەچنە ئاشی– وەدوای خۆی خستبێ. بەڵام هەرچی فکری کردەوە، پاڵەوانێکی ئاوای وەبیر نەهاتەوە. بەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حاڵەشەوە ڕازی بووکە سانکۆ کەرەکەی دەگەڵ خۆی بێنێ و دەدڵی خۆیدا گوتی لە یەکەم دەرفەتدا کە بێتە پێش، یانی بەئەستاندنی ئەسپی پاڵەوانێکی بێ ئەدەب کەدێتە سەر ڕێی، ئەسپێکی باش بۆ سانکۆ وەدەست دێنێ. هەروەها بەسفارشی کابرای کاروانسەردار چەند کراس و شتومەکی تری کە دەیتوانی بۆ خۆی ئامادە کرد. پاش ئەوەی تەدارەکی هەموو شتێک گیرا و ئامادەی ڕۆیشتن بوون، بێ ئەوە سانکۆ پانزا لە ژن و منداڵەکەی و دۆن کیشۆت لە خوشکەزا و کەیبانوو ماڵاوایی بکەن شەوێکی ئەنگوستە چاو لە گوند وەدەرکەوتن بێ ئەوەی کەسێک بیانبینێ یا پێ بزانێ. تەواوی ئەو شەوە کوتایان و ڕۆیشتن و ئەوەند دوور کەوتنەوە کە ئەگەر کەسێکیش وە دوایان کەوتبووبێ دەستی پێیان ڕانەگا. سانکۆ پانزا بەخورجین و مەشکی ئاوەوە دەتگوت ڕدێن سپی ئەو دەڤەرەیە و بەتوندی داژواو دەو ئارەزووەدا دەسووتا کە هەرچی زووتر ببێتە حاکمی دوڕگەیەک کە ئەرباب وەعدەی پێ دابوو. دۆن کیشۆت هەر ئەو ڕێگایەی گرتە بەر کە دەوەدرکەوتنی یەکەمدا گرتبوویە بەر، یانی بەدەشتی مۆنتێلدا. بەڵام ئەوجار بەنارەحتییەکی کەمترەوە، چونکە ئێستا سەرەتای بەیانی بوو و پرشنگی هەتاو ئازاری نەدەدا. هەنگی(*) سانکۆ پانزا بەئەربابی خۆی گوت: «حەزرەتی پاڵەوان تکایە ئەو بەڵێنییەی بۆ دوڕگە پێتداوم لەبیرت نەچێ. چون دوڕگەکە هەرچەندی گەورەش بێت من دەتوانم پێیڕابگەم... دۆن کیشۆت جوابی داوە: «هەواڵ سانکۆ پانزا تۆ دەبێ بزانی کە پاڵەوانانی سەرگەردانی پێشوو هەمیشە عادەتیان وا بووە کە مەیتەرانی خۆیان کردووەتە خاوەن و حاکمی ئەو دوڕگە و هەرێمانەی کە وەدەستیان دەهێنان و منیش لەسەر ئەو قەرارەم کە ئەم دابە پەسندە نە تەنیا لە لایەن منەوە لە ناو نەچێ بەڵکو بەپێچەوانەوە لەسەر ئەم بڕوایەم کە دەبێ لە دیترانیش وەپێش کەوم. چونکە ئەو پاڵەوانانە زۆر جار یا با بڵێم هەمیشە سەبریان دەکرد تا مەیتەرەکانیان پیربن و هەرکە مەیتەرەکان لە خزمەت کردن ماندوو دەبوون و لە ڕابواردنی ڕۆژانی سەخت و شەوانی سەختتر لە تاقەت دەکەوتن، ئەودەم ئەربابەکانیان عینوانێکی «کۆنتی»[٩٣] یا لانی کەم «مارکی»[٩٤] یا «دەرەیی» یا «شارستانی» یان بەڕێژەی پلە و پایە و بارودۆخیان پێ دەدان. بەڵام ئەگەر من و تۆ پێکەوە بژین هیچ بەدووری نازانم پاش شەش ڕۆژی تر وڵاتێک داگیر بکەم کە چەند وڵاتی تریش سەر بەو وڵاتەبن و ئەوجار

---

٩٣- مەقام و پلە و پایەی باوبوون لە ئەوروپا وەک «خان» و «بەگ» و «ئاغا» لە فەرهەنگی کوردەواریدا. (وەرگێڕ)

٩٤- بۆ مانای ئەم واژەیە بڕوانە شیکردنەوەی ژمارەی ژووروو.

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەند خۆش دەبێ کە من تاجی پاشایەتیی یەکێک لەو وڵاتانە لەسەر سەری تۆ دابنێم، تۆ نابێ لەو قسەیەی من سەرت سوڕ بمێنێ، چونکە بۆ پاڵەوانان ڕووداوی سەیر و دوور لە چاوەڕوانی دێتەپێش کە لەوانەیە من بتوانم زۆرتر لەوەی کە قەولم پێ داوی بەتۆ بدەم.

سانکۆ پانزا گوتی: «بەو قەرارە ئەگەر بەهۆی یەکێک لەو موعجیزاتە کە جەنابت دەفەرمووی من ببمە پاشا، لابود «ژواناگوتییرز» Juana Gutierrez ی خێزانم کەمتر لەمەلەکە و منداڵەکانم کەمتر لە شازادە نابن. دۆن کیشۆت جوابی داوە: هیچ گومانی تێدا نییە. سانکۆ گوتی: من خۆم گومانم هەیە، چون وای تێ دەگەم ئەگەر خودا بارانی «وڵات» بەسەر ئێمەدا ببارێنێ، یەکیان وە سەری «ماری گوتییرز» ناکەوێ. باوەڕ بفەرموو ئەرباب ئەو ژنەتیوە بۆ بوونەشاژن دوو فلووسان ناهێنێ. دیسان عینوانی «کۆنتێس» بۆ وی باشترە. ئەویش ئەگەر خودا بیەوێ. دۆن کیشۆت گوتی: «زۆر باشە سانکۆ، دەجاتۆ ئەم موشکیلە حەواڵەی خودای تەبارەک وە تەعالا بکە. ئەو خۆی ئەوی شایانی خێزانت بێ دەیداتێ. بەڵام تۆ خۆت بەکەم مەزانە و بەکەمتر لە حکوومەتی ئەیالەت ڕازی مەبە. سانکۆ جوابی داوە: نەخێر، ئەرباب. بەڕاستی من بەکەمتر لەوە ڕازی نابم. بەتایبەتی کە ئەربابێکی وەک تۆ باش و بەهێز و لێهاتووم هەبێ کە دەتوانێ ئەوەی شایانی منە و ئەوەی شان و باهۆی من دەتوانێ هەڵگری بێ، بمداتێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٨

## لەمەڕ شەڕی سەرکەوتووانە و قارەمانانەی دۆن کیشۆت دەگەڵ ئاشە باییەکان و زۆر ڕووداوی تر

لەو کاتەدا سی چل ئاشی بایان لەو دەشتەدا چاو پێ کەوت و هەرکە دۆن کیشۆت چاوی پێیان کەوت گوتی: «بەخت باشتر لەوەی کە ویستی ئێمەیە، کاران جێبەجێ دەکا». تەماشاکە سانکۆ، ئەوە تا هەر ئێستا سێ دێوی بەد قەوارەی ناقۆلا لە بەرامبەر ئێمەدا هەڵتەزیونەوە و من دەمەوێ دەگەڵ هەموویان بەشەڕبێم و هەر چەند کەسێک بن هەمووان بنێرمە دەرەک(*) و سللاریان(*) کەمەمەوە. بەو دەستکەوتەی لێرە وەدەستمان دەکەوێ کەمکەم دەوڵەمەند دەبین، ئەوە خۆی شەڕێکی حەقخوازانەیە و پاک کردنەوەی دنیا لەو ڕەگەزە گلاوە لە خزمەت خودای مەزندا وەک عیبادەتێکی گەورە دێتە ئەژمار. سانکۆ پانزا پرسی «کوا دێو؟ ئەرباب وەڵامی داوە، هۆئەوانەی کە تۆ لەوێ بەباسکی درێژ و کراوە دەیانبینی.

دە نێوانیاندا دێوی وا هەیەکە درێژیی باسکیان دەگاتە دوو فەرسەنگ. سانکۆ دە جوابدا گوتی «وریا بە ئەرباب، ئەوەی ئێمە لە دوورەوە دەیانبینین دێو نین، ئاشی بان و ئەوەی ئێمە بەباسکی تێ گەیوین پەڕڕەی ئاشین کە بەهاتنی با دەسووڕێنەوە و بەرداشی ئاشەکان وەگەڕ دەخەن.

دۆن کیشۆت گوتی: «وا دیارە کە تۆشتێک لە ڕووداوە پاڵەوانییەکان نازانی. من بەتۆ دەڵێم ئەمانە دێون. ئەگەر دەترسی خۆت بکێشە دواوە و لەوکاتەدا کە من شەڕی بێ ئامانیان دەگەڵ دەکەم، تۆ دوعام بۆ بکە.» پاش ئەو قسانە بێ سەرنجدان بەقسەکانی مەیتەرەکەی کە بەسەریدا دەقیژاند: ئەی هاوار! کوڕە پیاوی چاک بە ئەوانە ئاشی بان. دێوی چی و ژەهری ماری چی؟ ئەو ڕکێفی لە ڕۆسینانت دا! وەها چووبوو دەمێشکییەوە کە ئەوانە دێون کە نە تەنیا داد و بێداد و سوێند و تەلاقی مەیتەرەکەی سانکۆ، نەدەبیست بەڵکو کاتێک گەیشتە نزیک ئاشەکانیش دیسان نەیتوانی دەو ڕاستییە بگا کە ئەوانە دێو نین و ئاشن. بەپێچەوانە لە کاتێکدا بەتەقڵەکوت ڕووی دە ئاشەکان کردبوو نەعرەتەی لێ دەدا: «دە هەڵمەیەن، ئەی مەخلووقاتی درزێوی ناشیرین و پەست و بێ کەڵک! من بەتەنیام!

www.rabari.org

تەنیا یەک پاڵەوان کە هەڵمکوتاوەتە سەرتان! لەو دەمەدا کزەبایەک(*) هەڵی کرد و پەرِڕەکانی ئاش وەسووڕان کەوتن، هەرکە دۆن کیشۆت ئەوەی دیت دووبارە نەڕڕاندی «ئێوە ئەگەر زۆرتر لە «برِیارەی» Briarrée دێویش باسکان هەڵسوورێنن. بەسزای بێ شەرمیی خۆتان دەگەیەنم.» پاش دەربرِینی ئەو قسانە، لە قووڵایی دڵەوە خۆی بەدلبەرە نازدارەکەی دۆلسینە ئەسپارد و داوای لێ کرد کە دەو هەنگامەیەدا بەدادی بگا. پاشان لە پەنای مەتاڵەکەیدا بەنێزەی ئامادەی هێرشی ڕۆسینانتی بەچوارناڵە(*) تاودا و هێرشی بردە سەر یەکەمین ئاش کە لە پێشەوەی هەمووان بوو. بەڵام هەر دەو کاتەدا کە پاڵەوان بەزەبرێکی مەحکەمی نێزە پەڕڕەیەکی کون کرد، بایەکە توندی کرد و پەڕڕەکان وەک خولخولە هەڵدە سووڕان و نێزەکە بوو بەچەند لەت و ئەسپ و ئەسپ سوار لە جێی خۆیان هەڵکەندران و بەحاڵێکی پەرێشان تووڕ هەڵدرانە ئەولاتر و بەعەرز دادران.

سانکۆ پانزا ئەوەندی دە تاقەتیدا بوو، بەغارەکەر بۆ بەهاوار گەیشتنی ئەرباب خۆی گەیاندە لای و چاوی پێ کەوت کە ئەو زەبرەی وێی کەوتووە و بەهۆی بەر بوونەوە لەو حەوایەڕا وەها کوتراوە کە پاڵەوان تانوانێ لە جێی خۆی بجووڵێتەوە. سانکۆ بەدەنگی بەرز هاواری کرد «یا ئەڵلای لەسەر! ئاخر پێم نەگوتی ئەرباب، وریابە ئەوانە بێجگە لە ئاشی با شتێکی تر نین؟ پیاو دەبێ مێشکی دەسەریدا نەبێ تا لەو بارەدا بەهەڵە بچێ! دۆن کیشۆت لە جوابدا گوتی «لەسەر خۆبە، لەسەری مەرۆ، نهێنی و ڕەمزەکانی شەڕ زۆرتر پێوەندییان بەبەخت و یەغباڵەوە هەیە. تا ئەو جێگەی من عەقڵم پێی دەشکێ و دەبێ هەر واش بێ ئەو. فریستۆنی حەکیمە کە کتێبەکانی دزیوم دەگەڵ من ئەوەندەی دوژمنایەتی هەیە کە ئەم دێوانەی هێناوەتە سەر شکڵی ئاشی با تا نەهێڵێ شانازیی سەرکەوتن بەسەر ئەواندا، بەنسیبی من بێ، بەڵام هەرچی بیکا ناتوانێ خۆی لەبەر شمشیری تیژی من ڕابگرێ.

سانکۆ گوتی: خودا بکا ئەوتۆ بێ» و هەنگێ یارمەتیی ئەربابی خۆی، کە شانی لە جێ دەرچووبوو، دا تا دووبارە سواری ڕۆسینانت بێتەوە.

هەر دووکیان وێڕای باس کردن لەو ڕووداوە، ڕێگەی «پۆرلاپیس» Port Lapisیان گرتە بەر. چون وەک دۆن کیشۆت دەیگوت ئەوێ چوارڕێیان بوو و بەهیوا بوون لەوێ دەگەڵ هەموو چەشنە ڕووداوێک ڕووبەڕوو ببنەوە. تەنیا پەژارەی دۆن کیشۆت ئەوە بوو کە نیزەکەی نەمابوو، بۆ دەربرِینی ئەم پەژارەیەش بەمەیتەرەکەی گوت: «لەبیرمە ڕۆژێک داستانی پاڵەوانێکی ئەسپانیاییم دەخوێندەوە کە ناوی «دێگۆپرزدو وارگاس»Diego Perez de vargasبوو. دە یەکێک لە شەڕەکاندا شمشێرەکەی شکا و لقێکی داربەڕووی بەدەستەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

گرت و هێندێکیش دەڵێن داربەڕووەکەی هەڵکەند و بەو دارە ئەوەندەی شەڕ کرد و عەرەبی مەراکیشی کوشت کە نێویان لێ نا پاڵەوانی گوپاڵ بەدەست. لە وی بەدواوە ئەو و ئەولادەکانی ئەم لەقەبەیان بەناوی «وارگاس»ەوە لکاند. من ئەو نەقڵەم بۆیە بۆ تۆ گێڕاوە کە دەمەوێ هەر کە بگەمە داربەڕوو چ سەوزبێ و چ گەلای وەراندبێ، لقێکی بەو ئەستوورییە لێ وەکەم و ئەوەندەی هونەری پاڵەوانیی خۆم پێ ئەنجام بدەم کە تۆ بەسەرسوڕماوییەوە شانازی بەخۆت بکەی. سانکۆ گوتی: خوا یار بێ ئەوەی دەیفەرمووی ڕاست بێ، بەڵام جارێ تۆ لەسەر ئەسپەکەت ڕاست دانیشە، چون وا دەبینم کە خوار دانیشتووی و ئەوەش لەوەڕایە تۆ زۆر خۆت دەجووڵێنیتەوە. دۆن کیشۆت گوتی قسەکەت تەواو دروستە و ئەگەر من لەو ئێش و ئازارەی کە دەیکێشم ناناڵێنم، لەبەر ئەوەیە کە پاڵەوانانی سەرگەردان مافی ئەوەیان نییە لە هیچ برینێک بناڵن، تەنانەت ئەگەریش جەرگ و ڕێخۆڵەیان بەزارکی برینەکەیاندا بێتە دەرێ.[٩٥] سانکۆ جوابی داوە: ئێستا کەوایە من عەرزێکم نییە، بەڵام خودا دەزانێ کە ئەگەر ئەندامێکی لەشی تۆ وەئێش کەوێ، من بەبیستنی ناڵەی تۆ خۆشحاڵ نابم. بەڵام لەمەڕ خۆم دەتوانم عەرزت بکەم کە بەکەمترین ئێش و ئازار هاوارم لێ بڵیند دەبێتەوە بەو مەرجەی قانوونی قەدەغە کردنی ناڵە وهاوار مەیتەری پاڵەوانانی سەرگەردان نەگرێتەوە.»

دۆن کیشۆت نەیتوانی بەساویلکەیی مەیتەری خۆی پێ نەکەنێ و پێی گوت، چون تا ئێستا دە قانوونی پاڵەوانیدا ئەسڵێکی پێچەوانەی ئەوەی نەدیوە کەوابوو، ئەو دەتوانێ هەر وەخت ویستی بەکەیفی خوی بناڵێنێ.

ئەوجار سانکۆ وەبیر ئەربابی خۆی هێناوە، کە وەختی نەهارە. دۆن کیشۆت جوابی داوە کە جارێ هیچ ئیشتیای نییە، بەڵام ئەو هەرچەندی دەیەوێ با بخوا. سانکۆ کە ئێجازەی خواردنی پێ درابوو، جێی خۆی لەسەر پشتی کەرەکەی خۆش کرد و لەو نان و پێخۆرەی دە خورجێنەکەدا بوو، هەروا کە وردەوردە لە پشت سەری ئەرباب دەڕۆیشت لەبەرەوە دەیخوارد. جار جارەش دەمی بەزارکی مەشکەکەوە دەناو وەها بەئیشتا دەیخواردەو کە ئاوی دەزاری مەی فرۆشەکانی مالاگاش دەگێڕا و دەو حاڵەدا کە بەم شێوە دەڕۆیشت و پاروو دوای پارووی قووت دەدا، هیچ بەبیر وعدەکانی ئەرباب نەبوو، ڕۆیشتن بەدوای

---

٩٥- بەندی نۆی قانوونی پاڵەوانی دەڵێ: هیچ پاڵەوانێک مافی ئەوەی نییە لەبەر ئێشی برین بناڵێ. (لوویی ویاردۆ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕووداوەکـاندا هەر چەندەش پڕخـۆف و ترسـێنەر بووایە بەلایەوە سـەخت و دژوار نەبوو، بەڵکو وەک سەرگەرمی و ڕابواردنێکی خۆش چاوی لێ دەکردن.

سـەرەنجام ئەو شـەوەیان دەنێو مێشـەیەکی چڕوپڕدا تێ پەڕاند و دۆن کیشـۆت لقێکی وشکی لە دارێک کـردەوە کـە وەختـی پێـویسـت دەیتـوانی لە جـیـات نێـزە دەکـاری بێنێ و پەیکانی نێزە شکاوەکەشی دەسەری ڕۆکرد. دۆن کیشـۆت تەواوی شەو، چاوی لەسـەریەک دانەنا و بەیادی دلبەری جانانەی خۆی دۆلسینە بەخەبەر مایەوە تا وەزعی خۆی دەگەڵ ئەو باسـەی دەکتێبـاندا خوێندبوویەوە کە پاڵەوانانی سـەرگـەردان زۆر شـەوان لە دڵی بیـابان و قووڵایی جەنگەلاندا بەبێداری ڕایدەبوێرن و بەیادی دڵدارەکەیان دڵی خۆیان خـۆش دەکەن، بەراورد بکا. بەڵام سـانکۆ پانزا بێ خـەیاڵ تا بەیانی جـووڵەی نەکـرد و خـرپ خـەوی لێ کەوت. بەیانی تا ئەرباب بانگی نەکرد لە خەو هەڵنەستا و نە گەرمای خۆرەتاو کە بەتوندی دە چڕوچاوی چەقیبوو، نە دەنگ و نەغمە و ئاوازی هەزاران باڵندەی دەنگخۆش کە داهاتنی ڕۆژیان پیـرۆز دەکـرد لە خـەوی هەڵنەسـتاند. سـانکۆ کـە چاوی خـۆی کـوشی و دەسـتی پێداهێنا و دستێکی بەمەشکی شـەرابەکەی داکێشـا و کە دیتی خـەریکە بەتاڵ دەبێ و چی وای تێـدا نـەمـاوە، دڵی مـاتـەم دای گـرت چون دەیزانی ئـەو ڕێگایـەی گـرتوویانەتە بەر شوێنێکی لێ نییە کە قاتی و قڕی شـەڕابەکەی لێ قـەرەبوو بکاتەوە. دۆن کیشـۆت بەیانیش فراوێنی نەخـوارد، چون وەک گـووتوویانـە. ئەو بەکاوێژ کـردنەوەی بیـرەوەرییـە خـۆشـەکانی خۆی بەرێ دەچوو.

دووبارە ڕێگەی «پڕلاپێس»یان گـرتـە بەر و دەوروبەری سـەعـاتی سـێی پاش نیـوەڕۆ گەیشـتنە سـەرەتای ڕێگا. دۆن کیشـۆت دەگـەڵ چاوی بەوێ کـەوت، گوتی: «ڕەفیـق سـانکۆ ئێـرەیە کە دەتوانـین باسکی لێ هەڵمـاڵین و دەسـتـمـان تا ئانیـشکمـان بـەرینە ناو ڕووداوە پاڵەوانییەکان، بەڵام ئامان ئەگەر تۆ ئەمن دەژێر گەورەترین مەترسیی دنیاشدا ببینی، نابێ دەست بۆ شـمـشـیـر بەری و لـەسـەرم وە جواب بێی. مـەگـەر ئـەوەی لێت سـوور بێ ئەوانەی هێرشم بۆ دێنن دز و درۆزن و پیاوی بێ سەروپان، کـە لەو کاتیدا تۆ دەتوانی بگەیە هاوارم. بەڵام ئەگەر پاڵەوان بن، چون تۆ خـۆت فەرمـانی پاڵەوانیت نییە. بەپێـی یاساکانی پاڵەوانی بەهیچ کلۆجێک حـەقت نییـە لەسـەرم بکەیەوە. سـانکۆ گوتی: «ئـەرباب، بەڕاسـتی ئەمن لەم وارە دا ئەمری تۆ لەسەر چاوم دادەنێم. بێجگە لەوەش من خـۆم بنیادەمێکی ئەهل و سەهلم و زۆرم ئیشـتیـا لەو پێکهەڵپڕژان و شـەڕو هەرایانە نییە. بەڵام ئەگەر بەڕاسـتی وای لێ بێ کـە دەبێ لەسـەر خـۆم وەجـواب بێم، جـوابی ئەم یـاسـانە نـادەمـەوە. چون یـاسـای شـەرع و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarr.org

عورف ئیزنی ئەوەم پێ دەدەن دە بەرانبەر دەستدرێژیدا لە خۆم بەرگری بکەم. دۆن کیشۆت گوتی: منیش هەر ئەوە دەڵێم. بەڵام دە واری بەرگری لە من دە بەرانبەر پاڵەوانانەدا، تۆ دەبێ غەریزە و ویستی سروشتیی خۆت لغاو بکەی.» سانکۆ گوتی: «دیسان دووپاتی دەکەمەوە بەهەر دووک چاوان و ئەم فەرمانەش وەک فەرمانی تەعتیل کردنی ڕۆژانی یەکشەممە دەبەر چاو دەگرم.»

هەر دووکیان وێڕای ئەو وتووێژە دۆستانەیە، چاویان بەدوو کەس لە کەشیشانی «سن بێنوا» Saint Benoitکەوت کە بەسواریی وشتری یەک کۆهانە یا بەواتایەکی تر سواری ئێستری زەلام کە بەقەد وشتر دەبوون، لەوەرا دەهاتن. هەر دووکیشیان عەینەکی سەفەریان دە چاوی خۆیان کردبوو، چەتری بەرگری لە هەتاویشیان لەسەر سەری خۆیان هەڵدابوو. لەپشت سەریانەوە کالیسکەیەک دەهات کە چوار پێنج سوار دەوریان گرتبوو و دوو نەفەر لاوی ئێسترچیش پیادە بەدوایاندا دەهاتن. دەو کالیسکەیەدا وەک دوایە دەرکەوت، خاتوونێکی بەشانوشەوکەوتی خەڵکی بیسکایBiscaye تێدا بوو کە دەڕۆیشتە سیویل تا دەگەڵ مێردەکەی کەوێ کە بەشوغڵێکی گرینگەوە بۆ هیندوستان دەچوو. کەشیشەکان دەگەڵ ئەو خاتوونە نەبوون، بەڵام بەهەمان ڕێگادا دەڕۆیشتن. دۆن کیشۆت تا چاوی پێیان کەوت بەمەیتەرەکەی گوت: «یا من بەهەڵە چووم یا دەگەڵ کارە ساتێک کە هەرگیز وێنەی نەبیندراوە ڕووبەڕووین. چون ئەو ڕەشاییانەی لە دوورەوە دیارن دەبێ جادووگەرانێک بن کە شازنێکیان بەزۆر دە کالیسکەدا ڕفاندوو و گومانم دەوەدانییە. من دەبێ بەهەموو تواناوە ئەم دەستدرێژییە پێش پێ بگرم و لە هیچ مەترسییەک ناپرینگێمەوە. سانکۆ وەڵامی داوە، بەرای من ئەو کارە لە ڕووداوی ئاشەکانیش خراپترە. بۆ خاتری خودای ئەرباب نەکەی! ئەوانە کەشیشانی خانەقای سن بێنوان و کالیسکەکەش جەماعەتێکن دەچنە سەفەر. دووبارە دووپاتی دەکەمەوە کە باشترە ئاگاداری ڕەفتاری خۆت بی و شەیتان نەچێ دە کلێشە تەوە. دۆن کیشۆت گوتی سانکۆ من دەپێشدا پێم گوتی کە تۆ سەرت لە کاروباری پاڵەوانەتی دەرنا چێ. ئەوەی من پێت دەڵێم، عەینی ڕاستییە. تا چەند چرکە ساتی تر بەچاوی خۆت دەیبینی.»

دۆن کیشۆت وێڕای گوتنی ئەو قسانە خۆی گەیاندە بەرەوە و ڕێگای بەکەشیشەکان گرت. هەرکە ئەوندە نزیک بوونەوە کە دۆن کیشۆت هەستی کرد دەنگی دەگاتە گوێیان، بەبانگی بلێند تێیان ڕاخوڕی و گوتی: «ئەی خەڵکی سەرای ئەبەدی و ئەی نفووسی شەیتانی، زوو ئەو شازنە بەشان و شەوکەتانە کە ڕفاندووتانن و بەزۆرێ دەو کالیسکانەدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەیانبەن ئازاد بکەن. دەنا بەسزای ئەو کارە ڕەش و شەیتانییە ئامادەی مەرگ بن.» کەشیشەکان جڵەوی ئێسترەکانیان کێشا و لە حاڵێکدا لەسەر و قیافە و قسەکانی دۆن کیشۆت واقیان وڕمابوو ڕاوەستان و جوابیان داوە: «جەنابی پاڵەوان ئێمە نە نفووسی شەیتانین و نە لەو دنیایشڕا هاتووینەوە. بەڵکو دوو کەشیش لە خانەقای سن بێنواین کە بەڕێی خۆماندا دەڕۆین و لەوەش ئاگادار نین کە دەو کالیسکانەدا شاژنیان فڕاندوون یا خێر. دۆن کیشۆت گوتی: من بەقسەی فریودەرانەتان بڕواناکەم و ئێوە دزی چەپەڵ و ناپاک دەناسم.» پاشان بێ ئەوە چاوەڕوانی جوابێک بێ، دە ڕۆسینانتی ڕاخوڕی و بەنێزە زەبرێکی وەهای داهێنا کەشیشی یەکەم کە ئەگەر ئەو چارەڕەشە خۆی لە ئێسترەکەی فڕێ نەدابا و ئەو زەبرەی وێ کەوتبا، زۆر بەسەختی بریندار دەبوو یا فەراقی ڕەشی لێ دەبڕا. کەشیشەکەی تر کە ئەوەی دیت دوو لاقی تریشی بۆ ئێسترەکەی قەرز کرد و وەک بای سەڕسەڕ(*) لە مەعرەکە دەرباز بوو. سانکۆ پانزا کە دیتی کەشیش وەعەرزی کەوتووە، سەبرێکی لە گوێدرێژەگەی دابەزی و خۆی بەسەر کەشیش کێشا و خەریک بوو جبەو عەبای لەبەر دابکەنێ. هەنگێ ئەو دوو نۆکەرەی کە هاوڕێی کەشیشەکان بوون هاتنە پێشەوە و لە سانکۆیان پرسی کە لەبەر چی ئەربابەکەیان ڕووت دەکا، سانکۆ جوابی دانەوە کە جلوبەرگی ئەربابەکەیان دەسکەوتی ئەو شەڕە سەرکەوتووانەیە کە دۆن کیشۆتی پاڵەوان تێیدا سەرکەوتووە و بەپێی یاسا دەبێتە هی ئەو. نۆکەرەکان کە لەو قسە قۆڕانە حاڵی نەبوون و نەیاندەزانی شەڕ وغەنیمەت و دەسکەوت چییە، سانکۆ پانزایان بەزەبری شەق و پێلاقە خستە سەر پشت و تەواوی ڕیش و سمێڵیان دەرێنا و ئەوەندەیان تێ هەڵدا کە لەزبان کەوت، دۆن کیشۆت لەوێ نەبوو لەسەری بکاتەوە؛ چونکە خۆی گەیاندبووە سوارەکانی دەوروبەری کالیسکە بۆ ئەوەی بزانێ کێن و چ کەسن. کەشیش کە لەترسان دەلەرزی زۆر بەپەلە سواری ئێسترەکەی خۆی بووەوە و لە کاتێکدا کە ڕەنگی بەڕوویەوە نەمابوو، ڕۆیشتە لای هەواڵەکەی کە لەولاتر چاوەڕوانی بوو. هەر دووکیان بێ ئەوەی چاوەڕوانی کۆتایی پێ هاتنی ئەو ڕووداوانە بن تێیان تەقاند و ئەوەندەیان چەلیپا کێشا و دوعا خوێند، دەتگوت شەیتان ڕاوەدوویان دەنێ.

لەولاتر، وەک دیتمان دۆن کیشۆت دەگەڵ خاتوونی کالیسکەنشین دەستی بەقسان کردبوو دەیگوت: «حەزرەتی شابانوو لەئێستاوە سەربەستی چۆنت پێ خۆشە وابکە! چون سەرداری ئەو تاقمەی کە تۆی فڕاندبوو ئێستا بەزەبری باسکی من دە خاک گەوزیوە. بۆ ئەوەش بۆ زانینی ناوی ڕزگارکەری خۆتان زەینی مبارەکتان زەحمەت نەدەن، بەعەرزی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarr.org

خاتوونی گەورە ڕادەگەیەنم کە من ناوم «دۆن کیشۆتی مانش»ە، پاڵەوانی سەرگەردان و ئەسیری کەمەندی پرچی دلبەری بێ هاوتا «دۆلسینە دۆتۆبۆز»م؛ و بەپاداشی ئەو چاکەیەی کە دەگەڵ ئێوەم کردووە، تەقازایەکم زۆرتر نییە و ئەویش ئەوەیە بگەڕێنەوە شاری «تۆبۆزو» و لە لای منەوە تەشریف بەرنە خزمەت دلبەری جانانەی من و ئەوەی من بۆ نەجاتی ئێوە کردوومە بۆی بگێڕنەوە»، یەکێک لە مەیتەرەکان کە خەڵکی بێسکای بوو تەواوی قسەکانی دۆن کیشۆتی دەبیست و چون تێ گەیشت کە دۆن کیشۆت نایەوێ ئیزن بدا کالیسکە بەڕێگای خۆیدا بڕواو بەپێچەوانەوە دەیەوێ بەرەو «تۆبۆزو» ی بەرێ کا لێی نزیک بووەوە و نێزەکەی لە دەستی دەرهێنا و بەزاراوەیەک کە نە کاستیلی بوو نە بێسکایی، ڕووی تێ کرد و گوتی «بڕۆ ئەی پاڵەوانی بەدرەفتار! سوێندم بەوەی کە ئافەرەیدەی کردووم، ئەگەر نەیەڵی کالیسکەکە بڕوا، کەلاکت ئەلێرە دەخەم.» دۆن کیشۆت ئەو قسانەی بەتەواوی بیست و بەئارامییەکی زۆر سەیرەو گوتی: «ئەی نابووتەی(*) بێبایەخ، من دەزانم کە تۆ پاڵەوان نی، بەڵام ئەگەر پاڵەوان بوایەی سزای ئەو بێ شەرمی و ڕووداماڵاوییەم دە بەری دەستی دەنای.»

بێسکایی جوابی داوە: ئەمن پاڵەوان نیم! قەسەم بەخوا تۆ بەقەدەر مەسیحییەک درۆ دەکەی! ئەگەر نێزەت توورِ هەڵدەی و شمشیرت بکێشی دەبینی چۆن وەک پشیلەی نێو ئاوت لێ دەکەم. بێسکایی لەوشکانی و نەجیب زادە لەسەر دەریا، نەجیب زادە دەگەڵ شەیتان و ئەگەر شتێکی تر بێژی، درۆت گوتووە[٩٦]. دۆن کیشۆت جوابی داوە: زۆر باشە هەر ئێستا دەیبینین.»

وە هەنگی نێزەکەی فڕێ دەدا و دەست دەداتە شمشێر و مەتاڵ هەڵدەگرێ و بەئەزمی کوشتن ڕوو دە کابرای بێسکایی دەکا. بێسکایی کە دیتی بەوحاڵەتەوە دێتە پێش لە ئێسترەکەی کە بەکرێی گرتبوو و نەدەکرا متمانەی پێ بکەی، ویستی خۆی بخاتە خوارەوە. بەڵام تەنیا مەجالی ئەوەی بوو شمشیرەکەی لە کالان دەرکێشێ و لە بەختی باشی چون نزیک بەکالیسکەکەوە ڕاوەستابوو توانیی باڵنجیک لە کالیسکەکە دەرکێشێ و بیکاتە مەتاڵ. ئەو دووە وەک دوو دوژمنی بابەکوشتە تێک بەر بوون. ئەوانەی لەوێ بوون ویستیان

---

٩٦- لە زەمانی سێروانتێسدا بەخەڵکی باسک یانی دانیشتووانی کێوپارەکانی پیر نەیان دەگوت بێسکائی کە زاراوەی تایبەتی خۆیان هەبوو. زبانێکی کە لێرەدا کابرای بێسکایی قسەی پێ دەکا، ئەوەندە تێکەڵ و پێکەڵە کەس تێی ناگا. سێروانتێس وەک نووسەرانی چاخی زێڕین ئەو زبانەی مەسخەرە کردووە و بۆ گاڵتە پێکردن دەکاری هێناوە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


لێکیان جودا بکەنەوە، بەڵام سەرنەکەوتن چون کابرای بێسکایی بەزاراوە ناحەزەکەی خۆی جنێوی دەدا و هەڕەشەی دەکرد ئەگەر لێی نەگەڕێن شەڕەکە تەواوکا، بەدەستی خۆی خاتوونی خۆی و هەمووکەسەکانی تر دەکوژێ. خاتوونی کالیسکەنشین کە لەوەی دەیدیت سەرسام و هەراسان بوو بەسوورچییەکەی گوت، کەمێک کالیسکەکە واوە بەرێ و خۆی لە مەودایەکی کەمەوە بەوردی چاوی لەو شەڕە خوێناوییە دەکرد.

بێسکایی کە نیزیک بووەوە زەبرێکی وەهای لە شانی دۆن کیشۆت دا کە ئەگەر مەتاڵەکە نەبووایە تا نێوقەدی شەقەی دەکرد. دۆن کیشۆت کە قورسایی ئەو زەبری هەست پێ کردبوو هاوارێکی بڵندی کێشا و گوتی: «ئەی دلبەری جانانی من دۆلسینە، ئەی غونچە گوڵی باغی جوانی و شۆخ و شەنگی. پاڵەوانی خۆت کە بۆ دڵخۆشی تۆ تووشی ئەو گرفتارییە بووە یاریدە بدە!» تەواو قسەکانی تەواو نەکردبوو کە مەتاڵی بەڕوویەوەگرت و شمشێری دە دەستیدا ڕێک گوشی و هەڵی کوتا سەر بێسکایی! پاڵەوان بەو ئەزمە هێرشی برد کە گیانی خۆی بەقیمەتی زەربەتێکی کاری لە حەریفدان بخاتە مەترسییەوە. کابرای بێسکایی کە دیتی دۆن کیشۆت بەتەواوی ڕق و کینەوە خەریکە بۆ لای دێ ئەویش هەر بەو حاڵەتەوە ڕووی دە دۆن کیشۆت کرد و ڕاوەستا و باڵنجی کردە مەتاڵ، بەڵام نەیتوانی ئێسترەکەی لە جێی خۆی ببزێوێ و بیباتە ئەولاتر. جا هەر وەک گوتمان دۆن کیشۆت بەئەزمی دوولەت کردنی بێسکایی بەپارێزەوە هێرشێ بۆ برد و کابرای بێسکاییش هەربەو نییەتە شمشێری دەرکێشا بوو و مەتاڵی لەسەر سەری ڕاگرتبوو و چاوەڕوان بوو، تەواوی حازران بەترس و دڵەکوتەوە چاوەڕوانی بەرهەمی زەبری زراوتۆقێنی ئەو دوانە بوون کە هەڕەشەیان لە یەکتری دەکرد. خاتوونی کالیسکەنشین دەگەڵ دەستوپێوەند و ژنە خزمەتکارەکانی هەزاران نەزریان وەخۆ گرت و هەزاران شەمیان پێشکەش بەنوێژخانەکانی ئەسپانیا دەکرد تا خودای مەزن مەیتەرەکەیان و خۆیان لەو مەترسی و کارەساتە گەورەیە کە بۆیان هاتووەتە پێش ڕزگار بکا.

بەڵام خراپتر لە هەمووشت ئەوەیە کە نووسەری ئەم داستانە لێرەدا باسی ئەو شەڕە بەناتەواوی بەجێ دێڵێ و بەبیانووی ئەوەی هیچ نووسراوە و بەڵگەیەکی لەوەی زیاتر تا ئێستا باس کراوە، لەمەڕ دۆن کیشۆت بەدەستەوە نییە، داستانەکە لێرە دەبڕێتەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە نووسەری دووەمی[٩٧] ئەم داستانە نەیەویست بڕوا بەوە بکا کە

---

٩٧- مەبەست سێروانتێس خۆیەتی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabariorg

داستانێکی ئاوا گەورە دەژێر خاکوخۆڵی فەرامۆشیدا کفن ودفن کرابێ و خاوەن ڕایان و پیاو ماقووڵانی وڵاتی مانش ئەوەندە بەرامبەر بەشانازییەکانی نیشتیمانی خۆیان بێ مبالات بوو بن کە دەبایەگانی[*] یا کتێبخانەکانی خۆیاندا چەند ڕوونووس و نوسخەی دەست خەتیان لە شەرحی حاڵ و پاڵەوانەتییەکانی ئەو قارەمانە ڕانەگرتبێ. ئەوە بوو لەسەر بنەمای ئەم گومانە، ناهومێد نەبوو کە ئاخری ڕۆژێک لە ڕۆژان بەشی کۆتاییی ئەو داستانەی وەدەست بکەوێ و دەراستیدا بەلوتفی خودای مەزن، سەرەنجام دەستی بەسەرچاوەیەک ڕاگەیشت کە دەبەشی دووەمی ئەم کتێبەدا[٩٨] باسی لێ دەکرێ.

٩٨- سێروانتێس سەرەتا کتێبەکەی کردە چوار بەش، بەڵام کاتێک بەرگی دووەمی بڵاو کردەوە ئەم دابەشکردنەوەی لە هەردوو بەرگدا لەناو برد. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٩

## کۆتایی شەڕی زراوتۆقێنی بیسکایی بەورەو پاڵەوانی دلاوەری مانش

دە بەشی یەکەمی داستاندا، بیسکایی دلاوەر و دۆن کیشۆتی بەناوبانگمان بەشمشیری ڕووتەوە لە حاڵێکدا بەجێ هێشت کە هەر دووک ئامادە بوون زەبری کاری لە فەرقی(*) سەری یەکتر بدەن، ئەگەر ئەو کارەشیان کردبایە هەر دووک یەکتریان وەک خەیاری تازە دەکردە دوو لەت. بەڵام ئەم داستانە شیرینە دروست هەر لەو جێگە هەستیارەدا بەهەڵواسراوی بڕایەوە بێ ئەوەی دانەری(*) داستان ڕێنوێنیمان بکا باقی ڕووداوەکە لە کوێ سۆراغ بگرین. ئەو مەبەستە دڵەڕاوکێیەکی زۆرێ بۆ من پێک هانی، چونکە کاتێک فکرم دەکردەوە کە هومێدی سەرکەوتن دە دۆزینەوەی کەموکەسریی ئەو داستانە سەرنجڕاکێشەدا چەندە کزە، خۆشییەکی لە خوێندنەوەی کورتەیەک لەو دەستی پێ دابووم، دە بوو بەناهومێدی و دڵساردی. دەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا، بەڕاستی بەلای منەوە، مەحاڵ و دوور لە داب و شوێنی باش بوو کە پاڵەوانێکی ئاوا دڵپاک کەسێکی زانای دەگەڵ نەبووبێ و شەرحی پاڵەوانەتییەکانی نەنووسیبێ؛ چونکە هەر پاڵەوانێکی سەرگەردان کە وەشوێن کارەسات و ڕووداوی لەو چەشنە کەوتووە یەک یا دوو پیاوی زانا و تێگەیشتووی ڕەگەڵ خۆی خستووە کە نە تەنیا شەرحی کارو چالاکی و هەڵسوکەوتی ئەویان دەنووسی، بەڵکو بێ کەڵکترین و مندالانەترین ئاکار و فکر و نهێنییەکانی ژیانی ئەویشیان لەبیر نەدەکرد. بەڕاستی کە پاڵەوانێکی ئاوا خێرخواز شایان و سزاوار نەبوو کە ئەوەندە بەدبەخت و چارە ڕەش بووبێ کە لە هاودەمێکی زانا و ماقووڵ کە وەکانی پاڵەوان پلاتێر و دیتران هەمووکات هەیانبوو، بێ بەش مابووبێتەوە. بەڵێ من نەمدەتوانی باوەڕ بکەم کە داستانێکی ئەوا خۆش و بێ وێنە، بەناتەواوی کۆتایی پێ هاتبێ و گوناهەکەم دەخستە سەر ملی ڕۆژگاری غەدار کە هەمووشت قووت دەدا و لەناو دەبا. فکرم لەوەش دەکردەوە ڕەنگە لە ناویش نە چووبێ، لە شوێنێک پاریزرابێ. لە لایەکیشەوە بەخۆم دەگوت «لە جێگایەک کە دەنێو کتێبەکانی پاڵەوانی ئێمەدا کتێبگەلێک بەتازەیی «دەرمانی بەغیلی» و «حۆریانی هەنارەس» وەدەست کەوتووە، مێژووی بەسەرهاتی خۆی نابێ زۆر کۆن بێ و گریمان نەشنووسرابێتەوە و نەشکرابێتە کتێب بێگومان لەبیر خەڵکیدا ماوە و دەکرێ ئەو ڕووداوانە لە بیرگەی خەڵک دەربکێشرێن.»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو خەیاڵە شۆڕێکی دەخستە سەرم و هەوەسێکی بەتینی دە دڵ و دەروونمدا دادەگرساند کە لە بەسەرهاتی ژیان و کارە سەرسوڕهێنەرەکانی هاووڵاتیی ناوداری خۆم، دۆن کیشۆتی مانش ئاگاداری وەدەست بێنم، پاڵەوانێک کە ئاوێنە و شۆقی پاڵەوانانی مانش و تەنیا کەسێک بوو کە لەم زەمانە زاڵمەی ئێمەدا کاری پاڵەوانەتیی سەرگەردانی کردە پیشەی خۆی و یەکەم کەڵە پیاو بوو کە بۆ خەبات دژی زوڵم و زۆر و یارمەتی گەیاندن بەبیوە ژنان و ئاگاداری لە کیژۆلان باسکی غیرەتی لێ هەڵماڵی، کیژۆلانێکی بێ گوناه کە تازیانە بەدەست و سواری ئەسپ دەلاپاڵ و کێواندا بەتەرەختەن دەڕۆیشتن و باری گرانی کچێنیی خۆیان و کەڵکەڵە ونیگەرانی پاراستنی ئەو کچێنییەیان دەگەڵ خۆیان دەبرد کە دەتگوت پاڵەوانێکی ناپیاوی خوێنخۆر یا ناجوامێرێکی چەکدار بەجلوبەرگی شەڕەوە یا دێوێکی لەندەهۆر دەستدرێژی بەناموسیان ناکا و دە ڕۆژگارانی قەدیمدا، هەبوون کچانێک لەو کچانە کە پاش هەشتا ساڵ تەمەن باوەکو یەک تاقەشەو دەژێر میچێکدا نەخەوتبوون وەک ئەودەمەی لە دایک بووبوون دەست لێ نەدراوو و شەقڵ و مۆر نەشکاو سەرنخوونی گۆڕ بوون[٩٩]. کەوابوو من دەڵێم دۆن کیشۆتی ئێمە: بەو دەلیلە و بەزۆر دەلیلێتریش شایانی قەدرزانین وڕێزگرتنێکی ئەبەدییە و ئەلحەق ئەو ڕێز گرتنەی نابێ لە منیش دریغ بکەن چونکە بۆ دۆزینەوەی باقیی ئەم بەسەرهاتە، زۆرم زەحمەت کێشاوە. بەڵام باش دەزانم ئەگەر فەلەک و هەڵکەوت و یەغباڵ نەگەیشتبانە یاریدەم، دنیا لەو داستانە شیرین و لەو سەرگەرمییە خۆشە، بێ بەش دەبوو. ئێستا باسی ئەوە دەکەم کە چۆن باقیی داستانەکەم وەگیرهێنا.

ڕۆژێک کە لە شاری تۆلێد دەکۆڵانی ئالکانادا دەخولامەوە تازە لاوێکم چاو پێ کەوت کە دەفتەرچەی کۆنی بەدووکاندارێک کە پارچەی ئاوریشمینی هەبووەو دەفرۆشت. من کە عاشقی خوێندنەوەم و تەنانەت کاغەزەکۆنی شەقامانیش هەڵدەگرمەوە بزانم چییان تێدا نووسراوە بەحوکمی مەیلی زاتی یەکێک لەو دەفتەرچانەی کە تازە لاوەکە دەیفرۆشت هەڵم گرت و تەماشام کرد خەتتەکەی عەرەبی بوو. هەر ئەوەندم دەزانی کە ئەو خەتتە عەرەبییە و نەمدەزانی بێخوێنمەوە. چاوم بەهەموو لایەکدا گێڕا، بەڵکو عەرەبێکی ئەسپانیایی[١٠٠]

٩٩- سێروانتێس لە زۆر جێگەی تری داستانی دۆن کیشۆتدا، ئەو شۆخییەی کردووە و تەنانەت «دۆلسینە»ی دلبەری خەیاڵیی دۆن کیشۆتیشی نەپاراستووە. (مۆریس باردۆن)

١٠٠- عەرەبی ئەسپانیانی یا Moeisques ئەو عەرەبانە بوون کە لە ئەسپانیا مابوونەوە و بووبوونە ئەسپانیایی و خەڵک بەشەق کردبوویاننە مەسیحی. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ببینمەوە کە بزانێ و پێم بڵێ ئەوە چییە. وا هاتە پێش کە بۆ دۆزینەوەی وەها کەسێکی زۆر مەحتەل نەبم. چونکە ئەگەر بمویستایە بۆ زمانێکی پیرۆزتریش وەرگێڕێک ببینمەوە زۆر زوو دەمدیتەوە.[١٠١] بەڵێ جا هەر کە قەزاو قەدەر یەکێک لەو عەرەبانەی گەیاندە من، مەبەستی خۆم پێ ڕاگەیاند و کتێبەکەم دایە دەستی. ئەو کتێبەکەی لە نێوەڕاستدا کردەوە و هێشتا چەند دێڕی نەخوێندبووە کە دەستی کرد بەپێکەنین. من هۆی پێکەنین و تریقانەوە کەیم لێ پرسی ئەویش گوتی: بەو ڕوون کردنەوەیە پێدەکەنم کە دە پەراوێزدا نووسراوە». من تکام لێ کرد ئەو ڕوون کردنەوەیەم بۆ مەعنا بکاتەوە و ئەویش بێ ئەوەی لە تریقانەوە بکەوێ، گوتی: گوێ بگرە بۆت بخوێنمەوە:

... وە ئەو دۆلسینە تۆبۆزۆیە کە ئەغلەب دەو کتێبەدا ناوی هاتووە بۆ خوێ کردنی گۆشت بەراز ئەوەند دەست ڕەنگین(*) بوو کە هیچ ژنێک لەولاتی مانش دەسکەنەی(*) لە دوو نەدەکرد» من کاتێک ناوی دۆلسینەتۆبۆزۆم بیست واقم وڕما؛ چونکا دەستبەجێ لێم حاڵی بوو کە ئەم لاپەڕانە ناوەرۆکی داستانەکەی دۆن کیشۆتن. بەو فکرەوە فەورەن لە کابرای عەرەبم تکا کرد کە هەرچی زووتر پێم بڵێ عینوانی کتێبەکە چییە. ئەویش بەزاراوەی کاستیلی ئاوای وەرگێڕایەوە: «داستانی دۆن کیشۆتی مانش، بەقەڵەمی سەید حامید کوڕی ئەنجێلی[١٠٢] مێروونووسی عەرەب» کاتێک ناوی ئەم کتێبەم بەگوێی خۆم بیست. بەخۆڕاگری و زەحمەتێکی زۆر توانیم خۆشحاڵیی لەڕادەبەدەر کە دەستی پێ دابووم، هێندێک بشارمەوە. بەپەلە دەفتەرەکەم لە دەست حەریرفرۆش دەرهێناو و هەموو دەفتەرەکانم بەقیمەتی نیو ڕێئال لە کوڕەکە کڕی. ئەگەر ئەو کوڕە زانیبای کە من تا چ ئاستێک مەیلی کڕینی ئەو دەفتەرانەم هەیە بەسانایی دەیتوانی بەشەش ڕێئالیش پێم بفرۆشێ.

هەر دەگەڵ ئەوەی من و عەرەبەکە پێکەوە لەوێ دوور کەوتینەوە. ئەوم بردە سەرسەرای گەورەی کلیساو و تکام لێ کرد بێ ئەوەی شتێکی لێ زیاد یا کەم بکاتەوە، ئەوەی دەو دفتەرانەدا هەیە، بۆم وەرگێڕێتە سەر زاراوەی کاستیلی و هەرچی بیهەوێ بیدەمێ. عەرەب

---

١٠١– مەبەستی سێروانتێس لە زبانی پیرۆز، زبانی عیبرییە و لێرەدا مەبەست زۆربوونی جوولەکانی دانیشتووی تۆلیدۆیە. (مۆریس باردۆن)

١٠٢– سێروانتێس چون کتێبی خۆی بەشێوەی داستانی پاڵەوانی نووسیوە؛ لێرەدا وای داناوە کە ئەسڵی کتێبەکە عەرەبێک نووسیویەتی، ئیبنی ئەنجەلی Ben Angeli لە واژەی Badenjal «باینجان» وەرگیراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

بەحەقێکی بەرامبەر بەپەنجا «لیور» مێوژ و چوار تەغار گەنم ڕازی بوو و قەولی پێ دام بەئەمانەت و بەزوورییەکی زۆر زوو بۆم وەرگێڕێ. بەڵام من بۆ کار ئاسانی و لەترسی ئەوەی ئەو گەنجینە دۆزراوەیەم لە دەست نەچێ، عەرەبەم بردە ماڵی خۆمان و دەماوەی شەش حەوتوودا تەواوی داستانەکەی بەوجۆرە کە دەوکتێبەدا هاتووە، بۆی وەرگێڕامەوە سەر کاستیلی.

لە دەفتەری یەکەمدا، وێنەیەکی تەواو سروشتی لە شەڕی دۆن کیشۆت دەگەڵ کابرای بیسکایی دەبیندرا. هەر دووکیان دە حاڵەتێکدا کە داستان بەجێی هێشتبوون بەشمشیری ڕووتەوە یەکیان دەژێر مەتاڵی ترسێنەری خۆیدا و ئەوی دیش باڵنج لە سەرسەر، بەرامبەر بەیەک ڕاوەستابوون. ئێستری کابرای بیسکایی لە وێنەکەدا وەها بەرچاو بوو کە پیاو لە مەودای تیررەسی(*) شمخاڵێکیشڕا(*) دەیزانی کە ئەوە ماڵی کرێیە. لە بن پای بیسکایی دە وێنەکەدا نووسرابوو «دۆن سانکۆدۆئازپێی تیا «Don sancho de Azpitia» وە ئەوە بێگومان و هیچ شکی تێدا نەبوو کە ناوی ئەو بوو. لە ژێر پێی ڕۆسینانتدا ناوێکی تر نووسراو بوو کە ناوی دۆن کیشۆت بوو. ڕۆسینانت لەم وێنەیەدا زۆر وەستایانە کێشرابووەوە؛ چونکە ئەندامی ئەو حیوانە وەها شەق ورەق و کز و لاواز و دەندەکانی وەها دەرپەڕیبوون و ئێسکی بەدەن و پەراسووی ئەوەند بەرچاو بوون کە بەڕاستی ناوی «ڕۆسی نانت = کزولاواز» بۆ ئەو حەیوانە بەستەزمانە پڕ بەپێست بوو. لە تەنیشت ڕۆسینانت سانکۆ پانزا هەوساری کەر بەدەستەوە ڕاوەستابوو و لە ژێر پێیدا ئەم نووسراوە دەخوێنرایەوە: «سانکۆزانکاس»(١٠٣). ناوی زانکاس بێگومان بۆ ئەوە درابوو بەسانکۆ کە هەروەک لە وێنەکەدا ئاشکرا بوو، زگێکی زل و قەدێکی کورت و قاچی باریک و خوار و خێچی هەبوو و ڕەنگە هەر لەبەر ئەوە بێ کە دەداستانەکەدا جاری وایە پانزا جاری واشە لەقەبی زانکاسی پێ درابێ. وردە سەرنجی تریش لەم ڕەسم و وێنەدا هەبوون، بەڵام گرینگییەکەیان هێندە نەبوو کە شتێک لە داستانی ئێمە زێدە بکەن. داستانێک کە دەتوانین بێژین، ئەگەر ڕاست بێ و ڕووی دابێ، ناحەز نییە.

ئەگەر ئیرادێک بەڕاست بوونی داستانەکە هەبێ ئەوەیە کە دانەرەکەی لە ڕەگەزی عەرەبەو درۆکردنیش دەنێو ئەو قەومەدا زۆر باوە، بەڵام لە لایەکی ترەوە، ئەوان ئەوەندە

١٠٣- زانکاس Zancas دە فەرهەنگی واژەدا، بەمانای دەعبای لینگ درێژ هاتووە و سێروانتێس ئەم لەقەبە سەیرەی تەنیا لێرەدا داوە بەسانکۆ بۆ ئەوەی شکڵ و قیافەی سەیر و کز و لاوازیی قاچ و قول و زگ زلیی ئەومان بخاتە بەرچاو. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دەگەڵ ئێمە دوژمنن کە دەتوانین بێژین دانەر لە بەیانی ڕاستیدا نە تەنیا چاپوگوویی(*) نەکردووە، بەڵکو کەمیشی نووسیوە. من خۆشم لەسەر ئەم بڕوایەم؛ چونکە دانەر لەو جێگایانە دەیتوانی و دەبووایە دەمەدح و ستایشی پاڵەوانێکی ئاوا دڵپاکدا قسەی تەواوی کردبایە، دەڵێی بەئەنقەست خۆی لە هەمووشت بێدەنگ کردووە و ئەوە کارێکی زۆر خراپ و فکرێکی زۆر بێجێیە، چونکە مێژوونووسان دەبێ ورد و ڕاستگۆ بن و هەرگیز نەکەونە ژێر باری هەوا و هەوەسی خۆیان. دەبێ ترس و قازانجی خۆیان یا ڕق و کینە و حەز و خۆشەویستیی خۆیان وەلا بنێن و لە شاڕێی ڕاستی لاڕێ نەبن، چونکە مێژوو دایکی ڕاستییەکانە و گەنجینەی کردەوە و کار و ئاکاری مرۆڤەکانە و سەر مەشقی ئێستا و مامۆستای داهاتوومانە. من دەزانم کە لەم داستانەدا بابەتی زۆر خۆش و بەتام و چێژ هەیە. بەڵام ئەگەر بابەتێکی باشی تێدا نەبێ وای تێ دەگەم گوناهی ئەو دانەرە سەگەیە(١٠٤) نە لە بابەتەکە خۆی. هەرچی بێ، بەپێی وەرگێڕاوەکە داستان ئەم جۆرە دەستی پێ دەکرد:

لە دیتنی شمیشری ڕووت و تیژی ئەو دوو پاڵەوانە شەڕ خواز و ڕق لە دڵە و لە وەزعی قیافەی لێبڕاوانە و ئامادەیان، وا دەردەکەوێ کە هەڕەشە لە عەرز و عاسمان دەکەن. یەکەم کەس کە زەبری خۆی وەشاند، بیسکایی بوو، ئەویش وەها توند و مەحکەم و بەقەو(*) کە ئەگەر شمیشر لە کاتی داهێناندا لە دەستیدا نەسووڕابا، هەر ئەو زەبرە بۆ کۆتاییهێنان بەو شەڕە ترسناکە و ئەو داستانە و تەواوی ڕووداوەکانی ژیانی بەس بوو، بەڵام ئەستێرەی بەختی دۆن کیشۆت کە ئەوی بۆ ڕووداوی گرینگتر دەپاراست شمشیری دوژمنی وەها دە دەستی ئەودا خول پێ دا کە هەرچەند زەربە وەنێوەڕاستی شانی چەپی پاڵەوان کەوت بەڵام بێجگە لەوەی دەستی چەپی لە کارنجا و نیوێک لە کڵاوخوود و نیوێک لە نەرمەی گوێچکەی دەگەڵ خوی دابڕی، سەدەمەیەکی تری پێ نەگەیاند و ئەوانە هەمووی بەدەنگێکی ترسناکەوە کەوتنە سەر زەوی. پەنا بو خودا!... کێ هەیە بزانێ کە بەدروستی پێمان بڵێ دەوسەعاتەدا کە ئەو ڕەفتارەیان دەگەڵ پاڵەوانی مانش کرد، چ قینێکی ژەهراوی دەڕۆح و گیانیدا سەری هەڵدا؟ لەو بارەیەدا بێجگە لەوە، ناتوانین شتێک بێژین کە پاڵەوان دووبارە خۆی هاویشتە سەر ڕکێف و شمشیرەکەی بەهەر دووک دەست مەحکەم گرت و بەڕق و قین

١٠٤- لێرەدا سێروانتێس بێگومان ویستوویەتی ئیشارە بەوە بکا کە دە زەمانی ئەودا مەسیحی و عەرەبەکانی ئیسپانیا بەیەکتریان گوتووە «سەگ». دەنا قەستی تەوهین و سووکایەتی، ئەویش بەنووسەرێکی خەیاڵی، نەبووە. (لوویی ویاردۆ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

و قـەوێکی وەها لە فـەرقـی سـەری بێـسکایی دا کـە هـەر چەند مـەتاڵی باڵنجی لەسـەر بوو، بەڵام خـوێن بەکونـە تفنک(*) و کـونە گوێچکەیدا فـیـچـقـەی(*) کـرد و چی وای نەمـابوو لە ئێسترەکەی بکەوێتە خوارەوە. وەها بوو ئەگەر هـەر دووک دەستی لە ملی ئێسترەکەی گرێ نەدابا بەیەقـین بەر دەبـووەوە بەڵام بەهـەرحـاڵ لاقـەکـانی لە ڕکـێف هاتنە دەر و پاشـان دەستـەکانی کرانەوەو ئێسترەکەش کە بەو زەبرە ڕەویبـووەوە بەتەرەختەن ڕووی دە سـەحرا کرد و پاش سێ چوار جار هەڵاویشتن(*) سواری خۆی بەعەرزی دادا.

دۆن کیشـۆت ئارام و پشوو لەسەرەخۆ تەماشـای ڕەقیبەکەی دەکرد. کاتێک دیتی لەپشت ئێسترەو کەوتە زەوی، لە ئەسپەکەی دابەزی و بەسووکە غار خۆی گەیاندێ. پاشان نووکی شـمـشـێـرەکـەی لە نێو هەر دووک چاوی ڕاگـرت و بەسـەریدا گـوڕڕاند کە یا تەسلیم بە یا سەرت لە لـەشت جودا دەکەمـەوە. کابرای بیسکایی ئەوەندە پەشـۆکا و شپرزە بوو، وەڵامی پێ نەدراوە. ڕق و تـووڕەییش وەها بـەرچاوی دۆن کـیـشـۆتی تاریک کـردبوو کـە ئەگـەرخـاتوونەکـانی کـالیسکە بەهـاواری مـەیتـەرەکەیان نەگـەیشـتـبـان، کـاری تەواو بوو. خـاتوونەکان کە تا ئەم چرکەساتە مـات و سـەرسـۆرمـا و چاویان لەو شـەڕە کردبوو، کاتێک ئاوایان دیت، بەپەلە خـۆیان گـەیاندە لای پاڵەوان و تکایان لێ کـرد کـە بەپیـاوەتیی خـۆی ڕەحـمی بەمـەیتـەرەکەیاندا بێ و نـەیکوژێ. دۆن کیشـۆت بەفیس و ئیفـادەیەکی فیـرعـەونی دەولامی ئەواندا گـوتی: «خـاتوونـە جوانەکـانی من، بێگومـان ئیتـاعەی ئـەمر و فـەرمانی ئیـوە دەبێتە هـۆی بەخـتـەوەریی نۆکەری خـۆتان، بەڵام بەمـەرجێک کە ئەم پاڵەوانە بەڵێنی بەمن بدا هـەر ئێسـتـا بچێتە گـوندی »تۆبۆزو« و لە لایەن منەوە خـۆی بەرێسمەی دەرگـای خاتوونی بێ وێنە، دۆلسـینە بناسـێنێ تا ئەو هـەرچی بیـەوێ دەگـەڵی بکا». خـاتوونـەکـان بەترس ولەرز و کـرووزانـەوە، بێ ئەوەی لە دۆن کـیـشـۆت بپـرسن دۆلسـینە کـێـیـە و داسـتـان لـە چ قـەرارە، بەڵێنییان دا کـە مـەیتەر مـووبەمـوو فەرمـانەکـەی جێبەجـێ دەکا و لە ئەمـری دەرناچێ. دۆن کیشـۆت گـوتی: «زۆر باشـە هـەرچـەند ئەو سزاواری مـەرگ بوو، بەڵام بەو قەولەی کـە داوتانە دەیبەخشـم و ئازادی دەکـەم.»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٠

## وتووێژێکی شیرین لە نێوان دۆن کیشۆتی پاڵەوان و سانکۆ پانزای مەیتەردا

لە چەند ساتێک پێشەوە، سانکۆ پانزا پاش ئەوەی نۆکەرانی کەشیشەکان تێر وپریان تێ هەڵداو و بەجێیان هێشت، لە عەرزی هەستا بووەوەو، بەسەرنجەوە تەماشای شەڕی دۆن کیشۆتی ئەربابی و کابرای بیسکایی دەکرد و لە قووڵایی دڵەوە، لەبەر خودای تەبارەک و تەعالا دەپاڕاوە کە پاڵەوان سەرکەوتوو بێ تا ئەو بتوانێ ببێتە خاوەنی دوڕگەیەک و بەپێی قەولی پیاوانەی ئەرباب، لە دوڕگەکەدا دەسەڵاتداری بکا. سانکۆ دەگەڵ چاوی پێ کەوت کە شەڕ کۆتایی هاتووە و ئەربابی خەریکە سواری ڕۆسینانت بێتەوە، بەهەڵاتن ڕۆیشتە بەرەوە تا ڕکێفی بۆ بگرێ، بەڵام پێش ئەوەی بێڵێ ئەو سوار بێ، دەبەر پێیدا چۆکی دادا و دەستی ماچ کرد و گوتی: «ئەی ئەربابی دڵۆڤانی من، حەزرەتی دۆن کیشۆت! لەبەرتان دەپاڕێمەوە حکوومەتی ئەو دوڕگەی کە دەوشەڕەدا وەدستت هێناوە، بدەیە دەست من، چون ئەو دوڕگە با زۆریش گەورەبێ من توانایی هەڵسووڕاندنی کاروبارەکەی باشتر لەهەموو ئەو کەسانەی کە لەو جیهانەدا بەسەر دوڕگەکاندا دەسەڵاتدارییان کردووە، دەخۆمدا دەبینم.» دۆن کیشۆت دە جوابی ئەو داخوازییەدا گوتی: «ئەمان، برای من سانکۆ، بزانە کە ئەم ڕووداوە و ڕووداوی تری لەم چەشنە، دوڕگەهێن نین»، بەڵکو ئەوانە ڕووداوی ڕێگاوبان و جادەی گشتین و بەرهەمەکانی بێجگە لەسەر شکاوی و گوێ بڕاوی و برینداری شتێکی تر نییە. بەڵام تۆ سەبرت هەبێ، ڕووداوی تریش دێنە پێش و من دەتوانم نە تەنیا بتکەمە حاکمی دوڕگە، بەڵکو بەپلەوپایەی بەرزتریشت بگەیەنم.» سانکۆ بەشوکرانەی دڵۆڤانیی ئەرباب زۆری لەسەر ڕۆیشت و پاش ئەوەی دەستی دۆن کیشۆت و داوێنی زرێکەی ماچ کرد، یارمەتی دا تا سواری ڕۆسینانت بێتەوە. هەنگێ خۆیشی سواری کەرەکەی بووەوە و بەدوای ئەربابدا ڕۆیی کە بێ خوداحافیزی لە خاتوونەکانی کالیسکەنشین، بەتەرەختەن تێی تەقاند و خۆی دەمێشەیەک، کە لەوێ زور نزیک بوو، ڕاکرد.

سانکۆ تا ئەو جێگەی کەرەکەی دەیتوانی و دەتاقەتیدا بوو بەدوای ئەربابدا بەغارەکەر ڕۆیشت بەڵام ڕۆسینانت وەها باڵی گرتبوو کە مەیتەر بەجێ ما، ناچار هەرای لە ئەرباب

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کرد کە لەسەری ڕاوەستێ تا دەیگاتێ. دۆن کیشۆت جڵەوی ڕۆسینانتی کێشا و ڕاوەستا تا مەیتەری شەکەت و ماندوو گەیشتە خزمەتی. سانکۆ کاتێک گەیشتە ئەرباب گوتی: «ئەرباب بەبۆچوونی من وا باشترە بچین پەنا بۆ کلیسایەک بەرین، چون ئەوکەسانەی تۆ دەگەڵیان بەشەڕ هاتی ئەوەندە شپرزە بوون کە ڕەنگە ڕووداوەکە بەگوێی «سێنتهێرمانداد»[١٠٥] بگاتەوە و ئێمە تووشی قەرقەشە بین. بەڕاستی ئەگەر ئەوە ڕووبدا تا لە زیندان ڕزگاریمان دێ، چاومان سپی[*] دەبێ. دۆن کیشۆت گوتی: بێدەنگ بە، تۆ تا ئێستا لە کوێت بیستووە پاڵەوانێکی سەرگەردان، ئەگەر «قەتڵێ نەفسیشی» کرد بێ کێشابێتیانە پای مێزی دادگا؟ سانکۆ گوتی: من لە «قەتعی نەفس»[١٠٦] شتێک نازانم و دەعومری خۆمدا ئەوەم لەسەر کەس تاقی نەکردووەتەوە. بەڵام دەزانم ئەگەر کەسانێک لە سەحرادا بەشەڕبێن دەیانبەنە لای هێرمانداد و هەر بۆیەش من نامەوێ لەم کارانەدا، دەخالەت بکەم. دۆن کیشۆت گوتی: باشە هەواڵ، تۆ نێگەران مەبە، چۆن ئەگەر پێویست بێ من لە دەست هێرمانداد کە سەهلە لە دەست فەلەستینییانیش ڕزگارت دەکەم. بەڵام تۆ گیانی خۆت بڵێ بزانم هەرگیز پاڵەوانێکی لەمن ئازاترت دیوە؟ ئایا هەرگیز دە کتێبەمێژووییەکاندا خوێندووتەتەوە کە کەسێک لە هێرشکردندا بێباکتر، لە بەرگری کردندا ئامادەتر، دە زەبر وەشاندندا کارامەتر، دە سەرەوبن کردنی دوژمندا چابوکتر لەمن بووبێ؟ سانکۆ گوتی: ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من هەرگیز دە تەمەنی خۆمدا هیچ کتێبێکم نەخوێندووەتەوە چونکە نەخوێندەوارم. بەڵام شتێکی کە بەمتمانەوە دەتوانم عەرزت بکەم من تا ئێستا خزمەتی ئەربابێکی بێ باکتر لە بەڕێزتانم نەکردووە و خودا بکا ئەم بێ باکییانە بەو قیمەتەی کە ئێستا عەرزم کردی، تەواو نەبێ. بەڵام ئەوەی کە ئێستا لە بەڕێزتان داوا دەکەم ئەوەیە کە برینی گوێتان ببەستن چون خوێنی زۆر لێ دێ. من دە

١٠٥- سێنت هێرمانداد La sainte Hermandad یا سێنت کونفیرێری saint Conferérie دادگایەک بوو بەچەند مەحکەمەوە کە مەئمووری زۆری هەبوو. کاریان دەستگیرکردن و سزادانی ڕێگر و جەردە و پیاوخراپ بوو.

١٠٦- سانکۆ چون سەوادی نییە واژەی Homicide یانی قەتڵی نەفس «پیاو کوشتن» بە homicile تێ دەگا و دەبیستێ کە هیچ مانای نییە و دەگەڵ یەکەم واژە وێک دەچن و ناچار دە فارسییەکەدا بۆ وێکچوون «قەتعی نەفس»مان داناوە. (محەمەد قازی)
ئێمەش لێرەدا هەمان واژەکانی جەنابی محەمەدی قازیمان لەبەر جیناس و وێکچوونەکان هێناوە. (وەرگێڕ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خورجێنەکەمدا هێندێکم پارچەی برینپێچی و مەرهەمی سپی هێناوە. دۆن کیشۆت گوتی: من ئەگەر لەبیرم بووایە شووشەیەک شەربەتی(*) فیربراس(١٠٧) دروست بکەم و دەگەڵ خۆمی بێنم ئەو کارانەی پێویست نەدەبوو. ئەو شەربەتە دڵۆپێکی کاری هەزار داوودەرمان دەکا. سانکۆ پرسی ئەوە چ جۆر شەربەتێکە؟ دۆن کیشۆت گوتی: ئەوە شەربەتێکە کە من پێکهاتەکەی دەزانم و لەبەرمە و بەهەبوونی ئەو شەربەتە ئیتر نابێ لە مردن بترسی و هیچ برینێک ناتوانێ بتکوژێ. شەربەتێکە کە دروستم کرد و دامە دەست تۆ، ئەگەر دیتت لە شەڕێکدا منیان لە نێوقەدرا کردووەتە دوو لەت - زۆریش بۆی هەیە ئەوە ڕوو بدا - ئەوەندە بەسە کە ئەو لەتەی لەشم کە کەوتووەتە سەر زەوی زۆر بەخاوێنی هەڵگرییەوە و پێش ئەوەی خوێنەکەم دەڵەمە بێ و بیبەستێ بەسەرنجێکی زۆرەوە بەنیوەکەی تری بەدەنمەوە کە لەسەر ماڵی زین ماوەتەوە، بنووسێنی بەجۆرێک کە ئەو دوو لەتە زۆر جوان بکەونەوە سەر جێی خۆیان و سواری یەک ببنەوە ئەوجار تەنیا دوو قلّپم(*) لەو شەربەتە بەگەروویدا کە، دەبینی کە ساغتر و تەڕوتازەتر لە سێوی ئیندرقاش(*)، زەق و زیندووم! سانکۆ گوتی: دەجا ئەگەر وایە بەسەدەقەت بم من لە دەسەڵاتدارێتیی دورگەی وەعدەدراو سەرفینەزەر دەکەم و بەپاداشی ئەو هەموو خزمەت و نۆکەرییەم تەنیا لە بەڕێزتان نوسخەی ئەم دەوایەم دەوێ. چون وا تێ دەگەم هەر مسقاڵێک لەو دەرمانە لە هەر وڵاتێک بێ، دوو ڕێئال بەڕەواجی دەکا. هەر ئەوەش بۆمن بەسە کە باقیی تەمەنم بەتێروپڕی و شادی و ئاسوودەیی ڕابوێرم. بەڵام ئەوەش با بزانم ئایا دروست کردنی ئەو دەرمانە گرانە یا هەرزان؟. دۆن کیشۆت گوتی بەسێ ڕێئال شتێک کەمتر، دەکرێ سێ پەیمانەی لێ دروست بکەی. سانکۆ گوتی: دەجا تۆ حەزرەتی عیسا لەسەرچی ڕاوەستاوی؟ بۆ خۆت دروست ناکەی و بۆ بەمن فێرناکەی؟ دۆن کیشۆت گوتی: «ئارام بەئارام، هەواڵ، هیوادارم ڕاز و نهێنیی گەورەترت فێر بکەم و لوتفی گەورەترت دەر حەق بکەم. جاری وەرە برینی گۆیجگەم ببەستە چون ئێش و ئازارەکەی لە ئەندازە بەدەرە.»

سانکۆ هێندێکی پارچە و مەرهەم لە خورجێنەکەی دەرهێنا، بەڵام کاتێک دۆن کیشۆت تێ گەیشت کە کڵاوخوودی شکاوە، چی وای نەمابوو لە هۆش بچێ. دەستی بۆ شمشێر برد و ڕووی دە ئاسمان کرد و هاواری کرد «بەو خودایەی کە خوڵقێنەری هەموو شتە و

١٠٧- Fierbras دێوی بوتپەرست و پاشای ئەفسانەییی ئەسکەندەریە بووە کە دەڵێن شەربەت یا ماجوومێکی تایبەتی هەبووە کە برینەکانی بەچاوتروکانێک پێ سارێژ کردووەتەوە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەچوار ئینجیلی پیرۆز سوێند دەخۆم تا ڕۆژێک تۆڵەی خۆم لەوکەسە کە ئەو سووکایەتییەی پێ کردووم نەستێنمەوە، منیش بەشێوەی «مارکی دۆمانتۆی» گەورە، تەمەنم بەرمە سەر. ئەوجار سۆیندی خوارد تا تۆڵەی خوێنی برازاکەی «بۆ دۆئێن»[١٠٨] نەستێنێتەوە لەسەر سفرە دانەنیشێ و دەگەڵ خێزانی خۆی ئەویندارى نەکا و زۆر شتی تریش لە خۆی حەرام بکا. (هەرچەند تەواوی ئەو شتانەم لەبیر نەماوە کە لە خۆمی حەرام دەکەم، بەڵام سوێندەکەم ئەوانیش دەگرێتەوە). سانکۆ کاتێک ئەوەی بیست، قسەی ئەربابی خۆی بڕی و گوتی: ئەرباب، حەزرەتی ئەرباب! ئەوەتان لەبەرچاو بێ، ئەگەر پاڵەوانی تێتشکاو بڕواتە لای خاتوون دۆلسینە دۆتۆبۆزۆ و بەو ئەرکە هەڵسابێ کە بۆت دیاری کردبوو، ئیتر دەبێ ببەخشرێ و موجازات نەکرێ، مەگەر ئەوەی گوناهێکی تری لێ سەر بدات. دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ ئەلحەق کەتۆ وەک فریشتەی عالەمی غەیب قسەت کرد و قسەکەت زۆر دەجێی خۆیدایە. کەوابوو من عەهدی(*) خۆم بۆ تۆڵە کردنەوە لەو خەتابارە فەسخ دەکەمەوە بەڵام لەمەڕ ئەوشتانەی گوتم نایانکەم عەهدوپەیمان تازە دەکەمەوە و دووبارە دەیڵێمەوە تا ڕۆژێک کڵاوخوودێکی جوان وەک کڵاوخوودی خۆم بەزۆر لە پاڵەوانێک نەستێنم دەست لە چلەکێشی هەڵنەگرم. نەچی پێت وابێ چاپوگووپ دەکەم، چون ئەو کارەی من دەیکەم، دەپێش منیشدا کراوە و وێنەی ئەم ڕووداوە موویەموو لەمەڕ کڵاوخوودی «مامبێرین» Mambirin ڕووی داوە کە بۆ «ساکریپان» Sacripanزۆر بەگران[١٠٩] تەواو بوو. سانکۆ گوتی: ئەرباب باوەڕ بفەرموو کە جەنابتان باشترە ئەم عەهدوپەیمانانە کە دژی ساغی و سلامەتیی ئێوە و نارەحەتیی ویژدانتانە، حەواڵەی شەیتان بکەن. دەنا فەرموو بزانم، ئەگەر خوای نەخواستە تا چەند ڕۆژی تر تووشی پیاوێکی چەکدار نەبین کە کڵاوخوودی لەسەر بێ، دەبێ چ قوڕێکی وەسەر خۆمان کەین؟ ئایا دەگەڵ ئەو هەموو گرفتاری و پێشهاتە ناخۆشانە دەبێ عەهدی خۆمان بەرینە سەر یانی دەبێ بەجلوبەرگەوە بخەوین، ڕوو دە ئاوەدانی نەکەین و هەزاران چلەکێشی شێتانەی تر کە بەشێک لە نەزری ئەو پیرە خەرەفاوە، یانی مارکی دۆمانتوا بوون، ئەنجام بدەین؟ کە جەنابت دەتەوێ ئێستا لاسایان بکەیتەوە؟ ئەوجار لەبیرت نەچێ کە هەرگیز پیاوی چەکدار بەو ڕێگایەدا ئاموشۆ ناکەن و

---

١٠٨- لەمەڕ مارکی دۆ مانتۆ و بۆدوئێن بڕوانە سەرەتای بەشی پێنجەم.

١٠٩- ئیشارەیە بەکتێبی «ڕۆلانی تووڕە» بەشی هەژدەم. لێرەدا دۆن کیشۆت بەهەڵە چووە چون کڵاوخوودی مامبێرین، داردنێل Dardinel هەڵی گرت نە ساکریپان. داردنێل بوو کە کوژرا، کڵاوخوودی مامبێرین لەسەری بوو. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ڕێبوارەکانی تەنیا ئێسترەوان و گاریچی و لەو قوماشەن کە نە تەنیا کڵاوخوود لەسەر ناکەن لەوانەشە جیاوازیی کڵاوخوود و کڵاوی خۆیان نەزانن. دۆن کیشۆت گوتی: دەجا هەڵەی تۆ لێرەدایە. چون ئێمە تا دووسەعاتی تر لەو جادەیەدا تووشی ئەوەندە پیاوی چەکدار دەبین کە تەنانەت دەبەرامبەر قەڵای «ئاڵبراکیش»دا کاتی ڕفاندنی «ئانژلیک»ی[١١٠] جوان و نازەنین ئەوەندە کۆ نەبووبنەوە. سانکۆ گوتی: زۆر باشە. خودا بکا هەر وابێ! خوا بکا کارەکان بەمرادی ئێمە بچنە پێش و کاتی ئەوەی کە ببمە خاوەنی دورگەیەک کە زۆر گرانم بۆ تەواو دەبێ گەیشتبێ. دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ من دەپێشدا پێم گوتووی غەمی ئەم شتانە مەخۆ. ئەگەر ئێمە دورگەیەکمان وەدەست نەکەوێ وڵاتانێکی وەک «دینامارک» و «سوبرادیز»[١١١] هەن کە وەک ئەنگوستیلە بۆ دەستی تۆ بەکار دێن. بێجگە لەوەش چون لەسەر عەردی ڕەق و پتەون، زۆرتر مناسبی حاڵی تۆن. جا وا باشترە هەمووشت بۆکاتی خۆی بەجێ بێڵین. جارێ وا باشترە چاوێک لە نێو خۆرجێنەکەت بکەی بزانە چی تێدایە بیخۆین و پاشان بڕۆین قەسرێک بدۆزینەوە کە شەو لەوێ بمێنینەوە و ئەو شەربەتەی کە پێم گوتی دروستی بکەین. چون سۆیند بەخودا گوێچکەم زۆر دەبرژێتەوە و دێشی و ئازارم دەدا. سانکۆ گوتی: من دە خورجێنەکەمدا تەنیا پێوازیک و کەمێک پەنیر و نازانم چەند نانێکی بەیاتم هەیە، بەڵام ئەوەندووکە نان و پێخۆرە لایقی سفرەی پاڵەوانێکی دلاوەری وەک جەنابت نییە. دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ ئەتۆ زۆر ناحاڵیت! کە وایە بزانە بۆ پاڵەوانانی سەرگەردان مایەی شانازییە کە بەمانگ هیچ نەخۆن و ئەگەر بشخۆن بەهەرچی وەدەستیان کەوێ قانیع بن. ئەگەر تۆش بەقەدرایی من داستانی پاڵەوانانت خوێند بایەوە، هیچ شکت لەم بابەتەوە نەدەبوو. ژماری پاڵەوانانی سەرگەردان هەرچەندی بوو بێ من دەسەرگوزەشتی هیچ کامیاندا نەمدیوە کە مەگەر بەهەڵکەوت یا دەمیوانیی گەورەدا کە بەشانازیی ئەوان ساز کراوە، شتکیان خواردبێ، باقیی ژیانیان بەبای بەرێ چوون. لە لایەکی تروە دەبێ قبووڵ بکەین کە ئەم پاڵەوانانە تا خۆراکیان نەخواردبا و باقیی پێداویستی و نیازەکانیان دابین نەکردبایە نەیاندەتوانی بژین و بمێنن، چون بەهەر حاڵ ئەوانیش وەک ئێمە بەشەر بوون، ناچار دەبێ ئەو نوکتەش قبووڵ بکەین کە خۆراکی

---

١١٠- نووسەری کتێبی ڕۆڵانی عاشق دەڵێ کە زۆرتر لە دوو ملیۆن سەرباز بۆ ڕفاندنی ئانژلیک هێرشیان کردە سەر قەڵای ئالبراک. (مۆریس باردۆن)

١١١- دینامارک Dinamark و سوبرادیز Sobradise ناوی وڵاتانێکی خەیاڵین دە کتێبی ئامادیسی گۆلدا. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabanin.org

ئاسایی ئەوان دەبێ هەر ئەو خۆراکە سادە و ئاساییە بووبێ کە دێهاتییەکان دەیخۆن یانی هەر ئەوەی کە ئێستا لای تۆ هەیە و دەتەوێ بۆ منی دابنێی. ئێستاش ئەی هەواڵ سانکۆ! تۆ لەشتێک کە سروشتی من پێی خۆشە مەلوول(*) مەبەو لەوە گەڕێ کە دنیا تازە بکەیتەوە و کاری پاڵەوانەتی لە تەوەرەی خۆی بترازێنی. سانکۆ گوتی: نازانم ئاگادارییەکیشم لە دابونەریتی پاڵەوانی نییە. بەلام لەمەو دوا بۆ بەرێزتان کە پاڵەوانن هەموو جۆرە وشکەبارێک دەخورجێنەکەم دەکەم و بۆ خۆشم کە پاڵەوان نیم گۆشتی بووقەلەموون و مریشک و هەر شتێکی بەقەوەت بێ دێنم. دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ خۆ من نەمگوت پاڵەوانانی سەرگەردان مەجبوورن تەنیا ئەو میوە وشکانە بخۆن کە تۆ باست کرد، گوتم دەبێ خۆراکی ئاسایی ئەوان زۆرتر لە میوەی وشک و گیاوگۆڵی بیابان بووبێ کە لە سەحرادا لێی گەڕاون و ناسیویانە و منیش وەک ئەوان دەیانناسم. سانکۆ گوتی: «ناسینی ئەم گیاوگۆڵە شتێکی زۆر باشە، چونکە وای تێ دەگەم ڕۆژێک دادێ کە پێدواویستیمان بەوانە هەبێ و دەبێ لەو زانیارییەی بەڕێزتان بەهرە وەرگرین.»

دەگەڵ ئەو قسانە سانکۆ ئەو شتانەی کە باسی کردبوون لە خورجێنەکەی دەرکێشا و هەر دوو کیان وەک دوو دۆستی هاوبیر و لێک نزیک بەخۆشییەوە دەیانخوارد. بەلام هەر دووکیان دە فکری شوێنێکدا بوون کە شەوێ لێی بحەسێنەوە. دەخواردنی ئەو شتە کەم و بێ کەڵکەیداکە پێیان بوو، پەلەیان کرد. پاشان هەر دووک لێی سوار بوون و بۆ ئەوەی پێش ڕۆژاوا بوون بگەنە ئاوەدانییەک، بەلەز وەرێ کەوتن. بەلام ڕۆژ ئاوا بوو و نەگەیشتنە ئەو شوێنەی کە دەیانهەویست و بەهەناسەساردی مانەوە. هەر دووکیان خۆیان لە نێو چەند کۆختەی تێکڕووخاودا کە بزن لەوەڕێنەکان دروستیان کردبوون دیتەوە و لێ بڕان شەوێ لەوێدا بمێننەوە. هەر چەندی سانکۆ لەوەی کە مزلێکی ئاسوودەی وەگیر نەکەوتووە، غەمگین بوو، بەپێچەوانە دۆن کیشۆت لەوەی کە دەهەوای ئازاد و لەژێر درەوشانەوەی ئەستێرەکاندا دەنوێ، خۆشحاڵ بوو. چون هەر کات شتێکی وا ڕووی دەدا پێی وابوو «چلەکێشیی خۆڕاگری» (١١٢) ئەنجام دەدا و تاقیکردنەوەیەکی تازە دەوابەستەیی خۆیدا بەئایینی پاڵەوانی تێ دەپەڕێنێ.

١١٢- چلەکێشیی خۆڕاگری «ریاضت تملک» acte de possession لە ئەسپانیای قەدیمدا بەو کارانەیان دەگوت کە بۆ نیشاندانی شەرافەت و پاکیی خوێن و ڕەگەز و ڕەسەنایەتیی بنەماڵە ئەنجام دەدرا. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## ڕووداوی نێوان دۆن کیشۆت و بزن لەوەڕێنەکان

پاڵەوانی ئێمە لە لایەن بزن لەوەڕێنەکانەوە پێشوازیی گەرمی لێ کرا و سانکۆ پاش ئەوەی تا ئەو جێگەی بۆی دەکرا جێگایەکی مناسبی بۆ ڕۆسینانت و گوێدرێژەکەی دابین کرد، بۆنی کرد و لە ڕووی ئەو هەڵمەوە کە لە دیزەیەکی بەقوڵتەقوڵتی سەر ئاگرەوە هەڵدەستا و چەند کوتە گوشتێکی کارژیلەی تێدا بوو تێگەیشت کە ئاوگۆشتێکیش لە ئارادا هەیە. هەر ئەودەمە ویستی بزانێ گۆشتەکان هەلوپەل(*) بوون تا هەر لە جێوە یەک دووپل(*) ئاودیوی ورگی بکا، بەڵام بزن لەوەڕێنەکان نەیانهێشت ئەو زەحمەتە بکێشێ، یانی دیزەیان لەسەر ئاور لابرد و چەند کەوڵە(*) مەڕیان ڕاخست و زوو سفرەی دێهاتییانەی خۆیان پان کردەوە و ئەو دوو بێگانەیان بەمێهرەبانی و دڵۆڤانییەوە بانگ کرد تا هەرچی هەیە، پێکەوە بیخۆن. شەش کەس لە بزن لەوەڕێنەکان کە ئەوێ شەوێ لەوێ بوون لە دەوری کەوڵەکان دانیشتن و بێ تەعاروف تەبەکێکیان(*) سەرەوبن لەوێ دانا و فەرموویان لە دۆن کیشۆت کرد کە لە جیاتی کورسی لەسەر ئەو تەبەکە دابنیشێ. دۆن کیشۆت دانیشت و سانکۆ لە خزمەتی ڕاوەستا تا جامێک ئاو کە ئەڵبەتە بلوور و کریستاڵ نەبوو، بەڵکو لە شاخی بزن دروست کرابوو، بداتە دەست ئەرباب. ئەرباب کە ئەوی بەپێوەدیت گوتی: «سانکۆ بۆ ئەوەی لە هەرچێ ئاکاری جوانی پاڵەوانەتییە ئاگادار ببیەوە و بزانی کە ئەو تایفە دە هەر مەقام و پلەوپایەیەکدا بن دە دنیایەدا، بەچ عێزەت و حورمەتێکەوە پێشوازییان لێ دەکرێ من وام پێ خۆشە کە تۆ هەر لێرە لە تەنەیشت من و دەگەڵ ئەو پیاوە باشانە دابنیشی و دەگەڵ من کە ئەرباب و وەلی نیعمەتی تۆم، یەکسان بی و لە جامی من بنۆشی چون لە عالەمی پاڵەوانیدا هەروەک عالەمی ئەوین دەتوانین بێژین کە هەمووشت یەکسان و بەرامبەرە.

سانکۆ گوتی، زۆر مەمنوونم ئەرباب، بەڵام من دەمەوێ ئەو مەبەستە عەرزی ئێوەی بەڕێز بکەم کە ئەگەر شتێک هەبێ پیاو بیخوا، تەنیاش لە گۆشەیەک ڕابوەستم وەک کاتێک کە پاڵم وە ئیمپراتوورێکدابێ، تەنانەت لەوەش بالاتر خۆم تێر دەکەم و دیسان ئەگەر بمەوێ هەموو ڕاستییەکت عەرز بکەم دەڵێم کە ئەگەر لە گۆشەیەک بەتاقی تەنیا و بێ تەشریفات نان و پیوازێکم هەبێ بیخۆم، پێم باشترە لەوەی لەسەر سفرەی پیاو ماقوولان دانیشم و بووقەلەموون و گوشتی چەور و نەرم سەبرسەبر بجووم و دەنگم لی نەیا و زووزوو بەدەسرە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەمم بسترِمەوەو و نەوێرم بەکەیفی خۆم پارووی لێ بادەم. کەوابوو ئەی ئەربابی من، تکات لێ دەکەم بەجێگەی ئەم شانازییانە کە دەتانەوێ وەک ئەندامێکی هەمیشەیی تەریقەتی پاڵەوانانی سەرگەردان پێم ئیلیفات بکەی، خواهیشتم ئەوەیە شتی ترم بدەیە کە ئاسایش و سوودێکی زۆرتری بۆ من هەبێ. چون من هەر چەند وا دەزانم کە ئەم شانازییانەم وەرگرتووە، بەڵام ئامادەم لێرەوە تا ڕۆژی قیامەت لێیان بوگزەرێم. دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ، بەهەموو ئەو حاڵەتانەوە تۆ دەبێ دابنیشی. چون هەر کەس خۆی بەکەم بزانێ خودا بەرزی دەکاتەوە» دوایە باسکی گرت و بەزۆر لە تەنەیشت خۆی دای نیشاند.

بزن لەوەڕێنەکان شتێکیان لە زبانی سەیر و سەمەرەی مەیتەران و پاڵەوانانی سەرەگەردان نەدەزانی. بێدەنگ دانیشتبوون و نانی خۆیان دەخوارد و چاویان بڕیبووە میوانانی خۆش ئیشتیا کە پارووی زەلام زەلام بەقەدەر مستی دەستیان دەکرد و هەڵیان داویشت. کاتێک گۆشتەکان تەواو بوون، بزن لەوەڕێنەکان بارستایەکی زۆریان بەڕووی شیرین و نیو قاڵب پەنیری ڕەق کە دەتگوت ئاهەکە لەسەر سفرەی چەرمین دانا. دەنێو دەستانیشدا، جام شاخ وەک دەنکە تەسبیح دەگەڕا و ئەو دەستەو دەستی دەکرد و چی وای نەمابوو یەکێک لە دوو مەشکە پڕ شەرابەکان دڵۆپێکیان تێدا نەمێنێ.

پاش ئەوەی دۆن کیشۆت مەعدەی خۆی لە شەراب پڕ کرد، مستێکی بەڕوو هەڵگرت ولە کاتێکدا تێیان ڕامابوو ئاوای دەست بەقسان کرد:

«خۆش بەو زەمانە مبارک و ئەو چاخە پیرۆزە کە قەدیمییەکان نێوی چاخی زێڕینیان لێ نابوو و ئەوەش لەبەر ئەوە نەبوو کە ئەم کانزایە(*)، کە دە عەسری ئاسنی ئەوڕۆدا تا بەو دەرەجەیە بەقەدر وقیمەتە، دەوان ڕۆژانی مبارەکدا، لەهەموو جێگایەک بێ زەحمەت و کوێرەوەری وەدەست دەکەوت، بەڵکە بۆیە پێیان دەگوت: «چاخی زێرین» کە خەڵکی ئەوان سەردەمان دەگەڵ دوو دەستەواژەی «ماڵی من و ماڵی تۆ» ئاشنا نەبوون. دەو دەورانی مبارەکدا هەمووشت هی هەمووکەس بوو. هیچ کەسێک بۆ دابینکردنی پێداویستی ڕۆژانەی خۆی لازم نەبوو بێجگە لەوە زەحمەتێک بەخۆی بدا کە دەستدرێژ بکا و خواردنی خۆی لە لقە ئەستوورەکانی داربەڕوو کە بەڕووی خۆشەوە هەمووانی بۆ خواردنی میوەی شیرین و گەیشتووی خوی بانگهێشت دەکرد(١١٣) بچنیتەوە. کانیاوی سارد و زولاڵ و چۆماوی

١١٣– داری بەڕوو «بلوط» نەمبیستووە میوەی شیرین و ئاوداری بووبێ و نازانم چۆنە بەڕێز محەمەدی قازی سەرنجی بەوە نەداوە. ڕەنگە دە دەقی سەرەکیدا داری بەڕوو نەبووبێ، یا سێروانتێس خۆی تووشی ئەم هەڵەیە بووبێ. (وەرگێڕ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی رابەری
www.rabari.org

خاوێن و ڕوون ئاوی حەیاتی خۆیان دەدا بەهەموو کەس. دەقەڵشتە بەردی ڕەوەزاندا و دە بۆشایی کۆلکەی ئەستووری دارەکاندا مێش هەنگوێنەکان کۆماری خۆیان بەرپا دەکرد و حاسڵی شیرینیکاریی خۆیان دەدا بەهەر ڕێبوارێک کە بەلایاندا تێ پەڕیبا. داری ئەستووری چوو پەنبە(*)، بەنەزاکەتی تەواو و لەخۆوە توێژ و توێلکی پانودرێژیان لەخۆیان فڕێ دەدا و خەڵک بانی کۆختە و کەلاوەی خۆیانیان پێ دادەپۆشی تا دەو کۆختە و کەلاوانەدا لە بێڕەحمی و توندوتیژیی ئاسمان دە ئەماندا بن. دەوان ڕۆژاندا هەمووی هەر دۆستی وبرایەتی و هاودەردی بوو. دەوان ڕۆژاندا گاسنی تیژی جووت کردن نەیدەتوانی سنیگی دایکی پیرۆزی زەوی هەڵبدڕێ، چونکە ئەو بێ ئەوەی زۆری لێ بکەن ئەوەی کە دەیتوانی بۆ تێرکردنی ڕۆلەکانی ئەوێ ڕۆژێی وەدی بێنی، لەسەر سینگی خۆی بەرهەمی دەهێنا و پێشکەشی دەکرد. هەر دەوان ڕۆژاندا کیژۆڵە شۆخوشەنگ و لەبارەکان بەسەری ڕووت و پرچی هۆنراوەیانەوە، بێجگە لەوەندە جلوبەرگە کە نامووسی دادەپۆشین، دۆل ولاخرِ و شیو و لاپالان بەدوای مێگەلاندا دەخولانەوە و زێروزەمبەر و خشل و متومووروویان لە چەشنی ئەوەی ئێستا باوە نەبوو. ئەوان دەمان لە ئاوریشمی هەزار ڕەنگ و هەزار جۆر دووراو کە بەئەرغەوانی سوور دەڕازێنراوە، خەبەریک نەبوو. جلوبەرگی ئەوان لە گەلای ئەرقەتیوون(١١٤) و پێچەک بوو کە ئەندامی ئەوانی زۆر ڕازاوەتر و بەشکۆتر لەو جلوبەرگی ئێستای خاتوونانی دەرباری نیشان دەدا کە لەبەر بێکاری فێری هەزار داهێنانی عەجایب و لەوەندانە بوون. دەو زەمانیدا هەیەجانی ئەویندارى ڕۆحی ئادەمیزاد زۆر سادەدلانە و هەر بەو چلۆنایەتییە خۆی دەنواند کە ڕۆحی ئەویندارانی هەستی پێ دەکرد و بۆ بەیانی خۆی هیچ کات پێویستی بەدەکار هێنانی قسەی ساختەچییانە و دوو لایەنی نەبوو. دەو دەورانیدا درۆودەلەسە و فێڵبازی دەبنەڕەتدا نەبوون تا دەگەڵ دەق ودۆغری بوون و سەداقەت و ئیمان تێکەڵ بن و تەنیا دەنگی عەداڵەت بوو کە بەرز دەبووەوە و هەرگیز دەنگی لایەنگری و سوودخوازی کە ئەمڕۆ عەداڵەت دەخنکێنێ و لە ناوی دەبا نەیدەتوانی عەداڵەت ئاڵۆز و شێواو بکا. قانوونی سەرەڕۆیی بەسەر ڕۆحی دادوەرەکاندا زاڵ نەبووبوو چون هیچکەس و هیچ شتێک نەدەکێشرایە پای دادگا. کچە جحێڵەکان وەک دەپێشدا گوتم بێ ئەوە کەسێک ئاگادارییان لێ بکا شانبەشانی عیسمەت و عیففەتی خۆیان دەهاتن و دەچوون و ترسی ئەوەیان نەبوو زبان شڕێک یا پیلانی پیس و چەپەڵ داوێنیان ئالوودە(*) بکا و ئەگەر بۆخۆیان ویستبایان ڕوویان دە کاری خراپ دەکرد. بەڵام ئێستا لەم ڕۆژگارە

١١٤– ئەرقیوون arctium «گیای بابا ئادەم».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قێزەونەدا(*) هیچ کچێک هەر چەند دە دەخمەیەکی(*) وەک دەخمەی «کرێت»دا[۱۱۵] خۆی بشارێتەوە دیسانیش دە ئەماندا نییە. چون بەکەلێنێکی زۆر چکۆلەدا عیشوەگەری و دڵفڕاندن دەچنە ژوور و تاعوونی هەوەس دەگەڵ هەوا دەچێتە ناو دەخمەکە و هەموو بنەما ئەخلاقی و مرۆڤانییەکان تێک دەدا. بەڵی جا لەبەر زۆر بوونی فەساد، ئاینی پاڵەوانانی سەرگەردانیان دامەزراند تا ئاگاداری لە کچان بکەن و پشتیوانی بیوەژنان بن. دەستی هەتیوان بگرن و بەهاواری لێقەوماوان بگەن. من ئێستا ئەی برایانی بزن لەوەڕێن لایەنگری ئەو ئاینەم و لە ئێوەش بەخاتری ئەو پەزیرایییە گەرمەتان لەمن و مەیتەرەکەم لە قووڵایی دڵەوە، سپاس دەکەم. چون هەر چەند بەپێی قانوونی سروشت، هەموو ئەو کەسانەی کە لەسەر ڕووکاری زەوی دێن و دەچن ئەرکدارن یارمەتیی پاڵەوانانی سەرگەردان بدەن بەڵام کە دیتم ئێوە بێ ئەوەکە ئاگاداری ئەو یاسایە بن، بەگەرمی منتان وەرگرت و ڕەفتاری پیاوانەتان دەگەڵم هەبوو، پێویستە منیش سپاستان بکەم و تا ئەو جێگەی دەکرێ نییەت پاکیی ئێوە بەتەواوی جواب بدەمەوە.»

تەواوی ئەو وتارە دوورودرێژە کە دەکرا کورت بکرێتەوە، پاڵەوانی ئێمە بۆیە پێوەی هەڵسا؛ چونکە بەدیتنی بەڕووەکانی سەر سفرە وەبیر سەدەی زێڕین کەوتەوە و ئەو بیرەوەرییە ئەوی هێنایە سەر ئەو شۆق و هەوەسە کە ئەم وتارە هێژایە بۆ بزن لەوەڕێنەکان بەیان بکا و ئەوان بێ ئەوەی کەلیمەیەک جواب بدەنەوە مات و مەبهووت و گێژو وڕ گوێیاندا قسەکانی. سانکۆش بێدەنگ بوو بەڵام بەڕووی شیرنی دەخوارد و ساتبەسات سەرێکیشی لە مەشکی شەرابەکە دەدا کە بۆ ئەوەی فێنک بێ، بەداری چووپەبنەوە هەڵیانواسیبوو. نوتقی دۆن کیشۆت زۆرتر لە شام خواردنەکەی درێژەی پەیدا کرد و کاتێک پاڵەوان بێدەنگ بوو یەکێک لە بزن لەوەڕێنەکان گوتی:

«ئەی جەنابی پاڵەوانی سەرگەردان! بۆ ئەوەی بەڕێزتان بەحەق پێتان وابێ کە ئێمە بەپێی توانای خۆمان پەزیرایییمان لێکردووی دەمانەوێ دیسان وەسیلەی سەرگەرمی و خۆشیی ئێوە دابین بکەین. مەبەست ئەوەیە کە یەکێک لە دۆستانی ئێمە کە هاتنەوەی زۆر ناکێشێ، گۆرانییەکی خۆشت بۆ بڵێ. ئەو کوڕە لاوێکی دڵتەڕو عاشق پیشەیە و

---

۱۱۵- جزیرەی کریت Créte لە دەریای مەدیتەڕانە سیپی ناوەڕاستدا زەمانی قەدیم لەسەر وڵاتی یۆنان بوو. دەڵێن ئەو جزیرەش وەک میسری کەونارا لابیرینت یا ساختومانێکی گەورەی بەچەندان وەتاغی چکۆلە چکۆلەوە تێدا بووە کە تارێک و پێچ دەرپێچ بوون کە کەس نەیتوانیوە سەرەدەریان لێ دەربکا. (محەمەد قازی)

ڕابەری دیجیتاڵی www.rabari.org

کەمێکیشی سەوادی خوێندن و نووسینەوە هەیە. بێجگە لەوەش ڕوباب(*) وەها باش لێ دەدا کە عەقڵ و هۆش لە پیاو دەستێنێ.» بزن لەوەڕێن هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو کە دەنگی ڕوباب لە دوورەوە بەگوێ گەیشت و زۆری پێ نەچوو کە ڕوباب ژەنیش پەیدا بوو. لاوێک بوو نزیک بیست و دوو ساڵە و زۆر جوانچاک. هاوڕێکانی لێیان پرسی، شامی خواردووە یان نا. دیار بوو شامی کردبوو. ئەوجار ئەوەی ناساندبووی ڕووی تێ کرد و گوتی: «ئانتۆنیۆ بەو قەرارە تۆ دەتوانی بەو ڕوبابەهێندێکمان بەزم بۆ سازکەی با ئەو پایەبەرزە بزانێ کەلە کوێستانیش کەسانێک پەیدا دەبن کە مۆسیقا بزانن. ئێمە باسی هونەر و بەهرەی تۆمان بۆ کردووە و دەمانەوێ کارێک بکەی کە بەدرۆزن دەر نەچین. جا تکایە دانیشە و ئاوازێکی عاشقانەی خۆتمان بۆ بێژە. هەر ئەو ئاوازەمان بۆ بڵێ کە مامە کەشیشەکەت شێعرەکانی بۆ داناوە و خەڵکی گوند هەموو زۆریان پێ خۆشە.» ئانتۆنیۆ گوتی: «بەچاوان دە خزمەت دام» و بێ ئەوەی نازونووزێک بکا لەسەر بنەکۆلکەی داربەڕوویەک دانیشت. ڕوبابەکەی کۆک کرد و دەستی کرد بەگوتنی ئاوازێکی زۆر دڵبزوێن کە شێعرەکانی ئاوا بوون:

«ئۆلالای خۆشەویستم، هەر چەند تۆ بەنیگات کە زبانی بێدەنگی ئەوینە هیچت بەمن نەگوتووە بەڵام دەزانم کە دەمپەرستی.»

«چون دەزانم کە دەرازی دڵم دەگەی بەخۆم متمانە دەدەم کە خۆشت دەوێم چون ڕازی ئەوین کاتێک ئاشکرا بوو ئیتر هەرگیز لێی بێ بەش نابم.

«ئۆلالای ئازیز، ڕاستە کە تو زۆر جاران منت تێ گەیاندووە کە ڕۆحێکی بەپتەویی مەفرەقت(*) هەیە و دەو سینگە سپییەتدا دڵێک لەبەرد حەشار دراوە.»

بەڵام لە پشت پاکیی ناز و سەرکێشیی تۆ تروسکەیەک لە هومێد دەبینم.»

«ئەگەر ئەوین ئەو نەزاکەتەیە کە تۆ لە خۆتی نیشان دەدەی، یەقینم هەیە سەرەنجام هومێدەکانم هەر ئەوانە دەبن کە خۆم دەزەینمدا پەروەردەم کردوون»

«وە ئەگەر خۆش خزمەتی بتوانێ دڵێکی بەردین نەرم بکا، ئەوەی من توانیمە بۆ تۆی بکەم، هیواکانم بەهێز دەکا»

«چون هەرچەندی تۆ مەیلیشت کەم بووبێ، بێگۆمان زیاتر لە جارێک دیتووتە کە من هەمان جلوبەرگی ڕۆژانی یەکشەممەم کە بەشانازیی دیداری تۆوە پۆشیوە، دووشەممەیانیش هەر دەبەرم کردوون.»

«چون ئەوین و ڕازاوەیی هەر دووک بەرێیەکدا دەڕۆن و من هەمیشە ویستوومە لەبەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



چاوی تۆ جوان و لەبەر دلان بم»

«من بەخاتری تۆ سەمام وەلاناوە و بێ نیازم لەوەی کە ئەو ئاهەنگانەت وەبیر بێنمەوە کە بەشەوگاران یا کاتێ کەڵەبابی سەحەری دەخوێنێ گوێیان دەدەیتێ.»

«من هەموو ئەو شێعرانەی کە دە وەسفی جەماڵی تۆدا گوتوومن ناژمێرم. ئەو شێعرانەی کە بەو هەموو ڕاستییەوە نێوانی منی دەگەڵ چەند کەس لە کیژانی دۆستی تۆی زۆر بەتوندی تێک داوە.»

«ڕۆژێک کە بەتۆم هەڵدەگوت «ترێزا دێل برۆکاڵ»Tresa del berrocal گوتی فلانی مەیموونێکی خۆش دەوێ وا دەزانی فرشتەیە»

«وە ئەوە بەخاتری خشل وزیوەری زۆر و پرچی دەستکرد و جوانییەکی درۆزنانەیە کە خودی ئەوینیشی فریوەدەدا»

«من پێم گوت درۆزنی. ئەو دڵی ئێشا. ئامۆزاکەی بۆ ئەوەی لەسەری بکاتەوە لێم ڕاستەوە(*) بوو. بۆ بەربەرەکانێ بانگهێشتی کردم و بەزمی پێ گرتم و تۆ خۆت دەزانی من چم کرد و ئەو چی کرد.

«من تۆم سەرسەری خۆش ناوێ و دەڕبرینی ئەوینەکەم بۆ ئەوە نییە تۆ ببیە کچی جێژوانم. نییەتی من لەوانە پاکترە»

«کلیسا گرێی پیرۆزی هەیە کە هەمان بەندە ئاوریشمینەکانن؛ تۆ سەری خۆت دەو بەندە بنێ تا بزانی منیش چۆن سەری خۆم دادەنێم.»

«وە ئەگەر تۆ سەرکێشی بکەی هەر لێرەوە قەسەم بەگەورەترین پاکان. کە من لەو کێوپارانە وەدەر ناکەوم مەگەر ئەوەی ببمە کەشیش و جلوبەرگی کەشیشان دەبەرکەم»

لێرەدا بزن لەوڕەێن بێدەنگ بوو. هەر چەند دۆن کیشۆت تکای لێ کرد، دووبارە شتێک بڵێ، بەڵام سانکۆ پانزا حازر نەبوو گوێی بداتێ. چون ئەو نووستنی لە بیستنی ئاواز پێ خۆشتر بوو بەئەربابی خۆی گوت: «جەنابتان دەتوانن لە ئێستاوە دەفکری شوێنێکی تردا بن بۆ شەوبێداریی خۆتان. چون ئەو خەڵکە نەجیبە بەرۆژ ئەوەندە ماندوو دەبن کە ناتوانن شەوانە بەگۆرانیی گوتن ڕابوێرن. دۆن کیشۆت لەوەڵام دا گوتی: «سانکۆ من لە مەبەستی تو حاڵیم، دەبینم کە زوو زوو بەدزی سەرێک لە مەشکی شەراب دەدەی و ئەوەش خەوی بۆ تۆ لە مۆسیقا واجیبتر کردووە.» سانکۆ گوتی «سوبحانەڵلا! من لێرە کەسێک نابینم کە ئیشتیای لە خەو نە بێ. دۆن کیشۆت گوتی: زۆر باشە. تو ئیزنت هەیە هەر جۆرێکی دڵت

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

دەیەوێ ڕەفتار بکەی بەڵام بۆ کەسانێک کە کاری منیان هەیە شەوبێداری لە خەوتن جوانترە. بەڵام جارێ باشترین کار ئەوە گوێم بۆ دەرمان بکەیەوە، چون دەردەکەی وەئامانی هێناوم.

سانکۆ هەستا فەرمان جێبەجێ بکا، بەڵام یەکێک لە بزن لەوەڕێنەکان هەر کە چاوی بەگوێچکەی دۆن کیشۆت کەوت گوتی «مەترسە من دەرمانێکم پێیە کە دەستبەجێ گوێت چاک دەکاتەوە و بێ ماتڵ بوون چەند گەڵا ڕەکیشەی(*) کە لە وێ زۆر بوو، لێوەکرد و هێندێکی خوێ پێدا کرد و لەسەر گوێچکەی پاڵەوانی دانا و مەحکم پێچایەوە و متمانەی پێ دا کە ئیدی نیازی بەتەبیب نامێنێ. ئەزقەزا هەرواش بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٢

## یەکێک لە بزن لەوەڕێنەکان حەکایەتێک دەگێڕێتەوە

دەوکاتەدا کوڕێکی تر لەوانە کە نان وپێخۆر لە گوندەوە بۆ شوانەکان دێن گەیشتە جێ و گوتی: «دۆستان دەزانن لە گوند چ خەبەرە؟ یەکێک لەوان گوتی: ئێمە لە کوێ بزانین؟ کوڕەکە گوتی: زۆر باشە کە وا بوو بزانن کە ئەمڕۆ بەیانی «کریزۆستۆمی»chrysostome بەناوبانگ، ئەو خوێندەوارە شوانە، کۆچی دوایی کردووەو لەنێو خەڵکدا دەنگۆیە کە بەخاتری ئەوینی «مارسێلی» شەیتان کچی گیۆمی دەوڵەمەند، مردووە. هەر ئەو کچەی کە بەجلوبەرگی شوانییەوە لە بیاباناندا دەگەڕێ. یەکێک لە شوانەکان قسەکەی پێ بڕی و پرسی: گوتت بەخاتری مارسێل؟ کوڕەکە گوتی: بەڵێ بەخاتری ئەو و جوانیی کارەکەشی لەوەدایە کەوەسیەتی کردووە، وەک عەرەبان دە سەحرادا و دروست لە بن ئەو ڕەوەزەی کە کانی «لییەژ»Liéye لە بنی دێتەدەرێ، ئەسپەردەی خاکی بکەن. چون وەک لە قەولی ئەو خودا لێخۆشبووە دەگێڕنەوە یەکەم جار مارسێلی لەسەر ئەو کانییە چاو پێ کەوتووە. وەسیەتی تریشی کردوون کە بەپێی فەرمایشتی بەرپرسانی کلیسا، هیچکام جێبەجێ ناکرێن، چونکە بۆنی کفرو زەندەقەیان لێ دێ. بەڵام دۆستی خۆشەویستی ئەو «ئامبرواز»Ambroide کە وەک ئەو خوێندکارە و جلوبەرگی شوانیی دەبەردایە، دەجوابی ئەوانەدا دەڵێ دەبێ وەسیەتەکانی بێ کەموکەسری هەمووی جێبەجێ بکرێن و هەر لەبەر ئەوەش ئێستا لە گوند هەرایەکە مەپرسن. هەر چێکوو خەڵکەکەیە دەڵێن هەرچی ئامبرواز و شوانەکانی دۆستی دەڵێن دەبێ وابکەن. سبەی جەنازەکەی بەداب و ڕەسمێکی بەشکۆوە لەوجێی کە گوتم بەخاک دەسپێرن و بەڕای من ئەو بەرنامەیە زۆر تەماشایی دەبێ و من ئەگەر خاترجەم بووایەم کە سبەینێی پێویست نەبووایە بگەڕێمەوە گوند، دەچوومە تەماشای ئەو ڕێوڕەسمە. بزن لەوەڕێنەکان گوتیان ئێمەش هەروا دەکەین و لە نێو خۆماندا یەکێک بەپشک هاویشتن هەڵدەبژێرین کە ئاگای لە بزنەکانی هەموومان بێ. یەکێک لەوان گوتی قسەکەت تەواوە «پێدرۆ»Pedeo ، بەڵام پێویست ناکا، من لەجێی هەمووتان دەمێنمەوە. واش مەزانە کە ئەوە نیشانەی پیاوەتی یا نەبوونی هەستی کونپشکنیمە(*)، بەڵام دوێنێ پەلێک دەلاقم ڕۆ چووە، کە نایەڵێ پێ دەبەرپێم(*) نێم. پێدرۆ گوتی: «بەو حاڵەشەوە ئەوە شتێک لە منەتبارییی ئێمە بۆ تۆ کەم ناکاتەوە.»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوجار دۆن کیشۆت لە پێدروی ویست تا پێی بڵێ ئەم کوڕە شوانە جوانەمەرگە و ئەو کچە جوانە کێ بوون. پێدرۆ لەوەڵام دا گوتی: «ئەوەی من بیزانم ئەوەیە کە ئەوەی مردووە یەکێک لە نەجیب زادە هەرە دەوڵەمەندەکانی یەکێک لە شارەدێیەکانی ئەم کوێستانانەیە. ئەو چەند ساڵ بوو لە زانکۆی سالامانک «salamanque» دەرەسی دەخوێند و لە پاشان گەڕابووەوە گوندەکەی خۆی. وەک دەیانگوت زۆر زانا و خوێندەوار و ئەهلی کتێب بوو. هەروەها دەڵێن دە زانستی ئەستێرەناسیدا زۆر شارەزا بووە و دەیزانی کە مانگ و ڕۆژ لەو حەوایە خەریکی چین. چون ئەو بێ ئەملا و ئەولا دەیزانی کەنگێ خسووبوکسووب دەبێ. دۆن کیشۆت گوتی: «هەواڵ خسووفوکوسووف دروستە نە خسووبوکسووب[١١٦]. کە ئەوەش بریتییە لە تاریک بوونی ئەم دوو مەشعەلە ئاسمانییە، بەڵام پێدرۆ کە ئەم قسانە بەلایەوە گرینگ نەبوون لە درێژەی داستانەکەی خۆیدا گوتی: ئەو هەروەها پێشبینیی دەکرد کە ساڵ ساڵی قاتیوقڕییە یا ساڵی زۆریی ڕسق ورۆزی. بەهەر حاڵ ئەو تاقمە لە دۆستان و خزمان کە بڕوایان بەقسەکانی بوو هەموویان بەپێشبینییەکانی ئەو دەوڵەمەند بوون. بۆ نموونە پێی دەگوتن ئەمساڵ جۆی بچێنن و لە گەنم بگەڕێن. ساڵی تر دەیگوت نۆک بچێنن و جۆ مەکەن یا دەیگوت ساڵی داهاتوو ڕۆن زەیتوون زۆر دەبێ و سێ ساڵ دواتر دڵۆپێک گیرناکەوێ. دۆن کیشۆت گوتی بەو زانستە دەڵێن «نجووم». پێدرۆ گوتی نازانم نێوی چییە، بەڵام دەزانم کە ئەو شتانە و زۆر شتی تریشی دەزانی. ئاخری ئەو سەردەمی کە تازە چەند مانگێک بوو لە سالامانک گەڕابووەوە، ڕۆژێک بەری بەیانی عەبای خوێندەواریی فڕێ دا و بەجلوبەرگی شوانییەوە ڕاستەوەبوو. هەر ئەو سەردەمیش دۆستی خۆشەویستی ئامبرواز کە هەڤاڵی مەدرەسەی بوو، جلوبەرگی شوانی دەبەر خۆی کرد. لەبیرم چوو بڵێم کە خوالێخۆشبوو کریزۆستۆم ئاهەنگسازێکی بەناوبانگ بوو، بۆ نموونە ئاهەنگەکانی نوئێل کە بۆ موناسەبەی لە دایک بوونی خواوەندگاری ئێمە، حەزرەتی مەسیح دە شانۆگەریی عەزاداریدا دەیخوێننەوە ئەو دروستی دەکرد. دەو شانۆگەرییانەدا کوڕەکانی گوندی ئێمە دەوریان دەگێڕا و هەمووانیش دەیانگوت کە ئەو ئاهەنگانە زۆر جوانن. کاتێک خەڵکی گوند ئەم دوو خوێندکارەیان بەجلوبەرگی شوانییەوە دیت زۆریان پێ سەیر بوو. هیچکەس نەیدەتوانی لەوە حاڵی بێ کە بۆچ ئەوەیان کردووە. دەوان ڕۆژاندا باوکی کریزۆستۆم تازە

١١٦- لە فارسییەکەیدا جەنابی محەمەدی قازی بۆ جوانی کایەی بەواژە کردووە و «خسووب و کسووب»ی بەزبانی پێدرۆوە لەجیاتی خسووف و کسووف کە بەمانای گیرانی مانگ و ڕۆژە، دەکار هێناوە. منیش لێرە دووپاتم کردوونەوە. (وەرگێڕ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مرد بوو، کورەکەش بێجگە لە ماڵاتی وردەوگەورە و پووڵێکی زۆر، میراتێکی ڕۆزیشی وەک ملک ومەزرا و ئەسبابی نێو ماڵ بۆ بەجێ ما. ئەو لاوە بوو بەخاوەنی بێ بەندوباری ئەو ماڵ و سامانە زۆرە و ئەلحەق لێشی دەوەشاوە، چونکە یارویاوەری پیاوچاکان و دۆستی پیاوی باش بوو، ڕوخسارێکی نوورانیشی هەبوو. پاشان خەڵک لێیان حاڵی بوو کە ئەم ئاڵوگۆڕی جلوبەرگە تەنیا بۆیە بووە کە دە بیاباناندا بەدوای مارسێلی، کیژۆڵە شواندا، کە هەر ئێستا ئەو دۆستەی ئێمە ناوی هێنا، بگەڕێ. چون کریزۆستۆمیی چارەڕەش سەخت دڵی پێ دوڕاندبوو.

ئێستا دەمەوێ بەئێوە بڵێم کە ئەو بنیادەمە سەیرەێکی بوو. چون پێویستە ئێوە لە ئەحواڵی باخەبەر بن و ئەم نوکتەیەیش بزانن کە ڕەنگە یا یەقینە کە دە تەواوی عومری خۆتاندا سەربهووردەیەکی ئاوا سەیر و سەمەرەتان نەبیستبێ. تەنانەت ئەگەر بەقەدەر «سارنا»ش تەمەنتان درێژ بوو بێ. دۆن کیشۆت کە نەیدەتوانی هەڵە زەقەکانی بزن لەوەڕێن قووت بدا. گوتی: بڵێ «سارا» نە «سارنا». پێدرۆ گوتی سارا یا سارنا تەوفیرناکا و ئەگەر بەڕێزتان بتانەوێ هەرچی دەێلێم لێم بەئیراد بگرن ئەو داستانە تا دوو ساڵی تریش کۆتایی پێ نایە! دۆن کیشۆت گوتی: ببوورە هەواڵ، جیاوازیی ئەو دوو واژەیە لەوە زۆرترە کە تۆ فکری لێ دەکەیەوە، بەڵام فەرموو داستانەکەت بگێڕەوە. من ئیتر نایەمە نێو قسەکانت. بەڵی جا، عەرزی خزمەتی ئاغای خۆم، کە جەنابت بی، دەکەم کە لە گوندی ئێمە وەرزێریک بوو زۆر دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتووتر لە باوکی کریزۆستۆم و ناوی گیۆم بوو. بێجگە لە ماڵی دنیا، خودا کچێکیشی دابوویە کە دایکی لەسەر ئەو منداڵە چووبوو. لەو دایکە بەڕێزتر و گەورەتر لەو وڵاتە هیچکەس نەبوو. ئێستاش ڕوخساری ئەو ڕنە کە نیوەی ڕۆژ و نیوەی مانگ بوو لەبەر چاومە[١١٧]. بەتایبەتی کە ئەوژنە کەیبانووی وەک خۆی هەر نەبوو، دەستی فەقیرانی دەگرت و شک دەوەدا نییە کە ئەورۆ ڕۆحی پاکی لە بەهەشتی بەریندایە. گیۆم مێردی ئەو ژنە جوانە لەتاوان دڵی تۆقی و مرد و کچەکەی مارسێل کە هێشتا منداڵ بوو، سەروەت و ماڵێکی زۆریشی بۆ بەجێ مابوو خرایە ژێر سەرپەرستیی مامی کە کەشیشێکی مووچە خۆری گوندەکە بوو. ئەو منداڵە وردەوردە گەورە بوو، ئەوەند جوان و لەبەر دڵان بوو کە ئێمەی وەبیر دایکی دەخستەوە. تەنانەت زۆرتری خەڵکەکە لایان وابوو

١١٧- مەبەست لە ڕۆژ ئیشارە بەچاوی گەش و جوان و مەبەست لە مانگیش خڕوپڕیی گۆناکانیەتی. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ئەو کچە لە دایکی جوانتر دەبێ. ئەزقەزا هەر واشی لێ هات، چون کاتێک گەیشتە تەمەنی چاردە یا پازدە ساڵی هیچکەس نەبوو چاوی پێی بکەوێ و ڕوو دەخوادانەکا و لەوەی کە ئافەریدەیەکی بەو جوانییە دروست کردووە،و ستایشی نەکا و زۆریش بۆی شێت وشەیدا دەبوون. مامی نەیدەهێشت زۆر بێتە بەرچاوان و لەسەر ئەوەشڕا نێوبانگی جوانییەکەی وەها هەموو جێیەکی گرتەوە کە نە تەنیا لاوانی گوندی خۆمان بەڵکو زۆر گەورەزاو(*) کوڕە دەوڵەمەندی شوێنی زۆر دوور دەیاننارده سەری و مامیان هەراسان کردبوو. بەڵام مامی کە بەشێوەی مەسیحییەکی مۆمن و تەواو عەیار بەڕێگەی ڕاستی خۆیدا دەڕۆیشت هەر چەند بێ مەیل نەبوو کچەکەی پاش گەیشتن بەتەمەنی عەزەبی، بەشوو بدا بەڵام نەیدەویست ئەو کارە بەبێ مەیلی کچەکە بێ. هیچ چاویشی لەو قازانجە نەبوو کە لە ماڵ وسامانی کچەکە پێی دەگەیشت و سوێندم بەئیمانی خۆم کە خەڵک دەشەونشینییەکانی خۆیاندا لە گوندەکەمان ئەو قسانەیان لەمەڕ پاکی و پیاوچاکیی کەشیشەوە دەگوت. بەتایبەتی جەنابی «سەرگەردان»(١١٨) من دەمەوێ تۆ بزانی کە لەم دێهاتە چووکانەدا خەڵک باسی هەمووشت دەکەن و خۆیان دەهەموو شتێک هەڵدەقوتێنن و تۆش دەتوانی وەک من ئەو بابەتەی بەمێشکت بسپێری کە کەشیش دەبێ زۆرتر لە ئەندازە باش بێ تا بتوانێ کارێکی وا بکا مریدەکانی لە هەموو جێگایەک بەتایبەتی لە دێهاتەکاندا بەباشی یادی بکەن. دۆن کیشۆت گوتی: ئەوە ڕاستە، بەڵام تۆ داستانەکەمان بۆ بگێڕەوە، چون بەڕاستی هەم داستانەکە خۆشە و هەم خۆت پیاوی چاکی؛ کاکە پێدرو بەڕاستی ڕاوێژت خۆشە و خۆشی دەگێڕییەوە. پێدرۆ گوتی: هیوادارم لە مەرحەمەتی جەنابی ئاغا بێ بەش نەبم. مەبەستیش هەر ئەوەیە. بەڵێ سەرتان نەیەشێنم، مامی کچەکە هەر خوازبێنیکەرێک دەهات بەکچەکەی دەناساند و باسی پیاوچاکی و جوانی و ئاغایەتیی دەکرد و کچی هان دەدا مێردێکی باش بۆ خوی هەڵبژێری. کچەش هەرگیز جوابێکی بێجگە لەوە نەدەداوە کە جارێ مەیلی مێردکردنی نییە و خۆی لەوە بەبێ هێزتر دەزانێ کە بتوانێ کاروباری ماڵە مێردێک هەڵسووڕێنێ. مامەکەی دەبەرانبەر ئەو عوزر وبیانووانەدا بێدەنگ دەبووەوە و سەبری دەکرد تا کچ هێندێکی تریش گەورەبێ و بتوانێ مێردێکی بەدڵی خۆی هەڵبژێرێ. چونکە لەم بارەیەوە بەخۆی دەگوت و چەند خۆشیشی دەگوت، کە: «دایک وباب نابێ بەزۆر منداڵی خۆیان بەمێرد بدەن یا ژنیان بۆ بێنن».

---

١١٨- دێهاتییەکە بەمەسخەرە و سووکایەتی ناوی «سەرگەردان» دەکار دێنێ. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabt.org

بەڵێ واهات، ڕۆژێک بەیانی بوو کە مارسێل، ئەو کچەی کە لەهەموو کەس بێزار بوو، بێ ئەوەی کەسێک چاوەڕوانی شتی وابووبێ، بوو بەشوان و دە جلوبەرگی شوانیدا وەدەرکەوت وبێ ئەوەی مامی و تەواوی خەڵکی ئەو دێیە بتوانن پەژیوانی بکەنەوە دەگەڵ کچەکانی ئاوایی ڕۆیشتە سەحرا و ئاگاداری لە ڕانەمەڕی خۆی وەعۆدەگرت. باوەڕم پێ بکە هەرکە ئەوکچە وای کرد و جوانییەکەی بۆ هەموو کەس ئاشکرا بوو، چت بۆ بگێڕمەوە کە چەند نەفەر لە لاوانی دێ، لەدەوڵەمەندەکان، لە نەجیب زادەکان و وەرزێرەکان هەموو وەک کریزۆستۆم جلوبەرگی شوانییان دەبەرکرد و بەهەوای ئەو سەریان دە سەحرا کرد.

یەکێک لەوان هەروەک دەزانی خوالێخۆشبوو کریزۆستۆمی خۆمان بوو کە دەیانگوت ئەو کچەی نە تەنیا خۆش دەویست، بەڵکو دەشیپەرست. وا باشە ئەوەش بزانین کە مارسێل پێت وانەبی بەهەڵبژاردنی ئەو شێوە ژیانە ئازادە ڕووی دە بێ بەندوباری و هەرزییکرد بێ، بەپێچەوانەوە شەرافەتی خۆی وەها زیرەکانە پاراستووە کە لە تەواوی ئەو لاوانەی کە دە خزمەتیدان و دڵیان بۆی تۆقیوە، یەکیان نەیتوانیوە و ناتوانی بڵێ کە مارسێل بەقەدەر سەری دەرزی ڕووی پێ داون. ئەو هەرچەند دەگەڵ هەموویان دادەنیشێ ولە هاودەنگی وپێکەوە بوون دەگەڵیان خۆشحاڵە و ڕەفتاری دەگەڵ هەمووان زۆر دۆستانەیە، بەو حاڵەشەوە هەرکات یەکێک لەوانە نییەتی خۆی بۆ هاوسەری کە دەزانی خۆیدا نییەتێکی پاک و پیرۆزە لە لای ئەو دەدرکێنێ وەهای لە لای خۆی ترۆ(*) دەکا دەڵێی دەستی لێ داوەتە چەک و دەیەوێ بیکوژێ. وای لێ هاتووە بوونی ئەو کچە لە دێدا بەو ئەخلاق و ڕەفتارەیەوە زۆر لە نەخۆشیی تاعوون، زەرەروزیانی زۆرترە. چونکە جوانییەکەی ئەوتۆیە هەرکەس بیبینێ عەقڵ و هۆشی لەکن نامێنێ و دەکەوێتە کەمەندی ئەوینی و ڕزگاری نابێ. هەموو بۆ خزمەت کردن و نۆکەری کردنی ئامادەن و بەقوربان و سەدەقەی دەبن و پاش ماوەیەک بێ مبالاتی و دڵرەقییەکەی هەمووان ناهومێد و دڵسارد دەکا و ئەوجار بێجگە لەوە هاوار و ناڵە و داد وبێداد بکەن و باسی بێوەفایی و دڵڕەقی و بێ بەزەیی ئەو بەسەد، زبان بکەن، کارێکیان لەدەست نایە. جەنابت حەزرەتی ئاغا ئەگەر چەند شەو و ڕۆژێک لەو بیابان و سەحرایە بمێنییەوە، بەگوێی خۆت گوێت لە ناڵە و هاواری عاشقانی ڕەنج بەباچوو کە بەدوای ئەو کچە کەوتوون، دەبێ.

«لە نزیک ئەم کۆختانە شوێنێک هەیە کە بیست، سی داری «قان»ی لێ هەیە و دارێکیان تێدا نابینی کە ناوی مارسێلی لەسەر هەڵنەکەندرابێ. ئەغڵەب لەسەر ناوەکەشی وێنەی تاجێک هەڵکەندراوە کە مانای ئەوەیە مارسێل پاشای مەملەکەتی جوانی و جەماڵە. لێرە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شـوانێک بەهەناسـە سـاردی ئاخ هەڵدەکێـشـی ولەولاترەوە شـوانێـک ناڵەوفـیـغـانی بەرز بووەتەوە و لێرە نەغمە و ئاهەنگی دڵداری دەبیسێ و لەولاوە نووکە نووکی دڵداری دڵشکاو. فلان، تابەیانی تەواوی سـەعاتەکانی شـەو چاوی بـەفرمێسکی لەسـەر یەک دانانێ و لە بن گاشە بەردێک یا داربەڕوویەک هـەڵدەکورمێ تا ڕۆژ لە نێوچاوانی دەدا و وەخوی دێنێتـەوە. ئەوی تر دە تاقـەت پرووکـێنتـرین ڕۆژەکـانی گـەرمی هاویندا لـەسـەر خـاکی سـوورەوە بوو ڕادەکشێ تا ناڵەکانی خۆی بەرەوفەلەکی دڵنەرم بەڕێ بکا. بەڵام مارسێلی جوان و بەناز بەڕیشی ئەم و ئەو پێ دەکەنێ و سەرمەست لە شەڕابی غروور و جوانی لەنجە دەکا. ئێمە کە هەمووماں دەیناسین، بێ سـەبرانە چاوەڕوانین بزانین عاقیبەتی ئەم هـەموو نازوفیز و ئیفادەی ئەو کچە، بەکوێ دەگا و ئەو خوازبێنیکەرە بەختـەوەرە کە مـقـەددەرە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەسـەر خووخدەی سـەرکێشی ئەو کچـەدا زاڵ بێ و ئەو سـەروەری جوانانە بکاتە ملکی خۆی، کێیە و چون تەواوی ئەوەی من گوتم هەمووی ڕاستە، وای تێ دەگەم خەبەری مەرگی کریزۆستۆم کە هاواڵی ئێمە هێناویەتی، دروست بێ. هەر بۆیە من بەحەزرەتی عالی عـەرز دەکـەم کـە دە ڕێوڕەسـمی بەخـاک ئەسـپاردنی ئەم خـوالێخـۆشـبـووەدا بەشـداری بفەرمـوون، چون زۆر تەماشـایی و سەیرە. کریزۆستۆم دۆسـتانێکی زۆری هـەیە و لێرەوە تا ئەو شوێنەی کە خۆی گووتویە لەوێ بینێژن زۆرتر لەنیو فەرسەخ ڕێگا نابێ.

دۆن کیشۆت گوتی: من ئەرکی خۆم ئەنجام دەدەم و لەوەش کە بەگێڕانەوەی ئەو داستانە خۆش و سـەرنجڕاکێشە خۆشـحاڵت کردم زۆرزۆر سپاست دەکەم. بزن لەوڕێن گوتی: ئاخ! باوەڕکە من نیوەی ئەو بەڵایانەی بەسـەر عاشـقەکانی مارسـێل هاتووە، نازانم. بەڵام ڕەنگە بەیانی تووشی شوانێک بین کە پاشماوەی ئەو داستانانە بزانێ و بۆمانی بگێڕێتەوە. جارێ وا باشـتـرە بەڕێزتان لەژێر مـیـچێـک لە ژوورێکدا بخـەون چونکە شـەونمی شـەوانە بۆ برینی گوێچگەت خـراپە، هـەر چەند ئەو مـەرهـەمـەی لەسـەریان داناوە ئەوەندە باشـە کە جێی هیچ مەترسییەک نییە.

سـانکۆ پانزا کـە گـوێی نەدەدا فـرەوێژی بزن لەوەڕێنەکە بەئەربابی گـوت کـە بڕوا و دە کولبەی پێدرۆدا بخەوێ. ئاخری دۆن کیشۆت ڕازی بوو بۆ ئەوەی وەک دڵدارەکانی مارسێل شـەوێ بەیادی دۆلسینە بێدار بمێنێتەوە و بەڵام سانکۆ لەسـەر هێندێک کـاوکۆت لە نێوان ڕۆسـینانت و کـەرەکـەی جـێی خـۆی خـۆش کـرد و خـەوی لێ کـەوت، بەڵام نـەک بەشـێـوەی عاشـقێکی دڵشکاو، بەڵکو وەک کـەسـێکی کە زۆری گـەدەی خـۆی ئاخنیوە و تا توانیـویە خواردوویەتی و پشتیشی بەزەبری زۆر کوترابێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ١٣

## ئەو جێگەی کە داستانی مارسێل کۆتایی پێ دێ و باقی ڕووداوەکان

بەڵام بەیانی زوو، بەواتەی شاعیران، ڕووناکایی تازە خەریک بوو لە شانشینەکانی ڕۆژهەڵاتەوە ڕووی خۆی بنوێنێ کە پێنج کەس لە شەش بزن لەوەڕێنەکان هەستان و بەهەڕەمە چوونە لای دۆن کیشۆت و پێیان گوت. ئەگەر ئێستاش ئەزمی ڕۆیشتنی بۆ سەرگڵکۆی کریزۆستۆم و دیتنی ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی هەیە، ئەوان حازرن دەخزمەتیدا بچن، دۆن کیشۆت کە لە خوای دەویست هەستا و ئەمری کرد کە سانکۆ وڵاغەکان زین و پالان بکا. سانکۆ بەپەلە ئەمری ئەربابی بەجێ هێنا و کاروان بێ ئەوەی چی تر ساوەساو(*) بکا وەڕێ کەوت.

هێشتا چارەگە فەرسەخێک نەڕۆیشتبوون کە دەپێچی کووچە باغێکدا، چاویان بەشەش حەوت شوان کەوت کە هەموویان بەجاش(*) باڵتوی پێستی ڕەش و تاجێک لە لقی سەرووژاڵە لەسەر و هەر یەکەی چۆماغێکی(*) ئەستوور لە داری ڕاج بەدەستەوە، بەرەوڕوویان دەهاتن. لە پشت سەری ئەوانەوە، دوو نەجیب زادە جلوبەرگی ڕازاوەی سەفەر لەبەردا، بەسواری ئەسپ دەهاتن و سێ نوکەری پیادە دەخزمەتیاندا بوون. هەر دووک دەستەکە گەیشتنە یەک بەئەدەب و ڕێزەوە سڵاویان لە یەکتری کرد و کاتێک پرسیاریان کرد بۆ کوێ دەچن، ڕوون بووەوە هەر دووک لا دەچنە سەر قەبری لاوە جوانەمەرگەکە، لەبەر ئەوە هەموو پێکەوە وەڕێ کەوتن. یەکێک لە سوارەکان ڕووی دە هاوڕێی خۆی کرد و گوتی:

«بەڕێز سینیۆر ویوالدۆ Vivaldo لە ڕووی ئەو قسە سەیر و سەرسوڕهێنەرانەوە کە ئەو خەڵکە نەجیبەلەمەڕ شوانی جوانەمەرگ و ئەو کچە شوانە پیاوکوژە بۆ ئێمەیان گێڕاوەتەوە بەبۆچوونی من ئەگەر تەماشا کردنی ئەو ڕێوڕەسمە کە حەتمەن سەرنجڕاکێش دەبێ، ڕاوەستانێک دە حەرەکەتماندا پێک بێنی، بەهیچ کلوجێک نابێتە هۆی نارەحەتی و پەژارە. ویوالدۆ گوتی منیش هەروای بۆ دەچم و بۆ حازر بوون لەو ڕێوڕەسمەدا حازرم نە ڕۆژێک بەڵکو چوار ڕۆژ وە درەنگی کەوم.

ئەوجار دۆن کیشۆت لێی پرسین کە لەمەڕ مارسێل و کریزوستۆم چییان بیستووە. موسافیر لە جوابدا گوتی ئێمەش ئەمڕۆ بەیانی تووشی ئەو شوانانە هاتین و چون

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوانمان بەو سەرو وەزعەوە چاو پێ کەوت هۆی ڕەشپۆشی و دەبەردا بوونی جلوبەرگی ئازیەتباریمان دەگەڵ ئەو شوێنەی بوێ دەچن لێ پرسین. یەکێک لە شوانەکان داستانی جوانیی کچێکی شوانی بەناوی مارسێل و ڕەفتاری نارەوای ئەوکچە و خێڵی ئەو عاشقانەی وە شوێنی کەوتوون و نەقڵی مردنی کریزۆستۆمی بۆ گێڕاینەوە و گوتی کە وا ئێستا خەریکین بچین دەرێورەسمی ئەسپەردە کردیندا، بەشداری بکەین. لە کۆتاییدا، تەواوی ئەو قسانەی پێدرۆ بەدۆن کیشۆتی گوتبوو، ئەویش دووبارە گێڕایەوە.

پاش کۆتاییی ئەو وتووێژە باسێکی تر دەستی پێ کرد و ئەو سوارەی ناوی ویواڵدۆ بوو لە دۆن کیشۆتی پرسی کە چۆنە بەجلوبەرگی شەڕ، ئەویش لە کاتێکدا لەم وڵاتە سوڵح و ئاشتی سەقامگیرە، سەفەر دەکا. دۆن کیشۆت لە وەڵام دا گوتی «ئەو کارەی من کردوومەتە پیشە و عەهد وپەیمانێک کە بەستوومە بەهیچ جۆر ئیزنم پێ نادا کە بەجۆرێکی تر سەفەر بکەم. ئاسوودەیی و پاڵدانەوە و ڕابواردن و ناز و نیعمەت بۆ دەربارییە ژنانیلەکان(*) داندراوە، بەڵام ماندوویی و شەو نخوونی و ئەسلەحەی شەڕ و چەک هەڵگرتن، بێجگە لە پیاوانێک کە دنیا بەناوی پاڵەوانانی سەرگەردان دەیاننناسێ و ئەم عەبدە ناقابیلە باوەکوو چووکەی هەمووانم، شانازی دەکەم کە یەکێک لەوانم، دانەندراوە»

دەگەڵ بیستنی ئەم وەڵامە هەموو پێیان وابوو ئەوە شێتە بەڵام ویواڵدۆ بۆ ئەوەی زۆرتر متمانە پەیدا بکا و بزانێ شتێتییەکەی دۆن کیشۆت لە چ چەشنێکە، درێژەی بەباسەکەدا و پرسی «مەبەست لە پاڵەوانی سەرگەردان چییە؟»

دۆن کیشۆت جوابی داوە: «ئایا جەنابتان تا ئێستا مێژوو یا ساڵنامەکانی ئینگلیستانتان نەخوێندووەتەوە کە لەوێدا باسی شەڕە بەناوبانگەکانی «ئارتوورشا» یا بەقەولی ئێمە کاستیلییەکان ئارتووس شا کراوە؟ بەپێی ڕیوایەتێکی(*) زۆر کۆن کە دەتەواوی بریتانیادا بڕوایان پێی هەیە ئەو پاشایە نەمردووە، بەڵکو بەهێزی سیحر و جادوو هاتووەتە سەر شکڵی قەلەرەشە و قەرار وایە پاش ساڵانێکی زۆر بگەڕێتەوە و تاج و عەسای پاشایی خۆی

وەرگرێتەوە. ئەوەیە کە لە خاکی بریتانیا ئا ئێستا هیچ بەشەرێک نەبینراوە قەلەڕەشەیەکی کوشتبی[119] ئەوجار، دە زەمانی ئەو پاشادا بوو کە ئاڵقەی پاڵەوانانی

١١٩- پێویستە بەبیرمان بێ کە بەپێی داوونەریتی کۆن لە وڵاتی گاڵ - یەکێک لە هەرێمەکانی ئینگلستان - کوشتنی قەڵەڕەشە قەدەغە بووە، چون ئەم باڵندەیان بەدوژمنی جرِ و جانەوەری زیانبەخش زانیوە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مێزی خڕ[١٢٠] دامەزرا و هەروەها وەک دەگێڕنەوە ڕووداوە

دڵدارییەکانی «دۆن لانسیلۆت» Don Lancelot، پاڵەوانی دەریاچە دەگەڵ مەلەکە «ژنیڤر»Genievre هەمووی دەو زەمانیدا ڕوویان داوە و مەحرەمی ڕاز و دەلاڵی ئەو دڵدارییانەش هاودەمی بەڕێز خاتوون کۆنتانیۆن Quintagnone بوو کە ئەم شێعرە بەناوبانگ و لەسەر زارە لەوڵاتی ئێمە یانی ئەسپانیا بۆ ئەو دروست کراوە:

هەڵنەکەوتووە لەم جیهانە پاڵەوان
هێندە خۆش ئەندام و مەقبووڵی ژنان
قارەمانێک بوو نەبەز، دۆن لانسیلۆت
چەرخی گەردوون لێی دەترسا ئەو زەمان

هەروەها زۆرتری ڕووداوە عیشقی و شەڕەکانی ئەو پاڵەوانە، دەزەمانی ئەو پاشایەدا ڕووی دا، لەو کاتەدا ئاینی پاڵەوانی دەستاودەست گەڕا و بەبەرەکانێ دوایی گەیشت و لێرەولەوێی جێهاندا پەرەی گرت. لە داوێنی ئەم ئاینەدا بوو کە «ئامادیسی گۆل» دەگەڵ هەموو ئەولاد و نەوە و نەتیجەکانی تا پێنج نەسڵ و هەروەها پاڵەوانی بەناوبانگ «فلیکس مارسیهیرکانی» و «تیرانی سپی» کە بەکەس تاریف ناکرێ، بەهونەر نواندن و ئازایەتیی خۆیان لە دنیادا ناویان ڕۆیشت و ئەوجار ئێمە هێندە لەمێژ نییە پاڵەوانی هەمیشە سەرکەوتوو «دۆن بیلیانیسی یۆنانی» مان دیوە و بیستووە. ئێستا با بەڕێزتان بزانن پاڵەوانی سەرگەردان بەکێ دەڵێن. بزانن کە من باسی کام ئاڵقەی پاڵەوانی دەکەم، ئاڵقەیەک کەمنیش بەو هەموو گوناهکارییەوە، تێیدا بەشدارم و ئەو کارەدەکەم کە ئەوان دەیانکرد. بزانن کە من لەبەرچی لەو بیابانە چۆل وهۆڵانەدا بەدوای ڕووداوندا دەگەڕێم و لێ بڕاوم کە زۆری باسک و گیانی خۆم لەسەر سامناکترین مەترسی ومەهلەکە دانێم کە چارەنووس دەیخاتە سەر ڕێگام. بەو شەرتە کارەکەم بەسوودی لێقەوماوان و هەناسەساردان بێ.

بۆ ئەوەی موسافیرەکان تێ بگەن و بەتەواوی یەقین بکەن کە دۆن کیشۆت عەقڵی تەواو نییە و بزانن کە چ جۆرە شێتییەک دەستی پێ داوە قسەی تر پێویست نەبوو. هەر ئەوەندش ئەوانی وەک کەسانێک کە یەکەمجار شتێکی سەیر و سەمەرە دەبیسن، تووشی

١٢٠- بازنەی پاڵەوانانی مێزی خڕ Table ronde بەدەست ئارتوس شای ئینگلستان دامەزرێندرا و لە ٢٤ پاڵەوان یان شێوالیە پێک هاتبوو کە شا خۆی سەرۆکایەتیی دەکرد. پاڵەوانانی بێگانەش لەوانە ڕۆلان و کەسانێکی تر لە پاڵەوانانی دوازدەوانەی فەرەنسی ئەندامی بوون. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



سەرسوڕماوی کرد. ویواڵدۆ کە پیاوێکی خۆش مەشرەب(*) و بەهۆش بوو، چون پێی خۆش بوو ئەو مەودا کەمەی تا ئەو تەپۆڵکەی شوێنی بەخاک ئەسپاردن دەپێشیاندا بوو بەخێروخۆشی ڕابرێ، ویستی مەیدانێکی زۆرتر بدا بەدۆن کیشۆت بۆ ئەوەی قۆڕیاتەکەی خۆی هەڵبڕێژێ و گوتی: «بەبڕوای من ئەی جەنابی پاڵەوانی سەرگەردان بەڕێزتان پێڕەوی(*) دژوارترین و پڕزەحمەتترین بازنەکانی جیهان بوون و ئەگەر هەڵەم نەکردبێ تەنانەت ئەرک و دابی ئەوانەی دەیرنشینی(*) دەکەن، ئەوەندە پڕزەحمەت نییە. دۆن کیشۆت جوابی داوە: ڕەنگە کاری ئەوانیش بەقەدەر کاری ئێمە سەخت و تاقەت شکێن بێ، بەڵام ئەگەر بفەرمووی کاری ئەوانیش بەقەدەر شوغڵەکەی ئێمە بۆ دنیا پێویستە، شک و گومانم تێیدا دەبێ. چون ئەگەر بمانەوێ ڕاستی دەبەر چاو بگرین ئەرکی سەربازێک کە فەرمانی فەرماندەکەی ڕادەپەڕێنێ کەمتر لە ئەرکی فەرماندەکە نییە. مەبەستم ئەوەیە کە برایانی ئاینی و ڕۆحانی دەکەماڵی ئاسوودەیی و ئارامیدا، خێروخۆشی بۆ دنیا داوا دەکەن بەڵام ئێمە پاڵەوانان و سەربازان ئەوەی کە ئەوان بەدوعا داوای دەکەن بەکردەوە ئەنجامی دەدەین و ئەو خێروکارە باشانە بەهێزی شان و باهۆمان و بەنووکی شمشێرەکانمان دابین دەکەین. لەو ڕێگەشدا هەموو جۆرە بێ بەزەییەکی ئاسمانی قبووڵ دەکەین: جاری وایە گەرمای هاوین هەڵمان دەقرچێنێ و جاری واشە سەرمای زستان دەمانکاتە سەهۆڵ، لەو قەرارە ئێمە نایبی خوای گەورەین لەسەر زەوی و ئامرازی بڵاو کردنەوەی عەدڵی ئیلاهین، و چون کاروباری شەڕ و هەموو مەسەلە پێوەندیدارەکان بەو ئەرکەوە بەخۆ فیدا کردن و خوێن دان و زەحمەتی لەڕادەبەدەر ئەنجام دەدرێ، دەگەینە ئەم ئەنجامە کە ئەوانی شەڕ و بەگژداچوونیان کردووەتە ئەرک و کاری خۆیان، بێگومان کارێکی زۆرگرینگتر دەکەن لەوانەی بەئاسوودەیی پاڵیان داوەتەوە و هەر ئەوەندەیان وە ئەستۆ گرتووە کە لەبەر خودا بپاڕێنەوە تا ڕوحمێک بەبێ ئەنوایان و فەقیران بکا. من نامەوێ بڵێم کە کاری پاڵەوانانی سەرگەردان بەقەدەر ئەرکی کەشیشی دەیرنشین پیرۆز و مبارەکە (خودانەکا وابیر بکەمەوە!) من دەمەوێ لە نامرادی و مەینەتییەک کە خۆم دەیکێشم، بەو ئەنجامە بگەم کە ئەرکی پاڵەوانی بەزەحمەتتر، پڕکارتر و هەژارانەترە و پاڵەوان زۆرتر دەکەوێتە بەر مەودای توونییەتی و برسییەتی و نەخۆشی، بەڕاستی شک و گومانی تێدا نییە کە پاڵەوانانی سەرگەردانی سەدەکانی ڕابردوو بەدرێژایی تەمەن هەر دەکوێرەوەریدا ژیاون و ئەگەر هێندێک لە وان بەهێزی باسکی خۆیان بوونەتە ئێمپراتووریش بەبڕوای من پاداشێکی شایستە بووە کە بەقیمەتی خوێن و ئارەقەی نێوچاوان وەدەستیان کەوتووە و دیسانیش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر دەنێوّ پاڵەوانانێکدا کە بەو مەقامە بەرزە گەیشتوون کەسانێک هەبوو بن کە جادووگەر یا حەکیمیان بۆ ئاگاداری لە خۆیان نەبوو بێ. بێشک هیوا و هومێدەکانیان بووەتە ناهومێدی و ئارەزووەکانیان با بردوویەتی.

موسافیر لەوەلامدا گوتی: بەراستی منیش هەر ئەم بۆچوونەم هەیە، بەلام یەکێک لە چەندین سیفەتی خراپی پاڵەوانانی سەرگەردان ئەوەیە کە کاتێک بەهەڵکەوت تووشی ڕووداوی گەورە و پرمەترسی دەبن و یا گیانیان بەئاشکرا دەکەوێتە مەترسییەوە، هەرگیز لەو دەمەدا وەبیریان ناکەوێتەوە کە ڕۆحی خۆیان بەخودا بسپێرن. کە هەر مەسیحییەکی بەئیمان لە کاتی وادا ئەرکی ئەو کارەی لەسەرە؛ بەپێچەوانەوە زۆر بەعشق وئیمانەوە خۆیان بەگراوییەکەیان دەسپێرن کە دەڵێی گراوییەکی خودایانەیەو ئەگەر بەهەڵە نەچووبم ئەم کارە بۆنی کفروبێ ئیمانیی لێ دێ. دۆن کیشۆت گوتی: دیارە لێی حاڵی نی! بێجگە لەوە چارەیەک نییە و هەر پاڵەوانێک ئەوە نەکا تووشی بەلایەک دەبێ. دە ئاینی پاڵەوانانی سەرگەرداندا دابونەریت، بەم جۆرەیە کە پاڵەوانی سەرگەردان کاتێک لە خزمەت دلبەری جانانەی خۆی بێ و خەریکی شەڕێکی سامناک بێ، نیگای خۆی ئەویندارانە بۆ لای گراویی خۆی وەردەسووڕێنی. دەڵێی بەنیگا داوای یارمەتیی لێ دەکا و تکای لێ دەکا لەو مەعرەکەیەدا نەهێڵێ سەدەمەی پێ بگا و، تەنانەت ئەگەر کەس دەنگیشی نەبیسێ دیسان ئەرکی ئەوەیە لە ژێر لێودا شتێک زمزەمە بکا و خۆی لە ناخی دەروونەوە بەدڵدار بسپێرێ و ئێمە لەسەر ئەو باسە زۆر نموونەمان دە داستانەکاندا هەیە. بەلام بەو حاڵەشەوە نابێ وا بزانین کە پاڵەوانانی سەرگەردان لە ئەسپاردنی ڕۆحی خۆیان بەخودای گەورە سەرپێچی دەکەن؛ چونکە ئەوان دەگەرمەی شەڕ و لێدان و کوتاندا، دەرفەتی ئەو کارەیان هەیە.
موسافیر گوتی: دیسان لەسەر ئەو هەموو ڕوون کردنەوەیشدا مەسەلەیەک بۆ من ڕوون نەبووەتەوە. من زۆر جاران خوێندوومەتەوە کە پاڵەوان شەڕە دەندووکە و شەڕە قسە دەکەن و جنێو و قسەی ناحەز بەیەکتری دەڵێن تا ئاگری تووڕەیی خۆیان پتر هەڵگرسێنن. پاشان هەر دووک سەری ئەسپیان وەردەگێڕن تا مەیدان بگرن. ئەوجار بێ درەنگ و بەهەڕەمە ڕوو دەیەکتری دەکەن و جڵەوی ئەسپیان دەکێشن و بەنیزە دەیەکتری دەکوتن. لە حاڵێکدا لە ناوەڕاستی ئەو هەرایەدا خۆیان بەدڵدار دەسپێرن و ئەغلەب ئەنجامی ئەو کارەش ئەوەیە لە حاڵێکدا یەکێک لە پاڵەوانەکان بەدەنی بەنێزەی دوژمن کون بووە لە ئەسپ بەردەبێتەوە و ئەوی دیش ئەگەر دەست بەیاڵی ئەسپەکەی نەگرێ وەعەرزی دەکەوێ. ئێستا چۆن دەتوانێ ئەو پاڵەوانەی وا زوو کوژراوە ڕۆحی خۆی بەخوا بسپێرێ؟ ئایا باشتر ئەوە نییە کە ئەو لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کاتی هێرش کردندا لە جیاتی ئەوەی یادی گراوییەکەی بکا و خۆی پێ بسپێرێ، وەک مەسیحییەکی بەئیمان ئەو قسانە بەخودا بڵێ؟ بەتایبەتی کە دەشزانین کە هەموو پاڵەوانانی سەرگەردان گراوییان نییە تا خۆیان پێ بسپێرن چون ئاخر خۆ هەموویان هەر عاشق نابن.

دۆن کیشۆت گوتی: شتی وا هەر نابێ. پاڵەوانی سەرگەردان نابێ بێ گراوی بێ. ئەوە قەت نەبینراوە. بۆ ئەوان یانی بۆ هەموویان هەبوونی گراوی بەهەمان ئەندازە سروشتی و بنەڕەتییە کە هەبوونی ئەستێرە دە ئاسماندا. تۆ هەرگیز داستانێکت نەخوێندووەتەوە کە پاڵەوان گراوی نەبوو بێ. چون ئەوها کەسێک هەر بەدەلیلی بێ گراوی بوون بەحەلال زادە نازانرێ و زۆڵە و لەمەڕ کەسێکی ئاوا گووتویانە لە جیاتی وەی بەدەروازەی گەورەدا بێتە نێوقەڵای پاڵەوانی، بەدزی بەکەلێنی پەرژیندا خۆی تێ ڕاکردووە!

موسافیر گوتی: بەڵام ئەگەر بیرگەم یاریدەم بدا لام وایە لە کتێبدا خوێندوومەتەوە کە «دۆن گالائۆر»Don Galaor برای پاڵەوانی دلاوەر «ئامادیسی گۆل» هەرگیز گراوی نەبووە کە دە مەعرەکە و هەرادا خۆی پێ بسپێرێ بەو حاڵەشەوە هەموو بەپاڵەوانێکی گەورە و ناوبەدەرەوەی دەناسن. دۆن کیشۆت دە وەڵامی ئەم قسەیەدا گوتی: «حەزرەتی ئاغا بەگوڵێک بەهار نایە! لە لایەکی تروە من لە سەرچاوەیەکدا خوێندوومەتەوە کە ئەو پاڵەوانەش بەنهێنی عاشق بووە. بێجگە لەوەش ئەو شێتییەی هەبووە کە هەر ژنێکی دیتوویەتی دڵی پێ دۆڕاندووە. لەسەر ئەوەشڕا ئاشکرایە کە گراوییەکی زۆرتر نەبووە بەسەر ئیرادە و ورەو و فکری ئەوانەدا زاڵ بووبێ و پاڵەوان پەیتاپەیتا خۆی بەوی ئەسپاردووە، بەڵام بەدزی. چون ئەو لەوەی کە عاشقێکی ڕازدار و وەفادار و خۆڕاگر بووە شانازیی بەخۆی کردووە.

موسافیر دووبارە گوتی: ئێستا کە مەرجی سەرەکی بۆ هەر پاڵەوانێکی سەرگەردان ئەوەیە کە عاشق بێ دەتوانین باوەڕ بکەین کە بەڕێزیشتان لە قاعیدە و یاسای خۆتان سەر پێچیتان نەکردووە و ئەگەر جەنابیشت وەک «دۆن گالائور» بەخۆت نانازی کە عاشقێکی خۆڕاگری، بەناوی هەموو یارانی کاروان و بەناوی خۆم تکات لێ دەکەم لە مەوتەن و عینوان و باشییەکانی گراویی خۆتان ئاگادارمان بفەرموو و شک دەوەشدا نییە کە ئەویش نابێ بەرانبەر بەو شانازی و بەختەوەرییە بێ مەیل بێ کە هەموو دنیا بزانن ئەویش خۆشەویست و گراویی پاڵەوانێکی وەک جەنابی بەڕێزتانە. دۆن کیشۆت بەبیستنی ئەو قسانە، هەناسەیەکی ساردی کێشا و گوتی: «من ناتوانم ئەوە تەسدیق کەم کە دوژمنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نازەنینی من خۆی دەیەوێ یا دەترسێ لەوەی دنیا بزانن کە من خزمەتکاری ئەوم. من دە جوابی ئەو داخوازییەی ئێوەدا کە بەو هەموو ئەدەب و نەزاکەتەوە لە منتان داوا کردووە تەنیا دەتوانم بڵێم کە ناوی دۆلسینە و مەوتەنیشی «تۆبۆزۆ»، یەکێک لە گوندەکانی مانشە و عینوانەکەی بەلانی کەمەوە «شازادە خانمە». چون ئەو مەلەکە و گراوی منە. جوانییەکەی لە سەرووی هەموو جوانییەکی بەشەرییە، چون دە و جوودی ئەودا تەواوی ئەو جوانی و خەسڵەتە باشانەی شاعیران دەیدەنە پاڵ گراوی خۆیان کۆ بووەتەوە: پرچەکانی کەمەندی هۆنراوەن لە تاڵی(*) زێرین، تەوێڵی وەباغی بەهەشت دەچێ، برۆ وەک کۆلکە زێرینە، چاو بەمەعان ڕۆژ، کوڵمە وەک سوورە گوڵ، لێومەڵی مەرجان بڵێ! ددان مەڵێ مرواری بڵێ! گەردن مەڕمەڕی سپی داتاشراو سینگ مەڕمەڕ، دەست وەک عاج و لەش و ئەندام سپی، وەک بەفری یەکشەوە! و بەڵام ئەو ئەندامی ئەو کە حەیا و عیفەت لە چاوی پیاوانی دادەپۆشێ، بەبڕوای من دەبێ وابێ کە بەوردترین پشکنین تەنیا بتوانین بزانین چ شتە و چ بەقیمەتە. بەڵام ناتوانین هیچ شتێک بەو جوانی و بەو شکڵە بدۆزینەوە.

ویواڵدۆ دەست بەردار نەبوو، دیسان گوتی: ئێستا دەمانەوێ بنەماڵە و عەسڵ و نەسەبی ئەویش بزانین. دۆن کیشۆت گوتی: ئەو نە لە بنەماڵە قەدیمییەکانی ڕۆمە وەک «کۆریتۆس» و «کایۆس» و «سیپۆن» نە ڕۆمی تازە وەک «کەلنا» و «ئۆرسینی»، نە لە بنەماڵەکانی کاتالۆنییە وەک «مونکادا» و «ڕکەزن» نە والانس وەک «ڕێبلا» و «ویلانۆوا» نە ئارگۆن وەک «پالافۆکس» و «نۆزا» و ئەو جۆرەخانەدانانە. نە کاستیل وەک «سێروا» و »مانریک» نەپورتەقال وەک «ئالەن کاستڕۆ» و «پالها» و »مەنەزەس»؛ ئەو لە بنەماڵەی «تۆبۆزوی» مانشە کە هەر چەند بەڕاستی تۆرەمەیەکی تازەن، بەڵام وەهایە کە لانکی پێگەیاندنی بەناوبانگترین تۆرەمەکانی هەموو سەدەکان و چاخەکانی داهاتوو دەبن. و ئەوە قسەیە کە هیچ جێگەی پرسیار و گومان نییە مەگەر بەمەرجێکی کە «زەربن» Zerbin لە بن چەکەکەی ڕۆلانی نووسی: «هێشتا کەس لە دایک نەبووە کە بوێرێ دەست بەرێ بۆ جلوبەرگی شەڕی ڕۆلان و تووڕەیی و ڕقی پاڵەوان نەیهاڕیبێ.»(١٢١)

موسافیر جوابی داوە: هەر چەند من لە بنەماڵەی «کاشوپێن دۆلاردۆ»م بەڵام هەرگیز دەخۆمدا نابینم کە دوودمانی خۆم دەگەڵ تۆرەمەی «توبۆزۆ»ی مانش بەرانبەر بزانم. بەو

١٢١- ئەم شیعرە لە بەشی بیست و چوارەمی کتێبی «ڕۆلانی تووڕە» نووسینی ئاریۆست نەقڵ کراوە. وارەکەی ئەوەیە کە ڕۆلان چەکی پاڵەوانانی تێکشکاوی وەردەگرت و بەدارێکەوە هەڵی دەواسین.

www.rabari.org

حاڵەشەوە ئەگەر ڕاستت دەوێ من تا ئێستا ئەم ناوەم نەبیستبوو. دۆن کیشۆت گوتی: سەیرە و من بەڕاستی سەرم لەو قسەیەت سوڕ دەمێنێ.»

ئەوانی تر بەسەرنجەوە گوێیان بۆ قسەکانی ئەو دوو کەسە ڕاگرتبوو، تا وردەوردە بزن لەوڕێنەکان و شوانەکانیش تێ گەیشتن ئەوی مێشک بێ دە کەللەی پاڵەواندا نییە. تەنیا سانکۆ پانزا بوو، پێی وابوو هەرچی ئەرباب دەیڵێ مووی دەبەرەوە(*) ناچێ و بەتەواوی دروستە، چون ئەو لەمێژ بوو دەیزانی دۆن کیشۆت تا چ ئاستێک ئازایە و چیی لە باراندا هەیە، لە منداڵییەوە دەیناسی، بەو حاڵەشەوە تەنیا شتێکی کە شک وگومانی دە سانکۆدا دە ورووژاند و باوەڕکردنەکەی بەلایەوە ئەستەم بوو ئەو درۆ و دەلەسەیە بوو کە لەمەڕ دوڵسینەی نازەنین سازی کردبوو. چونکە سانکۆ کە لەنزیک ئەو گوندە دەژیا هەرگیز ناوی شازادە خانمێکی بەو ناو و نیشانە نەبیستبوو.

یاران دەڕۆیشتن و هەروا قسەیان دەکرد کە لە ناکاو چاویان بەژمارەیەکی نزیک بەبیست نەفەر شوان کەوت کە لە دەرەیەکی نێوان دوو کێوی بڵند دە هاتنە خوار و هەموویان چاش باڵتەی درێژیان لە خوریی ڕەش، دەبەردا بوو تا جێکیان لەگوڵ و گیا لەسەر خۆیان نابوو کە پاشان ڕوون بووەوە هێندێکیان لە سوورەدار و هێندێکیان لە لقوپۆپی سەرون. شەش کەسیان تەختێکیان لەسەر شانی بوو کە سەرتاپای بەگوڵ ولقوپۆپی سەوز داپۆشرابوو. هەر کە چاویان پێ کەوت، یەکێک لە بزن لەوەڕێنەکان هاواری کرد: ئەوانە جەنازەی «کریزۆستوم»یان هێناوە. ئەو خوالێخۆشبووە وەسیەتی کردووە لە داوێنی هەر ئەو کێوە ئەسپەردەی خاکی بکەن!» ئەم قسانە بوو بەهۆی ئەوە کاروان وەپەلە کەوێ و دروست ئەو کاتەی کە شوانەکان تابووتەکەیان دادەنا، بگەنە جێ. چوارکەس لەوانیش لە بن تەختە بەردێک خەریکی هەڵکەندنی قەبر بوون. هەر دووک دەستە زۆر بەنەزاکەت و حورمەتەوە دەگەڵ یەک ڕووبەڕوو بوون و پاش سڵاو و ئەحواڵپرسی، دۆن کیشۆت و هاوڕێیانی ئەو خەریکی تەماشای ئەو تابووتە بوون کە جەنازەیەک دە جلوبەرگی شوانیدا، غەرقی گوڵ وشینایی لەسەری درێژ کرابوو. و سی ساڵە دەهاتە بەرچاو. هەر چەند مردبوو قیافەی نیشانی دەدا کە کاتێ زیندوو بووە، جوان چاک و خۆش هەیکەل بووە. لە دەوران دەوری جەنازە لەسەر تابووت، چەند کتێب و هێندێک لاپەڕەی ئاواڵە و قەدکراو داندرابوون.

ئەوانەی دە جەنازەکە ڕامابوون و ئەوانەی قەبریان هەڵدەکەند و هەموو ئەوانەی لەوێ بوون دەبێدەنگییەکی سەر سوڕهێنەردا نوقم بووبوون. ئاخری یەکێک لەوانەی جەنازەکەیان هێنا بوو، بەدۆستێکی خۆی گوت: «بڕوانە ئامبرواز. تۆ کەدەتەوێ وسیەتی دۆستەکەت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabani.org

بەتەواوی بەجێ بێنی بزانە ئەوجێیە هەر ئەو شوێنەیە کە کریزۆستۆم دەیەویست لەوێ بنیژری؟ ئامبرواز گوتی، بەڵێ هەر ئێرەیە. چون ئەو هەواڵە چارە ڕەشەی من سەت جار داستانی دڵسووتێنی خۆی هەر لەم شوێنە بۆ من گێڕابووەوە. ئەو بەمنی دەگوت کە ئەو دوژمنە جینایەتکارەی نەوعی مرۆڤی هەر ئالێرە بۆیەکەمجار چاو پێ کەوتووە و خۆشەویستیی خۆی پێ ڕاگەیاندووە. سەرەنجام هەر لەو شوێنەش بوو کە مارسێل بەبێ مەیلی و بێ شەرمییەوە تڕۆی دەکا و تووشی ناهومێدی و سەر لێشێواویی دەکا تا وای لێ هات بەم شێوەیە کۆتایی بەژیانی خۆی بێنێت.

بەڵێ هەر ئەم شوێنەیە کە ئەو ویستوویە بەیادی ئەو هەموو نامرادییە دەسینگی فەرامۆشییەکی هەتاهەتاییدا بشێردرێتەوە.» پاشان لە حاڵێکدا کەرووی بەرە و دۆن کیشۆت و باقیی موسافیرەکان وەردەگێڕا ئاوای درێژە بەوتەکانی دا: «ئەی بەڕێزان، ئەم تەرمە کە ئێوە بەچاوی بەگریانەوە تێی هەڵدەڕوانن لەمەو پێش مەکوێ ڕۆحێک بوو کە گەردوون بەشی زۆری نیعمەت وبەرەکەتەکانی خۆی تێدا بەئەمانەت دانابوو. ئەوە تەرمی کریزۆستۆمە کە دە عەقڵ و تێگەیشتندا تاقانە و دە لوتف و ڕەسەنایەتیدا لە سەرووی هەمووکەس بوو. ئەو سیمورغی چیای قافی خۆشەویستی بوو، سەخی و دڵۆڤانییەکی بێ حیساب، بەویقار و بەئەدەب، خۆش خولق و سەنگین و بەهەیبەت بوو. بەکورتی هەرچی پێیان وایە سیفەت و خەسڵەتی باشە لەو پیاوەدا لە ئەوپەڕی خۆیدا بوو.. لەچارە ڕەشیشدا هەروا لە ژووروی هەمووان بوو. ئەو خۆشەویستیی نواند و نەفرەتی وەگیر کەوتەوە. پەرستنی کرد و بێزاریی دیتەوە! ئەو دەیەویست سەڵیتەیەکی خوێن خۆر ڕام بکا و بەردی خارا نەرم بکا و بەدوای بادا بڕوا و بیابان وادار(*) بکا، گوێ بۆ ناڵەکانی شل بکا. ئەو، سەرەنجام خزمەتی ناسپاسی کرد و سزاکەی ئەوە بوو کە دەنیوەی ڕێدا ببێتە پارووی مەرگ و کچۆڵەیەکی شوانەوێڵە کە ئەو دەیویست تا دنیایە دە بیرگەی خەڵکی دنیادا بمێنێ، کۆتاییی بەژیانی هێنا و ئەم پەڕە کاغەزانەی کە دەیبینن ئەگەر ئەو بەڕێزە وەسیەتی نەکردبایە، پاش بەخاک ئەسپاردنی بیانسووتێنم، ئەو قسانەی بەعەرزم گەیاندن مسۆگەری دەکرد.

ویواڵدۆ گوتی: ئەی ئاغا سووتاندیی ئەم لاپەڕانە جەوروجەفایەکی زۆرە کە دەر حەق نووسەرەکەی دەیکەن. جێبەجێکردنی وەسیەتەکانی پیاوێک کە بەپێچەوانەی عەقڵ و مەنتیق وەسیەت دەکا، نە دروستە و نە عاقڵانە. ئەگەر «ئۆگۆست» قەیسەری ڕۆم ڕازی بووبایە کە وەسیەتی مانتۆMantoue ئەو سروود خوێنە ڕووحانییە جێبەجێ بکرێ چ

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەقەوما؟ کەوا بوو جەنابی ئامبرواز بەڕێزتان هەر ئەوەندە بکەن کە تەرمەکەی بەخاک بسپێرن و باقیی ئاسەواری ئەو فەراموش بفەرموون. ئەوەی ئەو وەک عاشقێکی دڵ بریندار ئەمری کردووە، جەنابت وەک ئامرازێکی کەڕ و کوێر جێبەجێی مەکە. بەپێچەوانەوە بەزیندوو ڕاگرتنی نووسراوەکانی هەواڵەکەت دڵڕەقی و بێرەحمیی مارسێلیش بکە بابەتێکی هەتا هەتایی تا بۆ داهاتووەکان ببێتە پەند و پیاوان دەزەلکاوی ئاوا نەکەون. ئێمە کە لە دەورت کۆ بووینەوە، هەموومان لە داستانی ئەوین و نامرادیی هاواڵەکەتان ئاگادارین. ئاگامان لە دۆستایەتیی نێوانتان هەیە، دەزانین بۆ مردووە و لە سەرەمەرگدا چ وەسیەتێکی کردووە. ئێمە لەو داستانە دڵ هەژێنە دەتوانین تێ بگەین کە ئەوینی کریزۆستۆم و جەفای مارسێل و سەفای دۆستی ئێوە تا چ ڕادەیەک بووە و چ سەرەنجامێکی شووم چاوەڕوانی ئەوان کەسانەیە کە دەرێگەی ئەویندا ئەسپی خۆیان لینگ دەدەن. دوێنێ پاش نیوەڕۆ، کە لە مەرگی کریزۆستۆم هەواڵمان پێ گەیشت کە قەرارە لێرەی بنێژن، پەژارە و هەستیاری وای لێ کردین سەری ئەسپەکانمان بادەین و ئەوکەسەی کە داستانی دڵدارییەکەی دڵی تەزاندبووین بەچاوی خۆمان ببینین. ئێستا بەپاداشی ئەو هەست و عاتیفەی کە ئێمە نیشانمان داوە و بەپاسی ئەو نییەتە خێرەی کە ئەگەر لە دەستمان هاتبایە، پێشمان بەو ڕووداوە دەگرت. هەمووومان ئەی ئامبروازی ڕازدار، یا لانی کەم من بەتەنیا، تکات لێ دەکەین لە سووتاندنی ئەم لاپەڕانە چاوپۆشی بکە و ئیزن بدە من چەند لاپەڕەیەکیان هەلبگرم» بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەلام ی شوانە ویواڵدۆ بێ دەستی درێژکردو لەو لاپەڕانەی نزیکتر بوون، چەند دانەیەکی هەڵگرت. ئامبرواز بەدیتنی ئەو کارە گوتی: «ئەی ئاغا» من بەپاسی ئەدەب ڕازیم ئەو لاپەڕانەی هەڵت گرتوون لە لات بمێننەوە.»، بەلام ئەگەر پێت وابێ لاپەڕەکانی تر ناسووتێنم خەیاڵت خاوە».

ویواڵدۆ کە دە ئاگری تاسەی سەر دەرینان لە ناوەرۆکی ئەو لاپەڕانەدا دەسووتا، بەپەلە یەکیانی کردەوە کە بەخەتێکی درشت لەسەری نووسرابوو «نەغمەی ناهومێدی» کاتێک ئامبرواز ئەوی دیت هاواری کرد و گوتی «ئەوە دوایین شیعرە کە ئەو چارەڕەشە گووتوویەتی. بۆ ئەوەی بزانن بێ وەفایی گراوی ئەوی هاویشتووەتە چ ڕۆژگارێکی تاریک، شێعرەکان بەدەنگی بەرز بخوێننەوە تا هەموو ببیستن. ئێستا تا قەبرەکە ئامادە دەبێ کات هەیە. ویواڵدۆ گوتی: «زۆر باشە، بەچاوان، من ئەوە دەکەم» و چون هەموو ئامادە بووان دەگەڵ ئەو ویستەدا بوون لە دەوری ویواڵدۆ کۆ بوونەوە و ئەویش بەدەنگێکی بەرز و بەنەوایەکی خۆش ئاوای خوێندەوە:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## شێعرە پڕ لە ناهومێدییەکانی شوانی بێ مراد نەغمەی کریزۆستۆم

«ئەی یاری غەدار، تۆ خۆت دەتەوێ کە داستانی تاڵی جەوروجەفای تۆ زاربەزار و دیاربەدیار بگەڕێ و بکەوێتە سەر زبانان. من کارێک دەکەم کە تەنانەت دۆزەخی گڕگرتوو، ئاهەنگی ناڵەی سینەم بەهێزتر بکا و شێوەی بەیان و دەنگم بگۆڕێ. ئەودەم من کە دەمەوێ دەرد و مەینەتی خۆم و غەدر و ئەشکەنجەی تۆ بگێڕمەوە، چریکەیەکی وەها لە سینەی پرسۆزم دەردەبڕم کە لەت و کوتی جەرگی خوێنینم، دەگەڵی ئاوێتە بێ. کەوابوو بەوردی گوێم بۆشل کەو بزانە کە نەغمەیەکی بەئاهەنگ نا، بەڵکو هاوارێکی بەسۆزو پڕلە دەرد دەبیسی کە بەویستی من و بێ ئەوەی تۆ بزانی لە قووڵایی سینەی شەقارشەقارم دێتە دەرەوە.

«دڵم دەیەوێ کە نەعرەتەی هەترەش بەری شێر و لوورەی ترس هێنەری گورگ و هاشەی زراوتۆقێنی ماری سوجەی سوور و هاواری بەسامی دڕندەی خوێن خۆر و دەنگی نامبارەکی قەلەڕەشەو خرۆشی تۆفانی دەریا شێوێن و بۆڕەی بێ ئەمانی گای بەزیو و نەغمەی کز و دامرکاوی قومریی مێیە مردوو و گاڵەی کوندی شووم و ناڵەی تاپۆی ڕەشی دۆزەخ دەگەڵ ئاه و ناڵەی ڕۆحی غەمبارم تێکەڵ بن و لەو تێکەڵبوونەش ئاهەنگێک هەڵستێ و حەواسی عالەم بشێوێنێ، چون غەم و دەردێکی کە گیانی من دەخوا وەهایە کە باس کردنی کەرەسە و ئامرازی تازەی پێ دەوێ.

»نە ڕەڵم و خیزی زێڕینی شەتتی «تاژ» و نە دارە زەیتوونەکانی «بێتیس» Betisی ناودار، هیچکام ڕەنگدانەوەی ئەم غەوغا سەیرە نابیسن. چون دەرد و پەژارەی جەرگ سووتێنی من تەنیا لەسەر ڕەوەزە بەرزەکان و دەبنەبانی گۆمی قووڵ وبەگێژەودا بەزبانێکی مردوو، بەڵام واژەگەلێکی هەردەم زیندوو، دەنگ دەداتەوە. یا لە دەرە و دۆڵی تاریک یا لە ڕەخە(*) وشک و سووتێنەرەکاندا یا لە شوێنگەلێک کە هەرگیز ڕۆژ نووری خۆی بەسەردا نەپژان. یا دەنێو جانەوەرانێکی ژەهراویدا کە قوڕولیتەی نیل دەخۆیدا پەروەردەی کردن، دەپێچێتەوە و لەو کاتەدا کە لە بیابانی چۆل وهۆل دەنگدانەوەی کەس لێ حاڵی نەبوو، لە غەوغای دڵی پڕ دەردی من و جەوروجەفای بێ وێنەی تۆ، دەنگ بداتەوە بەخاتری چارەنووسی نەگبەتباری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



من بەسەرانسەری ئەو دنیا پانوبەرینە دەگا.

«بێزاری مەرگی بەدواوەیە، شک و دوودڵی، چ دروست چ نادروست، کاسەی سێبوری لێورێژ دەکا، بەخیلی بەتیری خۆی مرۆڤ دەکوژێ، جودایی درێژ خایەن ژیان پووک دەکا. هیوا بەتەقدیر ناتوانێ دەگەڵ ترسی لەبیرچوونەوە بەرامبەر بێتەوە، چون لە هەمووی ئەو حاڵەتانەدا مەرگی حەتمی خۆ دەنوێنێ. بەڵام من چ ئافەریدەیەکی عەجایب وکەم وێنەم کە باوەکوو بەغیل و دوور کەوتەو نەفرین کراوم و ئاگام لە بەدگومانیی دڵی خۆم کە خەریکن ڕۆحم دەخۆن، هەیە دیسانیش زیندووم. دە تاریکانی فەرامۆشییەکدا کە ئاوری تاسەم خۆشتر دەکا و دەنێو ئەو هەموو زەحمەت و ئەشکەنجەدا چاوم ناتوانێ سێبەری هیوا ببینێ و خۆیشم دەناهومێدی و ڕۆژە ڕەشیی خۆمدا، مەیلی چاو پێکەوتنیم نییە، بەپێچەوانە بۆ ئەوەی هەرچی زۆرتر غەرقی ناڵینی خۆم بم و هەرچی زۆرتریش پتەو و قایم بم، سوێند دەخۆم کە هەتاهەتایە لە هیوا دوور کەومەوە.

«ئایا دەکری هاوکات هەم هیوامان هەبێ و هەم بشترسین؟ و یا ئەوکاتە کە هۆکارەکانی ناهومێدی لە هومێد زۆرترن، ئایا سزاوارە کە ئادەمیزاد هیواداربێ؟ ئایا لەوکاتەدا کە بەغیلی، بێ بەزەیانە هێرشم بۆ دێنێ و من لە پشتی هەزاران زامی ئەم گیانە دەردەمەندەمەوە ناچارم بیانبینم، دیسان دەبێ چاوم ببەستم؟ کێ دەتوانی ڕوخساری بێ پەردەی بێزاری و بێ مەیلی دلبەر ببینێ و دەوحاڵەدا کە بەدگومانییەکانی بەهۆی یەقینێکی تاڵەوە بوونەتە ڕاستەقینەیەکی هەست پێکراو و دەبێنێ کە ڕاستەقینەی ڕووت دە جلوبەرگی درۆدا خۆ دە نوێنێ، دەرگا بۆ ترس و نباوەڕی نەخاتە سەرپشت؟ تۆ ئەی حەسوودی، ئەی سوڵتانی زاڵم و ملهوڕی وڵاتی ئەوین، هەر دووک دەستم دەستبەندی ئاسنینی لێ بدە. تۆ ئەی نەفرەت تەنافی دارم بخە گەردنێ، بەڵام مەخابن کە دەرد و مەینەت بەسەرکەوتنی بێ ئەمانی خۆی بیرەوەریی هەمووتان لەمندا دەخنکێنێ.

«من سەرەنجام دەمرم و بۆ ئەوەی هیوام بەسەرکەوتنێکی دڵخواز نەدەژیاندا و نە بەمردوویی نەبێ، دەوەیدا کە بیری لێ دەکەمەوە سەرتغ و نە گۆڕ دەمێنمەوە، یانی دەڵێم کە دڵداری کردن هەمیشە کارێکی دروست بووە و ئێستاش هەر دروستە و ئازادترین دڵ هەر ئەو دڵەیە کە زۆرتر لە هەموو کەس تۆقی عەبدایەتیی سوڵتانی ئەوینی لەملدایە. دەڵێم کە ئەوەی هەمووکات دوژمنی گیانی من بوو، ڕۆحیشی بەقەدەر لەش و ئەندامی جوانە و خەتای بێوەفایی ئەو لە ئەستۆی خۆمە و سوڵتانی ئەوین بەو ئازار و دەردەی کە بەئێمەی دەچێژێ ئیمپراتورییەکەی خۆی ڕادەگرێ و دەیپارێزێ. ئەگەر ئەم بڕوایە وەک هەودایەکی

گەنجینەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

باریک زووتر من بگەیەنێتە ئەو سەرەنجامە شوومەی جەوروجەفای تۆ، بێ ئەوەی چاوەڕوانی لقەزەیتوونی سەرکەوتن و تاجی شانازیی داهاتوو بم، گیان و لەشی خۆم بەبادا دەم.

«تۆ ئەی دلبەرەکەم کە بەهەموو جەوروجەفاتەوە ئاشکرای دەکەی کە بۆمنیش دەگەڵ ژیانی خۆم، کە لێی بێزار و ماندوو بووم، جەوروجەفا دەکەم، ئێستا ئەم برینە قووڵەی دڵی پڕژانم بەتۆ دەڵێ کە لە جەوروجەفاکەت گەلێک شادمانە، ئەگەر لە بەختی گەشم تۆ منت بەنێچیرێک داناوە و چاوە ئاسمانییەکانت تابشتی دیتنی گیان دانی منیان نییە، ئامان و سەد ئامان لە کوشتنی من چاوپۆشی بکە، من نامەوێ دەبەرامبەر ڕۆحێکدا کە لەمنی دەستێنی ئاخ و ئەیرۆیەکم پێشکەش بکەی. بەپێچەوانەوە دەمەوێ قاقای پێکەنینت دەو ساتە ماتەمینەدا نیشان بدا کە مردنی من بۆ تۆ جێژنەیەک بووە. بەڵام ئێستا کە دەزانم تۆ بەمراندن و گیان کێشانم فەخر دەکەی، گوتنی ئەو قسەیە بەتۆ عەینی ساویلکەییە.

«ئێستا، کە سەعاتی بەڵێنی دراو گەیشتووە. بڵێ بابێن: «تانتال»[١٢٢] بەتینوویەتیی هەرگیز تێراو نەبووی خۆیەوە، «سیزیەف»[١٢٣] بەگاشەو ڕەوەزە بەردە قورس و گرانەکەی خۆیەوە و «پرۆمێتە»[١٢٤] دەگەڵ دالاشەکەی خۆی، هەموو لە قووڵایی گێژاو هاتنە دەرێ؛

---

١٢٢- Tantale پاشای لیدی کە کاتێک خودایان بوونە میوانی ویستی خودایەتیی ئەوان تاقی بکاتەوە، سەری کوڕی خۆی، «پێلۆپس»ی Pelops بڕی و لە گۆشتی ئەو خۆراک و خۆرشتی بۆ دروست کردن. ژووپیتێر خودای خودایان ئەوی بۆ وڵاتی تاتاران تووڕ هەڵدا و سزای دا کە دە تەواوی عومری خۆیدا تینوویەتی و برسییەتی بکێشی. دە ڕەسم و وێنەکاندا هەمیشە ئەوی لە نێو ڕووبارێکدا نیشان دەدەن کە تا دەیەوێ ئاو بخواتەوە ئاوەکە لە لێوەکانی دوور دەکەوێتەوە و لە ژێر دارێکدا تا دەیەوێ میوەیەک بچنێ، لقەکان بۆ لای ژووروو هەڵدەکشێن. دە ئەدەبیاتدا هەر هیوا و هومێدێک کە لە مەقسەد نزیک بێتەوە، بەڵام ئاخری سەرنەکەوێ بە«عەزابی تانتال» ناو دەبەن. (محەمەد قازی)

١٢٣- Sisyphe کوڕی Eole و پاشای کورنێت کە عومرێکی بەدزی و پیاوکوژی و ڕێگری تێ پەڕاند و پاش مردن مەحکووم بوو کە لە جەهەندەمدا گابەردێکی گەورە لە شاخێک وەسەرخا و بەردەکە هەموو جارێک جاڵە دەبێتەوە و ئەویش ناچارە دووبارە بەڕەنج و مەینەتێکی زۆرەوە دیسان وەسەری دەخاتەوە. گابەردی سیزیەف ڕەمزی ڕەنجی زۆر و سەرنەکەوتنە.

١٢٤- Promété کوڕی تیتان و خودای ئاگر کە بەپێی میتۆلۆژیای یۆنانی، بناغەدانەری شارستانەتی بەشەرییە. ئەم وێنە خودایە ئادەمیزادی لە قوڕ و لیتە دروست کرد و کاتێک ویستی گیانی بداتێ، ئاگری لە ئاسمان ڕفاند. زێئووس یا ژووپیتێر غەزەبی لێ گرت و =

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بلێ تا «ئیکسیۆن»[١٢٥] گەردوونەی ئاگرینی خۆی لە هەڵسووڕان ڕانەوەستێنێ و پەنجا خوشکان[١٢٦] دەست لە کاری بێ کۆتاییی خۆیان هەڵنەگرن. بلێ کە هەموویان پێکەوە عەزابی ورەبەزێنی خۆیان دە هەناوی من هەڵڕێژن و بەدەنگێکی کز لەسەر جەنازەم کە لەکفنێکی متفەڕک دریغی لێ دەکەن دوعای دڵهەڕێن بخوێنن (ئەگەر پێویستە لەسەر جەنازەی کوژراوی دوعا بکرێ)؛ بلێ تا دەرکەوانی سێ سەری دۆزەخ بەهەزاران تاپۆی ترسێنەری تر و هەزاران جانەوەری عاجباتی سامناکی ترەوە، نەوای دەردناک ئاوێتەی ئەم مۆسیقایە بکەن. بەگومانی من بۆ بەڕێکردنی جەنازەی کوژراوی ئەوین هەرگیز پۆلە سواری بەشکۆتر لەوە ڕمبازێن(*) ناکا.

«ئەی نەغمەی ناهومیدێ و بێ هیوایی، کاتێک هاودەمی غەم بزوێنی من بەجێ دێڵی، هەرگیز شین و گابۆڕم بۆ مەگێڕە. بەپێچەوانە چون ئەوەی تۆی ئافراند(*) بەکڵۆڵیی من جەلالی خۆی دەباتە سەر، تەنانەت لە گۆڕیشدا غەم و پەژارەی خۆت دەرمەبڕە!»

هونراوەکانی کریزۆستۆم بەلای بیسەرانەوە زۆر بەرز و جوان بوون. بەو حاڵەشەوە ویواڵدۆ گوتی، ئەم شێعرانە دەگەڵ ئەوەی ئەو لەمەڕ ئەخلاق و سیفەتە باشەکانی مارسێل بیستوویەتی، یەک ناگرنەوە. چون دەراستیدا کریزۆستۆم لەم شێعرانەدا لەحەسوودی و بەدگومانی و دووری لە گراوی و باتەتگەلێک دواوە کە سەدەمە لە عیسمەت و داوێن پاکیی گراوی دەدەن. بەڵام ئامبرواز وەک کەسێکی ئاگای لە هەموو ئەندیشە نهێنییەکانی دۆستی خۆی بوو بێ گوتی: «ئەی ئاغا! بۆ ئەوەی شک و گومانی تۆ لە ناوبچێ، پێویستە بزانی دەو زەمانیدا کە ئەو جوانەمەرگە ئەو شێعرانەی دەگوت، زۆر لە مارسێل دوور بوو. ئەو خۆی، ئەم دوور کەوتنەوەی هەڵبژارد بوو تا بزانێ ئایا دووری لەیار بەهەموو هێزی خۆیەوە

---

= پاندۆر Pandoreی بەئەزمی تەمێکردنی ئەو بەڕێ کرد. بەڵام باوکی پرۆمێتە لەو پلانە ئاگەدار بووەوە و کوڕەکەی ڕزگار کرد. سەرەنجام Hephaïstos بەئەمری زێئووس لە دوندی چیای قاف یا قەفقاز چوار میخەیان کێشا و هەموو ڕۆژێک داڵاشێکی گەورە کوتێک لە جەرگی دەخوا. دە ئاخریدا هێرکوول دالاشەکەی کوشت و پرۆمێتەی ڕزگار کرد. (محەمەد قازی)

١٢٥- Ixion پاشای لاپیت کە ژووپیتێر ئەوی لە کێوی ئۆلۆمپ دامەزراند. بەڵام چون لە ئاست زونۆن بێ حورمەتیی کرد، مەحکووم کرا کە هەتا هەتا بەگەردوونەیەکی ئاگرەوە ببەسترێتەوە و هەڵسووڕێ.

١٢٦- ئیشارە بەو پەنجا کچانەی کە وەک دە میتۆلۆژیای یۆناندا هاتووە، هێرکوول بەشەوێک کچێنیی هەمووانی هەڵگرت. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

دەتوانێ لەسەری کاریگەر بێ یا نا و چون بۆ عاشقی دوورەوە کەوتوو، هیچ گومانێکی خراپ نییە کە وەشۆێنی نەکەوێ و هیچ ترسێک نییە کە بەسەریدا زاڵ نەبێ، کریزۆستۆمیش لە مەینەت و دەردی قووڵی حەسوودییەکی خەیاڵیدا دەسووتا. ڕاستە ناوبانگی خەسڵەتە باشەکانی مارسێل، دوور لەهەر شک و گومانێکە و هەر چەند ئەم ناوبانگە دەگەڵ دەنگۆی دڵڕەقی و هێندێک بێ شەرمی و فیس و ئیفادە تێکەڵاوە، حەسوودیش ناتوانی ڕەخنەی لێ بگری و هیچ عەیبێکی تیدا بدۆزێتەوە.»

ویواڵدۆ ملی(*) بۆقسەکانی ئامبرواز ڕاکێشا و هەر ئەودەمەی دەیویست یەکێکی تر لەو لاپەڕانە بخوێنێتەوە کە لە سووتان ڕزگاری کردبوون، بەڕاستی یا بەڕواڵەت بەهۆی تاپۆیەکی سەیرەوە کە لەبەر چاوی هەمووان خۆی دەرخست، لە خوێندنەوە ڕاوەستا: لەسەر ئەو تەختەبەردەی کە لەژێریەوە قەبری شوانەکەیان هەڵدەکەند، مارسێل هەر بەو جوانییەی کە باسیان دەکرد ئاشکرا بوو. ئەوانەی کە نەیایدیتبوو دەبێدەنگیی سەرسوڕمان و تەحسینکردندا خیرە(*) بووبوون و چاویان تێ بڕیبوو و سەرسوڕماوی ئەوانەی لە پێشداش دیتبوویان لەوانی تر کەمتر نەبوو. بەڵام ئامبرواز هەر کە چاوی پێ کەوت بەدەنگێکی پڕ لە نەفرەت و بێزاری دەنگی هەڵبڕی و گوتی: «ئەی سووسماری وەحشیی کۆساران کە بەنیگایەکت سەرتاسەری ئەم چیا و کوێستانە ژەهراوی بووە، ئایا هەروا بەهەڵکەوت بێرەدا ڕادەبری یا هاتووی ببینی بوونی تۆ لێرە خوێنی دڵی ئەو چارەڕەشە کە کوشتەی عیشقی تۆیە، چون وەجۆش دێنێ و جاری دەکا؟ هاتووی تا بۆ دڵڕەقییەکانت چەپڵە لێ بدەی وبەجەفاکارییەکانی خووی خوێنخۆریی خۆت بنازی؟ هاتووی تا وەک «نێرون»ێکی ستەمکاری تر لەسەر تەپۆڵکەوە شاری ڕۆمی خۆت دەگرێ و بڵێسەی بێدادی خۆتدا تەماشا بکەی؟ و یا هەر وەک کچی ناجسنی «تارکن»(١٢٧) کە تەرمی باوکی خۆی خستە ژێر پێلاقە، دەتەوێ تۆش ئەو تەرمە بخەیتە ژێر پێتەوە؟ زوو پێمان بڵێ بۆ هاتووی و لە گیانی ئێمە چیت دەوێ؟ چونکە ئێمە هەموومان دەزانین کە کریزۆستۆم دە ژیانی خۆیدا هەرگیز لەفەرمانت سەرپێچیی نەکرد، منیش پاش ئەوی هەروادەکەم. کارێکی وادەکەم کە هەموو دۆستەکانی سەر بۆ فەرمانت دانەوێنن. مارسێل جوابی داوە: «ئەی ئامبرواز من بۆ هیچ کام لەو شتانە تۆ باسیان دەکەی، نەهاتووم؛ هاتووم تا خۆم داکۆکی

١٢٧- لێرەدا خۆ بەزانا زانینی ئامبرواز هەڵەیە، چون تارکن باوکی Tullia نەبوو، بەڵکو مێردی ئەو بوو. توولیاش نەبوو کە تەرمەکەی خستە ژێر پێی خۆی، بەڵکو تەرمی مێردەکەی خۆی «سرۆیۆس تۆلیۆس»ی خستە ژێر پێ. (لوویی ویاردۆ)

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە خۆم بکەم و بەهەموو ئەو کەسانەی من بەباعیسی مەرگی کریزۆستۆم دەزانن، بسەلمێنم کە تا چ ڕادیەک بەهەڵە چوون. کەوابوو لە هەموو ئێوە ئەی ئەو کەسانەی لێرە حازرن، تکادەکەم بەوردی گوێ لەقسەکانم ڕابگرن. سەلماندنی ڕاستەقینەیەک کە خاوەن دلان دەیزانن نە پێویستی بەکاتی زۆر، نە پێویستی بەقسەکردنی زۆر هەیە. خوای مەزن، وەک ئێوە دەڵێن، منی جوان ئافراندووە و ئەو جوانییە بەو بارستایەیە کە ئێوە نەتوانن خۆ ڕابگرن، وادارتان دەکا منتان خۆش بوێ و دەبەرانبەر خۆشەویستیی خۆتاندا لە منتان دەوێ منیش ئێوەم خۆش بوێ. من بەو هۆشە بنەڕەتی و خوا پێداوەی کە هەمە، دەزانم کە هەر شتێکی جوانە مرۆڤ خۆشی دەوی. بەلام تێ ناگەم بۆچی کەسێک کە بەخاتری جوانیی خۆی خۆشەویستە، مەجبوورە ئەو کەسەی خۆش بوێ کە ئەوی خۆش دەوێ، ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕەنگە ئەوەی کە جوانیی خۆش دەوێ خۆی، ناحەز و دزێوبی. بەڵێ چون ناحەز حەقی خۆیەتی لێی بێزار بێ، شایستە نییە کە بێژین من تۆم خۆش دەوێ، چونکە جوانی، تۆش دەبێ منت خۆش بوێ هەر چەند ناحەزم. ئێستا وای دابنێین کە جوانی دە هەمووواندا یەکسان بێ. ئەوە نابێتە بەڵگە کەویستن دە هەمووواندا بەیەک ئەندازە بێ. چون ئەوین لە هەمووچەشنە جوانییەکدا سەرهەڵنادا. جوانیی واهەیە کە بێ ئەوەی ئیرادە و خوازی مرۆڤ بکێشێتە ژێر فەرمان، حەز دەبەخشێتە چاوان. ئەگەرهەموو جوانییەک کاریگەر بووبووایە و دڵەکانی کێشابا ناو کەمەندی خۆیەوە دنیا یەکپارچە دەبووە شۆر و غەوغا و ویستەکان بێ ئەوەی ڕێباز و ڕێکارێکیان بێ، وێک دەکەوتن و تێکەوە دەپێچران. چونکە کاتێک جوانییەکان لە ئەندازە بەدەر بووبان تاسەو مەیلەکانیش لە ئەژمار بەدەر دەبوون. لە کاتێکدا من بیستوومە ئەوینی ڕاستین دابەش ناکرێ، ئەوینی ڕاستی دەبێ خۆت هەڵی بژێری و بەزۆر نابێ. ئێستا کەوایە و پێشم وایە دروست وایە، ئەدی بۆچی ئێوە هەر لەبەر ئەوەی هاوار دەکەن کە منتان زۆر خۆش دەوێ، دڵی من مەجبوور دەکەن کە بەزۆر سەرتان بۆ دانەوێنێ، پێم بڵێن بزانم ئەگەر خودای مەزن منی ناحەز ئافراندبا ئایا من مافی ئەوەم هەبوو بڵێم بۆ منتان خۆش ناوێ؟ لە لایەکی تریشەوە ئێوە دەبێ سەرنج بەم نوکتەیە بدەن کە من ئەم جوانی و جەماڵەم بۆ خۆمم هەڵنەبژاردووە، بەڵکو پەروەردگار بەکەرەمی خۆی ئەم جوانییەی ئەم جۆرە کەهەیە، بەمن بەخشیوە، بێ ئەوەی لە لایەن منەوە داخوازییەک یا هەڵبژاردنێک کرابێ و هەروەک ناتوانین مار لەبەر ئەوەی ژەهری کوشندەی دە زاریدایە لۆمە بکەین، چون سروشتە کە ئەم ژەهرەی پێ داوە، منیش نابێ بەبۆنەی ئەم جوانییەی کە پێم بەخشراوە، سەرزەنیشت بکەن. جوانی دەژنی نەجیبدا، وەک ئاگرێک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabiti.org



دەچێ کە دەستی پێی ڕاناگا و وەشمشیرێک دەچێ کە لە گۆشەیەک فڕێ درابێ. ئەگەر کەسێک لەو دووشتە نزیک نەبێتەوە نە ئاگرەکە دەیسووتێنێ و نە شمشیرەکە زاماری دەکا. شەرافەت و تەقوا زینەتی ڕۆحن و لەشێک ئەو دوو تایبەتمەندییەی تێدا نەبێ، دەتوانێ جوان بێ، بەڵام نابێ جوان بێ. ئێستا کە شەرافەت لە زومرەی خەسڵەتە پاکەکانە و زۆرتر لە هەمووشت لەش و گیان دەرازێنێتەوە، بۆچی دەبێ ژنێک کە لەبەر جوانیی خۆی ناوبانگی ڕۆیشتووە، بۆ ڕازی کردنی هەواوهەوەسی پیاوێک کە تەنیا لەبەر هەوەس دەیەوێ شەرافەتی ئەو ژنە بەتاڵان بەرێ، لێی بێ بەش بێ؟ من ئازاد هاتوومە سەر ئەو دنیایە و بۆ ئەوە بتوانم ژیانێکی ئازاد و پاک و خاوێنم هەبێ، تەنیاییم لە گۆشەی بیاباندا هەڵبژاردووە. هاونشینی من دارەکانی ئەو چیایانە و ئاوێنەشم ئاوی زولاڵی ئەو ڕووبارانەیە. من دەردە دڵی خۆم بەو دارانە دەڵێم و جەماڵی خۆم بەو ئاوانە نیشان دەدەم. من ئەو ئاگرە دوورە دەستەو ئەو شمشیرە هەڵپەسێراوەم. ئەوانەی من بەیەک نیگا عاشقی خۆم کردوون، بەو قسانەی بۆم کردوون لە بەهەڵە چوون ڕزگارم کردوون و ئەگەر هەوەسەکانی ئادەمی تەنیا لە هیوا هێز وەردەگرن، من چون نە بەکریزۆستۆم هەرگیز کەمترین هومێدم داوە و نە بەهیچ کەسی تریش، دەتوانین بڵێین کە مەرگی ئەو بێ نەوایە لە پێداگریی خۆی بووە نە لە جەفای من.. ئەگەر ڕەخنەم لێ بگرن و بێژن کەنییەتی ئەو خێر بووە و بەو دەلیلە من دەبووایە سەری بۆ دانەوێنم، دەجوابدا دەڵێم، من هەر لە بن ئەو گابەردەکە خەریکن گۆڕی بۆ هەڵدەکەنن کاتێک لە نییەتی پاکی خۆی ئاگاداری کردمەوە پێم گوت کە نییەتی منیش ئەوەیە کە لە تەنیایی ڕەهای ئەبەدیدا ڕۆژگاری خۆم بەرمەسەر و تەنیا خاکی گۆڕ دەتوانێ لەشی جوان و دەست لێ نەدراوی من دە ئامێز بگرێ؛ ئێستا ئەگەر ئەو پاش ئەو جوابەی من کە دەبووایە چاوی قووچاوی بکاتەوە، خۆی ویستوویە پێداگری بکا و لۆتکەی خۆی ڕوو بەتۆفان بەرێتە پێش، ئایا هیچ جێگەی سەرسوڕمانە کە لۆتکەکەی لە گێژاوی دەریای بێ تەدبیر خۆیدا غەرق بوو بێ؟ من ئەگەر فریوم دابا خۆم بەخەتابار دادەنا و ئەگەر ئارەزووی ئەوم براوردە کردبا لە پەیمانی پیرۆزی خۆم پاشگەز دەبوومەوە. ئەو باوەکو لە بەهەڵە چوون هاتبووە دەرەوە پێداگریی کرد و بێ ئەوەی نەفرەت کرابێ ناهومێد بوو. ئێستا داوەری بکەن ئایا ئینسافە من بەخەتاکار بزانن؟ ئایا من کەسێکم فریوداوە کە شکایەتێکی لێم هەبێ؟ ئایا وەعدەیەکم داوە وەفام پێ نەکرد بێ؟ کەسێکم بانگ کردووەتە لای خۆم کە دڵگەرمم کرد بێ؟ ڕووی خۆشم بەکەس نیشان داوە کە هیوایەک لە دڵیدا چەکەرە بکا؟ کەوابوو کەسێکی نە بەڵێنی شتێکم پێ داوە، نە بۆ لای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


خۆم هێناوە، نە فریوم داوە نە هەڵم بژاردووە، مافی ئەوەی هەیە بەزاڵم و پیاو کوژم بزانێ؟ خوداوەند تا ئێستا نەیویستووە کە من بەحوکمی تەقدیر کەسێکم خۆش بوێ. کەوابوو گومانی ئەوە کە کەسێکم بەمەیل و هەڵبژاردنی خۆم خۆش بوێ، گومانێکی خەتایە، ئەم قسانە ڕاگەیاندنێکی گشتییە بەهەموو ئەو کەسانەی کە بەسەلیقە و چێژی خۆیان منیان خۆش دەوێ و دیانەوێ دڵم لێ بستێنن تا بزانن ئەگەر لەمەو پاش کەسێک بۆ من بمرێ، مەرگی ئەو نە لە حەسوودییە و نە لە نەفرەت. چون ژنێک کە کەسی خۆش ناوێ، ناتوانێ حەسوودی هەڵگرسێنێ و ڕوون کردنەوە و لە هەڵە دەرهێنانی کەسەکان بەمانای بێزاری لەوان نییە. کەسێک کە پێم دەڵێ سووسمار و دڕندەی خوێن خۆر وا باشترە وەک گورگی دیتبێ یا بوونەوەرێکی نەفرەتلێکراوی تووش هاتبێ لە من دوور کەوێتەوە و خۆی دەرباز بکا. کەسێک کە بەبێ وەفام دەزانێ، با وەدوام نەکەوێ. کەسێک کە بەناجسن و ناجۆرم دەزانی، با خۆی دەمن هەڵنەقوتێنێ و ئەگەر زاڵم و غەدارم باوەشوێنم نەکەوێ. ئەو جانەوەرە خوێن خۆرە، ئەو سووسمارە، ئەم غەدارە، ئەم زاڵمە نابەکارە، ئەو بوونەوەرە پڕ ڕەمز و ڕازە هیچ نایەوێ وەدوای کەس کەوێ و دەگەڵ کەس ئاشنا بێ. ئەگەر بێ ئۆقرەیی و هەوەسی ئاگرین بووەتە هۆی مردنی کریزۆستۆم ئایا گوناهی ئەخلاقی نەجیبانە و حەیا و خۆڕاگریی منە؟ من ئەگەر بمەوێ عیسمەتی خۆم دەنێو دارستان و لێرەواڕی ئەم شوێنە خەلۆەت و چۆلگەیەدا بپارێزم، کەسێک کە دەیەوێ دەنێو پیاوانیشدا ئەو عیسمەتە ڕاگرم، ئەوی بۆ خۆی دەیەوێ ئەوەم لێ بفڕێنێ؟ وەک ئێوە هەمووتان ئاگاردان من خۆم خاوەنی ماڵ و سامانم و تەماعم دەماڵی کەس نەکردووە. وەزعی من، منی ئازاد پەروەردە کردووە و پێم خۆش نییە بەندە و غولامی کەس بم. من نە کەسم خۆش دەوێ و نە لە کەسیش بێزارم. هیچ کەس ناتوانێ بڵێ کەسێک فریو دەدەم و یەکی تر دەلاوێنمەوە. یا بەڕیشی یەکێک پێ دەکەنم و ڕووی خۆش نیشانی یەکی تر دەدەم. هاودەمیی بێ شیلە و پیلەم دەگەڵ کچە شوانەکان و ئاگاداری لە بزنەکانم بۆ دڵخۆشیی من بەسە. ئەم کێوە پانە جێگەی جەولەی هەوەسەکانمە و ئەگەر جاروبار ئەم هەوەسانە لە سنووری ئەم کێوانە وێوەتر دەچن لەبەر ئەوەیە کە جوانیی ئاسمانی شین یانی یەکەمین و ئاخرین ئارامگەی ڕۆح باشتر ببینن.»

کاتێک کچە شوان لە گوتنی ئەو قسانە تەواو بوو بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ وەڵام یێک بێ ڕووی وەرگێڕاو دە چڕترین بەشی جەنگەڵدا کە لاپالی چیای داپۆشیبوو لەبەر چاوان ون بوو و هەموو ئەو عالەمەی دەئافەرینی کەماڵی خۆیدا بەجێ هێشت. دەستەیەک کە تیری چاوی شەهلای ئەو پەرییە دڵی پێکابوون، بێ ئەوەی سەرنج بدەنە قسەکانی، تەکانێکیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

لەخۆدا و کەوتنە پەی سەر و شوێنی. بەڵام هەر دەگەڵ ئەوەی دۆن کیشۆت لەنییەتی ئەوان بەئاگا هاتەوە مەیدانی بۆ نیشاندانی پاڵەوانەتیی خۆی بەمەبەستی یارمەتی گەیاندن بەو کچانە کە بەیارمەتیی ئەو نیازیان هەیە، ئامادە دیت. لەبەر ئەوە دەستی بۆ مشتووی(*) شمشیر برد و بەدەنگی بڵند هاواری کرد«هەرکەس لە هەر توێژ و پلە و پایەیەکدا بێ نابێ وەدوای مارسێلی جوان و لەبەر دڵان بکەوێ، دەنا ڕق و کینەی من وەخەبەر دێنێ و دەگەڵ قەهر و غەزەبی من ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ئەو بەدەلیلی بەهێز ڕوونی کردەوە کە دەمەرگی کریزۆستۆمدا بێگوناهە. پێی نیشان داین کە تا چ ڕادەیەک لە فکری دابینکردنی ویستی ئەویندارانـدا دوورەپەرێزە. کە وا بوو بەجێگەی ئەوەی بەشوێنیدا بڕۆن و بەدوای بکەون، حەق ئەوەیە کە هەموو نفووسی پاک و شەریفی ئەم جیهانە قەدر و ڕێزی بگرن و ئافەرێنی پێ بڵێن. چون بێگومان ئەو تەنیا ژنێکە کە بەو نییەتە پاکانەوە ڕۆڕگار تێ دەپەڕێنێ.»

چ بەهۆی هەڕەشەکانی دۆن کیشۆت یا بەخاتری ئەوەی کە ئامبرواز خواهیشتی کردبوو کە هەموو ئەرکی خۆیان بەرانبەر بەدۆستی جوانەمەرگ و بێمرادی خۆیان تا ئاخری ئەنجام بدەن، هیچ کام لە شوانەکان تا تەواو بوونی کاری هەڵکەندنی گۆڕ و سووتاندنی لاپەڕە شێعرەکانی کریزۆستۆم و ئەسپاردنی جەنازە بەخاک لە جێی خۆیان نەبزووتن؛ ئەو کارەش ئەوەندە غەمبار و دڵهەژێن بوو کە فرمێسکی بەچاوی هەمووواندا هێنا خوار. قەبرەکەیان بەتەختەبەردێکی پان داپۆشی تا ئەودەمەی کە لە کاتی خۆیدا بەردە قەبرێکی بۆ بتاشن و بەتکای ئامبرواز ئەم شێعرانەی لەسەر هەڵکەنن:

«ئێرە ئارامگای لەشی ساردەوەبووی ئەویندارێکی نامرادە کە شوانیی کرد و بوو بەقوربانییەکی ئەوینی بێ سەرەنجام.»

«ئەم نامرادە لە بێدادی دلبەرێکی بێوەفا گیانی لە دەست دا کە سوڵتانی ئەوین داوودەزگای ملهوڕیی خۆی بەدەستی ئەو دەهەرێمی ئیمپراتوریی خۆیدا پەرە پێ دەدا.»

پاشان گوڵ و لق و گەلایەکی سەوزی زۆریان بەسەر گڵکۆکە دادا و هەموو شوانەکان پاش نیشاندانی هاودەردی دەگەڵ ئامبرواز، یەک یەک و دوودوو ماڵاواییان کرد و ڕۆیشتن. ویواڵدۆ و هاوڕێکەشی هەر وایان کرد. دۆن کیشۆتیش بەنۆبەی خۆی لە مێزبان و موسافیران ئیزنی خواست و کەوتە ڕێ. موسافیران لێیان ویست دەگەڵ ئەوان بڕواتە شاری (سیویل) و بەئاگادارییان گەیاند کە ئەوێ بۆ زۆر و زەوەندی کارو ڕووداوی پاڵەوانی لە جیهاندا بێ وێنەیە. چون دەهەر شەقام و کۆڵانێکیدا ڕووی تێ کەی ڕووداوی جۆراجۆر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاوەڕوانی مەردی مەیدانە. دۆن کیشۆت لە لوتف و مەرحەمەتی ئەوان سپاسی کرد و گوتی چون دەڵێن کێو پارەکانی ئەو دەوروبەرە دز و ڕێگری زۆر تێدایە تا تەواوی ئەم هەرێمە لەوان خاوێن نەکاتەوە نایەوێ و نابێ بڕواتە سیویل.

موسافیران کاتێک لەنییەتی باش و خێرخوازانەی ئەو ئاگادار بوونەوە. نەیانویست لەوە زۆرتر زەحمەتی بدەن و پاش ئەوەی ئەوجاریش ماڵاواییانکرد ڕێگەی خۆیان گرتە بەر و لە ڕێگادا زۆرتر باسی مارسێل و کریزۆستۆم وشێت بازییەکانی دۆن کیشۆتیان دەکرد. دۆن کیشۆت تەمای گرت بڕواتە سۆراغی مارسێل و خۆی بکاتە خزمەتکاری ئەو، بەڵام ڕۆڕگار بەمەیلی ئەو نەجووڵاوە و هەروەک لە درێژەی ئەو داستانە ڕاستەقینەیە کە بەشی دووەمی لێرەدا کۆتایی پی دێ، دەیبینین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٥

## لەمەڕ ڕووداوی دڵهەژێنی تێکهەڵچوونی دۆن کیشۆت دەگەڵ چەند کەسێک یانگواسی[١٢٨] نانەجیب

حەکیمی زانا سەیدحامید کوڕی ئەنجەلی دەگێڕێتەوە کاتێک دۆن کیشۆت دەگەڵ مێزبانەکانی خۆی و هەموو ئەو کەسانەی کە دە ڕێوڕەسمی بەخاک ئەسپاردنی جەنازەی کریزۆستۆمدا بەشدارییان کردبوو مالاوایی کرد. دەگەڵ مەیتەرەکەی، خۆیان دەو مێشەیە ڕاکرد کە مارسێل کچە شوانی جوان دەوێدا لەبەر چاوان ون بووبوو؛ بەلام کاتێک پاش ئەوەی دوو سەعات دەو مێشەیەدا بەدوای مارسێلدا هەموو شوێنێک گەڕان و نیشانێکیان وەدەست نەکەوت گەیشتنە مێرگێکی سەوز و زەنوێر کە چۆمیلکەیەکی مەند و ئارام بەنێویدا تێ دەپەڕی. چون هەر دووکیان ئەو شوێنەیان زۆر پێ خۆش و دڵگر بوو، لێ بڕان کە چەند سەعاتێکی خەو و حەسانەوەی قاوەڵتوون(*) دەوێدا ڕابوێرن، چون گەرمای نیوەڕۆ وردەوردە لە تاقەتی دەخستن(*). دۆن کیشۆت و سانکۆ دابەزین و ڕۆسینانت و کەرەکەیان بەرەڵلا کرد تا بەکەیفی خۆیان دەو چیمەن و مێرگەدا بلەوەڕێن. خۆشیان هێرشیان بۆ خورجێنەکە برد و ئاغا ومەیتەر بێ هیچ تەشریفاتێک زۆر دۆستانە و خۆمانە دەستیان کرد بەخواردنی ئەو نان و پێخورەی کە تێیدابوو.

سانکۆ فکری نەکردبووەوە کە ڕۆسینانت پاش بەند(*) یادەزبەند بکا، چون ئەو حەیوانەی ئەوەند پێ نەجیب و دوورە هەوەس بوو کە پێی وابوو هەموو ماینەکانی لەوەڕگاکانی «کۆردۆ» ناتوانن کەمترین هەوەسی فەحل بوون دەویدا وەخەبەر بێنن. بەلام تەقدیر و شەیتان کە کەمتر دەخەوی وایان دانابوو کە ئەو ڕۆژە لە هەمان دۆڵ و دەرەدا ڕەوەیەک «ماینی گالیسی»[١٢٩] خەریکی لەوەڕ بن. ئەو ماینانەش دەستەیەک قەتارچی دەگەڵ خۆیان دەیانبردن کە عادەتیان وابوو لەهەر شوێنێک تووشی ئاوو شینایی هاتن ڕاوەستن و هێندێک بحەسێنەوە. بەهەڵکەوت ڕێیان دەومێرگە کەوت کە دۆن کیشۆت لەوێ بوو. ئەوجار

---

١٢٨- یانگواسی Yangois یانی دانیشتووانی یانگواس Yanguas لە هەرێمەکانی ولاتی سەگۆڤی Sagovie ئەسپانیا. خەڵکی ئەم ولاتە زۆرتر کەردار و قەتارچی بوون. (مۆریس باردۆن)

١٢٩- خەڵکی Galice شوێنێکە لە ئیسپانیا. (محەمەد قازی)

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆسینانت لە ناکاو وەهەوەس کەوت کە بچێتە زگ ماینان و نەڕیانی(*) خۆی نیشان بدا. هەر کە بۆنی ماینەکانی کرد دەستی لە خولّق و خووی هەمیشەیی هەڵگرت و بەرەو ماینەکان دزەی(*) کرد و هەوەسی عاشقانەی خۆی پێ نیشان دان. بەڵام ماینەکان کە زۆر برسی بوون و زۆرتر دەفکری زگیان(*) دابوون بەجووتە و لەقە و گاز گرتن پێشوازییان لە ڕۆسینانت کرد و وەهایان شپرزە کرد کە تەنگە و پاڵووی زین پچکڕا و خۆیشی بەڕووتی بەعەرزیدا کەوت. بەڵام بەدبەختییەکی تریشی دەپێشدا بوو، قەتارچییەکان تا دیتیان کە ئەو دەیەوێ دەستدرێژی بەماینەکانیان بکا، دەستیان دا پەیاغان و ئەوەندەیان کوتا، چی وای نەمابوو هەر چوار پەلی دەحەواکەن. دۆن کیشۆت و سانکۆ کە لە دوورەوە ئەم حاڵەتە دڵهەژێنەی ڕۆسینانتیان چاو پێ کەوت بەهەشتاوان(*) خۆیان گەیاندە مەعرەکە و دۆن کیشۆت بەمەیتەرەکەی گوت:

»هەڤاڵ سانکۆ، ئەو جۆرەی من دەیبینم ئەم جەماعەتە لە تایفەی پاڵەوانان نین، بەڵکو هێندێک دزو درۆزن و جەردەی ناقابیلن، کەوابوو تۆ دەتوانی بەخاترجەمی و بەمەیلی دڵی خۆت دەتەمێکردنیاندا یارمەتیم بدەی تا تۆڵەی ئەم تەوهین و دەستدرێژییەی بەڕۆسینانتیان کرد، بکەینەوە. سانکۆ گوتی: ئەرباب تۆڵەی چ شتێکیان دەتوانین لێ بستێنینەوە؟ ئەوان بیست کەس و ئێمە دوو نەفەر، نەوەڵلا نەفەر و نیوێک! دۆن کیشۆت گوتی «من خۆم تەنیا بەسەد نەفەر هەم!» و بێ ئەوەی قسەیەکی تر بکا، دەستی بۆ شمشێر برد و هێرشی بردە سەر یانگواسییەکان. سانکۆش کە بەئازایەتیی ئەرباب وەغیرەت کەوتبوو پەلاماری دان.

دەیەکەم پەلاماردا، دۆن کیشۆت زەبرێکی وەها کاریی بەشمشێرەکەی لە یەکێک لە قەتارچییەکان دا کە کولەنجە چەرمییەکەی بەری دادڕی و بەشێک لە شانیشی لە لەشی جوێ کردەوە. یانگواسی کە دیتیان باوەکو ژمارەیان زۆرە ئەو دوونەفەر خەریکن کارەکەی پیس دەکەن(*)، دەستیان دا چۆماغ و وەخۆ کەوتن. وێگڕا ئەو دوو کەسەیان گەمارۆ دا و بەداران وەرگەڕانە سەر و پشت و کەلەکەیان. ڕاستییەکەی وای لێ هات کە لەگەڕی دووەمدا، سانکۆ بەزەبری چۆماغان کەوتە سەرعەرز و دۆن کیشۆتیش بەهەموو ئازایەتی و شەڕکەریی خۆیەوە حاڵورۆژی لە سانکۆ باشتر نەبوو. قەزاوقەدەر وای هێناپێش کە ئەویش لە بەرپێی ئەسپەکەی کە هێشتا نەیتوانیبوو هەستێتەوە سەرپێ، بەبێهۆشی بکەوێتە سەر زەوی. ئەم دیمەنە پەردەیەک بوو کە نیشانی دەدا چۆماغ بەدەست جەماعەتێکی تووڕەویە و چ کارەساتێک دەخولّقێنێ. ئەوجار یانگواسییەکان کە دیتیان کارێکی زۆر وەحشییانەیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

کردووە، بەپەلەپەل ماینەکانیان بار کردەوەوە و تێیان تەقاند و دوو ڕووداوخوازەکانیان بەبریندارى و شەل و کوتی بەجێ هێشت.

یەکەم کەس کە وەهۆش هاتەوە، سانکۆ پانزا بوو. کاتێک خۆی لە تەنیشت ئەرباب چاو پێ کەوت بەئاه و ناڵەوە گوتی: «وای ئەربابی خۆشەویستم، سینیۆر دۆن کیشۆت... پاڵەوان هەر بەو شێوەیە جوابی دایەوە: «چت دەوێ سانکۆ، براکەم؟ سانکۆ گوتی «دەمەویست ئەگەر لەو شەربەتی فیربلاسەت(*) بەلاوە هەیە قومێک دوو قومم بدەیەی بەڵکو هەم ئێسکە شکاوەکانمی پێ چابێتەوە هەم ماسوولکە پچڕاوەکانم. دۆن کیشۆت گوتی: ئاخ! جا ئەگەر ئەو شەربەتەم بەلاوە هەبایە غەمی چم دەبوو؟ بەڵام سانکۆ من بەئاینی پاڵەوانانی سەرگەردان سوێند دەخۆم ئەگەر تەقدیر بەزمێکی ترمان بۆ نەگێڕێ، تا دوو ڕۆژی تر یا ئەو شەربەتە دروست دەکەم، یا دوو دەستی خۆم دەپەڕێنم. سانکۆ گوتی: دوو ڕۆژ! ئەی وای! مەگەر جەنابی پاڵەوان پێتوایە تا چەند ڕۆژی تر نەتوانین لەسەر پێی خۆمان ڕاوەستین؟ پاڵەوانی شل و کوت گوتی: بۆ شەخسی خۆم ناتوانم بڵێم چەند ڕۆژی تر بەڵام پێم وایە گوناهی ئەو بەدبەختییانە تەواوی بەستۆی منە؛ چونکە نەدەبووایە شمشیر بەڕووی کەسانێکدا بکێشم کە هێشتا نەگەیشتوونەتە پلەی پاڵەوانی و بێگومان بەسزای سەرکێشی کردن لە یاساکانی پاڵەوانی بوو کە خودای جەنگ ئەم تۆڵەیەی لەمن کردەوە. لەم ڕووەوە ئەی براخاس، سانکۆ! من دەمەوێ تۆ لە شتێک ئاگا کەمەوە کە بۆ نەجاتی هەر دووکمان زۆر زۆر گرینگە و ئەویش ئەوەیە هەرکات دیتت کەسانێکی ئاوا پەست و هیچەکە و پووچەکە جنێومان پێ دەدەن تۆنابی چاوەڕوان بی من دەست بۆ شمشیر بەرم و بەزمی سەگیان(*) بۆ بگرم. تازە هەرگیز، حاشا من کاری وا بکەم! بەڵکو تۆ بەتەنیایی هەڵدەکێشیە شمشیر و بەدڵخوازی خۆت بەسزای کاری خۆیانیان بگەیەنە. بەڵام ئەگەر پاڵەوانانێک بگەنە فریایان ئەودەم منیش دەتوانم زۆر چاک پشتیوانیت بکەم و هەریەکەی بەلایەکدا ڕەپێ نیم. خۆتۆ خۆت باش دەزانی و هەزار جارت دیوە کە هێزی شانوباهۆی من تا چ ڕادەیەکە.» بێچارە پاڵەوان لەو ڕۆژەوە کە بەسەر بێسکایی دلاوەردا سەرکەوتبوو هێشتا دەستی لە بەخودا هەڵگوتن هەڵنەگرتبوو.

بەڵام سانکۆ ڕاوبۆچوونی ئەربابی زۆر پێ خۆش نەبوو و بەپێویستی زانی جوابی بداتەوە، بۆیە گوتی: «ئەی سینیۆری بەڕێز، من پیاوێکی ئارام و سەلیم و بێ زەڕم و دەتوانم هەر جنێوێک بەنەبیستوو دابنێم، چون عەیالێکم هەیە دەبێ نەفەقەی بدەم و چەند منداڵی سەر و پێچکەش کە دەبێ گەورەیان بکەم. ئەگەر نەتوانم بڵێم ئەم ئەمرە بەڵام

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەتوانم بڵێم ئەو نوکتەیەت لەمن لەبیر بێ، کە من هەرگیز نە دژی کەسانی درزو درۆزن و خوێڕیلکە و نە پاڵەوانانی ناوبەدەرەوە شمشیر ناکێشم ولەم چرکەساتەوە تا ڕۆژی قیامەت هەر چەشنە تەوهین و دەستدرێژییەک کە تا ئێستا کردبێتیان یا لەمەودوا بیکەن، لە لایەن هەر کەسێکەوە کراوە یا دەکرێ، چ گەورە بێ چ چکۆلە، دەوڵەمەند بێ یا گەدا، نەجیب زادە بێ یا ڕەعیەت، دە هەر پلە و پایەیەکدا بێ، دەیبەخشم.»

ئەربابی سانکۆ کاتێک ئەم قسانەی بیست، گوتی «ئاه ئەی پانزا بەدڵ پێم خۆش بوو ئەوەندەم نەفەس بایە بمتوانیبا بەدروستی قسانت دەگەڵ بکەم و ئەم دەردی بێ ئەمانی کەلەکەی شکاوم، هێندێک هێدی باوە تا دەتۆم گەیاندبا کە تۆ چەندە بەهەڵە ڕۆیشتووی! باشە ئەی خەتاباری گوناهکار، ئەگەر شنەبای ڕەحمەت کە تا ئێستا بەپێچەوانە هاتووە ئەوجار بەرەحمەت ڕوومان تێ بکا و ئێمە لە تووش بوونی تۆفان و گەردەلوول بپارێزی و بمانگەیەنێتە قەراغ یەکێک لەو دوڕگانەی کە وەعدەم پێ دابووی، کاتێک من ئەو دوڕگەیە فەتح بکەم و تۆ بکەمە دەسەڵاتداری وێندەرێ، تۆ چۆنت بۆ ڕادەبرێ؟ ڕەنگە نەهێڵی ئەو دوڕگەیە بگرم. چون تۆ پاڵەوان نی و ناشتەوێ ببی و ئەو ئازایەتی و غیرەتەشت نییە کە دە بەرانبەر تەوهین و جنێواندا لە حەیسیەت و حکوومەتی خۆت بەرگری بکەی. جا با ئاگادارت کەمەوە کە دەوڵاتان و مەملەکەتانێکدا کە تازە دەکەونە دەست دەسەڵاتدارێک خەڵکی ئەو جۆرە جێگایانە نە ئەوەندە ئارام و لەسەرە خۆن و نە ئەوەندەش هەوادار(*) و لایەنگری فەرمانڕەوای تازەن کە بڵێی وەک ماستی(*) مەییو وان و دژایەتی ناکەن. کەوابوو ئەوەی شوێنێک فەتح دەکا دەبێ بەبارستای پێویست بزانێ وڵاتە کە بەڕێوە بەرێ و دەویدا ئەوەندە غیرەت و پیاوەتی هەبێ کە کاتی سەرهەڵدانی هەر چەشنە ڕووداوێک پەلامار بدا و بەرگری بکا، سانکۆ گوتی: لەمەڕ ئەوەی کە ئێستا بەسەر ئێمە هات زۆرم پێ خۆش بوو ئەو تەدبیر و تێبینی و ئازایەتییەی کە ئیشارەت پێ فەرموو هەمبووایە. بەڵام منی بێچارە لەو حاڵەتەی ئێستامدا زۆرتر پێداویستیم بەداوودەرمان هەیە نەک نەسیحەت و مەوعیزە. ئێستا باشتر وایە من و بەڕێزتان هەڵستین و یارمەتی بدەین ڕۆسینانت هەستێنینەوە. هەر چەند ئەو کلک بەگووە شایستەی ئەوە نییە. چون ئەو بوو کە بەتێهەڵدانی داین و ئەو پەندەی بەسەر هێنایین. من پێم وابوو ڕۆسینانت وەک خۆم سەلیم و ئارامە و قەت چاوەڕوانی کارێکی وام لێ نەدەکرد. ڕاستی بەحەق گوتوویانە: زۆر ساڵی پێ دەوێ تا خەڵکی بناسی و لەم دنیایەدا هیچ شتێک بۆ باوەڕ پێکردن نابێ. کێ فکری دەکردەوە کە پاش ئەو زەبری شمشیرانە کە تۆ لەسەری کابرای چارەڕەشت دا، بەو هەڕەمەیە بارەکە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabar.org

بگۆڕێ و ڕەگباری کوتەک و تێلا بەسەر شان و نێوشان و کەلەکە و دەندەماندا بباریێ؟ دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ دیسان سەر و شان و پشت ئەستۆی خۆت بلێ کە دەڵێی خودا بۆ ئەم کوتەک خواردنانەی دروست کردووە، بەڵام شان و پیلی من کە دە ئەتڵەس و حەریری هولەندیدا گەورە کراوە، ئاشکرایە کە تا زەمانێکی دوورودرێژ ئەو ئێش و ژانەی لێ تەواو نابێ. باوەڕکە ئەگەر ئەمن خەیاڵم نەکردبا چاوت لەمن بێ. دەڵێم خەیاڵ! ئەگەر یەقینم نەبا کە تەواوی ئەم ناخۆشی و گێرە و قەرقەشانە پێوەندییان بەشوغلی پاڵەوانەتییەوە هەیە، هەر لێرە جێبەجێ لە عەیبەتان دەبوومە دڵۆپێک ئاو و بەعەرزیدا دە چوومە خوار! مەیتەر جوابی داوە: ئەرباب ئێستا کە ئەم نامرادییانە بەرهەمی بەرەکەتی پاڵەوانییە دەکرێ بفەرمووی ئایا هەموو ڕۆژانی ساڵ پێمان دەبڕێ یا وەک خەرمان و دروێنە وەرزی تایبەتی خۆی هەیە؟ چون بەبیروباوەڕی من ئەگەر ئێمە دوو جاریتر بەمجۆرە حاسڵ هەڵگرین تەمەنمان ناگاتە ئەوەی حاسڵی سێیەم بدروینەوە. مەگەر ئەوەی خودای مەزن بەکەرەمی لە بڕانەهاتووی خۆی بگاتە فریامان.

دۆن کیشۆت گوتی: «هەڤاڵ سانکۆ، بزانە کە ژیانی پاڵەوانانی سەرگەردان دەبواری هەزاران مەترسی و نامرادیدایە. بەڵام هەروەک ئەزموونی پاڵەوانەتی کە من سەرگوریشتەی زۆرانم لەبەرە، نیشانی داوە. هەمووکات ئەو ئیمکانەشیان بۆ هەبووە کە ببنە پاشاو ئیمپراتوور و ئێستا ئەگەر ئەو دەردە ئازاری ئەوەندە زۆر نەبووایە داستانی چەند کەس لەوانم بۆ دەگێڕایەوە کە بەزۆری باسکی خۆیان لەسەر تەختی سەلتەنەت دانیشتوون. تازە هەر ئەم پاڵەوانانە پاش گەیشتن بەو پلەوپایە دیسان زۆر جار کەوتوونەتە ڕۆژە ڕەشی و هەستانەوتەوە، بۆ نموونە پاڵەوانی دلاوەر«ئامادیسی گۆل»، جارێک وەدەست دوژمنی خوێن خۆری خۆی «ئارکالائۆس» کەوت و ئەوە هەموو دەزانن کە جادووگەر پاڵەوانی دەزیندانی خۆیدا دەستبەستە کرد و پاشان ئەوی لە یەکێک لە کۆڵەکەکانی قەسری خۆی شەتەکدا و زۆرتر لە دووسەد تازیانەی(*) لی دا[۱۳۰]. هەروەها نووسەرێکی ئەمین و موعتەبەر حیکایەت دەکا «کاتێک فێبووسی» پاڵەوان لە قەڵایەکدا کەوتە نێو چالاوێکی سەرداپۆشراو کە لەسەر ڕێی هەڵکەندرابوو کەوتە ژێرخانێک و دەوێدا دەست و

---

۱۳۰– ئامادیس دووجار وەدەست «ئارکالائۆس»ی Archalaüs جادووگەر کەوت. جاری یەکەم جادووگەر ئەوی تەلیسم کرد. جاری دووەم ئەوی لە شوێنێکی وەک ژێرخانێکدا زیندانیی کرد و برسی و تینوو دەوێدا ڕای گرت؛ بەڵام لە داستانی ئامادیسدا باسی شێلاق لێدان نییە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


پێیان زنجیر کرد. لەوێ تێکەڵاوێکیان لە بەفراو و وردە خیز لە خوارەوەڕا دە ورگی کرد کەچی وا نەمابوو پێی بمرێ و ئەگەر حەکیمێکی دۆستی خوی بەهاواری نەگەیبایە پاڵەوانی بێچارە تێدا دەچوو. لەو قەرارە منیش ڕەنگە هەر ئەو بەلایانەم بەسەر بێ کە بەسەر ئەو پیاوە گەورانە هات و ئەوەی بزانە کە ئەو تەوهین و سووکایەتییەی بەئەوان کراوە بەئێمە نەکراوە. بەڕاستی سانکۆ من دەمەوێ پێت بڵێم ئەگەر ئێمە بەئامراز و چەکێکەوە کە دەدەست دوژمندا بووە، بریندار بووبین بەهیچ کلۆجێک مایەی شەرمەزاری نییە و ئەو بابەتە بەڕوونی دە یاسای شەڕی تەن بەتەنی پاڵەواناندا هاتووە. دەویاسایەدا لەسەر ئەوە پێداگری کراوە کە ئەگەر کەوش دروو بەقاڵبە کەوشێکی کە دەدەستیدایە زەربەیەک لە یەکیتر بدا، هەر چەند بەڕاستی ئەو قاڵبە لە داریش دروست کرابێ، ناتوانێن بێژین کابرای زەبر وێکەوتوو داری وێ کەوتووە. من ئەو بابەتەم بۆیە بەتۆ گوت کە وا تێ نەگەی ئەگەر ئێمە دەو هەرایەدا کوتەکمان وێ کەوتووە، تەوهین مان پێ کراوە، چون چەکی دەستی ئەم کابرایانە بێجگە لە داری ماڵبەند(*) شتێکی تر نەبوو و تاو جێگەی کە لەبیرم مابێ هیچکامیان خەنجەر، شمشیر یا قەمەیان بەدەستەوە نەبوو. سانکۆ گوتی: ڕاستت دەوێ ئەوان فرسەتیان نەدامێ تا لە نزیکەوە ببینم، چون من هێشتا دەستم نەدابووە چۆماغی خۆم کە ئەوان بەپەیاغان بەسەرمدا ڕژان و وەهایان کوتام کە ئیدی چاوم هیچی نە دیت و نەمتوانی لەسەر پێ ڕاوەستم و لێرەدا و عەرزی کەوتم. بێجگە لەوەش ئەوەی کە من پێی نارەحەتم ئەوە نییە کە فکر بکەمەوە زەبری چوماغ تەوهینە یا تەوهین نییە، بەڵکو ئێش و ئازارێکە کە لەسەر لەشم بەجێ ماوە و تا ئەو ڕۆژەی ئەو ئێشە دەشان و ملمدا هەبێ ئەو کارەساتم لەبیر ناچێتەوە.

دۆن کیشۆت گوتی: براکەم سانکۆ، لەسەر ئەم حاڵ ورۆژەشرا، ناچارم شتێک وەبیر بخەمەوە. لە دنیادا هیچ شتێک نییە کە لەبیر نەچێتەوە و دەردێک نییە کە مردن چارەی نەکا. سانکۆ گوتی: ئەی بابا! بەڵام چ دەردێک گەورەتر لەوەی کە فەرامۆش کردنی بەتێپەڕ بوونی زەمان لەبیر بچێتەوە و بەمردن عیلاجی بکرێ؟ دیسان ئەگەر دەردی ئەمڕۆی ئێمە لەوانە بووایە کە بەدوو جار مەرهەم لەسەردانان چاک ببایەوە، سەبر کردن کارێکی ڕەوا بوو، بەڵام کەمکەم دێمە سەر ئەم باوەڕە کە ئەگەر تەواوی مەرهەمەکانی نەخۆشخانەیەکمان لەسەر برینان دابنێن دیسان بەس نییە کە پێی هەستینەوە سەرپێ.

دۆن کیشۆت گوتی: ئاخ ئەی سانکۆ، دەست لەوهەموو سکاڵا و گازندەیە هەڵگرە و لە بێ تاقەتیی خۆت تاقەت و هێز وەدەست بێنە. واباشە لەمن پەند وەربگری! با جارێ بچین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

بزانین ڕۆسینانت دە چ حاڵێکدایە. چون ئەو بەستە زمانەش لەو خەلات و بەراتە بێ بەش نەکراوە! سانکۆ گوتی: ئەگەر واش بێ سەیر نییە! چون ئەویش پاڵەوانێکی سەرگەردانە. بەلام سەرم سوڕماوە کە کەرەکەی من لەم کارەساتە بەسلامەتی دەرباز بووە و وەک دەڵێی لە حاڵێکدا ئێمەیان خوری شۆر کردووە، ئەو مستەکۆڵەیەکی وێ نەکەوتووە! دۆن کیشۆت گوتی لە نامرادی و ڕۆژە ڕەشیدا، خودا ئەگەر بەحیکمەت دەرکێک دابخا، بەڕەحمەت دەرگایەکی تر دەکاتەوە! و ئەمن ئەم پەندەم بۆیە هێناوە کە بڵێم ئەم حەیوانە نەجیبەدەتوانێ کاری ڕۆسینانت بو من بکا و بمگەیەنەتە قەلایەک کە لەوێ بتوانن برینەکانم دەرمان بکەن و چاکم بکەنەوە. ئەوەش بڵێم من هیچ کات بارەبەرێکی وام بەکەم نەزانیوە چون لەبیرمە زەمانێک دە کتێبدا خوێندوومەتەوە کە «سیلن»[١٣١] ئەو پیرە دڵۆڤان و خۆشەویستە و زڕ باوکی خودای شادی کاتێ دەچێتە شاری سەد دەروازە[١٣٢] بەویقار و هەیبەتێکی زۆرەوە لەسەر پشتی کەرێک پاڵی لێ دابووەوە. سانکۆ گوتی: ڕەنگە هەروەک جەنابی بەڕێزتان دەفەرموون ئەو پیرە پیاوە سواری کەر بووبێ، بەلام فەرقێکی زۆر هەیە لە نێوان ئەوکەسەیدا کە ئاسوودە سواری کەر دەبێ و لاقەکانی بەو بەرەوبەری کەلەکەی کەرەکەیدا شۆڕ دەکاتەوە دەگەڵ ئەو کەسەی وەک جەواڵی ئاردی بیهاوێژنە سەر پشتی کەر! دۆن کیشۆت دەرهەڵبوو(*) و گوتی: برینگەلێکی کە لە شەڕدا بکەوێتە سەر لەش جێگەی شانازییە نە سەر شۆڕی! کەوابوو ئەی هەڤاڵ سانکۆ لەوە زۆرتر دمبەدمەم دەگەڵ مەکە، بەپێچەوانە هەروەک گوتم لەجێی خۆت ڕاستەوەبە و هەر چۆنێکی دەتەوێ سواری کەرت بە تا پێش ئەوەی شەودابێ و دەو کونەجندەیدا(*) غافڵگیرمان بکا وەڕێ کەوین. سانکۆ گوتی: بەلام من زۆر جار لە جەنابتانم بیستووە کە پاڵەوانانی سەرگەردان لەسەر ئەم عادەتەن کە شەوانە لە بیاباندا و دەژێر پرشنگی ئەستێراندا دەنوون و ئەو کارەیان زۆر پێ خۆشە. دۆن کیشۆت گوتی: ئەم کارە کاتێک ڕوودەدا کە یا عاشق بن یا چارەیان نەبێ و بەڕاستی ئەتۆ زۆر جوانت گوت، چون دەگێڕنەوە فلان پاڵەوان دووساڵی تەواو و بێ ئەوەی گراوییەکەی ئاگای لێ بووبێ لە بەرتاو یا دەسێبەردا؛ دەگەڵ ڕەشەباو تۆف و تۆفان، لەسەر تەقتەقە بەردێک مابێتنەوە. یەکێک لەم چەشنە پاڵەوانانە ئامادیس بوو کە لەو زەمانیدا ناوی خۆی نابوو «بۆتێ نێ برو» Beau Ténébreux لەسەر تەقتەقەبەردێکی بەناوی

---

١٣١- Siliéne خودا وێنەی فرێژیە و مێردی «ساتێر»دایەی باکووس کە خودای شەراب بووە.

١٣٢- ڕوون نییە مەبەست سەد دەروازەی شاری تێب لە یۆنانە یا شاری تێپ لە میسر. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«تەقتەقی فەقیر» Rochepauvre دانیشت و نازانم هەشت مانگ یا هەشت ساڵ – باشم لەبیر نەماوە – هەر لەوێ نەبزووت. ئەوەش بابزانین کە ئامادیس بەهۆی جەفارکارییەک لە گراویی خۆی «ئۆریان»Oriane دیتبووی و من نازانم مەسەلەکە چۆن بووە، ئەو چلەیەی کێشاوە. بەڵام ئەی سانکۆ، جارێ واباشترە لەو باسە دەست هەڵبگرین و پێش ئەوەی بەڵایەکی وەک ڕۆسینانت بەسەر کەرەکەش بێ، ئەو قسانە ببڕینەوە. سانکۆ گوتی: ئەی خودا نەکا! گوێی شەیتان کەڕ!»

پاش ئەوەی سی جار هەناسەی هەڵکێشا و شێست جار ئاخ و ئۆخی کرد و سەدوبیست جارجنێوی دا، دوعای خراپی لەو کەسانە کرد کە ئەو ڕۆژەیان بەنسیب کردووە. سەرەنجام بەلەقەلەق لەجێی خۆی هەستا، بەڵام هێشتا تەواو ڕاست نەبووبووەوە کە لە نیوەیدا تاقەتی نەماو و پشتی وەک کەوانی وێکهاتووی لێ هات وئیدی نەیتوانی تەواو ڕاست ببێتەوە بەو حاڵە نالەبارەوە ناچار بوو کەرەکەی بگرێ و ئەوێ ڕۆژیش کەر لە هەموو ڕۆژان باشتر لەوەڕابوو و بێرەوبەوێدا ڕۆیشتبوو. هەر چۆنێک بوو کەری هەوسار کرد و کورتانی هاویشتە سەر پشت و تەنگەوپاڵانی لێ کێشا. پاش ئەو ڕۆسینانتی هەستاندە سەرپێ، وە ئەگەر ئەو بەستەزمانە زبانی سکاڵاکردنی هەبووایە، دە بەرانبەر ئەرباب و مەیتەردا زبانی شکایەت و ڕەخنەی دەکردەوە سەرەنجام سانکۆ دۆن کیشۆتی سواری کەرەکە کرد و هەوساری ڕۆسینانتیشی لە کورتانی کەرەکەی بەست تا وردەوردە بەدوایاندا بێ، خۆیشی هەوساری کەری بەدەستەوە گرت و لە پێشەوە بۆ لایەک کەپێی وابوو دەگاتە شارێیەک وەرێکەوت. خوداوڕاستان پاش سەعاتێک ڕێپێوان، بەخت کە ئەوجار ڕووی جوانی خۆی دەنواند، لە ناکاو ئەوی گەیاندە شارێیەک و لە قەراغ ڕێگاکەش کاروانسەرایەکی لێ بوو کە بەپێچەوانەی گومانی خۆی، بەبڕوای دۆن کیشۆت قەسرێکی بەشکۆ بوو: سانکۆ پێی وابوو ئەوە کاروانسەرایە، بەڵام دۆن کیشۆت دەیگوت نەخێر ئەوە قەسرە و ئەو شەڕە دندووکەیە هەر درێژەی کێشا تا هەر دوو کیان گەیشتنە دەرکی کاروانسەرا. لەوێ سانکۆ بێ ئەوەی دەلیلێکی تر بێنێتەوە بەقافڵەی خۆیەوە وە ژوور کەوت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٦

## لەمەڕ ئەو ڕووداوانەی ناو کاروانسەرا یا بەقسەی دۆن کیشۆت «قەڵا» کە بەسەر نەجیب زادەی ئێمە هات

کاروانسەرادار کە دیتی دۆن کیشۆت لابەلا سواری کەرەکە بووە لە سانکۆی پرسی ئەم کابرایە بۆچی وایە و چییەتی. سانکۆ گوتی شتێک نییە، لەسەر ڕەوەزە بەردێکەوە کەوتووەتە خوارەوە و کەلەکەی ئەزیەتی پێ گەیشتووە. کاروانسەرادار ژنێکی بوو کە بەپێچەوانەی ئەو ژنانەی شوغڵی کاروانسەراداری دەکەن، خێرخواز و دڵی بۆ هەر کەس ئازار و دەردێکی بووایە دەسووتا. ئەوە بوو کە دەستی کرد بەخزمەتکردن و دەرمانی دۆن کیشۆت و کچەکەشی کە کیژێکی لەباری میهرەبان و زۆر سەحەت سووک بوو بۆ یارمەتیدان بانگهێشت کرد.

هەر لەو کاروانسەرایە ژنێکی خزمەتکاری خەڵکی ئاستۆری[١٣٣] لێ بوو کە دەم و چاوێکی درشت و خەپلە و پشتوملێکی پان و لووتێکی فلچ(*) و گەورەی هەبوو، چاوێکی خێل و ئەوی تریشی زۆر ساغ نەبوو. بەڵام ئەندامی ڕێکوپێک و بەژن و باڵای بەرزی تۆڵەی عەیبەکانی دەم و چاوی بۆ دەکردەوە. قەدی لەسەریەوە تا بەرپێی حەوت پالم[١٣٤] نا بەڵام چی واش کەمتر نەبوو. شانەکانی کە قورساییان دەخستە سەر پشتی کەمێکی کۆم دەنواند و ژنەش بەپێچەوانەی مەیلی خۆی ئەغڵەب سەری دادەخست و زۆر بەحەیا بوو. ئەم ژنە میهرەبانەش هاتە یارمەتی کچی خاوەن ماڵ و هەر دووکیان لە وەتاغێکی چکۆلە و ناخۆشدا کە بەڕواڵەت چەنای چەن ساڵ عەمباری کا بووە، جێوبانێکی ناخۆش و نالەباریان بۆ دۆن کیشۆت ئامادە کرد. هەر لەم وەتاغەدا قەتارچییەک مزڵی هەبوو کە تەختەکەی هێندێک لەهی دۆن کیشۆن ئەولاتر بوو و هەر چەند پێخەف و ڕاخەری قەتارچی لە جلوجۆڕ و کورتانی ئێسترەکانی پێک هاتبوو هێشتا سەدجار لەهی پاڵەوان خاوێنتر و ڕێکوپێکتر بوو. چونکە جێگە خەوی دۆن کیشۆت لە چوار تەختەی خواروخێچ کە خستبوویانە سەر دوو نیمکەتی گێڕوویڕ(*) و دوشەگێکی تەنک پێک هاتبوو کە زۆرتر

---

١٣٣- Asturie لە پارێزگاکانی ئیسپانیایە کە چیاکانی پیرنە بەناوی ئاستۆری دەگاتە ئەو شوێنە.

١٣٤- یەکانەیەکی ئەندازەکردنی درێژایی بووە بەدرێژاییی ٢٢٥ میلیمەتر یا ٢٩ میلیمەتر.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وەجل(*) دەچوو و ئەوەندەش زوور و گلووگلوو بوو کە دەستت پێدا دەکێشا دەتگوت لەجیات لۆکە ورکە بەردیان تێ کردووە و تەنیا لە چەند جێگەوە کە دۆشەگەکە کون بووبوو دەتزانی ئەو گلووگلووە هی گلۆڵە خوریی شی نە کراوەوەی ناوەوەیەوە. دوو لێفە لە چەرمە گاو و لێفەیەکی پارچەیی کە ئەوەندە کۆن بوو هەموو نەخەکانی دەژمێردران. بەڵێ جا لەسەر ئەوجێوبانە بوو کە دۆن کیشۆت بۆی تخیل بوو و دەستبەجێ ژنی کاروانسەرادار و کچەکەی لەبەر ڕووناکیی چرایەکی کە مارێتوونMaritorne ژنە خزمەتکارە ئاستۆرییەکە ڕای داشتبوو، سەرا پای نەجیب زادەیان مەرهەم کرد و نیوەنمەکیان(*) لەسەر دانا.

دەگەڵ ئەو پێراگەیشتنەدا، ژنی کاروانسەردار چون دیتی کە گەلێک جێگای بەدەنی دۆن کیشۆت ڕەشوشین هەڵگەڕاوە پرسی: «ئەوە کە زۆرتر وەجێگای دار و کوتەک دەچێ تا بەربوونەوە لە بەرزایی؟ سانکۆ گوتی: بەڵام لەسەر ئەم وێچوونەشرا ئەوانە شوێنی کوتەک نین. بەڵکو ئەو بەردەی کە پاڵەوان بەسەریدا کەوت زۆر کونجیکونجی(*) و ناساف بوو و هەریەک لەو بەردە دەرپەڕیوانە شوێنێکی لەسەر لەشی بەجێ هێشتووە» پاشان درێژەی پێ دا: «ئەی خاتوون ئەگەر بۆ بەڕێزتان زەحمەت نەبێ، کارێکی وا بکە کەمێک لەو مەرهەمە بمێنێتەوە، چون من یەکێک دەناسم کە ڕەنگە ئەوەی دەمێنیتەوە بەدەردی بخوا. ئاخر کەلەکەکانی منیش هێندێک دەبرژێنەوە. ژنی کاروانسەردار گوتی: «بۆ مەگەر تۆش هەڵدێراوی؟ سانکۆ گوتی: ڕاستییەکەت بۆی نا، بەڵام کە ئەربابم هەڵدێرا لەبەر حەول و تەکانان کە بەدیتنی کەوتنی ئەو لە خۆم دا بەدەنم ئەوەندە کوتراوە و ئازاری زۆرە کە دەڵێی سەت پەیاغم وێ کەوتووە. کچی جحێڵی کاروانسەرادار هاتە قسە و گوتی: ئەوە تەواو دروستە چون لە منیش ڕووی داوە کە زۆر جار دەخەونمدا لەسەر بورجێکەوە کەوتومە خوارەوە، بەڵام هەرگیز نەدەگەیشتمە زەوی: کاتێک وەخەبەر دەهاتم دەمدیت بەدەنم ئەوندە ماندووە کە دەتگوت بەڕاستی کەوتوومەتە خوار. سانکۆ هاواری کرد کە زار خۆش مادموازێل! دروست ئەوەیە کە دەیفەرمووی و من نە تەنیا خەونم نەدەدیت، بەڵکو لە ئێستاش بێدارتر بووم و ئێستا بەئەندازەی ئەربابم پەڵەو جێگەی ڕەش و شین لەسەر لەش و ئەندامی خۆم دەبینم. ماری تۆڕنی ئاستۆری هاتە قسە و گوتی: «گوتت ناوی ئەم سوارە چییە؟ سانکۆ گوتی: «دۆن کیشۆتی مانش و ئەو یەکێک لە پاڵەوانانی سەرگەردانە کە لەمێژ ساڵەیەکی وەک لەو ئازاتر و نەجیبتر لە دنیادا نەبینراوە. خزمەتکارە لە بارولەوەندە کە پرسی: «بەقوربانە پاڵەوانی سەرگەردان ئیدی چییە؟ سانکۆ گوتی: «چۆن یانی تۆ لەم دنیایەدا ئەوەندە تازەکاری کە نازانی پاڵەوانی سەرگەردان چییە؟... کەوایە بزانە خوشکم،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاڵەوانی سەرگەردان کەسێکە کە بەکڵاوسوورێک یا کوتەک کاری دەکرێ یا دەبێتە ئیمپراتوور! ئەورۆ برسییە و لە سەی سواڵێ دەکا و سبەی تاجی پاشایەتی سێ چوار مەملەکەتی بەدەستەوەیەکە بەمەیتەری خۆی دەبەخشێ. ژنی کاروانسەرادار گوتی: ئەدی تۆ کە مەیتەری ئەربابێکی ئاوا باشی بۆ تا ئێستا نەبوویە خاوەنی «کۆنت نشین»ێک؟(١٣٥) سانکۆ گوتی جارێ زووە، چون ئێستا نەبووەتە مانگێک کە ئێمە وەدوای ڕووداو وکارەساتان کەوتووین و لەو ماوەیەشدا تووشی شتێک نەبووین کە ناوی «ڕووداوی» لێ بنێین. ئەغڵەب وا دێتە پێش پیاو بەدوای شتێکدا دەڕوا و شتێکی تر تووش دەبێ. بەڵام جارێ ڕاوەستە با برینەکانی ئاسەواری بەربوونەوەی ئەربابم تەواو بێ و منیش لەو کوتراوی و ماندووییە بێمە دەرێ تا بزانن کە من هیواکانم دەگەڵ باشترین هەرێمەکانی ئەسپانیاش ناگۆڕمەوە.»

«دۆن کیشۆت لەسەر تەختەخەوەکەیەوە بەسەرنجەوە گوێی دابووە ئەم قسانە. پاشان تا ئەو جێگەی لە تاقەتیدا بوو خۆی ڕاست کردەوە و دانیشت و دەستی ژنی کاروانسەراداری بەمیهرەبانی گرت و گوتی: «ئەی خاتوونی نەجیب و جوان، باوەڕ بفەرموو لەوەی کە منت لە قەسری خۆتدا وەرگرتووە دەتوانی خۆت بەبەختەوەر بزانی چون من کەسێکم کە ئەگەر باسی خۆم ناکەم لەبەر ئەوەیە کە زۆرتر دەڵێن بەخۆ هەڵگوتن کارێکی ناحەزە، بەڵام مەیتەری من بەئێوە دەڵێ کە من کێم. من تەنیا بەئێوە دەڵێم ئەو چاکەی دەگەڵ منتان کردووە وەک نەخشێک لەسەر تاقەبەردی دڵم هەڵم کەندووە و هەتاماوم بەرانبەر بەئێوە ئەمەگناس دەبم و بریا خودای مەزن منی موتیعی یاسای ئەوین نەدەکرد و هەتاهەتایە نەدەبوومە خولامی ئاڵقە بەگوێی چاوە جوانەکانی دلبەری نازەنینم کە ناوی قەت لەسەر لێوم ناکەوێ، دەنا هەر ئێستا ئەو چاوە شەهلایانەی(*) ئەم کیژە خۆشەویستەم دەکردە خاوەنی ئیختیار و ئازادیی خۆم.» ژنی کاروانسەرادار و کچەکەی و ماریتۆڕنی خزمەتکار لە بیستنی ئەم قسانە مات و گێژ و مەنگ بوون و وەک ئەوەی قسەکەیان بەزبانی یۆنانی بیستبێ، شتێکیان لێ دەزگیر نەبوو. بەو حاڵەشەوە وای بۆچوون کە ئەم قسانەی هەمووی نیشانەی دەربڕینی منەتباری و شوکرانە و خۆشەویستییە، بەڵام چون بەمجۆرە قسانە ئاشنا نەبوون چاوێکیان لە وێژەر و لە خۆیان کرد و تێ گەیشتن کە دۆن کیشۆت وەک

---

١٣٥- کۆنت نشین بەقەڵەمڕەوی دەسەڵاتداریی «کۆنت» دەڵێن. کۆنت بەنەجیب زادەیەکی دەسەڵاتدار کە هەرێمێکی زۆری بەدەستەوە بوو، دەگوترا.

ڕابەری دیجیتاڵی www.rabari.org

پیاوی تر ناچێ و لەوان جیاوازە. هەرسێکیان پاش سپاس کردن لەو قسانەی کە بەلوتفەوە بە ژنی کاروانسەرداری گوتبوو. ئەویان بەجێ هێشت و ڕۆیشتن و ماریتۆرن ئەوجار پەرژایە(*) سەر دەرمان کردنی برین و جێگا کوتەکەکانی سانکۆ کەچی وا لەهی ئەربابەکەی کەمتر نەبوون.

بەڵام، دەبێ بزانین کە قەتارچی و ماری تۆرن بەنهێنی قەراریان دانابوو کە ئەوێ شەوێ پێکەوە کەیفێک بکەن و ڕای بوێرن. ژنەکە وەعدەی دابوو کە کاتێک میوانەکان بلاوەیان کرد و ئەربابەکانی خەوتن بچێتە لای و خۆی دە ئیختیاری بنێ تا هەر چونێک دڵی دەیەوێ و بەئارەزووی دڵی خۆی چی دەیەوێ بیکا. وەک دەگێڕنەوە ئەو ژنە میهرەبانە هەرگیز وەعدەیەکی نەدا بوو کە نەیباتە سەر. فەخری دەکرد و وەک دەیگوت خوێنی نەجیب زادانی دەرەگاندا دێ و دەچێ و هیچ کات پێی سەرشۆڕی نییە کە خزمەتکاری کاروانسەرایەکە و دەیگوت لەبەر بەدبەختی و جەفای چەرخی چەپگەڕ کەوتووەتە ئەم حاڵ و ڕۆژە.

جێوبانە ڕەقوتەق و ناجۆر و بەرتەسکەکەی کە دۆن کیشۆت لەسەری کەوتبوو دەڕیزی یەکەمدا و لە نێوەڕاستی وەتاغەکە بوو کە لەوێڕا ئەستێرەکان دەبیندران و لە نزیک ئەو سانکۆ پانزا حەسێرێکی ڕاخستبوو و لێفەیەک کە وێ دەچوو بەجێگەی پەشم لە کەرباسی ئانژو(١٣٦) سازکرابێ بەسەر خۆیدا کێشا بوو. پاش ئەوان جێوبانی قەتارچی بوو کە وەک گوتمان لە جل و پاڵانی دوو سەر لە باشترین ئێسترەکانی پێک هاتبوو، وە ئەو دوازدەسەر ئێستری قەڵەوو بەقەوەتی دەگەڵ خۆی هێنابوو. چون وەک دانەری ئەم داستانە دەگێڕێتەوە، ئەو یەکێک لە قەتارچییە دەوڵەمەندەکانی ئاروالۆArevalo بووە و دانەر بۆیە ناوی بردووە کە دەگەڵی لە نزیکەوە ئاشنا بووە و تەنانەت کەمێکیشی خزمایەتی هەبووە. بەڕاستی کە ئەو سەید حامیدی کوڕی ئەنجەلییە لە هەر وارێکدا(*) مێژوونووسێکی ورد و بەسەرنج بووە و ئەم نوکتەیە لە ڕووی ئەم شتانەوە کە بۆمان دەگێڕێتەوە، دیاری دەکا، چون ئەو پیاوە بەڕێزە لە گێڕانەوەی قسەی بێ کەڵک و ئاساییش نەگوزەراوە. مێژوونووسانی وشک و خۆ بەزلزان کە کردەوەکانی قارەمانانی خۆیان ئەوەندە بەکورتی و ناتەواوی دەگێڕنەوە کە شیرینیی داستان بەزەحمەت دەگاتە لێومان یا لە ڕووی نەزانی و سەگیەتی هەستیارترین نوکتەی داستان دەنێو حوققەی دەوات و مەرەکەبدا بەجێ دێڵن، وا باشە بێن و لەسەید

---

١٣٦- شاری Anjou و بەتایبەت شاری Cholet لە ڕوانگەی دروستکردنی کەرباسی زوور و خراپ بەناوبانگ بوون. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حامیدفێربن. هەزار ئافەرین بۆ دانەری داستانی «تابلانت دۆریکامۆنتۆ»[١٣٧] شەرح و وردەکارییەکانی کۆنتدۆمیلاس[١٣٨] کە بەچ دروستی و ئەمانەتێک هەمووشتیان باس کردووە! بەڵێ جا با بگەڕێمەوە سەر داستانی خۆم. قەتارچی پاش ئەوەی سەری لە ئێسترەکانی دا و جیرەی دووەمی پێ دان لەسەر جێگا و بانەکەی خۆی ڕاکشا و دە چاوەڕوانیی ژنە خۆش قەولەکەدا چاوی دە دەرگا بری. سانکۆ پانزا، بەلەشی مەرهەم تێهەڵسوواوی درێژبووبوو بەڵام هەرچی دەیکرد لەبەر ئێشی بەدەنی خەوی لێ نەدەکەوت. دۆن کیشۆت کە نەیدەتوانی لەبەر ئێشی کەمەر و کەلەکەی بخەوێ چاوی وەک چاوی کەروێشک زەق بووبوونەوە. کاروانسەرا هەمووی لە بێدەنگییەکی قووڵدا نغرۆ بووبوو و بێجگە لە چرایەک کە لەسەر دەرگای کاروانسەرا دایسا لە هیچ کوێ ترووسکەیەکی ڕووناکی نەدەبیندرا. ئەو بێدەنگی و ئارامییە غەریبەو ئەو فکرانەی کە لە وەبیر هێنانەوەی بیرەوەریی سەیر و سەمەرەی باسکراو دەکتێبەپاڵەوانییەکاندا – هەر ئەوانەی کە بوونە هۆی بەدبەختیی دۆن کیشۆت – هەمیشە دەمێشکیدا جەولەیان دەکرد دیسان بوو بەهۆی ئەوەکە شێتییەکی سەرسوڕهێنەر لە کەللەی بدا کە هێنانە بەر چاوی و ڕەسم کردنی لەزەیندا تەنیا بەپشوو درێژی مەیسەر دەبێ. ئەو یەقین دەستی پێ دا کەوا لەقەڵایەکی گەورە وەژوور کەوتووە. چون هەر کاروانسەرایەکی چووبایە بەقەڵای تێ دەگەیشت. بێجگە لەوەش کچی کاروانسەراداری بەکچی قەڵاپارێز لەقەڵەم دابوو. هەروەها پێی وابوو کە زۆر سەخت دڵی پێ دۆڕاندووە و لێ براوە هەر ئەوشۆ دوور لە چاوی دایک و بابی بێتە ئەو شانشینییە کە ئەوی تێدا حەساوەتەوە. دۆن کیشۆت کاتێک ئەم خەیاڵاتە پڕوپووچە کە بەرهەم و دەستکردی مێشکی ڕزیوی خۆی بوو، بەڕاستییەکی حاشالێ نەکراو دانا، کەمکەم لەو مەترسییە سامناکەی کە دەکەمینی عیسمەت و تەقوای خۆیدا دیتی، حاڵی گۆڕاو پەژارە دای گرت. بەڵام لە قووڵایی دڵەوە، خۆی ئامادە کرد کە تەنانەت ئەگەر شاژنی «ژێنیوێر»Génievre دەگەڵ نەدیمەی[*] خۆی «کوینتانیۆن»Quintagnion بێ و عشقی خۆی پێشکەش بکا نیسبەت بەدلبەری جانانەی خۆی دۆلسینەدۆتوبۆزۆ هیچ خەیانەتێک نەکا.

دەگەڵ درێژە پێدانی ئەم فکرە مالیخولیاییانەدا زەمان تێ پەڕی، ئەو ساتەی کە بۆ ئەو

---

١٣٧– داستانی Tablante Ricamontoe ناوی کتێبێکی پاڵەوانییە کە ساڵی ١٥٩٩ لە شاری سیویل بلاو کراوەتەوە. (مۆریس باردۆن)

١٣٨– داستانی Counte Tomillas ناوی کتێبێکی پاڵەوانییە کە ساڵی ١٤٩٨ لە شاری سیویل بلاو کراوەتەوە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



شووم و بەدیووم(*) بوو، یانی ئەو سەعاتەی کە دەبا خزمەتکاری ئاستووری بێتە ژوانی قەتارچی، گەیشتە جێ. چون ژنەکە بەپای پەتی و بەکراسی خەو لە کاتێکدا قژەکانی دە شەوکلاوێکی پەشمی و کەتانییەوە پێچا بوو، بەهەنگاوی بێدەنگ قەدەم بەقەدەم خۆی دە وەتاغێک کە ئەو سێ میوانەی تێدا نەنووستبوون، ڕاکرد. بەڵام هێشتا لەبەر دەرگاکە هەنگاوی بۆ ناو ژوورەکە نەنابوو کە دۆن کیشۆت دەنگی پای بیست و باوەکوو ئازای لەشی برینپێچ کرابوو،.کەلەکە و کەمەریشی زۆر دێشا، ڕاست لەسەر جێگەی خۆی قوت بووەوە و دانیشت و بۆ دە ئامێز گرتنی ژنە ئاستۆری ئامێزی کردەوە؛ ژنەکەش کە خۆی وێک هێنابوو و هەناسەی دەسینگیدا ڕاوەستاندبوو بەدەستە کوتە بۆ دۆزینە وەی یارەکەی دەهاتە بەرەوە و کەوتە ناو ئامێزی کراوەوەی دۆن کیشۆت. پاڵەوان مەچەکی گرت و ئەو چارەڕەشەی کە لە ترسان قرۆکپ بووبوو بۆ لای خۆی کێشا و لە تەنیشت خۆی دای نیشاند. ئەوجار دەستێکی بەکراسەکەی داکێشا کە هەرچەند لە کەرباسی زوور و ئەستوور بوو وەک ناسکترین پارچەی کەتانی هاتە بەرچاوی؛ لە دەستی ژنەکەدا بازنەیەکی دروستکراو لە شووشەی خڕخڕ بوو کە لەبەر چاوی دۆن کیشۆت درەوشانەوەی مراورییەکانی ڕۆژهەڵاتی هەبوو؛ قژەکانی ژنەکە زۆرتر وەیاڵی بارگین دەچوو کە لەبەر چاوی پاڵەوان وەک تاروتاڵی زێڕینی عەرەبستان وابوو کە تروسکە و درەوشانەوی ڕۆژی دەشاردەوە. بۆگەنیوی زاری کە بۆ هەڕنەهووتی سالادی(*) سیری دوێنێ شەوی لێ دەهات بۆ لووتی دۆن کیشۆت لە عەتر و عەبیر خۆشتر بوو. بەمجۆرە دۆن کیشۆت دە خەیاڵی خۆیدا پێی وابوو کە شازادە خانمێکی لێ وەژوور کەوتووە کە بەپێی ڕیوایەتی کتێبەپاڵەوانییەکان کە خوێندبوویەوە نیوەشەوان دەچنە سۆراغی پاڵەوانانی بریندار وبەدڵێک نا بەسەد دڵ عاشقیان دەبن. پاڵەوانی چارەڕەش وای لێ گۆڕا بوو کە نە دەست کێشان بەئەندامی ژنەدا و نەبۆ هەرنەهووتی زاری و نە تایبەتمەندییەکانی تری ئەم ژنە، بەدبەختە وەخۆی نەهێناوە. دە حاڵێکدا هەریەک لەو تایبەتمەندییانە بەس بوو بۆ ئەوەی هەر کەسێک بێجگە لە قەتارچی، تووشی ڕشانەوە و تێکچوون بکات. بەپێچەوانە دۆن کیشۆت لای وابوو فریشتەی ئەوین ڕێک دەگوشێ و هەروا کە ئەوی تەنگ دە ئامێزی خۆیدا هەڵدەگلۆفی(*) بەدەنگێکی دڵبزوێن و عاشقانە گوتی: «ئەی خاتوونی خانومان و بەناز، ئەی کاش بمتوانیبایە ئەم لوتفە بێ پایانەی تۆ یانی ئەوەی کە جەماڵی بێ وێنەی خۆت دەو شەوە تاریکەدا نیشانی من داوە. قەرەبوو بکەمەوە، بەڵام بەختی ناسازگار کە هەرگیز لە گەیاندنی ئازار بەئازادەگانی بەرزە ڕەفتار دەست بەردار نییە، وای هێناوەتە پێش کە من

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabiri.org

بەلەشێکی زامار و کوترا و دەو جێوبانەدا بکەوم و ئەگەریش بمەوێ نەتوانم جوابی تاسە و مەیلی عیشوەکانی تۆ بدەمەوە، بەڵام لەوەش گەورەتر کۆسپێکی گرینگترم لەسەر ڕێگا هەیە و ئەویش عەهد و پەیمانێکە کە من دەگەڵ دلبەری بێ هاوتای خۆم دۆلسینەدۆتۆبۆزۆ، یەکەم گراویی نهێنی خانەی دڵی خۆم بەستوومە. بەیەقین ئەگەر ئەم کەند و کۆسپانەم لەسەر ڕێ نەبووایە من پاڵەوانێکی هێندە تێنەگەیشتوونیم کە ئەم هەلە زێرینە نەقۆزمەوە و بێڵم لوتفی بێ پایانی تۆ وەک دووکەڵێک بەهەوادا بڕوا.»

ماری تۆڕن لەوەی کە دۆن کیشۆت ئاوا مەحکەم پێوەی نووسابوو زۆر نارەحەت و پەشێو بوو و بێ ئەوەی گوێ بۆ قسەکانی ڕابگرێ، حەولی ئەوەی دەدا بێدەنگێک خوی ڕزگار بکا.

کابرای قەتارچیش لەبەر تۆفانی هەوەسی نەفسی خۆی هەر بێدار بوو و خشپەی پای دۆستەکەی لەو کاتەوەکە وە ژوور کەتبوو بیستبوو و بەسەرنجێکی تەواو گوێی لە قسەکانی دۆن کیشۆت ڕاگرتبوو و چون لە حەسوودیی ئەوەی کە ژنە ئاستۆری قەولی خۆی دەژێر پێ ناوەو ئەوی بەخاتری یەکی تر لەبیر کردووە، زۆر تووڕە و دڵشکاو بوو، لە جێی خۆی هەستاو لە جێوبانی دۆن کیشۆت نزیک بووەوە تا تێ بگا پایانی ئەوقسانە کەلێی حاڵی نەدەبوو، سەرەنجام دەبێتە چی. بەڵام تا چاوی بەوە کەوت کە ژنی چارەڕەش حەولی ئەوەدەدا خۆی ڕاپسکێنێ و دەرباز بێ و دۆن کیشۆت خەریکە بەزۆر ڕای گرێ بەهەموو هێزی خۆیەوە مستێکی لە شەویلاکەی ڕێک گوشراوی پاڵەوان دا و دەمی پڕ کرد لە خوێن و چون بەوەندە تۆڵە و سزادانە ڕازی نەبوو. خۆی هاویشتە سەر سینگی و بەپێلاقان وەرگەڕا سینگ و سەروگۆیلاکی. تەختە خەوی پاڵەوان کە هێندە قایم و خۆڕاگر نەبوو، دەژێر قورسایی و گوشاری قەتارچیدا تێک تەپی و کەوتە سەر عەرز. کاروانسەرادار کە لەو زرم و کوتە خەبەری بووبووەوە و پێی وابوو کە بۆ ماری تۆڕنی خزمەتکار گرفتارییەک هاتووەتە پێش. چونکە هەر چەندی هەرای کردێ وەڵام ێک نەبوو، ئاخری هەر بەو فکرەوە هەستا و فتیلەیەکی(*) داگرساند و خۆی گەیاندە ئەو شوێنە کە دەنگەدەنگەکەی لێوە دەهات. خزمەتکار کە زانی ئەرباب ئەوە دێ و زۆریش تووڕە و تۆسنە، بەترس و لەرزەوە خوی دە جێوبانی سانکۆ ڕاکرد و خۆی وەک ژووشک گلۆڵەکرد. کاروانسەرادار هاتە ژووور و گوتی: «ئاهای. دێڵەسەگ لەکوێی؟ دەزانم ئەو هەراو هوریایە هەمووی دەبن سەری تۆدایە!» لەوکاتەدا سانکۆ وەخەربەر هات و کە هەستی کرد شتێکی قورسی لەسەر سینگییە. گومانی کردکە مۆتە سواری سینگی بووە، لەبەر ئەوە بەچپ و راست دەستی کرد بەمست لێدان و تەواوی ئەو مستە کۆڵانەش وەسەر و گوێی ماری تۆڕنی چارە ڕەش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دەکەوت. ئەویش کە چی تر خۆی بۆ ڕانەگیرا وەرگەڕا سەر گوێلاکی سانکۆ پانزا و بەمجۆرە خەو لە چاوی مەیتەری بەدبەخت پەڕی و زانیی چ باسە.

سانکۆ کە دیتی ئەو ڕەفتارە بێ جێیەی دەگەڵ کراوە بێ ئەوەی بزانێ دەگەڵ کێ شەڕ دەکا و بۆچی شەڕ دەکا هەڵسا و نێو قەدی ماری تۆڕنی گرت و هەر دووک وەها دەیەکتری بەربوون و هەراو بەزمێکی وەهایان خستە ڕێ کە هەرگیز وێنەی نەبیندرابوو. لەو حاڵەدا کاتێک لەبەر نووری چراکە قەتارچی باری نالەباری گراوییەکەی خۆی چاو پێ کەوت دەستی لە دۆن کیشۆت هەڵگرت و بەهاواری ژنە گەیشت. کاروانسەراداریش بەهەلاتن ڕۆیشتە ناو شەڕەکەوە. بەڵام ئەو بەمەبەستێکی تر خۆی تێ هەڵقوتاند. ئەو پێی وابوو خەتای ئەم هەرایە هەمووی بەئەستۆی ماری تۆڕنە و ڕۆیشتە دەرەوە کە تەمێی بکا. سەرتان نەیەشێنم بوو بەشەڕی مەغلووبە و سەگ ساحەبی خۆی نەدەناسییەوە. قەتارچی لە سانکۆی دەدا، سانکۆ ژنەی دەکوتا و کاروانسەرداریش هەر لەژنەی دەدا و هەر چواریان وەها بەڕق و قینەوە لێکیان دەدا کە یەک چرکەش ڕانەدەوستان. خۆشییەکەی لەوەدا بوو کە فتیلەی کاروانسەردار کوژایەوە و چون هەموویان لە ناکاو چوون دەناخی تاریکییەکی ڕەش وئەنگوستە چاو، ئەوجار کەس نەیدەزانی کێ لەکێ دەدا و هەرمست و شەق و لەقە بوو کە بەسەریاندا دەباری و نەلیباسیان دەبەریەکدا هیشت و نە لەشێکی ساغ.

بەهەڵکەوت ئەو شەوە یەکێک لە کەوانداران(*) دیوانخانەی(*) سێنت هێرماندەد، لقی شاری تۆلێد لە کاروانسەرا میوان بوو. هەرکە ئەو هەرا و هەنگامەیەی بەگوێ گەیشت، داردەستی تایبەت و قوتووی(*) حەلەبیی حوکم و فەرمانە دیوانییەکانی هەڵگرت، پاشان بەدەستەکوتە خۆی گەیاندە ئەو ژوورەی کە شەڕی تێدا بەرپابووبوو و نەعرەتەی لێ دا: «من ئەمرتان پێ دەکەم کە بەناوی عەداڵەت و سێنت هێرماندەد دەست ڕابگرن!» یەکەم کەس کە کەوتە دەست کەواندار دۆن کیشۆتی خودا غەزەب لێ گرتوو بوو. کەواندار ڕیشی پاڵەوانی گرت و بەسەریدا گوڕاند: «تۆ بەناوی عەداڵەت دەگیرێی!» بەڵام کە دیتی ئەوەی گرتوویەتی جووڵە ناکا. بەو گومانە کە مردووە و ئەوانی تر کوشتوویانە دەنگی خۆی بەرزتر کردەوە و قیژاندی!

«دەرگای کاروانسەرا قەپات کەن و ئاگاداربن کەس دەرباز نەبێ. لێرەدا پیاوێکیان کوشتووە»! ئەم ڕاگەیاندنە هەموو شەڕکەرەکانی ترساند و هەموویان لە جێی خۆیان ڕاوەستان. کاروانسەرادار گەڕاوە ژووری خۆی و خزمەتکار خزایەوە نێو دەخمەکەی و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

قەتارچیش لەسەر جێگاوبانەکەی کە دەو شەڕەدا تێک چووبوو، دانیشتەوە و تەنیا دوو کەسی بەدبەخت یانی دۆن کیشۆت و سانکۆ پانزا بوون کە نەیانتوانی لە جێی خۆیان جووڵە بکەن.

دەستی ئاخر، کەماندار ڕیشی دۆن کیشۆتی بەرداو ڕۆیشتە دەرەوە تا چرایەک پەیدا بکا بگەڕێتەوە خەتابارەکان بگرێ، بەڵام چرای دەست نەکەوت چون کاروانسەرادار دە جەنگەی هەلاتندا چرای بەر دەرگای کاروانسەرای کوژاندبووەوە، کەماندار ناچار پەنای بۆ ئاگری ئاورگ(*) برد و بەسەبر و حەوسەلە و تێپەڕکردنی کاتێکی زۆرەوە توانیی چرایەکی تر هەر چونێکە هەڵگرسێنێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٧

## پاشماوەی ئەو ڕووداوانەی کە لە کاروانسەرا، یانی ئەو شوێنەی دۆن کیشۆت لە بەر بەدختیی خۆی پێی وابوو قەڵایە، بەسەر مەیتەر و ئەرباب هاتن

دەو مەودایەدا، سەرەنجام دۆن کیشۆت وەهۆش هاتبووەوە و بەهەمان نووزەنووزی ڕۆژی پێشتر، ئەو کاتی کە لە شەڕی چۆماغ بەدەستاندا کەوتبووە عەرد و مەیتەرەکەی بانگ کردبوو، دووبارە بانگی کرد و گوتی: «سانکۆ، دۆستی من، خەوتووی؟ خەوتووی هاوڕێی خۆشەویست؟ سانکۆ بەنووزەیەکی مالاماڵ لە ناهومێدی و تووڕەیییەوە گوتی: خەوی چی؟ و تڕەماشی(*) چی؟ لە جێگایەک کە هەموو شەیتانەکانی دۆزەخ ئەمشەو پەتیان پساندووە و ڕژاونەتە سەر منی چارەڕەش خەو لەکوێ بوو؟ دۆن کیشۆت گوتی: «ئاخ سانکۆ، بەڕاستی باوەڕم پێ بکە یا من هیچ نازانم یا ئەم قەلایە قەلای جادووگەرانە. بەلام پێش ئەوەی من شتێک بڵێم، دەمەوێ سوێندم بۆ بخۆی کە ئەو ڕازەی ئێستا لە لای تۆ دەیدرکێنم تا ڕۆژێک لەسەر دنیا ماوی بەهیچ کەسی نەڵێی. سانکۆ گوتی: باشە سوێند دەخۆم. دۆن کیشۆت گوتی: من بۆیەم ئەم سوێندەم، لە تۆ دەوێ، چون نامەوێ ئابڕووی کەس بەرم. سانکۆ گوتی: بەسەدەقەت بم. من پێم گوتی، سوێند دەخۆم تا ڕۆژێک کەتۆ زیندووبی ئەم ڕازە ڕابگرم. بەلام بریا بمتوانیبایە هەر سبەی دووی بلاوی کەمەوە! دۆن کیشۆت گوتی: «چۆن سانکۆ! یانی من ئەوەندە دەگەڵ تۆ خراپم کە ئارەزوودەکەی ئاوا زوو بمرم؟ سانکۆ گوتی: نەخێر مەبەستم ئەوە نییە. ڕاستییەکەت دەوێ من پێم خۆش نییە زۆر ڕازداری بکەم. چون دەترسێم ڕازەکان زۆر دە سینگمدا بمێننەوە و بۆگەن بن. دۆن کیشۆت گوتی: بەهەرحاڵ من بەدۆستایەتی و حەیا و ئەدەبی تۆ زۆرتر لە هەموو شتێک باوەڕم هەیە. کەوابوو با پێتبڵێم ئەو شەو سەیرترین ڕووداوێک کە هەمیشە دەبێتە مایەی شانازیم بەسەر من هات و بۆ ئەوەی تا بۆم بکرێ بەکورتی بۆت بگێڕمەوە، ئەوەندە بەسە پێت بڵێم کە هەر چەند ساتێک لەمەوبەر دیتم کە کچی خاوەنی ئەو قەلایە کە جوانترین و لەبەردلانترین کچی ئەم جیهانەیە هاتە لای من. من بەخاتری دۆلسینەدۆتوبۆزی خۆشەویستم، باسی جوانی و جەماڵ و کەماڵی ئەو کچە نازدارە ناکەم و لەم وارەوە مۆری بێدەنگی لە لیوم دەدەم. تەنیا دەتوانم بەتۆ بڵێم کە یا فەلەکی ستەمکار لەبەر حەسوودی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەیهێشت ئەو بەختەوەرییە گەورەیەم بەنسیب بێ و یا بەمەزەندەی یەقین چون هەروەک گوتبووم ئەو قەڵایە جادووی تێدایە لەو ساتەدا کە من و ئەو بەقسەی شیرین و گفت و بەڵێنی دڵبزوێنەوە سەرخۆش بووین لە نەکاو بێ ئەوەی شتێک ببینم یا بزانم چۆن و لە کوێ، دەستێک لە ئاستینی(*) دێوێکی لەندەهۆر هاتە دەرێ و مستێکی وەهای لە شەویلاکەم دا کە ئێستاش دەمم پڕی خوێنە. پاشان ئەو دێوە کەوتە سەرم و وەهای تێکوپێک شکاندم کە ئێستا حاڵ و ڕۆژم لە دوێنێ کە قەتارچییە ناکەسەکان بەهۆی «هەرزەیی و هەوەسبازی» ڕۆسینانت بەسەریان هێناین زۆر خراپترە. من لێرەوە بەو ئاکامە دەگەم کە گەنجینەی جەماڵ و جوانیی ئەم کیژە نازەدارە بەجادوگەرێکی بەڕبەڕ ئەسپێردراوە و نسیبی منی تێ نەکەوتووە! سانکۆ گوتی: بەنسیب منیش نەبوو چونکە زۆرتر لە چوارسەد عەرەبی بەڕبەڕ(*) وەهایان کەوڵ کردم کە کوتەککاریی قەتارچییەکانی دوێنێ لە چاو ئەو بەڵایەی ئەوانە بەسەریان هێنام، لە هەڵوای دۆشاوی خۆشتر بوو! بەڵام ئەرباب چۆن دەفەرمووی ئەم ڕووداوەی کە ئێمەی خستە ئەم بارودۆخە نالەبارە لەبەر چاوی بەڕێزتان خۆش و نایابە؟ دیسان باشە کە موسیبەتی بەڕێزتان هێندە گەورە نەبووە چون بەڕێزتان ئەو دلبەر نازدارەتان دەباوەش گرتووە، بەڵام من بێجگە لەو تێهەڵدانەی کە بەعومری خۆم وێنەی ئەوم وێ نەکەوتبوو، چ قازانجێکم پێ گەیشتووە؟ بەد بەحاڵی من و بەحاڵی ئەودایکەی منی هێنایە سەر ئەم جیهانە! من پاڵەوانی سەرگەردان نیم و هەرگیزیش ئارەزووم نییە بەو پلەیە بگەم، لەسەر ئەوەشڕا هەمیشە لەو ڕووداوە ناخۆشانەدا بەشی گەورە وەبەرمن دەکەوێ. دۆن کیشۆت پرسی: «بۆ مەگەر، تۆشیان کوتەک کاری کرد؟ سانکۆ گوتی: «کوڕە ئەوە دەڵێی چی، باپیرە گەورەشمیان ئاور تێ بەردا! ئەدی ئەمن سەعاتێکە چیت پی دەڵێم؟ دۆن کیشۆت گوتی: غەم مەخۆ هەڤاڵ سانکۆ. من هەر ئێستا ئەو شەربەتە گرانقیمەتە دروست دەکەم و هەردووکمان بەبەرەکەتی ئەو شەربەتە بەچاوترووکانێک وەک گوێزی(*) ئازامان لێ دێتەوە.»

لەم کاتەدا کەوانداری سێنت هێرمانداد کە چرایەکی بەدەستەوە بوو بۆ سەرکێشی ئەو کەسەی کە پێی وابوو کوژراوە گەڕاوە ژوورەکە. کاتێک سانکۆ چاوی بەوکەوت کە بەتاقە کراسێک، دەسرەیەک لەسەر و چرا بەدەستەوە بەقیافەیەکی کافرانەوە دێتە ژوور لە ئەربابی پرسی «حەزرەتی ئەرباب ئایا ئەوە هەمان بەربەری جادوو نییە کە چون ئێستا خووروی دەست و لاقی نەشکاوە، بۆ ڕەقس و سەما لەسەر لەش و بەدەنی ئێمە هاتووەتەوە؟ دۆن کیشۆت گوتی: «نەخێر نابێ ئەوە هەمان بەڕبەڕی جادوو بێ، چون

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org



جادووگەران بەچاو نابیندرێن. سانکۆ گوتی ئەگەر وەبەر چاویش نەیەن هەست پێ دەکرێن. دەڵێی نا لە شان وملی من بپرسە. دۆن کیشۆت گوتی: شان وملی منیش دەتوانن شایەدیی ئەوە بدەن. بەڵام ئەو دەلیلە بەس نییە بۆ ئەوەی ئەم کابرایەی کە دەیبینین هەمان بەڕبەڕی جادوو بێ.»

کەماندار نزیکتر بووەوە و کاتێک دیتی ئەم دوو کەسە زۆر لەسەرخۆ غەرقی دمەتەقەی خۆیانن سەری سوڕما و ڕاوەستا. دیارە کە دۆن کیشۆت هێشتا دەمی ڕوو دە حەوا کردبوو و لەئێش و ئازاری کوتەککاری و لەبەر ئەو مەرهەمەی دەبەدەنیان هەڵسوو بوو، نەیدەتوانی بجووڵێتەوە. کەماندار هاتە لای و گوتی: «ها، کابرا، حاڵت چۆنە؟ دۆن کیشۆت گوتی: ئەگەر لەجێی تۆ بام بەئەدەبتر قسەم دەکرد. گوێلپاری بێ تەربیەت! ئایا لەم وڵاتەدا ڕەسمە دەگەڵ پاڵەوانانی سەرگەردان بەمجۆرە قسە بکەن؟ کەماندار کە لە کەسێکی ئاوا نابووتە ئەو ڕەفتارەی دەگەڵ خۆی دیت، نەیتوانی ئەو بێ شەرمییە قبووڵ بکا. ئەو چرایەی بەدەستییەوە بوو بڵندی کرد و بەو ڕۆنەوە کە تێیدابوو وەهای بەسەر دۆن کیشۆت داکێشا کە دەتگۆت کەللەیان بەدرێشەی(*) زەلام کون کردووە: پاشان کە هەمووشت کەوتە ناخی تاریکی کەماندار هەڵات و خۆی دەرباز کرد. سانکۆ پانزا گوتی: «ئەرباب بێشک ئەوە هەمان بەڕبەڕی جادووەکە ئەرکی ئەوەیە گەنج بۆ دیتران بپارێزی و بۆ ئێمە بێجگە لەمست و شەق و تێهەڵدان هیچی پێ نەبێ. دۆن کیشۆت گوتی: دەبێ وابێ، بەڵام نابێ زۆر گرینکی بەو هەموو سیحر و جادووە بدەین و نابێ لەوان ڕقوقین هەڵگرین. ئەوانە چون بوونەوەری خەیاڵی یا نەدیتراون پیاو نازانێ تۆڵەی خۆی لە کێ بستێنێتەوە. ئێستا سانکۆ ئەگەر دەتوانی هەستە فەرماندەی ئەم قەڵایەم بۆ بانگ بکەو و کارێکی وا بکە هێندێک ڕۆن و شەراب و نمەک و ئیکلیلی(*) کێوی دەگەڵ خۆی بێنێ تا ئەو شەربەتە شفا(*) بەخشە دروست کەین. بەڕاستی پێم وایە من ئێستا زۆرم نیاز بەو شەربەتە هەیە، چون لە برینی سەرم کە ئەو بەڕبەڕە لێیداوم خوێن فیچقەی دەکا.»

سانکۆ بەئێش و ئازارێکەوە کە تا سەر ئێسقانەکانی چووبووە خوار لە جێی خۆی هەستا و بەکوێرەکوێرە و دەستە کوتە چوو کاروانسەرادار بدۆزێتەوە. لەسەر ڕێگا تووشی کەماندار بوو کە لەبەر وەتاغ ڕاوەستابوو تا بزانێ دوژمنی بریندار چیی بەسەرهاتووە، سانکۆ پێی گوت: «جەنابی ئاغا، هەرکەس کە هەی، پیاوەتیمان دەگەڵ بکە و هێندێکمان شەراب و نمەک و ڕۆن و ئیکلیلی کێوی بدەیە کە بۆ دەرمان کردنی یەکێک لە گەورەترین پاڵەوانانی سەرگەردانی سەر گۆی زەوی پێداویستیمان پێی هەیە. پاڵەوانێک کە بەدەست

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarr.org

بەڕبەڕی جادوو کە ئێستا لەم کاروانسەرایە دایە، زۆر سەخت بریندار بووە، بەجێویان کەوتووە.» کاتێک کەماندار ئەم قسانەی لە سانکۆ بیست بەدێوانەی لە قەڵەم دا. بەڵام چون سپێدەی بەیانی خەریک بوو دەنگووت دەرگای کاروانسەرای کردەوە و بانگی کاروانسەراداری کرد تا پێی بڵێ کە ئەم مرۆڤەکە(*) چیی دەوێ. کاروانسەرادار تەواوی ئەو شتانەی دا بەسانکۆ پانزا و ئەویش خێرا بۆ دۆن کیشۆتی برد کە سەری دەنێو هەر دووک دەستی گرتبوو و لە ژانی برینی سەری دەینالاند. بەڵام زەبری چراکە سەدەمەیەکی وای لەسەری نەدابوو ئەوە نەبێ کە لەیەک دوو جێگایان نێوچاوانی هەڵتۆقاند(*) بوو. ئەوەی کە دۆن کیشۆت بەفیچقەی خوێنی دانابوو، شتێک نەبوو بێجگە لە ڕۆنی چراکە و ئارەقەی سەروچاوی کە ئێستاش هەر دەهاتە خوار.

جا ئەوجار دۆن کیشۆت دەرمانەکانی دە کووپەڵەیەک کرد و ئەوەندی کولاند تا بەتەواوی وە قەوام(*) هاتەوە، ئەوجار داوای شووشەی کرد کە شەربەتەکەی تێبکا، بەڵام چون کاروانسەرا شووشەی لێ دەست نەکەوت ناچار مەعجوونەکەی(*) دە زەرفێکی حەڵەبی کرد کە کاروانسەردار بەخۆڕایی دابوویە. پاشان زۆرتر لە هەشتا جار ناوی (اب) و (ابن) و (روح القدس) و مریەمی عەزرا و باقیی نێوە متفەڕکەکانی(*) بەورتەورت خوێندەوە و فووی بەزەرفەکەداکرد و دەگەڵ گوتنی هەر ناوێک چەلیپایەکیشی لەسەر سینگی کێشا تا شەربەتەکە متفەڕک بێ. دە ئەنجامی ئەم تەشریفاتەدا، سانکۆ و کەماندار و کاروانسەرادار لەوێ حازر بوون. چون قەتارچی بەخەیاڵی ئاسوودە چووبوو سەر لە ئێسترەکانی خۆی بدا.

پاش تەواوکردنی ئەم کارە گرینگە، دۆن کیشۆت ویستی تا کارلێکردنی شەربەتە گرانباییەکەی تاقی بکاتەوە. لەبەر ئەوە هێندێک لە شەربەتەکە کە دەزەرفی حەڵەبیدا جێی نەبووبووەوە و دەبنی کووپەڵەدا مابووەوە بەسەریەوەنا(*) و خواردیەوە. بەڵام هێشتا شەربەت لە گەرووی نەچووبووە خوار کە دەستی کرد بەرشانەوە، چ ڕشانەوەیەک، ئەوی دە ڕۆژ لەمەوبەریش خواردبووی، هێنایەوە. ئارەقەیەکی زۆری کرد و بێحاڵی دەستی پێ دا و تکای کرد بیبەنەوە سەر جێگاوبانەکەی و دەورەی(*) چۆل کەن. ماوەی سێ سەعات خەوێکی قووڵ دای گرت و کاتێک خەبەری بووەوە هەستی کرد ئێش وئازاری دە قالبیدا نەماوە و دەندەکانی نایەشێن و بەگشتی بەتەواوی چاک بووەتەوە و بەرهەمی ئاوا زووی ئەو چاک بوونەوەی بەوە دانا کە بەراستی پێکهاتەی شەربەتی (فێربراس)ی دۆزیوەتەوە و لەمەودوا دەتوانێ بێ هیچ ترس و سڵەمینەوەیەک دەگەڵ هەر مەترسییەک ڕووبەڕوو بێتەوە

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەهەر شەڕ و پێکدادانێکدا هەرچەندەش گەورە ومەترسیدار بێ، بەشداری بکا. سانکۆ پانزا کە چاک بوونەوەری ئەوا لەپڕی ئەربابەکەی بەمۆجزە زانی ئیزنی لێ خواست کە ئەویش ئەوەی دە کووپەڵەدا بوو، کەمیش نەبوو، بەسەرییەوە بنێ و بیخواتەوە. دۆن کیشۆت ئیزنی پێ دا و سانکۆ بەئیمان و بڕوایەکی پتەو دوو هەنگڵی کووپەڵەی گرت و وەک ئەرباب چۆنی کردبوو، بەوشێوە شەربەتەکەی دەگەرووی خۆی کرد.

بەڵام مقەدەر ئەوە بوو کە مێعدەی سانکۆ بەقەدەر مێعدەی ئەربابەکەی نەتوانێ ئەو شەربەتە کاری تێ بکا. چۆن پێش ئەوەی حاڵی ڕشانەوە دەستی پێ بدا، ئەوەندەی ئارەقە کرد دەتگوت دە ئاوت هەڵکێشاوە. پاشان دڵ تێکەڵ هاتن و تەنگە نەفەسییەکی توند بڕستی لێ بڕی و چی وای نەمابوو حەیاتی ڕەشی لێ ببڕێ و دەوحاڵەتەدا کە زۆر پیس تێک چوو بوو هەزار جنیو و قسەی ناجایەزی حەواڵەی شەربەت و شەربەتساز و شەربەت خۆر کرد. دۆن کیشۆت کاتێک ئەوی دەو حاڵە پەرێشانەدا دیت، گوتی: من پێم وایە تۆ هێشتا نەگەیشتوویە پلەوپایەی پاڵەوانی و نارەحەتییەکەت لەوەیە کە ئەم شەربەتە بۆ کەسانێک کە پاڵەوان نین باش نییە. سانکۆ گوتی: «ئەی لەعنەت لە خۆم و لەعێل و تروتایفەم! ئەگەر حەزرەتی بەڕێزتان ئەوەتان دەزانی بۆ هێشتت من تەنانەت دڵۆپێکی لێ بچێژم» دەو ساتەدا شەربەت کاری خۆی کرد و مەیتەری چارەڕەش بەسەروخواردا دەڕشاوە و زگی وەکار کەوت و ئەوەندە ڕشاوە خۆی پیس کرد کە هەم ڕووپۆشی سەری و هەم ڕاخەری بنی بۆ هەمیشە لە کەڵک کەوتن و تووڕهەڵدران! ئەوەندەشی خۆ هەڵداویشت و تەقالای دەکرد و حاڵی تێک چووبوو کە ئیدی تازە کەس بەهیوای نەبوو. ئەم حاڵی نالەبار و ڕشانەوە زگ ئێشەیە نزیک دوو سەعات درێژەی کێشا و پاش تەواو بوونیشی سانکۆ وەک ئەرباب چاک نەبووەوە، بەپێچەوانە، ئەوەندە خەستە و کوتراوو ماندوو بوو کە نەیدەتوانی هەستێتە سەرپێ.

بەڵام هەر وەک گوتمان دۆن کیشۆت هەستی بەسلامەتی و چاک بوونەوەی تەواو دەکرد، دەیەویست هەرچی زووتر وە دوای ڕووداوان بکەوێ، چون پێی وابوو ئەو وەختانەی لەوێ خەسار دەبوون، دەرفەتگەلێک بوون کە دنیا لە دەستی دەچوو، بێ ئەنوایانی دنیا تێیدا زەرەرمەند دەبن، یانی ئەو دەرفەتانە لە دەست ئەوانەی کە پێداویستییان بەو هەبوو دەچووە دەرێ و بەتایبەت بێجگە لەو فکرە هەتاهەتاییە، ئەو بڕوایەی کە بەشەربەتەکەی بووی ئەوی دەخستە سەر باری پەلە کردن و بەهەڕەمەبوون. کەوای دەخۆ ڕادیت، هەر خۆی زینی هاویشتە سەر پشتی ڕۆسینانت و کەری سانکۆشی کورتان کرد. پاشان یارمەتیی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەیتەری دا خۆی کۆک و پۆشتەکا و سواری کەرەکەشی کرد. پاش ئەوە ڕکێفی لە ڕۆسینانتدا و لەگۆشەیەکی حەساری کاروانسەرا دارێکی درێژ و ئەستووری هەڵگرت تا لە جێی نێزە کەڵکی لێ وەربگرێ. هەموو میوان و دەستوپێوەندی کاروانسەرا کە بیست کەسێک دەبوون بۆ تەماشا ڕاوەستابوون. کچی کاروانسەراداریش چاوی لێ دەکرد و دۆن کیشۆتیش کە نێوان نێوان هەناسەیەکی ساردی هەڵدەکێشا، چاوی لێ نەدەترووکاند(*). بەڵام هەموو ئەوانەی لەوێ بوون یا لانی کەم ئەوانەی شەوی ڕابردوو بەدەنیان چەور کردبوو پێیانوابوو لەبەر ئێش و ئازاری لەشی ئاخ و هەناسە هەڵدەکێشی.

کاتێک هەردووکیان سوار بوون دۆن کیشۆت لەبەر دەرکی کاروانسەرا ڕاوەستا و کاروانسەراداری بانگ کرد و بەدەنگێکی پیاوانە و لەسەر خۆ پێی گوت: ئەی بەڕێز قەڵاپارێز، خۆشەویستی و لوتف و مەرحەمەتێک کە لەم قەڵایەدا دەگەڵ من کراوە زۆر گەورەیەوە. من بەڕاستی بەئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم تا کۆتایی ژیانم بەرامبەر بەحەزرەتی ئێوە ئەمەگناس بم. من ئەگەر بتوانم قەرەبووی ئەو هەموو ڕەحمەت و زەحمەتە بکەمەوە کە تۆڵەی ئێوە لە کابرای سەرەڕۆ کە تەوهینی بەکەسایەتی(*) پیرۆزی ئێوە کردبێ بستێنمەوە خۆم بەسەرکەوتوو دەزانم. ئەوەش بزانن و ئاگادار بن کە پیشەی من تەنیا ئەوەیە تۆڵەی کەسانێک کە ئەتکی حورمەتیان کراوە، وەرگرمەوە و دز و ڕێگر و جەردە لەناوبەرم. کەوابوو بیر بکەنەوە تا ئەگەر خزمەتێکی لەم چەشنە لە دەست من دێ، حەواڵەی منی بفەرمووی و من بەهەمان ئایینی پاڵەوانی کە شانازی گەیشتن بەو پلەیەم وەدەست هێناوە. بەئێوە بەڵێنی دەدەم کە ئەو زەحمەتانەی بەئێوەم داوە و لەم بارەوە قەرزدارتانم. بەجۆرێک کە ببێتە هۆی شادمانیتان قەرەبوو بکەمەوە.»

کاروانسەرادار هەر بەو شێوە، بەهەمان لەسەر خۆیی و ویقارەوە ئاوای جواب داوە: «ئەی جەنابی پاڵەوان. من هیچ نیازم بەوە نییە بەڕێزتان تۆڵەی من بستێننەوە. چون ئەگەر کەسێک تەوهینم پێ بکا، خۆم دەتوانم تۆڵەی لێ بکەمەوە. من تەنیا تکا دەکەم جەنابی بەڕێزتان خەرج و موخاریجی دۆینێ شەوێتان لەو کاروانسەرایەدا کە لەبابەت کاو جۆی وڵاغەکانتان و تەختی خەو و شام و شتی وا لە عۆدەتانە بدەن بەمن. دۆن کیشۆت بەدەنگی بڵند گوڕاندی: چون؟ مەگەر ئێرە کاروانسەرایە؟» کاروانسەرادار گوتی: «بەڵێ، کاروانسەرایەکی زۆریش ناسراوە. دۆن کیشۆت گوتی: کەوابوو تا ئێستا من بەهەڵە چووبووم چون بەڕاستی پێم وابوو ئێرە قەڵایە، ئەویش چ قەڵایەک! بەڵام ئێستا کە دەفەرمووی ئێرە کاروانسەرایە و قەڵا نییە باشترە بەڕێزتان لە وەرگرتنی خەرج و موخاریج

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org



چاوپۆشی بفەرموون. چون من ناتوانم لە یاسا باوەکانی پاڵەوانانی سەرگەردان سەرکێشی بکەم. ئەو یاسایانەی کە من بەوردی شارەزاییم لێیان هەیە و تا ئەمڕۆش خیلافی ئەوانم لە هیچ کتێبێکدا نەخوێندووەتەوە و دەزانم کە تا ئێستا هیچ پاڵەوانێک پووڵی مەسکەن و خۆراک و شتی تری بەهیچ کاروانسەرادارێک نەداوە. دەڕاستیدا بەدەبەرچاو گرتنی ماف و حقووقی تایبەتی پاڵەوانانی سەرگەردان و دەبەرانبەر زەحمەت و کوێرەوەریی ڕۆژان و شەوان بەهاوین و زستان پیادە و سوارە بەتوونییەتی و برسیەتی و بەگەرما و سەرما و هەزار چەشنە دەردەسەری و گرفتاریی تر و ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ ڕوو گرژییەکانی ئاسمانی و گێرەوکێشەی سەر زەوی کە دەبێ بیکێشن، هەموو کەس قەرزداری ئەوانە و دەبێ ئاگادارییان لێ بکرێ. کاروانسەرادار گوتی، من کارم بەو قسانە نییە. دەبێ ئەوەی دەپێتدایە بمدەیتێ. ئیدی ئەو بەیت و بالۆرانەم بەگوێدا ناچێ. بۆ من ئەوە گرینکە کە بتوانم کاروکاسبیی خۆم بەڕێوە بەرم و قەرزی خۆم وەربگرم. دۆن کیشۆت گوتی: «پیاوێکی کەر و تێنەگەیشتووی و قاوەچییەکی ڕەزیل و هیچ نەدیتووی.» پاشان بەمامزە و بەهەر دووک لاقان دە کەلەکەی ڕۆسینانتی کوتا و ئەوداره‌ی لەبری(*) نێزە هەڵی گرتبووەوە بەدەستییەوە گرت و بێ ئەوە کەسێک وە دوای کەوێ یا ئاوڕێک بداتەوە بزانێ مەیتەری بەدوواەیە یا نا لە کاروانسەرا دەرپەڕی و مەودایەک دوور کەوتەوە.

کاروانسەرادار کە دێتی دۆن کیشۆت ڕۆیشت و پارەکەی پێ نەدا، گەڕاوە سەر سانکۆ و تەڵەبی خۆی لە وی ویست. ئەویش جوابی داوە کە چون ئەربابەکەی نەیویستووە پووڵ بدا ئەویش ناخوازێ ئەو کارە بکا و چون خۆی مەیتەری پاڵەوانی سەرگەردانە، ئەویش لە هەمان سەرەتییەکانی(*) ئەربابی خۆی سوود وەردەگرێ و نابێ لە هیچ قاوەخانە و کاروانسەرایەک لەبابەت خەرج و موخاریجەوە دەست بۆ گیرفانی بەرێ. کاروانسەردار هەرچی گوڕاندی و تووڕە بوو و هەڕەشەی کرد و هێنای و بردی و سوێندی خوارد ئەگەر بەزبانی خۆش پارەکە نەدا، بەشەق لە گەرووی دەردەکێشێ، هیچ فایدەی نەبوو. سانکۆ بەپلەوپایەی پاڵەوانی کە ئەربابەکەی پێی گەیشتبوو، سوێندی خوارد ئەگەر لەت و کوتیشی کەن فلووسێکی نادا، و لەم بارەدا دەیگوت: «من مافی ئەوەم نییە ئەم دابە پیرۆزە و ئەم نەریتە کۆنەی پاڵەوانانی سەرگەردان بەهەڵە و خەتای خۆم تێک بدەم و من نامەوێ مەیتەرانێک کە لەمەودوا دێنە سەر دنیا، لەمن گلەیی بکەن و بەهۆی دەژێر پێ نانی یاسا و سەرەتییەکی ئاوا بەرحەق ڕەخنەم لێ بگرن.»

لە بەختی ڕەشی سانکۆی بەدیەغباڵ. مقەدەر ئەوە بوو کە دەنێو ئەوانەی لە کاروانسەرا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میوان بوون چوار ماهووت فرۆشی خەڵکی سەگۆوی و سێ وردەواڵە(*) فرۆشی دەڤەرگەڕ(*) لە گەڕەکی ماڵات فرۆشانی شاری «کوردۆ» و دوو سنعاتکاری خەڵکی سیویل کە هەمووڵات و لووتی وڵاتی خۆیان بوون و جەماعەتێکی شەڕوور و بەدفەڕ و نەحەجمیو بوون لەو کاروانسەرایە ئۆتراغیان(*) گرتبووەوە. ئەو پۆلە پیاوە ناجسنە کە دەتگوت لەسەر فکرێک ساغ بوونەوە لە سانکۆ هاتنە پێش و لەپشت گوێدرێژەکەیان هێنا خوار و یەکێک لەوان بەغاردان چوو لێفەی سەر تەختی خانمی کاروانسەرداری هێنا و مەیتەری چارەڕەشیان تێ هاویشت، بەڵام کە سەریان هەڵێنا دیتیان کە میچی هەیوانی کاروانسەرا زۆر نەوییە و بۆ مەبەستی ئەوان بەکار نایە. ناچار لێ بڕان بچنە حەساری مریشکان کە میچێکی بێجگە لە ئاسمان نەبوو و لەوێ سانکۆیان بەباشی لەسەر لێفە درێژ کرد و هەر ئەوکارەی دە «کارناواڵ»دا دەگەڵ سەگانی دەکەن(١٣٩) دەستیان کرد بەهەڵاویشتن و گرتنەوەی ئەو بەدبەختە.

ئەو نەعرەتانەی کە لە سانکۆوە دە هەوادا دەبیسران وەها دڵڕووشێن بوون کە بەگوێی ئەربابی گەیشتن و کاتێک ڕاوەستا کە باشتر گوێی لەو هاوارانە بێ دەپێشدا پێی وابوو ڕووداوێکی تازەی بۆ هاتووەتە پێش. بەڵام پاش کورتەماوەیەک تێ گەیشت کە ئەو هاوارە ترسێنەرانە دەنگی سانکۆن. پاڵەوان دەستبەجێ سەری ئەسپی وەرگێڕا و بەچوار ناڵەیەکی توند بەرەو کاروانسەرا گەڕاوە و چون دەرگای کاروانسەرای بەبەستراوی دیت، بەدەوری قەڵادا گەڕا تا بەڵکو ڕێگایەک بدۆزێتەوە. بەڵام کە گەیشتە پشتی دیواری حەساری کاروانسەراکە هێندە بڵند نەبوو، ئەو بەڵایەی بەسەر سانکۆیان دێنا بەچاوی خۆی دیتی. سانکۆ وەها شیرین و بەئەتوار لە هەوادا دەچووە سەر و دەهاتە خوار کە ئەگەر گەرووی پاڵەوان بەڕق و قین نەگیرابا، بەیەقین لە قاقای پێکەنینی دەدا. دۆن کیشۆت تێ کۆشا کە لەسەر پشتی ئەسپەکەیڕا خۆی باوێتە سەر دیوار، بەڵام ئەوەندە خەستەو ماندوو بوو کە تەنانەت نەیتوانی پای لەسەر زەویش دابنێ. ناچار هەروا کە لەسەر ئەسپەکەی دانیشتبوو دەستی کرد بەهەڕەشە و گوڕەشە و جنێودان بەو کەسانەی کە سانکۆیان هەڵدەبەزاندەوە. کە گێڕانەوەیان دەحەوسەلەی ئەم وتارەدا ناگونجێ، بەڵام لات و لووتەکان گوێیان نەدا شاتوشووتی پاڵەوان و بەپێکەنین و قاقاکێشان درێژەیان بەکاری خۆیان دەدا. سانکۆش دەو مەعرەکەیەدا جنێوی دەدا، هاواری دەکرد و جاروبارەش

١٣٩– خوێندکارانی ئیسپانیایی دە ڕێوڕەسمی جێژنی کارناواڵدا سەگی بەرهەڵدایان دەگرت و دە لێفە یا بەتانەیان داویشتن و هەڵیان داویشتن. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەپاڕاوە. هەمووی ئەم هەرا و هورىيايە بێ فايدە مايەوە تا سەرەنجام لاتولووتەکان خۆيان ماندوو نەبوون سانكۆيان بەرەڵلا نەكرد.

كەری سانكۆيان هێناوەو ئەويان لەسەر پشتی دانيشاند و بالاپۆشەكەيان بەشانيدا داوە. خزمەتكاری دڵ ناسک، ماری تۆڕن کاتێک ديتی سانكۆ زۆر شەكەت و شپرزەيە بەهێنانی گۆزەيەک ئاو لاوانديەوە و بۆ ئەوەی ئاوەکە فێنک بێ، ڕۆيشتە سەر چاڵاوەكە و ئاوی هەڵكێشا، سانكۆ گوزە ئاوی لە لێوان نزيک كردەوە تا ئاو بخواتەوە، بەڵام بەدەنگی ئەرباب دەستی ڕاگرت. دۆن كيشۆت دەيگوت «سانكۆ، كورەكەم، لەم ئاوە مەنۆشە! مەنۆشە ڕۆڵە گيان دەنا دەتكوژێ. مەگەر نابينی من لێرە لەو شەربەتە متفەڕكەم پێيە؟ (زەرفی حەلەبيی خۆی هەڵێنا و نيشانی دا) بەخواردنەوەی دوو دڵۆپ لەم شەربەتە دەرد و ئەلەمت لێ دەبڕێ.» بەو هاوارانە سانكۆ بەغەزەبەوە ڕووی وەرگێڕا و گوتی «مەگەر ئەو جەنابەلەبيری چووەتەوە كە من پاڵەوان نيم يا دەيانەوێ ئەو بڕوكە دڵ و ريخۆڵەی كە لە دوێنێ شەو دەزگمدا ماوەتەوە ئەويش برشێمەوە؟ ئێوە بەهەمووشەيتانەكان سوێند دەدەم كە شەربەتی خۆتان بۆ خۆتان ڕابگرن و لەمن گەڕێن بەدەردی خۆم ڕۆكاسيم(*). گوتنی ئەو قسانە هەمان و بەگۆزەدا نووسان هەمان. بەڵام سانكۆ پاش قومێک، كە زانی ئاوەكەيان بۆ ئەو هێناوە، دەستی لە خواردنەوە هەڵگرت و لەماری تۆڕن خواهيشتی كرد شەرابی بۆ بێنێ. ماری تۆڕن لە قووڵايی دڵەوە حاجەتی بەراورد كرد و تەنانەت پووڵی شەرابەكەشی لە باغەڵی خۆی دا. چونكە دەربارەی ئەو ژنە گوتوويانە هەرچەند كەوتووەتە ڕۆژەرەشی ونەهامەتی، بەڵام ئێستاش ترووسكەيەكی كزی مەسيحی بوونی تێدا ماوە.

هەر ئەو كاتەی سانكۆ شەرابەكەی خواردەوە دەكەلەكەی كەرەكەی كوتاو دەرگای كاروانسەرای خستە سەر گازەرای پشت و خۆشحاڵ لەوەی كە ديناريكی پارە نەداوە و توانيويەتی بەمايە دانان لەسەر مايەی ئاسايی خۆی يانی شانوپيلی، قسەی خۆی بەرێتە سەر، لەوێ وەدەركەوت. ڕاستە كە كاروانسەرادار لە جيات حيسابێک كە لەسەر، ئەوانی بوو خورجێنی سانكۆی بەبارمتە گێڕابووەوە، بەڵام سانكۆ كاتی دەرباز بوون وەها شێواو و شپرزە بوو كە بەو زيانەی نەزانی. كاتێک كاروانسەرادار سانكۆی لە دەرەوەی حەوشە ديت ويستی دەرگای كاروانسەرا قەپات بكا، بەڵام لات و لووتە دەڤەرگەڕەكان نەيانهێشت ئەو كارە بكا. چون ئەوان لەو جۆرە بنيادەمانە بوون كە ئەگەر دۆن كيشۆت بەڕاست لە زومرەی پاڵەوانانی مێزی خڕيش بووايە. بەقەد باڵە ميشوولەيەک بەهێنديان نەدەزانی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ١٨

## لەمەڕ وتووێژی سانکۆ پانزا دەگەڵ دۆن کیشۆت و هێندێک ڕووداو کە بۆ باس کردن دەبن

سانکۆ وەها خەستەوکوتراو ڕەگەڵ ئەربابی کەوت کە تەنانەت تاقەتی وەی نەبوو دەکەرەکە بوەژێنێ(*)، کاتێک دۆن کیشۆت ئاوای بەشەکەتی چاو پێ کەوت گوتی: «بێگومان سانکۆی خۆشەویست، بۆمن مسۆگەر بوو کە ئەم قەلایە وەک تۆ دەڵێی ئەم کاروانسەرایە جادوو کراوە. چون ئەوانەی ئاوا بێ بەزەیانە گاڵتەیان بەتۆ دەکرد، بێجگە لەوەی تاپۆ یا کەسانێک لەو دنیا بوو بن، دەیانتوانی چ بن؟ شتێکی کە ئەم بڕوایە لەمندا پتەوتر دەکا ئەوەیە کە من ئەوکاتی کە لەسەر دیواری حەوشەوە وەزعی نالەباری تۆم چاو لێ دەکرد، بەهیچ کلۆجێک نەمتوانی لە دیوارەکان وەسەرکەوم یا بەکەلێنێکدا بێمە ژوورەوە یا تەنانەت لە ئەسپەکەم دابەزم. شکم لەوەدا نییە منیشیان جادوو کردبوو. چون من بەئیمانی یەکێکی وەک خۆم سوێند دەخۆم ئەگەرکو بمتوانیبایە لە دیوار وەسەرکەوم یا لە ئەسپ پیادەبم، تۆڵەی تۆم وەها لەو دزە ڕەزیلە ناپیاوانە دەستاندەوە کە بیرەوەریی ئەو ناپیاوییەی خۆیان تا دنیا هەیە لەبیر نەبەنەوە. هەر چەند تەمێ کردنی ئەوان پێداویستی بەوە بوو کە من لە یاساکانی پاڵەوانی – کە وەک زۆر جار پێم گوتووی مەگەر بۆ بەرگری لە گیانوژیان یا واری پێویستی تر لە خەڵکی ناپاڵەوان دەست نەوەشێنن – چاوپۆشی بکەم. سانکۆ وەلامی داوە: پاڵەوان یا غەیری پاڵەوان فەرق ناکا. من ئەگەر خۆم بمتوانیبا تۆڵەی خۆم دەکردەوە. بەلام عەیبی کار لەوەدابوو کە نەمدەتوانی. بەهەرحاڵ سوێندت بۆ دەخوم ئەو کەسانەی منیان کردە لەیستۆک(*) و کەیفی خۆیان پێ تەخت(*) کردم بەپێچەوانەی فەرمایشتی بەڕێزتان نەتاپۆ بوون و نە جادووگەر بەڵکو کەسانێک بوون وەک خودی ئێمە لە گۆشت وپێست و ئێسقان، ئەو قسەش بەئیمانەوە دەڵێم چون کاتێک منیان هەڵداویشت بەگوێی خۆم دەم بیست کە یەکتریان بانگ دەکرد و هەرکامیان ناوی خۆی هەبوو: یەکیان ناوی «پێدرۆمارتینێز» pedro Martinez بوو. ئەوی تر «تێنۆریۆ فرناندێز» tenerio Fernddes و خاوەنی کاروانسەرا «ژوان پالۆمێک» juan palomeque ی چەپ دەست. کەوابوو ئەی ئەرباب ئەگەر جەنابت نەیتوانیوە لەدیوار وەسەرکەوێ یا لە ئەسپ دابەزێ هۆیەکەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


شتێکی تر بوو نە جادوو و بەڵام ئاکامێکی ڕوون، من لەو هەمووە وەری دەگرم ئەوەیە: ئەو ڕووداوانەی ئێمە بەدوایاندا عەبداڵین لە ئاخریدا وامان سەر لێ دەشێوێنێ کە دەستی ڕاست و چەپی خۆمان نەناسین. بەعەقڵی ناتەواوی من باشترین و عاقلانەترین کارە ئەوەیە ئێستا کە وەرزی دروێنە و خەرمان گەیشتووە، بگەڕێینەوە وڵات و بەجێگەی ئەوە وەک دەڵێن ماڵبەماڵ کۆبەکۆ ئاوارە بین. مل(*) لە کاروکاسبیی خۆمان بنێین.

دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ، تۆ لەمەڕ کاروباری پاڵەوانانی سەرگەردان ئاگاداریت زۆر کەمە! کەوابوو دەنگت دەرنەیە و وسکوت بە! بەیەقین ڕۆژێکدادێ کە تۆ تێ بگەی ئەم شوغڵە چ کارێکی شەریف و گەورەیە. بڵێ بزانم لەدنیادا چ خۆشییەک لەوە باڵاتر و چ حەزێک لەوە شیرینترە کە مرۆڤ لە شەڕدا سەرکەوێ و بەسەر دوژمندا زاڵ بێ. بێگومان هیچ! سانکۆ گوتی: هەرچەند من شتێک لەم بابەتە نازانم، بەڵام ڕەنگە وابێ. تەنیا شتێکی کە دەیزانم ئەوەیە کە لەو زەمانییەوە کە ئێمە و یا لانی کەم حەزرەتی بەڕێزتان پاڵەوانی سەرگەردانن (چون من ڕێم ناکەوێ شانازی هاوشانی ئێوەم هەبێ) بێجگە لە شەڕ دەگەڵ کابرای بێسکاییدا، هەرگیز سەرکەوتوو نەبووین. تازە دەوشەڕیشدا بەڕێزتان نیوەی گۆیجکە و نیوەی کڵاوخوودەکەتان لە دەست دا.

لەو دەمەوە هەمیشە بەشی ئێمە مست و بەدوای ئەودادار، یا ئەوەڵدار و بەدوای ئەودا مست بووە. بەڵام من بێجگە لەوانەش شانازیی سەما و هەڵبەزدابەزی هەوایی دەنێو لێفەشمدا، ئەویش بەدەست چەند کەس جادووگەر، وەدەست کەوتووە کە چون هەرگیز ناتوانم تۆڵەی خۆمیان لێ بستێنمەوە، نازانم لەززەتی زاڵ بوون بەسەر دوژمندا تا کوێیە. دۆن کیشۆت گوتی: بەڵێ ئەوە هەمان دەردە کە من هەستی پێ دەکەم و تۆش ئەگەر لە خۆت نەگۆڕی دەبێ هەستی پێ بکەی. بەڵام لەسەر خۆبە، من لەمەودوا دەفکری وەدەستهێنانی شمشێرێکی ئاودراوەدا(*) دەبم. شمشێریک کە خاوەنەکەی لە هەموو سیحر و جادوویەک ئەمین دەبێ. تەنانەت لەوانەیە تەقدیر هەمان شمشیر بەنسیبی من بکا کە ئامادیس، دەو زەمانیدا کە بەپاڵەوانی «ئاگرین تیغ»[١٤٠] ناوی دەرکردبوو، بەدەستیەوە دەگرت، باشترین شمشێریک کە هیچ پاڵەوانێک دە دنیادا وێنەکەی نەبوو، چون ئەوشمشێرە بێجگە لەو

---

١٤٠- دەڵێن ئامادیسی یۆنان نە «ئامادیسی گۆل» کاتێک لە دایک بوو وێنەی شمشێرێکی لەسەر لەشی بوو کە لەسەر ئەژنۆی چەپیرا تا ڕاستی دڵی کێشرا بوو. ئەم شمشێرە ڕەنگ سوورە وەک ئاگر دەدرەوشاوە و بەو بۆنەوە ناوی ئامادیسی ئاگرین تیغی I' Ardante Epée پێ دراوە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



تایبەتمەندییەی کە من گوتم وەک تیغی سەرتاشەکان تیژ و هیچ چەکێک لەدنیادا، هەرچەند بەهێز و جادووییش بوو بێ، خۆی لەبەر دەمی مەرگهێنەری ئەو شمشێرە ڕانەگرتووە. مەیتەر گوتی: من ئەوەندە بەدبەختم کە ئەگەر ئەم بەختەش ڕوو دەتۆ بکا و ئەو شمشیرەت بکەوێتە دەست، تەنیا بەکاری پاڵەوانێک دێ کە بەڕەسمی گەیشتبێتە پلەی پاڵەوانی، وەک دیتمان شەربەتەکەش هەر وابوو، بەڵام بۆ مەیتەران چیت عەرزکەم... . دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ، لەم بابەتەوە ترست نەبێ، فەلەک دەگەڵ تۆ لەوەی کە هەیە باشتر ڕەفتار دەکا.»

دوو گۆنگەل(*) خواز دەو قسانەدا بوون کە لە ناکاو دۆن کیشۆت دەو ڕێگایەدا کە دەڕۆیشتن هەورێکی لە تۆزوخۆڵ چاو پێ کەوت کە لێیان دەهاتە پێش. دەگەڵ چاوی بەو گێژەڵووکەی تۆزوغوبارە کەوت، ڕووی دە سانکۆ کرد و گوتی: «سانکۆ، ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە تو چارەنووسێکی گەورە بەچاوی خۆت ببینی کە بەختی پیرۆز بەناوی منی لەڕەقەم داوە! دووپاتی دەکەمەوە، ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە باسکی من زۆرتر لە هەر ڕۆژێکی تر هونەری خۆی نیشان بدا. ڕۆژێکە کە من پاڵەوانەتییەکی ئەوتۆ لە خۆم نیشان بدەم کە بۆ پەند وەرگرتن و ئافەرینی دەوران و سەدە و سەردەمان لە دەفتەری ناوبەدەرەوەیی و شانازیی ئەبەدیدا بنووسرێ و ڕابگیرێ. تۆ سانکۆ، ئایا تۆفانی گەردوتۆز و خۆڵ دەبینی؟ ئەو تۆزە لە سپایەکی گەورەی شەڕکەرانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان هەڵدەستێ کە ئەوەتا بەرە و ڕوومان دێنە بەرەوە. سانکۆ گوتی: کەوابوو دەبێ دوو لەشکر بن کە بەرەو ئێمە دێن. چون ئەوەتا لەولایەی تریشەوە تۆفانێکی تر بەرز بووەتەوە.» دۆن کیشۆت بەپەلە ڕووی وەرگێڕا و کە دیتی سانکۆ ڕاست دەڵێ، خۆشحاڵییەکی لەڕادەبەدەر هەموو گیانی داگرت. چون وای بۆچوو کە ئەوا دوو لەشکر بەرەوڕووی یەکتر دێن و لەو دەشتە پان و بەرینەدا بەگژیەکدا دەچن. دەراستیدا چرکەساتێک نەبوو کە خەونی شەڕ و پێکدادان و سیحر و جادوو و ڕووداوی ئەویندارانە و عاشقە و ماشقە و ترەهاتێکی لەم چەشنە کە دە کتێبی پاڵەواناندا هاتووە، دە مێشکی دۆن کیشۆتدا جەولە نەکەن. هەرچی دەیکرد و هەرچی فکری لێ کردباوە هەر ئەو شتانە بوون و نەیدەتوانی بیر لە شتێکی تر بکاتەوە.

ئەم تۆفانی تۆزوخۆڵە کە ئەوان دیتبوویان لە دوو ڕەوە مەڕ هەڵدەستا کە لە دوو شوێنی جیاوازەوە بەرەوڕووی یەک دەهاتن. بەڵام مەڕەکان لەنێو تۆزوخۆڵدا شاردرابوونەوە و تا زۆر وەنزیک نەکەوتن نەناسرانەوە. دۆن کیشۆت وەها بەئیمان و پێداگرییەوە حوکمی ئەوەی دەدا کە ئەوانە دوو لەشکری دژ بەیەکن کە سانکۆش باوەڕی لێ قایم بوو و گوتی: «باشە، ئەرباب ئێستا ئەرکی ئێمە لەو نێوەدا چییە؟ دۆن کیشۆت گوتی: ئەرکی مە چییە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەرکی ئێمە ئەوەیە زەعیف و لێقەوماوان یارمەتی بدەین. بەهەر حاڵ سانکۆ ئەتۆ باشە بزانی کە لەشکری ڕووبەڕوو بەسەرۆکایەتی و فەرماندەیی ئیمپراتوری پایەبەرز عەلی لافزەن فەرمانڕەوای دورگەی گەورەی «تاپرۆیانا»[١٤١] یەو ئەو لەشکرەش لە پشت سەرمانەوە دێ هی دوژمنەکەیەتی کە سوڵتانی قەومی «گارامانت»[١٤٢]ە کە پێی دەڵێن «باسکرووت» و ئەو پاشایەش بەو هۆیە پێی دەڵێن باسکرووت کە هەمیشە دە شەڕەکاندا باسکی خۆی تا شانی هەڵدەکا. سانکۆ پرسی: ئەدی ئەم دوو سوڵتانە شەڕیان لەسەر چییە؟ دۆن کیشۆت گوتی: دوژمنایەتیی ئەم دووانە لەبەر ئەوەیە ئەو عەلی لافزەنە کافرێکی دڵرەشە و عاشقی کچی زۆر جوان و مێهرەبانی سوڵتانی«باسک ڕووت» بووە و چون کچەکە مەسیحییە باوکی نایەوێ بیدا بەو پاشا کافرە. مەگەر ئەوەی کە ئەو پاشایە دەپێشدا دەست لە ئاینی پێغەمبەرە درۆزنەکەی خۆی هەڵبگرێ و بێتە سەر دینی نامزدەکەی. سانکۆ گوتی: بەو ڕدێنە قەسەم حەقی سوڵتانی «باسک ڕووتە» و من تا ئەو جێگەی لە دەستم بێ یارمەتیی دەدەم. دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ تۆ دەبێ بەئەرکی خۆت هەلستی(*) و ئەوەی پێویستە بیکەی چون بۆ بەشدار بوون لەو جۆرە شەڕانەدا مەرجی سەرەکی ئەوە نییە کە مرۆڤ حەتمەن گەیشتبێتە پلەی پاڵەوانی. سانکۆ گوتی: بەڵێ من ئەوە باش دەزانم، بەڵام نازانم کەرەکەم لە کوێ ببەستمەوە تا لێم یەقین بێ پاش ئەو شەڕ و پێکدادانە دەیدۆزمەوە. چون باوەڕ ناکەم ئا ئێستە کەرسوارێک چووبێتە ناو گۆڕەپانی شەڕ و تێک بەزین. دۆن کیشۆت گوتی ڕاستە، بەڵام باشترین کار ئەوەیە کەرت بەرهەڵداکەی تا سەری خۆی هەڵگرێ و بڕوا. دۆزرانەوە یان ون بوونی ئەو کەرە پاش ئەو شەڕە گرینگ نییە. چون پاش ئەوە شەڕە ئەوەندەمان ئەسپ و ماین وەدەست دەکەوێ کە لەوانەیە ڕۆسینانتیش دەگەڵ یەکی تر بگۆڕمەوە. بەڵام جارێ بێدەنگ بەو هەموو هۆش و حەواست لای من بی! من دەمەوێ ئەو پاڵەوانانەی دەوشەڕەدا بەشداری دەکەن، یەک یەک بەتۆ بناسێنم و بۆ ئەوەی ئاسانتر بیانبینی و بیانناسی، وەرە با بچینە سەر هۆو تەپۆڵکەیە، چون لەوێڕا هەموویان بەباشی دەبینین و دەیانناسینەوە.

هەر دووکیان جادەیان بەجێ هێشت و تەپۆڵکەکە هەڵگەڕان و ئەگەر تۆز وخۆڵی ڕەوە مەڕەکان ئەوانی دەخۆیدا ون نەکردبا دەیانتوانی دوو ڕەوە مەڕەکە ببینن کە دۆن کیشۆت بەدوو لەشکریان تێ گەیشتبوو. سەرەنجام دۆن کیشۆت کاتێک ئەوەی بەچاوی نەیدەدیت و

١٤١– Taprotana ناوی جزیرەی سیلان لە قەدیمدا. (لوویی ویاردۆ)

١٤٢– Garumante لە قەومەکانی ئەفریقای ناوەندی. (لوویی ویاردۆ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtn.org

لە بنەڕەتیشدا بوونی نەبوو، لە زەینیدا و دە عالەمی خەیاڵدا دیتی بەدەنگی بەرز دەستی بەقسەکردن کرد و گوتی: «سانکۆ ئەو پاڵەوانە کە دەیبینی چەکی زێڕینی پێوەیە و لەسەر مەتاڵەکەی ڕەسمی شیرێک کێشراوە کە تاجی لەسەرە و خۆی بەسەر پێی کیژێکی جواندا داوە. پاڵەوانی دلاوەر «لۆرکالکۆ» Laurcalco فەرمانڕەوای «سیمین پۆلە» ئەوی تر کە چەکەکەی بەگوڵی زێڕ ڕازاوەتە و لەسەر مەتاڵەکەی سێ تاجی بەڕەنگی زێو لەسەر زەمینەیەکی لاژوەردی(*) نەخش کراوە پاڵەوانی بەهەیبەت و خوێن خۆر «میکۆکۆلامبۆ» Micoco Lambo دووکی(*) گەورەی وڵاتی «کیرۆسی»یە quirooiec، هۆوەیان کە ئەندامی درشت و غوولانەی هەیە و لای ڕاستی دوو پاڵەوانەکەی پێشێ ناوم بردن پاڵەوانی نەترس و بێ باک «براندا باربارەن»Brandbar baran ئەربابی گەورەی سێ وڵاتی عەرەبستانە. زرێی بەدەنی لەپێستی مارە و مەتاڵەکەی لینگە دەرکەی مەعبەدێکە کە دەڵێن سامسۆن بۆ تۆڵە کردنەوە لە فەلەستینیان لە بنەڕەتدا دەری هێنا و قەڵای بەسەردا وێران کردن و گیانی خۆشی لەسەر دانا. ئێستا چاو لەولای تر بکە تا لە شکرەکەی تر ببینی. لەپێشەوە پاڵەوانی هەردەم سەرکەوتوو تیمۆنێل دۆکراک سۆناtimonelde cqrasona شازادەی «بیسکەی نوێ» خەریکە دێ. بەدەنی بەچەک وچۆڵی نەخش چوارگۆش بەڕەنگی لاژوەردی، سەوز و نوقرەیی و تەلایی داپۆشراوە، لەسەر مەتاڵەکەی نەخشی گورپەیەک لەسەر زەمینەیەکی بەڕەنگی شیر کێشراوەتەوە و سێ پیتی «م، ی، و»ی لەسەر نووسراوە کە پیتەکانی سەرەتای ناوی گراوییەکەیەتی. کە وەک نێوبانگی ڕۆیشتووە دەبێ

میۆلینای بێ هاوتا Mioulina کچی دووک د. ئاڵفیگنیکن دۆز ئالگراوێز-Ducd Al fegniquéndes Algraves بێ ئەوی تر کە پشتی ئەسپی خۆشبەزی خۆی دەژێر گوشار و قورسایی هەیکەلی خۆیدا چەماندووەتەوە و لیباسی شەڕی وەک بەفرسپییە و مەتاڵەکەی هیچ نیشانێکی پێوە نییە شاگرد پاڵەوانێکی فەرەنسییە بەناوی «پیرپاپین»[١٤٣] وفەرمانڕەوای باڕۆن نشینی(*) «ئۆترێک»utrique ، ئەوی ئەولاتر کە بەمامزە پانەکانی دەکەلەکەی خاڵ بەڵەکی گۆڕە کەرێک دەکوتێ و لەسەر جلوبەرگی شەڕییشی ڕەسمی پیاڵەی لاژوەردی زۆرە، دووکی پاڵەوانی «نێربی» Nerebie بەناوی «ئیسپارتا فیلار دۆدۆ بۆکاژ»Esparta Filardo du bocaye. نیشانەی ڕەسم کراو لەسەر مەتاڵی ئەم پاڵەوانە

---

١٤٣- Pierre Papin کەسایەتیی ڕاستەقینەی هەیە. ئەو پیاوە فەرانسەوی بوو و دەوروبەری کۆتاییی سەدەی شازدە لە شاری «سیویل» دووکانێکی هەبووە و وەرەقی قوماری تێدا فرۆشتووە. (مۆریس باردۆن)

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەزرایەکی مارچێوەیە(*) و دروشمێکی بەزبانی ئیسپانیانی لەسەرە کە ماناکەی ئەوەیە«با نسیبی من لەهەموو شوێنێک غەنیمەت و دەسکەوت بێ!»

دۆن کیشۆت هەروا ژمارەیەکی زۆری لە پاڵەوانان کە پێی وابوو دەنێۆ ئەو دووسپایەدا دەیانبینێ ناوبرد و بێ ئەوەی شک یا گومانێک دەستی پێ بدا بەکەیفی خۆی بۆ هەرکامەیان ڕەنگی لیباس و نەوعی مەتاڵ و چەک و ناوێکیشی بۆهەریەک لە پاڵەوانان دیاری دەکرد. پاشان بێدەنگ بەدوای قسەکانیدا گوتی:

ئەو فەوجانە(*) کە تۆ ڕووبەڕووی ئێمە دەیانبینی لە نەتەوەی جۆراوجۆر و بێ ئەژمار پێک هاتوون، ئەوەتان ئەو قەومانەی کە لە ئاوە ڕوون و زولاڵەکانی شەتێک تێراو دەبن کە خودایان پێی دەڵێن «گزانت» xanthe و ئادەمیزادەکانیش بە«سکاماندر» scamander ناوی دەبەن. ئەوانەش شەڕکەرانی چیاکانن کە دەشتەکانی «ماسیلین» Massyliens دەژێر پێی ئەسپەکانیاندا دەلەرزێتەوە. لەوێ دلاوەرانێک هەن کە خاکی تێکەڵاو دەگەڵ زێری عەرەبستان بەتالان دەبەن، ئەوانی تریش قەومەکانی لێوارە جوانەکانی شەتی زۆلاڵی «تێرمۆدون»ن termodon ، لەولاتریش هۆزەکانی ترن کە بەهەڵکەندنی هەزار بەند و جۆگە ئاوی ڕووباری «پاکتۆل» Pactole دەگەڵ خیزە زێڕینەکانی دەبەنە سەر مەزراکانی خۆیان. لەولاش عەشایەری «نۆمید» Les Numides دەبینی کە بڕواسست و ئیمان لەرزۆکن و ئیمانێکی قورس و قایمیان نییە. ئەوانە پارسییەکانن کە دەتیرهاویشتن لەدنیادا بەناوبانگن و ئەوانی تریش ماد و ئەشکانین کە دەشەڕ و زەبرلێداندا نموونەیان کەمە: عەرەبەکان بەخێوەتەوە و هۆزەکانی سیت کە دلڕەق و سپی پێستن، حەبەشییەکان کە ئاڵقە دەلیۆیان دەکەن و سەد قەومی تر کە من دەیانبینم و هەموویان بەدەم و چاویاندا دەناسمەوە بەڵام ناویانم لەبیر چووەتەوە. دە لەشکرەکەی تردا ئەوەتا قەومگەلێک دێنە پێش کە لەئاوە ساف وروونەکانی ڕووباری «بێتیس» Bettice بەباغە زەیتوونییەکانی لێوارییەوە تێراو دەبن و ئەوەش بەرە بابێک کە ڕوخساری خۆیان دەشەپۆلانی زۆری شەتی تاژدا دەشۆنەوە. وە قەومگەلێک کە لە ئاوە پڕ بەرەکەتەکانی شەتی ئاسمانیی «ژنیل»Genil بەهرە وەردەگرن و ئەوانەی کە مەزرا و کێڵگەکانی «تارتێزین» Taetesiens بەلەوەڕگا سەوز و زنوێرەکانییەوە ژێر پێ دەکەن و ئەوانەی کە دەمێرگە بەهەشت ئاساکانی «گزرس»داxeris سەرمەست بەدوای یەک دەکەون یاری دەکەن. وە خێلاتی دەوڵەمەندی مانش کە تاجێکیان لە گوڵەگەنمی زێرین بەسەرەوەیە وە ئەوانەی کە سەرتا پا خوار غەرقی ئاسن و پۆلان و تەنیا یادگاری خوێنی پاکی قەومی کەونارای «گوت» Gotns لەسەر ڕووی زەمین. و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

هۆزگەلێک کە دەبەستێنی نەرم و ئارامی ڕووباری پایزۆرگاPlsuerga دا مەلە دەکەن، پاشان ئەوانەی کە دە لەوەڕگا هەراوەکانی دەوردراو دەماریێچی شەتی «گوادیانا» Guddiana ، کە هێشتا بەشەر نەگەیوەتە سەرچاوەکانی، ڕەوە ومێگەل و ڕانە بێ ئەژمارەکانیان دەلەوەڕێنن و قەومگەلێک کە لەمەڕ باساردوسرەکانی دەرەودۆلی چیای پیرنە یا بەفرەسپییەکانی ترۆپک و دوندی ئاپێن هەڵدەلەرزن و سەرەنجام هەموو خێ لوعێل و هۆزەکانی کە ئەورووپا لە داوێنی پڕنفووسی خۆیدا پەروەردەیان دەکا.»

دووپات کردنەوەی ناوی ئەو هەموو وڵات و هەرێمانەی کە دۆن کیشۆت هێنانی و ئەو هەموو قەوم و عەشیرەتانە کە ناوی بردن، بەتایبەتی بەو ڕوونییە سەرسوڕهێنەرە کە دەژێر کارتێکردنی بیرەوەرییەکانی لە کتێبەپڕ لە درۆ و دەلەسەکانەوە، دەواری هەریەک لە لایەنە سەرەتی و سەرەکییەکانیانەوە دەزەینیدا مابوو بەچ کەسێک دەکرێ؟ سانکۆ پانزا هەر ئەوەندەی پێ کرابوو چاوی دەزاری ئەربابی ببڕێ، بێ ئەوەی مەجاڵی وەی بدرێتی قسەیەک بکا. تەنیا جاروبار سەری وەردەسووڕاند تا بزانێ ئەو پاڵەوان و غوول و پیاوخۆرانەی ئەرباب هەژدەرهەژدەر نێویان دەبا دەتوانێ بەچاوی خۆی ببینێ یا نا و چون نەیتوانی هیچ کام لەوانە ببینێ ئاخری تاقەتی نەما و بەدەنگی بەرز هاواری کرد: «ئەرباب بەئیمانم سوێند دەخۆم، ڕەبی بەو لەعنەتەی بم کە خودا کردی لە شەیتان! ئەگەر یەکێک لەو پاڵەوان یا ئادەمیانەی کە تۆ ناویانت برد ببیندرێن. من لانی کەم تاکە یەکێشیانم نەدیت و وای بۆ دەچم ئەوانیش وەک تاپۆکانی شەوی ڕابردوو جادوو بن. دۆن کیشۆت گوتی: «تۆ چۆن قسەی وا دەکەی؟ مەگەر حیلەی ئەسپان و دەنگی شەیپووران و بانگی تەپلان نابیسی؟ سانکۆ گوتی من بێجگە لە بارەباری بەرخ و مەڕ شتێک نابیسم.» و ئەوە تەواو ڕاست بوو چون هەر دووک ڕەوە ئەوەندە نزیک بووبوونەوە کە دەنگیان بەباشی بگاتە گوێ. دۆن کیشۆت دەستی پێ کردەوە و گوتی: سانکۆ ئەوە لەترسانە کە تۆ هەموو شتێک بەپێچەوانە دەبینی و هەر دەنگێک بەعەکسەوە دەبیسی. چونکە یەکێک لە نیشانەکانی ئەو ترسە پەژارەهێنە ئەوەیە کە حەواس و هۆش تێک دەدا و هەر شتێک دەباتە سەر شکڵێکی تر، بەڵام ئەگەر ترسەکەی تۆ تا ئەم ڕادەیە گەورەیە، بڕۆ بەتەنیام جێ بهێڵە، من خۆم بەتەنیا دەتوانم بەزۆری شان و باهۆی خۆم هەر دەستەیەک کە بەهاوارییەو بچم، بیگەیەنمە سەرکەوتن» و هەرکە ئەو قسانەی کرد ڕکێفی هێنا ڕۆسینانت و مامزەی دە کەلەکەی کوتا و نێزەکەی بەباری هێرش کردندا بەدەستەوە گرت و وەک برووسکەی کارەبا لەسەر تەپۆڵکەوە بەرەوداوێن داگەڕا. سانکۆ بەهەموو هێزییەوە هاوار دەکا «کورە ڕاوەستە

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەرباب! کوڕە نەیکەی ئەرباب، قەستەم بەو خودایەی لە ژووری سەرمانە کە تۆ هێرش دەبەیە سەر بزن و مەڕ! بۆخاتری ئەو باوکەی منی هێنا سەر ئەو دنیایە بگەڕێوە! ئاخر بۆ خۆت لەو عالەمەی کەر کردووە؟! ئەوە چ شێتییەکە؟ باش بڕوانە و ببینە نە غوولێک دەکاردایە و نە پاڵەوانێک نە گورپە و نە مارچێوە، نە مەرزا و نە مەتاڵی ڕەنگ لاژوەردی. نە جلوبەرگی شەڕ و نە شتێک! ئاخر بۆ خاتری ئەو خودایە پێم بڵێ تۆ بۆچی دەچی؟

ئەو هەمـوو داد و هاوارە دۆن کیشۆتی نەگێڕاوە. بەپێچەوانە هەروا بەتەرەختەن دەڕۆیشت و بەدەنگی بەرزتر لە داد و هاواری سانکۆ دەیگرماند: ئازابن! هەموو بەشوێن مندا هێرش بکەن تا بەچاوی خۆتان ببینن چلۆن تۆڵەی ئەو لە عەلی لافزەن دەکەمەوە. ئازا بن ئەی ئەو پاڵەوانانەی دە خزمەت ئیمپراتوی «باسک ڕووت»دان. دەگەڵ ئەو قسانە خۆی بەڕانەمەڕدا دەدا و وەها بەڕق و قینەوە بەنیزەی خۆی دەو بەستە زمانانە بەربووبوو کە دەتگوت دەگەڵ ترسناکترین دوژمنانی خۆی بەرەنگاری دەکا. شوانەکان کە ئەو ڕەوەیان لێ دەخوڕی تێی دەخوڕن کە کاری بەو حەیوانە بەستەزمانانە نەبێ، بەڵام چون دیتیان کە قسە و هاواریان سوودێکی نییە، قۆچەقانی بەنیان لە کەمەرکردەو بەخڕکەبەردی بەقەت مست وەریگەڕانێ. دۆن کیشۆت گوێی نەدا ئەو بەردە بارانە و بۆ هەموولایەک هێرشی دەبرد و دەیگوت. «کوای؟ ئەدی تۆ عەلی لافزەنی گەورە لە کوێی؟ ئەگەر پیاوی وەرە شەڕی من! من تەنیا پاڵەوانێکم کە دەمەوێ دە شەڕێکی تەن بەتەندا زۆری باسکی تۆ تاقی کەمەوە و بەتۆڵەی دەردیسەرییەک کە بۆ ئیمپراتووی دلاوەر «باسک رووت» پێکت هێناوە تۆ بنێرمە دەرەک و حەیاتت لێ ببڕم! دەو ئانەدا خڕکە بەردێکی بەستێنی چۆمی وە قەبرغەی دۆن کیشۆت کەوت و دوو دەندەی بردە ناوزگی. ئەو بەوزەربەتە خۆی لە مردن نزیک دەبینێ یا پێی وا دەبێ زۆر خراپ بریندار بووە و چون دەستبەجێ وەبیر شەربەتەکەی دەکەوێتەوە؛ زەرفەکەی دەر دەکێشێ و لە مەعجوونە کە دەخواتەوە. بەڵام پێش ئەوەی بەبارستای پێویست بخواتەوە خڕکە بەردێکی تر بەهاشەهاش دەگاتێ و وەدەستی دەکەوێ و ئەوەندەش بەتوندی وێ دەکەوێ کە زەرفی شەربەتەکە دەشکێنێ و کوتەکانی دووقامکی دۆن کیشۆت بریندار دەکەن و سێ چوار ددانیشی لە دەمی دەردەپەڕێنن. توندی زەبری یەکەم و دووەم وەها بەقەو بوون کە پاڵەوانی بێ چارە خوی پێ ڕانەگیرا و لە ماڵی زین کەوتە خوارەوە. شوانەکان لێی نزیک بوونەوە بەڵام چون پێیانوابوو کوژراوە زۆر زوو ڕەوەی بڵاویان کۆ کردەوە کەلاکی شەش حەوت مەڕە کوژراوەکانیان بەکۆڵیاندا دا و بێ ئەوەی لە شتێک بکۆڵنەوە تێیان تەقاند و ڕۆیشتن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

سانکۆ لە درێژایی ئەم ماوەیەدا لەسەر تەپۆڵکەکە مابووەوە لەوێوە چاوی لەشێت بازییەکانی ئەربابی دەکرد و پۆل پۆل ڕدێنی خۆی هەڵدەکەند و لەوەی کە تەقدیری شووم ڕەگەڵ ئەو شێتەی خستووە نەفرینی بۆ زەمین و زەمان دەنارد. ئاخری کاتێک دیتی ئەربابەکەی لە ئەسپەکەی کەوتە خوارەوە و شوانیش ڕۆیشتبوون لە تەپکەکە هاتە خوار و ڕۆیشتە بن سەری. ئەرباب هەر چەند لە هۆش نەچووبوو، بەڵام حاڵ و ڕۆژێکی زۆر خراپی هەبوو. پێی گوت: «باشە، ئەرباب دۆن کیشۆت ئاخر پێم نەگوتی وەگەڕێ؟ عەرزم نەکردی تۆ بەگژ ڕەوەی مەڕداهاتووی و دوژمنێک لەئارادا نییە؟ دۆن کیشۆت، گوتی دیسان ئەو حەکیمە سیحربازە ناجسنە کە دوژمنی منە هەموو شتی گۆڕێ و بەشکڵێلی تری هێنانە بەرچاو! چون ئەی سانکۆ تۆ دەبێ بزانی کە بۆ ئەم جۆرە کەسانە زۆر ئاسانە کە هەر شتێک بەکەیفی خۆیان بگۆڕن و بەشکڵێکی دەربێنن کە خۆیان دەیانەوێ. ئەم جادووگەرە فێڵبازەش کە دایم بەدوای ئازاردانی منەوەیە، چون بەسەرکەوتنی گەورەی من کە دەیزانی دەو شەڕەدا وەدەست من دەکەوێ حەسوودیی دەبرد فەوجی سەربازەکانی لێ گۆڕیم و کردنی بەمێگەلە مەڕ. دەنا ئەگەر باوەڕناکەی، تۆ گیانی من، ئەو کارەی پێت دەڵێم بیکە. یانی بۆ ئەوەی لە بەهەڵە چوون ڕزگار بی و بزانی کە من ڕاست دەکەم، سواری کەرەکەت بە و بێ ئەوەی خۆت ڕەنگ دز بکەی بەدوایاندا برۆ تا ببینی ئەوانە هەر کە هێندێک لێرە دوور کەوتنەوە لە شکڵی مەڕ دێنەوە دەر و دێنەوە سەر شکڵی سروشتیی خۆیان و دەبنەوە مرۆڤی تەواو عەیار کە من لە پێشدا بۆم باس کردبووی. بەڵام پێویست ناکا جارێ من کارم زۆر پێتە. وەرە پێشتربزانە چەند ددانم نەماوە. چون بۆ خۆم پێم وایە ئەوی پێی بڵێن ددان دەزارمدا نەماوە.» سانکۆ لە ئەربابی نزیک بووەوە، ئەوەندە نزیک کە دەتگوت هەر دووک چاوی دەگەرووی ڕۆ کردووە. ئەزقەزا هەر لەوکاتەدا بوو کە شەربەت کاری خۆی دەگەدەی دۆن کیشۆتدا کردبوو و دەو ساتەدا کە سانکۆ دەیویست بەوردی ددانەکانی ئەرباب چاو لێ بکا، حاڵی پاڵەوان تێک چوو و بەتەوژمێک کە تفەنگی سەرپڕیش پێی ناکرێ هەرچی دەگەدەیدا بوو بەرِدێنی مەیتەری دڵسۆزیدا کرد. هاواری سانکۆ بەرز بووەوە کە دەیگوت: «یا حەزرەتی مریەم! چ بەلایەکم بەسەرهات! بیگۆمان ئەم تاوانبارە برینەکەی زۆر کارییە کەوا خوێن دەڕشێتەوە.» بەڵام کاتێک لە نزیکەوە چاوی لەو پیس و پۆخلییە کرد لەرەنگ و بۆن و تامیرا لێی حاڵی بوو کە ئەوە خوێن نییە و هەمان شەربەتە پیسەکەیە کە دەزەرفی حەڵەبیدا بوو. وە خۆیشی دیتبووی کە دۆن کیشۆت بۆ لای زاری خۆی بردووە. ئەوجار نۆبەی سانکۆ بوو حاڵی تێک بچێ! ڕشانەوەیەکی وەها دەستی پێ دا کە ئەویش هەرچی لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەوت ساڵ لەمەو پێشەوە خواردبووی هێنایەوە و بەسەرووڕیشی ئەربابیدا کرد و هەردووکیان وایان لێ هاتبوو سەربەقوڕ پێیان پێ دەکەنی.

سانکۆ بۆ لای کەرەکەی بەغاردان چوو تا کوتە پەرۆیەک بۆ خاوێن کردنەوەی خۆی و بەستنی برینەکانی ئەرباب بێنێ بەڵام کە زانیی خورجێن نەماوە چی وای نەمابوو لەهۆش بچێ. ناچار ئەوجاریش هەزار جنێوی بەخۆی و جەدد و ئابادی خۆی دا و لە ناخی دڵەوە لێ بڕا کە لە ئەربابەکەی دەست هەڵبگرێ و بگەڕێتەوە وڵات. تەنانەت ئەگەر ناچار بێ لەماف و حقوقی خۆی و هیوا وهومێدی دوڕگەی چەند جار وەعدە پێ دراوی، سەرفی نەزەر بکا. دەوساتەدا دۆن کیشۆت لە جێی خۆی ڕاست بووەوە و لە حاڵێکدا بەدەستی چەپ شەویلاکەی خۆی مەحکەم گرتبوو تا باقی ددانەکانیشی هەڵنەوەرن، و بەدەستی ڕاست جڵەوی ڕۆسینانتی گرت، کە ئەوەندە خزمەتکارێکی نەجیبو باوەفا بوو لە تەنیشت ئەربابیی خۆی نەبزووتبوو. پاشان ڕۆیشتە لای سانکۆ کەسینگی خۆی هاویشتبووە سەر پشتی کەرەکەی و دەم و چاوی خوی دەنێو دەستەکانی گرتبوو و قیافەی کەسێکی هەبوو کە تێک ڕووخابێ.

دۆن کیشۆت کاتێک وەزعی پەژارەهێن و نیشانەی غەم و کەسەرێکی قووڵی دەسانکۆدا بەدی کرد، پێی گوت: «ئەی سانکۆ، بزانە کە هیچ پیاوێک جیاوازیی دەگەڵ پیاوێکی تر نییە، مەگەر ئەوەی کاری گەورەتر لە ئەوانی تر بکا. ئەو هەموو تۆفانە دە ئێمە هالاو هەڵی سووڕاندین نیشانەیەکە لەوە: ئەو ڕۆژگارە ژەهراوییە تاڵە ڕادەبرێ و دووبارە تووشی ژیانێکی شەکراوی دەبینەوە. چون مومکین نییە چاکی و خراپی هەمیشە پایەدار وەمێنن و لێرەوە بەم ئاکامە دەگەین کە چۆن دەورانی ناهومێدی زۆری خایاندووە. ناچار ڕۆژانی خۆشی دەبێ نیزیک بووبنەوە. بێجگە لەوەش تۆ نابێ لەو بەدبەختییانەی بەسەر من دێن زۆر خۆت نارەحەت بکەی، چون لە ئێش و ئازای من شتێک بەرتۆ ناکەوێ. سانکۆ گوتی: «قەت وامەفەرموو! ئەدی ئەوەی دوێنی دەلێفەدا چەقڵە سەمایان پێ دەکرد، کوڕی باوکی من نەبوو؟ و خورجێنێک کە ئەمڕۆ بەهەموو شتێکەوە ون بووە هی من نەبوو؟ دۆن کیشۆت بەسۆز و دەردەو گوتی: چون؟ مەگەر خورجێنەکەت دیار نییە؟ سانکۆ گوتی: «نەخێر، دیار نییە.» دۆن کیشۆت گوتی: «بەو حیسابەئەمڕۆ شتێکمان نییە بیخۆین. سانکۆ گوتی: «بەڵێ ڕاستە. مەگەر ئەوەی کە لە مێرگەکاندا بەو گیایانە کە بەڕێزتان دەڵێن باشیان دەناسییەوە پاڵەوانانێکی سەرگەردانی سەر لێشێواوی وەک تۆ بەپێی عادەت دەو جۆرە لێقەوماوییانەدا لەوان دەخۆن، خۆمان تێر بکەین. دۆن کیشۆت گوتی: بەو حاڵەشەوە من لەم وەخت و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەعاتەدا کولێرەیەک نانی بەیات و دوو کەللەماسی بەهەزار گیاوگوڵی جۆراجۆر کە دەکتێبی دیۆسکۆریددا باسیان لێ کراوە ناگۆڕمەوە کە دوکتۆر لاگۆناش تەفسیر و لێکدانەوەی لەسەر نووسیون. بەڵام ئەی سانکۆی عەزیز و میهرەبان هەستە سواری کەرت بەو بەدوامدا وەرە. خوادیەک کە ڕسق و ڕۆزیی هەموو جانەوەران دەدا لە ئێمەی عەبدی خۆی کە بەدڵ و گیان عیبادەتی دەکەین لەکەرەمی خۆی بێ بەش ناکا. چون ئەو، نە لەومێش و مێشوولانەی دە حەوادان غافڵە و نە لەو کرمە بێ قابیلەتانەی ژێر خاک و نە جرۆجانەوەری نێو ئاو. ئەو، ئەوەندە کەریم و ڕەحیمە کە خۆرەتاوی خۆی بەسەر پیاوچاکان و پیاوخراپاندا وەک یەک دادەڕێژێ و بارانی ڕەحمەتی خۆی بەسەر زاڵم و عادڵدا یەکسان دەبارێنێ. سانکۆ گوتی ئەرباب ئەتۆ بۆ مەوعیزە کردن باشتری تا بۆ پاڵەوانەتی.دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ، پاڵەوانانی سەرگەردان هەموو شتیان دەزانی. و دەبێ بشزانن بۆ نموونە یەکێک لەوانە دەسەدەکانی ڕابردوودا لەسەر شارێکان ڕادەوەستا و مەوعیزەی وای دەکرد کە دەتگوت بڕوانامەی خۆی لە زانکۆی پاریس وەرگرتووە. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە، ئەوەندە بەسە کە شمشیر هیچ کات قەڵەمی کول نەکردووەو و قەڵەمیش هیچ کات لە تیژیی شمشیری کەم نەکردووەتەوە. سانکۆ گوتی: زۆر باشە هیوادارم خودا بەدڵی حەزرەتی بەڕێزتان بکا. جارێ با بڕۆین بەڵکو جێگایەکمان بۆ حەسانەوەی شەو دەست کەوێ. بەڵام خوابکا تووشی جێیەک بین کە نە لە سەرمای سەر لێفە و نە لە سەما پێ کەران هەواڵێک نەبێ. نە لە تاپۆکان و نە لە عەرەبی جادوو. چون ئەگەر ئەوانەی لێ بێ من لە خێروبێری دەگوزەرێم.

دۆن کیشۆت گوتی: «کوڕم. شوکری خودای بکە و بۆ هەرجێیەک خۆت پێت باشە بمانبە. من دەمەوێ ئەمجارە هەڵبژاردنی شوێنی مانەوە بەتۆ بێ. بەڵام پێش هەر شتێک دەستت بدە بەمن و بەقامکت موعاینەیەکی بکە بزانە لە شەویلکەی ڕاستم بەشی سەرەوە چەند ددان کەم بووەتەوە. چون لەو بەشەدا زۆرتر لە هەموو جێیەک هەست بەئێش و ئازار دەکەم.

سانکۆ دەستی دەزاری دۆن کیشۆت ڕاکرد، پاش ئەوە دەستی بەسەر و خواری شەویلاکەیدا گێڕا، پرسی: «دەپێشدا لەو لایە چەند ددانت هەبوو؟ بێجگە لە ددانەکانی پێشەوەی سەرەوەم، چوار خلێنەی ساغ و سلامەتم هەبوو. سانکۆ گوتی: ئەرباب لەوەیدا کە دەیفەرمووی زۆر وردبەوە. دۆن کیشۆت گوتی: دەڵێم چوار یا تەنانەت پێنج؛ چون من دە تەواوی تەمەنمدا هیچ ددانم نەکێشاوە. هیچ کاتیش نە بەهۆی کرمێ بوون یا دووچاری

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

نەخۆشیی بەڵغەم بوون، ددانێکم نەکەوتووە. سانکۆ گوتی: «زۆر باشە کەوابوو حەزرەتی بەڕێزتان لە شەویلکەی خوارەوەتاندا دوو ددان و لەتکێک زۆرترتان نییە. بەڵام لەشەویلکەی سەرەوەدا نە نیوە ددان نە ددانێکی تەواو نابیندرێ و وەک بەری دەست ساف و لووسە.»
دۆن کیشۆت لەو هەواڵە ناخۆشەی کە مەیتەری پێی دا ناڵاندی و گوتی: «وای خاکم بەسەر کە چەندە چارەڕەشم! من پێم خۆشتر بوو کە باسکێکم پەڕیبا، بەمەرجێ باسکی شمشیر وەشاندنم نەبا و ددانەکانم مابایەن. چون سانکۆ ئەتو دەبێ ئەوە بزانی کە زاری بێ ددان وەک ئاشی بێ بەرداش وایە و ددانێک لە هەزار ئەڵماس بەکەڵکترە. بەڵام چ دەکرێ، ئەوانە بەشێک لەو نامرادی و چارەڕەشییانەن کە ئێمە پاڵەوانانی سەرگەردان کە ئەو شۆغڵە شەریفەمان ڕەچاو کردووە، تووشیان دەبین. ئێستا فەرموو سواری کەرت بەو ئێمە ڕێنوێنی بکە. من هەنگاو بەهەنگاو بەدواتدا دێم.»

سانکۆ بەفەرمانی ئەرباب هەستا و ڕووی دە لایەک کرد کە هیوادار بوو مزڵێک بۆ حەسانەوەی شەو لەوێدا بدۆزێتەوە. بەڵام زۆر لەو شاڕێیەی بەوێدا تێ کشابوو و هاتوچۆی زۆر لەسەر بوو دوور نەکەوتەوە. بەڵێ جا هەروا کە هەر دووکیان بەشوێن یەکدیدا سەبرۆکە سەبرۆکە دەڕۆیشتن، چون ئیش و ئازای شەویلاکەی دۆن کیشۆت ئاراو قاری لێ هەڵگرتبوو، سانکۆ بۆ ئەوەی هێندێک لەو ئێش و ئازارە کەم کاتەوە و بەگێڕانەوەی نەقڵێک بیخا فلێنێ، ئەوەی بۆ گێڕاوە کە دەبەشی دواییدا دەیخوێننەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٩

## لەمەڕ وتووێژی فێڵ بازانەی سانکۆ دەگەڵ ئەرباب و ڕووداوێک کە دەگەڵ جەنازەیەک بەسەر دۆن کیشۆت هات و باقیی ڕووداوە ئاساییەکان

سانکۆ گوتی: «ئەی ئەرباب! بەبڕوای من تەواوی ئەو بەدبەختییانەی دە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەسەر ئێمە هاتوو دەبێ کەفارەی(*) گوناهێک بێ کە جەنابت دژی یاسا و ئاینی پاڵەوانی ئەنجامت داوە و لە بەشێک لەو ئاینە سەرپێچیت کردووە کە باست کردبوو، ئەویش ئەوەیە کە دەست بۆ سفرە درێژ نەکەی و دەگەڵ شاژن دڵداری نەکەی و بەکاروباری لەو چەشنە هەڵنەستی، مەگەر ئەو ڕۆژەی کە کڵاوخوودی ئەو کابرا عەرەبەکە نازانم ناوی «مالاندێرن»ە یا شتێکی تر (ناوەکەیم باش لەبیر نەماوە) وەدەست بێنی. دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ، ئەلحەق، حەق بەتۆیە، بەڵام ئەگەر ڕاستت دەوێ من ئەم سوێندەم لەبیر چووبووەوە. ئەتۆش ئەوەت لەبیر بێ کە ڕووداوی سەمای سەرلێفە، کە بەسەر تۆ هات کەفارەی ئەو گوناهە بوو کە تۆ بەوەخت ئەم مەبەستەت وەبیر من نەخستەوە. بەڵام من خەتای خۆم قەرەبوو دەکەمەوە، چون دە ئاینی پاڵەوانیدا ڕێوشوێنێک بۆ کەفارەی هەر گوناهێک داندراوە. سانکۆ گوتی: ئەمن بۆ؟ مەگەر من سوێندم خواردبوو؟ دۆن کیشۆت گوتی: سوێندیشت نەخواردبێ گرینگ نییە، هەر ئەوەندە بەسە کە تۆ بەخاتری هاودەستی دەگەڵ من دەئەماندا نی. کەوابوو خەتات کردبێ و نەکردبێ، باشتر ئەوەیە هەر دووکمان کەفارە بدەین. سانکۆ گوتی: جا ئێستا کە وای لێ هات بەڕێزتان ئاگاداری خۆتان بن کە ئەم نەزرەش وەک نەرزی پێشوو، فەرامۆش نەفەرمووی. چون لەوانەیە تاپۆکان دیسان هەوەس بکەن، بێنەوە جەستەم و تەنانەت جەنابیشت عەزیەت بکەن.»

دەگەڵ ئەو قسەوباسانە شەو داهات و ئەو دووە بێ ئەوەی گەیشتبنە جێگایەک، یا شوێنی حەسانەوەیەکیان دابین کردبێ دە ڕێدا مابوونەوە. خراپتر لە هەمووی ئەوە بوو کە هەر دووکیان لە برسان هێزیان دەبەردا نەمابوو چون هەرچی ئازووقەی هەیان بوو دەگەڵ خورجێنەکە لەدەست چووبوو، بۆ تەکمیل بوونی بەدبەختی ڕووداوێکی تریان بەسەرهات کە ئەوجار بەتەواوی و بەڕاستی دەکرا نێوی بەدبەختی لەسەر دابنێی. شەو داهاتبوو، هەواش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆر تاریک بوو، بەو حاڵەشەوە هەر دووک هەروا ملی ڕێیان گرتبوو، چون سانکۆ پێی وابوو دە ئاخریدا پاش یەک دوو فرسەخی تر لەسەر شارێ دەگەنە کاروانسەرایەک. بەڵێ، لەم وەختەدا کە دەوشەوە ئەنگوستە چاوەدا بەرێدا دەرۆیشتن مەیتەر لەبرسان لە حاڵی مردندا بوو. ئەربابیش لە هەمیشە زۆرتر ئیشتیای خواردنی بزووتبوو. لە ناکاو لەسەر ڕێگا چاویان بەژمارەیەکی زۆر چرا کەوت کە وەک ئەستێرەی گەڕۆک دەهاتنە بەرچاو. لە دیتنی ئەم دیمەنە سانکۆ دەست و پێی خۆی ون کرد و دۆن کیشۆتیش مچوڕکی پێدا هات. یەکیان هەوساری کەر و ئەوی دی جڵەوی ئەسپیان کێشا و هەر دووک وشک هەلاتبوون و بەسەرنجەوە چاویان دە چراکان بڕیبوو تا بزانن چ باسە. هەر دووک دیتیان کە چراکان ڕاست بۆ لای ئەوان دێن و هەتا نزیکتریش دەبنەوە گەورەتر دێنە بەرچاو.

تەواوی ئەندامی لەشی سانکۆ وەک مێژۆکە(*) دەستی کرد بەلەرزین و مووی کەللەی دۆن کیشۆتیش وەک بزمار ڕاست بووبوونەوە، بەو حاڵەشەوە پاڵەوان هێندێک وە هەیەجان هات و گوتی: «سانکۆ، بێگومان ڕووداوێکی گرینگ هاتووەتەپێش و من دەبێ تەواوی زۆر و ئازایەتیی خۆم نیشان بدەم. سانکۆ گوتی: ئەی بەدبەخت خۆم! ئەگەر ئەوجاریش دەگەڵ تاپۆ و مۆتە تێ بکەوین و پێشم وایە هەروا دەبێ، نازانم دەندە و گردەملی(*) زیادی لە کۆی بێنم کە بەرگە بگرم؟ دۆن کیشۆت گوتی: ئەگەر تاپۆش بن ناهێلم،موویەک لە کەواکەت بکەنەوە. ئەگەر جاری پێشوو تاپۆکان توانییان ئازارت بدەن لەبەر ئەوە بوو کەمن نەمتوانی لە دیواری تەویلەوە خۆم فڕێ بدەم. بەڵام ئێستا دەو دەشتە سافەدا ڕاوەستاوین و من دەتوانم بەدڵخوازی خۆم، شمشیر هەڵسووڕێنم. سانکۆ گوتی: «ئەی ئەگەر وەک جاری پێشوو جادووت بکەن و ئەندامەکانت لە جووڵە بخەن، ئەودەم دەشتی پانوبەرین بەکاری من چی دێ؟ دۆن کیشۆت گوتی: بەهەر حاڵ سانکۆ«من تکات لێ دەکەم هێندە خوێڕی مەبە، هێندێک ورەت بەرزکەوە، دەیبینی کە ئازایەتیی من لە چ ڕادەیەکدایە. سانکۆ گوتی: «زور باشە خوا یاربێ ئازا دەبم.» و هەر دووکیان هێندێک لە ڕێگا کە کەنار بوون و بەسەرنجەوە چاویان دەچرا کان بڕی بۆ ئەوەی بزانن چییە.

زۆری پێ نەچوو کە چاویان بەپۆلە پیاوێک کەوت کە جلوبەرگی سپییان دەبەردا بوو[١٤٤] و ئەو دیمەنە ترسێنەرە وەهای سانکۆ زراوتۆقین کرد کە هەروەک ئەوانەی نۆبەتی و یاویان دێتێ، ددانی ددانی نەدەگرت. بەڵام ترسی سانکۆ و تەقەتەقی ددانەکانی کاتێک گەیشتە

١٤٤- دەبێ بزانین کە دەوان ڕۆژاندا سەربازانی هێرشبەر لە کاتی هێرشی شەوانەدا کراسی سپییان دەبەر کردووە تا لە تاریکی شەودا یەکتر بناسنەوە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوپەڕی خۆی کە هەردووکیان بەباشی لە وەزعەکە حاڵی بوون. ڕوون بووەوە کە تاقمێک لانی کەم بیست کەس کراسیان دەبەردایە و مەشخەڵیان بەدەستەوەیە و لەپشت سەریانەوە تەختێکی ڕەوان کە پارچەیەکی ڕەشی تازیەباریی بەسەر کێشرابوو، بەڕێوە بوون. لە پشت تابووتەکەوە شەش سوار دەهاتن کە تا سەر چوارپەلی ئەو ئێسترانەی سواریان بووبوون بەرگی ڕەشیان پۆشیبوو. چون لە ڕەفتاری ئارام و بێ هەڵبەزدابەزیانڕا دیار بوو کە ئەسپ نین. ئەو تاپۆ سپی پۆشانە لە ژێر لێو، بەدەنگێکی ئارام و دڵسووتێن ورتەورتێکی نامەعلوومیان زەمزەمە دەکرد و بەرەوپێش دەهاتن.

ئەو دیمەنە سەیرە دەوەها سەعاتێک و وەها شوێنێکدا بۆ ئەوە بەس بوو کە ترس و هەراس بخاتە دڵی سانکۆ و تەنانەت ئەربابەکەشی، باوەکو لەو حاڵەتەدا سانکۆ تەواو خۆی دۆڕاندبوو، بەپێچەوانەی ئەو ئەرباب دۆن کیشۆت وە غیرەت کەوت. چون دیسان شێتییەکەی گوڵی کرد و وای لێ کداوە کە دەگەڵ ڕووداوێکی پاڵەوانی ڕووبەڕوو بووەتەوە. وای تێ گەیشت کە ئەم تابووتە تەرمی پاڵەوانێکی کوژراو، یا زۆر بریندار تێدایە و دەستی تەقدیر تۆڵە کردنەوەی ئەو کوژراوەی تەنیا بەدەستی ئەو ئەسپاردووە. پاش ئەو بووچوونە، خۆی لەسەر خانی زین قیت ڕادەگرێ، نێزەکەی بەباری هێرش بردندا بەرەوپێش ئاراستەی دوژمن دەکا و بەمتمانەیەکی زۆرەوە نێوەڕاستی ڕێگا دەگرێ کە سپی پۆشەکان دەبوو پێیدا تێ پەڕن و هەرکە ئەوانی دیت کە نزیک دەبنەوە بەدەنگێکی ترسێنەر بەسەریاندا گوڕاندی کە «ڕاوەستن ئەی پاڵەوانان، ڕاوەستن!، هەرکەس هەن ڕاوەستن و بەمن بڵێن چ کارەن چ کەسن، لە کوێوە دێن، بۆ کوێ دەچن و ئەوەی لەسەر ئەم تەختی ڕەوانە دەیبەن چییە؟ لە ڕواڵەتی کار وا دەردەکەوێ کە یا خودی ئێوە خەتایەکتان کردووە یا کەسانێک دەگەڵ ئێوە خراپ هەلسوکەوتیان کردووە، خەتابارن. کەوابوو چ بۆسزادانی ئێوە بەتاوانی کارێکی خراپ کە کردووتانەو چ بۆ وەرگرتنی تۆڵەتان لەوانەی زۆڵمیان لە ئێوە کردووە دەبێ لە هەمووشت ئاگادار ببمەوە. یەکێک لە کراس لەبەرەکان گوتی: «ئێمە بەپەلەین، کاروانسەراش دوورە. کاتی ئەوەمان نییە وەڵامی هەموو پرسیارێکی تۆ بدەینەوە.» ئەوەی گوت و دەئێسترەکەی ڕاخوڕی تا تێ پەڕێ و بڕوا، بەڵام دۆن کیشۆت هەوساری ئێستری گرت و گوتی: پێت دەڵێم ڕاوەستە و بەئەدەبتریش بە» یا جوابی پرسیارەکانم بدەنەوە یا خۆتان بۆ شەڕ ئامادە کەن، دەگەڵ هەمووتان بەشەڕ دێم.» ئێستری کابرا زۆر ڕەوەک و سەرکێش بوو، دەوئانەدا سڵەمییەوە بەپشتدا کەوتە عەرزی و سوارەکەشی وەبن خۆی دا. یەکێک لە نۆکەران کە پیادە بوو کاتێک ئەربابی خۆی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوحاڵەتەدا دیت دەستی کرد بەجنێودان بەدۆن کیشۆت و ئەویش کە ئاگری تووڕەیی و ڕقی گڕی گرتبوو، نێزەکەی داهێنایە و بێ ئەوەی درەنگێک بکا هێرشی بردە سەر یەکێک لە سوارە ڕەشپۆشەکان و بەیەک زەبری کاری، لەپشت ئێسترەوە خستیە سەر زەوی. پاشان هێرشی بردە سەر هەموو سوارەکان و بەڕاستیش دەبایە بێیە سەیری پاڵەوان کە چۆن بەئازایەتییەکی بێ وێنەوە هێرشی دەبرد و یەک بەدوای یەکدا دەیخستنە خوارەوە. ڕۆسینانتیش دەو مەعرەکەیدا وەها تیژ و چابوک هەڵدەسووڕا کە دەتگوت باڵی لێ ڕواوە.

هەمووی ئەو سپی پۆشانە بێ ئازار و بێ چەک بوون. لەبەر ئەوە هەر بەزەبرەکانی سەرەتای هێرشەکە هەریەکەی بەلایەکدا پشتیان کردەوە و هەڵاتن و بەمەشخەڵەوە ڕوویان دە بیابان کرد و هەر کەس دەو حاڵەدا دیتبانی ئەوانی دەگەڵ ئەو نیقابدارانەی دەشەوی کارناواڵدا هەڵدێن لێ تێک دەچوو و بەڵام ڕەش پۆشەکان وەها دەگەڵ جلوبەرگ و ئاتەگ و داوێنی درێژی خۆیان لێک هالابوون کە نەیاندەتوانی بجووڵێنەوە. لەبەر ئەوە دۆن کیشۆت توانیی بیانکوتێ و هەموویان تارومار(*) بکاو بەموفتە ببێتە تاقە پاڵەوانی مەیدان، ڕێبوارەکان لایان وابوو ئەوە خودی ئیبلیسە لە دۆزەخ دەرباز بووە و سەر ڕێی پێ گرتوون و دەیەوێ جەنازەکەیان لە دەست دەربینێ. دەو کاتەدا سانکۆ تەواوی ئەو ڕووداونەی بەچاوی خۆی دەدیت و ئافەرینی بۆ ئازایەتیی ئەربابی خۆی دەنارد و لە بن لێویدا زەمزەمەی دەکرد کە بەڕاستی ئەو ئەربابەبە هەمان ئەندازە کە خۆی دەڵێ ئازا و نەترسە.

لە نزیک یەکەم سوار کە ئێستری بەسەردا کەوتبوو مەشخەلێک کەوتبووە سەر زەوی کە هێشتا هەر دایسا و نەکوژابووەوە. دۆن کیشۆت کاتێک لەبەر ڕووناکایی مەشخەڵەکە کابرای دیت نێزەی لەسەر گەرووی دانا و هاواری کرد یا تەسلیم بەیا دەتکوژم. کابرای وەعەرزکەوتوو گوتی: «من تەسلیمی تەسلیمم! چون ناتوانم ببزووم، لاشم وایە کە قاچم شکاوە. بەڵام ئەگەر حەزرەتی جەنابتان مەسیحییەکی ئازادە و مەردورەندی تکات لێ دەکەم ئەمن مەکوژە. کوشتنی من گوناهێکی گەورەیە چون من بڕوانامەی زانستە ئاینییەکان و ئیزنی (ئیجتیهادم) وەرگرتووە. دۆن کیشۆت گوتی: جا ئەگەر تۆ پیاوێکی ڕۆحانیت کام شەیتان فریوی داون و هێناونییەتە ئێرە؟

کەشیش گوتی: «بەفریوی کام شەیتان! بەفریوی بەختی ڕەشی خۆمان! دۆن کیشۆت گوتی «باشە ئەگەر جوابی پرسیارەکانی تریشم نەدەنەوە بەدبەختییەکی گەورەتر چاوەڕوانیتان دەکات. کەشیش گوتی: تۆ هەرچی بفەرمووی من وا دەکەم. بەڵام دەپێشدا دەبێ بەعەرزی خزمەتی بەڕێزتان ڕابگەیەنم کە ئەگەرچی گوتم «لیسانسی»(*)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarr.org

(بەکالویوس)ی دەورەی زانستە دینییەکانم وەرگرتووە بەڵام تەنیا «دیپلۆمە»م هەیە. ناوم «ئالۆنزۆلۆپێز» Alonzolopez و زێدم «ئالکۆواندیس»ە لە شاری «بائێزا» Baéza دەگەڵ یازدە کەشیشی تر وەڕێ کەوتووم. هەر ئەوانەی کە مەشخەڵ بەدەست هەڵدەهاتن، ئێمە هەمووومان بۆ بەڕێکردنی جەنازەیەک کە دەو تابووتەیان ناوە دەچینە «سەگۆوی» ئەم جەنازەش تەرمی نەجیب زادەیەکی خەڵکی بائیزایە کە لەوێ کۆچبار(*) بووە و ماوەیەک لەوێ ئەسپەردەی خاک کرابوو، بەڵام وەک عەرزم کردی ئێستا ئێسک و پرووسکی دەبەینەوە سەگۆی کە مەغبەرەی بنەماڵەیان لەوێیە. دۆن کیشۆت پرسی: قاتلی ئەو کییە؟ کەشیش گوتی: قاتڵەکەی خودایە؟ کە بەیاوێکی توند گیانی لێ ئەستاندەوە. دۆن کیشۆت گوتی کەوابوو خوداوەند منی لە زەحمەتی تۆڵە وەرگرتنەوەی ئەو خوالێخۆشبووە مەعارف فەرمووە، بەڵێ ئێستا کە ئەو وێکەوتووی دەستی باری تەعالایە، بێجگە لەوەی لێوم بدرووم و سەردابخەم چارەیەکم نییە. بەڵام دەمەوێ بەعەرزی جەنابی بەڕێزتان بگەیەنم کە من یەکێک لە پاڵەوانانی مانشم و ناوم دۆن کیشۆتە و شوغڵی من ئەوەیە دە چوار قوڕنەی دنیادا بگەڕێم و تۆڵەی مەزلووم لە زاڵم بکەمەوە و، بێدادگەرییەکان قەرەبوو بکەمەوە. کەشیش گوتی: من دروست نازانم مەبەستی تۆ لە لابردنی زوڵم و ستەم چییە، بەڵام دەزانم من پیاوێکی ڕەشید و ساغ و سلامەت بووم و تۆ نەقوستانت کردم و لاقێکت شکاندم، کە ڕەنگە تا ماوم تازە ئەو لاقەم ڕاست نەبێتەوە. هەروەها ئەو زوڵمەی دەتەویست لەسەر منی لابەری ئەوە بوو کە دەرحەقی خۆم زوڵمێکی وات کردووە کە قەرەبوو ناکرێتەوە و هیچ ڕووداوێک لەوە خراپتر مومکین نەبوو بۆمن بێتە پێش کە تووشی کەسێکی وەک تۆ، کە و دوای گۆنگەلان کەوتووی بێم. دۆن کیشۆت گوتی جەنابی ئالۆنزۆلۆپێز، کەشیشی دیپلۆمە، بزانە و ئاگادار بە کە لە دنیادا گەڕیانی(*) هەموو کارێک لەسەر ڕەوشێک نییە. سەدەمەیەکی کە ئێستا بەجەنابت گەیشت کە بەو شەوە بەجلوبەرگی سپی و مەشخەڵ بەدەستەوە بەڕێگادا دەڕۆیشتی و لەژێر لیوّتدا دوعات دەکرد و عەزادار بوون و دەو حاڵەتەدا وەک مۆتەو تاپۆ دەچووی. من ناچار نەمتوانی لە ئەنجامی ئەرکی خۆم مل بادەم و هێرشم بۆ هێنای. یانی ئەگەر لە ڕاستیدا ئێوە هەر ئەوشتە بووایەن کە من خەیاڵم دەکرد، یانی خێڵێک لە شەیتانانی هەڵاتووی دۆزەخ بووانایە، ناچار بووم هەر ئەو کارە بکەم. کەشیش گوتی: ئێستا کە بەختی ڕەشی من وای ویستووە لە بەڕێزتان ئەی پاڵەوانی دنیاگەڕ، کە تا زەمانێکی دووردرێژ منت لەگەڕانی دنیاخست، تکا دەکەم، یارمەتیم بدەن تا من لە بن ئەو ئێسترە کە قاچم دەنێو ڕکێف وزینەکەیدا ماوەتەوە بێمە دەرێ. دۆن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کیشۆت گوتی: سەیرە! ئەدی بۆ وا درەنگ؟ دەتەویست سبەینێ ئەو داخوازییەم لێ بکەی؟ ئەدی چاوەڕوانی چ بووی کە دەردی خۆت بەمن نەدەگوت؟

دەستبەجێ بانگی سانکۆیٚ کرد کە بێ، بەڵام ئەو پەلەیەکی بۆ هاتن نەبوو. چون خەریکی تاڵان کردنی باری ئێسترێک بوو کە کەشیشانی خێزخواز هەموو ئازووقە و تێشووی ڕێگایان لێ بار کردبوو. سانکۆ لە باڵاپۆشەکەی خۆی شتێکی وەک کۆلەپشتی دروست کرد و تا دەیتوانی هەرچی وەدەستی کەوت دەوێی ئاخنی و سواری پشتی کەرەکەی خۆی کرد. پاشان بەهاواری بانگ کردنی ئەربابەوە چوو تا جەنابی کەشیش لە ژێر لەشی قورسی ئێستر بێننە دەر، هەر دووک بەزەحمەت توانییان کەشیش هەستێننەوە و سواری خانەی زینی بکەنەوە و مەشخەڵەکەشی بدەنەوە بەدەستی. دۆن کیشۆت پێی فەرموو تا بەدوای هاواڵەکانیدا بڕوا و سفارشی پێ کرد کە لایەن ئەوەوە لەو دەستدرێژییەی کە ناچار پێی کردوون، عوزری بۆ بخوازێ. سانکۆش بەکەشیشی گوت: «ئەگەر ئەو ئاغایانە ویستیان بزانن ئەو دلاوەرەی کە ئەوانی تارومار کردووە کێیە، بڵێ پاڵەوانی ناودار دۆن کیشۆتی مانش یا بەواتەیەکی تر پاڵەوانی غەمگین ڕوخسارە.

کەشیش بێ ئەوەی لەسەر باقیی قسەکانی ڕاوەستێ لەوێ دوور کەوتەوە و ئەودەم دۆن کیشۆت لە سانکۆی پرسی کە لەبەرچی دەوسەعاتە تایبەتییەدا ناوی «پاڵەوانی غەمگین ڕوخسار»ی لەسەر داناوە. سانکۆ دەجوابدا گوتی: «ئەلعان عەرزت دەکەم، هۆیەکەی ئەوەیە کە من لەبەر ڕووناکیی ئەو مەشخەڵەی بەدەست ئەو بەدبەختە شەلەوە بوو، بۆ ساتێک بەوردی چاوم لە سەروسیمای بەڕێزتان کرد و بەڕاستی جەنابت قیافە و سەروسیمایەکی ئەوەندە داماو و ناحەزت بوو کە من دەعومری خومدا ئاوام نەدیتبووی و هۆی ئەو حاڵەتەش یا ماندوو بوونی زۆر لەو شەڕەدایە یا لەبەر ئەوەیە کە ددانەکانت هەڵوەریون. دۆن کیشۆت گوتی وا نییە، بەڵکو ئەو حەکیمی زانا کە مقەدەرە ڕۆژێک مێژووی پاڵەوانی و دلاوەرییەکانی من بنووسێ وای بەباش زانیوە کە منیش بەشێوەی پاڵەوانانی قەدیم لەقەبێکی پڕمانا بۆ خۆم هەڵبژێرم. بۆ نموونە دەنێو پاڵەوانانی کەوناراردا یەکیان «پاڵەوانی ئاگرین تیغ» یەکی تر «پاڵەوانی ئەسپی شاخدار» ئەوی دی «پاڵەوانی کیژان»،یەک «پاڵەوانی غەنقا»(*) یەک «پاڵەوانی ئەژدەران»(*) و یەکی تریان «پاڵەوانی ئەجەل» ناو نابوون و لە سایەی ئەم ناو و لەقەبانەدا بوو کە هەموویان لەسەرانسەری جیهاندا ناسرابوون و ناویان دەرکردبوو. کەوابوو هەمان حەکیمی زانا کە باسم کرد لەقەبی «پاڵەوانی غەمگین ڕوخسار»ی کە ڕەنگە لەمەودوا بۆ خۆمی هەڵبژێرم، بەتۆی ئیلهام کردووە و هێناویەتە سەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rablm.org

زبانت؛ و بۆ ئەوەی ئەم ناوەم زۆرتر لێ بکاڵێتەوە(*) سفارش دەکەم کە وێنەی ڕوخسارێکی غەمگین و ترسێنەر، لەسەر مەتاڵەکەم ڕەسم کەن. سانکۆ گوتی: ئەرباب خەرج کردنی پووڵ و زەمان بۆ ڕەسم کردنی وەها وێنەیەک بێ فایدەیە. ئەوە بەسە کە حەزرەتی جەنابت ڕوخساری خۆتان نیشان بدەن و چاو دەوانە ببڕن کە بەرامبەرت دێن یا ڕادەوەستن. من قەولت پێ دەدەم بێ ئەوەی پێداویستییەکت بەڕەسم و وێنەی سەر مەتاڵ بێ هەموو دەستبەجێ پێت بڵێن پاڵەوانی «غەمگین ڕوخسار». باوەڕ بفەرموو ڕاستت پێ دەڵێم، چونکە ئەگەر بەشۆخیشی بزانی برسیەتی و بێ ددانی قیافەیەکی وەها پەژارەهێنی پێ داوی کە هەر وەک عەرزم کردی بەئاسانی دەتوانی لە ڕەسمی سەرمەتاڵ چاوپۆشی بفەرمووی.»

دۆن کیشۆت لەو گاڵتەیەی مەیتەرەکەی وە پێکەنین کەوت، بەڵام دە ئەزمی خۆیدا پێداگرتر بوو کە ئەو لەقەبە هەڵبژێرێ و ئەو ڕەسمەی بیری لێ کردبووەوە لەسەر مەتاڵەکەی ڕەسم بکا. پاشان ڕووی دە مەیتەر کرد و گوتی: «سانکۆ هیچ دەزانی کە من لەسەر بنەمای ئەم حوکمە دینییە کە دەڵێ: "Si quise sundate diabola etc" «هەرکەس لە شتێکی پیرۆز ڕابسێ شەیتانە»... کافر بووم؟ و بەوحاڵەشەوە ئەگەر ڕاستت دەوێ من لەوان ڕانەساوم و لێیان وەدەست نەهاتووم. تەنیا بەو نێزەیە لێم داون! لەلایەکی تریشەوە من هەرگیز فکرم نەدەکردەوە کە ئەوانی هێرشیان بۆ دەبەم کەشیش و ئەربابی کلیسا بن. چون من خۆم پیاوێکی مەسیحی و دیندار و کاتۆلیکێکی تەواوم و حورمەتی کەشیش و پیاوی ئاینی ڕادەگرم، پێم وابوو دەگەڵ مۆتە و جندۆکە و تاپۆیان بەرەنگارم. دەنا من ئەو ڕووداوەم فەرامۆش نەکردووە کە بۆ پاڵەوانی ناودار «سیدرۆی دیاز» هاتە پێش. ئەو پاڵەوانە دە خزمەت پاپدا کورسی یەکێک لە پاشایانی تێکشکاند و پاپیش ئەوی بەکافر لەقەڵەمدا. وە ئەم تەکفیرە(*) نەبووە هۆی ئەوە کە دەوێ ڕۆژێدا «ڕۆدریکۆ دۆویوار»[١٤٥] وەک جوامێرێکی شەریف و ئازا عەمەل نەکا.

---

١٤٥- بەپێی داستانێکی هەڵبەستراو کە دە شەرحی ئەحواڵی «سیدرۆی دیاز» پاڵەوانی مێژوویی ئیسپانیادا هاتووە، «سید» کورسیی عاجی پاشای فەرانسەی بەبیانووی ئەوە کە لە سەرەوەی کورسیی پاشای کاستیل داندرابوو شکاند و پاپ بەسزای ئەو کارە تەکفیری کرد. (مۆریس باردۆن) و لەوەیرا کە سێروانتێس یەکەم جار ئەم کارەی بەناوی «سید» و دوو دێر خوارتر بەناوی «ڕۆدریکۆ دۆویوار» نەقڵ دەکا، ڕوون دەبێتەوە کە ئەم دوو کەسە هەردووکیان یەک کەسن. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



چون لەو ساتەدا کەشیش لەوێ دوور کەوتبووەوە دۆن کیشۆت هەوەسی کرد بزانێ ئەوەی دە تابووتەکەدایە بەڕاستی جەنازەی مرۆڤێکە یا نا، بەڵام سانکۆ بەهیچ شێوە ملی نەدا و لەبەر ئەوە گوتی: «ئەرباب لە نێو هەموو ڕووداوەکاندا بەڕێزت بەهەرزانترین قیمەت ئەو یەکەیانت کۆتایی پێ هێنا. کەوابوو پێویست ناکا لەوە زۆرتر شەیتان بھاروورژێنی. ئەم جەماعەتە هەر چەند شکاون و هەڵاتوون بەڵام لەوانەیە دە یەک ئاندا ئاگادار بنەوە کە تەنیا یەک نەفەر ئەو شکستەی پێ داون و ئەوجار لەبەر قین و ڕق و شەرمەزاریی خۆیان وێکرا بگەڕێنەوە سەرمان و دەردی سەگیمان بدەنێ. بەقسەی من بکە. کەرەکەم باری ئازووقەی لەسەر پشتە. کێو پارە نزیکە و برسیەتیش تێمان دەوژێنێ کە بڕۆین: کەوابوو هیچ شتێک لەوە چاکتر نییە کلکمان دە گەڵوزێ بگرین و دەرباز بین و بەحوکمی ئەو پەندە کە دەڵێ: «ئەوی مردوو دەیەوێ قەبرە و ئەوەی زیندروو دەیەوێ سفرە» باشترە بڕۆین سفرە ڕابخەین و بخۆین و، پاش ئەو قسانە هەوساری کەرەکەی گرت و لە دۆن کیشۆتیش پاڕاوە بەدوای بکەوێ. دۆن کیشۆتیش کە تێ گەیشت حەق بەسانکۆیە بەقسەی کرد.

پاش ئەوەی هەر دووکیان بەشیوێکدا کە کەوتبووە نێوان دوو تەپکی نەوی گەیشتنە دۆلێکی پان و بەرین و سەوز و دڵبەلاوێن، هەر لەوێ دابەزین. سانکۆ باری لە پشت گوێدرێژەکەی هێنا خوارەوە و ئەرباب و مەیتەر لەسەر چیمەنی سەوز ڕاکشان و بەئیشتیا فراوێن و نەهار و شامیان یەکجێ خوارد. خواردنیان بریتی بوو لە چەند کوتە گۆشتی سارد کە کەشیشانی هاوڕێی جەنازە، کە لەو دنیایەدا نایەلن بەدیان لێ ڕابرێ، باری پشت ئێستری خۆیان کردبوو. بەڵام بۆ ئەو دووانە ڕووداوێکی ناخۆشی تر هاتبووە پێشێ کە بەلای سانکۆوە تاڵترین و ناخۆشترین ڕووداو بوو، ئەویش ئەوە بوو کە شەرابیان پێ نەبوو. ئەوجار تینووێتی گوشاری بۆ هێنا بوون و دڵۆپێکیشیان ئاو لەو نزیکانە پێ شک نەدهات. سانکۆ کە دیتی لەو سەوزەزارەدا گیای ورد و تەڕوتازە زۆرە شتێکی بەئەربابەکەی گوت کە دە بەشی دواییدا لێی ئاگادار دەبینەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٢٠

## لەمەڕ ڕووداوێکی سەیر و سەمەرە کە دۆن کیشۆتی دلاوەر بەمەترسییەکی کەم کۆتایی پێ هێنا. بەچەشنێک کە هیچ پاڵەوانێکی ناوداری تر ئەوەی پێ نەکراوە

سانکۆ گوتی: «ئەرباب، ناکرێ ئەم سەوزەزار و مێرگ و چیمەنە، چۆمێک یا سەرچاوە کانییەکی لێ نەبێ کە تێراوی بکا. کەوابوو باشترە هێندێک بچینە پێشتر، چون بێگومان تووشی ئاوێک دەبین کە تینوویەتی جەرگ و دڵ هەڵقرچێنی ئێمە دامرکێنێ، ئەو تووینیەتییەی کە ئێمەی لە پێ خستووە و زۆر لە برسیەتی ناخۆشترە.»

دۆن کیشۆت ئەم ڕایەی پەسند کرد و جڵەوی ڕۆسینانتی بەدەستەوە گرت و سانکۆش پاش ئەوەی باقیی خۆراکەکەی خڕ کردەوە و باری کەرەکەی کرد، هەوساری کەری گرت. پاشان بەکوترە کوترە(*) و هەنگاوبەهەنگاو بۆ لای سەرووی مێرگەکە چوونە پێش، تاریکایی ئەو شەوە ئەوەندە خەست بوو کە هیچ شتێکیان نەدەبینی. هێشتا دووسەد هەنگاوێک نەڕۆیشتبوون کە دەنگیگی ترسناک وەک دەنگی ئاوهەڵدێرێکی زۆر بڵند کە هەڵبرژێتە سەر گاشەبەردێک بەگوێیان گەیشت. هەر دووکیان لە بیستنی ئەو دەنگە هەستیان بەخۆشحاڵی کرد و کاتێک ڕاوەستان تا بەسەرنجەوە گوێ ڕادێرن و شوێنی دەنگی ئاوەکە بدۆزنەوە لە نەکاو دەنگەدەنگ و هەمەهەمە(*) یەکی تریان بیست، کە شادی و خۆشحاڵییەکانی لە ناو برد. بەتایبەتی سانکۆ کە عەسڵی(*) خۆی پیاوێکی ترسەنۆک بوو. دەنگی زەبرو کوتانی بەسام و نامەعلووم بوو کە ئاهەنگێن و یەکدەست، تێکەڵ دەگەڵ جرینگەجرینگ و وێک کەوتنی ئاسن و زنجیران دەگەیشتە بەرگوێ و چون دەگەڵ هاشەهاشی سێلاو تێکەڵ دەبوو وای لێ دەهات کە دڵی هەموو کەسێکی بێجگە لە دۆن کیشۆت وەلەرزە دەخست. شەو هەر وەک گوتم زۆر تاریک بوو، بەهەڵکەوت ڕێگەیان کەوبتووە قەراغ مێشەیەک داری بەرز کە بای شەماڵ دەنگێکی خۆش و لە هەمانکاتیشدا ترسێنەری لێ هەڵدەستاند. وەهابوو کە ئەو دەڤەرە چۆل وخەڵوەتە و وەزعی شوێنەکە و تاریکیی شەو و دەنگی ئاو و زەمزەمەی گەڵا ولق وپۆپ هەمووی ترس و هەراسیان بڵاو دەکردەوە. خراپتریش ئەوە بوو کە دەنگی ئاسن و زنجیر هەروا بڵند بوو و باش هەر دەهات و سپێدەی بەیانیش جارێ نزیک نەبووبووە تا ئەو دووە لانی کەم بەرێی خۆیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ببینن و بزانن لەکوێن.

بەڵام دۆن کیشۆت بەپشتیوانیی دڵی نەترس و بێ باکی خۆی، سواری ئەسپەکەی بوو، مەتاڵی دەشانی کرد و نێزەی لەسەر باری هێرش بردن ڕاگرت و هاواری کرد: «هەڤاڵ سانکۆ بزانە کە من بەئەمری خودای مەزن لە چاخی ئاسندا لەدایک بووم تا چاخی زێڕ زیندوو کەمەوە. دەستی تەقدیر هەرچی مەهلەکە و مەترسییە و هەرچی هونەر نوێنیی درەوشاوە و ئازایەتی بێ وێنەیە بەناوی منی ڕەقەم لێ داوە. دووبارە دووپاتی دەکەمەوە منم کە دەبێ بیرەوەریی بیست وپێنج پاڵەوانەکەی مێزی خڕ و دوازدە شاسواری فەرەنسی و ناودارانی نۆ نەفەرە زیندوو بکەمەو یادی «پلاتێر»ەکان و «فێبووسن»ەکان و «بلیانیس»ەکان و «تابلان»ەکان و «ئۆلیوان»ەکان و «تیران»ەکان و پاڵەوانانێکی بێ ئەژماری سەرگەردانی سەدە و سەردەمە ڕابردووەکان لەبیر خەڵکی بەرمەوە و دەسەردەمێکدا کە هەم ئەوەند ئازایەتی و شاکاری عەجیب و سەرسوڕهێنەر لە خۆم نیشان بدەم کە درەوشاوەترین ئازایەتییەکان کە مایەی شانازی و پێ خوڕینی دیتران بوون لەبەر چاوان بشارمەوە. تۆ ئەی مەیتەری شەریف و وەفاداری من بەوردی تەماشای تاریکی و بێدەنگیی ئەو شەوە ئەنگوستە چاوە بکە و دەنگی نەناسراوی پڕ ڕاز و نهێنیی دارەکان و هاشە و شڵپوهۆڕێ ئاوێک کە ئێمە لێی دەگەڕێین و دەڵێی لەسەر ترۆپکی چیاکانی مانگەوە هەڵدەڕژێنە سەر زەوی و هەروەها دەنگی کوتەکوت و جرینگە جرینگی ئاسن کە پەردەی گوێمان دەدڕێنێ گوێ بدەیە و ئەو هەمووە نە بەگشتی بەڵکو تاکە تاکەیان بۆ ئەوە بەسن کە ترس و هەراس بخەنە دڵی مەریخ خودای شەڕ و لە سەرووی هەمووان دە دڵی کەسێکدا کە لە سەرەتاوە بو ئەو ڕووداوانە ئافەریدە نەکراوە، ترس و دڵەکوتە پێک بێنن. بەهەرحاڵ هەمووی ئەو شتانە کە بۆ تۆم شی کردنەوە، وەک دەرزی ئاژن کردنێک وان کە خوێنی مەردایەتی و پیاوەتی دەدەمارەکانمدا وەگەڕ دەخەن و هەر لە ئێستاوە بەتاسەی دەست و پەنجە نەرم کردن دەگەڵ ئەو ڕووداوە، هەر چەندەش بەمەترسی و ترسێنەر بێ، دڵم دەسینگمدا دەیکوتی، کەوابوو ئەی سانکۆ هێندێک تەنگەی ڕۆسینانت مەحکەم کە و بەئەمانی خودا سێ ڕۆژ چاوەڕوانی من بە، ئەگەر لە کۆتایی ئەو ماوەیەدا نەهاتمەوە تۆ دەتوانی بگەڕێیەوە گوندەکەمان و لەوێشەوە بۆ ئەوەی کارێکی باش و خزمەتێکت بەمن کرد بێ، دەچییە گوندی تۆبۆزۆ بەدلبەری بێ هاوتای من دۆلسینە دەڵێی کە پاڵەوانی دیلی ئەوینی تۆ دەرێگەی ئەنجامدانی ئازایەتیی گەورە و بەرچاودا کە بتوانێ ئەوی لایقی عینوانی پاڵەوانی بکا، گیانی خۆی لە دەست دا.»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabar.org

کاتێک سانکۆ ئەو قسانەی لە ئەرباب بێست هۆلهۆل دەستی کرد بەگریان و گوتی: «ئەرباب، نازانم تۆ لەبەرچی دەچییە پێشوازیی ئەم ڕووداوە گەورەیە؟ ئەو سەعاتەی شەوە و هیچکەس نامانبینێ. ئێمە دەتوانین ڕێگای خۆمان بگرین و لە مەترسی ڕزگارمان بێ. جا با ناچاریش بێن سێ ڕۆژی تریش ئاو نەخۆینەوە و، چون هیچ کەس نامانبینێ هیچ کەسیش بەترسەنۆکمان نازانێ. لە لایەکی ترەوە من زور جار لە کەشیشی گوندی خۆمان، کە تۆش دەیناسی، بیستوومە، هەر کەس خۆی دە مەترسی باوێ گیانیشی لەسەر دادەنێ. کەوابوو باش نییە پیاو خودای دە مەحزوور بخا و خۆی دە مەترسییەکی وا بهاوێ کە ڕزگار بوونی بەموعجیزە نەبێ جێبەجێ نەکرێ. تا ئەو ڕادەیە کە خودا تۆی تووشی سەمای سەرلێفە نەکرد و بێ ئەوەی جێیەکت داڕووشێ، بەسەر هەموو دوژمنەکانتدا کە جەنازەیان ڕادەگوێزن، سەرکەوتی، خۆی موعجیرەیەکی کەم نەبووە. بەڵام ئەگەر تەواوی ئەو باسانە کارت لێ نەکا و دڵی وەک بەردت نەرم نەکا لانی کەم ئەو نوکتە دەبەر چاو بگرە کە هەرکە هەنگاوێک لێرە دوور کەوتیتەوە، من لە ترسان دڵم دەتۆقێ و ڕۆحی خۆم تەسلیمی هەرکەسێک کە بیەوێ بیکێشێ، دەکەم. من ژن و منداڵی خۆم بەجێ هێشت و تەرکە وەتەن(*) بووم بۆ ئەوەی دە خزمەت تۆدا بم و خزمەت بکەم و وای تێ دەگەیشتم کە زۆر یا کەم بایەخێکم لای تۆ دەبێ. بەڵام هەر لێی گەڕێ وەک پەندێکی قەدیمی دەڵێ: «بەتەماعی زۆر هەمبانەت زۆر ماخنە؛ چونکە ئەگەر زۆری تێ باخنی دەدڕێ و لەبەریەک دەچێ،» منیش ئێستا دەبینم هەمبانەی هیوا و هومێدم دڕاوە چون دەوکاتەدا کە پێم وابوو شتێکی وای نەماوە ببمە خاوەنی ئەو دورگە شووم و بەزیاد نەبووەی بەڕێزتان چەندین جار بەڵێنتان پێ داوم ئەوە تا لەباتی ئەجر و پاداش پێوەی بەجێم بهێڵی و تاکی تەنیا لەو شوێنە پەرت و نادیارە دوور لە ئادەمیزادە بەرەڵلام بکەی! ئاخ ئەی ئەرباب تۆ ئەو خودایەی دەیپەرستی دەرحەق بەمن هێندە دڵڕەق و بێ بەزەیی مەبە و ئەگەر بەهیچ شێوە لە ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ ئەم ڕووداوە دەست هەڵناگری لانی کەم تا بەیانی ڕاوەستە. چون من لە ڕووی ئەزموونەکانی ئەو ڕۆژانەی کە شوانیم دەکرد، پێم وایە تا ڕۆژهەڵاتن سێ ساعەتی زۆرتر نەماوە. چون دەراستێدا زاری حەوتەوانەی گچکە (ورچی گچکە = دب اکبر) لەسەرووی ئەستێرەی چەلیپایە، لە حاڵێکدا نیوەشەو، دەهێڵی باسکی چەپی ئەو ئەستێرەیەدا دیاری دەکرێ. دۆن کیشۆت جوابی دواە: «سانکۆ ئەلئان کە شەو ئەوەندە تاریکە کە هیچ ئەستێرەیەک نابیندرێ تۆ لەکوێ دەتوانی هێڵی باسکی چەپ ببینی و لە کوێ دەزانی سەر و دەمی ئەستێرە لە کوێیە؟ سانکۆ گوتی: بەڵێ ڕاستە بەڵام ترس چاوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی رابەری www.rabari.org

تیژە و ئەگەر گوتوویانە دەتوانێ ژێر زەوی ببینێ کەوابوو دەتوانێ ئاسمانیش لەو سەرە ببینێ، لە لایەکی تریشەوە زانینی ئەوەی کە تابەیانی زۆری نەماوە کارێکی ئاسانە. دۆن کیشۆت گوتی، چ زوو ڕۆژ بێتەوە و چ درەنگە هەرگیز کەسێک لەم سەعاتە و لە هیچ سەعاتێکی تردا ناتوانێ بەکرووزانەوە و پاڕانەوە نەهێڵێ ئەرکی پاڵەوانەتیی خۆم ڕاپەڕێنم. کەوابوو سانکۆ تکات لێ دەکەم ورتەت لێ نەیا. خودایەک کە هەوەسی بەرەنگاری دەگەڵ ڕووداوێکی ئاوا سەیر و سەمەرەی خستووەتە دڵی من دەفکری ڕزگاریی من و پێکهێنانی ئارەزووی دڵی تۆشدا هەیە. کارێک کە تۆ دەبێ بیکەی ئەوەیە کە تەنگەی ڕۆسینانت باش بکێشی و هەر لێرە نەبزووی. من بەڵێنی دەدەم زیندوو یا مردوو زوو بگەڕێمەوە.»

سانکۆ کە دیتی لێبڕاویی ئەرباب هیچی دەگەڵ ناکرێ و نەسیحەت و پاڕانەوە و فرمێسک هەڵوەردانەدن کارێک ناکاتە سەر پاڵەوان، هاتە سەر ئەوەی کە بەفێڵ و تەڵەکە هەر چۆنێک بێ تا ڕۆژ دەبێتەوە نەهێڵێ بڕوا. بۆ ئەم مەبەستە لەو کاتەدا کە تەنگەی ڕۆسینانتی مەحکەم دەکرد، بێ ئەوەی بێڵی ئەرباب بزانێ لەسەر خۆ هەر دووک دەستی ڕۆسینانتی بەهەوساری کەرەکەی بەست. بەجۆریک کە دۆن کیشۆت کە سوار بوو، نەیتوانی بڕوا چون هەرچی دەڕۆسینانت دەخوڕی و ڕکێفی لێ دەدا جووڵەی نەدەکرد. سانکۆ کە دیتی کەڵەکەکەی گرتوویەتی گوتی: «دیوتە ئەرباب، دەبینی کە خودای باری تەعالا ڕوحمی بە فرمێسک و گریانی من کردووە و ناهێڵێ ڕۆسینانت تەکان لە خۆی بدا. ئێستا ئەگەر ئێوە هەر لەسەر ڕۆیشتن سووربن(*) و ئەم حەیوانە بەستەزمانە ئازار بدەن وەک ئەوە وایە دەگەڵ قەزاروقەدەر بەشەڕ هاتبن یا ئاسن بەمستەکۆڵە بکوتن»

لەو باس و خواسەدا دۆن کیشۆت وردەوردە ناهومێد دەبوو، چون هەر چەندی بەمامزە ڕکێفی لە ئەسپەکەی دەدا ئەو بەستەزمانە نەیدەتوانی هەنگاو بنێ. سەرەنجام دۆن کیشۆت بێ ئەوەی بزانێ دەستی ئەسپەکەی بەستراوە. بەباشتری زانی ئارام بگرێ و چاوەڕوان بێ تا ڕۆژ بێتەوە یا ڕۆسینانت وەڕۆیشتن کەوێتەوە. بەهەر حاڵ چون مانگرتنی ڕۆسینانتی بەهۆی شتێکی تروە زانی، بەسانکۆی گوت: «ئێستا کە ڕۆسینانت پێ دەبەرپێ نانێ ناچارم سەبر بکەم تا بەیان بەڕووماندا پێ بکەنێ. هەر چەند لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە سپێدە وەدرەنگی دەکەوێ و خۆمان پێ نیشان نادا، من دەبێ بگریم. سانکۆ گوتی هویەک بۆ گریان نییە. من تا بەیانی نەقڵونەزیلەی خۆشت بۆ دەگێڕمەوە. بەو مەرجەی تۆش دابەزی و بەڕەسمی پاڵەوانانی سەرگەردان، هێندێک لەسەر ئەم چیمەنە بخەوی. تا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

بەیانی ماندوویەتیت تەواو لەکۆڵ دەبێتەوە و بەهێز و تاقەتێکی تازەوە دەگەڵ هەرا و هەنگامەی ترسناک کە دە کەمیندان، ڕووبەڕوو دەبێتەوە. دۆن کیشۆت هاواری لێ هەستا کە چ جێی دابەزین و چ زەمانی خەوتنە؟ پێت وایە منیش لەو پاڵەوانە درۆزنانەم کە لە کاتی مەترسی و کارەساتدا خۆیان دەخەو دەکەن؟ تۆ کە خودا هەر بۆ خەوتنی دروست کردووی، فەرموو بخەوە و هەرچی دڵت دەیەوێ بیکە، بەڵام من ئەوەی بەمەسڵەحەتی کارم بێ، ئەوە دەکەم. سانکۆ گوتی: ئەربابی خۆشەویستم، تکا دەکەم لێم دڵگیر مەبە، چون من ئەوەی گوتم بۆ شۆخی و پێکەنین بوو. ئەوەی گوت لە ئەرباب نزیک بووەوە دەستێکی لەسەر قەڵپووزی پێشەوەی زین و دەستی تری لەسەر قەڵپووزی دواوە دانا بەجۆرێک کە ڕانی چەپی ئەربابی کەوتە ئامێزی، نەیدەوێرا هەنگاوێکی لێ دوور کەوێتەوە، چونکە دەنگی زەبر و کوتەی کە لە دوورەوە دەهات زەندەقی بردبوو.

ئەوجار دۆن کیشۆت بەسانکۆی گوت، ئێستا کە وەعدەت داوە نەزیلەیەکم بۆ بگێڕەوە. مەیتەر دە جوابدا گوتی: ئەگەر ئەو ترسە لێ بگەڕێ، زبانم بگەڕێ، بەچاوان ئامادەم قەولەکەم بەرمە سەر، بەو حاڵەشەوە تێ دەکۆشم نەزیلەیەکت بۆ بگێڕمەوە کە ئەگەر بتوانم هەمووی وەبیر خۆم بێنمەوە و شتێکی لێ نەپەڕێنم، خۆشترین نەزیلەی دنیا دەبێ، جا، ئەرباب باش گوێم بۆ ڕاگرە ئەوە دەست پێ دەکەم:

«ڕۆژگارێک بوو، ئەوەی بوو... خوداوەند هەر چاکەیەکی بێتە پێش بەنسیبی هەموانی بکا و خراپیش نسیبی کەسێک بکا کە وەدوای دەکەوێ.[١٤٦] من ئەرباب لە بەڕێزتان تکا دەکەم، سەرەنج بدەنە سەرەتایەک کە قەدیمییەکان بۆ نەزیلەکان دەیانهێنا. ئەم سەرەتایە ئەوە نەبوو هەر کەس هەرچی بیەوێ بیڵێ بەڵکو یەکێک لە قسە کورت و بەنرخەکانی گاتۆن Gaton فیلسووف و مەدیحە وێژی ڕۆمی بوو کە دەڵێ: «خراپی بۆ ئەوەی کە بەشوێنیدا دەگەڕێ!» و ئەم ڕستەیە مناسبی حاڵی بەڕێزتانە کە وەک ئەنگوستیلەیەک دەدەستی خۆتانی بکەن و هەروەها مناسبی حاڵی منیشە تا بەدوای خراپەدا نەگەڕێم. بەڵکو هەر دووکمان ڕوو دە ڕێگایەکی تر بکەین، چون هیچ کەس بەزۆر نامانباتە ئەو ڕێگایەی کە پڕە لە مەترسی و گۆنگەڵ. دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ تو نەقڵەکەت بگێڕەوە و هەڵبژاردنی ڕێگایەک کە دەبێ پێیدا بڕوین، بۆمن بێڵەوە.

---

١٤٦- بەواتەی لوویی ویاردۆ، فەرەنسییەکان لە سەرەتای نەقڵ و نەزیلەدا دەیانگوت: زەمانێک فلانە شت وا بوو و... جاروبارەش پیرێژنان دەیانگوت «چاکە بۆ هەموو کەس و خراپیش بۆ گراویی کەشیش». (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سانکۆ گوتی: کەوایە گوێ بدەیە! لە یەکێک لە مەحاڵەکانی(*) «ئیسترامادۆر»دا شوانێکی بزنان هەبوو کە بزنی دەلەوەڕاند،

ئەم شوانە یا بەپێی ڕیوایەت، ئەم بزن لەوەڕێنە ناوی «لۆپ رویز» Lope Ruiz بوو، ئەو کاک لۆپ ڕویزەش یەک دڵ نا سەد دڵ عاشقی کچە شوانێک بوو، بەناوی «تۆڕالوا» Tor-ralva و ئەو کچە شوانە کە ناوی تۆڕالوا بوو، کچی مەڕدارێکی دەوڵەمەند بوو، ئەو مەڕدارە دەوڵەمەندە... . دۆن کیشۆت قسەی بەسانکۆ بڕی و گوتی: «تو ئەگەر بتەوێ ئاوام حەکایەت بۆ بکەی و هەر واژەی دوو جار دووپات بکەیەوە تا دوو ڕۆژی تریش کۆتایی پێ نایە. حەکایەتەکەت بەجوانی و بەدەنگی بڵند و بێ دووپات کردنەوە وەک عیسانی چاک بگێڕەوە، دەنا بێدەنگ بەو لەو فڵتەفڵتە بگەڕێ! سانکۆ گوتی: ڕەسمی وەڵاتی ئێمە ئاوایە کە نەزیلەی شەو بێدارییەکان هەر وەک من دەستم پێ کردووە، دەیگێڕنەوە. من جۆرێکی تر نازانم و جەنابیشت نابێ چاوەڕوان بی بەشێوەیەکی تازە بۆت وەگێڕم. دۆن کیشۆت گوتی: دە جا هەر چۆنێکی پێت خۆشە بیگێڕەوە و ئێستا کە چارەنووس ناچاری کردووم، گوێت بۆ ڕابگرم، فەرموو درێژەی پێ بدە! سانکۆ گوتی: عەزرت دەکەم. عەرزی حزووری مبارەکی ئاغای خۆم کە لە ڕۆح و گیانی خۆم خۆشتر دەوێ دەکەم کە ئەم کوڕە شوانە، هەر وەک عەرزم کردی، عاشقی تۆرالوای کچە شوان بوو. ئەویش کچێک بوو قەڵەو و خەپلە و تووڕە و تۆسن و زۆرتر وەپیاوان دەچوو، چەند موووشی وەک سمێڵ لەپشت لێوی ڕوا بوو. بەجۆرێک کە دەڵێی هەر ئێستا لەبەر چاومە. دۆن کیشۆت پرسی: بۆ مەگەر تۆ ئەوت دەناسی؟ سانکۆ گوتی: خێر من ئەوم نەدەناسی، بەڵام ئەوکەسەی ئەو نەقڵەی بۆ من دەگێڕاوە سوێندی دەخوارد کە هەرچی بڵێ ڕاست و یەقینە و یەک مووی ئەولاولانییە و هەربۆیەش وا چووە دەمێشکی منەوە کە کاتێک بۆ کەسێکی تری دەگێڕمەوە دەڵێی هەمووشتەکە لەبەر چاوی خۆم ڕووی داوە. بەڵی جا، هەروەک دەڵێن ڕۆژەکان بەدوای یەکدا تێپەڕ دەبوون و شەیتان کە هەرگیز ناخەوێ و خۆی دەهەمووکارێک وەردەدا تا وەزعەکە تێک بدا کارێکی وای کرد کە ئەوینی کوڕە شوان ببێتە ڕق و کینە و، هۆیەکەشی بەپێی گێڕانەوەی دەمچەوتان(*) ئەوە بوو کە کچە چەند جارێک بەقەشمەری هەستی حەسوودیی هەتیوی بزواندبوو. تا ئەو جێگەی کە بەبڕوای من لە سنووری شۆخی تێ پەڕیبوو. لەوی بەدواوە کوڕەشوانە ئەوەندەی ڕق لە کچەکە هەڵگرتبوو کە هاتە سەر ئەوەی ئەو مەحاڵە بەجێ بێلی و سەری خۆی هەڵگرێ و بڕوا. تا چاوی بەنێوچاوانی کچە نەکەوێ. تۆرالوا دەگەڵ پێی زانی کەووتووەتە بەر نەفرەتی «لۆپ» ئاگری خۆشەویستییەکەی گڕی بەرز

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووەوە و سەد هێندە کە کوڕە ئەوی خۆش ویستبوو ئەوجار ئەم ئەوی خۆش دەویست.

دۆن کیشۆت گوتی، ئەمە خەسڵەتی هەموو ژنێکە. لە کەسانێکی کە خۆشیان دەوێن بێزارن وکەسانێکی کە نەفرەتی لێیان هەیە خۆشیان دەوێن. باشە دەیفەرموو. سانکۆ گوتی بەهەر حاڵ شوانە قسەی خۆی بردە سەر. یانی ڕۆژێکیان بزنەگەلی ڕەپێچەک دا و بەنێو مەزراکانی ئێستراماددۆردا بولای ولاتی پورتەقاڵ ڕۆیشت. تۆرالوا کاتێک بەوەی زانی، سەری خۆی هەڵگرت و کەوتە شوێنی. بەپێی پیادە لە حاڵێکدا کەوشەکانی بەدەستێکەوە گرتبوو و داردەستێکی بەدەستەکەی تری گرتبوو. خورجێنێکی چووکیشی دەملیدا بوو کە دەڵێن ئاوێنەیەکی شکاو و نیوە شانەیەک و قوتوویەکی سوورا سپیاو تێدا بوو. لە دوورەوە لە دوایدا دەڕۆیشت. بەڵام ئایا کچە هەر ئەو شتانەی پێ بوو یا شتی تریش، جارێ کارێکم بەڕوون کردنەوەی ئەم باسە نییە. عەسڵەکەی ئەوەیە کە کوڕەکە دەگەڵ ڕەوەکەی کاتێک گەیشتنە قەراغ ڕووباری گوادیانا تا بپەڕێتەوە ئەوبەر، ئاوی چۆمەکە توغیانی کردبوو و لەبەستێنی خۆی دەرچووبوو. ئەو لێوارەش کە شوان لەوێ بوو نە لۆتکەیەکی لێ بوو نە پاپۆڕێک تا خۆی و بزنەکانی بپەڕێنێتەوە. ناچار زۆر توورە بوو، چون دەیدیت کە تۆڕالوا بەدواوەیەتی و هیچ نەبێ چارەگە سەعاتێک بەگریان و فینگەفینگ و دادوبێداد وەختی دەگرێ. سەرەنجام ئەوەندەی بێرەوبەوێدا ڕوانی تا چاوی بە ماسیگرێک کەوت کە لۆتکەیەکی چووکی لە تەنیشت خۆی دانابوو. ئەوەندە چووک کە تەنیا مرۆڤێک و بزنێکی تێدا جێ دەبووەوە. بەو حاڵەشەوە هەتیو بانگی کرد و قەراری دەگەڵ دانا کە خۆی وسێ سەد بزنەکەی بۆ بپەڕێنێتەوە. ماسیگر سواری لۆتکە دەبێ بزنێک دەگەڵ خوی دەبا و دەگەڕێتەوە بۆیەکی تر. دووبارە دێتەوە و بزنێکی تر دەبا... باشە، ئێستا بەڕێزتان سەرنج بدەن و ئەو بزنانەی ماسیگر دەیانباتە ئەوبەر بژمێرە. چون تەنانەت ئەگەر دەحیسابی یەکیاندا هەڵە بکەی داستان تەواو دەبێ. بەجۆرێک کە ناتوانی وشەیەکی تر بڵێی. بەهەر حاڵ من نەقڵەکە درێژە پێ دەدەم و دەڵێم کە هەورازی ئەوبەری چۆمی لە خاکی ڕۆس و زۆریش خلیسک بوو وهەموو جارێ چوون و گەڕانەوەی ماسیگر ماوەیەکی دەگرت. بەو حاڵەشەوە دیسان هات بۆ بزنێکی تر و پاشان یەکێ دی و دیسان یەکی دی. دۆن کیشۆت هاواری کرد: بەسیەتی، بەس! وای دانێ ئەو هەموو بزنەکانی پەڕاندەوە. تۆ ئیدی وەختەکە بەو پەڕاندنەوەیە مەگرە. دەنا بەساڵێک لەو پەڕاندنەوەیە تەواو نابی. سانکۆ پرسی: باشە تا ئێستە چەند بزن پەڕیونەتەوە؟. دۆن کیشۆت گوتی: دە بڕۆ ڕەحمەت لە باوکت! ئەمن چ بزانم؟ سانکۆ گوتی مەگەر عەرزم نەکردی حیسابەکە باش

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ڕابگری؟ باشە ئێستا داستان تەواو بوو، بەهیچ جۆرێک ناتوانم درێژەی پێ بدەم. دۆن کیشۆت هاواری لێ بڵند بوو. چۆن شتی وا دەبێ؟ یان ڕاستی حیسابی بزنەکان ئەوەندە دە حیکایەتی تۆدا گرینگە کە ئەگەر دەحیسابی یەک بزندا بەهەڵە بچم تۆ ناتوانی وشەیەکی تر بگێڕییەوە؟ سانکۆ گوتی خێر ئەرباب. بەهیچ جۆر! چون ئەو کاتەی لە حەزرەتی بەرێزتانم پرسی، چەند سەربزن لە ئاوێ پەڕیونەوە ئێوە فەرمووتان نازانم. دەستبەجێ ئەوی دەمزانی لەبیرم چووەوە، و بەبڕوای من ئەوە باشترین و شیرینترین بەشی داستان بوو. دۆن کیشۆت گوتی: یانی دەتەوێ بێژی کە نەقڵەکە بەراستی تەواوو بوو. سانکۆ گوتی: وەگ چۆن تەمەنی دایکی من تەواو بوو. دۆن کیشۆت گوتی: بەڕاستی سانکۆ تو یەکێک لە سەیرترین داستانەکانی ئەو دنیایەت بۆ من گێڕاوە و ئەو جۆرە گێڕانەوەش تا ئێستا هیچ کەس نەیدیوە و نایبینێ. دیارە منیش نابێ لەوە زیاتر لە عەقڵی زۆری تۆ چاوەڕوانییەکم ببێ. ڕاستییەکەی جێگەی سەر سوڕمان نییە، ڕەنگە دەنگی ئەو زرم و کوتە کە ئێستاش بەگۆیمان دەگا، مێشکی تۆی شڵەقاندبێ. سانکۆ گوتی، ڕەنگە وابێ. بەڵام لە نەقڵەکەی من ئیدی شتێک نەماوەتەوە، بیگێڕمەوە و هەر لەوجێیە تەواو بوو کە جەنابت حیسابی بزنەکانت لێ تێک چوو. دۆن کیشۆت گوتی: زۆر باشە، لە کوێ مەیلی تۆیە با تەواو بێ، بەڵام با بزانم ڕۆسینانت ڕێ دادەگرێ و دووبارە بەمامزە دەکەلەکەی کوتا و ئەسپ ڕێی دانەگرت. چون قاچەکانی وەها مەحکەم بەسترابوونەوە کە نەیدەتوانی تەکان بخوا.

دەو کاتەدا چ بەهۆی هەوای فێنکی بەیانی بوو کە وردەوردە هەست پێ دەکرا، یا لەبەر ئەوەی کە دۆینێ پاش نیوەڕۆ سانکۆ خۆراکێکی شل و ئاوەکی و ڕەوانی خواردبوو و یا ئەوە زۆرتر وێدەچوو زگی دەیەویست کاربکا. ویستی بڕوا خۆی سووک بکا و کارێکی کە کەسی تر نەیدەتوانی بۆی ئەنجام بدا خۆی بیکا، بەڵام ترس وەها بەسەر گیان و لەشیدا زاڵ بووبوو کە نەیدەوێرا بەقەدەر سەری دەرزی لە ئەرباب دوور کەوێتەوە، لە لایەکی تریشەوە وەدواخستنی دەست بەئاوگەیاندن کاری کردنێ نەبوو. دەو حاڵە پەرێشانەدا فکرێک بەمێشکیدا هات کە دەستی ڕاستی لە قەڵپووزی دواوەی زین هەڵبگرێ. پاش ئەو کارە بەبێدەنگی بەندی شەڵواری کردەوە و شەڵوار خزی هاتە سەر پانییەکانی و بەحاڵەتێک دەرهات دەتگوت کۆت و زنجیری دەپێ کراوە! ئەوجار بەئەسپایی داوێنی کراسی هەڵداوە و هەر دووک سمتی قەڵەو و خڕوخۆڵی ڕووت کرد و پاش ئەو کارە سەرەتاییانە کە پێی وابوو سەختترین بەشی کارەکەیە تووشی دەردەسەرییەکی خراپتر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بوو. چون دیتی ناتوانێ کارەکەی بێ بەردانی بایەکی دەنگدار دەست پێ بکا! ئەوە بوو کە ددانەکانی لەسەر یەک بەتوندی داگرت و شانەکانی خوار کردەوە و بەهەموو هێزییەوە ویستی هەناسەی دە سینگیدا ڕابگرێ، بەڵام بەو هەموو کارە سەختانەوە بەخت یاریی نەکرد و دەنگێکی کز و کەم هێز کە تەفاوەتی دەگەڵ ئەو دەنگە ترسێنەرانەی بووبوونە هۆی هەترەشچوونی، لە پاشەوە لێ دەرچوو. دۆن کیشۆت بیستی و دەستبەجێ پرسی: سانکۆ ئەو دەنگە چ بوو؟ سانکۆ جوابی داوە: نازانم قوربان، بەڵام هەرچی هەیە دەبێ شتێکی تازە بێ، چونکە ڕووداوی چاک و خراپ هەرگیز لەشتێکی چووکەوە دەست پێ ناکا.» پاشان دووبارە بەختی خۆی تاقی کردەوە. و ئەوجار سەرکەوتنێکی گەورەی دەدەست هێنا و بێ ئەوەی سەر و سەدایەک دروست بکا و ئاژیرێک بکێشێ لەوبارە قورسەی حاڵی تێک دابوو ڕزگاری هات.

بەڵام چون دۆن کیشۆت هەستی بۆن کردنی وەک هەستی بیستنی زۆر تیژ بوو، لەولاشەوە سانکۆ هەر لەبەر دەمی ئەو کاری خۆی کردبوو کە هەڵمی بەرزەوە بوو، یەک ڕاست دەگەیشتە بەرلووتی و ناچار بۆگەنیو گەیشتە لووتی ئەرباب. هەر کە ئەو بۆگەنیوە لەدەم و لووتی هاڵا بەقامکەکانی کونە لووتی خۆی گرت و بەدەنگێکی کە لە کەپۆیەوە دەهاتە دەر: گوتی: سانکۆ وای بۆ دەچم ئەتۆ دەو ساتەدا تووشی ترسێکی گەورە بووی. سانکۆ گوتی: ڕاست دەفەرمووی، بەڵام جەنابت بەچیرا دەڵێی ترسی من لە چەند ساتێک لەمەوبەر گەورەترە؟ دۆن کیشۆت گوتی، چونکە ئەلئان بەرێژەی چەند سات بەر لە ئێستا بۆنێکی زۆر پیست لێ دێ و ئەو بۆنەش مەعلووم لە میشک و عەنبەر هەڵناستێ. سانکۆ گوتی: ئەوەش ڕەنگە هەروابێ. بەڵام ئەوەش هەر تاوانی خۆتە کە منت دە سەعاتانێکی بێ وەختدا هێناوەتە شوێنی ئاوا چۆل و هۆل. دۆن کیشۆت بێ ئەوەی قامکەکانی لەسەر لووتی هەڵگرێ گوتی: هەڤاڵ دوو سێ هەنگاو واوەتر چووبای و لەمەو دوا زۆرتر خۆت ڕابگرە و دەفکری کەسایەتی و ئابڕووی منیشدا بە. بێگومان ئەم بێ ئەدەبییە لەوەڕایە کە من لە دانیشتن دەگەڵ خۆمدا زۆرتر لە ڕادەی پێویست ئازادیم پێداوی. سانکۆ گوتی حەتمەن جەنابت پێت وایە من کارێکم دەگەڵ خۆم کردووە کە نەدەبووایە بیکەم. دۆن کیشۆت گوتی: باشە دەست هەڵگرە، لەسەری مەڕۆ! ئەوانە بابەتێکن هەرچی زۆرتر لێی بکۆڵییەوە بۆگەنی زۆرتر دەبێ.»

بەڵی جا، ئەرباب و مەیتەر باقیی شەوەکەیان بەو قسانە و شتی لەم بابەتە ڕابوارد. هەرکە سانکۆ دیتی گزینگی بەیانی خەریکە سەر هەڵبدا سەبرێکی بەندی دەست وپێی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەسپەکەی کردەوە و حەیوانی بەستەزمان کە خۆی بەئازاد زانی، بەڕواڵەت غیرەتێکی وەبەر خۆی ناو هەرچەند بەسروشت سەرکێش و نەعاملاو نەبوو، بەهەر دووک دەستی، دەستی کرد بەسمکۆڵ کردن، بەڵام لە جووتە هاویشتن و خۆش بەزی خۆی بوارد، چونکە هێزی ئەم کارانەی نەبوو. دۆن کیشۆت کاتێک دیتی ئەسپەکەی دە بزوێ و دەڕوا ئەوەی بەفاڵێکی باش لێ کداوە و بەنیشانەی ئەوەی دانا کە دەتوانێ پێشوازی لە گۆنگەڵ و ڕووداوی ترسناک بکا.

دە ماوەی ئەو کەینوبەینەدا هەوا تەواو ڕووناک بووەوە هەموو شتێک بەباشی دەبیندران. دۆن کیشۆت خۆی لەژێر مێشەیەک داربەڕووی بڵند کە سێبەرێکی خەستیان هەبوو دیتەوە. بەڵام نەیزانی ئەو زرم و کوتە بێ بڕانەوەیە لە کوێڕا دێ و چییە. لەبەر ئەوە بێ یەک چرکە ڕاوەستان، ڕکێفی هێنا ڕۆسینانت و پاش ماڵاواییەکی تر بەمەیتەری گوت هەر وەک دەپێشدا پێی گوتبوو، بەلانی زۆرەوە تا سێ ڕۆژی تر هەر لەوێ چاوەڕوانی بێ و ئەگەر دەو سێ ڕۆژەدا نەگەڕاوە ئەوە بزانێ کە بەپێی چارەنووسی دیاریکراو لە لایەن باری تەعالاوە، گیانی خۆی لەسەر ئەو ڕووداوە مەترسیدارە بەخت کردووە. پاشان پەیامەکەی بۆ دۆلسینە وەبیر مەیتەر هێناوە کە پێی ڕابگەیەنێ. لە کۆتاییدا گوتی لەبابەت مواجیب و حەق و حقووقی خۆی هیچ نیگەران نەبێ، چونکە ئەو یانی دۆن کیشۆت، پێش ئەوەی وەدەرکەوێ وەسیەتنامەیەکی لە ماڵە خۆی داناوە و دەوێدا فەرمانی داوە مواجبی مەیتەرەکەی بەئەنعامەوە بەتەواوی بدەن. پاشان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «بەڵام ئەگەر خودا ویستی و لەم هەراوبەزمە بەسلامەتی گەڕامەوە، تۆ دەتوانی بێ هیچ شک و گومانێک ببیتە خاوەنی ئەو دورگەی کە پێم وەعدە داوی.» کاتێک سانکۆ فەرمایشتە دڵهەژێنەکانی ئەربابی بیست، دووبارە وەگریان کەوت و لێ بڕا تا کۆتایی کار لە وی جیا نەبێتەوە. نووسەری ئەم داستانە لە گریان و نارەحەتیی سانکۆ پانزا و لە تەمامی پیاوانەی ئەو بەو نەتیجە دەگا کە ئەو بێگومان پیاوێکی نەجیب و ڕەسەن بووە و لە ژماری کۆنە مەسیحییەکاندا[١٤٧] دەبێ بناسرێ. پەژارەی سانکۆ تا ڕادەیەک ئەربابی غەمگین کرد، بەڵام نە بەو ئەندازەیە کە ئەو کەمترین داماوییەک لە خۆی نیشان بدا. بەپێچەوانەوە پەژارەی خۆی شاردەوە و بێ دەرنگ بەرەو ئەو شوێنەی کە پێی وابوو دەنگی ئەو زرم و کوتە لە وێڕا دێ وەرێ کەوت.

---

١٤٧– ئێستاش لە ئیسپانیا کۆنە مەسیحی بەوانە دەڵێن کە لە قەدیمەوە باب و باپیریان مەسیحی بوون و دە شەجەرەیاندا جوولەکە یا عەرەبی مەسیحی نەبێ. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


سانکۆ وەک هەمیشە پیادە دەڕۆیشت و وە دوای ئەرباب کەوت و هەوساری کەرەکەی کە هاودەمی ڕۆژانی خۆشی و ناخۆشیی بوو، بەدەستەوە گرت و دەیکێشا. کاتێک هەر دووکیان ماوەیەک دەژێر لقوپۆپی داربەڕووەکاندا ڕێ ڕۆیشتن، گەیشتنە چیمەنێکی چکۆلە کە لە داوێنی ڕەوەزەبەردی بەرزدا هەڵکەوتبوو و تاڤگەیەکی جوان لەسەر ڕەوەزەکانەوە هەڵدەڕژا. لە بناری ئەم ڕەوەزانەدا، چەند کۆختەیەکی فەقیرانە هاتنە بەرچاو کە زۆرتر وە کەلاوە دەچوون تا ماڵ و ئەو دووە تێگەیشتن کە ئەو زرم و کوتە لەوێوە دێ و ئێستاش هەر بەردەوام بوو. ڕۆسینانت لە هاشە هاشی ئاوهەڵدێر و دەنگی زرموکوت کەمێک سڵەمییەوە بەڵام دۆن کیشۆت دەستی بەسەردا کێشا و بەدەنگێکی نەرم ئارامی کردەوە و لە حاڵێکدا لە ناخی دڵەوە خۆی بەگراوییەکەی دەسپارد وداوای لێ دەکرد دەو ڕووداوە هەترەش بەرەدا یارمەتیی بدا لە کۆختەکان نزیک بووەوە و بێجگە لەوەش دەرێگادا یارمەتی لە خوداش داوا دەکرد و بەڵام سانکۆ کە لە تەنیشت ئەرباب دوور نەدەکەوتەوە، جاروبار بە بەرزگی ڕۆسینانتدا بەدزی چاوێکی لەوبەری دەکرد، بزانێ چ باسە، هەر دووک سەد هەنگاوێک زۆرتر چوونەپێش تا لە ناکاو لە پشت یەکێک لە ڕەوەزەکان بەئاشکرا هۆی ئەو هەموو زرموکوتە دۆزەخییەیان زانی. شتێکی ئاسایی بوو کە ئەگەر باسی بکەم، ڕەنگە ببێتە هۆی کەسەر و پێکەنینی خوێنەر. شەش داوودەزگای ئاودینگ بوون، کە بەزەبر و کوتانی بی بڕانەوە ئەو هەموو دەنگ و هەرایەیان دروست کردبوو.

لە دیتنی ئەم دیمەنە دۆن کیشۆت لالایی گەیشتێ و ڕەنگ لە ڕوخساری پەڕی و دە سەرتاپای خۆیدا هەستی بەداماوی و زەبوونی کرد. سانکۆ چاوی لە قیافەی ئەربابەکەی کرد و دیتی کە وەک پیاوێکی شەرمەندە و سەرسوڕماو سەری دەبەر خۆی ناوە. دۆن کیشۆتیش چاوێکی لە قیافەی سانکۆ کرد و دیتی کە مەیتەرەکەی خۆی هەڵمساندووە و خەریکە پێ دەکەنێ. بەدیتنی ئەو قیافەیە هەر چەند زۆر غەمگین و داهێزاو بوو، ئەویش وەپێکەنین کەوت. سانکۆ کە دیتی ئەربابیش ئەوا پێ دەکەنێ، پێش دەم و فلچی خۆی کردەوەو و لە قاقای پێکەنینی دا. تا ئەو ڕادەیەی کە بۆ ئەوەی نەپچڕێ، هەر دووک دەستی بەکەلەکەی گرتبوو. چوار جار ئەهوەن بووەوە هەموو جارێک توندتر لە جاری پێشوو لە قاقای پێکەنینی دەداوە. دۆن کیشۆت وردەوردە نارەحەت دەبوو و بەتایبەتی کاتێک زۆر دەر هەڵبوو کە بیستی سانکۆ بەشێوەیەکی گاڵتە جاڕانە و بەلاسا کردنەوەی دەنگ و ئەدا و ئەتواری پاڵەوان، بەدەنگی بڵند دەڵێ: «ڕەفیق سانکۆ، بزانە کە من بەئەمر و تەقدیری خوداوەند لە سەردەمی ئاسندا هاتوومە سەر دنیا تا عەسری زێڕ ببووژێنمەوە و دەستی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



تەقدیر هەرچی مەهلەکە و مەعرەکەی تەژی لەترس و هەراسە و نیازی بەهونەر نوێنیی درەوشاوە و دلاوەری هەیە، بەناوی منی ڕەقەم لێ داوە...» و دیسان دەست بەردار نەبوو و قسەکانی ئەربابی لە کاتی بیستنی یەکەم دەنگی کوتەکوتی ئاودینگەکان، دووپات دەکردەوە. دۆن کیشۆت کە دیتی سانکۆ خەریکە گاڵتەی پێ دەکا، وەها دەرهەڵبوو کە نێزەکەی بەرز کردەوە و بەدەسکەکەی دوو زەبری زۆر توندی حەواڵەی نێوشانی کرد کە ئەگەر وە سەری کەوتبایە، حیسابی ئەرباب لە بابەتی مواجیب و پاداش دەگەڵ ئەو پاک دەبوو مەگەر ئەوەی دابای بەمیراتگرەکانی. کاتێک سانکۆ دیتی کە پاداشی شۆخی و گاڵتەکەی ئاوا پێ درا، بۆ ئەوەی ئەرباب پاداشەکەی بۆ زیاد نەکا. خۆی مەزلووم کرد و بەدەنگێکی کزترەوە گوتی: «حەزرەتی ئەرباب ئارام بگرە، مەگەر نابینی کە من شۆخی دەکەم؟ دۆن کیشۆت گوتی: بەڵی چون جەنابت شۆخی دەکەی من شۆخی ناکەم وەرە پێشتر بەڕێز دەلقەک(*) و جوابم بدەوە. ئایا بەڕێزتان پێتان وایە کە ئەگەر لەجێی ئەم ئاو دینگانە بەڕاستی دەگەڵ ڕووداوێکی گرینگ بەرەنگار بووایەوە من ئەوەندەم ئازایەتی نەدەنواند کە پیاوانە بەگژیدا بچم ولەناوی بەرم؟ و ئایا من کە پاڵەوانم، حەتمەن دەبێ دەنگانیش بناسم و بزانم دەنگی ئاودینگە یان شتێکی تر؟ ئایا من کە هەرگیز ئاودینگم نەدیوە ودەنگم نەبیستووە دەبێ ئەو دەنگە بناسمەوە یان تۆی دێهاتی کەڵلەپووک کە ڕۆژ و شەو ئاودینگت دیتووە و دەنگت بیستووە و لە پەنا ئاش گەورە بووی؟ دەبڕۆ ئەو شەش ئاودینگەم بۆ بکە شەش عفریت(*) و یەک یەک یا پێکەوە بەگژ منیاندا بکە، ئەگەر هەر شەشیانم لە عەرزی نەدا، ئەودەم هەتا چاوت دێتە دەر، ئیجازەت دەدەم پێم پێ بکەنی و گاڵتەم پێ بکەی. سانکۆ بەلالانەوە گوتی: بۆ خاتری خودا ئەربابی خۆشەویستم بەسی کە. من دان بەوەدادەنێم کە پێم لەبەرەی خۆم زیاتر ڕاکێشاوە و زۆرتر لە ئەندازە گاڵتە و شۆخیم کردووە، بەڵام ئێستا کە بێ حیساب بووین و ئاشتیمان کرد و (خودا بکا لە هەموو ڕووداوێکدا ئاوا ساغ و سلامەت بێیە دەرێ!) بفەرموو بزانم ئایا ئەو ترس و خۆفە کەمەرشکێنەی بەسەر مەدا زاڵ بووبوو بۆ پێکەنین نابێ و بۆیە نەدەبوو لەهەموو جێگایەک بەنەقڵ بۆ خەڵکی بگێڕینەوە؟ ببوورە من ترسی خۆم دەڵێم، دەنا دەزانم کە حەزرەتی بەڕێزتان تەنانەت ناوی ترسیشتان نەبیستووە. دۆن کیشۆت گوتی: من ناڵێم ئەوەی بەسەرمان هات، جێگەی پێکەنین نەبوو، بەڵام باوەڕ ناکەم بۆ گێڕانەوە ببێ، چون بیسەرانی تۆ هەمیشە پیاوی عاقڵ و تێگەیشتوونین کە هەمووشت لە جێی خۆ دابنێن. سانکو گوتی: دەستت نەیەشێ و ئافەرین بۆ تۆ کە لانی کەم دەسکی نێزەکەت لە جێگای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

خۆی دەکار هێنا. چون جەنابت هەر چەند سەری منت نیشانە گرتبوو، بەڵام بەویستی خودا و تێبینی و ئیحتیاتی خۆم، سەرم بۆ لای ڕاست لادا و نێزە وەنێوشانم کەوت. بەڵام با لێ گەڕێین؛ چون بەفەرمایشتی بەڕێزتان «رابردوو رۆیی»، لە هەمان کاتیشدا بیستوومە دەڵێن «دۆست ئەوەیە بتگریەنێ» بێجگە لەوانەش ئەربابانی گەورە کاتێک جنێوێک بەنۆکەران دەدەن بەپێی عادەت خەلاتێکیشیان دەکەن. ئیتر نازانم ئەگەر دارکارییان بکەن چییان پێ دەدەن؟ بەڵام پێم وایە پاڵەوانانی سەرگەردان پاش لێدانی نۆکەرەکەیان دوڕگەیەک لە دەریا، یا وڵاتێک لە وشکی دەدەن بەنۆکەری خۆیان. دۆن کیشۆت گوتی: هیچ دوور نییە بەختمان یار بێ و ئەوەی تۆ دەیڵێی بێتە دی. بەهەر حاڵ سانکۆ حەلاڵم کە و لێم ببوورە و ئەوەی ڕابرد، فەرامۆشی بکە. تۆ پیاوێکی ژیری و دەزانی کە یەکەم بزووتنەوەکانی ئادەمیزاد بەدەست خۆی نییە. هەروەها دەمەوێ لەمەودوا تۆ شتێک بزانی تا لە فەرەوێژی دەگەڵ من خۆت بپارێزی، ئەویش ئەوەیە کە من دە هەموو کتێبەپاڵەوانییەکاندا خوێندوومەتەوە و ژماری ئەو کتێبانەش دە حیساب نایە. هەرگیز نەمدیوە مەیتەرێک ئاوا بێ ئەدەبانە دەگەڵ ئەربابی خۆی دوا بێ. ڕاستت دەوێ، ئێمە هەر دووکمان لەم بارەوە خەتاکارین، تۆ لەم لایەنەوە کە ئەو جۆرەی پێویستە ڕێز لەمن ناگری و منیش لەم لایەنەوە کە ڕێزی خۆم ڕاناگرم، بۆ نموونە «گاندالین» Gandalin مەیتەری ئامادیس کە بوو بە«کۆنت»ی دوڕگەی بیری Lile ferme دەڵێن ئەو پیاوە تا شەو دادەهات کڵاوەکەی بەدەستەوە نەدەگرت و سەری دانەدەنواند و قەدی بۆ کڕنوش خوار نەدەکردەوە و دەگەڵ ئەربابی خۆی قسەی نەدەکرد. باسی «گازابال»Gasabal مەیتەری «دۆن ئالاگور» چ بکەم کە چەندە بەشەرم و حەیا بوو! بۆ ئاگاداری لەسەر بەهرەمەندیی ئەو دەرگرتنی بێدەنگیدا هەر ئەوەند بەسە، کە دەتەواوی ئەو داستانە گەورەیەدا تەنیا جارێک ناوی هاتووە. لەوانە کە گوتم، تۆ ئەی سانکۆ دەبێ بەو ئاکامە بگەی کە دەبێ لە نێوان ئاغا و نۆکەر و ئەرباب و ڕەعیەت و پاڵەوان و مەیتەر جیاوازی دابنێ. کەوا بوو لەمەودوا دەبێ بێ ئەوەی پێمان لە بەڕەی خۆمان زۆرتر ڕاکێشین و بەخۆمان ئیزن بدەین زۆرتر لە پێویست گاڵتە و شۆخی بکەین، زۆرتر ڕێز لە یەکتری بگرین، چۆن هەر چۆنێک من لەتۆ بڕەنجێم، هەر دەبێتەوە حەکایەتی بەرد و گۆز[١٤٨]. پاداش و پیاوەتی و چاکەیەکی کە من وەعدەم بەتۆ داوە لە کاتی خۆیدا دەگا و ئەگەر نەشگا لانی کەم حقووقی تۆ وەک چەند جاری تریش

١٤٨– ئیشارەیە بەپەندێکی ئیسپانیایی کە دەڵێ «ئەگەر بەرد وەگۆزە کەوێ وای بەحاڵی گۆزە و ئەگەر گۆزە وەبەرد کەوێ، دیسان وای بەحاڵی گۆزە». (لوویی ویاردۆ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوتوومە – لەناو ناچێ و ناسووتێ – سانکۆ گوتی: هەرچی حەزرەتی ئەرباب دەیفەرمووێ لەجێی خۆی دایە ودروستە. بەڵام ئەگەر زەمانی ئەنعام و پاداش هەرگیز نەگا و من تەنیا بەمواجیبەکەم ڕازی بم، دەمەوێ بزانم کە مەیتەرانی پاڵەوانانی قەدیم چەندیان مواجیب وەردەگرت و ئایا قەرار و مەداریان مانگانە بووە یا وەک شاگرد بەننا ڕۆژانە؟ دۆن کیشۆت گوتی تا ئەو جێی من بزانم مەیتەری قەدیم مواجبیان وەرنە دەگرت، بەڵکو بەخۆڕایی خزمەتیان دەکرد و ئەوەی کە من دەوەسیەتنامەی سەر بەمۆری خۆمدا کە لەماڵەوەم داناوە حقووقێکم بۆ تۆ دەبەرچاو گرتووە لەبەر ڕووداوگەلێکە کە ڕەنگە بێتە پێش. چون بەڕاستی من ئێستا نازانم لەم دەورانە پڕ لەهەرا و ناکۆکییەدا کە ئێمە تێیدا دەژین، کاروباری پاڵەوانی چۆن دەیگرێ و من نامەوێ بەخاتری شتێکی کەم و ناقابیل لەو دنیا ڕۆحم بکەوێتە عەزاب و نارەحەتی. تۆ هەواڵ سانکۆ بەڕاستی دەبێ بزانی کە لەم دنیایەدا هیچ شوغڵ و کارێک بەدەردەسەریتر و پڕمەترسیتر لە کاری پاڵەوانی و ڕۆیشتن بەدوای ڕووداواندا دژوار نییە. سانکۆ گوتی من باوەڕم بەفەرمایشتی تۆ هەیە. چون تەنیا دەنگی ئاودینگەکان توانیی دڵی گۆنگەڵخوازێکی وەک بەڕێزتان داخورپێنێ و تووشی ترسان و پەشێویی بکا. لەوەش گەڕێ، خاترجەم بە من لەمەودوا تەنیا بۆ ڕێز گرتن لە ئێوە لێوم دەبزوێ، دەنا قڕوکپ وستەم لێ نابیستی و چیتر شۆخی و گاڵتە ناکەم. دۆن کیشۆت گوتی: ئەگەر وابێ وەک گوتوویانە دەدۆشەگی پەڕی قوودا دەنووی، چونکە لە پاش دایک و باب، ڕێز گرتن لە ئەربابان لە هەموو شتێک واجیبترە. چون ئەوانە هەر دووکیان لە ڕوانگەی حقووق و پلەوپایەوە بەرامبەرن.»

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٢١

## لەمەڕ ڕووداوی گەورەی بەغەنیمەت گرتنی کڵاوخوودی «مامبێرن»[١٤٩] و باقیی ئەو پێشهاتانەی کە بەسەر پاڵەوانی لەشکان نەهاتوو هات

لەو کاتەدا بارانێکی ورد دەستی کرد بەبارین و سانکۆ دەیویست پەنا بەرێتە ناو ئاودینگەکان، بەڵام دۆن کیشۆت کە دەنگی ئاودینگەکان بەهەڵەیان بردبوو، زۆریان لێ دڵپڕ بوو، نەیدەویست بەهیچ کلۆجێک پێی بنێتە ناویانەوە، لەبەر ئەوە لەنەکا ڕووی دەلای ڕاست کرد و هەر دووک گەیشتنە ڕێگایەک کە وەک ئەو ڕێگایە دەچوو دوێنێ پێی دا هاتبوون.

دۆن کیشۆت لە دوورەوە چاوی بەسوارێک کەوت کە شتێکی بەبریقە و ترووسکەی لەسەر بوو. وەک بڵێی لە زێڕ دروست کرابێ. دۆن کیشۆت دەگەڵ چاوی بەسوارەکە کەوت، ڕووی دەسانکۆ کرد و گوتی: «بەرای من هیچ پەندێک نییە کە ڕاستییەکی تێدا نەبێ. چون مەگەر پەندەکان ڕستەگەلێک نین کە حیکایەت لە ئەزموونێک دەکەن و ئەزموونیش خۆی دایکی هەموو زانستانە؟ بەتایبەتی لەمەڕ ئەو پەندە کە دەڵێ: «خوداگەر لە حیکمەت ببەستێ دەرێک؛ بەڕەحمەت دەرەخسێنێ بۆ تۆ هەلێک[١٥٠] «بەتەواوی دروستە. چون لە ڕاستیدا ئەگەر دەستی تەقدیر، دوێنێ پاش نیوەڕۆ، دەرگای ڕووداوێکی بە ڕوومانندا بەست و ئێمەی بەدەنگی ئاو دینگان بەهەڵەدابرد، ئەوەتا دەرگای ڕووداوێکی زۆر باشتر و مسۆگەر تری بەسەرماندا خستووەتە سەر پشت و، ئەو جار ئەگەر نەتوانم دەرگای ئەم ڕووداوە بدۆزمەوە، بێ ئەوەی عوزری نەناسینی دەنگی ئاودینگەکان یا تاریکیی شەو لەمن قبووڵ بکرێ، ئەو جار خەتاکە دەکەوێتە ئەستۆی خۆم و من ئەو قسانە بۆیە دەکەم کە ئەگەر هەڵە نەکەم، ئەوەتا پیاوێک دەبینم کە بۆ لای ئێمە دێ و کڵاوخوودی مامبێرنی لەسەرە کە من سوێندم خواردووە دەبێ وەدەستی بێنم و تۆش لەو سۆیندەی من ئاگاداری. سانکۆ گوتی: ئەرباب بۆ خاتری خودا ئاگات لە قسەو ڕەفتاری خۆت هەبێ. من نامەوێ کە بکەوینە ژێر

---

١٤٩- کڵاوخوودی مامبرین Mambrin کڵاوێکی جادوویی بوو کە «مامبرین» پادشای ڕەگەز عەرەبی ئەسپانیایی لەسەر خۆی دەکرد و ئاخری کەوتە دەست «ڕێنۆ دۆ منتۆبان» پاڵەوانی سەرگەردان. (مۆریس باردۆن)

١٥٠- وەرگێڕاوی ئەم شیعرە فارسییە: «خدا گر ز حکمت ببندد دری/بە رحمت گشاید در دیگری». (وەرگێڕ)

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئاودینگی تر و مێشکمان بەئاودینگی تر بهارِن. دۆن کیشۆت گورِاندی و گوتی: لەعنەتی شەیتانت لێ بێ، چ پیاوێکی! ئاخر ئاودینگ لە کوێ و کڵاوخوود لە کوێ؟ سانکۆ گوتی: چت عەرز کەم. بەڵام ئەگەر وەک جاران ئازادیی قسە کردنم بووایە بەڵگە و دەلیلی وام بۆ بەرِێرتان دێناوە کە دەتبینی بەتەواوی بەهەڵە چوون. دۆن کیشۆت گوتی: ئەی غەیانی بەدگومان. من چۆن مومکینە بەهەڵەداچووبم. بڵێ بزانم مەگەر تۆ ئەو پاڵەوانە کە سواری ئەسپێکی قزڵە(*) و بەرەو ئێمە دێ و کڵاوخوودێکی زێرِینی لەسەرە، نابینی؟ سانکۆ گوتی: ئەوەی من دەیبینم و تەماشای دەکەم پیاوێکە سواری کەرێکی بۆز بووە، وەک کەرەکەی خۆم و شتێکی لەسەرە کە برووقەی دێ. دۆن کیشۆت گوتی: باشە ئیدی، ئەو شتە هەمان کڵاوخوودی مامبێرنە. ئێستا تۆ لەسەر رِێگەم واوە برِۆ و من دەگەڵ ئەو تەنیا بێڵەوە، تا ببینی کە چۆن بێ ئەوەی قسەیەک بکەم یا کاتێک بەفیرِۆ بدەم کارەکە تەواو دەکەم و کڵاوخوودێک کە ئەو هەمووە دە ئارەزوویدا بووم وەدەست دێنم. سانکۆ گوتی، لادان لەسەر رِێگە کاری خۆمە، بەڵام خودا بکا ئەم گیایە «سەرەخس»(*) بێ و ئاودینگ نەبێ. دۆن کیشۆت زیقاندی: کابرا! دەپێشداش پێم گوتی کە ئەو هەمووە دینگ و ئاودینگ و ئەو حەلەم قەلەمەم بە گوێدا مەدە. چون سۆیندم بەتەواوی... حاڵی دەبێ؟ سۆیند دەخۆم کە رِۆحت لێ دەستێنم و نێوی ئاودینگت لەبیر دەبەمەوە...» سانکۆ لەترسی ئەوەی مەبادا ئەرباب سۆیندەکەی بەرێتە سەر، زوو وسکوت بوو، چون دۆن کیشۆت وەها توورِە بووبوو کە دەیویست دەم و لووتی تێک کاتەوە. جا با بزانین، ئەو کڵاوخوودە و ئەو ئەسپ و ئەو سوارە کە دۆن کیشۆت لە دوورەوە دەیدیت چ بوو. لەو دەڤەرە دوو گوند لە نزیک یەک هەبوون، یەکیان ئەوەندە چکۆلە بوو کە نە دارووخانەی هەبوو نە سەرتاشخانە و ئەوی تر گەورەتر و ئەو دوو شتانەی هەر دووک هەبوون. دەلاکی گوندە گەورەکە، خزمەتی گوندە چووکەکەشی دەکرد و لە گوندە چووکەکەدا، نەخۆشێک بوو کە دەبووایە حەجامەت بکرێ و یەکێکی دەویست کە رِیشی بۆ بتاشێ. دەلاک بۆ ئەنجامدانی ئەو دوو کارە دەچووە ئەو دێیە و لەگەنێکی رِیش تاشینی لە مسی سوور پێ بوو. تەقدیر وای ویستبوو ئەو رِۆژە دەلاک بکەوێتە بەرباران و ئەویش بۆ ئەوی کڵاوەکەی کە تازە بوو تەرِ نەبێ، لەگەنەکەی بەسەریدا گرتبوو و چون لەگەنەکەش لەمسی تازە بوو لە دوورەوە برووقەی دەهات. دەلاک هەر وەک سانکۆ دەیگوت سواری کەرێکی بۆز بوو، هەر بەو هۆیەشەوە دۆن کیشۆت پێی وابوو کە ئەسپێکی بۆزە و پاڵەوانێک بەکڵاوخوودی زێرِینەوە دەبێنێ. چون هەرچی ئەو بەچاو دەیدیت بەهۆی فکری پەریشان و عەقڵی شێواوییەوە بەجۆرێکی تری دەدیت و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



لێکدانەوەیەکی تری بۆی دەبوو.

بەڵێ جا دۆن کیشۆت دەگەڵ دیتی کەرسواری بێ ئەنوا، نزیک بووەتەوە. بێ ئەوەی قسەیەکی پێ بڵێ نێزەکەی بەحاڵەتی هێرش بردن بەدەستەوە گرت و بەچوار ناڵە ڕووی دەکابرا کرد. ئەزمی ئەوە بوو بەنێزە بەدەنی کوناودیو(*) بکا. بەڵام ئەو چرکەیەی گەیشتە حەریف، بێ ئەوەی لە توندی هێرشەکەی کەم کاتەوە بەسەریدا گوڕاند کە: «ئەی مەخلووقی مەفلووک، ئەی بێچارەی نابووتە، یا لە خۆت بەرگری بکە یا شتێکی کە بەحەق بۆ تۆ نابێ بەڕەزا و خۆشی بیدە بەمن.»

دەلاک کە هیچ کات فکری لەشتی وا نەکردبووەوە و پێشبینیی وەها ڕووداوێکی نەکردبوو، کاتێک ئەو تاپۆیەی دیت کە هێرشی هێناوەتە سەر، بۆ ئەوەی نەکەوێتە بەر زەبری نێزە، ناچار خۆی لە کەرەبۆز فڕێ دا خوارێ. پاشان هەر کە پای گەیشتە زەوی، وەک ئاسکی چالاک هەستا و وەها بەتوندی بەنێو ئەو سەحرایەدا تێی تەقاند کە بای شەماڵیش تۆزی نەدەشکاند. دەلاک لەگەنی بەجێ هێشت و دۆن کیشۆت کە بلی(*) ئەو شتێکی تری نەدەویست دەنگی لێ هەڵێنا کە «ئەو کافرە عیسانێکی بێ عەقڵ نەبوو و لاسای شێوەی کاری سەگاوی(*) کردەوە کە وەختێک ڕاوچی تەنگیان پێ هەڵچنی، بەددانی خۆی ئەو شتەی کە بەحوکمی غەریزە دەزانێ لەبەر ئەوی ڕاو دەکەن دەپچڕێ و دەیدڕێ.»

پاشان فەرمانی دا کە سانکۆ کڵاوخوودەکە لە عەرزی هەڵگرێتەوە. سانکۆش پاش ئەوەی شتەکەی لە دەستی خۆیدا هەڵسەنگاند و هێناو برد گوتی: ماشاڵڵا چ لەگەنێکە! سکەیەکی هەشت ڕێئالیی زۆر باش دێنێ! پاشان لەگەنی دا بەدەست ئەرباب. دۆن کیشۆت لەگەنی لەسەرنا و بەهەموو لایەکدا سووڕاندی و دووبارە سووڕاندی تا جێگەی بەندەکانی بدۆزێتەوە و چون نەیتوانی ئەو کارە بکا هاواری کرد کە: «وێ دەچێ ئەو کافر بابەی یەکەمجار ئەو کڵاوخوودەی بەئەندازەی سەری بۆ دروست کراوە کەللەیەکی زۆرگەورەی هەبوو بێ، خراپتریش ئەوەیەکە نیوەی کڵاوەکە نەماوە.» کاتێک سانکۆ دیتی کە ئەرباب بەلەگەنی ڕیش تراشی دەڵێ کڵاوخوود نەیتوانی لە قاقا لێدان خۆی ڕابگری. بەڵام کە وەبیر هەڕەشە و تووڕەیی ئەرباب کەوتەوە، پێکەنینەکەی بەنیوەچڵی هێشتەوە. دۆن کیشۆت پرسی: «بەچی پێ دەکەنی سانکۆ؟ مەیتەر گوتی: بەوەی پێ دەکەنم کە ئەو کافرە، خاوەنی هەوەڵی ئەم کڵاوخوودە چ کەللەکەرێک بووە و کڵاوەکەی هەمان ئەندازە کە مێشێک و مێشێکی تر دەچێ، عەینەهوو لەگەنی ڕیش تراشی! دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ دەزانی من فکر لەچی دەکەمەوە؟ من وا فکر دەکەمەوە ئەو کڵاوخوودە بێ وێنەیە بەهەڵکەوتێکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاوەڕوان نەکراو وەدەست کەسێک کەوتووە کە قەدر و قیمەتی نەزانیوە و چون دیتوویەتی کە لە زێری خالیس دروست کراوە، بێ ئەوەی خۆی بزانێ چ دەکا نیوەی تواندووەتەوە و کردوویەتە پووڵ بەجۆرێک کە نیوەکەی تر بەم شێوەیە دەرهاتووە کە دەیبینی و وەک تۆ دەڵێی وەلەگەن دەچێ، بەڵام هەرچی دەیەوێ با ببێ، بۆ منێک کە باش دەزانم چییە ئەم گۆڕانی شکڵە هیچ گرینگ نییە. من لە یەکەم دێدا کە تووشی ئاسنگەرێک بم، چاکی دەکەمەوە و کڵاوخوودێکی وای لێ دروست دەکەم کە خودای ئاسنگەران بۆ خودای شەڕیان دروست نەکرد بێ(١٥١). جاری تا ئەو ڕۆژە من هەر بەمجۆرە لەسەر خۆمی دەنێم؛ چون وەک گوتوویانە لە هیچ باشترە، لە لایەکی تریشەوە ئەوە بۆ پاراستنی سەرم لە بەردەباران زۆر باشە. سانکۆ گوتی: بەڵام بەو شەرتەی وەک ئەو ڕۆژەی کە شەڕی دوو لەشکر بوو و شەویلاکەی ئێوەیان ورد کرد و زەرفی شەربەتە متفەڕکەکەی منیشیان شکاند، بەردەکانمان بەقۆچەقانی تێ هەڵنەکەن. دۆن کیشۆت گوتی: لە نەبوونی ئەو شەربەتە زۆر نارەحەت نیم، چون هەر وەک دەزانی ئێستاش پێکهاتەکەی دەزانم. سانکۆ گوتی: منیش پێکهاتەکەی لەبەر دەزانم، بەڵام خودا بمکوژێ ئەگەر بمەوێ جارێکی تریش دروستی بکەمەوە یا لێوی لێ دەم! بێجگە لەوەش فکر ناکەم هەرگیز خۆم تووشی وەزعێک بکەم کە نیازم بەو شەربەتە ببێتەوە. بەپێچەوانەوە دەو فکرەدام کە بەهێزی هەر پێنج هەست، وەها خۆم بپارێزم کە نە برینداربم و نە کەسیش بریندار کەم. بەڵام لەمەڕ ئەوەی جارێکی تر سەمای سەر لێفەم پێ دەکەن یا نا ناتوانم شتێک عەرز بکەم. چون ئەم ڕووداوە یەکێک لەو نەهامەتییانەیە کە پیاو ناتوانێ پێش بینی بکا. و کاتێکیش هات بلی ئەوەی پیاو شانەکانی خۆی وێک بێنی و خۆی بداتە دەست چارەنووس و لێفە، چارەیەکی تری بۆ نامێنێتەوە.

دۆن کیشۆت کاتێک ئەو قسانەی دوایی گوێ لێ بوو گوتی: سانکۆ بەڕاستی تۆ مەسیحییەکی دروست و حیسابی نی، چون زۆر بۆق لەزگی(*) و تەوهینێکی کە پێت کراوە فەرامۆشی ناکەی. لە حاڵێکدا پیاوی ئازادە و ئازا و جوامێر هیچ کات ئەوندە گرینگی بەمجۆرە گاڵتە و شۆخییانە نادا. پیم بڵێ بزانم دەو مەعرەکەیەدا کام قاچت لەنگ بوو، کام

١٥١- لێرەدا دۆن کیشۆت بەهەڵە چووە، چون «ووڵکەن» خودای ئاسنگەران نەبوو کە بۆ مەریخ خودای شەڕ کڵاوخوودی دروست کرد. بەپێچەوانە مەریخ بۆ ئەوی دروست کرد. ئەویش چ کڵاوخوودێکی خراپ! ئەو کارەشی وەختێک کرد کە دەگەڵ ژنی ووڵکەن یانی زوهرە لە بنەوە پێوەندیی هەبوو. (ڕۆدریگز مارن...) وە ئێمە ئەوەی لێ زیاد دەکەین کە «ووڵکەن» ئەسلەحەی شەڕی بۆ ئاشیل وڕێنە دروست کرد. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarii.org

پەراسووت شکا کە ئێستاش ئەو شۆخییەت لەبیر نەچووەتەوە؟ بۆیە دەڵێم شۆخی و حەقیشمە وا بڵێم، چون هەرچی فکری لێ دەکەمەوە، زۆرتر یەقینم پتەو دەبێ کە بێجگە لە شۆخی شتێکی تر نەبووە. ئەگەر من ئەو کارەی ئەوانم بەشۆخییەکی بێ تام نەزانیبایە تا ئێستا دەگەڕامەوە سەریان و بەتۆڵەی تۆ هەرایەکم ساز دەکرد کە یۆنانییانی قەدیم بەتۆڵەی «هێلین»[١٥٢] نەیانکردبێ. مەبەستیشم لە هێلێن هەمان کچە جوانەکەیە کە ئەگەر دەو سەردەمەدا ژیابا یا دۆلسینەی خۆم دەسەردەمی ئەودا ژیابا بەیەقین نەیدەتوانی لەباری، لەباری و جوانییەوە هێندە نێو دەربکا.»

دۆن کیشۆت پاش گوتنی ئەو قسانە، هەناسەیەکی وەها قووڵی هەڵکێشا کە دووکەڵەکەی گەیشتە قووڵایی فەلەکی غەدار. سانکۆ دیسان گوتی: «ئێستا کە ناتوانین ئەو سرِوسۆالکەرانە وەگریان بخەین، چارەمان نییە و دەبێ بڵێین بۆ شۆخی و پێکەنین ئەو گۆنگلەڵەیان بەسەر من هێنا. بەڵام من باش دەزانم کە ئەو کارە کوێی بۆ پێکەنین و کوێی بۆ گریان بوو. تا ڕۆژێکیش ئێش و ژانی ئەو کارە لەشان و پیلم نەچێتەدەر، یاد و بیرەوەرییەکەشی لە ڕۆحم دەرناکەوێ. بەڵام ئەرباب با ئێستا لەو باسە بگەڕێین، بەڕێزتان بفەرموون دەگەڵ ئەم ئەسپە بۆرە کە بەبڕوای من، کەرێکی بۆزە و ئەو کابرایە کە ئێوە ئاوا جوان بە عەرزتاندا دا و کەرەبۆزی بەجێ هێشت، دەبێ چ بکەین؟ ئەو جۆرەی کە ئەو بۆی دەرباز بوو وێ ناچێ تازە بێتەوە سۆراغی کەرەکەی. سوێندم بەو ڕدێنەش کە کەرەکە کەرێکی خراپ نییە. دۆن کیشۆت گوتی من هیچ کات ئەو عادەتەم نەبووە، ئەوانەی دەیانبەزێنم تاڵانیشیان بکەم. ئەوەش لە دابونەریتی پاڵەوانی بەدوورە کە ئەسپ و بارگینی بەزیوان(*) بستێنن و ئەوان بەپیادەیی لەوێ بهێڵنەوە. مەگەر ئەوەی کە پاڵەوانی سەرکەوتوو ئەسپی خۆی لە دەست دابێ کە دەو حاڵەتەدا ئیجازەی هەیە ئەسپی پاڵەوانی بەزیو وەک دەسکەوتی شەڕ بۆ خۆی هەڵبگرێ. کەوابوو سانکۆ تۆ لەو ئەسپ، بارگین، گوێدرێژ یا هەرچی نێوی لێ دەنێی سەرفی نەزەر(*) بکە، چون خاوەنەکەی هەر کە دیتی ئێمە لێرە دوور کەوتووینەوە، دەگەڕێتەوە و سۆراغی ولاغی سواریی خۆی دەگرێ. سانکۆ گوتی، خودا دەزانێ دەمەویست بۆ خۆمی هەڵبگرم یا لانی کەم دەگەڵ کەرەکەی خۆم بێگۆڕمەوە و بەراستی یاسا و ڕێسای پاڵەوانی چەند وشک و بەرتەسکە کە ئیزنی ئەوەش نادا کەرێکی بەکەرێکی تر بگۆڕییەوە. بەڵام دەمەوێ بزانم ئیزنم دەدەی لانی کەم جل

١٥٢– ئیشارەیە بەداستانی ڕفاندنی هێلێن و شەڕی یۆنانیان دەگەڵ شاری مێژوویی «ترۆوا» (میتۆلۆژی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وکورتان و پاڵان و هەوسار ەکانیان بگۆڕمەوە. دۆن کیشۆت گوتی لەم وارەدا زۆرخاترجەم نیم. بەڵام تا وەدەستهێنانی زانیاری زۆرتر من ئیجازەت دەدەم کە ئەگەر بەڕاستی هێندەت پێداویستی بەگۆڕینەوەی ئەو شتانە هەیە، بیانگۆڕییەوە. سانکۆ گوتی ئەوەندەم پێداویستی بەو پاڵان و هەوسار و شتانە هەیە کە ئەگەر بۆ نەفسی خۆمم ویستبان ئەوەند لازم نەدەبوو و هێندەی بلێی یەک ودوو، پاش ئەو ئیجازەیە بەقەولی فەقێکان (عوضت تعویضا »[١٥٣] ی کرد و کەرەکەی خۆی وەها بەپالان و هەوسار و جل وجۆری تازە ڕازاندەوە کە تمەنی حەوسەد تمەنی هاتە سەر![١٥٤]

پاش تەواوبوونی ئەو کارە هەردووکیان لە باقیمەندەی خوراکێک کە لە پشت ئێستری بارەکانی ڕۆحانی هەڵیانگرتبوو نەهاریان کرد و لە ئاوی ئەو شەقە(*) جۆگەی کە دەچووە سەر ئاو دینگەکان ئاویان خواردەوە. بەڵام وەها لە ئاودینگەکان ترسابوون و ئەو ترسەش هێشتا بەری نەدا بوون، سەریان وەرنەگێڕا کە چاوێک لە ئاودینگان بکەن. سەرەنجام کاتێک بەهۆی خواردن و تێر بوونەوە و هێندێک ئارام بوونەوە و ترس و نفرەتیان لەکەمی دا هەر دووکیان سوار بوون و بۆ ئەوە ڕێ وڕەسمی پاڵەوانی سەرگەردانیان ڕەچاو کردبێ، هەو ساریان لە ولاغەکانیان(*) شل کرد و بێ ئەوەی کە ڕێگایەکی تایبەت بگرنە بەر بۆ ئەو لایەی کە ڕۆسینانت ڕووی تێ بوو وەڕێ کەوتن و کەری سانکۆش وەک هاوڕێیەکی باش، وەدوای ڕۆسینانت کەوت. بەمجۆرە هەر دووکیان هاتنەوە سەر شاڕێ و بێ ئەوەی شوینێکیان ڕەچاو کردبێ، ڕێگایان بەئەمانی خودا گرتەبەر.

لەو کاتیدا کە بەڕێگادا دەچوونە پێش. سانکۆ بەئەربابی خۆی گوت: ئەرباب ئیجازەم هەیە چەند قسەیەکی خۆمانەت دەگەڵ بکەم؟ لەو کاتەوە کە بەڕێزتان فەرمانی زاڵمانەی بێدەنگ بوونت بەسەر بەندەی خۆتدا سەپاندووە، زۆرتر لە چوار مەتڵەب لە دڵمدا کەوتوونەتە سەریەک و خەریکن دەگنخێن و هەر ئێستا یەکێکیان لەسەر نووکی زبانمە کە حەیفە زایەبێ و نە گوترێ. دۆن کیشۆت گوتی: بلێ، بەڵام زۆری لەسەر مەڕۆ، چۆن هەر گوتنێک ئەگەر زۆری کێشا، تام و چێژی نامێنێ، سانکۆ گوتی: دەجا دەیلێم. من لەو چەند

١٥٣- «عوضت تعویضاً» وەرگێڕاوی زاراوەی Omutatio Capparum کە کاردینال و ئۆسقۆفەکانی ڕۆم کاتێک لە جەژنی پاک دەیانویست پۆستینی خۆیان دەگەڵ جلوبەرگی ئاوریشمییی جوانتر بگۆڕنەوە دەکاریان دێنا. (مۆریس باردۆن)

١٥٤- دە مەتنی سەرەکیدا نووسراوە یەک چوارەم و یەک سێیەم لە جاران جوانتر بوو. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

ڕۆژەدا تێگەیوم کە سەرگەردان بوونی بەڕێزتان لەو چۆل و بیابانانە و خوارەکە و پێچەکەی ئەو ڕێگایانەدا بەدوای ڕووداواندا، چەندە کارێکی بێ حاسڵ و بێ فایدەیە. بێجگە لەوەش، مەترسییە بەهەڵکەوتەکان و زاڵبوون و سەرکەوتنەکان هەرچی بن چون کەسێک نییە بەچاوی خۆی بیانبینی و لێیان ئاگادار بێتەوە. هونەر نوێنییەکانی حەزرەتی بەڕێزتان کە بەنییەتی خێر ئەنجام دەدرێن دەتاریکایی فەراموٚشی ئەبەدیدا کفن ودفن دەکرێن. کەوابوو بەڕای من، دیارە ئەگەر جەنابتان ڕاوبۆچوونێکی باشترتان نەبێ، مەسڵەحەت ئەوەیە کە ئێمە هەر دووکمان خزمەتی ئیمپراتوور یا شازادەیەکی پایەبەرز بکەین کە تووشی شەڕ هاتوون تا حەزرەتی بەڕێزتان بتوانن لە خزمەت ئەو پایەبەرزەدا زۆری باسک و هێزە شاراوەکانی خۆتان و بەتایبەت لێزانی و تێگەیشتیوویی خۆتان کە لە هەمووان زۆرترە نیشان بدەن. بێگۆمان کاتێک ئەو جەنابەی کە ئێمە دەبینە لایەنگر و خزمەتکاری ئەو لە سەرەتی و گەورەییەکانی بەڕێزت ئاگادار بێتەوە، پاداشی شایستە و بەقەدەر لێهاتوویی خۆمان دەداتێ. بلی ئەوەش لە دەرباری ئەودا کەشیشانی مێژوونووس و ڕووداوهەڵگریش(*) هەن کە داستانی دلاوەرییەکانی تۆ بنووسنەوە تا یادی ئەو کارانە دەبیرگەکاندا بمێنێتەوە. من باسی خۆم ناکەم و ئەو قسانەم لەبەر خۆم نییە. چۆن هونەری من لە ڕادەی شانازییەکانی مەیتەری واوەتر ناچێ، بەو حاڵەشەوە بەتێڕادیوی دەڵێم کە ئەگەر دە ئاینی پاڵەوانیدا ڕەسم وابووایە کە ئازایەتیی مەیتەرانیش باس بکرێ و بەنووسین ڕابگیرێ، بڕوام پێ بکە کە شاکارەکانی منیش دەپەراوێزدا نەدەمانەوە. دۆن کیشۆت گوتی: خراپت نەگوت سانکۆ، بەڵام پێش گەیشتن بەو پێگەیە دەپێشدا دەبێ پاڵەوان بۆ ئەزموون دەهەموو شوێنێکی دنیادا بەدوای گۆنگەڵ و ڕووداواندا بگەڕێ تا بەهونەر نوێنییەکانی خۆی ناوبانگ وەدەست بێنێ. بەجۆرێک کە هاتە دەرباری پاشایەکی گەورە، دەپێشدا بەهۆی کارە گەورە و بەرچاوەکانی خۆی ناسرابێ و هێشتا لە دەروازەی شار وەژوور نەکەوتبێ منداڵان وەدوای کەون و لەدەوری کۆ ببنەوە و هاوار بکەن کە ئەوەتا پاڵەوان شەمس[١٥٥] یا ئەوەتا پاڵەوان سەعبان[١٥٦] یا بەناوێکی ترەوە کە نیشانەی سەرکەوتن و گەورەیی بێ، بانگی بکەن و بۆ نموونە بڵێن ئەو تا ئەو پاڵەوانەی کە دە بەرەنگاری تەن بەتەنەدا بەسەر دێوی ترسناکی هەترەش بەر یانی «بروکابرۆنۆ» Brocabruno سەرکەوت، یا ئەوەی کە تەلیسمی پاشای گەورەی ئێرانی پاش نۆسەد ساڵ

---

١٥٥- داستانی پالمێرن دۆلیۆ بەشی چل و سێیەم. (مۆریس باردۆن)

١٥٦- داستانی ئەسپلاندیان بەشی سەد و چل و حەوتەم. (مۆریس باردۆن)

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

جادوو کراوی شکاندووە و بەمجۆرە کۆڵان بەکۆڵان بگەڕێن و ئەم شاکارە پاڵەوانییانە بڵاو بکەنەوە تا پاشای ئەو وڵاتە لە هەراهەرای منداڵان و هەمەهەمەی خەڵکی شار بێتە سەر هەیوانی قەسری خۆی و دەگەڵ ئەوەی چاوی بەپاڵەوان بکەوێ لە ڕەنگی جلوبەرگی شەڕ و نیشانەی سەر مەتاڵەکەی ئەو بناسێ و ناچار بەدەنگی بڵند فەرمان بدا: ئەی پاڵەوانانی دەرباری من، زوو بگەنە پێشوازیی پاڵەوانی هەموو پاڵەوانانی جیهان کە ئەوەتا دێتە بەرەوە!» بەبیستنی ئەم فەرمانە هەموو بڕژێنە مەیدان و، پاشا بۆ خۆی تا نیوەی پلیکانەکانی قەسرەکەی بێتە خوار و میوانی خۆی بەتوندی دەئامێز بگرێ و نێوچاوانی بەنیشانەی ئاشتی و برایەتی ماچ بکا(١٥٧) پاشان دەستی ئەو بگرێ و بیباتە کۆشکی شاژن و لەوێ پاڵەوان ئیزنی دیداری دەگەڵ شاژن و کچەکەی کە قسەی تێدا نییە جوانێکی وا لەهەموو دنیا دا دەست ناکەوێ پێ بدرێ. پاش ئەوە وا دێتە پێش کە شازادە خانم چاوێک لە پاڵەوان بکا و هەر دووکیان لەبەر چاوی یەکتری نەک وەک دوو بوونەوەری بەشەری بەڵکو وەک ئایەتێکی مەلەکووتی بێنە بەرچاو و هەر دووکیان بێ ئەوەی بزانن چۆن و لەبەر چی وایان بەسەرهات، خۆیان دەتانوپۆی شێواوی ئەویندا گرفتار ببینن و لە پەژارەی ئەوەی نەزانن چۆن هەست و سۆزی دەروونی و ڕەنجەکانی خۆیان پێکەوە باس بکەن جەرگیان ڕیزاڵ ڕیزاڵ بێ و لەوێوە پاڵەوان بەرەو یەکێک لە تالارە بەشکۆیەکانی کۆشک کە بەفەرش و مافوور و ئەسباباتی سەیر و سەمەرە ڕازاوەتەوە ڕێنوینی دەکەن، پاش ئەوەی کە جلوبەرگی شەڕیان لەبەر داماڵی و بەرگێکی ئەرغەوانی ڕەنگی شاهانەیان بۆ هێنا تا لەبەزم و ئاهەنگدا دەبەر خۆی بکا، دیارە ئەگەر پاڵەوان دە جلوبەرگی ڕەزم و بەرەنگاریدا جوان وبەهەیبەت و وێچووبوو بێ، قسەی تێدا نییە کە دە جلوبەرگی بەزم و میوانداریدا جوانتر و ڕێکوپێکتر دەبیندرێ و، کە شەو داهات پاڵەوان دەگەڵ پاشا و پاشاژن و شادۆت(*) شام دەخوا و لەسەر سفرە چاو لە دڵبەرەکەی هەڵناگرێ و دوور لە چاوی ئامادە بووان، تێی هەڵدەڕوانێ و شادۆتیش هەر بەو زیرەکییە هەر ئەو کارە دەکا، چون وەک گوتم ئەو شازادەیەکی زور حەیا بەخۆیە. پاش خڕکردنەوەی سفرە، لە ناکاو لە دەرگای تالارەوە دەلقەکێکی ناحەز و کورتەباڵا و لە پشت سەریەوە خاتوونێکی زۆر جوان و لەبار دە نێوان دوو فیتەری زەلامی وەک غوول دێتە ژوور و ئەو خاتوونە بەرەنگاربوونەوە دەگەڵ ڕووداوێکی زۆر ئەستەم و دژوار کە نەخشە و پلانەکەی بەدەست حەکیمێکی زانای سەردەمانی کۆن کێشراوەتەوە، بخاتە بەردەم و ڕابگەیەنێ کە هەر پاڵەوانێک بتوانێ لە

١٥٧- داستانی ئامادیسی گۆل، بەشی چل و هەشتەم. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عۆدە بێتە دەر لە ڕیزی سەرترین پاڵەوانانی دنیا دێتە ئەژمار[١٥٨]. پاشا ئەمر دەکا کە دەستبەجێ تەواوی پاڵەوانانی قەسر بەختی خۆیان دەو بەرەنگارییەدا نیشان بدەن. بەڵام هیچکام سەرنەکەون مەگەر، پاڵەوانی غەریب کە بەشانازی زۆرەوە و بەخۆشحاڵیی زۆری شادووەتەوە بەسەر ئەو گرفتە گەورەیەدا سەردەکەوێ و شازادە خانم دەکەوێتە پۆز لێدان و ئیفادە فرۆشتن و بەخۆ نازین و تەنانەت خۆشحاڵی دەربرین کە لە خوڕا دڵی دەگرێوی ئەوینی ئەو شابازە بەرزە فرە نەناوە. لەوەش جوانتر و خۆشتر ئەوەیە کە ئەو پاشا، پاشازادە یا پیاو ماقووڵە کە پاڵەوان میوانییەتی دەگەڵ شازادەیەکی تری بەهێز و قودرەتی وەک خۆی تووشی شەڕهاتبێ و پاڵەوانی میوان پاش چەندرۆژ مانەوە لە کۆشکی شادا ئیزنی لێ وەرگرێ کە بڕواتە شەڕ و دەخزمەت ئەودا شمشێر لێ بدا. پاشا بەدڵ وگیان ئەو پێشنیارە قبووڵ بکا و پاڵەوان بەپاداشی ئەو لوتفە کە دەر حەقی کراوە بەنەزاکەت و ئەدەبێکی زۆرەوە دەستی پاشا ماچ بکا. هەر ئەو شەوە پاڵەوان خۆی بگەیەنێتە دلبەری عەزیزی خۆی شادۆت و لە پشت نەردەی(*) ئاسنینی باغی خەملیو کە وەتاغی خەوی شادۆت دەڕوانێتە سەری، دەگەڵی مالاوایی بکا. دەپ ێشێش دا پاڵەوان چەند جاران بەهاوکاریی کچێک لە مەحرەمانی تایبەتی خۆی کە شادۆت هەموو نهێنییەکانی خۆی لەلا باس کردووە لە هەمان شوێن ڕازونیازی هەبووە.[١٥٩] پاڵەوان ئاخێک هەڵکێشێ و شازادە خانم ببوورێتەوە و لە هۆش بچێ و کچە مەحرەمەکە ئاوبێنی و بەخاتری ئابرووی خاتوونەکەی لە نزیکبوونەوەی بەیانی و لە ترسی ئاشکرا بوونی ڕازی ئەوان غەمگین و شپرزە سەری لێ بشێوێ. سەرەنجام شادۆت وەهۆش بێتەوە دەستە سپییەکانی خۆی لە پشت نەردەکانەوە بۆ لای پاڵەوان درێژ بکا. پاڵەوان پاش هەزار جار ماچ کردنی ئەو دەستانە بەسێلاوی فرمێسکی چاوان، تەڕیان بکا. پاشان لەسەر ئاگادار کردنەوەی یەکتر لە هەواڵی خۆش و ناخۆش بگەنە یەک و شازادە خانم لە پاڵەوانی بوێ کە هەرچی دەکرێ بیکا بۆ ئەوەی ئەوی بەدەردی بێ دەرمانی دووری، خۆی گیرۆدە نەکا. پاڵەوان بەهەزار سوێندانەوە ڕەش و شین بێتەوە کە هەروا بکا و پاش ئەوەی جارێکی تریش دەستی شادۆت ماچ بکا بەوەها دڵتەنگی و پەژارەیەکی تاڵەوە دڵی لێ هەڵکەنێ کە پێت وابی گیانی خۆی

١٥٨– داستانی ئادمادیسی گۆل، بەشی شازدەم و داستانی پاڵەوانی سەلیب و فەسڵی سەد و چواردەم. (مۆریس باردۆن)

١٥٩– داستانی ئامادیسی گۆل، فەسڵی شازدەم و داستانی پاڵەوانی چەلیپا، بەشی سەد و چواردەم. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



هەر لەوێ بەجێ دەهێڵێ. پاشان بگەڕێتەوە شوێنی مانەوەی خۆی بەڵام لە غەمی دووریی خۆی بەسەر تەختەکەیدابدا و تا کەڕڕەی(*) بەیانی خەو لە چاوی نەکەوێ. بەیانی زوو هەستێ و بۆ مالاوایی لە شا و شاژن و شادۆت بڕواتە خزمەتیان. شا و شاژن ئەو ئیزن دەدەن بێتە حزوور و مالاوایی دەگەڵ بکەن و هاوکات پێی بڵێن کە شادۆت ناسازە و لەوەرگرتن و دیتنی دۆستان داوای لێبووردن دەکا. ئەودەم پاڵەوان بیر بکاتەوە کە ئەم نەخۆشییە لە بەر دەردی دووریی ئەوە و دڵی بەئێش و ئازار وەژان کەوێ و شتێکی وای نەمێنێ کە ڕازی نهێنیی دڵی خۆی دەربڕێ. کچە مەحرەمەکە لەو کۆڕەدا بێ و هەموو شت بەچاوی خۆی ببینێ و بەهەڕەمە بگەڕێتەوە خزمەت شادۆت و لە چلۆنایەتی بارودۆخ حاڵیی بکا. ئەویش بەچاوی گریان گوێ بداتە حەکایەتی نەدیمەی خۆی وپێی بڵێ گەورەترین غەمێک کە ئاسمانی داگرتووە، ئەوەیە کە نازانێ پاڵەوان کێیە و ئایا لە تۆمەی(*) شاریارانە یا نە. کچەی مەحرەم شادۆت دڵداری بداتەوە و بەشازادەخانم بڵێ کە خاترجەم بێ ئەو هەموو گرانی و سەنگینی و قودرەت و ئازایەتییە تەنیا دەوجوودی کەسێکدا کە لە تۆرەمەی پاشایان بێ کۆ دەبێتەوە. شادۆت ئە و دڵدانەوە قبووڵ بکا و دە شاردنەوەی غەم و پەژارەی خۆیدا بکۆشێ تا دایک وباوک لێی دڕدۆنگ نەبن و پاش دوو ڕۆژ بێتەوە نێو خەڵک. دەوکاتەدا کە پاڵەوان لە کۆشکی شا ڕۆیشتووە، دە شەڕدا بەشداری بکا و بەرەنگاری دوژمنی پاشا بێتەوە و بیشکێنێ و بەسەر چەند شار و هەرێمی ئەودا دەست دابگرێ و سەرکەوتن دوای سەرکەوتن وەدەست بێنێ، پاش ئەوە بگەڕێتەوە دەرباری پاشا و لە جێژوانی جاران دووبارە چاوی بەیارە نازەنینەکەی بکەوێتەوە و بەڵێنی پێ بدا بەپاداشی خزمەتەکانی خوازبێنیی ئەو لە پاشا بکا. پاشا بەبیانووی ئەوە کە نازانێ پاڵەوان کێیە، ڕازی بەو خزمایەتییە نییە! بەو حاڵەشەوە شادۆت چ بەهەڵگرتن یا بەشێوەیەکی تر دەبێتە هاوسەری ژیانی پاڵەوان و باوکی لە ئاخریدا بەو خزمایەتی و زەماوەندە شانازی دەکا. کاتێک شا ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم پاڵەوانە کوڕی پاشایە کە لە وڵاتی «نەبوو لە جیهان»(١٦٠) دا لەتاوان دەمرێ و شادۆت دەبێتە میراتگری تاج وتەخت و سەرەنجام پاڵەوان دەبێتە پاشا. ئەوجار وەختی ئەوە دەگا کە پاڵەوان دەستی کەرەم بەڕووی مەیتەر و ئەو کەسانەی کە یارمەتییان داوە تا بگاتە ئەو پلە و پایە بەرزە دەکاتەوە و کیژێکی جوانی

---

١٦٠- مەبەست ئەوەیە ئەو وڵاتەی پاڵەوان دەڵێ کوڕی پاشای وێندەرێیە لە دنیادا نییە. خوالێخۆشبوو محەمەدی قازی دەستەواژەی «نیست در جهان»ی هێناوە و لە دەقی ئینگلیزییەکەیدا نووسراوە Unknown Country یانی وڵاتێکی نەناسراو. (وەرگێڕ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtti.org

کە مەحرەمی ڕازی پێوەندیی عاشقانەی ئەو دەگەڵ شادۆت بووە و قسەی تێدانییە کچی «دووک»ێکی ڕەدەی باڵای مەملەکەتە بەحەلالی و هاوسەری دەدا بەمەیتەرەکەی.

سانکۆ هاواری کرد کە: بژی ئەرباب! ئەوەیە ئەو شتەی من دەمەوێ و بە دوایدا ئاوارەی کێو وبیابانم. ئاە خودایا چ دەبوو ئەگەر وابا؟ و من یەقینم هەیە ئەگەر بەڕێزتان خۆتان نێو بنێن پاڵەوانی «غەمگین ڕوخسار» تەواوی ئەم ڕووداوانە یەک بەیەک و بەدوای یەکدا بۆ ئێمە وەدی دێن. دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ لەوبارەوە شکت نەبێ، چونکە پاڵەوانانی ڕابردوو و داهاتوو هەموو بەتێپەڕاندنی ئەو پلەومەودایانە و هەر بەمجۆرەی کەمن بۆم گێڕاوییەوە گەیونە پلەوپایەی ئیمپراتوری(١٦١) و پاشایی و لەمەودواش هەر بەمجۆرە دەبێ. ئێستا تەنیا کە مایەسیی کاری ئێمە ئەوەیە کە بگەڕێین و بزانین ئەوڕۆژانە کام یەک لە پاشایانی مەسیحی یا کافر تووشی شەڕێکی گەورە هاتووە و کچێکی نازدار و نازەنینیشی هەیە. بەڵام بۆ بیرکردنەوە لەسەر ئەم بابەتە کارێکی وا بکەین نێو و نێوبانگمان بتەنێتەوە. تازە کەمایەسییەکی تریش دەکاروباری مندا هەیە و ئەویش ئەوەیە گریمان پاشایەکمان دیتەوە کە دەشەڕ دایە و کچێکیشی هەیە و منیش دەدنیادا ناوبانگێکی داگر و گەورەم وەدەست هێنابێ، نازانم چون و بەکوێدا دەتوانم تۆرەمەی خۆم بگەیەنمەوە سەر پاشایان و یا لانی کەم یەکێک لە بن ئامۆزا یا خالۆزای ئیمپراتووران بێمە ئەژمار؟ چون ئاشکرایە کە پاداشی دلاوەرییەکانی من هەر چێکی بێ تا پاشا لە عەسڵ ونەسەبی من خاترجەم نەبێ کچم ناداتێ و لە ئاکامدا هەرچی بەهۆی ئازایەتی و پاڵەوانەتی، وەدەستم هێناوە لە کیسم دەچێ، چون ناچمەوە سەر بنەچەکەی خانەوادەی پاشایان. ڕاستە کە من نەجیب زادەم و عەسڵ ونەسەبیشم ناسراوە، ماڵ و مڵکم هەیە، ولە چینێکی کۆمەڵایەتیم کە دەتوانم پێنجسەد «سوو»(١٦٢) جەریمە وەربگرم و تەنانەت ڕەنگە ئەو زانایەی مێژووی من دەنووسێ شەجەرەنامەی(*) من جۆرێک ڕێکوپێک بکا کە دەپشتی پێنجەم یا شەشەمدا بچمەوە سەر سوڵتانێک و نەبیرە یا نەتیجەی پاشایەک بم. بەهەر

١٦١- داستانی تیرانی سپی، بەشی یەکەم، فەسڵی چل و دوو. هەروەها «پاڵەوانی چەلیپا» کتێبی یەکەم، فەسڵی شەست و پێنجەم. (مۆریس باردۆن)

١٦٢- بەپێی یاساگەلێکی کە لە زەمانی دەسەلاتداریی قەومی گۆت Goths تا سەدەی سێزدەم لە ئیسپانیا لە گەڕدان بوون هەرکەس سەدەمە یان خەسارەتێکی لە گیان و ماڵی نەجیب زادەکان دابا، دەبووایە جەریمەیەکی نزیک بە ٥٠٠ سۆلدۆ Sueldos کە پووڵی سپی بوو دابایە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حاڵ سانکۆ من دەبێ شتێک فێری تۆ بکەم و ئەویش ئەوەیە کە عەسڵ ونەسەب دوو بەشە: هێندێک هەن کە دەچنەوە سەر پاشایەک یا سوڵتانێک بەڵام ڕۆژگار وردەوردە لەوپەڕی پلەبەرزییەوە فڕێی داونەتە نەویترین پلەی زەلیلی و ڕۆژەڕەشی، وەک هەڕەم لە پایەیەکی پان وبەرینەوە بەنووکێکی تیژ کۆتاییان دێ؟ هێندێکیش لە توێژە پەستەکانی خواروو سەر دەردێنن و وردەوردە سەردەکەون تا دەبنە گەورە و خان و پیاوماقووڵ. بەجۆریک کە ئەم جیاوازییە لە نیوانیاندا هەیە، یانی دستەیەکیان ئەوە بوون کە ئێستانین و دەستەکەی ترن ئەوەن کە دەپێشدا نەبوون. وە چون من ڕەنگە لەو دەستەیە بم کاتێک ڕوون بێتەوە کە عەسڵ ونەسەبم ڕێزدار و گەورە بوون ناچار خەزووری داهاتووی من دەبێ سەرم بۆ دانەوێنێ و بەزاوایی خۆییم قبووڵ بکا و ئەگەر ئەوە نەکا شادۆت خوی وەها عاشقی من دەبێ کە بەپێچەوانەی ویستی باوکی و گریمان بۆشی ڕوون بووەوە کە من بێجگە لە شاگرد قاوەچی، شتێکی تر نیم، من وەک مێرد و ئاغای خۆی هەڵدەبژێرێ و ئەگەر ئەوەش نەبوو ناچار کچە هەڵدەگرم و بۆ هەر شوێنێک بمەوێ دەیبەم تا ڕۆژێک کە مردن یا مەودای زەمان ئاگری تووڕەیی دایک و بابی دابمرکێنێ.

سانکۆ گوتی: کەوابوو ئەوەی هێندێک قەرەقوتە(*) پەندێکیان هەیە و دەڵێن «ئەوەی بەزۆر دەتوانی وەریبگری، بەحاجەت داوای مەکە» لەمەڕ تۆ ڕاستە هەرچەند لەم بارەوە پەندێکی تریش هەیە کە زۆرتر دەگەڵ حاڵی تۆ دێتەوە. ئەویش ئەوەیە «لە کاتی مەترسیدا پەڕین لەسەر دیوار باشترە لەوەی بەهیوای دوعای پیاوچاکان لەوێ بمێنییەوە.» و من ئەو پەندەم بۆیە عەرزکردی کە ئەگەر ئەعلا حەزرەت خەزووری داهاتووی حەزرەتی بەڕێزتان نەیویست دڵی خۆی ڕازی بکا و کچت بداتێ بەپێی فەرمایشی خۆتان چارەیەک نامێنی بێجگە لەوەی کچە بفڕێنی و بیبەی لە شوێنکی دابنێی. بەڵام عەیبی کار لەوەدایە تا گەیشتنی زەمانی ئاشتی و گەیشتنی ئێوە بەمەقامی پاشایەتی، مەیتەری چارەڕەش دەبێ بەداماوی و نرونێوچاوانێکی تاڵەوە، بەچاوەڕوانیی کەرەم و وعدەکانت دابنیشێ. مەگەر ئەوەی کە نەدیمەی مەحرەم کە دەبێ ببێتە هاوسەری مەیتەری ئێوە، ڕەگەڵ خاتوونی خۆی ڕێککەوێ و مەیتەری تۆ تا زەمانێک کە ویستی خوداوەند شتێکی تری دەبەر چاو نەگرتبێ، تەمەنی پڕ لە کوێرەوەریی خۆی دەگەڵ ئەو ڕابوێرێ. چون ئەگەر بەهەڵە نەچووبم حەزرەتی بەڕێزتان دەستبەجێ دەتوانن نەدیمەی لە مەیتەری خۆتان مارە بکەن. دۆن کیشۆت گوتی: بەڵی کێ دەتوانێ پێشم پێ بگرێ. سانکۆ گوتی کەوابوو ئێمە بلی وەی خۆمان بەخودا بسپێرین و گەڕیانی کاران بدەینە دەستی قەزاوقەدەر، کارێکی ترمان نییە. دۆن کیشۆت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوتی: بەڵێ سانکۆ، خودا ئارەزووی من و حاجەتی تۆی پێک هێنا و هەرکەس خۆی بەکەم دابنێ، هیچ نییە و نەبێ باشترە. سانکۆ گوتی کارەکان هەموو بەدەست خودایە و کەس چکارە نییە. من کۆنەمەسیحیم و هەر ئەوەش بۆ ئەوەی ببمە «کۆنت» بەسە. دۆن کیشۆت گوتی زیادیشە. تازە ئەگەر خۆشت نەبوویە کۆنت گرینگ نییە چون من هەر دەگەڵ کو بوومە پاشا. ناوونیشانەی ڕەسانەیەتی و نەجیبی، بێ ئەوەی مەجبوور بی، بەپووڵ بیکڕی یا دەبەرانبەر خزمەتەکانتدا وەدەستتەهێنابێ بەتۆ دەدەم و کاتێک من کردمی بە«کۆنت» دەستبەجێ دەچییە ڕەدەی «ئەشرافەکان» وە لەو حاڵەتەدا هەر چەندی زبانی دەم چەوت و درۆزنان درێژیش بێ ناچار دەبن دەگەڵ ئەوەشدا کە ڕقیان لێت دەبێ، ئەیالەتێکت وەک ملْک بۆ دیاری بکەن، سانکۆ گوتی: جا دیارە! مەگەر پێیان وایە من ناتوانم کەسایەتیی خۆم دەو پلەوپایەدا نیشان بدەم؟ من زەمانێک ئەندامی ئەنجوومەنێکی خێرخوازی بووم و بەگیانی خۆم سوێند دەخۆم ڕەدای(*) ئەندامەتیی ئەو ئەنجوومەنەم ئەوەندە لێ جوان بوو کە هەموو دەیانگوت ڕیخت و هەیکەلم بۆ سەرۆکایەتی حیساب و کیتابی ماڵ و دارایی کلیسا دەناڵێنێ، خودایە چ دەبوو ئەگەر من شنێلی(*) دووکیم بەسەر شانمدا دابایە و بەشێوەی کۆنتێکی دەرەوە جلوبەرگی ڕازاوە بەزێروجەواهێرم دەبەر کردبایە! و فکر دەکەم کە ئەگەر وا بووایە خەڵک لەسەدفرسەخ بەو لاوە دەهاتنە دیدەنیم. دۆن کیشۆت گوتی: بێگومان قیافەیەکی باشت دەبێ، بەڵام باشتر دەبێ ئەگەر هەمیشە ڕیشت بتاشی چون ڕدێنت ئەوەند زۆر و ئاڵوز و پیسە، ئەگەر لانی کەم هەر دوو ڕۆژ جارێک نەیدەیە دەست تیغی تیژ(*) خەڵک لە مەودای تیرهاوێژی شمخاڵێکەوە دەتناسنەوە. سانکۆ گوتی: زۆر باشە، ئەوەندەی دەوێ من دەلاکێک ڕابگرم و هەمیشە دەماڵدا ڕای گرم و ئەگەر پێویست بوو وەک مەیتەری خانانی گەورە بۆ هەموو شوێنێک بەدوای خۆمدا بیگێڕم. دۆن کیشۆت پرسی: تۆ چووزانی کە خانە گەورەکان مەیتەران وەدوای خۆیان دەدەن؟ سانکۆ گوتی، ئەلئان عەرزت دەکەم، من چەنای چەند ساڵ لەمەوبەر مانگێکم لە دەربار دا ڕابردووە. لەوێ یەکێک لەوخانە ماقوولانەم چاو پێ کەوت کە جەستەیەکی زۆر نابووتەی هەبوو و خەڵکیش دەیانگوت پیاوێکی زۆر گەورەیە.(١٦٣) ئەو پیاوە بۆ هەر کوێیەک چووبا سوارێکی بەدواوە بوو. ئەو سوارەش وا پێ بەپێ دەگەڵی دەڕۆیشت کە پێت وابوو کلکی ئەوە. من پرسیم ئەم سوارە بۆ شانبەشانی ئەو پیاوەی پێشەوە ناڕوا و هەمیشە بەدواوەیەتی. جوابیان دامەوە ئەو

١٦٣- وێ دەچێ مەبەست Don pedro Tellez Giron دووکی ئۆسونا Osuna بێ کە پیاوێکی کورتە باڵای وردیلانە بووە، بەڵام پیاوێکی گەورە و بەزیپک و زاکوون بوو. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەیتەریەتی و ڕەسمی مەیتەرانیش ئەوەیە هەمیشە بەدوای ئەربابدا برۆن. من لەو ڕۆژەوە ئەم نوکتەیە فێر بووم و تا ئێستا لەبیرم نەچووەتەوە. دۆن کیشۆت گوتی بەبڕوای منیش حەق بەتۆیە و تۆ بە تێڕادیوی دەتوانی دەلاک وەدوای خۆت بدەی. دابونەریت یەک جێ و لەیەک زەماندا سەریان هەڵنەداوە، بەڵکو یەک بەدوای یەکدا هاتوون. کەوابوو تۆ دەتوانی یەکەم کەس بی کە دەلاکت وەدوای خۆت خستووە. بێجگە لەوەش کەسێک کە کاری ڕدێن تاشینە دەبێ زۆرتر لە کەسێک کە ئەسپت بۆ زین دەکا، جێگەی متمانە بێ. سانکۆ گوتی: ئەرباب، ئێوە کاری دەلاک بەمن بسپێرن و دەفکری ئەوەدا بەزووتر بگەیە تەختی پاشایەتی و من بکەیە «کۆنت». دۆن کیشۆت وەڵامی داوە: بەهیوای خودا هەروا دەبێ! و چون سەری بەرز کردەوە چاوی بەدیمەنێک کەوت کە دەبەشی دواییدا دەیبینین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## لەمەڕ ئازاد کردنی تاقمێکی لێقەوماو لە لایەن دۆن کیشۆتەوە کە بەزۆر دەیانبردنە شوێنێک

سەید حامید کوڕی ئەنجەلی، دانەری عەرەب و «مانشی» لە داستانی شیرن و بەشکۆ و سادە و خۆشی خۆیدا وەها دەگێڕێتەوە، کاتێک دۆن کیشۆتی ناودار و مەیتەرەکەی سانکۆپانزا لە قسە و باسێک کە لە کۆتایی بەشی بیست ویەکەم دا دیتمان خەلاسییان هات، دۆن کیشۆت سەری هەڵبڕی و بەو ڕێگایەدا کە دەڕۆیشت دوازدە کەسی چاو پێ کەوت کە ئەستۆیان وەک تەسبێح بەزنجیرێکی درێژی ئاسنین بەسترابوونەوە و دەستی هەمووشیان دەزبێنی ئاسنی لێ درابوو. هاوڕێی ئەو دەستەیە دوو سوار و دوو پیادە بوون کە سوارەکان تفەنگی شمخاڵیان پێ بوو، پیادەکانیش نێزە و شمشیریان بەدەستەوە بوو. هەر کە سانکۆ چاوی پێیان کەوت هاواری کرد: «ئەوانە تاقمێک زیندانیی پاشان بەکاری زۆرەملی سزادراون و ئێستا بۆ سەوڵ(*) لێدان دەیانبەن بۆ نێو کەشتی دەوڵەتی.» دۆن کیشۆت گوتی: چۆن! سزادراو بەکاری زۆرەملی؟ مەگەر دەبێ پاشا زوڵم لە کەسێک بکا؟ سانکۆ گوتی: من وام عەرز نەکردی. دەڵێم ئەو پیاوانە بەسزای گوناهێکی کە کردوویانە مەحکوومن بەوەی دە کەشتییەکانی پاشادا خزمەت بکەن. دۆن کیشۆت گوتی، هەرچی بێ، ئەو کەسانە بەزۆر دەبەن نە بەویستی خۆیان. سانکۆ گوتی: بەڵی ڕاستەکەی ئەویە. ئەرباب گوتی: زۆر باش، کەوابوو لێرەیە کە ڕاپەڕاندنی ئەرکێک بۆ من وار پەیدا دەکا. یانی دەبێ لە زوڵم و دەستدرێژی پێشگری بکەم و بگەمە هاواری لێقەوماوان. سانکۆ گوتی: ئەوەی بزانە پاشا نموونەی دادگەرییە و لە نموونەی دادگەری هەرگیز زوڵم وبێدادی سەر هەڵنادا و ئەوانەی دەیانبینی دەستدرێژییان پێ نەکراوە.

هاوکات دەگەڵ ئەو قسانە ڕیزی سزادراوان بەکاری دژوار، گەیشتنە ئاستی ئەوان و دۆن کیشۆت زۆر بەنەزاکەتەوە لە نیگابانەکانی پرسی، پێی بڵێن بەچ هۆیەک یا هۆگەڵیک ئەم چارەڕەشانە بەو حاڵە دەبەن. یەکێک لە نیگابانانی سوار کوتی: «ئەمانە سزادراوی کاری دژوارن کە بۆ خزمەت بەپاشا دەنێردرێنە سەر کەشتییە دەوڵەتییەکان. من بلی ئەوە وەڵامێکم نییە و تۆش بێجگە لەوە نابێ شتێکی تر بپرسی. دۆن کیشۆت گوتی: بە گوێمدا ناچی! من دەمەوێ هۆی سزادانی تاکەتاکەیان لە خۆی بزانم. چەند قسەی تریشی زۆر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەئەدەبەوە گوت تا بەڵکو ئەوان ئاگادارییەکی کە دەیەویست بیدەنێ. ئاخری یەکی تر لە نیگابانان گوتی: «ئێمە لێرە نووسراوەیەکمان پێ هەیە کە هۆی سزادانی هەر کامیانی تێدایە. بەڵام مەجالی ئەوەمان نییە ڕاوەستین و نووسراوە بدۆزینەوە و بیخوێنینەوە. تۆ خۆت بڕۆ لایان و لە خۆیان بپرسە. هەڵبەت ئەگەر بۆ خۆیان ویستیان وەڵام دەدەنەوە و واش بزانم بێ مەیل نین، چون ئەوانە کەسانێکن لە باس کردن و گێڕانەوەی خراپەکاری و شەڕوریی خۆیان حەز وەردەگرن.»

دۆن کیشۆت هەر کە ئەم ئیجازەیەی درایە، کە ئەگەر نەیاندابایە بەزۆر دەیئەستاند، لە ڕیزی زنجیرەکە نزیک بووەوە لە سزادراوی یەکەمی پرسی کە گوناهی چییە و بۆچی بەو تەرزە نالەبارە دەیبەن. سزادراو گوتی: «بەتاوانی ئەوەی عاشق بووبووم. دۆن کیشۆت هاواری لێ هەستا: چون؟ تەنیا لەبەر ئەوە؟ قەسەم بەدینم ئەگەر قەرار بووایە خەڵکی بەتاوانی ئەویندارى بەسەوڵ لێدان سزا بدەن، من زۆر لەمێژ بوو دەبووایە بڕۆمە سەوڵ لێدان. سزادراو گوتی: «ئاخ! ئاخر قوربان دڵداریی من لەو دڵدارییانە نییە کە حەزرەتی بەڕێزتان خەیاڵ دەکەن. من شێت و شەیدای سەبەتێک جلی شۆردراوی سپی بووم و وەهام دەباوش گرتبوون کە ئەگەر دەستی عەداڵەت بەزۆر لە دەستی منیان دەر نەهێنابایە، ئەلئانیش هەر خەریکی ناز کردن و لاواندنەوەیان دەبووم. منیان لە کاتی هەستان بەو تاوانەوە دیت. پێداویستی یەک بەڵێ پرسین نەبوو. زۆر زوو دادگاییان کردم و شان و ملیان بەسەد زەبری تازیانە قدیلکە دام و بێجگە لەوەش ئەگەر تا سێ ساڵ مێرگی گەورە بدروومەوە دەگەڵیان بێ حیساب دەبم. دۆن کیشۆت پرسی، مەبەست لە دروێنە کردنی مێرگی گەورە چییە؟ سزادراو کە نزیکەی بیست وچوار ساڵێکی تەمەن بوو وەک دەشیگوت خەڵکی «پیداریتا» piédraitaیە گوتی، مەبەست سەوڵ لێدان دەکەشتییەکانی دەوڵەت دایە.

دۆن کیشۆت هەمان پرسیاری لە سزادراوی دووەم کرد، بەڵام ئەو ئەوەندە داماو و فەقیرۆکە بوو کە حەوسەڵەی نەبوو یەک کەلیمە جواب بداتەوە. نەفەری یەکەم لە جیات ئەو گوتی: «قوربان ئەوەی وەک قەناری دەبەنە کاناری(١٦٤) و دەکەشتیی دەنێن و مەبەستم ئەوەیە کە ئەو گۆرانیبێژ و دەنگ خۆشە. دۆن کیشۆت پرسی: «چۆن؟ مەگەر گۆرانیبێژ و شایەریش دەنێرنە سەوڵ لێدان؟ سزادراو گوتی: «بەڵێ قوربان، لێرەدا هیچ شتێک ناخۆشتر لەوە نییە دە کوێرەوەریدا گۆرانی بڵێی(*) (١٦٥) دۆن کیشۆت گوتی: وا نییە، من

---

١٦٤- Canarie چەند جزیرەیەکن لە ئۆقیانووسی ئەتڵەسدا و هی پورتەقاڵن.

١٦٥- گۆرانی گوتن لە کوێرەوەری و مسیبەتدا مانای ئەوەیە دەژێر شکەنجەدا ئیقرار کرابێ و سێروانتێس ئەم زاراوە عامیانەی زۆر دەکار هێناوە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarr.org

بیـــســـتـــوومـــە ئەوانەی غــەم و پەژارەی دڵ بـەئاواز و چریکە دەردەبڕن، زۆرتـر لە هەمـوو گۆرانیبێژی تر کار لەسەر سۆز و عاتیفەی بیسەران دەکەن.» سـزاکێش(*) گوتی: «لێرەدا بەتەواوی پێچەوانەی ئەوەیە. یانی هـەر کـەس جـارێک ئاوازیک بڵێ تـەواوی تەمەنی خـۆی دەبێ بگری. دۆن کیشۆت گوتی: «من دەوقسـانە ناگەم.» یەکێک لە نیگابانەکان ڕووی دە دۆن کیشۆت کرد و گوتی: «جەنابی ئاغا بەلای ئەم مرۆڤە خێرخوازانەوە گۆرانی گوتن لە مـــســـیـــبـــەت و کـــوێرەوەریدا بـەمـانـای دان هێنان بەتـاوان لە ژێر ئەشکەنجـە دایـە. ئەو ناجسنەیان هێنا بەر پرسیار و لێکۆڵینەوە و ئیقراری بەجینایەت کرد یانی ئاشکرا بوو کە ماڵات دەدزێ و لەسـەر ئیقـراری خۆی شـەش سـاڵ سزادراوە و دەبێ سـەوڵ لێ بدا. ئەوە بێجگە لەو دووسـەت تازیانە کـە لە شـان و پیلیـان داوە. ئەو پیـاوە هـەمـیـشـە غـەمگین و شـەرمـەزارە و سـەری خۆی بەردەداتەوە، چونکە ئەو زیندانییـانەی دەگەڵنی یا ئەوانەی لە زینداندا ماونەتەوە هەمووسووکایەتیی پێ دەکەن. چونکە ددانی بەخەتای خۆیدا هێناوە و غـیرەت و خـۆڕاگریی ئەوەی نەبووە تا ئاخـر هیچ نەدرکـێنێ. هەر بۆیە پێی پێ دەکـەنن و گـاڵتـەی پێ دەکـەن. چونکە دەڵێن دە واژەی «نا»شـدا بـەهـەمـان ئەندازە پیت هەیـە کـە دە واژەی «ئا»دا و، بۆ تاوانبـارکـراوێک بەختـەوەرییـەکی گەورەیە کـە کلیلی(*) مـەرگ و ژیانی لەسـەر زبانی خۆیەتی نە لەسـەر زبانی مەدرەک و بـەڵگە و شاهیدان؛ من پێم وایە ئەو قسـە زۆر دروستە. دۆن کیشۆت گوتی: منیش هـەر پێم وایە.» پاشان ڕووی دە سزاکێشی سێیەم کرد و ئەوانەی کە لەوانی تری پرسیبوو لەویشی پرسی. سزاکێش ڕاست و ڕەوان گوتی من بەتـاوانی ئەوەی دە «دۆکـا» پووڵم نەبوو، بیـدەم دەچمـە لای ئەو خـاتوونە بەڕێزانـە یانی ئەو کەشتییە دەوڵەتییانە. دۆن کیشۆت بەدەنگی بەرز گوتی: من ئامادەم بیست «دۆکا» بدەم و تۆ لەو گـرفتـارییـە ڕزگـار بکەم.» سـزاکێش گوتـی: «من وەک کەسێک وام کە بەکیسـە پووڵەوە لە نێوەڕاستی دەریادا مابێتەوە و چون ناتوانێ ئەوەی پێی دەوێ بیکڕێ» لە برسان دەمرێ. من ئەوەم بۆیە عەرز کردی ئەگەر کاتی خۆی ئەم بیست دۆکایەم هەبایە و سمێڵی مونشی مەحکەمەم پێ چەور کردبا و زەین و زبانی وەکیلەکەم باشتر پێ وەگەر خستبایە، ئەمـڕۆ بەجێگەی ئەوەی وەک سـەگی قەلادە کـراو بەو جـادەیەدا وە پێش خـۆم بدەن لە مەیدانی «زۆکۆدۆوێر» Zocodover لە شاری «تۆلێد» پیاسەم دەکرد. بەڵام بەهەر حاڵ خودا گەورەیە و سەبریشی داوە. تەواو!»

دۆن کیشۆت ڕووی دە سزاکێشی چوارەم کرد. پیاوێک بوو زۆر وێچوو ڕیشێکی دریژی هەبوو، دەفەی سینگیشی بەمووی سپی داپۆشرابوو. کاتێک لێی پرسی ئەو بۆ دە

رابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

زنجیرکراوە، بێ ئەوەی یەک قسە بکا، هۆل هۆل دەستی کرد بەگریان. سزاکێشی پێنجەم لە جیات ئەو گوتی: «ئەو پیرە پیاوە شەریفەیان پاش ئەوەی بەجلوبەرگی ڕازاوەوە سواری ئەسپ کرد و بەشاردا گێڕایان، بەچوار ساڵ سەوڵ لێدان دەکەشتیدا سزایان داوە. سانکۆ هاتە نێو قسەکانیان و گوتی: ئەگەر بەهەڵە نەچووبم ئەو پیاوەیان بەبووکی بردووە یانی هەم ئابڕووی چووە و هەمیش سزایان داوە.(١٦٦)

سزاکێش جوابی داوە: ڕاست وایە و خەتای ئەو پیاوە کە ئەو سزایەی لێ کەوتووەتەوە ئەوە بوو کە قاسیدی نێوان گوێچکەکان و تەنانەت پێوەندیی نێوان لە شەکانیش بووە؛ مەبەستم ئەوەیە کە ئەو پیاوە بەڕێزە دەلاڵیی کردووە بۆیە ڕێی دێرە کەوتووە. بێجگە لەوەش تاوانی جادووگەری و فێڵبازییان خستووەتە سەر. دۆن کیشۆت گوتی: من کارێکم بەتاوانبار کردنی ئەو بەجادووگەری نییە. بەڵام لەبەر دەلاڵییەکەی حەق ئەوە نییە بینێرنە سەر کەشتی، مەگەر بۆ فەرماندەیی و ناخودایی کەشتییەکە. چون دەلاڵی عیشق و ئەوین کاری هەموو کەس نییە، کارێکە تەنیا لە دەست پیاوی ڕازدار و بەئەزموون دێ و لە کۆمارێکی ڕێکوپێکدا زۆر پێداویستییەکی گەورەیە و نابێ بێجگە لە کەسانێکی ڕەسەن و نەجیب بدرێتە دەست هەموو کەس. تەنانەت بۆ ئەم کارە دەبێ بازرەس و پشکنەر دابندرێ و ژماری ئەو کەسانەی ئەو کارە دەکەن، دەبێ وەک دەلاڵانی بازار کەم و کارامە بن. بەمجۆرە لە بڵاو بوونەوەی زۆر نەخۆشی پێشگری دەکرێ. چونکە تەنیا هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییانە ئەوەیە ئەمڕۆ عالەمێکی زۆر بەوکارەوە خەریکن بێ ئەوەی ڕیخت و قیافە و شعوور و فامێکی وایان هەبێ، کەسانێکی ژنانیلە و غولامی سادە و مێرمنداڵ و بێ ئەزموون کە دە بواری زۆر هەستیاردا و دەوکاتانەدا کە دەبێ کارلێها تووبن دەستی ڕاست و چەپی خۆیان ناناسن و کەوچکی ئاسن بەدەستیانەوە سارد دەبێتەوە و ناگاتە دەمیان. پێم خۆش بوو لەسەر ئەو باسە بڕۆم و بۆم ڕوون کردبانەوە کە بۆچی دەبێ کەسانێک کە لەم وڵاتە بەو کارە هەڵدەستن. دەبێ گوڵچین بکرێن؛ بەڵام نە ئێرە جێگای ئەو قسانەیە و نە مەجالیش هەیە؛ بەڵام ڕۆژێک هەر دێ لەسەر ئەم بابەتە دەگەڵ کەسێک کە بتوانێ چارەیەک بۆ ئەم دەردە بدۆزێتەوە، قسەیەک بکەم. ئەمڕۆ تەنیا بەم وتەیە کۆتایی پێ دێنم کە غەم و کەسەرێک کە لە دیتنی ئەم ڕیش سپییە بەو سەروسیما پیاوانەوە منی داگرت، بەتایبەتی

١٦٦- خوالێخۆشبوو محەمەدی قازی نووسیویەتی «هم چوب خورده هم پیاز را - هەم دارکاری کراوە و هەمیش پیوازی خواردووە» من لە ڕووی مەتنی ئینگلیزییەوە ئەو ڕستەیەم گۆڕیوە. (وەرگێڕ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

کە تەنیا بەگەیاندنی چەند پەیامێکی عاشقانە بەموجازاتێکی قورس سزا دراوە، بەبیستنی تاوانەکەی تری کە جادووگەرییە، ئارام بووەوە. هەر چەند من دەزانم کە لە دنیادا سیحر و جادوویەک کە بتوانێ بەسەر ئیرادەی ئیسناندا زاڵ بێ و لەرێی ڕاستی لابدا، بەپێچەوانەی بیروڕای هێندێک ساویلکە، وجوودی نییە. ئێمە هەموومان خاون ئیرادە و ئیختیاری خۆمانین و هیچ جادوویەک ناتوانێ دەستدرێژی بەو هەرێمە بکا. ئەوەی هێندێک پیاوی ژنانیلە لەبەر سادەیی و یا هێندێک فێڵباز و ساختەچی دروستی دەکەن و خەڵکی پێ شێت دەکەن و وا دەنوێنن دەتوانن ئەوان گرفتاری دەردی ئەوین بکەن، هەمووی فریوە و هەروەک گوتم مەجبوور کردنی ئیرادەی مرۆڤ بەکەس ناکرێ. ئەو شەربەتانە و دەرمانانەی ئەوانە دروستی دەکەن، زۆرتر پێکهاتەیەکە لە چەند دەرمانی ژەهراوی و هیچی بەکار نایەن. پیرە پیاوی مێهرەبان دەنگی دەربڕی کە: بەتەواوی دروستە! لەمەڕ تاوانی جادووگەری با پێت بڵێم هەرچی داویانەتە پاڵ من درۆیە و من ئەو گوناهەم نەکردووە. لەمەڕ دەلالی ئەویندارییەوە ناتوانم حاشا بکەم بەڵام قەت پێم وا نەبوو کە کارێکی خراپ دەکەم. تەنیا نییەتی من ئەوە بوو کە خەڵک دەخۆشی و ڕابواردندا بن و بێ شەڕ و کێشە دە ئاشتی و ئارامیدا بژین.. بەڵام ئەم نییەتە خێرە پێشی بەوە نەگرتووە کە بمبەنە شوێنێک کە هیوای ئەوەم نییە بتوانم بەسلامەتی لێی بگەڕێمەوە. چون هەروەک دەبینی پیر و شکستەم و چرتەمیزەش(*) وەها بڕستی لێ بڕیوم هەر مەپرسە. ئارام و قەراری پێ نەهێشتووم.» پیرە پیاو پاش گوتنی ئەم قسانە دیسان دەستی کردەوە بەگریان و سانکۆ ئەوەندەی دڵ پێ سووتا کە سکەیەکی چوار ڕێئالی بەڕەسمی سەدەقە بەو دا.

دۆن کیشۆت هەروا درێژەی بەپرسیار کردنی خۆی دەدا و لە نەفەری دوایی پرسی تاوانی چییە. سزاکێش بەتوندی وەڵامی دایەوە؛ «تاوانی من ئەوەیە کە زۆرم دوو کچە ئامۆزای خۆم و دوو کچە ئامۆزای زڕم عەزیەت دەکرد. سەرەنجام یارییە مەعسوومانەکانمان گەیشتە ئەو جێیە کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی تازە لە بنەماڵەدا زێدە بن و وزەعەکە وەها مەخشووش بوو کە هیچ شەجەرەنامە نووسێک نەیدەتوانی لە نیسبەتی ئێمە دەگەڵ یەکدی سەر دەربێنی و بمانباتەوە سەر یەک! تاوانی منیان بەبەڵگە و مەدرەک سەلماند و چون دەوڵەت و یەغباڵ هەر دووک ڕوویان لێ وەرگێڕابووم خەریک بوون بەتەنافی دار بمخنکێنن، بەڵام دوایە بەشەش ساڵ کاری زۆرە ملی دەکەشتییەکانی دەوڵەتی دا سزا درام. من ڕەخنەم لە حوکمی دادگا نەگرت چون موجازاتی تاوانی من هەر ئەمەیە. من هێشتا لاوم و ساڵیانێکی زۆر دەژیم و تا عومریش باقی بێ ڕێگا چارە هەر دەمێنێ.

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێستا ئەی پاڵەوانی بەڕێز، ئەگەر ئێوە یارمەتییەکی ئەم لێقەوماوانە بدەن خوداوەند لە ڕۆژبازاری قیامەتێ جەزای خێرت دەداتەوە و ئێمەش دەگەڵ هەر نوێژ و تاعەتێک دوعای بەخێرت بۆ دەکەین تا خودا تەمەنێکی درێژی بەعێزەت و گەورەیی و بەختەوەری بەو جەنابە عەتا بکا.» سزاکێش جلوبەرگی فەقێکانی (دارالعلم) زانکۆی دەبەر دا بوو و یەکێک لە نیگابانان گوتی کە ئەو ویژاوەرێکی(*) بێ وێنەیە و دەزبانی لاتیندا زۆر شارازایە.

بەشوێن هەموو سزاکێشەکاندا پیاوێکی نزیک بەسی ساڵ، بەڕێگادا دەهات کە چوارشانە و تێک سرماو، بەڵام چاوێکی خێل بوو. ئەو پیاوەیان بەشێوەیەکی جیاوازتر لە باقیی هاواڵەکانی بەزنجیر کێشا بوو. زنجیرێکی درێژیان دە قاچی کردبوو کە لە بەدەنیشی هالابوو و سەرێکی زنجیر لە یەکێک لە دوو ئاڵقەی ئاسنی کە دەملی کرابوون جۆش درابوو. ئاڵقەکەی بەشکڵی پارچە ئاسنێکی قورس و گران دەگەیشتە سەر کەمەری زیندانی بەدوو دەزبێنی قەپانی(*) کۆتایی دەهات کە هەر دووک دەستی کابرایان لێ شەتەک دابوو. بەجۆرێک کە ئەو چارەڕەشە نەدەیتوانی دەستی بۆ لای سەری بەرێ، و نە دەشیتوانی سەری بۆ لای کەمەر خوار کاتەوە. دۆن کیشۆت پرسی کە بۆچ کۆت و زنجیری ئەو پیاوە لەوانی تر زۆرتر و قورسترە. نیگابان گوتی ئەوەیان بەتەنیا بەقەدەر هەموو سزاکێشەکان جنیایەتی کردووە و ئەوەندەش ئازا و غەدارە کە بەو وەزعەش کە تێیدایە لێی خاترجەم نین و هەردەم دەترسین لە دەستمان هەڵێ و ڕاکا. دۆن کیشۆت پرسی: مەگەر چ جنیایەتێکی گەورەی کردووە کە سزاکەی لە بێگاری کردن دەکەشتییەکاندا زۆرتر نییە؟ نیگابان گوتی: ئەوە بەدە ساڵ سزاکێشان مەحکووم کراوە و حوکمی ئاواش مەرگی یاسایی(*) (١٦٧) بەدواوەیە. من ئیدی هیچی ترت پێ ناڵێم ئەوەندە نەبێ کە بڵێم ئەوە هەمان «ژینێس دو پاسامۆن» Ginés de passamont، یا بەواتایەکی تر «ژینزێل دۆ پاراپیلانە» Cinesille de parapilla مەحکووم گوتی: ئای جەنابی کەلانتەر، لەسەرەخۆتر قسان بکە و باشتر ئەوەیە کاتی خۆمان بە شیکردنەوەی بێهوودەی ناو یا ناسناو لە دەست نەدەین. ناوی من «ژینێس»ە نە «ژینزێل» و ناوی بنەماڵەییشم بەپێچەوانەی فەرمایشتەکەی «تۆپاسامۆن»ە نە «پاراپێلا». باشتر ئەوەیە هەر کەس چاو لە خۆی کا و ڕەخنە لە خۆی

١٦٧- مەرگی یاسایی Mort Civile سزایەکی دوایی بوو کە تا پێش شۆڕشی گەورەی فەرانسە دە یاسای جەزاییی فەرانسەدا هەبوو. بەپێی ئەم یاسایە مەحکووم بەمردوو دادەندرا و ماڵ و سامانەکەی میراتگر دەیانبرد و ژنەکەی بەتەڵاق دراو حیساب دەکرا و لە هەموو مافێکی کۆمەڵایەتی بێ بەش دەکرا. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

بگرێ. کەلانتەر جوابی داوە: ئەگەر ناتەوێ نێوشانت بەتازیانە داماڵم و بێدەنگت کەم، باشترە لەسەر خۆ قسان بکەی. ئەی جەنابی دزی بەناوبانگ و ساختەچی و فێڵ بازی حەوت خەت ! مەحکووم گوتی: مەعلوومە کە ئینسان بەئیرادەی خودا بەرێدا دەڕوا و ئاخری یەکێک هەر پەیدا دەبێ کە بزانێ ناوی من «ژینزێل دۆپاراپێلا»یە یا نییە. نیگابان بەسەریدا زیقاند کە: «بێ شەرم مەگەر تۆ بەم ناوە بانگ ناکەن؟ سزاکێش گوتی: «بەڵێ دەزانم بەڵام ئاخری کارێک دەکەم کە یا ئیدی کەس بەم ناوە بانگم نەکا یا هەموو ڕدێنی خۆم هەڵدەکەنمەوە.... پاشان ڕووی دە دۆن کیشۆت کرد و گوتی: ئەی پاڵەوانی بەڕێز ئەگەر تۆش شتێکت هەیە بماندەیەی زووتر مەرحەمەتی بفەرموو و بەئەمانی خودا وەدوای کاری خۆتان کەون. چون ئەو هەموو پرسیار و جوابانە لەمەڕ ئە حواڵی نەوعی بەشەر خەریکە ماندوومان دەکا و ئەگەر پێت خۆشە بزانی من کێم، بزانە کە من ناوم «ژینێس دۆپاسامۆن»ە و بەسەرهاتی خۆشم بەو پێنج قامکانەی خۆم نووسیوەتەوە. کەلانتەر گوتی: ڕاست دەڵێ. ئەو پیاوە سەر گوریشتەی خۆی وەها جوان نووسیوەتەوە کە لەوە چاکتر بەکەس ناکرێ. بەڵام ئەو کتێبەی لە زینداندا دەبەرامبەر بیست ڕێئالدا دە گریو ناوە. ژینێس گوتی: هەر چۆنێک بێ وەریدەگرمەوە. تەنانەت ئەگەر دە بەرانبەر دووسەد «دۆکا»شم دە گریو نابێ. دۆن کیشۆت پرسی: یانی ئەو کتێبەهێندە بەکەڵکە؟ مەحکووم گوتی: ئەوەندە باشە کە دەستی کتێبی «لازارێل دوتۆرمیس»[١٦٨] و ئەو جۆرە کتێبانە، ئەوانەی لەمەو پاش دەنووسرێن لە پشتەوە دەبەستێ. شتێکی کە من دەتوانم بەبەڕێزتانی عەرز بکەم ئەوەیە کە سەر تا پای ئەو کتێبەهەمووی ڕاستە بێ ئەم لاو ئەولا. ڕاستییەکانیش ئەوەندە شیرین و سەرنجڕاکێشن کە هیچ درۆیەک تۆزیان ناشکێنێ. دۆن کیشۆت پرسی: عینوانی کتێبەکەت چییە؟ مەحکووم گوتی: بەسەرهاتی ژینێس دۆپاسامۆن. دۆن کیشۆت پرسی: کتێبەکە تەواوە؟ ژینێس گوتی: چۆن دەتوانێ تەواو بێ لە کاتێکدا من هێشتا زیندووم؟ ئەوەی تا ئێستا نووسیومە بەسەرهاتی خۆمە لە ڕۆژی لە دایک بوونمەوە تا ئەمڕۆ کە دووبارە مەحکووم کراومەوە بەوەی کە دە کەشتیدا کار بکەم. دۆن کیشۆت پرسی: مەگەر لەمەو پێشتریش دەوکەشتییە دەوڵەتییانەدا بووی؟ ژینێس

١٦٨- Lazarille de Tormes یەکەمین ڕۆمانی کۆمەڵایەتییە «١٥٢٩» کە ئەخلاق و عادەتی خەڵکی عەسری خۆی باس دەکا و دەڵێن «هۆرتادۆ دۆ مێن دۆزا Hertadode Mendoza وەزیر و سەفیری شارلکەن، ئیمپراتووری ئوتریش و ئەسپانیا نووسیویەتی، بەڵام ئەوە وا نییە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


گـوتـی: بەڵێ بۆ خـزمـەت بەخـودا و بەشـا جـارێکی تریش بۆ مـاوەی چوار سـاڵ دەو کەشـتییانەدا گـوزەراندوومـەو و تامی بیسکویت و تازیانـەی دەمـاری گام چێشـتووە. وە ئێسـتاش زۆر نارەحـەت نیم کە دەمبـەنەوە ئـەوێ چون لەوێ وەختم دەبێ کتێبـەکەم تەواو بکەم. هێشتاش دنیایەکم شتی باش پێیە کە بیلێم. دەکەشتییەکانی دەوڵەتی ئەسپانیادا زۆرتر لەوەی پێم دەوێ کات هەیە: بێجگە لەوەش بۆ نووسینی ئەوەی کە ماوە وەختێکی زۆر پێـویست نیـیـە. چون هـەمـوویم هەر لەبەرە. دۆن کـیـشـۆت گـوتـی تۆ پیـاوێکی زاناو و ئاوەزمـەندی(*). ژینێس گـوتی هـەروەها بەدبەختـیش. چون بەدبەختـی هەمیشـە پێ بەپێی عـەقڵ و زانایی دەڕواتـە پێش. نیگابان هاواری لێ بڵند بوو: پێ بەپێی دزی و پیـاوخـراپی دەڕواتە بەرەوە. پاسامـۆن گـوتـی: جـەنابی کەلانتـەر دەپێشـداش پێم گوتی لەسـەرەخۆ بەو بزانە دەڵێی چی. ئاغایان کاربەدەستانی دادگا ئەو داردەستەیان بۆیە نەداوەتە دەست ئێوە کـە دەگـەڵمـان بەد ڕەفـتـاری بکەن بەڵکو بۆ ئەوەیان داونەتێ تـا بمانبـەنە ئەو شـوێنەی کـە خـاوەن شکۆ پاشا فەرموویەتی بمانبـەن. دەنا بەگیانی... لاالله‌الالله! باشـترە کە لەسـەری نەڕۆم. پەڵە و لەکـەیەکی کە لە موسـافیـرخـانە بەجلوبەرگەوە دەنووسێ ڕۆژێک بەشـۆردن پاک دەبێتـەوە. کـەوابوو وا باشـترە هەمـوو بێـدەنگ بین و نەفـەسێکی ئاسـوودە بکێشین و قسـەی باشـتـر بکەین و بەرێی خۆمـاندا بڕۆین و لەوەی زیاتر قسـەی لە خـۆڕایی نەکـەین. کەلانتـەر دارەدەسـتـەکەی بەرز کردەوە کە جوابی هەڕەشـەکانی ژینێس بداتەوە. بەڵام دۆن کیشۆت خۆی خستە نێوانیان و لە نیگابانی ویست کە لەمەحکووم نەدا و لەم بارەوە گوتی: «لە کەسێکی کە دەستەکانیان ئاوا بەستووە سەیر نییە لانی کەم هێندێک ئیختیاری زبانی خـۆی هـەبێ.» پاشـان ڕووی دەهـەمـوو بەند کـراوەکـان کـرد و گـوتـی: «برایانی زۆر خۆشـەویستم لەو قسانەڕا کە پێتـان گوتم بەگشـتی بەو ئاکامـە گەیشتم کە هـەر چەند ئێوە بەسـزای گـوناهانێکی کـە کـردووتانە تـەمێ دەکـەن بەڵام ئەم مـوجـازاتەی کـە دەیکـێـشن بەلاتانەوە زۆر ناخۆشـە و هـەمووتان بەپێچەوانـەی مەیلی خۆتان دەبەنە سـەر کەشـتییـەکانی دەوڵەتی. هـەروەها تێ گـەیشـتـم کـە نەبوونی ئازایـەتی لە یەکـێک لە هـاواڵەکـانی ئێـوەدا لە کـاتی لێپرسـینەوەدا و بێ پارەیی هەواڵێکی تر نەهـامەتییـەکی تر و هـەڵە و هـەواو هـەوەسـی قـازی بووەتە هۆی نابوودیی هـەمـووتان و ئێوەی لە گـەیشـتن بەمـافی خـۆتان ئـەمـجـۆرەی کـە یاسا و عـەداڵەت حوکم دەکا، بێ بەش کردووە. تەواوی ئەو بـاسە لەو لایەنەوە بەزەینی مندا دێن کە من وادار بکەن تا بەئێوەی بسەلمێنم خـودای مەزن منی بۆچی هێناوەتە سەر دنیا. بۆ ئیـرادەی ئەو لەسـەر ئەوە قـەراری داوە کـە من شـوغـڵی پاڵەوانی ڕەچاو بکەم و بچم دە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabti.org

بازنەی ئەندامەتیی ئەوانەوە و بۆچی عەهدم دەگەڵ خۆم بەستووە کە بگەمە یارمەتیی ئەوانەی کە پێشێلی ستەم و ملهوڕی مل ئەستووران بوون. بەڵام چون دەزانم یەکێک لە مەرجەکانی ئیحتیات و دووڕوانین ئەوەیە گرێیەکی کە بەدەست دەکرێتەوە بەددان نەکەمەوە و ئەو شتەی بەزبانی خۆش دەست دەکەوێ بەزۆرێ نەستێنم، دەمەوێ دەپێشدا لە ئاغایانی نیگابانان و لە ئاغای کەلانتەر تکا بکەم مەرحەمەت بفەرموون و بەندی دەست و لاقی ئێوە بکەنەوە و ئیزن بدەن کە ئێوە بێ دەردی سەر وەدوای کاری خۆتان بکەون. بۆ خزمەت کردنی شا دەهەلومەرجی باشتر دا قاتی ئادەمیزاد نییە و بەڕاستی جێگەی شەرمە کەسانێک کە خودا و سروشت ئازادی ئافەریدە کردوون بکەینە بەردە و بەندە و غولام. لە لایەکی ترەوە ئەی ئاغایانی نیگابان ئەم شەیتانە چارەڕەشانە کە تەوهینێکیان بەئێوە نەکردووە و گوناهی هەر کەس بەعۆدەی خۆی! خودا لەو سەرەوە هەمووشت دەبینێ و سزادانی پیاوخراپان و پاداش دانی پیاوچاکان لە بیر ناکا و سزاوار(*) نییە کە خەڵکی شەرافەتمەند بێ ئەوەی قازانجی خۆیانی تێدا هەبێ ببنە جەللاد و پیاو کوژی کەسانێکی تر. من لەبەر ئەوە وا ئارام و لەسەر خۆ دەگەڵ ئێوە دەدوێم، کە ئەگەر تکای من قبووڵ بکەن، لە ئێوە بەخاتری شتێکی کە دەمەوێ سپاسم کرد بێ. بەڵام ئەگەر بەخۆشی قبووڵی نەکەن ئەم نێزە و ئەم شمشێرە بەیارمەتی هێزی باسک و باهۆی من بەزۆر واتان لێ دەکا هەرچی دەڵێم ئەنجامی بدەن.

کەلانتەر دەنگی هەڵێنا کە: ماشەڵڵا! چ شۆخییەکی بەتام و خۆش! چ پێویست بوو کە چەند سەعات وەختی خۆت بۆ دەرفرتاندی(*) ئەم فکرە خەسار بکەی، سەیرە! ئەو کابرایە ئازادیی مەحکووم کراوانی پاشای لە ئێمە دەوێ! پێی وایە ئێمە دەتوانین ئەو کارە بکەین و یا ئەو دەتوانێ ئەو کارەی لە ئێمە بوێ و ئەمرمان پێ بکا ئەنجامی بدەین! باشە ئیدی، حەزرەتی ئاغا وەڕێکەوە و بەڕێی خۆتدا بڕۆ و لەگەنی سەریشت هێندێک لەبەر چاوت واوەتر بەرە و کارت بەکاری ئێمە نەبێ و چت بەوەی نەدابێ گورپەی ئێمە چەند پێی هەیە! دۆن کیشۆت گوتی: «گورپە ئێوەن، مشک ئێوەن. سزاکێشی کاری دژوار ئێوەن! کەسافەت و پیسی ئێوەن!» و بێ ئەوەی مەجالی ئامادە بوونێک بدا وەها بەقینەوە هێرش دەبا کە کەلانتەر بەعەرزیدا دەکەوێ و بەنووکی نیزەی دۆن کیشۆت بریندار دەبێ. بەختەوەرانە بریندارەکە هەر ئەو پیاوە بوو کە تفەنگی شمخاڵی بەدەستەوە بوو. نیگابانەکانی تر لەم هێرشە لە ناکاوە تا ماوەیەک تاسان؛ بەڵام زۆری پێ نەچوو وەخۆ هاتنەوە. سوارەکان دەستیان دا شمشیر و پیادەکانیش نووکی نێزەیان بەحاڵەتی هیرش بردن هێنایە خوارەوە

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

و هەموویان دەوری دۆن کیشوتیان گرت کە زۆر ئارام و بێ ئەوە بشڵەژێ چاوەڕوان ڕاوەستابوو، وە ئەگەر لەم هەنگامەیەدا سزاکێشەکان دەرفەتی خۆ ئازاد کردنیان بۆ نەرەخسابا و بەهەموو هێز و توانایانەوە خەریکی پساندنی زنجیرەکانی خۆیان نەبان؛ بێگۆمان دۆن کیشۆت تووشی شپرزەیی وشپرێوی دەهات.

وەزعێکی نالەبار و شێوا و هاتەبەرەوە و نیگابانان کە جاری وابوو پەلاماری سزاکێشەکانیان دەدا بۆ ئەوەی نەهێڵن بەندی دەست و پێ بکەنەوە و جاروبار ڕوویان دە لای دۆن کیشۆت دەکردکە ئەویش ئەمانی پێ نە دەدان. سەرەنجام هیچیان پێ نەکرا. سانکۆش لەو لاوە یارمەتیی ژێنیس دۆپاسامۆنی دەدا کە ئازادی بکا و یەکەم کەسیش کە لە کۆت و زنجیر ڕزگاری هات هەر ئەو بوو. دەگەڵ ئازادیش بوو هێرشی بردە سەر کەلانتەر و شمیشر و شمخاڵی لە دەست دەرهێنا. پاشان بێ ئەوەی بیتەقینێ شمخاڵی بەرەوڕووی نیگابانان ڕاگرت و سێرەی لێ گرتن و وەهای ترساندن و لەو لاشەوە بەردەبارانی زیندانییە ڕزگارکراوەکان ئەوەندە توند بوو کە نیگابانەکان پشتیان کردەوە و بۆی دەرباز بوون.

سانکۆ لەو سەرکەوتنە بەرچاوە زۆر غەمگین بوو، چون پێی وابوو هەلاتووەکان گەڕیانی ڕووداوە کە بەئاگاداری دادگای سێنت هێرمانداد ڕابگەیەنن و لەوێرا فەوجێک بەتەپل وشەیپووڕەوە بکەونە شوێنی خەتاباران. سانکۆ ئەو نیگەرانییەی خۆی بەئەرباب ڕاگەیاند و تکای لێ کرد هەرچی زووتر لە ڕێگا دوور کەونەوە ڕوو بکەنە چیاکانی دەوروبەر. دۆن کیشۆت گوتی: «ئەوە فکرێکی دروستە بەڵام من خۆم دەزانم دەبێ چ بکەم!» ئەوجار تەواوی سزاکێشەکانی کە کەلانتەریان ڕووت کردبوو و هەر یەکەی بەلایەکدا هەڵدەهاتن. بانگ کرد کە بەهەڕەمە بچنە لای. ئەوانیش بۆ ئەوەی بزانن دۆن کیشۆت چ کارێکی پێیان هەیە لە دەوری کۆ بوونەوە. پاڵەوان ڕووی تێ کردن و گوتی:

«ئەرکی هەر مرۆڤێکی ڕەسەن و جوامێر ئەوەیە ئەگەر چاکەیان دەگەڵ کرد ئەمەگناس بێ و یەکێک لە گوناهانی گەورە کە خودای مەزن زۆر تووڕە دەکا ئەمەگ نەناسییە. من بۆیە ئەوەتان عەرز دەکەم کە هەمووتان دەزانن چاکەیەکی گەورەم دەرحەق ئێوە کرد و بەچاوی خۆتان دیتتان. ئێستا لە بەرامبەر ئەم چاکەیەدا دەمەوێ. یا با بڵێم ئیرادەی من ئەوەی دەوێ کە ئێوە هەر بەو زنجیرانەوە کە من لەملی ئێوەم کردەوە زوو وەڕێ کەون و بچنە شاری تۆبۆزۆ، لەوێ بچنە خزمەت دلبەری نازەنینی من دۆلسینە توبۆزۆ و عەرزی بکەن کە نۆکەری تۆ پاڵەوانی غەمگین ڕوخسار سلاوت دەگەیەنێ و بەوردی باسی ئەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ڕووداوەی بۆ بگێڕنەوە، پاش ئەو کارە ئازادن و دەتوانن بەویستی خۆتان هەر جێگایەک دڵتان دەیەوێ بڕۆن.

ژێنێس دۆپاسامۆن بەنوێنەرایەتی لە لایەن هەموو سزاکێشەکانەوە جوابی دۆن کیشۆتی داوە: «جێبەجێ کردنی ئەوەی حەزرەتی پاڵەوان، ڕزگارکەری ئێمە بەئێمە ئەمر دەکا، مومکین نییە و کاری کردن نییە. چون ئێمە ناتوانین هەموومان پێکەوە دەو شارێیەدا ڕێ دابگرین، بەڵکو مەجبوورین تاک تاک بڕۆین و هەر یەکەمان بۆ لایەک دەرباز بین و دە قووڵکە و قووڵاییياندا خۆمان حەشار بدەین تا بەدەست سێنت هێرمانداد کە قسەی تێدا نییە سەگەلەکەیمان وەدوا دەخا، نەکەوینەوە. کارێک کە بەڕێزتان دەتوانن بیکەن و دروستیش هەر ئەوەیە کە وا بکەن، ئەوەیە کە بەجێگەی ئەو خزمەت و چوونە خزمەت خاتوون دۆلسینە توبۆزۆیە ئیجازە بفەرمووی دە دوازە جار دوعای «کرەدۆ» و دوعای «مریەمی عەزرا» بخوێنین و بەحیسابی ئێوەی دابنێین. ئەم کارە لانی کەم کەفارەیەکە دەتوانین بەشەو یا بەڕۆژ لە هەڵاتن یا دانیشتندا، کاتی ئاشتی یا شەڕ دا بیدەینەوە. بەڵام فکری ئەوەی کە ئێمە ئێستا بگەڕێینەوە وڵاتی میسر(١٦٩). یانی دووبارە زنجیر لە خۆمان ببەستینەوە و ڕێگەی شاری تۆبۆزۆ بگرینەوە، وەک ئەوە وایە کە بێژین ئێستا شەوە لە حاڵێکدا هێشتا سەعات نەبووەتە دەی بەیانی و چاوەڕوانی شتێکی وا لە ئێمە وەک ئەوە وایە لە داری چنار داوای هەرمێ بکەی! دۆن کیشۆت کە لەبەر توورەیی سوور هەڵگەڕابوو، قیژاندی: ئەی حەرامزادە! ئەی ژینزڵل دۆپارۆپیلۆ ئەی نازانم چی وچی، بەخودا سوێند دەخۆم کە تۆ خۆت بەتاک و تەنیا دەبێ گوێت شۆڕکەیەوە، کلکت دە گەلۆزت بگری، بەبارێک زنجیرەوە بچییە شاری توبۆزۆ!» پاسامۆن کە دەزاتی خۆیدا زۆر ئارام و لەسەر خۆ نەبوو، بێجگە لەوەش نەیدەزانی کە دۆن کیشۆت، هەر چەند ئەو کارە شێتانەی کردبوو و ئەوانی ئازاد کردبوو، عەقڵی تەواو نییە، کاتێک دیتی کە پاڵەوان ئاوا بەسووکایەتی ڕەفتاریان دەگەڵ دەکا، چاوێکی لە دۆستەکانی داگرت و ئەوانیش مەودای بەردهاوێژێک کشانەوە دواوە و دەستیان کرد بەبەرد هاویشتن بەجۆریک کە مەتاڵەکەی پاڵەوان چی بۆ نەکرا و ڕۆسینانتی بێچارەی دەو بەردەبارانەدا لە جێی خۆی چەقیبوو، گوێی نەدەدا ڕکێف لێدان و مامزەی خاوەنەکەی و دەتگوت پەیکەرەی مەفرەقە لەوێ ڕاوەستاوە. سانکۆ لە پشت کەرەکەی خۆی مات کردبوو، یانی ئەو بەستەزمانەی کردبوو بەمەتاڵ و خۆی دەپاراست. بەڵام دۆن کیشۆت کە جێگاکەی وەک هی سانکۆ نەبوو، ئەوەندی بەرد وە قەبرغەی کەوت کە

---

١٦٩– مەبەست هەڵاتنی قەومی ئیسرائیلە لە وڵاتی میسر. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وە عەرزی کەوت. لەو حاڵەتەدا خوێندکاری (دارالعلم = زانکۆ) هێرشی بۆ هێنا و لەگەنی ڕدێن تاشینی لەسەری هەڵگرت و پاش ئەوەی سێ چوار جاری دەشان و پیلی پاڵەوان کوتا، ئەوەندەی بەعەرزی دادا هەتا لەتوپەتی کرد. پاشان ئەو دزە ناپیاوانە جاش باڵتوی قۆڵ درێژی پاڵەوانیان کە لەسەر جلوبەرگی شەڕ دەبەری دەکرد، لە بەریان داکەند و ئەگەر زرێ و جومگە(*) پێچە ئاسنینەکەی نەبووایە هەموو جلوبەرگەکەیان تا گۆرەوییەکانیان لەبەر دادەکەند. باڵاپۆشە کورتەکەی سانکۆشیان برد و تەنیا ژێرکراسێک نەبێ دەبەریاندا نەهێشت. پاشان دەسکەوتی شەڕیان دەنێو خۆیاندا بەش کرد و هەر یەکەی بەلایەکدا هەڵاتن و هەموو تەلاشیان ئەوە بوو، تووشی دادگای سێنت هێرماندا نەبنەوە چون زۆری لێ دەترسان. و لەوە نەدەترسان کە زنجیر لە گەردن بگەنە خزمەت خاتوون دۆلسینە تۆبۆزۆ

لە مەیدانی شەڕادا بێجگە لە کەر و ڕۆسینانت و سانکۆ و دۆن کیشۆت کەس نەمابوو. کەرەکە غەمگین و داماو جاروبار گوێی دەلەقاند. دەتگوت ئێستاش بارانی بەردی بەسەر دا دەرژێ. ڕۆسینانت لە تەنیشت خاوەنەکەی بەعەرزیدا پان بووبووەوە. چون پاش سوارەکەی ئەویش لەبەر بەردەباران خۆی پێ ڕانەگیرابوو و کەوتبووە عەرز. سانکۆ بەکراسێکەوە مابووەوە و زۆر لە سێنت هێرماندا دەترسا و لە ترسان دەلەرزی. لەو لاشەوە دۆن کیشۆت کە لە جەفا و ئەمەگ نەناسیی ئەوانەی ئەو چاکە گەورەیەی دەگەڵ کردبوون، بەدڵێکی پڕ لە ژانەوە ڕاوەستابوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٣

## لەمەڕ ئەو ڕووداوەی لە چیاکانی سیرامۆرنا بەسەر دۆن کیشۆت هات ڕووداوێک کە وێنەی تا ئێستا لەم داستانە ڕاستییەدا نەهاتووە

دۆن کیشۆت کاتێک خۆی دەوبارە نالەبارەدا دیت، بەمەیتەرەکەی گوت: «سانکۆ من هەمیشە ئەو قسەیەم بیستووە کە دەڵێ چاکە دەگەڵ عیسانی نانەجیب بەرد لە ئەژنۆی خۆ دانە» من ئەگەر بەقسەی تۆم باوەڕ کردبا تووشی ئەو مسیبەتە نەدەبووم: بەڵام ئێستا ئیدی کار لە کار ترازاوە کەوابوو، ئێستا دەبێ پشوومان لەسەر خۆ بێ و بۆ داهاتوو لەو پێشهاتانە دەرس وەربگرین. سانکۆ گوتی: تورک بم ئەگەر تۆ بۆ داهاتوو پەند وەربگری؟ ئێستا کە خۆت ددانی پێدا دێنی کە ئەگەر بەقسەی منت کردبایە تووشی ئەم گرفتارییە نەدەهاتین و کەوابوو لەمەودوا باوەڕت بەقسەکانم هەبێ با چیدی تووشی مسیبەتی گەورە و چکۆلە نەبین. چون ڕەپ وراست با پێت بڵێم کە دەگەڵ دادگای سێنت هێرمانداد تێکەوتن و باسی پاڵەوانەتی کردن کارێکی بێ جێیە و ئەو پاڵەوان و ماڵەوانی سەرگەردان بەپووشێک دانانێ. بڕوام پێ بکە من ئێستاش ویزەی گوللەی تیر ئەندازەکانی سێنت هێرماندادم لە بن گوێی دێ.[١٧٠] دۆن کیشۆت گوتی سانکۆ تۆ پیاوێکی زۆر ترسەنۆکی و بۆ ئەوەی بەسەرەڕۆ و کەللە شەقم تێ نەگەی و نەڵێی گوێ نادەمە ڕێنوینی و نەسیحەتەکانت، ئەوجار دەمەوێ بەقسەی تۆ بکەم و لە عاقیبەتێکی کە هێندە بووەتە مایەی ترس و هەترەش چوونی تۆ خۆم بپارێزم. بەڵام بەو مەرجە چ بەزیندوویی و چ بەمردوویی بەکەس نەڵێی کە دۆن کیشۆت لە ڕووداوی پڕ لە مەترسی ترسا و دەرباز بوو، بەڵکو بەخاتری هاوار و پاڕانەوە و لالانەوەی من ئەو کارەی کرد. ئەگەر بلی وەی شتێک بڵێی درۆت کردووە و من هەر لە ئێستاوە بۆ ئەو کاتە و ئەو کاتە بۆ ئێستا، قسەکانی تۆ بەدرۆ دەخەمەوەو هاوار دەکەم کە تۆ مرۆڤێکی درۆزنی. ئەگەر بێجگە لەوە شتێک بڵێی یا خەیاڵێک بکەی دەبییە درۆزن. ئەوجار پێویست ناکا هیچ وەڵامێکم بدەیەوە، چون هەرکە بە زەینمدا بێ کە لە مەترسییەک و بەتایبەتی لەو مەترسییەی ئێستا هەڵدێم کە بەبۆچوونی خۆم سێبەرێک لە ترس سەرچاوە گرتوو لەوە لە خۆم نیشان دەدەم، هەوەس دەکەم کە

١٧٠- سێنت هێرمانداد، هەر کەسی لەسەر کاری خراپ گرتبا دەستبەجێ بەگوللە دەیکوشت. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بەتاکی تەنیا هەر ئەلێره نه تەنیا چاوەڕوانی سێنت هێرماندادی یا هەر دادگایەکی کە تۆ لێی دەترسێی بەڵکو چاوەڕوانی برایانی دوازده قەبیلەی ئیسرائیل و حەوت براکانی مەکابە[171] و جووته برای ئاواڵ دوانەی کاستۆر و پۆلۆ[172] و تەواوی کاربەدەستانی دیوان و دادگاکانی دنیا بم. سانکۆ گوتی: ئەرباب پاشەکشە بەهەڵاتن حیساب ناکرێ و له جێی خۆ نەبزۆتنیش له کاتێکدا مەترسی له حەد گەورەتره کارێکی عاقڵانه نییه. پیاوی عاقڵ ئەوەیه که ئەمڕۆ خۆی بۆ سبەینێ ڕابگرێ و خۆی بەیەکجاری بۆ ڕۆژێک دەمەترسی نەهاوێژێ. ئەوەش بزانه من لەسەر ئەو هەموو نەزانیی خۆم و دێهاتی بوونمەوه شتێک لەو زانستەی که پێم وایه پێی دەڵێن «بەڕێوه بردنی ژیان» دەزانم. کەوابوو لەوەی که نەسیحەتی منت قبووڵ کردووه، پەشیمان مەبەوه و ئەگەر دەتوانی زوو سواری ڕۆسینانت بە، دەنا من یارمەتیت دەدەم و بەدوامدا وەره. چون ده دڵم چەقیوه که ئێمه ئێستا زۆرتر له دەستەکانمان پێداویستیمان بەقاچەکانمان هەیه.»

دۆن کیشۆت بێ ئەوەی وستەی بکا، سواری وڵاغی خۆی بوو و سانکۆش بەسواریی کەرەکەی وەپێش کەوت و هەر دووکیان چوون دەیەکێک له دۆڵ و لاپاڵەکانی کێوی «سیرامۆرنا» Sierra Morena که زۆریان لێ نزیک بوو. قەستی سانکۆ ئەوه بوو پاش ئەوەی چەند ڕۆژێک دەو شوێنه چۆڵ وهۆڵانەدا خۆیان شاردەوه و له چەنگ مەعموورەکانی سێنت هێرماندادی ڕزگارییان هات سەرانسەری داوێنەکانی ئەو چیایه بخولێنەوه و پێیدا تێپەڕبن تا له ویزۆ[173] یا «ئالمۆدۆواردل کامپۆ»[174] سەر وەدەرنێن. شتێکی که سانکۆی بۆ ئەم کاره دنه دەدا ئەوه بوو که خورجێنی ئازووقەکەی بەپشت کەرەکەیەوه هەر مابوو و تاڵانچییەکان دەستیان لێ نەدابوو. زۆری ئەوه پێ سەیر بوو. چون ئەو پیاوه باش و شەریفانه هەر هیچیان بەخۆی و بەئەربابەکەیەوه نەهێشتبوو و لووس لووس تاڵانیان کردبوون.

---

١٧١- برایانی مکابه Macchabée حەوت کەس بوون له قەومی بەنی ئیسرائیل که له سەردەمی حکوومەتی ئانتیۆخووس ئەپیڤاندا دەگەڵ دایکی خۆیان شەهید بوون. «١٦٨ی پێش زاین»

١٧٢- ئاواڵ دوانەی کاستۆر Castor و پۆلۆ Pallux قارەمانی ئەفسانەیی یۆنانی قەدیم و کوڕانی ژووپیتێر خودای خودایانن که چوونه ئاسمان و ئەستێرەکانی «جووته برا»یان پێک هێنا. (محەمەد قازی)

١٧٣- Vios شارێکی وڵاتی مانش. (محەمەد قازی)

١٧٤- Almodovar del Compo شارێکی وڵاتی مانش. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو دوو موسافیرە هەر ئەو شەوە گەیشتنە قووڵایی چیاکانی سیرامۆرنا و سانکۆ وای بەباش زانی کە هەر لەوێ بمێننەوە و تەنانەت چەند ڕۆژ یا لانی کەم تا زەمانێک کە ئازووقەکەیان بەشی دەکردن لەوێی بەسەر بەرن. لەبەر ئەوە لە نێو دوو ڕەوەزە بەردی گەورەدا لێی پان بوونەوە و جەنگەڵێک داری چێوپەمۆ(*) دەوری دابوون. بەڵام دەستی تەقدیر کە بەبڕوای دڵڕەشان و بێ دینان چەرخی گەردوون بەدڵخوازی خۆی هەڵدەسووڕێنێ، وای ویستبوو کە ژێنیس دۆپاسامۆن یانی ئەو دزە زەبەردەستەش، کە گەورەیی و شێتیی دۆن کیشۆت لە بەندی ڕزگار کردبوو، لە ترسی مەعموورانی سێنت هێرمانداد دە فکری خۆ حەشاردان لەو چیایەدا بکەوێ. هەروەها هەمان تەقدیر ویستبووی کە پاسامۆن بەڕێنوینی ترس و بەختی خۆی دروست پەنا بەرێتە ئەو شوێنە کە سانکۆ و دۆن کیشۆت لێی کەوتبوون. ژێنیس خۆی تێ نەگەیاندن و لێیان گەڕا بەئاسوودەیی لێی بخەون؛ بەڵام چون پیاوی شەڕوور هەمیشە ئەمەگ نەناسن و چون ئیحتیاج دەرفەتە کە مرۆڤ دەکاتە دز و بارودۆخی ئێستایە کە ڕابردوو لەبیر پیاو دەباتەوە، ژێنیس دۆپاسامۆن تەماعی دەکەری سانکۆ کرد کە بیدزێ، کاری بەڕۆسینانت نەبوو. چون ئەو کەتە بارگینەی نە بۆ فرۆشتن و نە بۆ دەگریۆ نان، بەهیچ نەدەزانی. سانکۆ زۆر قووڵ خەوی لێ کەوتبوو ژێنیس کەرەکەی لێ دزی و تا ڕۆژهەلات ئەوەندە دوور کەوتبووەوە کە کەس نەیدەتوانی بیگاتی.

کازیوەی بەیان دەرکەوت و وڵات ڕووناک بووەوە. بەڵام ئەو ڕووناکییە پەژارەی خستە دڵی سانکۆی دڵۆڤان. چون مەیتەر کە دیتی کەری نەماوە و خۆی لە دووریی ئەو دا چاو پێ کەوت، وەها بەدەرد و حەسرەتەوە دەگریا و دەینالاند کە دۆن کیشۆت بەو دەنگە لە خەو ڕاپەڕی و گوێی لێ بوو کە بەناڵە و گریانەوە دەڵێ: «ئەی جەرگە(*) لەتەی خۆم، ئەی خانەزادەکەم، ئەی هاودەم و هاویاری و مایەی دڵخۆشیی ژن و منداڵەکانم، ئەی سووک کەرەوەی باری قورسی ژیانم و ئەی مایەی بەغیلیی جیرانەکانم و سەرەنجام ئەی دایانی(*) شیردەری نیوێک لە بوونی من، چون بەو بیست و شەش «ماراودی»یەی کە لە تۆوە دەکەوتە دەست من، نیوێک لە پێدوایستییەکانی ژیانم دابین دەبوو! ئاخر بێ تۆ قوڕی کوێ وەسەر خۆم کەم!» دۆن کیشۆت کە چاوی بەو دادوبێدادە کەوت و لێی حاڵی بوو کەر دزراوە، بەباشترین دەلیل و پاساودانەوە و نەسیحەت کردنێکی کە عەقڵ پێی دەشکا، دەستی کرد بەدڵدانەوەی سانکۆ و بەڵێنی پێ دا لەو پێنج جاشکەکەرەی دە تەویلەی خۆیدا هەیەتی سێیان بدا بەو. سانکۆ بەبیستنی ئەم وەعدەیە ئەهوەن بووەوە و فرمێسکی چاوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕابەری
www.rabari.org

ئەسترییەوە و دەستی لە گریان و ناڵین هەڵگرت و لەو پیاوەتییەی کە ئەرباب دەگەڵی دەکرد زۆر سپاسی کرد.

دۆن کیشۆت لەو کاتەوە کە ڕووی دەو شاخانە کردبوو چون ئەو شوێنەی لە ڕوانگەی کێشە و هەرای پاڵەوانییەوە زۆر بەلاوە پەسند بوو لە خۆشیان حەجمینی لێ هەڵگیرابوو. ئەو ڕووداوە سەیر و سەمەرانەی وەبیر خۆی دێناوە کە لە شوێنی ئاوا ئەستەم و دوور لە ئاوایی بەسەر پاڵەوانانی پێشوو هاتبوون و ئەم خەیاڵ و بیرەوەرییانە وەهای دەخۆیدا نغرۆ دەکردن و شاگەشکەی دەکردن کە هەموو شتێکی فەرامۆش دەکرد. سانکۆش کە پێی وابوو ئەو شوێنە زۆر ئەمینە هیچ غەمێکی بێجگە لە تێرکردنی زگی خۆی بەو بەرماوەی کە لەکەشیشەکانی کاروان بەغەنیمەتی گرتبوو، نەبوو. ئەو لە حاڵێکدا کە باری کەرەکەی لە پشتی خۆی نابوو جاروبارەش شتێکی لە خورجینەکە دەردەکێشا و دەزاری خۆی ڕادەکرد بەدوای ئەربابدا دەڕۆیشت و ئەوەندەی ئەم ڕێپێوانەی پێ خۆش بوو کە هیچ گۆنگەڵ و ڕووداوێکی بەفلسێک نەدەویست. دەو ساتەدا سانکۆ سەری هەڵبڕی و دیتی کە ئەرباب ڕاوەستاوە و خەریکە بەنووکی نێزە بوخچەیەک لە عەرزی هەڵگرێتەوە. کاتێک بەغاردان چوو تا ئەگەر پێویست بێ یاریدەی ئەرباب بدا، دۆن کیشۆت ناز باڵنجێک(*) و چەمدانێکی کە لێک بەسترابوون و هەر دووکیان دڕابوون و لە حاڵی ڕزین و لەبەریەک بلاو بووندا بوون لە عەرزی بڵند دەکرد. بەڵام بەستەکە وەها قورس بوو کە سانکۆ ناچار بوو بەدەست بەرزی کاتەوە. ئەرباب دەستووری پێ دا بزانێ چەمەدان چی تێدایە. سانکۆ دەستبەجێ فەرمانی ئەربابی بەجێ هێنا و باوەکو چەمەدان بەزنجیر و قفڵ بەسترابوو لە کەلێنی چەمەدانەکەوە بەهاسانی توانیی بزانێ شمەکی نێو چەمەدان چییە: لە نێو چەمەدانەکەدا چوار تۆپ کراس لە پارچەی زۆر ناسکی هولەندی و چەند پارچە شتومەکی تر هەر بەو خاوێنی و نایابییە دەبیندران. بێجگە لەوەش دەسرۆکەیەکی چووکەی دیتەوە کە مستێکی ئەشرەفیی زێڕ تێدا هەڵگیرابوو. هەر کە چاوی بەئەشرەفییەکان کەوت هاواری کرد کە: »شوکر و سپاس بۆ خودای تاک و تەنیا، خودای هەموو ئاسمانەکان کە ئاخری تووشی کردین بەتووشی ڕووداوێکی نان و ئاودارەوە. دیسان خولاوە و ئەوجار دەفتەرێکی بیرەوەری، تێدا دیتەوە کە زۆر بەسەلیقە ڕاگیرابوو، دۆن کیشۆت گوتی دەفتەرەکە بدە بەمن و پووڵەکەش بۆ خوت هەڵبگرە. هەمووی بەخۆت دەبەخشم.« سانکۆ دەستی ئەربابی بەپاسی ئەم لوتف و مەرحەمەتە ماچ کرد. پاشان چەمەدانی کردەوە و پارچەکانی دە خورجێنەکەی خۆی ڕاکرد. دۆن کیشۆت لە دیتینی ئەم ڕووداوە، ڕووی دە سانکۆ کرد و گوتی: «سانکۆ من وای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

تێ دەگـەم و هـەر دەبێ ئەوەش بـی، کـە ڕێبـوارێکی ڕێ هـەتڵـە کـردوو و ویسـتـوویە بەو شاخانەدا تێ پەڕێ. بەڵام ڕێگران سەرە ڕێ یان پێ گرتووە و کوشتوویانە و دەبێ هەر لەو نزیکانەش کە زۆر چۆلە ژێر خاکیان کردبێ. سانکۆ گوتی: شتی وا نابێ، چون ئەگەر وابا دزەکان ئەو پووڵەیان بەجێ نەدەهێشت. دۆن کیشۆت گوتی: حەق بەتۆیە، کەوابوو من ناتوانم لێکی دەمەوە کە چی ڕووی داوە. بەڵام سەبر کە، بزانم ئەم دەفتەرە چی تێدایە کە شتێک لەم ڕووداوە ڕوون بکاتەوە.»

دۆن کیشۆت دەفتەرکەی کردەوە و یەکەم شتی کە چاوی پێ کەوت ڕەشنووسی غەزەلێک بوو کـە بەخـەتێکی خـۆش نووسـرابووەوە و بۆ ئەوی سـانکۆ گـوێی لێ بێ بەدەنگی بلـند خوێندییەوە: غەزەلەکە ئەوە بوو:

«یا ئەوین چاوی دیتنی نییە، یا زۆرتر لە ئەندازە زالم و دڵ ڕەقە.

یا خۆ سزای من دەگەڵ ئەو تاوانەی کە داویانەتە پاڵم و گەورەترین ئەشکەنجەم لەسەرە نایخوێنێتەوە.

«بەڵام ئەگەر ئەوینی خودایە هەموو دەزانن و عەقڵیش وا حکوم دەکا کە خودا نابێ زاڵم بێ. ئەوی ئەم ئەشکەنجە تاڵە کە من دەیچێژم و دەیکێشم و لە هەمانکاتدا دەشی پەرستم بەفەرمانی کێیە؟

«ئەگەر بڵێم بەئەمری تۆیە ئەی «فیلیس» philis هەڵەم کردووە چون ئەم هەموو خراپەیە لەو هەموو چاکەیە ناکاڵێتەوە و ئەم دۆزەخە لەو بەهەشتەوە بەنسیبی من نابێ.

«مسۆگەرترین مەسەلە ئەوەیە کە دەبێ بمری، چون بۆ دەردێک کە سەرچاوەکەی نادیارە دەرمان دۆزینەوە تەنیا بەمۆجزات مەیسەر دەبێ!»

سانکۆ گوتی: ئێمە کە لەو شێعرە شتێک حاڵی نابین مەگەر ئەوەی کە لەو «فیل»ەی[١٧٥] کە فەرمووت سەری کەلافەکە بدۆزینەوە. دۆن کیشۆت پرسی: باسی کام فیل دەکەی؟ سانکۆ گوتی پێم وایە حەزرەتی بەڕێزتان ئێستا باسی فیلتان دەکرد. دۆن کیشۆت گوتی

١٧٥- ئەسڵی ڕستە ئیسپانیۆلییەکە ئەوەیە کە: لەو سەرەبەنە کە ئیشارەت پێ فەرموو کەلافەکە بدۆزێتەوە وە چون بەفەرەنسی و ئیسپانیایی بە«بەن» دەڵێن «فیل» سێروانتێس ویستوویەتی بەدوو واژەی فیل و فیلیس کایە بکا و «جنیاسی لەفزی - جناس لفظی» بخوڵقێنێ، بۆیە ئێمەش دە وەرگێڕانی فارسیدا بەجێگەی «بەن - نخ» هەر فیلمان دەکار کرد. تا لوتفی جنیاسەکە بپارێزرێ. (محەمەد قازی) منیش لە وەرگێڕانی کوردییەکەدا هەر بەو مەبەستە کە مامۆستا محەمەد قازی باسی کردووە لەجیات «بەن» «فیل»م دەکار هێناوە. (وەرگێڕ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

من ناوی «فیلیس»م برد کە زۆر وێ دەچێ ناوی خاتوونێک بێ کە شاعیر شکایەتی لێی بووە و من پێم وایە یا ئەو شاعیرە زۆر شاعیر نەبووە یامن باش دە شێعرەکە ناگەم. سانکۆ گوتی: چۆن؟ مەگەر بەڕێزتان دەشێعر گوتنیشدا سەر ڕشتەتان هەیە؟ دۆن کیشۆت گوتی: بەڵێ زۆر لەوە پتر کە تۆ فکری لێ دەکەیتەوە. هەر بینا دەفتەرێکم شێعری خۆم بەتۆدا بۆ دۆلسینە دۆتۆبۆزۆ بەڕێ کرد، ئەودەم دەزانی کە شاعێرم. تۆ سانکۆ دەبێ ئەوە بزانی کە هەموو، یا لانی کەم زۆربەی پاڵەوانانی ڕابردوو ئاهەنگسازی گەورە بوون یانی هەم دەمۆسیقادا سەر ڕشتەیان هەبووە و هەم دەشێعرەدا. چون ئەم دوو قەریحە یا ناسک سروشتییە لە پێداویستییەکانی ژیانی عاشقانی سەرگەردانە. ئەوەش ڕاستییەکە کە دە شێعری پاڵەوانانی قەدیمدا پتەوی و تۆکمەیی زۆرترە لە ناسک خەیاڵی وسۆز. سانکۆ گوتی ئەرباب جێگایەکی تریش لەو دەفتەرچەیە بخوێنەوە، بەڵکو شتێکی تێدابێ بەکارمان بێ. دۆن کیشۆت دەفتەری هەڵداوە و گوتی: نووسراوی ئێرەی پەخشانە و ڕەنگە نامە بێ. سانکۆ پرسی: نامەی ئاسایی؟ دۆن کیشۆت جوابی داوە: لەسەرەتاکەیەوە مەعلوومە دەبێ نامەیەکی دڵداری بێ. سانکۆ گوتی زۆر باشتر، دەجا لە جەنابت تکا دەکەم بۆمی بخوێنەوە چون من باسی دڵداریم زۆر پێ خۆشە. دۆن کیشۆت گوتی: ئەی بەسەر چاو! و بەو جۆرە کە سانکۆ ویستبووی، دەستی کرد بەخوێندنەوە:

«درۆ بوونی وعدەکانی تۆ و متمانەیەکی کە من بەڕۆژە ڕەشیی خۆم هەمە، من دەبەنە شوێنێک کە لەوێوە هەواڵی مەرگی من دەپێش ناڵەکانمدا دەکاتە گۆیی تۆ. تۆ ئەی بێ وەفا، بەخاتری پیاوێک ڕووت لێ وەرگێڕام کە ماڵی دنیای لە من زۆرەترە بەڵام بەقەدەرمن بەکەڵک نییە. ئەگەر فەزیلەت بەماڵ و سامان داندرابا، من بەسەعادەتی کەس بەغیلیم نەدەهات و بۆ بەدبەختیی خۆم نە دەگریام. ئەوەی جەماڵت ڕستبووی، کارەکانت لێی کردمەوە پەمۆ! لە جوانیترا گوتم تۆ فریشتەی و بەئاکارترا زانیم ژنی. ئەی تۆ کە دەگەڵ من مەیلی بەرەنگاریت هەیە، ئارام بگرە! خدا بکا کارە ناحەزەکانی مێردەکەت هەمێشە لە ژێر پەردەدا بمێنێتەوە و تا تۆ لە کاری خۆت پەشیمان نەبیتەوە و منیش تۆڵەی خۆم لە کەسێک نەکەمەوە کە ئیتر مەیل و ئازەزووی لە دڵمدا نەماوە.»

کاتێک دۆن کیشۆت لە خوێندنەوەی نامە تەواو بوو گوتی: «ئەم نامە لە شێعرەکانیش کەمتر شتمان فێر دەکا، تەنیا ئەوەندەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە نووسەرەکەی عاشقێکی داماوی ناهومێدە.» پاشان تەواوی دەفتەرەکەی هەڵداوە و زۆر شێعر و نامەی تری تێدا بوون. هێندێک خۆش خەت و هێندێک باش نەدەخوێندرانەوە. بەڵام ناوەرۆکی هەمووان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabani.org

بێجگە لە ناڵەو هاوار لە بێ وەفایی و جەفا و باسی مەینەتی و غەم و کەسەر و سۆزی دڵداری شتێکی تر نەبوو.

لە کاتێکدا دۆن کیشۆت خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دەفتەر و سەرنجدان بەناوەرۆکی نووسراوەکانی بوو. سانکۆ هەر خەریکی پشکنینی چەمەدان بوو، ناز باڵنجەکەشی وەپاش نەدا و ئەویشی پشکنی. چون کەشفی ئەشرەفییە زێرەکان کە لە سەد دانە زۆرتر بوون وەهای شاگەشگە کردبوو کە دەو پشکنینەدا کونێک، تەقەڵێک، درزێک نەما کە نەیگەڕێ و لۆکە و هەودایەک نەما لەبەریەکی هەڵنەوەشێنێ تا مەبادا شتێکی تێدا مابێ و لەکیسی بچێ و هەر چەند بێجگە لەو شتانەی پێشوو شتێکی تری نەدیتەوە، بەڵام سەمای سەر لێفە و ڕشانەوە بەشەربەتی «فێربراس» و کوتەک کاری و زەبری دار و چۆماغی قەتارچی و دزرانی خورجێن و ڕووت کران بەدەست سزاکێشە کان و تەواوی ئەو برسیەتی و تینوێتی و ماندووێتییانەی لە خزمەت ئەربابی مێهرەبانی کێشا بووی، حەلاڵی کرد و ئینسافی دا کە ئەرباب بەسەرفی نەزەر کردن لە گەنجی کەشف کراو زۆرتر لەوەی پێویستە پاداشی داوەتەوە.

پاڵەوانی غەمگین ڕۆخسار زۆری پێ خۆش بوو کە بزانێ خاوەن چەمەدان کێیە و لە ڕووی غەزەل و نامەی عاشقانە و کیسەی زێڕ و جلوبەرگی جوان و بەقیمەت وای بۆچوو کە کابرای عاشق لە چینی ئەشراف بێ کە لە غەدر و خەیانەتی گراوییەکەی تێکەڵاوی ناهۆمێدی و ڕۆژەرەشی هاتووە، بەڵام چون لەو شوێنە چۆل وهۆل و بێ ئاو و شیناییە کەسی لێ نەبوو کە هەواڵێکی لێ وەدەست بێنێ، ناچار لێ بڕا کە ئەوێ بەجێ بێڵێ و بۆ هەر شوێنێک کە ڕۆسینانت بچێ ئەویش ڕوو دەوێ بکا. هەر پێشی وابوو کە سەرەنجام لەو نێو دارودەوەن و دڕوداڵەدا تووشی بەسەرهاتێکی سەر سوڕهێنەر دەبێ. لەو کاتانەدا کە ئەو بەو خەیاڵانەوە ملی ڕێگای گرتبوو لە ناکاو لەسەر ترۆپکی تەپەیەک لە ڕووبەڕووی خۆیدا چاوی بەپیاوێک کەوت کە وەک ئاسکی چالاک لە بەردێک بۆ بەردێک و لە پۆلە دەوەنێکڕا بۆ یەکی تر بەهەڵبەزدابەز تێ دەپەڕێ. وای هاتە بەرچاو کە نیوێک لە بەدەنی ئەو پیاوە ڕووتە و ڕیشێکی ڕەشی ئاڵۆز و مووی درێژ و پەرێشانی هەیە و سەری ڕووتە و کەوش و پێلاویشی نییە و پێ خواسە. شاڵوارێکی کورت کە بەڕواڵەت لە ماهووتی زەرد بوو و لە چەند جێ دڕابوو و گۆشتی بەدەنی نیشان دەدا لەبەریدا بوو. هەر چەند ئەو پیاوە بەتیژیی کارەبا بەبەرچاوی دۆن کیشۆتدا تێ پەڕیبوو، بەڵام پاڵەوان بەوردی ئەو شتانەی بەبیرگەی خۆی ئەسپارد بوو. دۆن کیشۆت زۆری پێ خۆش بوو، وەدوای ئەو پیاوە بکەوێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بەڵام دەقاچ و قولی باریک و لاوازی ڕۆسینانتی ڕانەدەدیت کە بەو نێو بەردەودارەدا بتوانێ بەتوندی یا بەغاردان بڕوا. بێجگە لەوەش قاچەکانی بەسروشتی قوڵە و بۆ خۆشی زۆر سست و وەستەک(*) بوو. دۆن کیشۆت دەستبەجێ کەوتە ئەو فکرە کە خاوەن چەمەدان دەبێ هەر ئەو کەسە بێ و دەدڵی خۆیدا هاتە سەر ئەو بڕوایە کە ئەگەر ساڵێکیش بکێشی دەست هەڵنەگرێ تا ئەو پیاوە دەگرێتەوە. لەبەر ئەوە فەرمانی بەسانکۆدا کە لایەکی کێوەکە بگرێ و بۆ خۆشی بەلایەکی تردا بڕوا تا بەڵکو بەم شێوەیە بتوانن کابرای گۆرین کە وەک برووسکە تێ پەڕیبوو ببیننەوە. سانکۆ گوتی من ناتوانم ئەمری تۆ بەجێ بێنم، چونکە هەر قەدەمێکت لێ دوور کەومەوە ترس هەڵم دەگرێ. و هەزار جۆرە تاپۆ و ڕەشکە و پێشکە دێنە بەرچاوم و ئەو نوکتەش کە عەرزم کردی وەک پێ ڕاگەیاندنێک دابنێ کە لەمەودوا تەنانەت بەقەدەر بەندی قامکێک لە من دوور نەکەوییەوە. پاڵەوانی غەمگین ڕوخسار گوتی: من قسەی تۆم قبووڵە و خۆشوەختم لەوەی تۆ تا ئەو ڕادەیە بەئازایەتیی من بڕوات هەیە و ئەگەر گیانیشت لە لەشت بێتە دەرەوە سایەی ئازایەتیی منت هەر لەسەر دەمێنێ. کەوابوو پێ بەپێ یا هەرچونێک دەتوانی بەدوامدا وەرە و چاوەکانت بکە بەچرا. ئێمە ئەو لاپاڵە دەور لێ دەدەین تا بەڵکو ئەو پیاوە کە سوور دەزانم خاوەنی ئەو شمەکانەیە، بگرین. سانکۆ گوتی: دەجا باشتر ئەوەیە وەدوای نەکەوین، چون ئەگەر بیدۆزینەوە و ئەزقەزا خاوەنی پۆولەکەش خودی خۆی بێ، من دەبێ پووڵەکانی بدەمەوە. دووپاتی دەکەمەو باشترە بێ ئەوەی بەدوای ئەم کارە بێهوودانەدا بچین، من ئەو پووڵانە بەنییەتی خێرەوە لە لای خۆم ڕابگرم تا ڕۆژێک کە خاوەنی ڕاستینی خۆی بدۆزینەوە و لەوانەشە تا ئەو ڕۆژە من ئەو پووڵانەم خەرج کردبێ و پاشا لە دانەوەی مەعافم بکا. دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ تۆ لەم وارەدابەهەڵە چووی. چون ئێمە هەر کە پێمان وابێ ئەو کابرایە خاوەنی ئەو ماڵەیە دەبێ بە شوێنیدا بچین و بیدەینەوە و ئەگەر بە دوایدا نەگەڕێین، تەنیا هەر ئەو شکە بەهێزە کە مومکینە ئەو خاوەنی پووڵ و ماڵەکە بێ، ئێمە دوچاری گوناهێک دەکا کە وەک ئەوە وایە سوور بزانین هەر ئەو خاوەنییەتی. کەوابوو هەواڵ سانکۆ، لە دۆزینەوەی ئەو نارەحەت مەبەو بزانە کە ئەگەر بیدۆزینەوە من خۆم لە نیگەرانی و نارەحەتییەکی گەورە ڕزگارم دێ.»

پاش گوتنی ئەم قسانە، ڕکێفی هێنا ڕۆسینانت و سانکۆش بەپێی پیادە و لە حاڵێکدا پاش دزرانی کەرەکەی بەدەست «ژێنیس دۆپاسامۆن» باری کەرەکەی بەپشت خۆیدا دەدا بەدوای ئەربابدا ملی ڕێگای گرتە بەر.

کاتێک ئەو دووکەسە خولێک بەدەوری تەپکەکەدا سووڕانەوە لە قەراغ چۆمەڵانێک(*)

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کەلاکی ئێسترێکیان چاو پێکەوت کە هێشتا زین و لغاوی پێوە بوو بەڵام گورک و قەل و داڵ نێوەی بەدەنیان خواردبوو، ئەو دیمەنە متمانەیەکی زۆرتری پێ دان لەوەی کە کابرای هەلاتوو دەبێ خاوەنی چەمەدان و ئێستر بێ: دەوکاتەدا کە خەریکی تەماشای کەلاکە ئێستر بوون گوێیان لە فیتەیەک بوو، فیتەی شوانێک کە ڕەوەی مەڕی پێ دەگێڕانەوە لای یەک. پاشان لەپڕ چاویان بەمێگەلە بزنێک لە دەستە چەپی خۆیان کەوت و بەدوای مێگەلدا لەسەر کێوی، بزن لەوەڕێن کە پیاوێکی بە ساڵدا چوو بوو، وەدەرکەوت. دۆن کیشۆت بەدەنگی بڵند بانگی کرد کە زوو بێتە داوێنی کێوەکە بۆ لای ئەوان. شوانەش بەدەنگی بڵند جوابی دواە و لێی پرسین کە چۆنە هاتوونەتە ئەم چۆڵگەیە کە بێجگە لە گورگ و بزن و گیانداری وەحشی کەسی پێدا تێ ناپەڕێ. سانکۆ گوتی ئەگەر لە کێوەکە دابگەڕێ لە هەموو شتێکی ئاگادار دەکاتەوە. ئەوجار بزن لەوەڕێن داگەڕا و کە گەیشتە لای دۆن کیشۆت، پێی گوت: مەرج دەبەستم کە ئێوە خەریکی تەماشا کردنی کەلاکی ئەو ئێسترە بوون کە لە نێو ئەم دۆڵەدا تۆپیوە. ڕاستییەکەی ئەو ئێسترە شەش مانگێک دەبێ سەقەت بووە و هەر لەو جێی کە دیتووتانە کەلاکی کەوتووە. بەڵام بڵێن بزانم ئێوە لەم دەور وبەرانەدا خاوەنەکەیتان نەدیوە؟ دۆن کیشۆت جوابی داوە: ئێمە تووشی کەس نەبووین، تەنیا لەم نزیکانە چەمەدانێک و ناز باڵنجێکمان دیتووەتەوە. بزن لەوەڕێن گوتی: منیش تووشی ئەو چەمەدانە بووم بەڵام لە ترسی ئەوەی مەبادا تووشی دەردەسەرییەک بم و تاوانی دزی و فزیم لێ بدەن نەهەڵم گرتەوە و نە لێشی چوومە پێش. چون شەیتان حەرامزادەیەکی کۆنەکارە و بەئەنقەس شتێک داوێتە پێش پیاو تا لاقی هەڵخلیسکێ و کەللەی سەری وە عەرزی کەوێ، بێ ئەوەی بزانێ چۆن و لەبەرچی وای لێ هات. سانکۆ گوتی: بەڵێ منیش هەر ئەوەم دەگوت منیش تووشی ئەو چەمەدانە بووم بەڵام نەمویست تەنانەت بەمەودای بەرد هاوێژێک لێی نزیک ببمەوە. من هەر بەو جۆرەی کە لەوێ کەوتبوو بەجێم هێشت. چون حەز ناکەم زەنگوڵە دەملی سەگ بکەم.(١٧٦) دۆن کیشۆت گوتی: باشە، کابرا بڵێ بزانم تۆ دەزانی ئەو شتانە هی کێن؟ بزن لەوەڕێن گوتی: تەنیا دەتوانم ئەوەتان پێ بڵێم کە نزیک شەش مانگ لەمەو بەر، لاوێکی وێچووی جوان چاک و بەژن وبالا جوان بەسواریی ئەم ئێسترە کە ئەوەتا کەلاکی لەوێ کەوتووە هەر بەو چەمەدانەوە کە ئێوە دەڵێن دیتووتانەتەوە و دەستتان نەکردووەتی، هاتە کۆختەی شوانیی ئێمە کە سێ فرسەخ لێرە

١٧٦– لەو سەردەمەدا زەنگوڵەیان دە ئەستۆی سەگی مەڕی دەکرد. تا دزەکان بزانن سەگ لەوێ هەیە و نەوێرن پەلاماری مێگەل بدەن. (مۆریس باردۆن)

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

دووره و لێی پرسین ئەو کوێستانە کام شوێنی لەهەمووی چڕتر و ئەستەمترە. ئێمەش هەر ئەو شوێنەی کە ئێستا لێی ڕاوەستاوین نیشانمان دا. ڕاستییەکەشی هەروایە چون ئەگەر ئێوە نیو فرسەخی تر چووبانە، پێشتر سەرتان دەر نەدەکرد و ڕەنگە نەتانتوانیبا لەو کێوانە وەدەرکەونەوە. وە من سەرم سوڕماوە، ئێوە چون توانیوتانە تا ئێرەش بێن. چونکو هیچ ڕێگا یا کوێرە ڕێیەک نایاتە ئەم شوێنە. خەریک بووم بۆم دەگێڕانەوە، جا کە لاوەکە ئەو جوابەی لە ئێمە بیست سەری ئێستری وەرگێڕا و بەرەو ئەو جێگایە کە پێمان نیشان دابوو وەڕێ کەوت. ئێمەش مات و سەر لێ ئەستوور بوو لە جوان چاکیی ئەو لاوە و ئەو بۆشناغی و کۆک و پۆشتەیی و ئەو پەلەیەی کە کردی، لەوێ بەجێ ماین. ئێمە لەو ڕۆژەوە ئەومان نەدیتەوە. تا ئەوەی کە چەند ڕۆژێک پاش هاتنی، تووشی شوانێکی ئێمە دەبێ و بێ ئەوەی شتێکی پێ بڵێ تا توانیبووی بەمست و پێلاقە لە شوانەی دەدا. پاشان دەچێتە زگ کەری شوان و هەرچی نان و پەنیری کە باری کەرەکە کرابوو هەڵی دەگرێ و وەک بزنەکێوی تێی دەقووچێنێ(*) و دەچێتەوە نێو(*) پارەی ئەم چیا سەختانە. من و چەند کەس لە بزن لەوەڕێنەکان کاتێک لەو ڕووداوە خەبەرمان بووەوە وەدوای کەوتین و نزیک بەدوو ڕۆژان دەو لێرەوارە چڕ و پڕانەدا بەدوویەوە بووین و لە کۆتایی ئەو گەڕانەدا ئاخری دیتمانەوە کە دە بۆشایی کۆلکەی دارە چێوپەمۆیەکدا هەڵترووشکاوە و سەری غەمی لەسەر ئەژنۆی خۆی داناوە. کە ئێمەی دیت بەگەرمی پێشوازیی لێ کردین بەڵام جلوبەرگی بەری هەمووی شڕودڕ و دەم و چاوی وەها سووتا بووەوە و تێک چووبوو کە بەزەحمەت ناسیمانەوە. تا ئەو جێگەی کە هەر چەند جلوبەرگەکەی بەتەواوی دڕابوو، بەڵام ئێمە لە ڕووی شکڵ و بێچمیڕا تێ گەیشتین کە ئەوە هەر ئەم کەسەیە کە ئێمە بۆی دەگەڕێین. لاوەکە زۆر بەئەدەبەوە سڵاوی لێ کردین، پاشان دە چەند ڕستەی قوڵە بەڵام بەدەلیل و بەڵگە بەئێمەی گوت کە لە دیتنی ئەو بەمجۆرە و لەو شوێنە عەجایب نەمێنین چون گوناهانی زۆر وای لێ کردووە بۆ کەفارەکەیان ئەو کارە بکا. ئێمە تکامان لێ کرد، خۆیمان پێ بناسێنی بەڵام ملی نەدا، ئەوەشمان پێ گوت ئەگەر نیازی بەخۆراک و ئازووخە بوو پێمان بڵێ لە کوێ چاومان پێی بکەوێ. چون ئێمە ئامادەین بەدڵخوازی خۆمان ئەوی دەیەوێ بۆی دابین بکەین و ئەگەر بەم شێوەیەش ڕازی نییە با خۆی بێ و ئەوی دەیەوێ لە ئێمەی وەربگرێ، نەک بەزۆر و بەلێدان لە شوانەکانمانی بستێنێ. لاوەکە ئەو قسانە و پێشنیاری ئێمەی زۆر پێ باش بوو، زۆرمان لێ مەمنوون بوو قەولی دا لەمەودوا بێ ئەوەی ئازاری کەس بدا خۆی بێتە لامان و دەریی خودادا شتی لێمان بوێ. لەمەڕ شوێنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

حاوانەوەشی گوتی کە هیچ جێگایەکی تایبەتی نییە و دەرویش لە هەر شوێنێک بێ دەحاوێتەوە. ئاخرییەکەی پاش ئەو هەموو پرسیار و جوابانە وەهای لە بانگیدا(*) ئێمەش – کە گوێمان لەو شیوەنە بوو – ئەگەر نەگریابایین دەبووایە بڵێین لە بەرد دروست کراوین! بۆ کەسەر و پەژارەی ئێمە هەر ئەوەندە بەس بوو وەبیر خۆمانی بێنینەوە ڕۆژی هەوەڵێ چۆنمان دیتبوو و ئێستا چۆنمان دەدیت، چون هەر وەک گوتم ئەو جحێڵێکی نەجیب و لەبەردڵان و وێچووبوو و ئێمە بەهەموو دێهاتیگەریی خۆمانەوە لە شێوەی قسە کردنی بەڕێ وجێ و بەئەدەبانەیەوە لێمان حاڵی بووبوو کە بنەماڵەیەکی ماقووڵە و زۆریش باش گەورە کراوە. لە ڕوخساری و لە نێوچاوانیدا شوێنەواری نەجیبی و ڕەسەنایەتی وەها دەدرەوشاوە کە ئێمەی دیهاتیش تێی گەیشتبووین. بەڵێ جا عەرزتان بکەم. ئەو کوڕە نازدارە دەتدیت لە حاڵێکدا گەرمی قسە کردنە، لەپڕ بێدەنگ دەبوو، کەلێمەیەکی نەدەگوت و چاوی دە عەرزی دەبڕی. ئێمەش هەموو سەرلێشێواو، دەست و پێی خۆمان لێ ون بووبوو کە ئەم دانیشتنە ئاخری بەکوێ دەگا و دڵیشمان زۆری بۆ دەسووتا، دەراستیدا چون لاوەکە جاروبار چاوی دەکردەوە و ئەوجار چاوی دەقووچاندەوە یا بێ ئەوەی بیتروکێنی دەنوختەیەکی عەرزی دەبڕی. پاشان نێو چاوانی تێک دەنا و گرژ دەبوو. ئێمە بەئاسانی لێمان ڕوون بوو کە تووشی شێتی هاتووە. زۆری نەکێشا کە خۆی نیشانی دا کە ئێمە بەهەڵە نەچووین. چون لە ناکاو لەو جێگایەی کە لێی ڕاکشابوو بەغەزەبەوە هەستا و وەک پڵنگ خۆی بەیەکێک لە برادەرانی ئێمەدا دا کە لە نزیکی دانیشتبوو کە ئەگەر بەدادی نەگەیباین و لەبەر دەستی نەمانهێنابا دەر بەلێدان و گاز لێگرتن شپرزەی دەکرد. دەگەڵ ئەو لێدان و کوتانەش پەیتاپەیتا دەیگوت: «ئاخ، ئەی فێرنانیی Fernand خائین، ئێرەیە، بەڵێ هەر ئێرەیە کە دەبێ تۆ بەسزای ئەو غەدر و خەیانەتەی بەمنت کرد بگەی. من بەو دەستانەی خۆم دڵت کە سەرچاوە و مەکۆی خەیانت و ناپیاوییە لە سینگت دەردەکێشم!» زۆر قسەی دیشی کرد کە هەمووی هەر دەگەڵ ئەم فێرنان ناوە بوو، هەمووشی قسەی سووک و جنێو بوون. بەڵێ ئێمە بەهەزار زەحمەت هاواڵی خۆمان ڕزگار کرد و ئەویش بێ ئەوی قسەیەک بکا وەها بەهەشتاو دەرپەڕی و هەڵات کە تۆزمان نەشکاندو و نەمانتوانی بیگرینەوە. ئێمە وامان مەزەندە کرد کە ئەو لاوە جاروبار شێتی دەستی پێ دەدا و دەبێ کەسێک بەناوی فێرنان بەڵایەکی وای بەسەر هێنابێ کە ئەوی خستووەتە ئەم حاڵ و ڕۆژە و ئەو گومانەی ئێمە کاتێک بوو بەڕاستی کە چەند جاری تریش بەزبانی خۆش یا بەزۆری هاتەوە لامان بۆ نان و پێخۆر و ئازووقە. ئەو کاتانەی شێتییەکەی دەگرێ هەرچی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

شوانەکان بەمەیلی خۆیان و بەخۆشییەوە بۆی دەبەن ئەو نایەوێ و بەزۆری مست و پێلاقە و لێدان وەریدەگرێ. کاتێکیش ژیرە و عەقڵی لەسەر خۆیەتی بەئەدەب دەڕێی خودا دا داوای شتێک دەکا. کاتێک شتێکیش وەردەگری، زۆر دۆستانە سپاسمان دەکا و دەست دەکا بەگریان.» بزن لەوەڕێن پاشان درێژەی بەقسەکانی دا کە ئەی بەڕێزان، ڕاستییەکەی من و چوار کەس لە شوانەکان کە دوانیان شوانی خۆمن و دووەکەی تریش لە دۆستانی خۆمن، تەمامان ئەوەیە و دوای کەوین و لەهەر جێگایەک هەیە بیدۆزینەوە و کە دیتیشمانەوە بەزۆرێ بێ و بەخۆشی بێ بیبەنییە شاری «ئاڵمۆدۆوار» کە لە حەوت فەرسەنگیی ئێرەیە و لەوێ ئەگەر بزانین چا دەبێتەوە دەرمانی بکەین. یا لانی کەم کاتێک چاک بووەوە و ئەگەر خزم و قەومێکی هەبێ لەو وەزع و لەو بەدبەختییەی تێیدایە ئاگاداریان بکەینەوە. ئەوە بوو، ئەی بەڕێزینە ئەوەی دە جوابی پرسیاری ئێوەدا دەتوانم عەرزتان بکەم. ئەوەش یەقینە ئەو شتانەی کە ئێوە دیتووتانەتەوە هی ئەو کابرایەیە کە بەچاوی خۆتان دیتووتانە بەتوندی بەلاتاندا تێ پەڕیوە»

دۆن کیشۆت کە دەڕاستیدا بۆ بزن لەوەڕێنی باس کردبوو کە چۆن ئەو پیاوەی لە کاتی هەلاتن بەنێو دڕک وداڵی ئەو شاخانەدا دیتووە، لە بیستنی ئەو بەسەرهاتە سەری سوڕما و چون هەستی بەوە دەکرد کە بەناسین و زانینی ناو و نیشانی ئەو دێوانە چارەڕەشە زۆرتر عەلاقەی پەیدا کردووە، دەشوێن گرتنی فکری هەوەڵێیدا لێ بڕا کە تەواوی ئەو شاخانە بگەڕێ و هەموو غار و ئەشکەوت و ئەشکۆنی ئەو مەڵبەندە بخولێتەوە و دەست هەڵنەگرێ تا دەیدۆزێتەوە. بەڵام تەقدیر بەتەدبیری ئەوی نەکرد و هەر لەو کاتەدا لە ناکاو لە ترۆپکی شاخێکی لای سەرووی ئەواندا ئەو لاوەی کە ئەو دەیویست بڕوا بە شوێنیدا بگەڕێ سەرو کەللەی وەدەرکەوت. لاو هاتە بەرەوە و لە بن لێویدا شتێکی زەمزەمە دەکرد کە لە نیزیکیشەوە کەس لێی حاڵی نەدەبوو. لاوەکە هاتە بەرەوە، جلوبەرگەکەی هەر ئەوە بوو کە دەپێشدا باسی لێ کرا. تەنیا کاتێک نزیکتر بووەوە دۆن کیشۆت دیتی کە کولەنجەیەکی(*) کۆن و شڕۆڵی بە شانیدا داوە کە لە پێستی ئاسکە و بۆنی مێشک و عەنبەری لێ دێ و لەوەیڕا بۆی ڕوون بووە، کە ئەوە ناتوانی لە بنەماڵەیەکی خواروو بێ. لاوەکە گەیشتە ئاستی ئەوان بەدەنگێکی وشک و توند بەڵام بەنەزاکەتەوە سلاوی کرد. دۆن کیشۆتیش هەروا بەئەدەب و ڕێزەوە سلاوی لێ کرد و لە ئەسپەکەی دابەزی و دەئامێزی خۆی گرت و چەند دەقیقەیەک وەهای بەخۆیەوە گوشی کە دەتگوت چەند ساڵە ئاشنای یەکترین. لاوەکە کە ئێمە دەتوانین «جل شڕی پەرێشان حاڵ»ی نێو بێنین - هەر وەک ناوی دۆن کیشۆتمان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوە پاڵەوانی غەمگین ڕوخسار - پاش ئەوەی ماوەیەک دەباوەشی دۆن کیشۆتدا مایەوە، پاڵەوانی هێندێک کشاندەوە و دەستی لەسەر شانی دانا وەک شتێکی بیەوێ بیناسێتەوە وە یا ڕەنگە لەوەزع و قیافە و چەک و شمەکەکانی بەهەمان ئەندازە سەرسوڕماو بوو کە دۆن کیشۆت لە دیتنی ئەو بەو حاڵەوە، خیرەخیرە و بەچاوی زەقەوە تێی فکری، سەرەنجام یەکەم کەسێک کە پاش ئەو تێک فکرینە هاتە گۆ، «جل شڕ» بوو کە قسەکانی دەبەشی دواییدا دەبینین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٤

## ئەو جێگەی کە داستانی «سیرامۆرنا» درێژەی هەیە

دەگێڕنەوە کە دۆن کیشۆت بەوردی و سەرنجی زۆرەوە گوێی بۆ قسەکانی پاڵەوانی لێقەوماوی کۆیستان ڕاگرتبوو. لاوەکە درێژەی بەقسەکانی دا و ئاوای بەدۆن کیشۆت گوت: «دیارە قوربان من ئێوە ناناسم، بەڵام هەرکەس کە هەن لەو هەموو لوتف و گەورەیی و نەزاکەتەی کە دەگەڵ منی دەکەن سپاس دەکەم و دڵم دەیەویست کە بەشێوەیەک بێجگە لە عەرزی ئیرادەت و نیاز پاکی، بمتوانیبایە قەرەبووی لوتف و خۆشەویستیتان بکەمەوە، بەڵام بەختی نامبارەک بۆ ڕێزگرتن لە ئێوە بێجگە لە نیازپاکی هیچی پێ نەداوم. دۆن کیشۆت گوتی: نییەتی من تەنیا ئەوەیە خزمەتێک بەتۆ بکەم، تا ئەو ڕادەیە کە تەمام بوو، تەواوی ئەو کێوانە بگەڕێم و تا نەتبینمەوە دەسبەردار نەبم و لێت بپرسم بۆ ئەو دەردە سەیرەی کە ژیانت نیشان دەدا، تووشی هاتووی، دەرمانێکیش هەیە یا نییە؟ و ئەگەر دەرمانێک هەبێ بەهەموو توانامەوە خەریکی وەدەستهێنانی بم و ئەگەر دەردەکەت لەو دەردە قورسانەیە کە هیچ چارەسەرییەکی ناکرێ دەمەوێ لانی کەم فرمێسکەکانم تێکەڵاوی ناڵە و هاوارەکانت بکەم و کێشانی ئەو دەردەت هێندێک لێ سووک بکەم، چون گووتوویانە:

هاودەردت کە بوو غەمی دڵی خۆت لە لای هەڵڕێژە
غەم لە دڵت دەبا، بێ شک و گومان، ئەو وتوویژە

کەوابوو ئەی بەڕێز، ئەگەر خێرخوازیی من ڕێی دەوەشێتەوە کە تۆ بەپاداشی ئەو نەجابەت بنوێنی، سوێندم بەو نەجابەتە کە لە نێو چاوانتدا ڕەنگی داوەتەوە و سوێندم بەوەی کە لە دنیادا زۆرتر لە هەمووشت خۆشت ویستووە یا خۆشت دەوێ بەمن بڵێ تو کێی چ شتێک بووەتە هوێ ئەوە کە لەو شوێنە چۆڵ وهۆڵانەدا وەک دڕندە بژی و دەگەڵ مردن دەست بەگریبان بی و بەشێوەیەک بژی کە وەک لە ڕواڵەتی بوونتانەوە دیارە دەگەڵ شان و حورمەتی تۆ یەک ناگرنەوە؟ پاشان دۆن کیشۆت ئاوای درێژە پێ دا: من باوەکوو گوناهکارێکی بێ کەڵکم، بەئاینی پاڵەوانی کە فەرمانم پێ دراوە و بەشوغڵی پاڵەوانی سەرگەردان قەسەم کە ئەگەر بەڕێزتان ڕازی بن حاجەتی ئێوە پێک بێنم من بەهەموو توانا و گیان بازی خۆمەوە، خزمەتت دەکەم و ئەگەر دەرمانێک هەبێ کە دەردت چارەسەر بکا،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆتی دێنم و دەنا هەروەک بەڵێنم پێ دای دەگەڵت دەگریم و باری غەمانت لێ سووک دەکەم»

پاڵەوانی جەنگەڵ کە ئەو قسانەی پاڵەوانی غەمگین ڕوخساری بیست، هیچ کارێکی نەدەکرد و زەق زەق تێی ڕامابوو و سەراپای هەیکەلی بەسەرنجەوە چاو لێ دەکرد و کاتێک تێری تەماشا کرد گوتی: «مەحزی ڕەزای خودا ئەگەر هیچ لە گۆڕێ دا هەیە شتێکم بدەنێ بیخۆم و کاتێک خواردنێکم خوارد بەپاسی خۆشەویستی و چاکەیەکی کە دەگەڵم دەکەن هەرچی بڵێن دەیکەم و دەیڵێم. دەستبەجێ سانکۆ لە خورجێن و بزن لەوەڕێن لە لینگەباری خۆی هێندێکیان خۆراکی کە بۆ تێر کردنی لاو بەشی دەکرد، دەر هێنا. لاو بەهەڕەمە وەک نەدیوبدی دەستی کرد بەخواردن کە هێشتا پارووەکەی قووت نەدەدا یەکی تری ڕەزگ زاری دەنا و دیار بوو پارووەکانی بەنەجووراوی قووت دەدا. تا کاتێک ئەو خەریکی خواردن بوو، هیچکەس قسەیەکی نەکرد، بەڵام هەرکە خواردنەکەی تەواو کرد ئیشارەی بەهەمووان دا کە وەدوای کەون و ئەوانی بۆمێرگێکی سەوز برد کە کەوتبووە پشت ڕەوەزەبەردێک هەر لەو نزیکانە. پاش ئەوەی گەیشتنە مێرگەکە، لاو لەسەر چیمەن دانیشت و ئەوانی تریش هەر بەمجۆرەیان کرد. هەموو کڕ و مات چاویان لە زاری «شرپۆش» بوو ئەویش پاش ئەوەی جێی خۆی خۆش کرد گوتی: ئەی بەڕێزان ئەگەر دەتانەوێ من بەسەرهاتی خۆمتان بەکورتی پێ بڵێم، دەبێ بەڵێنم پێ بدەن بەهیچ پرسیار و بەهیچ جووڵانەوەیەک هەودای داستانی پڕ لە پەژارەی من نەپسێنن. دەگەڵ وا بکەن داستانەکەش لەوێ دەبڕێتەوە.» ئەم سەرەتایەی پاڵەوانی «شرپۆش»، دۆن کیشۆتی خستەوە یادی داستانێک کە مەیتەرەکەی بۆی نەقڵ کردبوو و بەهۆی نەژماردنی بزنەگەلێک کە لە چۆمی پەڕیبوونەوە ناتەواو مابووەوە. لەو ساتەدا «شرپۆش» درێژەی بەقسەکانی دا: «دەبەرچاوگرتنی ئەم تێبینییە بۆ ئەوەیە کە من دەمەوێ زۆر بەپەلە بەسەر داستانی نامرادییەکانی خۆمدا تێ پەڕم چون وەبێرهێنانەوەی بیرەوەرییەکانم بێجگە لەوەی بەدبەختیی تازەم بۆ پێک دێنێ، فایدەیەکی تری نییە. کەوابوو هەرچی کەمتر پرسیارم لێ بکەن زووتر لە باسکردنیان ڕزگاریم دێ. بەڵام لە باس کردنی هیچ نوکتەیەک کە بزانم هەستی زیتی و کون پشکنیی ئێوە ڕازی دەکا خۆ ناپارێزم.» دۆن کیشۆت لە لایەن هەموانەوە بەڵێنی دا کە قسەکانی هەڵنەبڕێ و ئەویش بەپاڵپشتی ئەو بەڵێنە دەستێ پێ کرد.

«ناوی من «کاردینیۆ» cardenio یە و لە شارێکی گەورەی ئەندلۆس لە دایک بووم. بنەماڵەی من لە نەجیب زادەکانن و دایک و بابم دەوڵەمەندن و بەدبەختیی من ئەوەندە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



گەورەیە کە دایک و باب بەحاڵم دەگرین و خزمەکانم لە دەردم حاڵین. بەڵام بەهەمووی ماڵ و سامانی خۆیانەوە ناتوانن دەردم دەرمان کەن، چون بۆ دەرمانی ئەو دەردە خوداداییانە هیچ سامان و سەروەتێک بەکار نایە. هەر لەو ناوچەیەی ئێمە خودای گەورە فریشتەیەکی خوڵقاندبوو کە خودای ئەوین هەموو باشی و جوانی و کەمالاتێکی کە من دەمەویست دەوئافەریدەیەدا دای نابوو. بەڵێ جوانییەکەی «لووسیند» Luscinde کە بنەماڵەکەی لەهی من ڕەسەنتر و بەختەوەرتر بوون، بەمجۆرە بوو. بەڵام وەفایەکی کە بتوانێ شایستەی هەست و خۆشەویستیی من بێ دەودا نەبوو. من ئەم لووسیندەم لە سەرەتای لاوەتیمەوە خۆش دەویست و دەمپەرست. ئەویش هەر بەو پاکی و وەفادارییەوە منی خۆش دەویست. دایک و بابمان بەو ئەوینداریییەیان زانیبوو، بەڵام لێمان تووڕە نەبوون چون دەیانزانی دڵداریی ئێمە لە منداڵی بەدواوە درێژی هەبووە. بێگومان سەرەنجامەکەی پێگ گەیشتن و زەماوەند دەبێ و ئەوەش کارێک بوو کە مەیسەر کردنی زۆر ئاسان بوو چونکە هەر دووک بنەماڵە لە باری ڕەسەنایەتی و سەروەت و سامانەوە دەرەدەیەکدا بووین. دەراستیدا دڵداری بەچوونە سەری تەمەنمان دەچووە سەر و گەشەی دەکرد و باوکی لووسیند بەپێی دابونەریتی ئاسایی و بەچاولێکەریی دایک و بابی تیسبە(١٧٧) کە داستانی دڵداریی ئەو لە لایەن شاعیرانەوە زۆر جار کراونەتە هۆنراوە، پێی وابوو کە دەبێ دەرگای ماڵی خۆی بەسەر مندا قەپات بکا. ئەم مەنعی دیدارە زۆرتر لە جاران تاسەی دیداری لە ئێمەدا توندتر و ئاگری ئەوینمانی گڕگرتووتر دەکرد: چون هەر چەند توانیی زبانی ئێمە ببەستێ بەڵام نەیتوانی قەڵەمی ئێمە بشکێنێ و قەڵەمیش جوانتر لە زبان دەتوانێ هەست و خۆشەویستی بەیان بکا. چونکە بوونی دڵبەر ئەغلەب کۆڵەکەی تۆکمەترین ئیرادە و خۆڕاگری دەخاتە لەرزە و جەسوورترین زبان لاڵ دەکا. ئاخ خوداوەندا!... چ نامەگەلێک کە من بۆ ئەوم نووسی و چ جواب گەلێکی پاک و پڕ لە ئەوین کە لەوم پێ گەیشتەوە. چەندم شێعر و چەندم غەزەل دەئەوینی ئەودا هۆندەوە و دەواندا سۆزی دەروونم هەڵڕشت! تاسەی ئەوین و هەیەجانی دڵ و بیرەوەرییەکانم کردە ناواخنی شێعرەکانم. سەرەنجام کاتێک خۆم

---

١٧٧- داستانی ئەوینی ئاگرینی تیسبە Thisbé دەگەڵ بیرام، لاوی بابیلی ناوەڕۆکی کتێبی «ئۆوید»ە. دەڵێن شێرێکی مێ هێرشی کردە سەر تیسبە. کچۆڵەی ترساو لە ترسی گیانی خۆی هەڵات و ڕووپۆش و چارشێوی لێ کەوتە عەرزی. بیرام ڕووپۆشەکەی ناسییەوە و پێی وابوو مردووە و لە تاوان خۆی کوشت. تیسبە گەڕاوە و کە دیتی بیرام مردووە، ئەویش خۆی کوشت. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

دەدەریای ناهومێدی و ڕۆژە ڕەشیدا دیتەوە و هەستم کرد کە گیانم لە ئاگری دووریی لووسیند وەک مۆم دەتوێتەوە. لێ بڕام ئازا بم و بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتەی کە شایستەی ئەوینی من بوو، بەڕەسمی بنێرمە سەری و خوازبێنی لە باوکی بکەم. بەڵی ئەو کارەم کرد. ئەو دەجواب دا گوتی کە لە نییەتی پاکی من بۆ ئەوەی دەمەوێ بەزەماوەند دەگەڵ کچەکەی، هەم ئەو و هەم خۆم بەشانازی بگەیەنم ئاگادارە، بەڵام چون باوکم هێشتا زیندووە و لە گۆڕێ دایە، حەق وایە ئەو خوازبێنییە لە لایەن ئەوەوە بکرێ چون ئەگەر ئەو ڕازی نەبێ و ئەو زەماوەندەی بەدڵ نەبێ لووسیند کچێک نییە کە ئاوا مێرد بکا و بەنهێنی بێتە هاوسەری کەسێک. چون بەڕای من ئەو ڕاستی دەکرد. لە نیاز پاکی ئەو سپاسم کرد و هیوادار بووم باوکم هەرکات پێی بڵێم ڕازی دەبێ.

«من بەو هیوایەوە هەر ئەودەم چوومە خزمەت باوکم تا مەبەستی خۆمی پێ ڕابگەیەنم. بەڵام لەو کاتەدا کە چوومە خزمەتی تا مەبەستی خۆمی دەگەڵ باس بکەم دیتم نامەیەکی سەر ئاواڵەی بەدەستەویە و پێش ئەوەی شتێک بڵێم نامەکەی دایە دەستم و گوتی: «کاردینیۆ، لەو نامەیەدا تێ دەگەی کە دووک ڕیکاردۆ Ledue Recardo خێر و بەختەوەریی تۆی دەوێ.» دووک ڕیکاردۆ هەر وەک ئێوە دەبێ بزانن یەکێک لە گەورە پیاوانی ئەسپانیایە کە مڵک و زەویوزارەکانی لە جوانترین بەشی ئەندلۆسی خوارووادا هەڵکەوتووە. نامەکەم وەرگرت و خوێندمەوە و لە شێوەی ڕستە و بەیانی نامەکەڕا بۆم ڕوون بووەوە کە بۆ باوکم مومکین نییە بتوانێ لەو داخوازییەی دەنامەکەدا لێی کراوە سەرپێچێ بکا. دووک لە باوکمی ویستبوو تا بێ درەنگ من بنێرێتە ئەو شوێنەی ئەوی لێیە و نە تەنیا کارگوزار بەڵکو ببمە هاودەم و هاوڕێی کوڕە گەورەکەشی و بەڵێنی دابوو لە پاداشی ئەو کارەدا و بەپێی حورمەت و ڕێزێک کە بۆ منی دادەنێ پۆست و پلەوپایەیەکی باشم بۆ دابین بکا. «زبانم لە خوێندنەوەی نامەکە لەگو کەوت بەتایبەتی کاتێک گوێم لێ بوو باوکم دەڵێ: «کاردینیۆ تۆ بەئەنجامدانی فەرمانی دووک دەبێ تا دوو ڕۆژی تر وەڕێ کەوێ و شوکری خودای بکە کە ڕێگایەکی لە ڕووتدا کردووەتەوە تا بەو پلەوپایەی کە تۆ شایانی بگەی.» و هێندێکی تریشی ڕێنوێنی و نەسیحەت کردم کە خۆتان دەزانن باوکان لە کاتی وادا دەیکەن. کاتی ڕۆیشتنم گەیشت. شەوێک پێشتر دەگەڵ لووسیند قسەم کرد و مەسەلەکەم پێ گوتبوو. هەروەها باوکی لووسیندیشم ئاگادار کرد بووەوە و تکام لێ کرد تا ماوەیەکی تر لەسەر قەولی خۆی ڕاوەستێ و هەر جۆرە بڕیارێک لەمەڕ کچەکەی تا زەمانێک بۆم ڕوون بێتەوە، دووکی ڕیکاردۆ چ کارێکی بەمن هەیە ڕابگرێ. ئەو بەڵێنی پێ دام و لووسیندیش

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

بەهەزار سوێند و فرمێسک و لالانەوە و گریانەوە ئەم بەڵێنییەی دووپات کردەوە. سەرەنجام من چوومە خزمەت دووک ڕێکاردۆ. کە زۆر بەگەرمی وەریگرتم بەجۆرێک کە هەموو دەست وپێوەند و کەسانی ماڵەکەی بەغیلییان پێ دەبردم، چون لوتف و مەرحەمەتی دووکیان دەگەڵ من بەزیانی خۆیان دەزانی، بەڵام ئەوەی کە زۆر لە هاتنی من خۆشحاڵ بوو کوڕی دووەمی دووک، بەناوی «دۆن فێرنان» بوو کە جحێڵێکی جوان و ئاداب زان و ئازادە و هەوەس باز بوو. ئەو جحێڵە ئەوەندەی خۆش دەویستم کە پێوەندییەکەمان هەمووانی خستە ئیراد گرتن و پرتەوبۆڵە کردن، بێگومان کوڕە گەورەی دووکیش منی خۆش دەویست و بەلوتف و ڕێز گرتنەوە، ڕەفتاری دەگەڵ دەکردم، بەڵام سەفا و نزێکی و خۆشەویستیی دۆن فێرنانی نەبوو.

«بەڵێ جا بەحوکمی ئەوەی کە دەنێو دۆستانی یەکدڵ و یەک گیاندا ڕازێک دەگۆڕیدا نییە و بێجگە لەوەش نزیکیی من و دۆن فێرنان گەیشتبووە پلەی یەکڕەنگی و ڕازداری و هیچ شتێکمان لێک نەدەشاردەوە، هەموو ڕازێکی خۆی لە لام باس دەکرد. لەوانە ڕازی دڵدارییەکی بەلامەوە دەرخست. کچە وەرزێرێکی لە ڕەعیەتەکانی باوکی خۆش دەویست کە زۆریش دەوڵەمەند بوون و ئەو کچە ئەوندە جوان و زیرەک و عاقڵ بوو کە ئەوانەی دەیانناسی نەیاندەزانی کامە سیفەتی جوانیی ئەو باس بکەن. کۆبوونەوەی ئەو هەموو سیفەتە باشانە دەو کیژە لەبارە دێهاتییەدا وەها ئاگری مەیل و تاسەی دۆن فێرنانی بەرز کردبووەوە، بەڵام چون بەهیچ ڕێگایەکدا دەستی پێی ڕانەدەگەیشت بۆ وەدەستهێنانی دڵی ئەو، لێ برا کە بەڵێنی زەماوەندی پێ بدا. بەحوکمی لوتفێکی کە دەگەڵ منی بوو بەئەرکی خۆم دەزانی کە بەدەلیل و هێنانەوەی بەڵگە و شاهیدیی زۆر کە لەبیرم بوون، پێش بەو خەیاڵەی ئەو بگرم. کاتێک دیتم قسەی من کاری تێ ناکا لێ بڕام کە باسەکە بەگوێی باوکی بگەیەنم، بەڵام دۆن فێرنان لاوێکی زرنگ و فێڵەزان بوو. پێی زانی کە من ئەو کارە دەکەم چون دەیزانی کارگوزارێکی وەک من وەفادار ناتوانێ کارێکی ئاوا کە دژایەتی دەگەڵ پلەوپایە و ڕێز و حورمەتی دووک هەبوو، بشارێتەوە. بۆ ئەوی هەڵمفریوێنی گوتی: عیلاجم ئەوەیە بۆ ئەوەی ئەوینی ئەو کچە وەرزێرەم لەسەر بکەوێ، چەند مانگێک خۆم ون بکەم. وای دانا من و ئەو بەبیانووی کڕینی ئەسپ لە دووک ئیجازە وەربگرین وبچینە لای باوکی من کە لە شارەکەی ئەو باشترین ئەسپی دنیا پەروردە دەکرێن. کاتێک ئەو قسانەم بیست بەدنەدانی خۆشەویستیی گراویی یەکەم هەمووم تەسدیق کرد. دیارە هەر پێشنیارێکی لەو خراپتریشم وەک باشترین پێشنیار قبووڵ دەکرد. چون هەرچی بێ، لەو فرسەتەدا چاوم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

بەیاری نازەنینی خۆم لووسیند دەکەوتەوە. من بەو فکرەوە هانم دا ڕانەوەستێ و هەرچی زووتر ئەو کارە ئەنجام بدا و پێم گوت کە دوور کەوتنەوە توندترین هەست و سۆزەکانیش سارد دەکاتەوە. بەڵام وەک پاشان بۆم دەرکەوت دۆن فێرنان کاتێک ئەو پێشنیارەی بەمن کرد، بەبیانووی بەڵێنی زەماوەند و مارەکردن دەسدرێژی دەکاتە سەر نامووسی کچەکە و ئێستا لە ترسی ئەوەی مەبادا باوکی لەو تاوانە بەخەبەر بێتەوە و ئاگری تووڕەییەکەی بڵیسەی بەرز بێتەوە، دەیویست کەڵک لەدەرفەت وەربگرێ و پێش ئەوەی دەنگۆی ئەو شەرمەزاری و ڕیسوایی بتەنێتەوە، بڕواتە جێگایەکی دوور و ئەمین. چون ئەوین بەلای زۆرێک لە لاوانەوە ناوی پیرۆزی ئەوینی پێوە نییە و تەنیا هەوەسێکی تێ پەڕە کە ئامانجەکەی ڕازی کردنی هەستی شەهوەت و هەوەسە و هەرکە ئەو تاسەیان دامرکا ئاگری ئەوینیش خامۆش دەبێ، لە حاڵێکدا دەئەوینی بەڕاستیدا شتی وا نایاتە پێش. هەرکە دۆن فێرنان ئاگری هەوەسی خۆی بەکچەکە دامرکاند، خۆشەویستییەکەی سارد بووەوە و ئاگری ئەوینەکەی وردە وردە کز و خامۆش بوو. ئەگەر دەپێشدا لەبەر پابەندی بەخۆشەویستیی کچەکە لەو شارە دوور نەدەکەوتەوە، ئێستا بۆیە هەڵدەهات کە وەعد و پەیمان بشکێنێ و بەڵێنییەکانی بخاتە پشتگوێ. دووک ئیزنی سەفەری پێ دا و منیشی کردە مەعموور دەگەڵی بڕۆم. هەر دووکمان گەیشتینە شاری زێدی من و باوکم ئەو جۆرەی شانی هەڵی دەگرت پەزیرایی لێ کرد. من زۆر زوو چاوم بەلووسیند کەوت و ئاوری ئەوینم بێ ئەوەی لە کڵپەی کەم بووبێتەوە بەو دیدارە توندتر و گڕگرتووتر بوو. لەبەختی ڕەش ڕاز و نهێنی دڵداریی خۆم دەگەڵ دۆن فێرنان باس کرد. چون پێم وابوو دابونەریتی دۆستایەتی دەڵێ نابێ هیچ شتێک لەو بشارمەوە. من لەسەر نازداری و جوانی و هۆش و زانایی لووسیند ئەوەندە ڕۆیشتم کە ئەو هەموو پەسن و پێ هەڵاگوتنە ئەوی وەهەوەس خست کە چاوی پێی بکەوێ و خاوەنی ئەو هەموو سیفەتە باش و جوانی و جەماڵە بناسێ. نێوچاوان ڕەشیم وای کرد کە بەقسەی بکەم تا ئەوەی کە شەوێک دەڕووناکایی مۆمێکدا و لەپشت پەنجەرەیەکەوە کە من و لووسیند پێکەوە قسەمان دەکرد ئەوم بەدۆن فێرنان نیشان دا. ئەو گراویی منی دیت و تەواوی جوان و نازدارانی دنیای لەبەر چاو کەوت. ئەو لاوە بەیەکجار دیتن عاشق و گرفتار و شێت و شەیدا بوو.لاڵ بووبوو قسەی بۆ نەدەهات و سەرەنجانم وەک بۆتان دەگێڕمەوە زۆر سەخت دڵی پێ دۆڕاند. دەستی تەقدیر بۆ گەشاندنەوەی زۆرتری ئاگری ئەوینی دۆن فێرنان، کە لە منی دەشاردەوە و بێجگە خودا لای کەسی ئاشکرا نەدەکرد، ڕۆژێک نامەیەکی بەدەستی گەیاند کە لووسیند بۆ منی نووسیبوو و لێی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ویستبووم بچمە خوازبێنی بۆ لای باوکی. ئەو نامە ئەوندە جوان و بەئەدەب و زەریف و عاقڵانە و نازدارانە نووسرابوو کە دۆن فێرنان کاتێک خوێندبوویەوە هاتبووە سەر ئەم باوەڕە کە تەواوی جوانی و سەحەت سووکی و عەقڵ و زانایی ژنانی دنیا هەمووی دەویدا کەوتووەتە سەریەک و «ئەوی جوانان هەموو لایانە بەتەنیا هەیە لای»[۱۷۸] ئەوە خۆی ڕاستییەکە و من ئێستا ددانی پێدا دێنم کە وەختێک دون فێرنان ئەو هەموو تەعریف و پێ هەلاگوتن و باس و خواسەی لەمەڕ لووسیند دەهێنا گۆڕی، پێ گرژ دەبووم و کەم کەم لێی دردۆنگ دەبووم و باوەڕم پێی نەدەما. دە ڕاستیدا دۆن فێرنان لەهەر هەلێکدا تەنیا باسی لووسیندی دەکرد و ئەگەر باسی شتێکی تریش کرابا، قسەکانی با دەداوە سەر لووسیند، هەر چەند هیچ پێوندییەکی بەباسە کەوە نەبا. ئەم وەزعە دردۆنگی و حەسوودی لە دڵی مندا پێک دێنا. ئەوەش نەک لەبەر ئەوە کە من لە وەفاداری و شەرافەتی لووسیند بەشک و گومان بم بەڵکو لە تەقدیر و ڕایەڵەی ئەو داوانەی لەسەر ڕێگام پانی دەکردەوە دەترسام. دۆن فێرنان هەمیشە تێ دەکۆشا نامەکانی من بۆ لووسیند و جوابەکانی ئەو بۆ من بخوێنێتەوە و بیانووی ئەو بووە کە نیشاندانی زیرەکانەی خۆشەویستی و عاشقانەی ئێمەی زۆر پێ خۆش بوو.

«ئەز قەزا ڕۆژێک لووسیند لە منی داوا کرد کە یەکێک لە کتێبە پاڵەوانییەکان بەناوی «ئامادیسی گۆل»ی بۆ بنێرم...»

دۆن کیشۆت هەر کە ناوی کتێبی پاڵەوانی بیست دەنگی هەڵبڕی کە: «ئەگەر جەنابی بەڕێزتان لە سەرەتای داستانی خۆتدا بەمنت گوتبایە کە خاتوونی شکۆدار مادموازێل لووسیند خوێندنەوەی کتێب گەلی پاڵەوانی هێندە پێ خۆشە بۆ نیشاندانی بەرزەمژی(*) ئەو پێداویستی بەو هەموو تاریف و قسە و باسانە نەدەبوو. ئەگەر شەوقی خوێندنەوەی ئەم تەرزە کتێبانەی نەبوایە قەت باوەڕم بەو هەموو پەسن دان و باش ناساندنە نەدەکرد. کەوابوو لەوە زۆرتر لازم بەتاریف و باس کردنی باشی و جوانی و عەقڵ وفامی ئەو ناکا. بۆ من هەر ئەوەندە بەس بوو کە بزانم شۆق و سەلیقەی لەسەر چییە تا بە جوانترین و بە هۆشترین ژنانی عالەمی دابنێم. ئارەزووی من ئەوە بوو کە بریا بەڕێزتان بێجگە لە کتێبی

---

۱۷۸- خوالێخۆشبوو محەمەدی قازی بۆ ئەو هەموو جوانی و جەمال و سیفەتە باشانە ئەو نیوە شیعرە فارسییەی هێناوە: «آنچه خوبان همه دارند تو تنها داری» منیش ئەو نیوە شیعرەی مەلا غەفوور حافزی مەهابادیم لە جێی دانا «ئەوی جوانان هەموو لایانە بەتەنیا هەیە لات». (وەرگێڕ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabar.org

ئامادیسی گۆل کتێبی بەنرخی «دۆن ڕۆگۆڵ یۆنانی»[١٧٩] یشت بۆ ناردبایە. چون من یەقین دەزانم کە مادموازێل لووسیند لە شەرحی حاڵی «دارائیدا»[١٨٠] و «گارایا»[١٨١] و لە قسە خۆشەکانی «دارینل»[١٨٢] ی شوان و لە تەرانەی شوانی و جوانیی ئەو کە بەدەنگە خۆشەکەی دەیگوتن و بەچەنگ لێدان بەئاواز دەیخوێندنەوە، حەزێکی زۆری دەبرد. بەڵام دەرفەتی ئەوەی کە ئەم خەتایە بەئاسانی قەرەبوو بکرێتەوە، دەست دەدا. ئەوەش وەختێکە کە جەنابت دەگەڵم بێیە گوندەکەم. چونکە لەوێ دەتوانم زۆرتر لە سێسەد کتێب، هەر لەو مایانەدا کە هەموویانم لە ڕۆحی خۆم خۆشتر دەوێن پێشکەش بەجەنابت بکەم. هەر چەند پێم وایە جادووگەرانی بەغیل و شەروور تەنانەت یەک دانەشیان بۆ نەهێشتوومەوە. دەبێ بشمبەخشی کە قسەکانی بەڕێزتانم بڕی چون دەگەڵ باسی پاڵەوانێک لە پاڵەوانانی سەرگەردان دێتە گۆڕێ، هەر بەوجۆرە کە پێش پرشنگەکانی ڕۆژ ناگیرێ تا گەرما بڵاو نەکەنەوە. و بۆ تریفەی مانگەشەویش بڵاو کردنەوەی فێنکی و نمناکی پێش پی ناگیرێ، بۆ منیش نامومکینە لە دەربرینی بیرورا خۆم بپارێزم. کەوابوو لێم بووببوورە و باقیی داستەنەکەتمان بۆ بگێڕەوە کە هیچ کارێک لەوە شایستەتر نییە.»

دەو ماوەیەدا کە دۆن کیشۆت خەریکی ئەو وێژاوەرییە بوو کە ئێستا باسمان کرد. کاردینێو سەری دەبەر خۆی نابوو. قیافەی کەسێکی بوو کە بەقووڵی دەبیرەوە چووبێ و باوەکو دۆن کیشۆت دوو جاری تکا لێ کرد کە بەگێڕانەوەی داستانەکەی درێژە بدا ئەو نە سەری لەسەر ئەژنۆ هەڵگرت و نە یەک کەلیمەشی جواب داوە، بەڵام ئاخری پاش بێدەنگییەکی درێژ خایەن سەری هەڵێنا و گوتی: «شتێک هەیە کە لە خەیاڵی من ناچێتە دەر و هیچ کەسیش لەم جیهانەدا ناتوانێ من لەو خەیاڵە بەرێتە دەر و هەر کەس جۆرێکی تر فکر بکاتەوە یا پێ بچەقێنێ و بڵێ دیتران جۆرێکی تر فکر دەکەنەوە دز و درۆزن و دەغەڵن. ئەو شتە ئەوەیە کە ئەو دزە پەستە نانەجیبە، وەستا عەلی زەببات دەگەڵ شاژن «مادازیم» Maddassime پێوەندیی ناشەرعیی هەبووە. دۆن کیشۆت کە لە بیستنی ئەو قسەیە زۆر دەرهەڵبووبوو هاواری لێ بڵند بوو: وێڕای وەدرۆخستنەوەی ئەو تۆمەتە گوتی:

---

١٧٩– Don Rugel de Créce پاڵەوانێکی قەدیم. (محەمەد قازی)

١٨٠– لە کەسایەتییە گرینگەکانی داستانی «فلۆریسل دۆنیکە» بەقەڵەمی فلیسیانۆ دۆسیلوا. (مۆریس باردۆن)

١٨١– بڕوانە پەراوێزی ژوورو.

١٨٢– بڕوانە پەراوێزی ژوورو.

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

«ئاخ. لێرەدا ئیتر بێ لوتفیت فەرمووا سوێندم بەهەموو شەیتانەکانی دنیا کە ئەو تۆمەتە نیشانەی پەستی و نامەردی و بێ حەیایی تەواوە. شاژن مادازیم خاتوونێکی شەریف و خاوێن بوو و هەرگیز ناتوانین بیرلەوە بکەینەوە کە خانمێکی نەجیب و نەجیب زادە دەگەڵ بەیتارێکی(*) خوێڕی و نابووتە دەستی تێکەڵ کردبێ. هەرکەس پێچەوانەی ئەوە بڵێ یا بیر بکاتەوە وەک سەگ درۆ دەکا و من سوار یا پیادە، چەکدار یا بێ چەک شەو بێ یا ڕۆژ بێ وەهای لێ حاڵی دەکەم کە بۆ خۆی نەزانی لە کوێوە هاتووە.»

دەو کاتانەدا کە دۆن کیشۆت قسەی دەکرد کاردینیۆ زەق زەق تیێ دەفکری، چون دیسان تووشی نەخۆی شێتییەکەی بووبووەوە و نەیدەتوانی داستانەکەی درێژە پێ بدا. دۆن کیشۆتیش لەو تەوهینەی کە بەشاژن مادازیم کرابوو چیدی حەوسەلەی بیستنی قسەکانی ئەوی نەبوو. بەڕاستی سەیر بووا دۆن کیشۆت دەژێر کارتێکردنی کتێبە نەفرەتییەکانی(*) خۆیدا وەها عەقڵی لە دەست دابوو و وەهای لە شاژن مادازیم لایەنگری کردبوو کە دەتگوت وەلینعمەتی بەڕاستی و قانوونیی خۆی بووە. بەڵێ جا کاردینیۆ وەک خۆی لێ هاتبووەوە و شێتییەکەی دەستی پێدا بووەوە، کاتێک دیتی دۆن کیشۆت قسەکانی بەدرۆ دەخاتەوە و جنێوان دەدا خۆی پێ ڕانەگیرا و بەردێکی گەورەی لەبەر پێ بوو، هەڵی گرت و وەهای لە سینگی پاڵەوان ڕاکێشا کە بەپشتەوەدا خستی و بەعەرزیدا دا. سانکۆپانزا کە ئەو ڕەفتارەی دەگەڵ ئەربابی خۆی چاو پێ کەوت بەمستی گرێکرا و بەگژ ئەو دێوانەیەدا هات بەڵام دێوانەی سەرشێت ئەویشی بەعەرزیدا دا و بەمست و پێلاقە تیێ بەربوو. بزن لەوەڕێنیش کە دەیەویست بەهاواری سانکۆ بگا تووشی هەمان چارەنووس هات. دێوانەی دەرهەڵبوو پاش ئەوەی هەرسێکی تێرو پڕ کوتان، دەستی لێ هەڵگرتن و لەسەرەخۆ، بێ پەلەو هەجەلە خۆی دەباوەشی لێڕەوارەکانی داوێنی کێوەکاندا ون کرد. سانکۆ لە جێی خۆی ڕاست بووەوە، بەڵام لەسەر ئەوەی کە لەخۆڕایی ئەو تێهەڵدانەی وێ کەوتبوو جنێوی بەشوانەدا و خەتاکەی خستە سەر ملی ئەو. چون دەیگوت ئەو ئەوانی لەوە ئاگا نەکردووەتەوە کە ئەو کابرایە جاروبار لەسەری دەدا و شێت دەبێ و ئەوان ئەگەر ئەوەیان زانیبا ئاگایان لە خۆیان دەبوو. بزن لەوەڕێن گوتی شکی دەوەدانییە کە دە پێشدا باسی ئەوەی کردووە و ئەگەر کەس گوێی نەداوەتێ تاوانی ئەو نییە. سانکۆ هەروا ڕەخنەی لێ دەگرت و شوانە جوابی دەداوە و ئەم گفتوگۆیە سەرەنجام بوو بەبیانووی ئەوە کە بەگژ یەکدا بچن و تێهەڵدانی باش لە یەکتر بدەن و ئەگەر دۆن کیشۆت لێکی نەکردبانەوە، یەکتریان ونجڕونجڕ دەکرد. سانکۆ جومگەی دەستی بزن لەوەڕێنی گرتبوو و بەدۆن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabiri.org


کیشۆتی دەگوت: «ئەی حەزرەتی پاڵەوانی غەمگین ڕوخسار! لێم گەڕێ با بیکوتم ئەو خوێڕییەش وەک خۆم عیسانێکی پەست و ئاساییە و نەگەیوەتە پلەی پاڵەوانی، کەوابوو ئەمن دەتوانم وەک پیاوێکی ئازا، تەن بەتەن بە گژیدا بچم و تۆڵەی ئەو بەلایەی بەسەرم هاتووە لە وی بستێنمەوە. دۆن کیشۆت گوتی: ڕاستە، بەڵام دەزانم لەو ڕووداوەی بەسەر ئێمەدا هات، ئەو هیچ تاوانێکی نییە.»

وە پاش ئەو قسانە ڕێکی خستنەوە. پاشان جارێکی تر لە بزن لەوەڕێنی پرسی کە ئایا مومکینە کاردینیۆ ببیننەوە دەنا دە حەسرەتی بیستنی باقیی داستانەکەدا دەمرێ. بزن لەوەڕێن ئەوی دەپێشدا گوتبووی دووپاتی کردەوە و گوتی بەشوێنی کاردینیۆ نازانێ، بەڵام ئەگەر بەوردی ئەم ناوچەیە بپشکنن دوور نییە چ بەحاڵەتی شێتی یا دەخالەتێکی ئاساییدا تووشی ببنەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٢٥

## لەمەڕ ئەو پێشهاتە سەیرانەی دە چیاکانی سیرامۆرنادا بەسەر پاڵەوانی ئازای مانش هات وە لەمەڕ چلەکێشانی پاڵەوان بە لاسایی کردنەوەی «بۆتێنێبرۆ»(١٨٤)

دۆن کیشۆت کە مالاوایی لە بزن لەوەڕێن کرد دیسان سواری ڕۆسینانت بووەوە و بەسانکۆی ئەمر کرد کە دە خزمەتیدا بەسوارییی کەرەکەی حەرەکەت بکا.(١٨٥) هەر دووک کەم کەم دەچوون دە قووڵایی کێوەکانەوە. سانکۆ لە حەسرەتی ئەوەی وێڕای ڕۆیشتن دەگەڵ ئەرباب قسانیش بکا، ڕۆحی هاتبووە سەر لێوی. بەڵام بۆ ئەوەی لە دەستووراتی ئەرباب سەرپێچیی نەکردبێ پێی خۆش بوو دەپێشدا ئەو دەست پێ بکا. ئاخری چون نەیتوانی باری ئەو بێدەنگییە درێژخایەنە هەڵگرێ، بەئەربابی گوت: «ئەی حەزرەتی دۆن کیشۆت لە بەڕێزتان تکا دەکەم حەلاڵم بفەرموون چون دەمەوێ بگەڕێمەوە لای ژن و منداڵەکانم کە لانی کەم بتوانم بەکەیفی خۆم دەردە دڵی خۆمیان بەلاوە هەڵڕێژم. چون ئەگەر قەرار بێ شەو و ڕۆژ دەخزمەت تۆدا ئەو چۆل و بیابانە بپێوم و ورتەشم لێ نەیا، وەک ئەوە وایە زیندە بەگۆڕ کرابم. دیسانیش ئەگەر وەک سەردەمی گیزۆپێت(١٨٦) موقەدەر بوایە حەیوانات

---

١٨٣- Le Maître Elisabad برینکار و بەیتاری ئامادیسی گۆل بووە. (مۆریس باردۆن)

١٨٤- Beau Tenebreux لەقەبێکە کە ڕاهیبێک دای بەئامادیسی گۆل لە کاتێکدا کە پاڵەوان لەسەر «بەردی فەقیران» Roche Pauvre چلەکێشی کرد. بۆتێنێبرۆ بەمانای کەسێکە کە چووبێتە ناخی تاریکییەوە.

١٨٥- سێروانتێس لێرەدا و دە بەشەکانی دوایییشدا لە بیری دەچێ کە دز کەری سانکۆی دزیبوو. تەنیا لە بەرگی دووەمدا وەبیر ئەو ڕووداوە دەکەوێتەوە. (مۆریس باردۆن) سەیرەکەش لەوەدایە کە وەرگێڕی فەرەنسی «لوویی ویاردۆ» ئەم هەڵەیەی سێروانتێس ڕاست دەکاتەوە و لە وەرگێڕانەکەی خۆیدا دەڵێ: «سانکۆ لەوەی کە دەبێ بەپێیان بڕوا گرژ بوو...». (محەمەد قازی)

١٨٦- گیزوپێت Guisopete مەبەست هەمان «ئیزۆپ» یا «ئەزۆپ»ە Esope کە سانکۆ لەبەر بێ سەوادی نەخۆێندەواری دەیشێوێنێ. ئەزۆپ هەمان ئەفسانەوێژی بەناوبانگی قەدیمە کە دە سەدەکانی حەوت یا شەشی پێش زایندا دەژیا و دەپێشدا، غولام بوو دوایە ئازاد کرا. ئەم وتە بەناوبانگە لە ئەزۆپ ماوەتەوە کە دەڵێ: «باشترین شت لە دنیادا زبان و خراپترینیش هەر زبانە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabdan.org

قسان بکەن ئەو دەردە زۆر گران نەدەبوو. چون ئەودەم دەگەڵ کەرەکەم یا هەر گیانداریکی تر لە هەر وارێکدا قسەم دەکرد و بەمجۆرە دەرد و خەفەتی خۆم پێ هەڵدەگیرا. بەڵام تەواوی عومرت بەدوای ڕووداواندا بگەڕێی و بێجگە لەمست و پێلاقە و تێهەڵدان و سەمای سەر لێفە، هیچی ترت نسیب نەبێ، بەو حاڵەشەوە قڕوقەپ(*) نەوێری دەمت بکەیەوە و نەوێری ڕازی دڵت بەکەس بێژی و وەک لالان ژین بەسەر بردن بەدبەختییەکی گەورەیە. دۆن کیشۆت جوابی داوە: سانکۆ من دەردی تۆ هەست پێ دەکەم. تۆ دەحەسرەتی ئەوەدا سووتاوی کە ئەو قفڵەی لە زبانتم داوە هەڵی گرم و فەرمانی بێدەنگی بشکێنم. زۆر باشە، ئێستا وای دابنێ کە من ئەو قفڵەم هەڵگرت و تۆ هەرچی دڵت دەیەوێ بیڵێ بەڵام بەو شەرتەی کە هەڵگرتنی فەرمانی بێدەنگی لەو ماوەیە تێنەپەڕی کە ئێمە لەو کێوانەدا بەڕێدا دەڕوێن. سانکۆ گوتی: باشە با من ئێستا بتوانم قسان بکەم. بۆ دوایە خودا گەورەیە، هەر چی دێتە پێش با بێ وبەخێر بێ و بۆ دەسپێکی ئەو ئازادیی بەیانە لە حەزرەتی بەڕێزتان دەپرسم کە جەنابت بەچ دەلیل هەواداری و لایەنگریت لەو شاژنە «مارکاسین»(١٨٧) یا نازانم چییە کرد؟ یا بۆ حاڵی تۆ چە فەرقێکی دەکرد ئەو سەگبابە «عەلی سەوەتە»(١٨٨) کەڵەگای ئەو شاژنە بووە یا نەبووە؟ من پێم وایە ئەگەر جەنابت کە داوەری ئەم کێشە نەبوون، لەو قسانە گەڕابان ئەو کابرا شێتە باقیی داستانەکەی دەگێڕاوە و ئەو گاشەبەردەش وە ورگی جەنابت نەدەکەوت و منیش ئەو تێهەڵدانەم وێ نەدەکەوت. دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ، سوێندم بەدینم ئەگەر تۆش بتزانیبایە کە ئەو شاژنە «مادازیمە» چ خاتوونێکی گەورە و نەجیب بووە، یەقینم هەیە دەتگوت کە من چەند ئارام و لەسەر خۆم کە شەویلکە و زاری ئەو کابرایەی ئەو قسانەی دەکرد، ورد ناکەم. هەر ئەوەی کە یەکێک بڵێ شاژنێک دەگەڵ بەیتارێک لە بنەوە نێوانی خۆش کردووە، کوفرێکی گەورەیە. ڕاستییە مێژووییەکەی ئەوەیە کە ئەم «وەستا عەلی زەببات». کە ئەو دێوانەیە باسی کرد، پیاوێکی فەرزانە و موشاویرێکی ڕاستگۆ بوو و لە خزمەت شاژنیش هەم عینوانی تەبیبی هەبوو هەم لەلە. بەڵام فکری ئەوەی کە شاژن دلبەر و گراویی ئەو بووبێ زۆر بێ شەرمانەیە و حەقی ئەوەیە هەر کەس وا دەڵێ بەتوندی سزا بدرێ. لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی بزانی کە کاردینیۆ چ شەکرێک دەشکێنی دەبووایە سەرنج بدەی کاتێک قسەکەی گەیاندە ئێرە ئەو حاڵەتی شێتییە دیسان

١٨٧- سانکۆ دیسان ناوی شاژن مادازیم و مامۆستا عەلی زەببات دەشێوێنێ و دەیانکاتە ماکارسین و عەلی سەوەتە. (مۆریس باردۆن)

١٨٨- بڕوانە پەڕاوێزی ژوورو.

کتێبخانەی ڕابەری دیجیتاڵی www.rabari.org

دەستی پێ دا بووەوە. سانکۆ گوتی: عەرزی نۆکەری خۆشت هەر ئەوەیە کە ئێوە نەدەبوایە گوێ بدەنە قسەی شێت و نەفامێک. چون ئەگەر ئەستێرەی بەختت دە هاوارت نەهاتبا ئەو بەردەی دەستی دابوویە لە جیاتی ئەوەی بەرەو ورگی بەڕێزتان چووبا وەتەپڵی سەری مبارەکتان دەکەوت و ئێستاکانە کاری هەر دووکمان کرابوو. دۆن کیشۆت گوتی: بەڵام سانکۆ ئەم نوکتەیە دەو مێشکە ڕزیوەت ڕاکە کە دێوانەییش نەیدەتوانی تاوانی کاردینیۆ پاساو بداتەوە و ئەوەش بزانە کە هەر پاڵەوانێکی سەرگەردان لە ڕووی ئەخلاقەوە ئەو ئەرکەی لەسەر شانە دەبەرانبەر هەر کەسدا، چ عاقڵ، چ دێوانە لە شەرافەتی ژنان بەرگری بکا. ئەویش شازادە خانمێکی پایەبەرزی وەک شاژن مادازیم کە من لەبەر سیفاتی جوان و گەورەیی و نەجیبییەکەی بەتایبەتی خۆشم دەوێ، چون ئەو ژنە بێجگە لەوەی جوانییەکەی سەرسوڕهێنەر بوو، دەزەمانی گرفتاری و پێشهاتی ناخۆش و لێقەومانیشدا خۆڕا گر و پتەو بوو و بەعەقڵ و تەدبیر و لێزانی، کارەکانی دەبردە پێش و دەڵێن هەر دەوان ڕۆژاندا بوو کە هاودەمی و یارمەتی وەستا عەلی، زەببات بۆ ئەو خاتوونە نیعمەتێک بوو و بەیارمەتیی و ڕێنۆێنییەکانی ئەو بوو کە توانی باری گرانیی ئەو هەموو مەینەتی و گرفتارییانە هەڵبگرێ. لەوێوە خوێڕییە پیاو و ناکەسەکان ئەوەیان بۆ هەڵبەست کە گراوی وەستا عەلی. بووە بەڵام من دیسان دەیلێمەوە کە ئەوانە درۆیان کردووە و ئەوانەی ئێستاش بەخۆیان ئیجازە بدەن ئەو تەوهێنە بکەن دوو سەدجار درۆیان کردووە. سانکۆ گوتی: «من نە ئەو قسە دەکەم و نە خەیاڵێکی ئاوا دەکەم و هەر بزنێکیش نانی شوانی دەخوا ئەجەلی بەپای خۆی.[١٨٩] ئەگەرئەو دووە پێکەوە نووستوون یا نەنووستوون، خودا دەزانێ و بەخودایە کە تا ئێستا سزای دابن. عیسا بەدینی خۆی مووسا بەدینی خۆی. من نەهیچم بیستووە و نە هیچم دیتووە و قەتیش پێم خۆش نییە خۆ دەژیانی خەڵکی هەڵقوتێنم. دزی درۆزن بۆ خۆی شەرمەزارە و درۆکانی لە ڕەنگیرا دیارن. لە لایەکی تریشەوە من بەڕووتوقووتی هاتوومە سەر ئەو دنیایە و ئێستاش ڕووت و ڕەجاڵم و لەو قسانە نە هیچم دەست دەکەوێ و نە هیچم لە کیس دەچێ. بەمن چی ئەوان پێکەوە دۆست بوون یا نەبوون. خەڵک لەبەر خۆیانەوە قسان دەکەن و دمی خەڵکی بەهیچ نابەسترێ. مەگەر خودای مەزنیشیان تاوانبار نەکرد؟ دۆن کیشۆت گوتی: یا مریەمی داوێن پاک! ڕاستی سانکۆ ئەو

---

١٨٩- بەڕێز محەمەدی قازی ئەو پەندە فارسییەی دەکار هێناوە: «هر کس خزبره بخورد پای لرزش هم باید بنشیند». من لە پەندی کوردی کەڵکم وەرگرت و کردمە «بزن نانی شوانی بخوا، ئەجەلی دێ».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو قسە بێ سەر وبنانە لە کوێ دێنی؟ ئاخر بابەتی باسەکەی ئێمە چ پێوەندییەکی بەم هەموو نموونە و میسالانەوە هەیە کە تۆ دەیانهێنیتە گۆڕێ! تۆ ئەو خودایەی بەحەقی دەناسی سانکۆ لە ئێستاوە دەنگت دەرنەیە و کەری خۆت لێ خوڕە و لەمەودوا دەکارێکدا کە بەتۆوە پێوەندی نییە دەخالەت مەکە و بەیارمەتیی هەر پێنج هەستەکانتەوە ئەوەی بەمێشکت بسپێرە کە هەرچی من کردوومە و دەیکەم و لەمەودواش دەیکەم بەپێوەری عەقڵی ساغ و پێودانی یاساکانی پاڵەوانییە. چون من لەو یاسایانەدا لە هەموو پاڵەوانانی جیهان شارەزاترم. سانکۆ گوتی: ئەرباب ئایا ئەوەش بەشێکە لە یاساکانی پاڵەوانی کە ئێمە وەک منالّی سەر لێشێواو دەو کۆسارەدا، بێ ئەوەی ڕێگایەک هەبێ و نە کوێرەڕێیەک لە هیچ کوێ دیار بێ ئاوارە و سەرگەردان بەشوێن دێوانەیەکدا بگەڕێین کە لەوانەیە دەگەڵ دیتمانەوە دیسان شێتی لە کەللەی داتەوە و ئەو کارەی بەناتەواوی بەجێی هێشتووە تەواوی بکا! مەبەستیشم لە کارە ناتەواوەکە تەواوکردنی بەسەرهاتەکەی نییە، بەڵکو ئەوەیە سەر و گوێلاکی بەڕێزتان و یەک دوو دەندەی من کە هێشتا نەشکاون، تێک بشکێنی و ڕزگارمان بێ. دۆن کیشۆت گوتی: «سانکو ئەوجاریش پیت دەڵێم. خەفەبە وستەت لێ بێ ئەوە نییە دەیزانی! چون تۆ دەبێ بزانی کە من نە تەنیا بۆ دیتنی ئەو دێوانەیە نەهاتوومە ئەم چۆلگەیە، بەڵکو بەدوای ئەنجامدانی شاکارێکی بێ وێنەم کە دەتوانێ ناوی من بۆ هەتاهەتایە بخاتە سەر زبانان و سەرت نەیەشێنم، کارێکی وا گەورە بکەم کە مۆری فەرامۆشی و سڕینەوە لە ناوی هەموو پاڵەوانانی سەرگەردانی دنیا بدا.

سانکۆ پرسی: ئایا ئەو شاکارە دەگەڵ مەترسییش تێکەڵاوە! پاڵەوانی غەمگین ڕوخسار گوتی: نەخێر. هەر چەند لەوانەیە تاس باشی نەهێنێ و لە جێی دوو شەش دوو بایەک بێ و ئێمە بیدۆڕێنین! بەڵام هەرچی هەیە ئەنجامدانی ئەو کارە بەشێوەیەکی دروست بەستراوەتەوە بەکارزانیی تۆ. سانکۆ گوتی: چۆن دەفەرمووی بەکارزانی منەوە بەستراوەتەوە؟ دۆن کیشۆت گوتی: بەڵێ چون ئەگەر تۆ لەو جێیەی کە دەتنێرم زوو بگەڕێیەوە. زەحمەت و مەینەتیی من زوو تێ دەپەڕێ و سەرکەوتن و شانازیی من مسۆگەر دەبێ، بەڵام با زۆرتر ماتڵت(*) نەکەم، دەمەوێ ئەی سانکۆ، تۆ ئەم نوکتەیە بزانی کە ئامادیس پاڵەوانی وڵاتی گۆل یەکێک لە گەورەترین و تەواوترین پاڵەوانانی سەرگەردان بوو. ئاخ! چاو لەمن کە دەڵێم چی!؟ تەواوترین پاڵەوان چییە؟ ئەو یەگانەی ڕۆژگار و بێ هاوتا و ئاغا و وەلینیعمەتی تەواوی پاڵەوانانی سەردەمی خۆی بوو. من لە «دۆن بلیانس» و ئەوانەی پێیان وایە ئەویش هاوتای ئامادیسە زۆر بەگلەییم و دڵم لێیان ئێشاوە. چون قەسەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بەئیمانم ئەوان بەهەڵەدا چوون. لە لایەکی تریشەوە دەڵێم کاتێک وێنەگەرێک بیەوێ دەکاری خۆیدا نێوبەدەرەوە بێ، تێ دەکۆشێ لە گەورەترین وێنەگەرانێک کە خۆی دەیانناسێ تەقلید بکا و ئەو شێوە بۆچوونە یا ئەم یاسایە دەبێ لە واری هەمووکاری باش و کردەوەی بەجێ کە ئامانجیان سەربەرزیی جەمبوورەی[*] خەڵکە پێڕەوی لێ بکرێ. هەروەها کەسێک کە بیەوێ دە تەدبیر و خۆڕاگریدا ناو دەر بکا دەبێ وا بکا و هەر واش دەکا. ئەوە دەبێ لە «ئۆلیس»[۱۹۰] کە «هۆمێر» نەخش و ڕەسمێکی زیندووی کار و کردەوەکانی و کەسایەتییەکەی بۆ ئێمە ڕەسم کردووە و ئەوی وەک نموونەی پیاوەتی نیشان داوە کە دە ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ نامرادییەکانیدا تێبین و خۆڕاگرە، تەقلید بکا و سەرمەشق وەربگرێ. هەروەک ویرژیل دەبوونی ئەنەEnéeدا ئازایەتیی کوڕێکی بەئیمان و پاک و تێگەیشتوویی سەردارێکی ئازامان پێ نیشان دەدا. ئەم هەر دوو هونەرمەندە، قارەمانانی ئاسەواری خۆیان وەک چۆن هەبوون نیشان نەداوە. بەڵکو ئەو جۆرەی کە دەبێ هەبن، تا بۆ مەردانی داهاتوو نموونەیەکی تەواو بن لە فەزیلەت و تەقوا و ئیمان. ئامادیسیش ڕووگە و ئەستێرە و خۆری پاڵەوانان، ئازا و عاشق بوو و ئێمە کە لە ژێر ئالای ئەوین و پاڵەوانە تیدا کۆ بووینەوە دەبێ تەنیا ئاکاری ئەو ڕەچاو بکەین، ئێستا کەوایە، ئەی سانکۆ، بەبۆچوونی من پاڵەوانێکی سەرگەردان کە بتوانێ باشتر لە هەموو کەس تەقلیدی ئامادیس بکا زۆرتر لە هەمووان خۆی لە کەماڵ و جەماڵ و شکۆی پاڵەوانەتی نزیک دەکاتەوە. جا، یەکێک لەو کارانەی زۆرتر لە هەمووان بوو بەهۆی ئەوە کە دەنگۆی ناوبانگ و عەقڵ و تەدبیر و ئازایەتی و سەبر و خۆڕاگریی ئەو دە جیهان دا بتەنێتەوە! دە زەمانێکدا بوو کە پاڵەوان بەهۆی نامیهرەبانی گراوییەکەی خۆی «ئۆریان»Oriane ناچار بوو بخزێتە ناو گۆشەی تەنیایی و ناوی «بۆتێنبرۆ» لەسەر خۆی بنێ و لەسەر «بەردی فەقیران» دابنیشێ و چلەبکێشێ. ئەم ناوە زۆر پڕ بەپێست بوو و دەگەڵ ئەو ژیانە دژوارەی کە ئەو بەمەیل و ڕەزای خۆی هەڵی بژاردبوو زۆر باش ڕێک دەکەوت. کەوابوو چون تەقلید لەو پاڵەوانە دەو ڕێگایەدا بۆ من ئاسانترە لە شەق وپەق[*] کردنی غوولان و سەر بڕینی دێوان و تێکشکاندنی لەشکران و ڕەپێ نانی سپا و بەغەنیمەت گرتنی کەرەسەی شەڕ و بەتاڵکردنەوەی تەلیسم و جادووان، لە لایەکی تریشەوە چون ئەم شوێنە چۆلانە لەهەر

---

۱۹۰- Ulysse پاشای ئەفسانەییی وڵاتی «ئیتاک»ی یۆنان و یەکێک لە قارەمانانی گەورەی گەمارۆدانی «ترۆوا» بوو کە هۆمێر بەشیعرەکانی خۆی ناوی ئەوی کردووەتە هەتا هەتایی. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org



بارێکەوە بۆ ئەم کارانە سازگارە، من بەهیچ جۆر حازر نیم ئەم دەرفەتە بێ وێنەیە کە خۆی هاتووەتە پێشوازم لە دەست بدەم. سانکۆ پرسی: باشە، حەزرەتی بەڕێزتان لەم شوێنە خەڵوەتەدا دەتانەوێ چ کارێک بکەن؟ دۆن کیشۆت گوتی: مەگەر پێم نەگوتی بەشێوەی ئامادیسی گوڵ، قیافەیەکی ناهومێد بەخۆوە دەگرم و لەهەمان کاتدا بۆ ئەوەی لە ڕۆلانی دلاوەریش تەقلیدم کردبێ، شێت و تووڕەش دەبم؟ و ئاوا بوو کە ڕۆلان کاتێک لەسەر دارەکانی قەراغ کانیاوێک نیشانە و شتگەلێکی دۆزییەوە کە نیشانی دەدا ئانژلیک گراوییە زاڵم و بێ وەفاکەی شان و شکۆی خۆی هێناوەتە خوار و دە ئامێزی مێدۆرMedorدا ڕاکشاوە و لەو ڕووداوە وەها غەمگین و پەشێو بوو کە کەوتە حاڵەتی شێتی و دارەکانی لەریشە هەڵکەند و ئاوی کانیاوانی قوڕاو کرد و شوانەکانی هەموو کوشت و ڕەوە و مێگەلی هەموو قڕ کرد و کۆختە و تاوڵەکانی سووتاند و ماڵەکانی وێران کرد و ماینەکەی خۆی بەسەر زەویدا ڕاکێشا و کوشتی و سەد هەزار شێتی تری گەورە کە شایانی ناوبانگی هەتاهەتایین لەو پاڵەوانەی ڕوودا.(١٩١) بەڕاستی من خەیاڵی ئەوەم نییە کە مووبەموو هەرچی ئۆرلان، ڕۆلان یا ڕۆتۆلانی تووڕە (چون بەهەرسێک ناو ناوی دەرچووبوو) کردوویەتی و گوتوویەتی و بیری لێ کردووەتەوە منیش بیکەم. بەڵام تێدەکۆشم لانی کەم لەو بەشە لە کارەکانی کە لە هەمووی بنەڕەتی تر بوون سەرمەشق وەربگرم. ڕەنگە خۆشم ڕازی بکەم کە بەتەقلید لە ئامادیس بێ ئەوەی دێوانەیی بکەم یا هەرا و فیتنە هەلاییسێنم و هەرا و هوریا بەرپا بکەم، تەنیا بگریم و بکەومە دەریای ڕەشبینی و ناهومێدی. کارێک کە ئەو کردی و لە هەموو کەس زۆرتر بەشۆرەت و شانازی گەیشت. سانکۆ گوتی: بەڵام پاڵەوانانێک کە ئەو کارانەیان دەکرد هانەیەکیان(*) هەبووە و لەبەر هۆکارگەلێک دەچوون دەو بەستێنە پڕ لە شێتی و کارە سەیر و سەمەرانەوە و چلەکێشییان دەکرد. بەڵام ئەربابی خۆم تۆ بەکام دەلیل خەریکی خۆتمان لێ شێت کەی؟ کام ئازا توانیویەتی تۆ لەمەیدان دەربکا. یا چ بەڵگە و نیشانەیەکت هەیە کە خاتوون دۆلسینەدۆتۆبۆزۆ دەگەڵ پاڵەوانێکی عەرەب یا مەسیحی کارێکی مندالانەی کردبێ؟ دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ قەستەم بەخودا کە مەسەلەکە ڕاست لێرەدایە و ئامانجی کاری منیش هەر دەو نوکتەیە دایە. ئەگەر قەرار بێ پاڵەوانێکی سەرگەردان بەدەلیل و هۆکارێکەوە شێت و دێوانە بێ لوتفێکی نابێ! گرینگ ئەوەیە پاڵەوان لە خۆڕا شێت بێ یا خۆی شێت بکا و کارێکی وابکا بەگراوییەکەی بێژن

١٩١- بڕوانە کتێبی «ڕۆلانی تووڕە» تەڕانەی بیست و سێیەم، بیست و چوارەم و سێیەم و... (مۆریس باردۆن)

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێک مێشکی عاشق ئاوا بێ، سەبەب و بێ هۆ بشڵەقێ و تێک بچێ وای بەوەختێکەوە هۆ و سەبەبێکیشی هەبێ. لە لایەکی ترەوە چ سەبەبێک لەوە بەهێزتر کە من ماوەیەکی زۆرە لە دلبەرە نازدارەکەم دۆلسینە دوور کەوتوومەوە؟ چون تۆ هەر وەک دوێنێ لە «ئامبرۆزیۆی» شوانت گوێ لێ بوو: «هەر کەس دوور بێ لە دۆست و یار، دەهاڕووژێ وەک شێت و هار!» کەوابوو ئەی سانکۆ وەختی خۆت بەنەسیحەت کردنی من تێپەڕ مەکە و پێت وانەبێ من لەو لاسایی کردنەوە ناپاب و بێ وێنە و ئاخربەخێرە دەست هەڵدەگرم. من دەمەوێ نامەیەکم بۆ بگەیەنییە خزمەت نازەنینەکەم دۆلسینە و تا زەمانێک کە لەو سەفەرە نەگەڕاوەیەوە و جوابت بۆ نەهێناومەوە دێوانەوار دەژیم و دەبێ دێوانە بم. ئەگەر وەڵام ی نامەکە ئەوە بوو کە من دەمەوێ زوو دەست لە چلەکێشی و خۆ شێت کردن دەکێشمەوە و ئەگەر بەپێچەوانەش بێ بەڕاستی دەبمە دێوانە و هیچ هەستێکم نامێنێ. کەوابوو دلبەری من هەر جۆرە جوابێک بداتەوە من لەو ڕەنج و پەرێشانییە کە تۆ منی دەگەڵ بەجێ دێڵی، ئاسوودە دەبم، چون لە جوابی باش و بەدڵی من کە تۆ بۆم دێنیتەوە، بەلوتفی عەقڵ و تێگەیشتن خۆشحاڵ دەبم و خۆش دەژیم و لە جوابی ناخۆش و دڵتەزێن بەلوتفی شێتی هەست بەئێش و ئازار ناکەم. بەڵام سانکۆ، بڵێ بزانم ئایا باشت ئاگاداری لە کڵاوخوودی مامبێڕن کردووە؟ من ئەو ڕۆژە کە سزاکێشە بەندییەکە دەیویست دەژێر پێی خۆیدا ورد و خاشی بکا و نەیتوانی، دیتم کە تۆ داهاتییەوە و لەزەوی هەڵت گرتەوە؛ و هەر ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە چەندە وەستایانە دروست کراوە و داڕێژراوە. سانکۆ دە جوابی ئەم قسەیەدا گوتی: ئای ئەی پاڵەوانی غەمگین ڕوخسار! سوبحانەڵلا! بەخودا قەسەم من چی تر تاقەتی ئەوەم نییە کە هێندێک لە فەرمایشاتی تۆ ببیسم. من ئاخری لەو قسانەی دەیانکەی وای تێ دەگەم کە هەرچی بەڕێزتان لەمەڕ ڕووداوی پاڵەوانی و گرتنی وڵاتان و ئیمپراتوریان و دانی دورگە و پاداش بەشێوەی پاڵەوانانی سەرگەردان دەیفەرمووی، هەمووی بادی هەوا و پڕوپووچە و هیچی تێدا بەستە نییە! چون هەر کەس لە زاری جەنابت ببیستێ کە بەلەگەن دەڵێی کڵاوخوود و زۆرتر لە چوار ڕۆژە لەو هەڵەیە دای بێجگە لەوەی وا فکر بکاتەوە کە مێشکی وێژەری ئەو قسانە عەیبی هێناوە، چ فکر دەکاتەوە؟ من ئەو لەگەنی ڕیش تاشینەم وەک خۆی بەتێکشکاوی دەخورجێنەکەم ناوە و دەمەوێ ڕۆژێک ئەگەر بەدیداری ماڵ و منداڵم شاد و شوکور بوومەوە، بیبەمەوە ماڵ و تەعمیری کەمەوە و ڕدێنمی تێدا بتاشم.

دۆن کیشۆت گوتی: چاوت لێ بێ سانکۆ، قەسەم بەو خودایەی کە تۆ سوێندت پێ خوارد، تۆ لە تەواوی ئەو مەیتەرانەی تا ئێستا لەو جیهانەدا ژیاون بێ شعوورتری! ئایا دەکرێ کە تۆ لەوکاتەوە کە دەگەڵ من دەهاتوچۆ دای، هێشتا تێ نەگەیشتبی کە تەواوی کاروباری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabiri.org

پاڵەوانانی سەرگەردان هەمووی خەیاڵ پلاو و وڕێنە و دێوانە ئاسا و بی مەعنا دێنە بەرچاو و هەموو ئیش و کاریان بەپێچەوانەی کاری خەڵکی ترە؟ و دەلیلی ئەوەش ئەوە نییە کە بەڕاستی ئەو کارانە وەهابن، بەڵکو دەنێو ئێمەدا هەمیشە دەستەیەک جادووگەر هەن کە بەپێی ئەوەی لوتفیان دەگەڵمان هەبێ یا قەستی ئازاری ئێمەیان هەبێ کارەکانمان بەدڵخوازی خۆیان دەگۆڕن، پێچەوانەی دەکەن و دەشێوێنن. هەر بەو دەلیلەشە کە ئەو شتەی لەبەر چاوی تۆ لەگەنە، بەلای منەوە کڵاوخوودی مامبێرنە و لەبەر چاوی یەکی تر شتێکی ترە و چ تێبینی و کارێکی عاقلانەی کرد ئەو حەکیمەی لایەنگری من، کە ئەو شتەی کە بەڕاستی کڵاوخوودی مامبێرنە لەبەر چاوی هەموو کەس کردی بەلەگەنی ڕیش تاشی! دەنا چۆن ئەم کڵاوخوودە شتێکی بەقیمەتە هەموو وەدوام دەکەوتن تا لە دەست منی دەربێنن. بەڵام چون ئێستا هەموو بەلەگەنی ڕیش تاشی لێی حاڵین، هیچ ئاوڕی وێ نادەن و کاریان پێ نییە. کاری ئەو کەسەش کە دەیویست بیشکێنێ و هەر لەوێ بەعەرزیدا دا ئەوەمان بۆ مسۆگەر دەکا. چون بەبڕوای من ئەگەر ئەو زانیبای ئەو شتە چییە، بەدەستی بەتاڵ نەدەڕۆیشت. بەهەرحاڵ هەڤاڵ جارێ با لە لای تۆ بێ چون من کارێکم پێی نییە. چون ئەگەر بمەوێ لە چلەکێشیی خۆمدا بەڕێی ڕۆلاندا بڕۆم دەبێ هەموو چەکوچۆڵێک لە خۆم دارنم و وەک چۆن لە دایک بووم دەبێ ئاواش ڕووتوقووت بم.»

هەر دووک لە کاتێکدا سەرگەرمی ئەو قسانە بوون، گەیشتنە بناری کێوێکی بڵند کە بەتەنیا لە بەردێکی یەکپارچە هەڵتەزیبووەوە و چەند کێوی تر دەوریان گرتبوو. لە داوێنی ئەو کێوەدا چۆمەلانێکی چکۆلە دەهاتە خوار و لە تەنیشت ئەو ئاوە مێرگ و چیمەنێکی ئەوەندە سەوز و زەنوێر بوو کە چاو لە دیتنی تێر نەدە بوو. چەند دارێکی تر لێرە و لەوێ و دوور لە یەکتر و چەند جۆرەگوڵی سەحرایی ئەو دیمەنەیان سەد هێندە ڕازاندبووەوە. پاڵەوانی غەمگین ڕوخسار ئەو شوێنەی بۆ چلەکێشیی خۆی هەڵبژارد. هەر لەو چرکەساتەدا کە چاوی بەو شوێنە کەوت وەک لە دەمێک پێشترەوە شێت بووبێ، بەدەنگی بڵند هاواری کرد: «ئاه! ئەی ئاسمان! ئەوەتا ئەو شوێنەی من دیاریی دەکەم تا بۆ ڕۆژەڕەشییەکی کە خۆت بۆمنت پێک هێناوە فرمێسکان هەڵوەرێنم! ئەوە شوێنێکە کە فرمێسکی چاوم تێکەڵاوی ئاوی ئەم جۆبارە دەبێ، شوێنێکە کە هەناسە قووڵ و درێژەکانم بەنیشانەی پەژارەیەک کە دڵم دەبرژێنێ، هەمووکات گەڵای ئەو دارانە لەو کۆسارانەدا دەلەرێنێتەوە! ئاخ ئەی خواوەندانی دێهاتی کە دەو هەرێمە چۆلگەیەدا نیشتەجێ بوون، هەر کەس کە هەن، بو ناڵە و هاوارەکانی ئەو دڵدارە بێ ئەنوایە کە بۆ گریان لە دەردی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

دوورییەکی درێژ خایەن و بەبەهانەی حەسوودی و دڵپیسییەک پەنای بۆ ئەم بیابان و بێروونە هێناوە؛ گوێ بگرن. ئەو عاشقەی کە لە جەفای دلبەری بێ وەفای خۆی کە نوێنەری جوانی و ئاخرین گوڵواژەی جەماڵی بەشەرییە گازندە دەکا و پەنای بۆ ئێوە هێناوە. ئەی پەرییەکانی مێشە و مێرغوزاران کە زۆرتر لە دڵی چیاکاندا جێ دەگرن، خودا بکا ئەو جندۆکە سووکەسەر و هەرزە و بێ کەڵکانە کە ئێوە بێهوودە بوونە خودای ئەوان، هەرگیز ئاسوودەیی و ئارامی شیرینی ئێوە نەشێوێنن، بەو مەرجە کە ئێوەش دەستی من بگرن. یارمەتیم بدەن و تا بەسەر ڕۆژەرەشیی خۆمدا بگریم. یا لانی کەم لە بیستنیناڵەکانی من ڕوو گرژ مەکەن! ئەی دۆلسینە دۆتۆبۆزۆ، ئەی ڕۆژی شەوگاری تاریکانیم، ئەی شانازیی مەینەتی و داماویی من، ئەی ڕووگەی سەفەر و هاتوچۆکانم.

ئەی ئەستێرەی بەختم، خواوەند بەختی سپی بدا بەتۆ و هەرچی ئارەزووتە پێی بگەی، بەو مەرجە تۆش ئاوڕی ڕەحمەتێ وە من دەی و ببینی کە لە دووریت ڕووم دەکوێ کردووە و کەوتوومەتە چ حاڵ و ڕۆژێک و جوابێکی هیوا بزوێن کە شایستەی خۆڕاگریی من دەئەویندا بێ بۆ منی بنێرییەوە! ئێوە ئەی دارستانی گۆشەگیر و تەنیا کە لەمەودوا هاودەمی تەنیایی و گۆشەگیریی من دەبن، بەزەمزەمە و چەپڵەڕێزانی گەڵاکانتان نیشان بدەن کە بوونی منتان لێرە پێ ناخۆش نییە! ئەتۆش ئەی مەیتەری چاک و وەفادار کە هاودەمی ڕۆژانی خۆشی و ناخۆشی، ژیانی منی، کار و ئاکاری من، هەرچی لێرە دەیبینی بەبیرگەتی بسپێرە تا بۆ کەسێک کە تەنیا هاندەر و بیانووی ئەم کارانەیە، بیگێڕیتەوە و حەکایەتی بکەی!...»

دۆن کیشۆت پاش گوتنی ئەم قسانەی کۆتایی لە ئەسپەکەی پیادە بوو، لغاو و زین و بەرگی لە ڕۆسینانت کردەوە و بەدەستی خۆی سەبرێکی لە پاشەڵی دا و گوتی: ئەی خۆش بەز، کە هەر چەند هەموو کارت شاکارە بەڵام تۆش وەک خۆم ڕۆژەرەشی. ئێستا لە دەستی کەسێک کە ئازادیی خۆی لە دەست داوە، ئازادیی خۆت وەربگرە و بۆ هەر شوێنێک کە دڵخوازی تۆیە بڕۆ چون لە نێوچاوانت نووسراوە کە لە باری هێز و تیژ هەلاتن و بەتاقەتیدا، نە ئەسپی باڵداری «ئاستۆلف»[١٩٢] و نە «فرۆنتۆن»ی ناودار کە ئەو گشتە بۆ

---

١٩٢- ئاستۆلف Astolphe شازادەی ئەفسانەیی ئینگلیزی و یەکێک لە پاڵەوانە ئازاکان بوو کە دە خزمەت «رۆلانی تووڕە»دا شمشێروەشێن بوو. ئەو شازادەیە ئەسپێکی باڵدار و شەیپوورێکی ڕەمزاویی هەبوو. کە هیچ زیندەوەرێک تاقەتی بیستنی دەنگی گوێ پچڕێن و ناخۆشی ئەو شەیپوورەی نەبوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«برادامانت»[١٩٣] گران کەوت، هیچ کام دەگەڵ تۆ بەرانبەر نەبوون. سانکۆ کە ئەوهای دیت بەدەنگی بەرز گوتی: سەیرە! چ کارێکی باشی کرد ئەوەی کەری منی دزی و ئێمەی لە زەحمەتی کورتان هەڵگرتن و جل وجۆر هێنانە خوار و هەوسار و پاڵوو ڕزگار کرد! بێگومان ئەگەر ئێستا لێرە بووایە، دەبوو نازی بکەم و بیلاوێنمەوە، قسەی زەلام زەلامی عەرز بکەم. بەڵام ئەگەر لێرە بووایە ئیزنم بەکەس نەدەدا پالانی لەسەر پشتی هەڵبگرێ چون ئەو کارە چ فایدەیەکی هەبوو؟ ئەو چ کارێکی بەوەیە کە نێوی عاشقان و ناهومێدان ببیسێ؟ چون خاوەنەکەی ئەگەر خودا حەزی لێ با، هەر خۆم دەبووم، کە نە عاشقم و نە ناهومێد و دڵسووتاو. بەڕاستی ئەی بەڕێز پاڵەوانی غەمگین ڕوخسار، ئەگەر چوونی من بۆ لای «تۆبۆزۆ» و شێتیی چلەکێشانی تۆ جەفەنگ نییە و بەڕاستییە، کاری باش ئەوەیە دووبارە ڕۆسینانت زین بکەینەوە تا قەرەبووی بێ گوێدرێژیی من بکاتەوە. بەم شێوە هەم دەرۆیشتن دا و هەم دەگەڕانەوەدا کاتمان بەفیرۆ ناچێ و زووتر دێمەوە. چون ئەگەر ئەو ڕێگایە بە پێیان برۆم ئەوەندە سەبرسەبر دەرۆم و لاقم لە دوو نایەن کە نازانم کەی دەگەمێ و کەی دەگەڕێمەوە. دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ، من دەڵێم تۆ هەر چی پێت باشە هەروا بکە و ئەو فکرەی تۆ بەڕای من زۆر دروستە. با ئەوەشت پێ بڵێم تۆ دەبێ پاش سێ ڕۆژی تر وە ڕێ کەوێ، تا دەوماویەدا هەرچی لە دووریی ئەو دەیڵێم و دەیکەم ببینی و بۆی بگێڕییەوە. سانکۆ پرسی: مەگەر بێجگە لەوانەی دیومن، چ ماوە ببینم؟

دۆن کیشۆت گوتی: جا تۆ تا ئێستا چیت دیوە؟ مەگەر من نابێ ئێستا جلوبەرگم دادڕم، چەکوچۆڵ تووڕهەڵدەم و لەسەر ئەم گاشەبەردانە هەڵبەزدابەز و زۆر کاری تری لەم چەشنە بکەم کە تۆ سەرت سوڕ بمینێ و هەزار جار ئافەرینم پێ بڵێی؟ سانکۆ گوتی: ئەرباب بۆخاتری خودای دەوهەڵبەزدابەزەیدا کە لەسەر ئەم بەرد و گابەردانە دەیکەی، ئاگات لە خۆت بێ، دەنا لەوانەیە هەر دەیەکەم بازداندا بکەویتە سەر تەق تەقە بەردێک یا تووشی بارودۆخێک بی کە بەرنامەی چلەکێشانت لە کیس بچێ. من لەسەر ئەم بڕوایەم ئێستا کە حەزرەتی بەڕێزتان ئەم هەڵبەز و بازدان و خۆفڕێدانە بەپێویست دەزانن و ناتوانن لەو کارانە سەرفی نەزەر بفەرموون، چون ئەم کارانە هەمووی ساختەیی(*) و بۆ شۆخی و پێکەنین دەکرێن، باشتر ئەوەیە دەنێو ئاودا یا لەسەر شتێکی نەرمی وەک لۆکە

---

١٩٣- برادامانت Bradamante کچێکی ئازا و پاڵەوان بوو کە دەگەڵ چەند پاڵەوانی تر ڕەگەڵ ڕۆڵانی تووڕە کەوتبوو. پاشان دەگەڵ Roger زەماوەندی کرد. ئەسپێکی بوو بەناوی «فرۆنتۆن» کە زۆر بەناوبانگ بوو. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

سەرمەقولاتان(*) بدەی و لەوانی تر بگەڕێی. باقییەکەی بەمن بسپێرە. من خۆم دەزانم بەدۆلسینە خاتوون بێژم کە حەزرەتی پاڵەوان لەسەر تیژەبەردان کە لە ئەڵماس تیژتر بوون سەرمەقولاتی لێ دەدا. دۆن کیشۆت دە جوابدا گوتی: هەڤاڵ سانکۆ، من لە نیازپاکیی تۆ سپاسم هەیە بەڵام دەمەوێ تێت بگەیەنم تەواوی ئەو کارانەی من لێرە دەیانکەم نە تەنیا فشە و گاڵتە نین، بەڵکو بەتەواوی مانا بەڕاستی و جیددین، چون ئەگەر وا نەبێ دەبێتە پێچەوانەی یاسا و ڕێسای پاڵەوانی کە ئێمەی لە درۆ کردن مەنع کردووە و کەسێک ئەو یاسا و ڕیسایە وەپشت گوێ بخا لە زومرەی پاڵەوانان نییە و ترۆ دەکرێ: ئەوجار ئەنجامدانی کارێک بەجێی کارێکی تر هەر وەک درۆ کردن وایە. کەوابوو هەڵبەزدابەز و سەرمەقولات و کەوتن و هەستانەوەکانم دەبێ ڕاستگۆیانە و بەڕاستی بێ و دەوکارانەمدا ڕەنگی ڕیا و سەفسەتە و ڕواڵەتبازی تێدا نەبێ. تەنانەت پێویستە تۆ هێندێک پارچە بۆ برین پێچی لێرە دابنێی. چون تەقدیر وای ویستووە، ئێمە شەربەتەکەمان لە دەست بدەین. سانکۆ گوتی: خراپتر لەوەش ئەوەیە کە ئێمە کەرەکەشمان لە دەست داوە، چون هەرچی پارچە و پێداویستی هەمانبوو دەگەڵ ئەو لە دەست چوون و من لە حەزرەتی پاڵەوان تکا دەکەم تازە باسی ئەو شەربەتە نەکەن چونکە هەر کە ناوی دەبیسم، دڵم تێکەڵ دێ و لەوانەیە جەرگ و ڕێخۆڵەم بەهێلنجان بێنمە دەر. بێجگە لەوەش تکام ئەوەیە ئەو سێ ڕۆژەی کە مۆڵەتت داومێ تا بمێنمەوە و شێت بازییەکانت چاو لێ بکەم، بەتێپەڕیو دابنێ. من بەڵێنی دەدەم کە هەموویانم دیتووە و شایەدی دەدەم کە هەمووی ڕاست و دروستە. من شتی سەیر و سەمەرە لەمەڕ ئەم کارانە بەخاتوون دۆلسینە دەڵێم: بەڵام تۆ نامەکەت بنووسە و هەرچی زووتر ڕەوانەم کە با بڕۆم. چون من لە قووڵایی دڵمەوە ئارەزوو دەکەم هەرچی زووتر حەزرەتی بەڕێزتان لەم بەرزەخە بکێشمە دەرەوە. دۆن کیشۆت گوتی: بەرزەخت گوت سانکۆ؟ دەبووایە بڵێی دوزەخ، تەنانەت ئەگەر نێوێکی خراپتریشت پێ شک دێ دەکاری بێنە. سانکۆ گوتی: وەک بیستوومە ئەوانەی لە دۆزەخن «فیهم خاڵتوون»(١٩٤) یشن. دۆن کیشۆت گوتی: من دەمانای »خاڵتوون» ناگەم. سانکۆ گوتی مانای «خاڵتوون» ئەوەیە هەر کەس لە دۆزەخدا بێ، هەرگیز ناتوانێ لێی دەرباز بێ و تا هەتاهەتا لەوێدا دەمێنێتەوە. ئەڵبەتە لە واری بەڕێزتانەوە کار بەپێچەوانەیە. چون ئەگەر من مامزە لە کەلەکەی ڕۆسینانت وەکاربخەم، ڕۆسینانت باڵ دەگرێ و ئەوەندە بەسە پام بگاتە شاری و

١٩٤- In inferno nulla est redemptio ڕستەیەکی لاتینییە و بەمانای ئەو دەستەواژە عەرەبییە هاتووە «هم فیها خالدون» یانی تا ئەبەد لە دۆزەخدا دەمێننەوە. سانکۆ بەهۆی نەخوێندەوارییەوە «خالدون» بە«خالتوون» دەخوێنێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

بەخزمەت خاتوون دۆلسینە بگەم. ئەودەم لەمەڕ کەریەتی و دێوانەیی حەزرەتی بەڕێزتان (کەریەتی و دێوانەیی هەریەکن) کە تا ئێستا کردووتانە یا ئێستا ماوە کە بیکەی، وەها باس دەکەم و شتی وا دەگێڕمەوە کە ئەگەر دڵی لە کۆلکەداری چێوپەمۆش ڕەقتر بێ لە دەستکێشی نەرمتر دەکەم و بەو جوابەنەرم و دڵخۆش کەرەوە وەک جادووگەرێکی عەییار بەحەوادا دەگەڕێمەوە و ئێوە لەم بەرزەخە کە بەلاتانەوە دۆزەخە ڕزگار دەکەم. هەر چەند ناکرێ پێی بڵێی دۆزەخ چون هیوام زۆرە ئێوەی لێ بێنمە دەرەوە، لە کاتێکدا بۆ دۆزەخییەکان وەک گوتم ئەم ئومێدە لە ئاردانییە و من پێم وانییە بەڕێزتان بڕوایەکی ترتان هەبێ. پاڵەوانی غەمگین ڕوخسار گوتی: بەڵێ، ئەوە زۆر دروستە. بەلام بۆ نووسینی نامە دەبێ چ بکەین؟ سانکۆ گوتی: وەهەروەها بۆ نووسینی حەواڵەی سێ جاشە کەرەکەش فکرێک بکەوە. دۆن کیشۆت گوتی: ئەویشت دەگەڵ نامەکەم بۆ دەنووسم و ئێستاکە کاغەزمان دەست ناکەوێ باشتر ئەوەیە کە وەک قەدیمییەکان لەسەر گەلای دار یا لەوحی مێوین بنووسین. هەر چەند بەڕاستی وەدەستهێنانی مۆم (مێو) لە پەیدا کردنی کاغەز ئاسانتر نییە: بەلام ڕاوەستە شتێک بەفکرم گەیشت کە بۆ نووسین زۆر باشە و تەنانەت لە باشیش باشترە و ئەویش هەمان دەفتەرچە باغەلییەکەیە کە کاردینیۆ ونی کردووە. ئەڵبەتە تۆ دەبێ کە گەیشتییە هەوەڵین گوند ئەم نووسراوە بدەی بەمامۆستایەکی قوتابخانە و بەخەتێکی خۆش لەسەر کاغەزێکی جوان بینووسێتەوە. ئەگەر مامۆستای قوتابخانە دەست نەکەوت، یەکەم خادیمی کلیسا کە تووشی بووی ئەم کارەت بۆ ئەنجام دەدا: بەلام ئامان ئامان! نەکەی نامەکە بدەیە دەست دەفتەردارانی(*) سەبتی، چون ئەم تاقمە خەتێکی ڕەشکە و پێشکەیان هەیە کە بەشەیتانیش ناخوێندرێتەوە. سانکۆ گوتی: ئەدی بۆ ئیمزا کردنی نامەکە چ بکەم؟ دۆن کیشۆت گوتی: ئامادیسی گۆل هیچ کات نامەکانی خۆی ئیمزا (مۆر) نە دەکرد. سانکۆ گوتی: زۆر باشە، بەلام حەواڵەی سێ جاشکە کە هەر دەبێ ئیمزا بکرێ، چون ئەگەر مەتنی حەواڵەکە بەرینە سەر کاغەزێکی تر دەڵێن ئیمزاکەی جەعلە(*) و من بێ جاشەکەر دەمێنمەوە. دۆن کیشۆت گوتی: من حەواڵەکە دە دەفتەرچەی باغەڵی کاردینیۆدا دەنووسم و ئیمزاشی دەکەم و کاتێک برازاکەم ئیمزای من ببینێ دەیناسێتەوە و گرفتێک دروست ناکا. بەلام بۆ نامە عاشقانەکە بەجێگەی ئیمزا دەبێ لە بن نامەکە بنووسی: «بەندەی هەتا سەری تۆ، پاڵەوانی خەمگین ڕوخسار» و ئەوەیش گرینگ نییە کە ئەم نامە بەخەت و نووسینی کەسێکی تر بێ. چون ئەگەر باشم لەبیر مابێ دۆلسینە سەوادی خوێندنەوە و نووسینی نییە و لە تەواوی ژیانیدا نامەیەکی بەخەتی من نەدیتووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەراستیدا سانکۆ، دڵداریی من و ئەو هەمیشە زۆر ئەفلاتوونی بووە و هیچ کات لە سنووری چاو برکێیەکی مەعسوومانە تێ نەپەڕیوە. ئەویش ئەوەند لە دوورەوە بووە کە من دەتوانم بەویجدانێکی ئاسوودەوە سوێندت بۆ بخۆم کە دەماوەی ئەو دوازدە ساڵەدا کە من ئەوم لە بیلبیلەی چاوم – کە ڕۆژێک دەبێتە خۆراکی ماروموێروو – زۆرتر خۆش ویستووە، چوار جارم نەدیتووە و لەو چوار جارەش ڕەنگە جارێک پێی نەزانیبێ کە ئەوا من چاوی لێ دەکەم. ئەوەندەی باوکی «لۆرێنزۆ کۆرشۆئیلۆ»Lorenzo corchoelo و دایکی «ئاڵدۆنزا نۆگالێس» Aldonza Nogles ئەویان دە جێگایەکی بەستراو و دەست بەسەردا بارهێناوە. سانکۆ هاواری کرد کە: چلۆن؟ چلۆن؟ ئەوە هەمان کچی «لۆرێنزۆ کۆرشۆئیلۆ»یە کە ئەمڕۆ بەخاتوون دۆلسینە تۆبۆزۆ ناوبانگی دەر کردووە؟ هەر ئەوەی کە «ئالدۆنزالۆرێنزۆ»شی پێ دەڵێن؟ دۆن کیشۆت گوتی: بەڵێ ڕاست خۆیەتی، هەمان ئەو کەسەی کە شایستەیە بەسەر تەواوی دنیادا پاشایەتی بکا. سانکۆ گوتی: «سەیرە من باشی دەناسم و دەتوانم بێژم کە وەزنەی ئاسن باشتر لە بەهێزترین کوڕەکانی گوند تووڕ هەڵدەدا پەنا بۆ خودا! عەجەب کچەتیوێکی ڕووداماڵاوی مل ئەستوور و سەڵیتەیە. باوەڕ بکە سەڵیتەی وەک خۆی کەمە و هەر پاڵەوانێکی سەرگەردان خۆشەویستی، خۆی پێ نیشان بدا تێدا دەچێ. ئەو هەزار کەری وا دەباتە سەر جۆگە و ئاوی نادا و دەیگەڕێنێتەوە. ئەو دایک قەحبەیە نازانی چ دەنگێکی ناخۆشی هەیە و چ گەرووپەک! هەر ئەوندەت دەتوانم عەرز کەم ڕۆژێک ڕۆیشتە سەر بورجی کلیساکەی دێ تا کرێکارەکانی مەزرای باوکی بانگ بکا و باوەکو کارگەرەکان نیو فرسەخ دوورتر بوون دەنگی ئەویان وەها بەباشی گوێ لێ بوو دەتگوت لە بن بورجەکە ڕاوەستاون. باشترین سیفەتی ئەو کچە ئەوەیە کە حیز نییە و ئەداوئەتواری سەیر و سەمەرەی هەیە. دەگەڵ هەموو کەس شۆخی و دم بەدمەی(*) دەکا و لەخۆڕا پێدەکەنێ و خۆی لە کەریەتی دەدا و خەڵکیش بەکەر دەزانێ. ئێستا ئەی پاڵەوانی خەمگین ڕوخسار. من دەمەوێ عەرزت بکەم کە جەنابت بەخاتری ئەو نە تەنیا دەبێ دەست بەکاری شێتانە بکەی، بەڵکو دەتوانی بەحەق لە ژیان تێربی و خۆت بخنکێنی و لە نێو گشت ئەوانەدا کە ئەو خەبەرەیان پێ دەگا کەس نابێ نەڵێ کارێکی چاکت کردووە. ئاخ پێم خۆش بوو هەر ئێستا وەڕێ کەوتبایەم، تەنیا بەشقی ئەوەی جارێکیتر چاوم پێی بکەوێ، چۆن زۆر لەمێژە نەمدیوە بەڕاستی ئێستا دەبێ زۆر گۆڕابێ، چون هیچ شتێک بەقەدەر کار کردن لە سەحرا و لەبەر خۆرەتاو و با، ڕەنگ و ڕووی جوانیی ژنان لەناو نابا. بەو حاڵەشەوە ئەی حەزرەتی دۆن کیشۆت من دەبێ لە خزمەت تۆ ئیقرار بەشتێکی بکەم کە تا ئێستا لەبیرم نەبوو. منی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

ساوێلکە پێم وابوو کە دۆلسینە خانم کچی نەجیب زادەیەکی پایەبەرزە کە حەزرەتی بەڕێزتان عاشقی بوون و ئەو شان و شکۆیەی هەیە و شایانی ئەوە هەیە کە دیاری وەک «بیسکایی بەزیو» و سزاکێشانی لەبەند خەلەستوو(*) و زۆرێکی تر لە سەرکەوتنەکانی بەڕێزتان کە ماشەڵلا دەگەڵ سەرکەوتنەکانی پێش مەیتەریی من دەژمار نایەن، پێشکەشی بکەی. بەڵام بەسەرنج دان بەگشت لایەنەکان، لەوەی کە خاتوون «ئالدۆنزالۆرینزۆ» یا ببوورە خاتوون دۆلسینە دۆتۆبۆزۆ، ببینێ کە ئەو دوژمنە بەزیوانە کە جەنابت ناردووتنە خزمەتی یا دەینێرن، لەبەر پێی دەکەونە سەر ئەژنۆ. بۆ ئەو چ قازانجێکی هەیە؟ لەوانەیە ئەوکاتی کە ئەسیرەکانی دەگەنە خزمەتی خەریکی پاک کردنی شەدانە یا کوتانی گەنم لە عەمبار دا بێ و ئەم کەسانە لە دیتنی ئەو دەو حاڵەتەدا تووڕە بن یا ئەو خۆی ئەم دیارییانە مەسخەرە بکا و یا خۆشی لە چارەیان نەیا. دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ من سەدجارم پێ گوتووی کە زۆری دەڕێسی(*) و بەو فکرە کورت و عەقڵە ناتەواوەت ئەغلەب قسەی بێ تام دەکەی و تەشەر و تانوونم لێ دەدەی. بەڵام بۆ ئەوەی بزانی تۆ چەندە کەر و من چەند عاقڵم، دەمەوێ گوێ بۆ ئەم نەقڵە چکۆلە ڕادێری: «جا بزانە و ئاگادار بە کە بێوەژنێکی لەبار و جوان و بێ بەندوبار و دەوڵەمەند و بەتایبەتی دڵتەڕ هەبوو کە عاشقی لاوێکی مجێوری کلیسا بوو، کە کوڕێکی چوارشانە و جوان چاک و شاد و خۆش مەشرەف بوو. برا گەورەگەی لەم کەینوبەینە ئاگادار بووەوە و ڕۆژێک بەنەسیحەت و دڵسۆزییەوە بەبێوەژنەکەی گوت: خاتوون من بەڕاستی بەلامەوە سەیرە کە خانمێکی وەک تۆ نەجیب و بەشان و شەوکەوت عاشقی پیاوێکی پەست و ئاسایی و عامی وەک فلانی بێ، لە کاتێکدا هەر لەو کلیسایە ئەو گشتە مامۆستا و زانا وپیاوی گەورەی لێیە کە بەڕێزتان دەتوانن وەک هەرمێییەکی شیرین و بەتام لە نێو سەدان هەرمێدا یەکیان هەڵبژێری و بڵێی «ئەوەیان بۆ من باشە» یا «ئەو یەکەم پێ لەهەمووان باشترە»، بەڵام خانم بێ پەردە و دەق ودۆغری دە جوابیدا گوتی: «ئەی برای زۆر خۆشەویست و ئەی وەلینعمەتی من، ئەگەر پێت وایە من دە هەڵبژاردنی فلانیدا بەهەڵە چووم، هەر چەند بەڕای تۆ ڕەنگە کەرێک بێ لەو دەشتە، با پێت بڵێم کە تۆ بەهەڵە چووی و وەک قەدیمی یەکان فکرت کردووەتەوە. چون ئەو دەزانایی کارێکدا کە من لەبەر ئەو کارە هەڵم بژاردووە، بەقەدەر ئەرەستوو زانایە.» کەوابوو ئەی سانکۆ، بۆ کارێکی کە من بەدۆلسینەم هەیە ئەو لە بەنرخترین شازادە خانمەکانی دنیا لەسەرترە و زۆرتر بەکاری من دێ. نەچی پێت وابێ تەواوی ئەو شاعیرانە کە دەپێهەڵاگوتنی ژناندا جوانترین شێعر دەهۆننەوە، بەڕاستی عاشقی ئەوانن. تۆ فکر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکەیەوە کە «ئامادیلیس» و «فیلیس» و «سیلوی» و«دیان» و «گالاتە» و کێ وکێ... ئەو ژنە بەناوبانگانە کە نێویان بووەتە ناو ئاختی سەدان شێعر و قەسیدە و غەزەل و دیوانە شێعر و لە دووکانی سەرتاشی و شانۆگەریی کۆمێدیدا نێویان دەبەن و یادیان دەکەن. بەڕاستی لەسەر ئەرزی واقیع هەبوون و گراویی کەسانێک بوون کە ناویانی بەرز کردووەتەوە؟ خێر، بەڕاستی وا نییە. زورێک لە شاعیران ئەم خاتوونەیان دەدینای خەیاڵی خۆیاندا خوڵقاندووە تا بابەت و مەزموونێکیان دابێ بەشێعرەکانیان و خەڵک بەعاشقیان بزانن یا لانی کەم پێیان وابێ ئەوانە سەریان لە دڵداری دەردەچێ و بۆیە دەبێ عاشقیان بن. کەوابوو بۆ من هەر ئەوەندە بەسە کە بیر بکەمەوە و لێم یەقین بێ کە ئالدۆنزالۆریترۆی خۆشەویستی من جوانە و زاناشە. عەسڵ و نەسەبی ئەو زۆر گرینگ نییە؛ چون ئێمە خۆ نامانەوێ لەم بارەوە لێکولێنەوە بکەین و تاجی شانازی لەسەر دابنێین. هەر ئەوەندە بەسە کە من پێم وایە جوانترین شادۆتی ئەو دنیایە خۆیەتی: چون بەهەر حاڵ سانکۆ، ئەگەر نازانی بزانە کە دووشت زۆرتر لە هەمووشت وروژێنەری دڵدارین، یەکیان جوانیی ڕوخسار، ئەوی دی جوانی ناوبانگ و ئاکار. وە ئەم هەر دوو لایەنە لە دۆلسینەدا کۆ بوونەتەوە. چون دەجوانیی ڕوخساردا هیچ کەس نایگاتێ و دە جوانیی ئاکار و ناوبانگیشدا کەم کەس هەیە کە بتوانین وەک ئەوی هەڵسەنگێنین. کورتەی کەلام، من وای تێ دەگەم بێ کەم وزیاد کردن دۆلسینە دروست ئەوەیە کە گوتم و من ئەوی لەباری ڕەسەنایەتیی بنەچەکە و هەم لەباری شۆخ و شەنگی بەدڵخوازی خۆم لەسەر ئاوێنەی بینینی خۆم ڕەسم دەکەم تا ئەو جێگایەی کە نە هێلێن و نە لۆکریس و نە هیچ جوانێکی ئەو دنیایە و ژنانی ڕابردوو چ ڕۆمی و چ یۆنانی و چ بەربەر دەسکەنەی(*) لەدوو نەکەن!

ئێستا هەر کەس چ دەڵێ با بڵێ و ئەگەر نەزانان تەشەر و تانووتم لێ دەن لانی کەم زانایان و دژوار پەسندان(*) ئیرادم لێ ناگرن. سانکۆ گوتی: منیش دەڵێم کە جەنابت فەرمایشتەکانت هەمووی دروستە و من لە کەر کەرترم و بۆخۆشم تێ ناگەم بۆ ناوی «کەر»م لە زاری ناکەوێ و هێندەی دووپات دەکەمەوە چون بەپێی قاعیدە مارەنگاز لە پەتکی ڕەش و سپی دەترسێ(١٩٥). دۆن کیشۆت دەفتەری کاردینیۆی هەڵگرت و ڕۆیشتە گۆشەیەک و دەستی کرد بەنووسین. کاتێک لە نووسین، تەواو بوو سانکۆی بانگ کرد و پێی گوت کە دەیەوێ نامەکەی بۆ بخوێنێتەوە تا ڕستەکانی بەزەینی بسپێرێ چون لەبەختی ڕەشی ئەو

١٩٥- وەرگێڕاوی ئەو پەندە فارسییە «مار گزیده از ریسمان سیاه و سفید می ترسد». (وەرگێڕ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

بەدوور نییە نامەکە لە ڕێگا دا ون بکا. سانکۆ گوتی: باشتر ئەوەیە جەنابت نامەکە دوو سێ جار دە دەفتەرەکە وا بنووسی و پاشان بەمنی بسپێری. من خۆم دەزانم چۆنی هەڵبگرم. بەڵام فکری ئەوەی کە من نامەکە لەبەر کەم فکرێکی ئەحمەقانەیە. چون بیرگەی من ئەوەندە کزە کە جاری وایە نێوی خۆم لەبیر دەچێتەوە. بەهەرحاڵ نامەکەم بۆ بخوێنەوە کە من لە بیستنی ئەو خۆشحاڵ دەبم. دەزانم دەبێ جوانت نووسیبێ. دۆن کیشۆت گوتی: دەجا گوێم بۆ ڕاگرە، ئەوە مەزموونی نامەکەیە:

نامەی دۆن کیشۆت بۆ دۆلسینە دۆتۆبۆزۆ

«خاتوونی پایەبەرز و گەورەوار(*)؛

ئەی دڵبەری نازەنینی من دۆلسینە دۆتۆبۆزۆ، ئەم کوشتەی تیری جەرگبڕی دوورکەوتەی تۆ کە دڵی پڕخوێن و برینداره، گەرچی خۆی لە نیعمەتی لەش ساغی بێ بەشە، سلامەتیی وجوودی نازەنینی تۆ بەدڵ ئارەزوو دەکا. ئەگەر خودا بەو ڕۆژە نەکا ڕووی خۆشەویستیم لێ وەرگێڕی یا چاوی ئاورِ لێدانەوەم لێ بقووچێنی یا بەجەور و جەفات گیانم بگەیەنیتە سەر لێوان، هەرچەندە من دە هەڵگرتن و کێشانی باری مەینەتی و دەرد و گرفتاریدا ئازا و خۆڕاگرم، زەحمەتە بتوانم دەبەرانبەر بێ مێهری و تووڕەیی تۆدا، خۆم ڕاگرم و بمێنم. ئەی دڵبەری بێ وەفا، ئەی دوژمنی بەرپەرستی من. ئەوە سانکۆم ناردە خزمەتت. ئەو مەیتەرە وەفادارەی من باسی ڕۆژگارڕەشی و ژیانی تاڵی منت بۆ دەکا؛ ئەگەر تۆ دڵت بەئەحواڵی من بسووتێ، بەهاوارم بگە کە من بەندەی تۆم، ئەگەر نا هەر چی حەزت لێ یە ئاوا بکە، چون من بەکۆتاییهێنان بەژیانی خۆم ڕەزامەندیی جەفای تۆ و وەفای خۆم پێک دێنم.

«بەندەی هەتا سەر، پاڵەوانی خەمگین ڕوخسار»

سانکۆ کاتێک دەقی نامەکەی بیست هاواری کرد کە: «بەڕۆحی باوکم من تا ئێستا نووسراوەی ئاوا بەرز و سەرنجڕاکێشم نەبیستووە. «**جلّ الخالق!**» ڕاستی حەزرەتی بەڕێزتان ئەوەی ویستووتە پێی بڵێی باشت گوتووە! بەتایبەتی ئاخری نامەکەت چەندە جوان بەئیمزای «پاڵەوانی خەمگین ڕوخسار» کۆتایی پێ هێناوە! من پێی دەڵێم کە تۆ بەڕاستی خۆت شەیتانێکی و هیچ شتێک نییە نەیزانی. دۆن کیشۆت گوتی بۆ ئەو شۆغڵەی من، پیاو دەبێ هەموو شتێک بزانێ. سانکۆ گوتی: زۆر باشە، دە جا زەحمەت نەبێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



حەواڵەی سێ جاشەکەرەکەش هەر لە ژێر ئەم نامەیە بۆ من بنووسە و زۆریش بەجوانی و بەئاشکرایی ئیمزای بکە تا ئەوەی کە چاویان پێی کەوت، ئیمزاکەت بناسنەوە. دۆن کیشۆت گوتی: ئەی بەچاوان! پاشان حەواڵەکەی نووسی و بۆ سانکۆی خوێندەوە:

«خوشکەزای خۆشەویستم، تکایە بەپێی ئەم نامەیە سێ سەر لە پێنج سەر جاشەکەری من کە لە ماڵەوەم بەجێ هێشتوون و ئاگاداری لەوانم بەتۆ ئەسپارردووە، تەحویلی سانکۆپانزای مەیتەری من بدە و ئەوەشت پێ بڵێم کە پووڵی هەر سێک جاشکەکانم لێرە لێ وەرگرتووە. ئەم حەواڵە و ڕەسیدی(*) جاشەکەرەکان لە لای خۆت ڕابگرە کە بەحیساب بگیرێن. نووسرا دەقووڵایی چیاکانی سیرامۆرنادا، ٢٧ ی ئووتی ساڵی جاری.»

سانکۆ هاواری کرد: ئافەرین! ئافەرین! بژی! بژی! ئێستا حەزرەتی بەڕێزتان هەر ماوە ئیمزای بکەی. دۆن کیشۆت گوتی: ئیمزا کردنی ناوێ. ئەوەندە بەسە ناوی خۆم لە ژێر حەواڵەکە بنووسم و هەر ئەوە نە تەنیا بۆ سێ سەر جاشەکەر بەڵکە بۆ سێ سەد سەر کەرەگەل، بەئەندازەی ئیمزا ئیعتیباری هەیە. سانکۆ گوتی: «من بڕوام بەحەزرەتی بەڕێزتان هەیە، کەوابوو ئیزنم بدە بچم ڕۆسینانت زین بکەم و جەنابیشت دوعای بەخێرم بۆ بکە، چون دەمەوێ بێ ئەوەی هەڵبەزدابەز و جرت وفرتی بەڕێزتان ببینم، زوو وەڕێ کەوم و من خۆم دەزانم چۆن باسی کەربازارییەکانی تۆ بکەم و بڵێم چهام دیتووە. دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ، بەڵام من لەسەر ئەم بڕوایەم زۆر لازمە. لانی کەم من بەڕووتی ببینی و دە دوازدە جۆر کاری شێتانەم چاو لێ بکەی، ئەم کارە هەمووی نیو سەعات زۆرتر ناکێشێ، ئەودەم دەتوانی بەویژدانی ئاسوودەترەوە، هەرچی دەتەوێ لێی زیاد بکەی. هەرچەند دەزانم کە دیسان ناتوانی ئەوەی کە دەمەوێ ئەنجامی بدەم بەجوانی بیگێڕییەوە. سانکۆ گوتی: ئەرباب تۆ خودا کارێکی وا مەکە بەڕووتی بتبینم. چون بەدیتنی ئەو ئێسقانە ڕەق و تەقانە و ئەو پێستەی کە بەسەریان کشاوە، دڵم بۆت دەبێتە کەباب و ناتوانم پێش بەگریانی خۆم بگرم و چون من دوێنێ شەوێ بۆ دزینی کەرەکەم زۆر گریاوم، ئێستا سەرم زۆر پیس دێشێ و ئیتر تاقەتی گریانم نەماوە. ئەگەر بەڕێزتان هەر دەتانەوێ سێ چوار جۆر کاری ئێوە تەماشاکەم بەجلوبەرگەوە ئەنجامیان بدە و هەر چەندی زووتر و سادەتریش بێ باشترە. لە لایەکی تریشەوە، ئەنجامدانی ئەو کارانە لە ڕوانگەی منەوە هیچ پێویست نییە و هەروەک عەرزم کردی گرینگ ئەوەیە زوو بڕۆم و زووش بگەڕێمەوە و هەواڵ و مزگێنیی خۆش کە جەنابتان دەتانەوێ و لایقی ئێوە بێ، بۆتان بێنمەوە. دەنا وای بەحاڵی خاتوون دۆلسینە! ئەو ئەگەر ئەو جۆرەی کە عەقڵ و مەنتیق حوکم دەکا جواب نەداتەوە بەزۆری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

شەق و مست و زللە، جوابی دڵخوازی توی لە گەرروی دەردەکێشم. چون کێ دەتوانێ ئەوە قبووڵ بکا کە پاڵەوانێکی سەرگەردانی گەورەی وەک بەڕێزتان بێ هیچ سەبەبێک دێوانە بێ. ئەویش بەخاتری... ئەستەغفروڵلا! خودا بکا ئەو ژنەتیوە کارێکی وا نەکا، چاوم بقووچینم و زاری لێ بکەمەوە، دەنا بەو خودایە ئەوی بەسەر زارمدا بێ پێی دەڵێم و تفی دەڕوو دەکوتم و قسەی وای پێ دەڵێم کە بەهیچ سەڵیتەیەک نەگوترا بێ. ئاخ. ئەمن بۆ ئەم تەرزە دم بەدمانە و جنێوفرۆشییانە چەندە لێ هاتووم! دەڵێی خودا منی هەر بۆ ئەوە دروست کردووە! حەیف کە خاتوون دۆلسینە من ناناسێ دەنا ئەگەر بیزانیبایە من کێم بەقەدەر پیاوێکی گەورەی خودا ڕێزی بۆ دادەنام... دۆن کیشۆت قسەکەی بڕی و گوتی: ڕواڵەتی کار نیشان دەدا کە تۆ لەمن عاقڵتر نی. سانکۆ گوتی: من بەقەدەر تۆ دێوانە نیم، بەڵام زووتر هەڵدەچم و تووڕە دەبم. باشە جارێ لەوە بگەڕێین. فەرموو بزانم تا من دەگەڕێمەوە حەزرەتی بەڕێزتان چ دەخۆن؟ ئایا ئێوەش وەک کاردینیۆ، بژیوی خۆتان بەزۆر لە شوانان دەستێنن؟ دۆن کیشۆت گوتی: غەمی خواردنی منت نەبێ. من ئەگەر ئازووخە و خوراکێکی زۆریشم لەلا بووایە، بێجگە لەگیا و گۆڵ و میوە کە لەم مێرگ و دارستانە وەدەستی دێنم شتێکی ترم نە دەخوارد. من دەمەوێ هیچ نەخۆم و چلەکێشی بکەم. سانکۆ گوتی: عەرزی ترم ئەوەیە جەنابت دەزانی من لەچی دەترسم؟ ئەم شوێنە ئەوەندە پەرت و دوور و چۆلگەیە دەترسم کە هاتمەوە نەتبینمەوە. دۆن کیشۆت گوتی نیشانەکانی ئێرە بەجوانی بەزەینت بسپێرە. من کارێک دەکەم لەم دەڤەرە دوور نەکەومەوە و تەنانەت دەچمە سەر دوندە بەرزەکان بۆ ئەوەی کە گەڕایتەوە لە دوور بتبینم. لەوەش گەڕێ، بۆ ئەوەی مەبادا ونم بکەی یا خۆت ون بێ، باشترین کار ئەوەیە کە لەو گوڵە تاوسییانە کە لێرە زۆرن چەندین لق دەگەڵ خۆت ببەی و لێرەوە تا دەگەیتە دەشتایی نێوە نێوە دەعەرزیان چەقێنی. ئەم لقانە دەبنە ڕێنوێن تا لە گەڕانەوەتدا بتوانی من بدۆزێتەوە. هەر وەک «تێزە»[١٩٦] کە بەهۆی هەودای بەنێکەوە لە دەخمە هاتە دەرەوە. سانکۆ گوتی: هەر وا دەکەم و پاش ئەوەی هێندێکی گوڵ هەڵکەند، هاتە لای ئەرباب و داوای دوعای خێری لێ کرد و پاش ئەوەی هەر کام ماوەیەک گریان سانکۆ ئیجازەی مەرەخەسیی خواست. پاشان دۆن کیشۆت زۆری

---

١٩٦- Thesée «تێزە» قارەمانی نیوە ئەفسانەیی و نیوە مێژوویی یۆنانی قەدیم بوو کە کارەکانی وەک هێرکوول دەچوون. ئەم پاڵەوانە بەهۆی بەنێکی درێژەوە کە ئاریان کچی مینووس پێی دابوو، ڕۆیشتە ناو دەخمە و مینۆتۆر جانەوەری دوو سەری مرۆڤخۆری کوشت. (محەمەد قازی)

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەسانکۆ گوت کە ئاگای لە ڕۆسینانت بێ و وەک خۆی ئاگاداری لەو حەیوانە نەجیبەبکا. سانکۆ سوار بوو و بەرەو دەشت ئاژوا و بەو جۆرە کە ئەرباب فێری کردبوو بەمەودا گوڵی تاوسی دەعەرزی دەچەقاند. زۆری نەکێشا کە لەو مەڵبەندە دوور کەوتەوە و دەو حاڵەدا دۆن کیشۆت زۆری ئەفسووسی ئەوە دەخوارد کە دوو سێ جۆر کاری شێتانەی خۆی پێ نیشان نەداوە.

بەڵام سانکۆ هێشتا سەد هەنگاوێک نەڕۆیشتبوو کە گەڕاوە و بەئەربابی گوت: «ئەرباب من دەڵێم حەق بەجەنابت بوو، چون ئەگەر بمەوێ بەویژدانی ئاسوودە سوێند بخۆم کە کاری شێتانەم لە بەڕێزتان بینیوە. باشتر وایە کە یەکیان بەچاوی خۆم ببینم. هەر چەند بەفەزڵی خودا من گەورەترین شێتیی بەڕێزتانم کە هەوەسی مانەوە دەو کێوپارانەدایە بەچاوی خۆم دیتووە، دۆن کیشۆت گوتی: دیتت سانکۆ؟ من پێم نەگوتی کە من ڕاست دەکەم! ئێستا سەبر کە! دە یەک دوعا خوێندندا کار تەواو دەبێ» بێ ڕاوەستان شەڵواری خۆی دەرێنا و بەتوێی کراسێک مایەوە. پاشان یەک دوو مستی لە قوونی خۆی دا. دوو جار خۆی هەڵاویشت و دەستی بەڕانی خۆیدا کوتا و دوو سەر مەقوولاتی دا و سەری لەسەر عەرز دانا و قاچی دە حەوا کرد و تەواوی ئەندامانی خوارەوەی بەتەواوی خستە دەرەوە کە سانکۆ بۆ ئەوەی ئەو دیمەنە نەبینێ، جڵەوی ئەسپی بادا و قنیاتی پەیدا کرد کە دەتوانێ بەشێتی و ئاگا لە خۆ نەماویی ئەرباب سوێند بخوا. ئێستا ئێمە ئەو مەیتەرە تا گەڕانەوەی کە زۆری نەخایاند دە ڕێگا دا بەجێ دێلین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٢٦

## ئەو جێگایەی کە شیرینکاریی دڵدارانەی دۆن کیشۆت لە سیرامۆرنادا بەردەوامە

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر داستانی پاڵەوانی خەمگین ڕوخسار، کە پاش ئەوەی خۆی بەتەنیا چاو پێ کەوت چیی کرد، داستانبێژ دەڵێ کاتێک دۆن کیشۆت بەگەڵ وقوونی ڕووت و کراسێک لەبەردا لەسەرمەقوولات لێدان تەواو بوو و سانکۆی دیت کە بێ ئەوەی چاوەڕوانی تەواو بوونی دێوانەبازیی تری ئەو بێ، ڕۆیشتووە، بەڕەوەزێکی بەرزدا سەرکەوت و لەوێ لە بارەی مەسەلەیەکی گرینگ کە تا ئێستا زۆر جار فکری ئەوی بەخۆیەوە مەشغووڵ کردبوو، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیبوو ڕێگا چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە، چوو دە فکرەوە. مەسەلەکە ئەوە بوو کە بزانێ لاسا کردنەوەی شێت بازییەکانی «ڕۆلان» بۆ ئەو باشترە یا خۆ کەر کردنە مالیخولیاییەکانی ئامادیس، دەگەڵ خۆی قسەی دەکرد و دەیگوت: «جێی سەرسوڕمان نییە ئەگەر ڕۆلان، وەک هەموو خەڵک دەڵێن، پاڵەوانێکی ئازا و بێ باک بووبێ. چون ئەو ئاسن لەش(*) بووە و هیچ کەس نەیدەتوانی مەگەر بەتێ ڕۆکردنی دەرزییەکی ڕەش دەبەری پێی، گیانی لێ بستێنێ. ئەوە بوو کە ئەو هەمیشە شەش وەرەقی ئاسنی[١٩٧] لە بن پێلاوی خۆی دەدا و بەو حاڵەشەوە، ئەم تەدبیرە بەکاری نەهات و دەبەرەنگاری دەگەڵ «بێرناردێل کاردێوا»دا دوژمن بەو خاڵی کزییەی(*) زانی و لە قەد پاڵی «ڕۆنسەوو» دە نێو باسکە بەهێزەکانی خۆیدا خنکاندی. بەڵام ئێمە مەسەلەی ئازایەتیی ڕۆلان بەجێ دێڵین و دەگەڕێینەوە سەر شێت بازییەکانی، چون ئەم نوکتە سەلمێنراوە کاتێک ئەو پاڵەوانە ئاسەوار و نیشانەگەلێکی لە بێ وەفایی گراوییەکەی «ئانژلێک» بەسەردارەکانی دەوروبەری کانیاوەکەوە چاو پێ کەوت و شوانێکیش هەواڵی بۆ هێنا کە گراوییەکەی زۆرتر لە دوو نیوەڕۆژان دە باوەشی «مێدۆر» Medore ئەو لاوە موو پێچ پێچە بەربەرەدا کە نۆکەری «ئاگرامانە»[١٩٨] نووستوە، عەقڵی شێوا. وە مسۆگەریشە ئەگەر ڕۆلان ئەو خەبەرەی

١٩٧– سێروانتێس لێرەدا بەهەڵە چووە. شەش وەرەق یا تەخت نەبوو، حەوت بوون ئەویش ڕۆلان لە بنی کەوشی خۆی نەدەدا؛ بەڵکو فێراگووس Feragus کە دە خزمەتیدا بوو لێی دەدا. بڕوانە تەڕانەی دوازدەمی ڕۆلانی تووڕە. (لوویی ویاردۆ)

١٩٨– ڕۆلانی تووڕە، تەڕانەی بیست و سێ. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

بەڕاست زانیبێ و گراویی ئەو خەیانەتەی پێ کردبێ شێت بوونەکەی ڕووداوێکی ناسروشتی و دوور لە چاوەڕوانی نەبووە. بەڵام لاسایی کردنەوەی من لەو، کە شێتی یەکەم بنەما و پێشینەیەکی ئەوتۆی نییە، چۆن دەبێ؟ چون لەمەڕ دۆلسینە دۆتۆبۆزۆ من بەمتمانەوە سوێند دەخۆم کە دە تەمەنی خۆیدا سێبەری لاوی بەڕبەڕی، چ بەڕووتی، چ بەداپۆشراوی، نەدیتووە و ئێستاش وەک ڕۆژی لە دایک بوونی پاک و خاوێنە. کەوابوو ئەگەر من وەک ڕۆلانی تووڕە، شێت بازی بکەم دەبێتە تەوهین و سووکایەتی بەدۆلسینەی گراویی خۆم. لە لایەکی ترەوە دەبینم کە ئامادیسی گۆل بێ ئەوەی عەقڵی خۆی لە دەست بدا و دەست بکا بەدێوانەبازی زۆرتر لە هەمووکەس دەئەوین و ئەوینداریدا ناوبانگی دەرکرد، دە حاڵێکدا ئەو بەپێی ڕیوایەتی داستان کاتێک دیتی گراوییەکەی «ئۆریان» ڕووی لێ وەرگێڕاوە و ئەو خاتوونە ئەمری پێ کرد چی دی نەیەتە بەر چاوی، تەنیا کارێکی کە کردی ئەوە بوو کە دەگەڵ ڕاهیبێک ڕۆیشتە سەر «بەردی فەقیران»(*) لەوێ دەستی کرد بەچلەکێشان و ئەوەندە گریا کە خواوەند ڕەحمی بەحاڵی پەرێشانی کرد و دەو حاڵە شپرزەیەدا بەدادی گەیشت. ئێستا ئەگەر ئەوە ڕاست بێ کە بێگومان هەر واشە، من لەبەر چی زەحمەتی جلوبەرگ داکەندن بەخۆم بدەم و ئەو دارە جوانانە کە هەرگیز ئازارێکیان بۆ من نەبووە، ئازار بدەم و چ لازمە ئەو ئاوانە لیڵ و قوڕاو بکەم کە کاتی تینوێتی تێراوم دەکەن؟ بژی و بەردەوام بێ بیرەوەریی خۆشی ئامادیسی گۆل! با هەموو کردەوەکانی ببنە سەرمەشقی دۆن کیشۆتی مانش! ئەو دۆن کیشۆتەی کە هەرچی لەمەڕ پاڵەوانانی ڕابردوودا گوتراوە و لەمەڕ ئەویش لە داهاتوودا دەیڵێن و دەینووسن. کە ئەگەر نەیتوانی کاری گەورە ئەنجام بدا، بەڵام گیانی خۆی دەو ڕێگایەدا بەخت کرد! منێک کە لە دلبەری خۆم دۆلسینە خەیانەت و بێ وەفاییم نەدیتووە ئایا وەک دەپێشدا گوتم هەر ئەوەندە بەس نییە کە تەنیا مفتەلای دەردی دووریی ئەو بم؟ دەجا ئەی دەستانی ئامادەی کار، غیرەتتان هەبێ! ئەی کارە باشەکانی ئامادیس وەرنەوە بیرم و پێم بڵێن لە کوێڕا دەبێ لاساکردنەوەکانم دەست پێ بکەم؟ بەڵام دەزانم ئەو زۆرتری کات دوعای دەکرد و منیش هەر وا دەکەم.»

ئەوجار دۆن کیشۆت بۆ دروست کردنی تەسبێح، هێندێکی میوەی داری چێوپەمۆ چنی و تەسبیحێکی دە دەنکیی لێ دروست کرد، بەڵام لەوەی کە هیچ ڕاهیبێکی لە لا نەبوو کە گوێ لە ئیقراری ئەو بگرێ، زۆر نارەحەت بوو. بەڵێ جا پاڵەوان زەمانی بەگەڕان و سەیران دە مێرگ و چیمەندا ڕادەبوارد و جاروبار شێعرێکی دەگوت و لەسەر بەدەنەی دارێک هەڵی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکەند یا لەسەر ڕەڵم و خیز دەینووسییەوە، زۆربەی شێعرەکانی باسی غەم و پەژارە و هێندێکیشیان باسی دۆلسینە بوون. بەڵام لەو شێعرانە تەنیا پارچە هەڵبەستێک وەدەست کەوت و لەو کاتەدا کە هاتن دۆن کیشۆت بدۆزنەوە، هێشتا خوانا(*) و تەواو بوو:

«ئەی دارەکان، ئەی ڕووەکەکان، ئەی گوڵەکان کە بەسەر ئەو بەرزایی و شوێنە زەنویرانەدا جیلوەی جوانی دەفرۆشن، ئەگەر بەڕۆژەڕەشیی من شاد نابن. گوێ بدەنە ئەو ناڵە سەرنجڕاکێشانەی من. خودا نەکا دەردە دڵی من بەهەموو ناخۆشی و ترس و لەرزێکەوە کە تێی دایە، ئێوە شپرزە بکا.
چون دۆن کیشۆت بەپاسی پەزیرایی گەرمی ئێوە لە هەموو شوێنێک لە دووریی
دۆلسینە دۆتۆبۆزۆدا گریا.

ئێرە شوێنێکە کە وەفادارترین عاشقی دنیا، خۆی دوور لە دلبەری خۆی دەشارێتەوە بێ ئەوەی لە چەندوچۆنی ئەو ئاگادار بێ، تووشی ئەو گشتە نامرادییە بووە. ئەوینێکی بەد گەوهەر(*) چەنگی بەسەردا گرتووە و ئەوی کردووەتە گاڵتەجاڕی خۆی. بەو دەلیلە دۆن کیشۆت تا کووپەیەکی لە فرمێسک پڕ نەکرد، هەر لێرە لە دووریی
دۆلسینە دۆتۆبۆزۆدا گریا.

لە نێوان ئەم ڕژد و هەڵەمووتەدا، بەدوای ڕووداواندا گەڕا و نەفرینی لەو دڵانە کرد کە لە ڕەوەزەکان ڕەقتر بوون بێ ئەوەی لە پشت ئەو درک وداڵ و ئەو ڕەوەزە بەردانە بێجگە لە ڕووداوی ناخۆش، نسیبی هەبووبێ. ئەوین ئەوی خستە بەر زەبری تازیانەی خۆی و ئەو بەپشت و شان و پیلی زامارەوە هەر لێرە لە دووریی
دۆلسینە دۆتۆبۆزۆ گریا.»

بۆ ئەو کەسانەی کە ئەو شێعرەیان دیتەوە، هەم خودی شێعرەکە و هەم زێدە بوونی ناوی «تۆبۆزۆ» بەدۆلسینە لە دەرەوەی دێڕی ئاخری هەر شێعرێک، بۆ پێکەنین و گاڵتە کەم شتێک نەبوو. چون وای تێ گەیشتن کە بەبۆچوونی دۆن کیشۆت ئەگەر «تۆبۆزۆ» زێدە نەکرابا مانای شێعرەکە ڕوون نەدەبووەوە و دە ڕاستیدا دۆن کیشۆت خۆی دوایی ددانی بەوەدا هێنا. دۆن کیشۆت شێعری تریشی زۆر هۆندەوە. بەڵام وەگ گوتمان تەنیا ئەم سێ بەندەیان بۆ خوێندرایەوە. بەڵێ جا، پاڵەوانی عاشق جاروبار وەختی خۆی بەم چەشنە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



تێپەڕ دەکرد. جاروبار ئاخ و ئەفسووسی دەخوارد، و حۆری و پەریی جەنگەڵ و کانیاوان و «ئیکۆ»[۱۹۹] خوازنی سزاکێش و دەردمەندی مژاوی بانگ دەکرد، بێنە یارمەتی و بەگریان لەبەریان دەپاڕاوە گوێ بدەنە قسەکانی و جوابی بدەنەوە و دەرد و ئازاری لێ کەم بکەنەوە. جار و باریش بەدوای گیای خۆراکیدا دەگەڕا تا بەوان خۆی تێر بکا و تا گەڕانەوەی سانکۆ لە برسان نەمرێ و ئەگەر سەفەری سانکۆ لە جیاتی سێ ڕۆژ، سێ حەوتەی کێشابا پاڵەوانی خەمگین ڕوخسار وەها شکڵ و سیمای دەگۆڕا کە ناسینەوەی بۆ دایکیشی، کە هێنابوویە سەر ئەم جیهانە، دژوار دەبوو، بەڵام بەجێیە ئێستا دۆن کیشۆت دەگەڵ ئاه و ناڵینەکانی و شێعرەکانی بەجێ بێڵین تا بزانین سانکۆ پانزا چیی لێ هات و دەو سەفەرانەدا چیی بەسەر هات.

ئەو کاتێک گەیشتە سەر شاڕێ بەپرسیاران، سۆراغی تۆبۆزۆی گرت و سبەی ئەوێ ڕۆژێ گەیشتەوە ئەو کاروانسەرایەی کە لەوێ سەمای سەر لێفەیان پێ کردبوو. هەر کە لە دوورەوە چاوی بەتاپۆی کاروانسەرا کەوت دەزەینیدا پێی وابوو کە دووبارە دەنێو لێفە کەوتووە و هەڵی داوێنە هەوا و باوەکو وەختی پیادە بوون و نان خواردن بوو ئەویش چەندین ڕۆژ بوو خۆراکێکی بەکەڵکی نەخواردبوو و بۆ جەمێک خۆراکی گەرم شێت و هار بووبوو، بەڵام لێ بڕا، لانەدا و نەچێتە ئەو شوێنە، زگی برسی مەجبووری کرد کە لە کاروانسەرا نزیک بێتەوە، بەڵام دوو دڵ بوو کە دابەزێ یا ڕێگەی خۆی درێژە پێ بدا. دەو ساتەدا کە تێ مابوو، دوو کەس لە کاروانسەرا وەدەرکەوتن و هەر کە چاویان پێ کەوت یەکیان بەوی تری گوت: «جەنابی کەشیش بەبڕوای جەنابت ئایا ئەم سوارە هەمان سانکۆ پانزا نییە کە کەیبانووی پاڵەوانی گۆنگەڵ خوازی ئێمە دەیگوت وەک مەیتەر وەدوای ئەربابی کەوتووە؟ کەشیش گوتی: بۆچی، خۆیەتی و ئەوەش بارگینی دۆن کیشۆتە.»

لە ڕاستیدا ئەو دوو کەسە سوار و ولاغەکەیان بەئاسانی ناسیبوووە چون ئەوان هەمان کەشیش و دەلاکی گوند بوون کە کتێبە پاڵەوانییەکانیان دادگایی و مەحکووم بەسووتان دە ئاگردا کردبوو. بەڵێ جا، ئەو دوو کەسە هەر کە سانکۆ پانزا و ڕۆسێ نانتیان ناسییەوە، چون زۆریان پێ خۆش بوو لە حاڵی دۆن کیشۆت ئاگادار بنەوە، لە سوار نزیک بوونەوە و کەشیش بەناوبانگی کرد و گوتی: «ئاهای هەڤاڵ سانکۆ، بلێ بزانم حاڵی ئەرباب چۆنە و چ

---

۱۹۹- Echo ناوی یەکێک لە پەری ئەفسانەیی خودایان بوو کە دەڵێن کاتێک ژۆنۆن خوازنی زەماوەند لێی توورە بوو کردی بەڕەوەزبەردێک و مەحکوومی کرد بەوەی کە هەمیشە واژەکانی کۆتاییی قسەی خەڵک دووپات بکاتەوە. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtiri.org

دەکا؟ سانکۆش ئەوانی ناسییەوە بەڵام لێ بڕا شوێنی دۆن کیشۆت و باری ژیانی ئەو نهێنی ڕابگرێ و لەبەر ئەوە دە وەڵامدا گوتی کە ئەرباب لە شوێنێکی نەناسراودا خەریکی کارێکی زۆر گرینگە و ئەو نایەوێ ئەگەر هەر دووک چاویشی بکۆڵن، ناوی ئەو شوێنەیان پێ بێژێ. دەلاک دەنگی بەرز کردەوە: نا، سانکۆ، نا! ئەگەر پێمان نەڵێی کە دۆن کیشۆت ئەلعان لە کوێیە و چ دەکا، ئەو فکرە دێتە مێشکمانەوە کە تۆ ڕووتت کردووە و کوشتووتە. چون دەبینین کە تۆ سواری ئەسپی ئەو بووی. کەوابوو یا پێمان بڵێ لە کوێیە یا وای بەحاڵت! سانکۆ گوتی: ئەی بابا! پێویست ناکا، هەڕەشەم لێ بکەن. من کەسێک نیم کە کەسێک بکوژم یا ڕووت بکەم. خودا بکا هەموو بەئەمر و ویستی خودا، کە خەڵقی کردوون، بمرن: ئەربابی من ئێستا بەمەیلی خۆی لە دڵی ئەو کێوانەدا خەریکی چلەکێشانە» و بێ بڕانەوە بێ ئەوەی پشوو بدا، باری ژیان و کاروباری دۆن کیشۆت و ئەو ڕووداوانەی کە بەسەریان هاتبوو و ئەوەی کە هەر ئێستا هەڵگری نامەیەکە بۆ لای خاتوون دۆلسینە تۆبۆزۆ کچی «لورێنزۆ کۆر شوئیلۆ» – کە دۆن کیشۆت بەدڵێک نا بەسەد دڵ عاشقی بوو – لە سەرەتاوە تا ئاخری هەمووی بۆ گێڕانەوە.

ئەو دوو پرسیارکەرە لەو داستانەی کە سانکۆ بۆی گێڕانەوە سەریان سوڕما و باوەکو هەردووکیان لە شێتیی دۆن کیشۆت ئاگادار بوون، هەر جارەی کە بابەتێکی تازەیان لەم بارەوە دەبیست، سەرسوڕماوەییەکەیان دوو قات زیادی دەکرد. ئەو دوو کەسە خواهیشتیان لە سانکۆ کرد، نامەی خاتوون دۆلسینە دۆتۆبۆزۆیان پێ نیشان بدا. سانکۆ جوابی داوە کە نامەکە دە دەفتەرچەیەکی باغەڵیدا نووسراوە و ئەرباب ئەمری پێ کردووە لە یەکەم گوندی سەر ڕێگادا بیگوێزێتەوە سەر کاغەزێکی تر. کەشیش گوتی: ئەگەر نامەکەم نیشان بدەی، هەر خۆم حازرم بەخەتێکی خۆش بۆت نەقڵ کەمە سەر کاغەزێکی تر. سانکۆ دەستی دە بەرۆکی خۆی ڕاکرد، بەڵام هەر چی گەڕا دەفتەرچەکەی نەدیتەوە و ئەگەر تا ئەو سەعاتەش بە دوایدا گەڕابا نەیدەیتەوە چونکە دۆن کیشۆت پاش نووسینی ئەو نامەیە لەبیری چووبوو دەفتەرچەکە بدا بەسانکۆ و سانکۆش لەبیری چووبوو دەفتەرچەکەی لێ داوا بکا. مەیتەری دلۆڤان کە دیتی دەفتەری پێ نییە ئارەقەیەکی ساردی کرد و ڕەنگی وەک مردوو سپی هەڵگەڕا. پاشان دووبارە سەرتاپای بەدەنی خۆی پشکنی و چون دیسان هیچی دەست نەکەوت، دەڕدێنی خۆی بەربوو و نیوەی مووەکانی هەڵکەندەوە! پاشان پێنج شەش مستەکۆڵەی بەدەم و چاوی خۆیدا کوتا و هەموو دەم و چاوی پڕ بوو لە خوێن. کەشیش و دەلاک کە ئەوەیان دیت، لێیان پرسی بۆ لە خۆی دەدا و چی چی لێ قەوماوە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

سانکۆ گوتی: چ قەوماوە! دەتانەویست چ بقەومێ! منی چارەڕەش سێ جاشەکەرم لە دەست چووە کە هەر یەکەم بەکۆشکێک نەدەگۆڕییەوە! دەلاک پرسی: پێمان بڵێ چ باسە؟ باسی چی دەکەی؟ سانکۆ گوتی من ئەو دەفتەرچەی ئەرباب نامەی دۆلسینە و حەواڵەی سێ جاشی بۆ تێدا نووسیبووم، ونم کردووە. ئەو بۆ خوشکەزاکەی نووسیبوو کە لەو چوار پێنج سەر جاشەی لە تەویلەدا هەیەتی سێ سەریان بدا بەمن.» پاش ئەوەی سانکۆ داستانی ون بوونی کەرەکەی خۆیشی بۆ گێڕانەوە، کەشیش سانکۆی دڵداری داوە و قەولیدا دەگەڵ ئەربابیان دۆزییەوە، واداری دەکا ئەو پاداشەی دیسان بۆ دیاری بکاتەوە و ئەوجار حەواڵەکەش بەپێی دابونەریت و یاسای باو لەسەر کاغەز دەنووسرێ. چونکە حەواڵەی نێو دەفتەرچە ئیعتیباری نییە و بەسەنەد حیساب ناکرێ. سانکۆ بەبیستنی ئەو قسەیە ئارام بووەوە و گوتی کەوابوو ون بوونی نامەی دۆلسنییە گرینگ نییە چون هەموو ڕستەکانی لەبەر کردووە و هەر کات لازم بێ دەتوانن ناوەڕۆکەکەی بگوێزنەوە سەر کاغەز. دەلاک گوتی: «باشە سانکۆ، کە وا بوو تۆ نامەکە بخوێنەوە تا ئێمە لەسەر کاغەز بینووسینەوە.» سانکۆ لە ناکاو ڕاچەنی و دەستی کرد بەخوراندنی سەری تا ناوەڕۆکی نامەکەی وەبیر بێتەوە. بێچارە جارێک خۆی دەخستە سەر لاقێک و پاشان دەچووە سەر لاقەکەی تری، برێک دە ئاسمان دەفکری و پاشان دە عەرزی ڕادەما تا ئاخرییەکەی پاش ئەوەی نیوەی نینۆکی خۆی جووت و ماوەیەک بیسەرەکانی دەچاوەڕوانیدا هێشتەوە، پاش کپ بوونێکی درێژخایەن، دەنگی دەربڕی کە «جەنابی کەشیش، بەزاتی خودا، چم لەبیر نەماوە! ئەی ئەو بیرگەیەم بەزیاد نەبێ! بەو حاڵەشەوە ڕاوەستە بزانم. وەک شتێکی نامەکە ئاوا دەستی پێ دەکرد: «خاتوونی گەورەباری، بالاتەغار... .» دەلاک قسەکەی پێ بڕی و گوتی ئەوە دەڵێی چی؟ گەورەبار و بالاتەغاری چی؟ ڕەنگە گەورەوار و والاتەبار (نەجیب و ڕەسەن) بێ.» سانکۆ گوتی: بەڵێ بەڵی دروستە، هەر ئەوەیە کە فەرمووت. باقیی نامەکە ئەگەر دروست لەبیر من مابێ ئەوە بوو. زامار و بێ خەو... وە تیرخواردە، دەستی حەزرەتی خاتوون ماچ دەکەم، ئەی بێ وەفا ئەی دلبەرێک کە ئیتر ناتناسمەوە... پاش ئەوە ئیتر نازانم دوعا و سلاوی بۆ ناردبوو. پاشان نووسیبووی و نووسیبووی و نووسیبووی تا گەیشتبووە ئەم ڕستەیە کە: »بەندەی هەتاسەری تۆ پاڵەوانی خەمگین ڕوخسار»

بیسەران بەتیژهۆشی و بیرتیژی سانکۆ زۆر پێ کەنین، بەڵام بەڕواڵەت زۆریان پێ هەڵاگوت و لێیان ویست دوو جاری تریش نامەکە بخوێنێتەوە تا ئەوان بتوانن دەقی نامەکە بەزەینی خۆیان بسپێرن و لە کاتی پێویست لەسەر کاغەز بینووسنەوە. سانکۆ سێ جاری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

تریش نامەکەی خوێندەوە و هەر جارەش هاتەران پاتەرانێکی تازەی لێ زیاد کرد. پاشان بەسەرهاتەکانی پاڵەوانی گێڕاوە. بەڵام باسی سەمای سەر لێفەی نەکرد کە لەم کاروانسەرایەدا بەسەری هاتبوو. هەر نەشیدەویست بچێتە ناو ئەم کاروانسەرایەوە. پاشان گوتی ئەگەر دۆلسینە جوابێکی سازگار و دڵخۆشکەر بداتەوە بەپاڵەوان، بەپێی قەرارێکی کە دای ناوە ئەوجار دووبارە سەر دە سەحرا و بیابان دەنێ و بۆ گەیشتن بەپلەی ئیمپەڕاتوری یا سوڵتانی حەول دەدا. پێداگریش بوو کە چون هێزی شان و باهۆی بێ وێنەیە، بوونە ئیمپەڕاتور یا پاشا و سوڵتان بۆ ئەو زۆر سەهل و ئاسانە: پاشان کە لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دانیشت، یەکەم کاری ئەوەیە بۆ ئەو، یانی بۆ سانکۆ ژن بێنێ. چون بێگومان سانکۆ تا ئەودەم هەر بێ ژن ومال دەمێنێتەوە. دەبێ هەر واش بێ تا بتوانێ هەر وەک ئەرباب بەڵێنی پێ داوە دەگەڵ یەکێک لە ژنە هاودەمەکانی شاژن کە میراتگری مەملەکەتێکی گەورە دەبێ زەماوەند بکا، وە پاش ئەوە ئیتر چی تر نایەوێ دوڕگەیەک یا چەند دوڕگەیەکی وەگیر بکەوێ.

سانکۆ وێڕای ئەوەی جاروبار ڕیش و لووتی خۆی خاوێن دەکردەوە، تەواوی ئەو بابەتانەی وەها بەدڵنیاییەوە دەگوت و قسەکانی ئەوەندە لە عەقڵی ساغ بەدوور بوون کە ئەو دوو بیسەرە گێژ و وڕ بووبوون و لە تەوژم و هەراویی شێتییەکانی دۆن کیشۆت کە عەقڵی ئەم پیاوە چارەڕەشەشی شێواندبوو، زۆر زۆر سەریان لێ ماسیبوو. ئەوان نەیانویست خۆیان بەمەوە ماندوو بکەن کە سانکۆ لەو زەلکاوی ئەم بەهەڵە چوونە ڕزگار بکەن، چون هەر ئەوەندە کە لێیان حاڵی بوو کە ویژدانی ئەو کابرایە دەمەترسی دا نییە، وایان بەباش زانی لە کۆڵی ببنەوە و زۆرتر بەقسە قۆڕ و بن دڕاوەکانی پێ بکەنن. لەبەر ئەوە نسحەتیان کرد کە بۆ سلامەتی ئەربابی خۆی دوعا بکا و گوتیان وێ دەچێ دۆن کیشۆت بەتێپەڕینی ڕۆژگار، سەرەنجام ببێتە ئیمپراتوور، یا لانی کەم بگاتە پلە و پایەی ئۆسقۆفێک یا شتێکی لەم چەشنە. سانکۆ دە جوابی ئەواندا گوتی: «دەو بارودۆخەدا جەنابی کەشیش ئەگەر کاروبار لە گرێژەنە بچێ و ئەربابی من لە جێگەی ئیمپراتوور ویستی ببێتە ئۆسقۆف، ئەودەم مواجبی مەیتەریی ئۆسقۆفی سەرگەردان دەبێتە چەند؟ کەشیش گوتی: ئۆسقۆفەکان شتێکی وا نادەن بەمەیتەران، مانگانەیەکی کەم دەگەڵ داهاتێکی کە لە مردووان پێیان دەگا. یا دەیانکەنە خەزێنەداری کلیسا کە داهاتێکی زۆر و نەگۆڕی هەیە و ئەڵبەتە داهاتی پای میحرابیشی لێ زیاد دەبێ کە ئەویش پووڵێکی زۆر. سانکۆ گوتی بەڵام بۆ ئەو کارە باشترە مەیتەر ژن و ماڵی نەبێ و لانی کەم نوێژی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«مەس»یش بزانێ بکا. وە ئەگەر وا بێ، وای بەحاڵی منی کافری ڕووڕەش کە هەم ژن و منداڵم هەیە و هەمیش تەنانەت یەک وشەم سەواد نییە و یەک پیتی ئەلف بێتکەش ناناسم! ئەی پەروەردگاری عالەمیان...! ئەگەر ئەرباب لە کەللەی بدا و لە جێی بوونە ئیمپراتوور، بیەوێ ببێتە ئۆسقۆف، قوڕی کوێ بەسەر خۆمدا کەم! دەلاک گوتی: غەم مەخۆ هەڤاڵ سانکۆ، ئێمە لە ئەربابەکەت تکا دەکەین و ڕێنوێنی دەدەێنی کە لە ئۆسقۆفی بگەڕێ و ببێتە ئیمپراتوور ئەو کارەش بۆ ئەو ئاسانترە، چون ئەوەندەی کە ئازایە ئەوەندە عالم و زانا نییە. سانکۆ گوتی: هەر چەند دەتوانم بەمتمانەوە بڵێم ئەربابی من بۆ هەموو کارێک لێهاتوویی هەیە بەڵام من خۆشم هەمیشە ئەو بڕوایەم هەبووە و کارێکی من بەخەیاڵم ئەنجامی بدەم ئەوەیە لە بارەگای خودای باریتەعالا بپاڕێمەوە ئەربابی من بنێرێتە جێگایەک کە کارەکەی(*) بیگرێ و دەرحەق بەمن چاکەی زۆرتر بکا. کەشیش گوتی: وەک پیاوێکی عاقڵ قسان دەکەی و وەک مەسیحییەکی بەئیمان دەبزوویەوە. بەڵام شتێکی کە ئێستا زۆر پێویستە ئەوەیە کە ئەربابەکەت لەم چلەکێشییە بێ مانایە کە دەڵێی لەوێ پێیەوە خەریکە ڕزگار بکەین و بۆ ئەوەی فکری تەدارەکی کەرەستەی کار بکەینەوە، نەهار بخۆین کە ئێستا دروست وەختی خۆیەتی، باشترە بچینە ناو کاروانسەرا. سانکۆ گوتی: «من نایەم، بەڵام ئێوە فەرموون و پاشان دەلیلی نەهاتنی خۆمتان پێ دەڵێم. بەڵام تکایە دەستوور بدەن خۆراکێکی باشم بۆ بێنن. دیارە دەبێ چێشت و نانەکەم گەرم و چەور و بەتام و خوێ بێ. هێندێکیش جۆ بۆ ڕۆسینانت بنێرن.«ئەو دوو دۆستە لە کاروانسەرا وەژوور کەوتن و سانکۆیان لە دەرەوە بەجێ هێشت و پاش ماوەیەکی کورت دەلاک نەهاری بۆ هێنا.

پاش ئەوە، ئەو دووە لەمەڕ ئامرازێک کە دەبووایە بۆ ئەنجامدانی پلانەکەیان دەکاری بێنن پێکەوە دەستیان بەڕاوێژ و وتووێژ کرد و سەرەنجام فکرێکی تازە بەزەینی کەشیش گەیشت کە لە هەموو بارێکەوە دەگەڵ چێژ و سەلیقەی دۆن کیشۆت و مەبەستی خۆیان سازگار بوو. کەشیش دەشیکردنەوەی فکری خۆیدا، بەدەلاکی گوت: «ئەوەی بەفکری من دەگا ئەوەیە کە من جلوبەرگی کچێکی سەرگەردان دەبەر خۆم کەم و ئێوەش وەک مەیتەری سەرگەردان بەدوام کەون. پاشان دەچینە سۆراغی دۆن کیشۆت و وای لێ حاڵی دەکەین کە من کچێکی ستەملێکراوم و پێداویستیم بەیارمەتیی ئەو هەیە و شتێکم لێی دەوێ کە ئەو ناتوانێ وەک پاڵەوانێکی سەرگەردان لە قبووڵ کردنی سەرکێشی بکا. بەڵام ئەوەی من لە ئەوی داوا دەکەم ئەوەیە کە هەر جێیەکی من دڵم بیەوێ بەدوامدا بێ تا تۆڵەم لە پاڵەوانێکی

ئەرشیفخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرگەردانی ناجوامێر و ناپیاو کە زوڵمی لەمن کردووە بستێنێتەوە، دەگەڵ ئەم داخوازییەدا پێی دەڵێم تا کاتێک تۆڵەی منی نەکردووەتەوە نیقاب لەسەر ڕوخسارم هەڵنەگرێ و لە کاروباری من نەپرسێ. من یەقینم هەیە کە بەم شێوەیە دەتوانین هەرچی بمانەوێ، بەدۆن کیشۆتی بکەین و ئێمە دەتوانین بەمجۆرە ئەوی لەو شوێنەی ئێستا لەوێ جێگیر بووە دەربکێشین و بێگەڕێنینەوە وڵات و ئەڵبەتە لە ماڵەوەش تێ دەکۆشین دەرمانێکی باش بۆ شێتییەکەی پەیدا بکەین.»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٢٧

## لەمەڕ سەرکەوتنی کەشیش و دەلاک دەپلانەکەیاندا و باقیی کاروباران کە دەبێ دەو داستانە گەورەیەوە بگوترێ

دەلاک ڕەخنەیەکی لە پلانەکەی کەشیش نەگرت و ئەوەندەی پێ باش بوو کە دەستبەجێ دەستیان کرد بەجێبەجێ کردنی. لە ژنی کاروانسەراداریان خواهیشت کرد کە کراسێک و پەچەیەکیان بەئەمانەت پێ بدا و لە جیاتی ئەوانەش ڕەدای تازەی کەشیشیان بەبارمتە بۆ بەجێ هێشت. دەلاک بەکلکی گایەک کە ڕەنگی سوور بوو و ژنی کاروانسەردار شانەی سەری خۆی بە مووەکانییەوە هەڵداوەسی ڕدێنێکی پان و درێژی بۆ خۆی دروست کرد. ژنی کاروانسەردار پرسی کە ئەم خرت وپرتی ژنانەیان بۆ چییە. کەشیش دە چەند ڕستەدا مەسەلەی شێتی دۆن کیشۆتی بۆ باس کرد و تێی گەیاند کە بۆ دەرکێشانی ئەو لەو کێوپارانە چەندەیان پێداویستی بەو گۆڕینی جلوبەرگە هەیە. کاروانسەردار و ژنەکەی زوو تێ گەیشتن کە ئەو دێوانەیە هەمان کەسە کە ڕۆژێک لەوێ میوان بووە و هەمان کەسە کە شەربەتە سەیرەکەی دروست کرد و ئەربابی ئەو مەیتەرەیە کە سەمای سەر لێفەیان پێ کرد. لەبەر ئەوە تەواوی ئەو ڕووداوانەی کە دە پێوەندی دەگەڵ ئەودا لەو کاروانسەرایە ڕووی دابوو بۆ کەشیشیان گێڕاوە و ئەوی کە سانکۆ نەیگێڕابووەوە باسی ئەویشیان بۆ کرد. سەرەنجام ژنی کاروانسەرادار بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە کەشیشی بەجلوبەرگی ژنانە ڕازاندەوە. بەمجۆرە کە داوێنێکی لە ماهووتی ڕەشی هەڵبڕهەڵبڕ بەپانایی بستێک و جلیتقەیەک لە مەخمەری سەوز کە دەرەوەکەی بەئەتڵەسی سپی پەڕاوێزی لێ نراوبوو، دەبەری کرد. داوێن و جلیتقەیەک کە دەتگوت لە زەمانی دەقیانووسەوە بەیادگار ماوەتەوە! کەشیش نەیدەویست کە ڕووسەری بەسەر خۆی دادا. ناچار شەوکڵاوێکی کەتانی کە شەوانە پێیەوە دەخەوت لەسەرخۆی نا. پاشان نێوچاوانی خۆی بەبەندێکی پانی گۆرەوی لە تافتەی(*) ڕەش بەست و بەلینگە گۆرەواکەی تر نیقابێکی دروست کرد کە تەواوی دەم و چاو و ڕیشی دادەپۆشی. لەسەر هەموانیش کلاوی کەشیشی خۆی لەسەر نا و کلاوەکەش ئەوەندە گەورە بوو کە سەر و ڕوخساری ئەوی لە خۆرەتاو دەپاراست. ئەوجار باڵاپۆشەکەی بە شانیدا دا و بەشێوەی ژنان سواری ئێسترێک بوو. دەلاکیش بەڕیشێکەوە کە دەگەیشتە سەر کەمەری و چون لە کلکی مانگایەکی بەڵەک ساز کرابوو و نیوەی ڕەش و نیوەی سوور

کتابخانەی دیجیتاڵی
www.rabarr.org


بوو، سواری ئێستری خۆی بوو. پاشان، لە تەواوی ئەهلی کاروانسەرا، تەنانەت لە ماری تۆڕنیش ماڵاواییان کرد و ئەو خزمەتکارە لەبارە قەولی دا کە دەورێک بەتەسبێح دوعایان بۆ بکا تا خودای مەزن دەو کارە باشەدا سەرکەوتوویان بکات. بەڵام کەشیش هێشتا لە حەساری کاروانسەرا دەر نەکەوتبوو کە لە ناکاو تووشی وەسواسێکی سەیر بوو. ئەوەی بەفکردا هات کە پۆشینی لیباسی ژنانە، جا با بۆ کارێکی خێر و نییەتێکی خێریش بێ، بۆ کەشیشێکی بەڕێز و ناسراو کارێکی باش نییە: لەبەر ئەوە دەگەڵ دەللاک باسی ئەو مەسەلەی کرد وپێشنیاری پێ کرد جلوبەرگیان بگۆڕنەوە و پێی گوت: «بەبڕوای من وا باشترە تۆ دەوری کچی ستەم لێکراو بگێڕی و من ببمە مەیتەر؛ بەم شێوە تەوهین بەئاین و ڕۆحانی کەم دەبێتەوە. ئەگەر تۆ پێشنیارەکەم قبووڵ نەکەی من هەنگاوێکت دەگەڵ نایەم. جا با شەیتانیش دۆن کیشۆتی دەگەڵ خۆی بباتە دەرەکی(*) ئەسفەل.»

لەو کاتەدا سانکۆ گەیشتە لایان و لە دیتنی ئەو سەر و گوێلاک و جلوبەرگەیان لە قاقای پێکەنینی دا. دەلاک پێشنیاری کەشیشی قبووڵ کرد و کەشیش ئەوجار هێندێ ڕێنوێنیی هەڤاڵی خۆی کرد کە چ بکا و چ نەکا و چ بڵێ کە دۆن کیشۆتی لەو شوێنە چۆڵە بێنێتە دەرێ، دەلاک گوتی کە پێداویستی بەڕێنوێنی نییە و خۆی دەزانێ دەبێ چ بکا. جارێ نەیویست هەر لەو چرکەیەدا لیباس بگۆڕێ و وای پێ باش بوو کە گەیشتنە نزیک شوێنی چلەکێشیی دۆن کیشۆت ئەو کارە بکا. لەبەر ئەوە هەر لەو کاتەدا کە کەشیش خەریکی چەسپاندنی ڕیش بەچەناگەیەوە بووە، ئەو جلوبەرگە ژنانەکەی قەد کرد و هەر دووکیان بەڕێنوێنیی سانکۆپانزا وەڕێ کەوتن. سانکۆ دەڕێگادا ئەوی بەسەر خۆی و ئەربابەکەی دەگەڵ لاوە دێوانەکە هاتبوو، گێڕایەوە، بەڵام باسی چەمەدان و ئەوی تێیدا بوو نەکرد. چون بەهەموو ڕواڵەتی کەرانەیەوە، هێندەش بێ فکر نەبوو.

ڕۆژی دوایی گەیشتنە شوێنێک کە سانکۆ گوڵی تاوسی بۆ دیتنەوەی شوێنی ئەربابەکەی دەعەرزی چەقاندبوو. دەگەڵ ئەو شوێنەی ناسییەوە بەهاوڕێکانی گوت کە لێرەوە دەگەینە زارکی کوێستان و ئەگەر جلوبەرگ گۆڕینی ئەوان بۆ ڕزگاریی ئەرباب سوودێکی هەیە، دەبێ هەر لێرە ئەنجام بدرێ. لەراستیدا کەشیش و دەلاک لە پێشدا پێیان گوتبوو کە ڕۆیشتنی دەستەجەمعیی ئەوان و گۆڕینی جلوبەرگ بەو پێیەی کە دانرابوو بۆ ڕزگار کردنی ئەرباب لەو بارودۆخەی کە دوچاری بووە گەلێک گرینگە: بێجگە لەوەش ڕێنوێنییان کردبوو کە لای ئەرباب خۆی بەئاشنای ئەوان نیشان نەدا و پێی نەڵێ ئەوانە کێن و لەچی دەگەڕێن. ئەگەر دۆن کیشۆت پرسی – کە هیچ شکی تێدا نییە دەشپرسێ – کە ئایا

تیشکی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نامەکەی گەیاندووەتە دەستی دۆلسینە، جواب بداتەوە کە ئەو کارەی کردووە، بەڵام چونکە خاتوون دۆلسینە سەوادی خوێندن و نووسینی نییە، هەر بەزبان سلاوی بۆ ناردووەتەوە و بەدەنگە گرەکەیەوە(*) ئەمری کردووە کە دۆن کیشۆت بڕواتە خزمەتی دەنا دەکەوێتە ژێر تۆفانی ڕق وتووڕەیی ئەو، چون هاتنی ئەو تەنیا مەسەلەیە کە بۆ ئەو خاتوونە گرینگە. سەرەنجام دەدرێژەی قسەکانیاندا گوتیان کە بەگەیاندنی ئەو جوابەو بەبابەتگەلێکی تر کە ئەوان بەدۆن کیشۆتی دەڵێن، یەقینیان هەیە کە ئەوی دەگێڕنەوە سەر ژیانێکی باشتر و واداری دەکەن تا هەر چی زووتر بۆ گەیشتن بەپلەی ئیمپراتوری یا سەلتەنەت هەنگاو هەڵبگرێ، چون ئیتر ئەو تەشویشە و ئەم نیگەرانییە لە ئارادا نییە کە ئەو بیەوێ ببێتە ئۆسقۆف.

سانکۆ بەتەواوی سەرنجەوە گوێی بۆ قسەکانی ئەوان ڕاگرت و یەک یەکی بابەتەکانی بەزەینی خۆی ئەسپارد و لە نییەتی پاک و خێرخوازانەیان کە دەیانەوێ دۆن کیشۆت ڕێنوێنی بکەن ببێتە ئیمپراتوور و لە بوونە ئۆسقۆف چاوپۆشی بکا زۆر بەدڵەوە سپاسی کرد. چون ئەو خۆی یەقینی هەبوو کە بۆ خەڵات کردن و پێشکەش کردنی پاداش و چاکەی تر بۆ مەیتەران ئیمپراتوور دەستی زۆر زۆر ئاواڵەترە لە دەستی ئۆسقۆفی سەرگەردان و سەرلێشێواو و پێی گوتن «وا باشە دەپێشدا بچم و ئەربابەکەم بدۆزمەوە و جوابی گراوییەکەی پێ بگەیەنم بەڵکو هەر ئەو جوابەی بەس بێ بۆ ئەوەی لەو کێوانەی بێنێتە دەرێ و نیازێک بەزەحمەتی ئێوە نەبێ.» ئەو دوو کەسە پێشنیاری سانکۆیان قبووڵ کرد و لێ بڕان کە هەر لەوێ چاوەڕوان بن تا ئەو بگەڕێتەوە و هەواڵی دۆزینەوەی ئەربابیان بۆ بێنێ. سانکۆ دەنێو بەرزایی و ملە و لاپاڵی کێوەکاندا ون بوو و ئەوانی لە دۆڵێکی باریکدا کە جۆگە ئاوێکی پێدا دەهاتە خوار لە بن سێبەری چەند ڕەوەزەبەرد و داروباری دۆڵەکەدا بەجێ هێشت. مانگی ئووت (گەلاوێژ) وەرزێکە کە گەرما لەو مەڵبەندەدا بێداد زۆرە و سەعات نزیک سێی پاش نیوەڕۆ بوو. بەڵام ئەودەم ئاوە، ئەو بن دار و سێبەری بەردانە فێنک بوو، موسافیرەکان زۆریان ئەو جێیە بەدڵ بوو و لەوێ مانەوە تا سانکۆ دەگەڕێتەوە. لە کاتێکدا لەوێ حەسابوونەوە و پاڵیان لێ دابووەوە لەپڕا گوێیان لە دەنگێک بوو کە بێ هاوڕێ بوونی هیچ سازێک دڵبزوێن و خۆش بوو. هەر دووکیان چون شکیان نەدەکرد لە جێگایەکی ئەوها کەسێکی لێ بێ کە بەو خۆشییە گۆرانی بڵێ، زۆریان پێ سەیر بوو. دە ڕاستیدا هەر چەند دەڵێن کە دە جەنگەڵ و دڵی بیابان و سەحرادا شوانی دەنگ خۆش هەن بەڵام ئەو قسانە زۆرتر خەیاڵی شاعیرانەن و کەمتر دەگەڵ ڕاستی یەک دەگرنەوە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرسوڕماویی یاران کاتێک زۆرتر بوو کە تێ گەیشتن ئەوەی دەیبیسن شێعرە و خوێنەرەکەشی شوانی ئاسایی نییە. بەڵکو کوڕە شارستانییەکی شارەزا وفامیدەیە. بەهەرحاڵ ئەوەیە ئەو شێعرانەی کە ئەوان لەبیریان ماوە:

«چییە ئەوەی مایەی مەینەتیی گیانی منە؟ نەفرەت. چییە ئەوەی پەژارەم لێ قورس دەکا؟ حەسوودی. کێیە ئەوەی خۆڕاگری من بەتاقی دەکاتەوە؟ دووری. دەجا وەی بەحاڵم کە ئەو دەردەی دەمباتەوە فەنایە دەرمانی نییە! چون هەر هومێدێک دە بەرانبەر نفرەت و حەسوودی و دووریدا نەخشی سەر ئاوە.

«کێیە ئەو دەردەی دەگیانی من خستووە؟ ئەوین. کێیە کە کۆسپی سەر ڕێگای خۆش بەختیی منە؟ تەقدیر. کێیە کە ئەو غەمە بەمن ڕەوا دەبینێ؟ گەردوون. دەجا وەی بەحاڵم کە دەبێ لە مردن بەدەست ئەو دەردەوە بترسم! چون ئەوین و گەردوون و تەقدیر بۆ کوشتنی من دەستیان داوەتە دەستی یەک.

«کێیە کە بتوانێ چارەنووسی من چارەسەر بکا؟ مەرگ. کێیە کە دەستی دەگاتە بەختەوەریی ئەوین؟ بێ وەفایی. و دەردی ئەوین بەچی دەرمان دەکرێ؟ شێتی. دە جا شەرتی عەقڵ نییە بتەوێ دەردێک دەرمان بکەی کە دەرمانەکەی مەرگە و بێ وەفایی و شێتییە.»

وەخت و باری کەشوهەوا و بێدەنگیی و چۆڵی ئەو شوێنە و دڵنشینیی ئەو دەنگە و شارەزایی و جوان خوێندنەوەی شێعرەکان کاری کردە سەر بیسەرەکان. هەردووک بێدەنگ بوون تا دووبارە دەنگەکە ببیستنەوە. ئاخری کە دیتیان بێدەنگییەکە درێژەی هەیە هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە هەستن و وەدوای کەون و بزانن خاوەنی ئەو دەنگە دڵنشینە کێیە. بەڵام دەگەڵ هەستان دووبارە دەنگەکە دەستی پێ کردەوە و ئەوانیش متەقیان لێ نەهات و دانیشتنەوە. خوێنەر ئەوجار ئەو غەزەلەی بەئاهەنگ خوێندەوە.

«ئەی خۆشەویستیی پیرۆز کە وێچوویەکی(*) خۆت لەسەر زەوی بەجێ هێشت و خۆت بۆ لای ڕۆحە مبارەکە بەهەشتییەکان دات لە شەقەی بالان و ئێستا شاد و کەیف خۆش هاونشینی نزیکانی بارەگای خواوەندی،

«وە لەوێوە هەرکات بخوازی، لە پشت پەردەیەکەوە کە لەپشتییەوە جاروبارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کـار و ئاکاری بـاش ئامـادەیە و ڕەنـگ دەداتەوە و سـەرەنجـام بەرەو خـراپی دادەگەڕێن، سیمـای جـوان و خۆشـەویسـتیی خۆت بەئێمـەی خاکـی نیشـان دەدەی:

«ئەی دۆسـتـی، لە ئاسـمـان بەرەو ئێمـە داگەڕێ و مـەهێـڵـە کە بـێ شـەرمی جلوبەرگی تۆ دەبەر خۆی بکا تا خاوێنی و سەفای دەروون لەناوبەرێ.

«ئەگـەر تۆ ڕواڵەتەکـانی خـۆت لەو وەرنەگـریتـەوە، زۆری پێ ناچێ کـە دنیـا دەبێتە یەکپارچە دووبەرەکی و پشێوی و ناکۆکی.»

ئەم ئاوازە بـەئـاخ هەڵکێـشـانێکی قـووڵ کـۆتایی پـێ هات و هـەر دووک بیسـەر بەهیـوای ئەوەی کە ئاوازی تریشی بەدوادا دێ بەهەمـان سەرنجەوە گوێڕاگر بوون، بەڵام کە دیتیان مۆسیـقـاکە بوو بەشـەپۆڕ و شـینی گـریان، بەپەلە هـەلاتن تا بزانن ئەو دەنگ بێژە کە ناڵەی سـووتێنەر و دەنگی ئـاوا خـۆشی هـەیە کێـیـە؟ گـەڕانەکـەیان زۆری نەخـایاند چون لەپشت ڕەوەزێک کـە هـەڵتـەزێبـووەوە لاوێکیـان چـاو پـێ کـەوت بەئـەندام و ڕوخسـاری کـەسێک کـە سـانکۆ کـاتی گـێڕانەوەی داسـتـانی کـاردینیۆ بۆیانی بـاس کـردبوو. لاو بەدیتـنی ئەوان نە دەست و پێی لێ ون بوو نە سەرسـوڕماوییەکی لە خـۆی نیشـان دا. بەڵکو ڕاوەسـتـا و وەک کـەسێک کە دە خـەوێکی قـووڵەوە ڕۆچووبێ سـەری دەبەرۆکی خـۆی ڕاکـرد و زۆرتر لە یەک جار، ئەویش ئەودەمـەی کە لە سەرەتادا کەشیش و دەلاکی چاو پێکەوت، سەری هەڵنەهێنا. کـەشیش کـە پیـاوێکی زبان شـیـرین و ئاداب زان بوو، لە ڕووی نیـشـانەکانی کـە سـانکۆ دابووی ئەو پیـاوەی ناسـی و لێی نزیک بووەوە و وەک کەسێکی کە ئاگـای لە نامـرادیی ئەو هەیە بەچەند واژە و قسـەی کـورت بەڵام بەتەئکید، تکای لێ کرد دەست لەو ژیانە پەرێشـانە لە ناخی ئەو بیابانەدا هەڵبگرێ دەنا مەرگ کە باڵاترین ڕۆژەڕەشییە سـەرەنجام گریبانی دەگرێ.

دەو کـاتەدا کـاردینیـۆ عـەقڵ و شـعـووری بەتـەواوی لە جـێی خـۆیدا و لـە هێرشی ڕق و تووڕەیی ئـازاد بوو. لەبەر ئەوە کـاتێک دیتـی ئەو دوو کەسـە وەک ڕێبـوارانی ئەو مـەڵبـەندە ناچن و سـەر و سـەکـوت و جلوبەرگـیـان جـیـاوازە هێندێکی بەلاوە سـەیر بوو. بەتایبـەتی کاتێک دیتی کە ئەوان وەک ئەوەی ئاگاداری باری ژیان و بەسـەرهـاتی ئەون، قسەی دەگەڵ دەکەن، چون قسەکانی کەشیش شکێکی بۆ نەهێشتەوە کە ئاگای لە بەسەرهاتی ئەو هەیە. لاو، دە جـوابی ئەواندا گـوتی «ئەی بەڕێزان هـەرکـەس هـەن من لە دیتنی ئێـوە وا تـێ دەگـەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rablo.org

چون خوداوەند هەمیشە دەیەوێ بەخاسان و لەوان زۆرتر بەخراپان یارمەتی بگەیەنێ، بێ ئەوەی من سزاواری ئەو ڕەحمەتە بم، کەسانێک لە ئادەمیان دەنێرێتە ئێرە بۆ چاو پێکەوتنی من بۆ ئەوەی تێم بگەیەنن و پێم بسەلمێنن کە من بەو ژیانەی کە ڕەچاوم کردووە، چەندە بێ عەقڵ و شعوورم و تێ بکۆشن من لەم چۆلگە پەژارەهێنەرە بکێشنە دەرەوە و بمبەنەوە شوێنی خۆشتر. بەڵام چون ئەو کەسانەی لەوەی من دەیزانم بێ خەبەرن و نازانن ئەگەر لەو بەلا و موسیبەتەی ئێستام بێمە دەرێ تووشی بەڵای گەورەتر دەبم، بێگومان دەبێ من بەبێ مێشک و تێنەگەیشتوو بزانن. ئەگەر بەمجۆرە بێ هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە، چون من خۆم دەزانم کە بیرەوەریی بەدبەختییەکانی من ئەوەندە بەردەوام و قورس و ئەوەندە دە لە ناو بردنم دا مکوڕن(*) کە من بێ ئەوەی هێزی بەرەنگاریم دەبەرانبەریاندا هەبێ جاروبار وەک گاشەبەردێکی بێدەنگ و بێ هەست و بێ شعوورم لێ دێ و ئەوە خۆی ڕاستییەکە کە وەختێک خەڵک بەهێنانەوەی دەلیل بەمن دەڵێن کە لە کاتی هێرشی ئەو حاڵەتە زراوتۆقێنانەدا کاری چۆن و چەند خراپم کردووە، دەبێ ئیقراری پێ بکەم. ئەودەم بێجگە لەوەی زبانم بکەمەوە دەست بکەم بەگازندەی بێهوودە و بێ فایدە بۆ ئەستێرەی نەحسیی خۆم نەفرین بنێرم و بۆ پاساودانەوەی شێتییەکانی خۆم بنەما و ڕیشەی ئەو کارانە بۆ هەموو ئەوانەی کە مەیلی بیستنیان هەبێ، کارێکم لە دەست نایە. بەم شێوەیە کاتێک پیاوی تێگەیشتوو هۆکار بدۆزنەوە لە بەر هۆکار (معلول) سەریان سوڕ نامێنێ و ئەگەر هیچ دەرمانێک بۆ دەردەی من نەدۆزنەوە لانی کەم تاوانەکەش ناخەنە سەر ملی من و ئەودەم نەفرەت لە شێتییەکانی من دەگۆڕی و دەبێتە بەزەیی و زگ پێ سووتان بەڕۆژەڕەشیی من. کەوابوو ئەی بەڕێزان، ئەگەر ئێوەش هەر بەم نییەتە هاتوون کە دیتران هاتن، پێش ئەوەی نەسیحەتە دروست و مەنتیقییەکانتان درێژە پێ بدەن گوێ بۆ سەربهووردەی(*) شوومی من ڕابگرن؛ ڕەنگە بەمجۆرە لە زەحمەتی لاواندنەوەی ڕۆژەڕەشێکی کە دەرگای هەموو لاواندنەوەیەکی بەسەردا بەستراوە ڕزگارتان بێ.»

ئەو دوو دۆستە کە تەنیا ئەوەیان دەویست هۆی مەینەتی و ڕۆژەڕەشیی ئەو لە زبانی خۆیەوە ببیستن و شتێکی تریان نەدەویست، تکایان لێ کرد کە بەسەرهاتی خۆی بگێڕێتەوە و بەڵێنییان دا تا کۆتایی بەسەرهاتەکەی قسە نەکەن و تا ئەو خۆی نەیەوێ پێشنیاری هیچ چەشنە دەرمان کردن و دڵدانەوەیەک نەکەن. ئەوە بوو کە پاڵەوانی غەمناک داستانی دڵتەزێنی خۆی هەروەک چەند ڕۆژ پێشتر بۆ دۆن کیشۆت و بزن لەوەڕێنی گوتبوو، بەڵام بەهۆی دەرهەڵبوونی دۆن کیشۆت سەبارەت بەوەستا عەلی زەببات و

رابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەنجامدانی ئەرکی پاڵەوانەتی، ناتەواو مابووەوە، دەستی پێ کرد. بەڵام ئەمجارەیان هەڵکەوتی(*) باش وا بوو کە کاردینیۆ تووڕە نەبێ و داستانەکەی تا کۆتایی بگێڕێتەوە.

جا، کاردینیۆ کاتێک گەیشتە باسی نامەیەک کە دۆن فێرنان دە نێو کتێبی ئامادیسی گۆلدا دیتبوویەوە، درێژەی بەقسەکانی دا: بەختەوەرانە من دەقی تەواوی نامەکەم لەبیرە و بەمجۆرە بوو کە دەیڵێم:

نامەی لووسیند بۆ کاردینیۆ

«من هەر ڕۆژ ئاکار و سیفەتگەلێک دەتۆدا دەبینمەوە کە وادارم دەکەن، زۆرتر قەدری تۆ بزانم. کەوابوو ئەگەر بتەوێ کە من، بێ ئەوەی لە شەرافەتی خۆم مایە دابنێم، ئەرکی خۆم ئەنجام بدەم و قەرزی خۆم بەتۆ بدەمەوە، بەئاسانی سەردەکەوی. من باوکێکم هەیە کە تۆ دەناسێ و منیشی خۆش دەوێ و بێ ئەوەی ئیرادەی خۆی بەسەر مندا بسەپێنێ ئامادەیە ئارەزووی شەریفی ئێوە کە خاوەن بوونی ژنێکی وەک منە، پێک بێنێ؛ بۆیە ئەوەم پێ گوتی، چون وەک خۆت دەڵێی منت خۆش دەوێ و منیش هەر پێم وایە.»

ئەم نامەیە بوو هەر وەک گوتم منی بۆ خوازبێنی کردنی لووسیند هان دا، ئەم نامەیە بوو کە ئەوی لەبەر چاوی دۆن فێرنان وەک بە هۆشترین و زیرەکترین ژنانی سەردەم خستە بەرچاو و ئەوی هان دا تا پێش ئەوەی بەئاواتی دڵم بگەم، من لە مەیدان دوور خاتەوە. من بەدۆن فێرنانم گوت کە باوکی لووسیند پێی چەقاندووە کە دەبێ باوکی من بچێتە خوازبێنیی کچەکەی و منیش لە ڕووم هەڵنایە خواهیشتێکی ئاوا لە باوکی خۆم بکەم، چون دەترسم ڕووی خۆش نیشان نەدا، نە لەو بارەوە کە ئەو لە جوانی و باشی و هۆشیاریی لووسیند بەگشتی بێ خەبەر بێ و نەزانێ کە ئەم خزمایەتییە مایەی شانازیی هەر بنەماڵەیەکی تری ئەسپانیاییە، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو، بەگومانی من تا لێی ڕوون نەباوە کە «دۆن ڕیکاردۆ» چ کارێکی بەمن هەیە نەیدەویست من زەماوەند بکەم. سەرەنجام بەدۆن فێرنانم گوت کە من نامەوێ ئەو باسە دەگەڵ باوکم بێنمە گۆڕێ. دۆن فێرنان گوتی کە ئامادەیە خۆی دەگەڵ باوکم قسان بکا و واداری بکا لەم بابەتەوە دەگەڵ باوکی لووسیند وتوویژ بکا. ئاخ ئەی هەڤاڵی خائین، ئەی ئەمەگ نەناس، ئەی زاڵمی بێ شەرم، ئاخر ئەم بەخت وەرگەڕاوەی(*) کە ڕاز و شادی و نهێنییەکانی دڵی خۆی بێ پەنا و پەسیو بەتۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

دەگوت، چ خراپەیەکی دەگەڵ تۆ کردبوو؟ تۆ چ ئیهانەتێکت(*) لە لای منەوە دیتبوو؟ من چ ڕێنوێنییەکی خراپم کردبووی یا کام نەسیحەت کە بەقازانجی تۆ نەبووبێ؟ بەڵام من کوا ئەو مافەم هەیە کە گازندە بکەم؟ ئەفسووس! مەگەر ئەوە بابەتێکی مسۆگەر نییە کە کاتێک بەدبەختی لە ئەستێرەکانی نەحسەوە ڕوومان تێ دەکا، بەوەها تەوژمێکی تاقەت پڕووکێنەوە لە سەرەوە بەرەو خوار هێرش دەکا کە هیچ هێزێک لەم جیهانەدا ناتوانێ ڕای وەستێنێ و هیچ عەقڵ و تەدبیرێکی بەشەری ناتوانێ پێشی پێ بگرێ. کێ فکری دەکردەوە کە دۆن فێرنان ئەو نەجیب زادە ڕەسەن و ڕووناکبیرە کە قەرزباری(*) خزمەتەکانی من بوو و دەیتوانی ڕوو دە هەر شوێنێک وهەر کەسێک بکا بەمرادی دڵی خۆی بگا. «بکەوێتە فکری ئەو شەکە مێیەی من کە هێشتا نەبوومە خاوەنی، وەک گورگ بیرڕفێنێ» بەڵام با لەو باسە بێ حاسڵە دوور کەوینەوە و هەودای داستان پێکەوە گرێ بدەینەوە.»

«بەڵێ جا، دۆن فێرنان کە بوونی منی وەک کۆسپێک لەسەر ڕێگەی جێبەجێ کردنی پیلانی گلاوی خۆی دەزانی، لێ بڕا کە من بنێرێتە لای برا گەورەکەی، بەبیانووی وەرگرتنی پووڵ بۆ کڕینی شەش سەر ئەسپ، ئەو کارەی بۆ لای براکەی پێ ئەسپاردم، ئەو ناپیاوە بۆ ئەوەی من لەسەر ڕێگای مەنزوورە شەیتانییەکەی دوور خاتەوە هەر ئەو ڕۆژە ئەو شەش ئەسپەی سەودا کردبوو کە قەرار بوو دەگەڵ باوکم قسان بکا. مەخابن، کوا ئەم عەقڵە دە کەللەی مندا بوو کە بتوانم خەیانەتی ئاوا پێش بینی بکەم؟ هەرگیز شتێکی وام بە خەیاڵدا نەدەهات. نەخێر! چون ئەو مو عامەلەشم پێ خۆش بوو، بە خۆشییەوە ئامادەی ڕۆیشتن بووم. شەوی ڕۆیشتن دەگەڵ لووسیند قسەم کرد و ئەوم لە قەرارێک کە دەگەڵ دۆن فێرنان دام نابوو ئاگادار کرد و مزگێنیی ئەوەم پێ دا کە بەو زووانە بەئارەزووی دڵی خۆمان دەگەین. ئەویش کە وەک من لەمەڕ دۆن فێرنانەوە فکری خەیانەت و فێڵبازیی نەدەکرد، پێی گوتم کە هەرچی زووتر بگەڕێمەوە. چون پێی وابوو هەر چی زووتر باوکی من و باوکی ئەو پێکەوە قسە لە کارەکەمان بکەن باشتر دەبێ. من نازانم دەوساتەدا چی بوو، بەڵام هەر کە ئەو چەند قسەیەی بەکورتی تەواو کرد، چاوی پڕ بوون لە فرمێسک و بێدەنگ بوو. دەتگوت بوغزی گریان گەرووی گرتووە ناهێڵێ قسەکانی دەربڕێ. من لەو حاڵەتە تازەیە کە تا ئێستا بەلووسیندمەوە نەدیتبوو، سەرم سوڕما. تا ئێستا هەر کاتێک یەکترمان دەدیت بەدیداری یەک شاگەشگە دەبووین و هەرگیز قسەیەک کە بۆنی ئازار و گومان و حەسوودیی لێ بێ بەزارمان دا نەهاتبوو. من بێجگە لەوەی شوکری خودا بکەم کە گراوییەکی ئاوای پێ بەخشیوم باسی هیچی ترم نەدەکرد و دە تاریفی جوانی و جەماڵ و

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئاکارە باشەکانی ئەودا بەدرێژی قسەم دەکرد. ئەویش مەعسوومانە هەر ئەو جۆرە شتانەی دووپات دەکردەوە و باسی هەر لایەنێکی ڕەفتار و ئاکاری من، کە بەڕای ئەو جوان بوو بەوردی دەخستە بەرچاو. بێجگە لەوانەش هەزاران حیکایەتی منداڵانەمان بۆ یەکتری دەگێڕاوە و لەو ڕووداوانەی بۆ دەر و جیران و دۆستان دەهاتنە پێش قسەمان دەکرد و هەرگیز جەسارەتی ئەوەم نەکرد کە جارێک لە جاران دەستە سپی و جوانە پەمەییەکانی کە لە کەلێنی نەردەکانی پەنجەرەیەکی بچووکەوە کە دەکەوتە نێوانمان بەتوندی بکوشم و لە لێوەکانمی نزیک کەمەوە یا ڕای مووسم. بەڵام ئەو شەوەی کە زگی بەسبەینەی شوومی سەفەری من پڕ بوو، لووسیند بەگریانەوە بەجێی هێشتم و منی لە کەشوهەوایەکی پڕ لە دڵەکوتە و نیگەرانیدا هێشتەوە کە تا ئێستا ئەو حاڵەتەم پێوە نەدیتبوو. بەو حاڵەشەوە بۆ ئەوەی کۆشکی هیوای خۆم بەدەستی خۆم وێران نەکردبێ، ئەو حاڵەتەم بەهەیەجانی ئەوین و پەژارەیەک کە دووری دەیخاتە ناخی ئەویندارانی یەکدڵ و یەک گیان لێک دایەوە. سەرەنجام غەمگین و داماو، بەدڵێکی پڕ لە دوودڵی و ترسەوە ڕێگام داگرت، بێ ئەوەی بزانم لە چی دوودڵم و لە چی دەترسێم و ئەوە خۆی نیشانەی زەبرێکی قورسی مەترسیدار بوو کە دەیویست وەسەرم کەوێ.»

من گەیشتمە ئەو شوێنەی کە دەبووایە بچم و نامەکانم دا بەدەستی برای دۆن فێرنان. ئەو بەگەرمی وەریگرتم بەڵام دەبەڕێ کردنەوەمدا پەلەی نەبوو چون بەپێچەوانەی پەلەپەلی من هەشت ڕۆژی تەواو ڕای گرتم. ئەویش لە شوێنێک کە نەتوانم چاوم بە»دووک» بکەوێ. چون دۆن فێرنان نووسیبووی پووڵەکەی بەجۆرێک بۆ بنێرن کە دووک ئاگادار نەبێ. ئەوە هەمووی فێڵبازییەکی بێ شەرمانە بوو، چون برای دۆن فێرنان کەسێک نەبوو کە بێ پووڵ بێ و دەیتوانی دەستبەجێ بمنێرێتەوە، ئەم فەرمانە چاوەڕوان نەکراوە ئەو مافەی دەدا بەمن کە سەرپێچی بکەم، چون بەلامەوە مومکین نەبوو بتوانم ئەو هەموو ماوەیە لە لووسیند دوور بکەومەوە. بەتایبەتی کە دەپەژارە و کەسەرێکدا بەجێم هێشتبوو کە بۆم باس کردن، بەو حاڵەشەوە بەپێچەوانەی هێمنی و خۆڕاگریی خۆم وەک خزمەتکارێکی گوێ لە مست و ڕاستگۆ ئیتاعەی ئەمرم کرد. پاش چوار ڕۆژان پیاوێک لەڕێوە هاتبوو منی داوا کردبوو تا کاغەزێکم بداتێ کە من لە خەت و نیشانەکانیڕا زانیم لە لایەن لووسیندوە هاتووە. لە حاڵێکدا دەست و پێی خۆم لێ ون بووە و ترس دای گرتووم، نامەکەم هەڵدەپچڕم و فکر دەکەمەوە کە بێگومان مەسەلەیەکی گرینگ هاتووەتە پێش کە لووسیند نامەی بۆ ناردووم. چون لووسیند زۆر کەم کە لێی دوور دەبووم، نامەی دەنووسی. بەڵام پێش خوێندنەوەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



نامەکە لە هەڵگرەکەی دەپرسم کێ ئەو نامەی داوەتێ و ئەم ڕێگایەی دەچەند ڕۆژدا بڕیوە. هەڵگری نامە جوابم دەداتەوە کە بەهەڵکەوت ڕۆژێک نزیک نیوەڕۆ کە بەکۆڵانێکدا تێ پەڕیوە لە نەکاو خاتوونێکی زۆر جوان کە چاوی پڕ لە فرمێسک بوو لە پشت پەنجەرەیەکەوە بانگی دەکا و بەپەلە پێی دەڵێ: «براکەم، ئەگەر هەر وەک لە ڕوخسارترا دیارە کە مەسیحییە کی بەئیمانی بۆ خاتری خودا ئەم نامەیە هەر چی زووتر بەرە بۆ ئەم شوێنە و ئەو کەسە کە هەموو کەس دەیناسن و ناوونیشانەکەش لەسەر پاکەتەکە نووسراوە. بزانە کە ئەو کارەی تۆ لە لای عیسا مەسیح خواوەندگاری گەورە، بێ پاداش نابێ. بۆ ئەوەی بشتوانی بەئاسانی سەفەرەکەت بکەی ئەم دەسرەیە و ئەوەی تێیدایە بۆ خۆت هەڵبگرە.» خاتوون پاش ئەو قسانە دەسرەیەک کە سەد ڕێئالی پووڵی نەغد و ئەم ئەنگوستیلە زێڕەی کە دەقامکم دایە و ئەو نامەی بۆ هاویشتم. پاشان بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵام ی من بێ لەپشت پەنجەرە دوور کەوتەوە. بەو حاڵەشەوە ئاگای لێبوو کە من دەسرەکەم لە عەرزی هەڵگرتەوە و نامەکەم لە نێو دەرهێنا و بەئیشارە تێم گەیاند کە کارەکەی بۆ ئەنجام دەدەم. من دیتم دەبەرامبەر ئەو خزمەتەدا پاداشێکی چاکم دراوەتێ و لە نیشانی نامەکەشڕا تێ گەیشتم کە دەمنێرێتە خزمەت ئێوە کە باشتان دەناسم و بەتایبەتی بەدیتنی فرمێسکەکانی ئەو خانمە جوانە، زۆر نارەحەت بووم و لێ بڕام متمانە بەکەس نەکەم و شەخسی خۆتان بدۆزمەوە و نامەکەتان بۆ بێنم. لەبەر ئەوە بەشازدە سەعات پاش وەرگرتنی نامە، ئەو ڕێگایەی کە خۆت دەزانی نزیک هەژدە فەرسەخە بڕیومە و گەیشتوومەتە ئێرە.

کاتێک قاسیدی ئەمەگ ناس ئەم باسەی بەوردی بۆ دەگێڕامەوە، من بەتەواوی بووبوومە گوێ، و ئەژنۆکانم وەها دەلەرزین بەزەحمەت دەمتوانی لەسەر پێ ڕاوەستم، ئاخری نامەکەم کردەوە کە ئەم چەند ڕستەیەی تێدا بوو:

«وەعدەیەکی کە دۆن فێرنان بەتۆی دابوو تا دەگەڵ باوکت قسان بکا و واداری بکا دەگەڵ بابم باسی مەسەلەکە بکا بەجێ هات. بەڵام بۆ دامرکاندنی ئاگری هەوەسی خۆی، نە بەسوودی تۆ. ئەوە ئاگادارت دەکەمەوە کە ئەو منی بۆ خۆی داوا کردووە و باوکیشم پێی وایە دۆن فێرنان لە تۆ باشترە و ئەم فکرە کوێری کردووە و ئامادەیە من بدا بەو. کارەکە هێندە بەگرینگ داندراوە کە کاروباری خوازبێنی و گوێزتنەوە هەمووی لە ماوەی دوو ڕۆژدا سەر بگرێ و تەواو بێ. ئەوەندەش مەحرەمانەیە کە بێجگە لە چەند کەس لە ئەندامانی بنەماڵە هیچ کەس بەشدار نابێ. ئێستا حاڵ و ڕۆژی من چۆنە؟ خوت دەبێ بزانی. ئەگەر بەلاتەوە گرینگە، زوو خۆت بگەیەنەوە: بۆ ئەوەی لێشت سوور بێ کە من تۆم دەوێ پێشهات

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



نیشانی دەدا. بەهیوای خوا پێش ئەوەی دەستم بەزۆر بنێنە ناو دەستی پیاوێک کە بەهیچ عەهد و پەیمانێک وەفادار و پابەند نییە، ئەم کوتەکاغەزە بگاتە دەستت.»

ئەوە بوو ناوەرۆکی نامەکە و بەکورتی عەرزم کردن. هەر لە خوێندنەوەی تەواو بووم، بێ ئەوەی چاوەڕوانی پووڵ و جوابی نامەی دۆن فێرنان بم دەستبەجێ وەڕێ کەوتم. چون بۆم ڕوون بووەوە دۆن فێرنان نە بۆ کڕینی ئەسپ بەڵکو بۆ ئامادە کردنی زەمینە بۆ ئەنجامدانی ئارەزووی خۆی منی ناردووەتە لای براکەی. ڕق و تووڕەیی کە بەرامبەر بەهاواڵی دوور لە پیاوەتی دەخۆمدا هەستم پێ دەکرد و ترسی لە دەستدانی دڵێک کە هێلانەی ئەوین و ئاواتم بوو باڵیان لێ ڕواندم. سبەی ئەو ڕۆژە دروست لە کاتێکدا کە بۆ قسە کردن دەگەڵ لووسیند مناسب بوو گەیشتمەوە شاری خۆم. بەدزی هاتمەوە ئێسترەکەم لە ماڵە ئەو جوامێرە دانا کە نامەکەی پێ گەیاندبووم. بەهەڵکەوتی(*) باش لووسیندم لەپشت هەمان پەنجەرە کورتەکەی کە زۆری ئەویندارییی ئێمە دیتبوو، چاو پێ کەوتەوە. من ئەوم ناسییەوە و ئەویش منی ناسی، بەڵام نە ئەو کیژە جوانەکەی جاران بوو نە منیش ئەو جۆرەی جاران بووم. مەخابن! دەدنیادا کەسێک هەیە کە بتوانێ بڵێ قووڵایی فکری و دەروونی پڕ لە ئاڵوگۆڕی ژنی پشکنیوە؟ بێگومان هیچ کەس! «لووسیند دەگەڵکوو چاوی پێم کەوت گوتی: «من ئەوەتا جلوبەرگی بووکێنیم دەبەر دایە و ئێستا دۆن فێرنانی خائین و باوکی زێدەخوازم(*) دەگەڵ چەند کەسی تر کە شاهیدی زەماوەندی منن، بەڵام زۆر زوو شاهیدی مەرگیشم دەبن، لە وەتاغی میوانان چاوەڕوانی منن. تۆ پەرێشان و پەشێو مەبە هەڤاڵ، بەڵکو تێ کۆشە لە کاتی ئەم خۆ بەخت کردن و فیداکارییەمدا لەوێ حازر بی. ئەگەر قسەکانم نەیانتوانی پێش بەو زەماوەندە بگرن، دەشنەیەک لەوێ شاردرواەتەوە کە دەتوانێ لە هەر دەستدرێژییەک ڕزگارم بکا و نەهێڵێ من هێز و توانای خۆم لە دەست بدەم و بەکۆتاییهێنان بەژیانی من مۆری ڕاستی لە ئەوینی من بۆ تۆ، دەدا. من لە ترسی ئەوەی مەجالێکی وام نەبێ کە قسەی خۆمی پێ بڵێم، دەسپاچە(*) و پەریشان جوابم داوە «ئەی لووسیند هیوادارم ڕەفتاری تۆ قسەکانت بسەلمێنێ. ئەگەر تۆ دەشنەیەکت هەیە کە بەهۆی ئەو پەیمانی خۆت وەفا بکەی، منیش شمشێرێکم هەیە کە بەهۆی ئەو بتپارێزم. یا ئەگەر تەقدیر بەمرادی ئێمەی نەکرد، خۆمی پێ بکوژم.» من پێم وا نییە لووسیند هەموو قسەکانی منی بیستبێ چون هەر لەو کاتەدا بەپەلە هاتن تا بیبەنە ژوورێک کە زاوا چاوەڕوانی بوو. ئەودەم دەتوانم بڵێم کە خۆری شادیی من ئاوا بوو و شەوی تاریکی ژیانم داکەوت. ئیتر چاوم هیچ جێگایەکی نەدەدیت و فکرم کاری نەدەکرد. بەجۆرێک کە نەمتوانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabani.org

دەرگای چوونە ژوورەوەی ماڵەکەی بدۆزمەوە و بەهیچ لایەکدا بڕۆم. بەڵام سەرەنجام چون زانیم کە بوونی من دەو چرکە ساتە قەیرانی و گەورەیەدا چەندە پێویستە تا ڕادەیە ک غیرەتم وەبەر خۆم ناو و چوومە ژووری ماڵەکە. بەکەڵک وەرگرتن لە قەرەباڵغی و تێکەولێکەی ناو ماڵەکە وا چوومە ژوورەوە کە کەس نەیدیتم کەم کەم خۆم گەیاندە گۆشەی پەنجەرەیەکی هەمان وەتاغی میوانخانە کە لە پشت چین و توێی دوو پەردەی قەڵەمکار لەبەر چاوان دیار نەبوو و من دەمتوانی لە پشت ئەو پەردانەوە تەواوی ڕووداوەکانی ناو ژوورەکە زۆر چاک ببینم و خۆشم نەدەبیندرام. بێجگە لە خۆم کێ دەتوانێ بڵێ دەدەروونمدا چ شۆڕشێک بەرپا بووبوو یا لەو کاتەدا کە لەو کەمینگایەدا بووم دڵم چ کوتەکوتێکی بوو؟ چەندان فکری جۆراجۆر کە بەمێشکمدا تێ نەپەڕین! چەند جاران تەمام بوو کارێک بکەم! فکر و تەمای کاری وا کە گێڕانەوەیان لێرە دوور لە ئەنجام و ناپەسندە. ئەوەندە بەسە کە بزانن زاوا هەر بەجلوبەرگی ئاسایی هاتە ژووری تالار. لە جێی باوکی دۆن فێرنان ئامۆزای لووسیند ئەرکەکەی بەڕێوە دەبرد و دە سەرانسەری ئەم عیمارەتەدا بێجگە لە خزمەتکاران کەسی تری لێ نەبوو. هێندێک دواتر لووسیند لە وەتاغی ئارایشت(*) هاتە دەرەوە و دایکی و دوو نەدیمەی دەگەڵ بوون. بووکیان بەپێی شان و شکۆ و جوانیی خۆی و سەلیقەی خۆی ڕازاندبووەوە. ئەوندە پەرێشان بووم نەمتوانی بەچاکی دە لیباس و جلوبەرگەکەی هەڵڕوانم و تەنیا دەزانم ڕەنگیان سوور و سپی بوو و جەواهێرات و زێڕ و زەنبەرێکی زۆرێ پێوە بوو کە بریقەیان لە چاوی دەدا. بەڵام هیچ شتێک بەقەدەر پرچە خورمایی ڕەنگەکەی جوان نەبوو کە لە جەواهیرات و ئەو چوار مەشخەڵەی لە تالارەکە دا بوون درەوش و ترووسکەی زۆرتر بوو. ئاخ! ئەی بیرەوەری! ئەی دوژمنی بێ ئەمانی ئارام و قەراری من! وەبیر هێنانەوەی جوانیی بێ وێنەی ئەم دوژمنە کە دەیپەرەستم چ فایدەیەکی بۆ من هەیە! ئەی بیرەوەریی بێ بەزە، ئایا باشتر نییە کە ئەو کارانەی ئەو دەو چرکە ساتەدا کردی وەبیر منیان بخەیەوە و لەبەر چاوم وێنای بکەی تا ئەو سووکایەتی پێ کردنە ئاشکرایە ئەگەر بۆ تۆڵە کردنەوە ڕام نەپەڕێنێ لانی کەم وادار بەخۆ کوشتنم بکا؟ ئێوە ئەی بەڕێزان لەوەی کە دەبینن زۆر جار لە بابەتی سەرەکیی بەسەر هاتەکەم لاڕێ دەبم لۆمەم مەکەن و بێ ئۆقرەیی نیشان مەدەن. چون بەسەرهاتی پڕ لە پەژارەی من لەوانە نییە بکرێ بەپەلە بیگرمەوە. بەڵکو بەرای من هەر بەشەی جێگەی باس لێ کردنێکی دووڕودرێژە.

کەشیش لە جوابدا گوتی کە ئەوان نە تەنیا لە بیستنی داستانی ئەو ماندوو نابن بەڵکو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەپێچەوانە لە تەواوی وردە باسەکانی ئەو بەسەر هاتە کە هەمووی وەک خودی داستانەکە جێگەی سەرنجە، حەزێکی بێ پایان وەردەگرن.

ئەوجار کاردینیۆ ئاوای دەست پێ کردەوە: «... وە کاتێک هەموو دە تالاردا کۆ بوونەوە کەشیشیان هێنا ژوور و ئەویش دەستی بووک و زاوای بەدەستەوە گرت تا ئەرکێک کە بۆ ئەم ڕەسم و دابە پێویستە ڕای پەڕێنێ. پاشان کە گەیشتە ئەم واژە شەرعیانە کە: «خاتوون، ئایا ئێوە دەتانەوێ بەپێی دابونەریتی دایکی پیرۆزی ئێمە، کلیسای مەسیح، جەنابی دۆن فێرنان، حازر لەم کۆڕەدا، وەک هاوسەری قانوونی و شەرعیی خۆت قبووڵ بکەی؟» من لە پشت پەردەوە ملم کێشا و بەگوێی تیژ و ڕۆحێکی شیواو گوێم هەڵخست تا بزانم لووسیند چ جواب دەداتەوە. وە دەجوابی ئەودا چاوەڕوانی حوکمی مردن یا ژیانی خۆم بووم. ئاخ ئاخ! من بۆچی لەو ساتەدا لە حەشار گەکەم دەرنەپەریم! بۆ هاوارم نەکرد کە: لووسیند! لووسیند! ئاگادار بە، بزانە چ دەکەی و لەبیرت بێ لە بەرامبەر مندا چ قەرزێکت لە ئەستۆیە؟ لەبیرت نەچی تۆ هی منی و ناتوانی ببیتە هی کەسی تر! بزانە کە «بەڵێ» گوتن هەمان و مردنی من هەمان! و تۆ ئەی دۆن فێرنان! ئەی غەیان! ئەی تالانکەری هەموو سەروەت و سامانی من، ئەی قاتڵی من، چیت دەوێ، داواکاری چی؟ مەگەر نابینی تۆ بەپێی ئاینی مەسیح ماڤی ئەوەت نییە ئەو کارە بکەی؟ چون لووسیند ژنی منەو من مێردی ئەوم...» بێچارە منی شێت! ئێستا کە لەمەترسی دوورم شتێک دەڵێم کە دەبا ئەو ڕۆژە بیکەم و نەمکرد. ئێستا کە هێشتوومە بە قیمەتترین خەزێنەی من تالان کەن؛ بێهودە دزێک نەفرین دەکەم کە ئەگەر هەر بەو ئەندازەیە کە بۆ گازندە و گلەیی غیرەت نیشان دەدەم ئەودەم ئەو غیرەتەم نواندبایە دەمتوانی تۆڵەی خۆم بکەمەوە، سەرەنجام چون من لەو کاتەدا بێ عەقڵ و بێ غیرەت بووم، حەق ئەوەیە کە شەرمەزار و پەشیمان و دێوانە بمرم.

«کەشیش هەروا چاوەڕوانی جوابی لووسیند بوو، ئەویش ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بوو و دەو ساتەداکە پێم وابوو دەشنەکەی دەردەکێشی تا قەولێ خۆی بەرێتە سەر یا زبان دەکاتەوە و ڕاستییەکان باس دەکا و مافی من دێنێتە گۆڕێ. گوێم لێ بوو ئەم واژانەی بەدەنگێکی کز ولەزرۆک بەسەر زاریدا هات «بەڵێ من ئەو وەک مێرد قبووڵ دەکەم!» دۆن فێرنانیش هەر ئەو قسەیەی دووپات کردەوە و ئاڵقەی ژن و مێردایەتی دەقامکی لووسیند کرد و بوونە هاوسەر و جووتی یەکتری. زاوا نزیک بووەوە تا هاوسەرەکەی ماچ بکا، بەڵام ئەو دەستی لەسەر دڵی دانا و بێهوش کەوتە ئامێزی دایکی.

«ئێستا لە داستانی من هەر ئەوەندە ماوە کە حاڵ و ڕۆژی خۆمتان لەو ساتەدا کە ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«بەڵێ» شوومەم بیست و هەموو هیوا و هومێدێکم بابردی و دەشمزانی تازە هیچم لە دەست نایە، بۆ ئێوە باس بکەم. هۆش و هەست و فکرم لە دەست دابوو. خۆم بەنەفرەتی زەوی و ئاسمان هاتە بەرچاو. چون هەوا ئەو تینەی نەمابوو هەناسەکانم گڕ تێ بەردا و ئاو ئەو هێزەی نەبوو فرمێسکەکانم هەڵڕژێنێ. دنیا یەکپارچە ئاگر بوو و دڵم بەتووڕەیی و حەسوودی هەڵدەقرچا، بێهۆش بوونی لووسیند هەموو حازرانی کۆڕەکەی نیگەران کرد و دایکی بۆ ئەوەی باوەشێنی بکا و دوگمەی کراسەکەی ترازندبوو دەگریبانی ئەودا نامەیەکی سەر بەمۆری چاو پێ کەوت کە دۆن فێرنان فەورەن لە دەستی ڕفاند و لەبەر ڕووناکایی یەکێک لە مەشخەڵەکان خوێندییەوە. دەگەڵ نامەکەی خوێندەوە، خۆی هاویشتە سەر موبلێک و بێ ئەوەی بۆ وەهۆش هێنانەوەی بووک کارێک بکا، بەحاڵەتی کەسێک کە دەفکرێکی قووڵەوە ڕۆچووبێ سەری خستە سەر دەستی و دامرکا و بەڵام من کاتێک هەموو ئەندامانی ئەو بنەماڵەیەم دەو پەرێشانی بەشپرزەییدا چاو پێ کەوت. بێ ترس لەوەی کە دەبیندرێم لە کەمین هاتمە دەر و لێ بڕا بووم، خوێن وەڕێ بخەم بۆ ئەوەی هەموو بزانن تۆڵەی خۆم دەستێنمەوە و دەبێ خائین تەمێ کەم و تەنانەت بزانن بێ وەفایی دلبەرەکەم منی هەڵتەزاندووەتەوە. بەڵام ئەستێرەی بەختی من کە بێگومان منی بۆ مەرارەتی گەورەتر ڕاگرتبوو (ئەگەر ئیمکانی مەرارەتی گەورەترم هەبێ) باوەکو دوایە منی بەتەواوی لە نیعمەتی عەقڵ بێ بەش کرد، وای ئیرادە کردبوو کە لەو سەعاتەدا زۆر عاقڵ بم؛ لەبەر ئەوە بێ ئەوەی بمەوێ لە گەورەترین دوژمنی خۆم تۆڵە بستێنمەوە، کە لەو سەعاتەدا لەبەر ئەوەی کەس ئاگای لە کەس نەبوو، بۆ من کارێکی ئاسان بوو، دەفکر کەوتم کە ئەم تۆڵەیە لە خۆم بکەمەوە و سزایەکی کە دەبا لەوان وەربگیرێتەوە بەخۆمی ڕەوا ببینم، سزایەکی بێگومان سەختتر لەوەی کە دەو ساتەدا ئەوانم کوشتبا، چۆن سزایەک کە بەچرکەساتێک گیانت لێ دەستێنێ، کۆتایی بەعەزاب دێنێ، دە حاڵێکدا، سزایەکی بەردەوام دەگەڵ ئەشکەنجەی بێ پایان، بێ ئەوەی گیانی ئادەمیزاد بستێنێ، دایم دەتکوژێ و زیندووت دەکاتەوە.

«سەرەنجام من لەو ماڵە دەرباز بووم و چوومە ماڵی ئەو پیاوە کە ئێسترەکەم لەوێ دانابو. و. دەستبەجێ ئەمرم کرد ئێسترم بۆ زین بکەن وبێ ئەوەی ماڵاوایی لەو پیاوە بکەم لە شار وەدەرکەوتم و وەک «لووت»ی پێغەمبەر نەموێرا ئاوڕدەمەوە و چاوێک لەشار بکەمەوە. کاتێک تاکی تەنیا لە ناوەڕاستی سەحرا خۆم دەتاریکیدا غەرق کرد و هەستم کرد کە بێدەنگیی بیابان پێم دەڵێ تا دەست بەگریان بکەم بێ ئەوەی بترسێم کە گوێیان لە

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەنگم دەبێ یا دەمناسن. بەندی زبانم پساند و ئەوی لەعنەت و نەفرینە حەواڵەی دۆن فێرنان و لووسیندم کرد، وەک ئەوەی بەمجۆرە بمەوێ تۆڵەی ئەتک و ئەو سووکایەتییەی کە پێم کرابوو بکەمەوە! بەتایبەتی زۆرتر لە بێوەفایی و جەفای لووسیند دەمناڵاند و نێو و نیتکەی وەک، دووڕوو، درۆزن، بەتەماع، خەسیس و بەتایبەت ماڵپەرستم لێ هەڵدەدا، چون دەوڵەمەندیی ڕەقیبی من بوو کە چاوی ئەوی دەرپەڕاندبوو، واداری کردبوو تا کەسێک کە تەقدیر زۆرتر لەمن دەگەڵ ئەو سەخاوەتی نواندووە و ماڵی زۆرتری پێ داوە بەسەر مندا هەڵبژێرێ، پاشان دە گەرماگە(*) ڕمی ئەم ڕق وکین و ئاه و ناڵینەدا پاساوم بۆ گوناهی ئەو دێناوە و دەمگوت «جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر کیژێکی جوان کە لە تەنیاییدا و لە ماڵێکی دەوڵەمەند لە لای دایک و بابێک گەورە بووە و هەمیشە دەژێر فەرمانی ئەواندا بووە بدرێ بەپیاوێکی ئاوا خۆش هەیکەل و جوان چاک و دەوڵەمەند، ویستبێتی فەرمانی ئەوان بەجێ بێنێ؟ ئایا ئەو ئەگەر ئەو مێردەی نەویستبا بەو مانایە نەبوو کە یا شێتە یا دڵی داوە بەکەسێکی تر؟ و ئایا بەمجۆرە ئابڕووی خۆی نەدەبرد؟» پاشان دووبارە دەگەڕامەوە سەر هەست و ئیسحاسی ئەوەڵی خۆم و دەمگوت: «بۆ لووسیند نەیگوت کە من مێردی ئەوم؟ و ئەگەر گوتبای هەموو دەیاندیت کە ئەو هەڵبژاردنێکی خەراپی نەکردووە کە نەتوانێ خۆی پێوەڕابنێ؛ چون پێش ئەوەی دۆن فێرنان بکەوێتە نێو ئەم هەرێمە، ئەگەر دایک و باوکی ئەو ویستەکانی خۆیان بەتەرازووی عەقڵ هەڵسەنگاندبا، نەیاندەتوانی مێردێکی باشتر لەمن بۆ کچەکەیان بدۆزنەوە. ئایا لووسیند نەیدەتوانی پێش ئەوەی هەنگاو دەو ڕێگا پڕ مەترسییە بنێ و پێش ئەوەی ڕازی بێ، بڵێ کە دەپێشدا قەولی بەمن داوە؟ چون ئەودەم من ئامادە بووم هەر کارێکی ئەو دەڵێ ئەنجامی بدەم.» سەرەنجام خۆم ڕازی کرد کە کەمایەسیی ئەوین و عەقڵ و زۆر بوونی هەستی زێدەخوازی و مەیلی پلەوپایە و جەلال و شکۆ بووەتە هۆی ئەوە کە بەڵێنییەکانی خۆی، ئەوانەی کە ماوەیەکی زۆر بوو منی پێ فریودەدا، دەژێر پێ بنێ. هاوڕێی ئەم شۆڕ و هەیەجان و ئەم دەگەڵ خۆ ئاخاوتنە باقیی ئەو شەوە هەر بە ڕێدا ڕۆیشتم و دەلای بەرەبەیاندا خۆم لە زارکی ئەم دۆڵ و دەرەیەدا دیتەوە. ناچار هاتم دەو کێوەپارەیە و سێ ڕۆژی تەواو بێ ئەوەی بزانم بۆ کوێ دەچم، هەر ڕۆیشتم. سەرەنجام گەیشتمە مێرگ و چیمەنێک کە ئێستا شوێنەکەی بەدروستی پێ نازانم و لە شوانەکانم پرسی ئەستەمترین و چڕترین شوێنی ئەم کێوانە کوێیە. ئەوان هەر ئەو شوێنەیان پێ نیشان دام و منیش بێ ڕاوەستان ڕوو بەو شوێنە وەڕێ کەوتم. لێ بڕابووم عومری خۆم دەوێدا بگەیەنمە سەر. کاتێک گەیشتمە ئەم خەڵوەتگا خۆفناکە، ئێسترەکەم لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

برسـان و لە شـەکـەتیـیـان سـەقـەت بوو یا وەک بۆ خـۆم فکری لـێ دەکـەمـەوە بـۆ ئەوەی لە هەڵگرتن و بێـرەوبەوێدا بـردنی بارێکی ناقـولا و بێـهـوودەی وەک مـن ڕزگـاری بێ، لە پێ کەوت. مـن پیادە مـامـەوە، لەبەر مـاندوو بوون وبرسـیـەتی و نەبوونی پێداویسـتییەکانی ژیان تاقـەتم لـێ بڕابوو. بێ ئەوەی بمەوێ یا ببزووم کـە کـەسێک بۆ یارمـەتیکردنی خـۆم بدۆزمـەوە پاش ئەوی مـاوەیەک - کـە نازانم چەندە بـوو - هـەر بەو حـاڵە لەسـەر عـەرزی ڕاکـشـابووم هـەسـتـام. بەڵام ئیـدی هـەسـتم بـەبرسـیـەتـی نەدەکـرد و لـە دەوروبەری خـۆم چـەند بزن لەوەڕێنێکم دیت، هـەر ئەوانەی کـە بێ شک پێداویسـتـیـیـەکـانی منیـان دابین کـردبوو. ئەوان بۆیان گـێڕامـەوە کـە منیـان چۆن دیوەتەوە و من چۆن قسـەی هاتەران پاتەران و بێ سـەر و بنم بۆ گـێڕاونەوە کـە شـێـتـیی منی بـەلایانەوە دەرخسـتـووە. مـەخـابن! من خـۆم لـەو دەمـە بەدواوە زۆرتری کات، هـەسـتم بەوە کـردووە کە عـەقـڵێکی دروست و حیـسـابیم نییـە. بەڵکو بەپێـچـەوانە ئـەوەندە فکرم شـێـواوە و زەینم تێک چووە کـە هـەزار جـۆر دێوانەبازی ئـەنجـام دەدەم. کـراسـی بەرم دادەدڕم، بەدەنگی بڵند دەگـەڵ ئاسـمـان و زەوی قـسـان دەکـەم. ئەستێرەی نەحسی خـۆم نەفرین دەکەم. ناوی یارە خـۆشەویستـەکەم پەیتا پەیتا دەڵێمەوە و مەبەستیشم لەو هەموو کارانە ئەوەیە تـەمەنی خـۆم دە بێ ئۆقرەیی و گریان و ماتەمدا تەواو کـەم. کـاتێک دێمـەوە سـەرخـۆ ئەوەندە شـەکـەت و مـاندووم کـە بەزەحـمـەت لەسـەر پێی خـۆم ڕادەوسـتم. مـزڵی من بۆشـایی نێـو کـۆلکەی داری چێوپەمـۆیە کـە بۆ داپۆشـینی لەشی بێ ئەنوای من زۆر باشە. شـوان و بزن لەوەڕێنان کە بێرەدا تێ دەپەڕن زگیـان پێم دەسووتێ و خۆراکم پێ دەدەن. بەمـجۆرە کە خۆراک لێرەو لەوێ لەسەر ڕێگای من کە دەزانن پییێدا دێم و دەچم بەجێ دێڵن. چون، تـەنانەت دە سـەرهـەڵدانی شـێـتی و دێوانەبازییـەکـانیـشـمـدا حاجەتمەندییەکانم وەگۆدین(*) و غەریزە بەدوای خۆراکدا و بۆ دامرکاندنی ئاگری برسیەتی بۆ ئێرە و ئەوێم دەنێرێ. جاروباریش ئەو جۆرە کە شوانەکان دەکاتی سلامەتی و ئەهوەنیی مندا پێم دەڵێن، من لـەسـەر ڕێگاکـان هێـرشـیـان بۆ دەکـەم و ئەو ئـازووقـەی کـە ئەوان لە گوندڕا دەیەێننە کۆختـەکانیـان، هـەر چەند بەخـۆشی لە پێش منـی دادەنێن، بەزۆر و شـەڕ دەیئـەستێنم. بەڵی جا، بەمـجۆرەیە کە من باقـیی عـومـری نەگبـەتباری خـۆم ڕادەبوێرم تا مـەگـەر خـوداوەند بەلوتف و کـەرەمی خـۆی ژیانم کـۆتایـی پێ بێنی. یا لانی کـەم بیـرگـە و زاکیرەم لێ بستێنێتەوە تـا پەیمان شکێنی لووسیند و تەوهین و دەستدرێژیی دۆن فێرنان لەبیـر خـۆم بەرمـەوە. ئەگـەر خـوداوەند بێ ئەوەی بمکوژێ ئەو کـەرەمـەی دەر حـەق من بکردایە، من بیگۆمـان فکر و هۆشی خـۆم دەگەڕاندەوە سـەرباری سـاغی و سلامـەتی و دەنا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێجگە لەوەی دوعا بکەم کە ڕۆحی من ئاوێتەی ڕەحمەتی خۆی بکا، قسەیەکم نییە. چون دەخۆمدا نە ئەو ئازایەتییە هەست پێ دەکەم و نە ئەو هێزە کە لەشم لەبەندی ئەم چلەکێشییە ڕزگار بکەم. ئەوە بوو ئەی بەڕێزان سەربردەی تاڵی من! ئێستا بەمن بڵێن ئایا دەتوانم ئەو بەسەر هاتە، بەغەم و پەژارەیەکی کەمترەوە لەوەی کە نیشانم داوە، بۆ کەسێک بگێڕمەوە؟ بەتایبەتی تکاتان لێ دەکەم بۆ دەرمانی دەردەکانی من لە بەیانی هەر نەسیحەتێک کە عەقڵ بەئێوە حوکم دەکا و متمانەی چارەسەری دەدا بەمن ماندوو مەبن، هەر چەند نەسیحەتەکانی ئێوە بۆ من لە شەربەتێک کە تەبیب(*) بۆ نەخۆشی خۆی دیاری دەکا، ئەویش نەخۆشێک کە دەرمان ناخوا، سوودی زۆرتر نابێ. من بێ بوونی لووسیند چاک بوونەوەم ناوێ و ئێستا کە ئەو پەسندی ئەوە بووە کە ملکی یەکی تر بێ، لە حاڵێکدا ملکی من بوو و دەبێ بشبێ، منیش چون نەمتوانیوە ملکی بەختەوەری بم، پەسندی دڵم ئەوەیە کە ملکی بەدبەختی بم. ئەو وای ویستووە کە بەوەلانانی من مەرگی من، مسۆگەر بکا. با وابێ! منیش دەمەوێ بەمردنی خۆم ئەو بەئاواتی خۆی بگەیەنم. دواین چارەی تەواوی بێچارەکان دەوەدایە کە بەهیچ شتێک دڵدانەوەیان ناکرێ و ئەوەش خۆی باشترین چارەی دەردە کانیانە، بەڵام لەمەو پاش دەڵێن کە تەنیا من لە دڵدانەوە (تسلا) بێ بەش بووم و ئەمە بەپێچەوانە، بۆ من دەبێتە هۆی قورسترین حەسرەت و بەئێش و ئازارترین مەینەتی و کڵوڵی، چۆن وای تێدەگەم کە حەسرەت و دەردەکانی من تا پاش مردنیشنم هەر درێژەیان دەبێ.»

لێرەدا کاردینیۆ گێڕانەوەی سەرگوزیشتەی دوور و درێژی خەمناک و عاشقانەی خۆی کۆتایی پێ هێنا و چون کەشیش خۆی ئامادە کردە بوو کە چەند وشەیەک بۆ دڵدانەوە و ئارام کردنەوەی ئەو بڵێ، لە ناکاو دەنگێک کە گەیشتە گوێی هەموویان پێشی بەقسەکردنی ئەو گرت. دەنگێک کە ئاوری دە پیاوی بەردەدا و شتانێکی دەگوت کە دەبەشی داهاتوودا باس دەکرێ، چون سەید حامیدی کوڕی ئەنجەل مێژوونووسی زانا و دڵسۆز ئەو بەشەی داستانی خۆی لێرەدا کۆتایی پێ هێناوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٨

## لەمەڕ ڕووداوێکی خۆش و تازە کە لە سیرامۆرنا بەسەر کەشیش و دەلاک هات

سێ جاران هەر خۆزگەم بەو سەردەمەی کە پاڵەوانی بێ باک دۆن کیشۆتی مانش هاتە سەر گۆڕەپانی ژین! بەڕاستی چون ئەو بەنیاز پاکی و خێرخوازییەوە لێ بڕا ئاینی نیوە گیان و نیوە خامۆشی پاڵەوانانی سەرگەردان زیندوو کاتەوە. ئەوەتا ئێستا ئێمە لەو دنیا دڵ مردووەدا کە موحتاجی شادی و سەرگەمییە، نە تەنیا لە شیرینی و خۆشیی داستانە بنەڕەتییەکە، بەڵکو لە حەکایات و وردە و نەزیلەکانیش کە بۆ زۆران لە باری حەز و خۆشییەوە لە داستانە سەرەکییەکە نامێنێتەوە، لە باری ئافراندن و جوانی و ڕاستیشەوە دیسان شتێکی لە ئەسڵی داستانەکە کەمتر نییە، حەز و خۆشی وەردەگرین.[٢٠٠]

بەڵێ جا داستان وێژ لە درێژەی هەودای تێکەو پێچراو و هەڵپساوی داستانی خۆیدا ئاوا دەگێڕێتەوە کە دەو کاتەدا کە جەنابی کەشیش خۆی ئامادە دەکرد تا کاردینیۆ دڵداری بداتەوە، دەنگێک بەگوێی هەمووان گەیشت کە ئاوری دە دەروونی گشتیان بەردا و نەیهێشت کەشیش قسان بکا. دەنگەکە دەیگوت: «ئاه خودایە! بڵێی سەرەنجام شوێنێکم دەست کەوتبێ کە گڵکۆی فەرامۆش کراوی لەشی من بێ؟ لەشێک کە بەپێچەوانەی مەیلی خۆم باری قورسی ئەوم بەکۆڵەوەیە؟ بەڵێ، مومکینە بەو مەرجە کە لە تەریکی و تەنیاییەک کە بەڕواڵەت دەو کێوانەدا هەیە بێ بەش نەبم. مەخابن! چەندە هاودەمی و هاودەنگی دەگەڵ ئەم ڕەوەز و ئەم پنجەدرک(*) و دالانە، کە ئیزنم دەدەن باسی ڕۆژەرەشیی خۆم بەئاه و ناڵە بەگوێی گەردوون بگەیەنم، لە هاودەمیی خەڵکی ئەم جیهانە خۆشترە! چون، دە پانتایی جیهان دا کەسێک شک نابەی کە بتوانێ ڕێنوێنییەک دەپەرێشان حاڵیدا و دڵدانەوەیەک لە غەم و کەسەردا و دەرمانێکت دەمەینەتی و کلۆڵیدا لەو چاوەڕوان بێ! ئەم

---

٢٠٠– هەرچەند سێروانتێس لە بەرگی یەکەمدا با پەسنی حیکایەت و وردە نەزیلەکانی کتێبی دۆن کیشۆت ڕەوا، لە بەرگی دووەمدا خۆی لە زبان خوێندکارێکەوە بەناوی سامسۆن کاراسکۆ، ڕەخنە لەو وردە نەزیلانە دەگرێ. هەرچی بێ لە بەرگی دووەمدا وردە نەزیلە و حیکایەتی لەو چەشنە کە پێوەندییان بەداستانە سەرەکییەکەوە نییە، کەمترن. (لوویی ویاردۆ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قسە پەژارە هێنەرانە بەگوێی کەشیش و هەموو ئەو کەسانەی کە دەگەڵی بوون گەیشت و چون زانییان کە ئەو دەنگە زۆر لە نزیکەوە دێ هەموو وێکڕا هەستان کە بزانن کێیە وا لەو جیهانە بەگلە و گازندەیە. هێشتا بیست هەنگاوێک نەڕۆیشتبوون کە لە پشت ڕەوەزێک لاوێکی جحێلیان لە بن دارەبەنێک بەدانیشتوویی چاو پێ کەوت و لە سەرەتاوە نەیانتوانی ڕوخساری ببینن، چون لاو سەری دەبەر خۆی نابوو، لە جۆگە ئاوێکدا کە بەبەر دەمیدا تێ دەپەڕی خەریکی شوشتینی لاق و لەتەری خۆی بوو. یاران وەها بەبێدەنگی چووبوونە بەرەوە کە لاو دەنگی هەنگاوەکانی ئەوانی گوێ لێ نەبوو؛ لە لایەکی ترەوە، ئەویش بێجگە لە شوشتنی قاچ و قولی خۆی کە دەتگوت دوو پارچە بەردی سپی بلوورین کە دەگەڵ بەردەکانی تری ناو چۆمەڵەکە تێکەڵ بووبوون، ئاگای لە شتێکی تر نەبوو. ئەو ڕەنگە سپییە و ئەو هەموو جوانییە بووبووە جێی سەرسوڕمانی ئەوان چون بەبڕوای ئەوان، ئەم لاق و لەتەرە، بەپێچەوانەی ئەوەی لە جلوبەرگ و ڕواڵەتییەوە گومان دەکرا، بۆ ئەوە ئافەریدە نەکرابوو کە بەدوای جووت و گادا و بەنێو سندەگڵ و بەرد و داردا بڕوا، ئەوان کە زانییان لاو خشپەی پێی ئەوانی نەبیستووە، کەشیش ئیشارەی بەدوو کەسەکەی تر کرد کە لەپشت گاشە بەردەکان خۆیان مات بکەن، هەر سێکیان لە پشت بەردەکان ماتەیان(*) هەڵگرت و بەسەرنجێکی زۆرەوە لاوەکەیان خستە ژێر چاوەدێری. لاو باڵاپۆشێکی دوو توێی دەبەردا بوو کە شاڵێکی سپی لەسەر بەستبوو. پاتۆڵێکی گوشادی لە ماهووتی قاوەیی دە پێدا بوو و شەوکڵاوێکی پیاوانەشی هەر لەو پارچەیە لەسەر نابوو. دەلینگی پاتۆڵەکەی تا نێوەی بەلەکی، کە دەتگوت لە مەڕمەڕی سپی داتاشراوە، هەڵدا بووەوە. کاتێک لاو لە شوشتنی بەلەک و قاچ و قولەکانی تەواو بوو، بۆ وشک کردنەوەی ئەوان دەسرەیەکی لە ژێر شەوکڵاوی خۆی هێنا دەرەوە کاتێک شەوکڵاوەکەی لەسەرخۆی لابرد چاوی ڕوانەران بەڕوخسارێکی وەها جوان و بێ وێنە کەوت کە کاردینیۆ بەسرتە بەکەشیشی گوت: «چون ئەم بوونەوەرە لووسیند نییە، کەوابوو لە ڕەگەزی بەشەری نییە!» کاتێک سەری خۆی بۆ ئەم لا و ئەولا تەکان دا، کەزیە و پرچ و پەرچەمێکی وەهای پەخش و پەرێشان کرد کە پرچەکانی خۆرەتاویش بەغیلییان پێ دەبرد! ئەوجار سێ یاری زیت و زانای ئێمە تێ گەیشتن کە ئەوەی ئەوان تا ئێستا بەلاوێکی دێهاتیی تێ گەیشتبوون، ژنێکی جوان و ناسکۆلە بوو کە نە تەنیا چاوەکانی دوو دۆستەکەی دۆن کیشۆت، بەڵکو چاوانی کاردینیۆش پێش ناسینی لووسیند، ژنێکیان بەو جوانییە نەدیتبوو. پرچە درێژەکانی بەسەر شان و پیلیدا پەخش وپەرێشان هاتبوونە خوار و هەموو پەیکەری ئەو نازدارەیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabin.org

داپۆشـیـبوو، بەجـۆرێک کە تەنـیـا لاق و لەتەری بەدەرەوە بـوو. ئەو نازدارە بۆ شـانە کـردنی پرچەکانی شانەیەکەی بێجگە لە پەنجەکانی دەکار نەهێنا، ئەگەر لاقەکانی وەک دوو بەردی سپی بلوورین بوون دەستەکـانی دەلابەلای بسک و کەزییـەکانیدا دەتگوت کلووی بەفرن. چون ئەو هەمـوو جـوانییـە سـەرسـوڕمـاوی و ئـافـەرینی هەرسـێک ڕوانەری دووقـات زۆر کـردبوو، هێنانییـە سـەر ئەو واز(*) کـە بزانـن ئەو ژنە کـێـیـە و سـەرەنجـام بـەمـجـۆرە لە حـەشـارگـە هاتنە دەر و خـۆیان نیـشـان دا، بەڵام لە دەنگی جـوولانەوەی ئەوان لـە کـاتی هەستان دا، کچی نازدار سەری وەرگێڕا بەدەستەکانی پرچی پەخشانی لەسەر ڕووی خۆی لادا و چاوی دەو شـوێنـە بڕی کە دەنگەکەی لێ هەسـتابوو. دەگەڵ چاو پێکەوتنی ئەو سێ پیاوە لەپڕ لە جێگای خۆی ڕاست بووەوە و بێ ئەوەی مـەجالی کـەوش دەپێ کـردنەوە و کۆ کـردنـەوەی مـووەکـانی هـەبێ بوخـچـەیەکی چکۆلەی لە قـەراغ ئـاوەکـە هەڵگرت و دەخـۆی نووسا(*) و هەڵات. بەڵام هێـشـتـا چوار هەنگاو نەڕۆیشـتـبوو چون پـێ و پەلە ناسکەکـانی بەرگـەری ئەو تیـژە بەرد و بەردەڵانـەی نەگـرت بە عـەرزیدا کـەوت. بەدیتنی ئەو دیمەنە هەر سێک هەڤاڵ بەهەڵاتن خۆیان گەیاندە سەری و یەکەم جار کەشیش وە دەنگ هات و گوتی: «خاتوون ڕاوەسـتە! تۆ هەر کەس کە هەی ئێمـە نییەتێکمـان بێجگە لە خـزمەت بەئێوە نییە. کەوابـوو بێـهـوودە فکری هەڵاتن لە سـەرت نەدا، چون لاق و لەتەرە ناسکـەکانت ئیـزنی ئەم کـارەت پـێ نادەن و ئێـمــەش ڕازی بەو کـارە نـین.» کـچـۆلـەی ناسکۆڵە کـە پەرێشـان و شـەرمـەسـار لـەوێ کـەوتبـوو جـوابێکی ئەو قـسـانەی نـەداوە. هەڤـاڵان نزیکتـر بوونەوە و کـەشـیـش دەسـتـی گـرت و درێژەی بەقـسـەکـانی دا: «ئەی خـاتـوون، ئەو ڕازەی کـە جلوبەرگـەکـەت لە ئێـمــەی دەشـاردەوە، پرچەکـانت بۆ ئێـمــەی درکـاند! و ئەوە خـۆی نیشـانەیەکی ئاشـکرایە لەسـەر ئەوەی کـە ژنێک بەجـوانیی تـۆ لـە خـۆڕایی و بێ دەلیل خـۆی دەبەرگێکی ئەوتۆدا کـە هەرگێز لێی ناکاڵێتـەوە، نەشاردووەتەوە و لە خۆڕا ڕووی دەو چۆڵگە و بەرەهووتە نەکردووە. ئێمـە پێمـان خـۆشـە کە تۆمـان لێرەدا دیتووەتەوە و ئەگەر نەتوانین دەرمـانێک بۆ دەردەکـانی تۆ بدۆزینەوە لانـی کـەم دەتوانـین نەسـیـحـەتێک یا ڕێنوێنییـەکت بکەین. دەراستیدا هیچ دەردێک، تا ئەو کاتەی دەردەدار زیندووە، بەو ئەندازەیە ناگا کە ئەو نەیەوێ تەنانەت نـەسـیـحـەتێک کـە بەنییـەتی خـێـر پێشکەش دەکرێ، گوێ نەداتێ. کـەوابوو ئەی خــاتوونی ئـازیز، یا ئـاغـای خـۆشـەویشت، یا هـەرچی کـە دەتـەوێ ببی، لـەم ترس و هەترەش چوونە کە بەدیتنی ئێمە بۆ تۆ هاتووەتە پێش وەرە دەر و داستانی خۆشبەختی یا بەدبەختیی خـۆت بۆ ئێمـە بگێڕەوە و خـاترجەمیش بە کـە بەبوونی ئێمـە یا هـەریەک لە ئێمـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاودەردانێکت دەست دەکەوێ کە بەبەشدار بوون دە غەم و پەژارە و بەدبەختییەکانی تۆدا کێشانی ئەو باری ئازارە لەسەر شانت سووک دەکەن.

لەو ماوەیەدا کە کەشیش بەمجۆرە قسەی دەکرد، ئەو جوانەی کە جلوبەرگی خۆی گۆڕیبوو، مات و کڕ و بێدەنگ وەک ئەوەی ئەفسوون کرابێ لەسەر جێی خۆی جووڵەی نەدەکرد و بێ ئەوەی لێو ببزێوێ نۆبەبەنۆبە چاوی لەسەر و گۆیلاکی ئەوان دەکرد و دەو حاڵەدا وەدێهاتییەکی لاو دەچوو کە لە ناکاو شتی سەیر و سەمەرەیان پێ نیشان دابێ. سەرەنجام چون کەشیش ماوەیەک لەسەر ئەو قسە پڕ لە بەزەیی و دلسۆزییانە ڕۆیشت کچەکە ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا و قفلّی بێدەنگیی لەسەر لێوەکانی هەڵگرت و گوتی: «ئێستا کە تەنیایی دەتەریکی و خەڵوەتی ئەو کۆسارانەدا نەیتوانی من لەبەر چاوان بشارێتەوە و پرچەکانم پاش بلاّو بوونە ئیزنی درۆ کردن بەزبانم نادەن، بێهودەیە لە خۆم(*) بگۆڕم و بێجگە لەوەی کە هەم خۆم بەشتێکی تر بناسێنم. کەوابوو ئەی بەڕێزان، جارێ با بڵێم لەوەی کە ئامادەن خزمەتێک بەمن بکەن سپاستان دەکەم و ڕۆحم و بەزەیی ئێوە وادارم دەکا جوابی پرسیارەکانتان بدەمەوە. ڕاستیتان دەوێ داستانی بەدبەختیی من، بەو جۆرەی کە دەمەوێ بۆتانی بگێڕمەوە، هەر بەو ئەندازەی کە غەمناکتان دەکا، دەترسم تووڕەشتان بکا. چو ن ئێوە نە دەرمانێکتان بۆ ئەو دەردە پێ دابین دەکرێ، و نە دڵدانەوەیەک بۆ کەمکردنەوەی مەرارەت و بەدبەختیی من لەدنیادا هەیە، بەلاّم بەو حاڵەشەوە، ئێستا کە تێ گەیشتن من ژنم و منتان بەتاکی تەنیا بەو سەروسەکوتەوە لێرەدا بەرچاو کەوتووە و ئەو هۆکارانە هەرکام بەتەنیایی دەتوانن شەرەف و ئابڕووی من دەزەینی ئێوەدا عەیبدار بکا، بۆ ئەوەی شەرافەتی من دەزەینی ئێوەدا عەیبدار نەبێ ئامادەم ئەوەی کە ئارەزووم بوو بیشارمەوە، بەئێوەی بڵێم.» «ئەم وتارە کورتە بەزبانێکی وەها شیرین و بێ هەڵەنگووتنی زبان و بەشێوەیەکی وەها ڕەوان لە لایەن ئەم کچە نازەنینەوە بۆ ئەو سێ هەڤاڵە پێشکەش کرا کە سەرسوڕماویی ئەوان لە ناسکیی خەیاڵ و گفت و لفتی جوانی کەمتر لە جوانییەکەی ئەو نەبوو. هەر سێک ئامادەیی خۆیان بۆ خزمەت کردن دووپات کردەوە و دووبارە تکایان لێ کرد کە بەڵێنی خۆی بەرێتە سەر. پاشان کیژی نازدار پاش ئەوەی کەوشەکانی دەپێ کردەوە و پرچە پەرێشانەکانی خڕ کردەوە، لەسەر تاقەبەردێک کە سێ بیسەرە کە لە دەوری کۆ بووبوونەوە دانیشت و، پاش ئەوەی گوشاری بۆ خۆی هێنا کە پێش بەداتکانی چەند دڵۆپ فرمێسک بگرێ، بەدەنگێکی بەرز و لەسەر خۆ بەمجۆرە دەستی پێ کرد:

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

«هەر لەم پارێزگای ئەندلۆسەدا کە جیرانی ئێمەیە، شارێکی چکۆلە هەیە کە یەکێک لە دووکەکان نیشانی ڕەسەنایەتیی خۆی لە ناوی ئەو شارە وەرگرتووە و هەر ئەم ناوو نیشانەش ئەوی گەیاندووەتە ڕیزی ئەو کەسانە کە پێیان دەڵێن «گەورە گەورەکانی ئەسپانیا»[٢٠١] ئەم جەنابی دووکە دوو کوڕی هەیە: کۆڕە گەورەکەی کە میراتگری ملک وسامانی ئەوە بەڕواڵەت ئەخلاق و ئاکاری باشی باوکیشی بەمیرات بردووە! و بەلاّم کۆڕە چووکەترەکەی بێجگە لەوەی دە فێڵبازی و مەکر و فریودا میراتگری «گانلێن»[٢٠٢] و دەخەیانەتدا میراتگری «وێلیدۆ»[٢٠٣] یە نازانم لە باوکی خۆی چیی بەمیرات پێ گەیشتووە. دایک و بابی من کە لە باری عەسڵ و نەسەبەوە فەقیرن ڕەعیەتی ئەو ئاغایەن، بەلاّم ئەو دایک و بابەم ئەوەندە لە باری ماڵی دنیاوە دەوڵەمەندن کە ئەگەر بەبارستای سەروەتەکەیان لە بەرەکەتەکانی سروشت و تەبیات(*) نەسیبیان هەبووایە، ئیتر لەدنیا دا ئارەزوویەکیان نەدەما و منیش لەوە نەدەترسام کە بکەومە ئەو بارە خراپەی کە ئێستا تێی دام. چون وای بۆ دەچم کە تەواوی بەدبەختییەکانی من لەوەڕا سەرچاوەی گرتبێ کە ئەوان دە بنەماڵەیەکی سەرووداا لە دایک نەبوون. ڕاستە کە عەسڵ و نەسەبیان زۆریش لە خوارەوە نییە کە شەرمی لێ بکەن، بەلاّم ئەوەندەش لە سەرەوە نییە کە من بتوانم بڵێم بەدبەختییەکانم هەموویان لەو پەستی و ژێروو بوونی بنەچەکەمانەوە سەرچاوەی نەگرتووە. بەهەرحاڵ ئەوان وەرزێرن و لە ڕەگەزێکی پاک و پالاوتەن و تۆرەمەیان دەگەڵ ڕەگەزی پیس و خراپەکار تێکەڵ نەبووە و وەک دەڵێن لە کۆنەمەسیحییەکانی سەردەمی کۆنن و بەڕاستی ئەوەندە کۆن و قەدیم کە ماڵ و سامان و ژیانی خۆش و ڕازاوەیان کەم کەم بۆتە هۆی ئەوە کە نیشانی «نەجیب زادە» و تەنانەت «ئەرباب» بەدەست بێنن. بەو حاڵەشەوە گەورەترین دارایی و بەرزترین ڕەسەنایەتییەک کە مومکین بوو هۆی شانازیی ئەوان بێ ئەوە بوو کە کچێکی وەک منیان هەیە. و چون مناڵێکی تریان نییە بێجگە لە من کە ببێتە میراتگریان و هەمیشە منیان لە قووڵایی دڵەوە خۆش ویستووە، من یەکێک لەو کچانە بووم کە کوتەجەرگەی(*) دایک و بابیانن. من ئاوێنەیەک بووم کە ئەوان خۆیان دەمندا تەماشا

---

٢٠١- وێدەچێ ئەو دووکە «دووک دۆسۆنا» Le duc dósuna بێ. ڕۆدریگز مارین Rodriguez Marin دەڵێ کە کوڕی چکۆلەی دووک دۆسۆنا یانی «پێدرۆزیرۆن» وەک «دۆن فێرنان» قارەمانی کتێبی سێروانتێس، کچێکی جوانی لە خشتە بردبوو. (مۆریس باردۆن)

٢٠٢- گانلێن ناوی خەیانەتکارێکی بەناوبانگە.

٢٠٣- وێلیدۆ Vellido قارەمانی ئەفسانەییی حەماسەی ڕۆلاّن، کە نێوبانگی بەخەیانەت ڕۆیشتووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دەکرد، گۆچانی ڕۆژانی پیری و کڵۆڵییان بووم. ئامانجی دواینی ئارەزووەکانی ئەوان بووم کە لە سنووری ویستی خواوەند بەدەر نەبوو، ئارەزووەکانی منیش بەپاداشی چاکی و خۆشەویستیی ئەوان دەهیچوارێکدا لە ویستەکانی ئەوان جیاواز نەبوو. من هەر چۆن فەرمانڕەوای دڵی ئەوان بووم لەسەر دارایی ئەوانیش هەموو دەسەڵاتێکم هەبوو. نۆکەران و خزمەتکارانی ماڵ و مەزرا، من دامدەمەزراندن یا وەدەرم دەنان و حیسابی هەر شتێکی دەچێندرا یا هەڵدەگیرا، بەدەست من بوو. ئاشی ڕۆن کێشان و داوودەزگاری شەراب دروست کردن و ڕەوەی مەڕ و مالات لە ورد و درشت و کەندووی مێش هەنگوینەکان و سەرتان نەیەشێنم، هەرچی کە وەرزێرێکی دەوڵەمەندی وەک باوکم دەتوانێ هەیبێ دەژێر چاوەدێریی من دا بوو. خاتوون و کەیبانووی ماڵ هەر خۆم بووم و بێ ئەوەی خۆم هەڵکێشابێ کەس وەک من نەیدەتوانی بەو چالاکییە بەو گشتە کارانە ڕابگا. ئەو کاتانەی کە دەرۆژدا پاش ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە بۆ من دەمایەوە خەریکی کاری ژنانە دەبووم، وەک جلدروون، گوڵ دۆزی و ئەغڵەب بەنم دەڕست و کاتێک بۆ دەرکردنی شەکەتی دەستم لەو کارانە دەکێشاوە، بۆ سەرگەرمی کتێبی باش باشم دەخوێندەوە یا چەنگم لێ دەدا، چون بەئەزموون تێ گەیشتبووم کە مۆسیقا فکری ماندوو دەحەسێنێتەوە و زەین و مێشکی مرۆڤ دێنێتەوە سەرخۆ. ئەوە بوو بەکورتی باری ژیانی من لە ماڵی باوکم و ئەگەر بەدرێژی بۆ ئێوەم گێڕایەوە، بەهیچ جۆر لەبەر ئەوە نەبوو خۆڕابێنم و بەئێوە بڵێم کە دەوڵەمەندم. بەڵکو بۆ ئەوە بوو کە ئێوە داوەری بکەن من دەو هەڵدێرانەمدا لە ترۆپکی گەورەییڕا بۆ ئەو زەلکاوی بەدبەختییە کە ئێستا تێی کەوتووم هیچ گوناهێکم نییە. من بێهوودە ژیانی خۆم دەنێو ئەو هەموو کار و مەشغەڵەتەدا و دەتەنیاییەکی وەها سەخت و دژواردا تێپەڕ دەکرد کە ژیان و گوەزرانم وەک ژیانی دەیرنشینەکان(*) وابوو، چون ئەو جۆرەی کە خۆم بزانم بێجگە لە خزمەتگوزار و نۆکەر و دەست وپێوەند، کەسی تر منیان نەدەبینی. ئەو ڕۆژانەش کە دەچوومە نوێژی «مەس» بەیانی زۆر زوو دەگەڵ دایکم و باوکم و ژنە خزمەتکارەکان دەچووم. ئەویش وەها داپۆشراو و شاراوە کە بەزەحمەت بەر پێی خۆم دەدیت. بەو حاڵەشەوە چاوی دڵداری یا باشترە بڵێم چاوی بێ عار کە لە چاوی پڵینگ تیژبینترە منی خستە بەر بەدوا هاتنی «دۆن فێرنان» کە کوڕی دووەمی هەمان ئەو دووکەیە کە من لە پێشدا بۆم باس کردن.»

ناوی دۆن فێرنان لە زاری کیژەکەوە دەر نەهاتبوو کە ڕەنگی ڕوخساری کاردینیۆ گۆڕا و سەراپای لەشی وەک مێژووکە وەلەرزین کەوت، تا ئەو جێگایەی کە دەلاک و کەشیش پێیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وابوو لەوانەیە ئاسەواری شێتی و ئاگاله خۆ نەماوی دیسان ڕووی تێ کاتەوە و دەست بوەشێنێ(*). بەڵام کاردینیۆ تەنیا ئارەقەی دەردا و لەرزی و لەجێی خۆی چرتەی نەکرد و زەق زەق دە کیژە جوانە وەرزێرەکە ڕاما و پێی وابوو کە دەیناسێ. کیژۆڵە بێ ئەوەی سەرنجێک بداتە لەرزین و حاڵەتی نیوە شەپڵەی کاردینیۆ داستانی خۆی بەم چەشنە درێژە پێ دا:

«هەرکە چاوی دۆن فێرنان منی ئەنگاوت، وەک بۆ خۆی پاشان دەیگوت، ئاگری ئەوینێکی وەها بەگڕ و تین کەوتە دڵی کە نەیتوانی بیشارێتەوە. بەڵام بۆ ئەوە زووتر بگەمە کۆتایی داستانی ڕۆژەرەشییەکانی خۆم دەمەوێ باسی ئەو کردەوە و کارانەی کە دۆن فێرنان بۆ نواندنی ئەوینی خۆی کردی بۆ ئێوە نەکەم. ئەو تەواوی خزمەتکارانی ماڵی ئێمەی بەبەرتیل و پێشکەشی فریو دابوو. هەزار جۆر دیاری و سەوقاتی بۆ دایک و باوکم دەهێنا، دەوکۆڵانەیداکە منی لێ بووم، هەموو ڕۆژی جێژن و بەزم و شادی بوو، ساز و ئاوازی شەوانە نەیدەهێشت کەس خەو لە چاوی بکەوێ. نامەگەلێکی بێ ئەژمار کە نازانم چۆن بەدەستم دەگەیشتن سەرتاپا بابەتی عاشقانە و باسی دڵداری بوون و بەڵێنی و سوێندی وەفاداری زوربەی ڕستەکانی پێک دێنا. لەسەر ئەوەشڕا تەواوی ئەو کارانە نە تەنیا منی ڕام نەدەکردە، بەڵکو سەرسەختی و کەللەشەقیی منی زۆرتر دەکرد، دەتگوت دوژمنی قەستەسەری(*) منە و تەلاشەکانی بۆ ڕامکردنی من بۆ ڕەواندنی منە. ئەڵبەتە نەک بڵێی من ئەو بەکەس دانەنێم یا دەربڕینی خۆشەویستیی ئەو بەسووکایەتی بزانم، بەپێچەوانەوە لەوەی کە کەوتوومەتە بەر پەسندی لاوێکی ئاوا گەورە و ماقووڵ دەناخی خۆمدا هەستم بەخۆشحاڵی، کە نازانم لە کوێوە سەرچاوەی دەگرت، دەکرد و لە پێ هەلاگوتنی ناو نامەکانی هیچ بێزار نەبووم، چون بەبڕوای من، بیستنی تاریف و پەسندانی(*) خۆ بیستن بۆ گۆیچگەی ئێمەی ژن هەر چەندەش ناشیرین و درزیو بن، هەمیشە خۆش و دڵبزوێنە. بەڵام شتێکی کە منی لە خۆ بەدەستەوەدان دەگێڕاوە هۆگرییەک بوو کە بەپاراستنی شەرمی خۆمم هەبوو، لە لایەکیش ڕێنوێنی و نسحەتەکانی دایک و باوکم هەموو کات دەگوێمدا دەزرینگانەوە، چون ئەوان زۆر بەئاسانی دەمەبەستی دۆن فێرنان گەیشتبوون و ئەو لاوەش خۆی بۆ شاردنەوەی ویستی نهێنیی خۆی لە جەماوەر زەحمەتێکی بەخۆی نەدەدا. دایک و باوکم بەمنیان دەگوت کە شەرافەت و حورمەتی ئەوان تەنیا بەعیسمەت و حەیا و شەرافەتی منەوە بەستراوەتەوە و، ئەوەندە بەسە کە من چاو لە جیاوازی و مەودای چینایەتیی نێوان خۆم و دۆن فێرنان بکەم تا تێ بگەم کە مەبەستی ئەو، هەر چەند خۆی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێچەوانەی ئەوە دەڵێ، زۆرتر بۆ دامرکاندنی هەوەس و خواستی دڵی خۆیەتی و دەفکری مندا نییە. ئەوەشیان دەگوت ئەگەر من ئیرادە بکەم و کۆسپ بخەمە سەر ڕێگەی ئەوینی درۆزنانەی ئەو و کارێکی وا بکەم کە دەست لە من هەڵبگرێ، ئامادەن دەستبەجێ بەهەر کەسێک کە خۆم بمەوێ نە تەنیا لە شاری خۆم، بەڵکو لە شارەکانی دەوروبەریش، بەشوو بدەن. چون لە سەروەت و سامانی زۆری ئەوان و لە خاوێنی و جوانیی نێوبانگی من چاوەڕوانی هەر سەرکەوتنێک دەکرا. ئەم بەڵێنییانە و بیروڕای ئەوان منی دە خۆڕاگری و پشتگۆی خستنی قسەکانی ئەو لاوەدا پتەو کردبوو کە هەرگیز نەمویست تەنانەت وشەیەک کە دەلاقەی هیوایەک، هەر چەند لە دووریشەوە، بۆ گەیشتن بەئارەزووەکانی خۆی بەڕووی دۆن فێرناندا بکاتەوە، بەسەر زارمدا بێنم. ئەم خۆڕاگری و گۆی پێ نەدانە و بەهێند نەگرتنە زۆرتر لە پێشتر ئاگری هەوا و هەوەسی چەپەڵی دۆن فێرنانی بەتین کرد. گوتم هەواوهەوەسی چەپەڵ، ئەوە باشترین ناوێکە کە دەتوانم بیدەم بەو ئەوینەی کە ئەو بۆ منی نیشان دەدا. چون ئەگەر دۆن فێرنان ئەو پیاوە بایە کە دەبوو بووبوایە، ئەوە نە دەهاتە پێش کە ئێستا من باسی ئەو بۆ ئێوە بکەم. سەرەنجام دۆن فێرنان هەواڵی پێ گەیشت کە دایک و باوکم خەریکن بەشووم بدەن، تا هیوای بوونە خاوەنی من لە دڵی ئەو بەرنە دەر، یا لانی کەم نیگابانییەکی زۆرتر بۆ پاراستن و ئاگاداری لەمن وەکار بخەن. ئەم هەواڵە یا ئەو گومانە ئەو لاوەی وادار کرد کە ئەو کارە بکا کە ئێستا بۆتان دەگێڕمەوە.

«شەوێک بەتەنیایی لە ژوورەکەی خۆمدا بووم و بێجگە لە ژنێکی خزمەتکار، کەسم دەگەڵ نەبوو، لە ترسی ئەوەش مەبادا بەهۆی کەمتەرخەمییەوە، شەرافەتی من بکەوێتە مەترسییەوە، تەواوی دەرگاکانمان موحکەم داخستبوو. لە ناکاو بێ ئەوەی بزانم چۆن بوو، وای لێ هات، ئەو کابرایە، بەو هەموو ئیحتیات و تیبینییەوە کە کردبوومان، لەو بێدەنگی و تەنیایی ژوورەکەمدا لەبەر چاوم شین بووەوە! ئەم دیمەنە وەهای سەر لێ شێواندم کە نەچاوم هیچی دەدین و نە زبانیشم دەگەڕا، تا ئەو جێگەی کە نەمتوانی تەنانەت هاوارێک بکەم و کەسێک بۆ یارمەتی بانگ بکەم. و فکر دەکەم کە دەرفەتی هاوار کردنیشی پێ نەدام، چون هێشتا وەژوور(*) نەکەوتبوو کە هاتە تەنیشتم و منی کە لەبەر پەرێشانی هێزی بەرهەڵستم نەبوو، دەباوەشی خۆی گرت و ئەوەندی قسەی هەڵخەڵەتێن و دڵخۆش کەری بەگوێمدا خوێند کە نازانم درۆ چون دەتوانێ ئاوا وەستایانە و زیرەکانە فریو برازێنێتەوە و بەشکڵی ڕاستی بیخاتە بەرچاو. لە لایەکی تریشەوە ئەو غەیانە کارێکی کرد کە کە فرمێسکەکانی بەقسەکانی و ناڵەکانی بەنییەتە پیسەکەی ئیعتبار و گرینگی ببەخشێ. من،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کچۆڵەیەکی فەقیرۆکە دەنێو کەسوکارەکانمدا تەنیا بووم و بۆ ئەم چەشنە تووش بوونانە ئەزموونێکم نەبوو، نازانم چۆن بوو کە وردەوردە باوەڕم بەو قسانە کرد، بەڵام ئەم بۆچوونە ئەوەندە بەهێز نەبوو کە دەبەرامبەر ناڵە و گریانی ئەودا هەستێکی ئەولاترم لە هێندێک دڵ پێ سووتان، پەیدا کردبێ. بەڵێ ئەوجار کە هێندێک لە پەشێوی و سەراسیمەیی(*) وەخۆ هاتمەوە بەغیرەتێکەوە کە پێم وانەبوو دەمندا مابێ پێم گوت: «ئەرباب، من ئەگەر ئەم جۆرە کە ئێستا دەچەنگ تۆدا ئەسیرم دەچەنگاڵی شێری ژیاندا ئەسیر بووایەم و بۆ ڕزگاریی خۆم لەو گرفتاری یە پێویست بوایە کە بەزیانی شەرافەت و عیفەتی خۆم کارێکم کردبایە یا قسەیەک بکەم. هەمان ئەندازە بۆ من نامومکین بوو کە بەرگری لە پێشهاتی ئێستا، کەوابوو ئەگەر تۆ لەشی من دەنێوان باسکەکانتدا هەڵدەگوشی من ڕۆحی خۆم دەنێوان نییەتە پاکەکانی خۆمدا پاراستووە، نییەتگەلێک کە دەگەڵ مەبەستەکانی تۆدا جیاوازییان هەیە و ئەگەر تۆ بتەوێ بۆ دامرکاندنی هەوەسەکانت زۆری و ملهووری دەکار بێنی ئەودەم تێ دەگەی کە من ڕاستم گوتووە. من ڕەعیەتی تۆم، بەڵام کەنیزت نیم. ڕەسەنایەتیی بنەماڵەیی تۆ ئەومافە نادا بەتۆ کە سووکایەتی بەنارەسەن بوونی ئێمە بکەی و دەستدرێژی بەمن بکەی و من بەقەدەر تۆ نەجیب زادەی ئەعیان، بۆ کەسایەتیی دێهاتی و پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆم ڕێز دادەنێم. دەسەڵاتی تۆ ناتوانێ کارێک دەگەڵ من بکا، هەروەهاش سەروەت و سامانی تۆ کار لەمن ناکا. قسەکانت ناتوانن من فریو بدەن و فرمێسک و هەناسەکانیشت نەرمم ناکا، بەڵام ئەگەر دەوجوودی کەسێکدا کە دایک وباوکم بیانەوێ بمدەن بەئەوە یەکێک لەو سیفەتانەی کە ئێستا باسم کردن دەویدا ببینم، ئیرادەی من دەبەرانبەر ئیرادەی ئەودا کڕنۆش دەکا. و بۆ هەمیشە دەبێتە فەرمانبەری ئەو، بەجۆرێک ئەگەر شەرافەتی من عەیبدار نەبێ من، هەر چەند بەناخۆشێش، ئەوەی کە بەزۆر ئێستا دەتەوێ لە چەنگ منی دەربێنی بەمەیل و زەزامەندی بەتۆی پێشکەش دەکەم. مەبەستم ئەوەیە تا کەسێک نەبێتە مێردی شەرعی و یاسایی من، مەحاڵە ئاوڕ وێدانێک لەمنەوە ببینێ. نەجیب زادەی ناپیاو گوتی: «ئەی دووورووتەی» جوان (ناوی ئەو بەدبەختە کە ئەم داستانە بۆ ئێوە دەگێڕیتەوە دووورووتەیە) ئێستا کە تەنیا بەو ڕێگایەدا دەتوانم تو ڕازی بکەم هەر ئێستا دەستی هاوسەری بۆ لای تۆ درێژ دەکەم و سوێند دەخۆم کە ببمە مێردی تۆ و بۆ شاهیدیش و بۆ شاهیدی ئەو سوێندەی خۆم یەکەم خودا کە هیچ شتێک لەو ناشاردرێتەوە و دووەم ئەو وێنە مبارەکەی حەزرەتی مریەم، دایکی خواوەند، کە ئەوەتا لەبەر چاومانە بەشاهید دەگرم.»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەو چرکە ساتەدا کە کاردینیۆ لە زبان کچەکەوە بیستی کە ناوی «دووررووتە»یە دیسان تووشی ئەو حاڵەتی لەرزین و لەسەر خۆ چوونە بوو و سەرەنجام زۆرتر باوەڕی بەو گومانە کرد کە یەکەمجار لەمەڕ شوناسی ئەو کیژە بە زەینیدا تێ پەڕیبوو. بەڵام چون نەیدەویست هەودای داستانێک بپسێنی کە دەیزانی چۆن کۆتایی پێ دێ، تەنیا ئەوەندەی گوت: سەیرە خانم! ناوی تۆ دووررووتەیە؟ من بەسەرهاتی کەسێکی تریشم هەر بەم ناوە بیستووە کە بەقەدەر تۆ بەدبەختی و نەهامەتی دیتووە. بەڵام ئێوە داستانەکەتان درێژە پێ بدەن: کاتی ئەوەش دێ کە من شتێک بەتۆ بڵێم کە کەمتر لەوە نەبێتە هۆی سەرسوڕماوی و نارەحەتیی ئێوە.» بەبیستنی ئەو قسانەی کاردینیۆ، دووررووتە چاوێکی لێ کرد و دەسەرو وەزعی فەقیرانەیەوە ڕاما. پاشان تکای لێ کرد ئەگەر شتێک لەمەڕ ئەو دەزانێ، بێ ڕاوەستان بیڵێ. کیژۆڵە هەروەها گوتی: «تەنیا شتێکی کە تەقدیر بۆ منی هێشتووەتەوە غیرەتێکە کە دەبەرامبەر ئەو هەموو موسیبەت و دەرد و پەژارەیەدا توانای خۆڕاگری و ڕاوەستانم پێ دەدا و خاترجەمم کە ئیتر بەلاو ڕۆژەرەشییەک نەماوە کە لەوەی هەم بەدبەختترم بکا. کاردینیۆ گوتی: «خاتوون ئەگەر خاترجەم بوایەم کە ئەوەی بیری لێ دەکەمەوە هەڵە نییە، هەر ئێستا دەگوتنی ئەوشتەیدا کە فکرم بۆی دەچێ هیچ دەرنگم نەدەکرد. بەڵام گوتنی ئەوانە هێشتا کاتی نەهاتووە و زانینی ئەوان بۆ تۆ هیچ سوودێکی نییە. دووررووتە گوتی: هەر چۆنێکت پێ خۆشە با وابێ. کەوابوو من دەگەڕێمەوە سەر داستانی خۆم:

«دۆن فێرنان وێنەی حەزرەتی مریەمی هەڵگرت و وەک شاهیدی زەماوەندی ئێمە لە بەر دەمی هەر دووکمانی دانا و جارێکی تریش بەسوێندانەوە ڕەش و شین بووەوە کە مێردی منە. بەو حاڵەش پێش ئەوەی سوێند خواردنی تەواو بێ، پێم گوت کە ئاگای لە خۆی بێ و بزانێ چ دەکا و تووڕەیی جەنابی دووک - کە ناچار کاتێک بزانێ ئەو دەگەڵ کچە ڕەعیەتێکی خۆی زەماوەندی کردووە ئاور دەگرێ - دەبەرچاو بگرێ و نەهێڵێ جوانیی من چاوی کوێر بکا. چون جوانیی من ناتوانێ دەلیلێکی بەهێز بێ بۆ ئەوتاوانەی کە دەیکا، وە ئەگەر خۆشەویستیی من ئەوی هێناوەتە سەر ئەو بارە کە بەبۆچوونی خۆی لوتفێک دەگەڵ من بکا، باشترە لێ بگەڕێ تا چارەنووسی من لەسەر بنەمای عەسڵ و نەسەبی خۆم دیاری بکرێ، چون ئەو جۆرە زەماوەندانە هەرگیز بەهیچ کوێ ناگەن و بەختەوەریی سەرەتایی ئەم کارانە زۆر ناخایەنێ. من تەواوی ئەو دەلیلانەم پێ گوت و هەزار شێرو ڕێویم بۆ هێناوە، بەڵام ئەو قسانە دۆن فێرنانی لە ئەنجامدانی پیلانە گڵاوەکەی پەژیوان نەکردەوە. من دەمەودای تێپەڕ بوونی ئەو چرکە ساتانەدا وتارێکم بەخۆم پێشکەش کرد و لە دڵی خۆمدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabiri.org

بەخۆم گوت: «نە، نە! من یەکەم کەس نابم کە لە ئاکامی شووکردن، لە چینێکی پەست و خوارووڕا دەگاتە پلە و پایەیەکی بەرز و سەروو. و دۆن فێرنانیش یەکەم کەس نییە کە بەخاتری جوانی و جەماڵ و بە لە خشتە بردنی هەوا و هەوەس، هاوسەرێکی نامناسب و نابەرامبەر دەگەڵ شان وشکۆێ چینایەتیی خۆی هێنابێ. ئێستا کە من نەخوازیاری ئاڵوگۆڕپێدانی نەزمی جیهانم و نە دەشمەوێ دابونەریتی نوێ دابخەم، ئەگەر ئەو شانازییەی کە تەقدیر بەنسیبم دەکا بیقۆزمەوە، حەق بەمن دەبێ. چون تەنانەت ئەگەر ئەو خۆشەویستییەی کە نیشانی دەدا تا کاتێک بەردەوام بێ کە بەئارەزووی دڵی خۆی دەگەڵ من بکا، دیسانیش لەبەر دەرگای خودای مەزن من وەک ژنی ئەو چاو لێ دەکرێم. بەپێچەوانە، ئەگەر بمەوێ بەنیشان دانی نەفرەت و تووڕەیی، تڕۆی کەم و لە خۆمی دوور بخەمەوە من لەو دا بارودۆخێک دەبینم کە ئەرکە ئەخلاقییەکانی خۆی فەرامۆش بکا و بەزۆر کاری خۆی بکا، وە ئەودەم من نە تەنیا ئابرووم دەچێ، بەڵکو دەبەرانبەر کەسانێکیشدا کە نازانن من چەندە لە گوناھ بەدوورم عوزر و بیانوویەکم نابێ. بەڕاستی کام دەلیل و بەڵگە ئەو توانایەیان هەیە بەدایک و بابم و بەخەڵکی تر بسەلمێنن کە نەجیب زادە بێ ئیزنی من هاتووەتە ژوورەکەم؟ «من تەواوی ئەم پرسیار و وەڵامانەم دەمێشکمدا هێنا و برد، بەڵام شتێکی کە بەتایبەتی بوو بەهۆی لەخشتە چوون و هەڵخلیسکانم و بێ ئەوەی بۆ خۆم بزانم نابوودی کردم، بەڵێنی و سوێند خواردن و فرمێسک هەڵوەراندن و ئاخ و ئۆخ و هاواری دۆن فێرنان و بەشاهید گرتنی شاهیدانێک بوو کە ئەو هێنایە ئاراوە، بێجگە لەوانەش جوان چاکی و هەیکەل و قیافەی ئەو بوو کە بەپشتیوانیی ئەو هەموو دڵداری نیشاندانە ڕاستینە، دەیتوانی هەر دڵێکی ڕەوەک و نەعاملاوی وەک دڵی منیش، نەرم بکا. من کچە خزمەتکارەکەی خۆم قاو کرد تا ئەویش وێڕای شاهیدانی ئاسمانی، شاهیدێکی خاکی و زەوینی بێ. دۆن فێرنان عەهد و پەیمانی خۆی نوێ کردەوە و پێی لەسەر داگرت و پیاگ(*) خاسانێکی تری بەشاهیدی بانگ کرد و هەزار نەفرینی لە خۆی کرد ئەگەر وەعدەی خۆی نەباتە سەر، دیسان چاوی پڕ بوون لە فرمێسک و دەمی بەئاخی ئاگرین، ئاوری تێ بەربوو. منی کە نەمتوانیبوو تاوێک لە باوەشی بێمە دەر، توندتر دە ئامێز گرت؛ سەرەنجام کاتێک کچە خزمەتکارەکەم دووبارە لە ژوورەکەم ڕۆیشتە دەر من ئیدی کچ نەبووم.

«ئەو شەوەی کە منی تێدا، تیدا چووم، وەک ئەمن فکری لێ دەکەمەوە، بەپێچەوانەی مەیلی دۆن فێرنان هەر ڕۆژ نەدەبووەوە؛ گوتم بەپێچەوانەی مەیلی ئەو، چون جنیایەتکار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کاتێک هەوەسی چەپەڵ و نگریسی خۆی دامرکاند، ئیدی هەوەسێکی بە تەوژمتر لەوەی نییە کە هەرچی زووترە لە شوێنی جینایەت دەرباز بێ، یا لانی کەم ئەوە فکر و بۆچوونی من بوو. چون دەمدیت پاش ئەوەی دۆن فێرنان کەیفی خۆی دەگەڵ من کرد، هەر پەلەی بوو کە بڕوا. بەڵێ ئەو خزمەتکارەی ئەوی بۆ ژووری من ڕێنوێنی کردبوو، پێش تاو هەڵات بۆ دەرەوەی ماڵ ڕێگای نیشان دا. لاو کاتێک مالاوایی کرد، جارێکی تریش، بەڵام بەشۆر و سۆزێکی کەمتر لە کاتی هاتنی، دووپاتی کردەوە کە بەوەفا و بەڵێنی یەکانی پشت ئەستوور بم و سوێندەکانی باوەڕ بکەم، وە بۆ ئەوی قورسایی یەکی زۆرتری دابێ بەقسەکانی ئاڵقەیەکی گران بایی لە قامکی خۆی دەرهێنا و دەدەستی منی کرد. سەرەنجام منی بەجێ هێشت و من بەحاڵەتێک کە نەمدەزانی شادم یا غەمگین، لەوێ مامەوە. شتێکی کە دەتوانم بڵێم ئەوەیە کە من سەراسیمە و دەفکردا بووم و لەو ڕووداوە ئاگام لە خۆم بڕا بوو، هیچ لەو خزمەتکارەم کە دۆن فێرنانی دەژووری تایبەتی مندا شاردبووەوە یا باشترە بڵێم خەیانەتی پێ کردبووم، تووڕە نەبووم، چون نەمدەزانی ئەوەی بەسەرم هاتووە باشە یا خراپ. من لە کاتی ڕۆیشتنی دۆن فێرناندا، پێم گوتبوو کە دیسان دەتوانێ بەنهێنی شەوانی تریش بێتە ژوورەکەم. چون تا کاتێک کە خۆی بەباشی دەزانێ کە خەبەری ژن ومێردایەتیی خۆمان بلاوکاتەوە من ملکی ئەو بووم. بەڵام ئەو تەنیا شەوی دوایی گەڕاوە و ئیدی چاوم پێی نەکەتەوە و من باوەکو ماوەی مانگێک بێهوودە بەدوایدا گەڕام و نەلە کۆڵان دۆزیمەوە نە لە کلیسا، هەر چەند دەمزانی کە ئەو لە شار نەڕۆیشتووە و زۆرتری کاتی خۆی بەڕاو و شکار کە هۆگرییەکی زۆری پێوە هەبوو ڕادەبوارد. مەخابن! هەر من دەزانم ئەو ڕۆژانە چەند بەسەختی بەسەر مندا تێ دەپەڕین و ئەو سەعاتانە چەند بەدژواری و بەتاڵی ڕادەبردن! من دەزانم کە چۆن وردە وردە نیسبەت بەوەفای ئەو بەدگومان دەبووم و تەنانەت هیچ باوەڕێکم پێی نەما! و هەر من دەزانم کە کچە خزمەتکارەکەم چەندە لۆمە و سەرزەنیشت کرد و چەند جوێن و سەرکۆنەی لێ بیستم! و قسەی ئاخر من دەزانم کە چ زەحمەتێکم کێشا تا پێش بەگریانی خۆم بگرم و چۆن خۆم نیشان بدەم کە دایک و باوکم بەغەم و پەژارەی من نەزانن و خۆشم مەجبوور نەبم دەدیدار کردنیاندا درۆ بکەم. بەڵام ئەم بارودۆخە ناجۆرە زۆری نەخایاند و ئەو چرکە ساتە گەیشت کە کاسەی سەبرم لێوڕێژ بوو و هەر جۆرە خۆڕاگری و مەلاحەزەیەکم دەژێر پێ نا و سەرەنجام ڕق وقینی خۆم ئاشکرا کرد. ئەم ڕووداوە کاتێک ڕووی دا کە هەواڵی زەماوەندی دۆن فێرنان دە یەکێک لە شارەکانی ئەم دەڤەرەدا، دەگەڵ کچێکی زۆر جوان، لە بنەماڵەیەکی ڕەسەن، بەڵام نە زۆر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabten.org

دەوڵەمەندە کە تەنیا بەپشتیوانیی جیازەکەی هیوای زەماوەندێکی بالای هەبێ، دەماڵی ئێمەدا بڵاو بووەوە. دەیانگوت ناوی ئەو کچە لووسیندە و هەروەها ڕووداوی سەیر و سەمەرەیان باس دەکرد کە لە کاتی ئەو زەماوەندەدا و دەرێورەسمی مارەکردندا ڕووی داوە.»

کاردینیۆ کاتێک ناوی لووسیندی بیست، شانی وێک هێنانەوە و خۆی گرژ کرد و لێوی خوی گەزت و جۆگەی ئەسرینی لە چاوەکانی هەڵرژاند و بێدەنگ و کڕ و مات، کوڵی دڵی هەڵرشت و کارێکی تری نەکرد. دووروونە بەخاتری ئەم پێشهاتە، قسەی خۆی هەڵنەبڕی و درێژەی بەداستانی خۆی دا.

«ئەم هەواڵە خەمبارێنە زۆر زوو بەمن گەیشت، بەڵام دڵم بەجێی ئەوە ببێتە سەهۆل، بوو بەگڕکانی ئاگر. وەها تووڕە و ڕق لە دڵ بووم کە چی وای نەمابوو سەردە کووچە و کۆڵانان بنێم و بەهاوار و دەنگی بڵند، خەیانەتێکی شەرمەزار کە دەرحەق بەمن کرابوو، بەگوێی خەڵکی بگەیەنم، بەڵام ئەو ڕق و قینەی من بەهۆی فکرێکەوە کە بە زەینمدا هات و لە سبەینەی ئەو ڕۆژەوە دەکارم هێنا، هێور بووەوە. جلوبەرگی یەکێک لە نۆکەرەکانی باوکم کە وەرزێرەکان پێیان دەڵێن زاگال zagal و لە بەسەرهاتی پڕ لە نەهامەتیی من لە زبان خۆمەوە ئاگادار بووبووەوە، دەبەر خۆم کرد و تکام لێ کرد، دەگەڵم بێتە ئەو شارەی کە پێم وابوو دوژمنەکەم لەوێیە. ئەو زاگاڵە پاش ئەوە منی لەبەر ئەو جەسارەتە لۆمە کرد و عەیب و ئیرادی ئەو تەمایەی منی پێ گوتم، چون دیتی لەسەر تەمای خۆم ڕاوەستاوم، قەولی پێ دام تا ئەوسەری دنیایش دەگەڵم بێ. زوو دەستێکم جلوبەرگی ژنانە و هێندێک پووڵی نەغد و جەواهێرات بۆ ڕۆژی تەنگانە دە کیسەیەکی کەتانی بەست و بێ ئەوەی خزمەتکاری غەیانی خۆم، پێ بزانێ دەبێدەنگیی شەودا بەهەزاران فکری تێکەڵ پێکەڵ و پەرێشانەوە، هاوڕێ دەگەڵ زاگاڵ لە ماڵ وەدەرکەوتین. ڕێگای ئەو شارەم پیادە گرتە بەر، بەڵام بەتاسەی گەیشتن باڵم لێ ڕوا بوو، تا ئەگەر نەشتوانم کارێک کە تازە کرابوو و نەدەکرا هەڵوەشێنەوە و پێشی پێ بگرم لانی کەم لە دۆن فێرنان بپرسم بەکام ڕوو ئەو کارەی کردووە؟ پاش دوو ڕۆژ و دانێک گەیشتمە شارەکە و سۆراغی ماڵە بابی لووسیندم گرت. یەکەم ڕێبواری کە ئەم پرسیارەم لێ کرد، زۆرتر لەوەی کە دەمویست زانیاری پێ دام. یانی ماڵی ئەوانی پێ نیشان دام و تەواوی ڕووداوی شەوی زەماوەندەکەشی بۆ گێڕامەوە و گوتی ئەو داستانە ئەوەندە دەشاریدا بڵاو بووەتەوە کە بووەتە ویردی زبان و نوقڵی مەجلیسی هەر گەدە(*) و گودەیەکیشە. هەروەها گوتی، شەوی زەماوەندی دۆن فێرنان دەگەڵ لووسیند، کچەکە هەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کە وشەی «بەڵێ» بەسەر زاریدا دێ و دۆن فێرنان وەک شووی خۆی قبووڵ دەکا، لە هۆش دەچێ و بە عەرزیدا دەکەوێ و کاتێک دۆن فێرنان ویستبووی گرێبانی کراسەکەی بکاتەوە بۆ ئەوەی هەوای بداتێ نامەیەک بەخەتی لووسیند دەبینێتەوە کە تێیدا نووسرابوو، چون من هاوسەری کاردینیۆم، ناتوانم ببمە ژنی دۆن فێرنان. (کاردینیۆ وەک ڕێبوارەکە دەیگوت کوڕی بنەماڵەیەکی نەجیبی ئەو شارەیە) و ئەگەر وشەی «بەڵێ» بەسەر زبانیدا هاتووە تەنیا لە بەر دڵی دایک و بابی بووە. کورتی ببڕمەوە لە ناوەرۆکی نامەکەوە دەرکەوتووە کە لووسیند لە کۆتایی ڕێو ڕەسمی زەماوەندکەدا قەستی خۆکوژیی بووە و ئیشارەشی بەو دەلیلانە کردووە کە دەبنە هۆی ئەو خوکوژییە. دەڵێن بۆ ئەو کارەش دەشنەیەکی دەژێر جلوبەرگی بووکێنیی خۆیدا شاردبووەوە. دۆن فێرنان کاتێک ئەوەی دیت وا تێ گەیشت کە لووسیند گاڵتە و سووکایەتی پێ کردووە و پێش ئەوەی بووک وەهۆش بێتەوە شالاوی بۆ برد و ویستی هەر بەو دەشنەیە ئەنجن ئەنجنی(*) کا و ئەگەر دایک و بابی لووسیند و ئامادە بووانی ئەو کۆڕە پێشیان پێ نەگرتبا، ئەو کارەی دەکرد. هەروەها دەڵێن لووسیند تا شەوی دوایی وەهۆش نەهاتەوە. دۆن فێرنان زۆر زوو لە مەجلیسی مارە کردن دەرباز دەبێ. لووسیند پاش وەهۆش هاتنەوە بۆ دایک و بابی گێڕاوە کە چۆن ژنی هەمان کاردینیۆیە کە من ئێستا باسم کرد. هەروەها بەپێی دەنگۆیەک کە بەهەموو جێیەکدا بڵاو بووبووەوە تێ گەیشتم کە کاردینیۆ لەو بەڕێوە چوونی مارەیی و زەماوەندەدالەوێ بووە، چون دیتبووی کە بەپێچەوانەی ئەوەی خۆی فکری لێ دەکردەوە، نامزدەکەی مێردی کردووە، بەدڵ شکاوی و ناهومێدی لە شاری دەرکەوتووە و نامەیەکیشی لەمەڕ ئەو سووکایەتییەی لووسیند پێی کردووە نووسیوە و دەو نامەیەدا ڕای گەیاندووە کە هیچکەس دووبارە ڕووی ئەو نابینێتەوە. تەواوی ئەم باس و خواسە لە شاریدا بڵاو بووبووەوە و باس هەر باسی ئەو مەسەلە بوو. بەڵام ئەو دەنگۆیە کاتێک زۆر بەهێزتر بوو کە خەڵک زانییان لووسیند لە ماڵی باوکی و تەنانەت لە شاریش ڕۆیشتووە و کەس نازانی ڕووی دەکوێ کردووە. چون تەواوی شاریان گەڕا بوو و دایک و باوکە چارەڕەشەکەشی چون نەیاندەزانی بۆ دۆزینەوەی کچەکەیان چ خاکێک بەسەر خۆیاندا بکەن وەک شێتانیان لێ هاتبوو. ئەو هەواڵانە برووسکەی هومێدێکیان خستەوە دڵی من و من لەوەی کە دۆن فێرنانم نەدۆزیبووەوە خۆم خۆشبەختتر لەو کاتە دەزانی کە ئەو ژنی هێنابایە و زەماوەندی کردبا. لە ڕاستیدا وای تێ گەیشتم کە بەدبەختیی من دەردێکی بێ دەرمان نییە و بەخۆم تەلقێن دەکرد کە ڕەنگە خودای تەبارەک و تەعالا ئەو کۆسپە چاوەڕوان نەکراوەی بۆ ئەوە خستووەتە سەر ڕێی زەماوەندی دووەمی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

ئەو تا بیخاتەوە یادی عەهد و پەیمانێک کە بۆ زەماوەندی یەکەم بەستبووی و هۆشیاری کاتەوە کە تاکێکی مەسیحییە و دەبێ زۆرتر لە کاروباری دنیا دەفکری نەجاتی ڕۆحی خۆیدا بێ. من هەمووی ئەو فکرانەم دەمێشکی خۆمدا لێک دەداوە و بێ ئەوەی بابەتێکم بو دڵدانەوەی خۆم هەبێ. خۆم هێور دەکردەوە و خەونی هیوای دوورە دەستم دەبینی تا ئەو ژیانەی کە ئێستا لێی بێزارم بیپارێزم.

«لەو کاتانەدا کە من ئاوارە و سەرگەردان بەشاریدا دەگەڕام و چون دۆن فێرنانم نەدیتەوە، نەمدەزانی چ بکەم. بیستم کە جارچییان دە کووچە و کۆڵانان دا جاڕ دەکێشن و بەکەسانێک کە من، لەو حاڵەو لەو ڕەنگە، بدۆزنەوە خەڵاتێکی گەورە و مزگێنییەکی باش وەعدە دەدەن. هەروەها بیستم کە دەنگۆ بڵاو بووەتەوە کە نۆکەرەکەی هاوڕێم منی لە ماڵی بابم ڕفاندووە. ئەو زەبرە تازەیە تا قووڵایی ڕۆحم کاری تێ کردم و من بەدڵێکی شکاوەوە دیتم کە ناوی باشی من تا چ ڕادەیەک پیس و پۆخڵ بووە، چون تەنیا تۆمەتی هەڵاتنیان بۆ بەدنێو کردنم بەتەواو نەزانیوە و تۆمەتی هاودەستی و تێکەڵاوی دەگەڵ کەسێکی ئاوا دزێو و نانەجیبیان داوەتە پاڵم کە دە عومری خۆمدا بێزم نەهاتبوو چاوی لێ بکەم. من دەگەڵ بیستنی ئەو هەواڵانە دەگەڵ نۆکەرەکەم کە وردەوردە دەوەفاداریی خۆیدا سستی و کەمتەرخەمییەکی نیشان دەدا، لە شار چوونییە دەر. هەر ئەو شەوە لە ترسی ئەوەی مەبادا ئێمە بدۆزنەوە خۆمان گەیاندە قووڵترین شوێنی خەڵوەی ئەم کۆسارانە، بەڵام هەر وەک دەڵێن «هەرساتە و غەمێک دێتە سلاوم »[٢٠٤] و کۆتایی هەر بەڵایەک دەسپێکی بەلایەکی ترە، عەینی ئەو شتە بەسەر منیش هات، چون نۆکەری نیاز پاکی من کە تا ئەودەم وەفادار و باوەڕپێکراو بوو، کاتێک خۆی دەگەڵ ژنێکی وەک من بەتەنیا، چاو پێ کەوت، زۆرتر بەفریوی دڵی ڕەشی خۆی، نەک بەهۆی جوانی و لەباری من، وەسوەسەی کەڵک وەرگرتن لەو تەنیاییەی تێدا وەجووڵە کەوت. لە ئاکامدا بێ ئەوەی حورمەتی من ڕابگرێ و لە خودا بترسێ، دەستی کرد بەقسەی بێ شەرمانە و کاتێک دیتی من بەچ گرژی و نەفرەتێکەوە پێشنیارەکانی ئەو ڕەد دەکەمەوە، دەپێشدا کە لەبەرم دەپاڕاوە ئەوجار خەریک بوو بەزۆر

---

٢٠٤– وەک خوالێخۆشبوو محەمەدی قازی نووسیویەتی لە دەقی سەرەکیدا، سێروانتێس نووسیویەتی «هەر بەدبەختییەک یەکێ تر بانگ دەکا» و قازی ئەم نیوە شیعرەی حافزی شیرازی لە جێگە داناوە «هر دم آید غمی از نو بە مبارکبادم» کە بەڕاستی جوانترین وەرگێڕانە بۆ ڕستەکەی سێروانتێس و منیش بەم شێوە کردم بەکوردی و ئەو نیوە شیعرەم بۆ هەڵبەستووە. (وەرگێڕ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستدرێژیم پێ بکا. بەڵام خودای عادڵ و فریاڕەس(*) کە کەمتر لە یارمەتیدانی بەندەی خاوێن و بێ سووچ و تاوان درێغی دەکا، وەها بەوەخت یارمەتیی دام کە من باوەکو هێزی بەئەندازەم بۆ پاراستنی خۆم نەبوو، ئەوم لە هەڵدێرێکەوە خستە خوارەوە و مردوو یا زیندوو لە وێ بەجێم هێشت. پاشان بەهەشتاوێک کە لەمن چاوەڕوان نەدەکرا، خۆم گەیاندە نێوپارەی(*) ئەم کێوەپارەیە. ئیدی هیچ ئامانجێکم نەما، بێجگە لەوەی کە خۆم لێرەدا لە چاوی دایک و باب، یا کەسانێک کە بیانەوێ دەستدرێژیم پێ بکەن، حەشار بدەم. ئێستا نازانم لەو ڕووداوە چەند مانگ تێ پەڕیوە. نزیک ئەو کاتەی باسم کرد تووشی شوانێک هاتم کە منی بۆ خزمەتی شوانی وەرگرت و دەگەڵ خۆی بردمیە کۆختەیەکی کۆیستانی. من لەو کاتەوە خزمەتی شوانەم کرد و هەموو ڕۆژێکم دەسەحرادا تێپەڕ دەبوو، تا بتوانم پرچەکانم کە ئەوەتا بەپێچەوانەی مەیلێ خۆم ڕازی منیان لەقاوداوە، بشارمەوە. بەڵام تەواوی ئەم زیرەکی و ئاگاداری لە خۆ کردنە، بێ فایدە مایەوە. ئەرباب تێم گەیشت کە من پیاو نیم و تووشی هەمان وەسوەسە بوو کە کەوتبووە دڵی نۆکەرەکەم و چون تەقدیر هەمیشە ئەوتۆ نییە کە دەگەڵ هەر مەترسییەک ڕێگە چارەیەکیش لەبەردەم مرۆڤ دابنێ، من لەو نزیکانە هەڵدیرێکم نەدیت تا ئەربابەکەشم بەدوای نۆکەرەکەمدا بنێرم. لەبەر ئەوە وام بەباش زانی کە بۆی دەرباز بم و جارێکی تریش لە دڵی ئەم کێوە ئەستەم و چڕانەدا خۆم بشارمەوە تا ئەوەی دەگەڵی بەرەنگار بم و شەڕی دەگەڵ بکەم، کورتەی کەلام، دیسان هاتمەوە نێو ئەم مێشە و ڕژد هەڵەمووتانە تا بێ هیچ کەند و کۆسپێک بتوانم فرمێسک و ئاهی خۆم پێشکەش بەبارەگای خودا بکەم و لەبەری بپارێمەوە کە ڕوحمێک بەهەژاری و نامرادیی من بکا و بەکەرەم و ڕەحمەتی خۆی ئەم ڕۆژەڕەشییەم کۆتایی پێ بێنێ یا تەمەنی من دەو چۆلگەیەدا تەواو بکا و بیرەوەریی بێ ئەنوایەکی کە ئاوا مەعسوومانە کەوتووەتە بەر هێرشی شەڕارەت و ناپاکی، هەر لەم سەر زمێنەدا ژێر خاک بکا»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٩

## لەمەڕ ئەو فێڵەجوانەی لە پاڵەوانی عاشقی ئێمەیان کرد تا لەو چلەکێشییە دژوارەی دەیکرد، ڕزگار بێ

«ئەوەیە ئەی بەڕێزان، داستانی ڕاستینی بەسەرهاتی تاڵی من! ئێستا تێ فکرن و داوەری بکەن ئەو ئاه و ناڵینەی من کە دەگەڵ قسەکانم لە سینگم دەهاتنە دەر و ئەو ئەسرینانەی کە بینیتان لە چاومدا دەڕژان بۆ ئەو تەوژم و هەڵڕژانە دەلیلی بەئەندازەیان هەبووە یا نا؟ ئێوە بە دەبەرچاو گرتنی چۆنییەتیی نامرادییەکانی من بەو ئاکامە دەگەن کە هیچ دڵدانەوەیەک سوودی نابێ چون دەرمانی دەردەکانی من کاری کردنێ(*) نییە. من لە ئێوە تەنیا یەک شتم دەوێ کە بەئاسانی دەتوانن قبووڵی بکەن. تەنیا بەمن بڵێن لە کوێ دەتوانم تەمەنی خۆم تێپەڕ بکەم بێ ئەوەی هەر دەم دەبواری ئەم مەترسییەدا بم کە لەبەر ترس و نیگەرانی گیانم لە دەست بدەم. چون لەوە دەترسم ئەوانەی بەدوامەوەن سەرەنجام لێرە بمدۆزنەوە. من چاک دەزانم کە خۆشەویستیی زۆری دایک و باوکم مزگێنیم پێ دەدا کە ئەوان بەئامێزی ئاواڵە دووبارە وەرەم دەگرنەوە. بەڵام من تەنیا هەر بەو خەیاڵە کە دەخزمەت ئەواندا بەشکلێکی جیاواز لەوەی چاوەڕوانی بوون، ئاشکرا دەبم، هەست بەوەها شەرمەزارییەک دەکەم کە ئەگەر بۆ هەمیشە لەبەر چاویان ون بم، باشترە لەوەی کە دەڕوخساری ئەواندا بخوێنمەوە، ئەو سەفا و عیسمەتەی کە لە کچی خۆیان دەویست، چی تر لە ڕوخساری مندا نابینن.»

کیژۆڵە پاش تەواو بوونی ئەو قسانە خامۆش بوو و ئەو ڕەنگە سوورەی ئەودەم لەسەر گۆناکانی نیشت، خەجاڵەتی و پەشیمانییەکی کە گیانی لێوڕێژ کردبوو بەڕوونی ئاشکرا دەکرد. ئەوانەش کە گوێیان دابووە داستانی بەدبەختییەکانی ئەو پەژارە و سەرسوڕماوییەکی کە لەو ڕووداوانە سەری هەڵدا بوو، دە قووڵایی ڕۆحی خۆیاندا، هەست پێ دەکرد. کەشیش دەیویست دەست بکا بەنسحەت و ڕێنوێنی کردن بەڵام کاردینیۆ پێشی پێ گرت و دەنگی هەڵێنا کە: «چۆن خاتوون! تۆ هەمان دووڕووتەی جوانی کچی تاقانەی «کولناردۆی» دەوڵەمەندی؟ دووڕووتە کاتێک ناوی باوکی خۆی بیست و ڕواڵەتی فەقیرانەی وێژەرەکەی دیت، کڕ و مات مایەوە، چون دە پێشدا گوتمان کە کاردینیۆ چۆن جلوبەرگێکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دەبەردا بوو. کیژۆڵە گوتی: «هەڤاڵ تۆ کێی کە وا ناوی باوکی من دەزانی؟ ئەگەر بیرگەی من ساغ و سلامەت بێ من تا ئێستا لە داستانی خۆمدا تەنانەت یەک جاریش ناوی باوکم نەهێناوە. کاردینیۆ گوتی: من هەمان ئەو بەدبەختەم کە لووسیند گووتوویەتی هاوسەری منە، من هەمان کاردینیۆی بێچارەم کە جینایەتەکانی ئەو پیاوەی تۆی خستووەتە ئەم حاڵ و ڕۆژە، منیشی هەر وەک دەبینی خستووەتە ئەو بارودۆخە کە ڕووت و ڕەجاڵ ماومەوە و لەهەموو دڵدانەوە و ئارامییەک بێ بەشم و خراپتر لە هەمووی، لە نیعمەتی عەقڵیش بەش بڕاوم، چون جاروبار نەبێ کە بەویستی خودا عەقڵم دێتەوە ناو سەرم. ئیدی مێشکم کار ناکا. بەڵێ ئەی دووڕووتە، ئەوە منم کە بوومەتە قوربانیی جنیایەتەکانی دۆن فێرنان، ئەوە منم کە ڕاوەستام تا لووسیند ئەوی وەک مێردی خۆی قبووڵ کرد و ئەو وشە شوومەی «بەڵێ» بەسەر زبانی دا هاتە دەر. بەڵام من ئەوەندەم پیاوەتی و ئازایەتی نەبوو تا بزانم بێ هۆشیی لووسیند و دیترانەوەی نامەی ناو سینەی دەگاتە کوێ، چون ڕۆحی من ئەوەندەی توانا نەبوو کە ئەو هەموو بەدبەختییە دەیەک ئاندا(*) هەڵگرێ. کاتێک کاسەی سەبرم لێوڕێژ بوو لە ماڵەکەیان دەرپەڕیم و کاغەزێکم دا بەمێزبانی خۆم و تکام لێ کرد کە بیگەیەنێتە دەست لووسیند و خۆم هاتمە ئەم بیابانە تا ژیانی خۆم کە لەو دەمەوە وەک دوژمنێکی خوێنی لێی بێزارم، بگەیەنمە کۆتایی. بەڵام خودا نەیویست کە ڕۆحم لێ بستێنێ و تەنیا بەوەرگرتنەوەی عەقڵ، لێم ڕازی بوو. ڕەنگە منی بۆ ئەوە ڕاگرتبێ کە ئەوڕۆ سەعادەتی دیداری تۆم بەنسیب بکا. چون ئەو جۆرەی خۆم تێ دەگەم ئەگەر هەموو ئەو بابەتانەی تۆ گوتت ڕاست بن، ڕەنگە خودا بۆ من و تۆ دوارۆژێکی خۆشتری بۆ کۆتایی بەدبەختییەکانمان دیاری کردبێ کە ئێمە ئێستا لێی بێ خەبەرین. ئەگەر ڕاست بێ کە لووسیند، هەر وەک خۆی بەدەنگی بڵند ڕای گەیاندووە، ناتۆانی شوو بەدۆن فێرنان بکا، بەو دەلیلەی کە هی منە و دۆن فێرنان ناتوانێ دەگەڵ ئەو زەماوەند بکا، چون هی تۆیە، کەوابوو هێشتا من و تۆ دەتوانین هیوادار بین کە خودای مەزن ئەوەی کە موڵکی ئێمەیە بماندداتەوە، چون ئەم دووانە، مڵکێکن کە هێشتاش هەر ماون و زایە(*) نەکراوان یا دێوانە نەبوون. ئێستا کە ئەو دەلاقەی هومێدە بۆ ئێمە ماوە و خەیاڵێکی شێتانە و لە خۆڕایی نییە، من لە ئێوە ئەی خاتوونی بەڕێز تکا دەکەم بەو نییەتە خێرەوە کە هەتانە، تەمایەکی تازە بگرن کە من خۆیشم خەریکم هەر وا بکەم، ئەویش ئەوەیە کە هومێد بەدوارۆژێکی باشتر دەدڵی خوتدا پەروەردە بکەی. منیش بەشەرەفی پیاوەتی و ئازادەیی سوێند دەخۆم تا دەستت دەناو دەستی دۆن فێرنان نەنێم بەجێت نەهێڵم. من ئەگەر نەمتوانی بەڕێگەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabt.org

ڕاوێژ و مەنتیق واداری بکەم کە مافی تۆ دەبەر چاو بگرێ، لە خەسڵەتی نەجیب زادەیی خۆم کەڵک وەردەگرم و بەتۆڵەی تاوانێک کە دە بەرامبەر تۆ دا کردوویەتی بۆ دۆئیل(*) بانگهێشتی دەکەم، بێ ئەوەی سووکایەتییەکی کە بەخۆمی کردووە دەبەر چاو بگرم. چون من تۆڵەی خۆم بەخودای عەرز و عاسمانان دەسپێرم و لەسەر زەوی تەنیا بۆ ئەستاندنەوەی تۆڵەی تۆ بەگژیدا دەچم.»

قسەکانی کاردینیۆ، بوو بەهۆی سەرسۆڕماوی و هەیەجانی دووررووتە و چون نەیدەزانی بەپاداشی پێشکەش کردنی ئەو هەموو فیداکارییە چۆنی سپاسگوزاری بکا، ویستی خۆی بەسەر پێی دادا و ماچیان بکا، بەڵام کاردینیۆ ئیزنی نەدا ئەو کارە بکا. کەشیشی دلۆڤان بەجێی هەر دووکیان هەودای قسە کردنی بەدەستەوە گرت و نەخشەی(*) عاقڵانەی کاردینیۆی پەسند کرد و بەنسحەت و هاندان و تکا کردن ئەوانی ڕازی کرد کە دەگەڵی بچنە گوندەکەی ئەو، شتومەک و پێداویستیی خۆیان دابین بکەن و بۆ دیتنەوەی دۆن فێرنان پلانێک دارێژن و دووررووتە بەرنەوە ماڵی باوکی و کورتی ببڕینەوە، ئەو کارانەی پێویستە ئەنجامی بدەن. کاردینیۆ و دووررووتە بەدەربڕینی ئەمەگناسی و سپاسی زۆر پێشنیاری ئەویان قبووڵ کرد. دەلاکیش کە تا ئێستا بێدەنگ بوو و هەموو گیانی گۆیچکە بوو، هەڵی دایە و بەهەمان ڕووخۆشییەوە ئامادەیی خۆی بۆ هەر نەوعە خزمەتێک کە لە توانایدا بێ ڕاگەیاند و بەکەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتە هۆی هاتنی خۆی و کەشیشی بۆ ئەو شوێنە بەکورتی باس کرد و هێندێکی باسی شێتییە سەیر و سەمەرەکەی دۆن کیشۆت کرد و ڕوونی کردەوە کە مەیتەرەکەیان بەدوا دا ناردووە و ئێستا چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەون. ئەوجارکاردینیۆ وەبیر دەمەقاڵەی(*) خۆی دەگەڵ دۆن کیشۆت کەوتەوە بەجۆرێک کە دەتگوت دەخەونیدا دیتوویەتی و ڕووداوەکەی بۆ یاران گێڕایەوە. بەڵام نەیتوانی هۆی ئەو شەڕە وەبیر بێنێتەوە. هەر دەو دەمەدا هاوار و هەرایەک بەگوێ گەیشت. کەشیش و دەلاک دەستبەجێ دەنگی سانکۆ پانزایان ناسییەوە کە چون ئەوانی لەو شوێنە بەجێی هێشتبوون نەدیتبووەوە، سەراسیمە و پەریشان بەدەنگی بڵند گاسی(*) دەکردن. هەموو بەهەشتاو چوونە پێشوازیی سانکۆ و بەهەیەجان و نیگەرانییەوە هەواڵی دۆن کیشۆتیان پرسی. سانکۆ بۆی گێڕانەوە کە چۆن ئەربابی بەنیوەڕووتی بەتوێی کراسێکەوە، کز و لاواز، وشک هەلاتوو، زەرد هەڵگەڕاو لە برسان و بەنیوەگیانی دۆزیوەتەوە و بەو حاڵەشەوە لە دووریی گراوییەکەی دۆڵسینە هەناسەی گەرمی ئاوری دەپیاوی بەردەدا، پاشان قسەکەی درێژە پێ دا و گوتی: «من پێم گوت کە خاتوون دۆلسینە ئەمری کردووە زوو ئەو شوێنە بەجێ بێڵێ و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بگەڕێتەوە تۆبۆزۆ، ئەو جێگەی کە گراوییەکەی لەوێ چاوەڕوانیەتی. بەڵام ئەو جوابی داوە تا بەهونەر نوێنی خۆی لایقی ئەو لوتف و ئاورِ وێدانەی ئەو نەبێ، ناچێتە حزووری ئەو خاتوونە پایەبەرزە. بەڵام بەراستی ئەگەر ئەم وەزعە هێندێک درێژەی هەبێ ئەربابی من دەکەوێتە بەر ئەو مەترسییە گەورەیە کە نە بگاتە پلە و پایەی ئیمپراتوری و نە تەنانەت لانی کەم ببێتە ئۆسقۆف، ئێستاش ئەی بەڕێزان ئێوە و خوداتان بڵێن چ بکەین کە ئەو ماخولیایە لەو دۆزەخە بێنینە دەر؟ کەشیش گوتی لەمەڕ ئەو بابەتەوە نیگەران مەبە چون هەر چەند دۆن کیشۆت ڕازیش نەبێ ئەوان دەزانن چۆنی لەم چلەکێشییە ڕزگار بکەن. و پاش ئەو قسانە ئەو پلانەی خۆی و دەلاک بۆ ڕزگاریی دۆن کیشۆت دایانڕشتبوو، بۆ کاردینیۆ و دورووتەیان باس کرد. ئەودەم دوورووتە بەڕەزامەندیی خۆی ئامادە کرد دەوری «کیژوڵەی ستەم لێکراو» و عۆدەی خۆی بگرێ و گوتی ئەو باشتر لە دەلاک دەزانێ دەوری کیژۆڵە کایە بکا، چون جلوبەرگی ژنانەشی بەلاوە هەیە و بەمجۆرە دەتوانێ دەنەخشی سروشتیی خۆیدا هاوکارییان بکا، متمانەشی پێ دان کە ئەو دەورە بەو جۆرە کە پلانەکەی ئەوان دەیەوێ، کایە بکا، چون ئەو کتێبی پاڵەوانیی زۆر خوێندووەتەوە و دەزانی کیژۆلانی ستەم لێکراو چۆنیان داوای یارمەتی لە پاڵەوانانی سەرگەردان دەکرد. کەشیش گوتی: بەه بەه! کەوابوو دەبێ هەرچی زووتر دەست بەکار بین! بەڕاستی بەخت ڕووی تێکردووین، چون ئێمە بێ ئەوە بیرمان لە ئێوەی بەڕێز کردبێتەوە، ئەوەتا هەر ئەو بەختە بەدەستی ئێمە دەرگای هومێدیک بەڕووی ئێوەدا دەکاتەوە و ئێوەش وەک یارمەتیدەر و هاودەست دەنێرێتە سەر ڕێگای ئێمە.»

دوورووتە دەستبەجێ لە بوخچەکەی داوێنێکی حەریری ناسک و بەقیمەت و عابایەکی ڕەنگ سەوزی هێنا دەر. پاشان لە قوتووی جەواهێراتی خۆی گەردن بەندێکی مرواری و چەند پارچە جواهێری تری دەرکێشا و بەچاوترووکانێک خۆی بەشکڵی خاتوونێکی جوان و شکۆمەند و بەلەنجە و لار ڕازاندەوە و گوتی کە تەواوی ئەو زێڕ و زەنبەر و جلوبەرگانەی لە ماڵی باوکیڕا هێناوە تا کاتی پێویست کەڵکیان لێ وەرگرێ، بەڵام تا ئێستا بەکاری نەهاتبوون. حازران هەموویان مەفتوونی(*) ئەو هەموو جوانییە سەرسوڕهێنەرە و خوێن شیرینی و ڕەزاسووکییە بوون و دۆن فێرنانیان بەبێ عەقڵ و نەزان لە قەڵەم دا کە ئەو خەلە(*) و خەرمانەی(*) بەجێ هێشتووە؟ بەڵام ئەوەی زۆرتر لە هەمووان بەچاوی مشتەری و ئافەرین و سەرسوڕماوییەوە چاوی لەسەر هەڵنە دەگرت سانکۆپانزا بوو. ئەو بەعومری خۆی ئافەریدەیەکی ئەوا جوانی نەدیتبوو، هەر بۆیەش لە کەشیشی پرسی ئەو خانمە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabiti.org

جوانە کێیە و دەو کێوانەدا بەدوای چیدا وێڵە. کەشیش جوابی داوە: «هاوڕێ سانکۆ، ئەو خاتوونە جوانە بەپێچەوانەی ئەوەی لە ڕواڵەتیڕا دیارە، میراتگری ڕاستەوخۆ و جێنشینی ئەسڵی ئیمپڕاتووری «میکۆمیکۆنە» Micomicon. ئەو هاتووەتە ئەم کێوانە و سۆراغی ئەربابی تۆێ گرتووە بۆ ئەوەی تکایەکی لێ بکا. ئەویش لابردنی زۆلیمکە کە لە لایەن دێوێکی ناپیاوەوە لەو کراوە. ئەو شازادە خانمە تەنیا بەخاتری نێوبانگێکی کە ئەربابی تۆ دەسەرانسەری کورەی ئەرزدا هەیەتی، لە گینەوە، بەپای پیادە گەیوەتە ئێرە. سانکۆ لە خۆشییان هاواری کرد: بەه بەه چ لێگەڕانێکی خۆش، چ دۆزینەوەیەکی خۆش! بەتایبەتی ئەگەر بەخت یار بێ و ئەرباب بتوانێ تۆڵەی ئەم دەستدرێژی و ئەو ستەمە بەکوشتنی ئەو دێوە شەڕووڕە کە بەڕێزتان باستان کرد بستێنێتەوە و، من خاترجەمم کە ئەرباب ئەگەر دەگەڵ ئەو دێوە ڕووبەڕوو بێتەوە دەیکوژێ، بەو شەرتە تاپۆ نەبێ. چون ئەربابی من دەبەرانبەر تاپۆکاندا بێ دەسەڵاتە. بەڵام جەنابی کەشیش من دەگەڵ زۆر شتان دەمەوێ تکایەکتان لێ بکەم: بۆ ئەوەی نەکا ئەربابی من هەوەسی بوونە ئۆسقۆف لە کەللەی بدا – چون ئەوە تەنیا شتێکە کە من زراوم لێی تۆقیوە – باشترە جەنابی بەڕێزت ئەو نسحەت بکەی کە بێ ڕاوەستان دەگەڵ ئەم شازداە خانمە زەماوەند بکا. چون ئەگەر وا بکا ئیدی ناتوانێ ببێتە کلیسایی و ناچارە عینوانی ئیمپراتوری بەئاسانی قبووڵ بکا، ئەوەش ئەوپەڕی ئارەزووی منە. دەق و دۆغری پێتان بڵێم کە من لەسەر ئەو مەبەستە زۆرم فکر کردووەتەوە و لەسەر ئەو بڕوایەم کە بەدەبەرچاوگرتنی هەموو لایەنەکان. بوونە ئۆسقۆفی ئەربابەکەم بەهیچ کلۆجێک بەسوودی من نییە، چون من خۆم ژن و منداڵم هەیە، بەکاری کلیسا نایەم، و لەوەش تێ پەڕین، ئەگەر بمەوێ وەدوای خەیاڵی خاو بکەوم و بەهیوای کۆ کردنەوەی داهاتی کەشیش نشینێک بم و بەو ژن و منداڵەوە کە من هەمە بەهیچ جێیەک ناگەم. کەوابوو ئەی جەنابی بەڕێز، چارەی کار تەنیا لەوەدایە کە ئەربابی من زۆر زوو دەگەڵ ئەم شازادە خانمە، کە من ناوی بەڕێزی نازانم بەزبان بەیان کەم، چون نازانم ناوی چییە، زەماونەند بکا. کەشیش گوتی ناوی بەڕێزی شادۆت «میکۆمیکۆنا»یە و چون ناوی وڵاتەکەی «میکۆمیکۆن»ە، ناچار دەبێ ئەویش بەم ناوە ناو ببرێ. سانکۆ گوتی: ڕاست دەفەرمووی، من زۆر کەسان دەزانم کە ناوی بنەماڵەیی و ناوی ئەربابی خۆیان لە زێد و نیشتیمانی خۆیان وەرگرتووە. بۆ نموونە خۆیان ناو ناوە: «پێدرۆدوئالکالا» یا «ژوان دۆئۆبدا» یا «دەیەگۆدۆوالا دۆلید». لە گینەش دیارە ئەوە ڕەسمە کە شاژنەکان ناوی وڵاتەکەیان لە خۆ بنێن. کەشیش گوتی: ڕەنگە وابێ، و بەڵام لەمەڕ زەماوەندی ئەرباب،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەوەندی بتوانم و زبانم بەجوانی کاربکا، حەولی خۆم دەدەم.» بەهەمان ئەندازە کە سانکۆ لەم قەولە شادمان بوو، کەشیش سەد ئەوەندە لە سادەیی و ساویلکەیی ئەو سەری سورما بوو. بەتایبەتی دەیدیت کە شێتییەکەی ئەرباب وەها چووەتە ناو مێشکی ئەو، بێچارەیەش کە بەڕاستی باوەڕی کردووە ئەو ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێتە ئیمپراتوور.

دە لابەلای ئەم گوتن و بیستنەدا دووروتە سواری ئێستری کەشیش بووبوو و دەلاک ڕیشی کلکەگای بەچەناگەیەوە هەڵواسیبوو. ئەوجار بەسانکۆیان گوت بۆ شوێنی دۆن کیشۆت ڕێنوێنییان بکا. بەڵام تێیان ڕاخوڕی کە بەهیچ کلۆجێک ئاشنایەتیی خۆی دەگەڵ کەشیش و دەلاک باس نەکا. چون گەیشتنی ئەربابەکەی بەپلە و پایەی ئیمپراتوری پێوەندیی بەو مەسەلەیەوە هەیە. کەشیش و کاردینیۆ نەیاندەویست دەگەڵ ئەوان بڕۆن. کاردینیۆ لەوە دەترسا دۆن کیشۆت وەبیر شەڕ و هەرای خۆی دەگەڵ ئەو بکەوێتەوە، کەشیش لەبەر ئەوەی بوونی لەوێ سوودێکی تێدا نەبوو، لەبەر ئەوە دۆستانیان وەپێش دا و خۆیان پیادە و بێ پەلەکردن وە دوایان کەوتن. کەشیش وای بۆچووبوو کە شێوەی ئەنجامی پلانەکەی بەدووروتە فێر بکا بەڵام دووروتە پێی گوتبوو کە لەم بارەوە نیگەران نەبێ و بزانێ کە کارەکە دروست بەهەمان شێوە کە دە نەقڵ ونەزیلە و کتێبە پاڵەوانییەکاندا هاتووە جێبەجێ دەکرێ.

پاش بڕینی سێ چارەگە فەرسەخ دووروتە و هاوڕێکەی دۆن کیشۆتیان دەنێو ڕژد و هەڵەموتێکدا دیتەوە کە جلوبەرگی دەبەر کردبوو بەڵام هێشتا چەکەکانی لە خۆی نەدابوو. دووروتە هەر کە چاوی پێی کەوت و لە سانکۆی پرسی کە دۆن کیشۆت ئەوەیە، دەئەسپەکەی ڕاخوڕی و ڕیش تاشی ڕیش درێژیش بە دوایدا توندی کرد. کاتێک لە دۆن کیشۆت نزیک بوونەوە، مەیتەر خۆی لە ئێستر فڕێ دا خوار و دووروتەی دەباوەش گرت تا دابەزی و کیژۆڵەی جوان ڕۆیشتە لای دۆن کیشۆت و لە خزمەتیدا کەوتە سەر ئەژنۆ. دۆن کیشۆت تێی ڕۆهات کە لە عەرزی هەڵبستێنێتەوە سەر پێ، دووروتە ڕازی نەبوو و گوتی: «ئەی پاڵەوانی ئازا و بەهەیبەت، تا کاتێک ئەو بەڕێزە بەلوتف و گەورەیی جوامێرانەی خۆی، حاجەتی من پێک نەهێنێ من لەو عەرزە هەڵناستمەوە. حاجەتێک کە جێبەجێ کردنەکەی دەبێتە هۆی شەرەف و شانازیی ئەو سەروەرە و هەم بەقازانجی کیژێکە کە تا ئێستا خۆرەتاو لە هیچ مەزلووم و ستەم لێکراوێکی کلۆڵتر لە وی نەداوە. بەڕاستی ئەگەر هێزی باسکی لەشکان نەهاتووی ئێوە دەگەڵ ناوبانگی هەتاهەتایی تۆ یەک بگرێتەوە، ئەرکی ئێوەیە کە دەستی یارمەتی بۆ لای ڕۆژەرشێکی کە لە وڵاتی زۆر دوورەوە بەدوای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarl.org

ناوبانگی تۆدا هاتووە و دەرمانی دەردەکانی خۆی لە تۆ داوا دەکا، درێژ بکەن. دۆن کیشۆت گوتی ئەی خاتوونی جوان و بەڕێز تا لە عەرزی هەڵنەستییەوە یەک وشە جواب نادەمەوە و گوێ بەهیچ قسەیەکت نادەم. کێژی دڵ شکاو گوتی: وە منیش ئەی حەزرەتی پاڵەوان تا حاجەتی من جێبەجێ نەکەی لەو عەرزە هەڵناستم. دۆن کیشۆت گوتی: من خواهیشتی تۆ قبووڵ دەکەم و حاجەتەکەشت پێک دێنم ،بەو مەرجەی دژی مەسڵەحەت یا شان و شکوی پاشا و نیشتیمانی من و ئەو کەسەی کە هاچەری دڵ و ئازادیی منی بەدەستە، نەبێ. کێژی هەناسە سارد گوتی: «ئەی ئاغای دڵۆڤانم. ئەو کارە نە دژی مەسڵەحەتی ئەوانەیە کە ناوت بردن نە خەسارێک بەحورمەت و گەورەیی ئەوان دەگەیەنی.»

دەو ساتەدا کە دووروەتە دەیویست قسەکانی درێژە پێ بدا، سانکۆ خۆی لە ئەربابەکەی نزیک کردەوە و بەگوێیدا چرپاند: «ئەرباب بەبڕوای من حەزرەتی بەڕێزتان باش دەتوانن داخوازیی ئەو خاتوونە قبووڵ بفەرموون، چون بۆ جەنابت زۆر ئاسانە کە دێوێکی زەبەلاح و کەودەن بکوژن. ئەوەشتان عەرز کەم، ئەم خاتوونە کە ئەو خزمەتە چووکەی لە ئێوە دەوێ، شادۆتی پایەبەرز «میکۆمیکۆنا» مەلەکەی ولاتی «میکۆمیکۆن»ی حەبەشەیە. دۆن کیشۆت گوتی: «هەر کەس بێ من ئەرکدارم ئەوەی ویژدانم پێم دەڵێ و دەگەڵ یاسای شوغڵ و کاری من دژایەتیی نەبێ، ئەنجامی بدەم.» پاشان ڕووی دە کیژۆڵە کرد و گوتی: «تۆ ئەی سەرتۆپی جوانەکانی دنیا، لە عەرزی هەستە و بزانە کە هەر کارێکت بەمن هەبێ، و عۆدەی دەگرم.»... کیژ هاواری کرد کە: چ باش! کەوابوو خواهیشتێکی کە لە ئێوەم هەیە، ئەوەیە کە ئێوەی پایەبەرز هاوڕێی من، بۆ هەرجێگایەک کە دەمەوێ دەگەڵم بێن و بەڵێنی بدەن تا تۆڵەی من لە غەیانێکی کە بەپێچەوانەی شەرع و یاسا ولاتی منی داگیر کردووە وەرنەگرنەوە، دە هیچ ڕووداوێکدا دەرگیر نەبن و دە هیچ شەڕ و کێشەیەکدا نێو بژی نەکەن. دۆن کیشۆت گوتی: دووپاتی دەکەمەوە کە خواهیشتی تۆ قبووڵ کراوە. کەوابوو ئەی خاتوون تۆ دەتوانی هەر لە ئێستاوە هەموو غەم و کەسەرێک لە دڵت دەرباوێژی و هیوای لە دەست چووی خۆت ئازایانە بگەڕێنیتەوە ناو دڵت. بەیارمەتیی خواوەند و بەکۆمەگی باسکی من تۆ بەو زووانە دەگەڕێیەوە ولاتی خۆت و بەپێچەوانەی ویستی هەموو ئەو بەدئاکارانەی لەم بارەوە قسەیەکیان هەیە لەسەر تەختی ولاتانی گەورەی باب و باپیرانت دات دەنیشێنمەوە. کەوابوو با هەرچی زووترە دەست بەکار بین، چون وەک گوتوویانە: «وفی التاخیر افات.» ئەوجار کیژی حاجەتمەند وای نواند کە دەیەوێ دەستی دۆن کیشۆت ماچ بکا بەڵام ئەو کە هەمیشە و دەهەموو حاڵێکدا پاڵەوانێکی ئاداب زان و ژن دۆست بوو، هیچ

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org



بەو کارە ڕازی نەبوو، بەپێچەوانە بڵندی کرد و زۆر بەڕێزەوە ماچی کرد، پاشان ئەمری کرد سانکۆ تەنگەی ڕۆسینانت بکێشی و جلوبەرگی شەڕ دەبەر ئەویش بکا. مەیتەر، چەکی دۆن کیشۆتی کە وەک نیشانی سەرکەوتن بەلقی داربەڕوویەکەوە هەڵواسرابوو، هێنا خوارەوە و پاش ئەوەی بارگینی زین کرد بەچاوتروکانێکیش جلوبەرگی دەبەر ئەربابی خۆی کرد. دۆن کیشۆت کاتێک خۆی سەرتاپا بەچەکداری چاو پێ کەوت هاواری لێ هەستا کە: «ئێستا با بڕۆین بەیارمەتیی خودا بەدادی ئەو شازادە خانمە پایەبەرزە بگەین.» دەلاک کە هێشتا لەسەر چۆک بوو، بەزەحمەت خۆی ڕاگرتبوو کە پێکەنین بەسەریدا زاڵ نەبێ و لە قاقا نەدا و ڕیشەکە لە چەناگەی نەبێتەوە. چون بەداکەوتنی ڕیش، هەموو ڕیس دەبوونەوە خوری. ئەو کە دیتی پاڵەوان بەڵێنی داوە، هەستا سەر پێ و دەستی شازادە خانمی گرت و بەیارمەتیی پاڵەوان سواری ئێستریان کردەوە. پاڵەوانیش زۆر چوست و چالاکانە خۆی هاویشتە سەر پشتی ڕۆسینانت و دەلاک سواری وڵاغی خۆی بووەوە بەڵام سانکۆی بێچارە بە پیادەیی مایەوە و ئەوەش داغ و حەسرەتی دڵی تازە کردەوە و دیسان لە دەست چوونی کەرە نازەنینەکەی وەبیر هاتەوە. بەو حاڵەشەوە سانکۆ لەسەرەخۆ بوو، چون ئەربابەکەی کەوتبووە سەر ڕێگای دروستی گەیشتن بەتەختی پاشایی[٢٠٥] و شک دەوەدا نەبوو کە دەگەڵ ئەو شازادە خانمەش زەماوەندی دەکرد و لانی کەم دەبوو بەپاشای وڵاتی میکۆمیکۆن. تەنیا شتێک سانکۆی غەمگین دەکرد، ئەویش ئەوەی کە پێی وابوو هەموو خەڵکی وڵاتی میکۆمیکۆن ڕەش پێستن و لە ئاکامدا هەموو ڕەعیەتەکانی ئەویش ناچار ڕەش و نالەبار دەبن. بەڵام دەستەوجێ چارەیەک بۆ ئەم کارە بەزەینی گەیشت و بەخۆی گوت «کوڕە جا چ عەیبێکی هەیە کە ڕەعیتەکانی من هەمووی زەنگی بن؟ مەگەر من بێجگە لەوەی ئەوان بەستەبەندی بکەم و بیانبەمە ئەسپانیا و بەقیمەتێکی باش بیانفرۆشم چ کارێکی تر دەمەوێ بکەم؟ من لەو پووڵە دەتوانم عینوان یا پلەوپایەیەک بۆ خۆم بکڕم کە ژیانی من ئەوەندەی ماوە بەئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی تێپەڕ بێ. بەڵێ هەر ئەمەیە و چیتر. تۆ فکر دەکەیەوە کە پیاو چاوی دەقووچێنێ و بەڕێدا دەڕوا و ئەوەندەی هۆش و

---

٢٠٥- خوالێخۆشبوو محەمەدی قازی بۆی گێڕامەوە کە دە وەرگێڕانی دۆن کیشۆتدا داوودەزگای پادشایەتیی پەهلەوی ئیزنی ئەوەیان پێ نەدا وشەی «پاشا» یا «شاهەنشا» دەکار بێنێ و ناچار لە ناوی «ئیمپراتوور» کەڵکی وەرگرتووە. من لێرەدا ئەوەم بیر کەوتەوە و تا ئێرە لە وەرگێڕانەکەمدا هەر ناوی ئیمپڕاتۆرم دەکار هێناوە و لەوە بەدوا زۆرتر لە ناوی «پاشا» کەڵک وەردەگرم. (وەرگێڕ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهرە نییە کە لە هەمووشت کەڵک وەربگرێ و سی هەزار یا دە هەزار ڕەعیەت دە چاوترووکانێکدا بفرۆشێ؟ ئاخ! سوبحانە ڵلا! بەو خودایە ڕەعیەتەکانم چ ورد بن و چ درشت من باش دەتوانم لە عۆدەیان بێمە دەر و ئەگەر بە رەشیی دڵی شەیتانیش بن ئەوان دەگیرفانمدا سپی یا زەرد بکەم.[٢٠٦] وەرن وەرن تا لێتان حاڵی کەم من بێ عەقڵم یا ئێوە»

سانکۆ تەژی لەم خەیاڵ پڵاوانە، وەها شاد و خەرامان بەڕێگادا، دەڕۆیشت کە زەحمەتی پیادە بوونی لەبیر چووبووەوە.

کاردینیۆ و کەشیش لە پشت پنجە دڕووەکانەوە تەواوی ئەو دیمەنە سەیرەیان چاو لێ کردبوو ئێستا نەیاندەزانی بەچ فێڵێک دەگەڵ کاروان کەون. بەڵام کەشیش کە هەمیشە چارەساز بوو، بۆ ڕزگاری لە سەرگەردانی چارەیەکی دۆزییەوە: بەمەقەستێکی چکۆلە کە پێی بوو، ڕیشی کاردینیۆی بە لێزانییەکی زۆرەوە هەڵپاچی، پاشان عابایەکی قاوەیی ڕەنگ کە دەبەرە خۆیدا بوو، بەشانی ئەوی دادا و یەخە ڕەشەکەی خۆشی دا بەئەو، بێجگە لە شاڵوارێکی کورت و کراسێک شتێکی دەبەر خۆیدا نەهێشت. کاردینیۆ بەم ئاڵوگۆڕە وای بەسەر هات کە ئەگەر خۆی دە ئاوێنەدا دیتبا خۆی نەدەناسییەوە. پاش تەواوکردنی ئەو کارە و باوەکو ئەوانی تر لەو ماوەیەدا کە ئەمانە خەریکی گۆڕینی جلوبەرگ بوون، هێندێک کەوتبوونە بەرەوە، ئەم دوو دۆستە توانییان دەپێش ئەواندا بگەنە سەر شاڕێ چون ئەو دڕک وداڵ و چیلکە و چاڵە نەیاندەهێشت سوارەکان توند بە ڕێگادا بڕۆن. ئەم دوو کەسە هەر کە گەیشتنە دەشتایی لە بناری کێوێ ڕاوەستان. کەشیش دەگەڵ چاوی بە دۆن کیشۆت و هاوڕێیانی کە دەهاتنە بەرەوە، کەوت زەق زەق چاوی دەپاڵەوان بڕی و بەئەداو ئەتواری خۆی وای دەنواند کە دەیەوێ بیناسێتەوە. ئەوجار پاش ئەوەی ماوەیەکی تێ ڕاما بەئامێزی ئاوەلا بەهەشتا و بۆ لای پاڵەوان چوو و ئەوەندی دەتوانایدا بوو بەدەنگی بڵند هاواری کرد. «خۆش هاتی ئەی پاڵەوانی وەدیهاتوو، ئەی تاقانەی هەموو عاشقانی دنیا، ئەی قەڵای مەحکەم و ئەی پشت وپەنای زۆرلێکراوان و ئەی خاتەمی(*) پاڵەوانانی سەرگەردانی جیهان!» و لە کاتی گوتنی ئەو قسانەدا خۆی بەئەژنۆی چەپی دۆن کیشۆتەوە هەڵواسیبوو! پاڵەوان ژی(*) کە لە کردار و قسەکانی ئەو پیاوە سەری سۆڕما بوو، بەسەرنجەوە تێی ڕوانی و سەرەنجام ناسییەوە. دۆن کیشۆت کە لە چاو پێکەوتنی کەشیش لەم شوێنەدا زۆر تووشی سەر سوڕمان بووبوو، دەستبەجێ ویستی دابەزێ، بەڵام کەشیش

٢٠٦- مەبەست لە سپی یا زەردکردن ئەوەیە کە دەیانفرۆشێ و دەیانکاتە پووڵی زیو یا زێڕ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ڕازی نەدەبوو. ئەوجار دۆن کیشۆت هاواری کرد کە: «ئەی جەنابی کەشیش، واباشترە ئیزن بفەرمووی لە ئەسپەکەم دابەزم، چون قەت نابێ من سوار بم و جەنابت پیادە. کەشیش گوتی: من بەهیچ شێوە ئەوەم پێ قبووڵ ناکرێ. وا باشە حەزرەتی پاڵەوان هەروا سوار بێ، چون ئەوە سوارەکانن کە دەچنە پێشوازیی ڕووداوی گەورە و سەرسۆرهێنەرترین ئازایەتی کە چاخی ئێمە بەخۆیەوە دەبینێ لە خۆیان نیشان دەدەن و بەڵام بۆ من کە کەشیشێکی بێ قابیلەتم(*) ئەوەندە بەسە کە ئەگەر ئیجازە بفەرمووی سواری پاش تەرکی(*) یەکێک لەو ئێسترسوارانە بم کە دەخزمەت بەڕێزتان دان. چون دەوحاڵەتەشدا وای دادەنێم کە سواری ئەسپی »پێگاز«[٢٠٧] بووم یا سواری ئەو گۆڕەکەرەم کە عەرەبی ناودار «مەزرەق[٢٠٨] دەیرەتاند»(*) و ئێستاش دەغاری گەورەی تاریکستان(*)[٢٠٩] لە نزیک شاری گەورەی «کەمپلۆتۆ» دەتەلیسمدایە. دۆن کیشۆت گوتی: جەنابی کەشیش بەڕاستی من بەوەم نەزانیبوو، بەڵام یەقینم هەیە کە شازادە خانم لەبەر خاتری من، بەمەیتەری خۆی ئەمر دەکا کە ئێستری خۆی بدا بەجەنابت و ئەگەر ئێسترەکەش بکرێ دووپشتە(*) سواری بدا، مەیتەرەکەشی لە پاش تەرکی خۆت سوار بکە. شازادە خانم گوتی: بەڵێ منیش هەر وام پێ باشە، بەڵام دەزانم پێویست ناکا ئەمری پێ بکەم. چون ئەو ئەوەندە بەئەدەبەو بەدابونەریتی دەرباری ئاشنایە کە هەرگیز قبووڵ ناکا ئەو سواربێ و پیاوێکی ئاینی و ڕۆحانی هەڵتەک هەڵتەک(*) بە پێیان بڕوا.»

دەلاک گوتی: «هەڵبەت، شتی وا هەر نابێ!» وە دەستبەجێ دابەزی و ئێستری دا بەکەشیش کە بێ تەعاروف قبووڵی کرد. عەیبی کار لەوە دا بوو کە ئەم ئێسترە ماڵی بەکرێ دانێ یانی تا ڕادەیەک نەعاملاو و دێزە(*) بوو. کاتێک دەلاک ویستی سواری پاش تەرکی بێ، کە فەڵی دەحەوا کرد و جووتەیەکی(*) وەشاند کە ئەگەر وە زک یا سەری وەستا

---

٢٠٧- Pegase ئەسپێکی باڵدار بووە کە بەپێی ئەفسانەی خواوەندانی یۆنانی ئەسپی پێرسە پاڵەوانی بەناوبانگ بووە. پێگاز جیلوەگای ئیلهامی شاعیرانی سواری پشتی خۆی دەکرد تا بیگەیەنێتە چیای هیلکەن. (محەمەد قازی)

٢٠٨- مەرزەق Musaraqe پاڵەوانی ئەفسانەیەکی کتێبگەلی پاڵەوانی.

٢٠٩- Zulema «زولەمات - تاریکستان» ناوی کێوێکە لە باشووری ڕۆژئاوای ئالکالا و هەنارس زێدی سێروانتێس و لەسەر ئەو کێوە ئاسەوار و کەلاوەگەلێکیان دیوەتەوە کە گومان دەکەن پاشماوەی شاری کومپلۆتۆ Complutoبێ. سێروانتێس ویستوویەتی بەم جۆرە یادێکیش لە زێدی خۆی بکا. (لوویی ویاردۆ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtm.org

نیکۆلا کەوتبایە، نانی زیندووانی نەدەخوارد، بەو حاڵەشەوە ئەو جووتە هاویشتنە دەلاکی وەها بڵند کرد کە بە عەرزیدا کەوت و ئاگای لە ڕدێنی بڕا کە لەولاتر کەوتە سەر عەرزی. کاتێک پێی زانی، ڕیش نەماوە چارەی نەما، ئەوەندە نەبێ بەهەر دووک دەستی دەموچاوی خۆی بشارێتەوە و هاواری لێ بڵنید بێ کە ئێستر هەر دووک شەویلاکەی تێک هاڕیوە(*). کاتێک چاوی دۆن کیشۆت بەو گۆلە(*) خورییە کەوت کە نەگۆشتێکی پێوە هەڵکەندراوە و نە خۆینێکی پێوەیە و لەو لاوە کەوتووەتە سەر زەوی، هاواری لێ بەرز بووەوە: «سوبحانەڵلا! چ موعجیزەیەکی گەورە! ئەو ئێسترە ڕەوەکە وەهای ڕیشی مەیتەر لە چەناگەی هەڵکەندووە کە دەڵێی ڕیش دەگەڵ پێست هەڵکەندراوە!» کەشیش چون پێی زانی کە لەوانەیە فێڵ و تەڵەکەی لێ ئاشکرا بێ، بەپەلە ڕدێنی لە عەرزی هەڵگرتەوە و بردی بۆ لای وەستا نیکۆلا کە هێشتا لەسەر خاک کەوتبوو و ئێستاش هەر دەینەڕاند و دەیناڵاند. پاشان سەری هاویشتە سەر زگی خۆی و ڕیشەکەی پێوە نووساندەوە و بەواتەی خۆی دوعایەکی کە تایبەتی ڕدێن چەسپاندنەوەیە بەسەریدا خوێند. بەڕاستی هەر ئەو کاتەی لە کاری چەسپاندنەوەی ڕدێن تەواو بوو دوور کەوتەوە و مەیتەر وەک نەبای(*) دیبێ و نە باران، ساغ وسلامەت و ڕدێندار هاتەوە نێو عالەمەکە. دۆن کیشۆت لەو دەرمان و چاک کردنەوەیە لە بەر سەرسوڕمان سەری لەوانە بوو بتەقێ و لەکەشیشی ویست دەگەڵ دەرفەتێک پەیدا بوو ئەو دوعایەی فێر بکا، چون لەوانەیە تایبەتمەندی زۆرتری لە تەنیا چەسپاندنەوەی ڕیش هەبێ. دیار بوو، لە کاتی هەڵکەندرانی ڕیشدا دەبووایە گۆشتی چەناکەش بریندار بێ و ئەگەر قەرار بێ کە ئەم دوعایە لەیەک کاتدا هەمووان چاک بکاتەوە دەبێ بۆ گۆشتیش وەک خودی ڕیشەکە سوودی هەبێ. کەشیش ئەم بۆچوونەی بەدروست زانی و بەڵێنی دا لە یەکەم دەرفەتدا دوعاکەی پێ فێر بکا.

پاشان قەرار داندرا کەشیش دەپێشدا سواری ئێستر بێ، پاش مەودایەک ئەوجار نۆبەی سواری بدرێ بەمەیتەر و کاردینیۆ تا کاروان بگاتە کاروانسەرایەک کە دەیانگوت لە دوو فەرسەخیی ئەو شوێنەیە. بەمجۆرە سێ نەفەر، یانی، دۆن کیشۆت و کەشیش و شازادە خانم بەسواری و دەلاک و کاردینیۆ و مەیتەر بە پێیان وەڕێ کەوتن و هەنگێ پاڵەوان بەکیژۆڵەی گوت: «ئێستا ئەی خاتوونی پایەبەرز، بۆ هەر جێیەک دڵت دەخوازێ ئێمە ڕێنوێنی بکە!»، بەلام پێش ئەوەی خاتوون جواب بداتەوە، کەشیش هەڵی دایە و گوتی: «حەزرەتی خاتوون ئێمە بۆ کام ولات ڕێبەری دەفەرمۆێ؟ ئایا ئێمە دەبەنە ولاتی میکۆمیکۆن؟ بەگومانی من یا هەر ئەوەیە کە من دەڵێم یا بەئیمانم سوێند دەخۆم کە من

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیچ شتێک دەربارەی وڵاتان نازانم.» دوورووتە کە زیت و زانا بوو، تێ گەیشت کە دەبێ چ وەڵامێک بداتەوە. لەبەر ئەوە گوتی: «بەڵێ جەنابی ئاغا، تەواو دروستە و من ئێوە بۆ لای ئەو وڵاتە دەبەم. کەشیش گوتی ئەگەر وابێ دەبێ بەناوەڕاستی گوندی مندا بڕۆین. لەوێوە حەزرەتی خاتوون ڕێگای قەرتاجنە دەگرنە بەر و هەر لەوێ بەئەمانی خودا سواری کەشتی دەبن. ئەگەر بای سازگار هەڵکاتێ و دەریا ئارام بێ و تۆفان سەر هەڵنەدا لە ماوەیەکی کەمتر لە نۆساڵاندا دەگەنە بەرانبەر دەریاچەی گەورەی «مێئۆنا» Meona ، ئەڵبەتە مەبەستم دەریاچەکانی «پالووس مێئوتێد» Palus Meotides بوو کە تازە لەوێوە تا وڵاتی حەزرەتی خاتوون، ڕێگای سەد ڕۆژی تەواوە. کیژ گوتی: «بەبڕوای من حەزرەتی بەڕێزتان بەهەڵە چوون. چون هێشتا دوو ساڵ نییە کە من لەوێ هاتوومە دەر، بێ ئەوەی هەوا ساتێک خۆش و ئارام بوو بێ و بەوحاڵەشەوە بەئارەزووی خۆم کە دیداری پاڵەوانی ناوداری مانش، دۆن کیشۆت بێ، گەیشتووم، پاڵەوانێک کە دەگەڵ هاتنم بۆ ئەسپانیا زایەڵەی دەنگی نێو بەدەرەوەیی ئەوم بەگۆی گەیشت. ئەڵبەتە باسی دەلاوەرییەکانی ئەو حەزرەتەیە کە منی هێنایە سەر ئەو ڕایە کە بە دوایدا بگەڕێم و خۆم بەجوامێریی ئەو بسپێرم و دادی خۆم لە باسکە پۆلایینەکانی ئەو بوێ. دۆن کیشۆت دەنگی بەرز کردەوە کە: »دەست هەڵگرە خاتوون! دەست لە ستایشی(*) من هەڵگرە! من دوژمنی هەموو چەشنە چاپلووسییەکم و گریمان ئێوە ئەو نییەتەشتان نەبێ. گوێچکە دوور لە گوناهەکانی من بەو قسانە تووڕە دەبن. ئەوەی کە من دەتوانم بەعەرزی خاتوونی بگەیەنم ئەوەیە کە من چ ئازا بم، چ نەبم و ئەوەی هەمە چ ئازایەتی بێ و چ نەبێ، تا دواین هەناسەی ژیانم دەرێگەی تۆدا تێپەڕ دەکەم و بۆ هەموو خزمەتێک سەرم دەڕێدایە. وە ئێستا من ئەو قسانە بۆ وەختێکی تر دەهێڵمەوە و لە جەنابی کەشیش دەپرسم کە چ شتێک وای کردووە تا ئەوا تاک و تەنیا، بێ خزمەتکار و بەو جل بەرگە سووکەوە کە من وەحشەتم لێی هەیە، بێتە ئەو شوێنە؟ کەشیش گوتی: من بەکورتی وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەمەوە و بەئاگادارییی حەزرەتی دۆن کیشۆت دەگەیەنم کە من و وەستا نیکۆلا، ڕەفیق و دەلاکی خۆمان پێکەوە دە چووینە «سیویل» تا پووڵێک کە یەکێک لە خزمان حەواڵەی کردووە، و ئەو خزمەش ڕۆیشتۆتە هیندوستان، و سووڵ(*) بکەین؛ ئەو پووڵەش یەکجار زۆرە و دەگاتە شێست هەزار پیاستەر و چون دۆێنێ بەو شوێنە چۆڵ و بێ دەنگانەدا تێدەپەڕین. چوار ڕێگر لە نەکاو ڕژانە سەرمان و دارونەداریان بردین. تا ئەو جێیەی کە تەنانەت ڕدێنی دەلاکیشیان برد و ئەو بێچارەیە ناچار بووە ڕدێنی دەسکرد دابنێ. وە بەڵام ئەم لاوە (دەست بۆ لای کاردینیۆ ڕادەدێرێ) کە دەگەڵ ئێمەیە هەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

هیچیان دەبەردا نەهێشت، سەیریش ئەوەیە لەم دەڤەرە دەنگۆیە کە ئەو ڕێگرانەی ئێمەیان ڕووت کردووە هەمان سزاکێشە کانن کە مەحکووم بەکاری دژوار بوون و ڕۆژێک پیاوێکی بەجەرگ و ئازا نزیک هەر ئەو شوێنە، دژی کەلاّتنەر و نیگابانان ئازادی کردوون و بەندی دەست و لاقی کردوونەوە. ئەو کابرایە بێگومان دێوانە بووە، یا ڕەنگە خۆشی وەک ئەوانەی ئازادی کردوون، ڕێگر و جەردە بوو بێ؛ هەر چۆنێک دابنێی لە ویژدان و دڵ و دەروون بێ بەش بووە، چون ویستوویە گورگ دەنێو مەڕ و ڕێوی دەکولانەی مریشکاندا و مێش و مەگەس بەسەر شانەی هەنگویندا بەر هەڵدا بکا، ویستوویە عەداڵەت و حەق دەژێر پێ بنێ و لە پاشای وڵاتی خۆی کە وەلینعمەتی قەهری ئەوە یاغی بێ و فەرمانە بەحەقەکانی ئەو لەناوبەرێ. ویستوویەتی تا ئەو باسکانەی کە کەشتییەکان دە دەریا دا وەرێ دەخەن ببڕێتەوە و داوودەزگای دیوان خانەی سێنت هێرمانداد کە سالانێکی زۆر بوو وەک ئاشی بێ ئاو لە کار کەوتبوو، وەگەڕ خاتەوە، بەکورتی ویستوویەتی هونەرێک لە خۆی نیشان بدا کە بەئەنجامدانی ئەو کارە، ڕۆحی خۆی لە دەست داوە، بێ ئەوەی بەلەش و ئەندامی ئەو قازانجێکی گەیاند بێ.»

سانکۆ باسی سزاکێشەکان و مەحکووم بەکارە سەخت و دژوارەکانی بۆ کەشیش و دەلاک گێڕا بووەوە کە ئەرباب بەو هەموو شانازییەوە لەو کارەساتە ڕزگاری هاتبوو و لەبەر ئەوەش وا بەئاب وتاب(*) و بەوردی دەیگێڕاوە تا بزانێ دۆن کیشۆت بەبیستنی ئەو داستانە چ دەکا و چ دەڵێ. دۆن کیشۆت بەو قسانە هەڵدەتەزیەوە و ڕەنگی دەگۆڕا و نەیدەوێرا بڵێ کە ڕزگار کەری ئەو مرۆڤە شەریفانە خۆی بووە. کەشیش لەسەری ڕۆیشت(*) و گوتی: «ئێستا بزانە کێ سەرەڕێی بەئێمە گرتووە و گەیاندووینە ئەم حاڵ و ڕۆژە! خودای بەخشندە بەکەرەمی خۆی ئەو کەسە ببەخشێ کە نەیهێشت ئەو پیاوخراپانە ببەن و بەسزای خۆیانیان بگەیەنن.»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣٠

## لەمەڕ شیرینکاریی دوورووتەی نازدار و هێندێک بابەتی سەرنجڕاکێشی تر

کەشیش هێشتا قسەی پێ مابوو کە سانکۆ پێی گوت: «ڕاستی جەنابی کەشیش، گەلۆ دەزانی کێ ئەم کارە جوانەی کردووە؟ ئەربابی من. بەو حاڵەوەش من دەپێشدا هۆشدارم(*) پێ دا کە ئاگای لە کار و ڕەفتاری خۆی بێ و پێم گوت کە ئازاد کردنی ئەوانە تاوانێکی گەورەیە. چون هەموویان بەسزای ئەوەی زۆر خراپ و خەتەرناکن بۆ کاری سەخت و دژوار دەنێرنە سەر کەشتییەکانی دەوڵەت. دۆن کیشۆت بەسەر سانکۆیدا گوڕاند: «ئەی بێ عەقڵ، مەگەر پاڵەوانانی سەرگەردان دەبێ لەوە بکۆڵنەوە کە دیل و بەندییە بەدبەختەکان و زۆرلێکراوانێکی لەسەر ڕێگاکان بەو حاڵەوە کە پیاو ئاوری بۆیان تێ بەردەبێ: ڕەپێچەکیان دەدەن، لەبەر ئەوەیە کە گوناهکارن یا لەبەر ئەوەیە کە کارامە و لێ هاتوون؟ پاڵەوانان تەنیا ئەو ئەرکەیان لەسەرە چاو لە حاڵ و باری کلۆڵی و دیلیی ئەوان بکەن، نە ئەوەی کە گوێا کاری خراپیان کردووە. من چاوم بەزنجیر و ڕستێک(*) پیاوی دیل و بەستەزمان کەوت کە غەمگین و داماو بوون و ئەوەی کە شوغڵ و پیشەی پاڵەوانانە حوکمی بەمن کرد، بەئەنجامم گەیاند و گوێشم نەدا ئەوەی چ دەبێ و چ نابێ. هەر کەس لەو بارەوە گلەیی و ڕەخنەی هەیە، بێجگە لە جەنابی کەشیش کە هەم شوغڵەکەی پیرۆزە و هەم خۆی ڕێزی هەیە، من پێی حاڵی دەکەم کە هیچ ئاگادارییەکی لە کاروباری پاڵەوانی نییە و وەک زۆڵێکی حەرامزای پەست و ناپیاو درۆ دەکا و بەنێزە و شمشێر، پیادە یا سوارە، هەر چۆنێکی دڵخوازی خۆیەتی ئەوەی تێ دەگەیەنم.» دۆن کیشۆت دەگەڵ دەربڕینی ئەو قسانەدا، خۆی لەسەر ڕکێف ڕەپ کرد و کلاوەکەی تا سەر چاوی هێنا خوار، چون لە گەنەکەی کە بەکڵاوخوودی مامبێرنی دەزانی بەقەڵپووزی زینەوە هەڵواسیبوو تا ئەو قوپاوی و تێکشکاوییانەی دە شەڕی سزادراوەکان بەکاری دژواردا، کڵاوخوودەکەی لە کەڵک خستبوو چاک بکاتەوە.

دووورووتە کە کچێکی زۆر بەنەزاکەت و زیت و وریا بوو و لە ئەخلاقی شێتانەی دۆن کیشۆت ئاگاداری وەدەست هێنابوو و دەیزانی بێجگە لە سانکۆ پانزا هەموویان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarr.org

ڕشقەنی(*) پێ دەکەن و سەری دەخەنە سەر، نەیویست لەوانی تر بمێنێتەوە و کاتێک ئەوی ئاوا بەتووڕەیی و دەرهەڵبوویی دیت پێی گوت: «ئەی جەنابی پاڵەوان، وا باشە، بەڕێزتان ئەو بەڵێنییەی بە منتان داوە کە دەهیچ ڕووداوێکدا، هەر چەند کورت و کەمیش بێ، خۆتان دەرگیر نەکەن، فەرامۆش نەفەرمووی، کەوابوو دڵی پڕ لە تووڕەیی خۆتان هێور بفەرموونەوە! چون بەیەقین ئەگەر جەنابی کەشیش بیزانیبا کە مەحکوومان بەکاری دژوارەیی بۆ ئازادیی خۆیان قەرزباری باسکە بەهێزەکانی بەڕێزتانن، سێ جار قامکی لەسەر لێوی خۆی دادەنا و تەنانەت سێ جار زبانی خۆی دەگەست و قسەیەکی نەدەکرد کە ببێتە هۆی نارەحەتیی خاتری بەڕێزتان. کەشیش هاواری لێ بەرزبووەوە: «ئاخ! بەئیمانم سوێند دەخۆم کە ئەوە تەواو دروستە و بزانن من تەنانەت سمێڵی خۆشم هەڵدەکەندەوە. دۆن کیشۆت جوابی داوە: کەوابوو ئەی خاتوون، من خامۆش دەبم و ئاگری تووڕەیی بەجێی خۆم کە دەگیانمدا بڵێسەی هەستاوە دادەمرکێنم و هێور دەبمەوە و هیچ ناڵێم تا قەولێکی کە بەئێوەم داوە، ببەمە سەر. بەڵام دەبەرانبەر ئەم نیازپاکییەدا، لە بەڕێزتان خواهیشت دەکەم ئەگەر نارەحەت نابی، بەمن بڵێ کە مەسەلەی داماوی و مەرارەتی ئێوە چییە و ئەوانەی دەبێ من تۆڵەیان لی بستێنمەوە کێن و چەند کەسن؟ دووروونە گوتی: ئەگەر باسی بەدبەختی و داد و ناڵەم ئازارتان نادا، ئیتاعەی ئەمرت دەکەم. دۆن کیشۆت گوتی: نەخێر، بەهیچ کلۆجێک! دووروونە گوتی: کەوابوو لە جەنابی بەڕێزتان تکا دەکەم بەسەرنجەوە گوێ بدەنە ئەوەی عەرزتان دەکەم.»

هێشتا دووروونە قسەکەی تەواو نەکردبوو کە کاردینیۆ و دەلاک بەشۆر و شەوقەوە لە تەنیشتی دانیشتن تا بزانن ئەو چ درۆ و دەلەسەیەک ڕێک دەخا و بۆ دۆن کیشۆتی دەگێڕێتەوە. سانکۆش کە وەک ئەربابەکەی لەمەڕ شازادە خانم هەڵخەڵەتابوو(*) هاتە لایان، بەڵام دووروونە پاش ئەوەی جێگەی خۆی لەسەر خانی زین مەحکەم کرد و پاش ئەوەی چەند جارێک کۆخی و وەک وێژەرێک خۆی ئامادە کرد، بەزبانێکی شیرین و شیوا(*) دەستی بەقسان کرد:

«بەڕێزان، پێش هەر شتێک دەبێ بەئاگاداریی ئێوە بگەیەنم کە ناوی من...» لێرەدا دووروونە ئەو ناوەی لەبیر چووبووەوە کە کەشیش بۆی دیاری کردبوو ناچار چەند ساتێک دوودڵ مایەوە، بەڵام کەشیش زوو پێی زانی هۆی ئەو دوودڵییە چییە و دەفریای هات و گوتی: «سەیر نییە ئەگەر خاتوون دەباسکردنی ڕۆژەڕەشییەکانیدا دەست و پێی لێ ون بێ، ئەوە خۆی کار تێکردنی بەدبەختییە کە جاروبار عەقڵ و هۆش و بیری قوربانییەکانی لەبیر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەباتەوە، هەر وەک ئێستا بۆ ئەو خاتوونە بەڕێزە هاتووەتە پێش و دەڵێی لەبیری چووەتەوە کە ناوی شازادە خانم «میکۆمیکۆنا» میراتگری یاسایی وڵاتی «میکۆمیکۆن»ە. ئێستا بەو ڕوون کردنەوە کورتە بەڕێزتان دەتوانن ئەوەی دەیانویست بۆ ئێمەی بگێڕنەوە. کیژ گوتی: فەرمایشتی بەڕێزتان لە جێی خۆی دایە، بەڵام وا بزانم لەمەو دوا پێداویستیم بەڕوون کردنەوە و بیر هێنانەوە نەبێ و من خۆم داستانی بەسەرهاتی خۆم، تەواو دەگێڕمەوە. ئەوەش بەسەرهاتەکەم:

«باوکم سوڵتان تیناکرۆلۆی Tinacriolesge فەرزانە دەسیحر و جادوودا زۆر زانا بوو. ئەو بەیارمەتیی زانستی خۆی تێ گەیشت کە دایکم مەلەکە «گزارامیلا»xaramila دەپێش ئەودا بەرەو ئەولا کۆچبار دەبێ و خۆشی پاش ماوەیەکی کەم دنیای بێ بەقا بەجێ دێڵی و جل وپەلاسی خۆی دەگوێزێتەوە دنیای باقی و من دەبمە هەتیوی دایک و بابان. بەو حاڵەشەوە دەیگوت لەم بابەتە زۆر نیگەران نییە و ترسی تەنیا لەمەوەیە کە بەزانستی یەقین (علم الیقین) دەزانێ دێوێکی ترسێنەر، و زراوتۆقێن بەناوی «پانتافیلاندۆی چاوزەق-panta fi-lando dele sombrevur (چون ڕوون بۆتەوە کە ئەو هەر چەند هەر دووک چاوی ساغ و سلامەتن هەمیشە وەک خێل چاوان دەگێڕێ و دەڕوانێ و ئەم کارەش لەبەر سەگیەتی دەکا تا خەڵکی بترسێنێ) بەڵی، خەریک بووم عەرزتان بکەم کە باوکم دەیفەرموو دێوێک بەناوی «پانتافیلاندۆی چاوزەق» فەرمانڕەوای دورگەیەکی گەورە کە لە نزیک وڵاتی خۆمانە، هەرکە بزانێ من هەتیو کەوتوومەتەوە، بەلەشکرێکی زۆرەوە هێرش دەکاتە مەملەکەتی من و سەرانسەری وڵاتەکەم بست بەبست داگیر دەکا و تەنانەت کوێرە دێیەکیش کە بتوانم لێی دانیشتم بۆ من ناهێلێتەوە؛ بەڵام دەیگوت من دەتوانم لەو بەدبەختییە و لە تێدا چوون ڕزگار بم، بەو مەرجەی ئامادە بم زەماوەندی دەگەڵ بکەم. لە لایەکیشەوە باوکم دەیزانی من هیچ کاتێک ئەو کارە ناکەم و ئامادە نابم ببمە خێزانی ئەو سەحەت گرانە، باشیشیم تێ گەیشتبوو، چون من هەرگیز دەعالەمی خەیاڵیشدا، نەمویستووە دەگەڵ ئەو یا هیچ دێوێکی تر، هەر چەند بەهەیبەت و گەورە، زەماوەند بکەم. هەروەها باوکم وەسیەتی بۆ کردم کە پاش مەرگی ئەو، ئەگەر پانتا فیلاندۆ هێرشی هێنا بەهیچ کلۆجێک لە بەرانبەریدا دەست نەکەمەوە و بەرەنگاری نەبم، چون بەتەواوی تێدا دەچم و نامێنم، بەڵکو بو نەجاتی خۆم و ڕەعیەتە وەفادارەکانم وا باشە لێ گەڕێم وڵاتەکەم داگیر بکا، چون بەرهەڵستکاری دەبەرانبەر، هێزی شەیتانیی ئەو ئەهریمەنەدا، لە دەست من نایە، پاشان فەرمووی کە من دەبێ چەند کەس لە هاوڕێیان و خزمانی خۆم هەڵگرم و بچمە وڵاتی ئەسپانیا، چون لەوێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرمانی هەموو دەردەکانم لە لای پاڵەوانێکی سەرگەردان کە ناوی بەدنیا دا بڵاو بووەتەوە، گیر دەکەوێ و ئەگەر باشم لەبیر مابێ ناوی ئەم پاڵەوانە «دۆن فریگوت» یا «دۆن ژیگوت»ە... لێرەدا سانکۆ قسەی دووڕووتەی بڕی و گوتی: خانم، شک دەوەدا نییە کە گوتوویە دۆن کیشۆت یا بەواتەیەکی تر پاڵەوانی خەمگین ڕوخسار. دووڕووتە گوتی: بەڵێ بەڵێ، هەر ئەوەیە و باوکم گوتی کە ئەم پاڵەوانە هەیکەلێکی ڕەشید و ڕوخسارێکی چرچ و کز و لاوازی هەیە و دەبێ لە لای ڕاستی ژێر شانی چەپی خاڵێکی پانی قاوەیی ڕەنگی هەبێ کە چەند تاڵەمووی زەرد ڕەنگی وەک مووی بەرازی لێ ڕواوە. دۆن کیشۆت هەرکە ئەوەی بیست گوتی: کوڕم سانکۆ وەرە یارمەتیم بدە جلوبەرگم دابکەنم، چون دەمەوێ بزانم من ئەو پاڵەوانەم کە سوڵتان گوتوویەتی یا نا. دووڕووتە گوتی: بۆچی حەزرەحەتی پاڵەوان دەیەوێ جلوبەرگ دابکەنێ؟ دۆن کیشۆت گوتی، دەمەوێ بزانم ئەو خاڵەی بابت گوتوویەتی هەمە یا نیمە. سانکۆ گوتی: پێویست ناکا جەنابی بەڕێزتان بۆ ئەم بابەتە ڕووت ببنەوە. من دەزانم کە بەڕێزتان لە ناوەڕاستی مۆڕەی پشتی خوتاندا ئەو خاڵەتان هەیە و ئەوەش نیشانەی هێز و توانای پیاوە. دووڕووتە گوتی: هەر ئەوە بەسە. دەنێو دۆستاندا ئەو هەموو ورد بوونەوە لازم ناکا؛ هەر ئەوەندە خاڵەکە هەبێ؛ چ لەسەر شان یا لە سەرمۆڕەی پشت یا هەر شوێنێکیتر، فەرق ناکا. بەهەرحاڵ ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ هەمووی لەیەک گۆشتە. بێ هیچ گومانێک باوکی دلۆڤانی من چاکی لێ حاڵی بووە و منیش دروست هاتوومە سۆراغی سینیۆر دۆن کیشۆت یانی کەسێک کە باوکم ناوی دێنا. چونکە نیشانەکانی ڕوخساری ئەو دەگەڵ ناوبانگی گەورەی کە ئەو پاڵەوانە نە تەنیا دەئەسپانیادا بەڵکو لە سەرانسەری مانشدا هەیەتی، یەک دەگرنەوە. بەڕاستی من هێشتا لە «ئووسانا» لە کەشتی پیادە نەبووبووم ئەوەندەم باسی ئازایەتی ئەو بەڕێزە بیست کە دڵم شایەدیی دا ئەمە هەر ئەو کەسەیە کە من لێی دەگەڕێم. دۆن کیشۆت گوتی: بەڵام چون خاتوونی بەڕێز لە «ئووسانا» لە کەشتی پیادە بوون لە کاتێک دا ئەوێ بەندەر نییە؟»

بەرلەوەی دووڕووتە، وەڵام بداتەوە کەشیش هەودای قسەی بەدەستەوە گرت و گوتی: بێگومان خاتوونی بەڕێز ویستی بڵێ لە مالاکا لە کەشتی پیادە بووە و یەکەم شوێن کە ناوبانگی بەڕێزتانی لێ بەگوێ گەیشت «ئووسانا» بوو. دووڕووتە گوتی: بەڵی مەبەستم هەر ئەوە بوو. کەشیش گوتی: کەوابوو بابەتەکە بەتەواوی ڕوون بووەوە و حەزرەتی خاتوون دەتوانن داستانی خۆیان درێژە پێ بدەن. دووڕووتە گوتی داستانی من تەواو بوو. تەنیا ئەوەندە نەبێ کە بڵێم زیارەتی حەزرەتی دۆن کیشۆت بۆ من بەرەکەت و ڕووداوێکی گەورەیە

ڕابەری کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



و هەر لە ئێستاوە خۆم بەشاژنی تەواوی مەملەکەتی خۆم دەزانم، چون پاڵەوان بەڵێنی پێ داوم بۆ هەر شوێنێک بمەوێ دەگەڵ خۆمی بەرم، دیارە ئەو حەزرەتە بێجگە لە بەگژ داهاتنی «پانتافیلاندۆی چاوزەق»، بۆ هیچ شوێنێک نابەم. دەمەوێ ئەو ناپاکە بنێرێتە دەرەک و ملک و ماڵ و وڵاتە داگیرکراوەکەم بۆ بستێنێتەوە. تەواوی ئەم ڕووداوانە دەبێ بەجۆریک کە «تیناکرێو»ی زانا یانی باوکی دلۆڤانی من پێش بینیی کردووە، موو بەموو ئەنجام بدرێ. ئەوەش بڵێم کە باوکم بەڕێنووسی یۆنانی یا کەلدانی (چون من ناتوانم خەتەکەی بخوێنمەوە) وەسیەتی کردووە، ئەگەر پاڵەوانی ناو پێشبینییەکەی توانیی سەری ئەو دێوە ببڕێ، دەتوانێ دەگەڵ من زەماوەند بکا. من دەبێ بێ ئەم لاو ئەولا کردن ببمە هاوسەری شەرعی و قانوونیی ئەو پاڵەوانە و خۆم و وڵاتەکەم بخەمە ژێر دەسەڵاتی ئەو. لەو ساتەدا دۆن کیشۆت بەسانکۆی گوت: باشە، هاوڕێ سانکۆ؛ چۆنی تێ دەگەی؟ نابینی کە چیمان بەسەردا تێپەڕ دەبێ؟ پێم نەگوتبووی؟ ئەوەتا دەبینی هەم مەملەکەت بۆ پاشایی و هەم شاژن بۆ زەماوەند خودا بەنسیبی کرد؟ سانکۆ هاواری کرد: «بەو ڕیشەت قەسەم حەرامزادەیە هەر کەس پاش بڕینی سەری ئەو »پانە فیلەخێلە«[٢١٠] دەگەڵ شازادە خانمێکی ئاوا زەماوەند نەکا. ڕەنگە پێت وابێ ئەو شاژنە لەبار و نازەنین نییە! سەیرە! مەگەر ئەو کێچانەی دەجێوبانی مندا تەڕاتێن دەکەن، هەموو وێک ناچن؟» و دەگەڵ ئەو قسانەدا دوو جار هەڵبەزییەوە و لە خۆشحاڵی جووتەی هەلاویشت و دەقوونی خۆی هەڵدا، پاشان هەوساری ئێستری دووڕووتەی بەدەستەو گرت و ڕای وەستاند و دەبەرامبەر شازادەدا کەوتە سەر چۆک و بەپاڕانەوە تکای لێ کرد ئیجازە بدا دەستەکانی مەلەکەی خۆی ماچ بکا.»

کام یەک لەو جەماعەتە دەیتوانی بەدیتنی شێتیی ئەرباب و ساویلکەیی مەیتەرەکەی پێش بەپێکەنینی خۆی بگری؟ دووڕووتە دەستی بۆ لای سانکۆ ڕاداشت و بەڵێنی دا کە پاش ئەوەی بەلوتف و کەرەمی خوداوەند، وڵاتی خۆی دەست کەوتەوە، پلەوپایەیەکی گەورە لە وڵاتی خۆیدا بدا بەسانکۆ، سانکۆ بەڕستە و دەستەواژەی سەیرسەیر دەستی کرد، بەسپاس کردن کە دیسان جەماعەت، قرتەقەتی پێکەنینان بەرز بووەوە. دووڕووتە درێژەی بەقسەکانی دا و گوتی: «ئەوە بوو ئەی حەزرەتی پاڵەوان داستانی بەسەرهاتی من، ئێستا ئیدی عەرزێکم نییە، بێجگە لەوەی کە بڵێم لە تەواوی ئەو دەست(*) وپێوەند انەی دەگەڵم بوون تەنیا ئەو مەیتەرە ڕدێندارەم بۆ ماوەتەوە و باقییەکەیان دە تۆفانێکی گەورەدا کە

---

٢١٠- سانکۆ لەبەر نەخوێندەواری ناوی «پانتافیلاندە» بەهەڵە بێژ دەکا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabtt.org

لەبەندەردا هەستا، خنکان. من و ئەو لەسەر تەختە شکاوێک ماینەوە و بەشێوەیەکی موعجیزە(*) ئاسا گەیشتینە لێواری دەریا. چون هەر وەک زانیتان، گەڕیانی ژیانی من هەمووی هەر موعجیزە و ڕاز و نهێنییە. ئێستا ئەگەر باس و بابەتی زیادیم عەرز کردبی، یا هێندێک ڕووداوم بەتەواوی و بەدروستی نەگێڕابێتەوە، دەبێ سەرنج بدەنە فەرمایشتی جەنابی کەشیش لە سەرەتای قسەکانمدا کە فەرمووی مەرارەت و مەینەتی زۆر بیروهۆشی مرۆڤ دەشێوێنی. دۆن کیشۆت گوتی ئەی شادۆتی پایەبەرز و گران قەدر، زەحمەت و مەرارەتێک کە دەبێ من بۆ خزمەت بەئێوەی خۆشەویست بیکێشم هەر چەندەش قورس و فراوان بێ دیسانیش بیروهۆشم ناشێوی و تێک ناچێ. کەوابوو من جارێکی تریش دەیڵێمەوە کە لەسەر وەعد و بەڵێنی خۆم ڕاوەستاوم و سوێند دەخۆم کە تا ئەو سەری دنیایش بێ دەخزمەتتدا دێم تا دەگەڵ دوژمنی شەڕخواز و خوێن خۆری تۆ ڕووبەڕوو دەبمەوە. هیوادارم بەیارمەتیی خوداوەند و بەهێزی شان و باسکی خۆم سەری ئەو ئەهریمەنە بەتیغەی تیژی ئەو... هەر چەند ناتوانم بڵێم ئەم شمشیرە تیژە، چون شمشیری من «ژێنیس دۆپاسامۆن» بردوویەتی.» دۆن کیشۆت ئەو وشانەی دوایی زۆر بەبێدەنگی لە ژێر لێودا دەگوت، پاشان درێژەی پێ دا: «پاش ئەوەی من سەری ئەو مەلعوونەم بڕی و ئێوەم دەهێمنی و ئاشتی و شادیدا لە وڵاتی خۆت دامەزراندەوە، ئازاد و ڕەها دەتوانی هەرچی دڵت دەیەوێ دەگەڵ خۆتی بکەی. چون تا زەمانێک کە فکری من مەشغووڵ و ئیرادەی من ئەسیر و شعووری من پەیڕەوی... ببوورە لەوە زیاتر ناتوانم شتێک بڵێم و دەخەیالیشدا ناتوانم دەگەڵ هیچ کەس، تەنانەت دەگەڵ سیمورغیش زەماوەند بکەم.»

سانکۆ بەو قسانەی دوایی ئەربابی خۆی و نکوڵی کردنی ئەو لە زەماوەند، وەها هەڵتەزییەوە کە بەدڵێکی پڕ لە قینەوە دەنگی بەرز کردەوە: «ئەی جەنابی دۆن کیشۆت، سوێند بەخودا و قەسەم بەشەیتان کە حاڵی حازر عەقڵ و شعووری تەواوت نییە. چۆن دەبێ تۆ لە زەماوەند دەگەڵ شازادە خانمێکی ئاوا دا، دوودڵی لە خۆت نیشان بدەی؟ پێت وایە بەخت و یەغباڵ لە هەموو سەحرا و بیابانێکدا هەلێکی ئاوا بۆ تو دەرەخسێنێ؟ مەگەر خاتوون دۆلسینە لەو شازادە خانمە جوانترە؟ نە بەو خودایە نیوەی نیوەی ئەویش جوان نییە! تەنانەت دەتوانم بڵێم دۆلسینە ڕێی ناکەوێ کەوشی ئەو خانمەش جووت بکا! ئەگەر جەنابت خەریکی ئەوەی لە ئاوێ کەرە بگری(٢١١). ئەدی من بەملی شکاوم کەنگێ دەگەمە

٢١١– لە ئاو کەرە گرتن. «از آب کره گرفتن» لە فارسییەوە کرا بەکوردی. مەبەست کاری بێهودەیە کە بەهیچ بەرهەم و ئامانجێک ناگا. (وەرگێڕ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو کۆنت نشینەی(*) کە عومرێکە بە دوایدا سەرگەردانم؟ وەرە بەشقی هەموو شەیتانەکانی دنیا لەسەری مەرۆ و هەرچی زووترە ئەو شازادە خانمە لە خۆت مارە بکە و ئەو مەملەکەتەی کە وەگ گەنجی باهاوردگ(*) دەکەوێتە دەست تۆ بخە ژێرِ دەسەڵاتی خۆت. کاتێک بوویە پاشا من بکە حاکم یا «مارکی»؛ (والسلام) و بەگۆڕی بابی ئەوانی تریشەوە!»

دۆن کیشۆت کە ئەم تەوهینە کفراوییانەی لەمەڕ دۆڵسینە بیست، خۆی پێ ڕانەگیرا، نێزەکەی بەرز کردەوە و بی ئەوەی قسەیەک بەسانکۆ بڵێ، یا هۆشدارێکی پێ بدا دوو زەبری وەها مەحکەمی لە نێو قەدی دا کە دەمەوروو بە عەرزیدا کەوت و ئەگەر دوورووتە دەپاڵەوان ڕانەخوڕیبا کە دەست ڕابگرێ، بێ شک دۆن کیشۆت هەرلەوێ دەیکوشت. پاڵەوان پاش چەند چرکەساتێک بەمەیتەری گوت: «بەدبەختی هیچ و پووچ، فکر دەکەی هەمیشە دەتوانی دەخالەت دەکاری مندا بکەی و کاری ئێمە ئەوە بێ کە تۆ هەمووکات هەر تاوان بکەی و منیش کارم هەر ئەوە بێ لێت ببوورم و چیت پێ نەڵێم؟ خێرا خێرا. ئەی پەستی حەرامزادەی بەدزات، ماکەی خراپە و دزی و درۆزنی! چۆن دەتوانی قسەی ناحەز بەدۆلسینەی من بلێی، مەگەر تۆ ئەی دەم فلچی بێ شەرم و قسەتڕن(*) نازانی ئەگەر دۆلسینە هێز و توانا بەباسکم نەگەیەنێ من تەنانەت توانای کوشتنی مێروولەیەکیشم نەدەبوو؟ بلێ بزانم ئەی گاڵتەچیی زبان درێژ کە قسەت دەڵێی ژەهری مارە و بەسەد پووت شەکرەوە(*) ناخورێ، ئایا بێجگە لە دۆلسینە کە باسکی من وەک ئامرازێک دەدەستی ئەو دایە بۆ نواندنی ئازایەتی، پێت وایە کێ ئەم وڵاتەی فەتح کردووە و سەری ئەو دێوەی بڕیوە، تۆی بەپلەی «مارکی» گەیاندووە؟ (چون من تەواو ئەو کارانە بەئەنجام دراو دەزانم) هەر ئەوە، دە وجوودی مندا کە شەڕ دەکا و سەر دەکەوێ و ئەوەش هەرمنم دەوجوودی ئەودا کە نەفەس دەکێشم و دەژیم و من بوون و ژیانی خۆم بەجۆرێک دەزانم کە لە وجوودی ئەوڕا جاری دەبێ. ئەی دێهاتیی ناکەس بەچەی بێ تەربیەت، تۆ عەجەب ئەمەک نەناس و سپڵەیەکی! تۆ لە نێو خاک وخۆڵ هەڵدەگرنەوە و دەتبەنە تەشقی ئاسمان و گەورەت دەکەن و دەبەرامبەر ئەو میهرەبانی و دڵۆڤانییەدا هەرچی بەسەر زارتدا دێ دەیڵێی؟»

سانکۆ ئەوەندەی سەدەمە پێ نەگەیشتبوو کە هەموو قسەکانی ئەربابی نەبیستبێ. زۆر بەپەلە ڕاست بووەوە خۆی لە پشت ئێستری دوورووتە شاردەوە و لەوێڕا وەڵامی ئەربابی داوە: «هۆ ئەرباب، بفەرموو بزانم، ئەگەر حەزرەتی جەنابت بەڕاستی نەتەوێ دەگەڵ ئەو شازادە خانمە گەورەیە زەماوەند بکەی ئاشکرایە کە ملک و ماڵ و دارایی ئەو نابێتە هی بەڕێزتان و کاتێک نەبییە خاوەنی ئەو ملک و ماڵە، چە چاکەیەکت دەگەڵ من پێ دەکرێ؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەردی من لێرەدایە! جەنابت باوەڕ بەقسەی من بکە و بۆ جارێکیش بێ دەگەڵ ئەو شازنە کە خودا لە عاسمانەوە بۆ ئێمەی ناردووە، زەماوەند بکە، پاشان دەتوانی بچیتە سۆراغی خاتوون دۆلسینە، چون بەپێی قاعیدە دەبێ لە دنیادا پاشایانێک بووبن کە بێجگە لە ژنی خۆیان، یەک یا دوو گراویی تر شیان بووبێ. لەمەڕ جوانیی ئەم دووانە، بەندەی خۆت فزوولی ناکا و ئەگەر ڕاستت پێ بڵێم، من هەر دووکیانم پێ باشە، هەرچەند تا ئێستا خاتوون دۆلسینەشم نەدیوە. دۆن کیشۆت بەسەریداگوڕاند کە: چون؟ تۆی غەیانی گەوج هەرگیز ئەوت نەدیوە؟ مەگەر تۆ هەر ئێستا لە لای ئەورا پەیغامت بۆ نەهێنام؟ سانکۆ گوتی: «مەبەستی عەرزم ئەوەیە من ئەوم بەدڵی خۆم نەدیتووە و بەچاوی مشتەری چاوم لێ نەکردووە تا یەک یەک تایبەتمەند ی یەکانی بەوردی دەبەر چاو بگرم. بەڵام لەسەر یەک بەباشم هاتە بەرچاو. دۆن کیشۆت گوتی: ئەوجار دەتبەخشم و تۆش لەو ئێش و ئازارە کەمەی پێت گەیشت لەمن ببوورە. دەست بزاوتنەکانی یەکەمی پیاو بەدەست خۆی نییە. سانکۆ گوتی: بەڵێ دەزانم، بەڵام دەمندا یەکەم بزاڤ هەمیشە ئەوەیە کە مەیلێکی زۆرم بۆ قسە کردن هەیە و ناتوانم ئەوەی بەسەر زارمدا دێ نەیڵێم. دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ بەو حاڵەشەوە ئاگات لە زبانت بێ. چون پەندێکە قەدیم کە دەڵێ. «جارێکت گوت، چم نەگوت، دوو جارت گوت چم نەگوت، ئەگەر پیاوی ئەوجار بیڵێ.» ئیدی لەوە زۆرتر هیچی ترت پێ ناڵێم.

سانکۆ گوتی: زۆر باشە خودا لەو سەرەوە چاوی لێمانە، دەغەڵبازییەکان دەبینێ و لە نێوانماندا داوەری دەکا. کە لەمن و لە تۆ کێهەمان زۆرتر کاری خراپ دەکەین. من کە قسەکانم باش نییە یا تۆ کە کارەکانت لە قسەکانی من باشتر نین؟ دووڕووتە خۆی دە قسەکانیان هەڵقوتاند و گوتی: ئیدی بەسە! یاڵڵا سانکۆ هەڵێ دەستی ئەربابی خۆت ماچ بکە و مەعزەرەتی لێ بخوازە! لەمەو پاشیش وریای تاریف، یا وەدرۆخستنەوەکانت بە. بەتایبەت هیچ کات بەخراپە باسی ئەو خاتوون «تۆبۆزۆیە» کە من نایناسم، بەڵام قەرەواشی ئەوم، مەکە. پشتیش بەخودا ببەستە و بزانە کە ئەو، تۆ لە خاوەن بوونی مڵکێک کە بتوانێ وەک شازادەکان تێیدا بژی بێ بەش ناکا.»

سانکۆ بەکڕنۆش و بەحاڵی سەرداخستوو، بۆ لای ئەرباب چوو و داوای لێبوردنی لێ کرد و ئیزنی دەست ماچ کردنی خواست و ئەویش بەفیس و ئیفادەوە دەستی بۆ لای ئەو بردە پێش. کاتێک مەیتەر دەستی دۆن کیشۆتی ماچ کرد، ئەرباب حەڵاڵی کرد فەرمانی پێ دا بە دوایدا بڕوا تا هێندێک لە کاروان دوور بکەنەوە، چون دەیەوێ چەند پرسیارێکی لێ بکا و لەمەڕ هێندێک بابەتی زۆر گرینگ قسان بکەن. سانکۆ ئیتاعەی ئەمری کرد و کاتێک هەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دووکیان لەوانی تر کەوتنە بەرەوە، دۆن کیشۆت پێی گوت: «لەوکاتەوە کە گەڕاویتەوە من هەل و دەرفەتم گیر نەکەوتووە کە بەوردی لەمەڕ ئەو کارەی پێم ئەسپاردبووی و جوابێکی کەبۆت هێناومەوە پرسیار بکەم. ئێستا کە بەخت ئەو هەلەی رەخساندووە لە ڕاگەیاندنی هەر هەواڵێکی خۆش کە دڵی منی پێ دەگەشێتەوە درێغی مەکە. سانکۆ جوابی داوە: جەنابی ئێوە هەر پرسیارێکی دڵت دەیەوێ بیفەرموو، منیش هەرچی کە بەو دوو گوێ یەم بیستوومە، بەزبان دەریدەدەمەوە، بەڵام لە بەڕێزتان تکا دەکەم لەمەو دوا هێندەش ڕق ئەستوور مەبە. دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ ئەو قسە چییە دەیکەی؟ سانکۆ گوتی بۆیە ئەم قسە دەکەم کوتەکێکی کە ئێستا وێم کەوت زۆرتر لەسەر دەمەقاڵەیەک بوو کە دۆینێ شەوێ شەیتان لە نێو من و تۆدا هەڵی ئایساند، نەک لە بەر ئەو قسانەی کە من لەسەر خاتوون دۆلسینە عەرزم کردی، چون بەهەر حاڵ من خاتوون دۆلسینەم لەو چاوانەی خۆم خۆشتر دەوێ و وەک شتێکی پیرۆز حورمەتی دەگرم، هەر چەند بەکەڵکی ئەوەش نەیا کە وەک شتێکی پیرۆز بکەوێتە واری پەرستن، بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوە کە هی بەڕێزتانە و خۆشتان دەوێ. دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ تۆ گیانی خۆت ئەو قسانە دەست پێ مەکەوە، چۆن پێ قەڵس دەبم و دڵم دێشێ. من هەر ئێستا تۆم بەخشی و تۆ باش دەزانی ئەگەر لەسەری بڕۆی دووبارە وێت دەکەوێ.

قسەی ئەم دووە گەیشتبووە ئێرە کە لەسەر ئەو ڕێگایەی پێیدا دەڕۆیشتن کەر سوارێکیان چاو پێ کەوت کە دەهاتە بەرەوە و کاتێک نزیک بووەوە پێیان وابوو قەرەچییە، بەڵام سانکۆ پانزا کە نەیدەتوانی کەرێک ببینێ و گیانی دەگەڵ چاوی بەدوای کەردا لە شەقەی بالان نەدا، کاتێک بەسەرنجەوە لە کەرسوار ورد بووەوە «ژێنیس دۆپاسامۆن»ی ناسییەوە و زانیی کەرەکەش هەمان کەری خۆیەتی. لە ڕاستیشدا ئەو کەرەی کە سامۆن سواری بووبوو هەمان کەری سانکۆ بوو. پاسامۆن بۆ ئەوەی نەناسرێ و کەرکە بەئاسانی بفرۆشێ، بەرگی قەرەچییانی دەبەر کردبوو کە زاراوەی ئەوانیشی باش دەزانی و زۆر زبانی تریشی وەک زبانی دایکی دەزانی. سانکۆ ئەوی دیت و ناسیی و بەدەنگی بڵند بانگی کرد کە: «هۆی ژێنزێلی ڕێگر! ماڵەکەم بدەوە و گیانم خەلاس کە. لە تەختی خەوی من وەرە خوار و ڕۆحی ڕەوان و خۆشیی گیانم و مایەی سەربەرزیی من بدەوە بەمن! هەڵێ ئەی دزی حەرامزادەی ناپیاو، بڕۆ لەبەر چاوم ون بە و ئەو ماڵەی مافی تۆی پێوە نییە، بیدەوە بەخاوەنی!» ئەزقەزا نە ئەو هەموو قسەیەی دەوویست و نە ئەو گشتە جنێوەش، چون «ژینێس» بەبیستنی یەکەم قسە لە کەرەکە خۆی فڕی دا و بەهەشتاوێکی کە وەتەرەختەنی بارگین دەچوو دەچاوترووکانێکدا لە کاروان دوور کەوتەوە. سانکۆ بەهەلاتن خۆی گەیاندە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەری خۆی و ئەو بەستەزبانەی دەئامێز گرت و گوتی: «باشە، هاودەمەکەم، ئەی کەرە خۆشەویستەکەی کە نووری چاوی منی و کوتە جەرگەی منی، حاڵت چۆنە و چت بەسەر هاتووە؟» و دەگەڵ ئەو قسانەش پەیتا پەیتا ماچی دەکرد و دەستی بەسەر و گوێیدا دێنا و دەیلاواندەوە. ڕاست وەک ئەوەی دەگەڵ مرۆڤێکی خاوەن هەست و شعوور قسان بکا. کەر بێدەنگ و خامۆش ڕاوەستابوو، بێ ئەوەی بتوانێ وشەیەک جوابی سانکۆ بداتەوە، بۆ ماچ و مووچ و لاواندنەوەکانی ڕاوەستابوو. کاروانییەکان گەیشتن و هەر کام بەبۆنەی دۆزرانەوەی کەری سانکۆ پیرۆزباییان لێ دەکرد، لەوانەش دۆن کیشۆت کە پاش پیرۆزبایی، پێی گوت بەخاتری ئەم پێشهاتە حەواڵەی سێ سەر جاشەکەرەکەی داویەتێ، بەتاڵ ناکاتەوە. سانکۆش لەبەر ئەو سەخی بوونەی سپاسی لێ کرد.

لەو ماوەیەدا کە پاڵەوان و مەیتەر بەجوێ، خەریکی وتووێژ بوون کەشیش لە سیاسەت و تێگەیشتوویی دووررووتە، هەم دە هەڵبەستنی داستانی خۆیدا و بەکورتی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی و هەم بۆ ئەم وێچوونەی کە توانیبووی دەگەڵ ناوەرۆکی کتێبە پاڵەوانییەکاندا بیدا بەداستانە مەسڵەحەتییەکەی خۆی، ئافەرینی پێ گوت و دووررووتە دە وەڵامدا جوابی دابووەوە کە زۆرتری وەختی خۆی بەخوێندنەوەی کتێبی پاڵەوانان ڕابواردووە، بەڵام چون پارێزگار و هەرێمەکانی قەراغ دەریای باش نەناسیوە، بەهەڵە گوتوویە لە بەندەری «ئووسانا» لە کەشتی دابەزیوە. کەشیش دووبارە گوتی: «من زوو زانیم و ئەوەی دەبا بڵێم گوتم و هەڵەی تۆم ڕاست کردەوە. بەڵام پێتان سەیر نییە کە ئەم نەجیب زادە بەدبەختە بەچ ئاسانی تەواوی ئەم داستانە هەڵبەستە و نادروستانە و ئەم درۆ زەلامانە تەنیا لە بەر ئەوەی بەسەبک و شێوەی هاتەران پاتەرانی کتێبەپاڵەوانییەکانی ئەون، ڕاست و ڕەوان باوەڕ دەکا؟ کاردینیۆ گوتی: بەڵی، بەڕاستی هەر وایە. ئەم چەشنە شێتییە ئەوەندە سەیرە و ئەوەندە بێ وێنەیە کە ئەگەر بیانەوێ بەدرۆش و بۆ سەرگەرم کردنی خەڵک ئاوا، خۆ لە شێتی بدەن ناتوانن. پێم وا نییە کەسێک بدۆزنەوە کە ئەو هەموو بەهرە و توانای خەیاڵ و دێوانەبازی یانەی هەبێ؟ کەشیش گوتی: سەیرتر لەوەش، شتێکی ترە، ئەویش ئەوەیە کە لە دەرەوەی ئەو ترەهاتەی کە ئەم نەجیب زادە دڵۆڤانە بەپێی حاڵەتی مالیخولیایی خۆی دەیڵێ هەر ئەوەندە باسێکی تر هەڵایسێنن، دیسان ئەو پیاوە زۆر بە ڕێکوپێکی قسەی لەسەر دەکا و لەسەر هەر بابەتێک زەینێکی ڕوون و عاقڵانە لە خۆی نیشان دەدا. بەجۆریک کە ئەگەر خاڵی هەستیاری ئەو، کە هەمان بابەتە پاڵەوانییەکانن، دەستی بۆ نەبەن، هیچ کەس نابێ کە بەپیاوێکی فامیدە و خاوەن عەقڵی تۆکمەی نەزانێ».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٣١

## لەمەڕ وتووێژی شیرینی دۆن کیشۆت دەگەڵ سانکۆپانزا و ڕووداوەکانی تر

لەو ماوەیەدا کە ئەوانە گەرمی وتووێژ بوون، دۆن کیشۆت قسەکانی خۆی دەگەڵ سانکۆ درێژە پێ دەدا و پێی گوت: هاوڕێ سانکۆ، وەرە با دەمەقاڵە و شەڕەکانمان لەبیر بەرینەوە و پێکەوە ئاشتی بکەین! ئێستا بێ ئەوەی ڕق و تووڕەییەک لە من دەدڵی خۆتدا ڕابگری، پێم بڵێ لە کوێ و کەنگێ چاوت بەدۆلسینە کەوت؟ ئەو خەریکی چ کارێک بوو و تۆ چیت پێ گوت؟ ئەو چیی وەڵام داوە و بەخوێندنەوەی نامەکەم چ حاڵێکی پەیدا کرد؟ کێ نامەکەی منی بۆ تو نووسییەوە؟ بەکورتی هەر چی لەم ڕووداوە بۆ پرسیار کردن و زانین دەبێ، پێم بڵێ، بێ ئەوەی درۆیەک بکەی، یا لەبەر دڵخۆشیی من شتێکی لێ زیاد بکەی، هەروەها بێ ئەوەی شتێک بقرتێنی. سانکۆ گوتی: ئەرباب ئەگەر قەرار بێ ڕاستیت پێ بڵێم، هیچ کەس نامەی بۆ من ڕوونووسی نەکردەوە، چون من لە ڕاستیدا ئەوم نەبردبوو. دۆن کیشۆت گوتی: ڕاست دەڵێی چون دوو ڕۆژ پاش ڕۆیشتنی تۆ نامەکەم دەدەفتەرچە باغەڵییەکەدا دیتەوە و زۆر پێ تێک چووم، چون نەمدەزانی ئەو کاتەی تۆ پێ دەزانی کە نامەکەت پێ نییە چ دەکەی، و هەردەم پێم وابوو دەگەڵ زانیت نامەکەت جێ هێشتووە، بۆی دەگەڕێیەوە. سانکۆ گوتی: ئەگەر ئەوکاتی نامەکەت بۆ خوێندمەوە لەبەرم نەکردبایە، ئەو کارەم هەر دەکرد. بەڵام من ئەوەی لەبەرم کردبوو واژەبەواژە بۆیەکێک لە خزمەتکارانی کلیسا خوێندەوە و ئەویش هەمووی لەسەر کاغەز نووسییەوە، وەها نامەیەکی لێ کەوتەوە کە کابرا دەیگوت دەتەواوی مووددەی(*) ژیانیدا باوەکو جەوازی بەخاک ئەسپاردنی زۆر دیوە هەرگیز نامەیەکی بەو جوانییە نەخوێندووەتەوە. دۆن کیشۆت پرسی: باشە سانکۆ تۆ ئێستاش ئەو نامەیەت هەر لەبەرە؟ سانکۆ گوتی: خێر ئەرباب چون هەرکە دەقەکەم بەخزمەتکاری کلیسا گوت چون دیتم کە لەبیر مانەوەی دەقی ئەم نامەیە بەدەردی من ناخوا، وردەورد لەبیر خۆم بردەوە و ئەگەر شتێکم دەزەینیدا مابێ هەمان سەرەتای نامەکەیە کە «خاتوونی بالاتەغار» بووبوورە «خاتوونی والاتەبار» بوو و لە کۆتایی نامەکەشدا نووسیبووت «بەندەی تەواوی ماوەی ژیانی تۆ، پاڵەوانی خەمگین ڕوخسار» و لە نێوان ئەم دوو بەشەدا هەرچەندی بتەوێ بابەت و قسەوباسم تێ ئاخنی بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabani.org

دۆن کیشۆت گوتی: من لە هیچ کام لەو شتانەی گوتت نارەحەت نیم. باشە! درێژە بەحیکایەتی خۆت بدە! کاتێک بەخزمەتی ئەو مەلەکەی جوانی و جەماڵە گەیشتی چیی دەکرد؟ بێگومان خەریکی پێوەکردنی گەردن بەندێکی مرواری بوو یا بۆ ئەم پاڵەوانەی دیلی خۆی، بەتاڵ و هەودای زێرین نیشانەیەکی عاشقانەی گوڵ دۆزی دەکرد. سانکۆ گوتی: من ئەوم لە کاتێکدا خەریکی بەباکردنی(*) دوو کیلە(*) گەنم لە حەساری تەویلە بوو، چاو پێ کەوت. دۆن کیشۆت گوتی: تۆ دەتوانی خاترجەم بێ کە دەنکە گەنمەکان لە دەستی ئەودا دەبوونە دەنکە مرواری. بەڵام ئایا بەسەرنجەوە ڕوانیت کە ئەو گەنمە لە گەنمە قاوەیی ڕەنگە دانە درشتەکان بوون. سانکۆ گوتی: لە نەوعی چێودانی(*) ڕەنگ زەردی خراپ بوون. دۆن کیشۆت گوتی بەو حاڵەشەوە متمانەت دەدەمێ هەر ئەو چێودانەش ئەگەر ئەو بەبای کردبێ، نانێکی گەڵاگەڵای وەک بەرگی گوڵی لێ دروست دەبێ! بەڵام با لەو قسانە بگەڕێین، گەلۆ، کاتێک نامەکەی منت دا دەستی، ماچی کرد و لەسەر سەری دانا یا نا؟ ئایا ڕێز و حورمەتێکی کە شایانی ئەو نامەیە بێ لە خۆی نیشان دا؟ بەکورتی پێم بڵێ چیی کرد؟ سانکۆ گوتی: لەو کاتەدا کە نامەکەم دا بەدەستی بەتەواوی خەریکی کاری خۆی بوو و هێندێکی گەنم دەبێژینگەکەیدا بوو بەبای دەکرد. هەمان کات پێی گوتم: «ڕۆڵە، نامەکە لەسەر ئەو تەلیسەی لەوێیە دابنێ. باوەڕ ناکەم تا تەواوی ئەو گەنمانە خاوێن نەکەمەوە، بتوانم بیخوێنمەوە. »دۆن کیشۆت هاواری کرد کە ئاخ: ئەی ژنی خۆڕاگر؟ بەڵام سانکۆ بێگومان مەبەستی ئەوە بووە کە نامەکە بەخەیاڵی ڕاحەت و دە ئارامیدا بخوێنێتەوە و لە هەموو ناوەرۆک و بابەتەکانی تام و چێژ وەربگرێ. باشە دەی بگێڕەوە! لە حاڵێکدا ئەو کاری خۆی دەکرد، پێکەوە قسەتان لەچی کرد؟ لەمەڕ من چ پرسیارێکی لێ کردی و تو چت جواب داوە؟ زوو تەواوی کە و هەرچی گوتی پێم بڵێ. سانکۆ گوتی: ئەو چیی لە من نەپرسی، بەڵام من بۆم گێڕاوە کە تۆ دەرێگەی خزمەت بەودا خەریکی چلەکێشی دەکەی و لە کەمەر تا گەردن خۆت ڕووت کردووەتەوە و عەینەهوو وەحشی لە نێو کێو و ڕەوەزاندا شرت و گم بووی. چۆن لەسەر گاشەبەردان دەخەوی و دە خاک وخۆڵ دەگەوزی و لەسەر سفرە نان ناخۆی و ڕیشت شانە ناکەی و دایم بەناڵە و گریانەوە لەعنەت و نەفرین بۆ بەختی ڕەشت دەنێری. دۆن کیشۆت گوتی: نەدەبا بڵێی بۆ بەختی ڕەشی خۆی نەفرین دەنێرێ، ئەو قسەیەت باش نەبوو، چون بەپێچەوانە من لە تەواوی ڕۆژانی تەمەنمدا بەختی خۆم پیرۆز کردووە و لەمەو پاشیش دەیکەم، چون منی بەلایقی ئەوینی خاتوونێکی وەک دۆلسینە دوتۆبۆزۆ کردووە. سانکۆ گوتی: بەڵێ بەڕاستی خانمێکی وەها زەلامە کە سێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

قولانج(*) وەسەرمن کەوتووە. دۆن کیشۆت گوتی: لە کوێڕا دەزانی سانکۆ؟ مەگەر تۆ بالآت بەبالآی ئەو گرتووە؟ سانکۆ گوتی: ئەودەمی ئەندازەم گرت کە لێی نزیک بوومەوە تا بارە گەنمێکی دەگەڵ باوێمە سەرپشتی گوێدرێژێک. دەو کارەدا، ئەوەندەی لێ نزیک بووم کە بتوانم بزانم سەروملێک لە من بەرزترە. دۆن کیشۆت گوتی: مەگەر نە وایە کە ئەو یەک میلیۆنی لایەنی باشی واتایی و ئەخلاقیی هەیە؟ بەڵام سانکۆ لێرەدا لانی کەم شتێک هەیە کە ئیشالڵا حاشای لێ ناکەی: ئەو کاتەی کە تەواو لێی نزیک بووبوویەوە گەڵو، هەستت بەبۆنێکی خۆش نەکرد، بۆنی گوڵ و ڕیحانە، یا نازانم چ بۆنی خۆشی تر و لەو بۆنە خۆشەوە هەستت نەکرد لە دووکانی عەترفرۆشێکی عومدە دای؟ سانکۆ گوتی: شتێکی کە دەتوانم عەرزت بکەم ئەوەیە کە من لە تەنیشت ئەو هەستم بەبۆنێکی ناخۆش کرد، ئەویش بێ شک لەوەڕا بوو کە ئەو بەهۆی کار و کوێرەوەری زەنگوڵ زەنگوێ ئارەقەی دەڕشت. دۆن کیشۆت گوتی: وا نییە، بێگومان مێشکی تۆ لەبەر زوکام(*) و سەرما بوون عەیب و ئیرادی بووە، یا بۆنەکە هی لەشی خۆت بووە، دەنا بەحەمدی خودا من خۆم باش دەزانم کە ئەو گوڵەگوڵاوە دەنێو ئەو هەموو دڕک وداڵەدا، ئەو سوێسنەیە ئەم عەمبەرە نایابە، چ بۆنێکی هەیە. سانکۆ گوتی: بەدوور نییە هەر وابێ، چونکە من ئەغلەب ئەو بۆنەی لە خاتوون دۆلسینەوە هەڵدەستا لە بەدەنی خۆشم هەڵدەستێ. بەهەرحاڵ جێگەی سەرسوڕمان نییە، چون هەر دووکمان هەر سەگێکین! دۆن کیشۆت گوتی: ئێستا پێم بڵێ پاش ئەوەی گەنمەکانی پاک کردەوە و ناردیە ئاشی، کاتێک نامەکەی خوێندەوە چیی کرد؟ سانکۆ گوتی: بەڵێ، لەمەڕ نامەکەت، دەبێ عەرزت بکەم، تەنانەت لێکیشی(*) نەکردەوە، چون دەیگوت کە سەوادی خوێندن و نووسینی نییە؛ پاشان نامەی دڕبەدڕ کرد و بیانووشی ئەوە بوو کە نایەوێ کەس نامەکەی وەخوێنێ تا خەڵکی گوند دەسرووتری نەگەن و دەیگوت ئەوەی من بەزبان دەربارەی شەیدایی و ئەوین و چلەکێشییەکانت بەخاتری ئەو، بۆم گێڕاوەتەوە، بەسە و نامەی پێ ناوێ. لە کۆتاییدا فەرمووی ئەو دەستی ئێوە ماچ دەکا و دەیەوێ لەجێی نامە چاوی بەخۆت بکەوێ، لەبەر ئەوە هەم خواهیشت دەکا و هەم فەرمان دەدا کە هەرچی زووتر ئەو ڕژد و هەڵەمووت و دڕک وداڵە بەجێ بێڵی و دەست لەو خۆ گەوج کردنە، هەڵگرێ و ئەگەر کاری پێویست ترت نییە، ڕانەوەستی و بەرە و تۆبۆزۆ ڕێ دابگری، چون لە دووریی تۆ گیانی گەیوەتە سەر لێوان. کاتێک گوتم لەقەبی تۆ پاڵەوانی خەمگین ڕوخسارە، لە قاقای پێکەنینی دا! پاشان لێم پرسی ئایا کابرای بیسکایی چووەتە خزمەتی یا خێر، جوابی دامەوە بەڵی، هاتووە و زۆریش پیاوێکی جەفەنگی و خۆش مەشرەف بووە. هەر ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

پرسیارەم لەمەڕ سزادراوەکان بەکاری دژوار لێ، کرد گوتی تا ئێستا هیچ کامیان نەهاتوون. دۆن کیشۆت گوتی: تا ئێرە هەمووشت تەواو لەجێی خۆیەتی و جێگەی ڕەزامەندییە. ئێستا بڵێ بزانم کاتێک لە خزمەتی مەرەخەس بووی بۆ قەرەبووکردنەوەی زەحمەتی گەیاندنی نامەی عاشقە سەوداسەرەکەی چ جەواهێرێکی گران بایی پێ بەخشیت؟ چون ئەوە دابێکی دێرینی نێوان پاڵەوانانی سەرگەردان و گراوییەکانە: کە ئەو مەیتەر یا کەنیزانەی هەڵگری نامە یا پەیامێکن، خەلات دەکەن و گەوهەرێکی بەقیمەتیان پێ مەرحەمەت دەکەن. سانکۆ گوتی ڕەنگە وابێ و من ئەوەم پێ ڕەسمێکی زۆر باشە، بەڵام بێگومان هەر دەزمانی قەدیمدا باو بووە. ئەمڕۆ لە کوتێک نان و هێندێک پەنیر تێ ناپەڕێ، هەروەک خاتوو دوڵسینە کە لە کاتی ماڵاواییدا لەسەر دیواری تەویلەوە لەتە نانێک و بڕوکە پەنیرێکی دا بەدەستم، نیشان بەو نیشانەی کە پەنیرەکەی مەڕ بوو. دۆن کیشۆت گوتی: ئەو لە ڕادەبەدەر سەخی تەبیات و ئازادەیە و ئەگەر هیچ جەواهیری نەدابێ، بەتۆ لەبەر ئەوە بووە لەو ساتەدا هیچ جەواهێرێکی لەبەر دەستیدا نەبووە. بەڵام ئەنعامی تۆ هەر دەگا، قەرز کۆن دەبێ بەڵام ناسووتێ. من چاوم پێی دەکەوێ و هەموو کار جێبەجێ دەبن. بەڵام سانکۆ هیچ دەزانی من لەبەرچی سەرم سوڕماوە؟ پێم وایە تۆ ئەو سەفەرەت لە ڕێگای هەواوە ئەنجام داوە، چون ڕۆیشتنی تۆ بەنێو ئەم بەردەلان و شاخ و کێوانەدا، تا «تۆبۆزۆ» و گەڕانەوەت لەوێڕا بۆ ئێرە، هەمووی سێ ڕۆژێ کێشاوە، لە حاڵێکدا لێرە و تا ئەوێ، هیچ هەرنەبێ سێ فەرسەخ دەبێ. من لەوەڕا وای بۆ دەچم کە ئەو حەکیمە سیحربازەی کە ئاگاداری کاروباری من و دۆستی منە – چون بەهەر قیمەتێک بێ دەبێ کەسێکی ئاوام هەبێ دەنا وەک پاڵەوانێکی دروست و حیسابی، چاوم لێ ناکەن – بەڵێ، دەمەویست ئەوە بڵێم کە حەکیمی سیحرکار بێ ئەوەی تۆ خۆت پێ بزانیی دە بڕینی ئەم ڕێگە دوورەدا یارمەتیی داوی. دەراستیدا، هەن لەو سیحرکارانە کە پاڵەوانێکی سەرگەردان دە شیرن خەودا هەڵدەگرن و پاڵەوان بێ ئەوەی خۆی بزانێ سبەی ئەو شەوە هەزار فرسەخ دوورتر لەو شوێنەی لێی خەوتبوو، خەبەری دەبێتەوە. ئەگەر وا نەبووایە، هەرگیز پاڵەوانانی سەرگەردان نەیاندەتوانی لە کاتی مەترسیدا بگەنە فریای یەکتری. زۆر بووە کە بۆ نموونە یەکێک لەوان لە چیاکانی ئەرمەنستاندا تووشی بووە بەتووشی دێوێکی خوێن هەڵقوڕێن(*) یا درندەیەکی بێ ڕەزاوە(*) و لەو کاتەدا کە گەرمی بەرەنگاری بووە و گیانی دەمەترسی کەوتووە لە ناکاو بێ ئەوەی بەمێشکیدا تێ پەڕیبێ، دەبینێ یەکێک لە دۆستەکانی کە چەند سەعات پێشتر لە ئینگلستان بووە، بەسواریی پەڵەهەورێک یا گەردوونەیەکی ئاگرین لەڕێوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دێ و بەهاواری دەگا و لە مردن ڕزگاری دەکا و کاتێک شەو دادێ خۆی لەسەر سفرەی ماڵی خۆی دەبینێتەوە و دەست دەکا بەخواردن، لە کاتێکدا مەودای نێوان ئەم دوو شوێنە دروست دوو یا سێ هەزار فەرسەخە. ئەوە هەمووی لە بەرەکەتی زانیاری و ئاگایی ئەو حەکیم و زانا سیحرکارانەیە کە چاوەدێری لەو پاڵەوانانە دەکەن. کەوابوو هاوڕێ سانکۆ، من هیچ ئیرادێک لەوەدا نابینم کە تۆ بەڕاستی لێرەوە دەوماوە کەمەدا چوویتە تۆبۆزۆ و گەڕابیتەوە، چون هەر وەک گوتم ڕەنگە یەکێک لە دۆستانی حەکیمی من تۆی بەحەودا بردبێ.

سانکۆ گوتی ئەوە ڕەنگە هەر وابێ، چون ڕۆسینانت بەلەز و هەشتاوێکی وا دەڕۆیشت کە دەتگوت کەری قەرەچییانە و نۆشادریان دەقوونی کردووە! دۆن کیشۆت پرسی: چیت گوت؟ نۆشادر؟ بەڵێ بەڕاستی ئەو قەرەچییانە لە جسناتی شەیتانن، جۆرە مرۆڤێکی کە تا بتەوێ ڕێگا دەڕۆن و دیترانیش بێ ئەوەی ماندوو بن بەدوای خۆیاندا دەکێشن، بەڵام با جارێ واز لەو قسانە بێنین! بڵێ بزانم لەمەڕ ئەو فەرمانەی دۆلسینەی نازەنینم فەرموویەتی دەبێ هەرچی زووترە بگەمە خزمەتی دەبێ چ بکەین؟ من خۆم پێم وایە دەبێ ئیتاعەی ئەمری ئەو بکەم، بەڵام ئەودەم ناتوانم قەولێکی بەشازداە خانمی هاوسەفەرمان داوە بەرمە سەر، لە حاڵێکدا یاساکانی پاڵەوانی مرزەمم(*) دەکا کە بردنەسەری بەڵێنی و پەیمان بخەمە پێش ئارەزووی نەفسانی خۆم. لە لایەکەوە مەیل و تاسەی دیداری یار بۆ ئەو لام ڕادەکێشی، بەلایەکی ترەوە پابەند بوون بەبەڵێنی و شانازییەکی کە ڕەنگە لەو ڕووداوە بەنسیبم بێ بانگهێشتی ئەم لایەم دەکەن و وەخۆم(*) دەخەن. بەڵام ئەوەی پێم وایە دەیکەم ئەوە بێ: بەپەلە وەڕێ دەکەوم و دەچمە ئەو شوێنەی دێوەکەی لێیە، هەر کە گەیشتمە جێ سەری دێوە دەبڕم و شازادە خانم لەسەر جێ وریێی خۆی دادەنێمەوە؛ پاش تەواو بوونی ئەم کارە گرینگە دەگەڕێمەوە و بەهەشتاو دەچم بۆ چاو پێکەوتنی ئەو ئەستێرە بەدرەوشەی کە هۆش و حەواسی من ڕووناک دەکا. ئەوجار بۆ وە درەنگ کەوتنی خۆم، دەلیلی وای بۆ دێنمەوە کە ئەو نە تەنیا توڕە نابێ، بەڵکو چون دەبینێ ئەو درەنگ چوونەم سەرەنجام بووەتە هۆی شانازیی ئەو، ئافەرینم پێ دەڵێ و خۆشحاڵ دەبێ. چون من هەرچی کە دەدەورەی ژیانی خۆمدا بەزۆری ئەسلەحە وەدەستم هێناوە و لە داهاتووشدا وەدەستی دێنم، لە لوتف و سایەی نێوچاوانی ئەوی دەزانم و لەوەڕایە کە من ملکی ئەوم. سانکۆ گوتی: یا حەزرەتی مریەم! خواهەڵناگرێ جەنابت عەجەب بێ مێشکی! یانی جەنابی ئەرباب، فەرموو بزانم جەنابت خەیاڵت هەیە ئەو هەموو ڕێگایە تەنیا بۆ سەیران و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەواخۆری بپێوی؟ ئایا هەلی زەماوەند دەگەڵ شازادە خانم کە جیازەکەی وڵاتێکە بەپانتابی بیست هەزار فەرسەخ لە دەست دەدەی؟ وڵاتێکی دەوڵەمەند کە وەک دەڵێن پڕە لە نیعمەت و سەروەت و سامان و لە دوو وڵاتی پۆرتوگال و کاستیل گەورەترە؟ ئەی ئەرباب، بۆخاتری خودا چیدی قسان مەکە و لە خەجاڵەتی ئەو قسانەی کردووشتە، سوور هەڵگەڕێ و شەرم بکە و نەسیحەتی من دەگوێ بگرە و لە یەکەم کوێرە دێدا کە دەیگەینێ و کەشیشێکمان چاو پێ کەوت ئەو شازادە خانمە لە خۆت مارە بکە. ئەگەر کەشیشیش دەست نەکەوێ ئەوەتا کەشیشی خۆمان دەتوانێ ئەو کارە بەباشترین شێوە ئەنجام بدا. ئەوجار ئەوەش بزانە کە من گەیشتوومە تەمەنێک کە بتوانم خەڵکی نسحەت بکەم. ئەو نەسیحەتەشم بۆ تۆ ئەوندە پڕ بەپێستە وەک دەستەوانەیە(*) بۆ دەست. چون بەر لەهەموو حاڵێکدا چۆلەکەی ناوەدەست لە بولبولی هەڵفڕیو باشترە. و هەرکەس لە باش چاوپۆشی دەکا و خراپ هەڵدەبژێری نابێ لەو خراپەی کە پێی دەگا دڵی بێشێ. دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ تۆش ئاگات لە قسەکانی خۆت ببێ. چون ئەگەر مەبەست لە نەسیحەتی تۆ ئەوەیە کە من زەماوەند بکەم تا پاش کوشتنی دێوەکە ببمە پاشا و بتوانم ئاسانتر دەستی کەرەم بەڕووی تۆدا بکەمەوە و ئەو بەڵێن و قەولانەی پێم داوی جێبەجێیان بکەم بزانە کە من بەبێ زەماوەندیش دەتوانم ویستەکانی تۆ دابین بکەم. من پێش ئەوەی بچمە شەڕی دیوی مەلعوون، پەیمان دەبەستم ئەگەر بەسەر دوژمندا زاڵ بووم، چ بمەوێ دەگەڵ شازادە خانم زەماوەند بکەم و چ نەمەوێ، دەبێ بەشێک لەم وڵاتەی ڕزگاری دەکەم، بدەن بەمن تا بتوانم بەمەیلی خۆم بەهەر کەسێکی کە دەمەوێ بیبەخشم و کاتێک بەشی منیان دیاری کرد، ئەگەر نەیدەم بەتۆ دەیدەم بەکێ؟ سانکۆ گوتی: ئەوجار مەسەلەکە ڕوون بووەوە، تەنیا ئەوەندەت عەرز دەکەم، جەنابت باش ئاگادار بە، ئەو بەشەی هەڵی دەبژێری لە قەراغ دەریابێ، تا ئەگەر مەیلم نەیکێشا لەوێ نیشتەجێ بم، بتوانم ڕەعیەتە زەنگییەکانم سواری کەشتی کەم و بیانفرۆشم. کەوابوو جارێ دەروەستی خاتوون دوڵسینە مەبە، بەڵکو هەرچی زووتر بڕۆ ئەو دێوە بکوژە تا ئەو کارە کە بەئیمانم سوێند دەخۆم تەژی لە شانازی و سەربەرزی و قازانجی زۆرە، بەباشی ڕاپەڕێنین. دۆن کیشۆت گوتی سانکۆ من وا تێ دەگەم تۆ باشی لێ حاڵی بووی و من گوێ دەدەمە نەسیحەتی تۆ و هاوڕێ بوون دەگەڵ شازادە خانم، دەخەمە بەرچوونە خزمەتی خاتوون دۆلسینە؛ بەڵام ئەوە پێت دەڵێم کە باسی ئەم قەول و قەرارانە نابێ لە لای هیچ کەس بدرکێنی. چون لە جێگایەک کە خاتوون دۆلسینە تا ئەو ڕادەیە سەنگین و گران و خۆڕاگرە کە نایەوێ هیچ کەس لە نهێنییەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاگادار بێ، زۆر خراپ دەبێ ئەگەر ڕازونهێنی ئەو لە زبان منەوە یا کەسێکی ترەوە بڵاو بێتەوە. سانکۆگوتی: ئەدی ئەگەر وایە، جەنابت بۆچی هەرکەس کە دە مەیدانی شەڕدا دەبەزێنی دەینێریە خزمەت خاتوون دۆلسینە؟ مەگەر ئەوە بەو مانایە نییە کە تۆ ئەوت خۆش دەوێ و عاشقی ئەوی؟ لە حاڵێکدا کە جەنابت ئەوکەسانە بەزۆر دەنێری کە لە خزمەت خاتوون دۆلسینەدا بکەونە سەر چۆک و کرنۆش بکەن و بپاڕێنەوە و عەرزی بکەن کە لە لایەن تۆوە چوونەتە خزمەتی، چۆن ڕازی ئەوینی ئێوە دەژێر پەردەدا دەمێنێتەوە؟ دۆن کیشۆت هاواری کرد: وای سانکۆ تۆ چەندە ساویلکە و تێنەگەیشتووی! مەگەر نابینی تەواوی ئەم کارانە ئاکامەکەی بەسەربەرزی و شانازیی ئەو کۆتایی پێ دێ؟ کەوابوو بزانە دەڕێو ڕەسمی پاڵەوانیی ئێمەدا، بۆ خاتوونێکی جوان شانازییەکی گەورەیە کە چەندین پاڵەوانی سەرگەردان دە خزمەتیدا بن، بێ ئەوەی فکر و زیکری ئەو پاڵەوانانە لە سنووری خزمەت بەو خاتوونە تێ پەڕێ و ئەم عەرزی خزمەتە تەنیا بەخاتری وجوودی نازەنینی خودی خاتوون بێ و پاڵەوانەکانیش دەبەرانبەر خزمەتی خۆیاندا ویستێکیان نەبێ، ئەوە نەبێ کە ئەو خاتوونە ئەوان بەپلەوپایەی پاڵەوانی بگەیەنێ. سانکۆ گوتی: کەوابوو ئەوەی لە مەوعیزەکاندا بیستوومە کە ئێمە دەبێ خواوەندگاری خۆمان عیسا مەسیحمان تەنیا لەبەر خاتری خۆی خۆش بوێ، نە بەهیوای بەهەشت یا لە ترسی دۆزەخ، دروست ئەم جۆرە ئەوینەیە، هەر چەند من بۆ خۆم ئەو حەزرەتەم بەهەر هۆیەکەوە بێ، خۆش دەوێ و ئامادەی خزمەتیم. دۆن کیشۆت دەنگی لێ بەرز بووەوە: ئەی لەعنەتی خودات لێ بی گولەی دێهاتی! ڕاستی کە جاروبار قسەی وا نەستەق(*) دەکەی هەرسەرم سوڕ دەمێنێ! دەڵێی لە زانکۆی سالامانک دەرست خوێندووە. سانکۆ گوتی: ئەی بەدبەخت خۆم، خۆ من سەوادی نووسین و خوێندنیشم نییە!»

لەو کاتەدا وەستا نیکۆلا گاسی کردن کە هێندێک ڕاوەستن، چون هاوسەفەران دەیانەویست لەسەر کانییەک کە لەسەر لێواری جادە بوو، ئاو بخۆنەوە. دۆن کیشۆت ڕاوەستا و سانکۆش کە لەو هەموو درۆ و دەلەسەی کە کردبووی ماندو بووبوو، زۆریش دەترسا کە ئەرباب لێی حاڵی بێ کە درۆیان دەکا، لەو گاس کردنەی وەستا نیکۆلا زۆر خۆشحاڵ بوو، چون هەر چەند دەیزانی دۆلسینە ژنە دێهاتییەکی تۆبۆزۆیە کە دەعومری خۆیدا چاوی پێ نەکەوتبوو. لەو دەرفەتەدا کاردینیۆ ئەو جلوبەرگەی کە یەکەم جار یاران دەبەر دووروونەیان دا دیتبوو، دەبەر خۆی کرد و هەر چەند ئەو جلوبەرگە بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو بەڵام بەدەقات لەو جلە شڕودڕانەی کە دای دەکەند باش تر بوو. هەموو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtal.org

لەسەر کانی دابەزین و لەو برە ئازووقەیەی کەشیش لە کاروانسەرای وەرگرتبوو برسیەتیی زۆری خۆیان کەمێک دامرکاندەوە.

لە کاتێکدا هەموو خەریکی خواردنی ئەو ئێوارەخوانە(*) بوون پیاوێکی لاو بەو ڕێگایەدا تێ دەپەڕێ. لاوەکە ڕاوەستا و دەوکەسانە ڕاما کە لە دەوری کانییەکە بوون، پاشان لە نەکاو بەهەلاتن خۆی گەیاندە دۆن کیشۆت و لاقەکانی دەئامێز گرت وهۆل هۆل دەستی کرد بەگریان و گوتی: ئاخ ئەی ئەربابی دلۆڤان مەگەر تۆ من ناناسییەوە؟ جوان تێم فکرە. من هەمان «ئاندرە»ی بێچارەم کە منت لەو داربەڕووەی پێوەی بەسترابوومەوە ئازاد کرد». بەبیستنی ئەو قسەیە دۆن کیشۆت ئەوی ناسی و دەستی گرت، و لە هەمان حالدا زۆر بەویقارەوە ڕووی دەجەماعەت کرد و گوتی: «بۆ ئەوەی بەڕێزان بەئاشکرا ببینن کە بوونی پالەوانانی سەرگەردان لە دنیا دا بۆ مەبەستی ڕادانی زوڵم و ستەم لەسەر مەزلوومان تا چ ڕادەیەک گرینگە، بزانن و ئاگادار بن کە من چەند ڕۆژ پێش ئێستا بەقەراغ مێشەیەکدا تێ دەپەڕیم کە گوێم لە دەنگی هاوارێک بوو. کە وا وێ دەچوو لە زوڵم لێکراوێکی بێ ئەنواوە بوو. من بەحوکمی ئەرکی سەر شانم بەهەلاتن، بەپیر ئەو هاوارەوە چووم و ئەو لاوەی کە ئێستا بەرانبەرتان ڕاوەستاوە، دیتم لە داربەڕوویەک شەتەک دراوە. من وێستا لە دیتنی ئەم لاوە خۆشحالم چونکا ئەو شاهیدێکی زیندووە کە ناهێلێ تاوانی درۆ کردن لە من بدەن. بەلێ، دەمگوت کە ئەم لاوە لەسەر تا نێو قەد بەڕووتی بەدارێکی بەڕووەوە بەسترابووەوە و پیاوێکی وەحشی کە پاشان تێ گەیشتم ئەربابیەتی بەقایشی تەنگەی(٢١٢) ماین شەقارشەقاری دەکرد و لێی دەدا، کە چاوم بەو دیمەنە کەوت لە کابرای دێهاتیم پرسی بۆ ئاوا بێ بەزەییانە دەو کوڕە بەربووە(*). کابرای نامەرد دەجوابدا گوتی، چون نۆکەریەتی و بۆیەش ئاوا بەتوندی لێی دەدا، چون کۆتاییەکی کردووە، کۆتایی کردنەکەشی زۆرتر وە فێل کردن دەچێ تا تەمبەلی و تەوەزەلی. ئەو لاوە دە جواب دا گوتی: «خێر قوربان ئەو تەنیا لەبەر ئەوە تازیانەم لێ دەدا چونکە داوای حەقدەستی خۆم کردووە.» ئەربابەکەی دەیەویست زۆر شێر وڕێوی بێنێتەوە کە من زۆر بێ مەیل نەبووم گوێی لێ بگرم، بەلام نەمدەویست قبوولی کەم. سەرەنجام کابرام وادار کرد کە ئەو کوڕە چارەڕەشە لە دارەکە بکاتەوە و سوێندم دا کە ئەم لاوە دەگەڵ خۆی بباتەوە ماڵ و حەقدەستەکەی و بەهرەکەشی تا دیناری ئاخر بداتەوە. جا، ئاندرە، کوڕم گەلۆ، هەرچی گوتم وایە یا نییە؟ ئێستا بێ ئەوەی دەست و پێت لێ ون بێ و لە هیچ وارێکدا هەڵە بکەی بەو ئاغایانە بڵێ کە مەسەلەکە

٢١٢- قایشی تەنگەی ماین نەبوو، بەڵکو کەمەربەندی قایش بوو. (مۆریس باردۆن).

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org



چۆن بوو تا بزانن کە بوونی پاڵەوانانی سەرگەردان لەسەر ڕێگا و بانەکان، هەروەک من گوتم، بەقازانجە یا نا. لاو گوتی تەواوی ئەوانەی کە جەنابت فەرمووی، بێ کەم و زیاد ڕاستن، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە کۆتایی ڕووداوەکە بەجۆرێکی تر کەوتەوە. دۆن کیشۆت هاواری لی بەرز بووەوە کە: چۆن وا دەبێ، مەگەر کابرا قەرزەکەی نەدایەوە؟ لاو گوتی نە تەنیا نەیدامەوە، بەڵکو دەگەڵ بەڕێزت لە مێشەکە وەدەرکەوتی و ئێمە تەنیا ماینەوە دووبارە گرتمی و لە هەمان داری بەستمەوە و دووبارە هەر بەو قایشی تەنگەکە تێم بەربووەوە و ئەوەندی لێ دام کە هەموو بەدەنم وەک شەهیدانی «سێن بارتیلمی» شەقارشەقار بووبوو. و دەگەڵ هەر زەبرێکیش کە دای دەوشاند قسەی قۆڕ و ناحەزی بەجەنابت دەگوت، قسەی پێکەنین کە ئەگەر ئێشی کەلەکەکانم ئەمانی لێ نەبڕیبام، منیش لە قووڵایی دڵەوە بەقسەکانی پێ دەکەنیم. بەکورتی منی وەها لە کەڵک و کەرەم خست کە ناچار بووم چەند ڕۆژ لە نەخۆشخانە بۆی بکەوم تا چاک ببمەوە، تاوانی تەواوی ئەم بەدبەختییانە لە ئەستۆی حەزرەتی جەنابتانە، چون ئەگەر جەنابت بەڕێی خۆتدا ڕۆیشتبای و نەهاتبایە شوێنێک کە کەس بەدوایدا نەناردبووی و دەکاری خەڵکیدا دەخالەتت نەکردبایە، ئەربابەکەم بەو دە دوازە زەبرە تازیانەی هەوەڵێ، وازی لێ دێنام و دەستی لێ هەڵدەگرتم و حەقەکەشمی بەتەواوی پێ دەدام. بەڵام حەزرەتی بەڕێزتان هاتن و لە خۆڕا ئەو هەموو جنێوەتان پێ داو و ئابڕووت پێوە نەهێشت، وای لێ هات کە کابرا شێت بوو. چون نەشیتوانی تۆڵەت لێ بکاتەوە، ناچار تووڕەیی خۆی بەسەرمندا خاڵی کرد و منی وەها شل و کوت کرد کە تازە ڕەنگە نەتوانم ببمەوە ئەو پیاوە کە هەوڵێ بووم. دۆن کیشۆت گوتی: ئیرادی کار لەوەدا بوو کە من زوو لەوێ دەرکەوتم و ئەوەندە ڕانەوەستام تا قەرزەکەت وسووڵ بکەی. من دەبووایە بەپێی ئەزموونی دوورودرێژی ژیان، بمزانیبایە کە پیاوی ناپیاو هەرگیز لەسەر پەیمان ڕاناوەستێ، مەگەر ئەوەی پەیمان و بەڵێن بەقازانجی خۆی ببینێ. بەڵام، ئاندرە؛ بێگومان چاکت لەبیرە کە من سوێندم خوارد ئەگەر ئەو قەرزی تۆ نەداتەوە بگەڕێمەوە و دەزاری هەژدیهاشدا بێ، دەری بێنمەوە. ئاندرە گوتی، ڕاستە، بەڵام ئەم سوێندەی تۆ دەردی منی دەرمان نەکرد. دۆن کیشۆت گوتی: «ڕاوەستە، دەبینی کە دەرمانی دەکا یا نا!» و دەگەڵ ئەو قسەی سانکۆ پانزای قاو کرد و ئەمری پێ کرد دەستبەجێ ڕۆسینانت زین بکا. ڕۆسینانت دەو ماوەیەدا کە موسافیران خەریکی نان خواردن بوون دەلەوەڕا. پاشان دوورووتە ویستی بزانی دۆن کیشۆت چ دەکا، ئەویش جوابی داوە کە دەچێتە سۆراغی ئەو پیاوە پەست و بێ کەڵکە و بەسزای ئەو کارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناحەزانەی دەگەیەنێ و حەقی ئاندرەی تا دیناری ئاخر لە گەرووی دەردەکێشێ. بەڵام دووروونە ئاگای کردەوە کە بەپێی بەڵێن و پەیمان تا کاری ئەو جێبەجێ نەکا ناتوانی خۆی دەهیچ ڕووداوێکی تر هەڵقوتێنێ و چون ئەو خۆی لە هەموو کەس باشتر ئاگاداری ئەم بابەتەیە، ناچار دەبێ ئەم تووڕەیی وقینە بە جێیەی خۆی تا گەڕانەوە لە وڵاتی ئەو قووت داتەوە و دیزە بەدەرخۆنەی(*) کا. دۆن کیشۆت گوتی: بۆت لەملم(*) دەدەم. کەوابوو ئەی خاتوون، هەر وەک دەفەرمووی، ئاندرە دەبێ تا دەگەڕێمەوە سەبر بکا. بەڵام سوێند دەخۆم و بەڵێنی شەرەف دەدەم کە تا تۆڵەی ئەم لاوە وەرنەگرمەوە و قەرزی بۆ نەستێنمەوە هەدا نەدەم. ئاندرە گوتی: من کارم بەم بەڵێن و سوێندانە نییە و حاڵی حازر دەمەوێ شتێک پەیدا کەم بمباتە «سیویل» و ئەوەم پێ لە هەموو تۆڵەی دنیا پێ گرینگترە. ئەگەر شتێکتان پێ هەیە، بمدەنێ بیخۆم یا دە باغەڵمی بنێم. خودا بتانپارێزێ و هەموو پاڵەوانانی سەرگەردانی دنیایش دەکاری خۆیاندا سەرکەوتوو کا. وەک دەکاری مندا سەرکەوتوو بوون!»

سانکۆ لە خۆرجێنی خۆی کوتەنانێک و برە پەنیرێکی دەرهێنا و دای بەلاوەکە وگوتی: «بگرە کاکە ئاندرە، لەو قەرارە بەشێک لە نامرادیی تۆ بەمنیش دەگا. ئاندرە پرسی: تۆچ بەشێکت پێدەگا؟ سانکۆ گوتی، مەبەستم هەر ئەم نان و پەنیرەیە کە دەیدەم بەتۆ و خودا دەزانێ کە من خۆم کەنگێ هەر بەوشتە موحتاج دەبم. چون تۆ دەبێ بزانی کە ئێمە مەیتەرانی پاڵەوانانی سەرگەردان، هەمیشە دەژێر گوشاری برسیەتی و بێچارەیی و زۆر شتی تر داین کە بەزبان ناگوترێن» ئاندرە نان و پەنیری وەرگرت و کاتێک دیتی کەس هیچی تری ناداتێ پشتی دە جەماعەت کرد و دوولاقی بوو دووی دیشی قەرز کرد و تێی تەقاند، بەو حاڵەشەوە ئاوڕی داوە و بەدۆن کیشۆتی گوت: «ئەی جەنابی پاڵەوانی سەرگەردان! بۆخاتری خودا ئەگەر جارێکی تر تووشی من بووی، ئەگەر دیتت ئەنجن ئەنجنیشم دەکەن، هەوەسی یاریدەدانی منت نەکەوێتە سەر و لێم گەڕێ چم لێ دەکەن با بکەن، چون هەر بەڵایەکی بەسەرم بێنن، لەوە خراپتر نابێ کە پاش یارمەتیی جەنابت بەسەرم دێنن. خوداوەند هەموو پاڵەوانانی سەرگەردانی دنیا بەلەعنەت کا و توخم و تۆرمەتان نەهێڵێ!» دۆن کیشۆت ڕاستەوە بوو کە حەقی ئەو بێ شەرمە دە دەستی بنێ، بەڵام ئاندرە وەهای تێ قووچاند کە کەس نەیویست وەدوای کەوێ. پاڵەوانی ئێمە بەو داستانەی ئاندرە شەرمەندە و نارەحەت لەوێ بەجێ ما و ئەوانی تریش زۆریان گۆشار بۆ خۆ هێنا کەپێش بەقوڵتەقوڵتەی پێکەنین بگرن تا مەبادا پاڵەوان برەنجێ و دڵی بێشێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## لەمەڕ بەسەرهاتی هاوڕێیانی دۆن کیشۆت لە کاروانسەرادا

پاش ئەو ئێوارەخوانە شاهانەیە، سوارەکان دووبارە ئەسپ و ئێستریان زین کردەوە و بێ ئەوەی ڕووداوێکی بۆ باسکردن بشێ، بێتە پێش، کاروان سبەی ئەو ڕۆژە گەیشتە ئەو کاروانسەرایەی کە سانکۆ لێی دەترسا. سانکۆ زۆری پێ خۆش بوو، پێی دەوێ نەنێ بەڵام نەیتوانی لەو پێشهاتە ناخۆشە خۆی بپارێزێ.

کاروانسەرادار و خێزانی و کچەکەی و ماری تۆرن تا دیتیان کە ئەوە دۆن کیشۆتە دەگەڵ سانکۆ لەولایەڕا دێن، چوونە پێشوازی و زۆر بەخۆشحاڵییەوە وەریانگرتن. پاڵەوانی ئێمە بەویقار و ڕێزی زۆرەوە دەگەڵیان ڕووبەڕوو بوو و پێی گوتن کە جێوبان و تەختی خەوێکی باشتر لە جاری پێشووی بۆ ئامادە بکەن. ژنی کاروانسەرادار گوتی ئەگەر پووڵی زۆرتر بدا تەختە خەوێکی شاهانەی دەبێ و چون دۆن کیشۆت قەولی دا، تەختی خەوێکی باشتریان لە هەمان عەنبار کە دەپێشدا بەجێگەی وەتاغ پێیان دابوو بۆیان دانا و پاڵەوان کە لەشی لە فکری ماندووتر بوو، ڕۆیشت و لێی نووست.

هەر کە دۆن کیشۆت دەرگای وەتاغی قەپات کرد، ژنی کاروانسەرادار لە دەلاک نزیک بووەوە و پڕی بەدەم و چاوی داگرت و بەهەر دووک دەستان ڕدێنی گرت و گوتی: تا کەنگێ دەتەوێ لەکلکە گای من ڕیش دروست بکەی؟ یاڵڵا زوو بمدەوە! لەو دەمەوە ئەم کلکەگایە لێرە ڕۆیشتووە، ئەم شانە پیسەی مێردەکەم لێرە و لەوێ کەوتووە کە بەڕاستی پیاو شەرم دەیگرێ. مەبەستم ئەوەیە کە ئێمە شانەکەمان بەم کلکەگایەوە هەڵدەواسی.»بەڵام هەرچەندەی ژنی کاروانسەرادار دەیکێشا دەلاک نەیدەهێشت کە ڕدێنی هەڵکەندرێ. سەرەنجام کەشیش پێی گوت کە باشترە کلکەگا بداتەوە، بەخاوەنەکەی چون ئیدی پێویست ناکا، ئەو دەورە جوانە بگێڕی و لەمەودوا دەتوانێ بێتەوە سەر شکڵ وقیافەی ئاسایی خۆی؛ وە لەسەری ڕۆیشت و گوتی: «بەدۆن کیشۆت بڵێ پاش ئەوەی حوکمدراوەکان بەکاری دژوار ڕووتیان کردوویی، هەڵاتووی و گەیشتوویە ئەم کاروانسەرایە. و ئەگەر لە مەیتەری شازادە خانمی پرسی، پێی دەڵێین کە شازادە خانم ئەوی دەپێش خۆیدا ناردووەتەوە تا مزگێنیی هاتنەوەی شاژنی خۆیان دەگەڵ ڕزگار کەرەکەی بەتەواوی خەڵکی وڵات ڕابگەیەنێ.» بەبیستنی ئەم قسەیە، دەلاک بەڕەزامەندی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabarr.org

کلکەگای داوە بەژنی کاروانسەرادار و باقیی ئەو شتانەش کە بۆ ڕزگار کردنی دۆن کیشۆت بەئەمانەت وەریان گرتبوو دایاننەوە بەخاوەنی.

تەواوی دانیشتووانی کاروانسەرا لە جوانیی دووروتە و تەنانەت لە قیافەی وێچووی کاردینیۆی شوان سەریان سوڕمابوو. کەشیش فەرمانی دا کە بەهەر شتێکی لە کاروانسەرا دەست دەکەوێ شامێکیان بۆ ساز بکەن و کاروانسەرادار بەهیوای ئەوەی ئەوانە پووڵێکی باشیان دەدەنێ دەستبەجێ خواردنێکی زۆر خۆشی بۆ ئامادە کردن. لەو کاتەدا دۆن کیشۆت هێشتا لە خەودا بوو و یاران لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە وەخەبەری نەهێنن چون دەیانزانی لەو کاتەدا نووستن بۆ ئەو لە خواردن باشترە. کاتێک خەریکی خواردنی میوەی پاش شام بوون، لە لای کاروانسەرادار و ژنەکەی و کچەکەی و ماری تۆڕن لە دێوانەیی و شێتبازییەکانی دۆن کیشۆتی بێچارە و لەوەی کە ئەویان لە چ بارودۆخێکدا دیوەتەوە، قسە هاتە گۆڕی. ژنی کاروانسەرداریش باسی ئەو ڕووداوەی گێڕاوە کە دەگەڵ قەتارچییە هەرزەکارەکە بەسەر دۆن کیشۆت هاتبوو و چون دیتی کە سانکۆ لە ژوورەکەدا نییە داستانی سەمای سەرلێفەی بۆ گێڕانەوە کە هەموو کاروانییەکان زۆریی پێ پێکەنین و چون کەشیش، بەدەرفەتی زانی، ڕوونی کردەوە کە خوێندنەوەی زۆری کتێبی پاڵەوانی مێشکی دۆن کیشۆتی شێواندووە. کاروانسەرادار گوتی: «من نازانم چۆن شتی وا مومکینە، چون من لە دنیا دا شتێکی باشترم لە کتێبی پاڵەوانی بۆ خوێندنەوە پێ شک نایە. من لێرە دوو سێ بەرگم لەو کتێبانە هەیە کە نەتەنیا من بەڵکو زۆر کەسی تریش لێرە پێی شاگەشگە دەبن. لە وەرزی دروێنەدا جەماعەتێکی زۆر پاڵەوسەپان(*) بۆ بەشداری کردن دە بەرنامەکانی ڕۆژانی جێژندا لەم کاروانسەرایە کۆ دەبنەوە و لە نێو ئەواندا، هەمیشە یەکێک هەیە کە سەوادی خوێندنەوەی هەبێ، ئەو کەسە یەکێک لەو کتێبانە بەدەستەوە دەگرێ و ئێمە هەموو، سی نەفەر یا زۆرتر، لە دەوری کۆ دەبینەوە و گوێی بۆ ڕادەگرین و دەچین دەبیر و خەیاڵانەوە و عەرش و قورش دەگەڕێین. لانی کەم من لەمەڕ خۆمەوە دەتوانم عەرزتان بکەم، کاتێک باسی زرینگە زرینگی وێک کەوتنی شمشیرەکان کە پاڵەوانانی بەهەیبەت بەهەموو ڕق و قینەوە دایان دەهێننە یەکتری دێتە گۆڕێ، هەوەسێکی بەتەوژم یەخەم دەگرێ کە لاسایی ئەوان بکەمەوە و دڵم دەیەوێ شەو و ڕۆژ گوێ بۆ ئەم بەسەرهاتانە ڕادێرم. ژنی کاروانسەرادار لەسەر قسەی مێردەکەی گوتی: منیش هەر وام. چون لەو کاتانەدا تۆ هێندە شێت و شەیدای داستانەکان دەبی کە لەبیرت دەچێتەوە، دەگەڵ من بەشەڕ بێی و لە خۆڕا بەربینگم پێ بگری.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماری تۆڕنیش گوتی: ئاخ کە چ دروستت گوت! بەو خودایە منیش زۆرم پێ خۆشە گوێ بدەمە ئەو داستانانە. خودا هەڵناگرێ خۆشن، بەتایبەتی کە دەگاتە ئەو جێیانە کە خاتوون لە بن سێبەری دار نارنجان پاڵەوانی خۆی بەداوداڵ دە ئامێز دەگرێ و هەر لەو کاتەشدا نەدیمەکەی، کە خۆی لە ئاوری بەغیلی بردن و هەوەسدا دەسووتێ، خەریکی کێشک کێشانە. بەبڕوای من ئەم نەقڵ ونەزیلانە لە هەنگوین شیرینترن.

کەشیش ڕووی دە کچی کاروانسەرادار کرد و گوتی: ئەدی بەڕێزتان ئەی کچی جوان لەم بارەوە دەڵێی چی؟ کیژ گوتی: بەگیانی خۆم ئاغا، من نازانم چیت عەرز بکەم! ئەوەندە هەیە کە منیش وەک ئەوانی تر گوێ ڕادەگرم و هەر چەند هیچیشی لێ حاڵی نابم، بەڵام ڕاستییەکەی منیش بەبیستنی ئەو شتانە خۆشحاڵ دەبم. بەڵام حەز وەرگرتنی من لەم داستانانە، وەک باوکم، لە زرینگ و هۆری شمشیران نییە، بەڵکو لەو ئاه و ناڵانەیە کە پاڵەوانان لە دووریی دلبەرەکانیان وەریێ دەخەن و بەڕاستی زۆرجار لەغەم و پەژارەی ئەواندا بەشدار دەبم و دەست دەکەم بەگریان، دووروەتە لە کیژی پرسی: کەوابوو مادموازێل(*) ئەگەر ئەو پاڵەوانانە لە دووریی تۆ گریابان، بێگومان نەتدەهێشت زۆر ئاه و ناڵە بکەن.

کچی کاروانسەرادار گوتی: لەمەڕ خۆمەوە ناتوانم بێژم چیم دەکرد، بەڵام دەزانم دەنێو ئەو خاتوونانەدا هێندێکیان ئەوەندە دڵڕەق بوون کە پاڵەوانانی داڵداریان ناوی بەبر و پڵینگ و ئەو جۆرە شتە خراپانەیان لێ ناون. ئاه یا حەزرەتی مەسیح! ئەو جۆرە ژنانە چ جانەوەرانێکی بێ دڵ و دەروون و بێ ویژدانن کە بۆ ئەوەی بەسیلەی چاو لوتفێک دەگەڵ پیاوێکی شەرافەتمەند بکەن، ڕازی دەبن ئەو بێچارە بمرێ یا شێت بێ؟ من نازانم ئەو هەموو نازوئەدایەی بۆ چییە؟ ئەگەر ئەوان ئەم کایە و کارانە لەسەر بنەمای عەقڵ و شعوور ئەنجام دەدەن، ئەدی بۆ دەگەڵ ئەو پیاوانە، کە ئارەزووی گەیشتن بەئەوانیان هەیە، زەماوەند ناکەن؟ ژنی کاروانسەرادار دەنگی لێ هەڵێنا: بێدەنگ بە کچەتیو! خەڵک وا تێ دەگەن کە تۆ لەم بارەوە شتێک دەزانی، لە حاڵێکدا بۆ کچێک بەتەمەنی تۆدا باش نییە ئەو شتانە بزانێ و ئەوەندەی لەسەر بڕوا. کیژ گوتی: چون ئاغا پرسیاری کرد دەبووایە جوابێکی بدەمەوە. کەشیش بەکاروانسەراداری گوت: ئێستا ئاغا ئەو کتێبانە بێ زەحمەت بێنە، دەمەوێ چاوێکیان لێ بکەم. کاروانسەرادار گوتی: ئەی بەچاوان!» ئەوجار ڕۆیشتە وەتاغی خۆی و سندوقچەیەکی کۆنی هێنا کە قفلی لێ درابوو. سندووقچەکەی کردەوە و سێ کتێبی ئەستووری دەرهێنا. کەشیش کتێبەکانی لێ وەرگرت و کە لێکی کردنەوە دیتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabat.org

کە یەکەمیان کتێبی «دۆن ژیرۆن ژیلۆی تراسی»[٢١٣] و ئەوی دی داستانی «فلیکس مارس دیرکانی» و سێیەمی سەر بەهووردەی ناخودای گەورە «گۆنزالۆ کۆردۆوایی»[٢١٤] کە پاشکۆ کەشی داستانی ژیان و بەسەرهاتی «دیگۆگارسیادوپاردیس»[٢١٥] بوو. کەشیش پاش خوێندنەوەی عینوانی دووو کتێبی یەکەم، ڕووی دە وەستای دەلاک کرد و گوتی: هەڤاڵ، بەڕاستی ئێستا جێگەی کەیبانوو خوشکەزای دۆستی ئێمە خاڵییە! دەلاک گوتی: نە، وا نییە. چون منیش دەتوانم ئەم کتێبانە بەرمە حەساری تەویلە یا بێ ئەوەی هێندەش دوور برۆم هەر لێرە دەوئاورگەیاندا بسووتێنم! کاروانسەرادار هاواری لێ بەرز بووەوە: چۆن، جەنابت دەتانەوێ کتێبەکانم بسووتێنن! کەشیش جوابی داوە: تەنیا ئەم دوو بەرگەیان یانی ئەم دوو کتێبەی «دۆن ژیرۆن ژیلۆ» و «فلیکس ماریس دیرکانی». کاروانسەرادار گوتی: یانی چی؟ مەگەر کتێبەکانی من لە کتێبەخراپ و ڕێ ون کەرەکانن و خەڵک لە دین وەردەگێڕن کە دەتانەوی بیانسووتێنن؟ دەلاک گوتی: هاوڕێ، ئەم کتێبانە زۆر باش نین کاروانسەرادار گوتی: هەرچۆنێکی حیسابی دەکەن! ئەمن چووزانم؟ بەڵام ئەگەر هەر دەبێ یەکیان بسووتێنن لانی کەم بەسەرهاتی ئەو «ناخودا گەورە» و ئەو «دیەگۆگارسیا»یە بسووتێنن. چون من حازرم ژن و منداڵەکەم بسووتێنن، بەڵام نایەڵم ئەو دووو کتێبەم لێ بسووتێنن. کەشیش گوتی: برادەر، ئەو دوو کتێبە پڕن لە نەقڵ ونەزیلە و درۆی ناجۆر و دژی ڕاستین و هەموو بابەتەکانی پڕوپووچ و ئەحمەقانەن. بەڵام کتێبەکەی تر بەسەرهاتێکی ڕاستە لە کار و بزاڤی «گۆنزالۆ کوردۆدوایی». ئەو پیاوە بەلێهاتوویی و کارە گەورە بەرچاوەکانی لە سەرانسەری دنیادا ناسراوە و نازناوی «ناخودای گەورە»ی پێ دراوە. ئەوجار «دیەگۆ گارسیا دۆپاردیس» یەکێکە لە پاڵەوانانی قەدیم و ڕەسەنی خەڵکی «ترۆکسیلۆ» Troxillo سەر بە«ئەستْرامادۆر» کە ئەوەندە پڕ زۆر بوو، بەقامکی دەست

٢١٣– don Girongilio de Thrace لە نووسینی برناردۆ دۆ ڤارگاس Bernardo de vargas چاپی سیویل ١٥٤٥. (مۆریس باردۆن)

٢١٤– Félix - Marsde Hyrcanie وەک گوتمان ئەم کتێبە لە کتێبخانەی دۆن کیشۆتدا هەبوو.

٢١٥– L, Histoire du grand cipitaine Gonzalve de Cordue دەگەڵ پاشکۆی la vie de Diégo Garcia da Parédés کە بێ ناوی نووسەر ساڵی ١٥٥٩ لە چاپ درا. گوانزالۆ کۆردووایی زۆر بەناوبانگە و بەڵام «دیەگۆ گارسیا دۆ پاردەس» گۆنگەڵخوازێکی دزی زەبەردەست بوو کە جاروبار سەربازی پاپ بوو، جاری وا بوو ڕێگری دەریایی و جاروباریش ناخودای ئیسپانیۆلی «سەدەی شازدەم». (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بەرداشی ئاشی لە کاتی سووڕاندا ڕادەگرت. ڕۆژێکیان کە لەسەر پردێک ڕاوەستابوو و شمشیرێکی بەدوو دەستی گرتبوو، ڕێگای لە لەشکرێکی قورس و گران گرت و نەیهێشت یەکیان لەو پردە بپەڕێتەوە. نازانی کاری وەها گەورە و سەیر و سەمەرەی کردووە کە ئەگەر یەکێک باسی ئەو کارە گەورە و شەڕەکانی نووسیباوە، بیرەوەرییەکانی بێگومان دلاوەری و ئازایەتیی کەسانێکی وەک «هێکتۆر» و «ئاشیل» و «ڕۆلانی» لەبیر مێژووە دەبردەوە. کاروانسەرادار دەنگی بەرز کردەوە کە «بەهـ بەهـ! قسەکانت چەندە جوانن! مەگەر ڕاگرتنی بەرداش بەتەنیا قامکێک زۆر کارێکی سەیرە؟ ئێستا تکات لێ دەکەم، ئەو باسەی من لەمەڕ فلیکس مارس دیرکانی بیستوومە، بخوێنەوە. ئەو پاڵەوانە بەزەبرێکی شمشێر پێنج دێوی لەندەهۆری لە نێو قەدڕا وەک خەیار دەکردە دوو لەت. جارێکیش تاکی تەنیا هێرشی بردە سەر لەشکرێکی گەورە و زۆر بەهێز کە ژمارەیان دەگەیشتە یەک میلیۆن و شەش سەد هەزار سەربازی سەرتاپا لە چەکدا ڕەشـهـەڵگەڕاو و وەهای قەڵت(*) و پەڵت کردن کە دەتگوت گورکە کەوتووەتە نامە مێگەلی مەڕ. باشە، ئێستا لەمەڕ ئەم «دۆن ژیرۆن ژ یلیۆ»ی دلاوەر چ دەفەرمووی کە ئەوەندە ئازا و بێ باک بوو کە دەڵێن ڕۆژێک کە خەریکی لێخوڕینی لۆتکەیەک لەسەر دەریا دەبێ لە نەکاو چاوی بەهەژدیهایەکی ئاور خۆر دەکەوێ کە سەری لە ئاو هێنا بووە دەرەوە، پاڵەوان دەگەڵ چاوی پێی دەکەوی خۆی داوێتە سەر شانە پووڵەکەدارەکانی و بەهەر دووک دەستان گەرووی حەیوان وەها ڕێک دەکوشێ کە هەژدیها تێ گەیشت خەریکە دەخنکێ و هەناسەی لێ دەبڕێ و ناچار خۆی گەیاندەوە بنەبانی دەریا و پاڵەوانیش کە نەیدەویست بەر هەڵدای بکا، دەگەڵ ئەو جانەوەرە نوقم بوو. کاتێک گەیشتنە بن دەریا، پاڵەوان خۆی لە ناو قەسرێکی گەورەدا دیتەوەکە باغ و باغاتێکی ڕازاوە، خەملاندبووی و جێی لێ نەبێ، دەتگوت بەهەشتە! لەوێ ئەژدەها، هاتە سەرشکڵی پیرە پیاوێکی ڕەزاسووک و ئەوەندەی قسەی خۆش بۆ پاڵەوانان گێڕاوە، هەر مەپرسە! ئەی ئاغا، بڕۆن، وە دوای کاری خۆتان کەون! بەخودا ئەگەر ئێوە ئەو داستانانەتان بیستبایە لە خۆشییان شێت دەبوون. بەڵام لەمەڕ ئەم «ناخوداگەورە»یە کە دەفەرموون و ئەو «دیەگۆگارسیا»یە، بەزاتی خودای هەردووکیان دوو شایی ناهێنن!

کاتێک دووڕووتە ئەو وتارە جوانەی بیست سەری بردە بن گوێێ کاردینیۆ و بەسرتە پێی گوت: پێم وایە هێندەی نەماوە مێزبانەکەشمان وەک دۆن کیشۆتی لێ بەسەر بێ. کاردینیۆ گوتی: «منیش هەر وای لێ حاڵیم. چون لە قسە کردنیڕا دیارە کە بەتەواوی بڕوای بەو شتانە هەیە کە دەو کتێبانە دایە و پێی وایە هەمووی مووبەموو ڕووی داوە و من دوژمنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabati.org

تەواوی ڕۆحانییەکانی پێ خاوسی زنجیرەی کارمیس بم، ئەگەر بتوانم پێچەوانەی ئەو بۆوچوونە دەمێشکی ئەم کابرایە باخنم(٢١٦). دیسان کەشیش وەقسە هاتەوە و گوتی: بەڵام برام بزانە کە لە دنیادا هەرگیز کەسانێک بەناوی فلیکس مارس دیرکانی و ژیرۆن ژیلیۆ دۆتراس و باقیی پاڵەوانانی هاوچەرخی ئەوان کە دەو کتێبە پاڵەوانانییانەدا ناویان هاتووە، لەسەر ئەرزی واقیع بوونیان نەبووە. تەواوی ئەم کتێبانە درۆ و ئەفسانەیە و هەموویان بەرهەمی مێشکی ڕزیوی کەسانێکن کە مەبەستیان تەنیا کات ڕابواردن بووە و هیچی تر! هەروەک پاڵە وسەپانەکانی ئێوە کاتی خۆیانی پێ تێ دەپەڕێنن. و من بەڕاستی سوێندت بۆ دەخۆم کە هەرگیز پاڵەوانێکی لەم چەشنە لە دنیادا نەبوون و هونەر نوێنی و کاری ئاوا سەیر و سەمەرەیان نەکردووە. کاروانسەرادار گوتی: بڕۆ بابە! پێت وایە من منداڵم و دە هیچ ناگەم! و گەزە گەزەی(*) نازانم؟ نەچی پێت وابێ دەتوانی کەرم بکەی! چون ئەوەندەش کەر نیم. خۆتان زەحمەت مەدەن کە پێم بسەلمێنن هەرچی دەوکتێبانە دایە درۆ و دەلەسەن، چون تەواوی ئەوانە بەئیزن و پەسند کردنی ئەندامانی بەڕێزی شورای پاشایی بەچاپ گەیشتوون. ئەوانیش لەوانە نین کە لەخۆڕا ئیزن بدەن ئەو هەموو درۆ و سیحر و جادووە بڵاو بێتەوە. کەشیش گوتی: بەڵام، هاوڕێ من گوتم هەمووی ئەم بابەتانە بۆ ڕابواردنی کاتی بێکاریی ئێمە دەنووسن و هەروەک دە کۆمارێکی ڕێکوپێکدا کایەی شەترەنج و بیلیارد و گۆبازی بۆ سەرگەرمیی ئەو کەسانەی نایانەوێ یا ناتوانن کار بکەن دابین دەکەن، هەروەهاش ئیزن دەدەن ئەو جۆرە کتێبانە چاپ بکرێن و بفرۆشرێن؛ چون وای لێ حاڵین کە هەرگیز مرۆڤی وا ساویلکە و تێ نەگەیشتوو پەیدا نابن کە بڕوا بەو پڕووپووچە بکەن. من ئەگەر ئەمڕۆ کاتم هەبووایە و گوێگرانێکم لە دەوروبەر بووایە لەمەڕ ئەم کتێبە پاڵەوانییانە زۆر شتم ڕوون دەکردەوە کە زۆر بەقازانج تەواو دەبوو. هیوادارم ڕۆژێک بێ کە من بتوانم دەگەڵ کەسانێک کە بتوانن نەزمێک بەو کارە بدەن ئاڵ وگۆڕی بیروڕا بکەم و پێکەوە کارێک بکەین. جارێ جەنابی کاروانسەرادار، باوەڕ بەو قسانەم بکە و کتێبەکانیشت هەڵگرەوە و لەمەڕ ڕاست و درۆ بوونیان هێندێک زۆرتر فکر بکەوە. خودا عاقیبەتت وەخێر گێڕێ! خودا بکا کە تۆش بەدەردی میوانەکەت دۆن کیشۆت گرفتار نەبی! کاروانسەرادار گوتی: ئەی بابە! نە ئیدی! من ئەوەندەش دێوانە نیم کە خۆم بکەمە پاڵەوانی

٢١٦- ڕۆحانییە پێ خاوسەکانی کارمیس «les Carmes déchaussés» لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا لە فەلەستین سەریان هەڵدا و بیر و بڕوای پڕوپووچی سەیر و سەمەرەیان هەبوو. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



سەرگەردان و باش دەزانم کە هەلومەرج و بارودۆخی ئێستا دەگەڵ ئەو زەمانی کە دەڵێن پاڵەوانانی ناودار لە هەموو شوێنێکی دنیادا دەگەڕان یەکسان نییە.»

سانکۆ کە دەگەڕیانی بەشی ئاخری ئەم وتوێژەدا لەوێ بوو. کاتێک بیستی کە دابونەریتی پاڵەوانانی سەرگەردان زۆر لە مێژە کۆتایی پێ هاتووە و هەرچی دەکتێبە پاڵەوانییەکاندا نووسراوە هەمووی درۆ و پڕوپووچە، زۆر دەفکرەوە چوو و ماوەیەک بەواق وڕماوی مایەوە: لەبەر هەندێ لە دڵی خۆیدا ئاوای گوت، کە تا کۆتایی ئەو سەفەرەی ئێستا دەگەڵ ئەرباب دەمێنێتەوە بزانێ ئاخرییەکەی چۆن دەبێ و ئەگەر دیتی بەو جۆرەی ئەو دەیەوێ بەرهەمێکی لێ نەکەوتەوە، بگەڕێتەوە لای ژن و منداڵەکەی و دەگەڵ ئەوان خەریکی کار و کوێرەوەریی ڕۆژانەی خۆیان بن.

لەو کاتەدا کاروانسەرادار سندووقچەی کتێبەکانی لادەبرد، کەشیش پێی گوت: «بێ زەحمەت ڕاوەستە با بزانم ئەم لاپەڕانە کە بەو خەتە خۆشە نووسراون چین. کاروانسەرادار کاغەزەکانی لە سندووقچە دەرێنا و دایە دەست کەشیش کە بیانخوێنێتەوە. کەشیش تەماشای کرد ئەوە دەفتەرچەیەکی هەشت لاپەڕەیییە کە بەخەتێکی درشت لەسەر لاپەڕەی یەکەم نووسرابوو: داستانی کۆن پشکنی(*) بی تەدبیر[٢١٧]. ئەو پاش ئەوەی سێ چوار دێڕی یەکەمی خوێندەوە، بەدەنگی بڵند گوتی: لە ڕاستیدا عینوانی ئەم داستانە کەڵکەڵەی دەکەللەم خستووە کە تا ئاخر بیخوێنمەوە. کاروانسەرادار گوتی: زۆر کارێکی باش دەکەی، چون لازمە بزانی چەند کەس لە موسافیرەکانم کە ئە و داستانەیان خوێندووەتەوە زۆر زۆریان پێ خۆش بووە و داوایان لێ کردووم هەموو لاپەڕەکان بدەم بەوان. بەڵام من بەو نییەتە کە دەفتەرچەکە و سندووقچە و کتێبەکان بدەمەوە بەخاوەنی کە لێرەی لێ بەجێ ماوە، هەرگیز ملم نەداوە بیاندەم بەکەس. بەدوور نییە خاوەنەکەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەڕێتەوە ئێرە و لەو حاڵەتیشدا هەرچەند دەزانم لە دەستدانی ئەم کتێبانە جێگەی کەسەرە، بەڵام هەر دەیاندەمەوە بەخاوەنەکەی، چون با کاروانسەرداریش بم، بەهەرحاڵ مرۆڤێکی مەسحییم. کەشیش گوتی: حەق بەتۆیە هاوڕێ، بەڵام ئەگەر هاتو من ئەو داستانەم بەدڵ بوو، ئیجازە دەفەرمووی لە ڕووی بنووسمەوە؟ کاروانسەردار گوتی: ئەڵبەتە، زۆریشم پێ خۆش دەبی!»

دەگەڵ ئەم قسانەدا، کاردینیۆ داستانەکەی بەدەستەوە گرتبوو، وە چون دەستی کرد

٢١٧- Nouvelle du Curieux Malavisé.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtam.org

بەخوێندنەوەی چەند ڕستەیەک، ئەویش بوو بەهاودەنگیی کەشیش و تکای لێ کرد بەدەنگی بڵند بیخوێنێتەوە تا ئامادە بووان هەموو گوێیان لێ بێ. کەشیش جوابی داوە: «ئەگەر کات بەسەر بردن دەخەودا باشتر لە کتێب خوێندنەوە نەبایە، بەمەیلەوە بۆم دەخوێندنەوە. دووررووتە گوتی: بۆ من گوێ ڕاگرتن لە هەر داستانێک بۆ ماوەی یەک دوو سەعاتان حەسانەوەیەکی خۆشە، چون فکری من ئەوەندە ڕاحەت نییە کە بتوانم ئاسوودە بخەوم. کەشیش گوتی: ئەگەر وابێ من ئامادەم، ئەگەر بەخاتری ڕازی کردنی هەستی کون پشکنیی خۆشم بووبێ. ئەو داستانە دەخوێنمەوە، ڕەنگە بابەتی بەکەڵک و سەرنجڕاکێشی تێدا هەبێ،» وەستا نیکۆلا و سانکۆ و ئەوانی تریش وێکرا لەبەر کەشیش پاڕانەوە کە ئەو کارە بکا. ئەوجار کە کەشیش زانیی ئەم کارە هەمووان خۆشحاڵ دەکا و زەحمەتەکەی بەخەسار ناچێ، بەدەنگی بڵند گوتی: زۆر باشە، کەوابوو هەمووتان سەرنج بدەن: داستان بەمجۆرە دەست پێ دەکا:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٣٣

## گێڕانەوەی داستانی کون پشکنی بێ تەدبیر

لە فلۆڕانس شاری دەوڵەمەند و بەناوبانگی ئیتالیا، لە پارێزگایەک کە تۆسکان ناوەکەیەتی، دوو گەورەزا(*) لە بنەماڵەیەکی ناودار دەژیان. کە یەکیان «ئانسلێم» Ansleme و ئەوی تر «لۆتێر» Lothaire ی ناوبوو. ئەوەندە پێکەوە نێوانیان خۆش بوو کە هەموو دۆستان و ئاشنایان ناوی «یاری غار»یان لێ نا بوون. هەر دووک جحێڵ و عەزەب و هەر دووک هاوتەمەن و هاوسەلیقە بوون و هەر ئەوەش وای کردبوو کە لەهەر دووولاوە هۆگری و خۆشەویستی، خۆی نیشان بدا. ڕاستە کە ئانسلێم زۆرتر ئەهلی خۆش ڕابواردن و لۆتێر ئەهلی ڕاو و شکار بوو، بەڵام لە هەر دەرفەتێکدا ئانسلێم خواز و دڵخوازی خۆی بۆ بەجێ هێنانی ویستەکانی لۆتێر وەلا دەنا و لۆتێرش هەر بەم چەشنە، دەستی لە هەوەسەکانی خۆی هەڵدەگرت تا تەسلیمی ویستەکانی ئانسلێم بێ. بەم شێوە دە نێوان ویستەکانی ئەواندا ئەوەندە ڕێککەوتن و هاوئاهەنگی بەرقەرار بوو کە سەعاتێکی میزانیش ئەوەندە ڕێکوپێک و هاوئاهەنگ نییە.

ئانسلێم شێت و شەیدای کچێکی نەجیب و جوان لە هاوشارییەکانی خۆی بوو کە دایک و بابێکی زۆر بەڕێزی هەبوو. کچەکە خۆیشی ئەوەندە ڕێزدار و سەنگین و گران بوو کە ئانسلێم لێ بڕا، بەڕازی بوونی هەڤاڵی خۆی لۆتێر، کە بێ ئیزنی ئەو قامکی دە ئاو نەدەنا، خوازبێنیی لێ بکا. ئەم کارە زۆر زوو کەوتە واری جێبەجێ کردن و ئەو کەسەی کە ڕۆیشتە خوازبێنی، لۆتێر بوو؛ لۆتێر کارەکانی زۆر جوان بەڕێوە برد و ئانسلێم پاش ماوەیەکی کەم، بەمرادی دڵی خۆی گەیشت، و «کامی» Cammille ژی لەوەی کە ئانسلێم شوویەتی، ئەوەندە خۆشحاڵ بوو کە دایم و دەرهەم(*) شوکری خودای بەجێ دینا و سپاسی لۆتێری دەکرد کە ئەوی گەیاندووەتە ئەم بەختەوەرییە گەورەیە.

لە ڕۆژانی سەرەتادا (ڕۆژانی یەکەمی زەماوەند هەمیشە ڕۆشن و درەوشاوە و پڕ لە خۆشی و شادین) لۆتێر وەک جاران هاتوچۆی ماڵی دۆستەکەی خۆی دەکرد تا بەبارستای توانای خۆی لە جێژن و شادمانیی ئەودا بەشدار بێ و مبارەک بادی لێ بکا، بەڵام کاتێک ڕەسم و بەزمی زەماوەند، کۆتایی پێ هات و چیدی مبارەک بادی و دیدار و چاو پێکەوتن پێویست نەبوو، لۆتێر وردەوردە بەحیسابێکی فکری هاتوچۆی خۆی بۆ ماڵی دۆستەکەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org


کەم کردەوە. چون، بەڕای ئەو – هەر وەک بیروبۆچوونی هەموو پیاوێکی عاقڵ دەبێ هەر ئەوە بێ – دیدار لە دۆستی بە ژن و ماڵ نابێ بەشێوەی دیدار لە دۆستی سەڵت و ڕەبەن بێ. چون هەر چەند سەفا و یەک ڕەنگیی دۆستایەتی جێگایەک بۆ گومانی خراپ و دڵ پیسی ناهێڵێتەوە و ناشبێ بێڵێتەوە، لەسەر ئەوەشڕا ئابڕووی پیاوی ژندار ئەوەندە زوو پەڵەی تێ دەکەوێ کە مومکینە لە لایەن تەنانەت برایان و بەپلەیەکی بالاترەوە لە لایەن دۆستانەوە زامدار ببێ.

ئانسلێم زوو بەساردوسڕیی هەڤاڵی خۆی زانی و زۆر بەتوندی گلەیی لێ کرد و پێی گوت ئەگەر بیزانیبایە ژن هێنان مومکینە لەسەر ڕێی دیداری هەر ڕۆژەی ئەوان دەبێتە کۆسپێک، هەرگیز ئەم زەماوەندەی نەدەکرد و ئەگەر ئەو خۆشەویستییە دوو لایەنەی زەمانی سەڵتی و بێ ژنی بۆ یەکتریان هەبوو، ئەوانی شیاوی نازناوی «یاری غار» کردووە، هیچ پێویست ناکا بەدەبەر چاو گرتنی هێندێ بابەتی لە خۆڕایی نازناوێکی ئاوا سەیر و جوان و ئازیز لە ناو بچێ، کەوابوو، ئەگەر دەکارهێنانی واژەی «تکا» لە نێوان ئەواندا پێویستییەکی هەبوو، لە وی تکا دەکرد کە دووبارە وەک جاران ببێتەوە خاوەن ماڵی ئەو و هەروەک جاران بێ تەعاروف و تێبینی هاتوچۆی ئەوێ بکا. متمانەشی پێ دا کە «کامی» دەسەلاتی بەسەر ویست و ئیرادەی ئەودا نییە و چون دەزانێ کە دەپێشدا پێوەندیی نێوان ئەوان چەندە پتەو بووە، ئێستا لەو ساردی و سڕی و خۆ پاراستنەوە زۆر نارەحەتە و سەری سوڕماوە. دەبەرانبەر ئەو هەموو دەلیل و شێرو ڕێوییەدا کە ئانسلێم هێنایەوە تا لۆتێر قانیع بکا کە ڕەوشتی جاران بگرێتەوە بەر، لۆتێر وەها بەزانانیی و تێگەیشتوویی جوابی داوە کە ئانسلێم ڕازی بوو و لە نییەتە پاکەکانی هەواڵی خۆی زۆر خۆشحاڵ بوو. قەراریان دانا کە لۆتێر حەوتووی دوو ڕۆژ و ڕۆژی جێژنانیش بچێتە ماڵی ئانسلێم، بەڵام هەرچەند لۆتێر ئەم بەڵێنییەی دابوو لە دڵی خۆیدا فکری دەکردەوە کە دەو پێوندەی و هاتوچۆیەدا بێجگە لەوەی بۆ پاراستنی شەرافەتی دۆستەکەی پێویستە، کارێک نەکا، چون بۆ ئابڕووی دۆستەکەی بایەخێکی زۆرتری لە ڕێز و حورمەتی خۆی دادەنا. لۆتێر دەیگۆت و چ باشیشی دەگوت، کە مێردیک کە خوداوەند ژنێکی جوانی بەنسیب کردووە، دەبێ هەم دە دیاریکردنی دۆستانێکدا کە هاتوچۆی ماڵی دەکەن و هەم هەڵبژاردنی ژنانی ئاشنا کە هاتوچۆی خێزانی دەکەن زۆر وریا بێ. چون کار و پیلان و فێڵ و تەڵەکەی نێو ئەم میوانی و قەرەباڵغییەی لە سەیرانگا و زیارەتگا و شوێنی تردا هەیە (کە هەمیشە ناکرێ لە ژنان درێغ بکرێ) پێشی پێ ناگیرێ. ئەو کارانە زۆر بەئاسانی لە ماڵی خزمان و باوەڕ پێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کراوان، ئەنجام دەدرێن. هەروەها دەیگوت کە مێردەکان هەرکام پێویستیان بەدۆستێکی هەیە تا ئەوان لە هەڵەنگووتن و هێندێ کاری نادروست بگێڕنەوە، چون زۆر هەڵدەکەوێ کە مێردێک بەخاتری خۆشەویستی، هێندێک هەڵە و لارێ بوونی ژنەکەی وەبەر چاو نایە یا لەبەر ئەوەی ژنەکەی دڵی نەهێشێ، پێی ناڵی وابکە یا وامەکە، یا ئەو کارە لە تۆ ناوەشێتەوە و خۆی لێ بپارێزە، بەڵام نسحەت و ڕێنوێنیی دۆستێکی لەم چەشنە بەسانایی ڕەنگە ئەو عەیبەی مێردەکە لە ناوبەری. بەڵام دۆستێکی ئاوا دلسۆز و فیداکار و شەریف کە لۆتێر دەڵێ دەبێ هەتبێ لە کوێ دەست دەکەوێ؟ من کە لێم سووره نازانم. تەنیا لۆتێر دەیتوانی ئەو دۆستە بێ. ئەو لۆتێرەی بەهەموو هێز و توانایەوە پارێزەری شەرەفی دۆستی خۆی بوو، لۆتێرێک کە بەبیانووی جۆراوجۆر هەمووکات تێ دەکۆشا مەودای دیدارەکانی درێژتر کاتەوە و کەمتر بچێتە ماڵی ئانسلێم تا چاوی هەرزەکارانی بێ کاروبار و زبانە بێ هەوسار و بەرەڵلاکان، لە هاتوچۆی لاوێکی دەوڵەمەند و نەجیب زادە و خاوەنی هەموو سیفەتێکی باش و پیاوانە نەکەونە بەر گومان و نەڵێن بۆچی دەچێتە ماڵی ژنێکی تەرز و لەباری وەک «کامی». چون هەر چەند بەناموسیی «کامی» خۆی، دەیتوانی پێش بەهەر چەشنە درۆ و دەلەسەیەک بگرێ. لۆتێر نەیدەویست نێوبانگی باشی ئەو ژنە و ئابڕووی مێردەکەی دەمەترسی کەوێ و سایەی گومانی لەسەر بنیشێ. لە ئاکامدا لۆتێر زۆرتری ئەو ڕۆژانەی کە دەبووایە بچێتە ماڵی دۆستەکەی، بەشتی تروەی تێ دەپەڕاند و کارگەلێکی ئەنجام دەدا کە خۆی دەیگوت زۆر پێویست و لازم بوون، هەر بەو دەلیلەش گلەیی کردن و عوزر و بەهانە هێنانەوە بووبووە کاری ئەم دوو دۆستە.

ڕۆژێکیان کە هەر دووک بۆ گەڕان و پیاسە کردن چووبوونە مێرگێکی قەراخ شار، ئانسلێم دۆستەکەی خۆی بردە گۆشەیەک و پێی گوت:

«هەڤاڵ لۆتێر، ئایا هیچ بیرت لێ نەکردووەتەوە کە من دە بەرانبەر لوتف و ڕەحمەتی خودا دا کەمنی دە بنەماڵەیەکی گەورەدا هێناوەتە سەر دنیا و ئەو هەموو نیعمەت و بەرەکەتەی بەسەردا باراندووم و لەوانەش زۆرتر دۆستێکی وەک تۆ و یارێکی وەک «کامی»ی پێ بەخشیوم – یانی دوو بەختەوەری کە ئەوەندەی شانیان هەڵدەگرێ قەدریان نەزانم، بەڵام تا ئەو جێی پێم بکرێ دریغی ناکەم – من زۆر ناسپاسانە و ناشوکرانە جوابم داوەتەوە؟ باشە ئێستا بەو هەموو بەرەکەت و سەرەتییانە کە خۆشحاڵیی ئادەمیزاد لەوانەوە سەرچاوە دەگرێ و خۆشحاڵییەکانن کە خۆشبەختی دەدەن بەمرۆڤ، من گوزەران و ژیانی کەسێکم هەیە کە غەمگینتر و داماوتر و ناهومێدتر لەو دەتەواوی دنیادا گیر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

ناکەوێ. نازانم چەند ڕۆژێکە هەوەسێک دە دەروونمدا سەری هەڵداوە کە خەریکە دەمخوا و لە ناوم دەبا. هەوەسێک وەها سەیر و سەر سوڕهێنەر و دوور لە دابونەریت کە من سەرم لە خۆم سوڕماوە و خۆم سەرکۆنە و مەحکووم دەکەم و دەگەڵ دەروونی خۆم شەڕ دەکەم و دڵم دەیەوێ کە ئەم هەوەسە بخنکێنم و تەنانەت لە فکرەکانی خۆشمیان بشارمەوە. بەڵام چون چی تر ناتوانم ئەم نهێنییە لە دڵدا ڕابگرم لانی کەم دەمەوێ دەگەڵ تۆی هاوڕێی خۆشەویستم کە ڕازداری منی باسی بکەم، بەو هیوایە کە لە سایەی چاوەدێریی تۆدا چاک ببمەوە و لە نیگەرانی و دڵەراوکێی سەرچاوەگرتوو لەو هەوەسە هەرچی زووتر ڕزگاریم بێ و شادی و خۆشی بگەڕێتەوە نێو ئامێزی ژیانم.»

لۆتێر کە نەیدەزانی ئەم سەرەتا دووروردرێژە دەکێشێتە کوێ، بەواق وڕماوییەوە گوێی بۆ قسەکانی ئانسلێم ڕاگرتبوو و باوەکو دەزەینی خۆیدا تێ دەکۆشا تا بەڵکو بزانێ ئەو هەوەسەی دۆستەکەی چییە، بەڵام نەیدەپێکا و نەیدەزانی چ شتێکە وا دۆستەکەی هەژاندووە. سەرەنجام بۆ ڕزگاری لەو حاڵەتەی نیگەرانی و چاوەڕوانییە، پێی گۆت کە پێویست ناکا هێندە بەڕەمز و کنیایە قسە بکا و دەق و دۆغری بڵێ چیی لە دڵدایە. ئانسلێم جوابی داوە «حەق بەتۆیە هەڤاڵ لۆتێر، وە ئێستە بەپاڵپشتی ئەو بڕوایەی بەتۆم هەیە، دەمەوێ پێت بڵێم ئەو هەوەسەی دەمندا سەری هەڵداوە چییە. ئەویش ئەوەیە دەمەوێ بزانم گەلۆ هاوسەری من «کامی» ئەوەندەی من پێم وایە و بڕوام پێی هەیە، ئەوەندە داوێن پاک و بەناموسە یا خێر، وە بەدەست خستنی متمانە لەو ڕاستییە، مەگەر بەمحەکی ئەزموون کە پاکیی ئەوم بو ئاشکرا بکا، دەنا مەیسەر نابێ. هەر وەک ئاگر کە خالیس بوونی زێڕ نیشان دەدا. لە ڕاستیدا ئەی هاوڕێی، من با پێت بڵێم ژن تا یەکێک خۆشەویستی بۆ دەرنەبڕێ، ناکرێ بڵێی بەناموسە یا نییە. تەنیا ژنێک داوێن پاک و بەعیفەت و ناموسە کە دەبەرانبەر وەعد و بەڵێنی و دیاری و فرمێسک و ئاه و ناڵەی عاشقێکی پێداگر، کەسێ سەرەی(*) لەسەر هەڵناگرێ، سەردا نەنوێنێ و خۆی بەدەستەوە نەدا. ئەگەر هیچ پیاوێک نەیەوی ژنێک لە خشتە(*) بەرێ و فریوی بدا، بەناموسی و بێ ناموسیی ژن مەعلووم ناکا. ئایا ژنێک کە دەرفەتی دەرکەوتن لە ماڵەوەی پێ نادرێ، ژنێک کە ئەخلاقی مێردەکەی دەناسێ و دەزانێ کە هەمان جاری یەکەم ئەگەر خەتایەکی پێوە ببینێ ڕۆحی لێ دەستێنێ، ئەگەر وەها ژنێک بەپاکی و ترسەنۆکی بمێنێتەوە جێگەی سەرسوڕمانە؟ کەوابوو من نامەوێ ژنێک لە ترسان یا لەبەر بێ دەرەتانی و هەڵنەکەوتنی هەل پاکداوێن ماوەتەوە، دەگەڵ ژنێکی کە هەزار جاری پێ گوتراوە و متمانەی ئەویندار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێ دراوە و کەوتوونەتە شوێنی، بەڵام بەساغ و سلامەتی و بەتاجی شانازی لە ئەزموونی وەسوسە و فریو هاتووەتە دەرێ، وەک یەک چاو لێ کەم. کورتی ببڕمەوە بەو دەلیلانەی کە گوتم، بەزۆر دەلیلی تریشەوە کە دەتوانم لێرە باسیان بکەم، دەمەوێ خێزانم «کامی» لەو گرفتارییانە تێ پەڕێ و بکەوێتە ناو تەندوورەی ئەزموونی پیاوێک کە لایق و هاوشانی ئەو بێ و لێی بوەشێتەوە داوای لوتف و ئاوڕ وێدانی ئەو بکا. ئێستا ئەگەر ئەو جۆرەی من دەمەوێ، ئەو لەم شەڕەدا بەلقی نەخڵی سەرکەوتنەوە هاتەدەر، ئەودەم من بەختەوەریی خۆم بێ هاوتا دەزانم و دەتوانم بێژم کە بۆشایی ئەمەلم پڕ بووەتە وە و لە دابەش کردنی ئەزەلیدا ژنێکی سەنگین و گران و خۆڕاگرم وەبەر کەوتووە کە سولەیمانی حەکیم لەمەڕ ئەو گوتوویەتی: «کوا قیسمەت و نسیبی ئاوا وەدەست هەموو کەس دەکەوێ؟» بەڵام ئەگەر واهات کە مەسەلە بەپێچەوانە کەوتەوە، تێ گەیشتن لەوە کە من لە بۆچوونی خۆمدا بەهەڵە نەچووبووم، هەڵگرتنی باری غەم و ناهومێدییەک کە بەحەق مومکینە لە ئەزموونێکی ئاوا پڕ مەترسیدا تووشم بێ، ئاسان دەکاتەوە. ئەوجار، چون هیچ کام لەو قسانەی کە ڕەنگە تۆ دەوەلانانی ئەم ڕایە هەوەسناکەدا بەمنی دەڵێی، نەتوانن من لە ئەنجامدانی بگێڕنەوە، دەمەوێ ئەی ڕەفیقی خۆشەویست لۆتێر، ئامادەی ئەنجامی دەورێک بێ کە دەبێ کاخی خۆشحاڵیی من دروست بکا. من دەرفەتی پێویست بۆ دەست بەکار بوون بەتۆ دەدەم و هەر شتێکی کە بۆ فریودانی ژنێکی شەرافەتمەند و پاکداوێن و قانیع پێویست بێ، بۆ تۆی دابین دەکەم. شتێکی کە منی هێناوەتە سەر ئەم بارە تا کارێکی ئاوا گەورە بەتۆ بسپێرم، نە کەسێکی تر، ئەوەیە کە ئەگەر «کامی» ببەزێ و تۆ بەسەریدا زاڵ ببی، کاری ئەم سەرکەوتنە ناگاتە پلەکانی دوایی خۆی و تەنیا مومکین بوونی ڕووداوێک بۆ ئێمە مسۆگەر دەکا. بەمجۆرە مەسەلەی دەستدرێژی بەئابڕووی من لە پلەی قەست تێ ناپەڕێ و ڕازی نەنگ و شەرمەزاریی من دە بێدەنگیی تۆدا نوقم دەبێ و من دەزانم ئەم بێدەنگییە تا ئەو جێیەی پێوەندیی بەمنەوە هەیە، هەر وەک بێدەنگیی مەرگ هەتاهەتایی دەبێ، کەوابوو ئەگەر تۆ دەتەوێ من لە ژیانێکی وا بەهرە وەرگرم کە بکرێ ناوی ژیانی لەسەر دابنێی، دەبێ بێ ڕاوەستان ئەم بەرەنگارییە عاشقانەیە دەست پێ بکەی، ئەویش نە بەشەرم و کەم ڕوویی و حەیاوە، بەڵکو بەپێداگری و پڕڕوویی و ماندوو نەبوونەوە کە دڵخوازی منە و لە تۆی چاوەڕوان دەکەم.

بەڵی جا، ئەوە بوو ئەو قسانەی کە ئانسلێم، دەگەڵ لۆتێری هێنانە گۆڕێ و ئەمەیان وەها بەسەرنج و واق وڕماوییەوە گوێی بۆ شل کردبوو کە تا کۆتایی قسەکانی دەمی نەکردەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarr.org

لۆتێـر کـاتێک دیتی هەڤـاڵەکەی بێدەنگە، زەق زەق تێی ڕاما، دەتگۆت دەشـتێکی هەرگیز نەبینـراو یا نەناسـراو دەفکرێ و لە دیتنی ئەو شتە وەختـە زەندەقی بچێ. سەرەنجام پاش بێدەنگییەکی درێژخایەن، پێی گوت: «من پێم وابێ ئەوەی دەیڵێی بێجگە لە گاڵتـە شتێکی تر نییە. بەیەقین ئەگەر پێم وابایە بەڕاستی دەتەوێ ئەو کارە بکەم، نەمدەهێشت قسـەکانت تا ئاخر درێژە پێ بدەی و لە نیوەیدا قسەکانتم پێت دەبڕی. من وای بۆ دەچم یا تۆ هیچ من ناناسی یا من تۆ هیچ ناناسم. بەڵام من باش دەزانم تۆ ئانسلێم و تۆش باش دەزانی من لۆتێرم. تەنیا لە بەختی بەد، پێم وایە تۆ ئانسلێمی جاران نیت و تۆش وێ دەچێ پێت وابێ من لۆتێرەکەی جاران نیم، چون نە ئەو قسانەی بەمنت گوت لە ئانسلێمی هەڤاڵی پێشووی من دەکاڵێتەوە و نە ئەو داوا کارییەی لە منی دەکەی لە لۆتێرێکی دەکرێ کە دەیناسی. لە ڕاستیدا هەر وەک یەکێک لە شاعیران گوتوویەتی، دۆستانی باش دەبێ دۆستیی خۆیان لە مـحـەکی ئەزمـوون بدەن، بـەڵام مـەبـەسـتی شـاعـیـر لـەم قسـەیە ئەوەیە کە نابێ لە دۆسـتـان چاوەڕوانی کـارێکت هەبێ کـە دژی فـەرمـانی خـوداوەندە؛ لە جـێگایەک کـە کـافـرێک ئەو بۆچوونەی هەبێ، بەشـێـوەیەکی هەراوتر بۆچوونی کـەسـێکی مـەسـیـحـی، کـە دەزانی خۆشەویستیی خودایی بۆ خۆشەویستیی بەشەری نابێ لە دەست بدا، دەبێ هەر ئەوە بێ. وە ئەگەر هەڤاڵێک کار بگەیەنێتە ئەو شوێنە کە ئەرکەکانی خۆی دەبەرانبەر خودادا، لەبەر خـاتری دۆستێک فـەرامـۆش بکا، دەبێ بۆ ئەم کـارە دەلیلی قـورس و تۆکمـەی هەبێ و تەنیا کـاتێک دەبێ ئەوە بکا کـە گیان و ماڵ و نامووسی دۆستەکەی دەمەترسی کـەوتبێ. ئێستا ئەی ئانسلێم بەمن بڵێ کـە لە نامـووس یا گـیـانی تۆ کـامـیـان دەمـەترسـیـدایە تا من خواهیشتی تۆ جێبەجێ بکەم و بۆ ئەو کارە قێزەون و چەپەڵە مل بدەم؟ دیارە هیچ کامیان. بەپێچەوانە لەوەیڕا کە من تێی دەگەم، تۆ لەمن داوا دەکەی کە شەرەف و ژیانت لێ بستێنم و لە هەمانکاتدا شـەرەف و ژیانی خۆشـمی لەسـەر بەخت بکەم. چون ئاشکرایە ئەگەر من شـەرەفی تۆ نەپارێزم و تێی ڕۆبێم گـیـانی تۆشم ئەسـتـاندووە، چۆن ئینسـانی بێ ئابڕوو دەگـەڵ مـردوو چ جـیـاوازییـەکی نـیـیـە و ئەگـەر ئەو جـۆرەی تۆ دەخـوازی من ببـمـە هۆی بەدبەختیی تۆ. خـۆیشم بێ ئابڕوو دەبم و دەبمە مـردوویەک کـە بەڕواڵەت دە بزوێ و دێت و دەچێ. گـوێ بـگرە هەڤـاڵ ئانسلێم، سـەبر بگرە و تـا کـاتێک من هەرچی لەمـەڕ هەوەسـی مالیخـولیایی تۆ بەمێشکمدا دێ، پێم نەگوتووی، قسەم پێ مەبڕە. لە پاشان هەرچی بتەوێ تۆ بەمنی بڵـێی و من جـوابت بدەمـەوە، کـاتمان هەیە. ئانسلێم گـوتی: بەچاوان! هەرچی دەتەوێ بیڵـێ! ئەوجار لۆتێر لە درێژەی قسـەکانیدا گوتی: «ئاخ ئەی ئانسلێم، وا تـێ دەگەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



فکری تۆ ئێستا وەک فکری موسوڵمانانە کە نە بەئایەتەکان و فەرمانەکانی کتێبی پیرۆز (ئینجیل) دەتوانی ئەوان مرزەم بکەی کە دینەکەیان بەتاڵە و نە بەهێنانەوەی دەلیلی عەقلی یا پاڵپشتی حوکم و فەرمانی دینی: بۆ ئەوان، دەبێ شاهید و نموونەی هەست پێکراو و بەرچاو کە نەکرێ حاشای لێ بکەی و دەلیلی ڕیازیی حاشاهەڵنەگرت، بەدەستەوە بێ، وەکو ئەوە: هەرکات لە دووبەشی بەقەدەر یەک دووبڕی وەک یەک، هەڵبگری، باقیمەندەی ئەو دووبەشەش بەقەدەر یەک دەبن.» و؛ چون تەنانەت ئەو ئەسڵە مسۆگەرەش تەنیا بەقسەحاڵی نابن دەبێ ئەوەیان بەکردەوە نیشان بدەی و بەدەست لێیان حاڵی بکەی؛ وە بەو حاڵەشەوە، دیسان هیچ کەس ناتوانێ ئەوان وادار بکا دینی پیرۆزی ئێمە قبووڵ بکەن و من ئێستا مەجبوورم بۆ تێگەیاندنی تۆ هەر ئەو ڕێبازە بگرم، چون ئەو هەوەسەی دەدڵی تۆدا سەری هەڵداوە ئەوەندە لە جادەی عەقڵ و شعوور بەدوورە کە من هەرچەندی بمەوی تۆ لە ساویلکەیی خۆت ئاگادار بکەمەوە هیچ فایدەی نابێ. بۆیە دەڵێم ساویلکەیی کە لە حاڵی حازردا، نامەوێ بێجگە لەوە، ناوێکی تری لەسەر دابنێم و تەنانەت دڵم دەخوازێ تۆ بەجێ بێڵم تا تۆم بەو شێتییەوە کە ڕووی تێکردووی تەمێ بکەم. بەڵام ئەو پێوەندی و دۆستایەتییەی هەمانە ئیزنم نادا لەواری تۆدا هێندەش بێ بەزەبم، بەپێچەوانە من مەجبوور دەکا تۆ لەو مەترسییەی لەسەرتە ڕزگار بکەم و تۆ ئەی ئانسلێم، بۆ ئەوەی ئەم مەترسییە بەڕوونی ببینی، جوابم بدەوە کە: مەگەر بەمنت نەگوت کە دەبێ بەژنێک کە لە تەنیاییدایە پێشنیاری دڵداری بکەم؟ بە ژنێکی نەجیب دەستدرێژی بکەم؟ بە ژنێکی کە خوازەلۆک(*) نییە، دیاری و سەوقات بدەم؟ بەژنێکی ئاگا لەخۆ و بەتێبینی عەرزی ئیرادەت و خزمەت بکەم؟ بەڵێ تۆ تەواوی ئەوانەت بەمن گوت، زۆر باشە، ئەگەر تۆ ژنێکی وات هەیە کە تەنیایە، نەجیبە، تێبینە، پاکداوێنە، چاوی لە دەستی کەس نییە، ئەدی لە چی دەگەڕێی؟ ئەگەر پێت وایە ئەو لەو ئەزموونە پیسە و لەو هەموو دەستدرێژییەی کە من دەبێ بەهەرێمی نامووسی ئەوی بکەم، سەربڵیند دێتە دەرێ، ئەودەم چ ناو یا عینوانێکی بەرزتر لەوەی کە ئێستا هەیەتی بەو دەدەی؟ ئایا ئەودەم لە ئێستا باشتر دەبێ؟ یا تۆ باش لەو حاڵی نی، یا خۆشت نازانی چت دەوێ: لە حاڵەتی یەکەمدا بۆچی دەتەوێ ئەو بەتاقی کەیەوە؟ باشتر ئەوەیە دەگەڵ ئەو وەک ژنێکی خراپ ڕەفتار بکەی؛ بەڵام ئەگەر پێت وایە ژنێکی بڕوا پێکراو و باشە ئەزموون کردنی شتێکی ڕاست و دروست دوور لە عەقڵ و تێبینییە. چون پاش ئەزموون، ئەو هەمان قەدر و قوتبی دەبێ، کەوابوو یەقین، ئەزموون کردنی شتانێک کە زیانی زۆرتر لە قازانجە، کاری پیاوی بێ عەقڵ و نەفامە، بەتایبەتی کاتێک کە زۆر یا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org



مـەجـبـوور بوونێک لە ئارادا نەبێ و بەتایبـەتی کـاتێک بزانی کـە ئەو کـارە شـێـتـیـیـەکی ئاشکرایە. کاری دژوار یا بۆخودا، یا بۆ دنیا یا لە یەک کاتدا بۆ هەر دووک لایەن ئەنجام دەدرێ. ئەوەی کە بۆ خودا دەکرێ ئەوانەن کە پیاگ خاسان دەیکەن و ئەوانە ویستوویانە بەلەشی بەشەرییەوە گیانی مەلەکووتییان هەبێ؛ ئەوەی بۆ دنیا دەیکەن، هەمان شتە کە کەسانی دنیادار دەیکەن. هەمان ئەوانەی کە چوار قوڕنەی عالەم دەگەڕێن و دەریا و وشکانی دەژێر پێ دەنێن بۆ ئەوەی سەروەت و ماڵ وەسەریەک بنێن و سەرەنجام ئەوەی لە یەک کاتدا هەم بۆ خودا و هەم بۆ دنیا دەیکەن، کاری ئەو سەربازە دلێرانەیە کە کاتێک کەلێنێکی گەورە دەبورج و دیواری دوژمندا دەبینن – ئەو کەلێن و کەلەبەرانەی بۆ نموونە بەگوللەتۆپ دروست بکەن – هەر ترس و هەراسێکی دەخۆیاندا هەستی پێ دەکەن هەڵی دەڕێژن و تووڕی هەڵدەدەن و بێ ئەوەی فکری لێ بکەنەوە یا مەترسییەکی گەورە کە هەڕەشە لە بوونیان دەکا دەبەرچاو بگرن، بۆ ئەوە لایقی ئەوە بن کە ئەرکی خۆیان بەرانبەر بە دینی خۆیان و گەلی خۆیان و شای خۆیان ئەنجام بدەن، ئازایانە دەچن دە گۆڕەپانی شەڕ و پێکداداان کە ڕەنگە هەزاریان لێ بکوژرێ. ئەوانەن ئەو کارانەی کە دەگەڵ هەموو مەترسی و ناخۆشی و زەحمەتگەلێکی کە هەیانە، مرۆڤی شەرافەتمەند ئەنجامی دەدا. بەڵام ئەو کارەی کە بەڕێزت دەتەوێ ئەنجامی بدەی، نە لە لای خودا بایەخێکی هەیە، نە ماڵ و سەرەوەتت بۆ پەیدا دەکا و نە لە نێو خەڵکدا شانازی و ناوبەدەرەوییت بۆ مسۆگەر دەکا. چون ئەگەر بەمرادی خۆت سەرکەوتنیش وەدەست بێنی نە شانازیت زیاد دەکا نە ماڵ و سامانت و نەرێز و حورمەتت و ئەگەر ئاکامی ئەم ئەزموونە بەپێچەوانە دەربچێ، تووشی پەژارە و خەمناکییەک دەبێ کە پشتت دەشکێنێ و خۆی لەبەر ڕاناگری. بەوەش کە خەڵک بەو ڕازە نازانێ فایدەیەکی بۆ تۆ نابێ، چون هەر ئەوەندە خۆت بزانی چ باسە، جەرگت لەت لەت و هەناوت خرا دەبێ. بۆ ڕوون کردنەوەی زۆرتر دەمەوێ کۆپلەیەک لە شێعری شاعیری بەناوبانگ لویجی تانسیلۆت[٢١٨] بۆ بخوێنمەوە کە لە کۆتایی بەشی یەکەمی هۆنراوەی «ئەسرینەکانی سێن پی یەر»دا گووتویەتی و ئەم شێعرانەش بەمجۆرەن:

---

٢١٨– Luigi Tansilo لە شاعیرانی ناپل دە سەدەی شازدەمی زایندایە. ئەم شاعیرە لە سەرەتادا شیعرێکی لە ژێر سەردێری «ترێ چن»دا نووسی کە دەگەڵ عیفەت و عیسمەتی گشتی و دەگەڵ بنەماکانی دین دژایەتی هەبوو کە پاپ تەکفیر و لەعنەتی کرد و بەتۆڵەی ئەو شیعرە ئەوجار شیعری «ئەسرینەکانی پییەر»ی هۆندەوە کە بوو بەهۆی ڕزگاربوونی لە کوشتن. ئەم شیعرە پاشان لە لایەن «مالرێب» شاعیری فەرەنسی وەرگێڕانێکی ئازادی لێ بڵاو کرایەوە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



«ئەو
ئەو کاتەی ڕۆژە دەبێتەوە، پەژارە و کەسەر هاوڕێ دەگەڵ
شەرمەزاری دەرۆحی «پی یەر»دا پەرە دەستێنن؛ و،
باوەکو کەس ئاگادار نییە، ئەو لەوەی کە دەزانێ تاوانی کردووە
لە بوونی خۆی شەرم دەکا؛ چون لە دڵی پاکدا تەنیا
روانینی خەڵک نییە کە شەرمەزاری هەڵدەستێنی، بەڵکو
هەر چەند بێجگە لە ئاسمان و زەوی کەس پێی نەزانیبێ، ئەو دەگەڵ
گوناهێکی کرد، لە خۆی شەرمەندە دەبێ.»

«کەوابوو گریمان عەیب و عاری تۆ دەژێر پەردەشدا بمێنێتەوە، لە دەرد و سزاکێشان ڕزگاریت نایە؛ بەپێچەوانەوە، هەمووکات دەبێ بگری. نە بەفرمێسکێک کە لەچاو هەڵدەڕژێ، بەڵکو بەخوێنێک کە لە دڵ هەڵدەقوڵێ، هەر وەک ئەو حەکیمە خۆش باوەڕەی کە بەپێی ڕیوایەتی شاعیری ئێمە، ویستی جامی جادوویی بەتاقی کاتەوە کە «ڕێنۆی»[٢١٩] وریا و بەئەزموون بەتێفکرین و عەقڵێکی پڕ لە تێبینییەوە خۆی لێ پاراستبوو؛ هەر چەند ئەم نەزیلەیە خەیاڵ پلاوێکی شاعیرانەیە، زۆر نوکتەی ئەخلاقیی تێدا هەیە کە جێی خۆیەتی هەمووان تێیان بگەن و پەندیان لێ وەربگرن، بەڵام ئەوەی من دەمەوێ بەتۆی بێژم ئەو تەڵە گەورەیەی کە خەریکی وەسەری پەڕی، بۆ تۆ ڕوون دەکاتەوە، تۆ ئەی ئانسلێم بڵێ بزانم ئەگەر لوتفی خودا یا ئاوڕلێدانەوەی تەقدیر تۆی کردبا خاوەنی باشترین و گران بایترین ئەڵماسی دنیا، ئەڵماسێک کە هەموو جەواهێرتاشانی دنیا بەدیتنی، شێت و شەیدا بووبان و هەموو یەکدەنگ گوتبایان کە ترووسکە و جوانی و نایابیی ئەو ئەڵماسە

---

٢١٩- چیرۆکی حەکیمی خۆش باوەڕ و جامی جادوویی، ئیشارە بەڕووداوێکە کە ئاریۆیست شاعیری بەناوبانگی ئیتالیایی دە تەڕانەکانی چل و دووەم و چل و سێیەمی کتێبی هۆنراوەی خۆی بەناوی «ڕۆلانی تووڕە»دا هێناویەتی. وەک دە پێشداش گوتمان سێروانتێس داستانی کون پشکنی بێ تەدبیری لەو وەرگرتووە. لەو دوو تەرانەدا حیکایەت کراوە کە ئەو مێردانەی لە ژنی خۆیان بەشک بوون لەو جامە جادووییە ئاویان دەخواردەوە و دە ڕازی ژنی خۆیان دەگەیشتن. ڕێنۆ Renaud کە شەوی پێش، لە خواردنەوەی ئاو لەو جامە سەرپێچی کردبوو بەیانی تێ گەیشت کە حەکیمێک بەناوی ئانسلێم، کە ئەز قەزا دەگەڵ قارەمانی کتێبی سێروانتێس هاونێوە، لەو جامەی خواردووەتەوە و لە بەختی بەد ئەوی نەدەبا بیبینێ دیتوویەتی. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەک ئاوی زولال وایە و تۆش خۆت هەر لەسەر ئەو بڕوایە بای، بێ ئەوەی بزانی کە ڕەنگە کەسێک ئەو بڕوایە لە تۆ بستێنێتەوە، لەو حاڵەدا ئایا عاقلانە دەبوو کە ئەو ئەڵماسە لە قیمەت نەهاتووە بێنی و لەسەر سندانی(*) دابنێی و بیدەیە بەر زەبری چەکوچ و زۆری باسکت دە کاربێنی بۆ ئەوە بزانی ئەو ئەڵماسە بەو ڕەقی و سەختی و جوانییەیە کە دەڵێن؟ ئایا ئەگەر ئەو ئەڵماسە نەشکابا و خۆی لەبەر زەبری چەکوک ڕاگرتبا، بەقیمەت تر دەبوو؟ و ئەگەر وردبا و شکابا ئایا زەرەر و زیانی گەورەت پێ نەدەگەیشت؟ و، ئەڵماسەکەت لەکیس نەدەچوو؟ بێگومان بۆچی هەر وا دەبوو، بێجگە لەوەش خاوەنی ئەو ئەڵماسە بەکابرایەکی نەزان و بێ عەقڵ لە قەڵەم دەدرا. ئێستا ئەی ئانسلێمی خۆشەویست! بزانە کە «کامی» لەبەرچاوی خۆت و خەڵک وەک ئەو ئەڵماسە وایە و عاقلانە نییە کە بەئەمانی خودا بکەوێتە بەر بواری ورد و خاش بوون، چون ئەگەر بەساغی بمێنێتەوە، قیمەتی ناچێتە سەر، بەڵام ئەگەر خۆی پێ ڕانەگیرێ و تەسلیم ببێ لە ئێستاوە فکری لێ بکەوە کاتێک نامووس و پاکییەکەی با بردی، چیی بەسەر دێ و تۆش کە بەدەستی خۆت هەم ئەو هەم خۆت لەناو بردووە، چۆن تووشی ناڵین و سکاڵاو بەدبەختی دەبی. ئەوەشت لەبیر بێ کە لەو دنیایەدا هەرگیز گەوهەرێکی بەقیمەتتر لە ژنی پارێزکار و بەنامووس دەست ناکەوێ و شەرەفی ژنانیش بەستراوەتەوە بەو نیاز پاکی و گومان خاوێنییەی کە خەڵک بەرانبەر ئەوان هەیانە؛ و؛ چون هاوسەری تۆ لە ئاخرین پلەی عەقڵ و زانین دایە، بۆ دەتەوێ لەو ڕاستییە وە گومان بکەوی؟ ئامان سەد ئامان هەڤاڵ، ژن بوونەوەرێکی ناتەواوە، کەوابوو نە تەنیا نابێ کۆسپ و تەگەرەی بخەیتە بەرپێ کە هەڵخلیسکێ و بکەوێ، بەڵکو دەبێ ئەو کەند و کۆسپانەی لەسەر ڕێگەی نەهێڵی و ڕێگەی ژیانی لە هەموو گرفتاری و کوسپێک خاوێن بکەیتەوە تا ئەو بتوانێ بەهەنگاوی پتەو، بەمتمانەوە بەرەو کەماڵێک کە نییەتی بڕواتە بەرەوە. وەک سروشت ناسان دەگێڕنەوە، قاقوم حەیوانێکی گچکەیە کە کەوڵەکەی لەبەر سپییەتیان دەبرووقێتەوە و ڕاوچییەکان بۆ دەداو خستنی فێڵ و کەڵەکی زۆر ماهیرانە دەکارد دێنن. یانی کاتێک ئەو شوێنانەی ئەم جانەوەر پێیدا دێت و دەچێ دۆزیانەوە. بەقوڕ و لیتە ئەو ڕێیانە دەگرن؛ پاشان ئەو جانەوەرە دەتەقێنن(*) و قاقوم کاتێک دەگاتە ئەو قوڕ و لیتە پیسانە، ڕادەوستی و حازرە بگیری، بەڵام پیس نەبێ، چون ڕەنگە سپی و خاوێنییەکەی خۆی لە گیانی خۆی خۆشتر دەوێ. ژنی بەنامووس و بەویژدان وەک قاقوم وایە و عیسمەتی ئەو لە بەفر سپیترە، کەوابوو کەسێک کە دەیەوێ عیفەتی خۆی لە دەست نەدا، بەڵکو بیەوێ وەک گەوهەرێکی تاقانە بیپارێزی نابێ بەڵای قاقومی بەسەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ببێنێ. نابێ بێڵی لیته و قوڕ و چلپاوی دیاری و پێشکەش و دڵداری درۆزنانه لەسەر ڕێگای ئەو دابندرێ. چون شایەد، لەوانەیە دەو ژنەدا ئەو توانا و هێزە سروشتییە نەبێ کە تەواوی ئەو کۆسپ و تەگەرانە لەسەر ڕێ هەڵبگرێ. دەبێ ناسافی و کەندو کلۆکانی سەر ڕێگای بۆ هەموار و ساف بکەی و لە پێش چاوی ئەو بێجگە لە پاکی و تەقوا و بێجگە لەو جوانییەی کە دە ناوی پاک و باشدا هەیە هیچ شتێک نەهێڵی ببێ. ژنی پاک و پارسا(*)، وەک ئاوێنەی خاوێن و بلوورین وایە کە ئەگەر کەمترین هەناسەی پێ بگا بلغ(*) دەیگرێ و تیرە دەبێ. دەبێ دەگەڵ ژنی پارێزکار، وەک ئاسەواری پیرۆز ڕەفتار بکەی. یانی بیپەرستی، بەڵام دەستی لێ نەدەی؛ دەبێ وەک باغێکی خەملاو بەگوڵی سوور و هەزار جۆر گوڵی تر، ئیجازە نەدەی هیچ کەس پێ دەو باغە بنێ. هەر ئەوەندە بەسە ڕێبواران لە دوورەوە لە کەلێنی پەرژین و نەردەوە لە دیمەن و عەتر و بۆنی ئەو باغە حەز وەربگرن. لە کۆتایی قسەکانمدا، دەمەوی چەند شێعرێک کە ئێستا وەبیرم کەوتنەوە، ئەوانم لە نومایشی شانۆگەرییەکی کومێدیی تازە دا بیستووە، بۆ تۆ بخوێنمەوە، ئەو شێعرانە دەگەڵ باسەکەی ئێمە یەک دەگرنەوە. پیرە پیاوێکی بەئەزموون بەپیاوێک کە کچێکی جوانی هەیە، نسحەت دەکا کە ئەو کچە لە تەنیاییدا ڕابگرێ و زۆر بەسەرنجەوە ئاگای لە کار و ئاکاری بێ و بۆ نموونە پێی دەڵێ:

«ژن وەک شووشە زوو دەشکێ، بەڵام نابێ بەتاقیی بکەیەوە کە بزانی
دەشکێ یا ناشکێ: چون هەر ڕووداوێک ڕەنگە ڕووبدا؛
وە چون شکانەکەی دوور لە چاوەڕوانی نییە، شێتییەکی
تەواوە کە کەسێک مەترسیی شکانی شتێک قبووڵ بکا کە
لەت و کوتەکانی تازە جۆش ناخواتەوە.
ئەوە بڕوایەکی گشتییە و لەسەر پایەی عەقڵ و مەنتیق
دامەزراوە چون ئەگەر لە دنیادا وەکانی «دانائە»(٢٢٠) زۆرن
بارانی زێڕینیش زۆرە.»

٢٢٠- Danaé کچی ئاکریزیووس پاشای ئارکووس و دایکی پێرسەی قارەمانی یۆنانی بوو کە لە ژووپیتێر خودای خودایان وەزگی کەوتبوو. دەڵێن باوکی دانا ئەویی دە بورجێکی مەفرەقدا زیندانی کردبوو کە دەستی هیچ پیاوێکی پێ نەگا، بەڵام ژووپیتێر هاتە سەر شکڵی بارانێکی زێڕین و بەقەڵشتی بورجەکەدا خۆی گەیاندە دانائە. (محەمەد قازی) ئەم شیعرانەش ڕەنگە هی سێروانتێس خۆی بن. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabiti.org

تا ئێستا ئەی هاوڕێ ئانسلێم هەر چی گوتم لە بارەی تۆدا بوو، ئێستا وا باشە لەو شتانەی کە پێوەندییان بەخۆمەوە هەیە، هێندێک قسەت بۆ بکەم. لەو بارەشەوە عوزرخوازی دەکەم کە قسەکانم زۆری درێژە پەیدا کرد چون ئەو غارە پڕ پێچ و خوارەکە و پێچەکەی تۆ خۆت تێ هاویشتووە و دەتەوێ من لەوێ دەرت هێنمەوە، ئەم فرەوێژییەی پێ دەوێ. تۆ من بەدۆستی خۆت دەزانی و بەو حاڵەشەوە دەتەوێ ئابڕووم بەری، ئەوەش بەپێچەوانەی دۆستایەتیی تۆیە، بەڵام بابەتەکە بەوەی کۆتایی پێ نایە. چون تۆ دەتەوێ من ئابڕووی تۆش بەرم. چ شتێک لەوەی ئاشکراترە کە تۆ دەتەوێ ئابڕووی من ببەی؟ چون هەر کە من داوای دڵداری لە کامی بکەم، ئەو جۆرەی کە تۆ لە منت دەوێ، بەیەقین بەپیاوێکی پەست و بێ شەرەفم دادەنێ. چون ئەو کارە لە منێکی کە دۆستی ئێوەم زۆر بەدوورە. وە لەوەشدا کە دەتەوێ من ئابڕووی تۆ بەرم، دیسان شکێک نییە. چون وەختێک «کامی» ببینێ کە من دەمەوێ، دڵداریم دەگەڵ بکا، دەبێ وا فکر بکاتەوە کە من لەودا خاڵێکی کز شک دەبەم و هەر ئەوەش منی هان داوە تا نییەتی شەیتانیی خۆمی بۆ ئاشکرا بکەم! وە ئەگەر ئەو لەم ڕێگەوە خۆی بەبێ ئابڕوو بزانێ، ئەم بێ ئابڕووییەی ئەو داوێنی تۆش پیس دەکا، چون ئەو ملکی تۆیە. لێرەوە ئەم باوەڕە گشتییە لەمەڕ مێردی ژنی زیناکار سەری هەڵداوە کە دەڵێن: هەر ئەندازەش مێرد لە فەسادی ژنی خۆی بێ خەبەر بێ و بۆ لە دەستدانی ئەو، خۆی دەرفەت و بیانووی نەدابێتە دەستی، دیسانیش خەڵک ناوێکی پەست و تەوهیناوی لەسەر ئەو دادەنێن و کەسانێک کە لە ڕەفتاری ناپەسندی ژنەکەی ئاگادارن، بەچاوی سووکایەتیی چاوی لێ دەکەن نەک بەچاوی دڵ پێ سووتان، هەر چەند دەشزانن تاوانی ئەو نییە و هەرچی هەیە لە هەوەسبازیی ژنەکەیەوە سەرچاوە دەگرێ. بەڵام من دەمەوێ بەتۆ بڵێم کە بۆچی مێردی ژنی نانەجیب بەحەق بێ ئابڕووە. هەر چەند کە خۆی لە فەسادی ژنەکەی بێ خەبەر بێ و هیچ شێوە تاوانێک لە لایەن خۆیەوە نەبێ و هیچ دەرفەتێکی بۆ ئاڵوودە بوونی ژنەکەی نەرەخساند بێ. تکایە لە گوێدان بەقسەکانم ماندوو مەبە. چون هەرچی دەیڵیم هەمووی هەر بەقازانجی تۆ تەواو دەبێ. کاتێک خوداوەند باوکی یەکەمی ئێمەی لە بەهەشتدا دروست کرد، بەپێی ڕیوایەتی کتێبی پیرۆز، خەوێکی قورسی بەسەردا هێنا و لەو کاتەدا کە ئادەم لە خەودا بوو لە کەلەکەی چەپی دەندەیەکی دەرکێشا و لەم دەندەیە دایکە حەوای دروست کرد. هەر کە ئادەم لە خەو ڕاپەڕی و حەوای چاو پێ کەوت هاواری بەرز کردەوە کە: ئەوە گۆشتێکە لە گۆشتی من و ئێسقانێکە لە ئێسفانەکانی خۆم!» و خودا بەوی گوت: ئادەمی هەر بۆ ئەو ژنە دایک و بابی خۆی بەجێ دێڵێ و پێکەوە

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


دەبنە دوو لەش لە گۆشتێک!» هەر دەوان ڕۆژانیشدا بوو کە گرێدانی ئاسمانیی ژن و مێردایەتی هاتە ئاراوە. گرێدانێک کە ڕشتەی پێوەندییەکانی ئەوەندە مەحکەمە کە تەنیا مردن دەتوانێ بیپسێنێ. وەهایە قودرەت و تایبەتمەندیی ئەم گرێدانی مۆجزە مانەندە، کە لە ئەسەر ئەودا دوو تاکی جیاواز لە یەکتر دەبنە لەشێکی یەککگرتوو لە گوشتێکی یەکسان، ئەم ئەسڵە دەخانوادە باشەکاندا، کە دوو هاوسەر بەدارا بوونی دوو ڕۆح، ئێرادەیەکیان زۆرتر نییە، زۆرتر ڕاستە. لەوێوە بەو ئاکامە دەگەین کە چون ژن و مێرد هەر دووک لە یەک گوشتن پەڵەی شەرم و عەیب و عار ئەگەر لە داوێنی ژن بنیشێ یا عەیب و ئیرادێک هەبێ و لە حورمەتی ئەو کەم بکاتەوە، ئەو بابەتە مێردەکەش دەگرێتەوە و عەیب داری دەکا. هەر چەند وەک گوتم با مێرد هیچ هەل و دەرفەتێکیشی بۆ ئەم بارودۆخە پێک نەهێنابێ. چون هەر وەک دەردی لاق یا دەردی هەر ئەندامێکی تر لە بەدەنی ئادەمی لەبەر ئەوەی هەموو ئەندامەکان لەیەک گوشتن دەتەواوی بەدەندا هەست پێ دەکرێ و هەر وەک سەری مرۆڤ، ئێش و ئازاری گوێزینگی با هەست پێ دەکا، هەر چەند دەخالەتێکیشی تێدا نەبوو بێ، هەر ئاواش مێرد دە بێ ئابڕوویی ژنی خۆیدا بەشداره، چون هەر دووکیان یەک بوونن، یەک شتن. ئەوجار چون تەواوی شەرافەت و بێ شەرافەتی لە دنیادا لە گۆشت و خوێن سەرچاوەدەگرن و بێ ئابڕوویی ژنی نانەجیب ژی لەم چەشنەیە، حەق ئەوەیە کە بەشێک لەو ببێتە بەشی مێردەکەی، جا با خۆیشی لەو شتە بێ خەبەر بێ و حەق ئەوەیە کە ئەویش خۆی بەبێ ئابڕوو بێنیتە ئەژمار. کەوابوو ئەی ئانسلێم، چاوی بینین بکەوە و بڕوانە ئەو مەترسییە کە بەتێکدانی ئارامی و هێمنایەتیی ژیانی هاو سەرەکەت بۆ خۆتی وەخۆ دەخەی! بڕوانە کە بۆ چ کونپشکنییەکی بێهوودە و دوور لە تێبینییەک دەتەوێ هەوەسە نووستووەکانی دە دڵی پاک و بێ ژەنگ و ژاری ئەودا هەڵستێنی! وریا بە ئەوەی خۆی بۆ دەمەترسی دەخەی، زۆر چکۆلەیە و ئەوەی ڕەنگە لە دەستی بدەی گەلێک مەزنە، کە من ئیدی شتێکی تری لەسەر باس ناکەم. چون بۆ پێدا هەڵدانی ئەو، واژەم پێ نەماوە. بەڵام ئەگەر تەواوی ئەوانەی گوتم بۆ دەست بەردار بوونی تۆ لەو تەما ناپەسندە بەس نییە، دەتوانی بەدوای ئامرازێکی تردا بچی تا ئابڕووی خوتی پێ لەناوبەری، چون من نامەوێ ئەم ئامرازە بم. جا با دۆستایەتیی تۆش، کە لە دەست چوونی ئەو بۆ من گەورەترین خەسارە، لە دەست بدەم.»

لۆتێری پاکداوێن و دوورئەندێش، پاش ئەوەی بەم جۆرە قسەی کرد، بێدەنگ بوو و ئانسلێم وەها پەرێشان و سەرلێشێواو بوو کە تا ماوەیەک نەیتوانی قسەیەک بکا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabar.org

سەرەنجام کە وەخۆ هاتەوە گوتی: هەڤاڵ لۆتێر دیتت من بەچ سەرنجێکەوە تا ئاخری گوێم بۆ تۆ ڕاگرت! لەو دەلیل و پەند و نەقڵ و شاهیدانەدا بۆت باس کردم تێ گەیشتم کە خودای مەزن چ فکرێکی دروست و ئەنگێوەی داوە بەتۆ و ئەوەشم بۆ ڕوون بووەوە کە لە دۆستایەتیدا گەیشتوویە چ پلەیەکی باڵا و هەروەها دان بەوەدا دێنم و قانیع بووم کە ئەگەر وەدوای ئەو فکرە وەسوەسەیەم بکەوم لەخێر وەرگەڕاوم و ڕووم دە شەڕ کردووە. بەو حاڵەشەوە تۆ دەبێ وەک نەخۆشێک چاو لە من بکەی کە جاروبار ژنان لە مەگیرانی کردندا تووشی دەبن و دەیانەوێ خۆڵ و گێچ و ڕەژی و شتانێکی لەم چەشنە بخۆن کە چاو لێکردنیان قێز و بێز دەبزوێنێ، چ دەگا بەخواردنیان. کەوابوو بۆ چارەسەری من دەبێ فێڵ و تەڵەکەیەک دەکار بکرێ و ئەوەش خۆی کارێکی دژوار نییە. تۆ تەنیا دەبێ، بەمودارا، یا لاری کەو(*) مەیرێژە، بە«کامی» پێشنیاری دڵداری بکەی و ئەو یش وەسوەسە زۆر کاری لێ ناکا کە لە هەمان سەرەتای کاردا کۆشکی عیسمەت و حەیای بڕووخێ. من تەنیا بەوەندە ئەزموونە ڕازی دەبم و تۆش مەرجی دۆستایەتیت وا بەجێ هێناوە کە نە تەنیا بوونی منت بۆ من هێناوەتەوە، بەڵکو قانیعم دەکەی کە هەرگیز نامووسی خۆم لە دەست نەدەم. تۆ تەنیا بەیەک دەلیل مەجبووری تەسلیمی ئیرادەی من بی، ئەویش ئەوەیە کە چون من لێ بڕوام ئەو ئەزموونە ئەنجام هەر بدەم، تۆ ڕازی نابی کە من ئەم فکرە شێتانەی خۆم دەگەڵ کەسێکی تر باس بکەم. چون بەو کارە ئابڕووی خۆم، کە تۆ دەتەوێ نەیەڵێ بتکی، لە دەست دەدەم. لەمەڕ ئەوەشەوە کە دەڵێی ئابڕووی تۆ لە لای «کامی» دەچێ، زۆر گرینگ نییە، چون تۆ دەتوانی پاشان کە دەورەی خۆڕاگرییەکەی تەواو بوو، پێی بڵێی کە ئەمە پلان و بەرنامەیەکی ساختەیی بووە و ڕاستییەکەی پێ بڵێی و دووبارە ڕێز و حورمەتی پێشێ وەدەست بخەیتەوە، کەوابوو ئێستا کە تۆ مایەیەکی زۆر دانانێی و بەهەمان مایە کەمەکەوە ڕەنگە دنیایەک شادی و بەختەوەری بەنسیبی من بکەی، خواهیشتی من هەر چەند برێکیش کەند و کۆسپی لەسەر ڕێ هەبێ، ڕەد مەکەوە و هەر وەک گوتم دەگەڵ دەست بەکار بوونی من مەسەلەکە بەسوودی خۆم کۆتایی پێ دێنم.»

لۆتێر کە دیتی نەخیر ئانسلێم عەزمی جەزمە و لە کەری شەیتان نایەتە خوارێ و لە لایەکیشەوە هەڕەشەی لێ دەکا ئەگەر بەقسەی نەکا ئەو کارە ناپەسندە حەواڵەی کەسێکی تر دەکا. بۆ خۆ پاراستن لە ئاکامی خراپتر لێ بڕا کە دڵی هەڤاڵەکەی نەشکێنێ و ئەوەی دەیەوێ ئەنجامی بدا. بەو ئەزمەوە کە گەڕیانی کارەکە بەشێوەیەک ڕاپەڕێنێ کە ڕۆحی «کامی» نەشێوێنێ و مەبەستی ئانسلێمیش جێبەجێ بکا. تکای لە دۆستەکەی کرد لەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بابەتەوە دەگەڵ کەسی تر قسان نەکا. چون ئەو خۆی ئامادەیە لە کاتی مناسبدا دەستی پێ بکا.

ئانسلێم هەڤاڵی خۆی بەگەرمی دەئامێز گرت و ئەوەندەی سپاس لێ کرد کە دەتگوت کارێکی سەیر و سەمەرەی بۆ ئەنجام داوە و گەورەترین لوتفی دەگەڵ کردووە، پاشان هەر دووک قەراریان دانا کە ڕۆژی دوایی دەست بەکار بن. ئانسلێم قەولی دا کە وەخت و مەودای پێویست بۆ لۆتێر دابین بکا و زێڕ و جەواهێراتیش هەرچەندی بۆ فریودانی خاتوون پێویست بێ بۆی ئامادە بکا؛ بەوی گوت کە شەوانە لە پێش ماڵی هاوسەرەکەی ئاوازی دڵداری بخوێنێ و شێعری عاشقانەی بۆ بنێرێ و پێشنیاری پێ کرد ئەگەرخۆی نازانێ شێعر هەڵبەستێ ئەو ئامادەیە لە جێگەی ئەو شێعران دابنێ. لۆتێر هەموو ئەو مەرجانەی قبووڵ کرد، بەڵام نیەتێکی تەواو دژواز دەگەڵ ئەوەی ئانسلێم دەویدا شکی دەبرد. بەڵێ پاش ئەو قەول و قەرارانە هەر دووکیان هاتنەو ماڵی ئانسلێم و، دیتیان کە «کامی» لە درەنگ هاتنەوەی ئانسلێم نیگەرانە. چون مێردەکەی ئەو ڕۆژە زۆر درەنگ گەڕابووەوە ماڵ.

لۆتێر گەڕاوە ماڵی خۆی و ئانسلێم لەماڵی خۆی مایەوە، بەڵام ئەو یەکەیان خۆشحاڵ بوو و ئەوی تر بەفکر و خەیاڵی ناخۆشەوە دەڕۆیشت و نەیدەزانی چ بکا کە لەو ڕاسپاردە بێ شەرمانەیە سەر بڵند بێتە دەر. بەڵام شەو کە داهات فکرێک بەزەینیدا ڕابرد کە بێ ئەوەی ئیهانە و سووکایەتییەکی بە«کامی» کرد بێ، ئانسلێم فریو بدا. سبەینەی ئەو شەوە بۆ خواردنی نەهار ڕۆیشتە ماڵی دۆستەکەی و ژنی ئانسلێم وەک جاران بەخاتری دۆستایەتی مێردەکەی زۆر بەگەرمی وەری گرت. پاش خواردنی نەهار سفرەیان کۆ کردەوە و ئانسلێم داوای لە هاوڕێ کەی کرد چون بۆ ڕاپەڕاندنی کارێک ناچارە یەک دوو سەعات بڕواتە دەرەوە، ئەو لە ماڵەوە لە لای «کامی» بمێنێتەوە و چاوەڕوانی گەڕانەوی ئەو بێ. «کامی» ویستی پێش بەڕۆیشتنی مێردەکەی بگرێ و لۆتێر پێشنیاری کرد دەگەڵی وەدەرکەوێ، بەڵام ئانسلێم بەگوێی هیچکامیانی نەکرد، بەڵکو بەپێچەوانە پێی چەقاند کە لۆتێر حەتمەن لە ماڵ دابنیشێ تا دەگەڕێتەوە، چون دەیەوێ مەسەلەیەکی گرینگی دەگەڵ باس بکا. هەروەها بەخێزانیشی ڕاسپارد تا دێتەوە لۆتێر بەتەنیا بەجێ نەهێڵێ، سەرەنجام وەها وەستایانە بۆ پێویستی ڕۆیشتنە دەرەوەی خۆی پاساوی هێناوە کە کەس نەیدەتوانی باوەڕ بکا ئەم کارە ساختەیی و درۆیە.

ئانسلێم وەدەرکەوت و لۆتێر و کامی دووبەدوو لە پشت مێز بەجێ مان، چون هەموو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabart.org

خێزان و دەست وپێوەند چووبوون نەهار بخۆن. ئێستا لۆتێر پای نابووە مەیدانێکی دەورە کێشراو کە لەوێدا هاورێیەکەی دەیویست لە حاڵی دەرگیری دەگەڵ حەریفدا بیبینێ. ئێستا حەریف لە بەرانبەری دانیشتبوو کە دەیتوانی بەچەکی جوانییەکەی لەشکرێک پاڵەوانی چەکدار تێک بشکێنێ! ئێستا داوەری بکەن لۆتێر حەقی بوو بترسێ یا نە؟ لۆتێر تەنیا کارێکی کە کردی ئەوە بوو ئانیشکی خستە سەر باسکی کورسییەکەی، پاشان دەم و چاوی خستە سەر لە پی دەستی و بەعوزرخوازییەوە بەکامیی گوت تا ئانسلێم دێتەوە، دەیەوێ کەمێک بحەسێتەوە. کامی لە جوابدا گوتی لەسەر دۆشەگ و ناز باڵنج باشتر دەتوانێ بحەسێتەوە تا لەسەر سەندەڵی و تەعاروفی کرد کە بچێتە ژووری ئەو؛ بەڵام لۆتێر بەهیچ کلۆجێک ئەم تەعاروفەی قبووڵ نەکرد و تا هاتنەوەی ئانسلێم لەسەر کورسییەکە خەوت. کاتێک ئانسلێم لە گەڕانەوەدا، کامیی لە وەتاغی خۆی و لۆتێری دە خەودا دیت و بەو خەیاڵە کە ئەوەندە درەنگ هاتووەتەوە کە مەجالی تەواوی بۆ قسەکردن و تەنانەت خەویش بەهەر دووکان داوە، بەبێ سەبری تەواو دانیشت تا لۆتێر لە خەو هەستێ و دەگەڵی لە ماڵەوە دەرکەوێ و چی ڕووی داوە، بۆی بگێڕێتەوە. لۆتێر لە خەو هەستا و هەر دووکیان لە ماڵ دەرکەوتن. ئەودەم ئانسلێم پرسیاری کرد و لۆتێر وەلام ی دایەوە کە بەمناسبی نەزانیوە ڕۆژی ئەوەڵ هەموو شێتکی دەگەڵ باس بکا و بێجگە لەوە کارێکی نەکردووە کە بەشاخ و باڵی هەڵبلێ و تاریفی جوانییەکەی بکا و پێی بلێ کە دە شاریدا نێو بانگی جەماڵ و کەماڵی ڕۆیشتووە. پاشان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «بەرای من ئەوە دەسپێکێکی باش بوو بۆ ئەوەی وردەوردە متمانەی ئەو وەدەست بێنم و ئامادەی بکەم کە بەمەیل و ئارەزوومەندییەوە گوێ بداتە قسەکانم. من هەمان ئەو فێڵ و حیلەیەم بەکار هێنا کە شەیتان بۆ فریودانی ڕۆحێکی زیت و وریا و وازوازی دەکاری هێنا، چون شەیتان کە خۆی ماکەی تاریکییە بەشکڵی فریشتەی ڕووناکی، دێتە دەر و خۆی لە پشت ڕواڵەتێکی ڕازاوە دەشارێتەوە! و ئەگەر فێڵبازییەکەی ئاشکرا نەبێ، سەرەنجام سەر دەکەوێ و خۆی بەبەرامبەرەکەی دەناسێنێ.» ئەو قسانە بوو بەهۆی خۆشحاڵیی ئانسلێم و قەولی بەلۆتێر دا هەموو ڕۆژێک هەل و دەرفەتی گفتوگۆی دەگەڵ خێزانی بۆ پێک بێنێ. وە گریمان خۆیشی لە ماڵ دەرنەکەوێ جۆرێک خۆی سەرگەرم دەکا کە ژنەکەی بەو شانۆگەرییە نەزانێ.

ڕۆژەکان بەمجۆرە ڕابردن بێ ئەوەی تەنانەت لۆتێر یەک قسەی دەگەڵ کامی کردبێ. بەو حاڵەشەوە هەموو جارێک متمانەی دەدا بەئانسلێم کە بەدرکاندن و ڕوونییەکی زۆرترەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەگەڵ کامی قسان دەکا. بەڵام هێشتا وشەیەکی لە کامی نەبیستبوو، بۆنی هومێدی لێ بێ و ڕووی خۆشی لێ نەدیتووە، بەپێچەوانە کامی هەڕەشەی لێ کردووە ئەگەر دەست لەو قسە ناحەزانە هەڵنەگرێ، هەموو شێتک بەمێردەکەی دەڵێ. ئانسلێم گوتی کارەکان بەمرادی ئەو دەچنە بەرەوە، چون تا ئێرە کامی خۆڕاگری نیشان داوە، ئێستا با بزانین دەبەرامبەر کردەوەکاندا چۆن ڕادەوەستێ. من سبەینێ دوو هەزار ئەشرەفیی زێرت دەدەمێ کە وەک دیارییەک پێشکەشی بکەی و دوو هەزار ئەشرەفیی تریش بۆ کڕینی زێڕ و زەیور، کە ڕەنگە توعمەیەکی باش بێ بۆ فریودانی ئەو، چون تەواوی ژنان؛ بەتایبەتی ئەگەر جوان بن، بەهەموو پاکداوێنییەکەوە مەیلیان لە خۆ ڕازاندنەوە و خۆ نواندن هەیە. ئەگەر ئەو دەبەرامبەر ئەم وەسوەسە تازەیەشدا خۆی بۆ ڕاگیرا، من ڕازی دەبم و چی تر زەحمەت نادەم.» لۆتێر گوتی چون کارەکەی دەست پێ کردووە، تازە تا کۆتایی پێ هێنان دەست بەردار نابێ. هەرچەند سووریش بزانێ کە لەو بەرەنگارییەدا شەکەت و ماندوو شکست دەخواو سەرناکەوێ.

سبەی ئەو ڕۆژە لۆتێر چوار هەزار ئەشرەفیی وەرگرت و دەگەڵ ئەودا چوار هەزار جۆر غایلە و فکر و خەیاڵی بۆهات، چون نەیدەزانی چە کەڵەکێک لێ بدا، تا دیسانیش سەری هاوڕێیەکەی بەدرۆیان گەرم بکا. بەو حاڵەشەوە لێ بڕا کە پێی بڵێ «کامی» دیسانیش هەر خۆڕاگرە و گوێی بەو شتانە نابزوێ و لەسەر ڕۆیشتنی ئەم ئەزموونانە بێ ئاکامە. بەڵام قەزا و قەدەر پلانێکی تری بەدەستەوە بوو. ڕۆژێک ئانسلێم، کە بەڕەسمی جاران لۆتێری دەگەڵ ژنەکەی تەنیا بەجێ هێشتبوو، لە وەتاغی تەنیشت ئەو ژوورە کە ئەوانەی لێ بوون خۆی حەشار دا و لە کونی هاچەری قفلی دەرگاکەوە چاوی بڕییە ژوورەکە بزانێ چ ڕادەبرێ. نیو سەعات ڕابرد و لۆتێر تەنیا یەک کەلیمەی قسە نەکرد و دیار بوو ئەگەر سالێکیش، یا قەرنێکیش دەگەڵی بمێنێتەوە، قسەیەک ناکا. ئەوجار تێ گەیشت کە هەرچی هاوڕێیەکەی لەمەڕ کامی پێی گوتووە بێجگە لە فریودان و درۆ شتێکی تر نەبوو. بۆ خاترجەم بوون لە وەتاغ هاتە دەرو لۆتێری بردە گۆشەیەک و لێی پرسی چ هەواڵێکی تازەی پێ هەیە و «کامی» هیچ ڕووی خۆشی نیشان داوە یا خێر. لۆتێر جوابی داوە کە لەمە زیاتر ئامادە نییە یەک هەنگاوی تر هەڵبگرێ، چون کامی ڕەفتارێکی وەها ناخۆشی دەگەڵ کردووە و وەهای لووت(*) لێ هەڵقرچاندووە کە دەخۆی ڕانابینێ لەمەو دوا قسەیەکی دەگەڵ بکا. ئانسلێم بەسەریدا قیژاند «ئاخ لۆتێر، لۆتێر! وای کە چ باش وەفا بەعەهد و پەیمان دەکەی و چ باش جوابی ئەو متمانەی کە پێم کردی دەدەیتەوە! من هەر ئێستا لە کونی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

هاچەری قفڵی دەرگاوە چاوم پێتەوە بوو، تۆ یەک وشەت بەکامی نەگوت. لێرەوە وا تێ دەگەین کە تۆ ئێستا لەسەرەتای کار و گوتنی یەکەم واژە واوەتر نەچووی، ئەگەر ئەوهایە – کە هیچ شکم دەوەدا نییە – بۆچی فریوم دەدەی و بۆچی دەتەوێ ئەو ڕێگا و ئامرازانەی من بۆ ڕازی کردنی هەوەسی خۆم وەدەستی بخەم، لە دەستمی دەربێنی؟»

ئانسلێم لەوە زۆرتر هیچی نەگوت، بەڵام هەر ئەو چەند وشەیە بەس بوو بۆ ئەوەی لۆتێر شەرمەزار و نارەحەت بکا. ئەو کاتێک ئاشکرا بوونی درۆی خۆی وەک خەسارێک بۆ کەسایەتیی خۆی هێنا ئەژمار، سوێندی خوارد کە لەمەودوا دەر وەستە کە ئەو ئەرکە بۆ ڕەزامەندیی دۆستی خۆی، بەتەواوی بەڕێوە بەرێ و ئیدی درۆی دەگەڵ نەکا و پێی گوت: «ئەوجار ئەگەر لە کەمینمدا دانیشتی خاترجەم دەبی کە فریوت نادەم. بەڵام هەر زەحمەتێکی لەم ڕێگەدا بەخۆتی بدەی بێ فایدەیە. چون زەحمەتێکی کە من بۆ ڕەزامەندیی تۆ بەخۆمی دەدەم، زۆر زوو شک وگومانی تۆ دەرەوێنێتەوە.» ئانسلێم بڕوای بەو قسانە کرد و بۆ ئەوەی لە هەموو بارێکەوە دەرفەتی بداتێ و مەیدانی بۆ خالێ بکا لێ بڕا هەشت ڕۆژان لە ماڵ نەبێ و ئەو ماوەیە بڕواتە ماڵی یەکێک لە دۆستان لە یەکێک لە هاوینە هەوارەکانی ئەم دەڤەرە و لە وێ ڕای بوێرێ. تەنانەت کارێکی کرد کە ئەو دۆستە بەڕەسمی بانگهێشتنی بکا تا عوزرێکی پەسندی لە لای «کامی» ۆ ڕۆیشتنەکەی هەبێ.

ئاخ ئەی بەدبەخت ئانسلێم! ئەی بێ ئیحتیات! ئاگالەخۆبڕاو. ئاخر تۆ چ دەکەی؟ ئەوە چ خەیاڵێکی خاوە کە پێوەی سەخڵەتی؟ وە هۆش وەرەوە! تۆ وا خەریکی بەهەموار کردنی بەستێنی بێ ئابڕوویی دژی خۆت ڕادەپەڕی! ژنی تۆ «کامی» داوێن پاک و تۆ مێردی ئەوی و خاوەنی ئەو گوڵستانەی، هیچ کەس ملۆزمی تۆ نییە و خەیاڵی ژنەکەت لە دیواری ماڵەکەی واوەتر ناچێ. تۆ لەسەر ئەو زەمینە ئاسمانی ئەوی، ئامانجی ئەمەلەکانی ئەوی، تەواوکەری شادییەکانی ئەوی. تۆ پێوەری ئیرادە و ئاکاری ئەوی و لەسەر تەوەری تۆ ئیرادەی خۆی دەکار دێنێ، ئیرادەیەک کە لە هەموو شتدا دەگەڵ ئیرادەی تۆ و خواوەندی گەورە میزان دەکرێ... باش! ئەگەر کانگای جەماڵ و کەماڵی ئەو تەژی لەهەموو گەنج و خەزێنەیەکە و تۆ، خوازیاری ئەوانەی و ئەویش بێ هەموو زەحمەت و کێشەیەک پێشکەشی تۆی دەکا، تۆ بۆچی بەهیوای گەنجی تازە و نادیار و نەناسراودا دەگەڕێی و خۆت تووشی ئەو مەترسییە دەکەی کە ئەو کان و مەعدەنەت بەسەردا بڕووخێ؟ چون پایە و بناغەی ئەم کانگایەش لەسەر سروشتی ڕووخەک(*) و سستی خۆی ڕاوەستاوە. وریا بەهەر کەس بەدوای مەحاڵ دا بگەڕێ، لە مەجال و مومکین بێ بەش دەبێ و حەقی خۆیەتی بێ بەش بێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر وەک شـاعـێـریک[٢٢١] ئەم بابەتەی بەخـەیاڵێکی ناسکتـر هۆندووەتـەوە و بەبەیانێکی جوانتر دەری بڕیوە:

«من لە مردن ژیـان، لە نەخۆشی لەش سـاغی، لە زیندان ئازادی، لە دیل و بـەندی ڕێگەی هەڵاتن و لە خائین شەرافەت داوا دەکەم.

«بەڵام چارەنووس کە هەرگیز هیوایەکی باشم پێی نییە، بەهاودەستیی چەرخی چەپگەڕ وایان داناوە کە چون من خوازیاری مەحاڵم، دەستم بەمومکین ژی ڕانەگا.»

سـبـەی ئەو ڕۆژە، ئانسلێم پاش ئەوەی بەخـێـزانی گـوت کـە لۆتێـر دەنەبوونی ئەودا بەکارەکـانی ڕادەگا و هەمـوو ڕۆژێک دەگەڵ ئەو نەهار دەخـوا پاش ئەوەی ئەسپـاردی کە دەگەڵ لۆتێر وەک خۆی ڕەفتـار بکا، بەرەو هاوینە هەوار کەوتە ڕێ. کامی لەوەڕا کە ژنێکی شـەریف و وریا بوو لەو قسـانـەی مێـردەکـەی پەژارە دای گرت و تکای لـێ کرد کـە چاوی بکاتەوە و ئەوەی بزانێ کە دەنەبوونی ئەودا باش نییە کەسێکی تر لەسەر جێی ئەو لە پشت مێزی خواردن دابنیشـێ و ئەگەر ئەم شێوە ڕەفتارە لەوەڕایە کە متمانەی بەژنەکـەی خۆی نییە و لەوە دەترسـێ نەتوانێ کاروبارەکان ڕاپەڕێنی، ئەو یەک جارەی با ئەزموون بکا و تێ بگا کـە ئەو ژنە تواناى ڕاپەڕاندنی کـاری گـرینگ تریشی هەیە. ئانسلێم جـوابی داوە کـە ئەمجۆرەی پێ خۆشە و باشتـرە ئەویش قسەی لێ نەکا و گوێ بداتە فەرمانی مێردی خۆی و بەناچار و بەنابەدڵی «کامی» بەڵێنی دا بەپێچەوانەی مەیلی خۆی ئەوها بکا.

ئانسلێم ڕۆیشت، لە سـبـەی ئەو ڕۆژەوە لۆتێـر لەو مـاڵـیـدا جـێگیـر بووەوە و لە لایەن کامییەوە بەڕێز و حورمـەتەوە بەشێوەیەکی ئابڕوومـەندانە پێشوازیی لێ کرا. بەڵام خاتوون کارێکی وای کرد کە هیچ کات دەگەڵ لۆتێر تەنیا نەکەونە لای یەک. چون هەموو کات دەگەڵ چەند کـەس لە خزمـەتکارەکـانی بـەتایبـەت نەدیمـەیـەکی جـحـێڵ بەناوی «لێـئـۆنلا»Leonella دەهات و دەچوو کە زۆری خۆش دەویست، چون ئەم دووە هەر لە منداڵییەوە پێکەوە گەورە بووبوون و کامی پاش مێـرد کردن دەگەڵ خۆی هێنابووی. لە سێ ڕۆژی یەکەمدا لۆتێر هیچ قسەیەکی بەکامی نەگوت، هـەر چەند لە کـاتی لابردنی سفرەدا خزمەتکارەکان دەڕۆیشتن تا بەئەمری خـانم زووتر نانی خۆیان بخۆن؛ دەیتوانی قسـەی خۆی بکا. تەنانەت لێئۆنلاش کە ئەمری پێ کرابوو زووتر نەهاری خۆی بخوا بۆ ئەوەی هەمیشە دەگەڵ خاتوونی ماڵەوە بێ، بەڵام چون سەرگـەرمی هێندێک کاری تر بوو کە دڵـی دەیەویست، زۆر وادە بوو گوێی نەدەدا

٢٢١- ئەم شاعیرە بێ ناوە بەبڕوای دوکتۆر باردۆن سێروانتێس بۆ خۆیەتی. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabar.org

قسە و فەرمانی خاتوون و ون دەبوو. بەپێچەوانە زۆر جار خاتوونی دەگەڵ میوان بەتەنیا بەجێ دەهێشت، دەتگوت خاتوون خۆی ئەمری پێ کردەووە ئاوا بکا، بەڵام نەجیبی و سەنگینیی کامی و شێوەی ڕەفتاری و حاڵەتی ڕوخسار و ڕواڵەتی وەها بوو کە هەمیشە زبانی لۆتێری دەبەست، بەو حاڵەشەوە هەر ئەو سەرەتییە کە بەلێدانی مۆری بێدەنگی لە زاری لۆتێر دەبووایە بەقازانجی هەر دووکیان بێت، بەزیانیان کۆتایی هات. چون هەر چەند زبانی لۆتێر بەسترابوو، بەڵام خەیاڵەکانی مەیدانێکی هەراویان بۆ جەولە کردن وەدەست هێنا، بەو مانایە کە لۆتێر دەیتوانی تەواوی جیلوەی جوانی لە کامیدا کە نە تەنیا کاری لە دڵێکی گوشتی دەکرد، بەڵکو پەیکەرەیەکی بەردینیشی دەخستە ژێر کاریگەریی خۆی، چاو لێ بکا، لۆتێر لەو کاتانەدا کە دەیتوانی دەگەڵ کامی قسە بکا، چاوی دەبڕییە ڕوخساری و دەیدیت کە ئەو ژنە چەند شایانی خۆش ویستنە. ئەم فکرە وردەوردە وای کرد کە لۆتێر وەفاداریی خۆی بەرامبەر بەدۆستەکەی دەژێر پێ بنێ. سەد جار هاتە سەر ئەو ڕایە کە لەو شارە بڕوا و هەڵێتە شوێنێکی وا دوور کە هەتاهەتایە چاوی بەئانسلێم نەکەوێتەوە و ڕوخساری کامی نەبینێ. بەڵام گیرۆدەی ئەو حەزە بووبوو کە لە دیتنی کامی دەیبرد. دەگەڵ نەفسی خۆی بەشەڕ دەهات و خۆی ڕێک دەگوشی تا بتوانێ حەزی چاو پێکەوتنی کامی دەخۆیدا بکوژێ. لە کاتی تەنیاییدا خۆی سەرکۆنە دەکرد کە هاوڕێیەکی دەغەڵباز و تەنانەت مەسیحییەکی بڕوا سست و ناتەواوە. پاشان ڕستی خەیاڵ و ئەندیشەکانی وای دەکرد کە خۆی دەگەڵ ئانسلێم هەڵسەنگێنی و کۆتایی هەمووی ئەم بەراوردکاری و هەڵسەنگاندنانە دەگەیشتە ئێرە کە بەخۆی دەگوت شێتی و متمانەی کوێر کوێرانەی دۆستەکەی زۆرتر شایانی لۆمە و سەرزەنیشتە تا بێ وەفاییەکەی خۆی و، ئەگەر عوزری تاوانەکانی لەبەر دەم بارەگای خوداوەند هەر ئەوە بێ کە لە لای بەندەگانی خودا دەیهێناوە، هیچ پێویست ناکا، بۆ گوناهی خۆی لە سزادان بترسێ.

کورتەی کەلام، جوانی و جەماڵ و بایەخداریی کامی بەهاودەستی ئەو دەرفەتانەی مێردە بێ ئیحتیاتەکەی بۆ لۆتێری ڕەخساندبوو، سەرەنجام بەسەر شەرافەتی ئەودا زاڵ بوو. سێ ڕۆژ پاش ڕۆیشتنی ئانسلێم کە لۆتێر بێ وچان خەریکی خۆڕاگری و بەرەنگاری لە بەرامبەر هەوەسەکانی خویدا بوو، چون چاوی بەهیچ شتێک بێجگە لەو شتەی کە هەوسەکانی بۆ لای ئەویان پاڵ دەنا، نەدەکەوت. سەرەنجام ڕازی ئەو هەوەسەی بۆ «کامی» دەرخست و بەوەها شۆرشێکی دەروونی و پێداگرییە و خۆشەویستیی خۆی بۆ ئەو دەربڕی کە کامی مات و واق وڕماو زبانی بەسترا و بێجگە لەوەی لە شوێنی خۆی هەستێ و بڕواتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژووری خۆی و یەک کەلیمە جواب نەداتەوە، هیچ کاردانەوەیەکی لە خۆیەوە نیشان نەدا، بەڵام ئەم ساردی و بێ مبالاتییە، هومێدێک کە هاوکات دەگەڵ ئەوین سەر هەڵدەدا لە ناخی لۆتێری نەبردە دەرەوە، بەپێچەوانە هومێدی پتەوتر کرد و سوورتر بوو لەسەر ئەوەی بەسەر کامیدا زاڵ بێ و، بەڵام کامی کاتێک ئەو کارەی لە لۆتێر چاو پێ کەوت وای لێ هات کە نەیدەزانی چ بکا، سەرەنجام چون وای بە زەیندا هات کە نابێ جارێکی تر چاوی بەو هاورێ نامەردەی مێردەکەی بکەوێتەوە و دەرفەتی وتوێژێکی دووبارەی بداتێ، لێ برِا هەر ئەو شەوە یەکێک لە پیاوەکانی خۆی بەیادداشتێکی بەم ناوەرۆکەوە بۆ لای ئانسلێم بنێرێ:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## لەمەڕ درێژە پێدانی داستانی کون پشکنی بێ تەدبیر

«هەموو دەڵێن وای بەحاڵی لەشکری بێ سەردار و ماڵی بێ خاوەن و من دەڵێم سەگ بەحاڵی ژنی بەمێرد کە بێ عوزرێکی گرینگ لە شووی خۆی دوور کەوتبێتەوە! من لە دووریی تۆ وەها پەرێشانم و لە کێشانی باری دووریی تۆ وەها داماوم کە ئەگەر هەرچی زووتر نەگەڕێیتەوە ناچارم، بگەڕێمەوە ماڵی باوکم و ماڵی تۆ بێ سەرپەرست بەجێ بهێڵم، چون ئەو کەسەی تۆ بۆ ئاگاداری لە منت داناوە، جا، با شایانی ئەم ناوەش بێ، ئەو جۆرەی کە من دەبینم زۆرتر لەوەی بەفکری مەسڵەحەتی تۆ بێ، دە فکری هەواو و هەوەسی خۆی دایە. تۆ پیاوێکی بەهۆشی و من لەوە زیاتر شتێک ناڵێم و تەنانەت جوانیش نییە لەوە زۆرتر شتێک بڵێم.»

ئانسلێم بەوەرگرتنی ئەم نامەیە، تێ گەیشت کە سەرەنجام لۆتێر دەست بەکار بووە و دەردەکەوێ کامیش ڕەفتارێکی بەدڵخوازی مێردەکەی دەگەڵ ئەو کردووە. خۆشحاڵ لەم هەواڵە، بەزبان وەڵامی بۆ ژنەکەی ناردەوە کە بەهیچ جۆر ماڵ بەجێ نەهێڵی، چون خۆی بەزووترین کات دەگەڕێتەوە. کامی لەم وەڵامەی مێردەکەی واقی وڕما و زۆرتر تووشی نیگەرانی و دەست پاچەیی بوو، چون نە دەیوێرا لە ماڵی خۆی بمێنێتەوە و نە بگەڕێتەوە ماڵی بابی. ئەگەر لێرە ماباوە ناموسی دەمەترسیدا بوو و ئەگەر ڕۆیشتبا لە ئەمری مێردەکەی سەرپێچیی دەکرد. سەرەنجام لەم دوو دڵییەدا ڕێگە خراپەکەی هەڵبژارد و لە ماڵدا مایەوە و بێجگە لەوەش لێ بڕا خۆی لە لۆتێر بشارێتەوە تا بیانووی قسە هەڵبەستن نەداتە دەست خزمەتکار و دەست وپێوەندان. تەنانەت پەشیمان بووەوە لەوەی کە نامەی بۆ مێردەکەی نووسیوە و لەوە دەترسا کە مێردەکەی وا تێ گەیشتبێ لۆتێر جڵفی و بێ بەندوبارییەکی پێوە دیتبێ کە ئیزنی بەخۆی داوە، لانی ڕێز و حورمەت وەلابنێ. بەڵام تەنیا بەبێدەنگی دە بەرامبەر هەوەس و خوازیی لۆتێردا ڕابوەستێ و چیتر لەم بابەتە بەمێردەکەی نەڵی تا تووشی هەرا وکێشەی دەگەڵ لۆتێر نەکا. تەنانەت بیری لەوە دەکردەوە ئەگەر مێردەکەی باسی نووسینی نامەکەی لێ بپرسێ، شتێک بدۆزێتەوە کە ئەو بوختانە لەسەر لۆتێر وەلابەرێ. کامی بەو ڕەفتارەوە کە نەجابەت و شەڕەف زۆرتر لە عەقڵ و تێبینی، بنەماکەی پێک دێنا، لە سبەی ئەو ڕۆژەدا ڕووی لە لۆتێر گرژ نەکرد و لۆتێری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



لاویش وەها هێرشەکانی خۆی پەرە پێ دا کە وردەوردە پایەی خۆڕاگریی کامی وەلەرزین خست و ئەو نازدارە بەعیسمەت و حەیای خۆیەوە زۆرتر ئاگاداری چاوەکانی خۆی بوو تا لە خۆشەویستی و دڵدارییەکی کە قسە و گریان و لالانەوە و پاڕانەوەی لۆتێر لە دڵی ئەودا، چەکەرەی(*) پێ کردبوو، نیشانەیەک بەدەستەوە نەدا. ئەم ئاڵوگۆڕی حاڵ و ڕەفتارەی کامی لە چاوی لۆتێر شاراوە نەبوو. بەمجۆرە ئاگری تاسە و هەوەسی ئەو لاوەش سات بەسات زۆرتر بڵێسەی بەرز دەبووەوە. ئاخری لێ بڕا کە بەکەڵک وەرگرتن لە نەبوونی ئانسلێم تەوژمی گەمارۆی ئەو قەڵا دەگیران نەهاتووە زۆرتر بکا؛ بەو نییەتە بەپێدا هەڵدان و تاریفی جوانیی کامی لە لایەنی خاڵی کزی ئەو یانی لە خۆخوازیی(*) ئەوەوە هێرشی خۆی دەست پێ کرد. چون هیچ چەکێک کاراتر لە زبانێکی لووس و چاپلووس ناتوانێ قەڵای ناز و ئیفادەی ژنێکی جوان تێک بڕوخێنێ. لە ڕاستیدا لۆتێر وەها بەکارامەیی و لێهاتوویی چیای پاکداوێنیی کامیی تەقاندەوە و داوودەزگایەکی شەڕیی وەها بەهێزی دەکار هێنا کە ئەگەر کامی سەراپای لە مەفرەق و پۆلاش دارژابا، بەرگەی نەدەگرت. لۆتێر بەپاڕانەوە و تکا و ڕەجا، بەگریان و فرمێسک هەڵوەراندن، بەزبان لووسی و پێ هەڵاگوتن، ئەوەندی شۆڕوسۆز و ئەوین نیشان دا کە سەرەنجام دیواری حەیا و عیسمەتی کامیی داڕووخاند و دەستی بەو شتە ڕاگەیشت کە دەخەونیش دا پێی وانەبوو پێی دەگا. بەڵێ کامیی خۆی بەدەستەوە دا، کامی شکستی خوارد و نوشستیی هێنا. بەڵام کوا سەیرە کە وای لێ هات؟ مەگەر دۆستایەتیی لۆتێر توانیی خۆڕابگری؟ ئەوە نموونەیەکی زیندووە کە پێمان دەڵێ تەنیا ڕێگەی زاڵ بوون بەسەر ئەویندا هەڵاتن لە ئەوینە و هیچ کەس نابێ تەن بەتەن بەگژ دوژمنێکی ئاوا بەهێزدا بچێ، چون بۆ خۆڕاگری دەبەرانبەر ململانێی مرۆڤانی ئەویندا تەنیا هێزێکی خودایی دەتوانێ ڕاوەستێ.

تەنیا لێئۆنلا بوو کە لە گوناهی خاتوونی خۆی ئاگادار بووەوە، چون ئەو دوو یارە زۆردارە یانی ئەو دوو عاشقە تازەکارە نەیانتوانی گوناهی خۆیان لەو بشارنەوە. لۆتێر لەو پلانەی کە ئانسلێم دای ڕشتبوو هیچ شتێکی بەکامی نەگوت و ئاشکرای نەکرد کە بەستێنی ئەو عیشقە مێردەکەی بۆ ئەو ئامادە کردووە. لە ترسی ئەوەی مەبادا چیتر بایەخێک بۆ ئەوینی ئەو دانەنێ و وا تێ بگا کە لۆتێر بەهەڵکەوت و هەلپەرستانە و بێ زەمینەی فکری و سۆزی دەروونیی خۆی بەئەویندارى ئەو ناساندووە. پاش چەند ڕۆژ ئانسلێم هاتەوە ماڵ، بەڵام هیچ کەموکوڕییەکی هەست پێ نەکرد. ئەوجار بێ ڕاوەستان ڕۆیشتە ماڵی لۆتێر و ئەوی لە ماڵی خۆیدا چاو پێ کەوت. دوو هاوڕێ یەکتریان ماچ کرد و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئانسلێم لەمەڕ هەواڵ گەلێک کە مەرگ و ژیانی پێوە بەسترا بووەوە زۆر پرسیاری لە هەواڵەکەی کرد. لۆتێر جوابی داوە: «ئەی هاوڕێ هەواڵێکی کە بۆ تۆم هەیە، ئەمەیە کە تۆ ژنێکت هەیە بەحەق سەر مەشق و شانازیی تەواوی ژنانی شەرافەتمەندی جیهانە. ئەو قسانەی کە بەگوێمدا خوێند هەمووی بایەک بوون و ئەو تکایانەی لێم کرد هەمووی چوونەوە پاش و ڕەد کرانەوە. ئەو دیاری و پێشکەشەکانی منی بەهیچ کلۆجێک وەرنەگرت و بەگریان و ئەسرینەکانم پێکەنینی دەهات. کورتەی کەلام با پێت بڵێم کە کامی ئاخرین گوڵواژەی جوانییە و هەروەها مەعبەدێکە(*) کە نامووس دەوێدا میحرابێکی هەیە و ئیمان و ئەدەب و پاکداوێنی و تەواوی ئەو خەسڵەتە پیرۆزانەی کە ژنانی چاک هەیانە، لەودا دە ئەوپەڕی خۆی دایە. کەوابوو ئەی هاوڕێ ئەوەتا پووڵ و جەواهیراتی خۆت کە لەو سووچەم داناوە، هەڵگرەوە، چون بەکار نەهاتن و داوێنی کامی بەگفت وبەڵێن و دیاری و پێشکێشی ئالوودە ناکرێ. بڕۆ هاوڕی ئانسلێم، بڕۆ ئاسوودە بەو دەفکری تاقی کردنەوەی تردا مەبە. ئێستا کە لە دەریای دڵپیسی و شک و گومان، کە ئەغڵەب ژنان بۆ پیاوان پێکی دێنن.وەها تێ پەڕیوی کە بەری پێت تەڕ نەبووە، چیدی لە ئوقیانووسە تۆفانی یە تازەکاندا سواری کەشتی مەبە! چی تر توکمەیی و مەحکەمیی ئەو کەشتییەی کە خوداوەند بۆ سەفەری ئەم جیهانە بەنسیبی کردووی تاقی مەکەوە؛ بەپێچەوانە خاترت ئاسوودە بێ کە گەیشتوویە لێواری نەجات. لەسەر لەنگەری بڕوا و متمانە ڕاوەستە و تا ڕۆژێک کە ژیانت لێ دەستێننەوە لەسەر جێی خۆت بمێنەوە.»

ئانسلێم بەو قسانەی لۆتێر خۆشحاڵ بوو، وەک ئەوەی سروشی(*) غەیبی قسەی دەگەڵ کردبێ، هەموو قسەکانی قبووڵ کرد. بەو حاڵەشەوە لە ڕەفیقی خوی تکا کرد کە بەیەکجاری دەست لەو کارەی خۆی هەڵنەگرێ و جاروبار سووکە ئەزموونێک هەر بکا. بەڵام وەک جاران پێداگری نەکا. پاشان گوتی: «من تەنیا دەمەوێ چەند شێعریک لە پەسنی ئەودا، بەڵام بەناوی خوازراوی «کلۆریس» Chlo'ris بنووسی. من پێی دەڵێم کە تۆ عاشقی خاتوونێک بووی و ئەم ناوە خۆت بۆت داناوە تا ئەوەی بتوانی بێ ئەوەی بەناوبانگ و حورمەتی ئەو خەسارێک بگەیەنی جوانییەکەی بکەیە نەقڵی هەموو مەجلیس و کۆڕێک و ناوبانگی لە عالەمدا بۆ دروست بکەی و ئەگەر ناتەوێ ئەو زەحمەتە بەخۆت بدەی من ئامادەم بەجێی تۆ ئەو شێعرانە بنووسم. لۆتێر گوتی: ئەو زەحمەتەی پێ ناوێ چون خودایانی چێژ و هونەر ئەوەندەشم دەگەڵ دوژمن نین کە ساڵێ یەک دووجار سەرێکم لێ هەڵنەهێنن. تۆ لەمەڕئەوینی درۆزنانەی من هەرچی پێت خۆشە بەکامی بێژە و لەمەڕ شێعر گوتینشەوە ئەگەر نەتوانم شتێکی شایان بڵێم لانی کەم ئەوەی لە دەستم بێ دەیکەم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کاتێک دۆستی بێ تەدبیر و دۆستی غەیان ئەو قەرارەیان دانا، ئانسلێم کە گەڕاوە ماڵی خۆی ئەو پرسیارەی کە ژنەکەی، وەدرەنگ کەوتنەکەی بەلاوە سەیر بوو، هێنایە سەر زبان، یانی هۆی نامە نووسینی لێ پرسیار کرد. کامی وەڵامی داوە، وای بۆچووە کە لۆتێر وەک جاران کە مێرد لە ماڵێ بوو، بەڕێز و حورمەتەوە چاوی لێ ناکا بەڵام پاشان ئەو بەدگومانییەی نەماوە و تێ گەیوە کە بەهەڵە چووە، چون لۆتێر لەوەی کە پێکەوە بن خۆی پاراستووە و خۆی شاردووەتەوە. ئانسلێم بەژنەکەی گوت کە ئەو خەیاڵە بێ جێیە لە دڵی خۆی دەر بکا، چون دەزانێ کە لۆتێر دڵی داوە بەکیژێکی نەجیب و بنەماڵە لە کچەکانی شار و بەناوی کلۆریس، دەشێعرکانیدا یادی لێ دەکا و پێی هەڵا دەڵێ و، گریمان دڵیشی بەهیچ ئەوینێک نەدابێ، سەفا و یەکرەنگیی ئەو مەجالێک بۆ ترسان ناهێلێتەوە. ئەگەر کامی دەپێشدا لە زبانی لۆتێری نەبیستبایە کە عاشق بوونی بەژنێکی کلۆریس ناو درۆی مەسڵەحەتییە و ئەوەی بۆ ئەوە بەئانسلێم کوتووە کە بتوانێ بەخەیاڵی ئاسوودە بەو هەڵبڵێ و مەتحی بکا بێگومان ئەو ژنی دڵ دۆڕاو دە کوورەی بەکلپەی حەسوودیدا دەسووتا؟ بەڵام چون پێشان ئاگای لە هەموو شتێک بوو، ئەو نهێنییەی بێ هیچ نیگەرانیەک گوێ دایە.

سبەی ئەو ڕۆژە کاتێک کە هەرسێکیان پاش خواردنی میوە، لە پشت مێزی خواردن دانیشتبوون، ئانسلێم تکای لە لۆتێر کرد، چەند دێڕێک لەو شێعرانەی دەتەعریفی کلۆریسی گراویی خۆیدا گوتوونی بخوێنێتەوە، وەبیری هەمووانیشی هێناوە، چون کامی ئەو ژنە ناناسێ ئەو دەتوانێ هەرچی دەڵی دەیەوێ لەمەڕ ئەو کچەوە بێڵی. لۆتێر دەجوابدا گوتی: «گریمان کامی بیناسێ دیسانیش هیچ ناشارمەوە؛ چون کاتێک عاشقێک دەپەسنی جەماڵی دلبەردا شێعرێک دەڵی و جەفای ئەو لۆمە دەکا، زیانێک بەجوانی و ناوبانگی ئەو ناگەیەنی. بەهەرحاڵ هەر چی بێ، ئەوەیە ئەو غەزەلەی کە من دۆینێ لەمەڕ بێ وەفایی کلۆریس گوتوومە:

غەزەل

«لە خامۆشیی شەوگاراندا و لەو کاتەدا کە خەوی شیرین بەسەر هەموو خاک نشیناندا زاڵ دەبێ. من حیسابی کەم و بێ بایەخی دەرد و پەژارەی خۆم دەبەمە بەر بارەگای خودا و دەرگای کلۆریس؛

وە لەو کاوەدا(*) کە خۆر کەم کەم لە دەروازە گوڵڕەنگەکانی ڕۆژهەڵاتەوە بەئاه و ناڵەی بڕبڕە وە سەر دەردێنێ من ناڵە و سکاڵاکانی پێشووم دەست پێ دەکەمەوە:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

وە لەو ساتانەدا کە خۆر لەسەر تەختی ئەستێرەنیشانی خۆیەوە پرشنگی ڕاستیی خۆی داوێتە سەر زەوی. کڵپەی گریانی من بەرزتر دەکاتەوە و زایەڵەیناڵەی من دووقات زۆرتر دەبێ.

«شەو دادێتەوە و من سەر دەنێمەوە داوێنی ئاه و ناڵەکانم؛ بەلام لەم مەعرەکە و هەرا و فیغانەدا گوێی فەلەک وەک هەمیشە کەڕە و دڵی کلۆریس هەر وەک جاران بێ هەست وخوستە.»

کامی ئەو غەزەلەی پێ خۆش بوو، ئانسلێم لەویش زۆرتر، ئافەرینی پێ گوت و گراویی شاعیری بەدڵ ڕەق ناو برد کە جوابێکی لە باری بەو دەردەدلانەی نەداوەتەوە. کامی گوتی: «بەو قەرارە هەرچی شاعیرانی عاشق بیلێن ڕاستە. لۆتێر گوتی: هەرچی ئەمانە دەیلێن نە بەو عینوانەیە کە شاعیرن، بەڵکو چون عاشقن، کەوابوو نە تەنیا ڕاستە بەڵکو بەبارستای پێوستیش نییە. ئانسلێم گوتی: لەوەدا هیچ گومانێک نییە.» وە گۆیا مەبەستی لەو پێداگرییە لێکدانەوەی فکری لۆتێر بۆکامی بوو کە زۆرتر لەوەی پابەندی شانۆگەریی مێردەکەی بێ فکری لە خۆشەویستیی توندی خۆی بۆ لۆتێر دەکردەوە. کامی کە دەیزانی شێعرە پرسۆز و جوانەکانی ئەویندارەکەی دەگەڵ خودی خۆی دەدوێ و کلۆریسی واقیعییش هەر بۆخۆیەتی، لە لۆتێری تکا کرد کە ئەگەر شێعرێکی تریش دەزانێ با بیخوێنێتەوە. لۆتێر گوتی: «بەڵێ غەزەلێکی تریشم لەبەرە کە پێم وایە ناگاتە غەزەلی یەکەم. بەهەرحاڵ داوەری بەئێوەیە.

غەزەڵ

«من باش دەزانم کە دەبێ بمرم و ئەگەر گوێ نەدەیتە قسەکانم، مردنم ئەوەندە نزیکە کە بەیەقین دەزانم دەبەر پێتدا دەمرم، بەلام لە پەرستنی تۆ ئەی جوانی بێ وەفا، پەشیمان نابمەوە.

«من دەتوانم خۆم دە قوژبنی فەرامۆشیدا ببینم و ژیان و مراد و شانازی مالاواییم بکەن، تا لەو دەمەدا هەموو عالەم ببینن کە ڕوخساری جوانی تۆ لەسەر دڵم نەخش کراوە.

«ئەم نەخشە نیشانێکی پیرۆزە کە من دەیپارێزم تا دە قەیرانێکی ترسناکدا کە وەفای من بەئەو، هەڕەشەم لێ دەکا. ئاگادارم بێ، وەفایەک کە تەنانەت لە جەفای تۆوە هەڵدەستێ.

«وای بەحاڵی ئەوەی کە دەشەوێکی تاریکدا لەسەر دەریایەکی نەناسراوی پڕ

... دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەترسی کەشتی لێ خۆڕێ! دەریایەک کە لە سەرەوەی ئەستێرەیەک نەبێ و لێوارێکی نەجات نەبیندرێ.»

ئانسلێم ئەم غەزەلەشی وەک غەزەلی پێشنتر پەسند کرد و بەمجۆرە ئاڵقەیەکی لەو ئاڵقە زنجیرانەی دە ملی شەرافەتی خۆی کردبوو، زیاتر کرد. لە ڕاستیدا هەر چەند لۆتێر هاوڕێی خۆی بێ ئابڕووتر دەکرد، ئانسلێم پێی دەگوت کە زۆرتر شەرافەتی زیادی کردووە و کامیش لە هەر پلەیەکدا کە بەرەو قووڵایی فەساد و تێدا چوون دەڕۆیشتە خوارەوە،و لەبەر چاوی مێردەکەی بەپلەکانی شەرەف و خۆش ناویدا سەردەکەوت.

ڕۆژێک کە کامی دەگەڵ نەدیمەی خۆی لێئۆنلا تەنیا کەوتبوونەوە پێی گوت: «هاوڕێم لێئۆنلا من شەرمەزارم لەوەی کە قەدری خۆم ئەو جۆرەی دەبووایە نەزانی، چونکە ئیرادەی خۆم ئەوەندە زوو تەسلیمی ئیرادەی لۆتێر کرد کە تەنانەت نەمهێشت دەو ڕێگایەدا کات و زەمانێک دەکار بکا. من لەوە دەترسم کە ئەو، سووکەسەرییە لە ڕێ لادانەکەم، بێ سەرنجدان بەوەی کە دەبەرامبەر تاسەی بێ قەراریی ئەودا توانای خۆڕاگریم نەبوو، مەحکووم بکا. لێئۆنلا گوتی: «خاتوونە خۆشەویستە کەم هەرگیز لەم بارەوە نیگەران مەبە! دیارییەک کە دەزاتی خۆیدا بەنرخ و گران بایی بێ، تەنیا بەخاتری ئەوەی کە زوو بەخشراوە لە قیمەت ناکەوێ، تەنانەت پەندێک هەیە کە «دەڵێ، هەر کەس زوو ببەخشێ دوو قات دەبەخشێ» کامی گوتی بەڵێ بەڵام پەندێکی تریش هەیە دەڵێ: «هەرچی بێ زەحمەت وەدەست بێ، بێ قیمەت دەبێ.» لێئۆنلا گوتی: ئەم پەندە تۆ ناگرێتەوە، چون وەک بیستوومە دڵداری جاری وایە دەفڕێ و جاری وایە بەپێ ڕەو(*) دەڕوا. دەگەڵ یەکێ هەڵدێ و بەدوای یەکێدا بەڕەکێش ڕەکێش دەڕوا، یەکێ سارد دەکاتەوە و یەکێ ئاور تێ بەردەدا، لە چەپ دە کوژێ و لە ڕاست بریندار دەکا؛ جاری واشە کانگای هەوەسەکانی خۆی هەڵدە کۆڵێ و دەگاتە بنەبانی کانگاکە. بەیانی قەڵایەک گەمارۆ دەدات و ئێوارێ دەستی بەسەر دادەگرێ، چون هیچ هێزێک دەبەرانبەر ئەو دا توانای خۆڕاگریی نییە. ئێستا کەوایە بۆ دەبێ بترسی! لۆتێریش دەبێ دەگەڵ خۆی ئەو جۆرە قسانەی کردبێ. چون ئەوین، نەبوونی ئەربابی کردە ئامرازی نوشستیی تۆ. لە مەودای ئەو نەبوونەدا ئەوین دەبووایە ئەو کارەی کە لێ بڕا بوو، ئەنجامی بدا، وەک دەڵێن بێ ئەوەی دەستاودەست بکا بەکۆتایی بگەیەنێ. تا مۆڵەتی گەڕانەوە بەئانسلێم نەدا کە بەبوونی خۆی کاری ئەو بەناتەواوی بهێڵێتەوە؛ چون ئەوین بۆ ڕاپەڕاندنی ویستەکانی خۆی، هاوکار و هاودەستێکی باشتر لە دەرفەت و مۆڵەتی نییە. دڵداری، بەباشترین شێوە لە دەرفەتەکان، بەتایبەتی لەدەسپێکدا، کەڵک وەردەگرێ. من

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtri.org

تەواوی ئەم شتانە زۆر باش دەزانم، ئەویش زۆرتر لە ڕووی تاقیکردنەوەکانی خۆم، نە لەو شتانەی کە بیستوومن. وەک ڕۆژێک بۆت دەگێڕمەوە، چون منیش لە گۆشتم و خوێنی لاوەتی دەرەگەکانمدا دەخولێتەوە. لەوەش تێ پەڕێ، تۆکەی زوو خۆت بەدەستەوە داوە؟ تۆ تا بەتەواوی ڕۆح و ڕەوانی لۆتێرت دەنیگاکانیدا، دە ئاھ و ناڵەکانیدا، دە دیاری و سەوقات و قسەکانیدا نەخوێندەوە، دەستت بۆ لای درێژ نەکرد و تا لێی حاڵی نەبووی کە شایانی خۆش ویستنە ڕووی خۆشت نیشان نەدا. ئێستا کەوایە مەھێڵە کە ئەو دەغدەغە و ئەم ئەندیشە بەڕواڵەت بەمەسلەحەتانە زەینت بشێوێنن و خاترجەم بە ئەوەندی تۆ قەدری لۆتێر دەزانی ئەویش ئەوەند قەدری تۆی لە لایە. تێ کۆشە پێکەوە شاد و بەختەوەر بژین و خۆش بن. لەوەش دەبێ شوکرانەبژێر بێ ئەوەی کە تۆی خستووەتە ناو کەمەندی خۆی شایستەی ئەم سەرکەوتنەیە. دەڕاستیدا لۆتێر نە تەنیا چوار«سین» [٢٢٢]ی ئەوین کە ھەموو ئەویندااران دەبێ ھەیانبێ ھەیەتی، بەڵکو ھەموو پیتەکانی ئەلف بێتکەی ئەوینی ھەیە. ئێستا گوێ بگرە تا بزانی من چۆن ھەموویم لەبەرە. ئەم ئەلف و بێیە ئەو جۆرە کە من دەیزانم و تێی دەگەم بەمجۆرەیە.

ئازادە

بەرازندە(*) ــــــ پاکدڵ

جوان - چالاک - خێرخواز

دڵسۆز

ڕەشید ــــــ پرزۆر

پاشان چوار «سین»

عاقڵ ــــــ دەوڵەمەند

بێ دەعیە - دڵۆڤان - گیرا

لایق - میھرەبان - نەجیب

وەفادار ــــــ ھۆشمەند

---

٢٢٢- مەبەست لە چوار «س» ئەوینێکی چوار خەسڵەتییە دە ڕێنووسی لاتینیدا بەپیتی «S» دەست پێ دەکەن. ئەوانیش بریتین لە: Sobio «زانا» و Solo «یەگانە» Solicito «بێ قەرار» Secreto «ڕازپۆش». (دوکتۆر باردۆن). دە زبانی فارسی و فەرەنسیدا ناتوانین ئەو چوار خەسڵەتە وا وەرگێڕین کە بەپیتی «س» دەست پێ بکەن. (محەمەد قازی) منیش زۆرم بیر لێ کردەوە بەکوردی ئەو کارەم بۆ نەکرا. (وەرگێڕ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وە سەرەنجام بۆ تەواوکردنی بەختەوەریی تۆ «یەکدڵ»

کامی بەئەلف بێتکەی نەدیمەی خۆی (کە لەم وشانەدا کۆی کردبوونەوە) زۆر پێ کەنی و زانی کە ئەو زۆرتر لەوەی لە ڕواڵەتیدا دەبیندرێ دە کاروباری ئەوین و ئەویندارییدا وەستایە. نەدیمە دانی پێداهێنا کە دەگەڵ لاوێک لە نەجیب زادەکانی شاردا کەین وبەینێکی هەیە. کامی لەو هەواڵە پەشۆکا و ترسا کە مەبادا ئەو کارە ڕێگایەک بەرەو ئابڕوو چوونی ئەو بکاتەوە، لەبەر ئەوە لێئۆنلای خستە ژێر پرسیار و لێکۆڵینەوە تا بزانێ کە ئەم کەینوبەینە لە وتووێژێکی ئەویندارانە تێ پەڕیوە یا نا. نەدیمە پەردەی شەرم و حەیای دڕاند و بەبێ شەرمییەکی تەواو جوابی داوە کە ئەو لە قسە کردنی ڕووت حەزێک وەرناگرێ، دە ڕاستیدا ئەوە ئەسلێکی مسۆگەرە کە خەتای خاتوونان شەرم و حەیا بەخزمەتکارانەوە ناهێڵێ و ئەوان کاتێک بەچاوی خۆیان ببینن کە خاتوون لاقێکی دەلەنگێ لەوە ناترسن کە بەدوو لاق بلەنگێن یا تەنانەت کەسێک لە ڕازیان ئاگادار بێتەوە. کامی چارەیەکی نەبوو مەگەر ئەوەی لە لێئۆنلا تکا بکا کە باسی ئەو لە لای فاسقەکەی(*) نەکا و خۆیشی کارێکی وا نەکا کە ئانسلێم و لۆتێر لە پێوەندی و نێوانی ئەو و کابرای تر خەبەردار ببنەوە. لێئۆنلا بەڵێنیدا بەڵام جۆرێک بەپەیمانی خۆی وەفای دەکرد کە کامی لە ترس و نیگەرانی خۆیدا لەوەی کە ئەو کچە ببێتە هۆی ئابڕوو چوون هەڵتەزییەوە. لێئۆنلای تاوانباری بێ شەرم کاتێک لە خشتە چوونی خاتوونی خۆی دیت، کاری بێ شەرمیی گەیاندە ئەو جێگایە کە فاسقی خۆی بەئاشکرا دێنا ماڵەوە و خاترجەم بوو، ئەگەر خاتوونەکەشی بیبینێ ناوێرێ ڕازی ئەو لەقاو بدا. بەڵێ خانم ئەگەر پێی(*) خوار دانا، ئەو چەشنە دواهاتانەی(*) دەبێ و لەوەش خراپتری دەبێ. ناچارن ببنە کەنیزی کەنیزانی خۆیان و کارە ناحەز و نالەبارەکانی ئەوان دەشارنەوە. کامییش هەر وای بەسەر هات؛ چون زۆر جاران باوە کوو دەیزانی لێئۆنلا دەگەڵ فاسقەکەی دەیەکێک لە ژوورەکان خزاون، نە تەنیا نەیدەوێرا لێی تووڕە بێ، بەڵکو بۆ هاتنە ژوورەوی کەڵەگای نەدیمەکەی، ئاسانکارییشی دەکرد و هەستی ڕادەگرت نەکا مێردەکەی سۆزەی بکا.

بەو هەموو ئاگادارییەشەوە، نەیتوانی ئەم ئەرکی کێشک کێشانە بەباشی ئەنجام بدا و ڕۆژێک لۆتێر لە تاریک و ڕوونی بەیانیدا فاسقی لێئۆنلای چاو پێ کەوت کە لەماڵ دەر دەکەوت و چون نەیدەزانی ئەو پیاوەکێ یە دەپێشدا پێی وابوو تاپۆیەکە! بەڵام کە دیتی تاپۆ دەڕوا وخۆی دە بالاپۆشێکەوە پێچاوە و زۆر بە تێبینییەوە خەریکە خۆی دەرباز بکا، زۆر زوو ئەو فکرە منداڵانەیەی وەلانا و ویستی کارێک بکا کە ئەگەر کامی بەوەخت نەگەیشتبایە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabar.org

و ڕەفع(*) ورجووعی نەکردبایە، لەوانە بوو هەموو خەڵکی ئەو ماڵە سەریان تێدا بچێ. لۆتێر شکی کرد کە ئەوەی بەو بەیانییە زووە بەچاوی خۆی دیتوویەتی لە ماڵی ئانسلێم وەدەرکەوت، بەخاتری لێئۆنلا نەهاتووە، هەر نەشیدەزانی لێئۆنلایەک لەو دنیایەدا هەیە! ئەو تەنیا وای خەیاڵ کرد کە کامی هەروەک بەئاسانی تەسلیمی خۆی بووە بێگومان بۆ کەسێکی تریش هەر وایە، چون ئەوەش یەکێک لە بەرهەمەکانی ژنی زیناکارە کە تەنانەت لەبەر چاوی پیاوێک کە ژن نامووسی خۆی بەو تەسلیم کردووە هەر بەو ئاسانییەش تەسلیمی یەکی تری دەکا و، هەموو شک و گومانێک لەم بارەوە دە دڵیدا دەبێ بەیەقین. بەڵێ جا واهاتە بەرچاو کە دەو ساتەدا لۆتێر عەقڵ و شعووری خۆی لە دەست دا و هەموو چارەسەرییەکی عاقڵانە و تێبینانە لە مێشکی دەر چوون، لەبەر ئەوە هەر وا سەرسەری و بێ فکر کردنەوە بەبێ سەبری و هەیەجانەوە و بەچاوێکی کە ئێرەیی(*) کوێری کردبوو لە حاڵێکدا خوێنی خوێنی دەخواردەوە و لە ناخیدا تۆڵە ئەستاندنەوە لە کامی، کە تەوهینێکی بەو نەکردبوو، وەک ئاگری دۆزەخ بڵێسەی دەکێشا. پێش ئەوەی ئانسلێم لەخەو هەستێ، بەهەشتاوان ڕۆیشتە لای و گوتی: «ئانسلێم بزانە کە من چەنای چەن ڕۆژە دەگەڵ نەفسی خۆم بەشەڕ دێم و بەتەواوی هێزمەوە خۆم خستووەتە ژێر گوشار تا مەگەر بابەتێک کە شاردنەوەی لەمە زۆرتر نەمومکینە و نە دروست، لە لای تۆ بدرکێنم. بزانە کە قەڵای عیسمەت و پاکداوێنیی کامی فەتح کراوە و ئێستا ئامادەی تەسلیمە تا هەرچی من بمەوێ دەگەڵی بکەم. من ئەگەر تا ئێستا لە درکاندنی ئەم ڕاستییە شوومە لە لای تۆدرەنگم کردووە بۆ ئەوە بووە کە دەمویست بزانم ئایا تەسلیم بوونی کامی بەهۆی گوناهێکی هەوەسبازانەوەیە یا تەنیا بەڕواڵەت و بەئەنقەس وای نواندووە تا من تاقی بکاتەوە تا بزانێ هێرشی دڵدارییەکەی من کە بەئیزنی تۆ دەستم پێ کردبوو بەڕاستییە یا نا. و ئەوجار وام بیر لێ دەکردەوە کە ئەگەر ئەو خاتوونە بەڕاستی وابووایە کە دەبوو ببێ و ئەو جۆرەی هەر دووکمان پێمان وابوو، دەبووایە مەسەلەی خۆ نزیک کردنەوە و بەدوا چوونەکانی منی بۆ تۆ گێڕاباوە؛ بەڵام چون ئێستا دەبینم کە ئەو لە درکاندنی ئەو ڕازەدا درەنگی کردووە ناچار دەبێ ئەو قەولەی بەمنی داوە بەڕاستی بزانم، ئەویش ئەوەیە کە یەکەمجار کاتێک تۆ دووبارە لەو ماڵە نەمێنی لە وەتاغی ڕووت بوونەوە من وەربگرێ (لە ڕاستیدا هەر لەم ژوورەدا بوو کە کامی و لۆتێر چاویان پێک دەکەوت)، بەو حاڵەشەوە نامەوێ تۆ دەرهەڵبی و بێ پەروا تۆڵە لەم بێ وەفایە بستێنییەوە؛ چون گوناهی ئەو هێشتا لە ویستێکەوە نە گەیوەتە کردەوە و لەوانەشە(*) ئەم ویستە لە ئێستاوە تا کاتێ ببێتە کردەوە ئاڵوگۆڕی

کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕابەری
www.rabari.org



بەسەردا بێ و پەشیمانی جێگەی بگرێتەوە، کەوابوو چون تۆ تا ئێستا لە نسحەتەکانی من، بێجگە لەیەک جار، مووبەموو پێرەویت کردووە، گوێش بدە ئەم ڕێنوێنییەی کە ئێستا دەتکەم، تا بێ ئەوەی تووشی خەتایەکی چاوەڕوان نەکراو ببی، شک و گومانت لە دڵدا نەمێنێ و بتوانی بەزانیاریی تەواوەوە دەست بەکار بی: وا بنوێنە کە دەتەوێ وەک زۆر جاران هاتووەتە پێش. دوو سێ ڕۆژێک لە ماڵ نەبی و کارێکی وابکە لەم ماوەیەدا لە هەمان وەتاغی ڕووت بوونەوەدا، لە پشت پەردە و مۆبڵ و شتی وادا ماتە هەڵبگری. ئەودەم، هەر وەک من دەبینم تۆش بەدوو چاوی خۆت دەبینی کە مەبەستی کامی چییە. ئەگەر ویستی ئەو ئەنجامی گوناهێک بوو، کە زۆرتر جێگەی ترسە و هیوام بەپێچەوانەکەی نییە، ئەوجار بێ هەرا و هەڵلا، بەعەقڵ و خۆڕاگرییەوە دەتوانی تۆڵەی تەوهێنێکی بەتۆی دەکا لەو وەربگریتەوە.»

ئانسلێمی بێچارە لە بیستنی ڕازی لۆتێر واقی وڕما، وەک کەسێکی دارماوی داکەوتووی لێ هات. لە ڕاستیدا ئەو هەواڵەی کاتێک پێگەیشت کە ئەو هیچ چاوەڕوانیی شتی وای نەدەکرد، چون ئەو بەئیمانەوە کامی بەسەرکەوتوو دەزانی و تەنانەت کەم کەم خەریک بوو تامی شیرینی ئەم سەرکەوتنەی هەست پێ دەکرد. ماوەیەک سەر شۆڕانە چاوی دەعەرزی بڕی و بێ جووڵە و بزووتنەوە لەسەر جێی خۆی وستەی لێ نەهات. ئاخری دەنگی هەڵبڕی کە: «لۆتێر تۆ بەمجۆرە کە من چاوەڕوانیم دەکرد، ئەرکی دۆستایەتیی خۆت ڕاپەڕاند. من هەموو کات لە ڕێنوێنییەکانی تۆ پێرەویم کردووە و ئێستاش هەرچێ پێت باشە بیکە؛ بەتایبەتی ئەو جۆرە کە ئەم ڕووداوە سەیر و چاوەڕوان نەکراوە، پێداویستیی پێی هەیە، ڕازی ئەو دەدڵتدا ڕابگرە.»، لۆتێر ئەو قەولەی پێ دا و هەر دەگەڵ لەوێ دوور کەوتەوە لەو قسانەی کە کردبووی بەتەواوی پەشیمان بووەوە، چون تێ گەیشت کە چ کارێکی کەرانە و ئەحمەقانەی کردووە و دەیتوانی بێ ئەوەی بەڕێگایەکی ئاوا زاڵمانە و بێ شەرمانەدا بڕواتە ناو مەسەلەکە، خۆی لە کامی تۆڵە بکاتەوە. نەفرینی بۆکەم عەقڵی خۆی دەنارد و لەو پەلە و ئەجەلەیەی کردبووی، خۆی لۆمە دەکرد و لەبەر پەشیمانی بەئەژنۆی خۆی دادەدا و نەیدەزانی چۆن بکا کە ئەو کارە قەرەبوو بکاتەوە و پێش بەئاکامەکانی بگرێ. سەرەنجام لێ بڕا کە ڕووداوەکە بەکامی بڵێ و چون بۆ دیتنی ئەو لە خەڵوەتدا ماوە و دەرفەتی زۆری هەبوو، بەپەلە ڕۆیشت تا چاوی پێی بکەوێ. کامی دەگەڵ چاوی بەلۆتێر کەوت، پێی گوت: «هاوڕێ لۆتێر بزانە کە غەمێک لە ناخی دەروونمدا هێلانەی کردووە کە دەزانم تا چەندرۆژی تر دڵم دەتەقێنێتەوە. بێ شەرمی لێئۆنلا گەیوەتە ئەو جێیە کە هەموو شەوێک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لاوە فاسقەکەی دێنێتە ماڵەوە و تا کازیوەی بەیان بەلایخۆیەوە ڕای دەگرێ. ئێستا خۆت داوەری بکە کە ئابڕووی من چۆن کەوتووەتە بەر بواری مەترسی و کەسێکی کە بەری بەیانی دەیبینی لە ماڵ دەچێتەوە، چ بەستێنێکی مناسب و لەبار بۆ تاوانبار کردنی من پێک دێنێ! بەڵام شتێکی کە زۆرم ئازار دەدا ئەوەیە کە من نە دەتوانم ئەو کچەتیوە وەدەرنێم، نە دەشتوانم دەگەڵی بەشەڕ بێم، چون ئەو مەحرەمی ڕازی تێکەڵاویی نامەشرووعی من و تۆیە. هەر بەم هۆیەشەوە زبانم بەستراوە و ناتوانم لەو کارەی ئەو لە قاودەم چون دەترسم هەمووشت بڵێ و کارەساتێک بقەومێ.» سەرەتا لۆتێر پێی وابوو کە ئەم قسانە شانۆگەرییەکی فێڵبازانەیە بۆ ئەوەی کامی ئەو قانیع بکا کە ئەو پیاوەی لە کاتی دەرکەوتن لە ماڵەوە دیتبووی بۆ لێئۆنلا هاتووەتە ماڵ نەبۆ ئەو، بەڵام کە دیتی کامی دەگری و زۆر غەمناکە و لە وی داوا دەکا لەو گرفتارییە ڕزگاری بکا، زانیی کە ڕاست دەڵێ و، هەر ئەوەش بوو بەهۆی خەجاڵەتی و پەشیمانیی زۆرتری خۆی. بەو حاڵەشەوە بەکامیی گوت کە چی تر غەم نەخوا و گوتی کە ڕێگایەک بۆ چارەکردنی بێ شەرمییەکانی لێئۆنلا دەدۆزێتەوە. پاشان تەواوی ئەو شتانەی کە بەهۆی هەیەجانی سەرەچاوگرتوو لە تووڕەیی و حەسوودی بۆ ئانسلێمی گێڕابووەوە و ئەو پیلانەی کە پێکەوە چنیبوویان کە ئانسلێم لە ژووری ڕووت بوونەوەدا خۆی حەشاربدا تا بەچاوی خۆی ببینێ کە پاداشی ئەوین و هۆگرییەکەی بەچ زوڵم و خەیانەتێک دەدەنەوە، بۆ کامیی گێڕایەوە و لەو کارە سەرسەری و شێتانەی داوای لێبووردنی کرد؛ پاشان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم هەڵەیە ڕێگا چارەی خواست و پرسی کە چۆن دەکرێ لەو زۆنگ و زەلە کە لە بێ فکریی بەد ئاکامی ئەورا تێی کەوتوون بێنە دەر و ڕزگاریان بێ. کامی لەو ئیقرار و دان پێدانانە زەندەقی چوو و بەسەرکۆنە کردنێکی نەرم و لەسەرە خۆ زۆری بەسەرداهات(*). بەڵام چون زەینی ژنان دەکاری خێرو شەڕدا لە پیاوان زۆرترە و لە حاڵێکدا ئەگەر بیانەوێ پوختە فکر بکەنەوە، ئەم زیتی زەینەیان نییە، کامی دەستبەجێ ڕێگا چارەیەکی بۆ ئەو خەتا و هەڵە بەڕواڵەت لەقەرەبوو نەهاتووە دیتەوە و بەلۆتێری گوت کە کارێکی وا بکا ئانسلێم لە کاتی خۆیدا لەو شوێنەی بۆی داندراوە، خۆی حەشار بدا، چون خۆی هیواداره هەر لەم ئەزموونە ئاکامێک وەربگرێ کە لەمەو پاش هەر دووکیان ئاسانتر و بێ ترستر لە پێک گەیشتن و پێکەوە بوون بەرخوردار بن. باوەکوو کامی هەموو وردەکارییەکانی پیلانی خۆی بەلۆتێر نەگوت، ئەمری پێ کرد کاتێک ئانسلێم لە حەشارگەی خۆیدا ماتەی هەڵگرت و هەرکە لێئۆنلا ئەوی بانگ کرد و هێنای دەستبەجێ بیت و سەرنج بدا کە بەهەر پرسیارێکی لێی دەکرێ، جۆرێک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


جواب بداتەوە، وەک بڵێی نازانی کە ئانسلێم لەوێ خۆی شاردووەتەوە. لۆتێر هەرچی پێی داگرت، کە کامی باقیی پلانەکەی بۆ باس بکا، تا ئەو بتوانێ بەوریایی و ئاگاییەوە کار بکا، فایدەی نەبوو و کامی دووبارە دووپاتی کردەوە کە کاری ئەو تەنیا ئەوەندە بێ، پرسیارەکان جواب بداتەوە. کامی لەبەر ئەوە نەیدەویست لەوە زۆرتر لۆتێر لە پلانی خۆی ئاگادار بکاتەوە، چون دەترسا لە ئەنجام دانی ئەو فکرە تازەیانە سەرپێچی بکا و فکر لەشتی تر بکاتەوە کە هێندە بەقازانج نەبێ.

لۆتێر ڕۆیشت و سبەی ئەو ڕۆژە ئانسلێم بەبیانووی ئەوەی دەچێتە ماڵی دۆستەکەی وەرێ کەوت، بەڵام زۆری نەخایاند هاتەوە تا خۆی حەشار بدا، کارێک کە زۆر بەئاسانی ئەنجام درا، چونکە کامی و لێئۆنلا بەلێهاتوویی زۆرەرەوە، دەپێشدا ڕێیان بۆ خۆش کردبوو. بەڵێ بەمجۆرە ئانسلێم لە حەشارگەدا مات بوو، تا بەچاوی خۆی هەڵدڕهەڵدڕ بوونی جەرگ و دڵ و ڕیخۆڵەی شەرافەتی خۆی تەماشا بکا و بیری دەکردەوە کە هەر ئێستا گەورەترین سامانی خۆی، یانی کامیی خۆشەویستی خۆی لە دەست دەدا. کامی و لێئۆنلا هەر کە زانییان ئانسلێم لەجێی خۆی ماتەی هەڵگرتووە، هەر دووکیان هاتنە ژووری ڕووت بوونەوە و دەگەڵ وەژوور کەوتن خاتوون ئاخێکی هەڵکێشا و بەدەنگی بڵند گوتی: «مەخابن ئەی دۆستی من لێئۆنلا، ئایا باشتر نییە پێش ئەوەی بمەوێ پلانی خۆ دەکار بێنم کە نامەوێ بەتۆی بڵێم چییە - چون دەترسم نەهێڵی ئەو کارە بکەم - شمشیری ئانسلێم کە من لە تۆم ویستووە هەڵبگری و لەو دڵە ناپاکەی منی ڕۆ بکەی کە دەسینگمدا تەپەی دێ؟ بەڵام نە! چون ئینساف نییە من بەتۆڵەی تاوانی یەکی تر بکوژرێم. من دەپێشدا دەبێ بزانم کە چاوە حیزەکانی لۆتێر دەمندا چییان دیوە کە غیرەتی ئەوەی پێ داوە شەرم و حەیا فڕێ بدا و هەوەسی شەرم هێنەری خۆی کە بۆ شەڕافەتی من و دۆستایەتیی خۆی بۆ ئانسلێم سەرشۆری پێوەیە، ئاشکرا بکا؟ ئاخ لێئۆنلا، ئەم پەنجەرە بکەوە ئیشارە بدە بەلۆتێر! بێگومان ئەو هەر ئێستا لە کۆڵان ڕاوەستاوە و هیوادارە بەمەبەستی چەپەڵی خۆی بگا؛ بەڵام من دەپێشدا مەنزووری خۆم کە بێ ڕوحمانە، بەڵام شەڕافەتمەندانەیە ئەنجام دەدەم. لێئۆنلای پیتۆڵ کە دەرسی خۆی باش لەبەر بوو لە جوابدا گوتی: ئاخ، ئەی خاتوونە خۆشەویستەکەم، تۆ چ کارێکت بەشمشیر هەیە. دەتەوێ خۆت بکوژی یا لۆتێر؟ بەڵام بزانە کە بەرهەمی هەرکام لەو دوو کارانە بۆ شەرافەتی تۆ زیانی هەیە. باشترە، ئەم ئیهانەتە نەدیتە بگری و نەیەڵی حاڵی حازر ئەو پیاوە ناجسنە بێتە ژوور و ئێمە بەتەنیا لێرە ببینێ، ئاگات لەوە ببێ، ئێمە هەردووک ژنین و بێ توانا و ئەویش پیاوە و بێ پەروا و من لەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەترسم کاتێک بێتە ژوور شەهوەت کوێری کردبێ و کارێکت دەگەڵدا بکا کە لە کوشتن خراپتر بێ. لەعنەت لە متمانەی بێ جێی جەنابی ئانسلێم کە بوو بەهۆی ئەوە، ئەو پیاوە بێ شەرمە ڕێی بۆ ئەم ماڵە بکرێتەوە! بەڵام خانم ئەگەر تۆ ئێرادەت لەسەر ئەوەیە بیکوژی، جەنازەکەی چ لێ دەکەی؟ کامی گوتی، چۆن چی لێ دەکەین. هەر ئەلێرەی دادەنێین تا ئانسلێم بێتەوە و بن گڵی بکا، چون بەجێیە کە ئەو زەحمەتی بەخاک ئەسپاردنی بێ ئابڕوویی خۆی بەڕابواردن بزانێ. کەوابوو هەرچی زووتر با ئەو خائینە بانگ بکەین، بێتە ژوور، چون هەرچی من تۆڵەی خۆم لەو تەوهینە وەدرەنگ بخەم، بەبڕوای خۆم تەوهینێکە کە بەوەفای خۆم بەرانبەر بەمێردەکەم کردوومە.»

ئانسلێم تەواوی ئەم وتوێژەی گوێ لێ بوو و هەر قسەیەک کە لە زاری کامی دەهاتە دەر فکر و بیرەکانی ئەوی دەشێواند؛ بەڵام کاتێک بیستی کە ژنەکەی لەسەر کوشتنی لۆتێر سوورە، ویستی لە حەشارگەی خۆی بێتە دەر و پێش بەو کارەی ئەو بگرێ، بەڵام هەوەسی ئەوەی بزانێ ئەو کارە شەڕافەتمەند و دلێرانە چۆن کۆتایی پێ دێ و ئامادە بوونی بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا خۆی ئاشکرا دەکا تا لە هەر کارەساتێک بەرگری بکا، ئەوی لەسەر جێی خۆی دانیشاندەوە. لەو ساتەدا وا هاتە بەرچاو کە کامی تووشی بوورانەوە و لەسەرخۆ چوون هاتووە، چون نەدیمەکەی ئەوی لەسەر تەختی خەوێک کە لەوێ بوو درێژ کرد و لە قوڵپەی گریانی دا و بەدەنگی بەرز دەیگوت: «وای لە منی سەر بەهەشێ! مەگەر چارەنووسی من ئەوە بوو کە مەرگی ئەم باغچەی بەگوڵ و ڕیحانەی حەیا و عیسمەتێ، ئەو نموونەی بەناموسترین ژنانی ئەم دنیایە لە ئامێزی خۆدا ببینم؟ ئەی لە خۆم سەرگەردان و چارەڕەشێ!... و هەر بەو ئاهەنگە شیوەنی خۆی درێژە پێ دا تا نیشان بدا خۆیشی بەوەفاترین و دڵسۆزترین نەدیمەی جیهانە و خاتوونەکەشی «پێنلۆپی»[٢٢٣] دووەمە. کامی زۆر زوو لەو حاڵەتی دڵ خۆ لە بوونەوە هاتە دەر و بەدەنگی بڵند گوتی: «ئەی لێئۆنلا، ئەدی بۆ ناچی بێ شەرەفترین دۆستی یەک هاوڕێی ڕاستین، کە هێشتا ڕۆژ تیشکی خۆی

---

٢٢٣– پێنلۆپ pénélope ژنی یەکەمین قارەمانی یۆنانی و دایکی تێلماک «قارەمانی بەناوبانگی شاکاری هەتا هەتایی فێللێن». ئەو ژنە ئاوێنەی باڵانوێنی وەفاداری و پاکداوێنی بووە. دەگێڕنەوە دە بەرامبەر پێداگری و بێ شەرمی دڵدارانێکی زۆر کە دڵیان پێ دۆڕاندبوو، دەستی کرد بەچنینی پارچەیەک و بەڵێنی دا هەر کات لەو کارە بووەوە ئارەزووی یەکێکیان بەراورد بکا. پێنلۆپ هەموو شەوێک ئەوەی بەڕۆژ دەیچنی هەڵی دەوەشاندەوە و دووبارە سبەینێ دەیچنییەوە تا ئەوەی پاش بیست ساڵ مێردەکەی گەڕاوە و ڕەگەڵی کەوتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ناویشتووەتە سەر یەکێکی لەو بەشەرەفتر و تاریکی و شەو لەوییان باشتر، دە ئامێن نەگرتووە، بانگ بکەی بێتە ئێرە؟ هەڵێ، بەپەلە هەڵێ تا دەرنگ کردنی تۆ ئاگری تووڕەییم خامۆش نەکا و تۆڵە کردنەوەم لێ نەبێتە جنێو و بەگژداهاتن و لەعنەت و نەفرین لێ کردن. لێئۆنلا گوتی: «زۆر باشە، ئەی خاتوونی من. ئێستا بانگی دەکەم بەڵام دەپێشدا ئەو شمشیرەت بدە بەمن تا مەبادا لە نەبوونی مندا کارێک بکەی کە دۆستان و خۆشەویستانی خۆت بۆ ماوەی تەمەنیان بگریەنی. کامی گوتی: «مەترسە هاوڕێ لێئۆنلا، من هەر چەندیش لەبەرچاوی تۆ سادەدڵ و بێ تێبینی بم کە تۆڵەی شەرافەتی خۆم بەم شێوەیە وەربگرمەوە ناگەمە«لووکرێس»[٢٢٤] کە دەڵێن بێ ئەوەی خەتایەک لەو ڕووی دابێ و بێ ئەوەی دەپێشدا سەبەب[*] کاری بەدبەختیی خۆی بکوژێ خۆی کوشت. من ئەگەر دەبێ بمرم، کاتێک دەمرم کە لەو کەسەی منی گەیاندە ئێرە تۆڵەی خۆم ئەستاندبێتەوە.»

لێئۆنلا پێش ئەوەی بڕواتە دەرەوە و لۆتێر بانگ بکا، دیسان درەنگی کرد، بەڵام سەرەنجام وەدەرکەوت و کامی وەک ئەوەی لەبەر خۆیەوە قسان بکا گوتی: «خوداوەندا لەمن ببووری! ئایا بەجێی ئەوەی مەیدان بدەم بەلۆتێر کە من ژنێکی جلّف و سووکەسەر تێ بگا، باشتر ئەوە نەبوو کە وەک جارانی پێشوو، لانی کەم تا ڕۆژێک کە لە هەڵەی خۆی دێتە دەر، لە خۆم دوور کردباوە و ترۆم[*] کردبا؟ بەڵێ، بێگومان باشتر دەبوو؛ بەڵام ئەگەر بێڵم ئەو غەیانە داوێن پیسە بەو بیرو بۆچوونە چەپەڵەیەوە، بەمفتە و هەروا سووک و ئاسان بۆی دەرباز بێ و کێچێکی[*] لێ میوان نەبێ، ئایا تۆڵەی من وەردەگیرێتەوە و شەرافەتی مێردەکەم قەرەبوو دەکرێتەوە؟ خێر! خێر! ئەو دەبێ تاوانی ئەو ڕووداری و جەسارەتی هەوەسەکانی بەخوێنی خۆی بداتەوە تا دنیا ئەگەر پێویست بوو بزانێ کە کامی نە تەنیا دە وەفاداریی خۆیدا بۆ مێردەکەی قورس و قایم بووە، بەڵکو لەو کەسەش کە جەسارەتی تەوهینی بەو بوو، تۆڵەی ئەستاندووەتەوە. سەرەڕای ئەوانەش ئایا باشتر نەبوو کە تەواوی ئەو بابەتانەم بەئانسلێم گوتبایە؛ بەڵام من دە نامەیەکدا کە بۆم ناردە هاوینەهەوار هەموو شێتکم بۆ ڕوون کرد بووەوە و وای تێ دەگەم ئەگەر ئەو هەر ئەودەم فکرێکی بۆ ئەو بەڵایە

---

٢٢٤- لووکرێس Lucréce خاتوونی ڕۆمی کە لە لایەن یەکێک لە کوڕانی «تارکەن» پاشای ڕۆم بەزۆر دەستدرێژی بەناموسی کرا و ئەو ژنە بەناهومێدی و شێواوی خۆی کوشت و ئەم ڕووداوە پەژارەهێنەرە شۆڕشێکی لە وڵاتی ڕۆمدا لێ کەوتەوە و بوو بەهۆی سەقامگیربوونی کۆمار «٥١٠ی پێش زاین». ناوی لووکرێس بۆ ژنانی خۆپەسند و پاکداوێن و بەناموسیش دەکار دەکرێ. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

کردباوە، وای لێ نەدەهات، ئەوەش بەهۆی دڵپاکی و متمانەیەکەوە بوو کە بەو دۆستە بێ ئابڕووەی خۆی هەیبوو و نەیتوانی باوەڕ بکا کە دەدڵی یاری ناپیاویدا هیچ فکرێک کە دژی شەڕافەتی ئەو بێ چەکەرە بکا. من خۆیشم تا ماوەیەکی زۆر پاشان نەمتوانی شتێکی وا باوەڕ بکەم، وە ئەگەر پڕڕوویی ئەو بەپێشکەش کردنی دیاری و سەوقاتی گران بایی و قەول و بەڵێنی بی ئەژمار و گریان و لالانەوەی زۆر نەگەیبا بارستای تەقینەوە، هەرگیز باوەڕم نەدەکرد. بەڵام ئێستا ئەو فکرانە فایدەیان چییە؟ ئایا لێبڕانێکی تەواو نیازی بەو هەموو موتالا وباس کردنە هەیە؟ دیارە نە، باشە ئیتر! دەبێ دەستی خەیانەت لەم ماڵە قوڵە بکرێتەوە! دەبێ من تۆڵە بکەمەوە! بڵێ با غەیان بێتە ژوور تا بمرێ؟ پاشان هەرچی دەبێ بلا ببێ! من پاک کەوتمە دەست کەسێک کە خوداوەند ئەوی وەک مێرد بۆ من دیاری کردبوو. دەبێ بەپاکیش لە دەستی بچمە دەر، جا با ئەو کارەش بەخوێنی پاکی من و خوێنی پیسی دۆستێک کە کەس وەک ئەو لە دنیادا ناوی دۆستیی گلاو نەکردووە، تەواو بێ.» لەو کاتەدا کە کامی بەمجۆرە دەگەڵ خۆی دەدوا؛ بەشمشیری ڕووت و بەهەنگاوی وا بەهەشتاو و بەتووڕەیی و غەزەبێکی وا دەهات و دەچوو دەتگوت عەقڵی خۆی لە دەست داوە و لە ژنێکی شەریف و زەریفەوە بووەتە سەڵتیەیەکی ناهومێد و دەهری.

ئانسلێم لە پەنا پەردەوە ئەم بەزمەی دەدیت و دەبیست، سەرسوڕماو بوو، وای بۆ دەچوو ئەوەی بیستوویەتی و دیتوویەتی بۆ لابردنی شک و گومانی لەوەش گەورەتر بەسە؛ بەو دەلیلە ئارەزووی دەکرد کە هاتنی لۆتێر بۆ ئەو ژوورە ئەنجام نەدرێ تا ڕووداوێکی تاڵ ڕوو نەدا. لەو ساتە وەختەدا کە دەیویست لە حەشارگە بێتە دەرەوە تا ژنەکەی دەباوەش بگرێ و پێی بڵێ کە لەمەڕ ئەو بەهەڵە چووە، گەڕانەوەی لێئۆنلا کە دەستی لۆتێری لە دەستدا بوو، پەشیمانی کردەوە و پێش ئەو کارەی پێ گرت. کامی کە چاوی بەلۆتێر کەوت، بەنووکی شمشیر هێڵێکی درێژی لەسەر عەرزی وەتاغە کە لەبەر دەمی خۆی کێشا و بەمجۆرە دەگەڵی هاتە وتوێژ: «ئای لۆتێر بەوەی کە پێت دەڵێم باش گوێ بدە و لێی ورد بەوە! ئەگەر بوێری لەم هێڵە واوەتر بێی یا تەنانەت لێی نزیک بیتەوە ئەو شمشیرە دەسەر دڵی خۆم ڕۆ دەکەم. وە پێش ئەوەی قسەیەکت لە زاری بێتە دەر، گوێ بگرە دەمەوێ چەند قسەیەکت دەگەڵ بکەم. دەمەوێ وستەت لێ نەیا و گوێ بدەیتە من! پاشان هەرچی دڵت ویستی ئیجازەت هەیە بیڵێی! پێش هەر شتێک دەمەوێ پێم بڵێی تۆ ئانسلێمی مێردی من دەناسی یا خێر و بیروبڕوات دەربارەی ئەو چییە. پاشان دەمەوێ بزانم منیش دەناسی یا نا. کەوابوو بێ ئەوەی دەسپاچە بی و بپەشۆکێی وەڵامی ئەم دوو پرسیارەم دە پێشدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بدەوە. چون پێم وایە ئەوەی لێتم پرسی مەتەڵۆکە نییە کە بتەوێ فکری لێ بکەیەوە و هەڵی بێنی.» لۆتێر ئەوەندە ساویلکە نەبوو کە لە هەمان ساتەوەختی یەکەمدا کە کامی پێی گوتبوو، ئانسلێم لەو ژوورەدا بشارێتەوە لە مەکر و حیلەی ئەو حاڵی نەبوو بێ. لە بەرئەوەی خۆی ئامادە هاتە بەرچاو تا بەویستەکانی ئەو وەها بەوەستایی و بەدروستی وەڵام، بداتەوە کە تەنیا ئەو و کامی دەیانتوانی درۆکەیان وەک مسۆگەرترین ڕاستیی جیهان بخەنە بەرچاو. ئێستا بڕوانن لۆتێر بەچ شێوەیەک جوابی دایەوە: «من ئەی کامیی جوان و مەلەنگ. گومانم نەدەکرد بۆ ئەم جۆرە پرسیارانە من بانگهێشتی خزمەت خۆت بکەی. ئەگەر بەو مەبەستە بانگت کردووم کە پاداشی بەڵێن دراوی بلێسەی ئەوینی من دووبارە وەپاش بخەی، ئەم کارە لە دووریشەوە هەر دەکرا، چون هەوەسی بەختەوەریی گەیشتن بەتۆ ئۆقرەی لێ هەڵگرتووم و ئازارم دەدا. بەتایبەتی کە هومێدی گەیشتن بەم ئارەزووەم نزیکترە. بەڵام بۆ ئەوەی نەفەرمووی لە وەڵامدانەوی پرسیارەکانی تۆ، ترسم هەیە لە جوابدا دەڵێم کە: بەڵێ من مێردەکەت لە منداڵییەوە باش دەناسم و لەو سەر دەمەوە پێکەوە دۆست بووین؛ بەڵام نامەوێ شتێکی تر لەمەڕ ئەو بڵێم. چون تۆ خۆت ئاگاداری هەموو شتێکی. تاشاهیدیم لەسەر تەوهینێک نەدابێ کە بەئەوم کردووە؛ هەر ئەو ئەوینەی کە قابیلی قبووڵترین عوزری گەورەترین گوناهە، تۆ باش دەناسم و بەئارەزووی دڵ گەیشتنم دەگەڵ تۆ بەهەمان ئەندازە کە بۆ مێردەکەت بایەخدارە لە لای منیش گرینگە. ئەگەر وا نەبووایە کوا مومکین دەبوو بەخاتری جوانی و خوێن شیرینییەکی کەمتر لەوەی تۆ هەتە، ئەرکی دۆستایەتیی خۆم دەژێر پێ بنێم و یاسای پیرۆزی دۆستی کە ئەمڕۆ دەمندا کەوتووەتە بەر پەلاماری دوژمنێکی بێ بەزە، بەناوی ئەوین، دەبەر چاو نەگرم؟ کامی گوتی: «ئەگەر تۆ، ئەی دوژمنی جنیایەتکاری هەرچی شایانی خۆشەویستییە، دان بەو نوکتەدا دێنی. ئەدی بەچ غیرەتێکەوە هاتوویە لای کەسێک کە باش دەزانی ئاوێنەی کەسێکی ترە، ئەو کەسەی دەبێ تۆ چاوی لێ بکەی و بزانی چ تەوهێنێکی زاڵمانەت پێ کردووە؟ بەڵام مەخابن...! من چەندە بەدبەختم! من تازە تێ دەگەم کە چ شتێک تۆی هێناوەتە ئەم بوارە کە ڕێز و حورمەتی خۆیشت لە دەست بدەی. ئەو شتە دەبێ بێ مبالاتیی لە ئەندازە بەدەری من بێ کە نامەوێ ناوی بێ نەزاکەتی بەسەردا ببرم چون لە قسەی جلف و بێ بەند و بارەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو بەرهەمی هێندێک نەترسی و ڕووداماڵاوییە کە کاتێک ژنان لایان وایە نابێ لە کەسێک بترسن لە خۆیانەوە نیشانی دەدەن. ئەگەر وانییە، ئەی غەیان، بڵێ بزانم کەی وابوو کە من یەک کەلیمەم جوابی لاڵانەوە و پاڕانەوەی تۆ دابێتەوە و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یا کارێکم کردبێ کە ترووسکەی هیوایەک لە دڵی تۆدا چەخماغە(*) لێ بدا و ئەو خەیاڵە دەتۆ دا ببزوێنێ کە دەتوانی بەهەوەسی شەرماویی خۆت بگەی؟ کەی وابووە کە ورتەورتە عاشقانەکانی تۆم بەتوندی ڕەد نەکردبێتەوە و بەتووڕەییەوە تڕۆم نەکردبی؟ کەی وابووە کە یەک لە هەزار وەعدەکانت باوەڕ بکەم یا دیارییە فریوێنەرەکانت وەربگرم؟ بەڵام چون ناتوانم باوەڕ بکەم کە پیاوان تا پاڵپشتی هیوایەکیان نەبێ ماوەیەکی دوورودرێژ بەپێداگرییەوە بەدوای دڵداریی کەسێک دا ناچن، ناچار دەبێ گوناهی بێ حەیایی تۆ بخەمە ئەستۆی خۆم. بێگومان بەر هەڵدایی یەکی بێ مەبەست بووەتە هۆی ئەوە کە تۆ ئەو ماوە دوورودرێژە، بەدوای لە خشتە بردنی منەوە بی. کەوابوو من ئێستا دەمەوێ خۆم موجازات بکەم و ئەو سزایەی کە دەبێ تۆ بیکێشی لەسەرخۆمی دادەنێم و خۆم سزا دەدەم، بەڵام بۆ ئەوەی تۆ ببینی کە من کاتێک دەگەڵ خۆم ئاوا بێ بەزەم، ناتوانم دەگەڵ تۆش هەر وا نەبم، ویستم تۆ بێنمە ئێرە تا شاهیدی فیداکاریی گەورەی من بی کە بۆ پاراستنی شەڕافەتی مێردە خۆشەویستەکەم دەیکەم، ئەو مێردەی کە تۆ بەهەموو تواناتەوە سووکایەتیت پێ کردووە و منیش سووکایەتیم پێ کردووە، چون زەحمەتی ئەوەم نەداوە بەخۆم تا لەو دەرفەتانە خۆم دەربازکەم کە دەمێشکی ڕزێوی تۆدا فکر و غایەلەی جنیایەتکارانە دروست بکا. دووپاتی دەکەمەوە ئەوەی کە زۆرتر لە هەموو شت ئازارم دەدا، ئەم گومانەیە کە نەکا غەفڵەتێک لە لایەن منەوە، بووبێتە هۆی ئەوە کە ئەم خەیاڵاتە پیس و چەپەڵانە لە کەللەت بدەن. من دەبێ سزای ئەم غەفڵەتە بۆ خۆم بیکێشم. چون ئەگەر جەللادێکم بۆ ئەم کارە بانگ کردبایە لەوانە بوو هەواڵی گوناهکاریم زۆرتر بڵاو بێتەوە. بەڵام من نامەوێ بەتەنیا بمرم؛ دەمەوێ کەسێکیش کە مەرگی ئەو بەشی کۆتایی کتێبی تۆڵە سەندنەوەم پێک دینێ. دەگەڵ خۆم بەرم، چون هەواڵی ئەو کارە بگاتە هەر شوێنێک بەهەمووان دەسەلمێنێ کە عەداڵەت هەمیشە بەسەر جنیایەتدا زاڵ دەبێ.»

کامی پاش کۆتاییهێنان بەم قسانە، بەچالاکی و هێزێکی دوور لە چاوەڕوانی، بەشمشیری ڕووت هێرشی کردە سەر لۆتێر و بەڕواڵەت وەها لێبڕاوانە دەیویست شمشێر دەسینگی ئەودا نوقم بکا کە لۆتێر وەشک کەوت کە ئایا ئەو هێرشە بەڕاستییە یا ساختەیی و ناچار بۆ ئەوەی زەبرەکانی کە کامی دەیوەشاند وێی نەکەوێ، ناچار بوو لە هێزی باسکی خۆی کەڵک وەربگرێ. کامی نەخشی سەرسوڕهێنەری خۆی وا کایە دەکرد کە بۆ ئەوەی زۆرتر ڕەنگی ڕاستیی پێوە دیار بێ، ویستی شمشیرەکە بەخوێنی خۆشی ڕەنگین بکا. ئەوە بوو چون دیتی بەڕاستی ناتوانێ دەستی بەلۆتێر بگا. یا وای نیشان دا کە ناتوانێ، دەنگی بەرز کردەوە کە: «ئێستا کە چارەنووس نایەوێ من ئارەزووی دروستی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



خۆم بەراورد بکەم، نابێتە کۆسپی سەر ڕێگام کە لانی کەم نیوەی ویستی خۆم جێبەجێ بکەم!» و لەو کاتەدا کە دەیویست شمشیر لە دەستی لۆتێر، کە لێی ئەستاندبوو، دەر کێشێتەوە. نووکی شمشێرەکەی وەرسووڕاند و حەواڵەی بەشێک لە بەدەنی خۆی کرد کە شمشیر نەیدەتوانی زۆری لێ بچێتە خوار. یانی نووکی شمشیری لە سەرەوەی مەمکی چەپی دەشانی خۆی چەقاند؛ پاشان خۆی وەک کەسێک کە لە هۆش چووبێ بەعەرزی دادا. لۆتێر و لێئۆنلا لە دیتنی ئەم ڕووداوە، هەم ترسان و هەم سەریان سوڕما و چون کامییان لەسەر عەرزی و شەلاڵی خوێن دیت، نەیاندەزانی چۆنی لێک بدەنەوە. لۆتێر کە ئاگای لەخۆ نەمابوو، هەڵات تا شمشێر لە دەست کامی بێنێتە دەر. بەڵام کە دیتی برینەکەی کەمە نیگەرانی لە دڵی دەرکەوت و جارێکی تریش بەلێهاتوویی و عەقڵ و وریایی کامی ئافەرینی گوت. لەو لاشەوە لۆتێر بۆ ئەوەی دەوری خۆی پاش گێڕا بێ، دەستی کرد بەگریان و شیوەن و ناڵە لەسەر تەرمی کامی، وەک ئەوە کە بەڕاستی مردبێ و دەستی کرد بەنەفرین و تووک و دوعا لە خۆی و لەو کەسەی لە سەرەتاو بوو بەسەبەبکاری ئەم کارەساتە. لۆتێر چون دەیزانی کە دۆستەکەی گوێی لە قسەکانییەتی، قسەی وای دەگوت کە پیاو زۆرتر لە کامی دڵی بۆ ئەو دەسووتا. هەر چەند لاشی وابووایە کە کامی مردووە. لێئۆنلا کە تەرمی خاتوونی خۆی دەئامێز گرتبوو، هەڵی گرت و لەسەر تەختەکەی ڕاکێشا و تکای لە لۆتێر کرد، بچێ کەسێک بێنێ کە مەحرەمانە برین پێچییەکەی بۆ بکا. هەروەها لە لۆتێری دەپرسی ئەگەر پێش سارێژ بوونەوەی برین ئەرباب بگەڕێتەوە دەبێ چ جوابێکی بدرێتەوە. لۆتێر گوتی چون ئێستا فکری باش کار ناکا و نازانی چ بڵێ با بۆ خۆی هەر چۆنێکی پێی باشە جوابی ئەربابی بداتەوە. تەنیا ئەوەندەی گوت کە لێئۆنلا هەر چۆنێک هەیە، پێش بەخوێن لێ هاتنی برینەکە بگرێ و بەڵام خۆی ڕوو دەکاتە شوێنێک کە هیچ کەس چاوی پێی نەکەوێتەوە. پاشان لۆتێر لە حاڵێکدا غەم و پەژارەی هەڵدەڕشت بەهەشتاو لە ماڵ وەدەرکەوت. ئەو هەر کە خۆی بەتەنیا دیتەوە زانی کە کەس نایبینێ ئەوەندە لە کارزانیی کامی و دەورگێڕانی بێ وێنەی لیئونلا عەجایب مابوو کە دە دوازدە جار دەهەواد خاچی ڕەسم کرد و ئەوەی دێنا بەر چاو کە ئانسلێم چەندە دەبێ ئاسوودە خاتر بووبێ لەوەی کە ژنێکی هەیە لەهەر بارێکەوە بۆی بچێ، جێگرەوەی «پوورچیایە»[٢٢٥] و لە ئاگری ئەم

---

٢٢٥- پۆرچیا Porcia کچێ کاتۆن و ژنی «مارکووسبرووتووس» سەرداری ڕۆمی بوو کە پاش ئەوەی زانیی مێردەکەی دەشەڕی «فیلیپ»دا کوژراوە، ئەوەندەی ڕەژی گەشاوە خوارد تا مرد. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاسەیەدا دەسووتا کە هەرچی زووتر کامی ببینێتەوە تا بۆ ڕاستییەک کە ئاوا زیرەکانە شاردراوەتەوە و درۆیەک کە بەشێوەیەکی ئاوا کە کەس بیری بۆی نەدەچوو ڕازێنراوەتەوە، پێکەوە جێژنیک بەرپا کەن.

دەو ئانەدا لێئۆنلا خەریکی ڕاوەستاندنی ئەو بڕووکە خوێنە بوو کە لە برینی خاتوونەکەی دەهات، خوێنێکی ئەوەندە کەم کە تەنیا بەعاستەم(*) و دو وبەڵا ڕیا و فیلبازیی ئەو ژنە مەکرباز و حیلەگەرەی ڕەنگ دەکرد. پاش ئەوەی برینەکەی بەهێندێک شەڕاب شۆردەوە، تا ئەو جێگەی دەیتوانی بەجوانی بەستی و لەو ماوەیەدا کە برینەکەی دەبەستەوە قسەگەلێکی دووپات کردەوە کە بێ ئەوەی نیاز بەقسەی تر بێ، بۆ قانیع کردنی ئانسلێم بەس بوو کە کامی بەپاکترین ژن و ئاوێنەی عیسمەت و تەقوا برانێ. بێجگە لەوانە قسەکانی کامی بوون کە خۆی بەبێ غیرەتی تاوانبار دەکرد، چون دەوساتەدا کە لە هەموو کاتێک پێویستتر بووە ئەوەندەی ئازایەتی نەبووە کە بەژیانی خۆی کۆتایی بێنێ. لە هەمان کاتدا لە نەدیمەی خۆی دەپرسی کە ئایا دەبێ هەموو ڕووداوەکە بۆ مێردە خۆشەویستەکەی بگێڕێتەوە یا نا. بەڵام لێئۆنلا نسحەتی کرد کە لەو خەیاڵە بەتاڵە بگەڕێ، چون ئەوی دەو بن بەستە داوێ کە دەبێ تۆڵە لە لۆتێر بکاتەوە و ئەوەش بەو مانایەیە کە گیانی خۆی دەمەترسی بخا و پێی گوت ژنی باش نە تەنیا نابێ شەڕ و هەرا بۆ مێردی خۆی دروست بکا، بەڵکو تا دەتوانێ دەبێ پێش بەشتی وا پڕ لە مەترسی بگرێ و مێردی خۆی بپارێزێ. کامی گوتی ئەم بۆچوونەی زۆر بەلاوە پەسندە و هەر واش دەکا بەڵام بەهەرحاڵ لازمە عوزرێک بۆ برینی سینگی کە ڕەنگە لە چاوی ئانسلێم شاراوەنەبێ. بدۆزێتەوە. لێئۆنلا گوتی کە لە درۆ کردن بێزارە جا با بەمەسڵەحەتیش بێ. کامی گوتی: «مەگەر من خۆم دەتوانم درۆ بکەم؟ من ئەگەر گیانیشمی لەسەر دابنێم درۆیەکم بۆ ساز نابێ یا ناتوانم بەدرۆ قسەیەک بەڕاست دابنێم. بەڵام ئەگەر نەتوانین ڕێگایەک بۆ ڕزگار بوون لەم گرفتارییە بدۆزینەوە باشترە هەرچی هەیە بۆی بگێڕینەوە باشترە لەوەی دە درۆ و دەلەسەدا دەگیر کەوین. لێئۆنلا گوتی: «خانم ئەو هەموو غەمەی پێ ناوی! من لە ئێستاوە تا بەیانی لەمەڕ جوابێکی مناسب و باش فکر دەکەمەوە. لەوانەشە چون برینەکە لە جێگایەکی دایە کە نابیندرێ بتوانین بیشارینەوە و نەهێڵین کەس پێی بزانێ و ئیشاڵلا خودا بەکەرەمی خۆی لەو نییەتە خێرەدا کە هەمانە سەرکەوتوومان دەکا! ئێستا ئەی خاتوونەکەم ئارام بگرە و بەخۆتدا وەرەوە، خۆت ڕێکوپێک کەوە تا ئەربابی من تۆ لەو حاڵەدا نەبینێ. باقیی کارەکان بەمن و بەلوتفی خودای مەزن بسپێرە چون هەر ئەوە کە هەمیشە پاڵپشتی نییەتی خێرە!»

دیجیتاڵی www.rabari.org

ئانسلێم[٢٢٦] وەک بەچاکی دەتوانین مەزەندەی بکەین بەسەرنجێکی زۆرەوە گوێی دابووە ئەم قسانە و شانۆی تراژێدیی مەرگی شەرافەتی خۆی تەماشا کردبوو، نومایشتێک(*) کە قارەمانەکانی دەوری خۆیان وەها دروست و سروشتی کایە کردبوو کە دەتگوت بەڕاستی هەر ئەوانەن کە دەنوێنن. ئەو بەبێ قەراری چاوەڕوانی داهاتنی شەوبوو تا دەرفەتێکی دەست کەوێ لە حەشارگە بێتە دەر و بچێتە دیتنی دۆستی پایەبەرزی خۆی لۆتێر و پێکەوە لە دۆزینەوەی گەوهەرێکی کە ئانسلێم دە تاقیکردنەوەی شەرافەتی ژنەکەیدا دیتبوویەوە، پیرۆزبایی بەیەکتر بڵێن. دوو دەورگێڕی شانۆ، ئەم دەرفەتەیان بۆ وەدەرکەوتنی ئانسلێم لە حەشارگە ڕەخساند و ئەویش بەکەڵک وەرگرتن لەو کەلێنە بەهەشتاو خۆی گەیاندە ماڵی لۆتێر. ئانسلێم لۆتێری لە ماڵی خۆیدا دیتەوە و باس کردنی ئەوەی کە چەند هەزار جاری ماچ کرد و چەندەی باسی خۆشبەختیی خۆی کرد. چەند تاریفی کامیی کرد و چەندی پێ هەڵاگوت و چی وچی ئەو جۆرەی لازمە بەهیچ کەس ناکرێ و ناگوترێ. لۆتێر بێ ئەوەی بتوانێ کەمترین نیشانەی شادی لەسەر ڕوخساری خۆی ئاشکرا بکا، گوێی بۆ قسەکانی ڕاداشت، چون ویژدانی دەیزانی کە هاوڕێیەکەی دە چ بەهەڵە چوونێکدایە و لۆمەی دەکرد کە بۆچی شەرافەتی دۆستی خۆی بریندار کردووە، ئانسلێم دەیدیت کە هاوڕێیەکەی جوابی خۆشحاڵییەکانی ئەو بەخۆشحاڵی ناداتەوە، بەڵام سەرساردیی هەواڵەکەی دەبردەوە سەر ئەوە کە کامی بەبرینێکی قووڵەوە بەجێ هێشتووە و بووەتە هۆی ئازار و ڕەنج کێشانی ئەو، لەبەر ئەوە دەگەڵ قسە کردنێکی زۆر بەلۆتێری گوت کە هیچ نیگەرانی کامی نەبێ و ئەوە بزانێ کە برینەکەی شتێکی وا نییە، چون ئەو دەگەڵ نەدیمەکەی دەیانەوێ ئەو برینە لەو بشارنەوە. پاشان درێژەی بەقسەکانیدا و گوتی: «هاوڕێ، کەوابوو تۆ لەم بابەتەوە هیچ خۆت ناڕەحەت مەکە. تۆ تەنیا کارێک کە دەبێ بیکەی ئەوەیە لە شادیی مندا بەشداری بکەی، چون لە سایەی خۆ تێهەڵقوتاندن و لێهاتوویی تۆیە کە من خۆم لە ترۆپکی ئەو بەختەوەرییەدا دەبینم کە ئارەزووم دەکرد. من دەمەوێ لەمەودوا تەواوی وەختی بێکاریی خۆم بەگوتنی شێعر لە پەسنی کامیدا تێپەڕ کەم تا نێوبانگێکی جێهانی و ئەبەدی لە بیرگەی سەدەکان و چاخ و سەردەمەکاندا بەو ببەخشم.» لۆتێر ئەو بەرنامەی هاوڕێی خۆی زۆر پێ باش بوو و بەڵێنی دا بەبەشی خۆی دە هەڵچنینی دیواری بڵندی کۆشکی نێوبەدەرەوەیی شانازی ژنەکەیدا یارمەتیی بدا.

٢٢٦- «ڕۆدریگزمارن» ڕەخنەگری ئەسپانیایی، بێ دەماری و خوێریگەریی ئانسلێم بەئێراد دەگرێ و دەڵێ چۆنە لە هیچ کام لەو چرکە ساتە پڕ لە هەیەجانانەدا خۆی نیشان نادا و دەخاڵەت ناکا. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabar.org

پاش ئەو ڕووداوە ئانسلێم بوو بەمێردێک کە دەو دنیایەدا کەسێک ئاوا بەو شیرینکارییە فریو نەدرابوو. خۆی دەستی کەسێکی دەگرت و دەیبردە ماڵی خۆی کە گومانی دەکرد ئەسبابی شانازیی ئەوە لە حاڵێکدا هۆی بێ ئابڕوویی بوو و کامی ئەو کەسەی بەنێوچاوان گرژی بەڵام دڵێکی شاگەشگەی هەیەجانی شادییەوە وەردەگرت. ئەم دەغەڵبازییە ماوەیەک بەردەوام بوو، بەڵام سەرەنجام پاش چەند مانگ زەمانە دەورێکی تری گێڕا. خەیانتێک کە تا ئەودەمە شاردرابووەوە ئاشکرا بوو، و ئانسلێم گیانی خۆی لەسەر ئەم کون پشکنییە بێ جێیەی خۆی بەخت کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣٥

## لەمەڕ شەڕی ماڵوێرانکەری دۆن کیشۆت دەگەڵ مەشکەکانی شەرابی سوور و درێژەی داستانی کون پشکنی بێ تەدبیر

له خوێندنەوەی داستانی کون پشکنی بێ تەدبیر، زۆرتر له چەند لاپەڕە نەمابوو کە لە نەکاو لەو عەمبارەی کە دۆن کیشۆتی تێدا خەوتبوو، سانکۆ پانزا سەراسیمە(*) دەرپەڕی و پڕ بەگەرووی هاواری کرد و گوتی: «ئای بەڕێزان، فریا کەون! ئەربابی من دەرگیری شەڕێکی ترسناک بووە کە من تا ئێستا شەڕی هەترەش بەری ئاوام بەچاوی خۆم نەدیتووە! سوبحانەڵلا، سوبحانەڵلا! بەو خودایە ئەربابی من تەنیا بەیەک زەبری شمشیر سەری دێوەکەی دوژمنی شادۆتی «میکۆمیکۆنا»ی لە عاستی شانییەوە پەڕاندووە، وەک لە تووریدا بێ وایە. کەشیش دەستی لە خوێندنەوەی داستان هەڵگرت و گوتی: ئەوە دەڵێی چی برا؟ مەگەر خەرفاوی؟ چۆن شتی وا دەبێ، ئاخر ئەو دێوە دوو هەزار مایل لێرە دوورە!» دەو دەمەدا دەنگێکی زراوتۆقێن لە شوێنی خەوی دۆن کیشۆت بڵند بووەوە و بەدوای ئەودا دەنگی دۆن کیشۆت بەگوێ گەیشت کە نەعرەتەی لێ دەدا و دەیگوت: «ڕاوەستە ئەی ناپیاو! ڕاوەستە ئەی ڕێگر! ئەی جەردەی نامەرد! چاکم دەگیر کەوتووی! ئەو قەمەی(*) تۆ، هیچ کارێکی دەگەڵ من پێ ناکرێ.» پاش ئەو قسانە زرینگەی شمشیر کە وەداروديوار دەکەوت، بەگوێ گەیشت. سانکۆ پانزا دیسان هاواری کرد: «بەڕێزان وەختی ئەوە نییە دەست لەسەر دەست دابنێن و لە پشت دەرگاوە گوێ ڕابگرن. زوو بچنە ژوور و ئەو شەڕکەرانە لێک جوێ بکەنەوە. یا یارمەتیی ئەربابی من بدەن، هەر چەند تازە نیازێک بەیارمەتی نییە؛ چون ئەو دێوە دەبێ ئێستا مردبێ و خەریکە لەبەر دەرگای خودای مەزن حیسابی لێ دەکێشن و بەکاروباری ژیانی نگریس و چەپەڵی ڕادەگەن، چون من بەچاوی خۆم دیتم خوێن بەسەر عەرزیدا دەهات و کەللەی دێوەکەش لەولاتر کەوتبوو؛ بەڵام چ کەللەیەک بەکەلامەڵلا بەقەدەر مەشکەیەکی شەراب دەبوو! کاروانسەرادار هاواری لێ بڵند بوو «ئەی قوڕم وەسەری! ئەمن بکوژن، ئەگەر درۆم کردبێ! ئەو دۆن کیشۆت یا دۆن قوزەڵقورتە بێ ونەبێ بەشمشێر یەکێک لە مەشکە شەرابەسوورەکانی کون کردووە! و بێگومان ئەو خوێنەی ئەو لاپرەسەنە دەڵێ، شەڕابەکەی منە کە دەڕژێتە خوار.» پاش ئەو قسانە خۆی دە عەمبار ڕاکرد و ئەوانی تریش بەدوایدا چوون و دۆن کیشۆتیان دەسەیرترین وەزعی خۆیدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabaz.org

چاو پێ کەوت: ئەو تەنیا کراسێکی دەبەردا بوو کە دەگەیشتە نێوەی ڕانی و لە پشتەوەشرا شەش قامک قوڵەتر بوو. قاچ و قولی لاواز و ئێسقانی بوو، لەبەر مووی زۆر دەتگوت لاقە بزنن. شەوکلاوێکی سووری چلکن و چەوری لەسەر بوو کە دەتگوت بەعومری خۆی ئاوی وێ نەکەوتووە. باسکی چەپی هەمان لێفەی تێ هاڵاندبوو کە سانکۆ تەنیا خۆی دەیزانی بۆ هێندەی ڕق لێیەتی و شمشیرێکی ڕووتی دەدەستی ڕاستیدا بوو کە بەدەوری خۆیدا هەڵی دەسووڕاند و ڕاست و چەپ دەیوەشاند، هاوکات قسەشی دەکرد، وەک بڵێی بەڕاستی دەگەڵ دێوێک کە دوژمنی(*) بابەکوشتەیەتی شەڕ دەکا. باشییەکەی دەوەدا بوو کە چاوی دۆن کیشۆت بەسترابوو، چون ئێستا دە خەودا بوو، دەخەویشدا بەگژ دێودا چووبوو. ئەوەندەی فکر لەو ڕووداوەی قەرار بوو بەرەوپیریی بچێ کردبووەوە و وەهای کار لە مێشکی کردبوو کە دەخەونیدا دەیدیت گەیوەتە وڵاتی «میکۆمیکۆن» و بەرەنگاری دوژمن بووەتەوە. لەبەر ئەوە بەو خەیاڵە کە وەرگەڕاوەتە دێو، ئەوەندەی شمشیر لە مەشکە شەرابەکان دابوو کە تەواوی ژوورەکە پڕ بووبوو لە شەراب.

کاتێک کاروانسەرادار چاوی بەوهەموو زەرەر و زیانە کەوت، وەها دەرهەڵبوو کە بەمست و شەق و پێلەقە دە گیانی دۆن کیشۆت بەربوو و ئەگەر کاردینیۆ و کەشیش پاڵەوانیان لە بن دەستی نەهێنابا دەر، ڕووداوی شەڕ دەگەڵ دێوی کۆتایی پێ دێنا. بەو حاڵەشەوە، بەو هەموو مست و پێلەقە و شەپ شەپێنە، پاڵەوانی بێچارە بێدار نە دەبووەوە، ناچار دەلاک گۆزەیەکی پڕ لە ئاوی سارد لە چاڵاو هەڵکێشا و هەمووی بەسەریدا کرد. ئەودەم دۆن کیشۆت وەخەبەر هات، بەڵام ئێستاش نەیدەزانی لە چ حاڵێکدایە. دووروونە کە دیتی لیباسی دۆن کیشۆت زۆر کورت و ناجۆرە، نەیویست بچێتە ناو ژوورەکە تا دەشەڕی پاڵەوان و پارێزەری خۆی دەگەڵ دوژمن حزووری هەبێ. بەڵام سانکۆ بەگاگۆڵە(*) چوار گۆشەی ژوورەکەی بەدوای کەللەی دێو دا دەگەڕا و چون نەیدۆزییەوە گوتی: «من زۆر چاک دەمزانی لەم ماڵە لەعنەتی یەدا هەمووشت جادوو کراوە. جاری پێشوو هەر لەم شوێنە کە ئێستا ڕاوەستاوم، هەزار زللە و مست و شەپەلاغەم وێ کەوت، بێ ئەوەی کەسێک ببینم یا بزانم کێیە وەرمگەڕاوەتێ. ئێستاش ئەو کەللە لەعنەتییە غەیب بووە لە حاڵێکدا من بەم دوو چاوەی خۆم دیتم کە سەرەکە بڕا بوو خوێنیش لە بەدەنی بێ سەر فیچقەی(*) دەکرد.»
کاروانسەرادار هاواری کرد کە: «ئەی دوژمنی خودا و پاکانی خودا، باسی کام خوێن و کام فیچقە دەکەی؟ ئەی بۆرە پیاوی خوێڕی، مەگەر کوێری، نابینی ئەو خوێنەی تۆ باسی دەکەی هەر ئەو شەرابەسوورەی منە کە بەهەڵدڕینی مەشکەکانم ڕژاوە و دەو ژوورەدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەپۆلان لێ دەدا؟ خودا بکا ڕۆحی ئەو مەلعوونەش کە ئەم مەشکانەی کون کون کردووە، دە قووڵایی دۆزەخدا ببینمەوە! سانکۆ گوتی: «من لەو قسانە حاڵی نابم. تەنیا ئەوە دەزانم ئەگەر سەری ئەو دێوە نەدۆزمەوە، ئەو کۆنت نشینەی کە دەبێ پێم بگا، وەک خوێ دە ئاودا دەتۆیتەوە.» وەعد و بەڵێنییەکانی دۆن کیشۆت ئەوەندەی مێشکی سانکۆ تێک دابوو کە حاڵی ئەو لە بێداریدا خراپتر لە حاڵی ئەربابەکەی دەخەودا بوو.

کاروانسەرادار کاتێک بێ مبالاتیی مەیتەری دە قەباڵ ئەو هەموو زەرەر و زیانەدا کە بەدەستی ئەربابەکەی پێی گەیشتبوو، چاو پێ کەوت خەنجەرت(*) لێ دابا خوێنی نە دەهات و سوێندی دەخوارد کە ئەمجار وەک جاری پێشوو کە ئەرباب و مەیتەر بێ ئەوەی پووڵێک بدەن و حیساب بکەن، لێیان دابوو ڕۆیشتبوون، نابێ و ئەوجار ئیدی سەرەتی(*) پاڵەوانیی ئەوان بەکاریان نایە و ئەوان لە دانی سەرجەمی خەرج و موخاریجی هەر دووک جاران مەعاف ناکا، تەنانەت حەقدەستی دوورین و پینەکردنی پێستە بزنەکانیشیان لێ وەردەگرێ. کەشیش دەستی دۆن کیشۆتی گرتبوو و پاڵەوان کە پێی وابوو مەسەلەی کوشتنی دێوەکەی تەواو کردووە و ئێستا لە خزمەت شازادەخانم میکۆمیکۆنا ڕاوەستاوە، لە بەرامبەر کەشیشدا کەوتە سەر ئەژنۆ و گوتی: «لەو ڕووەوە ئەی خاتوونی جوان و بێ وێنە، دەتوانن دەئەمن و ئەماندا ژیان بەسەر بەرن و لە هێرش و خراپەی ئەو دوژمنە ناپاکە هیچ ترسێکتان نەبێ و هەروەها لە مرۆکەوە قەراری من و ئەو قەولەی کە پێم دابوون کۆتایی پێ دێ. چون بەیارمەتیی خودا و بەخاتری لوتف و ئاوڕ وێدانی ئەو کەسەی کە من بەبۆنەی ئەوەوە زیندووم و نەفەس دەکێشم، قەولی خۆم گەیاندووەتە سەر. سانکۆ هەرکە ئەم قسانەی بیست، دەنگی بەرز کردەوە کە: «نەمگوت؟ ها! پێتان وابوو من مەستم؟ ئێستا بۆ خۆتان چاو لێ کەن! مەگەر ئەربابی من دێوەی سللار نەکردووەتەوە؟ شوکری خودا کە زەیستان زاو دووک نشینی من لە دایک بوو!» کێ دەیتوانی بەم هاتەران پاتەرانەی ئەرباب و مەیتەر لەبەر پێکەنین خۆی بۆ ڕابگیرێ. هەموو قاقا پێ دەکەنین و کاروانسەرادار نەبێ کە خەنجەرت لێ دابا خوێنی لێ نەدەهات. سەرەنجام کەشیش و کاردینیۆ و دەلاک بەهەزار زەحمەت دۆن کیشۆتیان بردەوە سەر نوێن و بانەکەی و خەواندیانەوە و ئەویش وەک کەسێکی زۆر ماندووی شەکەت و لە پێ کەوتوو زۆر زوو خەوی لێ کەوتەوە. یاران لە دۆن کیشۆت بوونەوە تا بخەوێ و هاتنەوە بەر دەرکی دەروازەی کاروانسەرادار تا سانکۆ پانزا کە نەیتوانیبوو سەرەبڕاوەکەی دێوی مەلعوون بدۆزێتەوە، بڵاوێننەوە. بەڵام بۆ ئەهوەن کردنەوەی کاروانسەرادار کە لە عەزای مەشکە شەرابەکانیدا ماتەم دای گرتبوو،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زەحمەتێکی زۆرتریان کێشا. ژنی کاروانسەراداریش بەسەری خۆیدا دەدا و زیڕەی لێ بڵند بوو کە: «نفرین لەو سەعاتەی کە ئەم پاڵەوانە سەرگەردانە مەلعوونە پێی دەماڵی من نا و ئەو هەموو زەرەرەی لێ داین! جاری پێشوو بەملی شکاوی هاتە ئێرە، بەبیانووی ئەوەی پاڵەوانی سەرگەردانە نە پووڵی تەخت و خۆراکی خۆی و مەیتەری و نە حیسابی کا و جۆ و تەویلەی ولاغەکانیان دا. (خوداوەند، ئەو و هەموو گۆنگەڵ خوازانی دنیا کە لێرەو لەوێ بەرەڵلا بوون لەوەی کە هەن گرفتارتر بکا!) و دەیگوت ئەرکی دانی هیچ حیساب و کیتابێکی نییە، چون یاساکانی پاڵەوانانی سەرگەردان وایان نووسیوە. ئەوجار چاو لەو جانەوەرە بەزیاد نەبووە بکە کە کلکەگای منی هەڵگرت و پاش ئەوەی نیوەی مووەکانی وەراندووە، بۆی هێناومەوە و تازە بەکەڵکی ئەو کارە نایە کە مێردەکەم دەیەویست. ئاغاش بۆ ئەوەی شیرین کارییەکانی تەواو بکا شەڕابەکانم لێ دەڕێژی و مەشکەکانم دەدڕێ. خودا بکا خوێنی خۆیشی ئاوا بڕێژن! بەڵام سوێندم بەئێسقانەکانی باوکم و سوێندم بەرۆحی دایەگەورەم، ئەگەر ئەمجارە حیسابی خۆی تا دیناری ئاخر نەدا، نایەڵم لەجێی خۆی ببزوێ! ئەگەر وا نەبوو ئیدی من کچی بابی خۆم نیم و ناوی خۆم دەگۆڕم!» ماری تۆڕن قەرەواشی ماڵێ، هەروەها زۆری شیرەشیرِ کرد و قسەکانی خانمی خۆی دووپات دەکردەوە! تەنیا کچی کاروانسەرادار بوو کە چیی نەدەگوت و جارجارە بزەیەکی دە هاتێ.

سەرەنجام کەشیش ئەو تۆفانەی دامرکاندەوە و قەولی دا کە زەرەر و زیانی کەوتوو لە مەشکی هەڵدڕاوی شەرابی ڕژاو قەرەبوو بکاتەوە و هەروەها زیانی کلکەگا کەژنی کاروانسەرادار هێندەی بۆ دەزیقاند، بداتەوە.

دووروونەش سانکۆ پانزای لاواندەوە و پێی گوت، چون بەڕواڵەت وێ دەچێ کە ئەربابەکەی سەری دێوەکەی پەڕاند بێ، بەڵێنی دەدا هەر کە لە وڵاتی خۆی دامەزرایەوە، باشترین کۆنت نشینی ئەو دەڤەرەی پێ ببەخشێ. ئەم بەڵێنییە سانکۆی هێناوە سەرخۆ و ئەو لە شازادە خانمی تکا کرد بەیەقین باوەڕ بکا کە سەری بڕاوی دێوی بەچاوی خۆی دیتووە، نیشان بەو نیشانەی کە دێوەکە ڕدێنێکی پێوە بووە کە گەیوەتە سەر کەمەری و ئەگەر سەرەکە نەدۆزراوەتەوە هۆیەکەی ئەمەیە کە لەم کاروانسەرایەدا هەموو کارێک بەهێزی سیحر و جادوو ئەنجام دەدرێ. هەر وەک جاری پێشوو کە کاتێک لەم کاروانسەرایەدا ئاکنجی(*) بووە، ئەم ڕاستییەی بەلەشی خۆی تاقی کردووەتەوە. دووروونە گوتی هیچ شکی دەراستیی قسەکانی ئەودا نییە، کەوابوو غەم و پەژارە بەدڵی ڕێ نەدا، چون هەمووشتێک بەدڵخوازی ئەو جێبەجێ دەبێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کاتێک ئەهوەنی بەرقەرار بووەوە و ئاو بەئاوریدا(*) کرا و هەموو خۆشحاڵ بوونەوە، کەشیش ویستی چەند لاپەڕەیەک کە لە داستانەکە مابوو بیخوێنێتەوە، ئەزقەزا کاردینیۆ و دووروتەش خواهیشتیان لێ کرد، ئەو کارە بکا. لەبەر ئەوە کەشیش لەبەر خۆشحاڵیی ئەوان و حەزێکی کە خۆی لە خوێندنەوەی داستانەکەی دەبرد، درێژەی بەخوێندنەوە دا:

ئەوەی بەرهەمی ڕووداوەکە بوو ئەوە بوو کە چون ئانسلێم لەوە بەدوا لە پاکداوێنیی ژنەکەی متمانەی پەیدا کرد، ڕۆژگاری بەبەختەوەری و خۆشی ڕادەبوارد. کامی هەر وەک جاران ڕووی گرژی بەلۆتێر نیشان دەدا تا مێردەکەی هەست و سۆی دەروونی ئەو بەرامبەر بەو لاوە هەست پێ نەکا و بەپێچەوانەی لێ حاڵی بێ و لۆتێر بۆ ئەوەی زۆرتر ئانسلێم فریو بدا، تکای لە هەواڵەکەی کرد، ئەگەر بەمەسڵەحەتی بزانێ چی تر هاتوچۆی ماڵی ئەو نەکا، چون بەئاشکرا دەیدیت کە کامی لە دیتنی ئەو خۆشحاڵ نییە، بەڵام ئانسلێم کە هەروا دەهەڵەدا بوو بەهیچ جۆر ئامادەی قبووڵی ئەم خواهیشتە نەبوو و بەمجۆرە بەهەزار جۆر دەبووە هۆی بێ ئابڕوویی خۆی، لە حاڵێکدا خۆی بەهۆکاری بەختەوەریی خۆی دەزانی. هاوکات لێئۆنلاش ڕۆژلەرۆژ زیاتر، سەرمەست لەو حەزو خۆشییەی کە دڵداری و خۆشەویستیی دڵدارەکەی بەوی دەگەیاند، زۆر بەبێ پەروایی و بەبێ ئاگاداری لە خۆی درێژەی بەدڵداریی خۆی دەدا، سەرەنجام شەوێک ئانسلێم لە وەتاغی لێئۆنلاوە هەستی بەخشپەی پێیەک کرد و کاتێک ویستی بڕواتە ناو ژوورەکە تا بزانێ کێ لەوێیە، پێی زانی کە لە پشتەوەڕا دەرکەکەیان ڕاگرتووە و ناهێڵن بکرێتەوە. ئانسلێم کە لەم پێش پێ گرتنە دەر هەڵبوو بوو، بەزۆری دەرگاکەی کردەوە و دروست وەختێک وە ژوور کەوت کە پیاوێک خەریک بوو لە پەنجەرەوە خۆی فڕێ داتە خوارەوە. ئانسلێم ڕای کرد کە بیگرێ یا لانی کەم بیناسێ، بەڵام لێئۆنلا سەر ڕێی لێ گرت و ئامێزی پێدا کرد و گوتی: «لەسەرخۆ بە ئەرباب، هەرا و هەنگامە ساز مەکە و وەدوای ئەو پیاوەی کە دیتت مەکەوە! ئەو زۆر لە من نیزیکە. ئەوەندە نزیک کە دەتوانم بڵێم مێردمە. ئانسلێم ئەم درۆ دەغەڵبازانەی باوەڕ نەکرد و بەپێچەوانە خەنجەری هەڵکێشا و لەسەر لێئۆنلای ڕاگرت و پێی گوت ئەگەر ڕاستی پێ نەڵێ جێبەجێ دەیکوژێ. لێئۆنلا ترسی ڕێ نیشت و بێ ئەوەی بزانێ دەڵێ چی دەنگی هەڵبڕی کە: »ئاه، ئەرباب مەمکوژە! من شتی زۆر گرینک ترم لە لایە کە پێتی بێژم. شتی وا کە هەرگیز بەفکرت دا ڕانەبردووە.

ئانسلێم گوتی زوو بیڵێ دەنا هەر ئێستا گیانت لێ دەستێنم.

لێئۆنلا گوتی: «من ئێستا ئەوەندە پەشۆکاوم کە هیچم پێ ناگوترێ، بەڵام تا بەیانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مـۆڵەتم بدە، ئەودەم شـتی وات پێ دەڵێم سـەرت سـوڕ بمێنێ. ئەوجـار خـاترجـەم بە، ئەو پیاوەی بەپەنجەرەدا خۆی دەرباز کرد، لاوێکی ئەو شارەیە کە دەیەوێ بمخوازێ.» هەر ئەو چەند کەلیمە تووڕەیی ئانسلێمی دامرکاند و مۆڵەتی لێئۆنلای دا سبەینێ قسەی بۆ بکا، چون هیچ پێی وا نەبوو کە دژی کامی کە چی تر دە شەڕافەتی ئەودا گومانی نەمابوو، هیچ شتێک ببیسێ. ئانسلێم لە وەتاغ هاتە دەر و دەرگای لەسەر لێئۆنلا قفڵ کرد و گوتی تا ئەو قسانەی گووتوویە لێی نەبیستێ، ئازادی ناکا. پاشان بەپەلە ڕۆیشتە لای کامی و ئەوەی دیتبووی و بیستبووی بۆی گێڕاوە، هەروەها گوتی نەدیمە قەولی داوە، هێندێ قسەی زۆر گرینگی بۆ باس بکا. باس کردنی ئەوە کە کامی لەو زەبرە گرچووبرە چاوەڕوان نەکراوە، تێک چوو یا نا، شـتـێکی زیادییە. کامی دەگەڵ بیسـتنی ئەو قسـە، بەو بۆچوونە کە نەدیمەکەی هەرچی لەمەڕ خەیانەتی ئەو دەیزانێ بەئانسلێمی دەڵێ – بۆچوونێکی کە دوور لە چاوەڕوانی نەبوو – ئەوەندە ترسا، کە دە خۆیدا تەنانەت ئەوەندەی ورە نەبوو، سەبر بکا تا ئەو گومانە وەڕاست بگەڕێ؛ ناچار هەر ئەو شەوە هەر کە سۆزەی ئەوەی کرد کە ئانسلێم خەوی لێ کەوتووە، بەقیمەتترین جەواهێراتەکانی خۆی کۆ کردەوە و هێندێکیشی پووڵ هەڵگرت، پاشـان بێ ئەوەی کەسێک لە ڕۆیشـتنی ئاگادار بێ لەماڵ وەدەرکەوت و یەکڕاست ڕۆیشتە ماڵی لۆتێر. هەر کە گەیشتە ئەوێ ڕووداوەکەی بۆ لۆتێر گێڕاوە و لێی ویست ئەو لە جێگایەکی ئەمین دابنێ، یا هەر دووکیـان خـۆیان دەرباز بکەن، بۆ ئەوەی نەکەونە بەر پەلاماری ڕق وتووڕەیی ئانسلێم. نیگەرانییەکی وەها قورس لۆتێری داگرت کە نەیدەزانی بڵێ چی و لەوەش خراپتر نەیدەزانی دەبێ چ بکا. ئاخری بەکامیی گوت، باشترە ئەو بەرێتە دەیرێک کە خوشکەکەی پێی ڕادەگەیشت، کامی قبووڵی کرد و لۆتێر بەپەلەیەکی زۆرەوە کە لەو کاتە نالەبارەدا پێویست بوو، هاودەستی خۆی بردە دەیر و بەوێی ئەسپارد و خۆشی بێ ئەوەی بەکەس بڵێ لە شار وەدەرکەوت و ڕۆیشت.

هەر کە ڕۆژ بووەوە ئانسلێم بێ ئەوەی سەرنج بدا کە ژنەکەی لە لای نییە، بەتاسەی بیستنی بابەتگەلێک کە قەرار بوو لە زبانی لێئۆنلای ببیستێ لە جێی خۆی هەستا و بەهەشتاو خۆی گەیاندە ئەو ژوورەی کە لێئۆنلای تێدا ڕاگیر کردبوو. دەرگاری کردەوە و ڕۆیشـتـە ژوور، بەڵام نەدیمەی نەدیتەوە، ئەوجـار لەو مـەلافـانەی کـە بەپەنجـەرەوە گرێ درابوون تێ گەیشت کە نەدیمە هەڵاتووە. بەدڵێکی تەمـاوییـەوە گـەڕایەوە لای کـامی تا داستانی سەرنەکەوتنی خۆی بۆ بگێڕێتەوە کە چی ئەوی نە لە نێو جێوباندا دیت و نە لە هیچ شـوێنێکی مـاڵەکەیدا. واق وڕمـا و سەرلێشێواو لەسەر جێی خۆی ڕەق هەڵاتبوو!

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێچارە هەر چی لە دەست وپێوەندی ماڵێی پرسی کەس نەیزانی هەواڵێکی ژنەکەی بداتێ. هەروا کــە بەدوای کــامــیــدا ژوور بەژوور دەگــەڕا، لە نەکــاو پێی زانــی کــە دەرگــای سندووقچەکانی کراوەتەوە و بەشی زۆری جەواهێراتەکەی دیار نییە. ئەوجار ڕاستییەکی شوومی بۆ ڕوون بووەوە، و ئیدی گوناهی بەدبەختیی خۆی نەخستە سەر ملی لیئۆنلا. دەستبەجێ بێ ئەوەی جلوبەرگەکانی بەتەواوی دەبەر بکا، غەمگین و مات و مەلوول بەپەلە ڕۆیشتە ماڵی لۆتێر کە دەردی خۆی پێ بڵێ، بەڵام کە ئەویشی نەدیتەوە و لە نۆکەرەکانی بیست کە لۆتێر هەر ئەو شەوە بەهەموو پووڵ و پارە و نەغدینەیەکەوە کە هەیبوو ڕۆیشتووە، ئانسلێم وای بەسەرهات کە پێی وابوو شێت بووە. بۆ تەکمیلی دێوانەییەکەی کاتێک گەیشتەوە ماڵ هیچ کام لە نۆکەر و کلفەت و دەست وپێوەندەکانی نەمابوون. ماڵ بێدەنگ و خاڵی لە گیانلەبەر بوو. لەو ساتەدا هیچ نەیزانی دەبێ فکر لە چی بکاتەوە. چ بڵێ و چ بکا. کەم کەم سەری دەگێژەوە دەهات. حاڵ وڕۆژی خۆی دێناوە بەرچاو و دەیدیت لەیەک چرکەساتدا بێ ژن و ماڵ و کلفەت و نۆکەر ماوەتەوە و خودا و سرووشت ڕوویان لێ وەرگێڕاوە و لە هەمووش خراپتر بێ ئابڕوو بووە، چون نەمانی خۆی بەئاشکرا دەهەڵاتنی کامیدا دەدیت. سەرەنجام پاش ماوەیەک سەرگەردانی لێ بڕا بگەڕێتەوە ماڵی دۆستی هاوینە هەوارەکەی کە بۆ چنینی داو و تۆڕی چارەڕەشیی خۆی ماوەیەک لەوێ خۆی مات دابوو. دەرگاکانی گاڵەدا و سوار بوو. وەڕێ کەوت لە حاڵێکدا بەزەحمەت هەناسەی بۆ دەکێشرا. بەڵام هێشتا نیوەی ڕێ نەڕۆیشتبوو کە غەم و پەژارە و فکر و ئەندێش بەسەریدا زاڵ بوون و ناچار دابەزی و ئەسپەکەی لە دارێک بەستەوە، خۆشی لە بن دارەکە وەعەرزی کەوت، لە حاڵێکدا بۆچرووک لە هەناسەکانییەوە دەهات تا کاتی ڕۆژاوا لەوێ مایەوە. لەو کاتەدا سوارێک کە لە شارەوە دەهات بەوێدا تێ پەڕی و ئانسلێم پاش سڵاو و بەخێرهاتن، هەواڵی شاری لێ پرسی. ڕێبوار گوتی: «هەواڵێک کە زۆر لە مێژە کەس شتی وا سەیری نەبیستووە. لەهەموو جێیەک قاوە کە لۆتێر دۆستی ئانسلێمی دەوڵەمەندی شار، کە ماڵی لە نزیک «سێن ژان»ە شەوی ڕابردوو کامیی ژنی دۆستی خۆی هەڵگرتووە و هەڵاتووە و ئانسلێمیش ونە و دیار نییە. ئەم هەواڵە یەکێک لە کلفەتەکانی کامی بڵاوی کردووەتەوە کە حاکمی شار دوێنێ شەوێ لە کاتێکدا کە لە پەنجەرەوە خەریکی هەڵاتن بوو، گرتوویەتی. من بەدروستی نازانم ڕووداوەکە چۆناوچۆن بووە، بەڵام دەزانم کە هەموو خەڵکی شار لەو ڕووداوە سەریان سوڕماوە، چونکا هەموو دەزانن کە ئانسلێم و لۆتێر دۆستی گیانی بوون و کەس چاوەڕوانی کارێکی وا نەبوو. بەتایبەتی کە ئەم دۆستایەتییە ئەوەندە پتەو بوو کە

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabar.org

ئەو دووانە بەناوی «یاری غار» نێوبانگیان ڕۆیشتبوو. ئانسلێم پرسی: ئایا تۆ دەزانی لۆتێر و کامی بەچی ڕێگایەکدا ڕۆیشتوون؟ کابرای فلۆرانسی گوتی: نەخێر من هیچ ئاگادارییەکم لەم بابەتەوە نییە، هەر چەند حاکمی شار زۆر بەتوندی لە حەولی ئەوەدایە شوێنیان هەڵگرێ و بیاندۆزێتەوە. ئانسلێم گوتی: باشە قوربان. خودات دەگەڵ بێ.» ڕێبواریش گوتی: «مالاوا، خودا بتپارێزێ!» و دەنگی ئەسپی دا و دوور کەوتەوە.

ئانسلێمی چارەڕەش بەبیستنی ئەو قسانە نە تەنیا عەقڵ و هۆشی دەسەریدا نەما، بەڵکو چی وای نەمابوو حەیاتی لێ ببڕێ. بەزەحمەت هەستا و هەر چۆنێک بوو خۆی گەیاندە ماڵی دۆستەکەی کە هێشتا نەیدەزانی چ خەبەرە و چ بەدبەختییەک لە دۆستەکەی ڕووی داوە. کاتێک ئانسلێمی ئاوا بزرکاو و ترساو، بەلەرزەلەرزەوە دیت، پێی وابوو کە نەخۆشییەکی ترسناکی گرتووە. ئانسلێم تکای لێ کرد، جێ وبانێکی بۆ پان کەنەوە و کاغەز و قەڵەمێکیشی بۆ نووسین بدەنێ. بەپەلە هەموو شتێکیان بۆ ئامادە کرد و پاشان بەتەنیا لە ژوورێکدا بەجێیان هێشت و تەنانەت بەئەمری ئەو دەرگاشیان لەسەر داخست. ئانسلێم کە خۆی تەنیا دیتەوە بیری ئەو بەدبەختییانە، ئەوی خستە حاڵێکی وا ناخۆش و نالەبار و غەم و پەژارە وەهای گوشار بۆ هێنا کە هەستی کرد وردەوردە گیان لە لەشی دێتە دەر و خەریکە دەمرێ. کاتێک ویستی چەند دێڕێک لەمەڕ هۆی مەرگی خۆی بەجێ بێلی و قەڵەمی بەدەستەوە گرت کە شتێک بنووسێ و ئەوەی دەدڵیدایە بیخاتە سەر کاغەز، نەفەسی تەنگ بوو و دەژێر زەبری دەرد و ژان و پەژارەدا دڵی تۆقی و دنیای بێ وەفای بەجێ هێشت.

سبەی ئەو ڕۆژە کاتێک دیتیان درەنگ وەختە و ئانسلێم هەست و خوستی نییە و کەس بانگ ناکا، خاوەن ماڵ خۆی گەیاندە ژوورەکەی بۆ ئەوە بزانێ نەخۆشییەکەی هەر بەردەوامە یا خێر. کاتێک وەژوور کەوت، چاوی پێ کەوت کە بێ بزووتنەوە لەوێ کەوتووە، نیوەی بەدەنی لەسەر جێ وبانەکەیەتی و نیوەی لەسەر مێزی نووسینەکەیەتی. کاغەزێک لەبەر دەمی کراوەتەوە و ئەو قەڵەمەی کە داوای کردبوو هەر بەدەستیەوە بوو. خاوەن ماڵ لێی نزیک بووەوە و بەنێو، بانگی کرد و سەرەنجام تێ گەیشت کە مردووە. گێژ و وڕ و ناهومێد، بانگی نۆکەرانی کرد کە بێن و ببینن چ قەوماوە، ئەوجار کاغەزێکی کە لێی سوور بوو بەخەتی ئانسلێم خۆیەتی، خوێندەوە کە تێی دا نووسرابوو: «هەوەسێکی ئەحمەقانە و بێ شەرمانە ژیانی منی کۆتایی پێ هێنا. ئەگەر هەواڵی مەرگی من بەکامی بگا، با بزانێ من ئەوم بەخشیوە. ئەو مەجبوور نەبوو موعجیزە لە خۆی نیشان بدا و منیش نەدەبووایە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


چاوەڕوانی موعجیزە لەو بکەم، کەوابوو من خۆم هۆکاری بێ ئابڕوویی خۆم بووم و دروست نییە کە...» ئانسلێم لەوە زۆرتری بۆ نەنووسرابوو، دیار بوو پێش ئەوەی بتوانێ ڕستەکەی تەواو بکا ژیانی کۆتایی پێ هاتبوو. سبەی ئەو ڕۆژە دۆستەکەی ئانسلێم هەواڵی مەرگی ئەوی بۆ دایک و بابی برد کە ئەوانیش لە ڕووداوەکە ئاگادار بووبوونەوە. ئەوان ئەو دەیرەشیان دەناسی کە کامی پەنای بۆ بردبوو. کامیش لەوانە بوو، بەهۆی غەیب بوونی فاسقەکەی، نە بەهۆی مردنی مێردەکەی، سەفەری ئەو دنیا بگرێتە بەر، دەڵێن هەر چەند کامی بووبووە بیوەژن، بەڵام نەیدەویست لە دەیر بێتە دەر و نەزرە مەزهەبییەکانیشی بەجێ نەدەهێنا، تا ئەوەی پاش چەندێک بەگوێی گەیشتەوە کە لۆتێر دەشەڕێکدا کە میسیۆلۆتریک[٢٢٧] دەگەڵ سەرداری گەورە «گۆنزالۆ کۆردۆیی» لە ولاتی ناپل کردوویەتی کوژراوە. کامی بەبیستنی ئەم هەواڵە بوو بەڕاهیبەو هێندێک دواتر دەنێو گریان و فرمێسکدا کۆچی دوایی کرد. ئەوە بوو کۆتایی غەمناک و دڵتەزێنی داستانێک کە سەرەتایەکی شێتانەی بوو.

کەشیش گوتی: بەڕای من ئەم داستانە خراپ نییە، بەڵام ناتوانم بڵێم کە بەڕاستی ڕووی داوە. ئەگەر داستانێکی ساختە بێ، نووسەر چاکی دارشتووە، چۆن ناتوانین باوەڕ بکەین لە دنیا مێردێکی ئاوا کەر و بێ عەقڵ پەیدا بێ کە وەک ئانسلێم تاقی کردنەوەیەکی ئاوا لەسەر ژنی خۆی بکا. دیسان ئەگەر گریمان ئەم ڕووداوە لە نێوان فاسقێک و گراوییەک دابایە شتێک بوو، بەڵام لە نێو ژن و مێرداندا بەدوورە شتی وا ڕووبدا. بەڵام شێوەی گێڕانەوەی داستانەکەم پێ جوانە.

---

٢٢٧- لێرەدا هەڵەیەکی مێژوویی لە ئارادایە؛ ئەویش ئەوەیە کە سەرداری گەورە گوانزالۆ کۆردوایی Ganzalve de Cordoue لە ساڵی ١٥٠٧دا ئیتالیای بەجێ هێشت و ساڵی ١٥١٥ لە شاری غەرناتە کۆچی دوایی کرد. لە حاڵێکدا «میسیۆ لۆتورک» ساڵی ١٥٢٧ فەرماندەیی هێزی فەرانسەوی لە ناپلدا بەعۆدە گرت. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## لەمەڕ چەند ڕووداوێکی سەیری تر لە کاروانسەرادا

لەو کاتەدا کاروانسەرادار کە لەبەر دەرکی کاروانسەرا ڕاوەستابوو، هاواری کرد: ئەلحەمدولیللا! ئەوە شوکری خودا دەستەیەک میوان دێن! ئەگەر لێرە بمێننەوە، ئێمە شتێکمان دەست دەکەوێ. کاردینیۆ پرسی: موسافیرەکان چ جۆر کەسانێکن؟ کاروانسەرادار گوتی: چوار سوارن کە سواری ئەسپی گەورە و بەخۆوە(*) بوون و بەنێزە ومەتاڵ چەکدارن و هەر چواریشیان نیقابیان بەڕۆخسارەوەیە. لە نێو ئەم سوارانەدا خانمێک بەجلوبەرگی سپییەوە دەبیندرێ کە لەسەر زینێکی باش و بەرەحەت دانیشتووە کە ئەویش نیقابی بەستووە. دوو نۆکەری پیاویش بەدوایانەوەن. کەشیش پرسی: زۆر نزیکن؟ کاروانسەرادار گوتی: ئەوەندە نزیک کە هەر ئێستا دەگەنە بەر دەرگا.» کاتێک دوورووتە ئەو قسەیەی بیست دەستبەجێ ڕوخساری خۆی بەلەچکەیەک داپۆشی و کاردینیۆش بەهەڕەمە ڕۆیشتە ئەم ژوورەی کە دۆن کیشۆتی لێ خەوتبوو. ئەو دووە هێشتا لەو کارە بەتێبینییانە تەواو نەبووبوون کە کاروانی موسافیران لە کاروانسەرا دابەزین. ئەو چوار سوارە کە سەر و وەزعێکی ڕازاوە و شکۆمەندیان هەبوو، کاتێک دابەزین، چوونە لای خاتوونی سپی پۆش و بەڕێزەوە دایان بەزاند و یەکێک لەوان خاتوونی دەباوەش گرت و لەسەر کورسییەک لە بەردەمی ئەو ژوورەی کاردینیۆ، خۆی تێدا حەشاردا بوو، دای نا. لە تەواوی ئەم ماوەدا نە ئەو چوار سوارە و نە خاتوون نیقابیان لەسەر ڕوخساری خۆیان لادابوو نە یەک وشەیەک لە زاری هاتبووە دەر. تەنیا، خاتوون کاتێک لەسەر کورسی دایان نا ئاهێکی قووڵی کێشا و وەک نەخۆشێکی بەرەومەرگ و بێ حاڵ، هەر دووک باسکی بەو لاولای بەدەنیدا بەربوونەوە. نۆکەرە پیاوەکان ئەسپەکانیان بردە تەویلە. کەشیش بەدیتنی ئەم وەزعە کێچی(*) دەکەوڵی کەوت کە بزانێ ئەوانە کە ورتەیان لێ نایە، چ کەسن و بۆچی بەنەناسراوی سەفەر دەکەن. بۆ ئەم مەبەستە خۆی گەیاندە نۆکەرە پیاوەکان و لەیەکیان پرسیاری کرد. نۆکەر گوتی: «ببوورە بەڕێز، من ڕەنگە نەتوانم پێت بڵێم ئەم سوارانە کێن: تەنیا دەتوانم عەرزت بکەم کە بەبڕوای من ئەوانە کەسانێکی ناسراو و بەناوبانگن، بەتایبەتی ئەو پیاوەی کە خاتوونی دە ئامێز گرت و لەبەر ئەوەش ئاوات عەرز دەکەم، چون سێ کەسەکەی تر زۆری ڕێز بۆ دادەنێن و بەئەمری ئەو هەڵدەستن و دادەنیشن و بێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمری ئەو هیچ کارێک ناکەن. کەشیش پرسی: ئەدی ئەو خاتوونە کێیە؟ نۆکەر گوتی: لەم بارەشەوە هیچ نازانم، چون دەتەواوی مەودای ئەو ڕێگا دووروودرێژەدا تەنانەت گۆشەیەکم لە ڕوخساری ئەو نەدیتووە و ئەگەر لەمەڕ ئاخ کێشانەکەی دەپرسی دەبێ بڵێم ئاخی چی! چەند جار گوێم لێ بوو کە ئاخ کێشانەکەی دەگەڵ ناڵە و زریکە تێکەڵ دەبوون و دەتگوت ئێستا نا ئێستا گیانی دەردە چێ، بەڵام پێت سەیر نەبێ کە من و هاواڵەکەم لەوە زۆرتر شتێک نازانین، چون هەمووی دوو ڕۆژ پتر نییە کە ڕەگەڵ ئەو سوارانە کەوتووین. ئەوانە لە ڕێگا دا تووشی ئێمە بوون و خواهیشتیان کرد تا ئەندلۆس دەگەڵیان بچین و قەولیشیان داوە، مزەیەکی باشمان بدەنێ. کەشیش پرسی: ئێوە هیچ گوێتان لێ بوو ئەوانە بەناو یەکتری بانگ بکەن! نۆکەر گوتی: نەخێر هیچ شتێکمان نەبیستووە، چون ئەوانە ئەوەندە بێ دەنگن، دەڵێی نەزریان کردووە قسەیان لە دەم نەیەتە دەر. پیاو بێجگە لە ناڵە و گریانی ئەو خانمە هیچ نابیسێ. ئەویش ئاه و ناڵەیەک کە جەرگت دەکاتە کەباب و ئێمە وای تێ دەگەین کە ئەم خاتوونە بەزۆرەملی و بەپێچەوانەی ویستی خۆی بۆ شوێنێکی نادیار ڕادەکێشن. ئەوەی لە جلوبەرگی ڕەشی خاتوون دەتوانین مەزەندەی بکەین، ئەوەیە کە ئەو لە زومرەی ژنانی دەیر بێ یا لەوانە بێ بەزوویەکی زوو ببێتە ڕاهیبە و ئەوەی زۆرتر وێ دەچی، وە ڕەنگە هۆی غەم و پەژارەکەی ئەوە بێ کە مەیلی دەیرنشینی نەبێ. کەشیش گوتی: بەڵێ ئەوانە هەمووی وێ دەچێ وابن.» و، کاتێک لە تەویلە هاتە دەرەوە، ڕۆیشتە لای دووروو‌تە. لەو لاوە دووررووتە هەر کە گوێی لە ئاه و ناڵینی خاتوونی نیقابدار بوو بەپێی سروشتی ژنانەی خۆی کە دڵسۆزییە بەرانبەر بەهاوجسنی خۆی، لێی نزیک بووەوە و پرسی: «ببوورە خاتوون، بەڕێزتان بۆ هێندە نارەحەتن، چیتانە، کوێتان دێشێ؟ ئەگەر دەردەکەت لەوانەیە کە ژنان بەپێی عادەت و ئەزموون دەتوانن چارەسەری بکەن، بەهەموو توانامەوە دەخزمەتت دام.» خاتوونی ڕەنجەرۆ(*) لە بەرامبەر ئەم قسانەدا بێدەنگ بوو، تەنانەت ورتەیەکیشی لێ نەهات. سەرەنجام سواری نیقابدار کە ئەوانی تر دەژێر فەرمانیدا بوون هاتە لای خاتوون و بەدووررووتەی گوت: «خانم بێهوودە وەختی خۆت بۆ دەربڕینی ئامادە بەخزمەت بوون لای ئەو خانمە زایە مەکە، چونکە عادەتی ئەوەیە دەبەرانبەر خزمەتێکی کە پێی دەکەن، بەقەت سەری دەرزییەک ئەمەگناسیی نییە. کەوابوو ئەگەر ناتەوێ درۆیەک لە زبانی ئەو ببیسی، لەوە زۆرتر خۆت بۆ وەرگرتنەوەی جوابێک عەزاب مەدە. خاتوونی نیقابدار گوتی، نەخێر وانییە، من تا ئێستا هەرگیز درۆم نەکردووە! بەپێچەوانە چون هەمیشە ڕاستگۆ و دروستکار و دوژمنی درۆ و دەغەڵبازی بووم، ڕۆژم بەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

ڕۆژە گەیشتووە و ئەگەر دەبێ بۆ چەسپاندنی قسەی خۆم، شاهیدێک بناسێنم، دەمەوێ ئەم شاهیدە تۆ خۆت بی، چون عیشقی بێ شیلە و پیلەی من بەڕاستییە، کە تۆی ئاوا درۆزن و دەغەڵ کردووە.»

کاردینیۆ ئەو قسانەی بەتەواوی گوێ لێ بوو، چون ئەو ئەوەندە لە وێژەرەکە نزیک بوو کە لە مابەینی ئەواندا تەنیا دەرگای ژووری نووستنی دۆن کیشۆت بوو؛ ئەوە بوو کە لە نەکاو هاوارێکی دڵهەژێنی کێشا و گوتی: «ئاخ! خودای مەزن! چ دەبیسم؟ ئەم دەنگە هی کێیە کە هێندە بەگوێم ئاشنایە؟» خاتوون بەبیستنی ئەم دەنگە بەسەرسوڕماوییەکی زۆرەوە ئاوڕی دا پشتەوە و چون کەسی نەدیت لە جێی خۆی هەستا تا بچێتە ناو ژوورەکە، بەڵام سوار کە بەسیلەی چاو ئاگاداری ڕەفتاری ئەو بوو، پێشی پێ گرت و نەیهێشت یەک هەنگاو هەڵێنێتەوە، خاتوون لەو شۆڕ و هەیەجانەدا نیقابی لەسەر ڕووی خۆی لادا و جوانی و جەماڵێکی بێ وێنە و ڕوخسارێکی فریشتە ئاسا. بەڵام ڕەنگ پەڕیو، کەوتە دەر. چاوەکانی بێ وچان دەگەڕاند و حەیران و سەرگەردان بوون. نیگاکانی ئەوەندە مەخشووش و نیگەران بوون کە دەتگوت نیگای دێوانەیەکن و ئیشارە شێتانەکانی باوەکو کەس لە نهێنییەکانی حاڵی نەبوو، هەستی بەزەیی لە دڵی دوورووتە و باقیی ئەو کەسانەدا کە بۆی بەپەرۆش بوون، بزوان. سوار شانەکانی ئەوی بەهەر دوو دەست مەحکەم گرتبوو و لەو کێشمەکێشەدا نیقاب لەسەر ڕووی لادرا و هەرچی ویستی نەهێڵێ لا بدرێ، بەڵام بۆی جێبەجێ نەبوو. ئەوجار دوورووتە کە خاتوونی دەئامێزی خۆیدا ڕاگرتبوو، سەری هەڵبڕی و دیتی ئەو پیاوە کە شانی خاتوونی مەحکەم گرتووە، دۆن فێرنانی مێردی خۆیەتی. هەر کە دوورووتە ناسییەوە، ئاخێکی درێژ و سووتێنەر و دەردناکی کێشا و بەرەوپشت بەلادا هات. وەها بوو ئەگەر دەلاک زوو بەفریای نەگەیبایە و بەدوو دەستان نەیگرتباوە، سەری وەعەرزی دەکەوت. کەشیش بەپەلە هات و نیقابی لەسەر ڕووی دوورووتە لادا، تا ئاوی بەسەروچاوی دا بکا. دۆن فێرنانیش (چون خودی دۆن فێرنان بوو کە خانمی نیقابداری مەحکەم گرتبوو) ئەوی ناسییەوە و بەو دیمەنە نیوە گیان بوو! بەو حاڵەشەوە دەست بەرداری خاتوون نەبوو و لووسیندی هەروا ڕاگرتبوو. (خاتوونی نیقابدار لووسیند بوو کە دەیویست خۆی لە دەستی ڕاپسکێنێ(*))، لووسیند لەو کاتەدا کە کاردینیۆ ئەوی ناسیبووەوە کاردینیۆی بەدەنگڕا ناسییەوە. کاردینیۆش کە هاواری دوورووتەی بیست، چون پێی وابوو دەنگی ناڵەی لووسیندە سەراسیمە دەرپەڕی و یەکەم شتی کە چاوی پێکەوت دۆن فیرنان بوو کە هێشتا لووسیندی هەر دە ئامێزدا بوو. دۆن فێرنانیش دەستبەجێ کاردینیۆی ناسییەوە و هەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چوار کەسیان وەک لالان لە بەر سەر سەرسوڕماوی نەیاندەزانی چییان بەسەر هاتووە، هەموو بێدەنگ تێکەوە ڕامابوون: دووررووتە چاوی لە دۆن فێرنان دەکرد و دۆن فێرنان چاوی دە کاردینیۆ بڕیبوو. کاردینیۆ و لووسیندیش دەیەکتری ڕامابوون. یەکەم کەس کە مۆری بێدەنگیی شکاند، لووسیند بوو و ڕووی لە دۆن فێرنان کرد و گوتی: «ئەی جەنابی دۆن فێرنان، سوێندت دەدەم بەو کەسەی کە بوونی خۆت بەو قەرزداری، ئەگەر بێجگە لە هەوەس دەلیلێکت بۆ دەست بەسەر کردنی من نییە، دەستم لێ هەڵگرە تا بگەڕێمەوە داوێنی دارێک کە من پێچەکی(*) ئەوم، بچمەوە لای کەسێک کە زوڵم و زۆر و هەڕەشە و بەڵێنییەکانت نەیانتوانی من لەو جیا بکەنەوە. بڕوانە خوداوەند لە چ ڕێگەیەکەوە کە ئێمە هەموومان لێی بێ خەبەرین، منی گەڕاندەوە لای مێردی ڕاستی خۆم! تۆ بەهەزار ئەزموون و تاقیکردنەوەی پڕ لە کوێرەوەری تێگەیشتی کە تەنیا مەرگ دەتوانێ یادی ئەو لە بیرگەی من بسڕێتەوە. زۆر باشە! ئێستا هیوادارم خودا بکا ئەو خەون و خەیاڵە ئاڵۆزانەت عەشقتان بکاتە نەفرەت و لوتفتان بکاتە ڕق وقین! ئێستا ڕۆحم لێ بستێنە و بزانە ئەگەر ئاخرین ساتی ژیانم لەبەر چاوی مێردی خۆشەویستمدا تێ پەڕێنم مەرگی خۆم بەبەختەوەری دەزانم. ڕەنگە مێردەکەم بزانێ کە من تا ئاخرین هەناسەی ژیانم وەفاداریی خۆم بۆ ئەو پاراستووە.»

لەو کاتەدا دووررووتە کە وەهۆش هاتبووەوە، قسەکانی لووسیندی گوێ لێ بوو و لەو قسانەرا زانیی کە ئەو ژنە کێیە و کاتێک دیتی دۆن فێرنان ئەو بەرنادا و جوابی لالانەوە و پاڕانەوەکانی ناداتەوە، هەستایە سەر پێ لەبەر پێی هەڵخەڵەتێنەرەکەی کەوتە سەر ئەژنۆ و دەستی کرد بەگریان و هەڵوەراندنی فرمێسک بەچاوە جوانەکانیدا و بەئاهەنگێک تێکەڵ دەگەڵ بۆغز و هەنیسکانەوە گوتی: «ئاخ ئەی مەولای من، ئەگەر پرشنگی ئەو ڕۆژەی کە تۆ دەنێو باسکەکانی خۆتدا زیندانیت کردووە، نووری بینایی تۆ لەناو نابا دەتوانی تێ بگەی کە ئەم بێ ئەنوایەی لەبەر پێت کەوتووە و تا تۆ ئیرادە نەکەی هەروا بێ ئەنوا دەمێنێتەوە، هەمان دووروتەی دڵشکاوی خۆتە، ئەو کچە وەرزێرە فەقیرەی کە تۆ بەهۆی لوتف و ڕەحمەت یا بۆ دامرکاندنی هەوەسی خۆت، ویستبووت ئەوەندەی بەرز کەیەوە کە بتوانێ بەفەخرەوە بڵێ کە هیٚ تۆیە، منم. من هەمان کیژە لاوەکەم کە دەچوار دیواریی پاکیی عیسمەتی خۆمدا دەژیام و ژیانێکی ئارام و پڕ لە بەختەوەریم هەبوو، تا ڕۆژێک کە لەبەر پێداگری و خۆ تێهەڵقوتاندن و سۆز و قسەی عاشقانەی تۆ، دەرگام بەسەر بێ شەرمیی خۆ دۆڕاندندا کردەوە و هاچەری ئازادیی خۆم بەتۆ ئەسپارد. من دیارییەک بووم کە تۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەدرت نەزانیم، چونکە منت گەیاندە ئەو ڕۆژە کە ئەوەتا خۆم لە شوێنێکی ئاوادا دەبینمەوە و تۆش دەو بارودۆخەدا کە هەی بدۆزمەوە. بەڵام پێش هەر شتێک نەچی پێت وابێ کە من بەهاندانی بێ ئابڕوویی خۆم هاتوومە، ئەو شوێنە! خێر من لەبەر دەرد و پەژارەی زۆری خۆم و حەسرەتی ئەوەی کە لەبیر تۆ چوومەوە، پێم دێرە ناوە. تۆ خۆت ویستت کە من ملکی تۆ بم و ئەم ویستنە وەها بوو کە ئێستا بەپێچەوانەی هەر هەوەسێک کە دەسەرتدایە ئیدی مومکین نییە، بتوانی هی من نەبی. ئاخ! ئەی مەولای من! وریا بە کە خۆشەویستیی بێ، پایانی من بۆ تۆ، بەتەواوی دەتوانێ جوانی و ڕەسەنایەتییەک کە بەخاتری ئەوان تەرکت کردووم، قەرەبوو بکاتەوە. تۆ ناتوانی ملکی لووسیندی نازەنین بی. چون تۆ هی منی و ئەویش ناتوانێ هی تۆ بێ چون ملکی کاردینیۆیە. کەوابوو باش سەرنج بدە: دڵ ئەسپاردنت بەکەسێک کە تۆ دەپەرستێ، ئاسانترە لە دڵ ڕفاندن لە کەسێک کە ڕقی لەتۆیە و نەفرەتت لێ دەکا. تۆ هێرشت هێنا سەر قەڵای عیسمەتی من و سەنگەری ناموسی منت فەتح کرد، ئەسڵ و نەسەبی من بۆ تۆ مەعلووم بوو و تۆ خۆت دەزانی کە من بەچ مەرجێک خۆم تەسلیمی ویستەکانی تۆ کرد. کەوابوو ئیتر ڕێگەی هەلاتنت نەماوە و بەهیچ جۆرێک ناتوانی بێژی هەڵەت کردووە یا مەغموون بووی. ئەگەر وایە کە من دەڵێم و ئەگەر تۆ وەک نەجیب زادەی، ئیمانیشت بەدینی مەسیح هەیە، بۆچی بەهەزار فێڵ و تەڵەکە بەدوای ئەوەدای وەک لەسەرتاوە خۆش بەختت کردم لەو ئاخرییەدا نەیکەی؟ تۆ ئەگەر ناتەوێ وەک ئێستا هەم هاوسەری شەرعی و ڕاستینی تۆ بم. لانی کەم بەکەنیزی خۆت وەرم بگرە. بۆ من هەر ئەوەندە کە دەبەر دەستی تۆدا بم، بەسە کە خۆم بەختەوەر بزانم. مەهێڵە کە شەرافەتی من، بەهۆی ئەوەوە کە بەجێم دێڵی، بەتۆمەتی ناڕەوا ژێر پێ بکرێ. خودا لێت هەڵناگرێ، مەهێڵە سالانی پیری، دایک و باوکم دەگەڵ غەم و هەناسە ساردی تێپەڕ بێ؛ چون ئەو خزمەتانەی ئەوان هەموو کات وەک ڕەعیەتی نەجیب و خزمەتکار بەدایک بابی تۆیان کردووە، پاداشەکەی ئەمە نییە. ئەگەر پێت وایە بەتێکەڵ بوونی خوێنی تۆ دەگەڵ خوێنی من، ڕەگەزت پەست دەبێ، بزانە کە لە دنیا کەم هەن ئەو خانەدانە ڕەسەنانە کە هەر لەم ڕێگەوە بەگەورەیی نەگەیشتبن. هەروەها عەسڵ و نەسەبی ژنان نییە کە بووبێتە هۆی گەورەیی بنەماڵە بەناوبانگەکان. لە لایەکی تریشەوە، ئەوە بزانە کە ڕەسەنایەتی بەڕاستی بەفەزیلەت دەست دەکەوێ و ئەگەر تۆ ماف و شەرەفی من دە ژێر پێت بنێی، فەزیلەتی خۆت لە دەست دەدەی و من لە تۆ ڕەسەنتر و نەجیبتر دەبم. لە کۆتایی قسەکانمدا ئەی مەولای من، ئاخرین قسەم دەگەڵ تو ئەوەیە کە من بتەوێ، و نەتەوێ ملکی تۆم: زامنی من قەولی

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org



شـەرەفێکە کە ئەگـەر ئێـستـاش بەوەی کە دەمندا بەکـەمـی دەزانـی شـانـازی بەخـۆت دەکـەی، هەرگیز بەدرۆ دەرناچێ؛ بەڵگەی من ئیمزایەکە کە بەمنت داوە و شاهیدی من خودایە کە تۆ ئەوت کردە شـاهیـدی قـەول و قـەراری خـۆت و ئەگـەر ئەم سێ شـتـەشم نـەبووایە دیسـان دەلیلێکم هەیە کە لە دەستی نادەم ئەویش ویژدانی خۆتە کە لە خۆشییە پڕ گوناهەکانتدا و لە کاتی بێدەنگیدا هاوار دەکا و لەو مافەی کە من بەسـەر تۆمـەوە هەیە، بەرگری دەکا و شیرینترین ساتەکانی ڕابواردنی تۆ تاڵ دەکا.»

دووروونەی دەردمــەند، ئەم قــسـانەی بەدەنگێکی ئەوەنـدە غـەمناکـەوە بەیان دەکـرد و ئەوەندەی فـرمـێـسـک ڕژاند کـە تەواوی حـازرانی مـەجلیس و تەنانـەت ئەو سـوارانەی کـە هاوڕێی دۆن فێرنان هاتبوون، غەم دای گرتن و فرمێسک دەچاوانیان گەڕا. دۆن فێرنان بێ ئەوەی یەک کـەلیـمـە جـواب بداتەوە، تـا ئـاخـر گـوێی بۆ قـسـەکانی دووروونە ڕاگـرت تا ئەو جێیەی قسـەکانی دووروونە کۆتـاییان پێ هـات و دەنگی دەنێو گریان و ناڵە و ئـاخ کێشـاندا کپ بوو، ئاه و ناڵەیەک کە دەبووایە دڵی دۆن فێرنان لە مەفرەق دروست کرابێ تا کاری تێ نەکا. لووسـیندیش کە لە پەژارەی دووروونـە و جـوانی وجـەمـاڵ و عـەقڵ و زانایی ئەو واقی وڕمـا بـوو، چاوی دەو بڕیبــوو. بەدڵ پێی خــۆش بوو لێـی نزیک بێــتـەوە و بەچـەند واژەیەک دڵداری بداتەوە، بەڵام باسکەکانی دۆن فێرنان هـەر وەک پێشـتـر ئەوی گرتبوو. دۆن فـێرنان کـە بێ ئەندازە شـەرمـەندە و پەشـۆکـاو بووبوو، پاش ئەوەی مـاوەیەک لە بێـدەنگیـدا چاوی دەڕوخـســاری دووروونە بڕی، ســەرەنجـام ئـامــێـزی کــردەوە و لووســیـندی بەردا و ڕوو بەدووروتە دەنگی هـەڵبڕی کە: «ئاخ، ئەی دووروونەی نازەنین، تۆ سـەرەنجـام سـەرکـەوتی! بەڵێ سەرکەوتی! بەچ، غیرەتێک دەتوانم دەبەرانبەر ئەو هەموو قسە حیسابییانەدا کە کۆت کردوونەوە، خۆم ڕابگرم؟»

لووسـیند کە هێشـتـا ئەو جۆرەی پێویسـتـە نەهاتبووەوە سـەرخـۆ، هەرکە لە دەست دۆن فـێـرنان ڕزگـاری هـات، دووبارە بووراوە و بەعـەرزیدا کـەوت، بەڵام کـاردینیـۆ کـە لە پشت سەری دۆن فێرنان ڕاوەستابوو، تا ڕەقیبەکەی نەیناسـێتەوە بەیەکجاری هـەر جۆرە ترس و هەراسـێکی وەلا نـا و بۆ ڕووبەڕوو بـوونەوە دەگـەڵ هـەر ڕووداوێک ئامــادە بوو و بەئـەزمی ڕاگـرتنی لووسـیند، لێـی نزیک بووەوە و دەو کاتەدا کە ئەوی دەئامـێز گـرتبوو گـوتی: «ئەی خـاتوونی جـوان و بەوەفـا و شـەریف، ئەگـەر ئیرادەی خودای مـەزن لەسـەر ئەوە بێ، کـە تۆ دووبارە ئارامی و هێمنی بەخۆتەوە، ببینی بزانە کە لە هیچ جێگایەکی باشتر و بەمتمانەتر لەو باوەشـەی کـە بۆت کـراوەتەوە دەسـتت ناکـەوێ. ئامـێزێک کە لەمـەو بەریش یانی دەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژانەدا کە هێشتا بەختی من ئیزنی پێ دەدام، تۆ بەهی خۆم بزانم بۆ تۆ ئاواڵە بوو.»
بەبیستنی ئەم قسەیە لووسیند چاوی لە کاردینیۆ کرد، ئەو کاردینیۆی وردەوردە بەدەنگ ناسیبووەوە و ئێستا بەدیتنی یەقینی پەیدا کرد کە خۆیەتی. لە حاڵێکدا کە لە حاڵی خۆی دەرچووبوو هەموو تێبینییەکی وەلانا، هەر دووک دەستی لە گەردنی ئاڵقە کرد. ڕوومەتی بەڕوومەتییەوە نا و گوتی: «ئاخ ئەی مەولای من، ئەوە تۆی کە بەپێچەوانەی گاڵتە پێ کردنی گەردوونی چەپگەڕ و ئەو هەموو هەڕەشانەی کە من تووشی بووم، دیسان خاوەنی کەنیزی خۆتی؟» ئەم دیمەنە بۆ دۆن فێرنان و هەمــوو ئەوانەی کــە لەوێ بوون هۆی سەرسوڕماوی بوو. دووروتە پێی زانی کە دۆن فێرنان ڕەنگان(*) دێنێ و دەبا و خەریکە تۆڵە لە کاردینیۆ بکاتەوە. کاتێک دیتی دۆن فێرنان دەست بۆ مشتووی(*) شمشێر دەبا، بەهەشتاوی برووسکە خۆی بەسەر پێی دادا و ئەژنۆکانی دەباوەش گرت و ماچی کردن و دەستی کرد بەگریان و وەها، مەحکەم لاقەکانی گرتبوو کە نەیهێشت جووڵە بکا و لەو حاڵەدا گوتی: «ئەی تەنیا پشت وپەناکەم خەیاڵی چیت لەسەردایە و مەبەستت لەو خۆ ڕاپسکاندنە چییە؟ ئەوە ژنی تۆیە کە بەسەر پێتدا کەوتووە و ئەوەی کە دەتەوێ هی تۆ بێ دەئامێزی مێردی خۆی دایە. مەگەر، تۆ دەتوانی گرێیەک کە بەدەست خوداوەند لێ دراو، بکەیتەوە؟ ئایا باشتر ئەوە نییە کە تۆ ئەم دڵ دۆڕاندووە کە بەبوونی ئەو هەموو کەند و کۆسپەوە و بەپاڵپشتی وەفای خۆی هەر وا چاوی دە چاوی تۆ بڕیوە و بەفرمێسکەکانی ڕوخساری تۆ تەڕ دەکا وەک هاوسەری خۆت قبووڵ بکەی و بیگەیەنیتە پلەوپایەی خۆی؟ من تۆ بەناوی ئەو کەسەی کە خودای پێ دەڵێن و بەناوی خۆت هەرچی کە هەی سوێند دەدەم، مەهێڵە ئەم دیدارە کە تۆی لە هەڵە ڕزگار کردووە، تووڕەیی تۆ هەڵبەزێنێتەوە! بەپێچەوانە تووڕەیی خۆت قووت بدەوە و ئیزن بدە کە ئەم دوو عاشقە سەوداسەرە بەهێمنی و ئارامی باقیی تەمەنی خۆیان بەخۆشی و بەختەوەری ڕابوێرن، بەم شێوەیە هەم تۆ پاکی و ئازادەیی دڵی نەجیبی خۆت نیشان داوە و هەم دنیا دەبینێ کە عەقڵ دەتۆدا زۆرتر لە هەوەس دەسەڵاتدارە.

لەو ماوەیەدا کە دووروتە بەمجۆرە قسەی دەکرد کاردینیۆ چاوی لە دۆن فێرنان نەدەتروکاند و لێ بڕابوو ئەگەر دۆن فێرنان بزووتنەوەیەکی بەهەڕەشە بکا، دەبەرانبەر ئەو دا و هەموو ئەوانەی بیانەوێ هێرش بێنن تا ئەو جێیەی لە توانایدا بێ دەبەرانبەریاندا ڕاوەستێ و تا دەکوژرێ بەرگری بکا. بەڵام دەو ساتەدا، لە لایەک یارانی دۆن فێرنان خۆیان هاویشتە مابەینی و لەو لاشەوە کەشیش و دەلاک کە لەوێ ڕاوەستابوون و لە

www.rabari.org

هەوڵەوە هەمووشتیان بەچاو دیتبوو هاتنە بەرەوە. سانکۆ پانزای میهرەبانیش لەو نێوەدا ئامادە بوو، ئەو جەماعەتە وەک ئاڵقە دەوری دۆن فێرنانیان گرت و تکایان لێ کرد کە بەزەیی بەفرمێسکەکانی دووررووتەدا بێ و ئەگەر ئەویش وەک ئەوان قسەکانی دووررووتەی پێ ڕاستە نەهێڵێ ئارەزووی بەحەقی ئەو بەبادا بچێ. کەشیش هەڵی دایە: «حەزرەتی ئەرباب ئەم نوکتە دەبەر چاوبگرە کە کۆ بوونەوەی تۆ و یارانی تۆ، وەک لە ڕواڵەتی ڕووداوەکانڕا دیارە، بەسوتفە نییە بەڵکو بەئیرادە و ویستی خودا بووە، چون، بەیەقین هیچ یەک لە ئێوە ئەوەی دەیبینێ بەفکریدا ڕانەبردووە. ئەوەش دەبەر چاو بگرە کە تەنیا مەرگ دەتوانێ لووسیند و کاردینیۆ لێک جودا بکاتەوە. ئەگەر بەنووکی شمشیریش لێکیان هەڵبڕن چون پێکەوە دەمرن مەرگ بۆ ئەوان شیرینە. جا ئەوجار، شەرتی عەقڵ ئەوەیە کە ئادەمیزاد لە کاتی خۆیدا کە چارەیەکی تر نەبێ، بەسەر نەفسی خۆیدا زاڵ بێ و پیاوەتی لە خۆی نیشان بدا. کەوابوو بەدڵێکی شادەوە ئیجازە بدە، ئەم ژن ومێردە لەو بەختەوەرییەی کە خودا بەنسیبی کردوون حەز وەرگرن، لەوەش تێپەڕین چاو لە جوانی و جەماڵی دووررووتە بکە و ئینسافت بێ چەندی وا جوان و نازدار لەو دنیا پان و بەرینەدا دەبینی؟ بێجگە لەو هەموو جوانییەش خاکی بەری پاتە و تۆی لە ژووررووی خەیاڵەوە خۆش دەوێ؛ ئەوجار ئەوەش دەبەر چاو بگرە ئەگەر دەڵێی پیاوەتی و نەجابەتت هەیە و دینی مەسیحیت هەیە ناچاری بەقەولی خۆت وەفا بکەی. تەنیا بەمجۆرە دەتوانی تووڕەیی خوای گەورە دابمرکێنی و خەڵکی ڕووناک بین خۆشحاڵ بکەی، ئەو خەڵکەی کە باش دەزانن جوانی و جەماڵ ئەگەر دەگەڵ فەزیلەت و کەماڵ هاوڕێ بن ژن دەباتە ترۆپکی ڕەسەنایەتی و لە پلەوپایەی ئەو کەسەی کە ئەو دەباتە ڕیزی خۆی، شتێک کەم ناکاتەوە و، هەروەها دەزانن کە تەسلیم بوون بەدەسەڵاتی نەفس، ئەگەر بۆ دامرکاندنەوەی نەفس دەگەڵ گوناه کردن نەبێ، لە هەر لۆمە و لەقەمێک دەئەماندایە.» ئەوانی تریش هەر یەکەی دەلیلێکی بۆ چەسپاندنی فەرمایشی کەشیش دەهێناوە و ئەوەندەیان گوت و گوتەوە کە دڵی سروشت پاکی دۆن فێرنان کە بەهەرحاڵ خوێنێکی ڕەسەنایەتی و پاکی تێدا بوو هێمن بووەوە و دەبەرانبەر حەقیقەت و ڕاستیدا، بەزی و خۆی بۆ ڕانەگیرا. وە بۆ ئەوەی نیشان بدا کە تەسلیم بووە و ملی بۆ حەق ڕاکێشاوە داهاتەوە. دووررووتەی دە باوەش گرت و گوتی: «هەستە خاتوون، هەستە! لەمن ناکاڵێتەوە بێڵم کەسێک کە لە دڵمدا جێگر بووە بەسەر پێمدا بکەوێ؛ وە ئەگەر تا ئێستا ئەوەی بەزارمدا دێ بەکردەوە نەمکردووە، ڕەنگە بەئەمری تایبەتی خودا بێ کە ویستوومە من بەچاوی خۆم ببینم کە تۆ دەئەوینی خۆتدا بۆمن چەندە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەفاداری؛ تا منیش بتوانم شایستەیی قەدر و حورمەتی تۆ بزانم. من لە تۆ تەنیا شتێکم دەوێ ئەویش ئەوەیە ئەگەر تا ئێستا تۆم بەجێ هێشتووە و لەبیرم کردووی لۆمەم نەکەی چون هەر ئەو هێزە کە لە سەرەتا منی ڕەپێچەک دا تا تۆ بکەمە مڵکی خۆم لە دواییدا هەر ئەو هێزە منی هێنا سەر ئەو باوەڕە تا حەول بدەم مڵکی تۆ نەبم. ئەگەر شکت لە قسەکانمدا هەیە سەر وەرسووڕێنە و چاوی لووسیند کە ئێستا شادمانییان تێ گەڕاوە ببینە تا عوزری گوناهی من دەواندا بخوێنیتەوە. ئێستا کە لووسیند بەئارەزووی خۆی گەیشتووە و منیش ئەوەی کە ماڵی خۆم بوو وەدەستم کەوتۆتەوە، ئیجازە دەدەم کە ئەو ساڵانێکی دوورودرێژ دەگەڵ کاردینیۆی خۆی ئارام و شادمان بژین و منیش لەبەر دەرگاری خودای مەزن دەکەومە سەر ئەژنۆ و لەبەری دەپاڕێمەوە منیش و دوورووتەی خۆشەویستم عومرێکی درێژمان بداتێ و پێکەوە بەختەوەریی خۆمان دەئامێز بگرین.» دەگەڵ ئەو قسانە دوورووتەی بەتوندی دەئامێزی خۆیدا گوشی و ڕوومەتی خۆی وەها بەشۆر و شەوقەوە بەڕوومەتی ئەوەوە چەسپاند کە بەزەحمەتێکی زۆر توانیی پێش بەفرمێسکی خۆی بگرێ و نەهێڵێ گریانیش ئەوین و پەشیمانیی ئەو نیشان بدەن. لووسیند و کاردینیۆش نەیانتوانی پێش بەگریانی خۆیان بگرن و ئامادە بووانی کۆڕەکەش وەها لە خۆشی و شادیی ئەم ڕووداوەدا دەستیان بەگریان کرد، دەتگوت بەڵای گەورە نازڵ بووە و هەمووانی دەمەترسی خستووە. سانکۆش هۆ ل هۆل کەوتە گریان بەڵام پاشان ئیقراری کرد کە گریانەکەی بۆ ئەوە بووە کە دوورووتە دژی بۆچوونی ئەو شاژنی میکۆمیکۆنا نەبووە کە ئەو لەمێژ بوو چاوەڕوانی ئەو هەموو خەڵات و چاوەدێرییەی لێ هەبووە.

گریانی حازران و سەرسوڕماوی و ئافەرینی ئەوان دیسان تا ماوەیەک درێژەی بوو. ئاخری لووسیند و کاردینیۆ بەهەڕەمە خۆیان بەسەر کەوشی دۆن فێرنان دادا و بەبەیانێکی وەها بەزەبزوێن(*) لە لوتف و گەورەیی ئەو سپاسیان کرد کە دۆن فێرنان نەیدەزانی دەجوابی ئەواندا چ بڵێ. سەرەنجام ئەوانیشی بەرز کردەوە و زۆر بەئەدەب و نەزاکەت ماچی کردن، پاشان تکای لە دوورووتە کرد کە پێی بڵێ چۆن ڕێگای کەوتە ئەو شوێنەی کە هێندە لە زێدی خۆی دوورە. دوورووتە ئەوەی دەپێشدا بۆ کاردینیۆی گێڕابووەوە بەبەیانێکی کورت و کاریگەر بۆ ئەوەی دووپات کردەوە. ئەو کیژە وەرزێر(*) زایە جوان وشۆخ و شەنگە بەوەها لوتفێک داستانی بەدبەختییەکانی خۆی گێڕاوە کە دۆن فێرنان و سوارانی هاوڕێی لە بیستنی زۆر حەزیان وەرگرت و پێیان خۆش بوو ئەو داستانە هەروا درێژەی هەبووایە. هەر کە دوورووتە لە گێڕانەوەی داستانی خۆی تەواو بوو، دۆن

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

فێرنان بەنۆبەی خۆی ڕووداوێکی کە پاش دۆزرانەوەی نامەی نێوسینگی لووسیند لە شاریدا بەسەری هاتبوو گێڕایەوە. لەو نامەڕا بۆی ڕوون بووبووەوە کە لووسیند هاوسەری کاردینیۆیە و لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «من ویستم لووسیند بکوژم و ئەگەر دایک و بابی ڕێگایان پێ نەگرتبام ئەو کارەم دەکرد. لەو ساتەدا سەرلێشێوا و، تووڕە لە ماڵەکەیان هاتمە دەر و بریارم دا تۆڵەیەکی بەکارەساتی لێ بکەمەوە. ڕۆژی دوایی بیستم لووسیند ماڵە باوانی بەجێ هێشتووە و کەس نازانێ ڕووی دەکوێ کردووە. سەرەنجام خەبەریان دامێ کە پەنای بردووەتە دەیرێک. بەو بڕیارە کە ئەگەر نەتوانێ دەگەڵ کاردینیۆ بژی، باقیی تەمەنی لەو دەیرەدا تیپەڕ کا. من کاتێک ئاگاداری ئەم مەبەستە بوومەوە ئەم سێ نەجیب زادەیەم ڕەگەڵ خۆم خست و چوومە ئەو دەیری کە پەنای بۆ بردبوو. داخوازی چاو پێکەوتنی لووسیندم نەکرد چون دەترسام خەبەری هاتنی من ببێتە هۆی ئەوە زۆرتر ئاگاداری لە خۆی بکا، بەڵام ئەوەندەم سەبر کرد تا ڕۆژێک دەرگای وەتاغی چاوەڕوانی دەیریان کردەوە؛ ئەودەم دوو کەس لە هاوڕێکانم لەبەر دەرگای دەیر بەکێشکچی دانا و خۆم دەگەڵ یەکی تر چووینە ژوور و بەدوای لووسینددا گەڕاین، ئەومان لە تالاری دەیرەکە چاو پێ کەوت کە دەگەڵ ژنێکی ڕاهیبە قسەی دەکرد، بێ ئەوەی مەجالی پێ بدەین داوای یارمەتی لە کەسێک بکا، ڕفاندمان و هێنامانە یەکەم گوندێک کە ئەسبابی سەفەرمان لەوێ بۆ ئامادە کردبوو. چون دەیرەکە دەنێو کێوپارە کوێستانییەکاندا بوو هیچ ئاوەدانیشی بەدەوەرە نەبوو ئەم کارە زۆر بەئاسانی ئەنجام درا. کاتێک لووسیند خۆی دەژێر دەسەڵاتی مندا دیت سەرەتا بێ هۆش کەوت و لەو کاتەوە کە وەهۆش هاتووەتەوە بێ ئەوەی یەک قسەمان دەگەڵ بکا فرمێسکی هەڵوەراندووە و ئاخی هەڵکێشاوە. لەو خامۆشی و گریان و فیغانەدا بوو کە گەیشتنە ئەم کاروانسەرایە و من ئێستا پێم وایە گەیشتووینە بەهەشت. بەهەشتێک کە لەودا هەموو نامرادییەکانی ئەم دنیایە کۆتاییان پێ دێ و فەرامۆش دەکرێن.»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## درێژەی داستانی شازادە خانمی ناوداری، میکۆمیکۆنا و چەند ڕووداوی شیرینی تر

سانکۆ تەواوی ئەو قسانەی بەدڵێکی غەمگینەوە گوێ دەدایە چون لەو ساتەوە کە شازادە خانمی پەری ڕۆخساری میکۆمیکۆنای لێ بووبوو بەدووررووتە و «پانتافیلانە»ی دێوی لێ بووبوو بەدۆن فێرنان تەواوی هۆمێدەکانی بۆ وەدەستهێنان ی ماڵ و سامان و پلەوپایە، وەک دووکەڵێک بەدەم باوە لە دەست چووبوون. ئەو هەموو ڕووداوەش لە کاتێکدا بوو کە ئەربابەکەی، بێ غەم و بێ خەیاڵ خەوی لێ کەوتبوو و نەیدەزانی زەمانی چ پاشایەکە!(*) دووررووتە هەر پێی وابوو خەون دەبینێ و ئەو سەعادەتە خەون و خەیاڵە، کاردینیۆ و لووسیندیش لەو لاوە هەر دەحاڵ و هەوایەکی ئەوتۆدا بوون. بەڵام دۆن فێرنان شوکری خودای بەجێ دێنا کە لوتفی خۆی بەسەردا باراندووە و لە زەلکاوی بێ ئابڕوویی و مەترسی گەورەی سەر لێشێواوی ڕزگاری کردووە. سەرتان نەیەشێنم تەواوی ئەو خەڵکەی لە کاروانسەرا بوون لەوەی کە ئەو هەموو ڕووداوە ئاڵۆز و تێکەوە پێچراوە لە یەک ئاندا کراونەتەوە و بەخۆشی کۆتاییان پێ هاتووە، خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی. کەشیش وەک حەکیمێکی فەرزانە گرێ کوێرەکانی ئەو هەودا هاڵۆزانەی دەکردەوە و بەهەر کام لەوانەی لەو خۆشبەختییە هەراوە بەشێکیان وەبەر دەکەوت پیرۆزبایی دەگوت. بەڵام ئەوەی لە گشتیان زۆرتر پێدەکەنی ژنی کاروانسەرادار بوو، چون کەشیش و کاردینیۆ قەولیان پێ دابوو کە تەواوی زەرەر و زیانی وێ کەوتوو لە لایەن دۆن کیشۆتەوە قەرەبوو بکەنەوە. وەک گوترا تەنیا سانکۆ پانزا بوو کە غەمی دەخوارد! تەنیا ئەو بوو کە سەری هەموو کێوانی لێ وێک هاتبوو(*)؛ لەبەر ئەوە بەلێوولیچی هەڵقرچاوەوە ڕۆیشتە وەتاغی ئەربابەکەی کە تازە لە خەو هەستابوو و پێی گوت: «ئەوجار جەنابی غەمگین ڕۆخسار تا دڵت دەیەوێ دەتوانی بخەوی؛ بێ ئەوەی لازم بەزەحمەتی ئێوە بێ کە دێو بکوژن یا مەملەکەتی شازادە خانم بستێننەوە، چون تەواوی ئەو کارانە کران و ئاو بەئاوری دا کرا.» دۆن کیشۆت گوتی: من ئەو قسانە بەتەواوی باوەڕ دەکەم چون پرمەترسیترین و چەپرەکترین(*) شەڕم دەگەڵ ئەو دێوە کرد کە تازە باوەڕ ناکەم تووشی شەڕی ئاوا سەیر و سەمەرە ببمەوە. بەیەک زەبری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شمشیر سەریم لە لەشی جیا کردەوە و ئەوەندەی خوێن لەبەر ڕۆیشت کە وەک چۆم و ڕووبار بەو ژوورەدا دەهاتە خوار. دەتگوت سێلاوە. سانکۆ گوتی: باشتر ئەوە بوو بڵێی ڕووباری شەراب هەستابوو، چون ئەگەر ئێستا نازانی، واباشە بزانی کە ئەو دێوەی کوژراوە مەشکەی شەراب و خوێنەکەش سی ڕەتڵ(*) شەرابی سوورە کە دە مەشکەکەدا بوو و ئەو سەر براوەش، ئەو سەڵیتە بێ شەرمە بووە کە منی هێناوەتە سەر دنیا؛ ئێستا ئیدی خودا هەمووان بۆ خۆی بەرێتەوە! دۆن کیشۆت گوتی: «ئەوە دەڵێی چی دێوانە! مەگەر مێشکت دە سەریدا نەماوە؟ سانکۆ گوتی: «ئەی ئاغا! هەستە بزانە چ دەستە گوڵێکت(*) بەئاوداداوە و چ خەرجێکت بۆ داتاشیوین(*)! وەرە بزانە چلۆن شاژنی میکۆمیکۆنا بووەتە ژنێکی ئاسایی بەناوی دوورووتە و چ ڕووداوی تر کە ئەگەر بیانبینی لەوانەیە شاخ دەربێنی(*) ! دۆن کیشۆت گوتی هیچکام لەمانە نابێتە هۆی واق ورمانم. چون ئەگەر باشت لەبیر بێ جاری پێشوو کە لێرە دابەزین مەگەر من بەتۆم نەگوت کاروباری ئێرە هەرچی هەیە و نییە بەسیحر و جادوو هەڵدە سوورێن! دیارە ئەگەر ئەوجاریش وای لێ هاتبێ جێی سەرسوڕمان نییە. سانکۆ گوتی: «ئەگەر سەمای سەرلێفەی منیش لەم چەشنە بووایە قسەکانی حەزرەتی جەنابتانم باوەڕ دەکرد. بەڵام سوێندم بەدینم کە ئەو سەمایە عەینی ڕاستی بوو. من بەچاوی خۆم دیتم کە ئاغای کاروانسەرادار، یانی هەر ئەو کابرایە کە ئێستا لێرە ڕاوەستاوە، سەرێکی لێفەی گرتبوو و بەحیلک وهۆڕ(*) و پێکەنین ئەوەندەی دەتوانایدا بوو هەڵی داویشتم و دەیگرتمەوە و پێم پێدەکەنی و لە خۆ دەبووەوە(*)و، منی کلۆڵی مێشک هلۆڵی گەرۆڵ بەو هەموو ساویلکەیی خۆمەوە ئەوەی دەزانم کاتێک کەسەکان دەناسم ئیدی سیحر و جادوو دە ئارادا نییە. بەڵکو قسە لە داروکوتەکە و ئەو نیشانانەی کە لەسەر بەدەن دەمێننەوە. دۆن کیشۆت گوتی: لەسەری مەڕۆ کوڕم! خودا چارەی کاران دەکا. وەرە ئەو جلوبەرگەم بدەیە دەبەر خۆمی بکەم با وەدەرکەوم بزانم ئەوانەی دەیڵێی چین و چ ڕووی داوە.» سانکۆ لیباسەکانی دا بەدەستی و کاتێک یارمەتیی دەدا کە دەبەریان بکا، کەشیش داستانی شێتیی دۆن کیشۆت و ئەو کەڵەکەی بۆ دابەزاندنی ئەو لەسەر «ڕەوەزی فەقیران» دە کاریان کردبوو، بەباس کردنی ئەوەی کە دۆن کیشۆت بەگومانی خۆی لە دەست جەوروجەفای دڵبەر پەنای بۆ ئەو شوێنە بردبوو، بۆ دۆن فێرنان و هاوڕێکانی گێڕایەوە؛ هەروەها تەواوی ئەو ڕووداوانەی لە سانکۆی بیستبوو و هەمووی باس کرد. ئەو نەقڵانە بوو بەهۆی پێکەنین و شادیی زۆری ئەوان، چون بەبڕوای ئەوان و بەبۆچوونی هەموو خەڵک ئەمجۆرە شێتییە سەیرترین شێتییەک بوو کە مومکینە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەمێشکێکی شێواودا جێی خۆی بکاتەوە. کەشیش لە درێژەی قسەکانیدا گوتی چون ئەم ئاڵوگۆڕە خۆش ئاکامەی شازادە خانم کۆسپێکە بۆ دەکار هێنانی پلانەکەیان لەمەو دوا بۆ ئەوەی دۆن کیشۆت بەرنەوە ماڵ ومەوتەنی خۆی، دەبێ پلانێکی تر دارێژن. کاردینیۆ پێشنیاری کرد کە شانۆی پێشوو با درێژە پێ بدەن، چون لەمەو دوا لووسیند دەتوانێ بەباشی دەوری دووروتە بگێڕێ. بەڵام دۆن فێرنان گوتی: «خێر! خێر! نابێ ئەوە بکەن! من دەمەوێ دووروتە دەوری خۆی هەر وا درێژە پێ بدا و تەنەنات ئەگەر ئاوایی ئەم نەجیب زادەیە زۆر دوور نییە، منیش پێم خۆشە کە دەنەجاتدانی ئەودا خزمەتێک بکەم. کەشیش گوتی لێرەوە تا گوندەکەی ئەو دوو ڕۆژ ڕێگا پتر نییە. دۆن فێرنان گوتی: «ئەگەر لەوەش دوورتر بووایە من ئەم زەحمەتەم بەخاتری ئەو کارە خێرە بەمەیلەوە قبووڵ دەکرد.»

لەو کاتەدا دۆن کیشۆت سەرتاپا چەکدار لە دەرگا هاتە ژوور، لە حاڵێکدا کڵاوخوودی «مامبێرن»ی باوەکو لە چەند جێوە قوپا بوو لەسەر نابوو، مەتاڵەکەشی بەشانییەوە هەڵواسیبووەوە و نێزە دارینەکەشی بەدەستەوە بوو. دەرکەوتنی ئەم هەیوولا سەیرە دۆن فێرنان و هاوڕێکانی واق وڕماو کرد. هەموو بەسەیری چاویان لەو ڕۆخسارە درێژ و تەق و ڕەقە ڕەنگ زەردە و ئەو چەکە کۆن و شکاوە و ئەو قیافە وشک و بەویقارە دەکرد و بێدەنگ و کڕوکپ چاوەڕوان بوون تا بزانن چییان پێ دەڵێ. دۆن کیشۆت ڕووی لە دووروتە کرد و بەئاهەنگێکی تۆکمە و بەدەنگێکی سەبر ئاوای پێ گوت:

«ئەی خاتوونی پایەبەرز و جوان! من ئێستا لە مەیتەر ی خۆم، کە لێرە حازرە، بیستم کە حەزرەتی خاتوون بەتەواوی لەناو چووە و وجوودی نازەنینی ڕێگەی نەمان و فەوتانی پێواوە، چون لەو مەلەکە خاتوونە شکۆمەندەوە بوویتە کیژێکی ئاسایی. ئەگەر ئەم ئاڵوگۆڕە لە تۆدا بەئەمری باوکتان، خاوەن شکۆ نەجاشی و لە ترسی ئەوەیە کە مەبادا من یارمەتییەکی شایستە بەئێوە نەکەم، دەبێ بەعەرزتان بگەیەنم کە ئەو زۆر ناحاڵییە و زانیارییەکانی لەمەڕ داستانە پاڵەوانییەکان زۆرزۆر کەمە؛ چون ئەگەر ئەو داستانانەی وەک من خوێندوومنەتەوە و دیسانیش دەیانخوێنمەوە، بیخوێندبانەوە، دیسان پێیاندا چووباوە، لە هەر دێڕێکدا دەیدیت کە چۆن پاڵەوانانی بێ نێو و نیشانتر لەمن کاری زۆر گەورەتر لەوەیان بەباشی ئەنجام داوە، لە ڕاستیدا کوشتنی دێوێکی خوێڕی هەر چەندەش بێ حەیابێ کارێکی گرینگ نییە و چەند سەعات زۆرتر نییە کە من دەگەڵی ڕووبەڕوو بوومەوە و... ئیدی نامەوێ چی تری باس بکەم تا نەڵێن کە درۆ دەکەم. بەڵام زەمانە پەردەی هەموو ڕازێک دەدڕێنێ و بێ ئەوەی ئێمە خۆمان دەفکری ئەودا بین، بەجێگەی من ڕاستییەکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەقاو دەدا. کاروانسەرادار گوتی: تۆ خۆت دەگەڵ دوو مەشکەی شەڕاب ڕووبەڕوو بووی نە دەگەڵ دێو... بەڵام دۆن فێرنان ئەمری پێ کرد کە بێدەنگ بێ و چیتر قسەکانی پاڵەوان هەڵنە بڕێ. دۆن کیشۆت دووبارە گوتی: بەهەرحاڵ ئەی خاتوونی بێ بەش لە میراتی باوک، ئەگەر بەڕاستی بەو دەلیلەیە کە باوکت ئەم ئاڵوگۆڕەی لە تۆدا پێک هێناوە، تۆ نابێ بەهیچ کلۆجێک باوەڕ بەقسەی ئەو بکەی، چون لە جیهاندا هیچ ڕووداوێکی گەورە نییە کە شمشیری غولامی خۆت دەرگای ئەو بۆ خۆی نەکاتەوە. شمشیرێک کە سەری دوژمن بخاتە بەر پێت دەتوانێ تاجی شاهیشت لەسەر نێت.»

دۆن کیشۆت لەوە زیاتر چیی نەگوت و چاوەڕوانی جوابی شازادە خانم مایەوە. دووڕووتە کە لە بڕیاری دۆن فێرنان تا گەیاندنەوەی دۆن کیشۆت بۆ گوندەکەی خۆی خەبەردار بوو، بەزەینی ئامادە و ویقاری تەواو گوتی: «ئەی پاڵەوانی غەمگین ڕۆخساری ئازا و دلێر، هەر کەس بەتۆی گوتووە کە ئاڵوگۆڕێک دەمندا پێک هاتووە درۆی عەرز کردووی، چون من دوێنێ هەرچی بووم ئەمڕۆش هەر ئەوەم. ئەڵبەتە ڕاستە کە ڕووداوگەلێکی سەعادەت هێنەر کە بەختەوەری دڵخوازی خۆمیان پێ داوم کەم تا کورتێک ئاڵوگۆڕیان تێدا پێک هێناوم، بەڵام من دیسانیش هەر ئەوەم کە دەپێشدا بووم و دیسان دەو فکرە دام کە لە زۆری باسکانی بەهێزی تۆ یارمەتی بخوازم، کەوابوو ئەی حەزرەتی پاڵەوان، تکایە لە باوکێک کە منی هێناوەتە سەر دنیا بەخراپە باس مەکە و لەمەودوا وەک جاران بەکەڵەپیاوێکی تێبین و بەتەدبیری بزانە، چون هەر ئەو بوو کە بەهێزی زانست و ئاگایی خۆی ڕێگایەکی ئاوا گونجاوی بۆ چارەسەری بەدبەختییەکانم وەپێش نام(*). چون من بەڕاستی لەسەر ئەم بڕوایەم کە ئەگەر شانازیی دیداری حەزرەتی بەڕێزتانم گیر نەهاتبایە هەرگیز بەو سەعادەتەی کە هەمە نەدەگەیشتم. من لە قسەکانی خۆمدا ئەوەندە ڕاستم کە ئامادەم هەموو ئامادە بووانی ئێرە بەشاهید بگرم. کەوابوو تەنیا کارێک کەماوە ئەوەیە سبەی بەیانی وەڕێ کەوین. چون ئەمڕۆ ئیدی ناگەیەینە هیچ کوێ؟ و، سەرکەوتن لەم کارە گەورەیەدا بەئیرادەی خوداوەند و ئازایەتیی دڵی نەجیبی تۆ دەسپێرم.»

دووڕووتەی میهرەبان ئیتر هیچی نەگوت و دۆن کیشۆت بەڕۆخسارێکی سوور هەڵگەڕاوی تووڕە، ڕووی دەسانکۆ کرد و گوتی: «ئێستا ئەی هەتیوە پیسە، هاتوومە سەر ئەم باوەڕە کە لە تەواوی خاکی ئەسپانیادا خودا دوو دەغەڵی وەک توێ دروست نەکردووە. باشە، ئەی دزی پەستی بەرهەڵدا، مەگەر تۆ هەر ئێستا بەمنت نەگوت کە شادۆت بووەتە کچێکی ئاسایی بەناوی دووڕووتە و کەللەی ئەو دێوەی بەزەبری شمشیری پەڕاندوومە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabwn.org

هەمان پەتیارە بووە کە تۆی دەرفرتاندووە(*) و، هەزاران ترەهاتی تر کە منی تووشی نیگەرانییەکی وەها کرد کە بەعومری خۆم تووشی نەهاتووم. قەستەم بەخودا (لە حاڵێکدا ددانی بەتووڕەیی لێک دەدا چاوی دە عاسمان بڕیبوو) نازانم کێ پێشم پێ دەگرێ لەوەی کە وەهات دەبن گوێ بسریوێنم و وەهات تەمێ کەم کە بیرەوەریی ئەو کارەم لەبیر و مێشکی هەموو ئەو مەیتەرە درۆزنانەدا کە لەمەو پاش دەبنە خزمەتکاری پاڵەوانانی سەرگەردان، وەک نەخشی سەربەرد (نقش فی الحجر) هەتاهەتایە وەمێنێ. سانکۆ گوتی: باشتر وایە ئەربابی خۆشەویستم هێندێک هێور ببنەوە، چون ڕەنگە من لەمەڕ شازادە خانم میکۆمیکۆنا تووشی هەڵە بووبم. بەڵام لەمەڕ کەللەی دێو یا سەری مەشکە هەڵدڕاوەکان و لەمەڕ ئەوەی کە گوتم ئەوەی پێت وایە خوێنە، شەڕابی سوور بووە، بەزاتی ئەقدەسی ئیلاهی بەهەڵەدا نەچووم. چون مەشکە پێستەبزنەکان ئەوە لەوێ لەسەر تەختە خەوەکەی تۆ هەر ماون و ژوورەکەش پڕە لە شەڕاب. ئەگەر باوەڕت بەعەرزی من نییە تا چەند ساتێک ڕاوەستە با هەمووشت ڕوون بێتەوە، مەبەستم ئەوەیە کاتێک کاروانسەراداری بەڕێز بۆ وەرگرتنی زەرەر و زیان لە جەنابت هاتە ئێرە، دەیبینی. لەوەش تێ پەڕێ من لە ناخی دڵەوە خۆشحاڵ دەبم کە شاژن هەر چونێک بوو هەروا مابێتەوە. چون، مەگەر هەر ئەوە نییە کە منیش لەم نمەدەکلاوێکم گیر دەکەوێ؟ دۆن کیشۆت گوتی: زۆر باشە سانکۆ ئێستا تەنیا پێت دەڵێم کە تێ نەگەیشتووی. حەلاڵم کە و با لەم بارەوە هیچ نەڵێین. دۆن فێرنان دەنگی هەڵبڕی کە: دروستە! کەوابوو لەم قسانە دەگەڕێین، ئەوجار چون شازادە خانم مەیلی لەسەر ئەوەیە تا سبەی وەڕێ نەکەوین. چون ئەوڕۆ ئیدی درەنگ بووە، دەبێ گوێ بدەینە فەرمانی ئەو. ئێمە دەتوانین ئەمشەومان بەقسەی خۆش ڕابوێرین تا ڕۆژ بێتەوە. ئەودەم هەموو دەخزمەت حەزرەتی دۆن کیشۆتدا سوار دەبین تا بەچاوی خۆمان دلاوەریی بێ وێنەی جەنابیان دەو ڕووداوە گەورەدا کە بەمەیل و خوازی خۆیان وەستۆیان گرتووە، ببینین. دۆن کیشۆت گوتی: ئەوە منم کە دەبێ دەخزمەت ئێوەدا بێم و خزمەتی ئێوە بکەم. من لەو لوتفەی کە دەرحەق بەمن کردووتانە هەست بەشادی دەکەم و لە نیاز پاکیتان بەرامبەر بەخۆم شوکرانەبژێرم و، تێ دەکۆشم کە بەقیمەتی گیانیشم بێ، ئەوەی دە توانام دایە، پاداشی ئەم نیاز پاکییە زۆرتر لەوەی کە پێویستە بدەمەوە.»

دۆن کیشۆت و دۆن فێرنان هەر وا خەریکی ئاڵوگۆڕی تەعاروفات و عەرزی پێشکەش کردنی خزمەت و هاوکاریی دوو لایەنە بەیەکتری بوون کە لە نەکاو موسافیرێک لە کاروانسەرا وە ژوور کەوت و هەموویان بێدەنگ بوون. لە جلوبەرگیڕا دیار بوو مەسیحییە و



(*) دۆن کیشۆت (٢٧)

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

تازە لە وڵاتی عەرەبەبەربەرەکان گەڕاوەتەوە. قـوڵە کـەوایەکی قـەدەکی[*] شینی دەگەڵ داوێنێکی زۆر کورت و قۆڵ کورتی بێ یەخەی دەبەردابوو. شاڵوارەکەشی هەر لە قەدەکی شین و شەوکلاوەکەشی دیسان لەو قوماشە بوو. چەکمەیەکی کورتی ڕەنگ زەردی دەپێدا و شمشیرێکی عەرەبی بەحەمایەڵێکی چەرمییەوە کە بەسەر سینگیدا کشابوو هەڵواسیبوو. بەدوای ئەودا ژنێکی کـەرسـوار وە ژوور کـەوت کـە جلوبەرگی ژنە عـەرەبانی لەبەردابوو. نیقابێکی لە ڕووی خۆی دابوو بەچارشێوێکیش سەری خۆی داپۆشیبوو. لە ژێر چادرەدا کـلاوێکی زێرکـفتی لـەسـەر و کـراسـێکی درێژی دەبەردا بوو کـە لە سـەرشـانەوە تا سـەر گوێزینگی پێی دادەپۆشی. پیاوەکە هەیکەلێکی بەقەوەت و کەڵەگەت و ڕێکوپێکی هەبوو، واش دەهاتە بەرچاو کە تەمەنی هێندێک لە چل ساڵ تێپەڕ بوو بێ. ڕوخسارێکی ڕەشتاڵە و سمێڵێکی درێژ و ڕیشێکی کوڕپە و جوانی هەبوو. لەسەر و پۆتەڕاکیرا دیار بوو کە ئەگەر جلوبەرگێکی باشتری دەبەردابووایە، هەموو وەک پیاوێکی ماقووڵ و شکۆداریان چاو لێ دەکرد. کاتێک هاتە ژوور داوای وەتاغێکی بەتەنیای کرد، بەڵام کە بیستی کاروانسەرادار تەنانەت یەک تاقە ژووری بەتاڵیشی نییە زۆر نارەحەت بوو؛ بەو حاڵەشەوە لە ژنەکەی کە بە لیباسیرا عەرەب بوو نزیک بووەوە و ئامێزی پێ دا کرد و دای بەزاند. زۆری پێ نەچوو کە لووسـیند و دووروونە و ژنی کـاروانسـەرادار و کـچـەکـەی و مـاری تۆڕن خـزمـەتکاری کاروانسـەرادار کە تا ئێسـتا جلوبەرگی عـەرەبییـان نەدیتبوو و زۆریان پێ جوان بوو لە دەوری ژنە عـەرەب کۆ بوونەوە و، دووروونە کە هـەموو دەم کچێکی دڵسۆز و میهرەبان بوو کاتێک دیتی ژنە عەرەبەکەش وەک ئەو پیاوەی دەگەڵی بوو لە نەبوونی وەتاغ نارەحەت بوو، زۆر بەڕووی خۆشەوە گوتی: «ئەگەر لەم کاروانسەرایە بەئەندازەی پێویست حەسانەوەتان نابێ، نارەحەت مەبن، چون تایبەتمەندیی کاروانسەرا هەر ئەوەیە کە مرۆڤ تێیدا ئاسوودە نەبێ، بەو حاڵەشەوە ئەگەر مەیلتان لێ بێ دەگەڵ ئێمە (ئیشارە بەخۆی و لووسیند) بیەهاورژوور، ڕەنگە لە تەواوی مەودای سەفەرەکەتاندا ئاوا خۆشتان بۆ نەگوزەرابێ. ژنە عەرەب کە هێشـتا هەر نیقابی لەسەر ڕووی بوو هێچ وڵامێکی نەداوە، بەڵام لەسـەر ئەو چوار پایەی کە دانیشتبوو هەڵسـتا و هەر دووک دەسـتی لەسەر سینگی دانا و سەری دانەواند و بەڕەسمی سپاس کەمەری خوار کردەوە. بێدەنگییەکەی ئاشکرای کرد کە ژنێکی عەرەبەو زبانی مەسیحیان نازانێ. لەو کاتەدا دیل[٢٢٨] کە تا ئێستا سەرگەمی کاری

٢٢٨- لێرەدا سێروانتێس ئەم پیاوە عەرەبە بەبێ ڕوونکردنەوە بەدیل ناو دەبا و هۆی ئەو کارە لە بەشەکانی دواییدا ئاشکرا دەبێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

تر بوو گەڕاوە و کە دیتی هەموو ژنەکان لە دەوری ژنەکەی کۆ بوونەوە و هەرچی لێی دەپرسن و قسەی دەگەڵ دەکەن ناتوانێ هیچ جواب بداتەوە گوتی: «خانمەکان، ئەم کچە بەزەحمەت لە زبانی ئێمە حاڵی دەبێ و بێجگە لە زبانی دایکی خۆی هیچ زبانێک نازانێ. هەر لەبەر ئەوە نەیتوانیوە بەو شتانەی لێتان پرسیوە، وەڵام بداتەوە. لووسیند گوتی: ئێمە بێجگە لەوە شتێکمان لە وی نەویستووە کە شەو لە لای ئێمە بمێنێتەوە و ببێتە هاوژووری ئێمە. ئەڵبەتە تا ئەو جێیەی کە لە جێگایەکی وەک ئێرەدا بگۆنجێ و بەدەبەر چاو گرتنی هەموو ڕێز و حورمەتێک کە بۆ کەسێکی غەریب پێویستە بەتایبەتی ئەگەر ژنیش بێ، پەزیرایی لێ دەکەین. «دیل» گوتی: خاتوونی بەڕێز من لە لایەن ئەو و خۆمەوە دەستی بەڕێزتان ماچ دەکەم و قەدری ئەو چاوەدێرییەتان لە بارودۆخێکی ئاوادا باش دەزانم. ئاوڕوێدانێکی ئەوها و لە لایەن کەسانێکی ڕێزداری وەک ئێوە بابەتێکی چکۆلە نییە.» دووروروتە هەڵی دایە و گوتی: بەڕێز زەحمەت نەبێ بفەرموو ئەم خاتوونە مەسیحییە یا موسوڵمان؟ ئێمە لە ڕووی لیباس و قسە نەکردنی ڕا وای تێدەگەین کە ئەو شتێکە کە ئێمە نەماندەویست ئەوە بێ. دیل گوتی: جلوبەرگەکەی ئیسلامییە و خۆشی بەڕواڵەت موسوڵمانە، بەڵام بەدڵ مەسیحییە چون زۆری پێ خۆشە ببێتە مەسیحی. لووسیند پرسی: کەوابوو هێشتا غوسڵی تەعمیدی(*) نەگرتووە؟ «دیل» گوتی: خێر هێشتا نەیگرتووە چون لەو ڕۆژەوە لە ئەلجەزایری زێدی ئەو هاتووینەتە دەرەوە تا ئێستا دەرفەتی ئەو کارەمان بۆ نەرەخساوە، تا ئێستاش مەترسی مردنی ئانی بۆ نەهاتووەتە پێش کە مەجبوور بین پێش ئەوەی ڕێوڕەسمی دایکی پیرۆزی ئێمە، کلیسا فێر بووبێ ئەو غوسڵی تەعمید بدەین. بەڵام بەویستی خودا هەر بەو زووانە بە ڕێوڕەسمێک کە شایستەی کەسایەتی بەرزی ئەوبێ. – کەسایەتییەک کە لە ڕووی جلوبەرگی من و ئەوڕا ناکرێ بیناسی – غوسڵی تەعمید وەردەگرێ.»

ئەم قسانە کێچی خستە کەوڵی هەمووان تا لە شناسی ئەو عەرەبەو دیل بپرسن و ئاگابنەوە، بەڵام چون دیتیان کە پێکهێنانی ئەسبابی حەسانەوەیان پێویستترە لەوەی لە بەسەرهاتیان بپرسن، هیچ کەس نەیوێرا لەم بارەوە پرسیار بکا. دووروروتە دەستی ژنە عەرەبی غەریبی گرت و لە تەنەیشت خۆی دانیشاند و تکای لێ کرد نیقاب لەسەر ڕۆخساری خۆی لابدا. ژنە چاوی لە «دیل» کرد، وەک بیەوێ بپرسێ کە ئەمانە دەڵێن چی وچییان دەوێ و ئەو دەبێ چ بکا. «دیل» بەزبانی عەرەبی پێی گوت کە دەڵێن نیقابەکەی لابدا و کەوایە باشترە بەقسەیان بکا. ژن دەستبەجێ نیقابی لابرد ڕۆخسارێکی وەها

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



جوانی خستە دەر کە لووسیند پێی وابوو ئەو لە دووروتە و دووروتە ش پێی وابوو ئەو لە لووسیند جوانترە و ئەوانەی لەوێش بوون لە ملی خۆیاندا کە ئەگەر ژنێک دە جەماڵ و جوانیدا دەگەڵ ئەوان بەرانبەر بێتەوە، ئەم ژنە عەرەبەیە؛ تەنانەت هێندێکیان ئەویان لە زۆر بارانەوە لەوان پێ جوانتر بوو و، چون جوانی هەموو کات ئەو فایدەیەی هەیە کە بیروڕای دژ بەیەک ڕێک دەخاتەوە و خۆشەویستی و هۆگری دەخولقێنێ هەموو بۆ خزمەت بەو عەرەبەلوعبەتە(*) ملی خۆیان شکاند. دۆن فێرنان لە «دیل»ی پرسی کە ناوی ئەم خاتوونە چییە و ئەویش جوابی داوە «لەیلی زوبەیدە»، بەڵام ژنە عەرەب کە گوێی لە ناوی خۆی بوو، زانیی کە کابرای مەسیحی چیی پرسیوە، و بەشێوەیەک کە لوتف و بێزاری دەدەنگیدا ڕەنگی دەداوە دەنگی هەڵێنا کە: نە! نە! زوبەیدە نە! ماریا! ماریا! و مەبەستی ئەو بوو کە بڵێ ناوی مارییە نە زوبەیدە. ئەم قسانە و لە حنی کاریگەری ژنە عەرەب، چەند دڵۆپ فرمێسکی شۆقی لە چاوی گوێگران، بەتایبەتی ژنەکان کە دەزاتی خۆیاندا دڵناسکتر و هەستیارترن، داوەراند. لووسیند زۆر لە ناخی دڵەوە ماچی کرد و گوتی: «بەڵێ، ماری، ماری!» ژنە عەرەبیش گوتی: «نەعەم، نەعەم. ماریا زوبەیدە ماکوو!» یانی »بەڵێ بەڵێ، ناوی من ماریایە، زوبەیدە نییە.

وردەوردە شەو دادەهات و کاروانسەرادار بەئەمری هاوڕێیانی دۆن فێرنان تەواوی تێکۆشان و سەلیقەی خۆی دەکار هێنابوو تا شامێک ساز بکا، شا نەیخوارد بێ. کاتێک وەختی شام خواردن هات هەموویان لە دەوری سفرەیەکی درێژ و باریک، کە بۆ سفرەخانە گەورەکانی ساز دەکەن، دانیشتن، چون لەو کاروانسەرایە دا مێزی چوار گۆش یا خڕ گیر نەدەکەوت. پاشان لە دۆن کیشۆتیان تکا کرد کە بچێتە لای سەرووی سفرەکە دانیشێ، کەچی ئەو بێهوودە خەریک بوو لە قبووڵ کردنی ئەم شانازییە خۆی بدزێتەوە و تکای کرد کە شازادە خانم میکۆمیکۆنا لە تەنیشتی دابنیشێ، لە خوارەوەی دووروتە لووسیند و زوبەیدە دانیشتن و لە بەرانبەر ئەوانیشدا دۆن فێرنان و کاردینیۆ جێگیر بوون. لە خوارووی ئەم دوانەشەوە «دیل» و باقیی ئاغایان دانیشتن و پاشان کەشیش و دەلاک لە لای خاتوونەکان جێی خۆیان کردەوە. شام بەشادی و بەئیشتیای زۆرەوە خورا و شادی و خۆشی کاتێک گەیشتە ئەوپەڕی خۆی کە دۆن کیشۆت دەستی لە خواردن کێشاوە و بەهاندانی هەمان فکر کە چەندێک لەمەو بەر بۆ بزن لەوەڕێنەکان قسەیان کردبوو، خۆی ئامادەی قسە کردن کرد و ئاوای گوت:

«ئەی بەڕێزان، لە ڕاستیدا دەبێ بزانن کە ئەوانەی دێنە ناو بازنەی پاڵەوانانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabani.org

سەرگەردان و ئەم شوغڵە ڕەچاو دەکەن شتی سەیر و سەمەرە و بێ وێنە دەبینن؛ دەنا بەمن بڵێن، کام بوونەوەری زیندوو ئەمڕۆ لە جیهاندا هەیە کە لەم سەعاتەدا لە دەرگای ئەم قەڵایە بێتە ژوور و ئێمە ئاوا لە پشت ئەم مێزە بەدانیشتوویی ببینێ و بتوانێ تێ بگا و مەزەندە بکا کە ئێمە چین و کێین؟ کێ هەیە بەیەک ڕوانین بزانێ کە ئەم خاتوونەی لە لای دەستی من دانیشتبوو شاژنی خاوەن شکۆیە کە ئێمە شانازیی ئاشنایەتی ئەومان هەیە و منیش هەمان پاڵەوانی خەمگین ڕۆخسارم کە ناوبانگم لە زاری خودای ناوبانگ و شۆرەتەوە دەگاتە دوورترین کەنارەکانی ئەم دنیایە؟ ئێستا ئیدی جێگەی هیچ شک و گومانێک نییە کە ئەم شوغڵی پاڵەوانییە لە تەواوی ئەو شوغڵ و کارانەی کە بەشەر دای هێناون سەرتر و بەڕێزەترە و بەهەمان ئەندازە کە پڕ مەترسی و سامناکە، دەبێ ئەوەندەش ڕێزی بۆ دابندرێ. کەسانێک کە دەڵێن سەواد لە چەک چاکترە، هەرچی زووترە لەبەر چاوی من لابچن و، من بەئەوان. هەر کەس کە بن، دەڵێم کە خۆشیان نازانن چ دەڵێن.(٢٢٩) لە ڕاستیدا دەلیلێکی کە ئەم کەسانە بۆ سەلماندنی قسەی خۆیان دەیهێننەوە و هەرگیز لێی لا نادەن ئەوەیە کە کاری فکری لە کاری بەدەنی باشترە و لە کارێکدا کە بەزۆری چەک ئەنجام دەدرێ تەنیا بەدەن دەخیلە؛ وەک ئەوەی ئەم شوغڵە لە ڕیزی کاری بارەبەری و حەماڵییە و تەنیا شانی پان و ملی ئەستووری پێویستە یا ئەوەی کە شوغڵی پاڵەوانی کە شوغڵی ئێمەیە و ئێمە ناوی شوغڵی چەکداری مان لێ ناوە، ناچێتە ڕیزی فەن و هونەری عەسکەری کە پێداویستیی بەهۆش و عەقڵی زۆر هەیە؛ یا وەک ئەوەی ئەو پیاوە نەبەزەی کە فەرماندەیی لەشکرێکی لە مەیدانی شەڕدا، بەئەستۆوەیە، یا ئەو سەردارەی بەرگری لە قەڵایەک دەکا، دەیەک ئاندا فکر و هۆش و لەش و ئەندامی خۆی دەکار ناکا. مەگەر بەهێزی لەش و باسک لە پیلان و پلانی دوژمن حاڵی دەبن و لە نەخشە و فێڵ و حیلەی شەڕی ئەوان تێ دەگەن و ئەو مەترسییانەی دەبنە هۆی وەحشەت و خۆ دۆڕاندن و تەواوی ئەو شتانەی کە هێزی شان و باهۆ لەواندا کارناکا، پێش بینی ناکەن؟. ئێستا کە ڕوون بووەوە کە چەکیش وەک زانست پێداویستی بەهاوکاریی فکری هەیە، بزانین فکری پیاوی زانست زۆرتر کار دەکا یا فکری پیاوی شەڕکەر. تێگەیشتن لەو بابەتە بەسەرنجدان بەبەرهەم و ئامانجێکی کە ئەم دوو فکرە هەیانە، بەئاسانی دەست دەدا، چون مەبەستێک زۆرتر

٢٢٩- دۆن کیشۆت لێرەدا بەپێچەوانەی بۆچوونی وێژاوەر «خطیب»ی ناوداری ڕۆمی بڕوای خۆی دەردەبڕێ. سیسرۆن دەیگوت: «Cedant arma togae» یانی چەک دەبێ دەبەرانبەر یاسا و مەنتیقدا سەر دانەوێنێ. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

جێگەی ڕێز گرتنە کە ئامانجێکی شەریفتری هەبێ. ئاکام و ئامانجی زانست (لەحاڵی حازردا، من باسی زانستە ئیلاهییەکان[٢٣٠] ناکەم کە ئامانجی ئەوان ڕێنوێنی و گەیاندنی ڕۆحەکان بەبەهەشتە، چون هیچ ئامانجێک توانای بەرانبەریی دەگەڵ ئەو ئامانجە کە هیچ کات کۆتایی پێ نایە، نییە، من تەنیا باسی زانستە مرۆڤانییەکان[٢٣١] دەکەم) گوتم ئاکام و ئامانجی زانست ئەوەیە کە عەداڵەتی تا کە کەسی زاڵ بکا و بەهەرکەس هەر شتێکی کە هەیەتی بیداتەوە و یاسا باشەکان دەکار بێنێ و خەڵکیش وادار بکا، ئەم یاسایانە دەبەر چاو بگرن. ئەم ئامانجە، دیارە گەورە و بەرزە و شایانی ستایشە[*] بەلاّم نە بەبارستای ئامانجێک کە چەک هەیەتی. چون ئامانج و ئاکامی چەک و ئەسلەحە دابینکردنی ئاشتییە و ئاشتیش گەورەترین نیعمەتێکە کە مرۆڤەکان دەتوانن لە ماوەی ژیاندا ئارەزووی بکەن، هەر وەک یەکەمین هەواڵە خۆشەکان کە دران بەدنیا هەر ئەو هەوالاّنە بوون کە فریشتەکان شەوێک هێنایان کە خۆری بەختەوەری ئێمە هەلاّت و دەو شەوەدا دەهەموو ئاسماناندا بەئاهەنگ دەیانچریکاند: «سلاو لە پەروەردگاری گەورە دە ئاسمانە بەرزەکاندا و ئارامی و ئاشتی بۆ مرۆڤەکانی سەر زەوی زۆر و زەوەند بێ.» هەروەها گەورەترین سلاوێک کە گەورەترین مامۆستای ئاسمان و زەوی بەشاگردان و حەوارییەکانی[*] خۆی ئامۆژگاریی کرد، ئەوە بوو: کاتێک دەچنە ماڵی کەسێک بڵێن: «ئارامش و ئاشتی بەسەر ئەم ماڵەدا بڕژێ!» هەروەها زۆر جاران پێی دەگوتن: من هێمنایەتی خۆم بەئێوە دەدەم. من ئاشتیی خۆم بۆ ئێوە بە جێ دێڵم؛ هەمووکات سوڵح و ئاشتی دەگەڵتان یار و هاوڕێ بێ!» و، ئەوە خۆی وەک گەوهەرێکی گران بایی بوو کە دەستێکی ئاوا بەهەزران بەئێمەی بدا و بۆ ئێمەی بەجێ بهێڵێ. گەوهەرێک کە بێ ئەو نەلەزەویدا بەختەوەرییەک سەر دەگرێ و نە لە ئاسماندا. بەڵێ جا ئەو ئاشتییە ئامانجی سەرەکیی شەڕە و شەڕیش بێجگە لە ئەسلەحە شتێک نییە. ئێستا کە ئەم ڕاستییە ڕوون بووەوە یانی زانیمان هەر شەڕێک ئاکامەکەی ئاشتییە هەر بەو دەلیلەش لە ئاکام و ئامانجی زانست لەسەرترە. ئەوجار با بگەڕێینەوە سەر بابەتی کاری بەدەنیی پیاوی زانا و ڕەنج و زەحمەتی بەدەنیی پیاوی چەک هەڵگر و بزانین کامیان دژوارترە.»

دۆن کیشۆت وتاری خۆی بەشێوەیەکی وەها تازە و بێ وینە و بەڕاوێژێکی وەها شیرین و ڕەوان بەیان دەکرد کە هەموو بیسەرەکانی هێنا سەر ئەو باوەڕە کە لەمەو دوا کەس

٢٣٠- مەبەست لە زانستە ئیلاهییەکان تیئۆلۆژی یا حیکمەتی ئیلاهییە. (مۆریس باردۆن)

٢٣١- مەبەست لە زانستە مرۆڤانییەکان زانستی حقووق و یاساکانە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

بەشـێتی نەزانێ. بەپێچەوانە چون زوربەی ئەوان لە تۆرەمە و بنەچەکەی نەجیب زادەکان بوون و بەپێی ئەو ڕەسەنایەتییە ئەهلی چەک و شەڕ و بەرەنگاری بوون، بەمەیل و شۆر و شەوقێکی زۆرەوە گوێیان بۆ قسەکانی هەڵخستبوو، دۆن کیشۆت ئاوا لەسەر قسەکانی خۆی ڕۆیشت. «من دەپێشدا باسی زەحمەت و ڕەنجی بەدەنیی خوێندکارانی زانست دەکەم: یەکەمین و دژوارترین زەحمەت و مەینەتی خوێندکارانی زانست دەستتەنگی و نەدارییە و، مەبەست نە ئەوەیە کە هەموو خوێندکارێک فەقیرە، بەڵکو مەبەست نیشاندانی خراپترین نیشانەکانی باری گشتیی ئەوانە. کاتێک دەڵێم کە خوێندکار تووشی فەقیری و نەداری دێ، وا دەزانم دەبەیانی ڕۆژگار ڕەشیی ژیانی ئەودا، ئەوەی دەبێ بگوترێ گوتوومە. چون کەسێک کە دەست تەنگە لەو دنیایە دا هیچ شتێکی باشی نییە. خوێندکار جاری وایە لە تەنیا یەک لایەنیی ئەم ڕۆژە ڕەشییە نارەحەتە وەک برسیەتی یا ڕووت وقووتی و ڕەجاڵی، جاری واشە بەگشتی تەواوی ئەم سێ ڕۆژەڕەشییانە ڕووی تێ دەکا. بەڵام بەو حاڵەشەوە فەقیریی خوێندکار ناگاتە ئەو ڕادەیە کە بەیە کجاری لەبرسان بمرێ و هیچ شتێکی بۆ دامرکاندنەوەی برسیەتی دەست نەکەوێ، جا با ئەوشتەی لە کاتی خۆیدا پێ نەگا یا ئەو شتە ی دەیخوا بەرماوی سفرەی دەوڵەمەندان بێ و، ئەوە بالاترین پلەی نەداری و فەقیریی خوێندکارانە کە بەقەولی خۆیان پێی دەڵێن «سواڵی شۆرباو»[٢٣٢]. لە لایەکی ترەوە خوێندکاران لە وەرزی سەرمادا جاری وایە لە ئاورگی مدبەقەکان یا لە مەنقەڵییەکی کە لە وەتاغی کەسانێکی تردایە کەڵک وەردەگرن و ئەگەر نەشتوانن خۆیان بەتەواوی گەرم بکەنەوە لانی کەم دەتوانن دەست و پێی خۆیان لە سڕ بوون ڕزگار بکەن و، شەوانەش هەر چۆنێک بێ هەموویان لە شوێنێک و دەژێر میچێکدا دەخەون. نامەوێ بەوردی باسی هەموو شتێکیان بکەم. بۆ نموونە لەبێ کەوشی و پێخواسی وبێ کراسی و شڕ و دڕی و کۆنیی جلوبەرگیان قسە ناکەم و باسی ئەوەش هەر ناکەم کە کاتێک خۆیان و بەختی خۆیان، بەسەر میوانی و بەزمێک دا بکەون، چلۆن لە خۆشییان وەختە سفرە و قاب

٢٣٢- سواڵی شۆرباو «aller á la soupe» زاراوەیەکە و لەوەرا دەردەکەوێ کە نەداری و دەستەنگی خوێندکاران لە سەردەمی سێروانتێسدا بەچ دەرەجەیەک بووە و ناچار بوون وەک سواڵکەران کاسەیەک بەدەستەوە بگرن و لە سەعاتی تایبەتدا لەبەر دەرکی کلیسایەک کە خێراتی داوە بەفەقیران چاوەڕوانی وەرگرتنی کەوچێک شۆرباو بن. (مۆریس باردۆن) فەقێکانی وڵاتی ئێمەش تا چەند ساڵێک لەمەوبەر کە لە مزگەوتی شار و گوندەکاندا دەیانخوێند هەر بەم جۆرە دەژیان و ڕاتبەیان کۆ دەکردەوە و بۆ وەرگرتنی خۆراک لە درگای ماڵانیان دەدا. (وەرگێڕ)

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

و کەوچکەکەش قووت بدەن! بەهەر حاڵ خوێندکارانی زانست بەم ڕێگە دژوار و ئەستەمەدا بەلەقە لەق، بەکەوتن و هەستانەوە، دەچنە پیش تا دەگەنە ئەوپلە و بارستایەی کە دەیانەوێ و هەر دەگەڵ بەمەخسوود گەیشتن؛ هەر وەک بۆ خۆمان دیومانە، پاش تێپەڕ کردنی ئەم دژواری و تاڵی و سویرییانە، وەک ئەوە شاباڵی بەخت و یەغبالێان لێ ڕوابێ، خۆیان لەسەر کورسی و جێگایەکی دەبیننەوە کە لەسەر ئەوێوە دنیا بەڕێوە دەبەن و برسیەتی بۆ ئەوان دەبێتە تێری و هەڵلەرزین و سەرما لێیان دەبێتە شنەی بلاوێنی فێنک و ڕووتی و شرۆڵی دەبێتە جلوبەرگی شاهانە و سفرەی حەسیرییان دەبێتە سفرەی کەتانی هولەندی و بەدەرک و پەنجەرە و دەلاقەی ماڵیانەوە پەردەی حەریری دە میشقی هەڵدەواسرێ و ئەلحەق حەقی خۆشیانە بەو پاداش و بەختەوەرییە بگەن و ئەوانە لایقی زانست و فەزیلەت و تەقوای ئەوانە. بەلام ئەگەر کاری ئەم چینە دەگەڵ کاری پیاوی شەڕ و چەک هەڵگر دەتەرازوو بنێن و پێکەوەیان هەڵسەنگێنن، ڕوون دەبێتەوە کە لینگە تەرازووی ئەوان چەندە سووکە و من هەر ئێستا قسەی خۆم بەسبووت(*) دەگەیەنم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## درێژەی وتاری سەرسوڕهێنەری دۆن کیشۆت لەمەڕ شمشیر و قەڵەم

دۆن کیشۆت پشوویەکی دا و گوتی: «چون ئێمە باسەکەمان لەسەر خوێندکارانی زانست لە دەستەنگییەوە دەست پێ کردووە، ئێستا با بزانین ئایا سەرباز دەوڵەمەندترە لە خوێندکار، ئەودەم تێ دەگەین کە لە سەرباز فەقیرتر لەو دنیایەدا هیچ کەست گیر ناکەوێ. دەڕاستیدا ژیانی سەرباز هەمیشە بەستراوەتەوە بەوەندە مواجیبەی کە درەنگ بەدەستی دەگا یا هەر ناگا، وە یا بەستراوەتەوە بەو دەسکەوتەی کە بەقیمەتی گیان و مەترسیی سەردانان دەستی دەکەوێ. جاری وایە دەستەنگییەکەی دەگاتە ئەو ڕادەیە کە قوڵە باڵتەیەکی کۆن هەم بەلیباسی سەربازی و هەم بەکراس بۆ ئەو دێتە ئەژمار، سەربازێکی لەم چەشنە لە چلەی زستاندا و لە دەشت و سەحرای سەهۆل بەستوودا، بێجگە لە هەڵم و هالاوی دەمی چی تری هەیە؟ هەڵم و هالاوێکی کە لە زگی خاڵی دێتە دەر، بەپێی قانوونی سروشت ناچار سارد و سڕە. ئێستا شەو داهاتووە تا سەربازی گۆرین ماندوێتیی ڕۆژانەی لە کۆل بێتەوە و لە جێ وبانێکدا کە بۆی پان کراوەتەوە بحەسێتەوە. بەبڕوای من خەتای خۆیەتی کە ئەم جێوبانە ئەوەندە پان و گوشاد نییە کە جێی جەستەی ئەو ببێتەوە. چون ئەو دەتوانێ چەند پێ(*) بەرینایییەک کە بۆ حەسانەوەی خۆی نیازی پێی هەیە لەسەر عەرز ئەندازە بگرێ، تا بتوانێ بێ ئەوەی لە هەڵدڕانی لێفە بترسێ، بەکەیفی خۆی دەجێوبانەکەیدا جینگڵ بدا و نەحەجمێ. ئەوجار ڕۆژ و سەعاتێک دەگاتێ کە ئەو دەبێ دەرەجە و پلەی شوغڵی خۆی وەربگرێ، یانی بەکورتی بڵێم ڕۆژی شەڕ دادێ. دەو ڕۆژەدا بۆ تیمار کردنی برینێک کە ڕەنگە لە تێپەڕینی گوللە لە لاجانگەکانیدا پێک هاتبێ یا بەلەک یا باسکی هەڵتەکاندووە، لە جێگەی پارچەی برین پێچی کە دەبێ پزیشک لەسەر برینەکەی دابنێ، کۆنە پەڕۆیەکی لە برینەکەی دەهاڵێنن. ئەگەر وەها ڕووداوێکیش ڕوونەدا و خودای باریتەعالا بەکەرەمی خۆی بەزیندوویی بیهێڵێتەوە و هەموو ئەندامەکانیشی ساغ و سلامەت بن زۆر وا دەبێ کە دیسان بەهەمان سەگ مەرگیی پێشوو درێژە بەژیانی خۆی بدا و چاوەڕوان بێ شەڕ و هەرای تر ڕوو بدەن و ئەو لە هەمووواندا سەرکەوێ تا بەنەوایەک(*) بگا و، ئەوانە مۆجیزاتێکن کە هەمیشە ڕوو نادەن. من لە بەڕێزان دەپرسم ئایا هیچ سەرنجتان بەم خاڵە داوە کە ژماری کەسانێک کە لە شەڕدا خەلات و پاداش وەردەگرن، چەندە کەمترە لەوانەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کە دەو شەڕانەدا تێدا دەچن؟ بێگومان دەجوابی مندا دەفەرموون کە ئەم دوو دەستەیە بۆ هەڵسەنگاندن نابن، چون ژماری کوژراوان لە شەڕەکاندا بەکەس دەحیساب نایە و ژماری ئەوانەی کە ناکوژرێن و پاداش وەردەگرن ژمارەیەکی سێ ڕەقەمی پتر پێک ناهێنێ، بەڵام لە لای ئەربابی قەڵەم مەسەلەکە تەواو پێچەوانەی ئەمەیە، چون ئەم تاقمە هەمیشە دەتوانن نانی خۆیان، ناڵێم بەسەردەستی کراسەکانیان،[٢٣٣] بەڵکو بەداوێنی کەواکانیان وەدەست بخەن، کەوابوو هەرچەند زەحمەت و مەرارەتی سەرباز زۆرترە پاداشەکەی گەلێک کەمترە، ڕەنگە دەجوابی ئەم لێکدانەوەیەدا بڵێن کە دانی مواجیبی باش بەدووهەزار نەفەر ئەهلی قەڵەم ئاسانترە لە دانی جیرە و مواجیب بەسی هەزار سەرباز، چون پاداش دان بەتاقمی یەکەم بەداهاتی ئەو شوغڵ و پلە وپایە ی پێیان دەسپێرن و بێجگە لەوان ناتوانن بەکەسی تر ی بسپێرن قەرەبوو دەکرێتەوە، لە حاڵێکدا پاداش دان بەسەربازان تەنیا بەخەرجی ئەو ئەمیرەی ئەوانی بۆ خزمەت بەخۆی دەکار هێناوە مەیسەر دەبێ و، ئەوەش نامومکینە و هەر ئەو نامومکین بوونە دەلیلێکی گەورەیە کە من هەمە. بەهەرحاڵ لەم باسە تێپە ڕین، چون وەک غارێکی پڕپێچ و خوارەکە و خێچەکەیە کە لێ دەرچوونی زەحمەتە، وە بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی «سەرەتی ئەسلەحە بەسەر سەواددا» (یا شمشیر بەسەر قەڵەم دا). فتوا دان لەم دەمەقاڵەیەدا بەستراوەتەوە بە پێداچوونەوەی ئەو دەلیلانە کە لایەنگرانی هەر لایەک بۆ چەسپاندنی بیرو بۆچوونی خۆیان دەیهێننەوە. لایەنگرانی قەڵەم دەڵێن کە بێ بوونی زانست و سەواد، ئەسلەحە بەقای نابێ، چون شەڕیش یاسای تایبەت بەخۆی هەیە کە خۆی دەبێ پێڕەوی لێ بکا و هەموو یاساکانیش سەرەنجام لە ژێر دەسەڵاتی ئەربابی زانست و قەڵەم دان. لایەنگرانی شمشیر دەجوابدا دەڵێن کە بێ شمشیر یاساکان ناتوانن بوونیان هەبێ. چون بەهێزی چەکە کە کۆمارەکان لە خۆیان بەرگری دەکەن و وڵاتەکان سەربەخۆیی خۆیان دەپارێزن و شارەکان کێشکی خۆیان دەکێشن و ڕێگاوبان ئەمین دەبن و دەریاکان لە دز و ڕێگرانی دەریا پاک دەکرێنەوە. بەکورتی، بێ پاڵپشتیی چەک کۆمارەکان و وڵاتەکان و سەلتەنەتەکان و شارەکان ڕێگاکان و ڕێگا دەریاییەکان هەمیشەودایم تووشی کێشە و هەرا و پشێوی نائەمینی و سەرەنجام شەڕ و پێکدادان دەبن

٢٣٣- سەردەستی قۆڵە کراسی کۆمەڵی دەبیران و قازییەکان لە قەدیمدا جۆرێک بوو کە ڕیشوە و بەرتیلیان تێدا دەشاردەوە، لەوێوە دوو زاراوە دەزبانی فەڕەنسیدا سەری هەڵداوە. یەکیان avoir la monche large ڕیشوە خواردن و ئەوی تر bonne manche یانی بەرتیل. ژیان بەداوێنی کەواش یانی وەرگرتنی مواجیبی هەمیشەیی و بەردەوام. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و تا کاتێک شەڕ هەیە و زوڵم وزۆر و دەستدرێژی درێژەی هەیە ئاڵۆزی و تێک بەربوون و لە ناو بردنیش هەردەمێنێ. لەسەر بنەمای ڕاستەقینەیەکی گشتی هەر چەند قیمەتی شتێک لەسەرتر بێ قەدر و حورمەتیشی زۆرتر دەبێ، ئێستا با بزانێن شارەزایی زۆر لە زانستدا بەچ قیمەتێک وەدەست دەکەوێ؟ بەقیمەتی شەونخوونی و بێ خەوی و ماندوو بوون و برسیەتی و ڕووتی و سەرئێشە و زگ ئێشە و زۆر نارەحەتیی تری لەم چەشنە کە من پێشتر هێندێکم باس کردن، بەڵام کەسێک بیەوێ بەهەمان ڕێژە ببێتە سەربازێکی لێهاتوو، دەبێ هەر ئەو دژواری و نارەحەتییانەی خوێندکارانی زانست وە ئەستۆ بگرێ، بەڵام ڕەنج و زەحمەتەکەی بەچەند قات گەورەتر و قورسترە، چون لە هەر هەنگاوێکدا دەگەڵ مەترسیی مەرگ ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ئاخر لە کوێ ترسی خوێندکار لە برسیەتی و دەستەنگی، دەگاتە دڵەخورپە و ترسی سەربازێک کە لە شوێنێکدا گەمارۆ دڕواە و لە گۆشەی سەنگەرێکدا بوکێشک ڕاوەستاوە و بەگوێی خۆی گوێی لە خرتەخرتی هەڵکەندنی ڕەهەندێکە کە دوژمن بۆ لای سەنگەرەکەی ئەو لێی دەدا، بەڵام ئەو نەتوانێ لە جێگەی خۆی ببزوێ و لەو مەترسییەی کە لە نزیک خۆی هەستی پێ دەکا دەرباز بێ؟ ئەو تەنیا دەتوانێ فەرماندەکەی خۆی خەبەر بکا و داوای لێ بکا بۆ بەرگری لەو مەترسییە کارێک بکا و پێش بەو ڕەهەند لێدانە بگرێ.: یا هەر لەجێی خۆی بمێنێتەوە تا تەقینەوەیەک باڵی لێ بڕوێنێ و دە حەوای کا و لەو بڵندەوە بە عەرزیدا بدا. ئەگەر دیسانیش ئێوە ئەم مەترسییەتان بەلاوە هیچ نییە، ئێستا با بزانین لە دوو کەشتیی شەڕکەردا کە لە نێوەڕاستی ئوقیانووسی بێ کەناردا لە تەنیشت یەک لەنگەریان بەرداوەتەوە و مەودای نێوانیان تەنیا تەختەیەک بەپانانیی دوو بست بێ کە سەرباز دەبێ بەسەریدا تێ پەڕێ، حاڵ و بارودۆخ چۆن دەبێ. سەرباز باوەکوو بەژماری لوولەی شمخاڵ(*) و زاراکی تۆپ و چەکی تری دۆژمن کە دە کەشتی دا دایانمە زراندووە، دەگەڵ عیزرائیل و مەترسییەکانی مەرگ ڕووبەڕوو دەبێتەوە و مەودای دەگەڵ ئەوانە لە درێژایی نێزەیەک زۆرتر نییە و با وەکوو دەزانێ ئەگەر هەنگاوی بەهەڵە باوێژێ بەرەو قووڵاتی وڵاتی نێپتۆن[٢٣٤] نوقم دەبێ، بەو حاڵەشەوە بێ ترس و هەراس و بەهەستی شانازییەوە خۆی دەکاتە ئامانجی ئەو هەموو تۆپ و تفەنگانە و تێدەکۆشێ تا لەو باریکە ڕێگایەوە خۆی دەکەشتیی دوژمن باوێ. شتێکی کە زۆرتر جێگەی ئافەرین پێ گۆتنە ئەوەیە

٢٣٤- نێپتۆن Neptune کوڕی ئەستێرەی زوحەل و برای «موشتەری»یە کە لە ئەفسانەی خودایانی یۆناندا خودای دەریاکانە و لە قووڵاییی ئۆقیانووسەکاندا کاخ و کۆشکی خۆی هەیە. کالیسکەی ئەم خودایە ئەسپانی ئاوی دەیکێشن. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە سەرباز کاتێک کەوتە جێگایەک کە تا ڕۆژی قیامەت هەڵناستێتەوە، دەستبەجێ سەربازێکی تر جێی دەگرێتەوە و ئەگەر ئەم یەکەش کەوتە ناو دەریا کە، وەک خەزیا زاری بۆ هەڵلووشینی کردووەتەوە، یەکی تر جێگەی دەگرێتەوە. وە هێشتا ئەوانە بەتەواوی نەمردوون کە یەکی تر ئامادەی مەرگ دەبێ. ئەوەیە ورە و ئازایەتییەک کە دە تەواوی شەڕەکاندا هیچ شتێک دەگەڵی بەرانبەر نایەتەوە. ئەی خۆزگەم بەبەختەوەریی خەڵکی ئەو سەردەمە کە لە ئاگری ڕق وقینی زراوتۆقێنی کەرەسە و ئامرازی تۆپخانە خەبەریان نەبوو. ئەو ئامرازە و کەرەسانەی کە من، داهێنەرەکان و ساز کەرەکانیان بەمەلعوون دەزانم و یەقینم هەیە دەسەقەرەی هەرە خوارەوەی دۆزەخدا حەقدەستی ئەو داهێنانەی خۆیان وەردەگرنەوە. هەر ئەم داهێنانەیە کە دەبێتە هۆی ئەوە دەستێکی جنیایەتکار ژیانی ئازاترین و بە جەرگترین پاڵەوان کۆتایی پێ بێنێ بێ ئەوەی بزانێ لە کوێ و چلۆن، لە نەکاو گوللە کوێرەیەک کە لەوانەیە پیاوێکی خوێڕیلکە هاویشتبێتی لەڕێوە دێ و دڵێکی ئازادە و پاک سروشت لە کاتێکدا کە گەیوەتە ترۆپکی هەیەجان و خرۆشان لە کار دەخا! وە بەمجۆرە هەودای هزر وبیری مرۆڤێک دەپسێ و تۆماری ژیانێک تێکەوە دەپێچرێ کە مافی خۆی بوو سالانێکی دوورودرێژ لەسەر ئەم دنیایە بژی و بمێنێ. لەبەر ئەوە کاتێک فکر لەم داوودەزگا لەعنەتییە دەکەمەوە هەوەس دەکەم کە بڵێم لە ناخی دەروونەوە، غەمبارم لەوەی کە لەم عەسر و زەمانە نەفرەت کراوەدا، کە لەبەر بەدبەختی دەبێ تێیدا بژیم، شوغڵی پاڵەوانانی سەرگەردانم ڕەچاو کردووە. هەر چەند ئەوە مسۆگەرە کە من لە هیچ مەترسی و پێشهاتێک ناترسم، بەو حاڵەشەوە لەوە نارەحەتم کە بۆ دەبێ ئەوەندووکە باروت و گزمۆولەیەک مس، دەرفەتی نێو دەرکردن بەزۆری شان و باهۆ و تیژیی شمشیر لە هەموو شوێنێکی جهان لە من وەربگرێتەوە. بەڵام لێ بگەڕێ با ڕۆژگار هەرچی دەیەوێ بیکا! من ئەگەر بمەوێ بگەمە ئەو جێگایە کە مەبەستمە ڕێز و حورمەتم گەلێک زۆرتر دەبێ. چون من دەگەڵ دژواریی زۆر زۆرتر لەوەی کە پاڵەوانانی سەرگەردانی ڕابردوو تووشی هاتبوون ڕووربەڕوو بوومەتەوە.

تەواوی ئەم وتارە دوورودرێژە لە لایەن دۆن کیشۆتەوە کاتێک پێشکەش کرا کە ئەوانی تر سەرگەرمی خواردنی شام بوون و ئەو لەبیری چووبووەوە کە پارویەک دەزاری خۆی بنێ؛ هەر چەند سانکۆ پانزا چەند جار، وەبیری هێنا بووەوە کە جارێ وا باشترە شامەکەی بخوا و، دوایە هەر چەندی بیەوێ کات بۆ وەعز و قسە و گوتار هەیە. وە بەڵام ئەوانەی گوێیان دابووە قسەکانی، کاتێک دیتیان کە پیاوێک بەو زاناییە قسە دەکا و لە عەقڵێکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ساغ و بەجێ وڕێ  بەهرەمەندە و تەنیا لە ڕێگەی پاڵەوانەتی شوومی خۆیدا عەقڵی خۆی لە دەست دەدا، هەموو دڵیان پێی سووتا و بەزەیان پێیدا هات، کەشیش پێی گوت کە لە تەواوی ئەو بابەتانەدا کە لەسەر سەرەتی شمشیر بەسەر قەڵەمدا گوتوویەتی حەق بەئەوە و ئەویش خۆی باوەکو ئەهلی زانست و قەڵەمە و گەیوەتە دەرەجەی ئیجتیهاد قسەکانی ئەوی بەتەواوی پێ دروستە.

پاش خواردنی شام سفرەیان کۆ کردەوە و هاوکات دەگەڵ ئەوەی کە ژنی کاروانسەرادار و کچەکەی و ماری تۆڕن عەمباری جێ خەوی دۆن کیشۆتیان بەپێی بڕیار ئامادە دەکرد کە خاتوونەکان لەوێدا دانیشن و بحەسێنەوە، دۆن فێرنان لە «دیل»ی داوا کرد کە سەرگوریشتەی خۆی بگێڕێتەوە و، پێی گوت کە بەسەرهاتی ژیانی ئەو بەشایەدیی هاوڕێ جوان و نازدارەکەی بەپێی قاعیدە دەبێ زۆر سەرنجڕاکێش بێ. «دیل» جوابی داوە کە ئەمری ئەوان لەسەر چاو دادەنێ، بەڵام لەوە دەترسێ کە ئەم بەسەرهاتە وەک ئەوان چاوەڕوانی دەکەن، هێندەش بەتام و خوێ نەبێ! بەو حاڵەشەوە بۆ ئەوەی قسەی ئەوانی لە عەرزی نەدابێ، ئامادەی گێڕانەوەیە، کەشیش و باقیی خەڵکەکە سپاسیان کرد و دیسان تکای خۆیان دووپات کردەوە. ئەوجار«دیل» کە دیتی هەموو بەئیشتیاوە ئامادەی بیستنن گوتی: «بۆ کەسانێک کە دەتوانن ئەمر بکەن، پێویستی بەتکا و خواهیشت نییە. کەوابوو با بەڕێزان هۆشیان بەلای منەوە بێ و گوێم بۆ ڕابگرن. ئێوە سەربردەیەکی ڕاستی دەبیسن کە ڕەنگە هیچ ئەفسانەیەکی دەستکردی خەیاڵ پێی نەگا.» بەبیستنی ئەم قسەیە تەواوی ئەوانەی لەوێ بوون جێی  خۆیان لەسەر سەندەڵییەکانیان خۆش کرد و ئەوجار مرتەقیان(*) لێ بڕا و بێدەنگ بوون. دیل کاتێک دیتی هەموو بێدەنگ چاوەڕوانی ئەون، بەڕاوێژێکی خۆش و سەرنجڕاکێش ئاوای دەست پێ کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣٩

## ئەو جێگەی کە «دیل» بەسەرهات و ڕووداوەکانی خۆی دەگێڕێتەوە

بنەچەکی بنەماڵەی من لە یەکێک لە شارە دێیەکانی ئاتەگی(*) چیاکانی لێئۆندا ژیاون و ئەوەندەی سروشت دەگەڵیان سازگار بووە، بەخت و یەغباڵ ناسازگار بووە. بەو حاڵەشەوە لەو هەرێمە بێ پیت و بەرەکەتەدا، باوکم بەدەوڵەمەند و دارا ناوی ڕۆیشتبوو و، بەڕاستی ئەگەر ئەو هێندە دەست بڵاو نەبووبایە و ماڵی خۆی بەفیڕۆ نەدابایە و دەفکری ڕاگرتن و کۆ کردنەوەی ماڵ و ساماندا بووایە، دەوڵەمەند دەبوو. ئەو باوکەی من ئەو خووی دەست بڵاوی و زۆر خەرج کردنەی لە زەمانی سەربازییەوە یانی لە سەردەمی لاوەتییەوە دەگەڵ بوو، چون خزمەتی سەربازی مەکتەبێکە کە مرۆڤی چرووک بەخشندە دەکا و پیاوی بەخشندەش دەست بڵاو، و ئەگەر سەربازێکت چاو پێ کەوت کە خەسیس و دەست قووچاو بێ، شتێکی سەیر و دەگمەنە. باوکم لە سنووری سەخی بوون و بەخنشدە بوونی تێ پەڕاندبوو و گەیشتبووە سنووری بەبادادان و بەخت کردنی ماڵ و سامانی خۆی. ئەوەش بۆ پیاوی بە ژن و ماڵ کە منداڵیشی هەبێ و دەبێ لە پاش ئەو ناو و ماڵ و سامانەکەی ڕابگرن، زۆر بەزەرەرە. باوکم سێ عەولادی بوو کە هەر سێک کوڕ بوون و هەرسێکیان گەیبوونە تەمەنێک کە بێنە ناو کۆمەڵگا، باوکم کە دیتی بەقەولی خۆی ناتوانێ دەست لە ئاکار و کاری خۆی بکێشێتەوە، بڕیاری دا کە هۆکاری سەرەکیی ئەم تەخشان پەخشانە لەناوبەرێ و خۆی لە ماڵ و سەروەتی دنیایی کە بێ ئەو ئەسکەندرەیش هەر خەسیس دەنوێنێ، بێ بەش بکا. بەڵی جا ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێمە هەر سێکمانی لە خۆی خڕ کردەوە و دەستی کرد بەوتارێک کە من ئێستا بۆ ئێوەی دەگێڕمەوە، «کوڕە خۆشەویستەکانم، بۆ ئەوەی بزانن کە من خێر و خۆشیی ئێوەم دەوێ ئەوەندە بەسە کە بڵێم ئێوە منداڵی منن! لە لایەکی ترەوە بۆ ئەوەی باوەڕ بکەن کە من خۆشبەختیی ئێوەم دەوێ، ئەوەندە بەسە کە بزانن کە من ناتوانم ئەو ماڵ و سامانەی کە هی ئێوەیە ڕای بگرم. باشە! ئێستا بۆ ئەوەی خاترجەم بن کە من وەک باوکێک ئێوەم خۆش دەوێ و ناتوانم خوازیاری نابوودی و وەرشکەستی(*) ئێوە بم دەمەوێ کارێک دەر هەق بەئێوە بکەم کە زۆر لەمێژە دە فکریدام و خۆم بۆ ئامادە کردووە. ئێستا ئێوە هەرسێکتان گەیشتوونە تەمەنێک کە دەتوانن بێنە نێو کۆمەڵگا، یا لانی کەم شوغڵێک ڕەچاوکەن کە بۆ داهاتووتان، کە دەبنە پیاوی تەواو،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabti.org

ئیعتیبار و ئابڕووتان بۆ پێک بێنێ. ئەو فکرەی من کردوومەتەوە ئەوەیە کە هەرچی دارایی و ماڵێ هەمە، بیکەمە چوار بەش. هەریەک و بەشێک هەڵدەگرین. سێ بەش بۆ ئێوە و بەشێک بۆ من. تا بتوانم ئەوەندە تەمەنەی ماومە پێی بەرێ بچم. تەنیا ئارەزووی من ئەوەیە کە هەرکام لە ئێوە کاتێک بەشی خۆی وەرگرت، بەیەکێک لەو کارانەوە کە پێتان دەڵێم خەریک بن. لە ئەسپانیای ئێمەدا پەندێکی قەدیمی هەیە کە هەم حەکیمانەیە و هەم دەگەڵ ڕاستیدا دەگونجێ. هەموو پەندەکان هەر ئاوان. چون هەموویان وتەگەلێکی کورتن کە لە ئەزموونێکی دوورودرێژ داتکاون. بەهەرحاڵ ئەو پەندە دەڵێ: «یا کلیسا، یا دەریا، یا دەربار» ئەویش بەو مانایەیە هەر کەس دەیەوێ دەوڵەمەند، بێ یا دەبێ ببێتە کەشیش، یا بۆ بازرگانی بڕواتە سەفەری دەریا، یا ببێتە خزمەتکاری پاشایان. چون دیسان وەک دەڵێن «ورکەخۆریی دەرگای سوڵتان باشترە لە خەلاتی خان» کەوابوو بەبۆچوونی من، یەکتان ببنە ئەهلی زانست، یەکتان ڕێگەی بازرگانی بگرێتە بەر، سێیەمیش ببێتە ئەندامی سوپای سوڵتان، چون خزمەتی پاشا لە کاخی شاهیدا کارێکی زۆر دژوارە و، ئەگەر شەڕ پیاو ناگەیەنێتە ماڵ و سامان، بەڵام نێوی دەباتە نێو نێوان. من لە ئێستاوە تا هەشت ڕۆژی تر بەشی هەرکامتان نەغد، بێ کەم وکەسری، وەک دوایە لە حیساب کردندا، خۆتان دەیبینن، دەدەمە دەست خۆتان. ئێستا پێم بڵێن ئایا حازرن لە ڕێنوێنی و ڕای من لەمەڕ پێشنیارێک کە بەئێوەم کردووە، پێڕەوی بکەن؟»

ئەوجار چون من کوڕی گەورە بووم، باوکم ئەمری پێ کردم جواب بدەمەوە. من دەپێشدا عەرزم کرد کە خۆی بۆ ئێمە فەقیر نەکا و دەست لە ماڵ و دارایی خۆی هەڵنەگرێ و هەر چۆنێکی دڵخوازی خۆیەتی خەرجی بکا.» پاش ئەوە وەبیرم هێناوە کە ئێمە هەرسێکمان گەنجین و دەرفەتی ماڵ کۆ کردنەوەمان هەیە، عەرزم کرد کە من لە بەڕێوە بردنی ئەمری ئەودا ئامادەم، شوغڵی سپاییگەری ڕەچاو کەم تا بتوانم بەخوا و بەپاشا خزمەت بکەم. برای دووەم پێشنیاری کرد کە کاری بازرگانی بکا و بۆ بازرگانی بچێتە هیندوستان. برا چووکەکەم کە لام وایە لە هەمووومان عاقڵتر بوو گوتی کە دەیەوێ ببێتە کەشیش یا لانی کەم بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی بڕواتە زانکۆی سالامانک. کاتێک قەرارومەداری خۆمان دەگەڵ باوکمان دانا و هەر کەسە کاری خۆی دیاری کرد، باوکم بەلوتف و خۆشەویستییەکی زۆرەوە، ماچی کردین و، ئەوەی بەڵێنی پێدا بووین، لەو ماوەیەدا کە خۆی گوتبووی جێ بەجێی کرد و بەشی هەریەکەمان کە سێ هەزار دۆکا بوو(ئێستاش لەبیرم ماوە) نەغد پێی داین. چون یەکێک لە مامەکانم بۆ ئەوەی ئەم مڵکە لە دەست نەچێ لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕابەری www.rabari.org

باوکمی کڕییەوە و پووڵەکەشی نەغد دا بەباوکم. ئێمە هەرسێکمان ماڵاواییمان لە باوکی دڵۆڤانی خۆمان کرد و لە خزمەتی، ئیزنی مەرەخەسیمان خواست و لە هەمان ڕۆژدا، من چون دیتم ئەگەر باوکم بەو برە پارە کەمەوە لە زەمانی پیریدا بەجێ بێڵم دەبێتە ناپیاوی، بەزۆر دووهەزار لەو سێ هەزار دۆکایەم پێ داوە و باقییەکەم کە بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی سەربازی لازم بوو لە لای خۆم ڕاگرت. دوو براکانیشم چاویان لە من کرد و هەر کام هەزار دۆکایان بۆ بابم ڕەد کردەوە. بەمجۆرە بێجگە لە بەشە ملکی خۆی کە باوکم بۆ بەرێچوون ڕای گرتبوو، چوار هەزار دۆکاش پووڵی نەغدی بۆ ماوە. سەرەنجام ئێمە لە باوکمان و مامم کە ئێستا باسم کرد، ماڵاواییمان کرد و زۆر بەسەریەکدا گریاین؛ بەتایبەت قەولیان لێ ئەستاندین لە هەر دەرفەتێکدا ئەوان لە بارودۆخی خۆمان چ باش و چ خراپ، ئاگادار بکەینەوە. ئێمە بەڵێنیمان دا کە هەر وا دەکەین و هەر کە ئەوان بۆ خواحافیزی ماچیان کردین و بۆمان پاڕانەوە، یەکێک لە ئێمە ڕێگای ساڵامانکی گرتەبەر، ئەوی تر ڕووی دە سیویل کرد و من بەرەو ئالیکانتAlicante وەڕێ کەوتم، چون بیستبووم کە کەشتییەکی باری، هی کۆماری «ژێن» لەوێ لەنگەری گرتووە تا خوری باربکا و بگەڕێتەوە ئیتالیا. ئەو ساڵ بیست و دوو ساڵە کە من لە ماڵی باوان وەدەرکەوتووم و هەر چەند لەو ماوە درێژەدا، زۆرم نامە نووسیوە تا ئێستا لە باوکم و لە براکانم جوابێکم پێ نەگەیشتووە.

ئێستا ڕووداوێکی کە لەو ماوەیەدا بەسەرم هاتووە، بۆتانی دەگێڕمەوە. من لە بەندەری ئالیکانت سواری کەشتی بووم و لە کۆتایی سەفەرێکی خۆشدا گەیشتمە «ژێن»، لەوێوە چوومە میلان و سازوبەرگ و ڕەختی سەربازیم بۆ خۆم کڕی و ویستم بڕۆم ناوی خۆم بۆ فەوجەکانی[*] «پیەمۆن» Piemont بنووسم، بەڵام لەو دەمەدا کە بۆ لای ئەسکەندریە وەڕێ کەوتبووم بیستم کە دووکی گەورەی «ئاڵب» Albe ڕۆیشتووەتە «فلاندر». دەسبەجێ ڕێگای خۆم گۆڕی و بەرەو فلاندر چووم و بەدوای دووک کەوتم. من لە زۆر شەڕاندا دەخزمەتیدا بووم و مەرگی سەرەورانێکی گەورەی وەک «کۆنت دۆهۆڕن» contes de Horn و «کۆنت دگمون»م cd. Egmon بەچاوی خۆم دیت. تا ئاخرییەکەی بووم بەپەرچەمداری سەردارێکی بەناوبانگ کە خەڵکی گوادالاکسارا Guadalaxare بوو و پێیان دەگوت «دیەگۆدۆئوربینا»[٢٣٥]. چەندێک پاش ئەوەی چوومە فلاندر هەواڵی هاوپەیمانیی پاپەی

٢٣٥- Diégo de urbina فەرماندەی فەوجێک بوو کە سێروانتێس لە کاتی شەڕی لیانتدا لەو فەوجەدا خزمەتی دەکرد. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabi...org

پێنجەم کە یادی بەخێربێ، دەگەڵ کۆماری وێنیز و وڵاتی ئەسپانیا دژی دوژمنی هاوبەشی دنیای مەسیحی یانی سوڵتانی عوسمانی، کە بەکەشتی و هێزی دەریایی خۆی دورگەی بەناوبانگی قێبرسی لە کۆماری وێنیز داگیرکردبوو و، ئەوە خۆی خەسارێکی شووم و خەمبارەدەهاتە ئەژمار، لە شاریدا بڵاو بووەوە. هەموو یەقینیان هەبوو کە فەرماندەی هاوبەشی هێزەکانی ئەم پەیمانە، شازادەی نەجیب و دڵپاک «دۆن ژوانی ئۆتریش) برای دایک و باوکیی پاشای گەورەی ئێمە، فلیپی دووەم دەبێ، هەروەها هەواڵی تەدارەکی تەواو بۆ شەڕێکی گەورە کە لە پێشدا بوو، بڵاو بووەوە. هەموو ئەم هەواڵانە شۆڕوشەوقێکی وایان دەمندا پێک هێنا تا دە شەڕێکی دەریایی گەورەدا کە بەو زووانە هەڵدایسا بەشداری بکەم، بەو هیوایە کە لە یەکەمین دەرفەتدا دەرەجەی سەروانیم پێ دەدەن، هەمووشتم وەلانا، چوومە ئیتالیا. بەڵێ ئەو کارەم کرد. لە بەختی گەش، کاتێک گەیشتمە ئەوێ کە پایەبەرز دۆن ژوانی ئۆتریش. کە لە بەندەری «ژێن» پیادە بووبوو، ڕۆیشتە ناپل تا دەگەڵ هێزی دەریایی وێنیز، یەک بگرنەوە. ئەو وێککەوتنەوە دوایە لە تەنگەی «مسین»دا بەئەنجام گەیشت. بەڵێ، چ بڵێم؟ کە من بووبوومە فەرماندەی فەوجی پیادە نیزام و بۆ ئەو پلە و پایەبەرزە زۆرتر قەرزباری بەختی خۆم بووم تا لێهاتوویی زاتی. لە ڕۆژی گەورە و پڕ لە بیرەوەریی شەڕی دەریایی لێپانت[٢٣٦] Lépante دا بەشدار بووم. بەڵام لەو ڕۆژەدا کە بۆ دنیای مەسیحی ئەوەندە مبارەک بوو – چون تەواوی گەلانی دنیا لەو هەڵەیەدا بوون کە تورکان لە دەریادا کەسیان دەرەقەت نایە – لەو ڕۆژەدا کە غروور و بەخۆ نازینی دەوڵەتی عوسمانی تێک شکا. لە نێوان هەموو ئەوکەسانەی کە دەو شەڕەدا ئاخر خێر بوون (چون مەسیحیانی شەهید بەختەوەرتر بوون لەوانەی کە زیندوو مانەوە و سەرکەوتوو بوون) تەنیا من ئەو بەختەوەرییەم بەنسیب نەبوو. چون بەجێی ئەوەی وەک سەردەمی ڕۆمیان، تاجی شانازیی هێزی دەریایی لەسەرخۆم ببینم، لە شەڕی ئەو ڕۆژە گەورەیەدا کۆت و زنجیرم لەسەر لاقەکانم و دەستبەندی ئاسنین بەدەستە کانمەوە چاو پێ کەوت. ئێستا عەرزتان دەکەم کە بۆچی تووشی ئەم بەسەرهاتە تاڵەهاتم. چون «ئووشعەلی»[٢٣٧] پاشای ئەلجەزایر کە دزێکی دەریای بێ وێنە و نەترس و بێباک بوو لە نەکاو هێرشی بردە سەر کەشتیی

---

٢٣٦– شەڕی دەریایی لێپانت Lépante لە نێوان دنیای مەسیحی و دەوڵەتی عوسمانیدا لە شوێنێک هەر بەو ناوە ڕووی دا کە ترکەکان زۆر بەسەختی شکان «١٥٧١».

٢٣٧– بەبڕوای دوکتۆر باردۆن ئووشعەلی لە دوو بەشی ئەلووش و عەلی پێک هاتووە و ئەلووش بەمانای موسوڵمان و لە دین وەرگەڕاوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

شەڕکەری کاپیتانی ماڵت و بێجگە لە سێ کەس لە شێوالییەکان کە زۆر سەخت بریندار بوون، تەواوی چەکدار و شەڕەکەرەکانی کەشتییەکەیان کوشت. کەشتی شەڕی ژان «ئاندرێ دۆریا»[٢٣٨] هاتە یارمەتیی کەشتیی ماڵت. من لەگەڵ فەوجی خۆم لەو کەشتییەدا بووم و، چون کارێکم کرد کە دەبوایە بکرێ، یانی بازدم دا سەر پردی کەشتیی دوژمن، لە ناکاو کەشتییەکە بەئەزمی هەڵاتن لە کەشتیی هێرشکەر دوور کەوتەوە و سەربازەکانم نەیانتوانی بەدوامدا بێن. من لە نێو سەربازانی دوژمندا بەتاکی تەنیا مامەوە و نەمتوانی دە بەرانبەر ژماری زۆری ئەواندا زۆر خۆم ڕابگرم. ئاخری لە کاێتکدا بەدەنم هەمووی برین بوو، گرتیانم. ئووشعەلی دەگەڵ هاوڕێکانی بۆی دەرباز بوو، منیش وەک دیل کەوتمە دەست ئەو پیاوە، بەم شێوەیە لە نێو ئەو هەموو خۆشحالانەدا تەنیا من غەمگین و بێکەس مامەوە. لە نێوان ئەو هەموو ئەسیرە لە بەند خەلسیوە(*) تەنیا من بەدیلی مامەوە، چون لەو ڕۆژەدا پازدە هەزار کەس ئەسیری مەسیحی کە لە کەشتیی تورکاندا سەوڵیان لێ دەدا ئازادیی خۆیان دەست کەوتەوە. منیان بەیەخسیری بردە قوستەنتەنییە و سوڵتان سەلیمی عوسمانی خاوەن و ڕفێنەری منی بەپاداشی ئەوەی ئەرکی خۆی لە شەڕدا ڕاپەڕاندووە و ئالای وڵاتی ماڵتی بەغەنیمەت گرتووە، بەلەقەبی «کاپیتان پاشا» و بەفەرماندەیی هێزی دەریایی خۆی هەڵبژارد. ساڵی دوایی یانی ساڵی ١٥٧٢ منیان بردە «ناوارین» Navarin و لە کەشتیی شەڕکەری «سێفانووس»دا تووشی کاری زۆرەملی بووم. لەوێ من بینەری لە دەست چوونی دەرفەتێکی لە بار بووم کە کەوتە دەست مەسیحیان کە دەیانتوانی تەواوی کەشتی و کەرەسەی شەڕیی تورکان لە خودی بەندەردا بگرن و دەست بەسەر هەموو شتێک دابگرن. ڕووداوەکە بەمجۆرە بوو مەلەوانانی کۆمادوڕگەی(*) «لوانتین»Leslevantins و یەنی چەرییەکانی تورک کە لەو کاتەدا دەکەشتییەکاندا بوون و پێیان وابوو هەر دەزارکی بەندەردا کەوتوونەتە بەر پەلامار، بێ ئەوەی چاوەڕوانی دەست پێکرانی شەڕ بن، ئەوەندە ترسابوون کە لیباس و نەعلەین(*) و شتومەکی خۆیان هەڵگرت و هەڵاتن تا بگەنە وشکانی و دەرباز بن. بەڵام قەزا و قەدەر دەورێکی تری گێڕا و هێزی دەریایی ئێمە هیچی نەکرد، ئەوەش هۆیەکەی خوێڕی بوون یا خۆ دزینەوەی فەرماندەی گشتیی ناوگانی(*) ئێمە نەبوو، بەڵکو بەهۆی تاوان و گوناهانی کۆمەڵگای مەسیحی و خواستی خوداوەند بوو کە دەیەوێ ئێمە هەمیشە جەللادێکمان لەسەر بێ بۆ ئەوەی تەمێمان بکا.

لە ڕاستیدا ئووشعەلی پەنای بردە «مۆدۆن» Modon کە دوڕگەیەکە لە نزیک «ناوارین»

٢٣٨– Jean - Aadré Doeia، ئەمیر بەحرێک بوو خەڵکی «ژێن» کە دە خزمەت دەوڵەتی ئەسپانیادا بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtan.org

پاشان سەربازەکانی خۆی لەوشکانی پیادە کرد و مەتەریز و سەنگەر و شوێنەکانی زارکی بەندەری قەوی کرد و ئاسوودە لێی دانیشت تا دۆن ژوان فەرماندەی ئێمە لەو ناوچەیە دوور کەوتەوە. هەر لەو شەڕە دەریاییەدا بوو کە کەشتیی شەڕکەری نوسرەتLaprise بەفەرماندەیی کوڕی ڕدێن سوور (باربرۆس)، ڕێگری دەریایی بەناوبانگ، کەوتە دەست مەسیحییان. کەشتیی نوسرەت (سەرکەوتن) بەدەست یەکێک لە کەشتییە شەڕەکەرەکانی ناپل بەناوی «دێلە گورک» داگیر کرا کە فەرماندەکەی «برووسکەی شەڕ»، ئەو «باوکی سەربازان»، ئەو ناخودا مبارەک قەدەمە، هەرگیز نەبەزیوە. «دۆن ئالوارۆدۆبازان» بەلەقەبی «مارکی دۆسانتاکرووز»[٢٣٩] بوو؛ وە حەیفە کە من داستانی داگیر کردنی کەشتیی نوسرەت بۆ ئێوە نەگێرمەوە. کوڕی «ردێن سوور» ئەوەندە بێ بەزە و دڵرەق بوو و دەگەڵ ئەسیرانی کەشتی خۆی ئەوەندە خراپ دەجولاوە کە ئەوان هەر کە دیتیان کەشتیی «دێلە گورک» لێیان نزیک دەبێتەوە، هەموو پێکەوە دەستیان لە سەوڵ لێدان کێشاوەو و هرووژمیان کردە سەر ناخودای خۆیان کە لە بەشی پشتەوەی کەشتیرا فەرمانی پێ دەدان. هەموو تێی هاڵان و بەلێدان و کوتان وەپێش خۆیان دا و بەنێو کورسی و کەناپە و نیمکەتاندا هێنایان و ئەوەندەیان ئازاردا کە پێش ئەوەی بگاتە دەکەلی کەشتیی گیانی دا بەمالیکی دۆزەخ، ئەوەش پاداشی ئەو هەموو بێرەحمی و ڕەفتارە نامرۆڤانییە بوو کە دەگەڵ ئەو دیلانەی کردبوو.

ئێمە گەڕاینەوە قوستەنتەنییە و ساڵی دوایی، دە ساڵی ١٥٧٣دا هەواڵ گەیشت کە پایەبەرز، دۆن ژوانی ئوتریش بەهێرشێک شاری تۆنیسی گرتووە و داویەتە دەست مەلا حەمید و بەمجۆرە هیوای دەست خستنەوەی تەخت و تاجی لە مەلاحەمید[٢٤٠]، کە چاوی

٢٣٩- Le miequis de santa Gruz دۆن ئالوا دۆ بازان یا مارکی دۆسانتا کرووز هەر ئەوەیە کە سێروانتێس نووسەری دۆن کیشۆت و براکەی رۆدرێگو کاتێک لە «دیلی» گەڕاندەوە و لە زیندان ڕزگاربوون لە بەشی ژێر فەرمانی ئەودا خزمەتی سەربازییان دەکرد و لە گرتنی دوڕگەی تێرجیرا Terceiraدا کە ئەسپانیا لە پرتەقالییەکانی دەستاندەوە بەشدارییان کرد. (مۆریس باردۆن)

٢٤٠- مەلا حەمید Muley Hamida و مەلا حامید Muley Hamet هەردووکیان کوڕی مەلا حەسەن Muley Hascen پاشای تۆنیس بوون. مەلا حەمید تەخت و تاجی باوکی بەزۆر بەدەستەوە گرت و مەلا حامید پەنای بردە دورگەی سیسیل. لە ساڵی ١٥٧٣دا دۆن ژوانی ئوتریش ئەو داگیرکەرەی لە تەخت هێنا خوار و دەگەڵ خۆی بردییەوە ناپل و زۆری پێ نەچوو لەوێ کۆچی دوایی کرد. (مۆریس باردۆن)

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org



زەمانە لەوە زاڵمتر و خوێن خۆرتری بەخۆیە نەدیوە، بڕیوە. ئەم شکستە سەختەیابی عالیی(*) شێواند و زۆری پێوە تووڕە بوون، بەو حاڵەشەوە بەتەگبیروڕا کە لە تایبەتمەندییەکانی بنەماڵەی ئەوە لە وێنیزییەکان کە زۆرتر لەو خوازیاری ئاشتی بوون تکای ئاشتی و سازانی کرد. ساڵی دوایی، لە ١٥٧٤دا سۆلتانی عوسمانی هێرشی بردە سەر لاگۆلێتGoulette ئەو دژەی کە دۆن ژوان لە نزیک تونێس دروستی کردبوو و هێشتا تەواو نەبووبوو. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە شەڕ دە ئارادا بوو، من دە کەشتیی دوژمندا سەوڵم لێ دەدا و هیچ هیوایەکم بۆ ئازادی، تەنانەت بەدانی فیدیەش(*) نەبوو. چون بڕیارم دابوو لەو گرفتاری و بەدبەختییە شتێک بۆ باوکم نەنووسم. سەرەنجام شاری گۆلت و دژەکە کەوتنە دەست دوژمن. ژمارەی شەڕکەرانی بەشدار بوو لەو هەنگامەیەدا وەک دەیانگوت ٦٥٠٠٠ سەربازی بەکرێگیراوی تورک و ٤٠٠/٠٠٠ بەربەر و عەرەب بوون کە لە شوێنە جۆرباجۆرەکانی ئەفریقاوە داوەرووکا(*) بوون. ئەو هەزارەزیلەیە(*) ئازووقە و چەکوچۆلی زۆریان پێ بوو، زۆریشیان تالانچی و جەردە و ڕێگر دەگەڵ بوو کە ئەگەر هەر یەکەو مستێکیان خۆڵ بەسەر شار و دژەکە داکردبا هەر دووک شوێن لە خاکدا ون دەبوون. دەپێشدا خودی گۆلت کە پێیان وابوو، دەگیران نایە گیرا، ئەوەش لەبەر ئەوە نەبوو کە پادەگانی شار دەستی نەکردبێتەوە، یا هەرچی دەیتوانی و دەبوایە بیکا نەیکردبێ. بەڵکو بەو هۆیەوە بووە کە دەیانگوت چون لەو بیابانە ڕەڵمینەدا(*) لە نیو گەزی دەگەنە ئاو، نەیانتوانی سەنگەر هەڵکەنن؛ لە حاڵێکدا تاقی کردنەوە نیشانیدا کە سەنگەر و مەتەرێز و شوێنی قایم دروست کردن لەو شوێنەدا زۆر ئاسانە. چون تورکەکان ئەو کارەیان کرد و لە قووڵایی دوو «ئۆن»[٢٤١] یشدا نەگەیشتنە ئاو. بەمجۆرە تورکەکان بەهەڵچنینی کیسەی پڕ لە ڕەڵم و خیز دیوارێکی وەها بڵندیان دروست کرد کە وەسەر دیوارەکانی قەڵا کەوتن، لە پشت ئەو کیسانەوە دەستیان کرد بەتیر هاویشتن و کەس نەیدەوێرا خۆی نیشان بدا و دەفکری بەرگری دابێ. بڕوای گشتی لەسەر ئەوە بوو کە شەڕکەرەکان نەدەبووایە خۆیان دەنێو شاری گۆڵتدا زیندانی بکەن. بەڵکو دەبووایە لە کەنار دەریا لەسەر زەویی ساف و هەموار، لە کاتی پیادە بوون لەکەشتیدا چاوەڕوانی دوژمن بن. ئەوانەی ئەم قسانە دەکەن لە دوورەوە دانیشتبوون و لەبەر خۆیانەوە شتێک دەڵێن و هیچ ئەزموونێکیان لەم بارەوە نییە داوەری دەکەن. لە حاڵێکدا ژمارەی پارێزەرانی شار لە حەوت هەزار کەس تێ نەدەپەڕی. کەوابوو ئەو ژمارە کەمە با زۆریش ئازا و نەبەرد بووبن، چۆن دەیانتوانی

---

٢٤١- ئۆن aune، یەکانەی درێژایی قەدیم کە بەرانبەر بووە دەگەڵ ١/٨٨ گەز. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabarr.org

دەبەرامـبـەر ئەو هەزارە زیلـەی دوژمندا لە سـەحـرا و زەمـینـی ئاواڵەدا دەوام بێـنن؟ چلۆن دەتوانی قەڵایەک بپارێزی کە لە هیچ لاوە هیـوای یارمـەتییـەکی نەبێ و کەوتبێتە گەمـارۆی دوژمنانێکی خـوێن خۆر کـە لەسـەر خـاکی خـۆیان شـەڕ دەکەن؟ بەڵام بەبڕوای من و زۆر کەسـی تریش، ئەم شکسـتە، نیشـانەیەک لە لوتف و کەرەمی خودای مـەزن بەئەسـپانیا بوو کە ئیرادەی فەرموو ئەم سوورەکوانی(*) فەسـادە، ئەم کرمـەجەوندەیە(*)، ئەم ئەسفەنجە(*) هەرگیـز تێـر نەبووە، کە ئەو هـەمـوو پووڵی مـەملەکەتەی بۆ لای خـۆی ڕادەکێـشـا و تەنیـا فـایدەیەکی کە بووی، ئەوە بوو کە بیرەوەریی گیرانی خـۆی بەدەست ئیـمـپـراتوری لەشکان نەهـاتوو، شـــارلکەنـی مــەزن بەزینـدوویی ڕابگرێ، بەیەکـجــاری وێران بـێ، چون بۆ هـەتا هەتایی کردنی ئەم بیرەوەرییە، لازم نەبوو کە مستێک بەرد و دار وەبیر هێنەرەوەی ئەو بێ.

قـەڵاش لە دەست چوو، بەڵام لەوێدا لانی کـەم بەرگری تـوند بوو، تورکـەکان نـاچار بوون هەنگاو بەهەنگاو بڕۆنە بەرەوە تا دەسـتی بەسـەردا بگرن. ئەو سـەربازانەی کە بەرگرییـان لەوێ دەکرد وەها ئازایانە شەڕیان دەکرد کە دوژمن لە بیست و دوو جار هێرشی گشتیدا بیست و پێنج هەزار کەسیان لێ کوژرا، لە سێسـەد پارێزەریک کە زیندوو مـابوونەوە هیچ کـام بەسـاغ و سـلامـەتی وەدەست دوژمن نەکـەوتن و ئـەوە خـۆی نیـشـانەیەکی ئاشکرا و بەرچاوە بۆ ئازایەتی لەڕادەبەدەر و بەرگرییەکی پیاوانە کە ئەوان بۆ ڕاگرتنی ئـەم شوێنانە لە خۆیان نیشاندا. پاش ئەوە قەڵایەکی چووکی تریش تەسلیم بوو، ئەویش بورجێک بوو کە لە ناوەراسـتی دورگـەی «ئێسـتـاگنۆ»Estagno دروست کرابـوو و فەرماندەکـەشی «دۆن ژوان زانوگـرا» Don Juan Zanoguera نەجـیـب زادەی والانسـی بوو کـە ئەفـسـەرێکی نەترس و لێهـاتوو بوو. تورکان «دۆن پێدروپوتێرتوکارەرۆ» Donì Pedro Puértocarrero... فەرماندەی شــاری گــۆڵتــیــان بەدیل گــرت و بردیان. ئـەم پیــاوە ئازایە ئەوەندی دە تـوانایدا بـوو بۆ بەدەسـتـەوەنەدانی شـارەکە کردی. ئەو لەوەی کە سەرەنجام شـاری دا بەدەستـەوە، ئەوەندە غەمگین و پەریشـان بوو، کە دەرێگای بەرەو قوسـتەنتەنییـەدا دیقی کرد و مـرد. لەو شـەڕەدا هەروەهـا «گـابریۆ سێـرویلۆن»[٢٤٢] فـەرمـاندەی دژیان بەدیل گرت کە خـودا هەڵناگرێ تا بڵێێ ئازا و و نەترس بوو. لەم دوو شوێنەدا زۆر کەڵەپیاوی بێ وێنە لە دەست چوون؛ لەوانە

---

٢٤٢- گــابریـۆســێـرویلۆن Gabrio Cervellon ئەندازیاری پایە بەرز و فــەرمــاندەی تۆپخـانەی ئێسپانیایی کە لە گیرانی شاری گۆڵتدا گیرا؛ پاشان دە گۆڕینەوەی دیلەکاندا ئازاد کرا و لە هەرێمی فلاندر دەستی کرد بەدروستکردنی دژ و قەڵا و سەنگەر و مەتەرێز و ساڵی ١٥٨٠ لە میلان مرد. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکیان پاگانادۆریا Pagano Doria شێوالیەی سێن ژان کە لە جوامێرە دەریا دڵەکانی ڕۆژگار بوو و گوزەشتێکی سەخییانە کە ئەو بەقازانجی برای ناوداری خۆی ژان «ئاندرێ دۆریا»[٢٤٣] کردی، خۆی ئەم قسەیە دەسەلمێنی. شتێکی کە غەمی مەرگی ئەوی زۆرتر کرد ئەوە بوو کە چەند نەفەر عەرەب، بەناپیاوی کوشتیان؛ ڕووداوەکە بەمجۆرە بوو کاتێک پاگانۆدۆریا تێگەیشت کە قەڵا بێ کەرەسە و چەکوچۆڵ و یارمەتی دەگیرێ، خۆی بەچەند عەرەب ئەسپارد کە قەولیان پێ دا بەجلوبەرگی عەرەبییەوە بیبەنە تەبرەقە Tabraca لەو دەڤەرە کە هی خەڵکی ژێن بوو و ناوەندی ڕاوی مەرجانە. ئەم عەرەبانە سەریان بڕی و بۆ فەرماندەی ناوەگانی تورکیان برد؛ بەڵام ئەو وەک پەندی کاستیلیی ئێمە دەڵێ «هەر چەندەش خەیانەت پەسند بێ. خائین هەر نەفرەت کراوە»، ڕەفتاری دەگەڵ کردن یانی، دەستووری دا بەسزای ئەوەی ئەو دیلەیان بەزیندوویی بۆ نەهێناوە لە سێدارەیان بدەن.

لە نێو ئەو مەسیحییانەی کە لە قەڵادا بەدەست تورکان بەدیل گیران، پیاوێک بوو بەناوی «دۆن پێدرۆدوئاگیلار»Don Pedro de Aguilar کە خەڵکی یەکێک لە ناوچەکانی هەرێمی ئەندلۆس و پەرچەمداری قەڵا بوو. ئەم پیاوە سەربازێک بوو زۆر ئازا و بەهۆش و لە شێعر و شاعیریشدا فەننان بوو. من ئەوە لە خۆمەوە ناڵێم چون چارەنووس هێنایە ناو ئەو کەشتییە کە منی تێدا بووم. ئەویش هەر لەسەر ئەو نیمکەتە دانیشت کە من لەسەری دانیشتبووم و سەوڵم لێ دەدا و هەر دووکمان غولامی مەولایەک بووین؛ پیش ئەوەی لە بەندەر وەدەرکەوین، دوو پارچە شێعری جوانی هەڵبەست. یەکیان ماتەمنامەیەک بوو بۆ گیرانی شاری گۆڵت و ئەوی تریشی بۆ گیرانی «دژ»ەکە گوتبوو؛ من بەڕاستی پێم خۆشە بۆتانی بخوێنمەوە. چون هەر دووک پارچەم لەبەرە و پێم وایە بەبیستنیان زۆرتر شاد دەبن نەک غەمگین.

لەو کاتەدا «دیل» ناوی «دۆن پێدرو دو ئاگیلار»ی برد، دۆن فێرنان ئاورێکی لە سێ هاوڕێکەی داوە و هەرسێک بزەیان هاتێ. وە کاتێک دیل ویستی پارچە شێعرەکە وەخوێنی، یەکێک لەوان گوتی: پێش ئەوەی بەڕێرتان شێعرەکەمان بۆ بخوێنیتەوە بفەرموو کە ئەم «دۆن پێدرو ئاگیلارە» چی بەسەرهات. دیل گوتی: من هەر ئەوەندە دەزانم کە پاش دوو ساڵ

---

٢٤٣- پاگانۆدۆریا یا شێوالیەی سێن ژان کاتێک ڕۆیشتە ناو فەوجی ماڵت لە دەوڵەت و ماڵ و سامانی زۆر و زەوەندی خۆی بەقازانجی برای خۆی Jean André Doeia دەستی هەڵگرت. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مـانەوە لە قـوسـتـەنتـەنـیـیـە ڕۆژێک بەلیـبـاسـی ئـارنۆتیـان[٢٤٤] خـۆی گـۆڕی و دەگـەڵ جـاسـووسـێکی یۆنانی دەرباز بوو. ئیـدی نازانم توانی بگاتەوە وڵاتی خـۆی و ئازادی یا نا؛ بەڵام وا تێ دەگەم سـەرکـەوتبێ چون سـاڵێک لەم ڕووداوە تـێ نەپەڕیبوو کـە جارێکی تریش ئەو جـاسـووسـە یۆنانییەم لـە قوسـتـەنتـەنییـە دیتـەوە. بەڵام نەمتوانـی لەمەڕ سـەفـەرەکـەیان شـتـێکی لێ بپرسم. نەجیب زادە گـوتی: من دەتوانم هـەواڵی ئەو سـەفـەرەت پێ بدەم، چون ئەو دۆن پێدرۆیە برای منە و ئێستا زەق و زیندوو، ساغ و سلامەت مـاڵ و سامانێکی زۆری وەسـەر یەک ناوە، ژنی هێنـاوە و باوکی سێ منداڵانە. دیل گوتی سـپـاس بۆ خـودا کـە ئەو هـەمـوو ڕەحـمـەتەی بـەسـەر داباراندووە؛ چون بەرای من لە دنیـادا هیچ خـۆشـیـیـەک لە وەدەسـتـهێنان وەی ئازادی لە دەست چوو بالاتر نییە. نەجیب زادە گوتـی: بێجگە لەوە من ئەو شـێـعـرانەش کـە بـراکـەم گـوتوویەتی لـەبەر دەزانم. دیل گـوتی: کـەوابوو زەحـمـەتی خـوێندنـەوەیان دەخـەمـە ئەسـتـۆی بـەڕێزتان، کە بێگومـان لـە من چاکتـریان دەخـوێنیتـەوە. نەجیب زادە گوتی: بەسەر چاو! فەرموون ئەوە شێعرەکە:

---

٢٤٤– ئارنۆت Arnaute ناوێک بوو کە ئەو دەم بەخەڵکی ئالبانیان دەدا. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٤٠

## درێژەی داستانی دیل

### پەخشانە شێعر

«ئەی ڕۆحە پیرۆزەکان کە بەکردەوەی باشی خۆتان لە بەندی ڕکەی ڕزهڵۆکی لەش ڕزگار بوون و لە نزمایی خاکەوە بەرەو بەرزایی گەردوون سەرکەوتن؛

«ئێوە کە لە ئاگری ڕق و غیرەتدا پیاوانە دەسووتان و توانا و هێزی لەشی خۆتان وەگەڕ خست، ئێوە کە بەخوێنی خۆتان و خوێنی دیتران شەپۆلی دەریا و ڕەڵمی سەحراتان ڕەنگین کرد؛ ئەو کاتە ئازایەتی لە باسکەکانتاندا نەما کە دەواندا گیانێک نەمابوو، وە دەوکاتەدا کە گیان لەو باسکانە دەردە چوو، هەر چەند تێک شکا بوون بەڵام هەر سەرکەوتوو بوون. وە ئێوە دەو تێشکانە هەژێنەرەدا و لە نێوان دیوار و ئاسندا ناوبانگی جیهانی و شانازی هەتاهەتایی تان وەدەست هێنا.»

ئەسیر گوتی، ئەوە عەدڵ ئەوشتەیە کە من دەیزانم. نەجیب زادە گوتی: وە بەڵام ئەوپارچەیەی کە بۆ «قەڵا» گوتوویەتی، ئەگەر باشم لەبیرمابێ ئەوەیە:

### پەخشانە شێعر

«لە ژێر ئەم خاکە نەزۆک و تێکڕژاوە و لە نێو ئەم قەڵا تێکڕووخاوەدا ڕۆحی پاکی سێهەزار سەرباز، لە حاڵێکدا ئەبەدی و زیندوو بوون بۆ بەرزە هەوارێکی تر کۆچیان کرد:

«ئەوان لە پێشدا زۆری باسکانی خۆیان، بەفیرۆدا تا سەرەنجام لەبەر ماندوێتی و ژماری کەم گیانیان بەنووکی تیژی شمشیر ئەسپارد.

«ئەوە تا ئەو خاکەی کە ساتبەسات، هەزاران یادگاری جەرگ هەڵقرچێنی سەدەکانی ڕابردوومان دەگەڵ زەمانی ئێستا وەبیر دێنێتەوە.

»بەڵام لە سینەی وشکی ئەم خاکەوە هەرگیز ڕۆحێکی پاکتر لە ڕۆحی ئەم شەهیدانە بەرەو ئاسمان نەڕۆیشتووە و هەرگیز جەستەیەکی دلاوەر تر لە جەستەی ئەوان لەوێدا ئارامی نەگرتووە.

بیسەران ئەو شێعرانەیان پێ خۆش بوو، دیلیش پاش دەربڕینی خۆشحاڵی لەوەی کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabati.org

هەواڵی خۆشی لەمەڕ هاوڕێی پێشووی خۆی پێ دراوە هەودای داستانی خۆی گرتەوە دەست و درێژەی پێدا و گوتی:

«پاش تەسلیم بوونی شاری گۆڵت و گیرانی قەڵا، تورکان فەرمانیان دا کە تەنیا گۆڵت دەگەڵ زەوی یەکسان بکەن. چون لە بورج و بارووی قەڵا شتێک بەپێوە نەمابوو تا وێرانی بکەن و، بۆ ئەوەی زووتر ئەم کارە کۆتایی پێ بێنن شاریان لە سێ لاوە بەتۆپخانە کوتا. بەڵام لە هیچ شوێنێک نەیانتوانی دیوارە کۆن و قەدیمییەکان کە بەچاوڕا[*] هێندە تۆکمە و قایم نەبوون، تێک ڕووخێنن، لە کاتێکدا ئەو بەشانەی کە بەتازەیی بەدەست «لوفراتین»[٢٤٥] دروست کرابوون بەهاسانی وێران کران. سەرەنجام کەشتی و پاپۆری هێزی دەریایی سەرکەوتووی عوسمانی گەڕانەوە قوستەنتەنییە و زۆرێ نەکێشا کە مەولای من ئووشعەلی لەو شارەدا کۆچبار بوو. بەمەولای منیان دەگوت «ئووشعەلی فارتاکس» و ئەو ناوە بەتورکی مانای «کەچەڵی نۆ موسوڵمان» دەدا. چون ئەو بەڕاستی کەچەڵ بوو، ئەوەش ڕەسمێکی تورکانە کە مرۆڤەکان بەعەیب و شکڵ و قیافە و جوانی و شتی وا نێو دەبەن. لە نێو تورکاندا زۆرتر لە چوار ناوی خانەوادەیی بوونی نییە کە ئەویش بەخانەدانی پاشایانی عوسمانییەوە دەلکێندرێتەوە. باقیی خەڵکەکەش هەر وەک گوتم لە ڕووی تایبەتمەندییەکانی جەستەیی یا سیفەتی باشی ئەخلاقی و ڕۆحی ناو زەد دەکرێن. ئەم کەچەڵە کە دەزەمانی لاوەتیدا، غولام بوو. چاردە ساڵی تەواو لە ناو کەشتییەکانی سوڵتاندا سەوڵی لێ دا بوو. کاتێک تەمەنی گەیشتبووە سیوچوار ساڵی لە حەیفی ئەوەی تورکێک زللەیەکی لێ دابوو، بڕیاریدا ببێتە موسوڵمان هەر بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لەو تورکەی کە لێی دابوو بستێنێتەوە و دینی باب و باپیرانی وەپشت گوێ خست. ئەو پیاوە ئەوەندە لایق و لێهاتوو بوو کە بێ ئەوەی وەک زۆربەی نزیکانی دەوربەری سوڵتان لە ڕێگەی کاری خوێڕییانە و ناپیاوانە بگاتە پلەوپایەک، بوو بەپاشای ئەلجزیرە و پاشان کرا بەفەرماندەی ناوگانی شەڕی دەریایی و ئەم عینوانەی دوایی سێیەمین، پلەی بەرزە کە لە ئێمپراتووری عوسمانیدا هەیە. ئەو لە ئەساسدا خەڵکی «کالابر»[٢٤٦] و دەزاتی خۆیدا، پیاوێکی خێرخواز بوو و دەگەڵ

---

٢٤٥- لۆفراتین Lefratin بەمانای کەشیش و کۆلکە مەلا دەکار هاتووە و ئەوەیش لەقەبی ئەندازیارێکی نیزامی بووە بەناوی ژاکۆمۆپالرۆ Jacamo Palearo یا «پالرۆ» کە خزمەتی بەئیمپراتوور شارلکەن و فلیپی دووەم پاشای ئەسپانیا کردووە. (مۆریس باردۆن)

٢٤٦- Calabre بەشی باشووری شێوە دورگەی ئیتالیا لە نووکی چەکمەدا کە بەهۆی تەنگەی «مسین» لە سیسیل جیا بووەتەوە. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەسیرەکانی کە ژمارەیان گەیشتە سێ هەزار ڕەفتارێکی زۆر مرۆڤانیی هەبوو. پاش مەرگی ئووشعەلی؛ بەپێی فەرمانێک کە دەوەسیەتنامەی خۆیدا دابووی، هەموو ئەسیرەکانی لە نێوان کەسانێکدا کە لەسەر دەستی ئەو بووبوونە موسوڵمان و سوڵتانی عوسمانی (کە ئەویش میراتگری تەواوی مردووەکانە و وەک میراتگرێکی کابرای مردوو لە میراتی ئەودا بەشی هەیە) دابەش بکەن. من وەبەر نۆموسوڵمانێک کەوتم، خەڵکی ڤێنیز بوو. ئووشعەلی لە کەشتییەکی مەسیحییان کە دەوێدا خزمەتکاری کەشتی بوو، بەدیلی گرتبوو. کەم کەم ئەوەندەی خۆش ویستبوو کە کردبوویە عەزیزترین دەستوپێوەندی خۆی، ئەم نۆ موسوڵمانە کە پێیان دەگوت حەسەناغا لە سەگی خراپتر بوو، کەس عیسانی هێندە دڕ و زاڵمی نەدیتووە. حەسەناغا وردەوردە ماڵ و سامانێکی زۆری کۆ کردەوە و گەیشتە پلەی سەلتەنەتی ئەلجەزیرە. من دەگەڵ ئەو چوومە ئەلجەزیرە و لەوەی کە زۆر لە ئەسپانیا نزیک بووبوومەو زۆر کەیفم ساز بوو. شادییەکەم لەمەڕ ئەوە نەبوو کە باسی حاڵ ورۆژێ تاڵ و ناخۆشی خۆم بۆ کەسێک بنووسم، بەڵکو دەمەویست بزانم لێرەوە دەرفەتی هەلاتنم لە قوستنەنتەنییە زۆرترە یا نا، چون من لە قوستەنتەنییەوە زۆر جار، ویستم دەرباز بم، بەڵام بۆم جۆر نەدەهات. لە ئەلجەزیرەدا کەوتمە سەر ئەو فکرە کە بۆ گەیشتن بەئامانجی خۆم فێڵێکی تر بکەم، چون هیوای دەست خستنەوەی ئازادی لە دەست چووم، هەرگیز لە دڵ دەرنە کردبوو و، چون لەو خەیاڵەدا کە پوختەم دەکرد یا دەکارم دێنا، سەر نەدەکەوتم دەستبەجێ، هیوایەکی تازەم وەسەر دەنا کە هەر چەند کزیش بووایە، هێزی دڵمی ڕادەگرت.

بەم شێوەیە ڕۆژگاری خۆم لە زیندانێکدا ڕادەبوارد کە تورکان پێی دەڵێن «مەحبەس» و تەواوی زیندانییە مەسیحییەکان لەوێدا ڕادەگرن: فەرق ناکا چ ئەوانەی زیندانی پاشان و چ ئەوانەی هی خەڵکی ئاسایی بن و هەروەها ئەو دیلانەی کە بە«المخزن»[٢٤٧] ناوەزەد کراون و ئەسیری شارەوانیشیان پێ دەڵێن، چون ئەوانە دەخزمەت ئەنجامدانی کاروباری شاردا کەڵکیان لێ وەردەگیری. ئازاد بوونی ئەو تاقمەی دوایی زۆر دژوارە، چون ملکی تەواوی خەڵکی شارن و گریمان بیانەوێ فیدیەش بدەن ڕوون نییە دەگەڵ کێ دەبێ موعامەلە بکەن. وەک گوتمان زۆرێک لە کەسانی ئاسایی، زیندانیی خۆیان دەبەنە ئەم «مەحبەس»انە، بەتایبەتی ئەگەر قسەی کڕینەوەیان لە ئارادابێ، چون لەوێ ئەسیرەکان تا

٢٤٧- Almacen بەزبانی ئەسپانیایی هەمان Le Magacinی فەرەنسی و «المخزن»ی عەرەبییە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabati.org

کاتی خۆ کرینەوە. زۆر بەباشی ڕادەگرن و ئاگادارییان لێ دەکەن، ئەم حوکمە لەسەر ئەسیرانی سوڵتانیش کە بیانەوی ئازادیی خۆیان بکڕنەوە، دەکار دەکرێ. ئەم دیلانە ناچنە سەر کاری سەخت و دژوار، مەگەر ئەوەی فیدیەکەیان درەنگ بگا، لەو حاڵەتەدا بۆ ئەوەی دیلەکان نامە بنێرن و کەسوکاری خۆیان دەگوشار بنێن کە زووتر پارەی فیدیە بنێرن، دەیابنەنە سەر کاری زۆرەملی و دژوار و ئەغڵەب بۆ کۆ کردنەوەی داروبار بۆ سووتاندن وەکێو و دەشتیان دەخەن. کە کارێکی زۆر بەزەحمەتە. بەڵێ جا، من یەکێک لەو ئەسیرانە بووم کە دەبووایە بمکڕنەوە، چون کاتێک زانییان کە من سەر لقی فەوجێک بووم، هەرچی گوتم و هاوارم کرد کە من بێکەسوکارم و لە ماڵی دنیا شتێک شک نابەم. گوێیان پێ نەدام و ناردیانمە ڕیزی نەجیب زادەکان کە دەبووایە فیدیە بدەم. زنجیرێکیان دە ملی کردم کە زۆرتر حەکایەتی کرینەوەی دەکرد نەک غولامی و من لەو مەحبەسەدا دەگەڵ دەستەیەک نەجیب زادە و پیاوی ماقووڵ کە هەموو لەوانە بوون دەبا بکرێنەوە، ڕۆژگارم تێپەڕ دەکرد. هەر چەند برسیەتی و ڕووتی جاروبار هەموومانی زۆر ئازار دەدا، هیچ شتێک ئەوەندەی زەجر و ئازار نەدەداین کە بەچاوی خۆمان دەماندیت کە ئەربابی من چی بەسەر ئەو مەسیحییە بەستەزمانانە دێناو ڕۆژ نەبوو، یەکیان لێ لەسێدارە نەدا؛ هەر ڕۆژ بەفەرمانی ئەو داریان دەقوونی یەکێک ڕادەکرد و گوێییەکیان دەبڕی، ئەویش بەبیانووی زۆر هیچ و پووچ و لە خۆڕایی، تا ئەو جێگەی کە خودی تورکەکان لە دەستی وەزاڵە هاتبوون و دەیانگوت کە ئەو ناپیاوە خوێن خۆرە خووی بەمرۆڤ کوشتن گرتووە و تینووی ئەم کارەیە. تەنیا ئەسیرێک توانی بەسلامەتی لە دەستی دەرباز بێ، ئەویش سەربازێک بوو بەناوی «فلانساودێرا»[٢٤٨]، ئەو سەربازە چەند کارێکی سەیری کرد کە تا دنیا دنیایە لەبیر خەڵکی ئەسپانیا ناچنەوە، ئەو کارانەشی هەموو بۆ وەدەستهێنان ەوەی ئازادی کرد؛ بەو حاڵەشەوە حەسەناغا هەرگیز دارکاریی ئەوی نەکرد و بەکەسیشی نەگوت کە لێی بدەن و تەنانەت جنێوێکیشی پێ نەدا. لە کاتێکدا هەر کات ئەم دیلە هەڵدەهات، هەموو لەوە دەترساین داری دەقوونی بکوتن و خۆشی زۆر جار لەوە دەترسا. ئەگەر وەخت ئیجازەی دابا چەند کارێکی ئەو سەربازەم بۆ دەگێڕانەوە و گومانم لەوەدا نییە کە بەسەرهاتی ئەو لە

٢٤٨– ئەم فلان ساڤدراییە Un tel de savedra هەمان میگڵ دۆ سێروانتێس Miguel de Servants نووسەری کتێبی دۆن کیشۆتە و ئەو دیلەی کە داستانی خۆی دەگێڕێتەوە کاپیتان ڕۆیپێرز دۆ ڤیدما Le Captaine Ruypérez de Viedma و دۆستی زەمانی دیلی ئەو نووسەرە گەورەیە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕووداوەکانی ژیانی من سەیر و سەمەرەترن. بەڵام دەگەڕێمەوە سەر داستانی خۆم.

پەنجەرەکانی ماڵی یەکێک لە گەورەپیاوانی عەرەب کە زۆریش دەوڵەمەند بوو، دەیڕوانییە سەر حەساری زیندانەکەی ئێمە، ئەم پەنجەرانە لە ڕاستیدا دەلاقەی خڕ بوون کە بەپێی دابونەریتی ئەو شوێنە لە دیوارەکانیان دەکرد و بەو حاڵەشەوە ئەو دەلاقانەیان بەپارچە و پەردەی ئەستوور دادەپۆشی. ڕۆژێک من دەگەڵ سێ کەس لە هاوزنجیرەکانم لەسەر هەیوانی بەندیخانە ڕاوەستابووین و هەرسێکمان بۆ تێپەڕ کردنی کات بەزنجیری پامانەوە هەڵبەزدابەزمان دەکرد؛ تەنیا ئێمە سێکەس لەوێ مابووینەوە و تەواوی مەسیحییەکانی تریان بۆ بێگار ڕەپێچەک دابوو. من بەهەڵکەوت سەرم هەڵبڕی و دیتم لە یەکێک لەو دەلاقە داپۆشراوانەوە عەسایەکی قامیش هاتە دەرەوە کە پرێسکەیەکی چکۆلەی بەئاخرییەکەیەوە هەڵاوەسرابوو. عەساکە بۆ سەروخوار تەکان دەدرا. وەک ئەوەی کەسێک ئیشارەی بەئێمە دەدا کە بچین و هەڵی بگرینەوە. ئێمە بەسەرنجەوە چاومان پێوە بوو، یەکێک لە ئێمە ڕۆیشتە بن عەساکە تا بزانی چ دەکەن و ئایا عەساکە بەردەدەنەوە یا خێر، بەڵام هەرکە هەواڵەکەم گەیشتە پای دیوارەکە، عەساکەیان هەڵکێشاوە و بۆ ڕاست و چەپ هێنایان و بردیان.، دروست وەک ئەوەی بەئیشارەی سەر جوابی «نە» بدەنەوە. هاوڕێ مەسیحییەکە هاتەوە لامان و دیسان وەک جاری یەکەم عەساکەیان داهێشتە خوارەوە. یەکێکی دیکە لە هاوڕێکانمان ڕۆیشتە بەرەوە و ئەویش وەک هاوڕێکەی ترمان بەنامرادی گەڕاوە، یەکی تریشمان نارد هیچ، هەروا هاتەوە. ئەوجار من ویستم بەختی خۆم بەتاقی بکەمەوە، هێشتا نەگەیبوومە ئاستی عەساکە کە هاویشتیانە خوارەوە و دروست لەبەر پێم لەسەر عەرزی «مەحبەس» کەوتە بەر دەمم. دەستبەجێ پرێسکەم لە عەساکە کردەوە. دەسرەیەکی گرێدراو کە دەسکەی «سینایی»یانی سکەی زێری کەم عەیاری تێدا بوو کە دەنێو عەرەبەکانی مەراکیشیدا دەکار دەکرێ و هەر یەکەی دە «ڕێئال» پووڵی ئێمەی قیمەتە. پێی ناوێ بڵێم من لە وەدەستهێنانی ئەم پووڵە چەندە خۆشحاڵ بووم، چونکە شادمانییەکەم لە وەدەستهێنانی ئەم گەنجە کە با هێنا بووی بەقەدەر سەرسوڕمانەکەم بوو. فکرم لەوە دەکردەوە کە ئەم گەنجە چاوەڕوان نەکراوە لە کوێ بەئێمە یا باشترە بڵێم بەمن گەیشتووە. دیار بوو ئەو ڕەحمەتە هەر تایبەتی من بوو، چون ئەوانی تریش چووبوون بەڵام، تا من نەچووم بەریان نەداوە. من نەغدینەی بەقیمەتی خۆم هەڵگرت و عەسا قامیشەکەم شکاند و هاتمەوە سەر هەیوان تا دووبارە دە پەنجەرەکەوە ڕامێنم. دیتم دەستێکی زۆر سپی پەنجەرەکەی کردەوە و بەستییەوە. لەم ڕووداوەڕا تێ گەیشتین یا لانی کەم پێمان وابوو کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabarl.org

ئەم سەدەقەیەمان لە لایەن یەکێک لە ژنەکانی ئەو ماڵە پێ گەیشتووە و بەشێوەی عەرەبەکانی مەراکیشی سەرمان خوار کردەوە و دەستمان لەسەر سینگمان دانا و کرنۆشمان کرد. کەمێک دوای ئەوە لە هەمان دەلاقەوە خاچێکیان نیشان داین کە لە قامیش دروست کرابوو و دەستبەجێ کێشایانەوە دواوە. ئەم ئیشارەیە ئێمەی هێنا سەر ئەم باوەڕە کە دەبێ لەو ماڵەدا ژنێکی مەسیحیی کەنیز بێ و ئەوە کە ئەو چاکەیەی دەرحەق بەئێمە کردووە؛ بەڵام سپییەتیی دەست و بازنەی دەستی ئەو بۆچوونەی بەتاڵ کردەوە. ئەوجار مەزەندەمان کرد کە ئەوە دەبێ ژنێکی مەسیحیی نۆ موسوڵمان بێ کە مەولاکەی دەیەوێ بیکاتە هاوسەری خۆی و موسوڵمانەکان زۆریان ئەو کارە پێ خۆشە، چون ئەم جۆرە ژنانەیان بەلاوە لە ژنی خۆیان پێ باشترە. بەڵێ جا، تەواوی گومان و بۆچوونەکانمان لە ڕاستی بەدوور بوو. لەمەودوا کارو پیشەمان ئەوە بوو چاو لە دەلاقە یا ئەو جەمسەرە بکەین کە لەوێوە ئەستێرەی عەسای قامیش ڕووی دەئێمە کردبوو. بەڵام پازدە ڕۆژی تەواوی پێ چوو و ئێمە نە ئەو دەستەمان دیتەوە و نە هیچ ئیشارەیەکیان پێ کردین. هەر چەند ئێمە تەواوی کۆششی خۆمان کرد تا بزانین لەو ماڵەدا کێ دادەنیشێ و ئایا کەنیزێکی مەسیحی لەوێ هەیە یا نا، بەڵام لە هەر کەسمان دەپرسی بێجگە لەوە جوابێکمان نەبیست کە ئێرە ماڵی حاجی مرادە کە ڕۆژێک فەرماندەی قەڵای باتا Bata بووە. و ئەم پلەیە لەم وڵاتە قەدر و قوتبی زۆرێ بۆ دادەنێن.[٢٤٩] بەڵام لە کاتێکدا کە هێچ پێمان وانەبوو تازە لەو دەلاقەوە سکەی زێڕینی «سینایی»مان بەسەردا بڕژێ دیتمان عەساکە دیسان هاتەوە دەر و ئەمجار پڕێسکەیەکی گەورەی پێوەهەڵاوسرابوو. ئەزقەزا ئەوێ ڕۆژیش مەحبەس کەسی لێ نەبوو. ئێمە دووبارە خۆمان تاقی کردەوە و ئەمجارەش تا من نەچووم عەسا نەهاتە خوار، لە پڕێسکەکەدا چل ئەشرەفیی زێڕ و نووسراوەیەکم بەزبانی عەرەبی چاو پێ کەوت کە لە ژێریەوە خاچێکی گەورە ڕەسم کرابوو. من خاچم ماچ کرد و ئەشرەفییەکانم هەڵگرت، گەڕاینەوە سەر هەیوان و هەموومان کرنۆشمان برد، ئەوجاریش هەمان دەستە سپییەکە هاتە دەر، پاشان من بەئیشارە تێم گەیاند کە نووسراوەکە دەخوێنمەوە و پەنجەرە قەپات کرا. هەموومان سەرسوڕماو و شادمان لەسەر

---

٢٤٩- پ. هائێدو Le p. Haedo مێژوونووسی ئەسپانیایی لە کتێبی خۆیدا بەناوی «باسی پاشاکانی ئەلجەزیرە» و لە کتێبێکی تردا بەناوی «خەریتە هەڵگرتن» زۆر جار باسی نۆ موسوڵمانێک لە ڕەگەزی ئیسلام و بەناوی حاجی مراد Agi - Moeato دەکا و بەیەکێک لە دانیشتووانی گەورە و دەوڵەمەندی ئەلجەزیرەی دەناسێنێ. (لوویی ویاردۆ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



جێی خۆمان وشک هەڵاتبووین و دەمانەویست بزانین چ نووسراوە، بەڵام عەرەبیمان نەدەزانی و دۆزینەوەی کەسێکیش کە بتوانێ ئەم نامەمان بۆ بخوێنێتەوە زۆر ئەستەم بوو. سەرەنجام ناچار بووم ئەم نهێنییە دەگەڵ یەکێک لە نۆ موسوڵمانەکانی خەڵکی مووِرسی(٢٥٠) کە دەگەڵم زۆر دۆست بوو، باس بکەم. هاوکات کارێکی وام کردبوو کە ناچاری دەکرد ڕاز و نهێنییەکانم بشارێتەوە. لە ڕاستیدا مەسیحییانی نۆموسوڵمان کە لە پاش ئازاد بوون دەیانەوێ بگەڕێنەوە وڵاتانی مەسیحی نشین بەپێی عادەت شایەدینامەیەک لە ئەسیرانی ناسراو و خاوەن کەسایەتی وەردەگرن و دەگەڵ خۆیان دەیبەن کە لەو شایەدی نامەیەدا بەڕستە و دەستەواژە و بەیانێکی کە بۆیان مومکین بێ، شایەدی دەدەن کە ئەم نۆموسوڵمانە پیاوێکی باشە و خزمەتی بەمەسیحیان کردووە و دەیەوێ لە دەرفەتێکدا لە دەست موسوڵمانان خۆی دەرباز بکا؛ کەسانێک هەن کە بەنییەتی پاک دەیانەوێ ئەم شایەدی نامانە وەدەست بخەن؛ هێندێکیش هەن فێڵباز و ساختەچین

و ئەم کارە بۆ فێڵ و فریو دەکەن. ئەم تاقمە بەمەبەستی دزی و ڕێگری دەگەڕێنەوە وڵاتانی مەسیحی و ئەگەر کەشتییان غەرق بێ یا بگیرێن دەستبەجێ ئەم شایەدینامە دەردێنن و دەڵێن بەپێی نووسراوەی ئەم بەڵگەیە بڕیار وابوو بگەڕێنەوە سەر ڕێبازی دینی مەسیح و هەر بەو مەبەستەش ڕەگەڵ ئەو تورکانە کەوتوون کە بۆ دزی هاتوون. بەم شێوە خۆیان لە سزا دان دەدزنەوە و دەگەڵ کلیسا ئاشتی دەکەن و ڕێک دەکەونەوە؛ پاشان کە بەمەبەستی خۆیان گەیشتن دەگەڕێنەوە نێو بەربەرەکان تا پیشە و ئاکاری پێشوو بگرنەوە بەر. دەستەیەکی تر، لەو شایەدی نامەیە بەدروستی کەڵک وەردەگرن و بەنییەتی پاکەوە وەدوای دەستهێنانی دەکەون و لە وڵاتە مەسیحییەکان دەمێننەوە. یەکێک لەو نۆموسوڵمانانە هەر ئەو کەسە بوو کە ئێستا ناویم برد. ئەو پیاوە لە هەموو هاوڕێکانی ئێمە شایەدی نامەی وەرگرتبوو، هەموومان تا ئەو جێگایەی دەلوا، بەچاکی باسمان کردبوو. ئەگەر ئەو نامانە وەدەست عەرەبەکان کەوتبا بەزیندوویی دەئاوریان داویشت. من زانیم کە ئەم دۆستە خوێندن و نووسینی عەرەبی زۆر باش دەزانێ و زۆر جوانیش قسەی پێ دەکرد. بەو حاڵەشەوە، پێش ئەوەی ڕازی خۆمی بۆ ئاشکرا بکەم، تکام لێ کرد ئەو نووسراوەیەم بۆ وەخوێنێ کە من لە قەڵشتی دیواری زیندانەکەمدا دۆزیومەتەوە. نامەکەی کردەوە و ماوەیەک تێوەی ڕاما. پاشان لە ژێر لێودا واژەکانی حینجە کرد. من لێم پرسی

٢٥٠- Murcie شارێکە لە باشووری ئەسپانیا کە ئاوریشم و نارنج و پرتەقاڵ و لیمۆی بەناوبانگە. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rablb.org

شتێکی لێ حاڵی دەبێ یا نە و ئەو گوتی: «بەڵێ، باش، ئەگەر دەتەوێ واژە بەواژە بۆتی وەرگێڕم، قەڵەم و دەواتێکم پێ بدە، چون بەمجۆرە بۆ من ئاسانترە.» ئێمە هەرچی زووتر ئەوەی دەیویست بۆمان ئامادە کرد و ئەویش وردەوردە نامەکەی وەرگێڕایەوە. پاش ئەوەی تەواو بوو گوتی: «هەرچی من لێرە بەئەسپانیایی نووسیومە بێ زیادوکەم وەرگێڕاوی بابەتێکە کە دەو نامەیەدا بەعەرەبی نووسراوە. تەنانەت واژەیەکیش زیادوکەم نییە. تەنیا دەبێ ئەوە بزانن لە هەر جێیەک نووسرابێ لەیلی مریەم، مەبەست خاتوونی گەورەی ئێمە حەزرەتی مریەمە.» ئەوجار ئێمە نامەکەمان خوێندەوە کە دەقەکەی ئەوە بوو:

«کاتێک مناڵ بووم باوکم کەنیزێکی لە ماڵەوە بوو کە نوێژ و دوعای مەسیحییانی بەزبانی خۆم فێر کردم و لەمەڕ لەیلی مریەم زۆر شتی پێ گوتم. ئەو کەنیزە مەسیحییە مرد و من یەقینم هەیە، نەچووەتە دۆزەخ و ڕەگەڵ خودا کەوتووە. چون لەو ڕۆژەوە دوو جار هاتووەتە خەوم و هەر دووک جارانیش پێی گوتم بچمە وڵاتی مەسیحییان تا لەیلی مریەم بەچاوی خۆم ببینم و لەیلی مریەم منی زۆر خۆش دەوێ. ئێستا نازانم چۆن دەبێ بچمە ئەوێ. من لە پشت ئەم پەنجەرەوە زۆرم مەسیحی چاو پێ کەوتووە، بەڵام هیچ کامیانم وەک تۆ بەئازا و جوامێر نەهاتووەتە بەرچاو. من جوان و جحێڵم و نەغدینەیەکی زۆریشم هەیە، دەگەڵ خۆم بیهێنم. ئێستا بزانە دەتوانی کارێک بکەی پێکەوە لەم وڵاتە بڕۆین یا نا. لەوێ ئەگەر ویستت دەتوانی مێردی من بی، ئەگەر نەشتویست لەیلی مریەم بەمێردم دەدا. ئەم نامە من خۆم بۆم نووسیوی. بزانە دەیدەی بەکێ بۆت بخوێنێتەوە. زۆرت ئاگا لە خۆت بێ. ئەوەش بڵێم مەیدە بەعەرەبان چون هەموویان فێڵباز و ناڕاستن. من زۆر نیگەرانی ئەم بابەتەم و نابێ تۆ ئەم نهێنییە دەگەڵ کەس باس بکەی، چون ئەگەر باوکم پێ بزانێ دەمخاتە چاڵاوێکەوە و سەنگسارم دەکا. من بەنێک بەئاخری قامیشەکەوە هەڵداوەسم و تۆ جوابەکەی خۆتی پێوەببەستەوە و، ئەگەر کەست دەست نەکەوتەوە کە بۆت وەرگێڕێتە سەر عەرەبی، دەتوانی بەئیشارە حاڵیم بکەی. بەیارمەتیی لەیلی مریەم لێت حاڵی دەبم. هیوادارم لەیلی مریەم و ئەڵڵا ئاگادارت بن و ئەم خاچەی، کە من بەرێنوێنیی کەنیزی خوالێخۆشبوو ماچی دەکەم، لە بەڵا و موسیبەتان بتبارێزێ!»

ئێستا ئەی بەڕێزان حەق ئەوە نەبوو کە ئەم نووسراوەیە هەم خۆشحاڵمان کا و هەم واق وڕماو؟ ئەوەند خۆشحاڵ بووبووین کە نۆموسوڵمان تێمان گەیشت و زانی کە ئەو نامەیە بۆ یەکێک لە ئێمە نووسراوە. نۆموسوڵمان سوێندی داین کە ئەگەر ئەوەی ئەو بۆی چووە ڕاستە متمانەی پێ بکەین و چۆنییەتیی حاڵ و بارودۆخەکەی دەگەڵ باس بکەین،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵێنیشی دا کە ئامادەیە گیانی خۆیمان بۆ بەخت بکا. وێڕای ئەو قسانە خاچێکی کانزایی چکۆلەی لە یەخەی دەرکێشا و زۆر گریا و بۆ ئێمە، بەو خودایەی کە ڕەسمی لەسەر خاچەکە بوو، سوێندی خوارد کە دەگەڵ هەموو تاوانباری و دڵڕەشیی خۆی ئێستاش بەدینی خۆی وەفادارە و هەرچی پێی بڵێین ڕازی ئێمە لە دڵدا ڕادەگرێ. لە قسەکانیڕا وا تێ گەیشتین کە ئەو پێی وایە یا باشتر بڵێم هەستی بەوە کردووە کە ئێمە هەموومان بەیارمەتیی نووسەری نامەکە ئازاد دەبین و ئەویش بەئارەزووی خۆی دەگا یانی دەگەڕێتەوە داوێنی کلیسای دایک کە وەک ئەندامێکی دارزیو لەبەر گوناھ و تێنەگەیشتوویی لێی جودا بووەتەوە. نۆموسوڵمان ئەوەندە کڕووزاوە و لالاوە و فرمێسکی هەڵوەراند کە ئێمە یەکدەنگ ئامادە بووین ڕاستی پێ بڵێین. لەبەر ئەوە ڕاستیی مەسەلەکەمان لە نووکەوە تا کۆتایی بۆ گێڕایەوە. ئەو دەلاقەی کە عەسا قامیشەکەی پێداهاتبووە خوار پێمان نیشان دا و ئەویش پاش ئەوەی بەسەرنجەوە چاوی لە ماڵەکە کرد قەولی دا کە بۆ ناسین و ئاگاداری لە وەزعی دانیشتووانی ئەو ماڵە ئەوەی لە دەستی بێ درێخی نەکا. لە هەمان کاتدا وامان بیر کردەوە کە جواب دانەوەی ژنە عەرەب هەر چەندی زووتر بێ باشترە و چون ئێستا کەسێکمان بەدەستەوە بوو کە دەیتوانی بەعەرەبی هەموو شت بنووسێ، لەبەر ئەوە نۆموسوڵمان دەستبەجێ جوابێکی نووسییەوە کە من پێم دەگوت و ئەو دەینووسی و، ئێستا من دەقی ئەو نامەیە تەواو و کەماڵ بەئێوە دەڵێم، چون من هیچ کام لە وردەکارییەکانی ئەم ڕووداوەم فەرامۆش نەکردووە و تا ئاخر هەناسەی ژیانیشم هەرگیز فەرامۆشی ناکەم. بەڵێ جا، ئەوە بوو جوابی من بۆ ئەو ژنە عەرەبە:

«خاتوون، خودای ڕاستی ئاگادارت بێ و مریەمی مبارەک ڕەوشتیش کە دایکی ڕاستینی خودایە، وە چون لە دڵەوە تۆی خۆش دەوێ و دەدڵی ناوی کە بۆ وڵاتە مەسیحییەکان بچی، بتپارێزێ! لە دەرگای مریەم بپاڕێوە کە ڕێنوێنیت بکا کە چۆن و بەچ ڕێگایەکدا دەست بەکار بی. ئەو ئەوەندە مێهرەبان و باشە کە ڕێکارێکت پێنیشان دەدا. من لە لایەن خۆم و تەواوی ئەو مەسیحییانەی لێرەن خۆمان بەبەندە و غولامی تۆ دەزانین و هەمووشمان بەڵێنی دەدەین هەرچی لە توانامانداا بێ بۆ خزمەت بەتۆ ئەنجامی بدەین. تکایە بەنووسراوە لە پلانی خۆت ئاگادارمان بکەوە و ئەوەش بزانە کە من هەمیشە جوابت دەدەمەوە. خوای گەورە دۆستایەتیی مەسیحییەکی ئەسیری بەنسیب کردووین کە قسە کردن و نووسینی بەزبانی تۆ وەک لەو نامەڕا تێ دەگەی، زۆر باش دەزانێ. کەوابوو تۆ دەتوانی بێ ئەوەی نیگەرانی بخەیتە دڵی خۆت، هەرچی پێت خۆشە بۆمان بنووسی. لەمەڕ ئەوەی کە گوتبووت

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabtt.org

پاش گەیشتن بەوڵاتی مەسیحییان دەتوانم تۆ مارە بکەم، من وەک مەسیحییەک قەولی شەرەف دەدەم کە ئەم کارە بکەم، وە تۆ خۆت دەزانی کە مەسیحییەکان زۆرتر لە موسوڵمانەکان لەسەر قەول و قەرار دەوەستن. هیوادارم خودا و مریەمی دایکی دەپەنای خۆت بگرن!»

کاتێک ئەم نامە نووسرا و سەری بەسترا دوو ڕۆژ ڕاوەستام تا زیندان بەشێوەی جاران کەسی لێ نەما، پاشان دەسبەجێ هاتمە سەر هەیوان تا بزانم عەسای قامیش دێتە دەرەوە یا نە. هەر چەند نەمتوانی کەس لە پشت پەنجەرەکەوە ببینم کاغەزەکەم نیشان دا و بەمجۆرە تێم گەیاندن کە بەنێک بەقامیشەکەوە هەڵاوەسن و دای هێڵن. غافڵ لەوەی کە ئەوان لە مێژ بوو ئەو کارەیان کردبوو. من نامەکەم لە بەنەکە بەست و زۆری نەکێشا کە ئەستێرەی ئێمە جارێکی تریش بەدەسرۆکەی سپییەوە هەڵات. دەسرەکەیان بەرداوە، دەسبەجێ هەڵاتم و هەڵم گرتەوە و چەندین جۆر پووڵ و سکەی زێڕوزێوی تێدابوو کە زۆرتر لە پەنجا ئەشرەفیی دەهێنا. شادی و هەیەجانمان پەنجا قات لە جاران زۆرتر بوو. هیوای ڕزگاری لە دڵماندا گەشەی کردبوو. هەر ئەو شەوە نۆموسوڵمان هاتەوە لامان و پێی گوتین کە ڕوونی کردووەتەوە لەو ماڵەدا – هەروەک دەپێشدا پێیانگوتبووین – عەرەبێک بەناوی حاجی مراد دەژی کە زۆر دەوڵەمەندە و کچێکی تاقانە و دوردانەی(*) هەیە کە میراتگری هەموو ماڵ و سامانی مامە حاجییە و لە شاریدا بەجوانترین ژنی تەواوی وڵاتی بەربەر ناوبانگی ڕۆیشتووە و دەڵێن زۆرێک لە شازادەکان و پاشایان خوازبێنییان لێ کردووە، بەڵام ئەو جوابی هیچکامیانی نەداوەتەوە. ئەوجار ئەو خانمە چەنای چەند ساڵ کەنیزێکی بووە کە لەو ئاخرییانەدا مردووە. تەواوی ئەم زانیارییانە دەگەڵ ئەوەی لە نامەکەدا نووسرابوو یەکتری دەگرتەوە، ئێمە دەگەڵ ئەم لاوە نۆمۆسوڵمانە ڕاوێژمان کرد کە چۆن دەکرێ ئەو کچە هەڵگرین و هەموو پێکەوە بچینەوە وڵاتی مەسیحییەکان. دەپێشدا قەرار وابوو چاوەڕوانی هەواڵێکی تازە لە لای زوبەیدە وەبین. (ناوی ئەو کچە کە ئێستا دەیەوێ ببێتە مریەم زووبەیدە بوو) چون تێ گەیشتین کە تەنیا ئەو دەتوانێ و کەسی تر کە ڕێگایەک بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە دژوارە بدۆزێتەوە. پاشان کە ئەم بڕیارەمان دا نۆموسوڵمان قەولی دا و گوتی یا سەری لەسەر ئەو کارە دادەنێ یا ئازادی ئێمە دەداتەوە پێمان.

چوار ڕۆژی تەواو مەحبەس پڕ لە جەماعەت بوو، هەر ئەوەش نەیهێشت عەسای قامێش خۆی نیشان بدا. پاش تێپەڕینی ئەو ماوەیە، سەرەنجام لە خەڵوەتی زینداندا سەری عەسا دەرکەوت و پڕێسکەیەکی وەها گەورەی پێوە بوو کە دیار بوو هەواڵی زۆر خۆشی پێ هەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قامیش لە بەرانبەر مندا سەری نەوی کرد و من لە دەسماڵەکەدا نامەیەک و سەد ئەشرفیی پووڵی درشتم دیتەوە، نۆ موسوڵمان لەوێ حازر بوو نامەکەمان لە وەتاغی خۆماندا پێدا بۆی خوێندینەوە کە ئەوە بابەتەکەیەتی:

«مەولای من، نازانم دەبێ چ بکەین کە پێکەوە بچینە ئەسپانیا، وە هەرچەندی لەبەر لەیلی مریەم پاڕامەوە کە ڕێگایەکم پێ نیشان بدا جوابی نەدامەوە. کارێک کە دەتوانن بیکەن ئەوەیە کە من بەو دەلاقەدا پارەیەکی زۆرتان بۆ بنێرم و ئێوە خۆتان بکڕنەوە ویەکێک لە دۆستەکانتان بڕواتەوە وڵاتی مەسیحییەکان و لۆتکە بکڕێ و بێتەوە لە دوای ئەوانی تر، من لە باغی باوکمدا کە لە نزیک دەروازی «ئەغنام» و لەسەر لێواری دەریایە دادەنیشم و تەواوی وەرزی هاوین دەگەڵ باوکم و خزمەتکارەکانم لەوێ دەمێنینەوە. ئێوە دەتوانن بەشەو بەئاسانی لەوێوە من دەگەڵ خۆتان بەرن و بمگەیەنە لۆتکەکە. ئەوەشت لەبیر نەچێ تۆ دەبێ مێردی من بی ئەگینا(*) لە دەرگای حەزرەتی مریەم دەپاڕێمەوە سزات بدا. ئەگەر متمانەت بەکەس نییە، هەرچی زووتر خۆت بڕو ئەو لۆتکەیە بکڕە و بگەڕێوە. چون تۆ پیاوێکی نەجیب زادەی و دینی مەسیحیت هەیە و یەقینم هەیە زووتر لە هەموو کەس دەگەڕیتەوە. هەروەها جێگە و ڕێوشوێنی من باش پێ بزانە، کاتێک ببینم لە هەیوان پیاسەدەکەی تێ دەگەم کە کەس لە «مەحبەس» نییە و پووڵێکی زۆرت بۆ بەردەدەمەوە. خوداوەند، ئەی مەولای من، ئاگاداری تۆ بێ!»

ئەوە بوو ناوەرۆکی نامەی دووەم و کاتێک هەموو لە بابەتەکەی تێ گەیشتین هەرکام زووتر لەوی تر ئامادە بوو خۆی بکڕێتەوە تا وەدوای ئەو کارە بکەوێ و بەڵێنی دەدا بڕوا و هەرچی زووتر بگەڕێتەوە. منیش خۆم وەک ئەوانی تر داوتەڵەب بووم، بەڵام نۆموسوڵمان دەگەڵ ئەو پێشنیارانە دژایەتی کرد و گوتی تا کاتێک هەموو یاران پێکەوە ئازد نەبن، نابێ کەس بەتەنیا ئازادیی خۆی بکڕێتەوە چون ئەزموون و تاقیکاری پێی سەلماندووە کە کابرای ئەسیر پاش وەدەستهێنانی ئازادی، چەندە بەڵێنی خۆی کە لە دەورانی زیندانی بووندا داویەتی، دەخاتە پشت گوێ و دەیگوت زۆر جار هاتووەتە پێش کە مەسیحیی دەوڵەمەندی ئەسیر هەر بەم شێوەیە ئازادی یەکێک لە یارانی خۆی کڕیوەتەوە و ناردوویەتە «والانس» یا «مایۆرک» Mayorque کە لۆتکەیەک بەکرێ بگرێ و بگەڕێتەوە لای ئەوانی پارەی ئازادییەکەیان بۆداوە، بەڵام کەس چاوی پێ نەکەوتووەتەوە. چون بەختەوەریی وەدەستهێنانەوەی ئازادی و ترس لەوەی کە دووبارە لەدەستی بدەنەوە بیرێ هەموو قەول و قەرارێکی لە بیرگەی ئەوان سڕیوەتەوە و، بۆ سەلماندنی قسەکەی خۆی، ڕووداوێکی کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێندێک پێشتر بەسەر چەند نەجیب زادەی مەسیحی هاتبوو، بۆ ئێمەی گێڕاوە. ڕووداوێکی سەیر و سەمەرە کە بەسەر کەم کەس هاتووە. لە کۆتاییدا گوتی کە چارە ئەوەیە پووڵ بدەین و مەسیحییەک بکڕینەوە، ئەویش بەناوی ئەوەی کە دەیەوێ لەمەو پاش بازرگانی بکا و بۆ ئاڵووێر بچێتە «تێتوان» Tetouan و باقیی شارەکانی قەراغ دەریا. لە خودی ئەلجەزیرەدا لۆتکەیەک بکڕێ؛ پاش ئەوەی بوو بەخاوەنی لۆتکە زۆر ئاسان دەتوانێ بێ و ئێمەش سوار بکا. پاشان گوتی ئەگەر ئەو ژنە عەرەبە وەک وەعدەی داوە ئەوەندە پووڵ بدا کە هەموو بتوانن ئازادی خۆ بکڕنەوە، هەر کە ئازاد بوون ئیتر هیچ لەوە ئاسانتر نییە کە تەنانەت بەڕۆژی ڕووناک سواری لۆتکە ببن و لێ دەن بڕۆن. گرفتێک کە هەیە ئەوەیە کە عەرەبەکان بەهیچ مەسیحییەکی نۆ موسوڵمان ئیجازە نادەن کە لۆتکە بۆ خۆیان بکڕن یا بەکرێ بگرن. بەڵکو تەنیا دەتوانن ببنە خاوەنی کەشتیی ڕێگریی دەریایی. چون لەوە دەترسن بەتایبەتی ئەگەر کڕیار ئەسپانیایی بێ. لۆتکە بۆ هەلاتن بکڕێ و هیچیتر. بەڵام من ئەم گرفتە ئاوا هەڵدەگرم کە عەرەبێکی سەرسنوور دەگەڵ خۆم دەکەمە شەریک و پێکەوە کاری بازرگانی دەکەین و لە ژێر ناوی ئەودا وردەوردە دەبمە خاوەنی لۆتکە و ئیتر کار تەواوە.»

هەر چەند بەبڕوای من و یاران باشتر ئەوە بوو کە بنێرین لە مایۆرکەوە لۆتکەیەکمان بۆ بێنن. و ژنی عەرەبیش وای گوتبوو، بەڵام نەمانتوانی دەگەڵ پێشنیاری نۆموسوڵمان دژایەتی بکەین، چون دەترساین ئەگەر بەگوێی نەکەین ڕازی ئێمە بڵاو کاتەوە. و گیانی ئێمە و زوبەیدە، کە ئامادە بووین بۆ پاراستنی ئەو گیانی خۆمان بدەین، بخاتە مەترسییەوە. لە بەر ئەوە بڕیارمان دا چارەنووسی خۆمان بدەینە دەست خودا و ئەو نۆموسوڵمانە. لە هەمان کاتدا وەڵامی زوبەیدەمان داوە کە بەپێی قسە و ڕێنوێنیی ئەو دەبزووینەوە، چون بیروڕای ئەو ئەوەندە دروستە کە دەڵێی حەزرەتی لەیلی مریەم ڕێنوێنیی کردووە، تەنیا ئەوە، کە دەتوانێ ئەنجام دانی ئەم پلانە وەدوا بخات یا زۆر زوو وەگەڕی بخا، لە کۆتایی نامەکەشدا بەڵێنی زەماوەندەم دەگەڵ ئەو دووپات کردەوە، ڕۆژی دوایی کە زیندان چۆڵ بوو، زوبەیدە چەند جار بەعەسا و پرێسکە نزیک بەدوو هەزار ئەشرەفیی بۆ هاویشتینە خوارەوە. زووبەیدە دە نامەیەکدا نووسیبووی کە ڕۆژی هەینی داهاتوو دەچێتە باغی باوکی، بەڵام پێش ئەوەی بڕوا پووڵی تریشمان دەداتێ، و ئەوەشی گوتبوو ئەگەر ئەوەندە پووڵە بەش ناکا هەرچەندی بمانەوێ بۆمان بەردەداتەوە، چون باوکی ئەوەندەی پووڵ هەیە کە بەو کارە نازانێ و بێجگە لەوەش هاچەری هەموو شتەکانی ماڵ لە دەست ئەودایە. بێ ماتل بوون پێنجسەت ئەشرەفیمان دا بەنۆموسوڵمان کە لۆتکە بکڕێ و من

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهەشت سەد ئەشرەفی ئازادیی خۆم کڕییەوە. من پووڵەکەم دا دەست تاجرێکی والانسی کە ئەوە بوو دەگەڵ گەیشتنی یەکەم کەشتی لە والانس، جەزیە یا پووڵی ئازاد کردنم بدا. هۆیەکەی ئەو بوو ئەگەر ئەو پووڵەی دەسبەجێ دابایە پاشا فکری دەکردەوە کە ئەم پووڵە زۆر لەمێژە گەیشتووە و ئەو بۆ ئەوەی قازانجی لێ بکا، باسی نەکردووە، لە ئاخریدا، مەولاکەم ئەوەندە دەغەڵ بوو کە نەموێرا پێی بڵێم پووڵەکە نەغد بدا و ڕزگارمان بێ.

شەوی جومعەیەک کە قەرار بوو زووبەیدەی نازدار و جوان بڕواتە باغی هاوینی، هەزار ئەشرەفیی تریشی پێ داین و داوای لە من کردبوو دەگەڵ ئازاد کرام، بچم لەو باغە بیدۆزمەوە و هەر چونێک هەیە چاوێکی پێم بکەوێ. من بەچەند واژە وەڵامم داوە، کە ئەو کارە بکەم و ئەویش هەتا دەتوانێ بەو دوعایانەی کە لە کەنیزی مەسیحی خۆی فێری بووە، ئێمە بەلەیلی مریەم بسپێری. پاش تەواو بوونی ئەو کارە بەرنامەی ئازاد کردنی سێ هاوڕێیی تریشمان داڕشت تا بتوانن بەسانایی لە زیندان دەر کەون. مەبادا کاتێک ببینن من ئازادیی خۆم کڕیوەتەوە و ئەوان نە، لە کاتێکدا پووڵێش بۆ ئەم کارە بەدەستەوە بوو، شەیتان بچی دە کڵێشەیانەوە و کارێک بکەن کە زوبەیدەی تێدا پیاوخراپ ببێ. هەر چەند نەجیب و ڕەسەن بوون و ترسی من بێهودە. بەڵام نەمدەویست پلانەکەم مووی دەبەرەوە(*) بچێ و دەرفەتەکەم بەفێڕۆ بڕوا؛ ئەوە بوو کە بۆ ئازاد کردنی ئەوانیش هەر ئەوەم کرد کە بو خۆمم کردبوو. پووڵەکەم دایە دەست تاجری والانسی تا بەمتمانەوە کارەکان جێبەجێ بکا، بەڵام ڕازی خۆمان بەونەگوت چون لەوانە بوو، بکەوینە مەترسییەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤١

## ئەو جێیەی کە دیل لەسەر داستانی خۆی دەڕوا

هێشتا پازدە ڕۆژ نەڕۆیشتبوو کە نۆموسوڵمانی ئێمە، لۆتکەیەکی چاکی کڕی کە جێگەی سی کەسی تێدا دەبووەوە. ئەو بۆ ئەوەی شک و گومانی هیچ کەس نەوروژێنێ و کەس دەخۆی نەگەیەنێ، بڕیاری دا بچێتە هەرێمی «سەرجێل» Sargel کە لە بیست فەرسەخیی ئەلجەزیرە، لەسەر ڕێگای «ئۆران» Oran هەڵکەوتووە و بازرگانیی هەنجیری وشک لەوێ زۆر برەوی هەیە، و بەڕاستی توانیی ئەو بڕیارەی خۆی بەرێتە سەر. ئەو دەگەڵ عەرەبێکی سنوورنشین کە دەپێشدا باسی بۆ کردبووین، دوو سێ جار ڕۆیشتە ئەو سەفەرەو گەڕاوە. لە وڵاتی بەربەڕ، عەرەبی سنوورنشین یا «سغووری = تغوری» Tagarin بەو عەرەبانە دەڵێن کە دانیشتووی غەرناتەن. ئەم عەرەبانەی باسمان کردن لە هەرێمی «فاس» Fez هەروەها بەئەلشەس Elches ناو دەبرێن، و پاشای ئەلجەزیرە سەربازانی خۆی لە نێو ئەوانە هەڵدەبژێرێ. هەر جارەی کە لۆتکەی نۆموسوڵمان دەهاتەوە لە لەنگەرگایەک ڕادەوەستا کە بەئەندازەی دوو قاتی تیر هاوێژی شمخاڵێک لەو باغەی کە زوبەیدە لێی دادەنیشت دوور بوو. لەوێ بۆ مەسڵەحەت نوێژی فێری ئەو عەرەبەلاوانە دەکرد کە لە کەشتییەکەی ئەودا سەوڵیان لێ دەدا و چاروبار ئەدا و ئەتواری تری دەر دێنا کە پێی وابوو بۆ ئەنجام دانی پلانەکەی پێویستە؛ بۆ نموونە دەڕۆیشتە باغی زوبەیدە و داوای میوەی دەکرد و باوکی کچەش بێ ئەوەی بیناسێ میوەی پێ دەدا. ئەو وەک لە پاشان بۆی گێڕامەوە زۆری پێ خۆش بوو دەگەڵ زوبەیدە قسان بکا و پێی بڵێ کە من ناردوومە ئەو بگەیەنەتە وڵاتی مەسیحییان و دەبێ سەبری هەبێ و متمانەی پێ بکا. بەڵام هەرگیز نەیتوانی چاوی پێی بکەوێ، چون ژنانی عەرەب بەئەمری مێرد یا باوک نەبێ ڕوخساری خۆیان بەعەرەبان یا بەتورکان نیشان نادەن. بەڵام ڕوو دەدەن بەئەسیرانی مەسیحی و قسەشیان دەگەڵ دەکەن و ڕەنگە لەو کارەدا زۆرتر لەوەی عەقڵ حوکم دەکا، زێدەڕۆیی(*) دەکەن. من بەش بەحاڵی خۆم ئەگەر نۆموسوڵمان بیتوانیبا قسە دەگەڵ زوبەیدە بکا، پێ تێک دەچووم، چون ئەو کاتی دەیدیت کە چارەنووسی دراوەتە دەست نۆموسوڵمانێک و بێگومان زۆر دەترسا. بەڵام چون ویستی خودای مەزن لەسەر شتێکی تر ڕاوەستابوو، کەڵکی نۆموسوڵمان سەری نەگرت و ئەو کاتێک دەیدیت کە بێ قرەو هەرا، ئەمن و ئەمان، لە نێوان سەرجێل و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەلجەزیرەدا دێت و دەچێ و هەرکات لە هەر شوێنێک دڵخوازی بێ، لەنگەر دەگرێ و هاوبەشەکەی، یانی عەرەبەسنوور نشینەکە، دەسەڵاتی بەسەریدا ناشکێ و ئەوجار ئازادیی منیش کرِدراوەتەوە و بێجگە لە دۆزینەوەی چەند کەسێک بۆ سەوڵ لێدان کارێک نەماوە، بکرێ، بەمنی گوت کە بێجگە لە نەجیب زادەکان کە ئازادییەکەیان کرِدرا بووەوە، چەند کەسی تریش بەمەیلی خۆم هەڵبژێرم و بو رۆژی هەینیی داهاتوو، کە ئەو بریاری دابوو وەرِێ کەوێ، ئامادە بین. لە ئاکامدا من دەگەڵ دوازدە ئەسپانیایی کە هەموو سەولیان باش لێ دەدا ولەوانە بوون کە دەیانتوانی لە شار وەدەرکەون، قسەم کرد. لەو کاتیدا دۆزینەوەی تاقمێکی لەم چەشنە ئاسان نەبوو، چون بیست کەشتیی گەورە بۆ رِێگری لە دەریادا وەرِێ کەوتبوون و هەرچی ئەسیر بوو بۆ سەوڵ لێدان دەگەڵ خۆیان بردبوو. ئەم ژمارەیەشم کە دەست کەوت هۆیەکەی ئەوە بوو کە مەولاکەیان لە تەواوی درێژایی ئەم وەرزەدا بۆ رِێگری نەچووبوو؛ چونکا خەریکی تەواوکردنی کەشتییەک بوو کە هێشتا لە حەوزی کارگادا بوو. من هەر ئەوەندەم بەو کەسانە گوت کە رۆژی هەینی یەک یەک لە کارگاە دەرکەون و بەرەو باغی حاجی مراد بچن و تا من دەگەمێ، لەوێ راوەستن. من بەتاک تاکیانم راگەیاند و تەکەزم(*) کرد کە ئەگەر لەوێ مەسیحیی تریان چاو پێ کەوت تەنیا ئەوەندەیان پێ بڵێن کە من گوتوومە لەوێ چاوەروان بن. پاش ئەو کارە تەنیا کارێک مابوو کە دەبووایە، من خۆم ئەنجامی بدەم، ئەویش ئەوە بوو کە زوبەیدە لە بارودۆخەکە خەبەر بکەم تا گوێ قولاغ(*) بێ و ئەگەر ئێمە پێش قەرار رژاینە ناو باغەکەی و ئەومان رفاند، بەو بۆچوونە کە کاتی گەرانەوەی لۆتکەی مەسیحییان هێشتا نەهاتووە، ترس دای نەگرێ، لەبەر ئەوە بریارم دا خۆم بچمە باغ و بزانم دەتوانم چاوم پێی بکەوێ یا خێر، ئێوارەی پێش رۆژی رۆیشتن، بەبیانووی چنینی سەوزی هاتمە نێو باغ و یەکەم کەسی چاوم پێ کەوت باوکی بوو. حاجی بەزبانێک قسەی دەگەڵ کردم کە لە تەواوی قەراغ بەحرەکانی وڵاتی بەربەر و تەنانەت لە قوستەنتەنییەش دەنێو ئەسیرانی مەسیحی و عەرەبەکاندا برەوی هەیە. زبانێک کە نە عەرەبییە، نە کاستێلی و نە هی هیچ نەتەوەیەک. بەڵکو پێکهاتەیە کە لەهەموو زبانەکان و ئێمە بەیارمەتیی ئەو زبانە دەمانتوانی زۆر باش مەبەستی خۆمان دەربرِین. بەڵێ جا مام حاجی بەو زبانە لێی پرسیم کێم و چ دەکەم و بۆچی هاتوومەتە ئەو باغە. من لە جوابدا گوتم کە غوڵامی «ئارنۆت مامی» Arnaute Mami (چون دەمزانی ئەو پیاوە یەکێک لە دۆستانی زۆر نزیکی حاجییە) و هاتووم هێندێک سەوزی بۆ سالاد بەرم و پاشان لێی پرسیم کە ئایا یەکێک لەو غوڵامانەم کە کراومەتەوە و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

ئەربابی من بۆ فیدیە داوای چەندە دەکا. لە کاتی ئەم وتووێژەدا زوبەیدەی جوان لە تالار هاتە دەر و زۆر لەمێژ بوو، منی نەدیتبوو و، چون هەرووەک دەپێشدا باسم کرد ژنانی عەرەب ڕوو لە ئەسیرانی مەسیحی ناگرن و خۆ لە دیتنیان ناپارێزن، بێ هیچ ترس و پەروایەک هاتە لامان: باوکیشی بەپێچەوانەی ئەوەی من فکرم دەکردەوە، بانگی کرد کە بێتە نزیکتر. ئێستا بۆم ناگێڕدرێتەوە پێتان بڵێم کە زوبەیدەی خۆشەویستم، بەچەندە ناز و غەمزە و جوانیی بێ وێنە و چەندە ڕازاوە هاتە بەرچاوم. تەنیا دەڵێم کە بەگەردنی جوان و گوێچکە کورتەکانی و ئاڵقە ئاڵقەی پرچەکانییەوە، زۆرتر لە مووی سەری، مرواری هەڵواسرابوو، بەبەلەکییەوە کە بەڕەسمی ژنانی عەرەب ڕووت بوو، دوو خرخاڵی زێری خالیس کە ئەڵماسیان تێ گیرابوو، دەبیندران و ئەو خرخاڵانە وەک پاشان باوکی زوبەیدە پێی گوتم، دەهەزار دووبلون(٢٥١) قیمەتیان بوو، بازنەکانیشی هەروا بەقیمەت بوون. مرواریيەکانی زۆر گرانبایی و جوان بوون و لە ژمار نەدەهاتن، چون بەشی زۆریّ زێڕ و زەنبەری ژنانی عەرەب لە مرواری پێک دێ و هەر بەو دەلیلەش لای عەرەبەکان زۆرتر لە هەموو گەلانی دنیا مرواری دەست دەکەوێ. دەیانگوت باوکی زوبەیدە مرواریی زۆری هەیە و مرواريیەکانی ئەو لە ئەلجەزایر وێنەیان گیر ناکەوێ؛ هەروەها دەگوترا کە ئەو لە خەزێنەکەی خۆیدا زۆرتر لە دووسەت هەزار ئەشرەفیی زێڕی ئەسپانیایی هەیە و ئەو کچەی کە ئەمڕۆ ئیختیاری منی هەیە، ئەو ڕۆژە ئیختیاری ئەو هەموو ماڵوسامانەی هەبوو. لە باقیماندەی سفرەی جوانی و جەماڵ کە ماندووێتی و کوێرەوەریی پەیتاپەیتا، بۆ زوبەیدەی هێشتووەتەوە دەتوانین تێ بگەیەن کە ئەو لەو سەردەمی نازداری و لە نێو ئەو هەموو زێڕ و سەروەتەدا، تا چ ڕادەیەک جوان بووە. هەموو دەزانن کە جوانی و تەڕوتازەیی زۆرینەی ژنان، سەردەمێکە و بەرێژەی گیر وگرفت و بارودۆخی ژیان زۆر و کەم دەکا و سروشتییە کە ئەم جوانییە بەهۆی کار تێکردنەکانی گیان هەڵدەچێ و دادەگەڕێ؛ هەر چەند زۆرتر سیس دەبێ و دادەتەپێ. بەهەرحاڵ زوبەیدە بێ ئەندازە جوان هاتە بەرچاوم، یا لانی کەم دەبێ بڵێم من بەدرێژایی تەمەن، جوانێکی ئاوام نەدیتبوو. ئەو جوانی و تەرزی و لە بارییە، دەگەڵ ئەو هەموو چاکەی کە دەگەڵ منی کردبوو، هەستی ئەمەگناسیی منی خرۆشاند و ئەوی لەبەر چاوم وەک فریشتەی ڕەحمەت کە بۆ بەختەوەری و ڕزگاریی من لە ئاسمانەوە هاتووەتە خوار، نیشان دا. کاتێک زوبەیدە هاتە بەرەوە باوکی بەزبانی خۆیان پێی گوت کە ئەو پیاوە نۆکەری «ئارنووت مامییە» و بۆ سەوزەی سالاد هاتووە. زوبەیدە

٢٥١- doublon پووڵی زێڕی ئێسپانیایی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەقسـە هات و بەو زبانە چێشتی مجێورەی کە باسم کرد و لێی پرسیم ئایا من نەجیب زادەیەکی مەسیحیم و چۆنە تا ئێستا ئازادیی خۆم نەکڕیوەتەوە، من پێم گوت کە ئازادیی خۆم، چەند ڕۆژێکە کڕیوەتەوە و لە ڕووی ئەو فیدیەیەی کە ساحەبەکەم دە بەرانبەر مندا وەری گرتووە، دەتوانێ تێ بگا کە ئەو چەندی من بەلاوە خۆشەویست بووە، چون مەولای من داوای هەزار و پێنج سەت «سوڵتانی»[٢٥٢] کردووە و داویشمانەتێ. زوبەیدە گوتی: «بەڕاستی ئەگەر تۆ هی باوکی من بووایەی من کارێکی وام دەکرد دە بەرانبەر دوو هێندی ئەو بارستایەدا ئازادت نەکا. چون ئێوەی مەسیحی ئەوی دەیڵێن درۆیە و بۆ فریودانی عەرەبان وادەنوێنن کە فەقیرن. من گوتم: ڕەنگە وابێ، خانم بەڵام من دەگەڵ ئەو قسەی ئێوە نیم. چون ڕاستم بەئەربابی خۆم گوتووە و دەگەڵ هەر کەسێکی تریش لەم دنیایەدا سەروکارم هەبێ ڕاستی پێ دەڵێم. زوبەیدە پرسی؛ ئەی تۆ کەی دەڕۆی؟ گوتم: پێم وایە سبەی دەڕۆم. کەشتییەکی فەرەنسی لەبەندەردا لەنگەری بەرداوەتەوە کە سبەێنی بایەبانەکانی دەکێشێ و پێم وایە بەو کەشتییە دەڕۆم. زوبەیدە گوتی: ئایا باشتر نییە کە سەبر بگری تا کەشتی ئەسپانیایی بگەنێ و تۆ دەگەڵ ئەوان بڕۆی. نەک دەگەڵ فەڕەنسییەکان کە دۆستی ئێوە نین؟ من لە جوابدا گوتم: خێر چون ئەگەر خەبەرێکی جێگەی متمانە لە دەستدا بووایە کە کەشتییەکی ئەسپانیایی لە ڕێدایە، لەوانە بوو چاوەڕوان بم، بەڵام باشتر وایە سبەی بڕۆم. چون تاسەو ئارەزووی گەڕانەوەم بۆ نیشتمان و نێو ئازیزانم ئەوەند توندە کە ئیزنم نادەن، چاوەڕوانی دەرفەتێکی تر، هەر چەند باش و بەم زوانەش بێ، بمێنمەوە. زوبەیدە گوتی: بێگومان تۆ لە وڵاتی خۆت ژنت هەیە و بەشقی[*] دیداری ئەو وا زوو دەتەوێ لێرە بڕۆی؟ من گوتم: خێر من ژنم نییە. بەڵام قەولم داوە دەگەڵ گەیشتمەوە وڵاتی خۆم ژن بێنم. زوبەیدە پرسی ئەو ژنەی دەتەوێ بیخوازی جوانە؟ من گوتم ئەوەندە جوانە کە ئەگەر بمەوێ بەو جۆرەی شانی هەڵدەگرێ باسی بکەم و ڕاستییەکەی بەتۆ بڵێم ناچارم بڵێم کە ئەو زۆر وە تۆ دەچێ.» باوکی زۆبەیدە بەو قسەیە قاقا پێ کەنی و بەمنی گوت: «ئەی خاچ پەرست، سوێند بەئەڵلا ئەگەر نامزدەکەت وەک کچی من کە جوانترین ژنی ئەو وڵاتەیە جوان بێ، دیارە زۆر جوانە. ئەگەر تۆ لە جوانیی کچی مندا شک و گومانت هەیە، باشی تێ فکرە تا بزانی من ڕاستم پێ گوتووی.» دەو گوتوبێژانەدا کە بەزبانی حەرامزادە و باوی وڵاتی بەربەر بەڕێوە دەچوو، حاجی مراد

---

٢٥٢- سوڵتانی پووڵی زێڕی ئێسپانیایی بەرانبەر بەچوار تا پێنج پێزۆتا. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabani.org

دیلماجی(*) ئێمە بوو. چون ئەو بەسەر ئەو زبانەدا باشتر لە هەمووومان زاڵ بوو. بەڵام زوبەیدە، هەر چەند لەو زبانە تێ دەگەیشت زۆرتر بەئیشارە و ئیما قسەی دەکرد نەک بەزبان.

لە کاتێکدا کە وتووێژی ئێمە بەو شکڵە درێژەی بوو، لە ناکاو عەرەبێکی مەغریبی (مەراکیشی) بەهەناسەبڕکێ گەیشتێ و هاواری کرد کە چوار کەس لەسەربازانی تورک لە دیواری باغەوە خۆیان هاویشتووەتە ناوباغ و خەریکن میوەی دارەکان بەکاڵ و نەکوڵیوی لێوەدەکەن. بەبیستنی ئەم خەبەرە پیرە پیاو لە ترسان وەلەرزین کەوت و زوبەیدەش ترسی ڕێ نیشت، چون عەرەبەکان ترسێکی زۆر و سروشتییان لە تورکان هەیە، بەتایبەتی لە سەربازەکانیان، چون ئەو سەربازانە ئەوەندە بێ شەرمن و ئەوەندەیان ئەو عەرەبانە، کە ڕەعیەتی ئەوانن، ترساندووە کە هەموویان زەندەقیان چووە و وەک بەردە لە ئەرباب دەترسن. حاجی مراد دەستبەجێ ڕووی دە زوبەیدە کرد و گوتی: «کچەکەم، تۆ زۆر زوو بڕۆوە ژووری ماڵ و دەرگاش قەپات کە تا من بچم دەگەڵ ئەو سەگانە قسە بکەم. وە تۆش ئەی خاچ پەرست. هەر چەندی دەتەوێ سەوزی بچنەوە و هیوادارم ئەڵلا بەخێر و خۆشی و بەسلامەت بتگەیەنێتەوە ولاتی خۆت!» من کڕنۆشم کرد و ئەو چوو بۆ لای تورکەکان و منی دەگەڵ زوبەیدە کە دەپێشدا وای نیشان دا کە بەئەمری باوکی دەچێتەوە ناوماڵ، تەنیا بەجێ هێشت؛ بەڵام هەرکە باوکی لە پشت دارەکان ون بوو زوبەیدە گەڕاوە لای من و لە کاکاتێکدا چاوی پڕ بوون لە فرمێسک گوتی: «اتمجی یا نصرانی، اتمجی؟ یانی ئەی مەسیحی دەڕۆی؟» من گوتم: «بەڵێ خاتوون، بەڵام پێت وانەبێ بێ تۆ دەڕۆم. هەینیی داهاتوو چاوەڕوان بەو لە دیتنی ئێمە نەپەشۆکێی. ئێمە دەتبەینە ولاتی مەسیحییان.» من ئەو چەند وشەیەم زۆر بەپەلە پێ گوت و وام پێ گوت کە لێم تێ گەیشت. ئەوجار دەستی هاویشتە سەر ئەستۆم و بەهەنگاوی لەرزۆک بەرە و عیمارەت وە ڕێکەوتین. بەحوکمی تەقدیر، عەدڵ لە هەمان کاتێکدا کە دەست لە گەردن پێکەوە دەڕۆیشتن، باوکی زوبەیدە کە تورکەکانی دەر کردبوو گەڕاوە و ئێمەی لەو حاڵەتەدا چاو پێ کەوت و ئێمەش زانیمان کە لەو حاڵەتەدا دیتوومانی.» ئەم ڕووداوە ئەگەر ئیرادەی خوداوەندی لەسەر نەبووایە لەوانە بوو سەروماڵمان تێدا بەرێ. بەڵام زوبەیدە کە کارزان و تێبین بوو، دەستی لە ئەستۆم بەرنەدا، بەپێچەوانە زۆرتر پێمەوە نووسا و سەری لەسەر سینگم دانا و ئەژنۆکانی هێندک فیزاند(*) و خۆی لە بێهۆشییەکی تەواو دا. منیش بەش بەحاڵی خۆم وام نیشان دا کە ناچار ئەوم ڕاگرتووە تا بەعەرزیدا نەکەوێ. باوکی بەپەلە خۆی گەیاندە لای ئێمە و چون

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کچەکەی خۆی بەم حاڵەوە چاو پێ کەوت، پرسی کە چیی بەسەر هاتووە؛ بەڵام چوون جوابێکی پێ نەدراوە، هاواری لێ بەرز بووەوە کە: «بێگومان لە ترسی ئەو سەگانە کە هاتبوونە ناو باغ لە هۆش چووە.» ئەودەم سەری کچەکەی لەسەر سینەی من لابرد و لەسەر سینەی خۆی دانا و زوبەیدە هەناسەیەکی کێشا و چاوی پڕ لە فرمێسکی کردەوە و گوتی: «امجی یا نصرانی، امجی»، یانی برۆ مەسیحی، برۆ! باوکی لە جوابدا گوتی: «بۆچێ بروا کچەکەم. ئەو چ خراپەیەکی دەگەڵ تو کردووە. تورکەکانیش ڕۆیشتن کەوابوو ئێستا لە هیچ مەترسە و غەمی هیچت نەبێ، چون هەر وەک پێم گوتی تورکەکان ڕۆیشتن و گەڕانەوە شوێنی خۆیان. من بەباوکی زوبەیدەم گوت: ئەرباب هەر وەک خۆت مەزەندەت کردووە، تورکەکان بوونەتە هۆی ترسانی، بەڵام ئێستا کە ئەو دەیەوێ برۆم باشترە برۆم و نەبمە هۆی نارەحەتیی ئەو؛ من بەئیزنی ئێوە هەرکات پێویست بێ، بۆ بردنی سەوزی دێمەوە، چون ئەربابی من پێی وایە لە هیچ شوێنێک سەوزەواتی(*) سالادی ئاوا باش وەدەست ناکەوێ. حاجی مراد گوتی: هەر کات دڵت ویستی وەرە ئێرە. کچی من ئەو قسەی بۆ ئەوە نەگوت کە لە دیتنی تۆ و مەسیحیی تر نارەحەت دەبێ، وە ئەوەی کە بەتۆی گوت «برۆ» مەبەستی ئەو بووە کە تورکەکان برۆن، یا ویستوویە بڵێ: «ئێستا دەتوانی بچی سەوزی بچنی» بەبیستنی ئەم قسەیە من دەستبەجێ لە هەر دووکیان ئیزنم خواست و زوبەیدەش کە دەگەڵ هەر هەنگاوێک دەتگوت گیانی دەکێشن، دەگەڵ باوکی ڕۆیشتن و دوور کەوتنەوە. من بەبیانووی گەڕان بەدوای سەوزیدا هەموو کەلێن و قوژبنی باغەکەم سەنگ و شووژن دا(*) تا بزانم بەکوێدا دەکرێ بەئاسانی وەژوور کەوین و پلانەکەی داهاتوومان بخەینە گەڕ. پاش ئەو کارە گەڕامەوە و گوزارشتی کارم دا بەنۆموسوڵمان و دۆستەکانی ترم و بەچاوەڕوانی خۆشی و حەزێکی کە خودای مەزن دە وجوودی زوبەیدەی دڵئەستێن و جواندا بۆی دانابووم هەناسەم هەڵکێشا.

سەرەنجام کات تێ پەڕی و ڕۆژی وەعدەدراو گەیشت. ئێمە هەموومان موو بەموو بەپێی قەراری کە پاش ڕاوێژکاریی زۆر دامان نابوو، جووڵاینەوە و سەرکەوتنمان وەدەست هێنا. ڕۆژی هەینیی دوایی، پاش قسە کردنی من دەگەڵ زوبەیدە لە باغدا، نۆموسوڵمان، لای ئێوارە، بەلۆتکەی خۆیەوە هات و بەرانبەر ئەم مەنزڵەی کە کچی حاجی مراد چاوەڕوان مان بوو، لەنگەری گرت. دەپێشدا ئەو مەسیحییانەی کە دەبووایە نیمکەتی سەوڵ لێدان بگرن خەبەریان پێ درابوو و لە چەند شوێنێک خۆیان حەشار دابوو. هەموویان شاد و خۆشحاڵ چاوەڕوانی من بوون و زۆر بەپەلە بوون کە هێرش بێننە سەر لۆتکەیەک کە لەبەر چاویان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

بوو؛ چون ئەوان ئاگایان لە قەول و قەراری نێوان من و نۆموسوڵمان نەبوو و پێیان وابوو کە دەبێ ئازادیی خۆیان بەزۆرێ باسک و کوشتنی ئەو عەرەبانەی کە دە لۆتکەکەدان وەدەست بێنن. کەوابوو هەر دەگەڵ سەر و کەللەی من و هاورێکانم وەدەرکەوت، ئەوانەی کە کەمینیان کردبوو بەهەلاتن بەرەولامان هاتن. لەو سەعاتەدا تازە دەروازەکانی شاریان داخستبوو و لەسەرانسەری ئەو بیابانەدا گیان دەبەرێک دیار نەبوو. کاتێک هەموو کۆبووینەوە دەپێشدا دوو دڵ بووین کە سەرەتا، بچین زوبەیدە هەڵگرین یا ئەو عەرەبانەی کە سەوڵیان لێ دەدا دەست ببەستین. لە کاتێکدا هێشتا نەماندەزانی دەبێ چ بکەین نۆموسوڵمانی ئێمە گەیشتە لامان و پرسی بۆ چی کات بەفیڕۆ دەدەین و درێژەی پێ دا کە ئێستا وەختی عەمەلە، چون زوربەی عەرەبەسەوڵ لێدەرەکان خەوتوون، و دەفکری ئەوەدا نین ئاگایان لە خۆیان بێ. ئێمە هۆی دوودڵیی خۆمان پێ گوت و ئەویش جوابی داوە کە پێویستتر لە هەموو شتێک ئەوەیە دەپێشدا لۆتکە دەستی بەسەردا بگیرێ و ئەوەش کارێکی ئاسانە و هیچ مەترسیی تێدا نییە. پاشان دەتوانین بچینە سۆراغی زوبەیدە و بیرفێنین. بڕیاری ئەومان بەیەکدەنگی قبوول کرد و ئێمە بەرێنوێنی ئەو گەیشتینە لۆتکە. ئەو یەکەم کەس بوو کە خۆی گەیاندە ناو لۆتکە و شمشیرێ هەڵکێشا و بەزبانی عەرەبی گوراندی کە: «هەر کەس ببزوێ دەکوژرێ!» لەو کاتەدا نزیک بەتەواوی مەسیحییەکان بەدوای ئەودا خۆیان گەیاندە ناو لۆتکەکەوە. عەرەبەکان کە زۆر بەجەرگ و ئازا نەبوون، کاتێک فەرمانی ناخودای خۆیان بیست، ترسان و بێ ئەوەی هیچ کامیان دەست بۆ ئەو بروکە چەکەی پێیان بوو، بەرن خۆیان بەدەستەوەدا و تەناف پێچ کران، ئەو کارەمان زۆر زوو ئەنجام دا و هەڕەشەمان لە عەرەبەکان کرد، هەر دەنگیان لێ بێ، دەیانکوژین. پاش گرتنی لۆتکە، نیوێک لە یارانی ئێمە بوونە کێشک لەسەر عەرەبەکان و من و ئەوانیتر بەرێنوێنیی هەمان نۆ موسوڵمان گەڕاینەوە بۆ باغی حاجی مراد. بەختەوەرانە دەرگای باغمان وا بەسانایی کردەوە، دەتگوت هەر دانەخراوە. بێدەنگ و هەست و خوست، بێ ئەوەی کەس لە باغەوان و دەستوپێوەندان وەخەبەر بێنین، خۆمان گەیاندە، بەردەم عیمارەتی حاجی. زوبەیدە لە تەنیشت پەنجەرەیەک چاوەڕوانمان بوو کە هەستی کرد کەسێک لەباغدایە سەبرێکی پرسی کە ئایا ئێمە مەسیحین! من جوابم داوە خۆمانین و کاتی ئەوەیە ئەو بێتە خوارەوە. هەر کە منی ناسییەوە بێ ڕاوەستان و بەپەلە هاتە خوار و دەرگای کردەوە. ماڵەبابم! خەلەوخەرمانێک وەک مانگی شەوی چاردە بەو جلوبەرگە جوان و لە قیمەت نەهاتووە و دەرکەوت کە زبانم دەرەقەت باسی جوانییەکەی نایە. من دەگەڵ

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

چاوم پێی کەوت دەستیم گرت و ماچم کرد. نۆموسوڵمان و ئەوانی تریش بەچاو لێکەرینی من بەدەستیدا نووسان، وەک ئەوەی خاتوون مەولامان بێ و ئێمە هەموومان ئەومان بەگەورە و ڕزگاری بەخشی خۆمان دەزانی. نۆموسوڵمان بەعەرەبی لێی پرسی کە ئایا باوکی لە ناو باغدایە؟ ئەو جوابی داوە کە لە باغدایە و خەوتووە. نۆموسوڵمان گوتی: «کەوابوو دەبێ خەبەری کەینەوە و دەگەڵ خۆمان ببیەین و هەرچی شتی قیمەتی ئەم باغەشە کۆی بکەینەوە.» زوبەیدە گوتی: «خێر هیچ کەس بۆی نییە دەست لە هیچ شتێکی باوکم بدا. لەشتی قیمەتیش بێجگە لەوەی من هێناومە هیچ شتێک لەو باغەدا نەماوە و هەرئەوەش کە هێناویەتی بۆ ئەوەی هەمووتان دەڵەمەند بکا بەش دەکا. ئێوە تەنیا سەبر بگرن تا لێتان حاڵی دەبێ!» پاش ئەو قسانە ڕۆیشتەوە نێو عمارت و بەئێمەی گوت زۆر زوو دەگەڕێتەوە، ڕاشی ئەسپارد کە بێدەنگ بین و دەنگ و هەرا ساز نەکەین. من لە نۆموسوڵمانم ویست، پێم بڵێ کە دەگەڵ زوبەیدە چییان دەنێودا ڕابرد و پاش ئەوەی زانیم چ گوتراوە پێم گوت کە هەرچی زوبەیدە دەڵێ دەبێ هەموو وا بکەن و تەکەزم کردەوە کە بێ مەیلی ئەو نابێ هیچ کارێک بکرێ. لەو کاتەدا زوبەیدە هاتەوە و سندووقێکی پڕ لە ئەشرەفیی زێڕ هێنابوو کە بەنەقەنەق(*) هەڵی گرتبوو، لە بەختی بەد باوکی زوبەیدە هەر لەوکاتەدا لەخەو هەڵدەستێ و دەنگە دەنگی نێو باغ دەبیسێ. کە ئەو دەنگ و هەرایەی بیست هاتە لای پەنجەرەو تێ گەیشت تەواوی ئەو کەسانەی ماڵەکەیان گەمارۆ داوە مەسیحین، دەستبەجێ دەستی کرد بەهاوار هاوار: «ئای بگەنێ، مەسیحیی کافر! مەسیحیی کافر! ئای دز! ئای دز» ئەم هەرا هەرایە تووشی دەردەسەریەکی زراوتۆقێنی دەکردین. بەڵام نۆ موسوڵمان کاتێک زانی دەگێژاوی مەترسی دەکەوین دەگەڵ چەند کەسێک ڕۆیشتە ناو عیمارەت و پێش ئەوەی دەست وپێوەند و نۆکەر و غولام وەخەبەر بێن وپێ بزانن، حاجی مرادی بەدەست بەستراوی هێنا خوارەوە. لە حاڵێکدا پارچەیەکیان لە دەم و لووتی بەستبوو هەڕەشەیان لێ دەکرد، ئەگەر دەنگی لێوە بێ دەیکوژن. زوبەیدە نیوە بێ هۆش دەباوەشی مندا بوو. کاتێک چاوی بەباوکی کەوت بەرچاوی خۆی گرت کە باوکی نەیبینێ و ئەویش واق وڕما و، سەرلێشێواو لەسەر جێی خۆی ڕەق هەڵاتبوو، نەیدەزانی کە چۆن کچەکەی بەمەیل و ئارەزووی خۆی ڕەگەڵ ئێمە کەوتووە. بەهەر حاڵ چون لە کاتی ئاوادا پێ لە هەموو نەندامێک زۆرتر بەکار دەهات، بەپەلە بەرەو لۆتکە گەڕاینەوە و لەوێ کەسانێک کەمابوونەوە، چاوەڕوانی ئێمە بوون و زۆر نیگەران بوون کە مەبادا بەڵایەکمان بەسەرهاتبێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

هێشتا دووسەعات لە شەو تێ نەپەڕیبوو کە هەمووومان لەنێو لۆتکەدا بووین. بەندی دەست و دەسماڵیان لە زاری باوکی زوبەیدە کردەوە، بەڵام نۆموسوڵمان دیسان دووپاتی کردەوە ئەگەر ورتەیەکی لێ بێ کاری تەواوە. حاجی مراد کە کچی خۆی لە لۆتکەدا دیت هۆڵ هۆڵ دەستی کرد بەگریان. بەتایبەتی کاتێک دیتی کە من ئەوم بەتوندی دەباوەش گرتووە و کچەکەشی بێ ئەوەی سکاڵایەک بکا یا بەرگری لە خۆی بکا یا بیەوێ دەرباز بێ، دەباوەشمدا ئارامی گرتووە. بەو حاڵەشەوە، حاجی مراد لە ترسی ئەوە نەکا نۆموسوڵمان هەڕەشەکانی بەڕاستی بێ، هەر وا بێدەنگ بوو. لەوکاتەدا کە دەمانویست سەوڵەکان دەئاو باوێژین، زوبەیدە کە باوکی و عەرەبەکانی بەدەست بەسراوی و بەدیلی چاو پێ کەوت لە نۆموسوڵمانی داوا کرد کە تکا لە من بکا کە عەرەبەکان و باوکی ئازاد بکەین ئەگینا خۆی دەخاتە ناو دەریا و نایەوێ ببینێ باوکی خۆشەویستی کە ئەو هەمووە ئەوی خۆش ویستووە بەخاتری ئەو بەدیل بگیرێ. نۆموسوڵمان قسەکانی ئەوی بۆ وەرگێڕامەوە سەر ئەسپانیایی و من گوتم کە ئامادەم ئەمری ئەو بەجێ بێنم. بەڵام نۆموسوڵمان بەوە ڕازی نەبوو و ڕەخنەی لە من گرت و گوتی: «ئەگەر ئەوان لێرە ئازاد بکەین داوای یارمەتی لە خەڵک دەکەن و شار دەخرۆشێنن و لۆتکە و پاپۆڕی توندرۆمان(*) وەدوا دەخەن و لە هەموو لاوە گەمارۆمان دەدەن و ئێمە ناتوانین دەرباز بین. تەنیا ڕێگە چارە ئەوەیە کاتێک گەیشتینە یەکەم وڵاتی مەسیحی ئازادیان بکەین.» ئێمە هەموو تەسلیمی ئەم پێشنیارە بووین و زوبەیدەش کاتێک بۆمان ڕوون کردەوە جارێ ناچارین خواهیشتی ئەو ڕەد کەینەوە، دەنگی نەکرد و بەڕواڵەت ڕازی بوو.

دەستبەجێ سەوڵ کێشەبەهێزەکانی ئێمە، دە بێدەنگییەکی تەواودا، بەڵام بەشۆر و حەزێکی گەورەوە سەوڵەکانیان بەدەستەوە گرت و پاش ئەوەی هەموو لە ناخی دەروونەوە خۆمان بەخوا ئەسپارد بەرەو دورگەکانی بالێئار Baléares وەڕێ کەوتین. ئەو دورگانە نزیکترین هەرێمێکی مەسیحی نشین بوو کە دەمانتوانی خۆمانی پێ بگەیەنین، بەڵام چون بای ڕۆژهەلات زۆر توند و دەریاش هێندێک تۆفانی بوو، نەمانتوانی بۆ لای «مایرۆک» بچینە بەرەوە و ناچار بووین بەدرێژایی لێواری «ئۆران»دا بڕۆین و زۆریش نیگەران بووین کە نەکا لە شارۆچکەی «سەرجەل» کە لەسەر ڕێمان بوو و نزیکەی شەست مایل لە ئەلجەزیرە دوور بوو، بمانبینن. هەروەها لەوەش نیگەران بووین کە لەم دەڤەرە تووشی یەکێک لەو کەشتییانە بین کە لە «ئێتۆن»ەوە قوماش و ماڵی بازرگانی بۆ ئەلجەزیرە دەبەن. هەر چەند ئێمە هەمووومان متمانەمان بەیەکتر هەبوو و خۆشمان ورەبەرز بووین و هیوادار

کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕابەری
www.rabari.org

بووین ئەگەر تووشی کەشتییەکی ئاوا هاتین، ئەگەر کەرەسە و ئامرازی شەڕی ڕێگرانی دەریایی پێ نەبێ، دەستی بەسەردا بگرین و ئاسوودە سەفەری خۆمانی پێ بکەین. لەو کاتەدا کە بەمجۆرە بەسەر دەریادا تێپەڕ دەبووین زوبەیدە لە تەنیشتم دانیشتبوو و سەری دەنێو دەستەکانی مندا شاردبووەوە تا چاوی بەڕوخساری باوکی نەکەوێ، گوێم لێ بوو سەبرۆکە سەبرۆکە هاواری لەیلی مریەمی دەکرد ولەبەری دەپاڕاوە کە یارمەتیی ئێمە بدا.

نزیکەی سی مایلێک ڕۆیشتبووین کە کازیوەی بەیان ئەنگووت، بەڵام تا لێوارەی وشکی زۆرتر لەسێ تیرهاوێژی شمخاڵ دوور نەبووین. کەسیش لە وشکانی دیار نەبوو کە بمانبینێ. بەڵام هەر چۆنێک بوو بەزۆرێ سەوڵ لێدان خۆمان گەیاندە نێوەراستی دەریا کە هێندک ئارام بووبووەوە و کاتێک بارستای دوو فەرسەخ لە لێوار دوور کەوتینەوە دەستوور درا بەنۆرە سەوڵ لێ بدەن تا بتوانین نانێک بخۆین. بەڵام سەوڵکێشەکان گوتیان با دەپێشدا ئەوانەی بێکارن، نان بخۆن و ئەوان دەستیان لەکار نەکێشاوە. بەقسەی ئەوانمان کرد و لەوکاتەدا بایەکی توند لە تەنیشتمانەوە هەڵی کرد و ناچار بایەبانەکانمان کردەوە و سەوڵەکانمان لەوێ دانا و سەری پاپۆرەکەمان بەرەو «ئۆران» وەرسووڕاند، چون تەنیا چوونە پێش بەرەو ئەوێ مومکین بوو. ئەو کارە زۆر زوو ئەنجام درا و ئێمە بەیارمەتیی بایەبانەکان بەمەودای هەشت مایل لەسەعاتدا دەڕۆیشتین و تەنیا ترسمان لەوە بوو کە تووشی ڕێگرانی دەریایی بین. خواردنمان دا بەعەرەبەسەوڵکێشەکان و نۆموسوڵمان دەیلاواندنەوە و پێی دەگوتن کە خۆیان بەئەسیر نەزانن و لە یەکەم دەرفەتدا ئازادیان دەکەن. ئەو هەموو ئەو قسانەی بەباوکی زوبەیدەش گوت، بەڵام پیرەمێرد جوابی داوە: «من لە ئەدەب و جوامێری ئێوە ئەی مەسیحییەکان لەوانەیە چاوەڕوانییەکی ترم هەبێ، بەڵام هەرگیز هێندەم بەساویلکە مەزانن کە بڕوا بکەم ئازادیی من بدەنەوە بەمن. بەتایبەتی کە دەزانن من کێم و دەبەرانبەر فیدیەی ئازاد کردنمدا چەند دەتوانن پارەم لێ بستێنن. ئێستا ئەگەر دەتانەوێ بۆ ئازادیی من قیمەتێک دابنێن هەر لێرە ئەوەی دڵتان دەخوازی بۆ ئازاد کردنی من و ئەو کچە بێ ئەنوایە کە گیانی شیرین و جگەرگۆشەی منە، بیڵێن تا بتاندەمێ.» پاش ئەو قسانە دەستی کرد بەگریانێک کە هەموومان دڵمان بۆی سووتا و زوبەیدەشی وا لێ کرد کە ڕووی تێ بکا. زوبەیدە کاتێک باوکی بەو حاڵەتەوە دیت لەسەر ئەژنۆی من هەستا و ڕۆیشت تا باوکی دە ئامێز بگرێ، پاشان هەر دووکیان ڕوومەتیان بەڕوومەتی یەکەوە نا و دایان لە کڵپەی گریان کە بوو بەهۆی ئەوە ئێمەش دەگەڵیان لەبەر خۆمانەوە بگرین.» بەڵام کاتێک حاجی مراد کچەکەی بەجلوبەرگی ڕازاوەی جێژن و میوانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

چاو پێ کەوت بەزبانی خۆی لێی پرسی: «کچەکەم ئەو، چ وەزعێکە؟ دوێنێ کاتی ئێواری پێش ئەوەی تووشی ئەم موسیبەتە نگریس و ترسێنەرە ببین، تۆ جلوبەرگێکی سادە و ساکارت لەبەردابوو، ئێستاش ئەوە دەبینم بێ ئەوەی تۆ دەرفەتی لیباس گۆڕینت بووبێ و بێ ئەوەی من هەواڵێکی خۆش لەمەڕ میوانی و جێژن بەتۆ بدەم، جلوبەرگی جوان و بەقیمەتت دەبەردایە و خۆت بەجوانترین و گرانبایترین زێڕ و زێوەرێک کە من لە دەوڵەمەندترین دەورانی ژیانمدا توانیم بەدیاری بتدەمێ، ڕازاندووەتەوە. زوو جوابم بدەوە، چون من لەو کارە سەرم سۆرماوە و زۆرتر لەو بەڵایەی بەسەرم هاتووە لەبەری نارەحەتم.»

تەواوی قسەکانی حاجی مراد لە لایەن نۆموسوڵمانەوە بۆ ئێمە وەردەگێڕدراوە و زوبەیدە کەلیمەیەکی جواب نەدەداوە؛ بەڵام حاجی مراد دەگەڵ چاوی بەسندووقچە کەوت کە جەواهێراتی خۆی تێدا هەڵدەگرت و پێی وابوو لە ماڵی نێوشاری لە ئەلجەزیرە جێی هێشتووە و نەهاتووەتە عیمارەتی نێو باغی، زۆرتر واقی وڕما و لە کچەکەی پرسی، ئەم سندووقچە چۆن کەوتووەتە دەست ئێمەی مەسیحی و چیی تێدایە. ئەوجار نۆموسوڵمان هەڵی دایە و پێش ئەوەی زوبەیدە وەڵامێک بداتەوە گوتی: «حەزرەتی ئاغا، تکایە خۆت بەو پرسیارانە لە زوبەیدە ماندوو مەکە؛ من ئێستا جوابی تەواوی ئەو پرسیارانەت دەدەمەوە، بزانە و ئاگادار بەکە ئەو بووەتە مەسیحی و هەر ئەویش زنجیرێ دەست بەسەریی ئێمەی پساندووە و ئێمەی لە زیندان ڕزگار کردووە. ئەو بەدڵخوازی خۆی هاتووەتە ئێرە و من وای تێ دەگەم ئەوەندە لەو کارە ڕازییە وەک ئەوەی لە زوڵماترا هاتبێتە نێو ڕووناکی، لە مەرگەوە بۆ ژیان یا لە دۆزەخەوە هاتبێتە بەهەشت. پیری عەرەب هاواری لێ بڵند بوو: «کچەکەم، ئەوەی ئەو مەسیحییە دەیڵێ ڕاستە؟ زوبەیدە گوتی: بەڵی ڕاستە. پیرە مێرد گوتی: «چۆن؟ تۆ بوویە مەسیحی؟ و ئەوە تۆی کە باوکی خۆت داوەتە دەست دوژمنان؟ زوبەیدە گوتی: بەڵێ. من مەسیحیم، بەڵام من تۆم نەخستووەتە ئەم حاڵورۆژەوە، چون من هەرگیز نەمویستووە تۆبەجێ بهێڵم یا خراپەت دەگەڵ بکەم. بەڵکو تەنیا دەمەوێ کارێکی حەق دەرهەق بەخۆم بکەم. پیرەمێرد پرسی: باش، کچی من، چ کارێکی خێرت دەرهەق بەخۆت کردووە؟ کچ گوتی: لەم بارەوە لە لەیلی مریەم پرسیار بکە: ئەو باشتر لە من جوابت دەداتەوە.»

هەرکە پیرە عەرەب ئەوەی بیست وەک بەرق و با بەسەر خۆی دە دەریا هاویشت و ئەگەر جلوبەرگی عەرەبی لەسەر شەپۆلانی ڕانەگرتبا بێشک دەخنکا. بەهاواری زوبەیدە هەمووماں گەیشتینە هاواری و داوێنی کەواکەیمان گرت و بەنیوەگیانی هێنامانە دەر. ئەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ڕووداوە وەها بوو، بەهۆی نارەحەتی و پەژارە کە زوبەیدە وەک ئەوەی باوکی مردبێ، خۆی بەسەر کێشا و دەستی کرد بەگریان. ئێمە پیرەمێردمان سەروبن ڕاگرت و ئاوێکی زۆریّ لە گەرووی هاتە دەر و پاش دووسەعات وەهۆش هاتەوە. لە ماوەی ئەم ڕووداوەدا، چون بایەکە سووڕا بوو ئێمە ناچار بووین لە لێوار نزیک بینەوە. بەزۆری سەوڵ لێدان نەمانهێشت لۆتکە وەلێوار بکەوێ و فڕێ بدرێتە سەر وشکی. بەڵام بەخت یار بوو. گەیشتینە لەنگەر گایەکی چووکە. لەوێ خاک هێندێک لە دەریادا چووەتە پێش و ئەو هەڵکەوتەی پێک هێناوە و عەرەبەکان بەو شوێنە دەڵێن: لووتە(*) قەحبەی ڕۆمی(٢٥٣) Cava Rhumia کە بەزبانی ئێمە یانی ژنی داوێنپیسی مەسیحی. لە نێو عەرەباندا ڕیوایەتێک هەیە دەڵێ ئەو قەحبەبەناوبانگەی بوو بەهۆی تێک ڕووخانی ئەسپانیا، لەوێ نێژراوە. عەرەبەکان مەگەر ناچار بن ئەگینا لەوێ لەنگەر ناگرن و تازە لەو کاتانەشدا ئەوێ هەر بەشووم و بەدووم(*) دەزانن. بەڵام بۆ ئێمە لەنگەرگای قەحبەی ڕۆمی نە تەنیا شووم نەبوو بەڵکو بەپێچەوانە چون دەریا زۆر تۆفانی بوو، بەندەری نەجات و بەختەوەریمان بوو. ئێمە چەند کەسێکمان لەسەر وشکێ بەکێشکچی دانا و خۆشمان بێ ئەوەی سەوڵ لە دەستمان بێتەوە لەو تووشە و ئازووخەی نۆموسوڵمان هێنا بووی خواردمان، پاشان لەبەر خودا و حەزرەتی مریەم پاڕاینەوە سەفەرەکەمان کە سەرەتایەکی خۆشی هەبوو، بەپایانێکی خۆش کۆتایی پێ بێنین.

هەموو ئامادە بوون تا تەسلیمی پاڕانەوەی زوبەیدە بن و باوکی و باقیی عەرەبەکان لەسەر لێواری دەریا ئازاد بکەن، چون دڵی نەرم و ناسکی ئەو کیژە بەرگەی ئەوەی نەدەگرت ببینێ باوکی وەک پیاو کوژێک دەست و پێی بەستراوبێ و هاوشارییەکانیشی بەدیل گیرابن. ئێمە قەولمان پێ دا کاتی وەڕێکەوتن ئەو کارە ئەنجام بدەین، چون ئازاد کردنیان لەو بیابانە چۆل و هۆلەدا بۆ ئێمە هیچ مەترسییەکی لێ نەدەکەوتەوە. دوعای ئێمە بۆ دەرگای خودا بێ ئاکام نەبوو، چونکە بایەکە دیسان سووڕاندی و دەریا ئارامی گرت و ئەوە بوو بەهۆی شادی و دڵخۆشی ئێمە و بەقریوەقریو(*) سەفەرمان درێژە پێ دا. کاتێک دەرفەتمان پێ لەبار بوو، دەست و پێی عەرەبەکانمان کردەوە و یەک یەک لە وشکانی پیادەمان کردن. بەڵام کاتێک باوکی زوبەیدەمان، کە بەتەواوی هاتبووەوە سەرخۆ، پیادە

---

٢٥٣- قەحبە، ناوێکە کە دراوەتە پاڵ فلۆرین Florinae کچی کۆنت ژۆلین، دۆن ڕۆدریک پاشای ئێسپانیای هەڵفریواند و کامی دڵی لێ وەرگرت و ژۆلین بەتۆڵەی ئەو کارە ناڕەوایە عەرەبەکانی بۆ ئەسپانیا ڕێنوێنی کرد. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabani.org

دەکرد گوتی: ئەی مەسیحییەکان، بۆ پێتان وایە ئەو زەعیفە(*) ناجسنە لە ئازاد کردنی من خۆشحاڵ دەبێ؟ ئێوە بڕوا دەکەن کە دڵی بەمن دەسووتی؟ ئەبەدا وا نییە! ئەو تەنیا دەیەوێ لەوکاتانەدا کە هەوەسە گڵاوەکانی خۆی دابمرکێنێ، لەو دەرد و ڕەنجە تاقەت پڕووکێنەی کە بوونی من بۆی پێک دێنێ، ڕزگاری بێ. ئەگەر ئەو هاتووەتە سەر دینی ئێوە، نەچن پێتان وابێ کە بڕوای بەباشتر بوونی دینی ئێوە هەیە، خێر، بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوەیە کە دەزانێ ژنان لە وڵاتی ئێوە ئاسانتر دەتوانن بێ عیسمەتی بکەن.» پاشان لە حاڵێکدا من بەیارمەتیی مەسیحییەکانی تر هەر دووک باسکمان گرتبوو تا نەکا کارێکی خراپ ئەنجام بدا، ڕووی دەزوبەیدە کرد و گوتی: «ئەی سەڵیتەی بێ شەرم و سووک و بێ کەڵک، ئەی حەرامزادە، دەچی بۆ کوێ و چۆن کوێرکوێرانە خۆت داوەتە دەست ئەو سەگە مەلعوونانە کە دوژمنی ئێمەن؟ تف لەو سەعاتەی کە نوتفەی تۆم گووراند و لەعنەت لەو هەموو زەحمەتەی بۆ گەورە کردنت کێشام!» من کە دیتم پیرە پیاو نایەوێ لێی ببڕێتەوە(*)، بەپەلە لەسەر وشکی پیادەم کرد، وە ئەو لەوێوە بەدەنگی بەرز لە خودا و پێغەمبەر، دەپاڕاوە کە لە دەریادا غەرق بین ویەکمان دەرنەچین. وردەوردە، دوور کەوتینەوە و دەماندیت هەر دەست و باڵی ڕادەوەشێنێ، بەڵام نەماندەبیست چ دەڵێ. بێچارە مووی سەر و ڕدێنی هەڵدەقەندەوە و خۆی بەعەرزیدا دەدا و جارێکیان وەها توند و بڵند هاواری کرد کە گوێمان لێ بوو دەیگوت: «وەگەڕێ کچە نازەنینەکەم! وەگەڕێ! من هەموو تاوانەکانت دەبەخشم. هەرچی پووڵ و زێری بردووتە بیاندەیە و بگەڕێوە تا باوکی دڵشکاوی خۆت بلاوێنییەوە، ئەگەر جێم بێڵی منیش لەو لێوارە دەمرم.»زوبەیدە تەواوی ئەو قسانەی دەبیست و وەک هەوری بەهاری دەگریا و دەیباراند. ئەو هەرچی فکری کردەوە، جوابێکی مناسبتری لەو چەند وشەیەوە نەدیتەوە کە گوتی: باوکە، خودا بکا کە لەیلی مریەم کە منی کردە مەسیحی، تۆش لەو غەمە ڕزگار بکا! خودای بەشاهید دەگرم، من نەمتوانی پێش بەخۆم بگرم و ئەو مەسیحییانە هەرچی کردوویانە، من پێم کردوون. گیانم بەسترا بووەوە، بەو بڕیارە کە بەلای منەوە پیرۆز و بەلای تۆوە باوکی خۆشەویستم کفر بوو. نەمدەتوانی نەیکەم و ئەو مەسیحییانە بەرێ کەمەوە وڵاتی خۆیان.

زوبەیدە ئەو قسانەی دەکرد، بەڵام باوکی نەیدەبیست، چون لەبەرچاومان ون بووبوو. لە کاتێکدا من زوبەیدەم دڵخۆشی دەداوە، یاران دیسان دەست بەکار بوونەوە و بایەکی وەها خۆش و سازگاری دەهات و وەها بەتوندی دەڕۆیشتین کە یەقینمان هەبوو بۆ بەیانی پێش تاوهەڵات دەگەینە لێوارەکانی ئەسپانیا. بەڵام، چونکە بەدەگمەن یا بەواتایەکی تر خێر و

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆشی تەواو، هەرگیز ڕوو دەبنیادەم ناکا، مەگەر ئەوەی شەڕ و تاڵیی بەدواوە بێ، بەختی بەد یا ڕەنگە ئەو ناڵە و نەفرینانەی پیرە پیاو کردی و کچەکەی بەلەعنەت کرد (چون دەبێ لە نەفرینی باوک بترسی) ئەو خۆشی و کەیفخۆشییەی لێ تاڵ کردین. زۆرتر لە سێ سەعات لە شەو ڕابردبوو و ئێمە لە ناوەڕاستی دەریادا بەبایەبانی هەڵکراو و سەوڵی بەقولاپ بەستراو، بەرەوپێش دەچووین. چون بای سازگار ئێمەی لە سەوڵ لێدان بێ نیاز کردبوو. کە لە ناکاو لەبەر ڕووناکایی مانگەشەو، چاومان بەکەشتییەکی خڕ کەوت کە بایەوانەکانی بەوبایە کە دەهات لار بووبوونەوە، لەبەرانبەرمان تێ دەپەڕی. کەشتی ئەوەندە نیزیک بوو کە ئێمە ناچار بووین بۆ ئەوەی وێک نەکەوین زۆر بەپەلە ڕێی خۆمان بگۆڕین و ئەویش هەروا لای دا تا وە ئێمە نەکەوێ و ڕێگامان بۆ بکاتەوە. لەو کاتەدا لە عەرشەی کەشتییەکەوە، بەدەنگی بڵند لێیان پرسین کە کێین، لە کۆیوە هاتووین و بۆ کوێ دەچین! بەڵام چون ئەم پرسیارانەمان بەزبانی فەرەنسی لێ کرابوو، نۆموسوڵمان گوتی «کەس هیچ نەڵێ چون لەوانەیە ئەوانە ڕێگری دەریایی بن کە دە هیچ نافکرن و لە هیچ خۆش نابن» بەئەمری نۆموسوڵمان وستەمان لێ نەهات و کەمێک دوور کەوتینەوە و کەشتی کەوتە پشت سەرمان، بەڵام لە ناکاو دوو گوللە تۆپ بۆ لای ئێمە هاوێژرا کە بێشک یەک بەدوای یەکدا هاوێژرابوون. چون یەکەمی دەکەڵی(*) لۆتکەکەمانی تێک شکاند و دەکەڵ و بایەبانەکەی خستە ناو دەریا و دووەمیش وە بەدەنەی لۆتکە کەوت و بێ ئەوەی کەسمان برینداربێ، لۆتکەی کوناودیو کرد. ئێمە کە هەستمان کرد هەر ئێستا هەمووما غەرق دەبین، بەدەنگی بڵند هاوارمان کرد کە نەجاتمان بدەن و لەبەر ئەوانەی دەکەشتیدا بوون پاڕاینەوە، ئەگەر نایانەوێ غەرق بین دەفریامان بێن. ئەوجار فەرانسەوییەکان کەشتییان ڕاگرت و لۆتکەی نەجاتیان خستە سەر ئاو و دوازدە کەس لەوان کە تفەنگی شمخاڵیان بەدەستەوە بوو لە حاڵێکدا فتیلەی شمخاڵەکانیان هەڵایساندبوو، لە لۆتکەی ئێمە نزیک بوونەوە، ئەوان کاتێک دیتیان کە ژماری ئێمە زۆر کەمە و بەڕاستی خەریکە، غەرق دەبین، ئێمەیان سواری لۆتکەی خۆیان کرد و گوتیان کە ئەم پەندەیان بۆیە بەسەر هێناوین، چون بەهێندمان نەگرتوون و جوابی پرسیارەکانیانمان نەداوەتەوە. نۆموسوڵمانی ئێمە بێ ئەوەی کەس پێ بزانێ سندووقچەی جەواهێراتەکانی هەڵگرت هاویشتە ناو دەریا. سەرەنجام هەموو یارانی ئێمە چوونە ناو کەشتیی فەرەنسی و ئەوان دەپێشدا هەرچی دەیانەویست بیزانین پرسیاریان کرد و لێمان تێ گەیشتن و پاشان وەک بەخوێنی سەرمان تینوو بن تێمان بەر بوون و ڕووتیان کردین و تەنانەت خرخاڵی پای زوبەیدەشیان دەرهێنا. بەڵام من تاڵانی ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شتانەم بەپێچەوانەی زوبەیدە پێ گرینگ نەبوو، لەوە دەترسام دەستدرێژیی تر بکەن و پاش ڕفاندی جلوبەرگ و جەواهێراتەکەی گەوهەری ناموسی کە بەلایەوە لە هەموو شتی ئەو دنیایە گرینگتر بوو، لێ بستێنن و بەلام بەختەوەرانە ئەو جۆرە کەسانە هەواو و هەوەسیان لە بازنەی داگیر کردن و بەتالان بردنی ماڵی دنیا، ناچێتە دەرەوە. تەماع و ئارەزووی تالان و دزین و داگیر کردن لەواندا بەهیچ شتێک تێر نابێ و داناکەوێ. هەروەک لەمەڕ خۆمان ئەوەیان کرد و ئەگەر لیباسە شڕودڕەکانی دەوری دیلیمان بەکەڵک هاتبا، ئەویشیان لەبەردادەماڵین.

هێندێک لەوان ڕایان لەسەر ئەوە بوو کە هەموومان دەبایەبانێکەوە بپێچن و بمانخەنە ناو دەریا، چون ئەزمی ئەوەیان بوو بەپەرچەمی «برەتۆن» لە هێندێک لە بەندەرەکـــانی ئەسپانیادا بازرگانی بکەن و گوتیان ئەگەر ئێمە بەزیندوویی دەگەڵ خۆیان بەرن، ئاشکرا دەبێ کە دز و ڕێگرن و بەو تاوانە سزا دەدرێن، بەلام ناخودای کەشتی کە زوبەیدەی خۆشەویستی ڕووت کردبوو، گوتی بەوەندە دەسکەوتەی دەستی کەوتووە، ڕازییە و نایەوێ لە هیچ بەندرەیکی ئەسپانیاییدا لەنگەر بگرێ، بەڵکو دەیەوێ بەتوندی لە تەنگەی جەبەل تاریق تێ پەڕێ و بگەڕێتەوە بەندەری لارۆشێلLaRochelle کە لەوێوە هاتبوو. لە ئاکامدا بڕیاریان دا کە لۆتکەی نەجاتی خۆیان بدەن بەئێمە و هەرچی پێویست بێ بۆ بڕینی ئەوەندە ڕێگایەی کە دەپێشماندا مابوو، بماندەنێ؛ سبەی ئەو ڕۆژە هەر کە لێوارەکانی ئەسپانیا لە دوور وەدەرکەوتن، قەولی خۆیان بردە سەر. دیتنی لێوارەکانی خاکی وەتەن ئەوەندە بۆ ئێمە شادیبەخش و شیرین بوو کە هەموو بەدبەختی و ڕۆژەرەشیی خۆمان لەبیر کرد و بەختەوەری دەست خستنەوەی ئازادی لە دەست چوو، ئەوەندە گەورەیە کە دەتگوت ئەوبەلایانە بەسەر کەسانێکی تر هاتوون.

بەڵێ جا، نزیک نیوەڕۆ بوو کە دزەکان ئێمەیان دە لۆتکەدا جێ کردەوە و دوو بەرمیل(*) ئاوی شیرین و چەند نانێکی بیسکویتیان دا پێمان. ناخودای کەشتی کە نازانم چ شتێک کاری تێ کردبوو لە کاتی سوار بوونی زوبەیدە بۆ نێو لۆتکە، چل ئەشرەفیی زێری پێ دا و بەهیچ کلۆجێک ئیزنی بەسەربازانی خۆی نەدا کە ئەو جلوبەرگەی ئێستا دەبەریدایە لێی بستێنن. هەموومان چووینە ناو لۆتکە و لەو پیاوەتییەی کە دەگەڵیان کردبووین، سپاسمان کرد و هەستی ئەمەگناسیمان زۆرتر لە ڕق و قین نیشان دا. ئەوان بەپەلە دەخۆیان نووسان و ڕۆیشتن و ئێمەش بەهەموو توانامانەوە بێ ئەوەی چاو لە هیچ قوتب نەمایەک(*) بکەین چاومان دەخاکی نیشتیمان بڕی و دەستمان کرد بەسەوڵ کێشان. کاتی ئێوارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بەڕێژەیەکی باش لە لێوار نزیک بووبووینەوە و بەڕواڵەت وابوو کە دەتوانین پێش ئەوەی شەو درەنگ بێ، بگەینە وشکانی و دابەزین. بەڵام مانگ لەژێر هەوراندا ون و هەوا زۆر تاریک بوو و چون نەماندەزانی گەیشتووینە چ مەڵبەندێک، بەمەرجێ عەقڵمان نەزانی کە دابەزین. بەڵام هێندێک لە دۆستان لایان وابوو هەر چەند لێوارەکان بەردەڵان و ڕەوەز و کەند و لەند و دوور لە ئاوایی بن، دیسان پیادە بوون باشترە و بۆ چەسپاندنی بڕوای خۆیان دەیانگوت کە تەنیا بەم شێوەیە دەتوانین لە مەترسیی دزانی دەریایی «تێتوان» کە لە سەرەتای شەودا لە لێوارەکانی وڵاتی بەربەرەوە، دەکەونە ڕێ و کازیوەی بەیانی دەگەنە ڕەخەکانی(*) ئەسپانیا و پاش ئەوەی دەسکەوتێکیان دەست کەوت، بۆ حەسانەوە دەگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان، دە ئەماندا بین. سەرەنجام پاش ڕاوێژکارییەکی زۆر، هاتینە سەر ئەم ڕایە کە وردەوردە لە وشکانی نزیک ببینەوە و ئەگەر دەریا ئارام بێ لە هەر شوێنێک کە توانیمان دابەزینە سەر وشکانی. هەر ئەو کارەمان کرد و هێشتا شەو لە نێوە تێ نەپەڕیبوو کە گەیشتنە پای کێوێکی بەرز. لەبەر کێوەکە گۆڕاییەکی تەسک و باریک بۆ پیادە بوون هەبوو. لۆتکەکەمان کێشا سەر ڕەڵم و خیزی قەراغ دەریا و کاتێک بەپەلە خۆمان هاویشتە سەر وشکی، کەوتینە سەر ئەژنۆ و خاکی وەتەنمان ماچ کرد. پاشان لە کاتێکدا چاومان پڕ لە فرمێسکی شادی بوو، شوکری خودامان بەجێ هێنا کە دەوسەفەرەدا هاتبووە یارمەتیمان. ئەوجار ئەو ئازووقەی پێمان بوو دامان بەزاند و لۆتکەکەشمان ڕاکێشا و هێنامانە سەر وشکانی و خۆشمان مەودایەک بەداوێنی کێوەکەدا هەڵگەڕاین و لە دەریا دوور کەوتینەوە. چون باوەکو گەیشتبووینە شوێنێکی ئەمین، ئێستاش نەماندەتوانی هەیەجانی دڵی خۆمان دامرکێنین و بەیەقین باوەڕ بکەین ئەو شوێنەی لێی دابەزیوین وڵاتی مەسیحییانە. ڕۆژ درەنگتر لەوەی ئێمە پێمان وابوو دەرکەوت و هەموومان لە کێوەکە سەرکەوتین تا بەڵکو لەوێوە چاومان بەئاوەدانییەک، تاوڵ و کۆختەی شوانان و شتێکی لەم چەشنە بکەوێ. بەڵام هەرچی ڕوانیمان نە ئاوەدانی، نە ڕەشماڵێک نە تەنانەت کوێرە ڕێیەک و نە زیرووحێک، هیچ شتێکمان نەدیت. بەو حاڵەشەوە بڕیارمان دا بەرەو قووڵایی وڵات وەڕێ کەوین تا سەرەنجام تووشی کەسێک بین کە پێمان بڵێ لە کوێین. شتێکی کە من زۆری پێوە نارەحەت بووم، ئەوە بوو کە دەمدیت زوبەیدە بەسەر ئەو بەردودار و دڕکوداڵەدا بەپێیان دەڕوا. من دەپێشدا هێندێکم لە کوڵ خۆم کرد، بەڵام ئەو ئەوەندە بەماندوو بوونی من نارەحەت بوو کە پێی وابوو باشترە پیادە بڕوا، ئەوە بوو کە ئیدی نەهاتەوە سەر پشتم و دەستی لە دەستی نام و زۆر لەسەر خۆ بەخۆشحاڵییەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rablid.org

هەنگاوبەهەنگاو دەگەڵم دەهات. هێشتا چارەگە فرسەخێک نەڕۆیشتبووین کە دەنگی زەنگوڵەیەکمان گوێ لێ بوو. بەبیستنی ئەو دەنگە کە ڕای دەگەیاند مێگەلە مەڕێک لەم دەڤەرەدایە، بەسەرنجەوە ڕوانیمانە دەور و بەری خۆمان تا بزانین کەسی لێ هەیە یا نا. لە نەکاو چاومان بەشوانێکی جحێڵ کەوت کە لە پای دارێکی چێوپەمۆ دانیشتبوو و وردەوردە خەریکی تاشینی لقەدارێکی کورت بوو و خۆی بەوە سەرگەرم کردبوو. ئێمە هەرای شوانەمان کرد و ئەویش دەگەڵ بیستنی دەنگی ئێمە لەجێی خۆی ڕاستەوە بوو. بەڵام وا دیار بوو یەکەمجار چاوی بەزوبەیدە و نۆموسوڵمان کەوتبوو، ئەوەش وای تێ گەیاندبوو کە تەواوی عەرەبەکانی وڵاتی بەربەر هێرشیان هێناوە و رژوانەتە ناو وڵاتی ئەسپانیا، هەر بۆیە دەخۆی نووسا و دەستی کرد بەهەڵاتن و هاواری دەکرد: ئای خەڵکینە، چ وڵات نەما؛ عەرەب! عەرەب! ڕژاونە ناو خاکی ئێمە! دەست دەنە چەک! عەرەبتان گەیشتە سەر!» ئێمە لە بیستنی ئەو هەرا و هەنگامەیە زۆر نارەحەت بووین و نەماندەزانی چ بکەین، بەڵام چون دیتمان هەرا و هوریای شوانە هەموو مەڵبەندەکە دەهارووژێنێ و هەر بینا سوارەکانی سنوور پارێز گەیشتنە سەرمان، بێ ڕاوەستان جلوبەرگی تورکیمان لە بەدەنی نۆموسوڵمان دارنی و کۆنە نیم تەنەیەکی بێ قوڵمان دایە کە هی یەکێک لە هاوڕێیان و یادگاریی دەورەی ئەسیری و دیلی بوو، پاشان نێوی خودا و ڕەسووڵانمان هێنا و بەو ڕێدا کە شوان ڕۆیشتبوو وەڕێ کەوتین و هەر ئەڵعان(*) نا ئەلعان چاوەڕوان بووین، سوارانی سنووروانی لێواری دەریا، بەسەرماندا بڕژێن، ئەزقەزا هەر واش بوو، هێشتا دوو سەعاتی پێ نەچووبوو لە کاتی دەر چوون لە دڕکەڵان و گەیشتنە دەشت، لە ناکاو پەنجا سوارێکمان چاوێ پێ کەوت کە بەتەرەختەن بۆ لامان دەهاتن. کاتێک چاومان بەسوارەکان کەوت لەجێی خۆمان ڕاوەستاین. کاتێک چاویان پێمان کەوت و بەجێی عەرەبان تاقمێک مەسیحیی شڕودڕ ولێقەوماویان دیت، واق وڕماو ڕاوەستان و یەکیان پرسی نەکا شوانە چاوی بەئێوە کەوتبێ و ئەو هەراوبەزمەی ساز کردبێ کە خەڵک چەک هەڵبگرن؟» من جوابم داوە کە بەڵێ و کاتێک ویستم بەسەرهاتی خۆمان بگێڕمەوە و بۆی ڕوون کەمەو چ کەسین و لە کوێوە هاتووین، یەکێک لە مەسیحییەکانی هاوڕێی ئێمە ئەو سوارەی ناسییەوە کە پرسیاری لە من دەکرد و نەیهێشت قسەیەکی ترم لە زاری بێتە دەر و هاواری کرد کە «شوکرانە و سپاس بۆ خودای میری مەزن کە ئێمەی گەیاندە شوێنی ڕزگار بوون! چون ئەگەر بەهەڵە نەچووبم ئێستا ئێمە پێمان ناوەتە سەر خاکی پاکی هەرێمی «وێلێزمالاگا» Velez - Malaga و ئەگەر سالانی دووردرێژی دیلی و دەست بەسەری،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بیرگەی نەشێواندبم کە نەتوانم تۆش وەبیر بێنمەوە دەزانم، بەڕێزتان کە پرسیار لە ئێمە دەکەن، دەبێ خاڵی من «پیدرۆدۆبۆستامانت» Pedro de Bustamanteبن.» هێشتا ئەسیری مەسیحی قسەکەی تەواو نەکردبوو کە سوار دابەزی و ئەو لاوەی دەباوەش گرت و گوتی: «ئای خوشکەزا خۆشەویستەکەم. منیش تۆم ناسییەوە. تۆ هەر ئەوەی کە من و خوشکم یانی دایکی تۆ و تەواوی خزمەکانت کە هێشتا ماون هەموو بۆ مەرگی تۆ گریاوین. خودای گەورە بەکەرەمی خۆی هەمووی عەمردرێژ کردووین تا بەدیداری دووبارەی تۆ شاد بینەوە. ئێمە بیستبوومان کە تۆ لە ئەلجەزیرە دەست بەسەرکراوی و ئێستا لە ڕووی جلوبەرگ و سەروپۆتەراکی خۆت و دۆستەکانت ڕا تێ دەگەم کە ئێوە بەشێوەیەکی سەیر و سەمەرە و موجزە ڕزگارتان هاتووە. ئەسیری لاو گوتی: ئەوە تەواو ڕاستە و خوا یار بێ، دەرفەتی ئەوەمان دەبێ کە سەربردەی خۆمتان بۆ وەگێرم.»

کاتێک سوارەکان زانییان ئێمە ئەسیری مەسیحین، هەموو دابەزین و ئەسپەکانیان بەئێمە تەعاروف کرد تا بمانگەیەننە شاری «وێلێزمالاگا» کە فرسەخ و نیوێکی مابوو بیگەینێ. هێندێک لە سوارەکانیش کە شوێنی بەجێ مانی لۆتکەمان پێ گوتبوون، گەڕانەوە لێواری دەریا تا لۆتکە کە بهێننەوە بۆ شار. سوارەکانی تر هەرکام ئێمەیان لە پاش تەرکی خۆیان سوار کرد و زوبەیدەش سواری ئەسپی خاڵی هاوڕێیەکەمان بوو. تەواوی خەڵکی شاری کە خەبەری هاتنەوەی ئێمەیان لە زبان پێش قەرەولێکەوە(*) بیستبوو، بۆ پێشوازیی ئێمە لەشار وەدەرەکەوتن. ئەو خەڵکە نە بەدیتنی مەسیحیی لەبەند خەلسیو تووشی سەرسوڕماوی دەبن و نە لە دیتنی عەرەبی ئەسیر، چون لە تەواوی ئەو هەرێمەی سەر دەریا خەڵک عادەتیان بەدیتنی هەر دووک لا گرتووە. بەڵام هەموو لە جوانیی زوبەیدە کە ئەو ڕۆژە وەک گوڵ پشکووتبوو سەر سامیان گرتبوو. چون ماندوێتیی ڕێگا و بەدوایدا خۆشحاڵی لەوەی کە بێ ترس و دڵەخورپە خۆی لە وڵاتێکی مەسیحیدا دەدیتەوە، وەهای شکۆفا کردبوو کە ئەگەر نەڵێن خۆشەویستی کوێری کردبووم، بەڕاشکاوی دەمگوت کە لە سەرانسەری دنیادا جوانێکی لەو چەشنە خودا ئافەریدەی نەکردووە. هەموومان چووینە کلیسا تا شوکری خودای بەجێ بێنین و زوبەیدە کاتێک گەیشتە میحراب هاواری کرد کە ئەوانە هەموویان وە لەیلی مریەم دەچن. ئێمە پێمان گوت کە ئەوانە هەمووی ڕەسم و وێنەی لەیلی مریەمن و نۆموسوڵمان ئەوەندی دەیتوانی بۆی لێک دەداوە کە مانا و ناوەرۆکی وێنەکانی تێ بگەیەنێ. زوبەیدە کە ڕۆحێکی هەستیار و پاک و خاوێنی هەیە تەواوی ئەو بابەتانەی دەیبیست، زۆر زوو فێری بوو. لەوێوە ئێمەیان هێناوە شاری و بەسەر ماڵاندا

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabati.org

دابەشیان کردین، بەڵام ئەو لاوە مەسیحییە کە خەڵکی ئێرە بوو، من و زوبەیدەی بردەوە ماڵی بابی خۆی و ئەوانیش کە دەوڵەمەند و بەئێروو بوون، بەهەمان خۆشەویستی و ڕووخۆشییەوە کە لە کوڕی خۆیان پەزیراییان دەکرد، قەدر و حورمەتی ئێمەشیان دەگرت.

ئێمە شەش ڕۆژ لە شاری «وێلێز» ماینەوە و لەو ماوەیەدا نۆموسوڵمان شایەدی نامەیەکی بۆ خوی دروست کرد و ڕۆیشتە شاری غەرناتە تا بەیارمەتیی «لێژنەی پیرۆزی بڕواپشکنین»، جارێکی تر بگەڕێتەوە باوەشی پیرۆزی کلیسا. مەسیحییەکانی تر بەسەربەستی هەر یەکە بەرەو شوێنێک چوون. من و زوبەیدە بەتەنیا ماینەوە و بێجگە لەو چل ئەشرەفییە کە ناخودای فەرەنسی بەپیاوەتی دابوویەوە بەزوبەیدە، عیشایە(*) خودامان شک نەدەبرد. من لەو پووڵە ئەو ئەسپەم بۆ زوبەیدە کڕی و تا ئێستا وەک باوک و مەیتەر، نەک وەک مێرد خزمەتم پێ کردووە و ئێستا دەیبەمەوە وڵاتی خۆم، تا بزانم باوکم ماوە یا بەخت بەیەکێک لە براکانم زۆرتر لە من ڕووی خۆشی نیشان داوە، هەر چەند خوای مەزن بەوەی کە زوبەیدەی داوە بەمن، وەهای بەختەوەر کردووم کە هیچ کەس هەر ئەندازەش بەختەوەر بێ، ناگا بەمن، سەبر و پشوو و درێژیی زوبەیدە لە دەستەنگی و نەداریدا و شەوق و شۆرێکی کە بۆ دینی مەسیح هەیەتی، ئەوەندە گەورە و جێگەی سپاس و ئافەرینە کە بەڕاستی من سەرم تێیدا سوڕماوە و دەمەوێ تا ئاخری تەمەنم، خۆم وەقفی خزمەتی ئەو بکەم. بەو حاڵەشەوە، بەختەوەرییەکی من لەو فکرەوە هەستی پێ دەکەم کە من ملکی زوبەیدەم و ئەویش ملکی منە، بەهێرشی فکرێکی تر شێواوە، ئەویش ئەوەیە نازانم ئایا لە زێدو شاری خۆم کەلاوەیەکم دەست دەکەوێ کە زوبەیدەی تێدا نیشتەجێ بکەم و ئایا دەستی تەقدیر و قەزا و بەڵای ئاسمان ئەوەندی بەزەیی بەعومر و ماڵ و سامانی باوکم و براکانم کردووە کە کەسێکیان مابێ لانی کەم من بناسێ؟ بەڵێ جا، بەڕێزان ئەوە بوو بەسەرهاتی من، جا ئەگەر سەرم ئێشاندن یا پێتان خۆش بوو، ئیدی ئەوە بەسراوەتەوە بەفکری ڕووناکی ئێوە کە داوەری بکەن. من خۆم دەمەویست زۆر بەکورتی بۆتان بگێڕمەوە. لە ترسی ئەوەی مەبادا ماندووتان بکەم لە باس کردنی زۆر بابەتان خۆم پاراست و زۆر وردە نەقڵ و بەسەرهاتی ترم لە ڕووداوەکان هەڵپەرتاوت(*)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## لەمەڕ ڕووداوی تر کە دیسان لە کاروانسەرا هاتە پێش و زۆر شتی تریش کە شیاوی زانینە

دیل پاش ئەو قسانەی دوایی، بێدەنگ مایەوە، دۆن فێرنان پێی گوت: «بەڕاستی جەناب سەروان(*)، شێوەی گێڕانەوەی داستانەکەت ئەوەندە سەرنجڕاکێش بوو کە شتێکی لە خودی داستانەکەت کەمتر نەبوو. لەو داستانەدا هەموو شتێک سەیر و سەمەرە و سەرسوڕهێنەر و پڕە لە ڕووداوی وا کە بیسەر بۆ لای خۆی دەبا و کڕوبێدەنگی دەکا و ئێمە لە گوێدان ئەوەندەمان حەز وەرگرت کە ئەگەر تاسبەی دانیشتباین و بۆ جاری دووەمیش گێڕاباتەوە، دیسانیش بۆ ئێمە هەر بەتام و خۆش دەبوو.» پاش دۆن فێرنان، کاردینیۆ و باقیی میوانەکانیش بەوەها مێهرەبانی و خۆشەویستییەکەوە ئیرادەت و برایەتی و ئامادەیی خۆیان بۆ خزمەت پێکردنی ئەو، دەربڕی کە سەروانی ئەسیر دڵی پڕ بوو لە هیوا و هومێد و بێ ئەندازە خۆشحاڵ بوو. دۆن فێرنان وێڕای تەعاروفاتی ئاسایی پێی گوت، ئەگەر ئامادە بێ و ڕەگەڵ ئەو کەوێ، کارێکی وا دەکا کە براکەی «مارکی» ببێتە زڕباوکی زوبەیدە و هەروەها بەڵێنی پێ دا کە بەحورمەت و ڕێز و دابینکردنی هەموو پێداویستییەک کە شایانی کەسایەتیی ئەو بێ، دەینێرێتەوە زێد و هەرێمی خۆی. دیل بەنەزاکەت و ئەدەبەوە سپاسی کرد، بەڵام نەیویست هیچکام لە تەعاروفاتی جوامێرانەی ئەو قبووڵ بکا.

لەو کاتەدا ڕۆژ لە ئاوا بووندا بوو. شەو کە داهات کەژاوەیەک کە چەند سوارێکی بەدەورەیەوە بوو لە دەرکی کاروانسەرا ڕاوەستا و سوارەکان داوای وەتاغیان کرد کە بمێننەوە. ژنی کاروانسەردار جوابی داوە کە تاقە بستێک جێگا نییە.

یەکێک لە سوارەکان کە لە ئەسپەکەی دابەزیبوو گوتی: «چۆن شتی وا دەبێ! هەر چۆنێک بێ، دەبێ جێگایەک بۆ بەڕێز، جەنابی دیوانبەگی(٢٥٤) کە لە ناو کەژاوەدایە دابین بکرێ.» ژنی کاروانسەدار بەبیستنی ئەم ناوە دەست و پێی لێ ون بوو و گوتی: «بەڕێز، ڕاستت

---

٢٥٤- «دیوان بەگی» وەرگێڕاوی واژەی oauditeur کە مەبەست کاربەدەستانی دیوان و دادگا یا ئەوانەی کە ماڵیات دیاری دەکەن و کۆی دەکەنەوە. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

دەوی ئێمە نوێن و بانمان نییە، ئەگەر بەڕێز دیوانبەگی خۆی پێخەف و نوێنی پێیە، پێلاوی سەرچاوم!» من و مێردەکەم بەشانازییەوە ژووری خۆمانی بۆ تەرخان دەکەین. سوار کە مەیتەری دیوانبەگی بوو گوتی: «زۆر باشە»، پاش ئەو قسانە پیاوێک لە کەژاوە دابەزی کە لە جلوبەرگیرا ئاشکرا بوو چ کەسە و پلەوپایەی چییە. کەوای درێژ و ئاتەگی جوان و قۆڵەکەوای بەقەڵشت، هاواریان دەکرد کە ئەو، هەر وەک نۆکەرەکەی گوتبووی دیوانبەگییە. دەست لە دەستی دیوانبەگیدا کچێک دابەزی شازدە ساڵان. لیباسی سەفەری دەبەردابوو. ئەوەندە جوان و نازەنین وەک حۆریی ئاسمان کە هەموو ئەوانەی لەوێ بوون لەو جوانییە سەریان سوڕمابوو و ئەگەر لووسیند و دووررووتە و زوبەیدە لەوێ نەبان، دەیانگوت لەو جوانتر لە دنیادا گیر ناکەوێ. دۆن کیشۆت لە کاتی وەژوور کەوتنی دیوانبەگیدا، لەوێ حازر بوو، کاتێک دیتی ئەو پیاوە بەشان و شکۆیە دەگەڵ کچە جوانەکە وەژوور کەوتن، گوتی: «بەڕێزتان دەتوانن بەخەیاڵی ئاسوودە بێنە نێو قەڵا و بحەسێنەوە. ئێرە قەڵایەکی چووک و فەقیرانەیە، بەڵام لەو دنیایەدا هیچ زەحمەت و کوێرەوەرییەک نییە کە دەبەرانبەر زانست و چەک (یانی شمشێر و قەڵەم)دا سەردانەنەوێنێ. بەتایبەتی ئەگەر زانست و چەک هاوڕێی جوانی بن و بەڕێوە بەرەکەیان جەماڵ و جوانی بێ، هەر وەک زانستی جەنابی بەڕێزتان ئێستا ئەو کیژە شۆخ و جوانە بەڕێوەبەریی دەکا کە دە بەرامبەریدا نە تەنیا قەڵاکان، دەبێ دەرگای خۆیان ئاواڵە بکەن، بەڵکو ڕەوەزە بەرەدکان دەبێ لەبەر یەک بکشێنەوە و چیاکان پان ببنەوە تا ڕێگا بۆ ئەو نازدارە بکەنەوە. دیسان دەڵێم کە بەڕێزتان پێ بنێنە ناو ئەم بەهەشتە، چون لێرەدا، ئەستێرە و مانگی وا دەبینن کە لێیان دەوەشێتەوە دەخزمەت ئەو خۆرە بەدرەوش و نوورانییەدا بن کە دەست لە دەستی بەڕێزتاندا دێتە بەرەوە. هەروەها لەو بەهەشتەدا، پلە و بایەخی چەکی پیاوانی مەیدانتان بۆ ڕوون دەبێتەوە و جوانی و جەماڵ دەئاخرین پلە و ترۆپکی خۆیدا دەبینن»

دیوانبەگی لە بیستنی ئەم قسانە مات و بێدەنگ، چاوی بەسەرتاپای دۆن کیشۆتدا گێڕا و بەدیتنی ئەم سەروسەکوتە و ئەو جلوبەرگ و حاڵەتە هێندەی تر واقی ورما و بەدیتنی لووسیند و دووررووتە و زوبەیدەش کە بەبیستنی هاتنی میوانانی تازە و جوانی و جەماڵی ئەو کچە هاتبوونە دەرەوە، هێندەی تریش سەری(*) لێ ئەستوور بوو. دۆن فێرنان و کەشیش و کاردینیۆ بەزبانێکی زۆر ئاسایی بەخێرهاتنی دیوانبەگییان کرد و عەرزی خزمەتیان پێ ڕاگەیاند. ئەو کاتێک هاتە ژووری کاروانسەرا لەوەی کە چاوی پێ کەوت دیسان تووشی سەرسوڕماوی بوو. ئەوجار موسافیرە تەرز و لەبار و جوانەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کاروانسەرا بەخێر هاتنی کچە جوانەکەیان کرد. سەرەنجام دیوانبەگی تێ گەیشت کە میوانانی ئەم کاروانسەرایە هەموو پیاوی خاوەن کەسایەتی و ماقوولن. بەڵام سەرو گوێلاکی دۆن کیشۆت گێژی کردبوو. کاتێک هەموو میوانەکان مەرجی ئەدەبیان بۆ یەکتری بەجێ هێنا و سڵاو و چاک و خۆشییان کرد و پاش ئەوەی وەزعی کاروانسەرایان لێک داوە، لەسەر بڕیاری پێشوو جەختیان کردەوە، یانی وادانرا کە خاتوونەکان هەموویان لەو عەمبارەدا کە زۆر جار باسمان کردووە، جێ بکەنەوە و پیاوەکان وەک ئەوەی کێشکچی ئەوان بن لە دەرەوە بمێننەوە. دیوانبەگی بەمەیل و ڕەزامەندییەوە ئەوەی قبووڵ کرد کە کچەکەی (چون ئەو دلبەرە ڕەعنایە لە ڕاستیدا کچی بوو) شەو دەگەڵ ئەو خاتوونانە بحاوێتەوە و کچەکەش ئەوەی زۆر پێ خۆش بوو. خاتوونەکان بەجێوبان و نوێنە فەقیرانەکەی کاروانسەرا و نیوەی ئەو جێوبانەی دیوانبەگی دەگەڵ خۆی هێنابووی بارودۆخێکی خۆشیان بۆ خەوتنی خۆیان پێک هێنا.

وە بەڵام دیل بەهەمان یەکەم نیگا کە چاوی لە دیوانبەگی کردبوو، دڵی بەهەیەجانی ڕەمزاوییەوە شایەدی دابوو کە ئەو پیاوە دەبێ برای بێ. هەر لەبەر ئەوە ڕۆیشتە لای یەکێک لە مەیتەرەکان و لێی پرسی، ناوی ئەم کاربەدەستە دیوانییە چییە و خەڵکی کام هەرێمە. مەیتەر جوابی داوە کە ئەربابەکەی پایەبەرز «ژوان پێرێزدۆویەدما» Juan Perez de viedma ناوە، وەک لە دیترانی بیستووە، خەڵکی یەکێک لە شارە دێیەکانی چیای «لێئۆنە» ئەو قسانە و ئەوەی دیل بەچاوی خۆی دیتبووی، ئەوی لەسەر بۆچوونی خۆی پێداگرتر کرد، کە جەنابی دیوانبەگی هەمان براکەیەتی کە بەرەچاو کردنی نسحەتی باوکی، وەدوای خوێندن کەوتووە و کاری دیوانیی کردووەتە پیشەی خۆی. ئەسیر کە لەو تێکهەڵەنگووتنە حاڵی گۆڕاو و شادمان بوو، دۆن فێرنان و کەشیش و کاردینیۆی بانگ کردە گۆشەیەک تا باسی ئەو ڕووداوەیان دەگەڵ بکا و متمانەی پێ دان کە جەنابی دیوانبەگی هەمان براکەی خۆیەتی. مەیتەری دیوانبەگی ئەم نوکتەشی بەئەسیر گوتبوو کە ئەربابەکەی دەڕواتە مێکزیکۆو لەو پێتەختە دەبێتە حیسابداری تەواوی وڵاتانی هیندی نوێ. سەرەنجام دیل لەوەش تێ گەیشتبوو کە ئەو کچە عەولادی دیوانبەگییە و دایکی لە کاتی لە دایکبوونی ئەو کچەدا لەسەر منداڵ چووە و سەروەت و سامانێکی زۆریّ بۆ مێردەکەی و جیازی کچەکەی بەجێ هێشتووە. ئەسیر لەمەڕ ئەوەی چۆن خۆی بەبراکەی بناسێنێ دەگەڵ ئەو بەڕێزانە مەشوەرەتی کرد و پرسی ئایا باشتر وانییە، پێش خۆناساندن دیوانبەگی تاقی بکەنەوە بزانن لەبەر فەقیری و شڕو دری، براکەی لە خۆی دوور دەخاتەوە یا بەباوەشی ئاواڵە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabiti.org

پێشوازیی لێ دەکا. کەشیش گوتی: زەحمەتی ئەم تاقیکارییە بەمن بسپێرن! لەسەر ئەوەشڕا جەناب سەروان، لەوەدا شک نییە کە براکەتان بەئامێزێکی ئاوەڵا تۆ وەردەگرێ، چون کەسایەتی و تێگەیشتوویییەکی کە دەهەستان و دانیشتندا نیشانی دەدا، بەهیچ کلۆجێک ڕیوایەت لەوە ناکا کە پیاوێکی بێ شەرم و حەق نەناس بێ و نەزانێ کە دەستی تەقدیر چ بەڵاو چەرمەسەرییەک کە بۆ بنیادەمی ناهێنێتە پێش. سەروان گوتی: بەو حاڵەشەوە پێم خۆشە نە لە ناکاو، بەڵکو وردەوردە خۆمی پێ بناسێنم. کەشیش گوتی: دووپاتی دەکەمەوە کە من ئەو کارە بەجۆرێک ئەنجام دەدەم کە هەموومان ڕازی بین.»

لەو قسانەدا سفرەی شامیان چنیبوو. هەموو میوانەکان لەسەر مێزی شام دانیشتن، بێجگە لە دیل و خاتوونەکان کە لە ژووری خۆیان شامیان کرد. لە نیوەی شام خواردندا کەشیش هەودای قسانی بەدەستەوە گرت و گوتی:

«بەڕێز دیوانبگی، من لە قوستەنتەنیە لەو چەند ساڵەدا کە ئەسیری تورکان بووم هاوڕێیەکم بووکە ناوەکەی وەک ناوی بەڕێزتان بوو، ئەو هاوڕێیە یەکێک لە ڕەشیدترین سەربازان و یەکێک لە باشترین ئەفسەرانی سپای ئەسپانیایی بوو، بەڵام ئەوەندەی کە نەترس و ئازا بوو، ئەوەندەش بەدبەخت و چارەڕەش بوو. دیوانبەگی پرسی: جەنابی کەشیش ناوی ئەو ئەفسەرە چ بوو؟ کەشیش گوتی: ناوی ڕ پێرێزدو ویەدما Rur Perez de viedma خەڵکی یەکێک لە شارەدێیەکانی کێو پارەکانی «لیئۆن» بوو. ئەو باسی ئەو ڕووداوانەی کرد کە بەسەر خۆی و براکانی و باوکی هاتبوو. ڕووداوێک کە ئەگەر پیاوێکی ڕاستگۆی وەک ئەو بەئیمان بۆی نەگێڕابامەوە، دەمگوت ئەوە لەو نەقڵ و نەزیلانەیە کە پیرێژنان لە زستاناندا لە پای ئاگردان دەیگێڕنەوە. ئەو هاوڕێیە بۆی گێڕامەوە کە باوکی ماڵ و سامانی خۆی لە نێو سێ کوڕی خۆیدا بەش کردووە و ڕێنوێنی و نسحەتی باشتری لە کورتە قسەکانی کاتون «caton» پێ گوتوون. ئەوەی کە دەتوانم بەعەرزی ئێوەی بگەیەنم ئەوەیە کە ئەو نەجیب زادەیە لە ماوەی چەند ساڵدا بەپاڵپشتی لێهاتوویی و ئازایەتی و کارزانیی خۆی گەیشتە پلەی سەروانی لە پیادە نیزامدا و شتێکی نەمابوو ببێتە سەرهەنگ، بەڵام لەوان ڕۆژاندا چارەڕەشی ڕووی تێ کرد و چون دروست لەو کاتانەدا کە چاوەڕوانی گەیشتن بەبەرهەمی ڕەنج و زەحمەتەکانی خۆی بوو، تووشی سەدەمە و خەساری گەورە هات. کورتەی کەلام، هاوڕێی من لەو ڕۆژە مێژوویی و پرشانازییەی شەڕی بەناوبانگی لێپانت کە زوربەی مەسیحییەکان تێدا ئازادیی خۆیان دەست کەوتەوە، ئەو لە نیعمەتی ئازادی بێبەش کرا. من ئازادیی خۆم لە شاری «گۆڵت»دا لە دەست دا و پاش ئەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ڕووداوگەلی جۆرباجۆردا بووینە هەڤاڵ و هاوڕێ. لەوێوە ئەویان بردە ئەلجەزیرە و لەو شارەدا وەک دەزانم ڕووداوێکی وەها سەیر و سەمەرەی بۆهاتە پێش کە لە عالەمدا شتی وا ڕووی نەداوە.» کەشیش هەروا کە درێژەی بەگێڕانەوەی ڕووداوەکان دەدا، ڕووداوی زوبەیدە و سەروانیشی بەکورتی گێڕاوە. دیوانبەگی وەها بەسەرنجەوە گوێی دابووە کەشیش کە بەعومری خۆی ئاوا گوێی بۆ هیچ کەس هەڵنەخستبوو. کەشیش داستانەکەی تا ئەو جێگەیە گێڕاوە کە ڕێگرە فەرەنسییەکان بەسەریاندا دەدەن و لۆتکەی مەسیحییەکان تاڵان دەکەن و لەو جێیە ڕاوەستا کە هاوڕێکەی دەگەڵ ئەو کچە جوانە عەربە دەکەونە شپرزەیی و بەدبەختی و ئێستا نازانی چییان بەسەرهاتووە و ئایا توانیویانە هەر بەو لۆتکەیە بگەنە لێوارەکانی ئەسپانیا یا دز و جەردەی فەرەنسی بەدیلی دەگەڵ خۆیان ڕەپێچەکیان داون.

ئەفسەری دیل کە لە سووچێک دوور لەوانی تر دانیشتبوو بەسەرنجەوە گوێی بۆ کەشیش هەڵخستبووە لە هەمان کاتدا چاوی لەسەر براکەی هەڵنەدەگرت. دیوانبەگی کاتێک دیتی کەشیش داستانی خۆی کۆتایی پێ هێناوە ئاخێکی ساردی هەڵکێشا و بەچاوی بەگریانەوە گوتی: «ئاخ ئەی پایەبەرز، بریا بتزانیبایە ئەو داستانەی گێڕاتەوە بەسەرهاتی چ کەسێکە و چۆن لەسەر هەستیارترین شوێنی دڵی من کاری کردووە کە بەو هەموو خۆڕاگرییەوە، وەک دەبینی، فرمێسکم لە چاوان هەڵدەڕژێ، ئەو ئەفسەرە ئازایە هەمان برا گەورەی منە کە چون ڕۆحێکی بەهێزتر و ورەیەکی بەرزتری لەمن و برا چکۆڵەکەم هەبوو، شوغڵی پڕشانازیی سپایگەری ڕەچاو کرد، یانی یەکێک لەو سێ شوغلانەی کە باوکم ڕای ئەسپاردبوو. وە هاوڕێی تۆ دەگەڵ بەسەرهاتی خۆی بۆی گێڕابوویتەوە و بەڕێزتان پێتان وایە قسەی پێرێژنان بووە. من ڕێگەی خوێندن و زانستم گرتە بەر و بەلوتف و کەرەمی خودا ئەوەتا گەیشتوومە ئەم پلەوپایە کە دەیبینی. برا چکۆلەکەشمان ئێستا لە پێروو دەژی و ئەوەندەی پووڵ و پارە وەسەر یەک ناوە کە زۆر پتر لەوەی باوکم پێی دابوو بۆی ناردووەتەوە و باوکمی وەها حەساندووەتەوە کە دەتوانێ وەک جاران شەش و بێش پێیدابدا(*) و خەرج بکا و دەست ئاوەڵا بێ.

هەر لە سایەی ئەم برا چکۆلەمەوە، منیش توانیومە بەخوێندن درێژە بدەم و ئاسانتر بەو پلە و مەقامە بگەم. باوکم هێشتا ماوە، بەڵام لەسوێی کوڕە گەورەکەی و زانینی ئەوەی بزانێ چیی بەسەر هاتووە، ڕۆحی گەیوەتە سەر لێوی و لە هەموو نوێژ و تاعەتێکدا لەبەر خودا دەپاڕێتەوە تا چاوی بەکوڕەکەی نەکەوێتەوە، عومری لێ نەستێنێ و نەیباتەوە لای خۆی. شتێکی کە ئەسبابی سەرسوڕمانی ئێمەیە، ئەوەیە کە ئەو برا گەورەیەی من بەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarri.org

هەموو عەقڵ و وشیارییەوە، بۆ دەبێ تا ئێستا دەوهەموو گرفتاری و کوێرەوەری و خۆشی و ناخۆشییانەدا جارێک دەفکری ئەوەدا نەبووبێ خانەوادەی خۆی لە حاڵ و بارودۆخی ژیانی خۆی ئاگادار بکاتەوە. بێگومان ئەگەر باوکم یا یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەمان لە حاڵی ئەو خەبەری بووایە، برای ئێمە نیازێکی بەموعجیزەی عەسای قامیش نەدەبوو تا بتوانی ئازادیی خۆی بکڕێتەوە. ئێستا لەوەدا تێ ماوم کە دزەکانی فەرانسەوی ئازادیان کردووە یا بۆ شاردنەوەی دزی و ڕێگریی خۆیان کوشتوویانە. ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوە کە سەفەرەکەم کە دەپێشدا زۆر بەخۆشی بۆی ئامادە بووم، لێم ببێتە ژەهری مار و بەدنیایەک غەم و پەژارەوە بچمە ئەو سەفەرە. ئاه ئەی برای خۆشەویستم! کێیە ئێستا بتوانێ بەمن بڵێ تۆ لە کوێی تابێمە سۆراغت و تۆ لە مەرارەت و مەینەتی ڕزگار بکەم. جا با خۆشم جێت بگرمەوە. ئاه! کێ هەیە کە مزگێنی بۆ باوکی پیرمان بەرێ کە تۆ، جا با دە تاریکترین چاڵی زیندانیشدا بی، هێشتا هەر زیندووی، چون ماڵ وسامانی باوکم و برا چکۆلەکەم و دارایی و دەسرۆیشتوویی خۆشم ئەوەندە هەیە کە تۆ ڕزگار بکا و بتهێنێتە دەرەوە؟ وە تۆ ئەی زوبەیدەی جوان و سەخی سروشت. کاش بمتوانیبایە دە دابورەسمی زیندوو کردنەوەی ڕۆحی تۆ و زەماوەندی تۆ و براکەمدا کە بێگومان هەموومان بەختەوەر دەکا، حازر بم!.»

بەڵێ، دیوانبەگی بەو عیبارات و قسانە هەستی دەروونی خۆی دەردەبڕی و لە قسەکانیدا ئەوەندەی سۆز و خۆشەویستی نیشان دا کە ئەوانەی گوێیان لێ بوو، هەموویان بەزەییان پێیدا دەهات و دەغەم و پەژارەی ئەودا بەشدار بوون. کەشیش کاتێک دیتی کە نەخشەکەی گرتوویەتی و مەبەستی سەروانی ئەسیر پێک هاتووە، نەیدەویست چی تر ئەوان لە غەم و پەژارەدا ڕابگرێ، لەبەر ئەو لەسەر سفرەکە هەستا و ڕۆیشتە ئەو ژوورە کە زوبەیدە لەوێ بوو. دەستی زوبەیدەی گرت و دەگەڵ لووسیند و دووروتە و کچی دیوانبەگی هێنانی بۆ ئەو ژوورەی کە دیوانبەگی و میوانانی تری لێ دانیشتبوون. سەروان هێشتا چاوەڕوان بوو بزانێ کەشیش چ دەکا. کەشیش دەستی ئەویشی گرت و دەگەڵ زوبەیدە، یەک لەولا و یەک لەملا هاتە بەرەوە و گوتی: «جەنابی دیوانبەگی، فرمێسکی چاوەکانت پاک کەوە! خودای مەزن حاجەتی تۆی بەکەرەمی خۆی جێبەجێ کرد! فەرموو ئەوە برای خۆشەویست و ئەوەش بووکە خۆشەویستەکەی تۆ، دەخزمەتت دان! ئەو پیاوە هەمان سەروان «ویەدما» یە و ئەو خاتوونەش هەمان کچە عەرەبە کە برای تۆ ئەو هەمووە بەچاکی باسی دەکرد و ئەو هەموو چاکەیەی لێ دیوە. وەک دەبینی دزانی دەریایی ئەوانیان خستووەتە ئەم حاڵ و ڕۆژە

ڕەبەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

و تۆ دەبی دڵۆڤانی و دڵئاوایی خۆت بەوان بنوێنی.» سەروان بەپەلە خۆی گەیاندە براکەی و ویستی دە ئامێزی بگرێ، بەڵام دیوانبەگی بەدەست ڕای گرت و ماوەیەک مات و واق وڕماو تێی هەڵڕوانی و هەرکە ناسییەوە، وەها تەنگی دە ئامێز گرت و وەها بەبانگ وسەڵا بەسەریەکدا گریان کە زۆربەی حازران نەیانتوانی پێش بەگریانی خۆیان بگرن. لەمەڕ ئەو قسانەی کە ئەو دوو برایە گوتیان و هەست و سۆزێک کە بەیەکتریان نیشان دا، باوەڕ ناکەم کەس بتوانێ بیخاتە بەرچاو، تا چ دەگا بەوەی بینووسێ. ئەو دوو برایە جاروبار هێندێکیان قسە بۆ یەکتر دەگێڕاوە، ئەوجار هێندێک پێ دەکەنین، دیسان وەک هەوری بەهار دەیانباراند. ژیر دەبوونەوە و بیرەوەریی کۆنیان دەگێڕاوە و خۆشەویستیی لەڕادەبەدەریان نیشان دەدا. دیوانبەگی زوبەیدەی ماچ دەکردە و ماڵ وسامانی خۆی پێشکەشی دەکرد و ئەمری بەکچەکەی دەکرد، زوبەیدە ماچ بکا، پاش ئەوە کیژی لەباری مەسیحی و لوعبەتی عەرەب بەشادی و سۆز و شۆرەوە دەباوەشی یەکدا دەتوانەوە و دەبوونە یەک و نەمامی خۆشی و شادمانییان دەچاوی حازرانی مەجلیسدا دەڕواند. لە لایەکەوە دۆن کیشۆت بەسەرنج و بێدەنگی تەواو چاوی لەم ڕووداوە سەیر و سەمەرانە بوو و هەمووی دەبردەوە سەر خەون و خەیاڵی پاڵەوانی خۆی، لە لایەکی تروە دەیانگوت واباشە سەروان و زوبەیدە دەگەڵ براکەیان بگەڕێنەوە سیویل و باوکی خۆیان لە ئازادیی کوڕەکەی ئاگادار بکەنەوە تا بەڵکو بەپەلە ڕێ کەوێ و لە بەزم و دابونەریتی تەعمید و زەماوەندی زوبەیدەدا بەشداری بکا. بۆ دیوانبەگی بەهیچ کلۆجێک نەدەگونجا سەفەرەکەی وەدوابخا یا ڕێی خۆی بگۆڕێ، چون خەبەری پێ گەیشتبوو کە کەشتی تامانگێکی تر لە سیویلەوە بەرەو ئەسپانیای تازە وەڕێ دەکەوێ و لە دەست دانی ئەو دەرفەتە زیانێکی قەرەبوو نەکراوی بۆ ئەو دەبێ.

کورتەی کەلام، تەواوی حازرانی مەجلیس لە ڕووداوی خۆش ئاکامی «دیل» لە شادیدا نغرۆ بوون و چون دووبەش لە درێژایی شەو تێپەڕبووبوو، هەموو بڕیاریان دا هێندێک بحەسێنەوە و بخەون، چون تا ڕۆژ هێندەی بەبەرەوە نەمابوو.

دۆن کیشۆت داوتەڵەب بوو کە لە قەڵا ئاگاداری بکا و کێشکچی بێ تا نەکا دێوێکی بەدکردار یا ڕێگرێکی نییە تپیس، بەتەمای ئەو گەورانەی جەماڵ و جوانی کە ئەو شەوە لە قەڵادا بوون، دەستوبردێک بکەن و شادی و خۆشیی هەمووان بشێوێنن. ئەوانەی باش لە دۆن کیشۆت تێ دەگەیشتن لەم پێشنیارە پێشوازی وسپاسیان کرد و دیوانبەگیان لە ئەخلاق و ئاکاری ئەو ئاگادار کردەوە، کە ئەو ئاگادارییە بوو بەهۆی پێکەنینی زۆرێ ئەو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarr.org

تەنیا سانکۆ پانزا لەو شەوبیدارییە وەرەز بووبوو. تەنیا ئەو بوو کە جێگای لە هەمووان تەختتر بوو و ئەو شەوە لەسەر جلوجۆڕی(*) گوێدرێژەکەی بۆی خەوت، وە ئەو کارە وەک لە دواییدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، لەوانەبوو زۆر گرانی بۆ تەواو بێ. کاتێک خاتوونەکان گەڕانەوە ژووری خۆیان و پیاوەکان هەرکام تا ئەو جێیەی بۆیان جێبەجێ کرا، هەر یەکەی لە سووچێک خزان، دۆن کیشۆت لە کاروانسەرا هاتە دەرەوە تا بەکێشک ڕاوەستێ و وەک بەڵێنی دابوو، ئاگای لە قەڵا بێ.

بەڵی جا، لەو کاتەدا کە کازیوەی بەیان دەنگووت، لە ناکاو خاتوونان دەنگێکی ئەوەندە دڵبزوێنیان گوێ لێ بوو کە هەموو ڕاوەستان و بەسەرنجەوە گوێیان هەڵخست. بەتایبەتی دووروونە کە لە هەمووان زووتر وەخەبەر هاتبوو لە کاتێکدا دۆناکلارا دۆ ویەدما dona clara de vidma کچی دیوانبەگی لە تەنیشت ئەو خەوی لێ کەوتبوو. هیچ کام لە خاتوونان نەیدەتوانی مەزەندە بکا کێیە و بەو جوانییە تێی چریکاندووە؛ تەنیا دەنگ بوو هیچ سازێک دەگەڵی هاوڕێ نەبوو. پێیان وابوو دەنگە کە جاروبار لە حەوشەوە دێ و جاروباریش لە تەویلە. لە حاڵێکدا کە خاتوونەکان واقیان وڕما بوو و بەسەرنجیشەوە گوێیان دابوویە، کاردینیۆ هاتە بەر دەرگا و پێی گوتن: «ئەگەر خاتوونان نەخەوتوون گوێ بدەنێ تا دەنگی کوڕێژگەیەکی قەتارچی ببیسن و بزانن چەندە خۆشی دەڵێ و دەنگی چەندە خۆشە! دووروونە گوتی: «بەڕێز ئێمەش گوێمان لێیە و گوێمان بۆ ڕاگرتووە.» و کاردینیۆ لەوێ دوور کەوتەوە. ئەوجار دووروونە کە زۆر بەوردی گوێی دابویە، بیستی کە ئەم دووبەیتییانە بەدەنگ دەڵێن:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٤٣

## داستان دڵبزوێنی کورپژگەی(*) قەتارچی

## دەگەڵ باقیی ڕووداوە سەیرەکان کە لە کاروانسەرادا ڕوویان دا

«من مەلەوانی ئەوینی بێ برانەوەم و بێ هێوای گەیشتن بەلێوارێک لەسەر ئۆقیانووسێکی قووڵی بێ لێوار، سەوڵ لێ دەدەم.

«بەدوای ئەستێرەیەکدا عەبداڵم کە لە دوورەوە دیارە و تێی دەڕوانم

وە لە هەموو ئەو ئەستێرانەی کە پاڵینۆر[٢٥٥] دیتبوونی دەرەوشاوەتر و گەشترە. نازانم ئەو ئەستێرە دەمباتە چ هەرێمێک، هەر بۆیە بێ ئەوەی بزانم سەوڵ لێدە دەم و ڕۆحم، کە بەهەموو خەمێکەوە، خەمێکی بێجگە لە گەیشتن بەو نییە، لە تەماشای ئەودا تواوەتەوە.

«تێبینیی موزاحیم و حەیا و عیفەتی لەڕادەبەدر، هەورن، کە لەو کاتەدا کە زۆرتر لە هەمیشە دەمەوێ ببینم، لەبەرچاومی ون دەکەن.

«ئاخ ئەی ئەستێرەی «گەش»[٢٥٦] و بەورشە، کە ڕۆحم بەدواتەوە وەک مۆم، دەتوێتەوە. ئەو ساتە کە تۆ لەبەر چاوم ون دەبی، چرکەساتی کارەساتی مەرگمە»

گۆرانی و ئاوازی گۆرانیبێژ گەیشتبووە ئێرە کە دووروونە فکری کردەوە، حەیفە «کلارا» لە بیستنی ئەو دەنگە بێ بەش بێ. لەبەر ئەوە هێندێکی بۆ ئەم لا و ئەو لا جوولاندەوە و خەبەری کردەوە و گوتی: «بمبوورە ئەی کیژی جوان کە لەوخەوە خۆشە وەخەبەرم هێنای، ئەمەوێ تۆش لە بیستنی ئەو دەنگە دڵنەوازە بلاوێنە کە دە عومری خۆتدا ئاوازی هێندە خۆشت نەبیستووە حەز وەرگری». کلارا کە خەواڵوو بوو دەستی بەچاوی خۆیدا کێشا و چون لە قسەکانی دووروونە تێ نەگەیشتبوو تکای لێ کرد دووپاتیان کاتەوە. دووروونە

---

٢٥٥- Plainure لۆتکەوانی «ئەنە» بوو. بۆ زانیاری بڕوانە کتێبی «ئەنەئید» شاکاری ویرژیل، بەشی یەکەم و سێیەم.

٢٥٦- «گەش» وەرگێڕدراوی Claraی ئێسپانیاییە و دیارە دانەری ئەم شیعرە عاشقی کلارای کچی دیوان بەگی بووە و ئەم شیعرەی بۆ ئەو گوتووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

قسەکانی دووپات کردەوە و کلارا گوێی بۆ ئاوازە کە هەڵخست. بەڵام هێشتا دوویاسێ دێڕی زۆرتر لە شێعرەکە نەبیستبوو کە لە ناکاو هەموو گیانی وەلەرزین کەوت و دەتگوت نۆبەتێ و لەرزی لێ هاتووە. هەنگێ دەستی دەملی دووروتە کرد و گوتی: «ئاخ ئەی خاتوونی شیرینتر لە ڕۆح و گیانم، تۆ بۆچ منت لەخەو هەستاند؟ باڵاترین چاکەی بەخت دەگەڵ من ئەوە بوو کە لەو کاتەدا چاو و گوێی من بەسترابێ تا نەتوانم ئەو سترانبێژە چارەڕەشە ببینم و گوێم لە دەنگی بێ. دووررووتە گوتی: ئەی بابا نێمکە(*) کیژۆڵە! ئەو قسەیە چییە تۆ دەیکەی؟ تۆ فکری لێ بکەوە کە گۆرانیبێژەکە، وەک دەڵێن: کوڕێکی قەتارچییە. کلارا گوتی: ئەو فەرمانڕەوای زۆر زەوی و زار و گیان و دڵانە و ئەگەر خۆی تووڕم هەڵنەدا گیانی منیش تا هەتاهەتایە ملکی ئەوە و نابێتە هی کەسی تر.» دووررووتە لەو قسە عاشقانەیەی کچە جوانە واقی وڕما، بەتایبەتی کە دەیدیت ئەو قسانە لە بارستای تەمەن و منداڵیی ئەو ناکاڵێتەوە. لەبەر ئەوە گوتی: «تۆ قسەی وا دەکەی کە من بۆم ناچێتەوە سەر یەک. تکایە ڕوونتر بڵێ بزانم مەبەستت لە زەوی و زار و گیان و دڵان چییە و لەمەڕ ئەو کوڕیژگە گۆرانیبێژە کە دەنگەکەی ئاوا شێواندووتی چ دەزانی؟ بەڵام نا، جارێ کەمێک ڕاوەستە با ئەو دەنگ و ئاوازە دڵڕفێنەم لە کیس نەچێ. دیارە دەیەوێ ئاواز و شێعرێکی تازە دەست پێ بکا. کچی دیوانەگی گوتی: چۆنی تۆ پێت خۆشە با وابێ» وە خۆی هەر دووک دەستی لەسەر گوێیەکانی دانا بۆ ئەوەی هیچ نەبیسێ. دووررووتە دیسان بەلایەوە سەیر بوو و کاتێک بەوردی گوێی دایە، بیستی کە کوڕەیژگە دەڵێ:

«ئەی هیوای شیرینی من کە بەسەر گرفت و دژوارییاندا سەر دەکەوی و ڕێگایەک کە خۆت لە پێش پێی خۆت دەیکەیەوە بەسەبر و خۆڕاگرییەوە دەیپێوی ئامان ئامان، کاتێک دیتت دەگەڵ هەر هەنگاوێکدا ڕووربەڕووی مەرگ دەبیتەوە لەپێ مەکەوە.

«ئەوە، نەخەڵکی ماکەسستن(*) کە کیژی ئارەزوو لە باوەش دەگرن و سەرکەوتنی گەورە وەدەست دێنن؛ وە ئەوانەی کە بەرانبەر بەتەقدیر ڕادەوەستن و دادەمێنن و هەموو هەست و ئاگایی دەدەنە دەست تەمبەڵی و حەسانەوە هەرگیز ناگەنە بەختەوەری.

«ئەوین ئەگەر شانازییەکانی بەگران دەفرۆشێ، کارێکی زۆر عاقڵانە و عادلانەیە، چون هیچ گەوهەرێک لەوە بەقیمەتتر نییە کە کەسێک هەوای نەوسی سەرکێش لغاو بکا؛ ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە هەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شتێک کەم بەهاتر بێ، کەم قەدرترە.

«دەست بەردار نەبوون لە ئەویندا جاری وایە دەگاتە مەحاڵ و کاری نەکردوو، بەو هۆیەوە کە دەست بەردار نەبوونی من هەموو کات دژوارترین دژوارییەکان شوێن هەڵدەگرێ و بەو حاڵەشەوە هەرگیز هیوای هەڵفڕین لە زەوییەوە بۆ ئاسمان لە دەست نادەم.»

لێرەدا دەنگی ئاواز کپ بوو، دیسان کلارا کەوتەوە ئاه و ناڵین و ئەو هەموو نارەحەتییە، ئاگری ئیشتیای دووروتەی خۆش کرد کە بزانێ هۆکاری ئەم ئاوازە دڵڕفین و ئەم ئاه و ناڵینە چییە؛ ئەوە بوو کە دووبارە لە کلارای پرسی، مەبەستی لەو قسانە چ بوو. ئەوجار کلارا لە ترسی ئەوەی لووسیند گوێی لێ بێ دووروتەی بەتوندی بەخۆیەوە گوشی و دەمی بەگوێیەوە نا و بەسرتە گوتی:

«خاتوونی نازدارم، ئەو لاوەی کە ئاواز دەڵێ، کوڕی یەکێک لە نەجیب زادەکانی وڵاتی ئارگۆن و خاوەنی دوو موڵکی گەورەیە. ماڵی ئەوان لە مادرید ڕووبەڕووی ماڵی باوکم بوو، هەر چەند باوکم بەزستان پەنجەرەکانی ماڵیی بەپەردەی پارچەیی و بەهاوین بەکرکرەی دارین دادەپۆشی، بەو حاڵەشەوە نازانم چون واهات کە ئەو لاوە، کە ئەودەم خوێندکار بوو، منی لە کلیسا بوو یا لە شوێنێکی تر چاو پێ کەوت. سەرەنجام عاشقم بوو و ئەو ئەوینەی بەئیشارە و ئیمای پشت پەنجەرە و بەگریان و ناڵین تێ گەیاندم. وای لێ کردم کە بڕوا بکەم خۆشی دەوێم و جار وبارەش هەر دووک دەستی تێک دەبەزاند تا بەم جۆرە لێم حاڵی کا کە ئامادەیە، زەماوەندم دەگەڵ بکا. منیش ئەوم خۆش ویست و بەو زەماوەندەش ڕازی بووم، بەڵام چون تەنیا و بێ دایک بووم، نەمدەزانی ڕازی دڵی خۆم بەکێ بڵێم، ناچار لێ گەڕام ئەو درێژە بەئیشارەکانی خۆی بدات، بێ ئەوەی من جوابێکی دروستی بدەمەوە. تەنیا جاروبار کە باوکم و باوکی ئەو لە ماڵ نەدە بوون، من پەردە یا کرکرەی پەنجەرەم هێندێک هەڵدەداوە و قەد و باڵای خۆمم پێ نیشان دەدا و ئەو بەو کارەی من ئەوەندە خۆشحاڵ دەبوو کە چی وای نەمابوو شێت بێ. لەو کەینوبەینەدا فەرمانێک بۆ باوکم دەرچوو کە بڕواتە شوێنێک بۆ کاری میری(*) و کوڕەکەش لەوە خەبەری دەست کەوت، بەڵام لە زبان منەوە نا، چون من نەمتوانی ئەوەی پێ ڕابگەیەنم. پێم وایە کوڕی چارەڕەش لە خەمان نەخۆش کەوت و ئەو ڕۆژە کە وەرێکەوتین نەمتوانی بەئیشارە ماڵاوایی دەگەڵ بکەم؛ بەڵام پاش دوو ڕۆژ ڕێگا بڕین، لە کاتی وەژوور کەوتن لە قاوەخانەی گوندێک کە ڕۆژە ڕێیەک لێرەوە دوورە، ئەوم دە لیباسی کوڕیژگەیەکی قەتارچیدا لەبەر دەرکی ئەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabbari.org

قاوەخانەیە دیتەوە کە وەها خۆی گۆڕیبوو کە ئەگەر ڕەسمی ئەوم لەسەر ڕۆح و گیانم نەکێشاباوە هەرگیز نەدەکرا، بیناسمەوە. من ئەوم ناسییەوە و وێڕای سەرسوڕمان زۆریش خۆشحاڵ بووم، ئەو هەمو جارێک کە لە شوێنێکی وەک قاوەخانە و کاروانسەرا دادەبەزین، بەدزی باوکم تێوەم ڕادەمێنێ و هەرگیز نایەڵی باوکم بەباشی چاوی پێی بکەوێ. چون من دەزانم ئەو کێیە و دەزانم ئەو ڕێگا دوورە بەپیادە وە دوای من دەکەوێ و بەخۆشی و عیشقی من ئەو هەموو زەحمەتە بەخۆی دەدا، لە تاوانی دەمرم و هەمیشە چاوم بەدواوەیەتی. من نازانم مەبەستی لەم ڕێپێوانە چییە. چۆن توانیویەتی لە ماڵی باوکی دەرباز بێ. باوکێک کە وەک شێتان خۆشی دەوێ و ئەو تەنیا میراتگریەتی. لە لایەکی تریشەوە زۆر جوان و لەبەر دڵانە و ئەگەر بەڕێزتان چاوێکتان پێی بکەوێ خۆتان دەزانن. ئەوەش دەتوانم بڵێم کە تەواوی ئەو شێعرانە کە بەدەنگ دەیانڵێ، هەمووی لە کەللەی خۆی دەردەکێشێ. چون بیستوومە شاعیرێکی گەورەیە و دەرسی زانست دەخوێنێ و بێجگە لەوەش هەر جارەی کە دەیبینم و دەنگی دەبیسم لە ترسی ئەوەی مەبادا باوکم بیناسێ و ڕازی دڵی ئێمەی لێ ئاشکرا بێ، لەسەرمەوە تا بەری پێم دەست دەکەم بەلەرزین. من لە ژیانمدا یەک قسەم دەگەڵ نەکردووە و بەو حاڵەشەوە ئەوەندەم خۆش دەوێ کە دەڵێم ژیان بێ ئەو لە من حەرام بێ. ئەوە بوو ئەوەی لەمەڕ ئەم دەنگە خۆشە، ئەی خاتوونی عەزیز، دەتوانم پێت بڵێم و لەو قسانەوە دەتوانی تێ بگەی کە ئەو هەتێوێکی قەتارچی نییە و خاوەنی ملک و زەوی و زار و دڵی منە.

دووروتە لە حاڵێکدا بەماچان ڕوومەتەکانی کلارای تالان دەکرد، پێی گوت: «بەسە دۆنا کلارا، بەسە! ڕاوەستە با ڕۆژ بێتەوە، چون من هیوادارم بەیارمەتیی خودا، کاری تۆ وەها جێبەجێ بکەم کە ئاکامێکی باشی لێ بکەوێتەوە. دۆنا کلارا گوتی: مەخابن ئەی خاتوونی مێهرەبان! لە جێگایەکدا کە باوکی ئەو ئەوەندە ماقووڵ و دەوڵەمەند و نێو بەدەرەوەیە کە من نە تەنیا لایقی هاوسەری بەڵکو کڵفەتی ئەویشم نییە، چۆن دەتوانم هیوام بەئاکامێکی ئاوا بێ؟ وە بەڵام ئەگەر من بەدزیی باوکم ببمە هاوسەری ئەو کوڕە، حاشا! خوا نەکا! چون من بێ ئیزنی باوکم لە بەرانبەر هەموو سامانی دنیادا ئەوە ناکەم! من تەنیا دەمەوێ ئەو کوڕە دەست بەردارم بێ و بگەڕێتەوە ماڵی خۆی؛ بەڵکو ئەوە خودایە، بەنەدیتنی ئەو لاوە و ڕێگایەکی دوور کە لە پێشماندایە، بتوانم هێندێک لەبیر خۆمی بەرمەوە. هەر چەند دەزانم دەردی من بەوەش دەرمان ناکرێ. لەوەش تێ پەڕین نازانم شەیتان چۆن قامکی دەکاری ئێمە وەرداوە و باوەکو من کچێکی کەم تەمەن و ئەویش کوڕێکی مێرمنداڵەیە، ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەوینە بەکوێدا کەوتووەتە دڵی من، چون بەڕاستی من پێم وایە هاوتەمەنین و من هێشتا نەبوومەتە شازدە ساڵ یا بەقسەی باوکم لە ڕۆژی جێژنێ «سێن میشێل»دا شازدە ساڵەم تەواو دەبێ.» دووروەتە لەو قسە منالانەیەی کلارا پێکەنین گرتبووی و پێی گوت: «کچە جوانە، واباشترە ئەوەندە کاتە کەمەی لەشەو ماوەتەوە، بخەوین! خوا شەومان بۆ دەکاتەوە ڕۆژ و ئێمەش کەڵکی لێ وەردەگرین، دەنا من خاوەنی دەست و زبانی خۆم نیم.»

خاتوونان پاش ئەو قسانە خەوتن و بێدەنگییەکی قورس کەوتە سەر کاروانسەرا. بێجگە لە کچی ژنی کاروانسەرادار و ماری تۆڕنی خزمەتکار کەس بێدار نەبوو، ئەوانیش کە لە داستانی شێتیی دۆن کیشۆت زۆر باش ئاگادار بوون و دەیانزانی کە پاڵەوان خۆی دەچەکاندا ڕەش هەڵگێڕاوە و بەسواری لە دەوروبەری قەڵادا کێشک دەدا، پێکەوە نەخشەیەکیان کێشا کە هێندێکی گاڵتە پێ بکەن، یا لانی کەم بەگوێ هەڵخستن بۆ قسە سەیر و سەمەرەکانی کات تێپەڕ کەن.

بەڵی جا، باشە بزانین کە لە سەرانسەری ئەو کاروانسەرایەدا، تاقە پەنجەرەیەک نەبوو کە بڕوانێتە ئەو سەحرا و بیابانە. تەنیا لە عەمباردا دەلاقەیەک بەرەو بیابان کرابووەوە کە کایان پێدا دەعەمبار دەکرد. ئەو، بەناو کیژانە هاتنە پشت هەمان دەلاقە و چاویان بەدۆن کیشۆت کەوت کە بەسواریی ئەسپەکەی، بێ جوولانەوە خۆی هاویشتووەتە سەر دەسکی نێزەکەی و جاروبار ئاخێکی وەها سووتێنەر و داغ هەڵدەکێشی کە دەڵێی وەختە گیانی دەگەڵ هەر هەناسەیەک لە قەفەسەی سینەی بێتە دەر؛ هەروەها گوێیان لێ بوو کە ئەو بەدەنگێکی شیرین و عاشقانە دەڵێ: «ئاخ ئەی خاتوونی من دۆلسینە دۆتۆبۆزۆ، ئەی ترۆپکی هەرچی جەماڵ و جوانی، ئەی جیلوەگای هەرچی زانایی، ئەی ترۆپکی ئاوەز و عەقڵ، ئەی مەعدەنی ڕۆح سووکی و خوێن شیرینی، ئەی گەنجینەی شەرەف و تەقوا و بەکورتی ئەی ماک و شیرەی هەرچی دەو جیهانەدا پەسند و باش و شەریفە، لەو سەعاتەدا وجوودی نازەنینت خەریکی چ کارێکە، ئایا هیچ یادێک لەم پاڵەوانە ئەسیرەی خۆت دەکەی کە تەنیا بۆ خزمەت بەتۆ خۆی دەو هەموو مەترسییە هاویشتووە؟ ئاخ ئەی ئەستێرەی «سێ ڕۆخسار» کە ڕەنگە ئێستا لەبەر ئێرەیی پێ بردن چاوت دەو بڕیبێ، من لە حاڵی ئەو باخەبەر کەوە، جا چ ئێستا لە هەیوانێکی قەسری بەشکۆی خۆیدا خەریکی پیاسە کردن بێ، یا پاڵی وە کۆڵەکەیەکی شانشینی کۆشک دابێ و لەو فکرەدا بێ چۆن ئەو تۆفانەی کە لە دڵی مندا بەخاتری ئەوینی ئەو هەستاوە، بێ ئەوەی مەترسییەکی بۆ عیسمەت و ئابڕووی ئەو هەبێ، دامرکێنێتەوە. وە تۆ ئەی خۆر کە بێشک بەهەڕەمە ئەسپەکانت زین دەکەی تا

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

بەیانی زوو هەڵستی و بەتەمای دیداری یاری من وەڕێ بکەوی، لەتۆ دەگەڵ ڕێز و حورمەتدا تکا دەکەم کە بەدیداری گەیشتی سلاوی منی پێشکەش بکە. بەڵام ئامان و سەد ئامان لە کاتی سلاو کردندا، کوڵمەی ڕانەمووسی، دەنا من بەتۆ زۆرتر ئیرەیی دەبەم کە تۆ بەو دڵبەرە سووکەسەرە ئەمەگ نەناسە بردت، ئەو دلبەرەی کە تۆی ئەو گشتە بەدەشتی پان و بەرینی «تسالی» Thessalie دا یا بەسەر لێوارەکانی ڕووباری «پێنەدا» Pener هێناو برد و ئارەقەی پێ ڕشتی، چون باش وەبیرم نایەتەوە کە تۆ لەو دەمەدابەو هەموو عەشق و ئەوین و ئێرەیییەوە بەرەوکوێ سەری خۆت هەڵگرت.»

دۆن کیشۆت گوتارە جەرگ برژێنەکەی خۆی گەیاندبووە ئێرە کە کچی ژنی کاروانسەرادار دوو سێ جار لە ژێر لێوییەوە بانگی کرد و ئاوای پێ گوت: «یاری مێهرەبان، تکایە کەرەم کە و هێندێک وەرە پێشترا» دۆن کیشۆت بەدیتنی ئەو ئیشارانە و بەبیستنی ئەو واژانە سەری وەرگێڕاو لە ژێر تریفەی مانگەشەودا کە ئەو شەوە لە ترۆپکی ڕووناکیدا بوو و لە پشت دەلاقەیەکەوە کە ئەو بەپەنجەرەی مەزەندە دەکرد و تەنانەت میلەکانیشی بەزێڕ دەزانی - چون لەو کاروانسەرایەکە بەبۆچوونی ئەو کاخێکی گەورە وبەشکۆ بوو هەر ئەوە چاوەڕوان دەکرا - دیتی کە بانگی دەکەنە پشت پەنجەرە. پاشان هەر لەو کاتەدا پاڵەوان دەمێشکی شێواوی خۆیدا وای دانا کە کیژی نازدار یانی کچی خاتوونی ئەو کاخە، گرفتاری عەشقی ئەو بووە و ئەوە هاتووە کە ئەوینی خۆی دەگەڵ باس بکا. بەو خەیاڵەوە بۆ ئەوەی بەبێ ئەدەب و ئەمەگ نەناس نەناسرێ، جڵەوی ڕۆسینانتی بادا و بەرەو دەلاقە ڕۆیشتە پێش. دەگەڵ چاوی بەو دوو کچە جوانە کەوت گوتی: «ئەی خاتوونی نازدار دڵم بەحاڵت دەسووتێ کە بۆچی چاوی دڵداریت بڕیوەتە جێگایەک کە ناتوانی جوابێکی باش ئەو جۆرەی کە شایانی جوانی و جەماڵی ئێوە بێ وەربگرییەوە. بەڵام ئێوە نابێ تاوانی ئەم بێ مرادییەی خۆتان بخەنە سەر ملی ئەم پاڵەوانە سەرگەردانە بێ ئەنوایە کە ناتوانێ چەکی خۆی و ئەوینی خۆی بێجگە لەو خاتوونەی کە لە یەکەم دیداردا بووەتە شاژنی بێ ڕەقیب و تاقانەی دڵ وگیانی ئەو بەکەسێکی تر پێشکەش بکا. کەوابوو ئەی کیژی مێهرەبان لێم ببوورە و بێ ئەوە زۆرتر ئەوین و خۆشەویستیی خۆت بەرانبەر بەمن دەر ببڕی بگەڕێوە عیمارەتی خۆت و ئەگەر ئەو خۆشەویستییەی بۆ من کەوتووەتە دڵت بۆ خزمەتێکی دیکە بێجگە لە ئەوین بێ، بیفەرموو. من بەگیانی ئەو دوژمنە بێ ڕەزایەی(*) کە ئێستا بۆی دەگریم سوێند دەخۆم کە ئەگەر تەنانەت تاڵێک لە پرچەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«مـێـدۆز»[٢٥٧] تان لێم بوێ کـە هەمـووی مـاری ژەهراوین، یا لەمـنتـان بوێ کـە پرشنگـی تیشکەکانی ڕۆژ بخـەمـە ناو شووشـەیەکەوە، بێ ڕاوەسـتـان ئەمری ئێوە بەجێ دێنم. مـاری تۆڕن گـوتی: «خێر، قـوربان، خـاتوونی من هیچ کـام لەوانەی پێویـست نییـە» . دۆن کـیشـۆت گوتی: باشە ئەی نەدیمەی بەڕێزی ڕازداری خاتوون، ئەدی خـاتوونی تۆ چیی دەوێ؟» ماری تۆڕن گـوتی: خـاتوونی من تەنیا یـەکێک لە دەسـتـە جـوانەکـانی ئێوەی دەوێ تاکـو تاسـە و سـۆزی بێ پایانی خـۆی پێ دامـرکێنـێ. ئەو تاسـەیەی کە ئەوی دەگـەڵ مـەترسـیی ئابڕوو چوون کێشـاوەتە پشت ئـەم پەنجـەرەیە. چون ئەگـەر باوکی بەو کـارە بزانـێ وەهای لەتوپەت دەکا کـە کـوتی گـەورەی گـوێچکەی بێ! دۆن کـیـشـۆت گـوتی: دڵـم دەیەویست شـتـێکی ئاوا ببـینم، بەڵام ئامـان، با ئەو کـارە نەکا و ئەندامی زەریفی کـچی خـۆی ئازار نەدا، دەنا دوا ڕۆژێکی وەهـا تاڵی دەبێ کـە هیچ باوکـێک لەو جـیـهـانەدا نەیدیتـبێ.» مـاری تۆڕن بەلای خۆیەوە فکری کردەوە کە دۆن کیشۆت بێ هیچ گومانێک دەستی خۆی وەک لێیان ویستبوو درێژ دەکا. لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی بزانێ دەگەڵ ئەو دەستـە چ بکا فکرێکی کـردەوە و لە پشت دەلاقـەکـەدا واوە چوو. ڕۆیشـتـە تەویلە و هەوسـاری کـەری سـانکـۆی هەڵگرت؛ پاشـان بەپەڵە بەپلیکانەکـاندا هـاتەوە، عەمـباری سـەروو، دروست لەو کاتەدا دۆن کـیشـۆت هـەر دووک لاقی خـۆی لـەسـەر پشـتـی ڕۆسـینانت دانابوو، ڕاست ڕاوەسـتـابوو تا بـتـوانێ دەسـتـی خـۆی بگەیەنێتە عـاستی ئەو دەلاقـەیە یا پەنجـەرەی میلەداری کـاخ کە لەپشـتـیـەوە، کـیژی دڵشکاو ڕاوەسـتـابـوو. لە حـاڵێکدا دەسـتی خـۆی بۆ خـاتوونی ئەو بەری پەنجـەرە دەبردە پێش گـوتـی: «بیگرە خـاتوون، بیگرە! ئەوەش دەستی من کە جـەللادی پیاوخـراپانـە. دەڵێم فـەرموو بگرە ئەو دەستەی کە هـەرگیز دەستی هیچ ژنێک، تەنانەت دەستی دلبەری خۆشەویستم کە گیان و لەشـمی دەژێر دەسەڵاتی خـۆی ناوە، وێی نەکەوتـووە. من ئەو دەسـتـە بۆ ئەوە نانێرمـە لای تۆ کـە ماچی بکەی، بـەڵکو دەمەوێ چاو لە دەمـاری هـەسـتـاو و ڕەگی ئەسـتـوور و ماسـوولکە تێکەوە پێچـراوەکـانی بکەی و لەوێوە تێ بگەی کە زۆری ئەو باسکەی ئەو دەسـتـەی لێ ڕواوە مـەزەندە بکەی. مـاری تـۆڕن لە حـاڵێکدا گرێ قـوڵفـەیەکی لـە هەوسـاری کـەری سـانکۆ دەدا گوتـی: «با بزانین! و ئەوجار هەوسـارەکەی لە دەسـتـی دۆن کیشۆت بەست و پاشـان لەپشت دەلاقە دوور کەوتەوە و سەری تری هەوسـاری لە ئاڵقەی دەرگاکە گرێ دا.

٢٥٧- Méduse یەکێک لە پەرییە پرچ زێڕینەکان بوو کە خودای عەقڵ لێی تووڕە بوو پرچەکانی پێ کردە تاو و سەرەنجام بەدەست «پێرسە» قارەمانی یۆنان کوژرا. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

دۆن کیشۆت گوشاری تەنافی لەسەر دەستی خۆی هەست پێ کرد و گوتی: «وای تێ دەگەم حەزرەتی خاتوون بەجێی ئەوەی دەستی من بلاوێنێتەوە خەریکە دای دەڕووشێنێ. تکایە دەگەڵ ئەو دەستە ئاوا بێ ڕوحمی مەکە، چون گوناهی بێ مەیلیی من بەبەڕێزتان بەئەستۆی دەستم نییە و بێجگە لەوەش ڕەوا نییە کە ئێوە تۆڵەی ئەو هەموو ڕقەتان لە ئەندامێکی چووکەی لەشی من بکەنەوە. لە لایەکی تریشەوە ئاگادرا بن کە هەر کەس خۆشەویستی بنوێنێ ئاوا بەرقەوە تۆڵە ناستێنێتەوە.» بەڵام کەس لە پشت دەربیچەکە نەبوو تا گوێی لەو قسانەی دۆن کیشۆت بێ، چون ماری تۆڕن کاتێک دەستی پاڵەوانی بەست دەگەڵ کچی ژنی کاروانسەرادار، لە حاڵێکدا خەریک بوون لەبەر پێکەنین ببچکرێن، لەوێ ڕۆیشتن و وەهایان پاڵەوان دەداو خستبوو کە بۆی نەکرا خۆی ڕزگار بکا. کەوابوو وەک گوتمان، دۆن کیشۆت لەسەر پشتی ڕۆسینانت ڕاست ڕاوەستابوو و دەستی بەدەلاقەدا چووبووە ژوور و لە جومگەوە بەتەناف لە ئاڵقەی دەرگا بەسترا بووەوە و زۆر دەترسا کە مەبادا بارگین بۆ ئەم لاو ئەو لا بڕواو و ئەوبەباسکیەوە لە هەوادا بەهەڵاوەسرای بمێنێتەوە. هەروەها خۆیشی نەیدەوێرا لەجێی خۆی ببزوێ، هەر چەند ئەهوەنی و لەسەرەخۆیی ڕۆسینانت مزگێنی دەدایە کە حەیوان تا سەد ساڵی تریش لە جێی خۆی نابزوێ!

ئاخری کاتێک دۆن کیشۆت دەستی خۆی بەبەستراوی دیت و زانیی کە خاتوونەکان ڕۆیشتوون کەوتە ئەم خەیاڵە کە ئەم گشتە، وەک جاری پێشوو کە عەرەبەقەتارچییە جادووگەرەکە لێدانێکی زۆری لێ دابوو بەهۆی سیحر و جادووگەری بەسەری هاتووە. ئەوە بوو کە لەبەر خۆیەوە لۆمەی بێ فکری و بێ تێبینیی خۆی دەکرد و لەعنەتی بۆ خۆی دەنارد کە بۆچی پاش ئەوەی جاری یەکەم لە ئەزموونەکانی ئەم کۆشکە زۆر خراپ دەرچووبوو، دیسان گەڕاوەتەو ئێرە و خۆی دەمەترسی هاویشتووە: لە حاڵێکدا لە نێو پاڵەوانانی سەرگەردان وا ڕەسمە کاتێک لە ڕووداوێکدا خۆیان تاقی کردەوە و لە عۆدە نەهاتنە دەر، ئەوە خۆی نیشانەی ئەوەیە کە قورعەی فاڵ بەناوی ئەوان لێ نەدراوە، بەڵکو بۆ پاڵەوانێکی تر بەویستی تەقدیر، داندراوە؛ لەمەو دوا ئیتر بەهیچ کلۆجێک ئیزنیان پێ نادرێ کە دیسان و بۆ جاری دووەم خۆیان تاقی بکەنەوە. بەهەرحاڵ دۆن کیشۆت باسکی خۆی ڕادەکێشا تا بتوانێ دەستی بکاتەوە. بەڵام گرێ پووچکەیەکی وای لێ درابوو کە تەواوی تەلاش و حەول و دەولەکانی بێ سوود بوون. دۆن کیشۆت لە ترسی ئەوەی ڕۆسینانت لە ژێر پێی واوە بچێ، زۆر بەئەسپایی و بەئیحتیات دەستی خۆی ڕادەکێشا، بەڵام لەسەر ئەو هەموو

کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕابەری
www.rabari.org



ئیشتیایە کە بۆ دانیشتن لەسەر ماڵی زین هەیبوو، دەبووایە هەروا بەپێوە بمێنێتەوە یا دەستی خۆی لە بنەوەڕا هەڵکەنێ. لەو کاتەدا بوو کە ئارەزووی شمشیری «ئامادیسی گۆلی» کرد کە هیچ سیحر و جادوویەک کاری لێ نەدەکرد: لەو کاتەدا کە نەفرینی بۆ بەختی ڕەشی خۆی دەنارد، خەسارێکی کە دەنەبوونی ئەودا وەدنیا دەکەوت، بەهەموو لایەنەکانییەوە بەراورد کرد؛ چون بەڕاستی پێی وابوو کە جادوو کراوە، لەو کاتەدا بوو کە زۆرتر لە هەمیشە کەوتە یادی دلبەری نازەنینی دۆلسینە دۆتۆبۆزۆ و مەیتەری مێهرەبانی خۆی سانکۆ پانزای بەدەنگی بڵند بانگ دەکرد کە لەو ساتو کاتەدا لەسەر کورتانی کەرەکەی وەهای خەوی لێ کەوتبوو کە بەدەنگی دەهۆڵ و زۆڕناش وەخەبەر نەدەهات. لەو کاتەدا بوو کە «ئەلکیف» ALquife و «لیرگاندێی»Liryan dee ی حەکیمی بۆ یارمەتی بانگ کرد و لە «ئورگاند» ی uryonde دۆستی خۆشەویستی خۆی تکا دەکرد کە بەهاواری بگا و ڕزگاری بکا. سەرەنجام ڕۆژ بووەوە و دۆن کیشۆتی شەرمەندە و ناهومێد، لە حاڵێکدا غافڵگیر کرد کە وەک گا دە ببۆڕاند و هیوایەکی نەبوو بەوەی کە هەڵاتنی ڕۆژ دەردی ئەو دەرمان بکا.: ئەو دەردەی کە بەڕای ئەو جادووگەری بوو و فکری دەکردەوە کە ئەبەدی دەبێ. شتێکی کە بەتایبەت، ئەوی بەو فکرەوە بەستبووەوە ئەوە بوو کە دەیدیت ڕۆسینانتیش لە جێی خۆی نابزوێ، بەو هۆیەوە وای بۆ دەچوو کە خۆی و ئەسپەکەی بێ خواردن و بێ ئاو و خۆراک هەر بەو حاڵە دەمێنینەوە تا زەمانێک کار تێکردنی ئەو ئەستێرە نەحسە ڕابرێ یا جادووگەرێکی زاناتر تەلیسم و ئەفسوونی ئەو بەتاڵ بکا.

بەڵام ئەو لەو گومانەدا بەهەڵە چووبوو، چون لە ڕاستیدا ڕۆژ تازە دەهات هەڵێ کە چوار سوار گەیشتنە بەر دەرگای کاروانسەرا و هەر چواریان سەروبەرێکی ڕێکوپێکیان هەبوو، تفەنگی سەرپڕیشیان بەقەڵپووزی زینەکانیانەوە هەڵواسیبوو. سوارەکان دەرگای کاروانسەرایان کە هێشتا نەکرابووەوە بەتوندی کوتا، بەڵام دۆن کیشۆت کە لەو حاڵەتەشدا هەر خۆی بەپارێزەر و کێشچکی قەڵا دەزانی کاتێک ئەوانی دیت بەدەنگی بڵیند و بەسووکایەتی پێکردنێکەوە گوتی: «ئەی پاڵەوانان، یا مەیتەران یا هەر چییەکی کە هەن، ئێوە بیهوودە دەروازەکانی ئەو قەڵایە دەکوتن، چون ئاشکرایە کە لەم کات و ساتەدا هەموو دانیشتووانی قەڵا دەخەو دان. بێجگە لەوەش ڕەسم وانییە تا ڕۆژ تیشکی خۆی نەخستووەتە سەر تەواوەتی پانتایی زەوی، دەرگای برج و قەڵایەک بۆ کەسێک بکرێتەوە. ئێوە هێندێک دوور کەونەوە و سەبر بگرن تا ڕۆژ دەبێتەوە، ئەودەم چاو لێ دەکەین بزانین دەرگا کردنەوە بەڕووی ئێوەدا بەمەسڵەحەتە یا نا. یەکێک لە سوارەکان گوتی: ئێرە کوێی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

قەڵا یا کاخ و قەسرە کە ئەو هەموو ڕێگا وشوێنەمان وەبەر دەنێی؟ ئەگەر خاوەنی موسافیر خانە تۆی بڵێ دەرگامان بو بکەنەوە! ئێمە موسافرین و بێجگە لە کا و جۆ وتفاق بۆ ئەسپەکانمان شتێکی ترمان ناوێ، تا بتوانین درێژە بەڕۆیشتن بدەین. چون زۆر بەپەلەین. دۆن کیشۆت گوتی: ئەی پاڵەوان ئایا بەرای ئێوە من وە موسافیرەخانەچی دەچم؟ سوار کار گوتی: من نازانم تۆ قیافە و سەرو شکڵت وەچی یا وەکی دەچێ، بەڵام لەوەڕا کە بەکاروانسەرا دەڵێی قەڵا، دیارە کە بۆ خۆشت نازانی چ دەڵێی. دۆن کیشۆت گوتی ئێرە قەڵایە و لە باشترین قەڵاکانی ئەم وڵاتەشە و هەر ئێستا لە نێو ئەم قەڵایەدا کەسێکی وەها بەڕێز هەیە کە عەسای پاشایی لە دەست و تاجی سەلتەتی لەسەردایە. موسافیر جوابی داوە: باشتر بوو بڵێی، عەسای شاهی لەسەر وتاجی سەلتەنەتی بەدەستەوەیە، بێگومان ئەگەر بمانەوێ قسەکەت دەکۆلکە(*) بکەین مەبەستت ئەوەیە کە لێرە دەستەیەک کایەکەری تەماشا خانەی لێ هەیە کە لەم چەشنە عەسا و تابخانەیان پێ هەیە کە تۆ دەڵێی؛ چون لە کاروانسەرایەکی فەقیرانەی وەک ئێرە و لە شوێنێک کە بێدەنگییەکی ئەوتۆ بەسەریدا زاڵە؛ باوەڕ ناکەم کەسانێک بەتانجی پاشایەتی و عەسای سەلتەنەتییەوە بمێننەوە. دۆن کیشۆت گوتی: «ئێوە لە کاروباری ئەو دنیایە زۆرتان سەر دەرناچێ، چون لە ڕووداوەکانی دنیای پاڵەوانانی سەرگەردان بێ خەبەرن.» بەڵام هاوسەفەرانی ئەو پیاوەی کە دەگەڵ دۆن کیشۆت خەریکی دەمەقاڵە بوون، حەوسەلەو تاقەتیان نەما و وێکرا وەرگەڕانە دەرگای موسافیرخانە و کوتایان بەجۆرێک کە کاروانسەرادار و تەواوی دانیشتووانی کاروانسەرا وەخەبەر هاتن و کاروانسەرادار لەجێی خۆی هەستا تا بپرسێ کێیە کە دەرگا دەکوتێ.

ئەزقەزا لەم ساتەدا یەکێک لە ئەسپەکانی ئەم چوار سوارە بۆ لای ڕۆسینانت چوو و بۆنی بەو حەیوانە داماوەوە کرد کە لە جێی خۆی ڕاوەستابوو و گوێی شوڕ کرد بووەوە و خاوەنە کز و لاوازە و درێژەکەی لەسەر پشتی خۆی ڕاگرتبوو؛ وە چون، هەرچی بێ، ڕۆسینانت، باوەکو وێ دەچوو کە لە چێو دروست کراوە لە گۆشت بوو، نەیویست وەدوا بکەوێ و ئەویش بۆنی بەئەسپەکەی ترەوە کرد. بەڵام دەگەڵ ئەوەی تەکانی خوارد هەر دووک پای دۆن کیشۆت لەسەر زین هەڵخلیسکا و ئەگەر تەنافەکەی دەستی نەبووایە زرم وە عەرزی دەکەوت.

داخزانی ئەو لە پشت ئەسپەکەوە دەگەڵ دەرد و ئازارێکی وەها تێکەڵ بوو کە پێی وابوو یا جومگەی دەبڕنەوە یا باسکی لە شەپیلکی شانی دەکەنەوە. لە ڕاستیدا پێیەکانی ئەوەندە لە زەوی نزیک بووبوونەوە کە دەیتوانی سەری پەنجەکانی پای بگەیەنێتە ئەو گیایانەی لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وێ شێن بووبوونەوە. وە ئەوە بەزیانی ئەو بوو، چون کەم بوونی ئەو مەودایە تازەوی ئەوی هان دەدا کە بەهەموو هێزە وە بەدەنی خۆی بکێشێ و خۆی عەزاب و ئازار بدا، بەڵکو بتوانێ پای بگەیەنێتە زەوی. بەمجۆرە ئەۆ بێچارانەی کە بۆ ئەشکەنجەدان بەتەناف[٢٥٨] هەڵداوەسرێن، بەهیوای ئەوەی دەتوانن بەتەلاش و تەقالا پای خۆیان بگەیەننە زەوی؛ بێهوودە بەدەنی خۆیان دەکێشن و ئازاری لەشی خۆیان زۆرتر دەکەن.

٢٥٨- ئەشکەنجە بەتەناف Poulie بەم جۆرە بوو کە مەحکوومەکەیان لە جومگەی دەستەوە بەتەناف هەڵدەواسی و پای نزیک بەزەوی بوون و وەزنەیەکی سەد لیوریشیان بەپێیەکانییەوە هەڵدەواسی. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤٤

## درێژەی ڕووداوگەلی سەیر و سەمەرەی کاروانسەرا

سەرەنجام بەهۆی نەعرەتە گوێ پچڕێنەکانی دۆن کیشۆتەوە کاروانسەرادار بەهەڕەمە دەرگای کاروانسەرای کردەوە و بەترس و لەرزەوە دەرپەڕی تا بزانێ کێیە ئەو هاوارانە دەکا. ماری تۆرن کە بەهۆی ئەم هەرا و هاوارانەوە ئەویش لە خەو ڕاپەڕیبوو، چون دەسبەجێ زانیی مەسەلە چییە ڕۆیشتە عەمباری سەرەوە وبێ ئەوەی کەسێک چاوی لێ بێ، هەوساری لە ئاڵقەی دەرگا کردەوە. پاڵەوان لەبەر دەم کاروانسەرادار و موسافیران بەعەرزیدا کەوت و ئەوان هەموو دەوریان دا و لێیان پرسی کە هۆی ئەم داد و هەوارە چییە. دۆن کیشۆت بێ ئەوەی قسەیەک بکا و جوابێک بداتەوە، تەنافی لە جومگەی دەستی کردەوە و لە عەرزی ڕاستەوە بوو، سواری ڕۆسینانت بوو، مەتاڵی بەشانییەوە هەڵواسی و نێزەکەی بەحاڵەتی هێرشبەرانە ڕاگرت و بۆ مەیدان گرتن هێندێک بەرەو دواوە کشاوە. لەوێڕا بەوێرغە هاتە بەرەوە و لەو حاڵەتەدا گوتی: «هەر کەس بڵێ کە من بەحەق جادوو کرابووم بەو مەرجە شادۆت میکۆمیکۆنا ئیجازە بفەرموون قسەکەی بەدرۆ دەخەمەوە و ئەو کەسە بۆ شەڕی تەنبەتەن بانگهێشت دەکەم.» ئەوانەی تازە هاتبوون لەو قسانە واقێکیان بردەوە، بەڵام کاروانسەرادار بەناساندنی دۆن کیشۆت بەهەراوی، ئەوانی لە سەرسوڕماوی دەر هێنا و بیری خستنەوە کە گوێ نەدەنە قسەکانی چون ئەو عەقڵی پەرێشانە و زۆر تەواو(*) نییە.

سوارەکان لە کاروانسەراداریان پرسی کە ئایا لاوێکی پازدە شازدە ساڵە، دە جلوبەرگی قەتارچییاندا کە قەد و قەوارەیەکی ئەوها و سەر و پۆتەراکێکی لەو حاڵەی لەو ڕەنگەی هەیە، نەهاتۆتە ئەم کاروانسەرایە. کاروانسەرادار لە جوابدا گوتی کە موسافیر ئەوەندە زۆرە کە ئەو سەرنجی نەداوەتە سەر و شکڵی ئەوان و لاوێکی لەم چەشنەی نەدیوە، بەڵام یەکێک لە سوارەکان دەگەڵ چاوی بەکەژاوەی دیوانبەگی کەوت هاواری کرد: شکی تێدا نییە ئەوەی ئێمە لێی دەگەڕێین لێرەیە، چون ئەوە هەمان کەژاوەیە کە لاوی ئێمە بەدوایدا هاتووە. وا باشە یەکێک لە ئێمە لەبەر دەرگا بمێنێتەوە و ئەوانی تر بڕۆن لە ناو کاروانسەرا بەدوایدا بگەڕێن. هەروەها یەکیشمان بەدەوری کاروانسەرا بسووڕێتەوە، نە وەک لاوەکەمان بەسەر دیوارێکدا خۆی دەرباز بکا.»

کتێبخانەی ڕەبەری دیجیتاڵی
www.rabari.org



یەکێک لە سوارەکان گوتی: «دەبێ هەر وا بکەین» و لە کاتێکدا دوو کەسیان بۆ گەڕان چوونە ناو کاروانسەرا یەک لەبەر دەرگا ڕاوەستا و ئەوی تر بەدەوری کاروانسەرادا دەستی کرد بەخولانەوە. کاروانسەرادار تەواوی ئەو ڕووداوەی خستبووە ژێر چاوەدێری خۆی و هەر چەند باوەڕی کردبوو کە ئەوانە بەدوای لاوێکدا دەگەڕێن بەڵام نەیدەزانی مەبەستیان لەو کارانە چییە.

لەو کاتەدا وردە وردە ڕۆژ دەبووەوە و لە داهاتنی ڕۆژ و لەو هەراهەرایەی کە دۆن کیشۆت وەڕێی خستبوو تەواوی دانیشتووانی کاروانسەرا وەخەبەر هاتبوون؛ بەتایبەتی «دۆناکلارا» و دووررووتە، کە یەکیان لەبەر هەیەجانی دەروونی خۆی و ئەوەی کە ئەویندارەکەی هێندەی لێ نزیکە و ئەوی تر لە ئیشتیای چاو پێکەوتنی ئەو لاوە نەیانتوانیبوو لە تەواوی ئەو شەوەدا چاو لەسەر یەک دابنێن. دۆن کیشۆت چون دیتی کەس ئاوری وێ نادا و تەنانەت جوابی «کێ پیاوە بێتە پێشێ»(*) کەی نادەنەوە لە توورەیی و نەفرەتدا خەریک بوو دەخنکا، وە بەیەقین ئەگەر ڕێگایەکی دۆزیباوە کە یاسا و ڕێسای پاڵەوانەتی بخاتە پشتگوێ و قەولێکی کە بەشازادە خانم میکۆمیکۆنای دابوو کە تا کاری ئەو جێبەجێ نەکا، نابێ خۆی دە هیچ ڕووداوێک وەربدا، هێرشی دەبردە سەر هەموویان و بیانویستبا و نەیانویستبا وە قسەی دێنان. بەڵام چون بەلایەوە ناپەسند بوو کە پێش گەیاندنەوەی شازادە خانم میکۆمیکۆنا بەتەختی سەلتەنەت، خۆی دە ڕووداوێکی تازە وەربدا، ناچار بێدەنگەی لێ کرد و لە چاوەڕوانیی ئەوەدا کە بزانێ کارەکانی موسافیران بەکوێ دەگا دەستی لەسەر دەستی دانا.

یەکێک لە سوارەکان، ئەو لاوەی کە بەدوایدا دەگەڕا دۆزییەوە کە لە تەنیشت کورێژگەیەکی قەتارچی خەوی لێ کەوتبوو و هیچ ئاگای لەوە نەبوو کە بەدوایدا دەگەڕێن و فکری نەدەکردەوە کە دەیدۆزنەوە. کابرا باسکی ڕاوەشاند و گوتی: «ئاه ئەی «سینیۆردۆن لوویی» seinynore don Luis ئەو جلوبەرگەی دەبەرتدایە سەیر دەگاڵ کەسایەتیی تۆ دێتەوە و ئەو جێوبانەی تێدا خەوتووی سەیر دەگاڵ ئەو نازو قەدر و ڕێزەی دایکت بۆی دادەنای یەکتر دەگرنەوە!» لاو چاوەکانی خۆی هەڵگلۆفی و کاتێک بەوردی لە کابرا خورد(*) بووەوە، زوو ناسییەوە کە ئەوە یەکێک لە نۆکەرەکانی باوکیەتی. ئەم چاو پێکەوتنە ئەوەندەی سەر لێ شێواند کە تا چەند ساتێک نەیتوانیی وەڵام بداتەوە. نۆکەر درێژەی بەقسەی خۆی دا «سینیۆر دۆن لوویی، ئەگەر ناتەوێ باوکی بەڕێزت لە دووریی تو دیق بکا و کۆچبار بێ، تکایە خۆت بەدەستەوە بدەوە و دەگەڵمان کەوە بچینەوە ماڵی خۆتان، چون ئەوەندە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabat.org

پەرێشـان و نارەحـەتە کە هـەر دەم دەبێ چاوەڕوانـی وەها ڕووداوێک بین. دۆن لوویی پرسی: بەڵام پێم بڵێ بزانم بـاوکم لـە کـوێی زانیــوە من بەم ڕێگایەدا هاتووم و ئەم جلوبەرگـەم پۆشیوە؟ نۆکەر گوتی: یەکێک لە خوێندکاران کە تۆ باسی پلانەکەی خۆتت بۆ کردبوو، کاتێک دەبینێ باوکت ئەوەندە پەرێشـانە زگی پێی دەسـووتێ و قسـەکانی بۆ گێڕا بووەوە. باوکت بێ ڕاوەسـتـان چوار کـەس لە نۆکـەرانی خـۆی بەدوای تۆدا نـارد و ئێـسـتـا هـەر چوارمـان دە خـزمـەت تـۆدا ئامـادەین و لەوەی ئەو کـارە باشـە ئەنجـام دەدەین و جـەنابت دەبەینەوە خزمەت کەسێک کە ئەوەندی خۆش دەوێی، ئەوەندە خۆشحـاڵین کە باسی ناکرێ. دۆن لوویی گـوتی: وا دەکـەم کە خـۆم دەمـەوێ یا وا دەبێ کـە خـودا دەیەوێ. نۆکـەر گـوتی: بێجگە لەوەی ڕازی بی دەگـەڵمـان بگەڕێیتـەوە دڵخـوازی ئێوە دەتوانێ چی بێ؟ یا خـودا شتێکی تر ئیرادە دەفەرموێ؟ بێجگە لەوە هەر کارێکی تر ناوومکینە؟»

کوڕە قەتارچی کە دۆن لوویی لە تەنیشـتی خـەوتبوو تەواوی ئەم وتووێژەی گوێ لێ بوو و لە جێی خـۆی هـەسـتـا و ڕۆیشـتـە لای دۆن فـێرنان و کـاردینیۆ و ئەوانی تر کە تازە خـۆیان کۆک کرد بووەوە و تەواوی قسەکانی بۆ گێڕانەوە. کوڕێژگە پێی گوتن کە ئەو پیاوە لاوەکەی بەلەقـەبی «دۆن» بانگ دەکـرد و پێی چەقـاند(*) بوو کـە دەگـەڵیـان بگەڕێتـەوە و کـوڕەکـەش نەیدەویست ئەو کارە بکا. هـەمـوو ئەوانەی لەوێ بوون بەبیـسـتـنی ئەو هـەواڵە و ئاگاداری لە دەنگ خـۆشـی و هونەرمـەندیی کـوڕەکە عەلاقـەیان پەیدا کـرد کـە بەوردی بزانن کێـیـە و چ کەسـە و تەنانـەت ئەگـەر بزانن زۆری لێ دەکەن لایەنگری لێ بکەن و لەسەری بکەنەوە. لەبەر ئەوە هـەمـوویان بەرەو ئەو شـوێنە کە لاو دەگـەڵ نۆکـەری خـۆی خـەریکی دەمـەقـاڵە و گـوت و بێژ بوون وەڕێ کەوتن.

لەو کـاتەدا دووروونە لـە ژووری خـۆی هـاتە دەر و دۆناکـلاراش بەحـاڵێکی پەرێشــانەوە بەدوویەوە بوو. دووروونە کـاردینیۆی کێشـا سـووچێک و داسـتـانی ئەویندارییی دەنگخـۆشی لاو و دۆنا کلارای بەکورتی بۆ گێڕاوە. کـاردینیۆش لە نۆرەی خۆیدا هـاتنی نۆکـەرەکانی ئەو لاوەی بەدووروونە خـەبەردا و بەدەنگێکی وەها بڵێندیشی پێگوت کە دۆنا کـلاراش گـوێی لێ بوو، هـەر ئەوە، کـیـژی وەها هـەژاند کـە ئەگـەر دووروونـە نەیگـرتبـا بەعـەرزیدا دەکـەوت. کـاردینیـۆ بەدووروونـەی گـوت بـاشـتـر ئەوەیە کـلارا بەرێتـەوە ژووری خـۆی و گـوتی خـۆی کارەکان بەباشترین شێوە جێبەجێ دەکا و ئەو دوو خاتوونە گەڕانەوە شوێنی خۆیان.

لە هەمـان کاتدا چوار سـوارەکان هاتبـوونە ژووری کاروانسـەرا و دەوری لاویان گرتبـوو و داوایان لێ دەکـرد هـەرچی زووترە دەگـەڵیـان وەڕێ کـەوێ و بۆ سـوکنـایـی دڵی بـاوکـی

کتێبخانەی ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

بگەڕێتەوە ماڵی خۆی. لاو جوابی داوە تا ئەوکارەی کە گیان و دڵ و ئابڕووی ئەوی پێوە بەسراوەتەوە جێبەجێ نەکا، بەهیچ کلۆجێک ناتوانێ دەگەڵیان ڕێک بکەوێ. ئەوجار نۆکەرەکان زۆرتر پێیان چەقاند و گوتیان کە بێ ئەو ناچنەوە و ئەگەر هەر ڕەگەڵیان نەکەوێ ناچارن بەزوریش بێ هەر بیبەنەوە. دۆن لوویی گوتی: مەحاڵە، ئێوە تەنیا دەتوانن جەنازەی من بەرنەوە، چون بەهەر جۆر بتانەوی ببمەنەوە، بەهەر حاڵ بەزیندوویی نامبەنەوە.» لەو کاتەدا دۆن فێرنان و کاردینیۆ و دیوانبەگی و دۆن کیشۆت کە چی تر کێشککێشانی دەوری قەڵای بەپێویست نەدەزانی، هەموویان بەزەنا زەنای دۆن لوویی و نۆکەرەکانی داوەرووکابوون. کاردینیۆ کە پێشەکی لە زبان کوڕە قەتارچییەکەوە لە مەسەلە ئاگادار بووبووەوە ڕووی دە نۆکەران کرد و گوتی کە بەچ دەلیل دەیانەوێ دۆن لوویی بەزۆر بەرنەوە. یەکێک لە نۆکەرەکانی گوتی: «لەبەر ئەوەی ژیانی باوکی ئەم نەجیب زادەیە لە دووری ئەم کوڕە دەگەڵ مەترسیی مەرگ ڕووبەڕوو بووەتەوە، بدەینەوە بەخۆی.» دۆن لوویی گوتی: بێ سوودە، ئەگەر من گوزارشتێک لە کاری خۆم بدەم. من ئازادم و ئەگەر خۆم بمەوێ دەڕۆم و ئەگەر نەمەوێ هیچ کام لە ئێوە ناتوانن بەزۆر بمبەن. پیاوەکە جوابی داوە: عەقڵ پێت دەڵێ کە دەبێ بگەڕێیتەوە و ئەگەر ئەو دەلیلە بۆ ڕازی کردنی بەرێزتان بەس نەبێ، بۆ ئێمە بەسە و ناچارین ئەو کارەی بۆ ئەنجامدانی هاتووینە ئێرە، بیکەین، چون وەک ئەرکێک بۆ ئێمە دیاری کراوە، لێرەدا دیوانبەگی کەوتە نێوانی(*) و گوتی: واباشە دەپێشدا بزانین ماکی مەتڵەب چییە! بەڵام کابرا کە دیوانبەگی ناسییەوە و زانیی هەمان هاوساکەی ئەربابیەتی دەسبەجێ لە جوابدا گوتی: «مەگەر ئەی جەنابی دیوانبەگی، بەرێزتان ئەم نەجیب زادەیە ناناسن؟ ئەو کوڕێ جیرانی ئێوەیە کە دەو جلوبەرگەدا کە هیچ لە پلەوپایە و ئەسڵ و نەسەبی ئەو ناکاڵێتەوە لە ماڵی باوکی دەرباز بووە!» ئەوجار دیوانبەگی زۆر بەوردی دەسەر وسیمای کوڕەی هەڵڕوانی و کاتێک ناسییەوە دەباوەشی گرت و گوتی: سینیۆر دۆ لوویی ئەم منداڵ بازارییە چییە و چ هۆکارێکی گرینگ وای لێ کردووی ئەم جلوبەرگە کە هیچ شایستەی شان و شکۆی ئێوە نییە و بەم سەر و وەزعەوە بکەویتە ڕێ؟» لاو هەستی کرد کە فرمێسک دەچاوی دەگەڕێ و نەیتوانی بەیەک واژەش جوابی دیوانبەگی بداتەوە. ئەمەشیان ڕووی دە نۆکەران کرد و ئەمری کرد ئارام بگرن تا خۆی ئەم کارە جێبەجێ بکا: پاشان دەستی دۆن لوویی گرت و کێشایە لایەک تا بزانێ لەبەر چی ماڵە باوکی خۆی جێ هێشتووە.

لەو کاتەدا کە دیوانبەگی ئەم پرسیارە و چەند پرسیاری تری لەو دەکرد، دەنگی هاوار و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

هاوارێکی زۆر لە دەرکی کاروانسەراوە بەرز بووەوە. ڕوون بووەوە کە دوو کەس لە میوانانی کاروانسەرا کە ئەو شەوە لەوێ مابوونەوە کاتێک دەبینن هەموو ئەوانی تر سەر قاڵن ویستبوویان بێدەنگێکی خۆیان بدزنەوە و پووڵی کاروانسەردار نەدەن. بەڵام کاروانسەرادار کە دەکاری خۆیدا زۆر وریاتر لەوانە بوو کە فێڵی لێ بکرێ، پێشی پێ گرتبوون و دەگەڵ جنێودان و بێ فەزیحەتی داوای پووڵی لێ کردبوون و ئەوەندەی جنێو پێ دابوون کە ئەوانیش لێی وەدەنگ هاتبوون و بەمست و زللە تێیبەر بووبوون و کاروانسەرادار ناچار داوای یارمەتی کرد. ژنی کاروانسەرادار و کچەکەی کەسیان لە دۆن کیشۆت بێکارتر سۆراغ نەکرد. کچەکە پەنای بۆ برد و گوتی: جەنابی پاڵەوان بۆ خاتری ئەو خودایەی کە گەورەیی بەتۆ بەخشیوە بەهاواری باوکم بگە کە دوو پیاوی شەڕوور ئەوە دەیکوتن، دەڵێی لە تەلیسی کا دەدەن!» دۆن کیشۆت بەکاوە خۆ، بێ ئەوەی شلوێ ببێ زۆر لەسەرەخۆ جوابی داوە: «ئەی کیژی نازدار لە حاڵی حازردا ناتوانم جوابی داخوازییەکەت بدەمەوە. چون تا ئەو کارەی بەیەکێکم قەول داوە بەئەنجامی نەگەیەنم، ناتوانم خۆم دە هیچ ڕووداوێک وەربدەم. بەڵام خزمەتێکی کە بۆ تۆ لە دەستم دێ ئەوەیە کە دەستبەجێ بەهەڵاتن خۆت بگەیەنیتە باوکت و پێی بڵێی تا دەتوانێ لەو بەرەنگارییەدا خۆڕاگر و نەبەز بێ و بەهەموو هێزییەو حەول بدا بەسەریدا زاڵ نەبن؛ تا من لەو ماوەیەدا بچمە خزمەت شازادە، میکۆمیکۆنا و ئیزنی لێ وەربگرم لەم هەنگامەیەدا یاریدەی باوکت بدەم؛ ئەگەر ئەو ئیزنم بدا، خاترجەم بە من خۆم دەزانم چۆن باوکت ڕزگار بکەم. ماری تۆڕن کەلەوێ حازر بوو گوتی: وای بەحاڵی منی تاوانبار! بێگومان تا تۆ بچێ ئەم ئیجازەیە وەربگری، ئەربابی من تەشریف دەباتە ئەو دنیا. دۆن کیشۆت گوتی: «باشە خانم! تۆ کارێک بکە کە من ئەو ئیجازەیە وەربگرم، ئەودەم کە وەرم گرت ئیتر ئەوە گرینگ نییە کە ئەو لەو دنیا بێ، چون من بەکوێرایی چاوی ئەم دنیایە، جا با قسەیەکیشی هەبێ، لەو دنیاڕا دەیهێنمەوە یا لانی کەم تۆڵەی لەو کەسانە دەکەمەوە کە ئەویان ناردووەتە ئەو دنیا و کارێک دەکەم کە ئێوە ڕازی بن.» وە دۆن کیشۆت بێ ئەوەی قسەیەکی تر بکا یەکڕاست ڕۆیشتە ژووری دووروەتە و لە بەرپێیدا کەوتە سەر ئەژنۆ. بەدەستە واژە و قسەی تایبەت بەپاڵەوانانی سەرگەردان، تکای کرد کە ئەگەر شازادە خانم ئیزنی لەسەر بێ، ئەو بگاتە هاواری قەڵاپارێزی ئەو قەڵایە کە تووشی موسیبەتێکی گەورە بووە. شازادە خانم لە قووڵایی دڵەوە ئیجازەی پێ دا و ئەوجار دۆن کیشۆت هەڵی کێشا شمشیر و مەتاڵی بەشانییەوە هەڵواسی و بەرەو دەرگای کاروانسەرا دەخۆی نووسا کە هێشتا لە وێ ئەو دوو پیاوە نامەردە خەریکی لێدان

رابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

و تێهەڵدانی کاروانسەرادار بوون. بەڵام دەگەڵ گەیشتە ئەوێ لە نەکاو ڕاوەستا، باوەکو ژنی کاروانسەرادار و ماری تۆڕن لۆمەیان کرد کە لەچی ڕاوەستاوە و لە جێی خۆی بۆچی وشک هەڵاتووە، بێ جووڵە و بزووتنەوە لەسەر جێی خۆی ڕاوەستا. دۆن کیشۆت جوابی داوە «دەپرسن بۆچی وشک هەڵاتووم؟ چون ئیزنم پێ نەدراوە شمشیر لە ڕووی بۆرە پیاوان بکێشم. کەوابوو بڕۆن مەیتەری من سانکۆ بانگ بکەن، چون ئەم تۆڵەو بەرەنگارییە ئیشی ئەوە.»

وەها بوو ئەو ڕووداوانەی لەبەر دەرگای کاروانسەرادار ڕووی دەدا، لەوێ سێلاوی مست و مستە کۆڵە و شەق و زللە و چۆماغ بەسەر کاروانسەراداری چارەڕەشدا دەباری و ماری تۆڕن و ژنی کاروانسەرادار و کچەکەی لە بێلایەنی و لاساریی دۆن کیشۆت و لەوەی ئەرباب و مێرد و باوکی ئەوان چارەگە سەعاتێک لە خراپترین حاڵدا مایەوە زۆر تووڕە و دەهری بوون. بەڵام با ئێمە ئەو لەو حاڵەدا بەجێ بێڵین و تێپەڕ بین، چون بێگومان کەسێک هەر دەبێ، بگاتە هاواری، دەنا چاوی ئەو کەسە با کوێر بێ کە دەگەڵ بەهێزتر لە خۆی بەرەنگاو دەبێ، وەها کەسێک باشترە ئازار بکێشێ و چاوی دەربێ و فزەی(*) لێ نەیا. ئێستا پەنجا هەنگاوێک دەکشێینەوە دواوە با بزانین کاتێک دیوانبەگی دۆن لوویی واوە برد و لێی پرسی بۆچی دەو جلوبەرگە شڕودڕەدا و بەپێی پیادە ئەو سەفەرەی کردووە ئەو چیی جواب داوە. کوڕی جحێڵ وەک سەد کێوی غەمی لە دڵی بار بێ، دەستی دیوانبەگیی بەقەو لە دەستی خۆیدا ڕێک گوشی و سێلاوی ئەسرینی لە چاوان هەڵڕشت و ئاوای جواب داوە:

«من بێجگە لەوە ناتوانم شتێک بەئێوەی بەڕێز عەرز بکەم کە لەو ڕۆژەوە خوداوەند مقەدەری فەرموو ببینە جیرانی ئێوە و چاوم بەجەماڵی «دۆناکلارا» بکەوێ کە کچی ئێوە و خاتوونی دڵی منە، من ئەو کیژە بکەمە خاوەنی ئیرادە و ئیختیاری خۆم و ئەگەر ئیرادەی بەڕێزتان کە باوکی ڕاستەقینەی منی و ئیختیاری سەروماڵی منت هەیە، کۆسپێک نەخەیتە سەر ڕێمان هەر لە ئێستاوە ئەو دەبێتە هاوسەر و خێزانی من. من ماڵە بابی خۆم لەبەر خاتری ئەو بەجێ هێشتووە و بەخاتری ئەو ئەو بەرگەم پۆشیوە، تا وەک تیرێک کە بەرەو نیشانە دەڕوا، یا وەک کەشتیوانێک کە شوێنی ئەستێرەی قوتبی دەگرێ، بۆ هەر شوێنێک ئەو دەچێ منیش بچم. دۆناکلارا خۆی، لە ئەوینی من، بێجگە لەو فرمێسکانەی کە لە دوورەوە بۆم داباراندووە و ئەویان لە حاڵی من بەئاگا هێناوە، شتێکی تر نازانێ. تۆ ئەی مەولای من لە سامان و دەوڵەت و ڕەسەنایەتیی باوک و دایکم ئاگاداری و دەزانی کە من تەنیا میراتگری ئەو خانەدانەم. ئێستا ئەگەر ئەم سەرەتییانە(*) بەڕای ئێوە بەشی ئەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

دەکەن تا بەبەختەوەری من ڕازی بن، هەر لە ئێستاوە من بەکوڕی خۆت دابنێ و بەنۆکەری خۆتانم قبوول بکەن. وە ئەگەر باوکم لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە بەو بەختەوەرییە کە من بۆ خۆمم وەدەست هێناوە ڕازی و خۆشحاڵ نەبێ باکم نییە، چون زەمەن بەهەمان ئەندازە کە دەتوانێ شتەکانی ئەم جیهانە بگۆڕێ، دەشتوانی ئیرادە و خوازی پیاوانیش ئاڵوگۆڕ پێ بدا.»

پاش ئەو قسانە لاو کڕوکپ، بێدەنگ بوو، دیوانبەگی مات و واق وڕماو لەوێ ڕاوەستابوو. چون سەرسوڕمانی لەوەی کە ئەو لاوە ڕازی دڵی خۆی بەم شێوەیە جوان و کاریگەرانە بەیان کرد، کەمتر لەو حەیرانی و واق وڕمانە نەبوو کە لەسەر بابەتێکی ئاوا گرینگ و کوتوپڕ بێ چ بڕیارێک بدا. تەنیا جوابێکی کە توانیی بیداتەوە ئەوە بوو کە دۆن لوویی جارێ ئارام بگرێ و کارێکی وا بکا کە نۆکەرەکانی ئەمڕۆ هەر چۆنێکی هەیە، مۆڵەتی بدەن تا ئەو بتوانێ لە دەرفەتدا لەمەڕ ئەوەی لەسەر هەر کام چ بڕیاریک بدا، فکر بکاتەوە.

دۆن لوویی بەزۆری بەدەستی دیوانبەگیدا نووسا و تەنانەت دەستەکانی بەفرمێسکی چاوی خۆی تەڕ کرد. هەر ئەوەش خۆی بەس بوو کە نە تەنیا دڵی ئەو پیاوی یاسایە، بەڵکو دڵی هەر سماتە(*) بەردێک نەرم بکا، بەتایبەتی دیوانبەگی کە پیاوێکی تێ گەیشتوو بوو، لە هەمان نیگای یەکەمدا بۆی دەر کەوتبوو کە ئەم پێکگەیشتنە چەندە بەقازانجی کچەکەیەتی. بەو حاڵەشەوە، وای پێ باش بوو ئەگەر بۆی بلوێ، ئەم کارە بەڕەزامەندیی باوکی دۆن لوویی ئەنجام بدرێ کە دەیگوت کوڕەکەی دەکاتە پیاوێکی گەورە و خاوەن عینوان.

لەو کەین و بەینەدا میوانانی شەڕفرۆش پاش ئەوە لە ژێر کاریگەریی قسەی نەرم و دڵخۆشکەرانەی دۆن کیشۆتدا، نە بەهۆی هەڕەشە و گوڕەشەی ئەو، ئامادە بووبوون حیسابی کاروانسەرادار بدەن، دەگەڵ ئەو ئاشتییان کردبوو، لە لایەکیشەوە نۆکەرانی دۆن لوویی زۆر بەبێسەبرییەوە چاوەڕوانی بەرهەمی وتووێژی ئەربابی خۆیان دەگەڵ دیوانبەگی بوون کە لە نەکاو شەیتان، کە هەرگیز ناخەوێ و غافڵ نابێ، ڕێگای ئەو دەلاکەی کە دۆن کیشۆت لەگەنی ڕیش تاشینی بەناوی کلاوی مامبێرن لەسەری ڕفاندبوو و سانکۆش جلوجۆڕی کەرەکەی لێ ئەستاندبوو، خستە ناو ئەم کاروانسەرایە، ئەو دەلاکە کاتێک کەرەکەی خۆی داکردە تەویلە چاوی بەسانکۆ کەوت کە وا خەریک بوو جێگایەکی دڕاوی لە پالانی کەرەکەی پینە دەکرد. ئەو لە جێوە پالانەکەی خۆی ناسییەوە و پیاوانە دەستی دە تینتینۆکەی(*) سانکۆ نا و گوتی: «ئاها! ئەی دزی حەرامزادە! چاکم دەگیر کەوتی! زوو،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆر زوو لەگەنی ڕیش تاشی و پاڵانەکەی لێت دزیبووم بمدەوە!» سانکۆ کە بەنەکاو گەرووی بەدەست دەلاکەوە ڕێک گوشرابوو و گوێی لەو جنێو و قسە ناحەزانە بوو کە پێی دەگوترا، بەدەستێک کورتانەکەی مەحکەم گرت و بەدەستەکەی تری مستێکی وەها مەحکەمی لەبەر دەمی دەلاک ڕاکێشا کە خوێن لە شەویلکەکانییەوە فیچقەی کرد، بەڵام بەو حاڵەشەوە دەلاک یەخەی سانکۆی بەرنەدا و کورتانەکەشی مەحکەم بۆ لای خۆی دەکێشا و کردییە هەرا و هاوارێک کە تەواوی دانیشتووانی کاروانسەرا بەهەڕەمە هەلاتن برانن چ قەوماوە. دەلاک هاواری دەکرد کە «ئای جەماعەت، بەناوی پاشا و بەناوی عەداڵەت! چون من دەمەوێ ماڵی خۆم وەربگرمەوە ئەم دزە ڕێگرە دەیەوێ بمکوژێ.» سانکۆ لە جوابداگوتی: «تۆ درۆ دەکەی من دز و ڕێگر نیم و ئەوانەش دەسکەوتێکن کە ئەربابی من دۆن کیشۆت لە شەڕدا بەدەستی هێناون.»

دۆن کیشۆت کە بەهەشتاو خۆی گەیاندبوویە و لە شەڕەکەدا حازر بووبوو، لەوەی کە دەیدیت مەیتەرەکەی بەچ توانایەکەوە بەرگری لە خۆی دەکا و هێرش دەبا زۆر خۆشحاڵ بوو. لەمەو دوا، پاڵەوان مەیتەری خۆی وەک مەیتەرێکی نەترس و بەورە چاو لێ کرد و لە بنەبانی دڵیدا هاتە سەر ئەو بڕوایە کە لە یەکەم دەرفەتدا بیگەیەنێتە پلەوپایەی پاڵەوانی. چون تاجی پاڵەوانی بەلایقی سەری ئەو دەزانی. دەلاک وێڕای قسە کردنی زۆر گەیشتە ئێرە کە: «هەر وەک گیانی من هی خودای مەزنە، ئەم پاڵانەش هی منە و وای دەناسم وەک ئەولادی خۆم بێ. وە ئەوەش کەرەکەی من کە لە تەویلەدا بەستراوەتەوە و دەزانم بەدرۆم ناخاتەوە. ئەگەر بڕوام پێ ناکەن فەرموون کورتانەکەی بەپشتی تاقی بکەنەوە، ئەگەر بۆی نەبوو، من پیاو نەبم و بێ شەرەف بم. بێجگە لەوە هەر ئەو ڕۆژە کە ئەمانە کورتانی کەرەکەمیان دزی. لەگەنێکی سەروریش تاشی زۆر تازەشیان لێ ڕفاندم، کە تا ئەودەمە دەکارم نەکردبوو و بۆ من یەک ئەشرەفیی تەواوی هەڵگرتبوو.» لێرەدا دۆن کیشۆت خۆی پێ ڕانەگیرا، خۆی هاویشتە نێوان ئەو دوو شەڕکەرە و لێکی جودا کردنەوە، پاشان کورتانی کەرەکەی، بۆ ئەوەی هەموو بیبینن، لەسەر عەرز دانا تا کاتێک بەڕاستی ڕوون بێتەوە هی کێیە؛ ئەوجار بەدەنگی بڵند گوتی: «ئێستا ئامادەبووانی بەڕێز، ڕوون و ئاشکرا، تێ دەگەن کە ئەو مەیتەرە نەفامە بەهەڵەدا چووە، چون ئەوەی کە کڵاوخوودی مامبێرنە و من لەشەڕدا وەدەستم هێناوە و حەقی خۆمە کە خاوەنی بم، بەلەگەنی ڕیش تاشی نێو دەبا. وە بەڵام کورتانی کەر پێوەندیی بەمنەوە نییە و من تەنیا شتێکی کە لەم بارەوە دەتوانم بێژم ئەوەیە کە سانکۆی مەیتەری من لە کۆتایی شەڕ و پێکدادانەکەدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarr.org

ئیزنی لێ وەرگرتم کە زین و لغاوی ئەسپی ئەم ترسەنۆکە هەڵگرێ و لەسەر ئەسپی خۆی دابنێ. من ئیزنم پێ دا و ئەو زین و لغاوەکەی هەڵگرت. وە بەڵام چۆنە کە زینی ئەسب بووەتە کورتانی کەر من بێجگە لەو دەلیلە باوە کە هەیە، ناتوانم پاساوێکی تر بێنمەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەمجۆرە ئاڵوگۆڕانە لە ڕووداوە پاڵەوانییەکاندا زۆر دێتە پێش. بۆ سەلماندن و تەکەز کردنی ئەوەی دەیڵێم، تۆ سانکۆ، کوڕەکەم، زوو بڕۆ ئەو کڵاوخوودەی کە ئەو کابرا لاپرەسەنە(*) پێی دەڵێ لەگەنی ڕیش تاشی، بێنە بۆ ئێرە. سانکۆ گوتی: ئەرباب، مەعازەڵلا! ئەگەر ئێمە بۆ سەلماندنی قسەکانمان بێجگە لەو شتانەی تۆ دەیفەرمووی دەلیلێکی ترمان نەبێ تێدا دەچین. کەوابوو بەهەمان ئەندازە کە پاڵانی ئەم کابرایە زینە، لەگەنی ڕیش تاشیش کڵاوخوودی مامبێرنە. دۆن کیشۆت گوتی: چیت پێ دەڵێم ئەوە بکە! بەڵکو هەموو ڕووداوێک لەم قەڵایەدا لەسەر سیحر و جادوو نەبێ.» سانکۆ ڕۆیشت و لەگەنەکەی هێنا و دۆن کیشۆت هەر کە لەگەنی لە دەست سانکۆ وەرگرت هاواری کرد کە: «ئاغایان، هێندێک چاو لەو شتە بکەن! ئاخر ئەو خوێڕییە بەچ ڕوویەک دەڵێ ئەمە لەگەنی ڕدێن تاشینە و کڵاوخوود نییە؟ قەسەتەم بەئاینی پاڵەوانی کە کاری منە، من ئەو کڵاوخوودەم هەر وەک چۆن دەیبینن لەوم وەرگرتووە و نەشتێکم لێ کەم کردووە نە شتێک زیاد. سانکۆ گوتی: لەو فەرمایشتەدا جێگەی هیچ گۆمانێک نییە، چون لەو ڕۆژەوە کە ئەربابی من ئەوەی دەست کەوتووە لە شەڕێکدا نەبێ کەڵکی لێ وەرنەگرتووە. ئەویش کاتێک بوو کە ئەو بەندییە بەدبەختانەی ئازاد کرد. وە بەبڕوای من ئەگەر ئەو لەگەنە نەبووایە ئەربابی من خراپی بەسەر دەهات، چون بەرد وەک باران دەباری.»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤٥

## ئەو جێگەی کە سەرەنجام تەپومژی سەر پاڵان و کڵاوخوود دەڕەوێتەوە و باقیی ڕووداوەکان

دەلاک هاواری لێ بڵیند بوو کە: «بەڕێزان ڕای ئێوە لەسەر قسەکانی ئەم نەجیب زادانە کە پێیان چەقاندووە و لەگەنی ڕدێن تاشی بەکڵاوخوود ناو دەبەن، چییە؟ دۆن کیشۆت گوتی: هەر کەس پێچەوانەی ئەوە بڵێ ئەگەر پاڵەوان بێ، پێی حاڵی دەکەم و ئەگەر مەیتەریشە هەزار جار ڕووی ڕەش دەکەم، چونکە درۆزنە.» دەلاکی خۆمان وەستا نیکۆلا، کە لەو بەزمەدا ئامادە بوو، چون زۆر باش ئاگای لە ئەخلاق و ئاکاری دۆن کیشۆت بوو، ویستی باری دێوانەیی و شێتییەکەی ببزێوێ و بابەتێک بۆ شۆخی و سەرگەرمیی حازران پێک بێنێ، لەبەر ئەوە ڕووی دە دەلاکەکەی تر کرد و گوتی: «ئاغای دەلاک یا هەر کەس کە هەی، بزانە کە من هاوکاری ئێوەم و ماوەی بیست ساڵە دە کاری خۆمدا بەسەرکەوتوویی کار دەکەم و توانیومە بڕوانامە وەربگرم و هەموو ئامراز و کەرەسەی سەرتاشی وریشتاشی زۆر چاک دەناسم، ئەوەش بزانە کە لە زەمانی لاوەتیمدا سەرباز بووم و کڵاوخوود و هەموو سازوبەرگی سپاییگەری کە سەربازان دەبەری دەکەن و هەموو ئەو چەکوچۆڵەی دەکاری دێنن، زۆر باش دەناسم. کەوابوو، تا کاتێک پێچەوانەی ئەوەیان سوور نەکردووەتەوە – چون من هەمیشە تەسلیمی ڕا و بۆچوونی ئەوانەم کە لە خۆم باشتر تێ دەگەن – ئێستا دەڵێم ئەم شتەکە لە پێش چاوی ئێمەیە و لە دەست ئەم ئاغایەدایە، نە تەنیا لەگەنی ڕیشتاشی نییە، بەڵکو هەر وێشی ناچێ. هەر وەک ڕەش وە سپی و ڕاستی وە درۆ ناچێ. هەروەها ئەوەش دەڵێم هەر چەند ئەو شتە کڵاوخوود، بەڵام کڵاوخوودێکی تەواو عەیاریش نییە. دۆن کیشۆت گوتی: دیارە نییە، چون نیوێکی کە دەبێتە چەند بەندەکەی دەگەڵ نییە. کەشیش کە دەمەبەستی وەستا نیکۆلا گەیشتبوو گوتی: قسەکەت تەواو دروستە و دەجێی خۆیدایە.» وە بۆچوونی ئەوان دەستبەجێ لە لایەن کاردینیۆ و دۆن فێرنان و باقیی هەڤاڵان تەکەز کرا. دیوانبەگییش ئەگەر گرفتاری مەسەلەی دۆن لوویی نەبووایە بەشداریی ئەم گاڵتەجاڕەی دەکرد. بەڵام ئەو مەسەلە گرینگانەی کە زەینی ئەوی دەتەنگەژە نابوو، نەیدەهێشت ئاوڕێک لەو شوخییانە بداتەوە. لەو ساتەدا ئەو دەلاکەی گاڵتەی پێ دەکرا هاواری کرد: «یا حەزرەتی مریەم! چۆن شتی وا دەبێ! ئەو هەموو خەڵکە شەریفە لەگەن بەکڵاوخوود تێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بگەن! بەخودا ئەو قسە دەبێتە هۆی سەرسوڕمانی زانسگەیەک بەو هەموو زانست و زانیارییەوە کە هەیانە، لەو قەرارە ئەگەر لەگەن ببێتە کڵاوخوود کورتانیش دەبێتە زین. دۆن کیشۆت گوتی: ئەو کورتانە بەرای من هەر کورتانە، بەڵام من دەپێشدا پێم گوتی کارم بەو یەکە نییە. کەشیش گوتی: پاڵان بوون یا زین بوونی ئەو شتە بەسراوەتەوە بەبوچوونی جەنابی دۆن کیشۆت، چون لە کاروبار و مەسەلەکانی پێوەندیدار بەکاروباری پاڵەوانیدا بەندە و هەموو ئەم بەڕێزانە لە بەرانبەر جەنابی بەڕێزتاندا هیچی لێ تێ ناگەین. دۆن کیشۆت گوتی: بەڕێزان، بەو خودایەی کە ئێمەی ئافەریدە کردووە لەو دوو جارەدا کە من لەم قەڵایەدا ماومەتەوە، ڕووداوی وا سەیر و سەمەرەم بەسەر هاتووە کە ئیدی زات ناکەم جوابی ئەو پرسیارانە بدەمەوە کە لەمەڕ شت و شتومەکی ئەو قەڵایە لەمن دەکرێ؛ چون فکر دەکەم هەر شتێکی لێرەدا ڕوودەدا لەسەر یاسا و ڕێسای سیحر و جادوو ڕاوەستاوە. یەکەم جار لە چاوپێکەوتنی پەیتاپەیتای عەرەبێکی جادووباز لێرە وە ئامان هاتم و سانکۆش لە دەست هاوڕێکانی ئەو عەرەبە سەد بەڵای بەسەر هات. پاش ئەوە، هەر دوێنێ شەو منیان بەباسکێکەوە هەڵاوەسی بێ ئەوەی بزانم لەبەرچی و چلۆن تووشی ئەو مسیبەتە هاتبووم. کەوابوو ئەگەر ئێستا خۆم لە بابەتگەلێکی وادا هەڵقوتێنم و ڕای خۆم دەرببڕم. دەبێتە داوەرییەکی بەهەڕەمە و بەپەلە. لەمەڕ ئەو قسە سەیرانە کە لەگەنی ڕیشتراشی لە جێی کڵاوخوود دابنێن من دەپێشدا جوابم داوەتەوە. بەڵام لەمەڕ ئەوەی ئەو دەعبایە(*) زینە یا کۆپان ناوێرم بەتێڕادیوی شتێک بڵێم و داوەری لەمەڕ ئەو بابەتە دەدمە دەست ڕاو بوچوونی بەڕێزان. ڕەنگە ئێوە بەڕێزان چون وەک من نەگەیشتوونە پایەی پاڵەوانی و سەروکارتان دەگەڵ سیحر و جادووی ئەم قەڵایە نەبووبێ، خاوەنی ڕا و بۆچوونی ئازاد و سەر بەخۆن و باشتر لەمن دەتوانن لەسەر چییەتی و چۆنییەتیی شتەکانی ئەم قەڵایە ڕای خۆییان دەرببڕن.»

دۆن فێرنان لە جوابی ئەم فەرمایشتەدا گوتی: «لەوەدا شک نییە کە حەزرەتی دۆن کیشۆت وەک فریشتەیەکی غەیبی قسەی کرد و لەسەر ئێمەیە کە ئەم موشکیلەیە چارەسەر بکەین، وە بۆ ئەوەی ئەم کارە بەدروستی ئەنجام بدرێ من ئێستا لە تەواوی ئەم ئاغایانە دەنگی نهێنی وەردەگرم و پاشان ئاکامی ئەم دەنگ وەرگرتنە لە گوزراشتێکی تەواودا بەعەرزی هەمووتان ڕادەگەیەنم.» بۆ ئەو کەسانەی کە دۆن کیشۆتیان دەناسی ئەم کارە پێکەنینییە دەبوو بەمایەی سەرگەرمی و پێکەنین و بۆ ئەوانەش کە ئاگایان لە حاڵ و ئەحواڵی پاڵەوان نەبوو وەک کارێکی تەواو سەکرانە(*) وابوو. بەتایبەتی بۆ چوار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نۆکەرەکەی دۆن لوویی و خودی دۆن لوویی وسێ کەسی تری کە تازە گەیشتبوونە جێ و بەڕواڵەت لە کەماندارەکانی دیوانخانەی سێنت هێرمانداد بوون و هەمووی ئەوانە ئەو کاری دەنگ وەرگرتنەیان پێ ئەحمەقانەترین کاری دنیا بوو. بەڵام ئەوەی کە لە هەمووان پەرێشانتر بوو دەلاکی خاوەن لەگەن بوو کە لەبەر چاوی خۆی لەگەنەکەی بووبوو بەکڵاوخوودی مامبێرن و ئەو جۆرەی کە خۆی فکری لێ دەکردەوە هەر ئێستا کورتانەکەش ئاڵوگۆڕێ بەسەردا دەهات و دەبوو بەزین و سەرزین و نەرمە زین و قایش و قرووشی زین! تەواوی تەماشاچییەکانی تر. لەوەی کە دەیاندیت دۆن فێرنان دەرۆیشتە لای یەک یەکی حازران و بەئەسپایی شتێکی پێ دەگوتن و لەوانی دەویست کە لەمەڕ ئەوەی کە ئەو شتە گرانباییە زینە یا کورتان دەنگی خۆیان دەرببڕن، لە قووڵایی دڵیانەوە پێ دەکەنین. پاش ئەوەی دۆن فێرنان دەنگی تەواوی ئەوانەی کە دەگەڵ دۆن کیشۆت ئاشنا بوون کۆ کردەوە و بەدەنگی بڵند ڕای گەیاند: «برای بەڕێز، ڕاستت دەوێ، من لەو هەموو دەنگ وەرگرتنە ماندوو بووم، چون لە هەر کەس دەپرسم ئەوە چییە جواب دەداتەوە: هەر کەس بەو شتە بڵێ کورتان لە کەر کەرترە و شێتە و فڕی بەدنیاوە نییە، چون ئەوە زینە و زینی ئەسپێکی خۆش بەز و ڕەسەنیشە. کەوابوو لەسەرخۆبە چون بەپێچەوانەی مەیلی ئێوە و کەری ئێوە، ئەم شتە زینە و پاڵان نییە و تۆ نەتتوانی قسەی خۆت بەریتە سەر، دەلاک هاواری لێ هەستا: خودا من لە نیعمەتی بەهەشت بێ بەری بکا، ئەگەر ئێوە بەڕێزان بەهەڵە نەچووبن و هەر وەک ڕۆحی من لە لای خودا ئەو جۆرەی کە هەیە دیاری دەکا، ئەم شتەش لەبەر چاوی من کۆپانە و زین نییە. بەڵام ئێستا کە زۆر دەیباتەوە و قسەی زۆردار بەیاسا حسێبە، با وا بێ و من ئیدی هیچ ناڵێم. بەو حاڵەشەوە من مەست نیم و ئەگەر ڕۆژووی خۆم بەگوناهانی خۆم بەتاڵ نەکرد بێ، تەواوی ئەمڕۆ بەڕۆژوو بووم و ئێستاش هەر بەڕۆژووم» قسە ساویلکەکانی دەلاک کەمتر لە قسەکانی دۆن کیشۆت پێکەنینی نەبوو. کە لەو کاتەدا گوتی: «لێرەدا باشترین کار ئەوەیە کە هەر کەس ماڵی خۆی وەربگرێتەوە و کەسمان لە کەس و تەواو!» پاشان یەکێک لەچوار نۆکەرەکانی دۆن لوویی هاتە پێش و گوتی: «ئەگەر بەڕێزان ئەو بەزمەیان بۆ گاڵتە و شۆخی ساز نەکردبێ، من ناتوانم قبووڵ بکەم کە ئاغایانێکی بەدیمەن یا بەڕاستی وەک ئێوە عاقڵ و تەواو کە لێرەکۆ بوونەتەوە، بەتێراديۆی بڵێن کە نە ئەمە پاڵانی کەرە و نە ئەوە لەگەنی ڕیش تاشی. بەڵام چون دەبینم کە ئێوە شتێکی وا دەڵێن و لەسەر قسەی خۆشتان ڕادەوەستن، ناچار بەلای خۆمەوە وای بۆ دەچم لەو جەختکردنەوەی ئێوەدا کە هێندە بەپێچەوانەی عەقڵ و تەنانەت بەپێچەوانەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabbn.org

ئەزموونیشـە، دەبێ ڕازێک و نهێنییەک هەبێ؛ چون سوێند دەخۆم (سـوێندێکی زۆر خەستی خـوارد) تەواوی ئەو ئادەمـیـزادانەی ئەو سـەعـاتە لەسـەر دنیـا دەژین هەرگـیـز ناتوانن ئیقرارێکی ئاوا لەمن وەربگرن کە ئەمەیان کورتان و ئەوی تریشـیان لەگەنی ڕیشـتاشی نییە. کەشیش خۆی هاویشتە نێوانێ و گوتی: «ڕەنگە ئەو کۆپانی ئێستر بێ. نۆکەر گوتی: قسەمان لەسەر ئەوە نییە بەڵکو دەمانەوێ بزانین ئەمە پاڵانە یا پاڵان نییە.

دەو شـەڕە دەندووکەیەدا یەکێک لەو کەوانداڕانەی تازە گەیشتبوونە کاروانسەرا کاتێک ئەو قـسـانەی دوایـی گـوێ لێ بوو نـەیتـوانی پێش بەتووڕەیـی خـۆی بگرێ و دەنگی بەرز کردەوە کە: «ئەوە پاڵانی کەرە، وەک باوکی من باوکی منە، هەر کەس پێچەوانەی ئەمە بڵێ دیارە مەستە و ئاگای لە خۆی نییە. دۆن کیشۆت وەڵامی داوە: «تۆ خۆت وەک دزێکی پەست و نانەجیب درۆ دەکەی!» وە دەسبەجێ نێزەکەی کە هەمیشە بەدەستیەوە بوو بەرز کردەوەو وەها بەقەو(*) بەرە و کەللەی کەواندار دای وەشـاند کە ئەگەر کابرا سـەری خۆی نەدزیباوە بەو زەبرە دەکەوتە عەرز هەڵنە دەستاوە. نێزە وە عەرز کەوت و تێک شکا و کەوانداران کە ئەو ڕەفتارەیان دەگەڵ هاوڕێی خۆیان چاو پێ کەوت، یەکدەنگ هاواری خـەڵکەکەیان کرد تا بەلایەنگری لە «سـێنت هێرمانداد» بێنە مەیدان. کاروانسـەرادار کە یەکێک لە لایەنگرانی ئەو دیوان خـانەیە بوو، ڕۆیشت دەست بداتە شـمـشـمـیـر و تێـلا، کە هاتەوە چوو دەریزی یارانـی خـۆیەوە. نۆکـەرانی دۆن لوویـی دەوری ئەربابی خـۆیان گـرت، تـا مـەبادا بەکـەڵک وەرگـرتن لەم پشـێـوییـە هەی دێی(*) لێ بکا و خـۆی دەرباز کـا. دەلاکـیش دەگـەڵ دیتی کاروانسـەرا شێواوە و کەس ئاگای لەکەس نییە، بۆ لای کورتانەکەی ڕۆیشت کە سـانکۆ دەست بەرداری نەبوو. دۆن کیشۆت هەڵی کێشا شمشیر و هێرشی کردە سەر کەوانداران. دۆن لوویی دەنۆکەران ڕاخوڕی کە دەست لەو هەڵبگرن و وەک دۆن فێرنان و کاردینیۆ کە گەیشتبـوونە فریای دۆن کیشـۆت ئەوانیش یارمـەتی بدەن؛ کـەشـیش ئەوەندەی پشـووی یارمـەتی دەدا بەدەنگی بڵند مـەوعیزەی دەکرد. ژنی کـاروانسـەرادار دەیقیژاند و کچەکەی ڕۆحی پێ نەمابوو، ماری تۆڕن دەگریا، دووروویتە واقی وڕما بوو، لووسێند زور دەترسا و کـلارا لە هۆش چووبوو. دەلاک دە سـانکۆی هەڵدەدا و ئەویش دەلاکـی دەکوتا؛ دۆن لوویی، کە یەکێک لە نۆکەرەکانی باسکی گرتبوو تا بۆی دەرنەچێ، مستێکی وەهای لێ دا کە دەم و لووتی پڕ کرد لە خوێن، دیوانبەیگییش هاتە فریای دۆن لوویی. دۆن فێرنان کەوانداڕێکی بە عـەرزیدادا بـوو و دە گـیـانـی بەربووبوو؛ کـاروانسـەرادار دیسـان هـاواری یارمـەتیـدانی «سێنت هێرماندا»ی بەرز کردەوە؛ چیت بۆ بگێڕمەوە، لەو کاروانسـەرایەدا بێجگە لە هەرا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و هاوار و جنێودان و زرینگە زرینگی شمشیر و تەپەتەپی شەق و شریقەی زڵلە و تەقەتەقی دار و چۆماغان دەنگی هیچی ترت گوێ لێ نەدەبوو. لە نێو ئەم هەنگامەیەدا لەپڕ، فکرێک بەزەینی دۆنکیشۆتدا تێ دەپەڕێ: پاڵەوان پێی وا دەبێ کە لە ناکاو ڕاگوێزی ئۆردووگای(*) «ئاگرامان»(٢٥٩) کراوە و بەنەعرەتەیەکی وەک بۆڵژنی هەور کە کاروانسەرای دەلەرزاندەوە، هاواری کرد: «ئەگەر دەتانەوێ زیندوو بمێننەوە دەستبەجێ هەموو دەست ڕاگرن. هەموو چەک دابنێن و ئارام بگرن و گوێ بدەنە قسەکانی من!» وە بەڕاستی هەموو بەبیستنی ئەم نەعرەتەیە دەستیان ڕاگرت و دۆن کیشۆت درێژەی بەقسەکانی دا: «بەڕێزان، مەگەر من بەئێوەم نەگوت ئەم قەڵایە تەلیسم کراوە و لەشکرێکی شەیتانیی تێدا نیشتە جێیە؟ بۆ سەلماندنی ئەم مەبەستە دەمەوێ ئێوە بەچاوی خۆتان ببینن کە چۆن دووبەرەکی و نێوان ناخۆشیی ئووردووی «ئاگرامان» کەوتووەتە نێوان ئێمە. باش بڕوانن لە لایەک شەڕ لەسەر شمشێرە و لە لایەک لەسەر ئەسپ، لێرە بەخاتری کڵاوخوود(٢٦٠) و لەولا لەسەر هەڵۆی سپی، وە هەموومان تێک بەربووین بێ ئەوەی بزانین چمان دەوێ. ئێوە ئەی جەنابی دیوانبەگی و ئێوە ئەی حەزرەتی کەشیش، بێ زەحمەت وەرنە ئێرە، یەکتان ببنە سوڵتان ئاگرامان و ئەوی تریشتان دەوری سوڵتان «سوربین» sorbin بگێڕێ، ئێمە پێک بێننەوە و ئاشتیمان پێ بکەنەوە، چون قەسەم بەناوی خوای گەورە بۆ کەسانێکی بەڕێزی وەک ئێمە کە لێرە کۆ بووینەوە زۆر ناحەزە کە بەو دەلیل و بیانووە سست و بێ بنەڕەتانە یەکتری بکوژین»

کەوانداران کە شتێک لە وتاری دۆن کیشۆت حاڵی نەدەبوون و دەیاندیت کە یارانی ئەوان لە لایەن دۆن فێرنان و کاردینیۆ، و هاوڕێیانیان زۆرچاکیان وێ کەوتووە و خوری شۆر کراون، دەست بەردار نەبوون و زەوت(*) نەدەبوون. دەلاکی قوڕ وەسەریش، چون لەو شەڕەدا لەگەنیان لێ شکاندبوو و کۆپانیشیان و نجڕونجڕ کردبوو، هەدای نەدەدا. سانکۆ هەر وەک خزمەتکارێکی باش بەبیستنی یەکەم فەرمانی ئەربابەکەی دەستی هەڵگرت؛ چوار

---

٢٥٩– ئیشارەیە بەداستانی سوڵتان ئاگرامان لە کتێبی ڕۆڵانی تووڕەدا، نەغمەی بیست و حەوتەم. (مۆریس باردۆن)

٢٦٠– دیسان ئیشارە بەهەمان بابەتە. لێرەدا مەبەست لە شمشێر هەمان شمشێری دۆراندال Durandal و مەبەست لە ئەسپ ئەسپی بەناوبانگی فرونتێن Frontin و مەبەست لە هەڵۆی سپی مەتاڵێکە کە نەخشی هەڵۆی سپی لەسەر ڕەسم کرابوو و مەبەست لە کڵاوخوودیش کڵاوخوودی مامبێرنە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نۆکەرەکەی دۆن لوویی هەروەها زەوت بوون، چون دەیاندیت کە دەو هەرا و هەنگامەیەدا قازانجێکیان پێ ناگا. تەنیا کاروانسەرادار بوو کە پێی چەقاندبوو دەبێ ئەم کابرا دێوانەیە کە نێوان نێوان(*) لێرەقوت دەبێتەوە و کاروانسەرا دەکاتە چێوێ(*) خمی و داری لەسەر بەردی ناهێڵی، تەمێ بکرێ. سەرەنجام شەڕ و هەرا دامرکایەوە. بەڵام لە مێشکی شڵەقاوی دۆن کیشۆتدا کورتان هەر زین و لەگەن هەر وەک کڵاوخوودی مامبێرن و کاروانسەرا هەر بەقەڵا مایەوە.

ئاخری، کاتێک بەنێوبژی کردن و نسحەتی حەکیمانەی دیوانبەگی و کەشیش ئارامی و ئەهوەنی سەقامگیر بووەوە و ئاشتی هەموو کەسی گرتەوە، نۆکەرانی دۆن لوویی هاتنەوە سەر قسە و باسی خۆیان تا بێ وەدرەنگی کەوتن، ئەو نەجیب زادەیە دەگەڵ خۆیان بەرنەوە ماڵی باوکی و لە کاتێکدا دۆن لوویی لەسەر ئەو بابەتە دەگەڵیان دەمەقاڵەی دەکرد، دیوانبەگی دەپێشدا باسی ئەو نهێنییەی دۆن لوویی دەگەڵی هێنابووە گۆڕێ، بۆ دۆن فێرنان و کەشیش و کاردینیۆی ئاشکرا کرد، پاشان ڕاو بۆچوونی ئەوانی ویست کە لەو بوارە گرینگەدا چ بڕیارێک بدا. سەرەنجام قەرار دانرا دۆن فێرنان خۆی بەسوارەکان بناسێنی و بەوان بڵێ کە چون لە نییەتی دۆن لوویی‌ڕا بەئاسانی دەکرێ بگەینە ئەو ئاکامە کە ئامادەیە لەتلەتی کەن، بەڵام نەگەڕێتەوە ماڵی باوکی، ئەو (دۆن فێرنان) پێی خۆشە ئەو لاوە دەگەڵ خۆی بەرێتەوە ئەندەلۆس کە لەوێ برا گەورەکەی «مارکی» زۆر بەرێز و حورمەتەوە پەزیرایی لێ دەکا. کاتێک ئەو چوار نۆکەرە زانییان دۆن فێرنان چ کەسە و چەندە بەعەسڵ و نەسەبەو لە بڕیاری دۆن لوویيش خەبەردار بوونەوە، وایان دانا سێ کەسیان بگەڕێنەوە لای باوکی دۆن لوویی و گەڕیانی ڕووداوەکانی بۆ باس بکەن و چوارەمی لە خزمەت دۆن لوویی بمێنێتەوە و تا کاتێک ئەو سێ کەسە نەگەڕێنەوە و ئەمرو فەرمانی باوکی نەهێننەوە، چاوی لێ غافڵ نەکا.

بەم شێوەیە ئەو هەموو ئاڵوزی و پشێویی کاروانسەرایە بەهۆی هێز و قودرەتی «ئاگرامان» و عەقڵ و تەدبیری «سوڵتان سوورین» کۆتایی پێ هات، بەڵام شەیتان، ئەو دوژمنی یەکیەتی و ئاشتییە، کاتێک دیتی پیلانەکەی نەیگرت و شەرمەزار و خەجاڵەت بار لە کار هاتووەتە دەر و لە پێکهەڵپڕژاندنی ئەو جەماعەتەی لەو ئەشکۆنەدا بوون بەئاکامێک نەگەیشتووە، بڕیاری دا کە دیسان بەختی خۆی بەتاقی بکاتەوە و پشێوی و هەرا و بگرێکی تازە وەڕێ بخا.

بەڵێ، جا بەو جۆرە بوو کە کەواندارەکان مەیدانیان چۆل کردبوو، چون لە شوناس و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



عینوان و پلەوپایەی ئەو کەسانەی شەڕیان دەگەڵ کردبوون ئاگادار بووبوونەوە و چون تێ گەیشتبوون کە بەهەرحاڵ وێیان دەکەوێ، خۆیان لەو هەرا و بگرە هێنابووە دەرێ، بەڵام یەکێک لەوان، هەر ئەوەی دۆن فێرنان دەژێر پێی خۆی نابوو و زۆری تێ هەڵدا بوو، لە ناکاو وەبیری هاتەوە کە وێڕای ئەو حوکمانەی بۆ گرتنی تاوانباران دەگەڵ خۆی هێناویەتی، فەرمانێکیش بەناوی دۆن کیشۆتە کە دیوانخانەی «سێنت هێرماناداد» دەری کردووە و بەتاوانی بەرهەڵداکردنی سزادراوان بەکاری دژوار، حوکمی گرتن و دەزگیر کردنی بۆ دەرچووە، و هەر لەو مەسەلەیە بوو کە سانکۆ بەهەق زۆر دەترسا. کاتێک ئەم فکرە بەزەینی کەوانداردا تێ پەڕی، لێ بڕا بزانێ ئایا ئەو نیشانە و ڕێنوێنییانەی دە فەرمانەکەدان دەگەڵ نیشانە و سەرو شکڵی دۆن کیشۆت دەیخوێنێتەوە یا نا، لەبەر ئەوە تۆمارێکی لە گیرفانی دەرهێنا و ئەو حوکمەی دەیویست دۆزییەوە. وە چون نەیدەزانی باش بیخوێنێتەوە بەنەقەنەق و حینجە کردنی وشەکان بەزەحمەت واژەبەواژە دەیخوێندەوە و لە هەر واژەیەکدا، چاوی لە دۆن کیشۆت دەکرد و نیشانە باسکراوەکانی نێو حوکمەکەی دەگەڵ نیشان و عەلامەتی سەر ڕۆخساری پاڵەوان پێک دەگرتن. ئاخری تێ گەیشت کە کەسی نێو حوکمەکە، بێگومان هەر ئەم تاکەیە و کاتێک متمانەی بەبۆچوونی خۆی پەیدا کرد، تۆمارەکەی پێچاوە، فەرمانی بەدەستی چەپەوە گرت و بەدەستی ڕاست یەخەی دۆن کیشۆتی گرت، وەها توندی گرت کە پاڵەوان چی وای نەمابوو، بخنکێ؛ لەو حاڵەتەدا بەدەنگی بڵند دەیگوت: «خەڵکینە هەڵێن یارمەتیی سێنت هێرماناداد بدەن! و بۆ ئەوەی هەموو بزانن ئەوجار من بەڕاستی یارمەتیم دەوێ، وەرن ئەو حوکمە کە دەودا ئەمری قۆڵبەست کردنی ئەم دزە و ڕێگرە نووسراوە بخوێننەوە!» کەشیش فەرمانەکەی وەرگرت و دیتی کە بەتەواوی دروستە و کەماندار ڕاستی گوتووە و نیشانەکانی نێو حوکمەکە دەگەڵ نیشانەکانی دۆن کیشۆت موویان دە بەرەوە ناچێ. ئەمەیان کاتێک ئەو ڕەفتارە ناپەسندەی لەو گوندییە بێ ئەدەبە، چاو پێ کەوت، وەها تووڕە بوو کە ئێسقانەکانی بەدەنی وەقرچەقرچ کەوتن و بەهەر دووک دەستان وەها گەرووی کەوانداری گوشی کە ئەگەر هاوڕێکانی نەگەیشتبانێ تا چاوی سپی نەبیا دۆن کیشۆت بەری نەدەدا.»

کاروانسەرادار کە ئەرکدار بوو یارمەتی هاوکارانی خۆی بدا، بەهەڕەمە خۆی گەیاندە لای ئەوان. ژنی کاروانسەرادار کە دیتی مێردەکەی دیسان تووشی شەڕ هاتووە، قیژەقیژی خۆی دەست پێ کردەوە و ماری تۆڕن و کچەکەشی بەدەنگییەوە هاتن و لە عەرز و عاسمان داوای یارمەتییان دەکرد. سانکۆ دەگەڵ چاوی بەو ڕووداوە کەوت هاواری کرد کە:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabani.org

«سوبحانەڵلا! بەو خودایە هەرچی ئەربابی من لەمەڕ سیحر و جادووی ئەم کاروانسەرا بەقورگیراوە دەیڵێ ڕاستە. چون دەست نادا، تاقە سەعاتێک لێرەدا بەئاشتی و ئارامی دەسەرکەی!(*)» دۆن فێرنان کەواندار و دۆن کیشۆتی لێک جیا کردەوە و لە کاتێکدا هەر دووکیان پێیان خۆش بوو، دەست و نینۆکیان لە یەخە و گەرووی یەکتر هێنا دەرێ. بەو حاڵەشەوە کەوانداران ڕازی نەبوون دەست لە نێچیرەکەیان هەڵبگرن و حوکمیان کردبوو دەبێ بەدەستبەسراوی تاوانباریان بدەنە دەست، چون خزمەت بەپاشا و بەدیوانخانەی سێنت هێرماندادی کە «داخوازی یارمەتی بەناوی ئەوانەوە دەکرێ» ئەو ئەرکە دەخاتە بەردەم هەمووان کە ئەم ڕێگرە و ئەم تێکدەری ئەمنییەت و ئارامیی شارێیەکان و کوێرەڕێیەکان بگرن و دەست وپێی ببەستن. دۆن کیشۆت زۆر بێ مبالاتانە، وەک مێشێکی(*) لێ میوان نەبێ، بەو قسانە پێ دەکەنی و لە حاڵێکدا کەسایەتی و دەعیە و ئیفادەی خۆی پاراستبوو لە جوابی ئەواندا تەنیا ئەوەندەی گوت: «ئەی دزانی پەست و بێ بایەخ و نەزان، ئەگەر پیاون وەرنە بەرەوە! ئازاد کردنی کەسانێک کە کۆت و زنجیرکراون و بەر هەڵدانی زیندانییان و گرتنی دەستی لە پێ کەوتوان و یارمەتیدانی بێ ئەنوایان و سارێژ کردنی دەرد و زامی داماوان دەقامووسی ئێوەدا دزی و ڕێگرییە؟ ئاخ ئەی نارەسەنەکان، ئەی خێڵی بێ کیفایەتەکان، هیوادارم بەو هەموو کەریەتی و نەفامییەتانەوە خوداوەند گەورەییەک کە دە شوغڵی پاڵەوانانی سەرگەرداندا هەیە، بەئێوەش بدا و ئێوە لەو گوناهەی کە بەژێر پێ کردنی ڕێز و حورمەتی کەسان، وە بەڵکو باشترە بڵێم، بەکەم گرتنی سایەی هەر پاڵەوانێکی سەرگەردان تووشی دەبن، ئاگادار بکاتەوە! وەرنە پێشێ ئەی جەماعەتی دز و ڕێگر کە بەناوی کەمانداراانی دیوانخانە، ڕێ بەرێبواران دەگرن. وەرن بەمن بڵێن چ بێ عەقڵێک حوکمی گرتنی پاڵەوانێکی وەک منی ئیمزا کردووە؟ کێیە نەزانێ کە پاڵەوانانی سەرگەردان لە دەرەوەی قانوون وياسای سزاداندا دەژین و بۆ ئەوان یاسایەک بێجگە لە شمشیر و ڕێباز و ڕێسایەک بێجگە لە ئازایەتی و ئیرادەی خۆیان دە ئارادا نییە؟ دیسان دووپاتی دەکەمەوە، ئەوە کام تێنەگەیشتووە کە نەزانێ، هیچ ئەشرافێک، هیچ ماقووڵ و نەجیب زادەیەک بەهەموو سەرەتییەکانییەوە، بەبارستای یاساکانی پاڵەوانی کە بەهۆی ئەوانەوە کەسێک گەیشتبێتە پلەی پاڵەوانی و کاری پاڵەوانانی سەرگەردانی ڕەچاو کردبێ، لەبەرامبەر یاسادا سەربەخۆ و ئازاد نییە؟ کام پاڵەوانی سەرگەردانە کە بەعومری خۆی ماڵیات و بێگاری و دەیەک و مەخارجی گومرگی و زنجیر بۆ زیندانیان و لۆتکە بۆ پەڕینەوە لە چۆم و ئاوانی دابێ؟ کام بەرگدروو تا ئێستا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



حەقدەستی جلوبەرگ دوورینی لە پاڵەوانان ویستووە؟ کام قەڵاپارێزە کە خەرج و موخاریجی بۆ مانەوی شەو لە پاڵەوانان داوا کردبێ؟ کام کیژی جوانە کە عاشقی پاڵەوان نەبووبێ و گەوهەری جوانی و جەماڵی خۆی دەژێر دەسەڵاتی ئەو نەنابێ؟ وە سەرەنجام کام پاڵەوانی سەرگەردانتان دیوە یا ئێستا دەیبینن یا لە داهاتوودا دەبیندرێ کە ئەوەندەی هێز و ئازایەتیی نەبێ تا بەتاقی تەنیا چوارسەد زەبری کوتەک لە چوارسەد کەواندار بوەشێنێ کە وێرابێتیان دە بەرانبەریدا ڕابوەستن؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤٦

## لەمەڕ ڕووداوی سەیری کەواندارانی سێنت هێرماندادو دڵڕەقیی لەرادەبەدەری دۆن کیشۆت پاڵەوانی ئێمە

لەو کاتەدا کە دۆن کیشۆت وتاری خۆی بەیان دەکرد کەشیش خەریک بوو بەکەوانداران حاڵی بکا کە مێشکی پاڵەوان وەک لە ڕەفتار و کرداریدا دەردەکەوێ عەیب و ئیرادی هەیە، کەوابوو پێویست ناکا لەسەری بڕۆن و موشکیلەکە گەورەتر بکەنەوە؛ چون گریمان بیشیگرن و بیبەن، دەسبەجێ دەبێ لەبەر شێتی و ناتەواوی بەری بدەن. بەڵام ئەو پیاوەی هەڵگری فەرمانەکە بوو، گوتی کە داوەری لەسەر دێوانە بوونی دۆن کیشۆت بەو نییە و ئەو تەنیا ئەوەندەی لەسەرە فەرمان و ئەمری سەرۆک و کاربەدەستانی لە خۆی گەورەتر بەئەنجام بگەیەنێ، وە دێوانە، گریمان جارێک قوڵبەستیش بکرێ، سیسەد جاریتر دەکرێ ئازادی بکەی. کەشیش گوتی: «بەڵام ئەمجارە نابێ بیگرن چون باری ڕەوانییەکەی زۆر لەبار نییە کە مل بدا قۆڵبەستی بکەن.» سەرەنجام کەشیش توانیی ئەوەندە بەڕێکوپێکی دەگەڵ کەوانداران بدوێ و ڕازییان بکا و دۆن کیشۆتیش ئەوەندەی هاتەران پاتەران هەڵڕشت کە بەڕاستی ئەگەر کەوانداڕەکان بەشێتیی ئەویان نەزانیبا، دەردەکەوت کە خۆیان لەو شێت و ماخولیاترن؛ ناچار بڕیاریان دا کە زەوت بن و تەنانەت لە نێوان سانکۆ پانزا و دەلاکیشدا نێوبژییان کرد و لێکیان جیا کردنەوە. سەرەنجام کەوانداران بەناوی ئەندامی دیوانی دادگەری، هەراکەیان بەشێوەیەکی ئارام و بێ چەقە و هەرا، حەل کرد کە هەر دووک لا ئەگەر بەتەواویش ڕازی نەبوون، لانی کەم تا ڕادەیەک خۆشحاڵ بوون چون قەرار درا تەنیا کۆپانەکان بگۆڕنەوە و کاریان بەهەوسار و تەنگە و پاڵوو نەبێ. بۆ مەسەلەی کڵاوخوودیش کەشیش بەنهێنی و بێ ئەوەی دۆن کیشۆت پێ بزانێ، هەشت ڕێئالی پووڵ بابەتی لەگەنەکە دا بەدەلاک و ڕەسیدێکی بۆ وەرگرتنی پووڵەکە بەڕەسمی باو بۆ کەشیش نووسی کە تێیدا هاتبوو. «ئەو لەگەنەم بەجەنابی کەشیش فرۆشت و تا ئیقراری(*) عاڵەمێ مافی هیچ ئیدعایەکم نییە. سەوداکە بەڕەزامەندیی هەر دووک لا ئەنجام درا. خێری لێ ببینن، ئامین!» پاش حەلکردنی ئەم دوو کێشەیە کە لەپڕ مەترسیترین و گرینگترین کێشەکانی کاروانسەرا بوون، کارێک نەما جگە لەوەی سێ کەس لە سوارانی دۆن لوویی ڕازی بکەن، بگەڕێنەوە ماڵی ئەربابی خۆیان و یەکیان دەخزمەتیدا وەمێنێ و بۆ

گەنجینەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرجێیەک دەگەڵ دۆن فێرنان بچێ دەخزمەتیدا بێ. بەڵام تەقدیر کە لە تووڕەیی خۆی کەم کرد بووەوە و بەخت کە وردەوردە ڕووی خۆشی نیشان دەدا، هاتنە یارمەتیی ئەویندارانو پاڵەوانان و بەستێنی جێبەجێکردنی کارەکانیان خۆش کرد. سوارەکانی دۆن لوویی ملیان بۆ ویست و خوازی ئەربابی خۆیان ڕاکێشا و ئەم ڕووداوە ئەوەندەی دۆن کلارا خۆشحاڵ کرد کە ئەگەر منداڵیکیش تێی فکریبا دەیزانی چ باسە. زوبەیدە بێ ئەوەی لەو ڕووداوانە کە بەبەر چاوییەوە ئەنجام دەدرا، شتێکی لێ حاڵی بووبێ بەحیسابی ئەوەی لە گنجی نێوچاوان و حاڵەتی ڕوخساریاندا دەیدیت، خۆشحاڵ یا غەمگین دەبوو. بەتایبەتی لەواری سەروانی ئەسپانیایی کە زوبەیدە چاوی لەسەر هەڵنەدەگرت و گیانی بەئەوینی ئەوەوە بەسترا بووەوە. وە بەڵام کاروانسەرادار کە دیتبووی دەلاک لەم هەرایەدا بەنەوایەک(*) گەیشتووە و پارەیەکی وەرگرتووە، هەڵەسوونی(*) هێناوە و داوای قەرز و قۆڵەی حیسابی دۆن کیشۆت و زەرە و زیانی مەشکە دڕاوەکانی شەراب و شەرابەڕژاوەکەی کرد و سوێندی خوارد و سێ تەلاقەی فڕێ دا ئەگەر حیسابی ئەویش تا دیناری ئاخر نەدەن. ناهێڵێ نە ڕۆسینانت، نە کەری سانکۆ لە دەرکی کاروانسەرا بچنە دەرەوە. ئەم هەرایەش بەنێو بژی کردنی کەشیش جێبەجێ بوو، هەر چەند دیوانبەگی بەمەیلی خۆی ئامادە بوو، قەرزەکانی بداتەوە بەڵام دۆن فێرنان نەیهێشت و هەمووی لە باغەڵی خۆی پێ دا. سەرەنجام ئاشتی و ئارامی وەها سەقامگیر بووەوە کە ئیدی بارودۆخی کاروانسەرا هیچ وێچوونێکی وە هەرا و کێشەی ئۆردووگای «ئاگرامان» کە دۆن کیشۆت گوتبووی نەبوو، بەڵکو ئاشتی و هێمنایەتیی گشتیی زەمانی «ئۆکتاویەن»(٢٦١) ی وەبیر دەهێنایەوە، و هەموو حازران لەسەر ئەم بڕوایە بوون کە ئەم سوڵح و ئاشتی و ئارامییە هەمووی لە سایەی زبان پاراویی کەشیش و سەخی بوون و پیاوەتیی بێ وێنەی دۆن فێرنان وەدەست هاتووە.

کاتێک دۆن کیشۆت لە هەموو کێشە و هەرای خۆی و قرەوشەڕە دەندووکەی مەیتەرەکەی ڕزگاری هات، وای بۆچوو کە وەختی هاتووە، درێژە بەسەفەرەکەی بدا و هەرا و کێشەیەکی کە پێی ئەسپێردراوە، کۆتایی پێ بێنێ. لەبەر ئەوە ڕۆیشتە خزمەت دووروتە و لەسەر چۆک کرنۆشی کرد، بەڵام دووروتە گوتی تا پاڵەوان هەڵنەستێتە سەر پێ ئیزنی پێ نادا

٢٦١- Octavien یا ئۆکتاو، نەوەی برای قەیسەر «ژوول سێزار» «٦٣ پێش زاین و ١٤ پاش زاین» ئیمپراتووری ڕۆم بوو و دەورەی ئەو لە درەوشاوەترین دەورەکانی شارستانییەتی ڕۆم بوو. ئۆکتاو بە Augosteیش بەناوبانگە و دەڵێن کە لە عەسری ئەودا گورگ و مەڕ پێکەوە ئاویان دەخواردەوە. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەک قسەی لە زاری بێتە دەر؛ ناچار پاڵەوان لە جێی خۆی ڕاست بووەوە و گوتی: «ئەی شاژنی ڕەعنا، پەندێکی مەشهوورە کە دەڵێ «تەڕدەستی(*) دایکی بەختەوەرییە و ئەزموون لە زۆر واری(*) بەمەترسیدا نیشانی داوە کە پێشدەستی دەبێتە هۆی سەرکەوتن لە کێشە و هەرادا؛ بەڵام ئەم ڕاستییە لە هیچ جێگایەکدا بەقەدەر واری شەڕ و پێکدادانداندا دروست نییە. چون لە شەڕدا دەست پێش خستن و چالاکیی بەتەوژم و بەپەلە پێش ئەوەی دوژمن خۆی ئامادە بکا و دەست و پێی(*) خۆی خڕکاتەوە و مەجالی بەرگری پەیدا بکا، دەبێتە هۆی زاڵبوون و سەرکەوتن، بەهەرحاڵ ئەی خاتوونی گەورە و بەجەوهەر، مەبەستم لە تەواوی ئەو شتانەی عەرزم کردی ئەوەیە کە لەوە زۆرتر مانەوەمان لەم قەڵایەدا هیچ فایدەیەکی نییە و لەوانەشە ئەوەندە زیانهێنەر بێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ببێتە مایەی پەشیمانی. چون ئێمە لە کوێ بزانین کە دوژمنی ئێوە یانی ئەو دێوە مەلعوونە بەیارمەتیی جاسووسانی کارامەی خۆی بۆی دەرنەکەوتبێ کە من بۆ کوشتنی ئەو کەوتوومە ڕێ و نەیتوانیبێ بەکەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتەی ئێمە پێی دەدەین، سەنگەر و مەتەرێزی لێ قایم کردبێ و قەڵای مەحکەم و تۆکمەی دروست کرد بێ. قەڵای وا کە دەبەرانبەریدا زۆری شان و پیلی من کارێکی لە دەست نەیا؟ کەوابوو ئەی شازادە خانم با ببزوین تا هەر وەک گوتم، پلانەکەی ئەو بەتەڕدەستیی خۆمان پووچەڵ بکەینەوە و هەرچی زووترە بچینە پێشوازیی ئەم ڕووداوە، چون ڕووبەڕوو بوونەوەی من دەگەڵ دوژمنی جەنابتان هەمان و پێکهاتن و ئەنجامدرانی کارەکان بەو جۆرەی مەبەستی بەڕێزتانە هەمان.»

دۆن کیشۆت پاش گوتنی ئەم قسانە بێدەنگ بوو و بەویقار و ڕێزەوە چاوەڕوانی جوابی ئەو شازادە خانمە جوانە مایەوە. ئەمەیان حاڵەتی شازادە خانمێکی کە دەگەڵ شێوەی خەیاڵ و بۆچوونی دۆن کیشۆت سازگار بوو، بەخۆیەگرت و بەمجۆرە جوابی داوە: «ئەی جەنابی پاڵەوان، لە هۆگری و پەلەیەکی کە بۆ چارەسەر کردنی دەردی من نیشانی دەدەی سپاسم هەیە. شێوەی ڕەفتاری ئێوە بەشێوەی پاڵەوانانە کە پشتیوانی لە هەتیوان و دەستگرتنی داماوان بەئەرکی خۆیان دەزانن. خودا بکا ئارەزووی هاوبەشی ئێمە هەر دووکمان وەدی بێ تا جەنابت باوەڕ بفەرمووی و تەسدیق بکەی کە لە دنیادا ژنانی ئەمەگناس بوونیان هەیە. وە بەڵام لەواری وەڕێ کەوتنی من دەفەرمووی با هەر ئێستا وەڕێ کەوین، چون من ئیرادەیەکی لە ژووری ئیرادەی ئەو حەزرەتەم نییە. من دەژێر دەسەڵاتی ئێوەدام تا هەرچی دڵخوازی ئێوەیە، ئەوە بکەم. کەسێک کە بەرگری لە خۆی و ئەستاندنەوەی ماف و حقووقی پاشایەتی خۆی داوەتە دەستی ئێوە ناتوانێ لە ئەمر و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فـەرمـان و تەدبیـر و بۆچوونی ئێـوە سـەرپێچی بکـا. دۆن کـیـشـۆت گـوتی: «دەسـتی خـودا ئاگاداری ئێمە بێ! ئێستا کە شازادە خانمێکی ئاوا گەورەوار(*) لە بەرامبەر مندا ئاوا خۆ بەکـەم دادەنێ من نامـەوێ لە ئـەنجامـدانی ئـەم ئەرکـەدا، کـە دەبـێ لەسـەر خـاک هـەڵیگرم و لەسەر تەختی دابنێم. وەدرەنگ بکەوم. وەرن با بەپەلە وەرێکەوین چون مەیل و ئیشتیای من و دووری ڕێگا دەمن دەسـرەوێنن کـە هـەڕەمـە بکەم.، وە پـەندێکی کـۆن هـەیە دەڵێ: «وفی التاخیر افات» (درەنگ کردن بەڵای پێوەیە. وە چون خـوداوەند هیچ بوونەوەرێکی ئافەریدە نەکردووە و دۆزەخیش بوونەوەرێکی وەدەرنەناوە کە من لێیان بترسم. تۆ ئەی سانکۆ بڕۆ ڕۆسینانت و سوارەبەری(*) شازادەخانم زین و کەری خۆت ئامادە بکە؛ هەروەها لە خاوەن قەڵا و باقیی بەڕێزان ماڵاوایی بکەین و هەر چی زووترە لێرە وەدەرکەوین!»

سـانکۆ کـە لـە تەواوی گـەڕیانی ئەم وتوێژەدا ئامـادە بـوو، سـەری خـۆی بۆ لای چەپ و ڕاست تەکـان دا و گـوتی: ا ئاخ، ئـەرباب، ئەگـەر پـێ توورە نابی، عـەرزت دەکـەم کـە وەک پەندێکی کۆن دەڵێ: لە دۆزەخـدا مـاری وا هـەیە کە مـرۆڤ لە ترسی ئەوان پەنا دەباتە بەر هەژدیهـا!». دۆن کـیـشـۆت قـسـەکـەی پێ بڕی و گـوتی: «دێهـاتیـی بێ عـەقڵ مـاری چی و جەهەننەمی چی! لە تـەواوی ئەو دنیایەدا کێ هەیە بگاتە ناو و ناوبانگی من. سانکۆ گوتی: ئەرباب ئەگەر قەرار بێ تۆ توورە بی من بێدەنگ دەبم و لە گوتنی ڕاستەقینەکان کە هەر مەیتەرێکی بەئەمەگ دەبێ بەئەربابی خۆی بڵێ، خۆم دەپارێزم. دۆن کیشۆت گوتی: هەرچی دەتەوی بیڵێ، بەو مـەرجەی قسـەکانت بەمەبەسـتی ترساندنی من نەبێ. تو ئەگەر دەترسێی هەرکارێکی کە شایستەی کەسێکی وەک خۆتە بیکە، بەڵام من کە نەترسم ئەو جۆرەی کە خۆم لێم دەوەشێتەوە، ڕەفتار دەکەم. سانکۆ گوتی سوێندم بەو گوناهانەی من لە حزووری خودادا کردوومە، قسە لەسەر ئەوە نییە. بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم خاتوونە کە خـۆی بەشـازنی وڵاتی گـەورەی مـیکۆمـیکۆنا نـاسـاندووە، شـازن نـیـیـە، هـەر وەک دایکە بەسـتـەزمـانەکـەی منیش نەبوو، چون ئەگـەر ئەم ئەوە بێ کـە دەڵێ، تا سـەرمـان وەردەسـووڕێنین لە هـەر سـووچ و قـوژبنێـک دەگەڵ ئـەم وئەودا ڕاز و نیـازی نەدەکـرد.» بەو قسـەیەی سـانکۆ، دووروونە تەواو سوور هەڵگەڕا، چون ئەم قسەیە ڕاست بـوو و مێردەکەی ئەو، دۆن فێرنان، زۆر جار لە پەنا و پەسیواندا بەلێوەکانی خۆی لە بابەت قیمەتی ئەوین و هۆگریی خۆی پێشـەکی شتێکی ئەستاندبوو. سانکۆ ئەو خـانمەی غـافڵگیـر کردبوو و بەبۆچوونی ئەو تایبەتمەندی و ڕەفتـارێکی ئـاوا لە ژنێکی داوێن پیس دەکـاڵێتـەوە نە لە شازنی وڵاتێکی گەورە. دووروونە لە جوابی سانکۆدا. هیچی بۆ نەگوترا و لێ گەڕا سانکۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرچی دەیەوێ بیڵێ و ئەویش ئاوای بەقسەکانی خۆی درێژەدا: «ئەرباب، من ئەو بابەتە بۆیە باس دەکەم کە لە دواییەکانی کاردا یانی ئەو ڕۆژە کە ئێمە ئەو هەموو سەفەرە دژوارە بکەین و شەوان و ڕۆژانێکی پڕ لە مەینەتیمان ڕابوارد، ئەگەر قەرار بێ، ئەو پیاوە مل ئەستوورە کە ئێستا لەم کاروانسەرایەدا دەگەڵ خانم خەریکی ڕابواردنە لەو لارِا بێ و بەرهەمی زەحمەت و کوێرەوەرییەکانی ئێمە وەک میوەی گەیشتوو بچنێ، چ لازم دەکا من بۆ زین کردنی ڕۆسینانت و کۆپانکردنی کەری خۆم ولغاو کردنی سوارە بەری ئەو خانمە هێندە پەلە بکەم؟ بەبڕوای من باشترە زەوت بین و هەرکەس وەدوای ئیشی خۆی کەوێ و بچین شامەکەمان بخۆین.» سوبحانەڵلا، کاتێک دۆن کیشۆت قسە بیشەرمانەکەی مەیتەری خۆی گوێ لێ بوو، چەندە تووڕە بوو! تووڕەیی و ڕق و قینی وەها بوو کە بڵێسەی ئاگر لە چاوانی دەردەپەڕی و لەو حاڵەدا بەئاهەنگێکی گوێ پچڕێن و بەزبانێکی کە لەبەر غەزەب، وە تەتە پەتە کەوتبوو، هاواری کرد کە: «ئەی ناپیاوی دێهاتی! ئەی وەحشیی بێ تەربیەت! ئەی بێ حەیای بێ ئابڕوو، ئەی ڕووداماڵاوی بێ شەرم! ئەی بوختانکار، ئەی کافر! تۆ بەچ غیرەتێک ئەو قسانە لە لای من و ئەو خاتوونە بەعینوانانە(*) دەکەی؟ چۆن دەوێری ئەم خەیاڵاتە پیس و چەپەڵانە بەمێشکی بێ شعووری خۆتدا تێپەڕ کەی؟ بڕۆ لەبەر چاوم مەمێنە، ئەی حەیوانی وەحشی، ئەی درۆزنی قسە قۆڕ، ئەی بوختانکەری فێڵباز. ئەی شەیتانی ڕەجم کراو، ئەی بڵاو کەرەوەی درۆ، ئەی دوژمنی ڕێز و حورمەتی خانەدانی پاشایان، بڕۆ لەبەر چاوم ون بەو ئیدی نەتبینمەوە، دەنا تووشی غەزەبی من دەبی!» ئەوەی گوت و برۆی تێک کێشا و نێوچاوانی گرژ کرد و بای دە گووپەکانی خۆی کرد و چاوی خۆی مۆر کردەوە و لاقی ڕاستی خۆی دە عەرزی گوتا و ئەوانەش هەمووی نیشانەی تووڕەییەک بوو کە لە ناخەوە دەروونی دەخوارد، سانکۆ لەو قسانە و لە جووڵە جووڵ و ئەدا و ئەتوارەی دۆن کیشۆت لەسەر جێی خۆی وشک هەڵات و لە ترسان وەها دەلەرزی کە ئارەزووی دەکرد کە هەر لەو تروووکەیەدا(*) زەوی زار بکاتەوەو و قووتی بدا. ئەو بێجگە لەوەی زوو ڕووی خۆی وەرگێڕێ و لە ئەرباب دوور کەوێتەوە، هیچی لە دەست نەهات. بەڵام دووڕووتەی خۆڕاگر و لەسەرەخۆ کە ئێستا باش لە ئەخلاقی دۆن کیشۆت حاڵی بووبوو بۆ ئەوەی تووڕەیی پاڵەوان بنیشێنێتەوە، دەسبەجێ خۆی خستە نێوانێ و گوتی: «ئەی حەزرەتی پاڵەوانی خەمگین ڕوخسار، لە قسەی خۆڕایی و بێ شەرمانەی مەیتەری مێهرەبانی خۆت دڵگیر مەبە. لەوانەیە سانکۆ لەخۆوە ئەم قسانەی نەکردبێ و ناتوانین ویژدانی مەسیحایی ئەو تاوانبار بکەین، بەوەی کە خوای نەخواستە دژی کەسێک شایەدیی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەدرۆی داوە. کەوابوو بێ ئەوەی لەم بابەتەدا هیچ شک و گومانێک بخەینە دڵمانەوە دەبێ یەقین بکەین کە چون بەفەرمایشتی حەزرەتی پاڵەوان هەمووشت لەم قەڵایەدا لەسەر ڕەوتی سیحر و جادوو ڕوودەدا، بەدووری نازانم کە سانکۆ ئەوەی بەپێچەوانەی حەیا و عیسمەت وەپاڵ منی دەدا لە هەمان ڕێگەی شەیتانییەوە وەبەر چاوی کەوتووە. دۆن کیشۆت هاواری کرد: سوێند بەخودای قادری متەعال کە حەزرەتی خاتوون دروست لە ماکی مەتڵەب حاڵی بوون! بەڵێ، بێشک خەیاڵێکی شەیتانی لەسەری سانکۆی تاوانباردا سەری هەڵداوە تا شتێکی پێ نیشان بدا کە ئەو شتە تەنیا بەیارمەتیی سیحر و جادوو دەبیندرێ. من ئاگام لە پاکی و بێگوناهیی ئەو بەدبەختە هەیە و دەزانم شایەدی دژ بەراستی دژی هیچ کەس نادا. دۆن فێرنان گوتی: بەڵێ ڕاستی هەر ئەوەیە و بێجگە لەوەش ناتوانێ ببێ. لەمەو دوا ئەی حەزرەتی دۆن کیشۆت، دەبێ بەڕێزتان لە گوناهی ببوورن و پێش ئەوەی خەیاڵاتە شەیتانییەکان فکری بشێوێنن، ئەوی بەرنەوە ژێر سایەی خۆتان.» کاتێک دۆن کیشۆت گوتی کە لە تاوانەکانی سانکۆ پانزا دەگوزەرێ، کەشیش وەدوای سانکۆ پانزا کەوت و هێنایەوە. مەیتەر بەخۆبەکەمزانینی زۆرەوە لە بەرانبەر ئەربابدا کەوتە سەر ئەژنۆ و ویستی دەستی ماچ بکا. دۆن کیشۆت دەستی بۆ ڕاداشت و ئیزنی پێ دا ماچی بکا و پاشان دوعای بۆ کرد و گوتی: «ئێستا کوڕەکەم سانکۆ، ئاخری تێ گەیشتی کە ئەوەی من زۆر جاران بەتۆم دەگوت، لەمەڕ ئەوەی کە هەرچی لەم قەڵایەدا ڕوودەدا لەسەر ڕێوشوێنی سیحر و جادووە، تا چ ئەندازە ڕاست و دروست بوو. سانکۆ گوتی: بەندە بێ هیچ شک و گومانێک ئەم نوکتەیە قبووڵ دەکەم، بێجگە لە ڕووداوەکەی سەرلێفە، کە بەشێوەیەکی تەواو ئاسایی ڕووی دا. دۆن کیشۆت گوتی: ئەویش باوەڕ مەکە، چون ئەگەر وابووایە من هەر لە جێوە تۆڵەی تۆم دەستاندەوە و ئێستاش حازرم تۆڵەت بکەمەوە. بەڵام نە ئەو ڕۆژە و نە ئەمڕۆ من کەسم نەدیوە و نابینم تۆڵەی لێ بکەمەوە» حازران هەموویان ویستیان تا لەو ڕووداوە ئاگادار بکرێنەوە و کاروانسەرادار داستانی سەفەرە حەواییەکانی سانکۆی مووبەموو بۆ گێڕانەوە. داستانێک کە هەموو پێی لە خۆ بووبوونەوە(*). بەڵام سانکۆ خۆی ئەگەر ئەرباب جەختی نەکردباوە کە ئەو ڕووداویش هەر کاری سیحر و جادوو بووە، دڵی دێشا وپێی ناخۆش دەبوو. بەو حاڵەشەوە ساویلکەیی سانکۆ هەرگیز نەگەیشتە ئەو سنوورە کە لە ڕاست بوونی ڕووداوێکی ڕاستەقینەی دوور لە شک و گوماندا، شک بکا و قبوول نەکا کە بەدەستی کەسانێکی ڕاستەقینە و دروست کراو لە گۆشت و ئێسقان و پێست، بەڕاستی لەسەر لێفە سەمای پێ کراوە، نە بەدەست تاپۆ و جانەوەری خەیاڵی،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabart.org

وەک ئەربابەکەی گومانی دەکرد. بەڵێ جا، دوو ڕۆژ بوو کە هەموو ئەندامانی ئەو کۆیە ناسراوە لە کاروانسەرادا نیشتەجی بوون و چون هەموویان وەختەکەیان بۆ ڕۆیشتن پێ باش بوو، ویستیان ڕێگا چارەیەک بدۆزنەوە کە بێ ئەوەی دۆن فێرنان و دووروونە زەحمەتی ڕۆیشتن و هاوڕێیی دەگەڵ دۆن کیشۆت تا دەگاتەوە گوندەکەی خۆی وەبەر خۆیان بنێن و کایەی نەجاتی شاژنی میکۆمیکۆنا درێژە پەیدا بکا، کەشیش و دەلاک بتوانن ئەو جۆرەی خۆیان دەیانویست بیبەنەوە گوندی خۆی و خەریکی مالیجە و دەرمان کردنی ئەو بن. سەرەنجام یەکدەنگ بڕیاریان دا دەگەڵ خاوەن عارەبەیەک کە بەگایەکەوە بەسترا بووەوە ڕێک کەون و بەو شێوە کە لە خوارەوە باسی دەکەین بیگەیەننەوە گوند: دەپێشدا دیوێکی وەک قەفەسیان لە تەرک(*) و شوولی(*) داران دروست کرد، بەئەندازەیەک کە دۆن کیشۆت بتوانێ بەئاسانی دەویدا جێگەی ببێتەوە؛ پاشان دەستبەجێ بەئەمری کەشیش، دۆن فێرنان و هاوڕێکانی و نۆکەرانی دۆن لوویی و کەواندارانی و کاروانسەرادار هەموو سەر و گوێلاکی خۆیان داپێچا و هەر کام بەشێوەیەک خۆیان گۆڕی تا لەو قەلایەدا بەبۆچوونی دۆن کیشۆت وا بێنە بەرچاو کە ئەمانە کەسانێکی ترن. پاش ئەو کارە هەموویان دە بێدەنگییەکی قورسدا چوونە ئەو ژوورەی کە دۆن کیشۆت تێیدا خەوتبوو و لە کوێرەوەری و مەینەتی ڕۆژگار حەسابووەوە. هەموویان لە پاڵەوانی بەستەزمان کە ئارام خەوی لێ کەوتبوو، نزیک بوونەوە و هەموو وێگڕا تێی بەر بوون و دەست و پایان وەها مەحکەم بەست کە کاتێک لە خەو ڕاپەڕی نەیتوانی تەکانێک بەخۆی بدا و نە بێجگە لەسەرسوڕمان و واق بردنەوە کارێکی تری لە دەست هات. دەستبەجێ کەوتەوە سەر خەیاڵاتی شێتانەی خۆی و بەڕاست بوونی ئەوان باوەڕی هێنا، یانی یەقینی کرد کە ئەم کەسانە هەموو تاپۆ و جندۆکە و شەیاتینین کە لەو قەلایەدا جێگرن و بێگومان خوێشی تەلیسم کراوە، چون نە هێزی جووڵانەی پێ مابوو نە توانای بەرگری کردن لە خۆی، تەنیا بەم شێوەیە بوو کە کەشیش داهێنەری ئەم پلانە فێڵبازانەیە؛ فکری دەکردەوە کە بەئاکام دەگا.

لە تەواوی حازران تەنیا سانکۆ پانزا بوو کە قیافە و سەر وگوێلاکی نەگۆڕا بووە،وە هۆش و هەست و ئاگایی خۆی لە دەست نەدابوو، وە هەر چەند شتێکی نەمابوو ئەویش وەک ئەربابەکەی مێشکی بشێوێ، بەو حاڵەشەوە ئەوانەی کە خۆیان داپێچا بوو و خۆیان گۆڕیبوو، تا ئەندازەیەک ناسینییەوە؛ بەلام نەیوێرا وستەی بکا. بەو هیوایە کە بزانێ ئەو هێرش و ئەو دەست و پێ بەستنەی ئەرباب بەکوێ دەگا و ئەربابیش بەچاوەڕوانی ئاکامی ئەم بێ مێهرییە نەیویست هیچ بڵێ. سەرەنجام قەفەسیان بردە تەنیشت جێوبانی دۆن

تۆڕی ڕەبەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

کیشۆت و خستیانە ناو قەفەسەکەوە و زیندانییان کرد. پاشان دەرگاری قەفەسیان وەها بزمار کوت کرد کە شکاندنی پێوستی بەزۆر و توانایی دێو هەبوو. بەدوای ئەوەدا قەفەسیان خستە سەر پشتی چەندکەسان و کاتێک لە دەرگای کاروانسەرا دەیانبردە دەرەوە، نەعرەتەیەکی وەها لە دەلاک بەرز بووە؛ بەڵام نە دەلاکی خاوەن پاڵان، بەڵکو دەلاکی خۆمان: کە وڵاتی لەرزاندەوە و دەنگەکە ئاوای دەگوت:

«ئای، ئەی پاڵەوانی خەمگین ڕوخسار، نەکا لەو قەفەسەی کە تۆیان تێدا زیندانی کردووە دڵت بێشێ! کار دەبێ بەمجۆرە بێ تا تۆ هەرچی زووترە ئەو ڕووداوەی کە دڵی دەریا ئاسات پێی ئەمر کردووی کۆتایی پێ بێنی، وە کۆتاییەکەی زەمانێکە کە شێری گەورەی مانش و کۆتری سپی ڕەنگی «تۆبۆزۆ» وەک شیر و شەکر تێکەڵاو بن و پاش ئەوەی نێوچاوانی خۆیان دەبەرانبەر نیری پیرۆزی بەیەک گەیشتندا لەسەر خاک دانا، لەیەک جێدا سەقامگیربن و هێلانەی گەرمی ئەوین هەڵبەستن. لەم پێک گەیشتنە پیرۆزە دەبەرانبەر چاوانی زەقی عالەمدا، بێچووە شێرانێکی دلاوەر دەکەونەوە کە چەنگاڵی دڕندە لە باوکی خۆیان بەمیرات دەبەن. ئەم کارە دەبێ پێش ئەوە ئەنجام بدرێ کە خواوەندی ڕووناکی، یانی ئەو خودایە کە وەدوای پەریزادەی سڵۆک و ڕەوەک[٢٦٢] کەوتووە، دە هەڵاتنی توند و سروشتیی خۆیدا، دوو جار ڕوخسارە درەوشاوەکانی مەڵبەندی بورجەکانی (منطقەالبروج) دیتبێ. وە تۆ ئەی لە تەواوی مەیتەرانی عالەم نەجیبتر و فەرمان بەرتر، ئەی مەیتەری بەوەفا، کە هیچ مەیتەرێک بەباشیی تۆ شمشیری نەبەست و ڕدێنی بەچەنەگەوە هەڵنەواسی و لە هەستی بۆن کردن کەڵکی وەرنەگرت. ئێستا کە گوڵی سەر سەوەتەی[*] پاڵەوانانی سەرگەردان لە بەرانبەر چاوەکانتدا دەرفێن، شپرزە مەبەو لە هۆش مەچۆ، ئەگەر ئەو کەسەی کە نیزامی دوو عالەمی بەرقەرار کردووە، ئیرادە بکا هەر بەو زووانە بەپلەوپایەی وەها بەرز دەگەی کە خۆت نەناسییەوە، وە ئەودەم هەموو قەول و بەڵێنەکانی ئەربابی تۆ وەدی دێن. من بەناوی «مانترونیانا»ی Mentiro niana حەکیم، متمانەت پێ دەدەم کە مواجیبەکەت بەتەواوی، بەچاوی خۆت دەبینی، دەدرێ بەتۆ. کەوابوو هەنگاوبەهەنگاو بەدوای پاڵەوانی شێردڵ و تەلیسمکراوی خۆتدا بڕۆ، چون وا باشە تا ئەو جێگایەی پێکەوە ڕادەوەستن، هاوڕێی ئەو بی. وە چون من لەوە زۆرتر ئیجازەی قسە کردنم نییە، ئێوە بەخودای مەزن دەسپێرم. منیش دەگەڕێمەوە شوێنێک کە تەنیا خۆم دەزانم و

٢٦٢- ئیشارە بەداستانی «ئاپۆلۆن» و دانتە دە ئەفسانەی خودایانی یۆنانی دا. (مۆریس باردۆن)
ئاپۆلۆن خودای ڕووناکی و شیعر و مۆسیقا عاشقی «دافنە» پەریزادەی کانی و سەراوان بوو. وەدوای دەکەوت بیگرێ، بەڵام دافنە چوو دە زەوییەوە و بوو بەڕووەکی ئەوین. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

بەس.» سرووشی(*) غەیبی، جارویار دەنگی بەرز دەبووەوە و جارویار بەزێروبەمێکی پەژارەهێنەرەوە کز دەبوو، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕۆح و هەست و نەستی مرۆڤ دادەنا و تەنانەت ئەوانەی کە دەیانزانی ئەوە شانۆگەرییەکی ساختەیی و بەقەستییە، لەوانە بوو ئەوەی دەیبیسن باوەڕ بکەن.

دۆن کیشۆت بەبیستنی سرووشی غەیبی، غەم و دەردی لە دڵدا نەما، چون مەبەست و ماناکەی خاڵ بەخاڵ و داڵ بەداڵی(*) لێ حاڵی دەبوو و تێ گەیشت کە مزگێنیی زەماوەندی پیرۆزی دەگەڵ دۆلسینە دۆتۆبۆزۆی پێ دەدەن و لە منداڵدانی مبارەکی ئەو، بێچووە شێرانێک، کە منداڵی ئەون، دێنە سەر دنیا و دەبنە هۆی شانازیی هەتاهەتایی وڵاتی مانش. پاڵەوان بەمتمانەیەکی تەواوەوە هەناسەیەکی شادیی هەڵکێشا و هاواری کرد: «ئەی سرووش بێژی غەیبی، ئەی ئەوەی کە نازانم چ کەسی، ئەی مزگێنیدەری مبارەک نەفەس کە ئەو هەمووو وەعدە پڕ لە بەختەوەرییەت بەمن دا، لەبەرت دەپاڕێمەوە لە لایەن منەوە لە سیحرکاری زانا، کە ئەمری پێ کراوە کاروباری من بەجوانی بەڕێوە بەرێ، تکا بکە تا ڕۆژێک کە ئەم وەعد و بەڵێنە شادی هێنە بێ وێنە و هیوا پەروەرێنانە بەکردەوە، ئەنجام نەدراون، نەهێڵێ لەو قەفەسەدا کە ئەوە تا منی تێدا دەبەند کراوە، لە ناو بچم. من بەو چارەنووسە ڕازیم و مەینەتی و مەرارەتی نێو ئەم ڕکەیە(*) بەڕەحمەتی خوداوەندی دەزانم و ئەو زنجیرانەی دەست و پێیان بەستووم بەمایەی دڵنیایی و ئەهوەن بوونەوەی دەرد و مەینەتەکانم دادەنێم و ئەم جێوبانە چێوینە(*) کە منیان لەسەر فڕێ داوە، لەبەر چاوم نە تەنیا بەسەختی و نالەباری مەیدانی بەربەرەکانێ نییە، بەڵکو شیرینتر و مبارەکترە لە پەردووی بووک و زاوا. وە بەڵام لەمەڕ دڵنیایی و ئارامییەک کە لە هاورییی مەیتەری خۆم سانکۆپانزا دەبێ وەدەستی بێنم. من بەدڵپاکی و ڕاستگویی ئەو زۆر لەوە پتر بڕوام هەیە کە بترسم ئەو دە خۆشبەختی یا بەدبەختیدا جێم بهێڵی، چون ئەگەر لەبەختی ڕەشی خۆم یا لە نێوچاوانی نامبارەکی ئەو، نەتوانم ئەو دورگەی وەعدەم پێ داوە یا شتێکی بەرانبەر بەوە بدەم بەو، لانی کەم مواجیبی ئەو لە ناوناچێ، چون لە وەسیەتێکدا کە پێشەکی کردوومە، بەنووسین جەختم لەسەر ئەوە کردووە کە دەبێ بەشێک، نە بەرانبەر بەو هەموو زەحمەتەی ڕاستگۆیانە بۆ منی کێشاوە، بەڵکو مناسب دەگەڵ داهاتی فەقیرانەی من، بدەن بەو.» سانکۆ بەبیستنی ئەو قسانە کڕنۆشێکی تەواوی بۆ ئەربابی خۆی کرد و هەر دووک دەستی ماچ کرد، چون ماچ کردنی دەستێکی ئەو بەو هۆیە کە هەر دووک دەستی لێک شەتەکدرابوون، مومکین نەبوو. پاش ئەوە تاپۆکان قەفەسیان بەشانان هەڵگرت و لەسەر عارەبەی بەسراوە بەگا، دایان نا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


٤٧

## لەمەڕ شێوەی سەیروسەمەرەی جادووکردنی دۆن کیشۆت و باقیی ڕووداوە گرینگەکان

کاتێک دۆن کیشۆت بەمجۆرە خۆی بەدیلی چاو پێ کەوت و دیتی کە قەفەسەکەیان لەسەر عارەبە بار کرد، ئاوای گوت: «من داستانی پاڵەوانانی سەرگەردانم گەلێک خوێندووەتەوە. داستان و بەسەرهاتی زۆر ڕاست و زۆر گرینگ، بەڵام هەرگیز نەدیتوومە، نە بیستوومە و نە خوێندووشمەتەوە کە پاڵەوانانی تەلیسمکراو و بەو شێوەیە بەپێی ئاژەڵی وا تەمبەڵ و سستەک(*) ببەنە جێگایەک. لە ڕاستیدا هەمیشە ڕەسم و داب ئەوە بوو کە پاڵەوانان بەحەوادا و بەتەوژم و سورعەتێکی سەرسامهێنەر، دەهەوری ڕەش پێچراو یا بەسواریی گەردوونەی ئاگرین یا ئەسپی باڵدار ڕاگوێز بکەن. بەڵام خودایە من کە ئێستا خۆم لەسەر عارەبەی بەستراو بەگاوە دەبینم زۆر شەرم دەکەم. بەڵام ڕەنگە ڕێوڕەسمی سیحرو تەلیسم و جادووی زەمانی ئێمە وەک قەدیم نەمابێ و ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبێ. هەروەها ڕەنگە چون من تەنیا پاڵەوانێکی تازە دەرکەوتوو لەو دنیایەدا بم کە پێشەی لەبیرکراوی پاڵەوانانی سەرگەردانم زیندوو کردووەتەوە، لەوانەیە و زۆر وێ دەچێ کە لەم ئاخریانەدا چەشنی تری سیحر و جادوو یا شێوەی تر بۆ ڕاگوێزتنی پاڵەوانانی تەلیسم کراو داهێنرابێ. سانکۆ، کورەکەم، تۆ چ دەڵێی؟ سانکۆ لەوەڵامدا گوتی: من نازانم چیت عەرز کەم، چون من بەئەندازەی حەزرەتی بەڕێزتان کتێبی پاڵەوانیم نەخوێندووەتەوە. لەسەر ئەوەشڕا ئەوەی دەتوانم بەتێڕادیوی بیڵێم و سوێندیشی لەسەر بخۆم ئەوەیە کە ئەم تاپۆیانەی لە دەوروبەری ئێمە دێن و دەچن، کاتۆلیکی تەواو عەیار نین. دۆن کیشۆت هاواری لێ بڵیند بوو کە: کاتۆلێک! پەنا بۆ خودا! شەیاتینی و جندۆکەی کە بەو شکڵانە هاتوونەتە بەرچاو تا ئەو کارانە بکەن و من بگەیەننە ئەم حاڵ و ڕۆژە لە کوێ کاتۆلیکن! تۆ ئەگەر دەتەوێ تێ بگەی کە قسەکەی من چەندە ڕاستە دەستەکوتەیان بکە و دەست لە لەشیان بدە تا بزانی کە ئەوانە شتێکن وەک با و تەنیا بەڕواڵەت بوونیان هەیە. سانکۆ گوتی: سوبحانەڵلا ئەرباب! چ دەفەرمووی! من دەپێشدا دەستم لێ داون، بۆ نموونە ئەو شەیتانەیان کە هێندە بزۆزە(*) و دێت و دەچێ، ڕوخسارێکی هەیە لە گوڵی سوور تەڕوتازەتر کە دەگەڵ شەیتانی تر هیچ وێچوونێکی نییە، چون وەک بیستوومە هەموو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


شەیاتینییەکان بۆنی بەردی گۆگردیان لێ دێ و زۆر جۆر بۆنی ناخۆشیتریش کە پیاو لە لایان ناڕژی، بەڵام ئەم یەکە لە دوورەوە لە نیو فرسەخی، تۆمارتۆمار بۆنی میشک و عەنبەری دەڕوا.» مەبەستی سانکۆ لەو شەیتانە دۆن فێرنان بوو کە لەسەر بنەمای ئەعیانی و ئەشرافیی خۆی دەبا ئەو بۆنەی لێوە بێ کە ئەو دەیگوت. دۆن کیشۆت گوتی: «هاوڕێ سانکۆ، لەم بابەتەوە هیچ سەرت سوڕ نەمێنێ و بزانە کە شەیاتینی لە زۆر شت باش سەریان دەردەچێ و هەر چەند عەتر و شتی بۆن خۆش زۆر دەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن بەڵام خۆیان بەسروشتی هیچ بۆنێکیان نییە، چون ئەوان ڕۆحی ڕەهان و ڕۆحیش بۆنی نییە، وە گریمان بۆنیان هەبێ بۆنی ناخۆش دەدەن، دەلیلی ئەم مەسەلەیە ڕوونە، چون بۆ هەر شوێنێک بچن دۆزەخیش دەگەڵ خۆیان دەبەن و هیچ دەرمان و چارەسەریەکیان بۆ ئەم عەزابەدەردناکەی خۆیان شک نابەن؛ لە لایەکی ترەوە چون بۆنی خۆش مرۆڤ سەرخۆش و دڵ خۆش دەکا و شەیاتینی هیچ کات خۆشیی مرۆڤی ناوێ لەبەر ئەوە هەرگیز مومکین نییە کە لەوان بۆنی خۆش بگاتە بەر لووتی کەسێک. بەڵام ئەو شەیتانەی کە تۆ دەڵێی بۆنی خۆشی میشک و عەنبەری لێ هاتووە، یا تۆ بەهەڵە چووی یا ئەو دەیەوێ تۆ فریو بدا کە نەزانی ئەو شەیاتینە.»

بەڵێ جا، لە نێوان ئەرباب و مەیتەردا ئەم وتووێژە لە گەڕیاندا بوو، بەڵام دۆن فێرنان و کاردینیۆ لە ترسی ئەوەی نەکا ئاخری سانکۆ، کە لەنزیکەوە بەدەنی بۆن دەکردن، فێڵ و تەڵەکەیان لێ ئاشکرا بکا، بڕیاریان دا پەلەی بکەن و زوو بڕۆن؛ لەبەر ئەوە کاروانسەراداریان بانگ هێشتە گۆشەیەک و ئەمریان پێ کرد کە ڕۆسینانت و کەری سانکۆ زین بکا، کاروانسەرادار بەپەلە ئەم فەرمانەی جێبەجێ کرد لە هەمان کاتدا کەشیش دەگەڵ کەوانداراني سێنت هێرمانداد خەریکی سەودا و موعامەلە بوو تا ڕازییان بکا دەبەرانبەر پارەیەکدا تا ئەو گوندەی کە قەرار بوو بچن، هاوڕێ بن. کاردینیو بەلایەکی قەڵپووزی زینی ڕۆسینانتدا مەتاڵی دۆن کیشۆت و بەلایەکەی تردا لەگەنە شکاوەکەی هەڵواسی، پاشان بەئیشارە دە سانکۆی گەیاند سواری کەرەکەی خۆی بێ و لغاوی ئەسپەکەش بەدەستەوە بگرێ. پاش ئەم کارانە، دوو کەسی لە کەوانداران بەشمخاڵەوە لەو لا و ئەو لای عارەبەکە دامەزراند؛ بەڵام پێش ئەوەی عارەبە وەڕێ کەوێ، ژنی کاروانسەرادار دەگەڵ کچەکەی و ماری تۆڕن لە کاروانسەرا وەدەرکەوتن تا دەگەڵ دۆن کیشۆت ماڵاوایی بکەن و هەرسێکیان خۆیان کز و غەمگین نیشان دەدا تا وابنوێنن کە بۆ حاڵی زاری ئەو دەگرین. دۆن کیشۆت پێی گوتن: «خاتوونانی بەڕێز، سەروەرانی من،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەگرین! تەواوی ئەم گرفتاری و بەڵا و چەرمەسەرانە، دەوکارەدا کە من ڕەچاوم کردووە، دێنە پێشێ؛ وە ئەگەر ئەو بەڵایانەم بەسەر نەهاتبا، هەرگیز خۆم نێو نەدەنا پاڵەوانی سەرگەردان کە ناوبانگی بەدنیادا بڵاوبووەتەوە. بەڕاستی کە بۆ پاڵەوانانی بێ ناو و نیشان هەرگیز ئەو شتانە ڕوو نادەن و لە دنیادا کەسێک نییە کە یادێک لەوان بکا. ئەمە چارەنووسی پاڵەوانانێکە کە زۆرتر نێوبانگیان ڕۆیشتووە و گەورەیی و ئازایەتی و جوامێریی ئەوان ئێرەیی[*] زۆرێک لە شازادەگان و پاڵەوانانی دەروون پیس و دەغەڵباز کە بەناپیاوی جوامێر و ئازادە و پیاوچاکان لە ناو دەبەن، وروژاندووە. بەو حاڵەشەوە زانایی و گەورەیی ئەوەندە توانایە کە بەتەنیایی بەسەر ئەو هەموو سیحر و جادووگەرییەدا کە زەردەشت[٢٦٣] دای هێناوە زاڵ دەبێ و سەر بڵیند لەو مەیدانە دێتە دەرێ و هەر وەک ڕۆژ کە نووری خۆی بەسەر ئاسمان و زەویدا بڵاو دەکاتەوە، پانتایی زەوی بەنووری خۆی ڕووناک دەکاتەوە. ئێوە ئەی خاتوونە مێهرەبانەکانی من، ئەگەر من لەبەر فەرامۆشی و بێ مبالاتیی خۆم بێ ئەدەبییەکم کردبێ لێم، ببوورن، چون من هیچ کات لە ئەنقەس و بەعەمدی تا ئێستا سووکایەتی و تەوهینم بەکەس نەکردووە. بۆ من لە دەرگای خودا بپاڕێنەوە تا لەو زیندانە کە بەدەستی سیحرکارێکی دەروون چەپەڵ تێی کەوتووم، ڕزگارم بکا. ئەگەر ڕۆژێک لەم قەفەسە ڕزگاریم بێ، هەرگیز ناهێڵم ئەو هەموو لوتف و ئاوڕ وێدانەی ئێوە کە لەم قەڵایەدا دەگەڵ من کردووتانە لەبیرم بچێتەوە و بەزایە بچێ و هەر چۆنێک بێ، قەرەبووی زەحمەت و ماندووبوونەکانتان دەکەمەوە.»

هاوکات کە ئەم شانۆگەرییە لە نێوان خاتوونەکان و دۆن کیشۆتدا بەڕێوە دەچوو، کەشیش و دەلاک لە دۆن فێرنان و هاوڕێیانی و سەروانی ئەسپانیانی و دیوانبەگی برای سەروان و لە هەموو خانم و خاتوونەکان کە ئێستا زۆر خۆشحاڵ بوون، بەتایبەتی لە دووروتە و لووسیند ماڵاواییان کرد. هەموویەکتریان ماچ کرد و بەڵێنیان دا کە بۆ یەکتری نامە بنووسن و لە حاڵی یەکتر بەخەبەر بن. دۆن فیرنان ناو و نیشانی خۆی دا بەکەشیش تا لە ئاکامی دەرمان و مالیجەی دۆن کیشۆت بەنامە ئاگاداری بکاتەوە و جەختی لەسەر ئەوە کرد کە هیچ شتێک و هیچ هەواڵێک بۆ ئەو لەوە خۆشتر نابێ کە لە حاڵی پاڵەوان خەبەری هەبێ. دۆن فێرنانیش بەڵێنی دا کە نامەی بۆ بنێرێ و ئەو بابەتانەی

٢٦٣- زەردەشت داهێنەری سیحر و جادوو نییە و ئەم بڕوایە یەکێک لە بۆچوونە هەڵەکانی سەرچاوە گرتوو لە نەزانی ئەورووپای سەردەمی سێروانتێسە کە کاری لەسەر ئەویش کردووە. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabati.org

کە ڕەنگە ئەو پێی خۆش بی لێیان ئاگادار بێ، بۆی بنووسێ. جا لەمەڕ زەماوەندی خۆی، یا غوسلّی تەعمیدی زووبەیدە یا مەسەلەی دۆن لوویی و یا گەڕانەوەی لووسیند بۆ ماڵی باوان و ئەم تەرزە شتانە بێ یا هەر شتێکی تر. کەشیش بەڵێنی دا هەرچی لێیان ویستووە، موو بەموو ئەنجامی بدا. هەموو جارێکی تریش یەکتریان ماچ کرد و خۆشەویستی و ئامادەیی بۆ هەر خزمەت و کارێکیان بۆ یەکتری دەربڕی.

کاروانسەرادار لە کەشیش نیزیک بووە و ئەو چەند لاپەڕە کاغەزەی کە داستانی «کونپشکنی بێ تەدبیری» تێدا بوو پێشکەشی کرد و گوتی: «چون تا ئێستا خاوەنی ئەم کاغەزانە سەری هەڵنەداوەتەوە، بەڕێزتان دەتوانن هەمووی دەگەڵ خۆتان بەرن؛ چون من سەوادم نییە و بەکاری من نایەن.» کەشیش زۆری سپاس کرد و کاتێک کاغەزەکانی کردەوە ئەم عینوانەی لەسەرەتای لاپەڕەی یەکەمدا خوێندەوە: داستانی «رینکۆنت و کۆرتادیلۆ»[٢٦٤] و تێ گەیشت کە ئەمەش دەبێ خۆی داستانێکی تر بێ و چون داستانی کونپشکنیی بێتەدبیری پەسند کردبوو، مەزەندەی کرد کە ئەوەش نابێ لە وی تر کەمتر بێ. لەوانە بوو کە ئەوەش کاری هەر هەمان نووسەر بێ. بەڵێ جا، کەشیش کاغەزەکانی لە لای خۆی ڕاگرت تا لە دەرفەتدا بیخوێنێتەوە.

کەشیش و دەلاک کە نیقابیان لە دەم و چاوی خۆیان دابوو تا دۆن کیشۆت نەتوانێ زوو بیانناسێتەوە، سوار بوون و بەدوای عارەبەدا وەڕێ کەوتن و کاروان بەم شێوەیە ملی ڕێگای گرت و ڕۆیشت: لە پێشەوە عارەبەبوو کە عارەبەوان لێی دەخوڕی؛ لەم بەر و ئەوبەری عارەبەکەش هەر وەک گوتمان دوو کەواندار بەشمخاڵەوە دەڕۆیشتن؛ سانکۆ سواری کەر، لغاوی ڕۆسینانتی دەکێشا و بەدوای عارەبەدا دەڕۆیشت لە دوای هەمووان کەشیش و دەلاک، نیقاب لەسەر ڕوخسار بەسواری دوو ئێستری زەلام و بەهێز بەویقار و سنگینییەکی زۆرەوە وردەوردە دەهاتن. بۆیەش وا سەبرۆکە سەبرۆکە دەڕۆیشتن چون ئەو گایانەی عارەبەکەیان دەکێشا نەیاندەتوانی لەوە توندتر بڕۆن. دۆن کیشۆت خۆی بەقەزاو و قەدەر ئەسپارد بوو، بەدەست ولاقی بەستراو لە نێو قەفەس دانیشتبوو، پاڵی وە میلە دارینەکانی قەفەس دابوو، وەها دە دەریای فکر و خەیاڵدا نغرۆ بووبوو کە پێت وانەبوو ئادەمیزادێکە لە گۆشت و پێست و ئێسقان بەڵکو پەیکەرێکە لە بەردی مەڕمەڕ.

٢٦٤- Nouvelle de Rincinte et Cortadillo بەشێکە لە سەرجەمی «داستانە نموونەکان» یا Nouvelle Exemplaires بەرهەمی کاری سێروانتێس خۆیەتی کە ساڵی ١٦١٣ بڵاو بووەوە. (مۆریس باردۆن)

رابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێک کاروان ئاوا بەهێمنی و سەبرۆکە دوو فەرسەخێک بەڕێگادا ڕۆیشت گەیشتە دۆڵ و دەریەک کە بەبڕوای عاربەوان بۆ حەسانەوە و لەوەڕاندنی گایەکان مناسب بوو. ئەوەی بەکەشیش گوت، بەڵام دەلاک وای پێ باش بوو، هێندێکی تریش بچنە بەرەوە؛ چون لەوێ دەرەیەکی لێ یە کە ئاوی زۆرترە و لەوەڕی خۆشترە و هەواکەشی فێنکترە. یاران گوێیان بۆ ڕێنوێنی دەلاک شل کرد و دیسان کاروان وەڕێ کەوتەوە. لەو ساتەدا کەشیش سەری وەرسووڕاند و چاوی بەشەش حەوت سوار کەوت کە لەپشت سەری ئەو دەهاتن و زۆر بۆشناغ و چوست و چالاک بوون. سوارەکان زوو گەیشتنە کاروان، چون ئەوان بەپێی گایەکانی عارەبە نەدەڕۆیشتن، بەڵکو ئێستیری بەکەیف و چابوکی خەڵیفەیان دەبندا بوو، پەلەشیان دەکرد هەرچی زووتر خۆیان بگەیەننە کاروانسەرایەک کە لە مەودای کەمتر لە فەرسەخێک لە دوورەوە دیار بوو تا بەئاسوودەیی لەوێ سەر خەوێکی بۆ بشکێنن و بحەسێنەوە.

بەڵێ جا، چالاکەکان گەیشتنە تەمبەڵەکان و کاتێک گەیشتنە لای یەک، زۆر بەئەدەبەوە سڵاویان کرد؛ بەڵام یەکێک لەو سوارانە کە دوایە ئاشکرا بوو خەلیفە یا کاهینی شاری «تۆلد»ە و ئەربابی هاوڕێیانی خۆیەتی، زۆر بەوردی چاوێکی بەعارەبەو گایەکان و کەوانداران و سانکۆ و ڕۆسینانت و کەشیش و بەتایبەتی دۆن کیشۆتدا گێڕا و خوێ پێ ڕانەگیرا و پرسی مانای ئەم کارە چییە و بۆچی ئەو پیاوە بەو بارە نالەبارەدا دەگەڵ خۆیان دەبەن، بەڵام بەدیتنی نیشانەی کەوانداەکان لە لای خۆی وای بۆچووبوو کە ئەوە دەبێ جەردە و ڕێگرێکی زۆر زاڵم و بێ ڕەزابێ کە سزادانی پێوەندیی بەدامودەزگای سێنت هێرماندادەوە هەیە. یەکێک لە کەوانداەکان کە ئەم پرسیارەی ئاراستە کرابوو لە جوابدا گوتی: «ئاغا دەپرسێ بۆچی ئەم پیاوە بەم شێوەیە دەبەین؟ باشترە ئەو خۆی بەجەنابت بڵێ، چون ئێمە شتێک لەم بارەوە نازانین» دۆن کیشۆت کە ئەم سواڵ و جوابەی بیست گوتی: «ئایا ئێوە بەڕێزان هیچ زانیارییەکتان دەتەریقەتی پاڵەوانیدا هەیە؟ ئەگەر شتێک لەم بەستێنەدا دەزانن من شەرحی نامرادییەکانم بەئێوە دەڵێم، دەنا بێهوودەیە کە خۆم بەگێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتانەوە ماندوو بکەم» لەم کاتەدا کەشیش و دەلاک کە دیتبوویان لە نێوان موسافیرەکان و دۆن کیشۆتدا قسەوباس دەستی پێ کردووە هەڵاتنە بەرەوە تا وەڵام ێک بدەنەوە کە پلان و تەڵەکەیان ئاشکرا نەبێ. خەلیفە لە جوابی دۆن کیشۆتدا دەیگوت: «برادەر، بەڕاستی من لە واری کتێبەپاڵەوانانییەکاندا، هێندێک زۆرتر دەزانم لەوەی کە ئاشناییم دەگەڵ سیپارە(*) و ڕێساکانی مەنتیق و حیکمەتی دوکتۆر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

«ویلاپۆندو»[٢٦٥] هەیە. کەوابوو ئەگەر هیچ مەرجی ترت نییە دەتوانی هەرچی دڵت دەیەوێ بەمنی بڵێی.» دۆن کیشۆت گوتی: «سپاس بۆ خودا کە وایە؛ کەوابوو ئەی جەنابی پاڵەوان، بزانە و ئاگادار بە کە من بەکاریگەریی سیحر و تەلیسمی جادووبازان و سیحرکارانی شەڕووڕ لەو قەفەسەدا تەلیسم کراوم. چون فەزیلەت و گەورەیی ئەوەندەی کە لە ژێر بوغز و ڕقی پیاوخراپاندایە ئەوەندە لە ژێر خۆشەویستیی پیاوچاکاندا نییە. من پاڵەوانی سەرگەردانم ئەویش نەک لەو پاڵەوانانە کە خواوەندی ناوبانگ و ناو هەرگیز یادیان ناکا و ناویان ناکاتە هەتاهەتایی، بەڵکو لەوانەم کە هەرچەند دەگەڵ دژایەتیی خودی ئێرەیی و تەواوی موغەکانی پارسی و بەرەهمەنانی(*) هیندی و چلەکێشانی حەبەشی ڕووبەڕووم[٢٦٦] ناویان دەبێ بەدەست خودای ناوبەدەرەوەیی لە عیبادەتگەی هەتاهەتاییدا هەڵبکەندرێ و لەسەر بەردەنووس بنووسرێ تا بۆ سەدەکان و سەردەمەکانی داهاتوو نموونە و سەرمەشق بێ و پاڵەوانانی سەرگەردانی داهاتوو بۆ گەیشتن بەترۆپکی شانازی و ناوبانگی سپاییگەری ڕێوشوێنی ئەوان ڕەچاو بکەن. لەو جێگەیەدا کەشیش هاتە نێو قسان و گوتی: جەنابی دۆن کیشۆت بەتەواوی ڕاستی فەرموو، یانی لەسەر ئەم عارەبەیە تەلیسم کراوە، ئەویش نە لەبەر خەتا یا گوناه و تاوانی خۆی، بەڵکو بەهۆی ئەو خەتاکارە مێشک ڕزیوانەوەیە کە زانایی و گەورەیی ئازار دەدەن و ئازایەتی بەدوژمن دەزانن. کورتەی کەلام، ئەگەر ئێوە تا ئێستا ناوتان نەبیستووە، پاڵەوانی خەمگین ڕوخسار بۆ خۆیەتی. پاڵەوانێک کە تاریفی ئازایەتیی مێرانەکەی و هونەر نوێنییە گەورەکانی لەسەر لەوحەی(*) برۆنزی(*) کە فەنا نابێ و لەسەر بەردەنووسی مەڕمەڕی کە هەمیشە دەمێنێتەوە هەڵدەکەندرێ و ئێرەیی و شەیتان ناتوانن بۆ شاردنەوەیان کارێک بکەن.»

کاتێک خەلیفە، وتارێکی بەم ڕەوانییە لە پیاوێک کە دە قەفەسدا ئەسیر و لە پیاوێک کە ئازاد بوو، بیست، نیزیک بوو لەبەر سەرسوڕمان لەسەر سینگی خۆی خاچ ڕەسم بکا و نەیدەتوانی مەزەندە بکا چ ڕووداوێکی بۆ هاتووەتە پێش، وە هەموو هاوڕێکانی ئەویش هەر وەک ئەو واقیان وڕما بوو. لەو کاتەدا سانکۆ پانزا کە بۆ بیستنی گوت و بێژەکانیان هاتبووە بەرەوە و بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی ئەم گاڵتەجارییە لەسەر قسەی کەشیش

---

٢٦٥- گاسپار کاردیلۆ دۆ ویلالپاندۆ Villalpando لە نێو ئەنجومەنی ڕۆحانییە زاناکاندا لە «ترانت» بەناوبانگ بوو. ئەو زانایە لە بەستێنی فەلسەفە و مەنتیقی قەدیمدا کتێبێکی زۆر بەنرخی هەیە بەناوی Sumas de las sumulas «١٥٥٧». (لوویی ویاردۆ)

٢٦٦- دۆن کیشۆت دەبا چلەکێشەکانی بەهیندی دانابا. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆیشت: «بەبڕوای من جەنابی ئاغا، ئەمن قسەی خۆم دەکەم، چ کەسێک پێی خۆش بێ و چ پێی ناخۆش بێ، مەسەلە ئەوەیە کە تەلیسم بوونی ئەربابی من وەک تەلیسم بوونی دایکم دەچێ، یانی هۆش و حەواسی لەسەر جێی خۆیەتی، وەک هەموو کەسێکی تر دەخوا و دەخواتەوە و دەست بەئاو دەگەیەنێ(*)، هەر وەک دوێنێ پێش ئەوەی دە قەفەسی باوێژن، دەیکرد، ئێستا کە وەزع و بارودۆخەکەی ئەوهایە، چۆن بەمنی دەسەلمێنن کە تەلیسم کراوە؟ من لە زۆر کەسانم بیستووە، ئەوانەی تەلیسم دەکرێن ناتوانن بخۆن و بخەون و بخەبەتن و باخێون، بەڵام ئەربابی من، ئەگەر دەمی نەبەستن بەقەدەر سی وەکیل قسان دەکا.» پاشان سانکۆ ڕووی قسەی دەکەشیش کرد و گوتی: «ئاخ ئەی جەنابی کەشیش، ئەی بەڕێز باوکی ڕۆحانی، ئایا خەیاڵ دەکەی من ناتناسم؟ وا تێ دەگەی من ئەم یارییە تازەیەی سیحر و جادووی ئێوە پەی پێ نابەم و نازانم کە چۆن کۆتایی پێ دێنن؟ کەوابوو باش بزانە کە هەرچەندی ڕووی خۆت باش داپۆشی من دەتناسمەوە و هەر چەند شانۆگەرییەکەت باش بەڕێوە بردبێ و خۆت لە من شاردبێتەوە من باش تێ دەگەم. ئاخری، ئەوەی بزانە لە هەر جێیەک ئێرەیی حاکم بێ، چاکە و گەورەیی ناتوانن بژین و لە شوێنێک کە خەسیس لەسەر کار بێ، جوامێری دەبێ خۆی بشارێتەوە. ئەگەر شەیتان نەچووبا دە کلێشەی(*) جەنابتەوە! و جەنابت خۆت دە کاروباری ئێمە وەرنەدابایە، لەم سەعاتەدا ئەربابی من دەگەڵ شازادە میکۆمیکۆنا زەماوەندەی دەکرد و من لانی کەم دەبوومە کۆنت، چون هەم لە جوامێری و پیاوەتیی ئەربابەکەم و هەم بەپێی ئەو خزمەتانەی من پێم کردووە، چاوەڕوانییەکی لەوە کەمتر نەدەکرا. بەڵام ئێستا دەبینم ئەو پەندەی لە گوندی ئێمە لەسەر زارانە چەندە ڕاستە کە دەڵێ: «چەرخی بەخت و یەغباڵ توندتر لە چەرخی ئاشی دەگەڕێ» وە «ئەوانەی کە دوێنێ دە خاراودارا و ئەتڵەسدا دەنووستن، ئەمڕۆ لەسەر خاکوخۆڵ فڕێ دراون». ئەوەی کە حەجمینی لێ هەڵگرتووم، یادی ژن و مناڵەکەمە، چون لە کاتێکدا دەیانتوانی و دەبووایە هیواداربن کە کاتێک باوکیان لە دەرگای ماڵەوە دێتە ژوور حاکمی دورگەیەک یا جێگری پاشایەک لە وڵاتێک دایە و کەچی ئێستا دەبینن باوکیان هەر مەیتەرە قوڕبەسەرەکەی جارانە. باوەڕ بفەرموو جەنابی کەشیش، ئەوەی گوتم تەنیا بەو مەبەستە بوو کە بەباوکی ڕووحانی حاڵی بکەم، ئەم ڕەفتارە ناحەزانەی دەگەڵ ئەربابی منی دەکەن لە ڕۆژبازاری قیامەتدا دەبێ جواب بدەنەوە خودای مەزن ئەوەی ئێوە دەیکەن، دەیبینێ و لە قیامەتدا سەگبەحەسارتان(*) پێ دەکا! و تەواوی ئەو چاکە و یارمەتییانەی ئەربابی من دۆن کیشۆت لە ماوەی زیندانی بووندا دەیتوانی دەگەڵ داماوانی بکا، هەمووی تاوانەکەی لەسەر تۆ دەنووسێ.»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

لەو نێوەدا دەلاک هاتە نێو قسەکان و گوتی: ئەی بابە! ئەوەی چاو لێ کەن! چۆن سانکۆ، تۆش لە داروەدستەی ئەربابەکەتی؟ پەنا بۆ خودا! دیارە تۆش دەتەوێ بچیتە ناو قەفەس و ببیتە هاودەمی ئەربابەکەت و تۆش وەک ئەو تەلیسم بکرێی، چون خووی پاڵەوانیی ئەو ئەتۆشی گرتووەتەوە. بەدبەختانە تۆ بەم قەول و بەڵێنانە ئاوس بوویت و تەماعی دورگەیەکت دە کەللەی پووکت ئاخنیوە کە پێش زاین دەبێ بەر باوێژی! سانکۆ گوتی: من لە کەسێک ئاوس نەبووم و کەسێکیش نیم کە تەنانەت بێڵم لە پاشاش ئاوس بم؛ وە باوەکو فەقیرم کۆنەمەسیحیم و هیچ شتێک بەهیچ گیان دەبەرێک قەرزدار نیم. وە ئەگەر تەمام دە دورگەیەک کردووە، زۆر کەسی تر هەن کە تەما دەشتی گەورەتر دەکەن. هەر کەسە و کوڕی کردەوەکانی خۆیەتی. وە چون منیش مرۆڤم و دەتوانم بگەمە پلە و پایەی پاپی، دیارە دەشتوانم بەتێراڕدێوی بشبمە خاوەنی دورگەیەک، بەتایبەتی ئێستا، کە ئەربابی من دەتوانێ ئەوەندە دورگە وەدەست بێنێ کە نەزانێ بیدا بەکێ. تۆ جەنابی دەلاک ئاگات لە دەمی خۆت بێ! قسە تەنیا لەسەر تاشینی ڕیش نییە، بەڵکو هەزار نوکتەی(*) لە موو باریکتر لێرەدا هەیە کە دەبێ سەرنجیان بدرێتێ. من ئەوقسانە بۆیە دەکەم کە ئێمە هەمووومان یەکتری باش دەناسین و من لەوانە نیم کە کڵاو بچێتە سەرم(*)، وە بەڵام لەمەڕ تەلیسم بوونی ئەربابەکەم. خودا خۆی دەزانی مەسەلەکە چۆنە و باشتر ئەوەیە چی تر پووشکە دەگوو وەرنەدەین، چون زۆرتر بۆگەنیو بەرز دەبێتەوە.»

دەلاک نەیویست لەوە زۆرتر جوابی سانکۆ بداتەوە، لەوە دەترسا ئەو زۆرتری لەسەر بڕواو بەرە لەسەر هەتیوان هەڵداتەوەو(*) ڕازی کەشیش و خۆی لەقاو بدا و پلانەکەیان پووچەڵ بێتەوە. کەشیش کە هەر ئەو ترسەی هەبوو لە خەلیفەی تکا کردبوو، هێندێک توندتر بڕوا و پێش کەوێ تا ئەو، ڕازی پیاوە زیندانییەکەی ناو قەفەسی دەگەڵ زۆر شتی تر پێ بلێ کە دەبێتە مایەی سەرگەرمی. خەلیفە دەگەڵ هاوڕێیەکانی هێندێک چوونە پێشتر و بەوردی گوێی بۆ کەشیش هەڵخست کە لەمەڕ خوو و خدە و عادەت و شێتییەکانی دۆن کیشۆت قسەی دەکرد. کەشیش بەکورتی لە ڕیشە و بنەما و هۆی شێتیی پاڵەوان دوا و تەواوی ئەو ڕووداوانەی کە بەسەری هاتبوو تا ڕووداوی دە قەفەس هاویشتن و هەروەها مەبەست لە بردنی زۆرەملی بۆ گوندەکەی بۆ دیتنەوەی ڕێگایەک بۆ چاک کردنەوە و دەرمانی شێتییەکانی بۆ باس کرد.

سەرسوڕماویی خەلیفە و نۆکەرەکانی بەبیستنی سەربەهووردەی عاجباتی دۆن کیشۆت، دوو قات زیادی کرد و خەلیفە کاتێک لە بیستنی ئەم داستانە خەلاسیی هات، گوتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


«بەڕاستی جەنابی کەشیش ئەم کتێبەپاڵەوانییانە لەم وڵاتە بوونەتە بەڵا. باوەکو وەختی بێکاریم زۆرە و کێشی فریودەرانەی داستانەکان یەکجار بەهێزە، سەرەتای تەواوی ئەو کتێبانەی تا ئێستا دەرچوون و چاپ کراوان خوێندوومەتەوە، لەسەر ئەوەشڕا هێشتا نەمتوانیوە یەکیان تا ئاخر بخوێنمەوە؛ چون بەبڕوای من هەموویان کەمتاکورت هەر یەک شتن. ئەمەیان لەوەیان باشتر نییە و یەکەمینیان هیچ سەرەتییەکی بەسەر ئاخرییەکەیاندا نییە و بەپێچەوانەش. وە هەروەها بەبڕوای من ئەم جۆرە نووسراوانە بەشێکن لە ئەفسانە کۆنەکانی «میلزین»[٢٦٧] یانی بەشێکن لەو نەقڵ و نەزیلە سەیر و سەمەرانە کە بۆ سەرگەرم کردن و خافلاندنی خەڵک نووسراون، نەبۆ ئەوەی شتێک فێری کەسێک بکەن؛ بەپێچەوانەی ئەفسانە ئەخلاقییەکان کە هەم دەبێ سەرگەرم کەر و سەرنجڕاکێش بن و هەم شتێک فێری خوێندکار بکەن. ئێستا ئەگەر ئامانجی سەرەکیی ئەم جۆرە کتێبانە سەرگەرم کردنی جەماوەر بووە، بەڕاستی نازانم بەو هەموو بابەتە شێتانە و پڕوپووچانە، چۆن لەو کارەدا سەر دەکەون؟ خۆشحاڵی و حەزێکی کە ڕۆح هەستی پێ دەکا، دەبێ لە جوانی و ڕێکوپێکییەک سەرچاوە بگرێ کە دە شتەکاندا هەیە و چاو دەیبینێ یا خەیاڵ دە زەیندا ڕەسمی دەکا: وە هەر شتێکی کە ناحەزی و ناهاوئاهەنگیی دە خۆیدا کۆ کردبێتەوە ناتوانێ حەز و شادی بدا بەئێمە. باشە، ئێستا فەرموو پێم بڵێ بزانم کاتێک لە ئەفسانە یا داستانێکی پاڵەوانیدا کوڕێکی شازدە ساڵانە بەزەبری یەک شمشێر دێوێکی زەبەلاحی بەقەدەر لا دیوارێک وەک خەیاری تەڕ دوو لەت دەکا و لە تەپڵی سەریەوە تا بەری پێی دای دەقەڵێشێ، ئەوە چ خۆشییەکی تێدا هەیە و چ پێوەندییەک و ڕێژەیەک لە نێو سەرجەمی ئەو درۆ زەلامە دەگەڵ برووکەکانی(*) داستان هەیە؟ هەروەها کاتێک دەیانەوێ گۆڕەپانێکی شەڕ و پێکدادان بۆ ئێمە باس بکەن و دەڵێن کە دە لەشکری دوژمندا میلیۆنێک پیاوی شەڕی کۆ بووبوونەوە، فکر دەکەی چ شتێک ڕووە دەدا؟ هەر ئەوەندە بەسە کە نووسەر، بڵێ قارەمانی داستان دوژمنی ئەوان بوو، لەو حاڵەتەدا بمانەوێ و نەمانەوێ دەبێ قبووڵ بکەین کە ئەو قارەمانە بەهێزی ئازایەتی و زۆری شانوپیلی بەسەر ئەو لەشکرەدا سەر دەکەوێ. هەروەها لەوارێکدا کە شاژن یا ئیمپراتریسێک(*) کە میراتگری تاج و تەختە زۆر بەئاسانی دەکەوێتە نێو ئامێزی پاڵەوانێکی سەرگەردانی کەسنەناس، پیاو دەبێ بڵێ چی؟ یا بێجگە

٢٦٧- Fabies Milésiennes پێوەندیی بەشاری میلە Milet لە ناوچە کۆنەکانی ئاسیای گچکەوە هەیە کە زێدی گەلێک لە فەیلەسووف و زانایانی یۆنانی بووە و ناوەندی فەلسەفەی ئەیووبی دێتە ئەژمار. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarr.org

لە مێشکی عەوام و وەحشی چ کەسێک لەو نووسراوەیە حەز وەردەگرێ کە قەڵایەکی تەژی لە پاڵەوانانی سەرگەردان وەک کەشتی بەسەر ئاوی دەریادا وە مەلە دەکەوێ و بەیارمەتیی بای سازگار دەڕواتە پێشەوە، شەو کە داهات بەرەو لێوارەکانی لۆمباردی Lombardie وەڕێ دەکەوێ، بۆ بەیانی دەگاتە خاکی کەشیش ژان هیندی[٢٦٨] یا دەگاتە وڵاتێکی تر کە نە بەتلەمیووس[٢٦٩] هەرگیز ناوی هێناون و نە مارکۆپۆلوش[٢٧٠]، چاوی پێیان کەوتووە؟ ئەگەر دە جوابی مندا بڵێن ئەوانەی کە ئەم جۆرە کتێبانە دەنووسن خۆیان دەزانن کە درۆ دەکەن و خەیاڵ دەهۆننەوە و بەو دەلیلە مەجبوور نین کە بەوردی بڕواننە وردەکارییەکانی ڕاستەقینە، من دە وەڵامیاندا دەڵێم کە درۆ هەر چەندی بتوانێ لە درۆ دوور بکەوێتەوە و کەمتر شکڵی درۆی هەبێ، باشترە و هەر چەندی لە واقیع یا ئیمکان نزیکتر بێ، زۆرتر پەسندی تەبیات و چێژی ئێمە دەبێ. ئەفسانەکان دەبێ بەشێوەیەک لە شێوەکان دەگەڵ فکر و دەرک و بۆچوونی خوێنەر هاوئاهەنگیان هەبێ و بەشێوەیەک بنووسرێن کە مەحاڵ و نامومکین، باوەڕپێکراو خۆ بنوێنن و شتە عەجایب و سەیر و سەمەرەکان هەڵپەرتێون[*] و فکری خوێنەر بەهەڵواسراوی ڕابگرن، یانی تووشی سەرسوڕماویی بکەن و بەهەیەجانی بێنن و ڕای کێشن و لەیەک کاتدا واق وڕماوی و خۆشحاڵیی پێ بدەن. بەڵێ، هیچ کام لەو خالانە مومکین نییە دەنووسراوەی کەسێکدا ڕەنگ بداتەوە، کە لە واقیع یا شوێن هەڵگری لە سرووشت، کە جوانی و کەماڵی هەر نووسراوەیەک بەوانەوە بەستراوەتەوە. ڕووگەردانە. من هەرگیز کتێبێکی پاڵەوانیم نەدیوە کە بەسەرجەمی بڕووکەکانی خۆی ئەفسانەیەکی یەکدەست و تەواویان دروست کردبێ. بەجۆرێک کە سەرەتاکانی دەگەڵ ناوەڕاستەکانی یا

---

٢٦٨- کەشیش ژان هیندی کەسایەتییەکی ئەفسانەیی بووە. (محەمەد قازی)

٢٦٩- بەتلەمیووس Ptolémee جوگرافیزان و ئەستێرەناس و ڕیازیزانی بەناوبانگی یۆنانی کەون بوو کە دە سەدەی دووەمی زاینیدا لە میسری ژووروو هاتە سەر دنیا و زۆر نووسراوەی لەسەر جوگرافی و هەندەسە و ئەستێرەناسی هەیە. بەبڕوای بەتلەمیووس گۆی زەوی لە ناوەندی عالەمدا هەڵکەوتووە و ئەستێرەکی جێ گرتووە و نابزوێ. لە سەدەکانی ناویندا ئاسەوارەکەی زۆر موعتەبەر بوون.

٢٧٠- Marco - Polo گەڕیدەی ئیتالیایی «١٢٥٤ - ١٣٢٣» لە ڕێگەی ئێرانەوە و بەکەویری لووت و ئەففانستان و تەبەت و مەغوولستاندا ڕۆیشتە چین و بەڕێگەی دورگەکانی سۆماترادا گەڕاوە ئەوروپا. سەفەرنامەکەی لە باری جوگرافییەوە سەرچاوەیەکی گرینگە. سەفەرنامەکەی بەقەڵەمی ئوستاتی دۆ پێز Eustach de Pize لە زینداندا نووسراوە. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کۆتاییەکانی دەگەڵ سەرەتا و ناوەڕاستەکانی پێوەندی و سازگارییەکی تەواویان هەبێ بەپێچەوانە دانەرانی ئەم کتێبانە نووسراوەکانی خۆیان لە کوتولەت و بڕووکەی جوێ جوێ پێک دێنن، وەک بڵێی ویستوویانە بوونەوەرێکی خەیاڵی و ئافەریدەیەکی نەبەگە(*) و ناسروشتی پێک بێنن نە پێکهاتەیەکی ڕێکوپێک. بێجگە لەوەش ئەوان لە ئینشا و داهێناندا شێوەیەکی قورس و زبر و ساف و لووس نەکراو دەکار دەکەن، ئازایەتییەکانی قارەمانی خۆیان بەجۆرێکی باوەڕ پێ نەکراو باس دەکەن، ڕووداوەکانی ئەویندارییی دەبەنە سەر باری بێ عیسمەتی، دابونەریتەکان بەشکڵی بێ نەزاکەتی دەخەنە بەر باس، شەڕەکان درێژ دەکەنەوە و قورسی دەکەن و هەزار درۆ و دەلەسەی تێکەڵاو دەکەن. دە وتووێژەکاندا بێ عەقڵ و خەرفاون، لە باسی سەفەرەکاندا قسە دەپەڕێنن(*) و هاتەران پاتەران دەبێژن و کورتی ببڕمەوە، نووسراوەیەک وەدی دێنن کە سەلیقە و فکر و هونەر و داهێنانی هۆشمەندانەی تێدا نییە. وە بەدەبەر چاو گرتنی سەرجەمی ئەم لایەنانە، جێگای خۆیەتی کە وەک ماکی بەمەترسی و نەفامی کلکیان بگری و لە دنیای مەسیحییەت تووریان هەڵبدەیە دەرەوە.»

کەشیشی خۆمان کە زۆر بەسەرنجەوە گوێی دابووە قسەکانی، خەلیفەی بەپیاوێکی فامیدە و عاقڵ تێ گەیشت و زانیی کە هەر چی دەیڵێ هەق دەڵێ، لەبەر ئەوە دە جوابدا گوتی کە چون ئەویش هەر لەسەر ئەم بڕوایەیە و وەک ئەو نەفرەتی لە داستانە پاڵەوانییەکان هەیە، تەواوی کتێب و داستانە پاڵەوانییەکانی دۆن کیشۆتی کردووەتە خۆراکی ئاگر و سووتاندوونی. پاشان، باسی ئەوەی کرد کە چۆن کتێبەکانی یەک یەک چاو پێدا گێڕاوە و لە ناوەرۆکیانی کۆڵیوەتەوە و دە ئاوری هاویشتوون و چۆن هێندێکیانی مەعاف کردووە و وەلای ناون و ئەوباس و نەقڵە بووبوو بەهۆی خۆشحاڵی لەڕادەبەدەری خەلیفە، خەلیفە دووبارە هەودای قسە کردنی بەدەستەوە گرت و گوتی: وەک دەڵێن: «هەموو عەیبەکانیت گوت هونەرەکانیشی بڵێ»، بەو هەموو عەیب و ئیرادەوە کە کتێبەقارەمانییەکان هەیانە، لایەنێکی چاکیشیان هەیە، ئەویش ئەمەیە بەفکر و چێژی ساغ مەیدان دەدەن تراژێنێک بکا و خۆی نیشان بدا و ئەوەندی بیەوێ لەبەریەک بکشێتەوە و پەرەبستێنێ و لەم بارەدا گوتی: «بەڕاستی ئەم بابەتە مەیدانێکی هەراو، درێژ و بەرفرەوان لەبەرانبەر چاوی نووسەردا دەکاتەوە تا ئەو بتوانێ ئەسپی قەڵەم بێ هیچ کەند و کۆسپێکی سەر ڕێگا بخاتە تەرەختەن و لینگدان و ئەو جۆرەی دڵخوازیەتی کەشتییەکان غەرق بکا و تۆفان و لافاوان هەستێنێ و لەشکر و سپاکان تێک بەردا و باسی ئەو مەیدانانە بکا کە شەڕ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

وکوشتن و خوێنی تێدا بەڕێوەیە، تا بتوانێ بەجوانیی سەردارێکی کە خاوەن سیفەتی گەورەیی و ئازایەتییە هەڵبڵێ و پەسنی بدا و لێهاتوویی ئەو، تەدبیر و تێگەیشتوویی ئەو، دە پووچەڵ کردنەوەی فێڵ و پلانەکانی دوژمندا ستایش بکا و پاڵەوان وەک وێژاوەرێکی بێ وێنە نیشان بدا کە دەتوانێ بەوتارەکانی خۆی سەربازەکان بۆ ئەنجام دانی کارێک بهەژێنی تا دوژمنێک بتەزێنی و نەیارێک ببەزێنێ. لە مەشوەرت و ڕاوێژ کردندا پوختە و تێبین و دە ئەنجامدانی کاردا چوست و چالاک و لە چاوەڕوانیدا بەسەبر و لە هێرش بردندا بێ باکە. نووسەر جاروبار دەچێتە سەر باسی ڕووداوێکی دڵهەژێن و جاروباریش دەپەرژێتە سەر ڕووداوێکی شیرین ودڵبزوین، لە جێیەک خاتوونێکی خاوەن شکۆ دەخاتە بەرچاو کە جوان و ئابروو پارێز و بەهۆشە و لە جێیەکی تر نەجیب زادەیەکی مەسیحی کە هەموو سیفەتێکی جوامێری و ئازایەتی تێدا کۆ بووەتەوە؛ لەو لاوە باسی پیاوێک دەکا کە وەحشی و بەلاف و گەزافە و لە لایەکی ترەوە شازادەیەک کە بەئەدەب و میهرەبان و ئازایە. هەروەها وەفاداریی نۆکەرانی ئەمەگناس ستایش دەکا و بەسەخاوەت و دڵۆڤانیی ئەربابی جوامێردا هەڵدەڵێ. نووسەر خۆی دەتوانی، جارێک بەئەستێرەناس و جارێک بەجوگرافیزان نیشان بدا، لە شوێنێک ببێتە مۆسیقار ولەو لاوە ببێتە ڕامیارێکی گەڕناس. وە تەنانەت ئەگەر دڵی بیەوێ دەتوانێ، لە کاتی پێویستدا، ڕۆحەکان حازر بکا؛ دەتوانێ فێڵبازییەکانی «ئۆلیس» و «دەروێشی ئەنە»[٢٧١] و زۆرێ «ئاشیل» و نامرادییەکانی «هێکتۆر»[٢٧٢] و خەیانەتەکانی «سینۆن»[٢٧٣] و دۆستیی «ئۆریال»[٢٧٤] و جوامێریی ئەسکەندەر و ئازایەتیی قەیسەر و لێبووردوویی «تراژان»[٢٧٥] و ئەمەگناسیی «زۆپیر»[٢٧٦]

٢٧١- Enée شازادەی ترۆوا، کوڕی زوهرە و ئانشیز کە بەتەقوا و دەروێشی بەناوبانگ بووە و ویرژیل دە کتێبی گەورەی خۆی «ئەنەئید»دا ناوی ئەوی ئەبەدی کردووە.

٢٧٢- Hector یەکێک لە ئازاترین سەردارانی ترۆوا کە کوڕی گەورەی پەریام و مێردی ئاندرۆماک بوو و لە شەڕی ترۆوادا بەدەست ئاشیل پاڵەوانی یۆنانی کوژرا.

٢٧٣- Sinon قارەمانی کتێبی ئەنەئید بەحیلە و خەیانەت بەناوبانگە، ئەو بەدروستکردنی ئەسپێکی دارین خەڵکی ترۆوای فریو دا.

٢٧٤- Euryale خوشکی «مێدۆز» و «سێتنۆ» کە هەر کەسێک گیاندارانی ئەفسانەیی بوون و هەر کەسێک بەتایبەتی «مێدوز» چاویان لە هەر کەس کردبا دەبوو بەبەرد.

٢٧٥- Trajan ئیمپراتۆری ڕۆم کە لە ٩٨ تا ١١٧ی زاینی لەسەر تەخت بوو. ئەم خوونکارە وڵاتی ڕۆمی پەرە پێ دا و بارودۆخی ئەوێی سەر و سامان پێ دا، بەڵام دەگەڵ مەسیحییان گرژ بوو. ئەو لە مێژووی ڕۆمدا بەعەداڵەت و دادپەروەری ناوی ڕۆیشتووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و تەدبیری «کاتۆن» و سەرەنجام تەواوی ئاکامی باش و ئەو کردەوانەی دەبنە هۆی کەماڵی پاڵەوانێک باس بکا. جا چ ئەو هەموو ئاکار و کردارانە دە کەسێکدا کۆ بکاتەوە یا لە نێو چەند کەساندا دابەشی بکا. ئێستا ئەگەر نووسراوەیەک بەشێوازێکی ڕەوان و یەکدەست و سەرنجڕاکێش بێ و لە دانانی ئەودا داهێنانێکی هونەرمەندانە دەکار کرابێ کە تا ئەو جێیەی دەگونجێ ساختەیی بوون لە ڕاستەقینە نزیک بکرێتەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین کە نووسەر پارچە پەشمینەی خۆی لە تانوپۆی ڕەنگاورەنگ و بەقیمەت تەنیوە و کارەکەی دەگەڵ تەواو بوو لە ڕوانگەی جوانی و تەواوەتییەوە ئەوەندە دەوڵەمەندە کە دەگاتە ئامانجی کۆتایی نووسراوەیەکی باش، یانی هەم فێرکارانەیە هەم سەرگەرمکەرە و سەرنجڕاکێش. دەڕاستیدا مەیدانی بەرفرەوانی ئەم جۆرە کتێبانە بەنووسەر ئیجازە دەدا کە بەپێی بارودۆخ جار ببێتە حەماسە بێژ و جار ببێتە غەزەڵ(*) چڕ، زەمانێک باسی دیمەنی غەمهێنەر و گاوێک(*) ڕووداوی شادی ئافەرین بکا؛ وە کورتی ببرینەوە؛ تەواوی جوانییەکانی زانستی بەلاغە و مەعانی و بەیان و شێعر دە ئاسەواری خۆیدا کۆ بکاتەوە، چون حەماسە بۆی هەیە هەم بەپەخشان بنووسرێ، هەم بەهۆنراوە.

---

٢٧٦- Zopire پارێزگاری ئێرانی کە وەفاداری و فیداکاری ئەو لە ڕێگەی داریووشدا بەناوبانگە. دەڵێن ئەم پارێزگارە «ساتراپ» لە شەڕێکدا کە داریووشی گەورە گەمارۆی دابوو کەپۆ و لووت و گوێی خۆی بڕی و ڕۆیشتە ناو ئۆردووی دوژمن و گوتی شای ئێران ئەم بەڵایەی بەسەر هێناوە. دوژمنان پەنایان دا و متمانەیان پێ کرد و کردیانە دەروازەبانی دوو دەروازە. زوپێر دەروازەی بۆ سپای ئێران کردەوە و داریووش لەم شەڕەدا سەرکەوت «٥١٩ پێش زاین».
(محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤٨

## ئەو جێگایەی کە خەلیفە وتاری خۆی لەسەر کتێبە پاڵەوانییەکان درێژە پێدەدا و زۆر بابەتی تر

کەشیش دە جوابدا گوتی: «جەنابی خەلیفە، بەتەواوی هەق بەئێوەیە و هەر ئەوە خۆی خاڵێکە کە ئەو کەسانەی تا ئێستا بێ قووڵ بوونەوە و بیر لێکردنەوە و بێ دەبەر چاو گرتنی یاسا و ڕێباز و شێوازی نووسین دەستیان داوەتە نووسینی ئەم چەشنە کتێبانە، زۆرتر دەخاتە بەر سەرکۆنە و لۆمە کردن و لە حاڵێکدا ئەگەر ئەوان بەپێی یاسا و ڕێسای تایبەت بیانووسیبایە لە پەخشاندا وەک دوو شازدەی شێعری یۆنان و ڕۆم[٢٧٧] دەبوون و ناوبانگیان ئەم سەر و ئەو سەری دنیای دادەگرت. خەلیفە گوتی: من جارێکیان هاتە سەرم، نووسینی کتێبێکی پاڵەوانی دەست پێ بکەم و لەو کارەدا هەموو ئەو خاڵ و یاسا و ڕێکارانە کە ئێستا باسم کردن دەکار بێنم. وە تەنانەت چت لێ بشارمەوە، سەد لاپەڕەیەکیشم نووسی و بۆ ئەوەی یەقین بکەم کە وەک خۆم پێم باشە، خەڵکی تریش پێیان باشە، ئەو بەشەم دا بەو کەسانەی کە ئەم جۆرە کتێبانەیان پێ خۆشە و لە هەمان کاتدا فامیدە و بەهۆشن و هەروەها بەکەسانێکی تر کە نەزانن و تەنیا لە هەیەجان و نەقڵ و نەزیلەی هاتەران پاتەران حەز وەردەگرن، نووسراوەکەم لە لایەن هەر دووک تاقمەوە پێشوازیی لێ کرا، بەو حاڵەشەوە من درێژەم بەکاری خۆم نەدا، چون لە پلەی یەکەمدا پێم وابوو ئەم کارە دەگەڵ شوغڵی من یەکتر ناگرنەوە، لە پلەی دووەمیشدا، چون ژمارەی خەڵکی ساویلکە زۆر لە خەڵکی فامیدە و ڕووناکبیر پترە و هەر چەند پەسنکراوی چەند عاقڵێک بوون، باشترە لەوەی ئاپۆڕەیەکی گەورەی نەزان پێت پێ بکەنن، من نامەوێ لە بیروڕای هەوەسبازانەی جەماوەرێکی بێ شەرم، پێڕەوی بکەم کە خوێندنەوەی ئەم کتێبانەیان کردووەتە پیشەی خۆیان، بەڵام ئەوەی بەیەکجاری قەڵەمی پێ دانام و لە نووسینی ئەو کتێبەپاشگەزی کردمەوە، مشتومڕێک بوو کە من لەمەڕ شانۆ نامە کۆمێدییەکان کە دەیانهێننە سەر سەکۆ دەگەڵ خۆم کرد و لەم بارەدا بەخۆم گوت:

ئێستا کە ئەم شانۆنامە کۆمیدییانەی بوونە باو، چ ئەوانەی کە داهێنەرانەن و چ ئەوانەی

---

٢٧٧- مەبەست لەو دوو شازادەیە «هۆمیر» و «ویرژیل»ە. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە مێژوو وەرگیراون، زۆرتریان قۆریاتێکی(*) بێسەر و بن و بەو حاڵەشەوە ئاپۆرەی خەڵک بەبیستنیان کەیفخۆش دەبن و زۆریان پێ باشە، لە حاڵێکدا هیچ باش نین، ئێستا کە نووسەرانی ئەم شانۆنامانە و کایەرانێک(*) کە ئەو نووسراوانە کایە دەکەن، دەڵێن شانۆنامە دەبێ ئاوا بێ، چون زۆرینەی خەڵک پەسندی دەکەن و شانۆنامەگەلێک کە دەواندا یاسا و فەنەکانی نووسین دەکار هێنراون، تەنیا بەکاری ژمارەیەکی زۆر کەم لە پیاوی زانا و فەرهەنگدۆست دێن و باقیی خەڵک هیچیان لێ تێ ناگەن و لە بایەخ و قیمەتیان بێ خەبەرن، و دابینکردنی ژیان بەپەسندی ئەژمارێکی زۆر لە خەڵکی ئاسایی باشترە، لەوەی لە لای چەند کەسی خاوەن ڕای تێگەیشتوو ناو دەربکەی. ئەگەر بەخاتری پاراستنی بنەما و یاساکانی فەن خۆم زەحمەت بدەم و دوودەی فتیلە بخۆم، هەر ئەو بەڵایە بەسەر کتێبەکەم دێ و من بەواتەی مەعرووف وەک کامپیلۆی(۲۷۸) جلدرووم بەسەر دێ کە خۆی پووڵی پارچە و قوماش و دەرزی و دەزووی دەدا و جلوبەرگی بۆ خەڵک دەدروو.

من هێندێ جار تێ کۆشاوم بەنووسەرانی ئەم شانۆنامانە حاڵی بکەم کە لە بیروبڕوای خۆیاندا لاڕێ بوون و ئەگەر بەجێگەی شانۆنامەی هاتەران پاتەران و بێ سەرەوبەرە، شانۆنامەیەک لە ڕووی یاسا و بنەما دروستەکان بنووسن تەماشاچی زۆرتر بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و نێوبانگی زۆرتر دەردەکەن، بەڵام ئەوان ئەوەندە سەرتغن(*) و وەها بەبۆچوونەکانی خۆیانەوە نووساون کە هیچ بەڵگە و دەلیلێک ئەوان لەو کوێرەرێیە لارێیەی تێی کەوتوون ناگێڕێتەوە. لەبیرمە ڕۆژێک بەیەکێک لەو کەللە ڕەقانەم گوت: «لەبیرتان چووەتەوە کە چەند ساڵ پێش ئێستا هەر لەم ئەسپانیایەدا سێ شانۆنامەی تراژێدی هۆنراوە، کاری یەکێک لە شاعیرانی ناوداری وڵاتیان نومایش کرد و هەرسێک وەها بوون کە سەرنج و ئافەرینی تەماشاچییەکانی لە عەوامەوە بگرە تا هەڵکەوتووەکانی لێ کەوتەوە و سوودێکی کە بەتەنیا لەم سێ شانۆنامەیە وەدەست کایەکەرەکانی کەوت، بەچەند قات زۆرتر بوو لەوەی کە لە سێ شانۆنامەی باشی دوایی دەستیان کەوت؟ ئەو نووسەرەی باسم کرد لە جوابمدا گوتی: بەڵێ، بێگومان! ڕەنگە مەبەستی بەڕێزتان شانۆنامەکانی «ئیزابێل» و «فیلیس» و «ئەلێکساندرا»(۲۷۹) بێ. من گوتم: بەڵێ ڕاست خۆیەتی، مەبەستم هەر

---

۲۷۸- کامپیلۆ Campillo جلدروو بوو، وەک مەلا نەسرەدین سواڵی دەکرد و سەدەقەی دەدا. (محەمەد قازی)

۲۷۹- ئەمانە هەر کەسێک کاری لووپێریۆ لێئۆناردۆی Lupercio Leonardo خەڵکی «ئارژان=

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabart.org

ئەوانەیە. لەو سێ کارەدا بنەماکانی فەن دەبەر چاو گیرابوو. باشە، ئێستا با بزانم ئایا ئەوسێ شانۆنامەیە بەخاتری ئەوەی بنەمای فەنیان تێدا دەبەر چاو گیرابوو، ئاوا سەرکەوتوو نەبوون؟ ئایا خەڵک پێشوازییان لێ نەکردن؟ کەوابوو خەتای جەمبوورەی خەڵک نییە کە خوازیاری بەرهەمی بێ تام و دوور لە هونەرن، بەڵکو تاوانەکە دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەو نووسەرانە کە ئەو ئاسەوارە بێ ناوەرۆک و نزمانە بۆ ئەوان دەنووسن و ناتوانن بابەتی بەرز و هونەرمەندانە بخوڵقێنن. دە شانۆنامەکانی «تۆڵەی ناسپاسی» و «نۆمانسیا» و «بازرگانی عاشق» و بەتایبەتی لە «دوژمنی هاودەنگ»[٢٨٠] و چەند شانۆنامەی تر، کاری شاعیرانی چابوک دەستی ئێمەش بابەتی بی سەر و بەر و هاتەران پاتەران نابیندرێ، دەگەڵ ئەوەشدا، ئەم ئاسەوارە بۆ نووسەرەکانیان ناوبانگیان هێناوە و بۆ کایەرەکان داهات و بەهرەی باشیان هەبووە.» هێندێک شتی تریشم لێ زیاد کرد کە ئەو نووسەرەی تا ڕادەیەک تووشی شەرم و خەجاڵەتی کرد و لە بنەمای بڕواکانیدا لەرزینی پێک هێنا، بەڵام نە ئەوەندە زۆر کە لە هەڵەی خۆی چاوپۆشی بکا و لە کاری خۆی ڕووگەردان بێ.

کەشیش جوابی داوە: «جەنابی خەلیفە، بەڕێزتان باسێکتان هێنا گۆڕێ کە ڕق و کینەی کۆنی من بەرامبەر بەشانۆنامە کۆمێدییەکانی باوی ڕۆژ زیندوو دەکاتەوە و ئەو ڕقەشم خۆی کەمتر لەو ڕقە نییە کە بەرامبەر بەکتێبەپاڵەوانانییەکان هەمە. ئەگەر بەواتەی سیسرۆن؛ شانۆنامە دەبێ ئاوێنەی بالانوێنی ژیانی مرۆڤەکان و نموونەی دابونەریت و ئەخلاقی کۆمەڵگا و وێنەیەکی زیندووی ڕاستەقینە. بێ ئەم نومایشنامانە کە ئەمڕۆ دەیانهێننە سەر سەکۆ، بێجگە لە ئاوێنەی شێتبازی و نموونەی بێ عەقڵی و کەریەتی و ڕەسمی بێ عیسمەتی شتێکی تر نین. لە ڕاستیدا چ بابەتێک ئەحمەقانەتر لەوەی کە سەحنەیەکەمی[*] پەردەی یەکەمی شانۆنامەیەکی کۆمێدی، مناڵێکی کەم تەمەن

= سۆلا»ن Argensola. شانۆنامەی فیلیس Filis ون بووە و سەرجەمێک دیار نییە. بەڵام Alex-andar Isabela هەردووکیان لە بەرگی شەشەم لە سەرجەمێکدا بەناوی «دیوانی ئیسپانیایی» Pernaso Espniol کاری Lopes de Sedano بڵاو کراونەتەوە. «١٧٧٢». (مۆریس باردۆن)

٢٨٠- «تۆڵەی ناسپاسی» Ingratitude vengée کاری لۆپ دوێگایە Lope de Vega؛ نۆمانسیا No-mancia کاری سێروانتێس نووسەری دۆن کیشۆتە، دوو شانۆنامەکەی تر بەدوای یەکدا یەکیان کاری گاسپار دۆ ئاگیلار Gaspar de Aquilar و ئەوی تر کاری ڕاهیبی بەچێژ و خاوەن هەست فرانسیسکۆ دۆ تارگایە Fransisco de Tarrega. (مۆریس باردۆن)

www.rabari.org

بەجلوبەرگی ژێرەوە نیشان دەدا و لە سەحنەی دووەمدا هەمان منداڵ بە ڕیش و پەشم و بەشکڵی پیاوێکی تەواو عەیار دووبارە دەیهێننەوە سەر سەحنە؟[٢٨١] چ کەریەتێک باڵاتر لەوەی پیرە پیاوێک بەشکڵی پاڵەوانێکی ئازا و جحێلێکی چوارشانەی خۆش هەیکەلیش بەشکڵی پیاوێکی ترسەنۆک و پێش خزمەتێک وەک وێژاوەرێکی گەورە و نۆکەرێکی گاڵتەچی، دەوری موستەشاری پێ دەدرێ و پاشایەک بەشکڵی حەمباڵ و شاژنێک وەک قەرەواشێکی[*] قاپ و کەوچک شۆر نیشان دەدەن؟ وە بەڵام چ بڵێم لەمەڕ ئەو زەمانەی کە دەبێ ڕووداوەکانی بابەتی شانۆگەرییە کەی تێدا ڕوو بدەن؟ مەگەر من شانۆنامەی وام نەدیوە کە پەردەی یەکەمی لە ئورووپا دەست پێ دەکا، پەردەی دووەم لە ئاسیا درێژە پێ دەدرێ و پەردەی سێیەم لە ئەفریقا کۆتایی پێ دێ؟ وە بێگومان ئەگەر پەردەیەکی چوارەمیشی هەبووایە لە ئەمریکا تەواو دەبوو، بەجۆرێک کە ڕووداوەکانی شانۆنامەکە چوار قورنەی عالەمی دەگرتەوە.

ئەگەر لاسایی کردنەوەی مێژوو بەشێک لەبەشە بنەڕەتییەکانی کۆمێدی بێ[٢٨٣] چۆن دەگونجێ تەنانەت بێ مایەترین مێشکەکان قبووڵ بکەن کە لە ڕووداوێکدا کە دەزەمانی «پێپەن»[٢٨٢] یا شارلێمانی دا ڕووی داوە، بیدەنە پاڵ قارەمانی شانۆنامە کە وەک ئیمپراتوور هەراکلیوس[٢٨٤] خاچی پیرۆز بباتە ئوورشەلیم و وەک گۆدەیفرۆیدوبۆیلیۆن[٢٨٥] مەرقەدی مبارەکی حەزرەتی عیسا لە دەست وەحشییەکانی سارازن[٢٨٦] ڕزگار بکا؟ لە

---

٢٨١- لێرەدا سێروانتێس بەیەک یا چەند شانۆنامە لە ئاسەواری «لۆپ دۆویگا» بەتایبەتی شانۆنامەیەک بەناوی Urson y Valentin تەشەر و تانە لێ دەدا. (مۆریس باردۆن)

٢٨٢- Pépin کوڕی شارڵ مارتێل و باوکی شارلمانی ئیمپراتۆری فەرانسە کە ساڵی ٧٥١ پاش زاڵبوون بەسەر قەبیلەکانی ساکسۆن و باوار و ئالاماندا بوو بەپاشای فەرانسە و زنجیرە بنەماڵەی کارولێژین بوو. «وەفات ٧٦٨»

٢٨٣- شارلێمانی Charlemagne کوڕی پیپەن و ئیمپراتۆری ئەورووپایی ڕۆژئاوا کە لە ساڵی ٧٦٨ دەگەڵ براکەی کارلمانی پێکەوە پاشاییان کرد و لە ساڵی ٧٧١ بەدواوە کە براکەی مرد تەنیا بەسەر نیوەی ئەورووپادا فەرمانڕەوایی کرد و لە زۆر شەڕاندا سەرکەوت. ئەم پاشایە لە شانازییەکانی نەتەوەی فەرەنسەیە و هاوکات بووە دەگەڵ هاروونە ڕەشید.

٢٨٤- هەراکلیۆس Héraclius ئیمپراتووری ڕۆمی شەرقی لە ٦١٠ تا ٦٤١ی زاینی کە دە زەمانی خوسرەوی پەروێزدا دەگەڵ ئێران شەڕی کرد و سەرکەوت، بەڵام عەرەب شکستیان پێ دا.

٢٨٥- گۆدەیفرۆن دۆ بۆیلیۆن دووکی لۆرێنی خواروو «١١٠٠ - ١٠٦١» کە دە شەڕەکانی خاچپەرستاندا زۆر ئازایەتیی نواند و بوو بەپادشا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حاڵێکدا لە بنۆ ئەو کەسانەدا مەودای زەمانییەکی دوورودرێژ هەیە. ئەگەر بەپێچەوانە، بابەتی کۆمێدی شتێکی داهێنەرانە و خەیاڵی بێ، چۆن دەتوانین بۆ ئەو بابەتە ڕاستەقینەیەکی مێژوویی دەبەرچاو بگرین و چۆن دەتوانین ئەو ڕووداوانە کە دە زەمەنی جۆراوجۆردا بەسەر کەسانێکی جۆرباجۆر هاتوون، تێکەڵاو بکەین؟ وە تازە ئەم ڕووداوە ڕاستییانەش وا پێکەوە متوربەنەکرێن کە ڕاست و واقیعی دەربکەون و لەهەر نوکتەیەکیشیاندا هەڵەی زۆر گەورە بەر چاو بکەوێ؟ خراپتر لەوەش، ئەوەیە هێندێک نەزان هەن کە دەڵێن تەنیا ئەم چەشنە نووسراوەیە بەکەڵکەو تەواو و داخوازی شتێکی بێجگە لەوە هەوەسێکە وەک مەگیرانیی ژنی زگ پڕ. وە بەڵام وای بەو کاتەی بگەینە کۆمیدییە مەزهەبییەکان! پەنا بۆ خودا! چ موعجیزەگەلێکی درۆیین و چ کارو کردەویەکی کفراوی کە دەیدەنە پاڵ کەسانی تر! تەنانەت لە کۆمێدییە مرۆڤانییەکاندا؛ زات دەکەن لە خۆیانەوە موعجیزە دروست بکەن، بێ ئەوەی دەلیل و بیانوویەکیان بێجگە لەوە هەبێ کە دەڵێن: «لێرەدا دەبێ موعجیزە یا کارێکی سەیر و دوور لە چاوەڕوانی ئەنجام بدرێ تا خەڵکی عەوام تووشی سەرسوڕمان بن و بەهەڕەمە بۆ دیتنی شانۆ داوەرووکێن.» تەواوی ئەم کارانە هەمووی پێچەوانەی ڕاستین و بەزیانی مێژوو، تەنانەت دەشبێتە هۆی ڕیسوایی نووسەرانی ئەسپانیایی؛ چون نووسەرانی بیانی کە بنەما و یاسای کومێدی بەتەواوی دەبەر چاو دەگرن، کاتێک ئەم نووسراوە قوڕ وبن دڕاوانەی(*) ئێمە دەبینن، هەموومان بەوەحشی دەزانن. ئەم بیانووە هەرگیز گوێی ئەوان نابزێوێ کە بێژین گرینگترین مەبەستی دەوڵەتە سەقامگرتووەکان لە ئیجازە دان بەنیشاندانی ئەم جۆرە کۆمیدییانە سەرگەرم کردنی خەڵک بەڕابواردنێکی سلامەت و پاراستنی ئەوان لە خوو و خدەی ڕەزەیلانەیە کە ئەغڵەب بەهۆی بێکاری سەر هەڵدەدا؛ وە چون ئەم ئامانجە بەهەر شانۆنامەیەک چ باش چ خەراپ، دێتە دی کەوابوو چ لازم دەکا بۆ نووسینی شانۆنامە یاسا دابندرێ و نووسەران کایەران مەجبوور بکەن، بەپێی یاسا بنووسن و کایە بکەن، چون هەر شانۆنامەیەک ئەو مەبەستە وەدی دێنی. من دەجوابدا دەڵێم کە بێگومان ئەم مەبەستە بەکۆمێدیی باش، باشتر وەدی دێ، تا بەو کۆمێدییە هیچ و پووچانەی ئەمڕۆ. چون کاتێک تەماشاگەر چووبێتە تەماشای کۆمێدییەک کە لەسەر بنەمای فەن دارژاوە لە خاڵە شۆخی و

٢٨٦- سارازن Saracin یا Sarrasin لە واژەی «سەحرانشین» گیراوە و مەبەست ئەو عەرەب و بەربەرە خوێنخۆرانەی سەحراکانی وڵاتانی عەرەبنشینی سەدەکانی ناوین بووە کە مەسیحییەکان بەکافر و بێ بەزە و بێ ئیمانیان دەزانین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گاڵتەییەکانی سەرگەرم دەبێ، لە بابەتە قورسەکانی شت فێر دەبێ، لە ڕووداوە سەیر و سەمەرەکانی واق وڕماو دەبێ، لە زبانی ساغ و ڕەوانی ئەو زبانی خۆی لە هەڵە دادەبێژێ، لە فێڵ و تەڵەکەکانی چاو و گوێی پتر دەکرێنەوە، لەسەر مەشقەکانی پەند وەردەگرێ. بەڕەزیلەت ڕقی هەڵدەستێ و بەفەزیلەت دڵ دەبەستێ. تەواوی ئەم هەستیارییانە دەبێ کۆمێدیی باش دە ڕۆحی تەماشاگەردا هەر چەند گوندییەکی نەفامیش بی، بوروژێنێ. هەروەها مومکین نییە شانۆنامەیەک بەو هەموو لایەنە باشانەیەوە زۆرتر لەو کومێدییە خراپ و بێ ناوەرۆکانە کە ئەمڕۆ دێنە سەر شانۆ، بەتەماشاچی حەز و خۆشی نەگەیەنێ و ڕازی و خۆشحاڵی نەکا، تاوانی ئەم کومێدییە بێ ناوەرۆک و بێ تامانە، بەستۆی شاعیران نییە کە ئەو شتانە دەنووسن. چون زوربەی ئەوان زۆر چاک دەزانن، دەبێ چ بکەن. بەڵام چون شانۆنامە بەشکڵی کاڵا و کووتاڵی بازرگانی دەرهاتووە و شاعیران دەڵێن و هەقیش دەڵێن ئەگەر بەکەیفی خەڵک و سەلیقەی ڕۆژ نەنووسن و کارەکەیان بەپێی ڕاسپاردە ئەنجام نەدەن ئەربابی تێئاتر کارەکەیان لێ ناکڕێ؛ بەم جۆرە شاعیر ناچارە بۆ ئەوەی کایەر لێی دەوێ مل دابنوێنێ، چون ئەوە کە دەبێ پووڵی شانۆنامەکە بەو بدا. ئەگەر بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، دەلیل پێویستە وەرن ئەو شانۆنامە زۆر و زەوەندانە ببینن کە هەڵکەوتەیەکی بەختەوەری ئەم وڵاتە بەشێعر نووسیونی. ئاسەوارێکی پڕ لە نوکتە و مانا و ناوەرۆک و فکر و خۆشی. بەشێعری جوان و خەیاڵی ناسک و وتووێژی تێکەڵ بەلەتیفەی بەتام و خوێ و کەلامی کورت و تۆکمە کە دنیای بەناوبانگی خۆی پڕ کردووە، باشە[٢٨٧]! تازە هەر ئەم شاعیرە چون لەبەرامبەر ویستی ئەربابی تێئاتردا دادەنوێنێ، هەموو بەرهەمەکانی ناگەنە ئەو پلەیەی کە دەبێ هەیانبێ. نووسەرانێکی تر هەن بەرهەمەکانی خۆیان وەها سەرسەری و بێ فکر لێکردنەوە دەنووسن کە کایەران پاش ئەوەی ئەو بابەتانەیان کایە کرد، دەبێ دەرباز بن نە وەک سزا بدرێن. زۆر کەس ناچار بوون وڵاتی خۆیان بەجێ بێڵن، تا ئێستا ئەم ڕووداوە چەنای چەن جار بەهۆی تەوهین بەئەمیرێک یا بێ حورمەتی بەبنەماڵەی ئەشراڤێک، دوویات بووەتەوە. ئەگەر لە دەرباری پاشادا کەسێک بووایە، ڕووناکبین و کارزان و ڕازدار و کرابا مەعموور کە نە تەنیا هەموو ئەو شانۆنامانەی لە پایتەخت دێنە سەر سەکۆ، بەڵکو ئەوانەی کە لە باقیی شوێنەکانی ئەسپانیاش نیشان دەدرێن، پێش نیشاندان بیدیتنایە، تەواوی ئەم ئیراد و عەیبانە و زۆر عەیبی تریش کە من

٢٨٧- مەبەست «لۆپ دۆویگا» شاعیری هەڵکەوتووی ئێسپانیایە. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabati.org

بێدەنگەی لێ دەکەم، لە ناو دەچوون. دەبێ هیچکام لە کاربەدەستان لە هەر شوێنێک هەن ئیزن نەدەن، هیچ شانۆنامەیەک بەبێ پەسند کردن و مۆر و ئیمزای ئەم بەر پرسە لە هەرێمی دەسەڵاتی ئەودا نۆمایشت بدرێ. بەمجۆرە خاوەنەکانی شانۆ ئەم شانۆنامەیان دەنارده دەربار و لە پاشان دەیانتوانی بەمتمانە و خاترجەمی بیبەنە سەر سەکۆی نمایشت. ئەوانەش کە ئەم شانۆنامە ڕێکوپێک دەکەن لە ترسی پشکنین و پێداچوونەوەی وردی کارەکانیان، ناچار بەوردبینی و زەحمەت و موتالایەکی زۆرترەوە کاری خۆیانیان ئەنجام دەدا. بەکورتی، بەمجۆرە شانۆنامەی زۆر بەنرخ و جوان دەنووسران، لە ئاکامدا هەم خەڵک سەرگەرم دەبوو و هەم نووسەران شانازییان بەنسیب دەبوو و هەم لە ئەسپانیادا سوودێکی زۆر بۆ کایەران وەدەست دەهات و کایەرانیش لە تەمێ بوون و سزادان ڕزگار دەبوون. بێجگە لەوەش ئەگەر ئەو کەسە یا کەسێکی تریان بەر پرس کردبا تا کتێبەپاڵەوانییەکان کە لەمەو دوا بڵاو دەبنەوە، پێدا بچێتەوە، بێگۆمان لەو بەستێنەشدا ئاسەوارێک دەخوڵقان کە سەرجەمی جیلوەکانی جوانی، کە ئەو بەڕێزە دەفەرموون، تێیدا خۆیان دەنواند؛ ئەم ئاسەوارە بەگەنجینەیەکی ناسک و بایەخدار لە ڕەوان بێژی و جوانبێژی زبانی ئێمەیان دەوڵەمەند دەکرد و بەکورتی، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان دەبوو کە کۆنە کتێبەکان دەژێر نوور و درەوشی شاکارە نۆییەکاندا بکەونە قووڵایی تاریکانی فەرامۆشی و بەمجۆرە شتانێک بڵاو دەبوونەوە کە ببنە هۆی سەرگەرمیی بێکاران و تەنانەت پڕکارترین کەسانیش حەزیان لەو بەرهەمانە وەردەگرت؛ چون کەوانی هێز و توانای ئادەمیزاد ناتوانێ هەمیشە کێشراو بێ و بێ تاقەتی و کزیی مرۆڤ پێداویستی بەوە هەیە کە لە ڕابواردن و سەرگەرمیی بەجێ هێزی تازە وەربگرێ.»

خەلیفە و کەشیش قسەکانیان گەیاندبووە ئێرە کە وەستای دەلاک بەهەلاتن خۆی گەیاندە لایان و بەکەشیشی گوت: «جەنابی کەشیش ئێرە هەمان شوێنەکە عەرزم کردن بۆ پشوو دان و حەسانەوە جێگایەکی باشە و لەوەڕیشی زۆر خۆشە و گایەکان دەتوانن بەباشی تێیدا بلەوەڕێن.

کەشیش گوتی: «منیش هەر وای بۆ دەچم.» وە کاتێک بۆچوونی خۆی بەخەلیفە گوت، زۆرێ پێ خۆش بوو، چون بەڕاستی جوانی و سەفای ئەو دەرە و دۆڵە سەرنجی ڕاکێشابوو؛ جا بۆ ئەوەی لەو دیمەنە دڵکێشە(*)، حەز وەربگرێ و زۆرتر لە هونەرنوێنییەکانی دۆن کیشۆت خەبەردار بێ و زۆرتریش لە قسە و زانیاریی کەشیش کە وردەوردە هۆگری بووبوو، کەڵک وەربگرێ دەستووریدا بەچەند کەسێک لە نۆکەران کە

رابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرچی زووتر بچنە ئەو کاروانسەرایە کە زۆر لەوێ دوور نەبوو، وە بۆ نەهاری تەواوی کاروان هەرچی دەست کەوت بیهێنن؛ چون لێ بڕابوو هەر لەوێ پشوو بدا و بحەسێتەوە. یەکێک لە نۆکەران جوابی داوە کە ئێستری هەڵگری باری ئازووقە و تێشووی ڕێگا کە ئێستا دەبێ گەیشتبێتە ئەو کاروانسەرایە، ئەوەندەی خۆراک و نان و پێخۆر و ئازووقە بار کراوە، کە نیازێک بەکڕینی هیچ شتێک نییە. مەگەر جۆ و ئالیک(*) بۆ ئێسترەکان. خەلیفە گوتی: «کە وایە هەموو باربەرەکان بەرنە کاروانسەرا و ئێستری هەڵگری باری ئازووقە بێننە ئێرە.»

هاوکات دەگەڵ ئەم فەرمانە، سانکۆ کە دیتی دەتوانێ دوور لە چاوی دەلاک و کەشیش کە لە هەر دووکیان بەد گومان بوو، دەگەڵ ئەربابی خۆی قسان بکا، سەبرێکی خۆی گەیاندە قەفەسی ئەرباب و پێی گوت: «ئەرباب بۆ ئەوەی بارێکی قورسم لەسەر ویژدانی خۆم هەڵگرتبێ دەمەوێ ئەو کەینوبەینەی لەمەڕ تەلیسم کرانی ئێوە دە ئارادایە بەعەرزی ئیوە بگەیەنم. دەپێشدا با عەرزت بکەم، هۆو(*) دووکەسە نیقابدارە، کەشیشە کە و دەلاکەکەی گوندەکەی خۆمانن و من وای تێ دەگەم کە ئەوان، تەنیا لەبەر ئێرەیی بردن، بۆ بردنەوەی جەنابتان بۆ گوند پلانیان داڕشتووە. چون چاوی دیتنی شاکارە پاڵەوانانییەکانی ئێوەیان نییە و نایانەوێ قبووڵ کەن کە لەوان لەسەرتری. ئەگەر ئەوانەی گوتم قبووڵ بکەی، ئەودەم بۆت ڕوون دەبێتەوە کە جەنابت دەو قەفەسەدا تەلیسم نەکراوی، بەڵکو بەڕێزتیان وەک مرۆڤێکی نەفام بەکەر زانیوە.

بۆ سەلماندنی عەرزی خۆم دەمەوێ پرسیارێکت لێ بکەم. ئەگەر جەنابت جوابێکت دامەوە کە من دەبەر چاوم گرتووە، ئەوە دە ماکی مەتڵەب دەگەیت و دەزانی کە تەلیسم نەکراوی، بەڵکو کەللەت خراپ بووە. دۆن کیشۆت گوتی: باشە کوڕم، هەرچی دەتەوێ لێم بپرسە، من ئامادەم جوابت بدەمەوە. وە بەڵام ئەوەی کە دەڵێی ئەو کەسانەی بەدەوروبەری ئێمەدا هەڵدەسووڕێن ئاشنا و کەشیش و دەلاکی هاوشاریی خۆمانن، زۆر وێ دەچی کە تۆ وات هاتبێتە بەرچاو، وە بەڵام ئەوەی کە هۆو دووانە بەراستی، خۆیان بن، تۆ بەهیچ جۆر شتی وا باوەڕ مەکە. ئەوەی دەبێ تۆ بڕوای پێ بکەی و تێی بگەی ئەوەیە کە ئەگەر ئەم دوو کەسە وەک تۆ دەڵێی وە کەشیش و دەلاکی خۆمان دەچن، بێشک ئەوانەی کە منیان تەلیسم کردووە، ئەم شکڵ و قیافەیان بەخۆوە گرتووە. دە ڕاستیدا بۆ جادووگەران ئاسانە خۆیان بەهەر شکڵێک دەربێنن و ئەوان ئەوەتا بەئەنقەس هاتوونەتە سەر شکڵی دۆستانی ئێمە تا تۆ پێت وابێ خۆیانن و وەها بکەویتە غار و ئەشکەوتی شک و گومانەوە کە سەری کەلافی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabtri.org

«تێزەش»[٢٨٨] نەتوانێ بتهێنێتە دەرەوە. بێجگە لەوەش ئەوان بۆ ئەوە هاتوونەتە سەر ئەو شکڵ و بێچمە تا من نەزانم بەدەست کێ دە داو کەوتووم و کێ ئەم زەبرەی لێ وەشاندووم؛ چون بەکورتی بێژم ئەگەر لە لایەک، بەمن بڵێن کە هاوڕێیانی ئێمە هەمان کەشیش و دەلاکی وڵاتی خۆمانن و لە لایەکی ترەوە، من خۆم دە قەفەسدا دەبینم و دەزانم کە هیچ هێزێکی مرۆڤانی، مەگەر ئەوەی لە سەرووی تێگەیشتنی ئێمەوە بێ، ئەو توانایەی نییە ئەمن دە قەفەس باوێژێ، لەو حاڵەتەدا دەتوانم چ بڵێم بێجگە لەوەی بڵێم یا پێم وابێ کە ئەو شێوەیەی منیان پێ جادووگیر کردووە لە دەرەوەی تەواوی ئەو شێوەگەلەیە کە تا ئێستا دە کتێبەکاندا لەمەڕ پاڵەوانانی تەلیسمکراو خوێندوومەتەوە. کەوابوو تۆ دەتوانی لەم لایەنەوە خاترجەم بی و ئەو فکرەی کە پێت وایە هەر ئەو دووانەن لە مێشکت وەدەر بخەی. چون هەر وەک من تورک نیم ئەوانیش ئەو کەسانە نین کە تۆ دەڵێی. وە بەڵام ئەگەر دەتەوێ پرسیارانم لێ بکەی، فەرموو من ئامادەم تا سبەی بەیانێ، جوابت بدەمەوە. سانکۆ بەهاوارێکی بڵیند گوتی: ئەرباب، بەناوی پیرۆزی حەزرەتی مریەم سوێندت دەدەم، ئایا مومکینە مێشکی حەزرەتی بەڕێزتان ئەوەندە وشک بووبێ و کەڵلەت ئەوەندە بەتاڵ و عەتاڵ بێ کە نەتوانی تێ بگەی ئەوەی عەرزت دەکەم ڕاستییەکی ڕوون و ڕووت و ئاشکرایە و لەو دەستبەسەرییەی کە بەسەرتیاندا سەپاندووە دەستی فێڵ و تەڵەکە زۆرتر لە سیحر و جادوو دەکاردایە؟ ئێستا کە وای لێ هات من ناچارم هەرچۆنێک هەیە، پێت بسەلمێنم کە تۆ تەلیسم نەکراوی. ئێستا بلێ بزانم... خودا بکا لەو چەرمەسەرییە ڕزگار بیت و لە حاڵێکدا کە هیچ چاوەڕوان نیت، بکەویتە باوەشی خاتوون دۆلسینە!...

دۆن کیشۆت بۆلاندی کە: لە دوعایان بگەڕێ، پرسیارەکانت بکە! سانکۆ گوتی: زۆر باشە پرسیاران دەکەم: شتێکی کە دەمەوێ بیزانم ئەوەیە کە حەزرەتی جەنابت وەختێک، بێ یەک واژە پاشوپێش یا کەموزۆر، دروست ئەو جۆرەی کە لە زبانی ئەهلی شمشێر، یانی کەسانێکی وەک خۆت کە شۆغلی پاڵەوانانی سەرگەردانیان ڕەچاو کردووە، چاوەڕوانی دەکرێ، بەمن بفەرموون کە... دۆن کیشۆت گوتی: دووبارە دووپاتی دەکەمەوە کە من لە هیچ وارێکدا درۆ ناکەم؛ بەڵام ئاخر تۆ قسەکەت بکە و پرسیارەکەت بپرسە، چون بەڕاستی

---

٢٨٨- تێزە «Thésée» بێگومان مەبەست لە کەلافی «تێزە» کەلافی «ئاریان» کچی مینووسە کە سەرێکی دا بەدەست «تێزە»ی پاڵەوانی یۆنانی تا پاش کوشتنی جانەوەرێکی ترسناک بەناوی مینووتوور لە غارەکەدا بتوانێ بێتە دەرەوە. هەودا یا کەلافی «ئاریان» زاراوەیەکە بەمانای ڕێگەچارە یا ڕێگەی دەربازبوون یا چرای ڕێگە دە کار دەکرێ. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سانکۆ تۆ بەو هەموو سەرەتا و بنەتا و خوارەکەوپێچەکەی قسەکانت ماندووم دەکەی. سانکۆ گوتی: من بەڕاستگۆیی و دەقودۆغری بوونی ئەربابی خۆم ئیمانم هەیە و لە لایەکی ترەوە چون ئەم بابەتە دەگەڵ بەسەرهاتی ئێمە پێوەندیی هەیە، جەسارەت دەکەم و دەپرسم: ئایا لەو کاتەوە حەزرەتی جەنابتیان دەو قەفەسە هاویشتووە هیچ وا بووە پێداویستی گچکە یا پێداویستیی گەورە پەیدا بکەی؟ دۆن کیشۆت گوتی، سانکۆ من نازانم مەبەست لە پێداویستیی گچکە یا گەورە چییە؛ ئەگەر دەتەوێ جوابت بدەمەوە پرسیارەکەت ڕوونتر بکە با بزانم دەڵێی چی. سانکۆ گوتی: ئایا مومکینە بەڕێزتان پێداویستیی گچکە و گەورە نەزانی چییە، ئەویش لە کاتێکدا یەکەم شتی کە فێری منالانی قوتابخانەی دەکەن ئەوانەن؟ زۆر باشە کەوابوو بزانە مەبەستم ئەوەیە: ئایا تا ئێستا هەوەست کردووە کارێک بکەی کە کەسی تر ناتوانێ لە جیات خۆت بیکا؟ دۆن کیشۆت گوتی: ها! ها! ئێستا تێگەیشتم سانکۆ. بەڵێ زۆر جار ئەم هەوەسەم کردووە و ئێستاش بۆ خاتری خوا ئەگەر دەتەوێ جێی خۆم پیس نەکەم لەو مسیبەتە ڕزگارم بکە!

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## لەمەڕ وتووێژی شیرینی سانکۆ دەگەڵ ئەربابەکەی سینیۆر دۆن کیشۆت

سانکۆ هاواری کرد کە: ئاخ ئەرباب، هەر لێرەدا دەگیر کەوتی! من هەر ئەوەم دەویست. هەر ئەوەم دەویست بەقیمەتی گیانیشم بێ بیزانم. باشە ئەرباب، بڵێ بزانم، ئایا جەنابت ئەوەی حاشا لێ دەکەی کە لە وڵاتی خۆمان کاتێک کەسێک خوڵقی تەنگ دەبێ، ئەغلەب لەبارەیدا دەڵێن: نازانم فلان کەس چیی بەسەر هاتووە؟ نە دەخوا، نە دەخواتەوە، نە دەخەوێ، وە هەرچی لێی دەپرسن بەجۆرێکی تر جواب دەداتەوە! دەڵێی، جادووگیر کراوە؟ لێرەوە ئەوەمان بۆ دردەکەوێ کە تەنیا کەسانێک کە: ناخۆن، ناخۆنەوە، ناخەون و نیازیکیان بەئەنجامدانی کارە سروشتییەکان، کە من ئیشارەم پێ کرد، نییە بەڕاستی جادووگیر کراون، نە ئەوانەی وەک جەنابت کە هەوەسی قەزای(*) حاجەت دەکەن و ئاویان بدەیە دەستی، دەیخۆنەوە و ئەگەر خواردنیان دەست کەوێ دەیخۆن و هەرچی لێیان بپرسی جواب دەدەنەوە. دۆن کیشۆت گوتی: ڕاست دەکەی سانکۆ، بەڵام دەپێشدا پێم گوتی کە جادوو کردن شێوەی جۆراجۆری هەیە و لەوانەیە دەگەڵ ڕەوتی زەمەن شێوازەکەی گۆڕابێ و هیچ بەدوور نییە کە ئەمڕۆ تەلیسم کراوەکان بتوانن هەموو ئەو کارانەی من دەیانکەم یا دەمەوێ لەمەودوا بیانکەم، ئەنجامی بدەن؛ هەر چەند لەمەوپێش نەیاندەکرد، کەوابوو لە بەرانبەر دابونەریتێک کە دەگەڵ تێپەڕینی زەمەن دەگۆڕێن، ناتوانین دەمەتەقە و ئاگام گیرێ بکەین. من خۆم بەیەقین دەزانم کە جادوو کراوم و هەر ئەوەش بەسە بۆ ئەوەی ویژدانم ئاسوودە بێ؛ چون متمانەت پێ دەدەم ئەگەر بڕووکە گومانێک دە تەلیسم بوونی خۆمدا هەبووایە و بمزانیبایە کە بەخۆڕایی دەو قەفەسەیان ئاخنیوم و عەتاڵ و بەتاڵ لێرە دانیشتووم و خەڵکێکی بێ ئەنواش پێداویستییان بەهێزی شان و باهۆی من هەیە و لێی بێبەش ماونەوە، ویژدانم سەخت ئازاری دەدیت. سانکۆ گوتی: بەو گشتەوە، دووبارە دووپاتی دەکەمەوە کە حەزرەتی بەڕێزتان بۆ متمانە و ڕەزامەندیی زۆرتری خۆتان باشتر ئەوەیە حەول بدەی لەو زیندانە بێیتە دەرەوە. من بەش بەحاڵی خۆم ئەوەندی پێم بکرێ و لە دەستم بێ، یارمەتیت دەدەم و تەنانەت بۆ ڕزگار بوونتان تێ دەکوشم. پاشان بەڕێزتان دیسان سواری سوارە بەری ڕەسەنی خۆتان ڕۆسینانت ببنەوە، چون ئەوەتا بێ تۆ ئەوندە

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

کز و داماوە هەر دەڵێی تەلیسم کراوە. ئەودەم ئێمە دیسان بەدوای ڕووداوەکاندا دەچین و ئەگەر گەردوونی گەردان بەکەیفی ئێمە هەڵنەسووڕا دەرگای قەفەس ئاواڵەیە و مەجالی تێخزانەوەی ئەم زیندانەمان هەر دەبێ. ئەوجار ئەگەر بەڕێزتان ئەوەندە بەدبەخت و ئەمن ئەوەندە کەرو نەفام بووم کە نەتوانین ئەوەی من دەڵێم ئەنجامی بدەین، من وەک مەیتەرێکی قەدر ناس و ئەمەگناس بەڵێنی دەدەم دەگەڵ تۆ بێمە نێو قەفەس و خۆم زیندانی بکەم. دۆن کیشۆت گوتی: باشە، من قبووڵی دەکەم و هەر لێرە دەستی هاوکاری و یەکیەتیت بۆ درێژ دەکەم، تۆ هەر چرکەساتێک دەرفەتێکی باشت وەدەست هێنا بۆ ئەوەی لە قەفەس بێمە دەر من موو بەموو لە ئەمر و فەرمانی تۆ پێڕەوی دەکەم. بەڵام سانکۆ پاشان لێت مەعلووم دەبێ کە تۆ دە ناسینی بەدبەختیی مندا چەندە بەهەڵە چووی»

ئەم وتوێژە، پاڵەوانی سەرگەردان و مەیتەری فزوولی ئەوی گەیاندە جێگایەک کە کەشیش و خەلیفە و دەلاک دەپێشدا گەیشتبوونە ئەوێ و چاوەڕوانیان بوون. عارەبەوان گایەکانی لە عارەبە کردەوە و بەرەڵلای نێو ئەو چیمەن و مێرگەی کردن کە سەفا و هەوای سازگار و جوانیی دیمەنەکەی نە تەنیا تەلیسم کراوانێکی وەک دۆن کیشۆت بەڵکو سەگ(*) و وریایەکی وەک سانکۆشی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا تا لەو هەموو جوانی و سەفا و سازگارییە حەز و بەهرە وەربگرن. سانکۆ لە کەشیشی تکا کرد کە دۆن کیشۆت بۆ چەند ساتێک لە قەفەس بێتە دەرەوە، ئەگینا ناو قەفەسەکە ئەو جۆرە کە شایانی نەجیبی و ڕەسەنایەتیی پاڵەوانانە بەخاوێنی نامێنێتەوە. کەشیش لە باسەکە حاڵی بوو و بەسانکۆی گوت ئەگەر لەوە نەترسابا کە ئەربابەکەی دەگەڵ هاتنەدەر لە قەفەس دیسان هەمان شێتییەکەی گوڵ بکا و بۆی دەرباز بێ و بڕواتە شوێنێک کە بەکەس نەبیندرێتەوە، لە ناخی دڵەوە دەگەڵ داخوازییەکەی ئەودا دەبوو. سانکۆ گوتی: من زامن کە ئەو دەرباز نەبێ خەلیفە گوتی: منیش دەبمە زامن و هەموو دواهاتێک(*) وەعۆدە دەگرم. بەتایبەتی ئەگەر ئەو، ئەو بەڵێنییە پاڵەوانییە بدا کە بێ ئیزنی ئێمە لێرە دوور نەکەوێتەوە. دۆن کیشۆت کە تەواوی ئەم قسانەی بیستبوو هاواری کرد کە: بەڵێ، من بەڵێن دەدەم. بێجگە لەوەش کەسێک کە وەک من تەلیسم کرابێ ئیزن نادرێ هەرچی ویستی دەگەڵ خۆی بیکا، چون ئەو جادووکەرەی ئەوی تەلیسم کردووە دەتوانێ کارێکی وا بکا کە تا سێ سەدەی تەواو لە جێی خۆی چرتەی نەکا؛ وە ئەگەر تەلیسم کراو قەستی هەڵاتنی هەبێ سیحرکار بەتوندی فڕینی باڵندە دەیگێڕێتەوە سەر جێگای خۆی. ئێستا کەوایە ئازادم بکەن، وە ئەوە بەسوودی هەمووانە، چون ئەگەر ئازادم نەکەن بەئێوە ڕادەگەیەنم یا لەمن دوور کەونەوە یا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

من ناچار دەبم لووتی ئێوە بەبۆگەنێکی ناخۆش ئازار بدەم.» باوەکو هەر دووک جمگەی دۆن کیشۆت پێکەوە بەستراببوونەوە خەلیفە واداری کرد تۆقەی دەگەڵ بکا. پاشان بەمتمانەی قەولێک کە لەناو قەفەسدا دابووی، دەرگای قەفەسیان بۆ کردەوە و ئەم کارە بوو بەهۆی خۆشحاڵیی زۆریّ ئەو.

دۆن کیشۆت کە لە قەفەس هاتە دەر، دەپێشدا خۆی لەبەر یەک کێشاوە و دەستی بەشان وپیل و هەموو ئەندامەکانی خۆی داکێشا و پاشان لە ڕۆسینانت نزیک بووەوە و بەلەپی دەست دوو شەپلاغەی نەرمی لە کەفەڵی دا و بەلاواندنەوە پێی گوت: ئەی گوڵی سەر سەوەتە، ئەی ئاوێنەی هەموو ئەسپانی خۆش بەز، من هەمووکات بەخوداوەند ودایکی نوورانی و مبارەکی ئەو هیوام بەستووە کە ئێمە بەو زوانە وەک جاری جاران بکەوینەوە لای یەک، یانی تۆ هەڵگری مەولای خۆت بی و من سواری پشتت ببمەوە و ئەو پیشەیە کە خواوەند منی بۆ ئەو ئافراندووە پێکەوە دەست پێ بکەینەوە.» دۆن کیشۆت پاش ئەو قسانە دەگەڵ سانکۆ دوور کەوتەوە و خۆی سووک(*) کرد و گەڕاوە و ئەمجار زۆرتر خواهان بوو پلانەکەی سانکۆ بخاتە گەڕ.

خەلیفە تێی هەڵڕوانی و لە چەشنی شێتییەکەی ئەو زۆر واقی وڕما بوو؛ بەتایبەتی ئەوەی بەلاوە سەیر بوو کە ئەو نەجیب زادە چارەڕەشە لە قسە کردن و جوابدانەوەدا هۆش و عەقلانییەتی لە خۆی نیشان دەدا و هەر وەک گوتمان بێجگە لە بابەت و بۆنەی پاڵەوانیدا هەوساری نەدەپساند. خەلیفە کە بەزەیی بزووتبوو، کاتێک هەموو لەسەر چیمەن دە چاوەڕوانی ئازووقەدا ڕۆنیشتبوون، ڕووی دە پاڵەوان کرد و گوتی: «جەنابی گەورەزا، ئایا مومکینە کاری بێ تام و بێ بەهرەی خوێندنەوەی کتێبەپاڵەوانییەکان کاریگەرییەکی وای لەسەر بەڕێزتان بوو بێ کە بەیەکجاری عەقڵی خۆتان لە دەست بدەن و کارتان بگاتە ئەو جێگایە کە خۆت بەتەلیسمکراو بزانی یا خەیاڵی وا بخەیە مێشکی خۆتەوە کە دەگەڵ ڕاستەقینە مەودای عەرز و عاسمانیان هەیە؟ چۆن دەبێ عەقڵێکی وا هەبێ کە باوەڕ بکا لە دنیادا ئەو هەمووە «ئامادیس» و ئەو گشتە پاڵەوانە ناودارانە بوون؟ یا باوەڕ بکا ئەو هەموو «ئیمپراتوریی تەرابووزان» و «فلیکس مارسی دیرکانی»و ئەسپ و مەیتەر و کیژی سەرگەردان و ئەو گشتە مار و ئەژدەها و غوول و عفریت ودێو و ڕووداوی سەرەگێژەهێن و چەشنی جۆراوجۆری سیحر و تەلیسم و ئەو هەموو شەڕ و تێکهەڵچوونە هەترەشبەرە و جلوبەرگ و زێڕ و زەنبەر و شادۆت و شازادەی عاشق و مەیتەری بەپلەی کۆنتی گەیشتوو و دەلقەکانی گاڵتەباز و ئەو گشتە نامە عاشقانەیە و دڵبەری و دڵڕفێنی و ژنانی شەڕ کەر و

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئازا و کورتی ببڕمەوە ئەو هەموو شتە سەیر و عاجباتییانە کە دە کتێبەپاڵەوانییەکاندا هاتوون ڕاست بن؟ من لەمەڕ خۆم دەتوانم بڵێم کە کاتێک ئەو کتێبانە دەخوێنمەوە، تا ئەو کاتەی وەبیرم نەهاتووەتەوە کە ئەوانە هەمووی درۆ و دەلەسەی تەواو، یا بەرهەمی مالیخولیای فکریی نووسەرە، ئیقرار دەکەم کە لە خوێندەوەیان هێندێک حەز وەردەگرم، بەڵام هەر کە فکرم لێ کردووە کە چین باشترینیان بەدیواریدا دەدەم یا ئەگەر ئاورێک لە نزیکم هەبێ، دەیانخەمە نێو ئاگر. بەڵێ، ئەم کتێبانە سزاواری ئەم سزایەن. چون هەموویان جەعلی و درۆزنانە و لە یاسای مسۆگەری سروشت بەدوورن؛ هەموو شایانی ئەو سزایەن چون داهێنەر و دامەزرێنەری ڕێوڕەسمی غەڵەت و شێوەی تازە باوی ژیانن و بەکۆمەڵەی عەوام ئەو دەرفەتە دەدەن کە تەواوی ئەو خەیاڵ پلاوانەی دە کتێبەکاندا هەن باوەڕ بکەن و بەڕاستیان دەزانن.

ئەوانە تەنانەت کارێ بێ شەرمی و ڕووداریيان گەیاندووەتە جێگایەک کە فکر و زەینی نەجیب زادەیەکی وەک حەزرەتی جەنابتان دە شێوێنێ و ئێوەیان خستووەتە ئەو حاڵ و ڕۆژە کە ناچار بوون دە قەفەسێکدا زیندانیتان بکەن و وەک پڵێنگ و شێر کە دە قەفەسیان دەکەن و بۆ گوزەرانی ڕۆژانە لەم گوندە بۆ ئەو گوندی دەبەن بەعارەبەی کەڵ و گا دەتبەن. ئامان و سەد ئامان جەنابی دۆن کیشۆت بەزەییتان بەخۆتاندا بێ و بگەڕێوە ئامێزی عەقڵ و تێگەیشتوویی.

تێ بکۆشە تا لە نیعمەتێکی کە خواوەند بەئێوەی داوە کەڵک وەربگری کە بەقازانجی ویژدان و ناوی بەڕێزی بەڕێزتان بێ و بەو حاڵەشەوە ئەگەر دیسان مەیلت کێشای کتێبەپاڵەوانییەکان وەخوێنی، لانی کەم داستانی «قازییەکان» دە کتێبی پیرۆزدا بخوێنەوە، چون دەو داستانەدا ڕاستەقینەی گەورە و بەشکۆی تێدایە کە هەم دەوشاوەن و هەم ڕاست و دروست. «لۆزیتانی»[٢٨٩] پێشەوایەکی وەک «ویریاتێس»[٢٩٠] و ڕۆم پیاوێکی وەک قەیسەر و کارتاژ سەردارێکی وەک «ئانیباڵ»[٢٩١] و یۆنان دلاوەرێکی وەک ئەسکەندەر و

---

٢٨٩- لۆزیتانی Lusitanie بەشێک لە ئێسپانیای قەدیم دە ژێر دەسەڵاتی ڕۆمدا کە پورتەقاڵی ئەمڕۆ بەشێک لەو بووە.

٢٩٠- ویریاتێس Viriatés پێشەوای نەتەوەییی خەڵکی لۆزیتانی کە دژی ڕۆم ڕاپەڕی و ساڵی ١٤٠ی پێش زاین بەدەست ڕۆمییەکان کوژرا.

٢٩١- ئانیباڵ Annibal سەرداری ڕەشیدی کارتاژ «٢٤٧ - ١٨٣ پ. زاین» چەند جار سەرداری ڕۆمی شکاند و سەرەنجام لە ئەفریقادا شکستی خوارد. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabiri.org

کاستیلّ یەکێکی وەک «کۆنت فێرنان گۆنزالێز»[٢٩٢] و والانس پاڵەوانێکی وەک «سید»[٢٩٣] و ئاندلۆس ئازایەکی وەک «گـۆنزالـۆکـوردۆوایی»[٢٩٤] و ئەسـتـرامـادۆر سـەروکـێکی وەک «دیەگۆگارسیادۆپاریدێس»[٢٩٥] و گزەرەس یەکێکی وەک «گارسی پریزدۆ وارگاس»[٢٩٦] و تۆلّد یەکی وەک «گارسیلازۆ»[٢٩٧] و سیویلێکی وەک «دۆنمانۆئیلدۆلێئۆن»ی هەبووە.

داستانی ئازایەتی و بوێریی ئەم پاڵەوانانە بۆ سەرگەرم بوون و نۆکتە لێ فێر بوون و حەز وەرگرتن و واق ورماو کردنی گەورەترین نابیغە و هەڵکەوتەگەلێکی کە ئەوانە دەخوێننەوە بەسە. بەهەرحاڵ ئەی جەنابی سینیۆر دۆن کیشۆتی پاکدڵ، ئەوانەن ئەو کتێبانەی کە خوێندنەوەیان لایقی فام و مەعریفەت و زانایی نەجیب زادەیەکی گەورەزای وەک ئێوەیە، خوێندنەوەی ئەم سەرچاوەگەلە دەزانستی تاریخدا دەتانکاتە زانایەکی پسپۆر و ئەوینی پاکی و فەزیلەت دە ئێوەدا دەورووژێنێ و سیفەتی پەسند و باش دە ئێوەدا گەشە پێ دەدا و ئازایەتییەکی بێ جەسارەتی بێجێ و تەدبیر و ترسێکی بێ کزی و زراوتۆقیوی دەدا بەئێوە و ئەم گشتە شتە چاکانە دەبێتە هۆی ڕەزامەندیی خواوەند و مایەی شانازیی وڵاتی «مانش» کە دەزانم ڕیشە و بنەچەکی ئێوە لەوێوە هاتووە.»

دۆن کیشۆت بەسەرنجێکی سەیرەوە گوێی بۆ قسەکانی خەلیفە هەڵخستبوو. پاش ئەوە زانیی چی تر ئەو، قسە ناکا، ماوەیەک تێوەی ڕاما و لە جوابدا گوتی: «ئەی جەنابی

---

٢٩٢– فێرنان گۆنزالێز Fernan Gonzales یەکەم کۆنتی وڵاتی کاستیل سەدەی دەیەم. (مۆریس باردۆن)

٢٩٣– سید Cid پاڵەوانی نەتەوەیی ئێسپانیا لە سەدەی یازدەمدا کە دژی عەرەبان ڕاپەڕیوە و بەسەرهاتەکەی بووەتە ناوەڕۆکی زۆر ئاسەواری ئەدەبی.

٢٩٤– گۆنزالێز دۆ کۆردۆوایی Gonzales de Cordous سەرداری گەورەی کۆردۆوا کە لە ساڵی ١٥١٥ وەفاتی کردووە.

٢٩٥– دیەگۆ گارسیا دۆک پارادێس Diego Garcia de Parédés سەردارێک کە دە زمانی شارلمانیدا دەژیا و لەبەر ئازایەتی لەقەبی «سامسون ئیسترامادۆر»یان پێ دابوو. (مۆریس باردۆن)

٢٩٦– گارسی پرێز دۆ ڤارگاس Garci - Prez de Vargas دلاوەرێکی ئازا کە ساڵی ١٢٤٨ دە گرتنی سیویلدا ناوبانگی دەرکرد. (لوویی ویاردۆ)

٢٩٧– گارسیلا زۆ پاڵەوانێک کە دە گەمارۆدانی غەرناتە بەدەست پاشایانی مەسیحی بەشدار بوو «١٤٩١». وە پاش ئەو لە شەڕێکی تەن بەتەندا پاڵەوانێکی عەرەبی کوشت؛ چون ئەو عەرەبە بۆ سووکایەتی پێکردن ناوی «مەریەمی عەزرا»ی لەسەر کلکی ئەسپەکەی هەڵکەندبوو، ئەو پاڵەوانە ناوەکەی لەسەر مەتاڵی خۆی هەڵکەندە کرد. (مۆریس باردۆن)

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


نەجیبزاد، ئەگەر بەهەڵە نەچووبم مەبەست لەم وتارەی کە جەنابت ئاراستەی منت کرد، ئەوە بوو کە تێم بگەیەنی پاڵەوانانی سەرگەردان هەرگیز لەم جیهانەدا بوونیان نەبووە و تەواوی کتێبەپاڵەوانییەکان هەمووی لە درۆ و دەلەسەو چاو وڕاو قسەی(*) مفتە پێک هاتوون و بۆ بارودۆخی کۆمەڵگا و وڵات زیانبەخش و ڕێ ونکەرن و بەکورتی من خراپم کردووە، ئەو کتێبانەم خوێندووەتەوە خراپتر ئەوەیە کە بڕواشم پێ کردوون و خراپتریش لە هەمووی ئەوەیە کە بەلاسایی کردنەوەی ئەوان شوغڵی پاڵەوانانی سەرگەردانم کردووەتە پیشەی خۆم، چون جەنابت لەوە حاشا دەکەی کە پاڵەوانێکی وەک ئامادیسی گۆل و یۆنان و ئەو هەموو پاڵەوانانی تر لەو سەر دنیایە هەبوو بن. خەلیفە گوتی: بەڵێ مەبەستی من بێ زیاد وکەم هەر ئەوانە بوون کە فەرمووتان. دۆن کیشۆت درێژەی بەقسەکانی خۆی دا و گوتی: هەروەها جەنابی ئاغا فەرمووتان کە ئەم کتێبانە زیانێکی ڕۆزیان بەمن گەیاندووە، چون مێشکی منیان شێواندووە و لە ژێر کار تێ کردنی خراپی ئەواندا منیان خستووەتە ناو قەفەس، وە فەرمووتان باشتر ئەوەیە دەست لەو کتێبانە هەڵبگرم و شتی تر بخوێنمەوە کە بۆ فێربوونی نوکتە و بابەتی باشتر زۆرتر بەکەڵکم دێن. خەلیفە گوتی: بەڵێ مەبەستم هەر ئەوە بوو. دۆن کیشۆت جوابی داوە: زۆر باشە، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم دەبینم کە ئەوەی دێوانەیە و تەلیسم کراوە، ڕاست حەزرەتی جەنابت بۆ خۆتی، چون نەترسای لەوەی دژی شتێک کە ئەم گشتە لە لایەن چێژ و سەلیقەی خەڵکی ئەم جیهانە خۆشەویستە و هەموو تا ئەم ئەندازەیە بڕوایان پێ هەیە، قسەی کفراوی و سووک بکەی، شتێکی کە هەر کەس زاتی حاشا لێکردن و ڕەت کردنەوەیانی هەبێ، دەبێ هەمان سزای پێ بدرێ کە جەنابت دەیدەی بەو کتێبانە کە خوێندنەوەیان ماندووتان دەکا و حاڵتان دەشێوێنێ. بەڕاستی کەسێک بڵێ ئامادیسی گۆل و ئەو پاڵەوانانەی ناو وکار و ئاکاریان کتێبەکانی سیخناخ(*) کردووە لە دنیادا بوونیان نەبووە، وەک ئەوە وایە بڵێ ڕۆژ نوور و ڕووناکی نابەخشێ و سەهۆل سارد نییە و گۆی زەوی ئێمەی لە کۆڵی خۆی نەکردووە. چ کەسێک مومکینە لەم دنیایەدا بتوانێ بەکەسێکی حاڵی بکا کە داستانی شازادە خانمی «فلۆریب» Flaripe دەگەڵ «گیدۆبۆرگۆنی» Guy de Borgognc ڕاست نییە یا ڕووداوی فیەرابراس لەسەر پردی «مانتیبل» mantible کە دە زەمانی شارلمانیدا ڕووی داوە، بەپێچەوانەی ڕاستییە؟ من بەخودا سوێند دەخۆم کە هەر وەک ئێستا ڕۆژی ڕوونە ئەم داستانانەش هەموویان ڕاستن. ئەگەر ئەوانە درۆ بن، بێگومان داستانی هێکتۆر و ئاشیل و شەڕی تڕۆوا و سەرگوزەشتی دوازدە سوارەی فەرەنسی و نەزیلەی ئارتووس، شای ئینگلستانیش کە دە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حاڵی حازردا بەدگۆڕ[٢٩٨] کراوە و ئێستاش بەشکڵی قەڵەرەشەیە و نۆکەرەکانی سەعات بەسەعات چاوەڕوانن بگەڕێتەوە هەمووی درۆیە. ئایا کەس زات دەکا بێژێ داستانی «کاریبۆمەزکینۆ»[٢٩٩] و چیرۆکی گیرانی «سێن گریال»[٣٠٠] و ڕووداوی ئەوین بازییەکانی تریستان و شاژن ئیزۆت و داستانی ئەوینی «لانسیلۆت» دەگەڵ شاژن «ژینەویۆ»[٣٠١] درۆیە؟ لە حاڵێکدا ئێستاش کەسانێک ماون کە نەدیمەی ئەو مەلەکەیە، یانی «کۆنتانیۆن»یان لەبیرە کە بریتانیای گەورە ئێستاش مەیگێڕێکی ئاوای بەخۆیەوە نەدیوەتەوە. ئەم بابەتە ئەوەندە ڕاستە کە من لەبیرمە یەکێک کە نەنکە گەورەکانم کاتێک نەدیمەیەکی بەجلوبەرگی ڕازاوەوە دەدیت، دەیگوت «کچەکەم، ئەم خاتوونە چەندە وە نەدیمە کۆنتانیۆن دەچێ» وە لەوەرا دەگەینە ئەم ئاکامە کە نەنکە گەورەم دەبێ خودی «کۆنتانیۆن»ی ناسیبێ یا لانی کەم وێنەیەکی ئەوی دیتووە. کێیە کە حاشا لە ڕاستەقینەی زەق و ئاشکرای داستانی «پیەر» و «ماگالۆن»[٣٠٢] ی جوان و نازدار بکا؟ چون، ئەمڕۆش و ئێستاش لەمووزەی چەک و سیلاحی پاشایانی ئێمەدا، ئەو دەسکەدارینە کە «پیەر» پاڵەوانی پرۆوانسی، بەهەڵسووڕاندنی ئەو دارە ئەسپە دارینەی خۆی وەگەڕ دەخست و لە حەوادا هەڵدەفڕی، دەبیندرێ، دەسکێکە لە ماڵبەندی[*] عارەبە گەورەترە. لە تەنەیشت ئەو دەسکە دارینەیە، زینوبەرگی بابیکا ئەسپی سید داندراوە و لە کەلی «رۆنسۆ» شەیپووری ڕۆلان کەوتووە کە درێژاییەکەی بەقەدەر ئالوودارێکی[*] گەورەیە. لێرەوە دەتوانین ڕوونی بکەینەوە کە دوازە سوارەی فەرەنسی هەبوون و لە دنیادا پاڵەوانێکی وەک سید و

٢٩٨- دۆن مانوئیل دۆلیۆن don Manuel de Léon پاڵەوانی قەرنی پازدەم. دەڵێن جارێکیان گراوییەکەی دەستکەشی خۆی هاویشتە نێو ڕەوەیەک شێر و پاڵەوان دەستەوانەکەی لە نێو شێران هەڵگرتەوە و بۆ گراوییەکەی هێناوە و دایەوە دەستی.

٢٩٩- Guaribo Mezquino داستانێکی پاڵەوانی بەزبانی ئیتالی لە سەدەی سێزدەدا نووسراوە و پاشان وەرگێڕدراوەتە سەر ئەسپانیایی. «١٥٤٨»

٣٠٠- Saint - Grial جام یا دەورییەکە ژۆزێف داریماتی Josef d Aeimathie خوێنی عیسای تێدا دۆزیوەتەوە. ئەم جامە کەوتە دەست سوڵتان ئارتووس و دلاوەرانی مێزی خڕ.

٣٠١- لانسلوت و تریستان هەردووک لە دلاوەرانی مێزی خڕ بوون کە داستانی ئەوان دەپێشدا بەزبانی لاتین و پاشان بەزبانی فەرەنسی نووسرا و شاعیرێکی مەسیحی هەردووکیانی بەهۆنە بڵاو کردەوە. (مۆریس باردۆن)

٣٠٢- داستانی پییەر و ماگالۆن و باقیی داستانەکانی تر کە پاش ئەوان باس کراوە لە کتێبی پاڵەوانیدا هاتوون کە باسکردنیان لێرەدا ناگونجێ.

کتێبخانەی ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org



دلاوەرێکی وەک «پیەر» هەبوون کە بەدوای کارەسات و ڕووداواندا ڕۆیشتوون. ئەگەر وا نەبێ، دەبێ بڵێین کە دلاوەری پورتەقاڵی بەناوی «ژواندومۆرلۆ» Jande morlo ش پاڵەوانی سەرگەردان نەبووە و نەچووەتە شاری بۆرگۆنی و لە شاری

«ڕاس» دەگەڵ سینیۆری نێوبەدەرەوی «شارنی»بەناوی مووساپیە Moise Pierce و پاشان لە شاری »بال» دەگەڵ «مووساهانری دۆرامستان» Moise - Henry Ramestan بەشەڕ نەهاتووە و دوو جاران لەمەیدانی بەربەرەکانێدا بەسەر بڵندی نەهاتووەتە دەر. وە هەروەها دەبێ حاشا لەو شەڕ و هەرایانە بکەین کە دلاوەرانی ئەسپانیاییانی «پیدرۆباربا» Pedro Barba و «گۆتیەرکیکزادا» Gutiere quixada (کە بنەچەکەی من دەگەڕێتەوە سەر ئەو) لە شاری «بۆرگۆنی» کردیان و کوڕانی «کۆنت دو سن پاڵ» Count de saint pal یان تێک شکاند. هەروەها دەبێ بڵێین کە دۆن فێرناندۆ دوگەوارا دوای ڕووداوە پاڵەوانییەکاندا ڕۆیشتووەتە ئەڵمانیا و لەوێ دەگەڵ «میسیرژۆرژ» پاڵەوانی بنەماڵەی دووکی ئوتریش شەڕی نەکردووە؛ و سەرەنجام دەبێ بێژین کە داستانی نێزەبازی «سۆیرۆدۆکوینۆن» suero dequinones لەسەر ڕێگای پردی «ئۆربیگۆ» orbigo و پێکهەڵپڕژانی «مووزەن لوویس دۆفاڵسێس» Mosen - Luis de falces پاڵەوانی کاستیلی و هەموو ئەو هونەر نوێنییانەی کە پاڵەوانانی تر لێرو لەوێ لە ژووری وڵات و لە دەرەوە کردوویانە هەمووی درۆیە و بۆ سەرگەرمی و ڕابواردن نووسراون، لە حاڵێکدا ئەوەندە ڕاست و دروستن کە هەر کەس بێژێ وا نییە دووبارە دووپاتی دەکەمەوە، کە فام ناکا و تێ ناگا و عەقڵ و تێگەیشتنی نییە.

خەلیفە بەبیستنی وتاری سەیر و سەمەرەی دۆن کیشۆت کە تێکەڵاوێک بوو لە ڕاست و درۆ و لەبەرفرەوانیی ئاگایی و زانیاریی ئەو لەسەر بابەتە پاڵەوانییەکان زۆر واقی وڕماو لە جوابی ئەودا گوتی: «جەنابی دۆن کیشۆت من ناتوانم حاشا بکەم کە لە وتووێژی بەڕێزتاندا بەتایبەتی لەو بەشەدا کە باسی پاڵەوانانی سەرگەردانی ئەسپانیا دەکەی هیچ شتێکی ڕاست و واقیعی نییە. من ئێستاش ددان بەو خاڵەدا دێنم کە شاسواران یا دوازدە سوارەی فەرەنسی هەبوون، بەڵام هەرگیز ناتوانم باوەڕ بکەم کە تەواوی ئەو شتانەی ئۆسقۆفی مەزنی توڕپەن لە کتێبی خۆیدا لەمەڕ ئەوان گوتوویەتی ڕاستە. ئەوەی کە بنەمای ڕاستی هەیە ئەوەیە کە ئەم پاڵەوانانە لە لایەن پاشای فەرانسەوە لە نێو پیاو ئازاکانی گەل هەڵبژێردران و لەقەبی «پێر» Pairs ی پێ دان. چون هەموویان لە باری ئازایەتی و جوامێری و چاکییەوە بەیەک ئەندازە باش بوون، یا ئەگەریش نەبوون خەڵک ئارەزووی دەکرد کە بن. ئەمە عینوانێکی عەسکەری بوو وەک ئەوانەی کە ئەمڕۆش هەن. وەک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarr.org

عینوانگەلی «سێن ژاک» و «کالاتراڤا» Calatrava و ئەوانەی کە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیەبن لە زومرەی پاڵەوانانی ڕەسەن و ڕەگەزپاک دێنە ئەژمار. وەک ئەمڕۆ دەڵێن «شێوالیە سێن ژاک» یا «شوالیە ئالکانتارا»، ئەودەم دەیانگوت شێوالیە یا دوازەدە سوارەی فەڕەنسی، چون دوازدە سواریان بۆ ئەو ڕێکخراوە عەسکەرییە هەڵدەبژارد کە هەموویان وەک یەک ئازا و لێهاتوو بوون. لەوەیدا کە پاڵەوانانێک بەناوی «سید» یا «برنارد دێلکارپیۆ» هەبوون هیچ گومانێک نییە، بەڵام ئەوەی کە ئەو هەموو هونەرەیان نواند بێ بابەتێکی ترە. لەمەڕ دەسکە دارینەکەی «کۆنت پیەر» کە جەنابت باست کرد و لە مووزەی سەلتەنەتیدا لە لای زینوبەرگی «بابیگا» داندراوە، من خۆم ددان بەگوناهی خۆمدا دێنم؛ من ئەوەندە گێژ و حۆل و ئەوەندە کورتبینم کە باوە کوو زینی بابیگام بەئاشکرا دیتووە، نەمتوانیوە ئەو دەسکەبەو هەموو زەلامییەوە کە جەنابت ئیشارەت پێ کرد، ببینم. دۆن کیشۆت جوابی داوە: ئەو دەسکەش بێ هیچ شک و گومانێک ئەوە لەوێیە، نیشان بەو نیشانەی دە بەرگێکی چەرمی گیراوە بۆ ئەوەی خراپ نەبێ. خەلیفە گوتی: مومکینە بەڵام قەسەم بەو پلەوپایە پیرۆزانە کە من لە پلەی ڕۆحانییەتدا وەدەستم هێناوە، وەبیرم نایە شتێکی ئاوام دیتبێ وە گریمان گرتم کە شتێکی ئەوها لەوێ هەبێ ئایا مەجبوورم تەواوی داستانی ئامادیسی گۆل و ئەو هەموو پاڵەوانە سەرگەردانە و ئەو هەموو نەقڵ و نەزیلەی کە لێیان دەگێڕنەوە باوەڕ بکەم؟ وە ئایا ئەوە دەبێتە دەلیل کە پیاو ماقووڵێکی نەجیب و شەریفی وەک بەڕێزتان، بەو هەموو عەقڵ و فامەوە، ئەو هەموو شێتبازییانەی دەو کتێبانەدا هاتوون باوەڕ بکەی؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## لەمەڕ دەمەتەقەی هۆشمەندانەی دۆن کیشۆت و خەلیفە و هێندێک ڕووداوی تر

دۆن کیشۆت گوتی: چ فەرمایشێک! چۆن! ئەو کتێبانەی کە بەئیزنی پاشایان و پەسندی ڕوانەران(*) و پشکنەران بەچاپ گەیشتوون و کۆمەڵگا بەگشتی وەری گرتوون و هەموو کەس لە گەورە و چووکە و فەقیر و دەوڵەمەند و عامە و عەوام و باش و خراپ و بەکورتی هەر جۆرە مرۆڤێک لە هەر چین و توێژێک بەهەر شوغڵ و کارێکەوە کە هەیانە دەیخوێننەوە و ئافەرینی دەکەن، هەمووی درۆی ڕووتن؟ وە ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەموویان مۆری ڕاست بوونیان لێ دراوە و ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر دایک و باوک و بنەماڵە و شار و زێد و نیشتیمان و تەمەن و حاڵ و ئەحواڵی ئەم پاڵەوانانە دەناسرێن و ڕاز و نهێنیی ژیانیان ئاشکرا دەبێ. کەوابوو باشتر وایە بەڕێزتان بێدەنگ بن و چی تر کفر و قسەی ناشیرین بەسەر زبانتاندا نەیا و قسەی من باوەر بکەن. چون من لەم بەستێنەدا باشترین نسحەت کە لە پیاوێکی زانا دەوەشێتەوە بەتۆ دەکەم، وە ئەگەر بەقسەی منتان باوەڕ نییە خۆتان ئەو کتێبانە وەخوێنن تا بزانن چەندە خۆش و بەتامن. باشە، ئێستا فەرموو بزانم؛ ئایا هیچ خۆشییەک لەوە بالاترە کە لەبەرچاوی تۆ دەریاچەک جیوە قوڵتە قوڵت بکوڵێ و دەنێویدا هەزاران مار و تیسماح و جرۆجانەوەری تر بێن و بچن و لە ناکاو لە بنەبانی ئەو دەریاچەوە و لە نێو ئەو هەموو جانەوەرە زراو تۆقێنانەدا دەنگێکی دڵهەژێن و جەرگ سووتێن ببیسی کە دەڵێ: «تۆ ئەی پاڵەوان کە خەریکی تەماشا کردنی ئەم دەریاچە ترسناکەی، هەرکەس کە هەی ئەگەر خوازیاری ئەو گەنجە شاراوەیەی کە ئەم دەریاچە دەقووڵایی ئاوە لیخناو و ڕەشەکانی خۆیدا شاردوویەتەوە، ئازایەتیی دڵی بێ باکی خۆت بخە ڕوو و خۆت دەنێو ئەم ئاوە ئاگرینە باوێژە! ئەگەر ئەوا نەکەی هەرگیز شایستەی ئەوە نابی کە عەجایب و شتە سەرسوڕهێنەرەکانی ناو حەوت قەسری حەوت پەریی دەریایی کە دەژێر ئەم ئاوە تاریکانەدا هەڵکەوتوون، تەماشا بکەی.» پاڵەوان هێشتا بەتەواوی ئەم قسە ترسێنەرانەی نەبیستووە کە بێ ئەوەی لە لای خۆی حیسابی مەترسی بکا یا تەنانەت جلوبەرگی شەڕ دابنێ، خۆی بەخودا و بەگراویی خۆی دەسپێرێ و بەکەللە خۆی هەڵدەدێرێتە ناو ئەم دەریاچە کوڵیوە؛ وە ئەودەم بێ ئەوەی بزانێ چ ڕوود دەدا لە ناکاو خۆی دە نێو باغێکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرِیحانە و گوڵ خەملّیودا دەبینێتەوە کە بەهەشتی خوداش تای ناکا. لەوێ پاڵەوان هەست دەکا کە هەوا لە هەموو شوێنێک سازگارتر و لەتیفترە و خۆرەتا و نوور و جیلوەیەکی تازەی هەیە. مێشە و دارستانێکی ئارام دە بەرانبەر پاڵەواندا وەدەر دەکەوێ. داروبار و دەوەنی ئەم دارستانە ئەوەندە چرِوپرِ و تێراون کە هەر ترووسکەیان دێ و چاو لە دیتنیان تێر نابێ. شنەبایەک لقەکان دەخاتە سەما و شاعیر گوتەنی: «بەچەپلّەرِێزانی گەڵا، نەمام هەڵدەستن بۆ سەما» گوێ بەبیستنی هەزاران زیل و بەمی نەغمە و سیرِە و جریوەی هەزاران مەلی عاشق کە شاد و سەرخۆش بەدوای یەکدا لق بەلق دەفرِن. کەیفخۆش دەبێ. لە لایەک چۆماوی زوڵاڵ وەک چاوی قرژاڵ بەئاوێکی ساردی کەللە تەزێنەوە بەسەر تەختەبەرد و خیز و ورکەبەردی سپیدا دێتە خوار دەڵێی زێری قاڵ کراوە و مرواریی درشتی رِۆژهەڵاتی بەسەردا بڵاو کراوەتەوە. لە لایەکی تر سەرچاوە و کانیاوێکی دڵکێش دەبینی کە بەبەردی یەشمی هەزار رِەنگ دەوری هەڵچندراوە و بەمەرمەرِی سەیقەل کراوی رِێکوپێک دەورە دراوە. برِۆ ئەو لاتر کانیاوێکی ترە وەک کانیاوی دێهاتی خۆمان سروشتی و دەوروبەر مێرگ و چیمەن، پرِ لە سەدەف و شەیتانۆکە و بووکەجندیی(*) هەزار رِەنگ. دەستی مرۆڤی نەگەیشتۆتێ و نارِێکوپێک و لە هەمان کاتدا رِێکوپێکتر و جوانتر لە هەمووشتێک، دەنێو پێکهاتەی ئەو هەموو دیمەنە جوانە سروشتییەدا لە ناکاو تاپۆی قەسرێک، قەسرێکی بەجەلال و شکۆ، چاوان دەنگێوێ. دیوارەکانی تۆیژێکی ئەستووری زێرِ و کۆنگرەکانی(*) لە ئەڵماس و دەروازەکانی لە یاقووتی زەعفەرانییە و میعمارییەکەی ئەوەندە سەرسورِهێنەر و سەیر و تازەیە کە هەر چەند کەرەسەکەی لە ئەڵماس و زێرِ و جەواهیر و زمرووت و یاقووت بەدەر شتێکی تر نییە، بەڵام سەبک و شێواز و وێنەی کۆشکەکە لەوانە لەسەرترە. وە پاش دیتنی ئەو هەموو جوانییە چ چاوەرِوانییەک لەوە خۆشتر کە دەبینی دەستەیەک کچانی مانگ رِوخساری تەرز و لەبار خەرامان خەرامان بەلەنجەی کۆتر و نازی قووی گەردن سپی لە دەرگای کۆشک دێنە دەرو و زێرِ و زەنبەر و جەواهێراتیان جۆرێکە ئەگەر بمەوێ بەشێوەی داستان بێژان باسیان بکەم ئەم نەقڵە تا رِۆژی قیامەتیش ناگاتە کۆتایی خۆی، دەسبەجێ یەکێک لەو خانمۆڵە نەرمونۆڵ و بەنازانە کە لەسەرووی هەموویانە، دێتە بەرەوە دەستی پاڵەوانی بێ باک، کە وێراویە خۆی باوێتە نێو دەریاچەی بەکوڵ و جۆش، دەگرێ و بێ ئەوەی شتێک بڵێ دەگەڵ خۆی دەیباتە نێو ئەم قەڵایە یا قەسرە و پاش ئەوەی رِووتی کردەوە و بزگوری دەبەردا نەهێشت، بەئاوێکی خۆشکراوی نیوە گەرم سەرتا پای دەشوا و بەرِۆنی بۆن خۆش هەموو گیانی دادەماڵێ و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کراسێکی حەریری دەبەر دەکا کە بۆنی عەتر و عەبیری ڕۆژە ڕێیەک دەڕوا. پاشان کیژۆڵەیەکی تر دێ و باڵاپۆشێکی بڵند دەخاتە سەرشانی کە وەک دە داستانەکاندا دەگێڕنەوە قیمەتی شار و بازارێکە. ئەوجار چ لەوە خۆشتر، وەک حەکایەتخوان دەڵێ پاش ئەو کارە سەرەتاییانە، کچەکان پاڵەوان دەبەنە تالارێکی گەورەی تر کە تێیدا مێزێکی ڕەنگاوڕەنگ ئەوەندە جوان ڕازێنراوەتەوە کە پاڵەوان سەری سوڕ دەمێنێ؛ ئاوێک بەدەست پاڵەوان دادەکەن کە بۆنی عەتر و عەمبەری لێ دێ. کورسییەک بەپاڵەوان نیشان دەدەن کە یەکپارچە لە عاج دروست کراوە و تەواوی ئەو کچانە لە بێدەنگیدا خەریکی خزمەتن و ئەوەندە تەعام و خۆراکی جۆراجۆر دێنن کە پاڵەوان نازانێ دەست بۆ کامیان درێژ بکا! کاتێک خەریکی خواردنە زایەڵەی دڵبزوێنی مۆسیقا دەگاتە گوێ بێ ئەوەی بزانێ دەنگبێژ کێیە و دەنگ لە کوێوە دێ! وە سەرەنجام کاتێک خواردن تەواو دەبێ و سفرە خڕ دەکرێتەوە و پاڵەوان بەئیشتیا پاڵی لێ داوەتەوە و ددان دەئاژنێتەوە، لە ناکاو دەرگایەک دەکرێتەوە و کچێک وەژوور دەکەوێ کە لە جوانی و نازوغەمزەدا ئەوانی تر تۆزی ناشکێنن. کیژ لە تەنیشت پاڵەوان دادەنیشێ و ناو ونیشانی قەسری پێ دەڵێ و باسی ئەوە دەکا کە خۆی چۆن لێرەدا دەتەلیسم کەوتووە؛ پاشان هەزار نەزیلە و نەقڵی تر بۆ پاڵەوان دەگێڕێتەوە یەک لەیەک سەیرتر، کە پاڵەوان واق وڕماو گوێیان دەداتێ و ئەوانەش کە ئەو نەزیلانە دەخوێننەوە حەزی لێ وەردەگرن. من نامەوێ لەوە زۆرتر درێژەی پێ بدەم، بەڵام هەر لەو ئەندووکەی(*) گوتم، بۆمان دەردەکەوێ کە تەنیا بەکردنەوەی چەند لاپەڕەیەک لەهەر کتێبێکی پاڵەوانی بێگومان حەزێکی زۆر و سەرسوڕمانێکی زۆر وبێ ئەندازە لە خوێنەر میوان دەبن. حەزرەتی بەڕێزتان بەقسەکانم بڕوا بفەرموون و وەک گوتم ئەو کتێبانە بخوێنەوە، دەبینی کە چۆن ژەنگاری پەژارەیەک کە ڕەنگە لەسەر دڵت نیشتبێ، دەسترێتەوە و چۆن ئەو کەسەرەی دڵی مەلوول کردووی لەناو دەبا، وە بەڵام با هێندێک باسی خۆم بکەم. دەتوانم بڵێم لەوکاتەوە بوومەتە پاڵەوانی سەرگەردان ئازاتر و سەخیتر و دڵۆڤانتر و بێ باکتر و خۆڕاگرتریشم و بەند و زیندان و کوێرەوەری و مەینەت و برسیەتی و سیحر و جادوو نامبەزێنن. وە هەرچەند ماوەیەکە خۆم بەتەلیسم کراو دەبینم، بەڵام وا فکر دەکەمەوە ئەگەرخودا یار بێ و فەلەک بەکاوی من بگەڕێ و بەختم نەغمەی ناسازگار و دژایەتی دەگەڵم دەست پێ نەکا، بتوانم بەم زوانە لە ماوەیەکی کەمدا ببمە سوڵتانی وڵاتێک و ئەودەم پیاوەتی و دەست ئاواڵەیی خۆم نیشان بدەم. چون پیاوی دەست بەتاڵ هەر چەندەش بیەوێ ناتوانێ پیاوەتیی خۆی نیشان بدا. ئارەزووش ئەگەر بەکردەوە جێبەجێ نەکری هیچ نییە و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەک ئیمانێک وایە کە عەمەلی پێ ناکرێ. لەبەر ئەوەیە کە دڵم دەیەوێ لە یەکەم دەرفەتدا ببامە ئیمپراتوور تا دڵم بیتوانیبایە لە ڕێگەی چاکە کردن دەگەڵ دۆستان، بەتایبەتی دەگەڵ سانکۆ پانزای بێ ئەنوا کە باشترین مرۆڤی دنیا خۆیەتی، ئەو جۆرەی دەیەوێ خۆی نیشان بدا. بەڵێ من دەمویست کۆنت نشینێک بدەم بەو کە چەند ڕۆژێکە قەولم پێ داوە بەڵام لەوە دەترسێم لایق نەبێ و نەتوانێ وڵاتی خۆی بەڕێوە بەری.»

سانکۆ گویی لەو قسانەی کۆتایی بوو و دەسبەجێ هەڵی دایە «جەنابی دۆن کیشۆت، ئێوە هەوڵ بدەن هەرچی زووتر ئەو کۆنت نشینەی بەڵێنیتان بەمن داوە و من لە چاوەڕوانییدا وەختە برشم هەڵێ(*)، بەمن تەحویل دەن. من قەولت پێ بدەم، زۆر باش و لێهاتووانە. ئیدارەی بکەم و کاروباری هەڵسووڕێنم؛ ئەگەر کیفایەت و عورزەی ئەو کارەشم نەبوو چ قەیدێ دەکا، چون بیستوومە کەسانێک هەن کە ملک و زەوی و زاری ئەشراف و ملکدارەکان بەئیجارە دەگرن و ساڵ بەساڵ پووڵ و پارەیەک لە بابەتی ئیجارەوە دەدەن بەو خاوەن ملکانە و ئەرباب، خۆی دەست لە ڕەش و سپی نادا و دادەنیشێ پارەی خۆی خەرج دەکا و کاری بەهیچ نییە. منیش هەر وا دەکەم، یانی لە جیاتی ئەوەی مێشکی خۆم ماندوو بکەم، خۆم لە زەحمەت مەعاف دەکەم و وەک دووکێکی بەڕێز و گەورە لە داهاتی ملکی خۆم بەرێ دەچم و خۆشی ڕادەبوێرم و گوێ نادەمە ئەوەی خەڵک دەڵێن چی. خەلیفە گوتی: براکەم سانکۆ، ئەوەی گوتت بەرانبەر بەکەڵک وەرگرتن لە داهاتی ملک دروستە، بەڵام لە بابەت بەڕێوەبردنی کاروباری ملک و وەگەڕ خستنی عەداڵەت کە لە ئەرکەکانی تایبەت بەئەربابە نیازپاکی و هەستی داد پەروەری زەرووری و پێویستن. چون ئەگەر ئەو سیفەتباشانە نەبنە بنەمای کاری ئەرباب، ئامراز و ئامانج هەر دووک ئاکامی پێچەوانەیان دەبێ، هەر بەو دەلیلەیە کە خواوەند زۆرتر یارمەتیی نیاز پاکیی پیاوی سادەدڵ دەدا، بەڵام لوتف و ڕەحمەتی خۆیان لە پیاوی کارزانی نییەت چەپەڵ درێغی دەکا. سانکۆ گوتی: من بەو فەلسەفە و مەلسەفانە حاڵی نابم و ئەوەی دەیزانم ئەوەیە کە دەمەوێ ئەو کۆنت نشینە بەڵێن دراوە، دەگەڵ کو تاقەتی هەڵسووڕاندنیم وەدەست هێنا، بەساحیب(*) بکەم؛ چون هەرچی بێ، منیش هەمان گیانم هەیە کە دیتران هەیانە و خاوەنی هەمان لەشم کە یەکی تر هەیەتی و هەر بەو کارامەییە کە سوڵتانێک وڵاتی خۆی هەڵدەسووڕێنێ، منیش کاروباری ملک و مەڵبەندی خۆم بەڕێوەدەبەم و دەبمە سوڵتانێک مەگەر خودا بزانێ! کاتێک بوومە سوڵتان هەرچی دڵم بیەوێ دەیکەم و کاتێک توانیم هەرچی دڵم ویستی بیکەم، بەسەلیقە و خوازی خۆم دەجووڵێمەوە و مرۆڤیش ئەگەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بەویست و دڵخوازی خۆی جووڵاوە، خۆشحاڵ دەبێ و پیاویش کە خۆشحاڵ و دڵخۆش بوو، ئیتر ئارەزووی نامێنی و کە ئارەزووشی نەما کار تەواوە. کەوابوو خودا ئێوە بپارێزێ و کۆنت نشینەکەش بەنسیبی من بکا، و بەواتەی کوێرێک کە بەهاوڕێی خۆی گوت، بەهیوای دیدار! شەوت خۆش! خەلیفە گوتی: سانکۆ ئەو فەلسەفانە بەپێچەوانەی فەرمایشەکەی تۆ خراپ نین، بەڵام مەتڵەب بەوە کۆتایی پێ نایە و لەمەڕ کۆنت نشینەکەوە قسەی زۆر هەیە کە بگوترێن. دۆن کیشۆت خۆی هاویشتە نێوانێ و گوتی: من کە نازانم چ ماوە بگوترێ، تەنیا دەڵێم کە من لەسەر ڕێبازی پاڵەوانی گەورە، ئامادیسی گۆل کە مەیتەری خۆی لە «دوڕگەی بێ ئاو»دا گەیاندە پلەی کۆنتی، ڕەفتار دەکەم؛ کەوابوو من بێ لۆمە و تەشەری ویژدان دەتوانم سانکۆپانزا، کە هیچ پاڵەوانێکی سەرگەردان لە دنیادا مەیتەرێکی ئەوەندە باشی نەبووە، بەپلە و پایەی کۆنتی بگەیەنم.»

خەلیفە لە هاتەران پاتەرانی مەنتیقیی دۆن کیشۆت (ئەگەر هاتەران پاتەران مەنتیق هەڵگربێ)، لە شێوەی باس کردنی پاڵەوانی دەریاچە، لە کاریگەریی قورسی ئەو نەقڵ و نەزیلە درۆیانە لەسەر مێشک و زەینی دۆن کیشۆت، لەو هەموو کتێبانەی کە ئەو خوێندبوونییەوە، وە ئەوجار لە خۆشباوەڕیی سانکۆپانزا کە بەچ ئیشتیا و تاسەیەک بەعیشقی کۆنتنشینی بەڵێن دراو، هەناسەی هەڵدەکێشا، سەری لێ سوڕما بوو.

لەو کاتەدا نۆکەرەکانی خەلیفە کە لە کاروانسەراوە گەڕابوونەوە، ئێستری هەڵگری باری ئازووقەیان هێنا. لە جێوە فەرشێکیان لە جیاتی مێز لەسەر چیمەن پان کردەوە و میوانان لەژێر سێبەری داراندا لەسەری قۆمرغانەیان(*) بەست و هەر لەو شوێنە نەهاریان خوارد تا عارەبەوانیش بۆی هەبێ و بتوانێ گایەکانی باش بلەوەڕێنێ و چوار هەنگلێیان(*) بکا. لە جەنگەی نانخواردندا لە نەکاو دەنگی فیتوویەکی کز لەولای دڕکەزارێکەوە کە لەو نزیکانە بوو بەگوێ گەیشت. هاوکات چاویان بەبزنێکی خاڵبەڵەک بەڕەنگی ڕەش و سپی و خەنەیی کەوت کە لە نێو دڕکەکان دەرپەڕی بەدوایەوە شوانێک بوو کە بانگی بزنەی دەکرد بگەڕێتەوە ناو مێگەل. بزنی هەڵاتوو ڕاست هاتە لای میوانان، وەک ئەوەی پەنای بۆ هێنابن، لە نزیک ئەوان ڕاوەستا. بزنلەوەڕێن گەیشتە جێ، شاخی بزنی گرت و وەک ئەوەی بزن لە زبانی حاڵی دەبێ پێی گوت: ئەی بزنە وەحشییە خۆشخاڵ و خەتەکەم، چیت بەسەر هاتووە کەسێ چوار ڕۆژە هەدا نادەی و زەوت نابی؟ ئاخر پێم بڵێ چ نەخۆشییەکت گرتووە و کام شەیتان چووە دەکڵێشەتەوە. باشە، جوانکیلەکەی خۆم؛ ئاخری نەتگوت چ مەرگتە! بەڵام دەزانم تۆش مێیینەی و ناتوانی ئاسوودە ئۆقرە بگری! لەعنەت لە سروشتی تۆ و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

سروشتی هەرچی ژنە کە تۆش لاسای ئەوان دەکەیەوە، بگەڕێوە دۆستەکەم، بگەڕێوە! ئەگەر لە هۆڵ و ناو مێگەل خۆشت بۆ ناگوزەرێ، لانی کەم لەوێدا زۆرتر لە ئەماندای؛ چون تۆ کە پێشەنگی مێگەلی و دەبێ بۆ بزنەکان ڕێنوێن بی و ڕێگایان پێ نیشان بدەی، ئاوا بێ ئامانج ڕوو دە دەشت و سەحرا دەکەی، بزنەکانی تر دەبێ چییان بەسەر بێ؟»

ئەوانەی کە گوێیان لە قسەکانی بزنلەوەڕێن بوو، زۆر خۆشحاڵ بوون، لەوانە خەلیفە گوتی: «هاوڕێ، تۆ گیانی خۆت هێندێک لەسەرەخۆ بەو بۆ گێڕانەوەی ئەم بزنە بۆ ناو مێگەل هێندە بەپەلە مەبە، ئێستا کە ئەو بزنە وەک تۆ دەڵێی مێیە، هەر چەندی خۆت ماندوو بکەی و بتەوێ پێشی پێ بگری ئەو هەر ناچارە بەدوای غەریزەی خۆیدا بڕوا. فەرموو ئەو پارووە بخۆو ئەو ئاوەشی بەسەرداکە با هێندێک ڕق و تووڕەیی تۆ بەسەر بچێ و بزنەکەش کەمێک بحەسێتەوە.» ئەوەی گوت و بەنووکە کێرد کوتێکی گۆشت کەروێشکی سارد بۆ ڕاداشت. بزنلەوەڕێن گۆشتەکەی وەرگرت و ئاوێکی بەسەردا خواردەوە و هاتەوە سەرخۆ، پاشان گوتی: «بەڕاستی من نامەوێ ئێوە بەڕێزان لەبەر ئەو قسە ناحەزانە کە من بەو بزنەم گوت، هیچ نارەحەت بن و بەپیاوێکی کەر و نەفامم لێ حاڵی بن، چون بەڕاستی دەقسەکانمدا ڕەمزێکی شاراوە هەیە. من پیاوێکی تووڕە و تۆسنم، بەڵام واش نیم کە نەزانم دەگەڵ حەیوان و ئینسان چۆن هەڵسوکەوت بکەم. کەشیش گوتی: من بەڕاستی بڕوا بەقسەکانت دەکەم، چون بەتاقیم کردووەتەوە کە داوێنی مێشە و دارستان شاعیر پەروەردە دەکەن و کۆختەی شوانەکانی شوێنی فیلسووفانە. بزنلەوەڕێن گوتی: یا لانی کەم پەناگەی کەسانێک کە بەتێکۆشان و حەولدانی خۆیان بوونەتە زانا، هەر چەند لەوانەیە پێتان وابێ من پیاوێکی فزوولم، دەمەوێ ئەگەر بەقسەکانم وەڕەز نابن و ئامادە بن چەند ساتێک گوێ بۆ من ڕابگرن، داستانێکی ڕاستەقینەتان بۆ بگێڕمەوە کە دەلیلێک بێ بۆ فەرمایشتەکانی جەنابی ئاغا (ئیشارە بەکەشیش) و ئەوەی خۆم عەرزتان دەکەم.»

دۆن کیشۆت دەسبەجێ جوابی داوە: «چون لە شێوەی قسەکانتدا وا دەردەکەوێ کە لە داستانی تۆدا شوێنەوارێک لە ڕووداوی پاڵەوانی هەبێ، من بەش بەحاڵی خۆم، ئەی برای خۆشەویست، لە ناخی دڵەوە گوێت بۆ ڕادەگرم و بەیەقین دەزانم ئەو بەڕێزانەش هەر وا دەکەن، چون ئەوانە پیاوانێکی زانا و بەهۆش و گۆشن و زۆر خوازیاری بابەتی سەرنجڕاکێش و نوکتەی تازە و داهێنەرانەن کە بیسەر تووشی سەرسوڕمان بکا، وە من شکم دەوەدانییە کە داستانی تۆش هەر وا دەبێ. کەوابوو، ئەی دۆستی من، داستانەکەت دەست پێ بکە و ئێمە سەرتاپامان گوێیە. سانکۆ گوتی: من تێدا نیم! من بەو قاپە(*)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چێشتەوە دەچمە قەراغ ئەو چۆمە و پێم وایە هەر ئەو قاپە بۆ سێ ڕۆژانم بەش دەکا، چون لە ئەربابی خۆم جەنابی دۆن کیشۆتم بیستووە کە مەیتەری پاڵەوانی سەرگەردان لەهەر جێگایەک دەست بدا، دەبێ ئەوەندە بخوا کە لەبەر زگی بکەوێ(*) و نەتوانێ هەڵسێتە سەر پێ، چون لەوانەیە خولی ڕۆژگار، ڕێگەی بخاتە ناو جەنگەڵێکی چڕوپڕو بێ شوێن و ڕێگا کە تا شەش ڕۆژان نەتوانێ لێی بێتەوە دەر، وە بەبڕوای من ئەگەر ئەو بێچارەیە بەزگی تێر یا بەخورجینی پڕەوە ڕێگا نەبڕێ، وەک زۆر جار ڕووی داوە، لەوانەیە ببێتە جەستەیەکی وشک هەڵاتووی لە برسان مردوو. دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ تۆ هەمیشە و هەرتم(*) لایەنگری شتی هەست پێکراو و زیندووی. کەوابوو هەر شوێنێکت پێ خۆشە بڕۆ و هەر چەندی دەتەوێ بخۆ. گەدەی من لە تەعام پڕە و کەمایەسی و کەسریم نییە. بێجگە لەوەی بەڕۆحی خۆشم خۆراک بدەم، ئەویش بەگوێدان بەداستانی ئەو جوامێرە دابین دەبێ. خەلیفە هەڵی دایە: ئێمەش ئامادەین ڕۆحی خۆمان بلەوەڕێنین. «وە دەسبەجێ لە بزنلەوەڕێنی تکا کرد کە نەقڵی خۆی دەست پێ بکا. بزنلەوەڕێن بەبەری دەستی خۆی دوو شەپەلاغەی نەرمی لە کەلەکەی بزنەکە دا و پێی گوت: «ئەی بزنە خۆشخەت و خاڵەکەم، لە تەنیشت من بخەوە! هێشتا بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ سەرگێڕ(*) زووە» دەتگوت ئەو بەستەزبانە لە خاوەنەکەی حاڵی دەبێ، چون هەر وای گوت و بزن لە تەنیشتی ڕاکشا و چاوی دە بزن لەوەڕێن بڕی وەک ئەوەی پێی بڵێ کە بەوردی گوێ بۆ قسەکانی ڕادەگرێ؛ ئەوجار بزن لەوەڕێن داستانی خۆی بەم جۆرە دەست پێ کرد:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٥١
## ئەو داستانەی بزن لەوەڕێن بۆ خەلیفە و هاوڕێکانی گێڕایەوە

لە سێ فەرسەخیی ئەم دەرەیە، گوندێکە کە بەهەموو چووکیی خۆیەوە لە ئاوەدانترین دێهاتی ئەم مەڵبەندەیە. لەوێ وەرزێرێک دادەنیشت کە زۆرزۆر بەڕێز بوو، تا ئەو ئەندازە کە ئەگەر چی عینوانی«بەڕێز» بەدەوڵەمەندانەوە نانووسێ، بەڵام ئەم یەکە بەتایبەتی، لەبەر جوامێری و پیاوچاکیی زۆری، نەک لەبەر دەوڵەمەندییەکەی، بەڕاستی ڕێزی لێ دەگیرا. بەڵام مایەی خۆشبەختییەکەی بەقەولی خۆی کچێک بوو کە دەجوانیدا گەیشتبووە ئاخر پلە و لە هۆش و وشیاریدا هاوتای نەبوو. ئەوەندە جوان و ڕەزاسووک و عاقڵ و زانا بوو کە تەواوی ئەو کەسانەی دەیاندیت سەریان سوڕ دەما لەوەی کە ئەو هەموو جوانی و کەماڵ و جەماڵە دەوکیژەدا کۆ بووەتەوە. ئەوەش بڵێم ئەو هەر لە سەرەتای منالییەوە جوان و لەبەر دڵان بوو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جوانتر دەبوو تا وای لێ هات لە تەمەنی شازدە ساڵیدا بوو بەئایەتی جوانی و جەماڵ. نێوبانگی جوانییەکەی وردەوردە دێهاتی دەوروبەری گرتەوە و لەوێوە گەیشتە شار و شارۆچکەکان. ئەو نێوبانگە تەنانەت گەیشتە کۆشکی پاشایانیش و بەگوێی هەموو جۆرە کەسانێک گەیشت و ئەوجار دەستەدەستە دەهاتن بۆ ئەوە چاوێکیان بەو نازدارە بێ وێنەیە بکەوێ. باوکی بەتەواوی هێز و تواناوە ئاگاداری لێ دەکرد و کچەکە خۆیشی ئاگاداری لە خۆی دەکرد، چونکە هیچ قفڵ و قەرازە و گۆڵە و کڵۆمێک نییە کە بتوانێ بەقەدەر، عەقڵی خۆی ئاگای لە کچێکی کە تازە دەگاتێ ببێ. سەروەت و سامانی باوک و جوانیی ئەو کچە وای کرد کە لاوانی گوندەکەی خۆیان و دەوروبەریش خوازبێنی لێ بکەن؛ بەڵام باوک کە ئەو گەوهەرە لە قیمەت نەهاتووەی بەدەستەوە بوو، سەرەگێژەی گرتبوو نەیدەزانی بڕیار بدا بیدا بەکام موشتەری. منیش یەکێک لەو خوازبێنیکەرانە بووم و لە ڕاستیدا بۆ سەرکەوتنی خۆم هەر ئەوەندەم هومێد هەبوو کە باوکی دەیناسیم. یانی دەیزانی خەڵکی گوندەکەی خۆیانم و خۆینی پاکی مەسیحی دەڕەگەکانمدا دێت و دەچێ و لە هەرەتی لاوەتیدام و ماڵ و سامانی دنیاشم هەیە و لە عەقڵ و تێگەیشتن و فام و شعووریش بێبەش نیم.

لاوێکی تر لە هەمان گوند هەر دەومایانەدا هاتە خوازبێنی و هەر ئەم پێشهاتە باوکی کچەی تووشی دڕدۆنگی کرد و کچی نەدامێ، چون دەیزانی هەر دووکمان یانی من و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



خـوازبێنیکەری تازە دەیەک ڕیزداین. بـۆ ئەوەی لەو دردۆنگییـه بێتـه دەر لێ بڕا باسیەکە دەگەڵ خـودی لێـئاندراLeandra (ناوی ئەو پەری پەیکەرە کە منی خستـه ئەم حـاڵ و ڕۆژە ئەوەیە) بێنێتە گۆڕێ و فکری کردەوە چون ئێمە هەر دووکمان وەک یەکین، مافی هەڵبژاردن بدا بەکیـژە نازدارەکەی خۆی. ئەوەش کـارێکی زۆر باشـه و هەمـوو باوکێک کە بیەوێ بۆ ئەولادی خـۆی زەماوەند بکا، دەبێ ئەوە دەبەر چاو بگرێ. ئەڵبەتە مەبەستم ئەوە نییـه کە باوک ئیزن بدا ئەولادەکەی دەگەڵ هـەر گەدە و گودەیەک کە دڵی ویستی زەماوەند بکا، نا، بەڵکو دەبێ لەنێو چەند کەسی باش و ناسراودا مافی هەڵبژاردن بدا بەئەولادی خۆی. من نازانم لێئاندرا کێی هەڵبژارد، هەر ئەوەندە دەزانم باوکی بەبیانووی ئەوەی کە کچەکەی هێشتا زۆر منداڵە و بەقسەی تری لەم چەشنە، کە نە ئێمەی ناهومێد دەکرد و نە قەولی بەمێردانی کچەکەشی پێ دەداین، دەیهێناین و دەیبردین. ڕەقیبەکەم ناوی «ئانسلێم» بوو، منیش نـاوم «ئۆژینۆ»یە Eugenio ، وە من ئەم نـاوانەم بـۆ ئەوە پـێ گـوتن تا ئێـوە نـاو و نیشانی قارەمانانی ئەم تراژێدییە، کە ئێستا بەکۆتایی نەگەیشتووە و سەرەنجامێکی خۆیناوی و زۆر خەفەتباری بۆ چاوەڕوانی دەکەم، بزانن.

لەوان ڕۆژاندا لاوێک هاتە گـوندی ئێمـە کـە ناوی «ڤـینسێن دۆ لا ڕۆکـا»vincent de La Roce وکـوڕی وەرزێرێکی فـەقیـری خـەڵکی لای خـۆمـان بوو کـە خزمـەتی سـەربازیی تێ پەڕاندبوو و لە ئیتالیا و وڵاتانی تر پاش بەشداری لە چەند شەڕێکدا گەڕابووە ماڵی باوکی. ئەو کاتانەی کە دوازدە ساڵێک زۆرتر لە تەمەنی تێ نەپەڕیبوو، سەروانێک دەگەڵ دەستەی خۆی ڕێگای دەکەوێتە گوندی ئەو کوڕە و دەگەڵ خۆی بردبووی و ئێستا پاش دوازدە ساڵ دەگەڕاوە و جلوبەرگی عەسکەریی دەبەردا بوو و سـەرتاپای بەنیشـان و زیوەر و زنجیـری جـوان و ڕەنگاورەنگ ڕازا بووە. ئەو لاوە هەر ڕۆژ خـۆی بەجـۆرێک دەڕازاندەوە و خـرینگە وپرینگەی تازەی وەخۆی دەخست کە هەمـووی وەزن سـووک و کەم قیمـەت بوون. خەڵکی گـوند بەگشـتی زۆر سـەگ و حـەرامـزادەن و ئەگەر دەرفەتیان هەبێ دە فـێڵ و تەڵەکـە و ئازاردانـدا دەسـتی شـەیتان لـە پشتـەوە دەبەستن. بەسـەرنجـەوە، لە بنەوە بەوردی لەسـەر وەزعی ئەو لاوە دەفکرین و حیسابی ئەو زنجیر و حەمایەڵ و خرینگە و پرینگەی وەخۆی دەخست، ڕایان گرت و بۆیان ڕوون بووە کە ئەم لاوە لەسەر یەک سێ دەستی پتر لیباس و گۆرەوی و گۆرەوی بەندی ڕەنگاڕەنگ نییە. بەڵام لە تێکەڵ کردنی بەشە جۆراوجۆرەکانی جلوبەرگ و پێکهـاتەی ڕەنگەکـانـدا ئەوەندە بەسـەلیقـە بوو کـە ئەگـەر حـیسـابی جلوبەرگەکانیان نەبووایە سوێندیان دەخوارد کە زیاتر لە دە دەست جلوبەرگ و بیست جۆر

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

نیشان و زیوەری هەیە. پێتان وانەبێ من دە باس کردنی جلوبەرگەکانیدا زۆری پێوە(*) دەنیم. بەڵام چون لەم داستانەدا ئەم جلوبەرگانە دەوری خۆیان هەیە، لەبەر ئەوە باسیان دەکەم. بەڵی جا، ئەو لاوە ڕۆژانە لەسەر بەردی دانیشتنی بن سنەوبەرێک لە مەیدانی گوندەکەدا دادەنیشت و بەگێڕانەوەی باسی ئازایەتی و نەترسی و ئەو شەڕانەی کە کردوویەتی، زاری هەموومانی دەکردە تەڵەی(*) تەقیو. ئیدی لە سەرانسەری کورەی عەرزیدا وڵاتێک نەما نەچووبێ و شەڕی تێدا نەکردبێ، وە بەمجۆرەی کە دەیگوت زۆرتر لەوەی عەرەبی کوشتبوو کە دەمەراکیش و تۆنێسدا دەژین و زۆرتر لەوەی شەڕی تەن بەتەن کردبوو کە «گانتی لۆنا» Gantey Lana و «دیەگۆ گارسیا دۆپاراداس و هەزاران پاڵەوانی تر کە خۆی ناوی دەبردن، کردبوویان، وەسەیر ئەوە بوو کە بێ ئەوەی دڵۆپێک خوێن لە لووتی بێ یا جێگایەکی بەئاستەم دارووشابێ لە تەواوی ئەم شەڕانەدا بەسەرکەوتوویی هاتبووە دەرێ. بەو حاڵەشەوە جێگای برینی لەسەر لەشی خۆی پێ نیشان دەداین و دەیگوت، ئەوە جێگەی گوللەی شمخاڵە کە لە شەڕەکاندا بەری کەوتووە. بەڵام ئێمە هیچ شوێنی برینێکمان لەسەر پێست یا بەدەنی نەدەدیت. ئەوجار ئەوەندەش بێ شەرم بوو کە هەموو کەسی، لەخزم و ئاشنای خۆی و تەنانەت ئەوانەش کە نەیاندەناسین، بەلەفزی «تۆ» دەیدواندن؛ هەروەها دەیگوت کە باوکێک بێجگە لە باسکی خۆی و عەسڵ و نەسەبێک بێجگە لە کار و ئاکاری خۆی ناناسێ و وەک پیاوێکی عەسکەری تەنانەت قەرزداری شاش نییە[٣٠٣]. ئەو هەموو بێ شەرمییە کەم بوو، ئەوەشی لێ زیاد دەکرد کە لە مۆسیقاشدا شارەزایە و لە ڕووی «نۆت» سێ تار لێ دەدا و وەک هێندێکان دەیانگوت سێ تارەکە وەزبان دێنێ. بەڵام سەرەتی و فەزیلەتەکانی بەوانە کۆتایی پێ نەدەهات، چون بێجگە لەوانە ئاغا شاعیریش بوو و بۆ هەر ڕووداوێکی مناڵانە کە لە دێدا ڕووی دەدا یەک و دووی لێ نەدەکرد و قەسیدەیەکی فرسەخ و نیوی بۆ دەهۆندەوە. بەڵێ جا، سەرەنجام ئەو سەربازە کە باسم کرد، ئەو «وینسێن دۆلارۆکا»یە، ئەو پیاوە ئازایە، ئەم چاو لەوەڕێنە، ئەو مۆسیقارە، ئەم شاعیرە، لە پشتی یەکێک لە پەنجەرەکانی ماڵی لێئاندراوە کە دەیڕوانییە سەر مەیدانی دێ، زۆر جاران کەوتە بەر چاوی ئەو کیژە. وردەوردە تریقە و بریقە بریقی جلوبەرگی سەربازیی لاوەکە هەڵی دەفریوێنێ و شێعرەکانی سەرنجی ڕادەکێشن و باوەڕ

---

٣٠٣- سێروانتێس دە وجوودی ئەم پاڵەوان پەمۆیەدا، پەندێکی باوی ئەو سەردەمە بەگاڵتە دەگرێ؛ ئەویش ئەوەیە: «نەجیب زادە بێجگە لە خودا لە کەس ژێرووتر نییە و دیارە کە وابوو هیچ باکی لە پاشاش نییە». (مۆریس باردۆن)

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەو داستان و چیرۆکانەی لەمەڕ ئازایەتیی خۆیەوە دەیگێڕانەوە، دەکا. سەرەنجام چون بێگومان شەیتان وای ویستبوو، پێش ئەوەی سەربازی لاو پێ بزانێ، کیژ عاشقی ئەو بووبوو. وە چون لەواری ئەوین و ئەویندارێدا ئاسانترین ڕێگا ئەوەیە دلبەر عاشقی دڵدار بێ. لێئاندرا و وینسێن زۆر بەئاسانی بوونە هاوڕێ و ئاشنا. پێش ئەوەی هیچکام لە خوازبێنیکەران کە دەژمار نەدەهاتن وەخۆ بێنەوە. کچە کارەکەی کۆتایی پێ هێنا و ماڵە باوانی بەجێ هێشت (کیژ دایکی نەمابوو) و لە گوند هەڵاتن. بەمجۆرە ئەو سەربازە کەس نەناسە لەم ڕووداوەدا سەرکەوتووتر لە تەواوی ئەو ڕووداوانەی کە دەیگوت بەسەری هاتووە، هاتە دەرێ.

ئەم ڕووداوە تەواوی خەڵکی گوند و ئەو کەسانەی خەبەریان پێگەیشت، هەمووی تووشی سەرسوڕماوی کرد. من لە تاوان کڕومات بووم و ئانسلێم حاڵی شێوا و باوک پەژارە دای گرت و خزم و کەسی کچەکە هەست ونەستیان زامدار بوو و دیوانی دادگەری خۆی ڕاپسکاند و کەوانداران بەدەشت و سەحرا وەربوون. ڕێگا و بانیان هەموو خستە ژێر چاوەدێری و مێشە و مەزرا و لێرەوارنەما نەیپشکنن تا سەرەنجام پاش سی ڕۆژ، لێئاندرای هەوەسبازیان بەتوێی کراسێکەوە بەڕووتی دیتەوە کە پووڵ و جەواهێرتێکی کە لە ماڵی باوکی دەگەڵ خۆی هێنا بووی لێیان ڕفاندبوو. کچیان هێنایەوە لای باوکی ڕۆژەڕەشی و باسی ئەو موسیبەتەی بەسەری هاتبوو لێیان پرسی. ئەو بێ ئەوەی گۆشاری بۆ بێنن ئیقراری کرد کە «وینسێن دۆ لاکارۆ» فریوی داوە و سوێندی بۆ خواردووە کە دەبێتە مێردی و هەڵی گرتبوو و بەڵێنی پێ دابوو کە دەیباتە خۆشترین و جوانترین شاری دنیا کە «ناپل» بێ، وە ئەودەم ئەو، کە کچێکی ساویلکە و بێ فکر و تەدبیر بووە، قسەکانی ئەو سەربازەی بڕوا پێ کردووە و فریوی خواردووە و پاش ئەوی هێندێک لە نەغدینەی باوکی دەدزێ هەر ئەو شەوە ڕەگەڵ سەرباز دەکەوێ. ئەوجار سەرباز دەیباتە چڕترین و ئەستەمترین بەشی چیا و دە ئەشکەوتێکدا زیندانیی دەکا و بێ ئەوەی دەستدرێژی بەناموسی بکا، هەرچی پارە و زێڕ و جەواهیری پێی دەبێ، دەیئەستێنێ و دەرباز دەبێ و ئەو بابەتە سەرسوڕماویی هەمووانی دووقات زۆرتر کرد.

ئەی بەڕێزان بێگومان، قبووڵ کردنی خۆڕاگری و هەس دانەوەی(*) نەوسی زاڵم لە لایەن ئەو لاوەوە ئاسان نەبوو بەڵام کچە تەکەزی کرد و ئەوەندەی سوێندی خەست و غەلیز خوارد کە هیچ دەستدرێژییەک بۆ عیسمەتی نەکراوە کە بۆ هێور کردنەوەی دڵی تەم گرتووی باوکی بەس بوو و پیرەمێرد بۆ لە دەستدانی ماڵ و زێڕ و پووڵ هیچ نارەحەت نەبوو، چون

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو گەوهەرە گرانباییەی کە لە دەست چوو، تازە وەگیر ناکەوێتەوە، بۆ کیژەکەی مابووە. لەو ڕۆژەوە کە لیئاندرایان هێناوە، باوکی لەبەر چاوی خەڵکی شاردەوە و لە دەیرێکدا لە شارێک تەرکی دنیای پێ کرد. بەو هیوایە کە مرووری زەمان ئەو سووکایەتییەلەبیر خەڵک بەرێتەوە و کەمی کاتەوە. لاوەتی و کەم تەمەنی بوو بەبەهانەی گوناه و تاوانی لیئاندرا یا لانی کەم لەبەر چاوی کەسانێک کە سوودێکیان لە باشی و خراپیی ئەودا نەبوو وا لێک دەدراوە. بەڵام ئەوانەی ئاگایان لە هۆش و زیرەکی و تێگەیشتوویی ئەو بوو، گوناهی ئەویان بەهیچ کلۆجێک نەدایە پاڵ نەزانی و نەفامیی بەڵکو وای بۆچوون کە هەمووی لە سووکەسەری و مەیلی غەریزیی ژنانەوە کە زۆرتر لە هێلێکی دژ بەفام و شعوور و عەقڵی ساغدا دەڕواتە پێش، سەرچاوەی گرتووە.

کاتێک لیئاندرا لە دەیرەکەدا بوو بەتەرکەدنیا، ئانسلێم کوێر بوو یا لانی کەم هیچی نەدەدیت کە لەودا شادییەک بورووژێنێ. دنیا لەبەر چاوی منیش هەر تەم و مژ و تاریکان بوو، ئیدی ڕووناکییەک نەما تا لە دووریی لیئاندرادا تروسکەی هیوایەک بخاتە دەروونم. هەر چەندی سەبرمان کەمتر دەبووە غەم و کەسەرمان زۆرتر دەبوو. ئێمە لەعنەتی خودامان بۆ زرووقە و برووقەی ئەو سەربازە دەنارد و بێ فکری و خافڵ بوونی باوکی لیئاندرامان نەفرین دەکرد. سەرەنجام من و ئانسلێم بڕیارمان دا گوندەکە بەجێ بێڵین و پەنا بۆ ئەم دۆڵ و دەرەیە بێنین. ئەو لێرەدا خەریکی لەوەڕاندی ڕانێکی گەورەی خۆیەتی و منیش هەر وەک ئەو ڕەوەیەکی گەورە کە هەمووی ماڵی خۆمە دەلەوەڕێنم. هەر دووکمان لە نێو ئەم دارودەوەنەدا بەمجۆرە ڕۆژگار دەبەینە سەر و جاروبار یادی دڵداریمان دێتەوە بیر و کای کۆن(*) بەبا دەکەین. جارجار بەلیئاندرا هەڵدەڵێین و گۆرانی و ئاواز دەخوێنین و کەڕەت کەڕەت هەناسە دەکێشین و فرمێسکان هەڵدەوەرێنین و گازەندەی خۆمان بەگوێی ئاسمانی بێ هەست و سۆز دادەدەین.

زۆرێکی تریش لە ئەویندارانی لیئاندرا چاویان لە ئێمە کردووە، هاتوونەتە نێو ئەم چیا ئەستەمە، تا خۆیان بەو کارەی کە ئێمە دەیکەین مەشغوول بکەن. ژماری ئەو ئەویندارانە ئەوەندە زۆرە کە ئەم مەڵبەندە هەمووی بووەتە لەوەڕگە و هەوار و حەوشە مەڕ و دەڵێی ئێرووکانە هەر لە ئەزەلەوە «مەقەری شوانان»(٣٠٤) بووە و هیچ بن بەرد و شکێر و شوێنێک

٣٠٤– La Pastorale Arcaie ئارکاری شوێنێک لە یۆنانی ناوەندی بوو کە عێلێکی مەڕدار تیادا ژیاون و مەکۆی شوانەوێڵەکان بوو. شاعیرەکان ئەو شوێنەیان بەپیرۆز زانیوە. (محەمەد قازی)

www.rabari.org



نییە کە ناوی لێئاندرای لێ نەبیسترێ. یەکێک لەعنەتی دەکا و بەهەوەسباز و جڵفی ناو دەبا، ئەوی دی دەڵێ دەستەمۆ و ڕام بووە و هەزار جنێوی پێ دەدا، هی واش هەیە دەڵێ هیچ گوناهێکی نەبووە و فریوی خواردووە و یەک لۆمەی دەکا و هێندێکیان باسی جوانییەکەی دەکەن و سەرتان نەیەشێنم باس باسی لێئاندرایە و ناوی لەسەر زبانان ناکەوێ و هەمووشیان دەیپەرستن. کاری شێتیی ئەو عالەمە گەیشتووەتە جێگایەک کە لە خۆوە دەگرین، تووڕە دەبن و باسی حەسوودی و بێوەفاییی ئەو کچە دەکەن بێ ئەوەی تەنانەت جارێک چاویان پێک کەوتبێ، هەریەکەی لەخۆوە شتێک دەڵێ و هیچیشی وانییە و ڕووی نەداوە. لە سەرانسەری ئەو کێو پارەیەدا غارێک، کەنداڵێک، بنداریک نییە کە شوانێکی لێ دانیشتبێ و داستانی ئەوینی خۆی بەبانەگوتبێ. هەر دەنگێک کە لەم چیایەدا دەبیسترێ ناوی لێئاندرایە کە دەنگ دەداتەوە: کێوەکان ناوی «لێئاندرا» دووپات دەکەنەوە، جۆبارەکان زەمزەمەی ناوی لێئاندرایان لەسەر لێوانە و لێئاندرا سەری لە هەموومان شێواندووە و هەموومان بێ ئومێد، ئومێدەوارین و بێ ئەوەی بزانین لەچی دەترسین، ڕۆحمان پێ نەماوە و دەترسین. لە نێو ئەو هەموو لاوە ئەویندارەدا تەنیا ئانسلێم لە هەمووان زۆرتر و لە هەمان کاتدا لە هەمووان کەمتر عەقڵ لە خۆی نیشان دەدا. ئەو باوەکو ئەو هەموو هۆکار و سەبەبەی بۆ ناڵە وشکایەت کردن هەیە، بێجگە لە دەردەی دووری لە هیچیتر شکایەتی نییە و بەزایەڵەی دەنگی دڵ بلاوێنی ویۆلۆنی خۆی کە زۆر باشی لێ دەدا و بەشێعری زۆر ناسک کە نیشانەی ناسکخەیاڵی و چێژی زۆر هەستیارییەتی دەناڵێ و لێ دەدا و دەڵێ، من بەبڕوای خۆم ڕێگایەکی باشتر و ڕێکترم گرتووەتە بەر، ئەویش ئەوەیە بەدەنگی بڵیند سووکەسەری و نەفامی و خەتاکاری و سست پەیمانی و بێ بەڵێنی و بێ سەلیقەیی و تێ نەگەیشتوویی ژنان بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی عاشقدا نەفرین دەکەم و ئەوی جنێوی ئەو عالەمەیە حەواڵەیان دەکەم، ئەوە بوو دەلیلی ئەو قسانەی کە لە کاتی گەیشتن بەخزمەتی ئێوەی بەڕێزدا بەو بزنەم دەگوت. ئەو بزنە، هەر چەند باشترین بزنی مێگەلەکەمە؛ بەڵام چون مێیە لەبەر چاوم کەوتووە.

ئەوە بوو ئەو داستانەی قەولم دابوو بۆتانی بگێڕمەوە، ئەگەر زۆریش دووردرێژ بوو لە جیاتیان ئامادەم بۆ هەر خزمەتێکی لە دەستم دێ دەخزمەتتاندا بم. حەوشەی ڕەوەکەم لێرەوە دوور نییە؛ لەوێ شیر و پەنیری تازە و هەموو جۆرە میوەیەکەم هەیە کە لەززەتی دیتنیان لە تامی شیرنیان کەمتر نییە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٥٢

## لەمەڕ ئەو شەڕەی کە دۆن کیشۆت دەگەڵ بزنلەوەڕێنی کرد و لەمەڕ ڕووداوی سەیر و سەمەرەی کفن پۆشانی نویژگە(*) کە پاڵەوان بەزەحمەتی زۆر و بەشانازییەوە کۆتاییی پێ هێنا

داستانی بزن لەوەڕێن خۆشییەکی زۆری دەبیسەراندا پێک هێنا، بەتایبەتی خەلیفە لە هەمووان زۆرتر کەیفی ساز بوو. ئەو بەسەرنجی زۆرەوە گوێی دابووە شێوەی گێڕانەوە و گفتولفتی داستان گێڕەوەکە و لێی مەعلووم بوو کە ئەوە نە تەنیا بزن لەوەڕێنێکی دێهاتی و عامی نییە، بەڵکو بەمەزەندە دەبێ پیاوێکی پەروەردە کراوی زانا و ڕازاوە و دەرباری بێ، هەر لەبەر ئەوە دەنگی بەرز کردەوە و گوتی کە کەشیش ڕاستی دەکرد کە جەنگەڵ و کێو و لاپاڵەکانیش پیاوی زانا و تێگەیشتوو لە داوێنی خۆیاندا پەروەردە دەکەن. هەموو ئەوانەی لەوێ بوون ئافەرینیان بە«ئۆژێنۆ»گوت، بەڵام ئەوەی لە هەمووان زۆرتر جوامێریی نیشان دا و ئامادەیی خۆی بۆ خزمەت کردن ڕاگەیاند دۆن کیشۆت بوو کە گوتی: «برای بزن لەوەڕێن، بەیەقین بزانە ئەگەر دە بارودۆخێکدا بووایەم کە بمتوانیبایە دەکارەساتێکدا بەشداری بکەم، بێ ڕاوەستان دەست بەکار دەبووم و کارێکی گەورەم بۆ تۆ ئەنجام دەدا، یانی دەچوومە دەیر و لێئاندرای نازەنینی تۆم (کە بێشک بەپێچەوانەی مەیلی خۆی لە وێ ڕاگیرکراوە) لەوێ دێنا دەر، پاشان دەمدا دەست تۆ تا بەپێی یاسای پاڵەوانی و بێ ئەوەی زوڵمی لێ بکەی، پێکەوە ڕێگەی ژیان هەڵبژێرن، بەڵام من هیوادارم کە بەلوتف و مەرحەمەتی خواوەندگاری ئێمە عیسا مەسیح هەرتم وانەبێ کە هێزی سیحر و جادووی چەپەڵ و نگریس بەسەر هێز و توانای جادووگەری پاکدا زاڵ بێ. وەمن بۆ ئەو کات بەڵێنی دەدەم بەپێی ئەو شوغڵەی کە هەمە، ئەویش یارمەتیدانی نیازمەندان و بێ کەسانە، بەهاوارت بگەم و ئەوەی لە دەستم بێ بۆت بکەم.»

بزن لەوەڕێن خیرەخیرە دەدۆن کیشۆت فکری و چون ئەوی دەباروودۆخێکی پەرێشان و شپرزەدا و بەقیافەیەکی بەزەبزوێن چاو پێ کەوت، بەسەرسوڕماوی ڕووی دە دەلاک کرد و گوتی: «جەنابی ئاغا، ئەو پیاوە بەو سەروپۆتەڕاکە سەیرەوەو بەو قسە زەلام و سەیرانەوە کێیە؟ دەلاک گوتی: بێجگە لە پاڵەوانی ناودار دۆن کیشۆتی مانش کە پێش بەزوڵم و بێدادی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەگرێ و پشتیوانی کیژان و مایەی ترس و دڵەراوکێی غوولان و دێوان و سەرکەوتووی شەڕان و سەروەری هەموو پاڵەوانانە دەتوانێ چ کەسێکی تر بێ؟ بزن لەوەڕێن گوتی: ئەو قسانە زۆرتر وەک ئەو واژە و دەستە واژانە دەچن کە دە کتێبەپاڵەوانییەکاندا هەن و گۆیا پاڵەوانانی سەرکەردانیش هەر ئەو کارانەیان کردووە کە تۆ دەیدەیە پاڵ ئەو پیاوە. بەوەشدا من پێم وایە بەڕێزتان ئیشتیای جەفەنگ لێدانتان هەستاوە یا ئەو پیاوە مێشکی شڵەقاوە. دۆن کیشۆت هاواری لێ بڵیند بوو، ئەوە دەڵێی چی کەللە پووک؟ تۆ کەرێکی لەوە دەشتە و ئەوی عەقڵ و شعوور بێ نیتە! تۆی کەللەت شڵەقاوە و مێشکی تێدا نەماوە، دەنا کەللەی من لەزگی ئەو پەتیارەی(*) تۆی دەرفرتاندووە پڕترە! «ئەوەی گوت و دەستی دا ئەو کولێرە نانەی لە بەر دەستی بوو، وای بەدەم و چاوی بزن لەوەڕێندا کوتا کە لووتی وەک پنەی(*) نانکەران پان بوووە! بزن لەوەڕێن کە ئەهلی گاڵتە و دانواندن نەبوو کاتێک دیتی کە بەڕاستی ئەو ڕەفتارە ناحەزەی دەگەڵ کراوە، دەهری(*) بوو، بێ ئەوەی حورمەتی سفرە ڕابگرێ یا ڕێز و حورمەتی ئەو کەسانە بگرێ لە دەوری سفرەکە بوون، خۆی بەدۆن کیشۆتدا دا و گەرووی بەهەر دووک دەستان ڕێک گوشی. وە بێگومان ئەگەر سانکۆ پانزا نەگەیشتبایە و هەر دووک شانی ئۆژێنوی نەگرتبایە و بەپشتەوەدا ئاوەژووی نەکردباوە، دۆن کیشۆتی دەخنکاند و حەیاتی ڕەشی لێ دەبڕی! لەو هەنگامەیەدا دەوری و لیوانی ئاو خواردنەوە و هەرچی لەسەر سفرە بوو وردوخاش بوون. دۆن کیشۆت دەگەڵ کو دەستی شوانە لەگەرووی بووە خۆی هاویشتە سەر زگی، شوانکە دەژێر زەبری مست و پێلاقەی سانکۆدا هەموو گیانی ڕەش و شین بووبووەوە. دەستی گێڕا کێردێک لەسەر سفرە هەڵبگرێ و تۆڵەی خۆی بکاتەوە و کارەساتێکی خوێناوی بقەومێنێ؛ بەڵام خەلیفە و کەشیش پێشیان پێ گرت و نەیانهێشت ئەو کارە بکا. بەڵام دەلاک کارێکی کرد کە بزن لەوەڕێن بەنۆرەی خۆی دۆن کیشۆت بگەوزێنێتە سەر پشت و بەمست و پێ لەقە تێی بەربێ و شل وکوتی بکا و دم و لووتی پڕ بکا لە خوێن. خەلیفە و کەشیش لەبەر پێکەنین دەستیان بەزگیانەوە گرتبوو، کەوانداڕەکانیش لە خۆشییان هەڵدەپەڕین. هەموو پێکەوە دەتگوت شەڕە سەگ دەکەن و دوو قەپەگۆڵیان تێک بەرداوە و سەیری دەکەن و دەنگی سەگان

٣٠٥- هەرچەند «ڕۆدریگزمان» شیکاری بەناوبانگ بێهوودە دەیەوێ لە سێروانتێس داکۆکی بکا و ئەم ڕستەیە دەباتەوە سەر ئەوە کە ئەو نووسەرە گەورەیە ویستوویە عادەت و ڕەسمی زاڵمانە و دوور لە بەزەیی زەمانی خۆی باس بکا، بەڵام بەهەرحاڵ نووسینی شتی وا نەدەبووایە بەسەر زبان و قەڵەمی ئەودا بێ. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەدەن[٣٠٥]! تەنیا سانکۆپانزا زۆر سەخت توورە بوو، چون نەیدەتوانی خۆی لە دەست یەکێک لە پیاوەکانی خەلیفە ڕاپسکێنێ و لەسەر ئەربابەکەی بکاتەوە.

سەرەنجام لەو ساتانەدا کە هەموویان، بێجگە لە دوو پاڵەوانی دەگژیەک ڕاچوو، پێ دەکەنین و کەیفیان دەکرد لەنەکاو دەنگی شەیپوورێکی وەها بەسۆز و دڵسووتێن بەگوێ گەیشت کە هەموو ڕووی خۆیان بەرەو ئەو لایەی کە دەنگەکەی لێوە دەهات وەرسووڕاند؛ بەڵام ئەوەی کە لە هەمووان پتر بەو دەنگە هەراسانی ڕووی تێ کرد، دۆن کیشۆت بوو کە هەر چەند هێشتا دەبن بزن لەوەڕێندا بووو ئەوەندەشی وێ کەوتبوو کە هەموو گیانی تێک شکابوو، دەسبەجێ بەحەریفی خۆی گوت: «کاکی شەیتان، چون تۆ هیچ شکم دەوەدا نییە کە خودی شەیتانی، چون دەرەقەتت نەهاتم و زۆرت لەمن زیاترە. کاکی شەیتان تکا دەکەم با سەعاتێک پشوو بدەین وشەڕ ڕابگرین چون بەرای من دەنگی غەماویی ئەم شەیپوورە بۆ کارەساتێکی گەورە بانگهێشتم دەکا.» بزن لەوەڕێن کە لە لێدان و لێدران ماندوو بووبوو دەسبەجێ دەستی هەڵگرت و دۆن کیشۆت هەر کە هەستایەوە سەر پێ، چاوی دەو شوێنە بڕی کە دەنگی شەیپووری لێوە هاتبوو، چاوی بەجەماعتێکی گەورە لە «تۆبەکاران»[٣٠٦] بەجلوبەرگی سپی و درێژەوە، کەوت کە لەسەر بەرە ژێری تەپۆڵکێک دەهاتنە خوارەوە. بۆ ڕوون کردنەوە دەبێ بڵێین کە دەو ساڵەدا هەورەکانی عاسمان نیعمەتی باران و خوناوکە و شەونمیان بەسەر زەویدا نەباراندبوو و لە هەموو دێهاتی ئەو مەڵبەندە خەڵک دەستەدەستە بەخوێندنەوەی ویرد و دوعا و پاڕانەوە دەچوونە نوێژگەکان تا لە خودا بخوازن کە دەستی کەرەم و دەرگای گەنجینەی بارانی ڕەحمەتی خۆی بەسەر ئەواندا بکاتەوە. ئەو ڕۆژەش دانیشتووانی یەکێک لە گوندەکانی جیران دەستەجەمعی دەهاتنە دەیرێکی پیرۆز کە لەسەر یەکێک لە گردەکانی دەوروبەری ئەو دۆڵە هەڵکەوتبوو.

دۆن کیشۆت کاتێک جلوبەرگی سەیری نوێژکەرانی نوێژگەی چاو پێ کەوت وەبیری هاتەوە کە دەبێ هەزارویەک جار وێنەی ئەوەی دیتبێ و وای بۆچوو کە دەگەڵ ڕووداوێک تێک ئاڵقاون و ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ ئەو، بەو دەلیلە کە پاڵەوانێکی سەرگەردانە ئەرکی تایبەتی خۆیەتی. شتێکی کە پاڵەوانی زۆرتر بۆ ئەنجامی ئەم ئەرکە هان دا ئەوە بوو کە پێی وابوو ئەو پەیکەرە پیرۆزەی پارچەیەکی ڕەشیان تێوە پێچا بوو و دەیێش دەستەدا

---

٣٠٦- وەڕێ کەوتنی دەستەی تۆبەکاران لە زەمانی پاشایەتیی شارڵیی سێیەم، پاشای ئێسپانیا «١٧١٦ – ١٧٨٨» لە ناو چوو. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دەیانبرد، خاتوونێکی پایەبەرز و گەورەیە و ئەو ڕێگرە بێ شەرمانە بەزۆر دەگەڵ خۆیان دەیبەن. کاتێک ئەو فکرە دەمێشکی دۆن کیشۆتدا هەوێنی گرت، وەک برووسکە لە جێی خۆی دەرپەڕی و بەهەشتاو خۆی گەیاندە ڕۆسینانت کە لەوێ خەریکی لەوەڕ بوو، لغاو و مەتاڵی لە قەڵپووزی زین کردەوە و بەچاوتترووکانێک ئەسپی لغاو کرد؛ پاشان شمشێری خۆی لە سانکۆ داوا کرد و خۆی هاویشتە سەر زین و مەتاڵی بەشانییەوە هەڵواسی و بەدەنگی بڵیند ڕووی دەوعالەمەی دەوروبەر، کە سەریان سوڕما بوو، کرد و گوتی: «هەر ئێستا ئەی خێڵی ئازایان، بەچاوی خۆتان دەیبینن کە بوونی پاڵەوانی سەرگەردان لە دنیادا چەندە گرینگە! گوتم هەر ئێستا بەئازاد کردنی ئەو خاتوونە کردار باشە کە بەدیل دەیبەن تێ دەگەن کە قەدری پاڵەوانانی سەرگەردان پێویستە یا نە!»

وە پاش گوتنی ئەم قسانە، چون مامزەی دەپێدا نەبوو، هەر دووک چۆکی خۆی لەسەر کەلەکەی ڕۆسینانت ڕێک گوشی و سوارەبەری بەحاڵەتی یورغە (چون دە سەرانسەری ئەم داستانە ڕاستەدا نابینین کە ڕۆسینانت جارێک چوار ناڵە ڕۆیشتبێ) بەرەو نوێژکەرەکان برد. کەشیش و خەلیفە و دەلاک زۆریان تەقالا کرد، نەهێڵن بڕوا، بەڵام سوودێکی نەبوو. پاڵەوان تەنانەت گوێی نەدا داد و هاواری سانکۆ پانزا کە پەیتاپەیتا هاواری دەکرد: «بۆ کوێ دەچی ئەی سینیۆر دۆن کیشۆت؟ کام شەیتان دیسان چوو دەکلێشەتەوە کە بەفریوی ئەو لە دژی دینی پیرۆزی کاتۆلیک شۆڕش دەکەی؟ وای سەگ بەحاڵی من! ئەرباب، ئاگاداربە و بزانە کە ئەوانە دەستەی نوێژکەرانی نوێژگەن و ئەو وێنەیەش کە لەسەر کەژاوەیان داناوە و دەگەڵ خۆیان دەیبەن، وێنەی پیرۆزی کچە لاقە نەکراوەکەی(*) ئاسمانی، مریەمی عەزرایە. ئەرباب، ئاگات لە ڕەفتاری خۆت بێ، چون ئەمجار بەڕاستی دەتوانم بڵێم کە تۆ هیچ لە ڕووداو حاڵی نی» بەڵام سانکۆ خۆی لە خۆڕایی ماندوو دەکرد، چون ئەرباب سەودای بەرەنگاری دەگەڵ تاپۆ سپییەکان و ئازاد کردنی خاتوونی ئازیەتباری وەها دەکەللەی خۆی ئاخنی بوو کە یەک واژەی گوێ لێ نەبوو. وە ئەگەر گوێشی لێ بایە حازر نەبوو لەو ڕێگایەی گرتبوویە بەر، بەفەرمانی پاشاش بگەڕێتە دواوە. بەمجۆرە گەیشتە دەستەی نوێژکەران، سوارەبەری خۆی کە زۆری پێ خۆش بوو کەمێک بحەسێتەوە، ڕاگرت و بەهەمان دەنگی وشک و لەرزۆکەوە هاواری کرد: «ئەی ئەو کەسانەی کەرەنگە لەبەر خراپەکاری نیقابتان لە ڕوخساری خۆتان دابێ، بەفەرمانی من ڕاوەستن و گوێ بگرن بزانن چیتان پێ دەڵێم!»

یەکەم کەسانێک کە ڕاوەستان، ئەوانە بوون کە کەژاوەی پەیکەرەکەیان پێ بوو. یەکێک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

لەو چوار کەشیشەی کە ویرد و دوعایان دەخوێند کە چاوی بەهەیکەل و قەد و قەوارەی سەیر و سەمەرەی دۆن کیشۆت و ڕۆسینانتی ڕەقوتەق و لاواز کەوت لە جوابدا گوتی: «کاکی برا، ئەگەر فەرمایشێکت هەیە زوو دەریبڕە، چون شانی ئەو برادەرانە لە ژێر قورساییی ئەم کەژاوەیەدا داخزیوە و ناتوانین زۆر لەسەر قسان ڕاوەستین، مەگەر ئەوەی لە دوو وشە زۆرتر نەبێ. دۆن کیشۆت گوتی: من قسەی خۆم دەکەمە یەک وشە. ئەویش ئەوەیە کە ئەم خاتوونە میهرەبانە، کە فرمێسکی چاوی و ڕوخساری غەمناکی شایەدی دەدەن کە ئێوە بەزۆر دەیبەن و یەقین تەوهینێکی زۆریشتان پێ کردووە، ئازاد بکەن. من کە بەخاتری لابردنی ستەم و زۆر هاتوومەتە سەر دنیا، هەرگیز ناتوانم ئیجازە بدەم یەک هەنگاو هەڵبگرن، مەگەر ئەوەی کە ئەو خاتوونە کە زۆر خوازیاری ئازادییە، ئازاد بکەن.» تەواوی ئەوانەی ئەو قسەیان بیست، وایان زانی دۆن کیشۆت دێوانەیەکی لە زیندان هەڵاتووە و بەدەنگی بڵیند و قاقا لێدان دەستیان کرد بەپێکەنین. بەڵام ئەم پێکەنینە ئاگری تووڕەیی دۆن کیشۆتی تیژتر کرد و دەستی بۆ شمشیر برد و یەکسەر هێرشی بردە سەر کەژاوەی هەڵگری وێنەی گەورەی مریەم. یەکێک لەوان کە کەژاوەکەی دەکێشا باری خۆی دا بەئەوانی تر و بەرەنگاری دۆن کیشۆت بوو. شەنەیەکی بەدەستەوە بوو کە لە کاتی پشوودانەدا بۆ ڕاگرتنی کەژاوەکە بەکاریان دێنا. دۆن کیشۆت بەشمشیری خوی زەبرێکی وای داوەشاندە دستەکانی کابرا، کە شەنە لە دەستیدا بوو بەدوو لەت، بەڵام کەژاوەکێش بەو لەتەی کە دە دەستیدا مابوو زەبرێکی وەهای لە نێوشانی دۆن کیشۆت دا کە نەجیب زادەی چارەڕەش بەحاڵێکی خراپ بەعەرزیدا کەوت.

سانکۆ پانزا کە بەپشووی سوارەوە بەدوای ئەربابی خۆیدا بەهەلاتن هاتبوو، کاتێک دیتی کە ئەرباب بەعەرزی داکەوتووە، بانگی کابرای کرد کە چیتر چۆماغی خۆی بەرز نەکاتەوە، چون ئەم بێ ئەنوایە پاڵەوانێکی تەلیسم کراوە و تا ئێستا و دەعومری خۆیدا ئازاری بەمێرووڵەش نەگەیشتووە. بەڵام ئەوەی پێش بەکوتەک وەشاندنی کابرا گرت، داد و هاواری سانکۆ پانزا نەبوو، بەڵکو ئەو خۆی کاتێک دیتی کە دۆن کیشۆت لەوێ کەوتووە و دەست و لاقی ناجووڵێتەوە، دەستی ڕاگرت. وە بەو گومانەوە کە کوشتوویەتی داوێنی شاقەلی بەلادا کرد و تێی قووچاند و وەک ئاسکی ترساو لەو دەشتەدا پێی پێوە ناو و دەرباز بوو. لەو کاتەدا تەواوی ئەوانەی لە کاروانەکەدا بوون، بەهەڵاتن خۆیان گەیاندە سەر کەلاکی دۆن کیشۆت، بەڵام دەستەی نوێژکەران کە هاتنی ئەوانیان چاو پێ کەوت و لە پشت سەری ئەوانەوە کەواندارەکانیان دیت لە ترسی ئەوەی مەبادا ڕووداوێکی دڵتەزێن ڕوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بدا کۆ بوونەوە و بەشکڵی چوارگوش دەوری کەژاوەری وێنەی حەزرەتی مریەمیان گرت. هەموویان کڵاویان لەسەرخۆیان هەڵگرت و لە حاڵێکدا هێندێک قوڵەداریان بەدەستەوە بوو ئەوانی تریش بەهەرچی وەگیریان کەوتبوو خۆیان ئامادە کردبوو تا لە خۆیان بەرگری بکەن و تەنانەت ئەگەر دەخۆیان ڕاببین، هێرش بەرنە سەر ئەوانەی کە لەو لاڕا هاتبوون، چونکە سانکۆ تەنیا کارێکی کە کردی ئەوە بوو خۆی خستە سەر جەستەی ئەرباب و بەو خەیاڵەوە کە مردووە دەستی کرد بەشیوەن و پێهەڵاگوتن و هاوار و فیغان، بەشێوەیەک کە سەربەقوڕێ وەپێکەنین دێنا. یەکێک لە هاوکارانی کەشیش کە دەگەڵ دەستەی نوێژکەران بوو کەشیشی ناسییەوە و هەر ئەو ئاشناییە ترس و هەراسی لە هەر دووک لایەن ڕەواندەوە. کەشیش سەرەتا لە دوو کەلیمەدا چیرۆکی شێتیی دۆن کیشۆتی بۆ کەشیشی ئاشنا گێڕاوە و دەسبەجێ هەموو نوێژکەرەکان خۆیان گەیاندە بن سەری تا بزانن ئەو نەجیب زادە بێ ئەنوایە مردووە یا ماوە، وە گوێیان لێ بوو کە سانکۆ بەچاوی بەفرمێسکەوە ئاوای بەئەربابی خۆی دەگوت:

«ئاخ ئەی لە سەرووی هەموو پاڵەوانان، ئەی کە بەچاوی خۆت دیتت کە زەبری چۆماغێک هەودای ئەو ساڵانەی کە بەو جوانییە تێت پەڕاندبوو، پساندی! ئەی مایەی شانازیی ڕەگەز و تۆرەمەی پاڵەوانان، ئەی ئابڕووی وڵاتی مانش و تەنانەت تەواوی دنیا، ئەی کە بێ تۆ دنیا پڕ دەبێتەوە لە پیاوخراپ و دز و درۆزن و ئیدی هیچ کەس لە سزادانی جنیایەت و پیاو کوژیی خۆی ناترسی! ئەی جوامێری هەڵکەوتەی دەریا دڵ، کە ئەسکەندەر و دارات بەهێند نەدەگرت، چون دەبەرانبەر هەشت مانگ خزمەت، نە زۆرتر، کە بەتۆم کرد تۆ باشترین دوڕگەت دا بەمن کە شەپۆلەکانی هیچکام لە دەریاکانی دنیا دەئامێزی خۆیان نەگرتووە! ئەی عاجز و ژێر دەستی هەرچی دوژمن و نەیار و ئەی دوژمن و نەیاری هەرچی عاجز و ژێر دەستە، ئەی بەهەشتاوان بەرەو ڕووداوان ڕۆیشتوو، ئەی ئەوەی کە هەزاران تەوهینت پێ کراوە، ئەی دڵداری بێ دڵبەر، ئەی لاسایکەرەوەی پیاوچاکان، ئەی بەڵای گیانی لاساران، ئەی خۆبەگەورەترزان لە هەموو سالاران، ئەی دوژمنی نگریسان و دیسان ئەی پاڵەوانی سەرگەردان، ئەی بێکەسترین ئینسان، کێ هەیە دەگەڵت بێتە سەر قەبران؟!

دۆن کیشۆت بەبیستنی ناڵە و شیوەنی سانکۆ چاوی کردەوە و یەکەم قسەی کە بەسەر زبانی داهات ئەمە بوو: «ئەی دڵبەری دڵبەرانی جیهان دۆلسینە، لە دووریی تۆ نازنەنینەکەم، کەی ئەوە ژینە. ئاخ ئەی هاوڕێ سانکۆ، یارمەتیم بدە تا ئەوجاریش سواری گەردوونەی جادوو ببمەوە. من چون شانم شکاوە لە بارودۆخێکدا نیم کە بتوانم لەسەر زین

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabati.org

دابنیشم و خۆم ڕابگرم. سانکۆ گوتی ئەربابی خۆشەویستم هەرچی بفەرمووی بەهەموو توانامەوە دەخزمەتت دام، بەڵام وەرە تا دەگەڵ ئەو خۆشەویستانە کە هەمووی خێرخوازی تۆن بگەڕێینەوە گوندەکەی خۆمان، لەوێ خۆمان ئامادە دەکەینەوە تا بۆ جاری سێیەم بۆی وەدەرکەوینەوە، وەدەرکەوتنەوەیەک کە سوود و ناوبەدەرەوەییی زۆرتری بۆ ئێمە تێدا دەبێ. دۆن کیشۆت گوتی: ئافەرین، ئەو قسەت دەبێ بەئاوی زێڕ بنووسرێ؛ ئەلحەق کاری عاقلانە ئەوەیە لێ بگەڕێین کە ئەستێرەی بەختمان لەو بورجە نەحس و شوومە بێتە دەرێ.»

خەلیفە و کەشیش و دەلاکیش قسەی دۆن کیشۆتیان ڕاست کردەوە و گوتیان ئەگەر پاڵەوان ئەوەی دەیفەرمووێ ئەنجامی بدا، زۆر باش دەبێ. کاتێک هەموو هێندێک بەساویلکەیی سانکۆ پێ کەنین، دۆن کیشۆتیان وەک خۆی بردەوە نێو قەفەسی سەر عارەبە. دەستەی نوێژکەران دووبارە ڕێکوپێک بوونەوە و بەرێی خۆیاندا بەرەو دەیر ڕۆیشتن. بزن لەوەڕێن ماڵاوایی لە هەمووان کرد و کەواندارەکان نەیانویست لەوە زۆرتر دەگەڵیان بڕۆن و کەشیش ئەو مزەیەی(*) کە بۆی دانابوون، پێی دان. خەلیفە خواهیشتی لە کەشیش کرد کە لە حاڵ و بارودۆخی سلامەتیی دۆن کیشۆت بەمان و مردن ئاگاداری بکاتەوە و پاش ئەوەی ئەو قەولەی وەرگرت لە کەشیش ئیجازەی وەرگرت ئەویش بەرێی خۆیدا بڕوا. سەرەنجام دەستە بوو بەچەند قۆڵ و هەر کەسە ڕێی خۆی داگرت و کەشیش و دەلاک و سانکۆ پانزا و هەروەها ڕۆسینانتی نەجیب، کە دە بەڵا و موسیبەتاندا وەک ئەربابی خۆی بەسەبر و خۆڕاگر بوو، تەنیا مانەوە. عارەبەوان گایەکانی بەعارەبەکەوە بەستەوە وباقەیەکی وێنجە بۆ دۆن کیشۆت پان کردەوە و جێی بۆ خۆش کرد و لەسەرە خۆ و بێدەنگ کاروان کەوتەوە ڕێ.

پاش شەش ڕۆژ گەیشتنەوە گوندی دۆن کیشۆت. دروست نیوەڕۆی یەک شەممەیەک بوو، تەواوی خەڵکی گوند لە دەوروبەری مەیدانێک کە عارەبەکەی هەڵگری دۆن کیشۆت بەوێدا تێپەڕ دەبوو کۆبووبوونەوە. هەموو هرووژمیان کرد بزانن عارەبە چیی تێدایە و کاتێک هاوشاری یا هاوگوندیی خۆیان ناسییەوە پێیان سەیر بوو. کوڕێکی منداڵ کارە بەهەڵاتن بەرەو ماڵی دۆن کیشۆت وەڕێ کەوت تا مزگێنیی هاتنەوەی ئەو بەکەیبانوو و خۆشکەزاکەی بدا. کوڕەکە خەبەری پێ دان کە ئەرباب و خاڵی ئەو دووانە بەنەخۆشی و کزی و لەحاڵێکدا لە عاربەبەیەکدا لەسەر هێندێک وێنجە ڕاکشاوە گەڕاوەتەوە گوند. بریا لەوێ بای و گوێت لێ با! ئاخ، چەندە دڵهەژێن بوو ئەو هاوار و قیژەی کە ئەو دوو ژنە دەیان کرد و ئەو شەپەلاغانەی لە دەم و چاوی خۆیان ڕادەکێشا و ئەو سەر و پرچەی کە دەیانرنییەوە و ئەو

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەعنەت و نەفرینەی بۆ ئەو کتێبەپاڵەوانیانەیان حەواڵە دەکرد! وە ئەم واوەیلایە کاتێک دۆن کیشۆت دەهاتە ژووری ماڵەوە دوو هێندەی لێ هات.

بەبیستنی گەڕانەوەی دۆن کیشۆت، ژنی سانکۆ بەپەلە هاتە دەر، چون دەیزانی مێردەکەی بەمەیتەرێ ڕەگەڵ پاڵەوان کەوتووە تا خزمەتی پێ بکا. ئەو هەر دەگەڵ چاوی بەسانکۆ کەوت، ئەوەڵ پرسیاری کە لێی کرد ئەوە بوو کە: حاڵی کەرەکەمان چۆنە! سانکۆ جوابی داوە کە لە سایەی ڕەحمەتی خوداوە حاڵی کەر لە حاڵی خاوەنەکەی باشترە. ژن بەخۆشحاڵییەوە دەنگی بەرز کردەوە کە «شوکر بۆ خودا کە دەر حەق بەمن ئەو ڕەحمەتەی ناردووە! ئێستا ئەی هاودەم بڵێ بزانم کە تۆ بەشوغڵی مەیتەری چیت وەسەریەک ناوە و چ سەروەت و سامانێکت دەست کەوتووە؟ کام کراسی بەقیمەتی «ساووایی»ت بەسەوقات بۆ هێناوم؟ چ جۆرە کەوشێکی جوانت بۆ منداڵەکان هێناوە؟ سانکۆ گوتی: ژن، من لەو شتانەم نەهێناوە، بەڵام شتی باشتر و سەنگینترم هێناوە. ژن جوابی داوە: خۆشحاڵت کردم، دۆستی خۆشەویست، کەوابوو هەرچی زووتر ئەو شتە باشتر و سەنگینترانەم پێ نیشان بدە، من دەمەوێ ئەو شتانە ببینم تا دڵی بێ قەراری من کە لە دووریی تۆ دەو ماوە دووردرێژەدا بەغەمان هەڵچزا بوو، دووبارە شاد بێتەوە. سانکۆ گوتی: ژنەتیوە، من هەموویانت لە ماڵێ پێ نیشان دەدەم، جارێ بەوەندەی دڵخۆشبە، چۆن ئەگەر خودا ویستی ئێمە جارێکی تریش بەدوای ڕووداواندا وەدەرکەوینەوە، دەبینی کە زۆر زوو بەعینوانی «کۆنتی» و بەدەسەڵاتداری دوڕگەیەک، ئەویش نە لەو دوڕگە بێ کەڵکانە بەڵکو دوڕگەیەک کە لە دنیادا هاوتای نەبێ، دەگەڕێمەوە.

ژن گوتی: ئیشاڵلای خودای لەسەر بێ. چون ئێمە زۆرمان پێداویستی بەو شتانە هەیە. بەڵام تۆ خوا بڵێ بزانم دوڕگە بەچی دەڵێن؟ من کە هیچی لێ حاڵی نیم. سانکۆ گوتی: حەق بەتۆیە ژن، کەر چ دەزانێ نوقڵ و نەبات بەچ دەڵێن! بەوەخت دەزانێ ئەوانە چین و هەموویان دەبینی و تەنانەت سەرت لێ سوڕ دەمێنێ کە دەبیسی ڕەعیەتەکانت پێت دەڵێن «حەزرەتی خاتوون»، «ژوانا پانزا»[٣٠٧] (ناوی ژنی سانکۆ ئەوە بوو. ئەوەش لەبەر خزمایەتی نەبوو. بەڵکو لە وڵاتی مانش داب وایە کە ژنان ناوی مێردەکانیان لەسەرخۆیان دادەنێن) گوتی: قسەی سەیر دەکەی سانکۆ: ڕەعیەت؟ دوڕگە؟ حەزرەتی خاتوون؟ ئەوانە یانی چی؟

---

٣٠٧- لەو داستانەدا سێروانتێس چەند ناوی جۆراوجۆری داوە بە ژنی سانکۆ پانزا وەک: ژوانا گۆتێرز، ماری گۆتێرز، ژوانا پانزا، ترێزا گاسکازۆ و ترێزا پانزا. (مۆریس باردۆن)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabak.org

سانکۆ گوتی: ژوانا، زۆر پەلەی مەکە کە مانای ئەو هەموو شتانە یەک جێ فێر بی؛ ئەوەندە بەسە کە من ڕاستت پێ بڵێم. کەوابوو ئیدی دەمت ببەستە! تەنیا دەمەوێ ئێستا هەر ئەوەندەت پێ بڵێم کە لە دنیادا هیچ شتێک لەوە خۆشتر نییە کە پیاو مەیتەری ئابڕوو مەندی پاڵەوانێکی سەرگەردان بێ کە بەدوای ڕووداواندا دەگەڕێ. ڕاستە کە زوربەی ئەو ڕووداوانە بەمرادی دڵی پیاو ناگەڕێ، چون لەسەد ڕووداوان کە لەسەر ئەو ڕێوبانانە ڕوودەدا، نەودونۆیان بەپێچەوانەی چاوەڕوانین و بەناخۆشی دەبڕێنەوە. من ئەو شتەم بەتاقی کردنەوە بۆ ڕوون بووەتەوە چون لە چەند جاراندا لەسەر لێفە سەمایان پێ کردووم و لە زۆرانیشدا بەشەل و کوتی ڕزگاریم هاتووە. بەڵام بەو حاڵەشەوە، لە چاوەڕوانیی ڕووداواندا بەکێو و سحرادا گەڕان و بەجەنگەڵی چڕو چیای ئەستەمدا تێپەڕین، سەر دەقەڵایان کێشان و قسەی خۆمان بێ لە کاروانسەرایان میوان بوون بێ ئەوەی دینارێک بدەی، زۆر کارێکی خۆشە.

لەو ساتانەدا کە سانکۆ پانزا و خێزانی ئەو، ژوانا پانزا، سەرگەرمی ئەو قسانە بوون کەیبانوو و خوشکەزای دۆن کیشۆت پاڵەوانیان بردە ژووری ماڵەوە. جلوبەرگیان لەبەر داماڵی و لەسەر هەمان تەختیان ڕاکێشا کە وەک چەپەر لە لقەداران ساز کرابوو. دۆن کیشۆت هاجوواج چاوی دەئەوان بڕیبوو و نەیدەتوانی حاڵ ورۆژی خۆی لێک داتەوە. کەشیش خوشکەزای دۆن کیشۆتی ڕاسپارد کە زۆر باش ئاگای لە خاڵی خۆی بێ و زۆری تەکەز کردەوە کە زۆر وریا بێ، مەبادا پاڵەوان دیسان لە دەستیان دەرباز بێتەوە و تەواوی ئەو ڕووداوانەی بۆ گێڕاوە کە بۆ هێنانەوەی دۆن کیشۆت بەسەریان هاتبوو. لە هەمان کاتدا قڕە و هەرایەکی تر هەستا: ئەو دوو ژنە دووبارە دەستیان کرد بەهەراهەرا و داد و هاوار، و لەعنەت و بێزاریی خۆیان بۆ کتێبەپاڵەوانییەکان حەواڵە کردەوە و لە خودا بەدوعا پاڕانەوە تا نووسەران و داهێنەرانی ئەو هەموو درۆ و بێ شەرمییانە دەنێو قووڵایی دۆزەخدا بسووتێنێ. سەرەنجام نیگەران و داماو، ترس هەڵی گرتن مەبادا خاڵ و ئەربابەکەیان پاش برێک چاک بوونەوە و خۆ گرتنەوە دیسان لە دەستیان بچێتە دەر، وە ئەزقەزا ئەوەی لێی دەترسان بەسەریان هات.

بەڵام نووسەری ئەم داستانە، بەهەمووو تێکۆشانێکەوە کە دەدۆزێنەوەی مووقەڵێشانەی خۆیدا بۆ کەشفی هونەر نوێنییەکانی دۆن کیشۆت دەزەمانی وەدەرکەوتنی سێیەمی ئەودا کردی، نەیتوانی لە هیچ شوێنێک چکۆلەترین شوێن پێیەک تەنانەت لە نووسراوە ڕەسمییەکاندا بدۆزێتەوە. تەنیا لە وڵاتی مانشدا ڕیوایەتێک لەسەر زاران بوو کە هێشتا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دەبیرگەی خەڵکی ئەو مەڵبەندەدا مابوو، ئەویش ئەوەی کە کاتێک دۆن کیشۆت بۆ جاری سێیەم لە ماڵی خۆی وەدەرکەوت بۆ ساراگۆس Saragosse سەفەری کرد و لە جێژنی بەشکۆی کێبەرکێی پاڵەوانییەکی زۆر بەناوبانگدا کە لەو شارە بەڕێوە دەچوو، بەشداریی کرد و لەو دەرفەتەدا ڕووداوی گەورە و بێ وێنە کە شایانی ئازایەتی دەحیساب نەهاتووی ئەو و ئەو هەموو عەقڵ و تێگەیشتنەدا بوو کە خودا پێی دابوو، بۆ ئەو پاڵەوانە هاتە پێش. لەمەڕ ئەوەی کە دەورەی ژیانی ئەو چۆن بەسەردا تێ پەڕی، مێژوونووس نەیتوانی هیچ شتێک بدۆزێتەوە. وە ئەگەر بەهەڵکەوتی جوان، تووشی حەکیمێکی پیر نەبووایە کە سندووقچەیەکی قورقوشمی بەدەستەوە بوو، وە دەیگوت کە ئەویان لە ژێر پایەی دیواری کلیسایەکی قەدیمیدا کە بۆ تازە کردنەوە وێرانیان کردبوو، دیتووەتەوە، هەرگیز لەو بارەیەدا هیچ شتێکیان نەدەزانی. لەو سندووقچەیەدا چەند لاپەڕەیەکیان لە پێست دۆزیبووەوە کە لەسەر ئەوان بەشێعری کاستیلی و بەخەتی قەدیمی «گۆتیک» نووسرابوو. زۆربەی نووسراوەکان باسی هونەر نوێنییەکانی پاڵەوانی ئێمەیان دەگێڕاوە و لە جوانی و جەماڵی دۆلسینە دۆتۆبۆزۆ و شکڵ و قەوارەی ڕۆسینانت و وەفاداری و ئەمەگناسیی سانکۆ پانزا دەدوان. وە گڵکۆی خودی دۆن کیشۆتیان بەنووسراوەکانی سەر کێل و بەردەکەی و هێندێک ناسیاوی تر لەمەڕ پاڵەوانیان بەئێمە ڕادەگەیاند. چەند شێعرێک لەو گشتە کە لێکدانەوە و شیکردنەوەیان دەستی داوە هەر ئەوانەن کە نووسەری ڕاستگۆی ئەم داستانە سەرسوڕهێنەرە، لێرەدا باسی کردووە. ئەم نووسەرە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو هەموو زەحمەتەی کە بۆ لێکۆڵینەوە و بەدەستهێنانی زانیاری لە بایەگانی (ئەرشیف)ە کۆن و لەبیرکراوەکانی ئەیالەتی مانش، پێش بڵاوبوونەوەی ئەم کارە کێشاویەتی، لە خوێنەران هەر ئەوەندەی دەوێ کە بۆ کتێبەکەی ئەو هەر ئەوەندە ڕێز و بایەخ دابنێن کە پیاوی زیت و زانا بۆ کتێبەپاڵەوانییەکانی باوی ڕۆژ دای دەنێن. ئەو تەنیا بەوەندە پاداشە ڕازییە و ئەوەندەش ڕازییە کە دیسان بۆ نووسین و بڵاو کردنەوەی داستانگەلێکیتر دەست بەکار دەبێتەوە، کە ئەگەر لە باری ڕاستییەوە نەگەنە ئەم داستانە، لانی کەم لە لایەنی داهێنان وشیرینییەوە وەک کەرەسەیەکی وەخت ڕابواردن دەگەڵ ئەو بەرانبەر بێنەوە.

بەڵێ جا، ئاوا بوو یەکەم قسەکانی لە سەرووی لاپەڕەکانی پێستینی نێو سندووقچە قورشمییەکەدا نووسرابوون:

هێندێک لە شێعرەکانی خوێندکارانی خوێندنگەی ئارگامازیلا Ar-gamazill شارە دێیەک لە ئەیالەتی مانش، لەمەڕ مەرگ و ژیانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabati.org

پاڵەوانی ئازا و بەجەرگ دۆن کیشۆتی مانش لەسەر بەردی مەزاری دۆن کیشۆت، بەرهەمی چیژ و زەوقی قولەڕەشی کۆنگۆیی، خوێندکاری خوێندنگەی ئارگامازیلا.

لەسەر بەردی مەزار

«عەقڵ سووکێک کە ئەیالەتی مانشی زۆرتر لەوە بەدەسکەوتان ڕازاندەوە کە ژازۆن(۳۰۸) «کریتی» ڕازاندەوە، عەقڵێک کە سەر نێزەکەی تیژ بوو، بەڵام کول بایە باشتر بوو؛

»باسکێک کە زۆری خۆی وەها بەچوار قورنەی عالەمدابڵاو کردەوە کە لە خەتاوە گەیشتە خوتەن، ترسناکترین و ڕەمزاویترین خواچەشنێک(*)، کەکەس وەک ئەو شێعری لەسەر لەوحی مەفرەقین هەڵنەکەند.

«ئەوەی ئامادیسە کانی خستە پاشکۆی خۆی کاتێک پێی لەسەر ڕکێفی ئەوین و ئازایەتی دادەگرت «گالائۆر»ەکانی بەسەگ نەدەزانی؛

«ئەوەی مۆری کروکپ بوونی لە لێوی «بلیانیس»ەکان دا و بەسواری ڕۆسینانت بەشوێن ڕووداواندا سەرگەردان بوو لە ژێر ئەم بەردەدا ئارام خەوتووە.»

ئەوەش شێعری چڵێسی مفتەخۆری خوێندکاری خوێندنگەی ئاراگامازیلا لە پەسندانی دۆلسینە دۆتۆبۆزۆدا

پەخشانە شێعر

«ئەو ژنەی کە ئێوە بەو ڕوخسارە پیاوانەوە و شانەپان و بەهێزانەوە بەئیفادە و مەغروور دەیبینن، دۆلسینە شاژن دۆتۆبۆزۆیە کە دۆن کیشۆتی مەزن دڵی پێ دۆڕاندبوو.

«ئەو پاڵەوانە بەخاتری ئەو هەر دووک داوێنی چیای ڕەشی گەورە و دەشتی مەحاڵی «مۆنتیبلی» تا دەشتی پڕ زەمەند و زەنوێری «ئارانژۆئیز» بەپێی

---

۳۰۸– Jazon کوڕی Eson کە لە لایەن کیرۆن جانەوەری ئەفسانەیییەوە پەروەردە کرا. ئەو قەومی «ئارگۆنت»ی بۆ وەدەستهێنانی «خوری زێڕین» بردە شاری کۆلشید و پەشمەکەی وەدەست هێنا. (محەمەد قازی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



پیادە دەژێر پێ نا و شەکەت بوو.

»وە ئەوە تاوانی ڕۆسینانت بوو. ئاخ کە چ ئەستێرەیەک کاریگەریی خۆی لەسەر بەخت و نێوچاوانی ئەو خاتوونی مانش و ئەوپاڵەوانە سەرگەردانە هەر دەم سەرکەوتووە دانا! ئەو لە هەمان جەنگەی لاوەتیدا.

«لە کاتی مردندا، جوانیی خۆی لە دەست دا، وە پاڵەوان هەر چەند ناوبانگی لەسەر بەردی مەڕمەڕ هەڵکەندراوە نەیتوانی لەداوی ئەوین و ڕق وکینە و فێڵبازییەکانی ئەو دەرباز بێ.»

ئەوەش شێعری خوێندکاری زۆر وشیار بەناوی «هەوەسباز» لەسەر ڕۆسینانت سوارەبەری دۆن کیشۆتی مانش

پەخشانە شێعر

«لەسەر تەختی شکۆمەندی ئەڵماس ئاژن کە مریخ خواوەندی جەنگ قاچە خوێناوییەکانی خۆی لەسەر دادەنێ پاڵەوانی هاتەرانبێژی مانش ئالای خۆی بەبوێرییەکی بێ وێنەوە هەڵدەکا.

«ئەو بەرگی شەڕ و شمشێری پۆلایینی گاشەقەڵێش کە، بەئەو دەبڕێ و دەدرێ و زک هەڵدەدڕێ و سەر دەبڕێ، هەڵداوەسێ چ هونەرنوێنیگەلێکی تازە باو! بەڵام هونەر شێوەیەکی نوێ بۆ ئەو پاڵەوانە تازە بەدەوران گەیشتووە دادێنێ.

«ئەگەر وڵاتی «گۆل» بەهەبوونی ئامادیسی خۆی دەنازێ، ئامادییەک کە ئەولادە دلاوەرەکانی هەزار جار یونانیان سەرکەوتوو کرد و فەرشی شانازیی ئەم وڵاتەیان لە هەموو جێگایەک پان کردەوە؛

«ئەمڕۆ دەربارێک کە بێلۆن بەسەریدا فەرمانڕەوایی دەکا، تاجی شانازی لەسەر سەری دۆن کیشۆت دادەنێ و مانشی بەهرەدار زۆرتر لەوە بەبوونی ئەو شانازی دەکا کە یۆنان و گۆل بەبوونی ئامادیس کردیان

«هەرگیز دەستی فەرامۆشی شانازییەکانی ئەو ناسڕێتەوە، چون تەنانەت ڕۆسینانت دەشۆخ و شەنگیدا لە ئەسپی وەک بریادۆر Brillador و «بایار» Boyard لەسەرترە.»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabin.org

ئەوەش شیعری «لاساکەرەوە» خوێندکاری خوێندنگەی ئارگامازیلا لە پەسندانی سانکۆپانزادا

پەخشانە شێعر

«ئەوەتا سانکۆ پانزا کە بەجەستە کز و چکۆڵەیە و بەعوررزە و لێهاتوویی گەورەیە. وای چ موعجیزەیەکی گەورە! من سوێند دەخۆم و شایەدی دەدەم کە ئەو دڵپاکترین و بێ فێڵترین مەیتەرێک بوو کە دنیا بەخۆیەوە دیتی.

چی وای نەمابوو بگاتە پلەی کۆنتی و ئەگەر بێ شەرمییەکانی ئەم سەدەیە دزپەروەرە کە تەنانەت لە کەرێکیش ناگوزەرێن، بۆ ماڵ وێرانیی ئەو پیلانیان نەگێڕابا، بێگومان دەگەیشت بەپلەی کۆنتی.

«ئەم مەیتەرە ئارام و دەروون پاکە سواری کەرێک دەبوو (بێ ئەدەبی نەبێ) کە بەدوای ڕۆسینانت سوارە بەری نەجیب زادە و هەنگاو بەهەنگاو دەگەڵ ئەربابی دەڕۆیشت.

«ئاخ ئەی هیوا بێ سوودەکانی ئادەمی! لە کاتێکدا قەولی حەسانەوە دەدەن، تێ دەپەڕن و سەرەنجام بەشکڵی سێبەر و دووکەڵ و خەون و خەیاڵ لەبەر چاوان ون دەبن.»

بەرهەمی چێژی «شەیتانی نیقابدار» خوێندکاری خوێندنگەی ئارگامازیلا، دیسان لەسەر بەردی مەزار

لەسەر بەردی مەزار

«لێرەدا پاڵەوانێک حەساوەتەوە کە زۆر کوتەککاری کراوە و سەرگەردانیی کێشاوە و ڕۆسینانت بەڕێگە و کوێرەری و لاڕێدا بردوویەتی

«دووبارە لە تەنیشت ئەو سانکۆپانزای هیچ نەزان خەوتووە کە شوغلی مەیتەری، مەیتەرێکی وەها لەخۆ بوور دووی نەدیت»

بەرهەمی تەبعی «تەقتەقی» خوێندکاری خوێندنگەی ئارگامازیلا لەسەر بەردی قەبری دۆلسینە دۆتۆبۆزۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



لەسەر بەردی مەزار

«لێرەدا دۆلسینە ئارامی گرتووە کە هەر چەند نەرمونۆڵ و قەڵەو بوو، مەرگی ناحەز دیمەن و ترسێنەر کردی بەخاکوخۆڵەمێش.

ئەو لە ڕەگەزێکی پاک و بەعیسمەت پاشەکەوت بوو، وە ئەدا و ئەتواری خانمانەی دەنواند، ئەو شوعلەیەک بوو دە گیانی دۆن کیشۆت کەوت و شانازییەک بوو بۆ گوندی خۆی.»

ئەوە تەنیا ئەو شێعرانە بوون کە توانییان بیانخوێننەوە، شێعرەکانی تریش کە کاغەزەکەیان دارزیبوو دایان بەیەکێک لە خوێندکارانی خوێندنگە تا بەڵکو بەمەزندە بیانباتەوە سەر یەک و مانایان لێ داتەوە. شایەد کە ئەو بەزۆری زەحمەت وشەونخوونی دەوکارەدا سەر بکەوێ و بیەوێ کە بەبۆنەی سێیەمین وەدەرکەوتنی دۆن کیشۆتەوە بڵاویان بکاتەوە.

شایەد کە دیترێک بەچەنگی باشترێک نەغمەیەک بچرێ.